# ئەریٚ
# شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی
# ڕاوەستاوە  یان لە  پێشڕەویدایە؟




نوسینی
نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم
سلێمانی
٢٠٢١

**مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی بەتەنها پارێزراوە**
**بۆ نوسەر**

**پێناسی کتێب:**

- **ناوی کتێب:** ئەرێ شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟
- **نوسەر** : نەوزادی موهەندیس
- **بابەت** : سیاسی
- **پیتچنین و هەڵەبڕی** : نەوزادی موهەندیس
- **نەخشەسازی بەرگ** : ڕێبین حەمە غەریب
- **تیراژ** : ٥٠٠ دانە
- **شوێنی چاپ** : چاپخانەی زانا / سلێمانی
- **نۆبەتی چاپ** : چاپی یەکەم / ٢٠٢١

**لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٢٢ ) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە**

## ناوەڕۆك

=============


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ======== | ========= |
| **پێشكەشە**.................................................. | ٧ |
| **سوپاس بۆ**................................................ | ٨ |
| **پێشەكی**.................................................. | ٩ |
| **بەشی یەكەم** | |
| **بابەتی سیاسی** ....................................... | ١٢ |
| **دۆخی قەتیسی هەرێم و** ................................. | ١٣ |
| **ئایندەی یەكێتی ئەوروپا و** ............................. | ١٧ |
| **سیاسەت یان بازرگانی ؟** ................................. | ٢٥ |
| **ڕاپرسیەكەی ١٦ی نیسانی توركیاو پێشبینیەكان**.... | ٢٨ |
| **توركیا و ئەردۆگان لە پاشەكشەی بەردەوامدان !** ..... | ٣٢ |
| **فەڕەنسا خۆی گەنج كردەوە !**............................ | ٣٤ |
| **لە ئێستادا دەستپێشخەری سیاسی** ..................... | ٣٨ |
| **دەستوری عێراقی فریاد ڕەسە یان پیاڵە** ................ | ٤١ |
| **ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر ئاگرێكی** ........................ | ٤٨ |
| **شانشینی ئال سعود** .................................... | ٥١ |
| **ساڵی ٢٠١٧ ساڵی ناسۆر و كارەساتەكان** ............. | ٥٤ |
| **خۆپیشاندانەكانی گەلانی ئێران بەرەو كوێ ؟** ......... | ٥٦ |
| **حیزبی سیاسی لەنێوان زەرورەتی** ....................... | ٥٩ |
| **ململانێكانی ئەمریكا_ئێران بەرەو كوێ ؟**............. | ٦١ |
| **توركیا و ئێران گەرەكیانە میراتی** ...................... | ٦٣ |
| **پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا** ........................... | ٦٤ |
| **ڕۆڵی كۆمەڵگا لە خولقاندنی سەركردەدا** ............. | ٦٧ |
| **خوێندنەوەیەك بۆ یاسای دامەزراندنی** ................. | ٦٩ |
| **عفرین بۆچی كەوت ؟** .................................. | ٧٢ |
| **بۆچی هەڵبژاردنی ئەم خولەی** ........................ | ٧٤ |
| **هەڵبژاردنی پەڕلەمانی لوبنان** ......................... | ٧٦ |
| **گومان و پرسیارەكان لەسەر** ........................... | ٧٨ |
| **حكومەتی ئایندەی عێراق لە نێوان** .................... | ٨٠ |
| **ئێران لەبەردەم توڕەیی ئەمریكادا** ..................... | ٨٢ |
| **ململانێی ئەمریكا و كۆریای باكور بەرەو كوێ ؟** ....... | ٨٤ |

ئەردۆگان توركیا بەرەو چ ئایندەیەك دەبات ؟ .......... ٨٦
توركیا و ئەردۆگان بەرەو دیموكراسیەت .............. ٨٨
عێراق لەبەردەم دەرگای جەهەنەمدا ! .................... ٩١
خوێندنەوەیەك بۆ ئەنجامە بەراییەكانی ......................... ٩٣
خۆپیشاندانە جەماوەریەكانی ............................. ٩٦
بۆچی هێزێكی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز ............................ ٩٨
زۆرانبازی ئەمریكاو ئێران لە عێراقدا بەرەو كوێ ؟....... ١٠٠
ئایندەی حوكمڕانی لە عێراقدا بە ......................... ١٠٢
توركیا و ئەردۆگان بە ناچاری چۆك ......................... ١٠٤
ئاڵنگاریەكانی بەردەم حكومەتی ئایندەی عێراق ....... ١٠٦
ناپاكی ((خیانەت )) كەلتور یا خوو.................... ١٠٨
ئێران لەبەردەم دووڕیانێكی زۆر ............................ ١١٢
هەڵبژاردنەكان هەنگاوێك بۆ دیموكراسی ................. ١١٥
ساڵی ٢٠١٨ساڵێكی گەرمی ململانێ .................... ١١٩

## بەشی دووەم

**بابەتی تایبەت بە كوردو كوردستان**..................... ١٢١
شكۆی حكومەت لە بەرامبەر ............................ ١٢٢
قەرزەكانی حكومەتی هەرێم لەنێوان ......................... ١٢٤
ڕیفراندۆمی هەرێمی كوردستان ............................ ١٢٧
میدیای كوردی لەكوێی گۆڕانكاری و ............................ ١٢٩
ئایندەی كوردستان و مەترسیەكانی ............................ ١٣٢
ئەریٚ شەمەندۆفێرەكەی دەوڵەتی ............................ ١٣٤
ڕیفراندۆم لە پێناوی چیدا ؟ .................................. ١٣٦
ڕیفراندۆم..هۆكارێك بۆ یەكبون ............................ ١٣٩
كورد لەناوجەرگەی گۆڕانكاریەكان ........................ ١٤١
ڕیفراندۆم لە هۆكارەوە بۆ ئامانج !......................... ١٤٤
لەنێوان ((بەڵێ )) و(( نەخێر )) ............................ ١٤٦
ڕیفراندۆمی هەرێمی كوردستان و ............................ ١٤٨
دوای ڕیفراندۆم چی ؟ ...................................... ١٥٠
كەركوك بە ((بەڵێ )) بۆ ڕیفراندۆم ...................... ١٥٣
كورد لەم قۆناغەدا لەنێوان كۆنفیدڕاڵی ...................... ١٥٥
زیانەكانی هەرێم بە ژمارە لە داهاتی ........................ ١٦٠
ئایندەی هەرێمی كوردستان لە عێراقدا ....................... ١٦٢
لەنێوان مالكی و عەبادیدا ..كامیان بۆ كورد؟ ............ ١٦٤
پێگەی سیاسی كورد لە عێراقدا بەرەو كوێ ؟........... ١٦٦

بۆچی هەرگیز نیشتمان نابێتە هی هەمووان؟............ ١٦٨
چۆن ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێمی ........................ ١٧٠
هۆکارە دەستوریەکانی ئەگەری ......................... ١٧٢
هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ........................ ١٧٥
کورد لەبەردەم ئاڵنگاریەکانی دوای ....................... ١٧٧
سیما و پێکهاتەی حکومەتی ئایندەی...................... ١٨٢
بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم لە پێناو................. ١٨٤
پێدەچێت لەدایکبونی حکومەتی هەرێم ................. ١٨٦

## بەشی سێیەم

بابەتی تایبەت بە حیزبایەتی ........................ ١٨٨
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیشە ............... ١٨٩
یەکێتی و گۆڕان ئەم قۆناغە چۆن تێبپەڕێنن ؟.......... ١٩١
ئەریَ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان .................. ١٩٤
بۆ کۆچی دوایی مامی هەموو کوردان ................ ١٩٦
کۆنگرەیەکی چۆنمان گەرەکە بۆ یەکێتیەکەمان؟....... ١٩٨
بەرەو بەستنی کۆنگرەی گشتی چوارهەمی .......... ٢٠٢
١. گرنگی کۆنگرە بۆ حیزبی سیاسی ................. ٢٠٢
٢.بۆچی کۆنگرە ببەستین ؟.............................. ٢٠٣
٣.چۆن کۆنگرەیەك ببەستین ؟............................ ٢٠٤
٤ .کۆنگرە هەر گرنگ و چارەنوسسازەکە ............... ٢٠٦
٥ .ئایا کۆنگرە فریاد ڕەسە ................................ ٢٠٨
٦ .گرنگی پرۆگرام بۆ حیزبی سیاسی.................. ٢٠٩
٧ .ڕۆڵ و کاریگەری پەیڕەوی ناوخۆ ................. ٢١١
٨ .سزادان لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا............ ٢١٣
٩ .چۆنێتی بەستنی کۆنگرە لە ...................... ٢١٥
١٠ .سکرتێری گشتی و کۆمیتەی ...................... ٢١٧
١١. ئەنجومەنی ناوەند ................................ ٢١٩
١٢.مەکتەب و دەزگاکان ((مەکتەبی ڕێکخستن)).......... ٢٢١
١٣.مەکتەب و دەزگاکان ((مەکتەبی دارایی و ......... ٢٢٣
١٤.مەکتەب و دەزگاکان مەکتەبی شەهیدان ......... ٢٢٥
١٥.مەکتەب و دەزگاکان((مەکتەبی ڕێکخراوە ......... ٢٢٧
١٦.مەکتەب و دەزگاکان ((مەکتەبی ڕاگەیاندن ........ ٢٢٩
١٧.پێشنیازەکان بۆ بەردەم کۆنگرەی............... ٢٣٠
١٨.ئەرکەکانی یەکێتی دوای بەستنی کۆنگرە ...... ٢٣٢
١٩.ئەرکەکانی یەکێتی دوای بەستنی کۆنگرە ...... ٢٣٤

٢٠.ئەركەكانی  یەكێتی  دوای بەستنی كۆنگرە ...... ٢٣٦
ئەرێ دەزانن ڕێبازی مام چیە و ........................ ٢٣٩
هەموومان بۆ یەكێتی ....كە یەكێتی .................. ٢٤١
سۆشیال دیموكرات وەك ڕێباز و فەلسەفە ............ ٢٤٣
بۆچی گرنگە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ......... ٢٥٠
چیدی مێژوو و خەباتی یەكێتی مەشێوێنن .......... ٢٥٢
٤٣ سالْ خەباتی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان .... ٢٥٤
ئەرێ دەزانن بۆ یەكێتی نیشتیمانی ................... ٢٥٦
بۆ ساڵیادی سەرۆكە مەزنەكەی كورد ................ ٢٥٨
ئامازەكانی پشت سەركەوتنەكانی .................... ٢٦٠


**بەشی چوارەم**


بابەتی تایبەت بە زانست و ئەندازیاران ............ ٢٦٢
غازی بەردی ... دیاردەیەكی جیهانی ................. ٢٦٣
پیشەسازی پاتری ئۆتۆمبێل ........................ ٢٧٦
هۆكارەكانی كەمبونەوەی بڕی بەرهەمی ............... ٢٨٦
ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ............. ٢٨٩
پیشەسازی ئیسفنج ..................................... ٣٠٦
ئیثانۆڵ سووتەمەنیەك هاوڕێی ژینگە ................. ٣١٠
بەنزین ، تۆلۆوین، زایلین BTX ...................... ٣١٦
چۆن پڕۆسەی وەبەرهێنان لە ......................... ٣٢٣
ئەفسوس بۆ سەردەمی زێڕینی ئاوەدانی ............. ٣٢٥
میثانۆڵ (( كهولی تەختە))........................................ ٣٢٧
خوێندنەوەیەك بۆ هەردوو ڕاپۆرتی ..................... ٣٣٠
داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم .......................... ٣٣٤
دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما ....................... ٣٣٦
كێن ئەو هێز و چین ئەو هۆكارانەی لە .................. ٣٤٣
ڕۆژی ئەندازیاران ........................................ ٣٥٢

## پێشکەشە :-

- بە هەموو کوردێکی دڵسۆز و خەمخۆری ڕاستەقینەی مەسەلەی نیشتیمان و نەتەوەکەمان لەهەر چوارپارچەکەی کوردستاندا.

- بە گیانی پاکی هەموو ئەو سەرکردە و پێشمەرگە و ئازادیخوازانەی کورد کە بەخەونی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیەوە سەریان نایەوە و نەگەیشتن بە ئاواتەکانیان.

- بە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان و بەخانەوادە سەربەرزەکانیان کە خوێن و فرمێسکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا بەخشیوە.

## سوپاس بۆ:-

❖ سوپاسی زۆرم بۆ پەروەردگارم کە تەمەن و تەندروستیەکی تا ئێستا ساغڵەمی پێبەخشیوم تا بتوانم کەمێك ئەرکی سەرشانی خۆم وەك تاکێکی کورد بە ئە نجام بگەیەنم و دەربڕی خواست و ویستە ڕاسگۆیانەکەی گەل و نەتەوەکەم بم لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیدا.

❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەم کە هەمیشە هاندەری نوسین و ڕاوبۆچونەکانم بوون و ڕاستگۆیانەش پشتیوانیان لێکردوم کە سوپاس بۆ پەروەردگا کەم نین.

❖ وەك هەموو جارێکیش سوپاسی گەورە و بێ کۆتاشم بۆ خانەوادە خۆشەویستەکەم و لە پەروەردگار تەمەننا دەکەم وەك چۆن پێیانی بەخشیوم ئاوهاش بە تەندروستی باش و بەتەمەنی درێژەوە بۆمیان بهێڵێت. چونکە وەك شاخەکانی کوردستان پشتیوانە بەهێز و ڕاستگۆکەم بوون بەدرێژایی کاروانی ژیانم.

# پێشەکی

- ئەم کتێبەی لەبەردەستی تۆی بەڕێزدایە وەك خوێنەر بریتیە لە ١١٩ بابەتی بلاَوکراوە وەك کۆ بەرهەمی نوسراوی بەندە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگە ئەلکترۆنیە جیاوازەکاندا لەماوەی نێوان ٢٠١٧/١/٢٨ وە بۆ٢٠١٨/١٢/٢٧ کە ماوەی ١ساڵ و ١١مانگە،هەموو ئەو بابەتانەی کە نوسراون سەرچاوەکەیان یان بیرۆکەی نوسینەکانیان بریتین لە ڕووداوێك یان هەڵوێستێك یان گوتەیەکی سیاسی کە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیادا ڕوویاندابێت.هەربۆیەش بیربۆچون و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەندەش لەو چوارچێوانەدا سووڕاونەتەوە و هەندێ جاریش بۆچوون و پێشبینی هەندێ دەرئەنجام کراوە بۆ ئەو ڕووداو و هەڵوێستانە، کە هەندێکیان وادەرچوون و هەندێ جاریش سەرچیخچوون و ڕاستییان نەپێکاوە.کەئەوەش کارێکی زۆر ئاسایی مرۆڤە کە بەهێندەی بیربۆچوون و ئاستی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و پەیبردنی بە ڕاستی و نهێنیەکان بۆ دەرئەنجامەکان دەچێت.

بۆیە هەمیشە مەرج نیە نوسەر دەرئەنجامی ڕاست و دروستی لەلابێت بەتایبەتیش لەم زەمانەدا کە ڕووداوەکان و ئاڕاستەکانیان هێندە بەخێرایی دەگۆڕێن کە مرۆڤ بە سانایی پێیان ناگات و هێندەی کارە نهێنیەکان و بڕیارەکانی پشت پەردەش ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن و چارەنوسەکان دیاریدەکەن نیو هێندە دەنگ و باس و ڕووداوە ئاشکراکان ڕۆڵ ناگێڕن. بەندەش تەنها وەك کەسێکی قەڵەم بەدەست و هەندێ جارانیش وەك چاودێر و بەدواچوویەك بۆ ڕووداوەکان هەر ئەمەندەم لێزانیوە کە خستومنەتە سەر کاغەز.

خاڵێکی تریش کە گرنگە ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە کە لە ئێستادا و دوای ٤ ساڵان لەو ڕووداوانە، مەرج نیە بۆ خۆشم لەگەڵ هەندێ بیروبۆچونەکانمدا وێك بێمەوە و لە ئێستادا هەمان ڕاوبۆچوونم هەبێت لەسەر ئەو ڕووداو پێشهاتانە.کە ئەمەش جارێکی تر سروشتی مرۆڤە کە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەریدا خۆ دەگونجێنێت و دەوروپشتیشی کاریگەریان دەبێت لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوت و بیربۆچونەکانی. جا بەهەمان شێوە یان دەبێتە لایەنگری ڕاستی و ڕەوایی یان بەلای هەڵە و لاڕێدا دای دەشکێنێتەوە.دڵنیاشم لە هەردووباردا مرۆڤ سەرەتا و بێ ویستی خۆی بەرژەوەندییە کەسێتیەکانی خۆی دەخاتە پێش هەموانەوە لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵوێست و گوتارەکانی خۆی دەگۆڕێت. ئیدی هەرواش بوە گەر سەرکەوتوبێت ئەوا دڵخۆش و لەخۆبایی و پۆزلێدەر دەبێت بەسەر دەوروبەریدا لە ناحەزان و دوژمنانی و ئەگەریش دۆڕاو بێت ئەوا غەمگین و چاوشۆڕ و بێهیوا و کزۆڵە دەبێت.

کە لەهەردوو باریشدا پێم وایە نەسەرکەوتن و نە دۆڕاندنیش تا هەتاهەتایی بێت و دونیا و دونیاگەراییش هێندە ناهێنێت کە مرۆڤ لەسەر هەندێ مەسەلە کە گەر لەساتی خۆیاندا بەڕاست و ڕەوا بێنە ئەژماردن ئەوا زۆر گونجاوە کە لەماوەیەکی دواتردا هەر هەمان مەسەلە خاوەنەکانیان لێیان پەشیمان ببنەوە و پشتیان تێبکەن و کۆمەڵ گەلێك مەسەلەی تر لە سیاسەت و ئابوری و ئایدۆلۆژیا و ...هتد. ببنە جێگەی گرنگی و بایەخپێدانی، جا کەوا بێت مرۆڤ مافی ئەوەی نیە کە لەگەڵ براکەیدا،هەڤاڵەکەیدا،هاونیشتیمانیەکەیدا، مرۆڤەکەی بەرامبەریدا ئەو تەمەنە کورتەی دونیای بەململانێی پڕوپوچەوە بە فیڕۆ بدات.

بۆیە مافی هەمومانە وەك مرۆڤ ئەم ژیان و تەمەنە کەموکورت و ڕاگوزەرەی دونیامان بکەینە بەهەشتی سەرزەمین و بەدەستی خۆمان و لە پێناوی هیچدا نەیکەینە جەهەنم بۆ خۆمان. و گەر ململانێشمان کرد بابەڕاستگۆیی و سەر ڕاستانە و شەریفانە بیکەین،نەك پەنا بەرینە بەر ناوزڕاندن و سووککردن و بێڕێزیکردن بەرامبەر بە

یەکتری.چونکە بیروڕایەکی هەڵەیە کە بڵێین نابێت ململانێ هەبێت و دونیاش هەرگیز نابێتە بەهەشت و شاری خەونەکان، بۆیە ژیان بەخۆشی و ناخۆشیەکانیەوە بەتاڵی و سوێری و شیرینیەکانیەوە تام و چێژی هەیە و مرۆڤیش بەسروشتی خۆی حەزی لەو ژیانە پڕ سەرئێشە و ئازار و مەینەتیانەیە و بێ ئەو ژیانەش هەڵ ناکات.

ناونیشانی کتێبەکەش بریتیە لە ناونیشانی بابەتێکم کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٥دا بلاْوکراوەتەوە، لەوێدا و پێش ٤ ساڵ پرسیارم کردوە کە ئایا شەمەندۆفێری دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟چونکە زۆرێك لەناوخۆی کوردستان و لەدەوروجیرانیشدا هەبوون پێیان وابوو کە دەوڵەتی کوردی و دامەزراندن و ڕاگەیاندنی تەنها وەك خەونێکی شیرین دەمێنێتەوە و کورد هەرگیز ناتوانێت ئەو خواستەی سەدان ساڵەی هەیەتی بێنێتە دی،بۆیە منیش لەو بابەتەدا وەلاْمم داوەتەوە کە ئەو شەمەندۆفێرەی کورد کە سەدان ساڵە کەوتۆتە گەڕ و لەسەر سکەی خۆی دەئاژوێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات،ناکرێت و کارێکی لۆژیکیش نیە کە بوەستێت و تەنانەت هیچ هێزێکیش چەندە بالاْدەست بێت بتوانێت بیوەستێنێت،ڕەنگە لە وێسگە و قۆناغێکدا یان چەندان قۆناغیشدا بتوانرێت بۆ ماوەیەکی کاتی بوەستێنرێت یان کپ و بێدەنگ بکرێت بەلاْم کورد و شەمەندۆفێری دەوڵەتەکەی هەر بەردەوام دەبن لە بزاوتن و جوڵە و خۆڕاپسکاندندا و لەهەر هەلێکی مێژوویی هەڵکەوتودا خۆیان تاودەدەن و دەست بەخەبات و قوربانیدان و بەرخۆدان دەکەنەوە و شەمەندۆفێری خەونەکەیان دەخەنەوە گەڕ بەو هیوایەی کە بیگەیەننە دوامەنزڵی سەرکەوتن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

پرۆسەی ڕیفراندۆمی گەلی باشوری کوردستانیش لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا وەك یەکێك لەو وێسگانە دیاردەکەوێت و خۆشبەختانەش سەرەڕای هەموو ناکۆکی و نەگونجانی زەمان و زەمینەی چێکردنی پرۆسەکە و هەڵە خوێندنەوەی بەرژەوەندی و هاوکێشە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی ناوچەکە و دونیا و تەنانەت ناوخۆی عێراق و هەرێمیش،بەلاْم دەنگی ((بەڵێ )) زاڵ بوو بەسەر ((نەخێر))دا و پرۆسەکە بە ئەنجامی زیاد لە ٩٢٪ بەبەڵێ کۆتایی هات. بەلاْم مەخابن ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە لەلایەن خودی کەس و لایەنی سیاسی کە ڕابەرایەتیان دەکرد پوچەڵکرایەوە و بەنەبوو وەصفکراو ڕاگەیەندرا کە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەبوە و تەنها وەك ڕاپرسیەکی میللی چێکراوە. کە ئەمە بۆخۆی خەنجەرێکی کوشندە بوو لە لایەن خودی کورد خۆیەوە پێش نەیارانی کە دەبوو پێش هەڵنان و بڕیاردان لە هەنگاوێکی ئاوها کاریگەر و گرنگ و زۆر هەستیار نەك تەنها بۆ عێراق و ناوچەکە تەنانەت بۆ ولاْتانی زلهێزی دونیاش.باشتر و قوڵتر بیریان لێبکردایەتەوە و دوور تر لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لێیبڕوانرایە.

بۆیە بەداخەوە ئەم هەوڵەی کوردیش لە باشوری کوردستاندا بە باچوو و سەرینەگرت.بەلاْم خۆ کۆتایی کاروانی خەبات و سکەی شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی نیە و بەدڵنیایی لە قۆناغ و زەمان و زەمینەیەکی لەبارتر و گونجاوتردا دەکەوێتەوە ڕێ و بەردەوام دەبێت و بەدڵنیاییتریشەوە ئەو دەوڵەتە کوردیە هەر دێتە لەدایك بوون و دێتە ڕاگەیاندن کە هیچ هێز و دەسەلاْتدارێکیش نازانێت چۆن و کەی لەدایك دەبێت،هەربۆیە ئومێدەکان و ئاسۆکان بەگەشی دەبینم گەر بۆ ئێمە و مانانیش نەبێت بۆ نەوەکانی ئایندە مسۆگەرە.

لە کۆتاییدا، بەهەموو ئەم بیروبۆچونانەی ئەو کاتە و ئێستاشمەوە شانازی دەکەم و لێیان پەشیمان نیم،چونکە ئەو کات ڕابوردومە و ئێستاش ئێستامە و هەردووکیشیان بەشێکن لە مێژوو و تەمەنم.

بەو هیوایەی بیربۆچونەکانم و نوسینەکانم گەر جێگەی ڕەزامەندی بن و ڕاستیەکانیان پێکابێت و لەگەڵ بیروباوەڕی تۆی خوێنەردا وێك بێتەوە ئەوا لەجێگەی خۆتانەوە و بەدەم خوێندنەوەوە ڕەحمەتبویەکمان بکەن و گەریش بەپێچەوانەوە بوو ئەوا لە کەموکورتی و کورتبینی و بێئاگاییمان بەگەورەیی خۆتان بمانبەخشن.

**کتێبەکەم دابەشکردۆتە سەر ٤ بەش کە بریتین لە بابەتی تایبەت بە ((سیاسەت و کورد و کوردو کوردستان و ژیانی حیزبایەتی و زانستی و ئەندازیاری))ەوە، کە هەموانیان زیاد لە ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك یان پێگەیەکی ئەلکترۆنیدا بلاۆوکراونەتەوە لەکاتی خۆیاندا.**

**هەربۆ مێژوو حەزدەکەم کە ئەوە ڕابگەیەنم کە ئەو وێنەیەی بەرگی کتێبەکە بریتیە لە تۆماری دەنگدانی بەندە بە ((بەڵێ)) لەسەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا ئەنجامدرا لە بنکەی دەنگدانی قوتابخانەی دواناوەندی پیرەمێرد لە گەڕەکی دەباشانی شاری سلێمانی.**

**خوازیاریشم ئەم هەوڵە بچوکەی بەندەش بچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بەنوسین و زمان و ئەدەبیات وکتێبخانەی کوردیەوە و بە بەشێك لە نوسینەوەی مێژووی قۆناغێك بێتە ئەژمارکردن و سوودێك بگەیەنێت بەکەسانێك لە ئایندەدا.**

**لەگەڵ ڕێزی...**

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

**٢٥ / ٩ /٢٠٢١**

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم
# تایبەت بە بابەتی سیاسی

## دۆخی قەتیسی هەرێم
## و لێکەوتە سیاسی و ئابوریەکانی *

- ئاشکرایە دوای مانگێکی تر تەمەنی ئەم حوکمڕانی و دەسەلأتە کوردیە لەم بەشەی باشوری کوردستان دەبێتە ٢٦ ساڵی رێك ، کە ئیدی ئەم تەمەنە رێگرە لەوەی کە بوترێت ئەزمونەکەمان ساوایە و تائێستا لە قۆناغی ڕاگوزەریداین و بەو بیانوانە کاتی زیاتر بەسەربەرین و خۆمان بدزینەوە لەوەی کە چیدی کەمتەرخەم نەبین لە پێکەوەنان و جێگیرکردنی بنەماکانی حوکڕانیەکی کامڵ و پێگەیشتوو لەسەر بناغەیەکی تۆکمەی سیستەماتیکی پتەو و دامودەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوەکان لەلایەن گەلەوە کارابکرێتەوە و ڕێزیشیان لێبگیرێت و ناو و ناتۆرەی حیزبایەتیان لێدووربخرێتەوە، پێویستە سەرکردە و پارتە سیاسیەکان چیدی خۆ غافڵنەکەن و پەنا نەبەنە بەر شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و خەباتی شاخ،بەڵکو سەرەتایترین سیماکانی حوکمڕانی مەدەنی و دیموکراسی بریتیە لە هەڵبژاردن و ڕێزگرتن لە دەنگدەران و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلأت دوور لە خۆسەپاندن و قۆرخکاری لە پێناوی مانەوەی زیاتر لەدەسەلأتدا.
- حیزبە سیاسیەکان دەبێت بە تیۆری و پراکتیکی بیسەلمێنن کە حیزبی سیاسین و خاوەن بەرنامە و دیسپلین و تێڕوانین و ئایدۆلۆژیایەکی ڕوونی خۆیانن لە چەپەوە بۆ ڕاست بە ئیسلامی و سۆسیالیستەکانیشەوە،بەنەتەوەیی و لیبڕاڵ و دیموکراتەکانیشەوە، نابێت جیاوازی ئایدۆلۆژیا و باکگراوندی سیاسی و بیروبۆچونە جیاوازەکان ببنە هۆکاری زیاتر درزخستنە ناو ڕیزەکانی گەلەوە و نابێت ببنە هۆکاری لاوازبوونی دەسەلأت و حومڕانی و ئۆرگانەکانی دەسەلأتەوە.پێویستە حیزبە سیاسیەکان بە دەسەلأتدار و ئەوانەشی لەدەرەوەی دەسەلأتن،دوور بکەونەوە لە سیمای چەکداری و عەسکەرتاریەت و خۆیان مەلأس نەدەن لەدوای هێز و تۆقاندن و خۆسەپاندنەوە و هەموان پێکەوە بڕیارێکی یەکلا کەرەوە بدەن کە هێزێکی نیشتیمانی یەك و یەکگرتووی دوور لە دەسخستنە ناوەوەی حیزب لە کاروباری پێك بێنن و بیکەنە کرۆکی هێزێکی نەتەوەییش لەداهاتوودا. چونکە لە ئێستادا ئەو حیزبانەی خاوەن هێزی چەکدارن هیچ حسابێك بۆ حیزبەکانی تر ناکەن کە پەنایان بردۆتە بەر خەباتی سیاسی و پەرلەمانی و مەدنی و هیچ ڕێزێکیش لە جەماوەری دەنگدەرانیان ناگرن. کە بۆخۆی ئەمە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ نەگەیشتن بە هیچ ڕێکەوتن و دانیشتن و گفتوگۆ و ئاسایکردنەوەی ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێمی تێکەوتوە زیاد لە ساڵ و نیوێکە و تا ئێستاش ئومێد و خواستەکان ڕوون نین.
- زۆر هۆکار بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی ئەم دۆخە قەتیسە،لەوانە:
- جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیرکردنەوەی حیزبە گەورەکان و خاوەن کورسیەکانی پەرلەمان لە کوردستان و لە عێراقیشداو هەریەکەیان لە ڕوانگە و بینیی خۆی بۆ ئایندە و مەسەلەکان هەڵوێست وەردەگرن.
- هەڵسوکەت و مامەڵە و تێگەیشتنی حیزب و سەرکردەکان بۆ تەواوی چارەسەریەکان جیاوازن و هەریەکەیان لە بەرژەوەندی حیزبی خۆیەوە دەڕوانێت.
- زۆرێك لە حیزبەکان گەرەکێتی کە بەتەنها خۆی باڵادەست بێت و هەژموونی خۆی بسەپێنێتە سەر ئەوانی تر کە ئەمەش جێگەی قبوڵکردن نیە لە هیچ لایەکەوە.
- زۆربەی حیزب و سەرکردەکان گەرەکیانە بەشداربیکەن لە حکومەتدا بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لە خۆشی و ئیمتیازاتەکانی دەسەلأت و سوودمەندبوونی کادر و چالاکوان و هەڤاڵەکانیان و کار دۆزینەوە بۆیان ،نەك خزمەتکردنی ڕاستەقینەی زۆرینەی جەماوەری گەل. هەر ئەمەش وایکردوە ئەو حیزبانەی کە بۆ یەك جار بەشداری دەسەلأت بکەن ئیدی ناتوانن و بوێری ناکەن بڕیاری پاشەکشە و دوورکەوتنەوە و هاتنە دەرەوە لە دەسەلأت بدەن و ببنەوە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا و بنەمای ئاڵوگۆڕی دەسەلأت و ململانێیەکی سیاسیانەی شەریفانە دابڕێژن لە کوردستاندا.

- حیزب و سەرکردەکان لەئێستاداو دوای ئەم ٢٦ ساڵەی تەمەنی حوکمڕانی کوردی،هێندەی بونەتە مایەی کێشە و گرفت و نەهامەتیەکان بۆ سەر جەماوەر نیو هێندە نەبونەتە مایەی خۆشگوزەرانی و دەستخستنی دەسکەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی ، ئەمەش بەهۆی گرنگیدانیان بە خۆدەوڵەمەندکردن و پێکەوەنانی سەرمایە و بازرگانی و قۆرخکاری ئابوری و بازاڕەکان نەك خزمەتی میلەت.
- هۆکارێکی تری ئەم دۆخە ململانێ مێژوویە کلاسیکیەکانە لە نێوان سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانەوە و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە مەسەلەکان بچوکراونەتەوە بۆ ڕق و کینی کەسی کۆن و لە ئێستادا خوێنیان بەبەردا دەکەنەوە.

ئەمانەو کۆمەڵێك هۆکاری تریش بونەتە هۆی دروست بوونی ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێم و لەماوەی ساڵ و نیوی ڕابووردودا نەتوانراوە ئەم بەستەڵەکەی نێوان هەموان بتوێنرێتەوە،بەهۆی لەلایەك نەبوونی سەرکردەیەکی خەمخۆر و دڵسۆز و خاوەن دەستپێشخەری مێژوویی (( ئەزمەی سەرکردە)) کە دەبوایە لەپێناو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و بەرژەوەندی میلەت و وڵات زۆر نەرمی بنوانرایە لەهەموو لایەکەوە،بەڵام نەکراوە، لەلایەکی تریشەوە هەندێك حیزب و سەرکردە گەرەکێتی کوردستان بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی ببات و لە جیاتی سیستەمێکی دیموکراسی سیستەمێکی پۆلیسی و توتالیتاری تیادا بچەسپێنێت و هەموانیشیان ئەو کارەی کە بەرژەوەندی و سوودی حیزبەکەی خۆی تیادا نەبێت ڕازی نیە بەهیچ دەستپێشخەریەکی تر و لەخاڵێکی زۆر شەرمهێنەریشدا و لەم سەردەمەدا زۆرینەی حیزبەکان بەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێن کە ببنە حیزبی تاکە کەسی و بنەماڵەیی و نوخبەیەکی کەمی جەماوەر و دوور دەکەونەوە لەدەسەڵاتێکی میللی و خاکی. کە لەدونیای پێشکەوتوودا مۆدێلی ئەم جۆرە حیزبانە بەسەر چووە و تەنها لە وڵاتانێکی دواکەوتوودا ماون.

کاتێك لە ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٥دا زۆرینەی پەرلەمان کۆبۆوە وبڕیاریاندا کە هەمواری یاسای ژمارە ١ی سەرۆکایەتی هەرێم بکەن چونکە بەڕەسمی لە ٢٠١٥/٨/١٩دا ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم تەواو دەبوو،ئیدی دەرگای جەهەنەم بەسەر هەموو کورد و کوردستاندا کرایە و دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و حیزبایەتی لەهەرێمدا ئاڵۆزکا و بە ئینقلابی سەربازی ناودەبرا و دوای چەندین پرۆژە و دانیشتن و کەوتنەخۆ بۆ سازانی نیشتیمانی بێ ئەنجام مایەوە و تائەو کاتەی کە لە ٢٠١٥/١٠/١٢دا بە ئەنقەست ڕێگری کرا لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاری هەولێر و دەرکردنی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە حکومەت و شەلەلکردنی حکومەت . لە ئێستاشدا کە کەمتر لە ٨ مانگ ماوە بۆ چێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم، هیچ تروسکایەك نابینرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە، سەرەڕای دەستپێشخەری بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠١٦/١٢/٢٠دا بەڵام ئەوە زیاد لە مانگ و نیوێکە هیچ هەنگاوێکی کردارەکی نەنراوە بۆ جێبەجێکردن و ووردکردنەوە و لێکتێگەیشتن لەسەر ئەو خاڵانەی کە هاتوون لەو دەستپێشخەریەدا،هەموو بۆچونەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کەئەم دەستپێشخەریە زۆر درەنگ هاتە بوون و تەنها بۆ کات کوشتن و ئیستیهلاکی ناوخۆییە و پێش هەموانیش پارتی دیموکرات بۆخۆیان لەباریان بردوە نەك لایەنەکانی تر.

لە ئێستادا هەوڵێك هەیە کە لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتیدا جۆرە ڕێکەوتنێکی ستراتیژی نوێ یان کۆنە نوێکراوە بخەنەوە گەڕ بەمەبەستی تەکاندانێك بەم دۆخە، بەڵام هەر لەئێستاوە هەموان دژین و هیچ لایەکیشیان بوێرانە ناتوانن خۆیان بکەنە خاوەن،چونکە ترسی جەماوەر و بنکەی ڕێکخستن و ئەندامانیان و ترسی هەڵبژاردنی داهاتووشیان هەیە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەو ڕاستیە دووبارە بکەینەوە کە حیزبی سیاسی دەبێت ڕابەرایەتی جەماوەر و ئەندامانی خۆی بکات و خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام لەکوردستاندا سەرکردایەتی حیزبەکان لەلایەن شەقام و ئەندامانیانەوە پەلکێشدەکرێن کە ئەم کارە پێچەوانەی کاری حیزبی سیاسیە لەدونیای پێشکەوتوو وساغڵەمدا. ئەمەش خاڵێکی لاوازی حیزبی سیاسیە لە کوردستاندا.

ئەوەی ڕاستی بێت ، لەم هەرێمەدا ئەوەندی پێویست بەکاری پێکەوەیی و ڕاستۆگایەنە وپڕ متمانەیە هێندە پێویست بە ڕێکەوتنی ستراتیژی و دووقۆڵی و زیاتر نیە، گەر هەموان ڕێکن لەسەر ڕێزگرتن لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن ئیدی بەشێوەی تاك حیزب یان ئیئتیلافی سیاسی حکومەت پێکەوە بنێن و ئەوانی تریش گەر ویستیان بەشداربن و گەریش نا ئەوا ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا و شەرعی و کاری سیاسی و پەڕلەمانی خۆیان بکەن.ئیدی چ پێویست بەم هەموو ڕێکەوتنە دووقۆڵیانە دەکەن کە تەنها دەبنە هۆی ڕق ئەستوور بونی ئەوانی تر و دروستکردنی گومان و پیلان داڕشتن لە یەکتری و نەهێشتنی متمانەی سیاسی بەیەکتری.

چونکە دەرکەوتوە کە ئەنجامی ڕێکەوتنەکانیش هەمیشە کۆت و بەند و ڕێگری زۆری بۆ پەیدا دەبێت و زۆر جاران لایەنێك زیاتر سوودمەند دەبێت،لەبەرئەوە لە جیاتی ببێتە هۆکاری پێشخستنی دۆخەکان و ئاساییکردنەوەیان دەبێتە هۆی زیاتر تێکدان و دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگی.

لە ئەنجانی بەردەوامبونی ئەم دۆخە قەتیسەدا هەرێم کەوتۆتە ژێر کاریگەری خراپی سیاسیەوە لەوانە:

- متمانەی سیاسی و جەماوەری بونیان نەماوە.
- کۆدەنگی نیشتیمانی پەکخراوە.
- نێوماڵی کورد پەرش وبلاوە.
- مەترسی گەورە لەچواردەورە (( تورکیا و ئێران و عێراق)).
- دامودەزگا شەرعیەکانی حوکمڕانی پەکخراون.
- پەیوەندیە نێوخۆی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان خراپتر بوون.

بەم شێوەیە دۆخی سیاسی هەرێم زۆر خراپە و هەر ئەم دۆخە سیاسیەش کاریگەر و لێکەوتەی خراپی ئابوریشی بەدوای خۆیدا هێناوە و هەرێم لەئێستادا و ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە کەوتۆتە ژێر کاریگەری خراپی ئابوریەوە لەوانە:

- نەبوون و بڕینی بودجەی ساڵانە و پشکی ١٧٪ لەلایەن حکومەتی بەغدادەوە.
- نەتوانینی حکومەتی هەرێمیش یان بەئەنقەست ناتوانێت کە تەنانەت چارەکە مووچەی فەرمانبەرانیش دابین بکات لەکاتی خۆیدا. سەرەڕای فرۆشتنی نەوت و غازی سروشتی سەربەخۆیانە لە ٢٠١٥/٦/١٥وە.
- ناشەفافیەت و ونبونی داهاتی نەوت و غازی سروشتی و داهاتە ناوخۆییەکانی تر.
- بەردەوامبوونی دیاردەی گەندەڵی.
- چەقبەستن و ڕاوەستانی پڕۆسەی چاکسازی و نوێبونەوە و ڕێکخستنەوە بەدەستی ئەنقەست.
- تێکچوون و هەڵتەکاندنی ژێرخان و سەرخانی ئابوری کوردستان لە نەبوونی پڕۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی و ..هتد.
- زیادبوونی دیاردە مەترسیدارەکانی هەژاری و بێ کاری و نەخوێندەواری و برسێتی و نەبوونی و تاوانەکان و نەخۆشیەکان.
- کەڵەکەبوونی قەرزی زۆری دەرەکی و ناوخۆیی لەسەر ئەستۆی حکومەت و تاك بەتاکی ئەم میلەتە ،لە ئەنجامی سیاسەت و ئیدارەی هەڵەی حیزبی دەسەلاتدارەوە.

جابۆ ئاساییکردنەوەی ئەم دۆخە قەتیسە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیانەی هەرێم گەرەکە کە هەموان پێکەوە هەستن بە:

- چێ کردنی هەوڵی جدی و گەرموگوڕ و خەمخۆرانە بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکە و تێپەڕاندنی بەبەرژەوەندی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.
- پێش هەموو هەوڵێك پێویستە ئەولەویەت بدرێتە باشکردن و ئاساییکردنەوەی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی.
- کاراکردنەوەی دامودەزگا شەرعیەکان لە پەڕلەمان و حکومەت و ....هتد.

- وازهێنان لە بەرزکردنەوەی دروشمی بێ ناوەڕۆك و بەتاڵی وەك ڕیفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ،هەرچەندە سەرەتایترین مافی گەلەکەمانە بەلاَم دۆخەکانی ناوخۆ و ناوچەکە ئەوکارە قبوڵ ناکەن.
- چاکردنەوە و بەهێزکردنەوەی تۆڕی پەیوەندیە ناوچەیی و جیهانیەکان و پێش هەموانیش لەگەڵ بەغدادا چونکە کورتترین و ڕاستترین ڕێگای چارەسەرە تا ئەوکاتەی وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ لەناو سنوری دەوڵەتی عێراقیدا بمێنینەوە.نەك ڕووکردنە ولاَتانی دەرودراوسێ کە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارمان دەهێنن.
- خۆ ئامادەکردن بۆ دوای قۆناغی نەمانی داعش و بەهێزبونەوەی سوپا و هێزەکانی عێراق.کە دەبنە مەترسی گەورە لە ئایندەدا.

لەکۆتاییدا ، هەموو ئەم هەنگاوانە تەنها بەیەك و یەکگرتووی ڕیزەکانی کورد و ڕێکخستنەوە و پتەوکردنی نێوماڵی کورد دەبێت لە حیزب و سەرکردە و جەماوەر. بەبێ ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە مەحاڵە کورد بگاتە دوا مەنزڵ لەگەڵ بوونی ئەم دۆخە قەتیس و ئەم هەموو مەترسی و ئاڵنگاریانەی دەوروبەرمان.

----------------------------------------

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وsnn وئاڕاستە وسپی میدیا و خەندان لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٨دا بلاَوکراوەتەوە.

## ئایندەی یەکێتی ئەوروپا و شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا دوای دەرچوونی بەریتانیا بەرەو کوێ ؟ *

- **مێژووی دامەزراندنی یەکێتی ئەوروپا**

بریتیە لە چوارچێوەیەکی جیۆسیاسی کە بەشێکی گەورەی کیشوەری ئەوروپا لە خۆدەگرێت،دامەزراوە لەسەر بنەمای زۆرێك لە هاوپەیمانێتیەکان و ملکەچی فراوانبونیشە کە لە یەکێتیەکی ٦ وڵاتیەوە((ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و فەڕەنسا و ئیتالیا و بەلچیکا و هۆڵەندا و لۆکسۆمبۆرگەوە)) دەستیپێکرد و لە ئێستادا بۆتە خاوەنی ٢٧ وڵات کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لە خۆ دەگرێت.

سەرەڕای جیاوازی لەگەڵ بیرۆکەکانی فیدڕاڵی وکۆنفیدڕاڵی یان یەکێتی گومرکی،پێشکەوتنی سەرەکی لە ئەوروپادا پشتدەبەستێتە سەر دامەزراندنی یەکێتیەك و تێپەڕاندنی سنورە نەتەوەییەکان، بۆ ئەوەی جەنگ بکاتە کارێکی نەکردە و لەبیرکراو بەشێوەیەکی مادی، و چەسپاندنی دیموکراسیش بکاتە ئامانج کە ڕۆبەرت شومان و سەرکردە ئەوروپیەکانی تر بانگەشەیان بۆ دەکرد لە دامەزراندنی یەکێتیە ئەوروپیەکاندا. ئەم بنەمایە کرۆکی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەوروپی بوو بۆ خەڵوز و ئاسن ECSC لە پەیماننامەی پاریس لە ساڵی ١٩٥١دا دوای ((ڕاگەیاندنی شومان )) و پەیماننامەی ڕۆما کە دواتر واژۆی لەسەر کرا بۆ دامەزراندنی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش EEC و کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ وزەی ئەتۆمی EAEC لە دواتردا،کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ خەڵوز و ئاسن و بازاڕی ئەوروپی هاوبەش چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە،بەلاّم کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ وزەی ئەتۆمی بەسەربەخۆیی لە چوارچێوە یاساییە جیاکەرەوەکەیدا مایەوە سەرەڕای بەشداربوونی وڵاتانی ئەندام و دامودەزگاکانی تریان لە یەکێتیەکەدا.

دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم و سەرهەڵدانی جەنگی سارد و دابەشبوونی دونیا بەجۆرێکی تر لەنێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوای گۆی زەویدا لەسەر بنەمای فکر و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی ڕۆژهەلاّتی بەڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤێتی جاران و سەرمایەداری ڕۆژئاوایی بە ڕابەرایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ئەم بیرۆکەی بازاڕە هاوبەشە لە بنەمادا بیرۆکەیەکی ئابوری بوو بەمەبەستی گەشەپێدان و بەهێزکردنی ئابوری وڵاتانی یەکێتیەکە وەك وەلاّمدانەوەیەك بۆ ئەو بارودۆخە خراپە ئابوریەی کە وڵاتانی ئەوروپای پیاداگوزەر دەکرد لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیەوە کە ئەوروپا جێگەی دەستپێك و کۆتایشی بوو ، زەرەر و زیانێکی گەورەشی پێگەیشتبوو.ئەوەبوو بەرێکەوتنامەی ڕۆما لە ١٩٥٨/١/١دا بازاڕی ئابوری هاوبەش لە نێوان وڵاتانی دامەزرێنەردا بوە ڕەسمی.

یەکێتیەکە ساڵ بەساڵ گەشەکردن و فراوان بونی زیاتری بەخۆوە دەبینی کە لە ئێستادا و تا ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٢٣ ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ٢٨ وڵات دوای ئەوەی کە لەساڵی ١٩٩١دا هەردوو ئەڵمانیای خۆرهەلاّت و خۆر ئاوا یەکیان گرتەوە و یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەڵوەشایەوە ژمارەیەك لەو وڵاتانەی کە لەخولگەی بلۆکی سۆسیالیستیدا بوون بە ئەندام وەرگیران لەو یەکێتیەدا.لە ئێستاشدا ٦ وڵاتی تر کاندیدن بۆ بوون بە ئەندام و لەناویشیاندا تورکیایە کە زۆر بە پەرۆشە بۆ بوون بە ئەندام و بەلاّم ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە ڕێگری زۆری بۆ دروست دەکەن و نایانەوێت بە سانایی بیکەنە ئەندام لەو یەکێتیەدا.یەکێتی ئەوروپا بەڕەسمی لە ١٩٩٣/١/١دا بەپێی پەیماننامەی (( ماستریخت)) لە هۆڵەندا دامەزرا کە بارەگای سەرەکی لە بڕۆکسێلی بەلچیکایە بەلاّم زۆربەی بیرۆکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو.

- **ڕێکەوتنامە مێژووییەکانی یەکێتی ئەوروپا**

ئەم یەکێتیە ئەوروپیەی کە ئێستا هەیە لەماوەی زیاتر لە ٦٦ ساڵدا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی چونکە پڕۆسەی یەکگرتن و تێکەلاّو بوون لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە نەك وەك سیستەمە تاکڕەوەکان بەبڕیارێکی تاکە کەسی پڕۆسەکە جێبەجێبکرێت ، هەربۆیەش ئەو بڕیارانە ئەنجامی دوورمەودایان نابێت.بەلاّم وڵاتانی ئەوروپی

خاوەن سیستەمی دیموکراسی لەسەرەخۆ و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا هەنگاو دەنێن کە هێشتاش زۆری ماوە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێتیەکی تەواو و پێگەیشتوو لە هەموو ڕووەکانەوە ، لەو ماوەیەشدا چەندین ڕێکەوتن و پەیماننامە مۆر کراوە لە نێوان ئەندامانی یەکێتیەکەدا بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و خاڵە لاوازەکانی یەکێتیەکە و قۆناغ بەقۆناغ لە گەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکاندا یاسا و ڕێکەوتنامەی نوێیان واژۆکردوە، لەو ڕێکەوتنامانە:

١. لە ساڵی ١٩٤٩دا ئەنجومەنی ئەوروپی دامەزرا بەمەبەستی دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی و پشتیوانیکردنیشی لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە.

٢. لە ساڵی ١٩٥١دا دوای ((ڕاگەیاندنی شومان )) ڕێکەوتنی پاریس واژۆکرا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ خەڵوز و ئاسن ECSC بەمەبەستی پێشخستنی ئەو پیشەسازیە .

٣. لە ساڵی ١٩٥٧دا پەیماننامەی ڕۆما واژۆی لەسەر کرا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپی EEC .بەمەبەستی لابردنی ڕێگریە گومرکی و باجەکان لەسەر ڕێگەی مامەڵەکردن بە کاڵاو شتومەکەکانەوە لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا.

٤. لەساڵی ١٩٥٧دا دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ وزەی ئەتۆمی EAEC واژۆی لەسەرکرا.و بەم دوو کۆمەڵەیە دەوترا (( بازاڕی ئەوروپای هاوبەش)) و لەساڵی ١٩٦٧دا یەك یەکەی کارگێڕیان بۆ دروستکراو بونە یەك ڕێکخراو.

٥. لە ساڵی ١٩٧٣دا هەریەکە لە بەریتانیا و دانمارك و ئێرلەندا بونە ئەندامی بازاڕی ئەوروپای هاوبەش.

٦. لەساڵی ١٩٨١دا پورتوگال و لەساڵی ١٩٨٦دا ئیسپانیا و لەساڵی ١٩٩٠یشدا ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات چوونە ناو ئەو بازاڕە هاوبەشە ئەوروپییەوە.بەمەش ژمارەی ئەندامان بونە ١٢ وڵات.

٧. لەدەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستدا ژمارەیەك کۆمەڵ و یەکێتی و ڕێکخراوی هەرێمی ئەوروپی دامەزران وەك (( یەکێتی بازرگانی ئازادی ئەوروپی ،ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەپێدان ، ڕێکخراوی توێژینەوە و ئاژانسی فەزای ئەوروپی)).

٨. لە مانگی ١٩٨٦/٢دا وڵاتانی ئەندام لە هەردوو کۆمەڵەی (( خەڵوز و ئاسن و وزەی ئەتۆمی ئەوروپیدا)) واژۆیان لەسەر یاسای ئەوروپای یەکگرتوو کرد و لە ١٩٨٧/٧/١دا کەوتە بواری کارکردنەوە.

٩. لە ١٩٩٢/٢/٧ لەشاری (( ماستریخت))ی هۆڵەندا ڕێکەوتنی (( دامەزراندن)) ی یەکێتی ئەوروپا واژۆی لەسەر کرا لەلایەن ١٢ وڵاتەوە و لە ١٩٩٣/١/١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٠. لەساڵی١٩٩٥ ڕێکەوتنامەی (( شینگن)) واژۆکرا بۆ ئازادی هاتوچۆی تاکەکان لەنێوان یەکێتیەکەدا بەبێ هیچ سانسۆرێك.

١١. لە ١٩٩٧/١٠/٢دا ڕێکەوتنامەی (( ئەمستردام)) واژۆکرا لە لایەن سەرۆکی حکومەتەکانەوە کە بنەما گشتیەکانی دیاریکرد بۆ یەکێتیەکی فراوانتر لە نێوان وڵاتانی ئەوروپیدا و لە ١٩٩٩/٥/١ دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٢. لە ١٩٩٦/١٢/١٣دا وەزیرانی یەکێتی ئەوروپا ڕێککەوتن لەسەر پەیماننامەی ((پارێزگاری جێگیرکردنی یۆرۆ)) و لە ١-١٩٩٨/٥/٣یشدا ئەنجومەنی ئەوروپی ڕێکەوتن لەسەر دیاریکردنی وڵاتانی جێبەجێکەری یەك دراو و یەك ئابوری. و لە ١٩٩٩/١/١دا لەسەر ئاستی بانکەکان دەستکرا بە مامەڵە بە (( یۆرۆ))وە و لە ٢٠٠٢/١/١ شەوە پارەی ١٩ وڵاتی ئەندام گۆڕدرا بۆ یۆرۆ کە لەبانکی ناوەندی ئەوروپییەوە لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیاوە کۆنترۆڵ دەکرێت.جگە لە بەریتانیا و دانمارك.

١٣. لە ٢٠٠١/٢/٢٦ دا ڕێکەوتنامەی (( نیس)) واژۆکرا کە دەرگای واڵا کرد بۆ بونە ئەندامی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست و کەنار دەریاکانی ناوەڕاستی و بەڵتیق لە یەکێتیەکەدا.و کارکردن بۆ دانانی دەستورێکیش کە بەهەنگاوێکی گەورە و گرنگ دانرا بۆ ئایندەی یەکێتیەکە.

١٤. لە ٢٠٠٣/٦/١٣ دا پرۆژەی دەستوری ئەوروپی پێشنیازکراو لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە ڕەزامەندی لەسەر درا و لە ٢٠٠٣/٦/٢٠ خرایە بەردەم ئەنجومەنی ئەوروپی لە کۆبونەوەی ((سالۆنیك))دا و لەگەڵ کۆبونەوەی لوتکەی ((ڕۆما))دا لە ٢٠٠٤/١٠/٢٩دا خرایە بواری کارپێکردنەوە.بەمەش دەستورەکە جێگەی هەموو ڕێکەوتنەکانی گرتەوە.

- **پەیکەری دامەزراوەی یەکێتی ئەوروپا**

ئاشکرایە یەکێتیەکی وا گەورە و فراوان، پێویستی بە کۆمەڵێك دامودەزگای کاریگەر و کارا دەبێت بۆ ڕایکردنی ئیشوکارەکانی یەکێتیەکە کە هەموانیا بە پێی قەبارە و سەنگ و قورساییان و بە یەکسانی تیایدا بەشدار بن، بۆ ئەوەی هەموان ئەرکیان هەبێت و هەموانیش یەکسان بن لە وەرگرتنی ماف و ئیمتیازاتەکانیاندا.

یەکێتی ئەوروپا لە پێنج دەزگای سەرەکی پێك دێت کە هەریەکەیان ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە،کە بەپەرۆشەوە لە هەوڵدایە بۆ وەدیهێنانی بە باشترین شێوە بەپێی ئەو پسپۆڕیانەی کە بۆی دیاریکراوە بەپێی پەیماننامەی یەکێتیەکە ، ئەو دەزگایانەش بریتین لە :

**١. ئەنجومەنی ئەوروپی**

ئەنجومەن دادەنرێت بە لایەنی سەرەکی بۆ دروستکردنی بڕیار لە یەکێتی ئەوروپادا،و هاوبەشی دەکات لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپیدا لە یاسادانانددا.

ئەنجومەن لەسەر ئاستی وەزیرەکان پێکدێت بۆ یەکێتی ئەوروپا بەلاّم لە ڕێکخراوی ئەنجومەنی ئەوروپادا ئەنجومەن لە سەر ئاستی سەرۆکی حکومەتەکان پێك دێت. ئەنجومەنەکە لە چەند لیژنەیەك پێکدێت وەك لیژنەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و دارایی و تەندروستی و بازرگانی و ...هتد . و هەر وەزیرێك دەچێتە لیژنەی تایبەت بە خۆیەوە. لە ئەنجومەنەکەدا هەر وڵاتێك خاوەنی چەند دەنگێکە کە ڕەنگدانەوەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەیەتی، لەگەڵ هاوسەنگیەك بۆ بەرژەوەندی وڵاتە بچوکەکان.

زۆربەی بڕیارەکان بە زۆرینە دەدرێن،بەلاّم لە مەسەلە گرنگەکانی وەکو باج و پەناهەندەی سیاسی و کۆچ و سیاسەتی دەرەوە و ئەمنیدا دەنگدان بە کۆی دەنگەکان دەبێت. بڕیارەکانی بەسەر هەموو ئەندامانددا جێبەجێ دەبێت وەك فەرمانێکی سەروەری وەك یەکگرتنی دراو لە هەموو وڵاتەکاندا.هەندێ جاریش بڕیارەکانی تەنها بەسەر ئەو وڵاتانەدا جێبەجێدەبێت کە ڕەزامەند بوون بە بڕیارەکە و بەسەر ئەوانی تردا جێبەجێ نابێت. ئەنجومەنەکە زۆربەی کۆبونەوەکانی لەشاری برۆکسێل ئەنجام دەدات سەرەڕای بونی بارەگاکەی لە لۆکسۆمبۆرگ.وڵاتەکانیش سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی خولی ئاڵوگۆڕ دەکەن هەر ٦ مانگ جارێك، سەرۆکی حکومەتەکانی ئەوروپا لە ساڵێکدا ٤ جار کۆدەبنەوە بۆ دانانی سیاسەتی گشتی و دیاریکردنی ئەرکە هاوبەشەکان لە یەکێتی ئەوروپادا.

**٢. پەرلەمانی ئەوروپی**

پەرلەمانی ئەوروپی تەنها دەزگایەکە کە بە هەڵبژاردن پێك دێت لە یەکێتی ئەوروپادا،ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانەکە بریتیە لە ٧٨٥ ئەندام کە هەر ٥ ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن لەلایەن هاولاّتیانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاوە،پەرلەمانیش لەلایەن نوسینگەیەکی سەرۆکایەتیەوە بەڕێوە دەبرێت کە لە کۆمەڵە سیاسیەکان پێکهاتوە. پەرلەمانی ئەوروپی پێکدێت بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر وڵاتێك، ئەڵمانیا گەورەترین وڵاتە لە ڕووی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەوە و هەرە وڵاتی بچوکیش لۆکسۆمبۆرگە.ئەندامانی پەرلەمان بەپێی یاسای وڵاتەکانیان هەڵدەبژێردرێن بۆ پەرلەمانی ئەوروپا و یەك یاسای یەکگرتوو یەك ڕۆژی دیاریکرا و یەك ڕێوشێونی دیاریکراو نیە بۆ ئەو بابەتە بەلاّم هەموان یەك ئامانجیان هەیە.پەرلەمان کۆبونەوەکانی لە ستراسبۆرگ ئەنجام دەدات و هەندێك جاریش لە برۆکسێل ئەنجامی دەدات.سەرۆکی پەرلەمان لەناو پەرلەمانەوە بۆ ماوەی ٢ساڵ و نیو هەڵدەبژێردرێت و نمایندەی پەرلەمانی ئەوروپا دەکات لە هەموو کۆبونەوە نێودەوڵەتیەکاندا.لەناو پەرلەماندا کۆمەڵەی سیاسی هەیە کە پێك دێت لە یەکگرتن و نزیکبونەوەی نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی وڵاتەکان وەك کۆمەڵەی سۆسیالیستی و کۆمەڵەی دیموکراسی مەسیحی و کۆمەڵەی لیبڕاڵەکان و

کۆمەڵەی میانڕەو و ڕاستڕەوەکان و کۆمەڵەی چەپەکان. ئیشوکاری پەرلەمانی ئەورووپیش وەك هەموو پەرلەمانەکانی دونیا وایە لە دانانی یاسا و چاودێری دەزگای جێبەجێکردن و پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە و پەسەندکردنی پەیماننامەکان وئیشوکارەکانیشی لەڕێگەی لیژنەکانەوە جێبەجێدەکات .

**٣. لیژنەی کۆمسیارانی ئەورو پی :**

کۆمسیارانی ئەوروپا نمایندەی تەواوی بەرژەوەندیەکانی ئەوروپا دەکات و پاڵپشتیشیان دەکات، دەزگایەکی سەربەخۆیە لە حکومەتەکانی وڵاتەکانی ئەندام.پێکدێت لە ٢٠ ئەندام و سەرۆك لەنێوانیاندا هەڵدەبژێردرێت کە ئەرکی لێپرسراوێتی کۆمەڵێکی هەمەجۆر لە وەزارەتەکان هەڵدەگرن وەك :پرۆژەکان و پیشەسازی و گواستنەوە و پەیوەندی و گەشەپێدانی کشتوکاڵ و گوندەکان و...هتد.ئەرکی ئەم لیژنەیە پێشنیازکردنی پرۆژە یاساکانە بۆ پەرلەمانی ئەورووپی و ئەنجومەنی وەزیران. و جێبەجێکردنی بودجەی گشتی یەکێتیەکە و پابەندە بە ڕێکەوتن و پەیمانەکان و دژی هەر کەس و لایەنێکە کە جێبەجێیان ناکات و دەیانداتە دادگایەکی دادپەروەر.

**٤.دادگای دادی ئەورو پی :**

بریتیە لە دەزگای دادی ئەورووپی،دادگاکە پێك دێت لە دادوەرێك لەهەر وڵاتێك کە خاوەنی توانا و لێهاتوی و شارەزایی و ئەزمونی یاسایی بێت.لەنێوان ئەندامانذا سەرۆکی دادگاکە هەڵدەبژێردرێت بۆ ماوەی ٣ ساڵ و دەتوانرێت نوێش بکرێتەوە.یەکێتی ئەورووپاش هەموو پێداویستیەکان بۆ دادوەرەکان دابین دەکات تا بە باشترین شێواز کارەکانیان جێبەجێ بکەن.بارەگای دادگاکە لە لۆکسۆمبۆرگە، دادگا خاوەنی سەروەری تەواوە و هەڵدەستێت بە ڕاڤەکردنی یاسای یەکێتی و دادگاکانی وڵاتانی ئەندام کێشە یاساییەکانی نێوان خۆیان بەرزدەکەنەوە بۆ ئەم دادگایە بۆ بڕیاری کۆتایی لەبارەیانەوە و هەموو کێشەیەکیش دەبینێت کە لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا ڕوودەدات و تەنانەت سکاڵای هاوڵاتیانیش دەبینێت.

**٥. دادگای ژمێریاران :**

دادگای ژمێریاران لەساڵی ١٩٥٧دا دامەزرا و لەساڵی ١٩٧٧ دەستی بەکارکردن کرد، و ڕێکەوتنامەی ((ماسترێخت)) دانی پیاداناوە وەك پێنجەم دەزگای بنەڕەتی یەکێتیەکە،و ڕێکەوتنامەی ((نیس ))یش سەپاندویەتی کە هەر وڵاتێك ئەندامێکی لەو دادگایەدا هەبێت. ئەو دادگایەکی یاسایی نیە بەمانای وشە بەڵام سەرپەرشتی دارایی بوجە و پیاداچونەوەی دەکات،لە ٢٨ ئەندام پێك دێت کە نوێنەری ٢٨ ئەندامەکە دەکەن کە لەلایەن وڵاتەکانیانەوە کاندید دەکرێن.ماوەی ئەندامێتی ٦ ساڵە و ئەندامەکان دەبێت سەربەخۆ بن و توانا و لێهاتوو و شارەزایی بەرزیان هەبێت و دادگای دادی ئەورووپی بڕیار لەسەر هەر ئەندامێك دەدات گەر بە پێچەوانەی بنەماکانی یەکێتیەوە هەڵوسوکەوتی کرد. کاری بریتیە لە بەدواچون و ووردبینی کردن لە خەرجیەکان و چۆنێتی خەرجکردنەکان کە ئایا بەپێی بەند و مادەکانی میزانیەیە یان نا ئەمەش بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی باشی داهات و خەرجیەکان مسۆگەر بکرێت.پەرلەمان لەسەر ڕاپۆرتی دادگای ژمێریاران بوجەی ساڵانە پەسەند دەکات.

- **یەکێتی ئەورو پا لە پێناو چیدا و بۆچی دامەزرا؟**

لەبنەمادا بیرۆکەی ئەم یەکێتیە ئابوریە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە وڵاتانی ناو یەکێتیەکە پێکەوە کاربکەن بۆ ٣ ئامانجی سەرەکی کە بریتین لە :

١.چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوەژیان لە ئەورووپادا.

٢.چەسپاندنی دیموکراسیەت.

٣.پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەورووپادا.

- **ئیمتیازاتی ئەو وڵاتانە چیە کە دەبنە ئەندام لەو یەکێتیەدا؟**

هەموو ئەو وڵاتانەی  کە دەبنە ئەندام دەبێت ئەو بنەما سەرەکیانە پیادە بکەن کە یەکێتیەکەی لە پێناودا دامەزراوە و ئەو مەرجانەش خۆی لە ٣ بواری گرنگدا دەبینێتەوە کە بریتین لە :

١. بواری سیاسی:وڵاتی ئەندام دەبێت خاوەن دامودەزگای حکومی سەربەخۆ و دیموکراسیەت بێت و یاسا سەروەر بێت و پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر نەکرێت.

٢. بواری ئابوری: دەبێت وڵاتی ئەندام سیستەمێکی ئابوری بەهێزی هەبێت  کە پشت ببەستێتە سەر ئابوری بازاڕ و بتوانێت ڕکابەری بکات لەگەڵ ئابوری و بازاڕەکانی تردا لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.

٣. بواری دەستوری : دەبێت وڵاتی ئەندام  دەستور و یاساکانی بگۆڕێت بەشێوەیەك کە بگونجێت لە گەڵ یاساکانی ئەم یەکێتیەدا.

پێکەوە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بازاڕێکی گەورە پێك دێنن کە دەبێتە جێگەی ساغکردنەوەی کاڵاکانیان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەموانیان سوودمەند دەبن لە گەشەندنی ئابوری وڵاتەکانی تر و هەر زەرەر و زیانێك و هەر گەشەکردنێك ڕووبدات هەموان پێکەوە دەچنە ژێر کاریگەریەکانی بە باش یان خراپ، هەروەها وڵاتانێکی هەژار و کەمدەرامەت لەو یەکێتیەدا زیاتر لەهەموان سوودمەندتر دەبێت لەبوژاندنەوە و گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی ژیان لە سیاسی و ئابوری و دەستوریەکاندا.هەروەها لە ڕووی سەربازیشەوە هەموان پێکەوە بەرگری لە سنوری یەکێتیەکە دەکەن کە ڕووبەرەکەی ٤٤٩٣٦٧٢ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و لەسەر ئاستی دونیا حەوتەمین گەورەترین ڕووبەرە و ئەمەش بە قازانجی وڵاتە بچوکەکانە تا گەورەکان و پێشخستن و مەشقپێکردن و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای نوێی سەربازیش هەموان دەگرێتەوە.هەروەها لە ڕووی باج و گومرك و ڕسوماتی هاتوچۆ و ..هتد.هەموان بەخشراون لەناو یەکێتیەکەدا.

- **زیانی ئەو وڵاتانە چیە کە دەردەچن لەو یەکێتیەدا؟**

بەدڵنیایی دەرچوون لەم یەکێتیە هەروا ئاسان نیە ، هەروەك چۆن مەرجەکانی بون بە ئەندامیش ئاسان نیە، بۆیە هەرکاتێك وڵاتێك لەو یەکێتیەدا دەردەچێت ئەوا هەموو ئەو ماف و بەرژە مافانە لەدەست دەدات کە کاتی بون بە ئەندام هەیبون لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و  باج و گومرك و..هتد.کە ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاستی داهات و گوزەرانی تاك و نیشتمانی ئەو وڵاتە و گەر بۆ ماوەیەکیش بێت ئەوا دەبێت ئەو وڵاتە سیاسەتی سکهەڵگوشین پیادە بکات و خەرجیەکانی کەم بکاتەوە تا هەڵاوسانیشی کەم ببێتەوە و بەدڵنیاییش داهاتی تاك و کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە.

- **مێژوو و توانا و پێگەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندای باکوور:**

شانشینی یەکگرتوو لە چوار هەرێمی ((ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێڵز و ئێرلەندای باکور)) پێك دێت،بەڵام بەریتانیای مەزن لە ((ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێڵز )) و ژمارەیەکی زۆر دورگەی بچوك پێکدێت کە گەورەترین دورگەیان بەریتانیای مەزنە، و ئینگلتەراش بەتەنها خۆی دەگرێتەوە. ناوی  فەرمی شانیشنی یەکگرتوو بریتیە لە شانشینی یەکگرتوی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندای باکور کە وڵاتێکی خاوەن سەروەریە و دەکەوێتە کەناری باکوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپاوە، پێکدێت لە بەریتانیای مەزن و بەشی باکوری دورگەی ئێرەلەندا و ژمارەیەکی زۆریش لە دورگەی بچووکی تر. ئێرەلەندای باکور دادەنرێت بە تاکە دەروازەی وشکانی شانشینەکە کە جیایدەکاتەوە لە کۆماری ئێرلەندا، جیا لەوە شانشینی یەکگرتوو دەورەدراوە بە زەریای ئەتڵەسی و دەریای باکور و کەناڵی ئینگلیزی کە ناو دەبرێت بە دەریای ئێرلەندی کە  تونێڵی مانش بەریتانیای مەزن دەبەستێتەوە بە فەڕەنساوە.و ڕووبەری خاکەکەی بریتیە لە ٢٤٢٤٩٥ کیلۆمەتری چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی بریتیە لە ٦٥ ملیۆن کەس.

شانشینی یەکگرتوو وڵاتێکی خاوەن سەروەری و سیستەمی حوکمڕانی پاشایەتی دەستوریە،دادەنرێت بە وڵاتێکی فیدراڵی بە پێی بڕیاری ساڵی ١٨٨١ز کە پێك دێت لە چوار هەرێم:ئینگلتەرا و ئێرلەندای باکور و ئوسکوتلەندا و وێڵز.کە

وێڵز.کە لەڕێگەی سیستەمێکی پەرلەمانیەوە بەڕێوە دەبرێن.و حکومەتیش لە شاری لەندەنی پایتەخت ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبات. بەڵام حکوماتی خۆجێی هەیە لەهەریەکە لە بەلفاست و کاردیف و ئەدەنبرە کە هەریەکەیان پایتەختی ئێرەلەندای باکور و وێڵز و ئوسکوتلەندان.بەهەمان شێوە ١٤ هەرێمی تر وابەستەی تاجی بەریتانیای مەزنن کە پێیان دەوترێت (( هەرێمەکانی پشت دەریای بەریتانیاوە)) کە بەشێکی دەستوری نین لە شانشینی یەکگرتوو و حوکمی خۆجێیەتی تەواویان هەیە و ئیشوکارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن بەڵام لە ڕووی سەربازیەوە دەگەڕێنەوە بۆ شانشینی یەکگرتوو، ئەم زەویانە بریتین لە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا کە لەساڵی ١٩٢٢دا لەوپەڕی توانا و درەوشانەوەیدا بووە کە نزیکەی چارەکی وشکانی هەموو دونیای دەگرتەوە و گەورەترین ئیمپراتۆریەتیش بوە لە مێژوودا.تائێستاش کاریگەری بەریتانیا دەبینرێت لە زۆربەی کۆڵۆنیالەکانی ڕابووردوویدا لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیری و سیستەمی حوکمڕانیەوە.

شانشینی یەکگرتوو یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان، ئابوریەکەی شەشەمینە لەسەر ئاستی جیهان، لەڕووی کۆی بەرهەمی نیشتیمانیەوە و شەشەمینیشە لە ڕووی توانای کڕینەوە.و لە وڵاتە یەکەمینەکانی جیهانە کە ڕوویکردۆتە پیشەسازی و دادەنرا بە هێزی هەرە گەورە لە جیهاندا لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. بەڵام بەهۆی تێچووی زۆری هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا پێگەی شانشینی یەکگرتوو بەرەو دواوە کشایەوە و ڕۆڵی ڕابەرایەتی جیهانی کەم بوەوە.لەگەڵ ئەمانەشدا تائێستا شانشینی یەکگرتوو هێزێکی مەزنە و خاوەنی نفوزێکی ئابوری و ڕۆشنبیری و سەربازی و زانستی و سیاسی بەهێزە. یەکێکە لە وڵاتە ئەتۆمیەکان و پلەی سێیەم یان چوارەمی هەیە لە خەرجیە سەربازیەکاندا لە جیهاندا. هەروەها ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە و ئەندامە لە کۆمۆنوێڵس و ئەندامە لە کۆمەڵەی هەشت و کۆمەڵەی بیست و ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسیدا و ئەندامیشە لە ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابوری و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیشدا.

- **شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا بۆچی چوە ناو یەکێتیەکە و لە پێناو چیشدا بڕیاری دەرچوونیدا؟**

شانشینی یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە بە دوودڵیەوە چوە ناو ئەو یەکێتیەوە ، چونکە ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لە ئاستی هەندێ لە وڵاتان و کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا نەدەبینیەوە و دەیاونیست لە پێش هەموواندا ئیمتیازاتی گەورە و بەرچاوی بدەنێ، یەکێتیەکەش مەبەستی بوو کە وڵاتێکی خاوەن پێگەی بەهێزی سیاسی و ئابوری نێودەوڵەتی وەکو بەریتانیا بکاتە ئەندام و سوود لە توانا مرۆییەکان و تەکنەلۆژیا و ئابوریەکەی وەربگرێت، بەدڵنیاییەوە شانشینی یەکگرتوو بەچونە ناو یەکێتیەکەوە سوودو قازانجی گەورەی کردوە بەڵام لە زۆر لایەنی تریشەوە خۆی بە مەغدور دەزانی و غرورو و کبریائی نەتەوەیشی لەولاوە بوەستێت کە لە سەردەمێکدا ئەو وڵاتە بوە کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو بەڵام ئێستا بۆتە ئەندامی یەکێتیەك کە وڵاتێکی وەکو یۆنان یان قوبرص یان ئیسپانیا یان کرواتیاو ...هتد. ئەندامن وەکو ئەو بەریتانیا هەر لەسەرەتاوە دژی بوون بە ئەندامی وڵاتانێك بوە کە شایستەی ئەو یەکێتیە نەبوون . بەریتانیا نەچوە بازاڕی دراوی ئەوروپیەوە(( یۆرۆ)) و بەتەنها دەستی گرت بە جونەیهی ئستەرلینی خۆیەوە.

بەریتانیا دوای نزیکەی ١٥ ساڵ لەدامەزراندنی یەکێتیەکە لەساڵی ١٩٧٣/١/١دا ئەوسا بوە ئەندام و لە ئێستاشدا دوای ٤٣ ساڵ لە لە ٢٠١٦/٦/٢٣دا لە ڕاپرسیەکی جەماوەریدا بڕیاری دەرچوون لەو یەکێتیەیدا.هۆکاری دەرچوونیشی زۆرن ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەریتانیا بەتەنها بۆخۆی خاوەنی بازاڕێکی گەورەترە لە دەرەوەی یەکێتیەکە کە بریتیە لە وڵاتانی کۆمۆنوێلس CN یان یەکێتی گەلانی بەریتانی کە لە ١٩٣١/١٢/١١دا دامەزراوە و یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەیە (( کە ٥٣ وڵاتن و ڕووبەری گشتیان بریتیە لە ٣١٤٦٢٥٧٤کیلۆمەتری چوارگۆشە و ژمارەی گشتی دانیشتوانیان بریتیە لە ١٩٢١٩٧٤٠٠٠ کەس ئەو وڵاتانەی کە سەر بە تاجی تاجی بەریتانین و بە ئینگلیزی قسە دەکەن)) کە ئەمە سوودی بۆ بەریتانیا زیاترە لە یەکێتی ئەوروپا و هیچ وڵاتێکی تری ئەوروپی ئەو بازارە مسۆگەرەی نیە. هەروەها بەهۆی بونی کالآی خراپی کوالێتی وڵاتانی هەژاری یەکێتیەکەوە کالآ باشەکانی بەریتانیا بازاڕیان کەمبووەوە ونرخیان دابەزیبو ، هەروەها بەریتانیا دژی کۆچ و کۆچبەرانە و لەو پێناوەشدا بەناچاری لەم دەساڵەی کۆتایدا ١٠ملیۆن کۆچبەر ڕوویان کردۆتە بەریتانیا و ژمارەی دانیشتوانی بۆتە ٦٥ ملیۆن کەس و بەگشتیش ژمارەی دانیشتوانی

یەکێتیەکە بریتیە لە ٥٠٨١٩١١١٦ ملیۆن کەس ،بەمەش ئەستۆی حکومەتی بەریتانیای زۆر قورس کردوە.ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ساڵی ٢٠١٥دا گەیشتۆتە ٩,٦٪

- **ئایندەی شانشینی یەکگرتو و دواتریش یەکێتی ئەوروپا بەرەو کوێ دەچێت دوای دەرچوونی بەریتانیا؟**

لە ئەنجامی ئەم ڕاپرسیەی کە لە ٢٠١٦/٦/٢٣دا ئەنجامدرا بۆ مانەوە یان دەرچوون لەو یەکێتیەدا و ئەنجامیش بە ڕێژەی ٥١ر٩٪ بە دەرچوون و ڕێژەی ٤٨ر١٪ بەمانەوە بوو . کە زۆرێك لە ئەوروپییەکان و ئەمریکاشی توشی شۆك کرد، چونکە بەدڵنیایی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لەو یەکێتیە هەردوولا بەشێوەیەك لە شێوەکان زیانیان بەردەکەوێت، چونکە بەریتانیا شەریکێکی ئابوری و بازرگانی و هەناردەکارێکی گەورەبوو و ڕۆڵ و کاریگەری سیاسی و ئابوری لەسەر ئاستی ئەوروپا و دونیاشدا هەبوە ،ئەوەتا بە چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتیەکە بەڕێژەی ١٣٪ ژمارەی دانیشتوانی یەکێتیەکە کەم دەکات و هەروەها ئابوریەکەشی بە ڕێژەی ١٧٪ پاشەکشە دەکات چونکە ئابوری بەریتانیا پێنجەم ئابوریە لەسەر ئاستی جیهان و دووەمیشە لەسەر ئاستی یەکێتیەکە لەدوای ئەڵمانیاوە بەشێوەیەك ڕێژەی هەناردەکردنی بەریتانیا بۆ یەکێتیەکە بریتی بوە لە ٤٤٪ لە کۆی هەناردەی بەریتانیا و نرخی هەناردەکردنی بەریتانیا بۆ یەکێتیەکە بریتی بوو لە ٢٢٣ ملیار دۆلار جونەیهی ئستەرلینی لەساڵی ٢٠١٥دا. بۆیە چونەدەرەوەی کاردەکاتە سەر پێگە و ناوبانگی یەکێتیەکە،هەروەها ڕێگاش دەکاتەوە لەبەردەم ولأتانی تری یەکێتیەکەدا بۆ چوونە دەرەوە بەتایبەتی ئەو ولأتانەی کە شانازی گەورە دەکەن بە نەتەوە و مێژوو و ڕابووردووی خۆیانەوە وەك ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ولأتانی ئەسکەندەناڤی.بۆیە یەکێتیەکە ناچارە لە ئایندەدا مەرجی قورستر دابنێت بۆ بون بە ئەندام و دەرچوونیش لەو یەکێتیەدا.بەریتانیاش یەکەم ولأت نیە کە دەرچوبێت لەو یەکێتیە بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٥دا ولأتی گرینلاند لە یەکێتی ئەوروپا کشایەوە و توانیشی دەسکەوت و پێشکەوتنی باشتریش وەدەستبێنێت. لەکاتێکدا کە تەنها ماسیان هەبوو بۆ هەناردەکردنیش، کەواتە مەرج نیە ئەو ولأتەی لەو یەکێتیە دەرچوو زیانی پێبگات، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ ماوەی ٢-٣ ساڵ تا خۆی دەگونجێنێتەوە لەگەڵ کاریگەریەکانی ئەو دەرچوونە ڕەنگە نرخی جونەیهی ئستەرلینی دابەزێت و هەڵاوسانی ئابوری ڕوبدات و نرخی کرێکان بەگشتی دابەزێت و نرخی کەل و پەل و کاڵا و زەوی و خانوو دابەزێت لەبەرامبەریشدا بێکاری زیاد بکات و باج و ڕسومات بەرزببێتەوە و توانا و وزەی گەشەکردنی حکومەت هێواش ببێتەوە کە ئەمەش ئەرکی حکومەت گران دەکات و ناتوانێت هاوکاری و یارمەتیە داراییەکان بداتە چینە کەمدەرامەت و خانەنشیان و ...هتد. هەربۆیە پێویستە نرخی سوودەکان زیاد بکات و خەرجیەکان کەم بکاتەوە و سیاسەتی سکهەڵگوشین پیادە بکات.لانی کەم تاساڵی ٢٠٢٠. دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕێوشوێنی دەرچوونی بەریتانیا هەروا ئاسان نیە و نزیکەی ٢ ساڵ دەخایەنێت.

تاکە ولأتێك کە سوودی گەورە دەبینێت لە دەرچوونی بەریتانیا بریتیە لە ولأتی لۆکسۆمبۆرگ، چونکە دەبێتە یەکەم بازاڕی دارایی لە ئەوروپادا و بانکە نێودەوڵەتیەکانی دەرەوەی یەکێتیەکە ڕووی تێدەکەن وەك بانکەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا و سویسرا و تورکیا و چینیش.

بۆیە ڕەنگە لە ئایندەدا دەنگی جیابونەوە لە ناو خودی شانشینی یەکگرتوشدا بەرز ببێتەوە لەلایەن سکۆتلەندی و ئێرلەندیەکانەوە.سکتۆلەندیەکان ڕایانگەیاند کە چاو بە ڕاپرسی خۆیاندا دەخشێنەوە لەگەڵ بەریتانیادا.گەر ئەو دوو هەرێمە لە شانشینەکە جیاببنەوە ئەوا شانشینی یەکگرتوو هێندەی تر بچوك و بێهێز دەبێت لەسەر ئاستی ئەوروپا و دونیاش.

بەریتانیاش وەك ولأتێکی دێرین و لانکەی دیموکراسی هەمیشە ڕێز لە بڕیاری جەماوەر دەگرێت و پارتی پارێزگارانیش کە سەرۆك وەزیرانی دیڤید کامیرۆن بانگەشەی مانەوەی لەناو یەکێتیەکەدا دەکرد زۆر بە سنگێکی فراوانەوە پیرۆزبایی ئەنجامەکەی کردو ڕایگەیاند کە دەستلەکار دەکێشێتەوە و بەردەوام دەبێت تاکۆنگرەی گشتی حیزبەکەی لەمانگی ئۆکتۆبەری داهاتودا جێگرەوەیەکی بۆ دیاریدەکەن. بەهەمان شێوە حیزبی کرێکارانیش دژی دەرچوونی بەریتانیا بوو لە یەکێتیەکە و بەلایەوە کرێکاران زیانێکی گەورەیان پێدەکەوێت.بەڵام حیزبی سەربەخۆیی شانشینی یەکگرتووو کەلەلایەن نایجل فاراجەوە لەساڵی ١٩٩٣دا دامەزراوە زۆر دڵخۆش بوون بە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیەکەدا.

لەولاشەوە یەکێتی ئەوروپاش ڕووبەڕووی هەمان چارەنوسی هەڵوەشانەوەو لێکترازان دەبێتەوە دوای ئەوەی کە بینیان بەریتانیا هێندە زیانی پێنەگەیشتوە لە دەرچوونەکەی ، ئەوەتا هەر لە ئێستاوە لە هۆڵەندا و فەڕەنسا داوای ڕاپرسی لەسەر مانەوە یان دەرچوون دەکەن لە یەکێتیەکەدا.

بۆیە پێدەچێت درەنگ یان زوو ئەو یەکێتیە بەو گەورەیی و یەکگرتوەییەی ئێستای نەمێنێتەوە چونکە دەنگە دژەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوندان و پارتە ڕاستڕەوەکانیش کار لە سەر توڕەیی جەماوەر دەکەن و بەتایبەتیش لەمەسەلەی

هاتن و وەرگرتنی ئەو ژمارە گەورەیەی کۆچبەراندا کە سیاسەتی گشتی یەکێتیەکە لەگەڵ وەرگرتنیاندایە بەلأم ئەو ولأتانەی کە گەرەکیانە دەربچن ئەوە دەڵێن کە خۆیان وەك ولأتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و سنور و یاسای خۆیان بڕیار دەدەن لەو مەسەلەیەدا. بۆیە ئاییندەی شانشینی یەکگرتوو و یەکێتی ئەوروپاش زۆر ڕوون و دڵنیاکەرەوە نین بەتایبەتیش کە مەترسیەکانی تیرۆر و داعش و ڕووسیا لەسەر هەموو ئەوروپا لە گەورەبوونی زیاتردان.

**سەرچاوەکان :**

١.https://ar.wikipedia.org/wiki
٢.http://europa.eu/index_en.htm
٣.http://www.bokrawba٣do.com/art-culture
٤.http://www.bbc.com
٥.http://rachelcenter.ps
٦. http://www.ta٩afa٣ama.info

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری کەلتوری ژمارە ١٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٧دا بلأوکراوەتەوە.

## سیاسەت یان بازرگانی ؟ *

- ئاشکرایە هەر کار و پیشەیەك کەسی شیاو و کارامە و لێهاتوو و خاوەن ئەزموونی خۆی گەرەکە، چونکە هەرکات هەر پیشەیەك کەوتە دەست کەسانی نەشارەزا و ناشی ئەوا لەلایەك کارەکە سوك و ڕسوا دەبێت و لەلایەکیش کەسەکە بۆخۆی مایەپووچ و زەرەرمەندی گەورە دەبێت. هەربۆیە چ سیاسەت وەك زانست و وەك وەزیفە و پیشەش پێویستە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و بە ئەزمون و خاوەن ڕابووردوی پراکتیکی لە بواری زانستی سیاسیدا و وەك پیشەش جا بەحوکمی بارودۆرخی سیاسی و هەلومەرجی سەپێنراو چوبێتە ناو کایەی سیاسیەوە یان بە ویست و ئارەزووی خۆی بەشداریکردبێت و لە ئەنجامی ئەزموونی زۆر و زەوەند و کاری پڕاکتیکی و ئامادەگی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بووبێتە کەسێکی سیاسی و سیاسەتمەدار و وەك پیشە و وەزیفەیەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتیش لە خۆبوردوانە کاری کردبێت، ئەوا کەسی شیاو و گونجاوی گەرەکە .

پێویستیش دەکات بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی خەبات و تەمەنی سیاسی خۆی تابتوانێت کۆمەڵێك سیفاتی بێ وێنە و شیاو و شیرین لەخۆیدا کۆبکاتەوە و ببێتە کەسایەتیەکی دیار و خاوەن بڕیار و هەڵوێستی سیاسی، بۆیە پێویستە کەسانی سیاسی و سیاسەتمەداری ڕاستەقینە و سەرکەوتوو کۆمەڵێك سیفاتی جوان و بە ویقاریان تیادا بێت بۆئەوەی ببنە جێگە متمانەی لەلایەك حیزب و سەرکردە و لایەنگرانی خۆی و لەلایەکیش ببنە جێگە متمانەی جەماوەری پان و پۆڕی گەل، کەسایەتی سیاسی سەرکەوتوو نابێت لە قوژبنێك یان کونجێکی بچوکی حیزبایەتیدا بمێنێتەوە بەڵکو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و ئەزمون و شارەزاییدا دەبێت ببێتە کەسایەتیەکی نیشتیمانی و دواتریش نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی،ئەمەش بە توانا و وزە و لەخۆبوردویی و گرتنە بەری سیاسەت و ئامانج و دروشم گەلێکی مرۆڤایەتی کە پڕ بێت لە ڕێزگرتن لە ئازادی و سەربەخۆیی و عەدالەتی کۆمەلأیەتی و یەکسانی و پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی ڕای جیاواز و فەراهەمکردنی دۆخێکی دیموکراسی و خزمەتکردن بە ئامانجە مرۆڤایەتیەکان، لەسەر ئاستی کەسێتیش دەبێت کەسایەتیەکی خاکی و سادە و ڕاستگۆ و بڕوا بەخۆ و خاوەن هەڵوێست و بڕیاری یەکلاکەرەوە و بوێر و جەربەزە لەکار و گوتاریدا بێت و دووربێت لە دیاردە تەسك و بچوکەکانی خۆبەزلزانین و خۆپەرستی و خزمایەتی و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت و خۆبەستنەوە بە ناوچەگەرێتی تەسك و عەشرەت و خێڵ چێتی، دەبێت خاوەن تێڕانین و فکر و ئایدیایەکی ڕوون و لیبڕاڵ و دوور مەودا بێت و لەهەموو قۆناغەکان و وێسگەکانی ژیانی سیاسی و حیزبایەتیدا دوور بێت لەگەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەلأت و خۆ دەوڵەمەندکردن و نزیکبونەوە لەکاری بازرگانی و بازاڕ و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان،پیاوی سیاسی سەرکەوتوو دەبێت پیاوێکی دەوڵەتمەداری ڕاستەقینە بێت بە پلەی ئیمتیاز و تێڕوانین و پلانەکانی لەسەروو بەرژەوەندیە تەسك و بچوکە حیزبیەکان و کەسێتی و خۆپەرستیەوە بێت، دەبێت خۆی بکاتە نوێنەرانی هەموان نەك بەشێکی بچوکی کۆمەڵگا و چین و توێژەکان،دەبێت پارێزەری سەروەری یاسا و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بێت ،دەبێت گیانی تۆڵەکردنەوەی نارەوای لە ناخدا نەبێت و سیاسەتیش لەسەر بنەمای ڕق و تۆڵەکردنەوە نەکات ،دەبێت سیاسەت وەك وەزیفە و ئەرك ببینێت نەك میراتی و بۆماوەی و موڵکداریێتی بنەماڵە و باوباپیرانی، کەسی سیاسی دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە غرورو توشی بەلأی خۆ بەزل زان و کەسانی تر بە هیچ نەبێت ،دەبێت کەسی سیاسی لە هەموو دۆخەکاندا تەنگانە و ئارامدا بتوانێت خاوەنی گیانی مقاوەمەت و خۆڕاگری بێت لە ڕووبەڕووبونەوەی دۆخەکان ودوژمنان و ناحەزاندا و پشوودرێژ بێت و کەسی بەزیوو و هەلأتوو نەبێت و بچوکترین نەرمی و چاوپۆشی نەکات لە سەر بەرژەوەندی گەل و میلەت. دەبێت دڵسۆز بێت بۆ خاك و نیشتیمان و ولأت و سەروەت و سامانەکەی بە تالأن و هەڕاجکردن نەدات. دەبێت خۆی دوور بگرێت لە ئایدیا و فکر و بۆچوونی توندوتیژی و تۆقێنەر و مەترسیدار، هەموو ئەم سیفەتانە لەهەر کەسێتیەکی سیاسیدا هەبێت بەدڵنیایی دەبێتە کەسایەتیەکی کاریزما و هەڵکەوتوو و دەبێتە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو لایەن و سەرکردە ناکۆکەکان و دەبێتە جێگە متمانەی هەموان و دەشتوانێت ببێتە فریاد ڕەس و کەشتیوانێکی سەرکەوتوو کە کەشتیی میلەتەکەی بگەیێنێتە ڕۆخی ئارامی و کەنارێکی بێ مەترسی.

- بەڵام هەرکات سیاسەتمەدار و کەسی سیاسی ،لەپاڵ دەسەڵات و کارە سەرەکیەکەی خۆیدا ،دەستی دایە کاری بازرگانی و تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆمپانیا و سەرمایەدارەکاندا و بوە شەریکە بەش و بەرنامەی خۆدەوڵەمەندکردنی دانا و چاوی بڕیە سەروەت و سامانی میلەت و هەڵپەی پارەکۆکردنەوە و هێنانەپێشەوەی کەسە نزیکەکانی لە دەسەڵات و سەپاندنیان بەسەر بازاڕ و بازرگانی و وڵاتدا سەپاند و دەستیوەردایە هەموو کار و بارێکی گەورە و بچوکی وڵاتەوە و حەزی بە خۆسەپاندن و مانەوەی لەدەسەڵاتدا بزواو و دەستی دایە ڕەشوە وەرگرتن و بەرتیل خۆری ئەوا بەدڵنیایش هەموو دیاردە دزێوەکانی تری ناو کۆمەڵگا بڵاودەبێتەوە لە گەندەڵی ئیداری و دارایی و ئەخلاقی و هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ بەها جوانەکانی کۆمەڵگا و دابونەریتە بەرزەکانی تاکەکان، هەر کات سیاسیەك بوە دەڵاڵی کۆمپانیاکان و گەورە بازرگانەکان و لەبەرامبەر پێدانی تەندەر و پرۆژەکاندا بەرتیل و شیرینی وەرگرت ،ئەوا بەدڵنیایی دەبێت ترسی لە ناوچونی ئەو دەسەڵاتە و هەژارکەوتنی کۆمەڵگا و زیادبوونی تاوانەکان و بەرەو دواگەڕانەوەی پێشکەوتن و داهێنانەکان لەبەرچاومان بێت، هەر کات سیاسیەك خوی دایە گیرفان پڕکردن و تەنها بەرژەوەندی خۆی و حیزب و سەرکردە و بنەماڵەی لەبەرچاو گرت دوور لە بەرژەوەندیەکانی چین و توێژە پانوپۆڕەکانی جەماوەری میلەتەکەی دەبێت بزانرێت ئەو دەسەڵات و نیشتیمانە هەڕاج دەکرێت و مایە پووچ و برسی و هەژار دەکەوێت و ئایندەشی بەرەو تاریکاندن دەچێت.
- هەربۆیە هیچ کات سیاسەتکردن و بازرگانیکردن دۆستی یەکتری نەبوون و لەگەڵ یەکدا نەگونجاون و ناتوانرێت پێکەوە لەیەك کەسایەتیدا کۆببنەوە ، هەر کات سیاسیەك بوە بازرگان بەدڵنیایی گەندەڵ دەبێت و دەسەڵاتیشی لەدەست دەچێت،بەڵام بە پێچەوانەوە دەکرێت بازرگانێکی سەرکەوتوو ببێتە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوش بەمەرجێك هیچ کام لەو دووکارە تێکەڵ بەیەکدی نەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناکرێت سیاسیەك ببێتە بازرگانێکی سەرکەوتوو گەر لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە،چونکە هەمیشە بەرژەوەندیە ئابوریەکان وادەخوازێت کە چاو لە زۆر کاری گەندەڵی و هەڵە بپۆشێت کە لەکۆتایدا بە زیانی گەورە بۆ خۆی و بۆ حیزب و بۆ وڵاتەکەشی دەشکێتەوە.لەمێژووشدا زۆر نمونەی دیار هەن لەسەر ئەو سیاسیانەی کە ویستویانە دەسەڵات و پۆستە سیاسیەکانیان بەکاربێنن بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و کۆتاییشیان یان بە زیندانی یان بە مردن کۆتایی هاتوە و لەبەردەم گەل و نیشتیمان و مێژوو و پەروەردگاریشدا ڕسوا کراون.
- بۆیە گەر هەرکەس بیەوێت ببێتە سیاسیەکی سەرکەوتوو دەبێت لە بازرگانی و بازاڕ و ئابوری دوور بکەوێتەوە ،چونکە زۆر زەحمەتە سیاسیەکی خاوێن و ئەمین و دڵسۆز بمێنێتەوە و توشی گەندەڵی نەبێت، بۆیە بەهیچ شێوەیەك کەسی سیاسی و سیاستەمەدار نابێت ببێتە بازرگان و هەر کات ویست و خواستی دەوڵەمەندبوونی کەوتە خولیا ئەوا زۆر ئاساییە سیاسەت بەجێبهێڵێت و ببێتە بازرگان و سەرمایەدار و کەسیش گلەیی لێناکات.
- **لەکۆتایدا ،ئەو پرسیارە سادە و ساکارە لە سیاسیەکانی کوردستان دەکەین، ئەرێ کەسی سیاسی سەرکەوتوو لەکوردستاندا ماوە کە تێوە نەگلا بێت لە کاری بازرگانی و بازاڕ؟ئەرێ کەسێکی سیاسی پرۆفیشناڵ و کاریزما ماوەتەوە کە نەبوبێتەخاوەن کۆمپانیا و شەریکە بەشی سەرمایەدارەکان؟ئەرێ ئەو سیاسیانەی کە بونەتە بازرگان و سەرمایەدار جێگە و پێگەی پیرۆزی پێشووتریان ماوەتەوە؟ئەرێ سیاسیەکانی کوردستان سیاسەت دەکەن یان بازرگانی؟**

بەدڵنیایی کەمێکی زۆر کەم لە سیاسیەکانی کوردستان ماونەتەوە و نەبونەتە بازرگان، و نەبونەتە شەریکە بەشی کۆمپانیاو بازاڕ و سەرمایەدارەکان و بەداخیشەوە ئەو سیاسیانەی بونەتە بازرگان و شەریکە بەشیان بەهیچ شێوەیەك ڕێز و سەنگینی پێشوویان بۆ نەماوەتەوە و زۆرینەیەکی زۆری سیاسیەکانی کوردستان هەوڵدەدەن هەم سیاسەت بکەن و هەمیش بازرگانی کە ئەمە کارێکی سەخت و دژوار و نالۆژیکیە ،هەربۆیە پێویستە لەلایەك سیاسیەکان خۆیان دوور بگرن لەو تێکەڵاویە و لەلایەکی تریشەوە بازرگان و سەرمایەدارەکانیش گەر خواستیان دەوڵەمەندبونی زیاتر بوو لەپاڵ سیاسیەکاندا و لە پێناو کۆکردنەوەی زیاتری سەرمایەکانیاندا بەخۆنزیککردنەوە لە سیاسیەکان ،ئەوا پێویستە یاسا سەروەربێت و لێپچینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و سزای یاسایی توندیان بدات،چونکە ئەوانن کە دەبنە هاندەر و هۆکار بۆ سیاسیەکان کە ڕووبکەنە بازرگانی لە پێناو دەسکەوتنی قازانج و پاراستنی بەرژەوەندی بازرگانەکان خۆیاندا.

بەداخەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی سیاسەت و بازرگانی لەگەڵ یەکدا و دروست بوونی شەریکایەتی لەنێوان سیاسیەکان و بازرگانەکانی ئەم هەرێمەدا، لەلایەك جیاوازیە چینایەتیەکان فراواتر بون و دوو چینی زۆر دەوڵەمەند و زۆر هەژار لەدروست بوون و خەمڵیندان کە ئەمە بۆ خۆی مەترسیەکی ئێجگار گەورەیە بۆ سەر پێکهاتەی ئایندەی فکری و تێڕاونین و پەیکەری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ئەم هەرێمە، و لەلایەکی تریشەوە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیمان گەیشتۆتە ئەم قۆناغە چەقبەستووو بنبەستوە و ئوێد و هیواکانیش بەدواڕۆژ

کاڵبونەتەوە و هەرێمەکەمان لە جیاتی ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ بەرە و پێشکەوتن و هەستانەوە و گەشەکردن بڕوات بە پێچەوانەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و سیاسیەکان لەپێناو خۆدەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی زیاتری سەرمایەکانیاندا زۆر نزیکە حوکمڕانی و دەسەڵات و دەسکەوتی ٢٦ ساڵەی ڕاپەڕین و بەری ڕەنجی ١٠٠ ساڵەی خەباتی کوردایەتی بە بادا بدەنەوە،کەئەمەش مەترسیە گەورەکەیە کە هەمیشە لەگەڵ کورداندا و لە مێژوویاندا دووبارە دەبێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وشەنپرێس وsnn وسپی میدیا وسبەی وناوەندی دەرەوە وpukmediaلە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١١دا بڵاوکراوەتەوە.

## ڕاپرسیەکەی ١٦ی نیسانی تورکیاو پێشبینیەکان..*

- لەو کاتەوەی کە حیزبی ئاك پارتی (( پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی )) تورکیا بە سەرۆکایەتی ئەردۆگان لەساڵی ٢٠٠٢وە هاتۆتە سەر حوکم و دەسەلاتی گرتۆتە دەست تا ئێستاش ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵی ڕێکە بەتەنها بەردەوامە کە ئەمە بۆخۆی لە مێژووی سیاسی تورکیادا دیاردەیەکی دەگمەنە کە حیزبێك بتوانێت بەتەنها بەبێ ئیئتیلافکردنی لەگەڵ حیزبەکانی تردا ماوەی ١٥ ساڵ بەردەوام بێت،هەر بۆخۆی ئەم دیاردەیە لەلایەك نیشانەی سەرکەوتن و ڕاست ودروستی سیاسەت و بەرنامەی ئاکەپە دەردەخات کە بۆتە جێگەی متمانەی زۆرینەی دەنگدەرانی تورکیا و لەهەمان کاتیش و لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆی دروستبوونی غرورو و خۆ بەزل زانین و هەنگاونان بەرە و تاکڕەوی و حسابنەکردن بۆ هێز و پارت و سەرکردەکانی تری تورکیا و ئەم هەنگاوەش بۆخۆی زیاتر سەردەکێشێت بەرەو نەمان و بچوکبونەوە و دەرکردنی ئاکەپە لە دەسەلاتدا لە ئایندەدا.
- ئاکاپە و سەرکردایەتیەکەی لە پێنج هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانیدا زۆرینەی دەنگەکانی گەلی تورکیای بەدەست دەهێنا و لە پەرلەماندا هەمیشە زۆرینەی بێ ڕکابەر بوە و هیچ کات پێویستی بە دروستکردنی حکومەتی ئیئتیلافی نەبوە ، تەنها لە هەڵبژاردنی ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا نەبێت کە دەنگەکانی کەمی کرد و پێویستی بە هاوبەشیکردنی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بوو هەربۆیە حکومەتێکی کار بەڕێکەری پێکهێنا بەڵام هەرزوو کەوتە خۆ بۆ گۆڕینەوەی ئەو شکستە بەسەرکەوتنێکی گەورەتر و توانی ڕێژەی ٤٨ر٤٩٪ ی دەنگەکان وەدەستبهێنێت و ٣١٧ کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات دوای ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی پێشووتردا تەنها ٢٥٨ کورسی بەدەستهێنا._ئیدی لەدوای هەڵبژاردنی ١ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥وە ئەردۆگان و حیزبەکەی کەوتنە خۆ بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیادا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی بەوێنەی ئەمریکا و فەڕەنسا کە سەرۆك دەسەلاتێکی فراوانی هەیە. ئەردۆگان هەموو ڕێگە و تولە ڕێگاکانیشی گرتە بەر بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو نیەت و پیلانەی کە هەیەتی سەربگرێت لە پەرلەماندا، بەڵام بەبێ نەرمی نواندن و تەنازولکردن بۆ سەرکردە و یەکێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆی نەدەچوە سەر چونکە هیچ کام لە حیزبەکانی (( جەهەپە و مەهەپە و هەدەپە)) ڕازینەبوون بە هەموارکردنەوەی دەستوری و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لەبەرژەوەندی ئاکاپە و بەتایبەتیش ئەردۆگاندا.هەربۆیە ئەرۆدگان کەوتە تەنازولکردن بۆ حیزبی نەتەوەیی توندڕەوی تورکیا بەسەرۆکایەتی (( دەوڵەت باخچەلی)) کە دوژمنی سەرەکی مەسەلەی کورد و کوردستان و هەموو نەتەوەکانی تری دەرەوەی نەتەوەی تورکە و توانی لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبونەوە دروست بکەن ،بەوەی کە مەهەپە داواکاری کرد کە دەبێت بریاری لەسێدارەدان لە تورکیادا زیندووبکرێتەوە وکاری پێبکرێت وتەنهاش بۆئەوەی عەبدولائۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسێدارە بدرێت و هەندێك ڕێکەوتنی ژێربەژێری تریش لەنێوانیاندا ڕوویدا،لەبەرامبەریشدا مەهەپە ڕازیبوو کە لە پەرلەماندا دەنگ بە بەرژەوەندی هەموارکردنەوەی ١٨ مادەی دەستوری بدات کەهەموانیان لەبەرژەوەندی پاوانکردن و فراوانبوونی دەسەلاتی سەرۆکی کۆمار دەبێت و سیستەمەکە لە پەرلەمانیەوە دەگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی کە لە ماوەی ٩٤ ساڵی تەمەنی تورکیای نوێدا بەو شێوەیە بوە. ئێستا هەوەس و ئارەزوەکانی ئەردۆگان هەموو ئەو مێژووە دەسڕێتەوە لە پێناو خواست و ئاواتە کەسیەکانی خۆیدا.
- ئەوەبوولە پەرلەمانی تورکیادا و دوای زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ گفتوگۆی توندوتیژ و شەڕ و پەلاماردانی پەرلەمانتارانی ناڕازی لە ٢٠١٧/١/٢٠دا پەرلەمان پرۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوری پەسەندکرد و لە ٢٠١٧/٢/١٠شدا ئەردۆگان وەك سەرۆك کۆماری تورکیا هەموارکردنەوەکەی پەسەندکرد و ڕۆژی ١٦ نیسانی داهاتووش دیاریکرا بۆ چێکردنی ڕاپرسی گشتی گەلانی تورکیا لەسەر هەموارکردنەکە.هەربۆیە ئەم ڕاپرسیە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژووی و گرنگ دەبێت لە مێژووی دەوڵەت و حوکمڕانی تورکیادا ، چونکە لەدوای پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەمواردرنەکە نە تورکیا وەك جاران دەمێنێتەوە و نە حیزب و گەلانی تورکیاش وەك پێشتر هەڵوێستیان دەبێت.

- جا زۆرێك پێشبینی و گریمانە هەیە بۆ ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیە،لەوانەش ،ئەگەر ڕاپرسیەکە زۆرینەی دەنگی ((بەڵێ )) ی مسۆگەر کرد بە ڕێژەی ٥١٪ ئەوا ئەم پێشبینیانە سەردەکەون و دەبنە ئەمری واقیع و هەموانیش پابەند دەکات کە پێوەی پابەندبن و ڕێزی ڕای زۆرینەش بگرن لەوانە:

١. تورکیا لە ولاتێکی دیموکراسیەوە هەنگاو بەرەو تاکرەوی تاك حیزب و تاك سەرکردە دەنێت و مێژووی تاڵ و ڕەشی سەردەمی ئەتاتورك وەبیردێنێتەوە بەلاّم بە بەرگێکی ئیسلامیانەی ئیخوانیانەی ئەردۆگانەوە.

٢. ئەردۆگان دەبێتە تاکە پیاوی بەدەسەلاّت لە تورکیادا چونکە هەموو دەسەلاّتەکان لەلای خۆی کۆ دەبێتەوە و دەسەلاّتی تەواوی بەسەر کابینەی حکومەت دەبێت (( چونکە پۆستی سەرۆکی حکومەت نامێنێت و سەرۆك دەبێتە سەرۆکی کابینەی حکومەت)) و دادوەری (( دەسەلاّتی دانانی دادوەر و داواکاری گشتی و لابردنیشیانی دەبێت)) و سەربازی (( دەسەلاّتی خانەنشینکردن و دوورخستنەوە و دانانی کەسانی نوێ و مەرسومی کۆماری بۆ پلە سەربازیەکان دەبێت و دەسەلاّتی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەربازی و نەتەوەیشی دەبێت)) و یاسادانانیشدا (( دەتوانێت کە پرۆژە یاسای نوێ پێشنیاز بکات و پرۆژە یاساکانیش ڕەتبکاتەوە و پەرلەمانیش هەڵبوەشێنێتەوە))، بەم شێوەیە ئەردۆگان خەونە نەزۆك و ڕزیوەکەی دێتە دی بە زیندووکردنەوەی سەردەمی دەسەلاّتی زێڕینی سوڵتانەکانی عوسمانی سەدەکانی ناوەڕاست و دەبێتە سوڵتانێکی مۆدێرنی سەدەی بیست و یەك.

٣. تورکیا هەنگاو بەرەو لێکترازانی ڕیزەکانی گەل و سوپا و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی تورکی دەنێت و درزێکی گەورەتر دەخاتە ناو لاشەی پێکهاتەی تورکیاو تورکیایەکی یەك و یەکگرتوو نامێنێتەوە بەتایبەتیش کەسەرەتای ئەو درزتێبونە لە ئەنجامی کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ١٥ تەموزی ساڵی ٢٠١٦ وە سەریهەڵدا. کە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەشبەگیری ئەردۆگان و حیزبەکەیەوە بە هەزاران کەسی مەدەنی لە دادوەر و مامۆستا و مامۆستای زانکۆ و کرێکار و سەربازیش لە جەنەڕاڵەکاندا گیران و خرانە زیندانەوە و لەسەر وەزیفەکانیان دەرکران و دوورخرانەوە و چەندین خوێندنگە و زانکۆکانی بەناو سەر بەڕەوتی گوڵەنیەکان داخران و چەندین ڕۆژنامە و سایت و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ داخران و چەندین ڕۆژنامەنوسی دیار و بەناوبانگ دەستگیرکران.

٤. ئاکاپە سیاسەتە توندڕەوەکانی خۆی زیاتر دەردەخات وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی سەلەفی ئیخوانی توندڕەو وەکو نمونەی ئیخوانەکانی میسر کە تەنها ماوەی یەك ساڵ بەردەوام بوون لە دەسەلاّتدا و ئەنجامیش شکستیان دووریەوە.

٥. ڕەنگە ئاکاپە و ئەردۆگان لەگەڵ مەسەلەی کورددا توندتربن و بەهیچ شێوەیەکیش دەست نەدەنەوە پرۆسەی ئاشتەوای کە وەکو تەکتیك دەستیان پێکرد، بەلاّم دووریش نیە لە پێگەی دەسەلاّت و بەهێزیەوە ئاکاپە و ئەردۆگان هەندێك داواکاری کورد دانپیادا بنێن بۆ هێورکردنەوەی دۆخی شڵەژاوی تورکیا و کورد هێمن بکەنەوە و هاو سەرۆکەکانی هەدەپەش و سەرۆك شارەوانیەکان و ئەندام پەرلەمانەکانیش و لایەنگرانیان لە زیندان ئازادبکەن و بەمەرجی خۆیان دەستبکەنەوە بە پرۆسەی ئاشتەوایی.

٦. تورکیا هەنگاوە دژەکانی بەرامبەر ولاّتانی ناوچەکە لە ئێران و سوریا و عێراق و میسر و ..هتد. توند دەکاتەوە بە بەرژەوەندی هێڵی سونەکانی عەرەب لە سعودیە و قەتەر و...هتد.

٧. بەرامبەر ئەوروپیەکانیش توندتر دەبێت بەهۆی ئەو دژایەتیەی ئەوروپیەکان بەگشتی و بەتایبەتیش (( ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارك و بەلجیکا و فەرەنسا و سوید و سویسرا و ..هتد)) دژ بەهەڵمەتەکانی ئەردۆگان و ئاکاپە بۆ کۆبونەوە و هەڵمەتی کۆکردنەوەی دەنگی ((بەڵێ )) بۆ ڕاپرسیەکە.کە ڕێگەیان نەدا نە بە ئەردۆگان و نە بەسەرۆك وەزیران و وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانی تورك کە بەشداری کۆبونەوە جەماوەریەکان بکەن لەو ولاّتانەدا.تەنانەت وەزیرەکانی تورکیان دەستگیر دەکرد و فرۆکەکانیان دەگێڕانەوە .

٨. ڕەنگە ئەرۆدگان و ئاکاپە دوای بێهیوابونیان لە بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورپادا کە ماوەی زیاد لە ٥٠ ساڵە هەوڵی بۆ دەدەن ڕووبکەنەوە بنچینە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیەکەیان لە کیشوەری ئاسیادا و هاوپەیمانی نوێ لەگەڵ ڕوسیا وچین و وڵاتانی بەزمان تورکی سۆڤێەتی جاران و دروست بکات.

٩. گەر بڕوانینە دوایین هەڵبژاردنەکانی تورکیا و ئەنجامی دەنگەکان ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێت بڵێین ڕاپرسیەکە سەرکەوتن بەدەست دێنێت و (( بەڵێ )) وەردەگرێت. چونکە لەو هەڵبژاردنەدا ئاکاپە ڕێژەی ٤٨ر٤٩٪ ی دەنگەکانی وەدەستهێناو ٣١٧ کورسی بردەوە و هاوپەیمانکەی ئێستاشی (( مەهەپە)) ڕێژەی ٩٠ر١١٪ دەنگەکانی وەدەستهێناو ٤٠ کورسی بردەوە و بەم شێوەیە بێت ئەوا کۆی دەنگەکانی ئاکاپە و مەهەپە دەگاتە ڕێژەی ٣٨ر٦١٪ ی دەنگدەران کە زۆر زیاترە لە ڕێژەی زۆرینەی سادە کە بریتیە لە ڕێژەی ٥١٪ کە پێویستە بۆ پەسەندکردنی هەر ڕاپرسیەکی جەماوەری،چونکە پارتەکانی جەهەپە ڕێژەی ٣١ر٢٥٪ و ١٣٤ کورسی وەدەستهێناو هەدەپەش ڕێژەی ٧٥ر١٠٪ و ٥٩ کورسی وەدەستهێنا و لەبەرامبەر ئاکاپە و مەهەپەدا دەبنە کەمینە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە دوای کودەتاکەی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ ئەوا هەموو هاوکێشەکان و هاوسەنگی هێزەکان گۆڕدراوە لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیاشدا، بۆیە لەکاتی سەرنەکەوتن و وەدستنەهێنانی متمانەی جەماوەری تورکیا بۆ ڕاپرسیەکە و سەرکەوتنی دەنگی ناڕازیەکان (( نا)) بۆ ڕاپرسیەکە ،ئەوا کۆمەڵێك پێشبینی و گریمانەی تر دێنە بوون ،لەوانەش:

١.زیندەبەچاڵبوونی خەونە زڕەکانی ئەردۆگان لەبوون بەسەرۆك کۆمارێکی بەدەسەڵات و بەهێز بۆماوەی ١٠ساڵی تر و تا ساڵی ٢٠٢٩،و بەمەش ئەردۆگان توشی شۆك و هێستریا دەبێت و سیاسەتێکی زۆر توند و شڵەژاو و ناجێگیر دەستپێدەکات دژی هەموان تا ئەوکاتەی لەدەسەڵاتدا بێت تاساڵی ٢٠١٩.

٢. هێندەی تر دیموکراسیەت و ئازادیەکان بەرتەسك دەبنەوە و ئاکاپە و ئەرۆدگان دەبنە دوژمنی هەموان و هێندەی تر دژی فەتۆچیەکان و پەکەکە و کورد توندتر دەبێت.

٣.تورکیا هەنگاو بەرەو ئیرهاب بوونی زیاتر دەنێت و پشتیوانی لە تیرۆریستان و تیرۆری دەوڵەت و ڕێکخراو دەکات.

٤.دەبێتە هۆکاری نانەوەی ئاژاوە و پشێوی زیاتر لەناوچەکەدا و بە باش و بەخراپ ڕێگە نادات ئاشتی و سەقامگیری لە سوریا و عێراقدا جێگیر ببێت بەبێ پاراستنی مافەکانی تورکیا و بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی و ئابوری گەورە.

٥. ڕەنگە بەناچاری و لە پێگەی بێهێزیەوە پرۆسەی ئاشتەوای لەگەڵ کورداندا دەستپێبکاتەوە وەك تاکتیك نەك ستراتیژ و لەگەڵ ئەوروپیەکانیشدا خاوتر ببێتەوە و بیەوێت ئەمریکاو ڕوسیاش لە سیاسەتەکانی ڕازی بکات و بەناچاری دان بنێت بەمافەکانی کورد لە سوریا و عێراق و لەناو تورکیاشدا.

- بەم شێوەیە ئەم ڕاپرسیە دوو لایەنەیە و هەرکامێکیشیان سەرکەوتوو بێت تەنها بەقازانجی ئەردۆگان و ئاك پارتی تەواو دەبێت نەك تورکیا و گەلانی تورکیا. هەربۆیە لەو پێشبینیانە و ڕاپرسیانەی کە تائێستا کراون ئەوە دەردەخەن کە ئەنجامەکانی بە (( نا )) زیاترە وەك ئەوەی لەلایەن سەنتەری یۆرۆ ئاسیاوە ئەنجامدراوە لە ماوەی ١٨-٢٠١٧/٣/٢٢ لە ٢٦ پارێزگا و قەزا و ناحیەی تورکیادا و دەریدەخات کە بەڕێژەی ٥٣ر٥٥٪ بە(( نا ))دەنگ دەدەن و بەڕێژەی ٥٣ر٤٤٪ بە ((بەڵێ)) دەنگ دەدەن. تەنانەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی ئاکاپە و مەهەپەش ڕازینین بەو هەموارکردنی دەستور و گۆڕینی ئەو سیستەمی حوکمڕانیەی تورکیا هەربۆیە ئەم هەوڵەی ئەردۆگان ناحەز و دوژمنی زۆری هەیە لەناوخۆی ئاکاپە و مەهەپە و هەردوو حیزبەکانی جەهەپە و هەدەپە و لایەنگرانی فەتوحولاّ گولەن و کورد و ئەرمەن و کەمە نەتەوەیەکانی تر و لەدەرەوەی تورکیاش هەموو وڵاتانی دیموکراسیخواز و ئازادیخواز دژین،هەربۆیە ئەوانە هەموو لەلایەك بە (( نا )) دەنگ دەدەن و لەلایەکی تریشەوە لە کاتی گریمانەی سەرکەوتنی دەنگی(( بەڵێ )) شدا دژایەتی زیاتری تورکیا دەکەن و پەیوەندیەکانیشیان ساردوسڕتر دەبێت.تورکیاش دەبێتە وڵاتێکی بێزراو و چارەنوس نادیار و بەرەو هەڵدێر و لێکهەڵوەشان و دوورکەرتبوونی زیاتر دەچێت لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ..هتد.

لە ئێستادا کە کەمتر لە ٢٠ ڕۆژی ماوە بۆ چێکردنی ڕاپرسیەکە ،ئەم ڕاپرسیە تەواو مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی تورکیا ، هەربۆیە بەهەموو پێودانەکان گۆڕینی سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەڕلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی دەبێتە مایەی بەدبەختی بۆ تورکیا و گەلەکەی و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەتی حیزبی و تاکە کەسی و لەگۆڕنانی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و بۆ کوردیش هێندەی تر بە زیان و سەرکوتکردن و کوشتوبڕین و پێشێلکردنی مافەکان دەشکێتەوە،بەڵام خۆشبەختانە زۆرینەی گەلانی تورکیا و ناوچەکە و دونیاش لەبەرامبەر سیاسەتە هەڵە و پەشۆکاویەکانی تورکیا و ئەردۆگاندا بەرچاو ڕوون و دژایەتی توندی دەکەن و ئەگەری سەرنەکەوتنی ڕاپرسیەکە و پەسەند نەکردنی زۆر گەورەیە و بەهیوای ئەوەی ئەم جارە دەنگی (( نا)) کان زاڵتر و تۆختر بێت بەسەر دەنگی (( بەڵێ))کاندا لە پێناو پاراستنی ئاشتی و ئارامی و دیموکراسیەت و ئازادیەکانی گەلانی تورکیا و ناوچەکە و دونیاشدا، چونکە تورکیا و پێگە جیۆسیاسیەکەی گرنگیەکی گەورە و کاریگەری هەیە بە باش یان خراپ لەسەر تەواوی ناوچەکە و دونیاش.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەن پرێس و pukmedia لە ڕێکەوتی٢٠١٧/٣/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## تورکیا و ئەردۆگان لە پاشەکشەی بەردەوامدان ! *

- پێش نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر کودەتایەکی سەربازی سەرنەکوتوو لە شەوی ٢٠١٦/٧/١٦/١٥دا لەتورکیادا روویدا کە لەدواتردا زۆر کەس و لایەن وای بۆ دەچوون کە (( تەنها نمایشێکی دروستکراوی دەستی دەزگای هەواڵگری تورکی و بەسەر پەرشتی و ئاگاداری خودی ئەردۆگانیش رێکخرابێت))،چونکە لەماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا توانرا ئەو هەوڵی کودەتایە پوچەڵبکرێتەوە .

کارەساتە گەورە و شکستەکانی تورکیا و ئەردۆگان لێرەوە دەستیان پێکردوە و تائێستا بەردەوامن و ئەردۆگان و تورکیایان خستۆتە سەر دووڕیانێکی گرنگ و هەستیار و مێژووییەوە، چونکە ئەردۆگان وایبۆدەچوو بە شکستپێهێنانی هەوڵی کودەتا سەربازیەکە ئیدی تورکیای بۆ دەبێتەماستی مەیوو تەواوی ئۆرگانەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادگا و باڵی سەربازی و هەواڵگری دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و حیزبەکەیەوە و بە بیٚ سەر ئێشە و کێشە و گرفت تا دوا تەمەنی خۆی لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، بەڵام خەونەکانی ئەردۆگان هەر زوو بونە بڵقی سەرئاو ،چونکە ئەردۆگان وەك تاکڕەو و دیکتاتۆرێك و بەعەقلیەتی سوڵتانەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە هەنگاوی دەناو و کەوتە جیٚ پیٚ قایمکردنی خۆی لەرێگەی گرتن و ڕاوەدوونان و دەرکردنی سەدان هەزار لە فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی و دادوەر و ئەفسەر و مامۆستایانی زانکۆ کە ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان هەبوە لە زانکۆ و فەرمانبەران و دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەران و تەواوی چین و توێژەکانی تورکیا و داخستنی دەیان زانکۆ و خوێندنگە بەبیانووی ئەوەی هەموانیان یان سەر بە ڕێکخراوی خزمەتی فەتۆچیەکانن(( فەتحوڵا گویلەن)) یانیش سەر بە پەکەکەن، بەم شێوەیە کاردانەوە هەڵەکانی ئەردۆگان تورکیایان بەرەو ئاقاری لێکترازانی کۆمەڵگەی تورکی برد لەسەرەوە بۆ خوارەوە نەك وەك ئەوەی ئەردۆگان دەیویست کە تورکیایەکی ئارام و هێمنی بۆ بمێنێتەوە.

تورکیا لە سەر هەموو ئاستەکان لە پاشەکشە و شکستی بەردەوامدایە لە ناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا، لەسەر ئاستی سیاسی ئەردۆگان لەماوەی ئەم ساڵەدا و لە ئەنجانی سیاسەت و پەرچە کردارە هەڵەکانیەوە سەرتاپای دیموکراسیەت و ئازدیەکانی قەتیسکردوە و مافەکانی مرۆڤی پێشێلکردوە و کاری سیاسی حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی لە مەنگەنە داوە و ڕۆڵ و کاریگەریانی پشتگوێخستوە و ژیانی سیاسی و حیزبایەتی بەرتەسککردۆتەوە و چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤاری داخستوە و بەدەیان ڕۆژنامەنوسی لە بەندیخانە توندکردوە.

لەئێستادا لەتورکیادا هیچ کەس و لایەنێك هەست بە ئەمان ناکات لەدوای گرتنی دەیان ئەندام پەرلەمان و لابردنی دەیان سەرۆکی شارەوانی لە کورد و کوردستان و حیزبی هەدەپە و تێکدانی پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ کوردا،لەسەر ئاستی ناوچەکەش تورکیا لەماوەی ئەم ساڵی ڕابووردودا چەندین بڕیار و هەنگاوی سیاسی شکستخواردوی هەڵناوە و هەموو جارەکانیش داوای لێبوردنی کردوە و پەشیمانبۆتەوە بەهۆی دەستێوەردانە بەردەوامەکانی لە سوریا و عێراق و یەمەن و میسر و بەم دواییانەش لە کێشەی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداو و میسردا، تورکیا لە ئێستادا لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆتە وڵاتێکی بەدناو و بەدڕەفتار و سەنگ و قورسایی خۆی لەدەستداوە بەتێکدانی پەیوەندیە سیاسیەکانی لەگەڵ هەریەکە لە میسر و سعودیە و ئێران و عێراق و وڵاتانی تر کە وڵاتانێکی گەورە و کاریگەری ناوچەکەن، هەر لەسەر ئەم هەڵوێستە تاکڕە و نادیموکراسیانەی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ ئەوروپیەکان و ئەمریکا و تەنانەت ڕوسیاشدا تێکداوە و بۆتە وڵاتێکی گەمارۆدراوی سیاسی و لەدواترین هەڵوێستی ئەوروپیەکانیشدا بە ٤٧٧ دەنگ بەبەڵی بۆ ڕاگرتنی گفتوگۆکانیان لەگەڵ تورکیا بۆ بونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا دژ بە تەنها ٦٤ دەنگ. بۆیە ئەمە دوا شکستی ئەرۆدگان و سیاسەتەکانی بوو وبەڵام هێشتاش زۆری تر ماوە کە چاوەڕوانی ئەردۆگان دەکات و پێدەچێت نەگاتە ساڵی ٢٠١٩ کە بەنیازە ببێتە تاکڕەو و تاکە پیاوی بەدەسەڵاتی تاك حیزب لە تورکیادا لەئەنجامی ریفراندۆمە ساختەکەیەوە کە لە مانگی ٤ /٢٠١٦دا ڕێکیخست.و ئەو ریفراندۆمەش وەك کودەتا شکستخواردوەکەی هێندەی تر خەونەکانی تورکیا و

ئەردۆگانیان لە چاڵنا چونكە ڕووی ڕاستەقینە و مەرام و بیانوەكانی بە ڕاستەقینە دەرخست لەبەردەم ئەوروپییەكان و ئەمریكا و دونیای دیموكراسیدا.كە تەنها گەرەكی بەردەوامبونە لەدەسەلاَت و چەسپاندنی حوكمی خۆی و حیزب و بنەماڵەكەشێتی دوور لە دیموكراسیەت و ئازادیەكان.

لەسەر ئاستی ئابوریش،توركیا بەرەو داتەپینی زیاتر دەڕوات لە ئەنجامی ئەم هەموو كێشە و گرفتانەوە كە ئەردۆگان دروستیان دەكات، توركیا لە بنچینەدا خاوەنی ئابوریەكی بەهێز نیە و ژێرخانی ئابوریەكی بەهێزیشی نیە لە ڕووی سەرچاوەكانی وزە لەنەوت و غازی سروشتی كە زۆر پێویستی پێیانە، توركیا تەنها لەڕووی گەشتیاریەوە بەهێزە و خاوەن داهاتێكی گەورەیە،بەلاَم ئەم كەرتەش بەهۆی ناجێگیری سیاسی و تەقینەوە و كرداری تیرۆریستی و بەردەوامبوونی شەڕ و جەنگ لە كوردستانی باكوردا زیانی گەورەی پێگەیشتوە و بەڕێژەی ٥٠٪ زیانی بەركەوتوە. لە ئێستادا نرخی لیرەی توركی بۆ نزمترین ئاستی دابەزیوە لە بەرامبەر دۆلار و یۆرۆدا و بێكاری و هەلاَوسان و ڕاوەستانی گەشەی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازیشی لێكەوتۆتەوە. لەسەر ئاستی ئەمنی و سەربازیش توركیا لەهەموو بەرەكاندا توشی شكست و نسكۆی گەورە بۆتەوە، لەسوریادا دۆڕاوی تەواوە لەبەرامبەر كورد و هێزە هاوپەیمانەكان بەڕابەرایەتی ئەمریكا و لەگەڵ ئەمریكا و ئەورپییەكاندا ناكۆكە و هەموانیان ناڕازین لەسیاسەتی پشتیوانی توركیا لە تیرۆریستان و ڕێگەی پێنادەن كە بچوكترین هەنگاو بنێت و بچێتە ناو خاكی سوریا و بەئارەزووی خۆی تەراتێنی سەربازی بكات و هەڕەشەی جدیان ئامادەیە بۆی، لەگەڵ ڕوسیاشدا  و لەئەنجامی خستنەخوارەوەی فڕۆكەیەكی ڕوسی پەیوەندیەكانیان تێكچوە و ڕوسیا بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی توركیا و مەرامەكانی ناكات دژ بە ڕژێمی بەشار ئەسەد و دژ بە كوردیش لە ڕۆژئاوا.

هەموو ئەم سیاسەت و هەنگاوە شكستخواردوانەی ئەردۆگان توركیایان بەرەو پەراوێزخستنی سیاسی و ئابوری و سەربازی بردوە و هاوپەیمانێتیە مێژوویەكانی ٨٠ ساڵەی خستۆتە بەر مەترسی هەڵوەشانەوە. هەمووشی بەهۆی دژایەتیكردنی كوردەوەیە لە باكور و ڕۆژئاوادا و گەرەكێتی كورد هیچ كات نەگاتە خواست و مافە ڕەواكانی و لەبەرامبەریشدا پشتیوانی تیرۆریستان دەكات لە سوریا و عێراقدا و دەیەوێت خەونە زڕە دێرینەكانی لە بوژاندنەوەی خەلافەتی عوسمانیدا بێنێتەوە دی.

بەلاَم ئەردۆگان و عەقڵیەت و بیركردنەوەی لە زەمەنێكی زۆر جیاوازدان،چونكە هەموو هاوكێشە و هاوسەنگیە سیاسی و ئابوری و جیۆپۆلەتیكیەكان لەناوچەكە و دونیاشدا گۆڕاون و كاراكتەری نوێ وەك كورد و لایەنی تر هاتونەتە گۆڕەپانەكەوە و ئەوانیش لەهەوڵی وەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادی و دامەزراندنی دەسەلاَتی خۆیانن لەناوچەكەدا، هەروەها بەرژەوەندی زلهێزەكانیش وەك جاران نەماون و گۆڕانیان بەسەرداهاتوە و دەگەڕێن بۆ جێگە و لایەنی تر بۆ درێژەدان بە بەرژوەندیەكانیان و پاراستنیان لەم ناوچەیەدا،و باشترین و بەهێزترین كاراكتەریش بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە لەناوچەكەدا كوردە چ لە باشور بێت یان لە ڕۆژئاوا و باكور بێت.

لەكۆتایدا ئەو كودەتا و ڕیفراندۆمە ساختە و دروستكراوەی ئەردۆگان نەك بوە مایەی خۆشبەختی و زیاتر چەسپاندنی دەسەلاَتی ئەردۆگان و توركیایەكی هێمن و ئارام بەڵكو بوە  لێكترازانی ناوخۆی توركیا لەسەر هەموو ئاستەكان و تەنانەت لەناو حیزبی ئاكپارتیشدا و لەناوچەكە و نێودەوڵەتیشدا توركیا و ئەردۆگان لەخراپترین پێگە و كەناردا گیریان خواردوە و پێدەچێت سەركێشیەكانی ئەردۆگان نەك سەریبخات بەڵكو سەری بخوات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانی وتاری كورد وشەن پرێس وئاڕاستە وكوردسات نیوز و pukmedia و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢٠ لە ڕێكەوتی ٢٠١٧/٧/٩دا بلاَوكراوەتەوە.

## فەڕەنسا خۆی گەنج کردەوە !*

- مێژووی وڵاتی فەڕەنسا زۆر دێرینە و ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە لە مێژوودا و یەکێکە لەوڵاتە هەرە دێرینەکانی کیشوەری پیرو بەتەمەنی ئەوروپا و دەسەڵاتی سیاسی و ئۆرگانەکانی حوکمڕانی لەمێژە پایەکانی چەسپیون و تا ئێستا پێنج قۆناغی لە حوکمڕانی بەڕێکردوە .فەڕەنسا بەپێی قۆناغە مێژوویەکان دەکرێتە ٥ قۆناغی حوکمڕانی کۆماری بەم شێوەیە:

١. کۆماری یەکەمی فەڕەنسا کۆتایی بە حوکمڕانی پاشایەتی هێنا کە کۆتا پاشا (( لویسی شانزەهەم )) بوو وە قۆناغی یەکەمی کۆماری لە فەڕەنسا دەستیپێکرد لەماوەی نێوان ساڵانی ١٧٩٢ –١٨٠٤ (( ٣سەرۆك کۆماری بەخۆوە بینیوە )).

٢. کۆماری دووەمی فەڕەنسا کە بە(( قۆناغی بۆناپارتی )) دەناسرێت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٤٨– ١٨٥٢.

٣. کۆماری سێیەمی فەڕەنسا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٧٠ –١٩٤٠((١٤ سەرۆك کۆماری بەخۆوە بینیوە)).

- لەماوەی ساڵانی ١٩٤٠–١٩٤٤ (( فلیب بیتان )) لەسەردەمی داگیرکاری ئەڵمانیادا بۆ فەڕەنسا سەرۆك کۆمار بوە.

٤. کۆماری چوارەمی فەڕەنسا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٧– ١٩٥٩ ((٢سەرۆك کۆماری بەخۆوە بینیوە)).

٥. کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تاکو ئێستا ((ئەم قۆناغە لەگەڵ دەستپێکی حوکمڕانی شارڵ دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨وە دەست پێدەکات )) و ٨ سەرۆك کۆماری بەخۆوە بینیوە و ئیمانۆیل ماکرۆنیش بوە نۆهەمین سەرروك کۆماری کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا .

- لە ٢٠١٧/٤/٢٣دا یەکەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەڕەنسا بەڕێوە چوو کە لەنێوان ٥ کاندیدی بەهێزدا ڕکابەری دەکرا کە بریتی بوون لە هەریەکە لە:

١. **فرانسوا شارب ئاماند فیون// ٦٢ ساڵ لە پارتی کۆماریەکان** .بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بریتی بوو لە:

- لەڕووی ئابوریەوە (( نیو ملیۆن پلەی وەزیفی هەڵدەوەشێنێتەوە ، لابردنی بەربەستەکان لەسەر ئابوری فەڕەنسا)).
- لەسەر ئاستی ناوخۆ(( دابینکردنی ١٢ ملیۆن یۆرۆ بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ڕێگرتن لە تیرۆریستەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ فەڕەنسا و دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی کە سەر بە گروپە توندڕەوەکانن)).
- لەسەر ئاستی دەرەکیش(( پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە دەوڵەت بۆ پەیوەندیەکردن بە یەکێتی ئەوروپاوە)).

**٢.ماریان لوپیان //٤٨ ساڵ لە پارتی بەرەی نیشتیمانی. بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بریتی بوو لە :**

- لەڕووی ئابوریەوە(( زیادکردنی بڕی کەمی کرێ ،کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی بۆ ٦٠ ساڵ)).
- لەسەر ئاستی ناوخۆ(( تێکەڵکردنی کۆچبەرەکان بە کەلتوری فەڕەنسا، ئاگادارکردنەوە لە مەترسی ئیسلام کە هەڕەشە لە کەلتوری فەڕەنسا دەکات)).
- لەسەر ئاستی دەرەکیش(( وەلانانی یەکێتی ئەوروپا و ڕووکردنە بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان)).

**٣.ئیمانویل ماکرۆن//٣٩ ساڵ لە بزوتنەوەی بۆ پێشەوە (( پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسی پێشووتر ))**:

بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بریتی بوو لە:

- لەڕووی ئابوریەوە(( کەمکردنەوەی خەرجی دامودەزگا حکومیەکان،باشترکردنی توانای کڕینی هاوڵاتیان)).
- لەسەر ئاستی ناوخۆ(( دامەزراندنی ١٠ هەزار پۆلیس و ئاسایش، دەستنەبردن بۆ هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکان)).
- لەسەر ئاستی دەرەکی(( پارێزگاری لە ئەوروپا(( باشترین پارێزگاریە بۆ ئێمە)).

**٤.مانۆیل فارس//٥٤ ساڵ لە پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسی.** بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بریتی بوو لە:

- لەڕووی ئابوریەوە(( باشترکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی بۆ فەرەنسیەکان، پشتیوانکردن لە پێکەوەژیان لە فەرەنسادا، یەکگرتنی ڕیزەکان بۆ ڕیگەگرتن لە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان)).

٥.ڕامایاد (( **ڕەحمەتولا یاد** ))/٤٠ سال **لە بوزتنەوەی فەرەنسای ئازا**. بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بریتی بوو لە:

- هاوکاریکردنی ناوچە میللیەکان و گوندنشینەکان و ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی فەرەنسادان، ڕزگارکردنی کۆمەڵگای فەرەنسی لە توندڕەوی و جیاکاری ڕەگەزپەرستی)).
- ٢٠١٧/٥/٧ خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا بەڕێوەچوو کە ڕێژەی دەنگدان بریتی بوو لە ٢٣ر٢٨٪ لەکاتێکدا لەخولی یەکەمدا کە لە ٢٠١٧/٤/٢٣ بەڕێوەچوو ڕێژەی دەنگدەران بریتی بوو لە ٥٤ر٢٨٪لەنێوان سەرکردەی لاوی میانڕەو (( ئەمانویل ماکرۆن // ٣٩ ساڵ )) و خاتوو (( ماری لۆپین// ٤٨ ساڵ)) سەرۆکی بەرەی ڕاستڕەوی توندڕەو و کاندیدی پارتی بەرەی نیشتیمانی و ئەنجام بەڕێژەی ٦ر٦٦٪ ماکرۆن سەرکەوت و خاتوو ماریش بە ڕێژەی ٤ر٣٣٪ شکستیخوارد.و دانی بە شکستەکەشیدا ناو پیرۆزبایشی لە ماکرۆن کرد.کە بانگەشەی بۆ ((ڕێگەگرتن لە بەجیهانبوونی درندە و کۆچکردن بۆ فەرەنسا و جێبەجێکردنی پاراستنی زیرەك)) دەکرد.

ئەمە یەکەم جارە کە لەماوەی ٦٠ ساڵی ڕابووردوودا هەردوو پارتی کلاسیکی چەپ (( پارتی سۆسیالیست )) و ڕاستڕەوی (( کۆماریەکان )) دووربکەونەوە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان.

- **ماکرۆن چۆن بزوتنەوەی (( بۆ پێشەوە ))ی دامەزراند؟**

ماکرۆن لە ٢٠١٦/٤/٦دا بزوتنەوەی (( بۆ پێشەوە))ی دامەزراند لەشاری ((ئامیان)) زێدی لەدایکبوونی لە باکوری فەرەنسا کاتێك کە وەزیری ئابوری بوو لە حکومەتی ئیمانۆیل فالسدا، بزوتنەوەکە ناوەکەی لە پیتە یەکەمەکانی ناوی ((ایمانۆیل ماکرۆنەوە)) وەرگرتوە.ماکرۆن دەڵێت ئەم بزوتنەوەیە بریتیە لە ((بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی دەستەجەمعی بۆ دانانی هاولاتیان لەناو جەرگەی ژیانی سیاسیدا)).لەدوای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەکە پشتیوانی و لایەنگریەکی گەورەی لەناو جەماوەر و کەسایەتیە سیاسیەکانیشدا بۆ کۆبۆوە هەر لە سەرۆکی ئێستای فەرەنسا (( فرانسوا هۆلاند و سەرۆك وەزیرانی پێشووتر جۆن بیار رافاران و ئەندام پەرلەمانەکانیش)) و هەموان پێیان وایە کە بزوتنەوەکە خوێنی نوێ دەکاتەوە بە بەر ژیانی سیاسی نوێی فەرەنسادا. هەروەها گەنجان و پیاوانی کار و ڕۆشنبیرانیش و تەنانەت سیاسیەکان لە چەپ و ڕاست پشتیوانی خۆیان بۆ بزوتنەوەکە دەربڕی. هەروەها لە دەرەوەش و لەناو لایەنگرانی یەکێتی ئەوروپاشدا پشتیوانیەکی گەورەی لێکرا.

ماکرۆن بنەماکانی بزوتنەوەکەی ڕاگەیاند کە (( نە ڕاستڕەو و نە چەپ ڕەوی تەواوە)) و بۆچونە کۆنەپارێزەکان ڕەتدەکاتەوە و پێشکەوتوخوازە و لایەنگری مانەوەی فەرەنساشە لە یەکێتی ئەوروپادا. و ئەندام بونیش لە بزوتنەوەکەدا کراوەیە بۆ هەموو بۆچوون و ئاڕاستە سیاسی و فکریەکان. و لەدوای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەکەوە ژمارەی لایەنگرانی لەمانگی ٢٠١٦/٩دا گەیشتۆتە ٨٠ هەزار کەس. و هەندێکیش دەڵێن ژمارەی ئەندامان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت گەیشتۆتە ٢٠٠ هەزار کەس . لەمانگی تشرینی یەکەمیشدا ڕیتشارد فیرۆندی بۆ یەکەم ئەمینداری گشتی بزوتنەوەکە هەڵبژارد.

لەدوای سەرکەوتنی ماکرۆنیش بەچەند ڕۆژێکی کەم لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دەستی لە سەرۆکی بزوتنەکە کێشایەوە و ئێستا ناوەکەی بۆتە((کۆمار بۆ پێشەوە )) لە جیاتی (( بۆ پێشەوە)). و بڕیارە کە ((کاترین باربارۆ)) جێگەی بگرێتەوە و بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکانی پەرلەمانیش بزوتنەوەکە نوێنەری لەهەموو ناوچەکان دەبێت بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی دڵنیا بۆ ماکرۆنی سەرۆك دابین بکات لە پەرلەمانی داهاتوودا.

- **خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنی ماکرۆن کە بەناونیشانی (( ئازادی )) یان (( پاراستن )) بریتی بوون لە :**

١. ئاڕاستەکردنی ئابوری فەرەنسا بەرەو لیبراڵیەت و ئازادی زیاتر بەمەبەستی زیاتر گەشەکردن و گرتنەبەری سیاسەتێکی باجی گونجاو لە کۆمپانیا و کەسەکان.

٢. ڕوەو و ئەورووپا...ڕێزگرتن لە بنەماکان و پتەوکردنی یەکێتی ئەورووپا .

٣. خەرجیە گشتیەکان... کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرە حکومیەکان بە بڕی ١٢٠ هەزار فەرمانبەر.بەمەش بڕی ٦٠ ملیار یۆرۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت و ٥٠ ملیار وەبەرهێنانی گشتی لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا.بۆ ئەم ئامانجەش ماکرۆن بەنیازە بڕی ٢٥ ملیار یۆرۆ کۆبکاتەوە لە بواری کۆمەڵایەتیدا و لەنێوانیشیدا ١٥ ملیار لە دڵنیایی بۆ نەخۆشەکان و ١٠ ملیار بۆ دڵنیایی دژی بێکاری. بەم ڕێوشوێنانە دەتوانێت ڕێژەی بێکاری کەمبکاتەوە بۆ ٧٪ تا ساڵی ٢٠٢٢ لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠١٦دا بریتی بوو لە ١٠٪.

٤. چێکردنی (( گۆڕانکاری ڕیشەیی )) سیاسی و کۆمەڵایەتی لە فەڕەنسادا.خانەنشینی و بێکاری و مۆڵەتی دایکایەتی... سیستەمێکی یەکگرتوە بۆ هەموان. دروشمەکەی بریتی بوو لە (( نە چەپ و نە ڕاست)).

٥. بنەمای نویێ بۆ نوێنەرانی گەل و دانانی یاساکان .. و بەنیازە ژمارەی نوێنەرانی گەل کەمبکاتەوە بۆ سیێ یەك ودەرکردنی یاسایەك کە ڕێگە بگرێت لە ئەندامانی پەڕلەمان لە دامەزراندنی کەسانی نزیکی خۆیان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.بۆ نەهێشتنی دیاردەی خزمایەتی و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت.

- **پەندەکانی ئەم ململانێ دیموکراسیە بۆ ئێمەی کورد لە چیدایە؟**

١. فەڕەنسای لانکەی شۆڕش و دیموکراسی وئازادیەکان جارێکی تر سەلماندیەوە هێشتا ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێت لە دونیای دیموکراسی ڕۆژئاوادا.

٢. بنەماکانی یەکسانی و برایەتی و دادپەروەی هێشتا زیندوە لە فکری سەرکردە و جەماوەری فەڕەنسیدا.

٣. فەڕەنسا قۆناغ بە قۆناغ خۆی گەنج دەکاتەوە و وزە و توانا شارەواکانی لاوەکانی دێنێتە پێشەوە و ڕێگە نادات سیستەمی سەرمایەداری بەرەو پیربوون و مردن بڕوات.

٤. فەڕەنسا لەم هەڵبژاردنەدا،دەنگیدا بە ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیان،دژی تیرۆر و توندڕەوی و ڕاستگەرایی و ڕاسیزم.

٥. فەڕەنسا نەك هەر بۆخۆی بەڵکو بۆ تەواوی ئەورووپا گرنگیەکی گەورەی هەیە و بەدڵ و ڕابەری ئەورووپییەکان دادەنرێت لەگەڵ ئەڵمانیادا دوور لە بەریتانیای پیر و پەکەوتە.

٦. خاڵێکی زێدە گرنگ ئەوەیە کە لەم هەڵبژاردنەدا زۆرینەی گەلی فەڕەنسا دەنگیان داوەتە لاوێکی بەتوانای ئاڕاستە میانڕەو وەك (( ئەمانویل ماکرۆن)) کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ وتەنها تەمەنی ٣٩ ساڵەو لەساڵی ٢٠٠٧ ژنی هێناوە کەناوی (( بریجیت ترۆنۆ))یە کە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوە کە ماکرۆن خوێندکاربوە تیایدا و لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا یەکتریان ناسیوە، (( کە ٢٥ ساڵ لەخۆی گەورەترە))و بوە ٢٥ هەمین سەرۆکی فەڕەنسا و گەنجترین سەرۆك لە مێژووی فەڕەنسادا و تەنها ماوەی ١ ساڵە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەناوی (( بۆ پێشەوە)) دامەزراندوە و وەك سەرۆکی ئەو بزوتنەوەیەش گەورەترین سەرکەوتنی وەدەست هێنا کە پێشتریش لەسەر پارتی سۆسیالیست ٣ ساڵ وەزیری ئابوری و پیشەسازی و ئابوری نەتەوەیی فەڕەنسا بوە پێش دەستلەکارکێشانەوەی.

- بەم شێوەیە فەڕەنسیەکان سەرۆکێکی گەنج و لاویان پێباشترە لە سەرکردەیەکی پارێزگار و موخەزرەمی وەکو ماری لوپێن و ئەوانی تریش کەلەخولی یەکەمدا شکستیان خوارد.و ئیدی سەردەمی جەنەڕاڵ دیگول و پارێزگارەکان بەسەرچوو..

- **ماکرۆن لە وتاری سەرکەوتندا بەڵێنیدا :**

١. دانی نا بە دابەشبوون لە وڵاتەکەیدا و بە (( تورەیی و دوودڵی و گومانەوە)) و بەڵێنیدا بە نەهێشتنی و لەناوبردنی ئەو دابەشبونە لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا.

٢. بەڵێنی پاراستنی ئەمن و ئاسایش و یەکپارچەیی فەڕەنسای دا.

٣. بەڵێنیدا بەکارکردن بۆ پاراستنی یەکێتی ئەورووپا و یەکێتی چارەنوسی ئەورووپیەکان.

٤. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەلێنیدا کە تیرۆر لەناوببات و وتی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بریتی دەبێت لە (( لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی دوورودرێژی فەڕەنسادا)).

- فەڕەنسایەك نزیکەی ٦٦٨١٠٠٠٠ ملیۆن کەس و خاوەن چەکی ئەتۆمیە لە ساڵی ١٩٦٠وە خاوەنی پێنجەم گەورەترین ولاّتە لەڕووی خەرجی سەربازیەوە لە دوای هەریەکە لە ئەمریکا وچین و ڕوسیا و بەریتانیاوە ژمارەی هێزی سەربازی بریتیە لە ٤١٩٠٠٠ کەس کە لە ساڵی ٢٠١١دا خەرجیەکەی بریتی بوە لە ٦٢٥٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی کە یەکسان بوە بە ڕێژەی ٣ر٢٪ کۆی داهاتی ولاّت و پانتایی ٦٤٣٨٠١ کیلۆمەتر چوارگۆشە و بەتەنها ٥-٦ ملیۆن موسوڵمانیش لە فەڕەنسادا دەژی کەزۆربەیان خەڵکی ولاّتانی ڕۆژئاوای عەرەبین لە مەغریب و تونس و جەزائیر و لیبیا. ومتمانەی خۆی داوەتە گەنجێکی تازە پێگەیشتووی کەم ئەزمون و هیچیش ناترسێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکەی.
- لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،ئایا سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کوردستانەکەی خۆشمان بەتایبەتی پەندو عیبرەت لەم گۆڕانکاری و تازەگەرایییەی فەڕەنسیەکان وەردەگرن؟ یان هەر لەسەر ڕێتمە کۆنە کلاسیکیەکە سیاسەت و ئیدارە دەکەن؟

بەدڵنیایی ئەوانەی لای خۆمان تا مردن دەست لەکورسی و پۆست و پلە و خۆشیەکانی دەسەڵات هەڵناگرن و هیچ کاتیش بڕوایان بە گەنج و لاو و تواناکانیان نیە لەم کوردستانەداو بەناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و مەترسی سەر ئایندەوە دەستبەرداری دەسەڵات نابن و ناوی خۆشیان ناوە دیموکراس و سۆسیالیست کەهیچ فڕیان بەسەریەوە نیەو نەلێیتێگەیشتون و نە پیادەشی دەکەن.

جا ئەمەیە جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆری و ڕۆژئاوای دیموکراسی وەکو ئەو پەندە بەناوبانگە ئینگلیزیە دەڵێت (( ڕۆژهەلاّتە ڕۆژهەلاّتە و ڕۆژئاواش ڕۆژ ئاوایە و هەرگیزیش بەیەك ناگەن)). دەبێت کەی بێت گەنج و لاوەکانی کوردستانیش جێگەی پیر و پەکەوتە و کۆنەپارێزەکانی ئەم وڵاتە بگرنەوە؟

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری کەلتور ژمارە ١٥ لە ڕێکەوتی تەموزی ساڵی ٢٠١٧دا بلاّوکراوەتەوە.

## لە ئێستادا دەستپێشخەری سیاسی
## لەلای چ حیزب و سەركردەیەكە ؟*

• ئاشكرایە حیزبی سیاسی وەك بونەوەرێكی زیندوو،بەقۆناغە جیاوازەكانی گەشەكردن و گەورەبوون و پێگەیشتن و دواتریش پوكانەوە و لاوازبوون و تەنانەت مردنیشدا تێپەڕدەكات، جا هەر حیزبێكی سیاسی گەر بیەوێت زۆرترین ماوە لەسەر شانۆی گۆڕانكاری و ڕووداوەكاندا بمێنێتەوە دەبێت هەمیشە لەهەوڵدا بێت بۆ ئەوەی دەستپێشخەری سیاسی ((موبادەرەی سیاسی )) لەدەستدا بێت، هیچ حیزبێكی سیاسی بەبێ بوونی پێگەیەكی ڕابەرایەتی و فكرو ئایدیایەكی پێشكەوتوو و بەبێ بوونی بەرنامەیەكی خزمەتگوزاری و گەشەكردن و خۆشگوزەرانی هاولاَتیان و كۆمەڵگاكەی و بەبێ بوونی تێڕوانینێك بۆ ئایندە،ناتوانێت ئەو دەستپێشخەریە سیاسیە مسۆگەر بكات بۆ خۆی و وەك پاڵەوان ڕۆڵ و كاریگەری بمێنێتەوە،بەتایبەتیش كە لە گۆڕەپانە سیاسیەكەدا چەندین هێز و لایەن و سەركردە و حیزبی سیاسی تر هەن و لەهەوڵی گۆڕانكاری و جێگۆڕكێی سیاسیدان.بۆیە حیزبی سیاسی دەبێت هەمیشە لە پرۆسەیەكی بەردەوامی خۆنوێكردنەوەدا بێت لە جەستە و عەقڵ و بەرنامە و تێڕوانینەكانیدا و نابێت خۆی قەتیس بكات لە چوارچێوەیەكی بچوك و داخراودا،چونكە زەمەن بەسەریدا بازدەدات و ئەمیش دەبێتە بەشێك لە ڕابووردوو،حیزبی سیاسی بۆ بەردەوامی و مسۆگەركردنی ئایندە دەبێت هەمیشە لەجوڵە و داهێنان و پێشڕەویدا بێت و كێبڕكێ بكات لەگەڵ زەمەندا، چونكە بەتێپەڕبوونی كات و داواكاریە نوێكان و خواستەكانی كۆمەڵگا هێز و لایەن و سەركردە و حیزبی نوێش دێنەكایەوە و پاڵەپەستۆ دروست دەكەن لەگەڵ سەركردە و حیزبە كلاسیكی و موخەزرەمەكاندا.

بۆیە حیزبی سیاسی مانای دەستپێشخەری سیاسیە ،هەركات هەر حیزب و سەركردەیەك نەیانتوانی كە ببنە خاوەنی دەستپێشخەری سیاسی ئەوا بەمانای پاشەكشە و لاوازبوون و سستبوون دەچێت و هێواش هێواش ڕیزی پێشەوەی خەبات بەجێدێڵێت بۆ هێز و لایەن و حیزب و سەركردەی نوێ.

• **لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ، لە ئێستادا لەكوردستان و عێراقیشدا دەستپێشخەری سیاسی لەلای چ سەركردە و حیزبێكی سیاسیە؟ كێ بڕیاردەر و خاوەن هێز و قورساییە لەسەر شانۆی سیاسی؟ ئایا هێزی سەربازی و ئابوری چ ڕۆڵێك دەبینن لە بون بەخاوەنی دەستپێشخەری سیاسیدا؟**

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەوەیە، كە هەر كات هەر حیزب و سەركردەیەك توانی نێومالَی خۆی وەك حیزب و دواتریش كۆمەڵگا یەك بخات و پتەو و یەكڕیز و یەك گوتاریان بكات،ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانێت كە ببێتە خاوەن دەستپێشخەری سیاسی، چونكە توانیویەتی بە بەرنامە و كارو فكر و ئایدیا و تێڕوانینەكانی و دواتریش ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی و دڵسۆزی و خەمخۆری وایكردوە كە متمانەی زۆرینەی جەماوەر بەدەستبێنێت، لەگەڵ ئەمانەشدا گرنگە كە حیزبی سیاسی خاوەنی سیاسەت و ڕچە و ڕێباز و فكر ئایدیای سەربەخۆی سیاسی خۆی بێت و ببكاتە شوناس و ناسێنەرەوەی خۆی و لەگەڵیشیدا خاوەنی ئابوریەكی چەسپاو وبەهێزیش بێت بۆ بەردەوامیپێدانی ژیانی خۆی و نەكەوێتە ژێر هەژموونی لایەنی ترەوە،لەدونیای دیموكراسیدا حیزبی سیاسی نابێت خاوەنی هێزی سەربازی و چەكداری خۆی بێت ،لەكاتێكدا كە هەموو ئۆرگانەكان بەدامودەزگایی كراون و بونەتە ئۆرگانی نیشتیمانی و یاسا بەتەواوەتی سەروەرو بڕیاردەرە،بۆیە هێزی چەكدار لە دونیای دیموكراسیدا ڕۆڵێكی ئەوتۆی نیە، بەڵام بەداخەوە لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمەدا و بەتایبەتی و بەگشتیش لە ڕۆژهەڵاتدا چونكە بیروڕاكان بنچینەی دیكاتۆری و خۆسەپاندن و قۆرخكاری و ئایدیای خێڵ و بنەماڵە دەسەلاَتیان هەیە هەمیشە سەركردە و حیزبە سیاسیەكان هەوڵی پێكەوەنانی هێزی سەربازی و چەكداریان داوە بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەخۆ و خۆسەپاندن و هەڕەشەكردنیش لە نەیارانیان بەتایبەتیش لە قۆناغی شاخ و شۆڕشی چەكداریدا.

- لەئێستادا و لەکوردستاندا،لەهەرقۆناغێکی مێژوویدا حیزب و سەرکردەیەك خاوەن دەستپێشخەری سیاسی بونە و هەژموون و سایە و سێبەری خۆیان سەپاندۆتە سەر هەموان و هەموانیشیان ناچارکردوە کە ببنە دواکەوتە و گوێڕایەڵی بەرنامە و کاری خۆیان.

١. ئەوەتا لە عێراقدا کە کۆنترین حیزبی سیاسی بریتیە لە حیزبی شیوعی عێراقی کە لەساڵی ١٩٣٤دا دامەزراوە تا ڕادەیەکی زۆر تا ساڵەکانی ١٩٦٣ ( تاکۆتایی حوکمی عبدالکریم قاسم )کەم تازۆر خاوەنی دەسپێخەری سیاسی بوە لە عێراقداو تەنانەت لەکوردستانیشدا،بەڵام دواتر بەهۆی زۆر هۆکاری بابەتی و خۆییەوە ئەو ڕۆڵەی لەدەستداوە و تائێستاش نەبۆتەوە خاوەن دەستپێشخەری سیاسی و هەمیشەش بەرەو بچوکبونەوەی زیاتر هەنگاو دەنێت.

٢. لە کوردستانیشدا،لەساڵی ١٩٦١ و هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلولەوە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتێکی پێشڕەو و تاقانە بۆتە خاوەنی دەستپێشخەری سیاسی و تا کۆتایی و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕش خاوەنی دەسپێشخەری سیاسی بوە.

٣. لەساڵی ١٩٧٥وە و دوای هەڵایسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،یەکێتی بوە خاوەنی دەستپێشخەری سیاسی تاکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دواتریش دوای پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢دا و بەدەسهێنانی زۆرینەی دەنگەکان و بوونە حیزبی دەسەڵاتدار هەردوو پارتی و یەکێتی بونە خاوەن دەستپێشخەری سیاسی،چونکە هۆکارێکی تری گرنگی بون بەخاوەن دەستپێخەری سیاسی بریتیە لە گرتنە دەستی دەسەڵات.

٤. بەدرێژایی ساڵەکانی نەوەدەکان و دواتریش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٩ –٢٠١٢ کەم تازۆر توانیویەتی بە خاوەنداری دەسپێشخەری سیاسی بمێنێتەوە بەڵام بەبەهێزی نا، چونکە لەدوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لەساڵی ٢٠٠٩دا یەکێتی هێز و توانای جەماوەری و ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئابوری بەرەو لاوازبوون چوو،دواتریش بەهۆی نەخۆشکەوتنی مام جەلال و ململانێ ناڕەواکانی ناوخۆی خۆیەوە هێندەی تر یەکێتی کەوتە پەراوێزی ڕووداوەکان و توانای موبادەرەی سیاسی نەما.

بەڵام لەبەرامبەردا پارتی بە بەهێزی خۆی مایەوە و تائێستاش هەر خاوەنی دەستپێشخەری سیاسی و خاوەن بڕیار و دەسەڵاتە و هێزی سیاسی و ئابوری و سەربازیشی بەهێزە لەگەڵ پاشەکشەکردنی هەندێك لە جەماوەرەکەی.

٥. بزوتنەوەی گۆڕان و هێزەکانی تر وەك ئیسلامیەکان توانیان بۆ ماوەیەکی کەم ببنە خاوەن دەستپێشخەری سیاسی لەساڵی ٢٠١١دا و تا پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم و بەشداریکردنیان لە حکومەتداو چونە ناو دەسەڵاتەوە، بەڵام بەتێکچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ پارتیدا جارێکی تر ڕووە و لاوازی چونەوە و دەستپێشخەری سیاسی و شەقامیشیان لەدەستدا بەتایبەتیش دوای کۆچکردنی کاك نەوشیروان.

- لەم قۆناغ و چرکە ساتەی مێژووی خەباتی کوردایەتیدا ،هیچ کام لە حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان،خاوەن دەستپێشخەری سیاسی نەماون،لەدوای سازدانی ڕیفراندۆم و ڕووداو و کارەساتەکانی گەڕاندنەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و سەپاندنی هێز و توانای سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆیان بەسەر هەمووخاندا لەکوردستاندا، و شکسهێنانی سیاسی و سەربازی و ئابوری ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی کوردستان دوای داگیرکردنەوەی کەرکوك وخانەقین و شەنگاڵ و جێگەکانی تر.

لەئێستادا تاکە هێز لە عێراق و کوردستاندا کە خاوەن دەسپێشخەری سیاسی بێت بریتیە لە حکومەتی عێراق و کەسی د. حەیدەر عەبادی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی، بەپشتیوانی وڵاتانی ئێران و تورکیا و سعودیە و تەنانەت ئەمریکا و ئەوروپیەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانیش.

لەهەرێمی کوردستاندا، کێرڤی هێزو توانای سیاسی و ئابوری و سەربازی و تەنانەت جەماوەری هەموو حیزب و سەرکردە سیاسیەکان بەرەو داکشان چونەو هیچ کامیان توانای دەستپێشخەری سیاسیان نەماوە و هەموان چاوەڕوانی

دەست و بڕیاری حکومەتی عێراقین و لەوپەڕی بێدەسەلاّتی و لاوازیدان،لەکاتێکدا پێش پرۆسەی ڕیفراندۆم هەموو خاڵە بەهێزەکان لای سەرکردایەتی کوردبوون،سەرەڕای بوونی ناکۆکی و ملانێی ناوخۆیی لەنێو ماڵی کورد و یەك و یەکنەگرتوویی خیتاب و کرداری کورد.

بۆیە گەر ئەم قۆناغی لاوازی و بێدەسەلاّتی و شکستەی کورد درێژە بکێشتێت وحیزب و سەرکردە کلاسیکیەکان نەتوانن خۆیان بگونجێنن و بگۆڕن لەگەڵ سەردەمەکەدا زۆر دوور نیە لەکوردستاندا کەس و لایەن و حیزبی نوێ بێنە کایەوە و ببنە خاوەنی دەستپێشخەری سیاسی و ڕابەرایەتی قۆناغی نوێش بکەن،بەکرداریش لە ئێستادا سەرەتای ئەو هەنگاو وقۆناغە نوێیە سەریان هەڵداوە.

گرنگە بۆ هەموو کورد کە بەزوویی هەوڵی جدی بدات بۆ گەڕانەوەی پێگە و هەڵویستی بەهێزی پێش ڕیفراندۆم لەگەڵ عێراق و ولاّتانی ناوچە و دونیاشدا،چونکە بەبێ بەهێزبونەوە و هاتنەوەی سەر شانۆی ڕووداو و گۆڕانکاریەکان سەختە بگەینە ئامانج و ئاواتەکانمان و درێژەش بەم دەسەلاّت و حوکمڕانیەشمان بدەین.بۆیە قۆناغی نوێی خەباتی کوردایەتی پێویستی بە سەرکردە و عەقڵ و ژیری و تێگەیشتن و کاریزما و پاڵەوانی نوێ هەیە ،چونکە ئەم سەرکردایەتیە کلاسیکیانەی ئێستا شکستی گەورە و ماڵوێرانکاری زۆریان بەسەر کورد و کوردستاندا هێناوە و ،ئیدی هەق وایە گۆڕەپانەکە چۆڵبکەن بۆ کەس و حیزب و سەرکردایەتی نوێ.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس وکورد میدیا وئاڕاستە وpukmedia و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢٨ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٠١ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

## دەستوری عێراقی
## فریاد ڕەسە یان پیاڵە ژەهرەکەیە بۆ کورد ؟*

- دوای سازدانی ڕیفراندۆم وەك پەرچە کردارێکی حکومەتی عێراقی دژ بەو هەنگاوەی کورد و بە پشتیوانی و ڕێکەوتن و پیرۆزبایکردنی ولاَتانی دەوروجیران و زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانیش،سوپا و حەشدی شەعبی دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد کە دەبێت ئەو ناوچانە چۆڵبکرێن کە پێش شەڕی داعش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەبران و ناویانلێنرابوو ((ناوچە کێشە لەسەرەکان)) کە نزیکەی ٥١٪ هەموو خاکی باشووری کوردستان دەگرێتەوە،بەلاَم سەرکردایەتی سیاسی کورد پێش ڕیفراندۆم خۆی لێگۆڕابوو وە حسابی بۆ هیچ ئامۆژگاری و ڕێنماییەکی ولاَتانی دەوروجیران و زلهێزەکانیش نەدەکرد و سوار سەری خۆی ببو و کەوتبوە عینادیەکی سیاسی بێبنەماوە و سووربوو لەسەر چێکردنی ڕیفراندۆم بەلاَم هەر هێندەی پێنەچوو کە حکومەتی عێراق هەڕەشە سەربازیەکانی کردە کردار و کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا هەموو ئەو ناوچانەی بە شەڕ و بەڕێکەوتن خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی و شکستێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی و سەربازی توشی کورد کرد ،لەئێستاشدا لە پێگەی بەهێزەوە داوا دەکات کە ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە هەڵبوەشێنرێتە نەك سڕبکرێت و تەنها لەڕێگەی جێبەجێکردنی دەستورەوە هەموو دەسەلاَت و هێزەکانی حکومەتی ناوەند دەگێڕێتەوە بۆ کوردستان و هەرواشی کرد. سەرکردایەتی کوردیش بەناچاری بەوە ڕازی بوە کە دەستوری عێراقی بکرێتە بنەمای گفتوگۆ و دایەلۆگی نێوان بەغداد و هەولێر بۆ چارەسەری کێشەکان و بۆ دەربازکردنی ئەوەی کە دەکرێت دەربازبکرێت،بەدڵنیاییش لەئێستادا کورد و سەرکردایەتیەکەی لەوپەڕی بێهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازیدان و ڕازیبونیان بە جێبەجێکردنی دەستور بەناچاری وەکو خواردنەوەی پیاڵە ژەهرێك وایە کە بەمانای کوشتنی خۆی دێت ،هەروەکو چۆن ئیمام خومەینی بەناچاری لەساڵی ١٩٨٨دا ڕازی بوو بە ڕاگرتنی جەنگی ٨ساڵەی لەگەڵ ڕژێمی صدامداو ئەو بڕیارەی بە خواردنەوەی پیاڵە ژەهرێك چواند.
- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،ئایا دەستگرتنی کورد بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراقەوە بۆ چارەسەری کێشەکان لە قازا نجیدایە؟ یان دەبێت بەناچاری پیاڵە ژەهرەکە بنۆشێت؟**

بۆ وەلاَمدانەوەی ئەم پرسیارانە ،پێویست دەکات کە بە دیقەت لە(( باب و فصل و فرع و مادە))کانی دەستوری عێراقی ووردببینەوە و ئەوسا بڕیار بدەین.

ئاشکرایە دەستوری عێراقی هەمیشەیی لەساڵی ٢٠٠٥دا نوسرایە و لەلایەن گەلی عێراقیشەوە بەکوردەوە بە نزیکەی ١٢ ملیۆن کەس دەنگی پەسەندیان بۆ دەربڕی ، ئەم دەستورە لە(( ٦ باب و ١٢ فصل و ٩ فرع و ١٤٤ مادە)) پێکدێت لەگەڵ دێباجەیەکدا کە بریتیە لە بەشێکی دانەبڕاوی دەستورەکە.

- ئەوەی ئاشکرایە و وەك بنەما هەموان لەسەری کۆکن و لە دێباجەکەدا هاتوە ،دەوڵەتی عێراق بریتیە لە دەوڵەتێکی کۆماری و سیستەمی پەڕلەمانی پیادە دەکات و بنەماکانی دیموکراسی وفیدڕاڵی و فرە حیزبی و تەوافوقی سیاسی ڕێز لێدەگرێت. و پابەندبوون بەم دەستورەوە لەلایەن هەموانەوە دەبێتە هۆی پاراستنی یەکگرتویی سەربەستانەی عێراق لەڕووی گەل و خاك و سەروەریەوە.

لەهەریەکە لە(( باب))ە کانی (١ تا ٣)) کە خۆی لە بنەما بنچینەییەکان و ماف و ئازادیەکان دەسەلاَتەکانی حکومەتی ئیتیحادیدا دەبینێتەوە و لە ١٠٨ مادە پێك هاتوە ، تێبینی گەورەیان لەسەر نیە ،چونکە بنەمای گشتین و پەیوەستن بە هەموو گەلانی عێراقەوە بەتاك و کۆ.

بەلاَم هەندێك مادە جێبەجێنەکراون کە دەکرێت کورد داوای دەستبەجێ جێبەجێکردنیان بکات کە دەبنە هۆی سوود گەیاندن بە قەوارە و دەسەلاَتەکانی هەرێمی کوردستان،لەوانە:

١. **لە بابی یەکەم** / المبادیء الاساسیة

**مادە/٤**((١))

أولاً:اللغة العربية واللغة الكوردية هما اللغتان الرسميتان للعراق، ويضمن حق العراقيين بتعليم ابنائهم باللغة الأمكالتركمانية والسريانية والأرمنية في المؤسسات التعليمية الحكومية وفقا للضوابط التربوية، أو بأية لغة أخرى في المؤسسات التعليمية الخاصة .

**دانده‌نێت بەڕەسمی بوونی زمانی كوردی و عەرەبیدا لەهەموو سنوری دەوڵەتی عێراقیداو لەهەموو دامودەزگاكاندا،كە لە قازانجی كوردە ،بەڵام كورد نەیتوانیوە ئەم مادەیە وەكو خۆی جێبەجێبكات بۆیە ئەركی كوردە كە پێداگیری بكات بۆ جێبەجێكردنی ئەم مادەیە.**

**مادە ٤/خاڵی ٢** ((**ا تا ھ**)

ثانياً

يحدد نطاق المصطلح لغة رسمية، وكيفية تطبيق احكام هذه المادة بقانون يشمل:

أ.اصدار الجريدة الرسمية باللغتين.

ب.التكلم والمخاطبة والتعبير في المجالات الرسمية كمجلس النواب، ومجلس الوزراء، والمحاكم، والمؤتمرات الرسمية، بأي من اللغتين.

ج.الاعتراف بالوثائق الرسمية والمراسلات باللغتين واصدار الوثائق الرسمية بهما.

د.فتح مدارس باللغتين وفقا للضوابط التربوية.

ه.اية مجالات أخرى يحتمها مبدأ المساواة، مثل الاوراق النقدية، وجوازات السفر، والطوابع.

و مادةى /٣ لة قازانجى كوردة و دةبيَت جيَبةجيَبكريَت.

ثالثاً :تستعمل المؤسسات الاتحادية والمؤسسات الرسمية في إقليم كردستان اللغتين.

مادة /٧ / يةكةم/ المادة ٧

أولاً

يحظر كل كيان أو نهج يتبنى العنصرية أو الارهاب أو التكفير أو التطهير الطائفي أو يحرض أو يمهد أو يمجدأو يروج أو يبرر له، وبخاصة البعث الصدامي في العراق ورموزه وتحت اي مسمى كان، ولايجوز ان يكونذلك ضمن التعددية السياسية في العراق، وينظم ذلك بقانون.

**كورد دەتوانێت بەكاریبێنێت دژی دەسەڵاتی شیعە و سونە مەزهەبەكان بۆ ڕێگریكردن لە پاكتاوی تایەفی و نەتەوەیی دژ بە كورد.**

مادة ٩/ (( ا)) المادة ٩

أولاً

أ.تتكون القوات المسلحة العراقية والاجهزة الامنية من مكونات الشعب العراقي، بما يراعي توازنهاوتماثلها دون تمييز أو اقصاء وتخضع لقيادة السلطة المدنية وتدافع عن العراق ولاتكون اداةلقمع الشعب العراقي ولاتتدخل في الشؤون السياسية ولا دور لها في تداول السلطة.

**هێزو سوپای چەكداری عێراق دەبێت لەهەموو پێكهاتەكان پێكبێت بە گوێرەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانیان، ئەم مادەیە جێبەجێنەكراوە بۆیە كورد دەبێت دەستبگرێت بە جێبەجێكردنیەوە.**

**خاڵی** ((**ب**))/

يحظر تكوين ميليشيات عسكرية خارج اطار القوات المسلحة.

**ڕێگە نادرێت بە دروستكردنی میلیشیای چەكدار، بەڵام حەشدی شەعبی پێكهاتوە كەئەمەش دژ بە دەستورە و كورد دەبێت دژی بوەستێتەوە.**

**١.لە بابی ٣ لە فصلی یەكەم/** السلطة التشريعية/الفرع الثانى/مجلس الاتحاد/ **مادە ٦٥**

يتم انشاء مجلس تشريعي يدعى بـ"مجلس الاتحاد" يضم ممثلين عن الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم، وينظم تكوينه وشروطالعضوية فيه واختصاصاته، وكل ما يتعلق به بقانون يسن بأغلبية ثلثيأعضاء مجلس النواب.

**كە تایبەتە بە پێكهێنانی ئەنجومەنی ئیتحادی كە نوێنەری هەموو هەرێم و پارێزگاكانی تیادا دەبێت بە یەكسانی و بەیاسا لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت .كەوەك ئەنجومەنێكی دووەم وایە و دەكرێت ڕێگری بكات لەهەندێك بڕیاری زۆرینەی پەرلەمانی عێراقی .**

**٢. هەر لەهەمان باب و فصلی یەکەم /فرعی دووەم/ المحکمە الاتحادیە العلیا و مادەی ٩٣ / چوارەم کە تیایدا هاتوە**
((الفصل في المنازعات التي تحصل بين الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم والمحافظاتو البلديات والادارات المحلية))
.

**لێرەدا کورد دەتوانێت پەنا بباتە بەر ئەم مەحکەمەیە بۆ پەسەنکردن یان نەکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ، چونکە بڕیارەکانی ئەم مەحکەمەیە دوا بڕیارن و دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان جێبەجێی بکەن وەك لەمادەی ٩٤دا هاتوە. ئەمەش بۆ پاراستنی ئاوی ناوچاوانی سەرکردایەتی کوردە کە خۆی بڕیار نادات لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆمەکە بەڵکو ئەوە مەحکەمەی باڵایە کە بڕیاریداوە.**

**٣.لەمادە ١٠٥دا هاتوە**

((تؤسس هيئة عامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم في المشاركة العادلة في إدارةمؤسسات الدولة الاتحادية المختلفة والبعثات والزمالات الدراسية والوفود والمؤتمرات الاقليمية والدوليةوتتكون من ممثلي الحكومة الاتحادية والاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم وتنظم بقانون)).

**کە دەبێت ئەم دەستەیە پێك بێت بۆ دابینکردن و پارێزگاریکردن لە مافی هەرێم و پارێزگاکان ،بۆیە کورد دەبێت ئەم مادەیەش داوابکات بۆ جێبەجێکردن بۆ پاراستنی ماف و دەسەڵاتەکان.**

**٤. هەردوو مادەی ١٠٦ و ١٠٧ یش ،دەبێت کورد داوای جێبەجێکردنیان بکات چونکە سوودی بۆ کورد هەیە.**

المادة ١٠٦

تؤسس بقانون هيئة عامة لمراقبة تخصيص الواردات الاتحادية و تتكون الهيئة من خبراء الحكومة الاتحادية والاقاليم والمحافظات وممثلين عنها وتضطلع بالمسؤوليات الاتية:

أولاً.التحقق من عدالة توزيع المنح والمساعدات والقروض الدولية بموجب استحقاق الاقاليموالمحافظات غير المنتظمة في اقليم.

ثانياً.التحقق من الاستخدام الامثل للموارد المالية الاتحادية واقتسامها.

ثالثاً. ضمان الشفافية والعدالة عند تخصيص الاموال لحكومات الاقاليم أو المحافظات غير المنتظمةفي اقليم وفقا للنسب المقررة.

المادة ١٠٧

يؤسس مجلس يسمى مجلس الخدمة العامة الاتحادي يتولى تنظيم شؤون الوظيفة العامة الاتحادية بمافيها التعيين والترقية، وينظم تكوينه واختصاصاته بقانون.

**٥. لە ((باب))ی چوارەم/** اختصاصات السلطات الاتحادية

**کە لە ٧ مادە پێك هاتوە لە (( ١٠٩ بۆ ١١٥)) کە هەموانیان تەواوی دەسەڵاتەکانی حکومەتی اتحادیان دیاریکردوە کە هیچیان لە قازانجی کورد نین،چونکە تایبەتن بە (( دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و دارایی و گومرك و پارە و داهات و دەروازە سنوریەکان و فڕۆکەخانە و بانکی مەرکەزی و ئاسمان و ئاو و زەوی و سامانی سروشتی لە نەوت و غازی سروشتی و ئامار و سەرژمێری عێراقەوە)). کە کورد لە پێش ڕیفراندۆمدا هەموو ئەم دەسەڵاتانەی بە سەرپێچی و زیادەڕەوی پیادە دەکرد، ئێستا بەپێی دەستور دەبێت هەمووی ڕادەستی بەغداد بکاتەوە.**

الباب الرابع: اختصاصات السلطات الاتحادية

المادة ١٠٩

تحافظ السلطات الاتحادية على وحدة العراق وسلامته واستقلاله وسيادته ونظامه الديمقراطي الاتحادي.

المادة ١١٠

تختصالسلطات الاتحادية بالاختصاصات الحصرية الاتية:

أولاً.

رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي والتفاوض بشأن المعاهدات والاتفاقيات الدوليةوسياسات الاقتراض والتوقيع عليها وابرامها ورسم السياسة الاقتصادية والتجارية الخارجيةالسيادية.

ثانياً.

وضع سياسة الامن الوطني وتنفيذها، بما في ذلك انشاء قوات مسلحة وادارتها لتأمين حمايةوضمان امن حدود العراق، والدفاع عنه.

ثالثاً.

رسم السياسة المالية والكمركية واصدار العملة وتنظيم السياسة التجارية عبر حدود الاقاليموالمحافظات في العراق ووضع الميزانية العامة للدولة ورسم السياسة النقدية وانشاء بنك مركزيوادارته.

رابعاً.

تنظيم امور المقاييس والمكاييل والاوزان.

خامساً.

تنظيم امور الجنسية والتجنس والاقامة وحق اللجوء السياسي.

سادساً.

تنظيم سياسة الترددات البثية والبريد.

سابعاً.

وضع مشروع الموازنة العامة والاستثمارية.

ثامناً.

تخطيط السياسات المتعلقة بمصادر المياه من خارج العراق وضمان مناسيب تدفق المياه وتوزيعها العادل داخل العراق . وفقا للقوانين والاعراف الدولية.

تاسعاً.

الاحصاء والتعداد العام للسكان.

المادة ١١١

النفط والغاز هو ملك كل الشعب العراقي في كل الاقاليم والمحافظات.

المادة ١١٢

أولاً

تقوم الحكومة الاتحادية بادارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومات الاقاليموالمحافظات المنتجة على ان توزع وارداتها بشكل منصف يتناسب مع التوزيع السكاني في جميع انحاءالبلاد، مع تحديد حصة لمدة محددة للاقاليم المتضررة والتي حرمت منها بصورة مجحفة من قبل النظامالسابق والتي تضررت بعد ذلك بما يؤمن التنمية المتوازنة للمناطق المختلفة من البلاد وينظم ذلك بقانون.

ثانياً

تقوم الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم والمحافظات المنتجة معا برسم السياسات الاستراتيجية اللازمةلتطوير ثروة النفط والغاز بما يحقق اعلى منفعة للشعب العراقي معتمدة احدثتقنيات مبادئ السوقوتشجيع الاستثمار.

المادة ١١٣

تعد الاثار والمواقع الاثرية والبنى التراثية والمخطوطات والمسكوكات من الثروات الوطنية التي هي مناختصاص السلطات الاتحادية، وتدار بالتعاون مع الاقاليم والمحافظات وينظم ذلك بقانون.

المادة ١١٤

تكون الاختصاصات الاتية مشتركة بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقاليم

أولاً.

إدارة الكماركبالتنسيق مع حكومات الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم، وينظم ذلكبقانون.

ثانياً.

تنظيم مصادر الطاقة الكهربائية الرئيسة وتوزيعها.

ثالثاً.

رسم السياسة البيئية لضمان حماية البيئة من التلوثوالمحافظة على نظافتها بالتعاون معالاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم.

رابعاً.

رسم سياسات التنمية والتخطيط العام.

خامساً.

رسم السياسة الصحية العامة بالتعاون مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم.

سادساً.

رسم السياسة التعليمية والتربوية العامة بالتشاور مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم.

سابعاً.

رسم سياسة الموارد المائية الداخلية وتنظيمها بما يضمن توزيعا عادلا لها، وينظم ذلك بقانون.

المادة ١١٥
كل ما لم ينصعليه في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية يكون من صلاحية الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم والصلاحيات الاخرى المشتركة بين الحكومة الاتحادية والاقاليم تكون الأولوية فيهالقانون الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم في حالة الخلاف بينهما.

٦. **بابی پێنجەم** / السلطات الاقاليم **كە لە ٧ مادە پێكهاتوە لە مادەی** ((**١١٦ وە بۆ مادەی ١٢٢**))
مادة ١١٦/
يتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من عاصمة واقاليم ومحافظات لامركزية وادارات محلية.
**دەستور دانیناوە بە هەرێمی كوردستاندا لە سیستەمی سیاسی فیدراڵیدا، كە ئەم خاڵە لە قازانجی كوردستاندایە و نابێت رێگە بدات دەستكاری بكرێت،چونكە گەر هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی دەستوری نەمێنێت ،ئەوا بەغداد مامەڵە لەگەڵ پارێزگاكاندا دەكات وەك یەكەی سەربەخۆو ئەوكات قەوارەی هەرێم و حكومەت و پەرلەمان و دادوەری هیچیان بەهایەكیان نامێنێت.**
مادة /١١٧ ((١))
أولاً :يقر هذا الدستور عند نفاذه اقليم كردستان، وسلطاته القائمة اقليماً اتحادياً.
**دانانی دەستورە بە دەسەلأتەكانی هەرێمی كوردستاندا كە هەیەتی و ئەم خاڵەش گرنگە بۆ كورد.**
**خاڵی** ((٢)) :يقر هذا الدستور الاقاليم الجديدة التي تؤسس وفقاً لاحكامه.
**داوا دەكرێت كە لە عێراقی فیدراڵیدا جگە لەهەرێمی كوردستان هەرێمی تریش دروست بكرێن، ئەم خاڵە تا ئێستا جێبەجێنەكراوە، بۆیە كورد دەبێت داوای جێبەجێكردنی ئەم خاڵە بكات بۆئەوەی ببێتە هاوكار و پشتیوانی هەرێمی كوردستان.**
مادة ١١٨/
يسن مجلس النواب في مدة لاتتجاوز ستة اشهر من تاريخ اول جلسة له، قانوناً يحدد الاجراءات التنفيذية الخاصة بتكوين الاقاليم بالاغلبية البسيطة للاعضاء الحاضرين.
**داوا دەكات كە پەرلەمان یاسا دەربكات بۆ دروستكردنی هەرێمەكان، كە تائێستا ئەم مادەیە جێبەجێنەكراوە و هەقە كورد داوای جێبەجێكردنی بكات.**
مادة ١١٩/ يحق لكل محافظة أو اكثر تكوين اقليم بناء على طلب بالاستفتاء عليه، يقدم بأحدى طريقيتين:
أولاً.طلب من ثلث الاعضاء في كل مجلس من مجالس المحافظات التي تروم تكوين الاقليم.
ثانياً.طلب من عُشر الناخبين في كل محافظة من المحافظات التي تروم تكوين الاقليم.
مادة ١٢٠/ يقوم الاقليم بوضع دستور له، يحدد هيكل سلطات الاقليم، وصلاحياته، وآليات ممارسة تلك الصلاحيات،على ان لا يتعارض مع هذا الدستور.
**داوا دەكات كە هەر هەرێمێك دەستورێكی خۆی هەبێت كە دەسەلأتەكانی دیاریبكات، بەداخەوە هەرێمی كوردستان تائێستا خاوەن دەستوری خۆی نیە،بۆیە دەبێت پەلە بكات لە دانانی دەستورێكدا بۆخۆی.**
مادة ١٢١/
أولاً: لسلطات الاقاليم الحق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية وفقا لاحكام هذا الدستور،باستثناء ما ورد فيه من اختصاصات حصرية للسلطات الاتحادية.
ثانياً:يحق لسلطة الاقليم تعديل تطبيق القانون الاتحادي في الاقليم، في حالة وجود تناقض أو تعارض بينالقانون الاتحادي وقانون الاقليم بخصوص مسألةٍ لاتدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية.
ثالثاً :تخصص للاقاليم والمحافظات حصة عادلة من الايرادات المحصلة اتحادياً، تكفي للقيام باعبائهاومسؤولياتها، مع الاخذ بعين الاعتبار مواردها وحاجاتها، ونسبة السكان فيها.
**پشكی هەرێمەكان دیاردی دەكات و دابینیشی دەكات لە داهاتەكانی دەوڵەتی عێراقیدا، بۆیە كورد دەبێت داوای پشكی لە ١٧٪ بردراوی خۆی بكات لەساڵی ٢٠١٤وە.**
رابعاً:تؤسس مكاتب للاقاليم والمحافظات في السفارات والبعثات الدبلوماسية لمتابعة الشؤون الثقافيةوالاجتماعية والانمائية.

**نوسینگەی هەرێمەکان لە سەفارەتەکانی عێراقدا بکرێنەوە بۆ کاروباری کەلتوری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان، کە لەزۆرێك لە سەفارەتەکاندا ئەم کارە نەکراوە،بۆیە کورد وەك مافی خۆی دەبێت پێداگیری بکات لەو کارە.**

خامساً:تختص حكومة الاقليم بكل ما تتطلبه إدارة الاقليم، وبوجه خاص انشاء وتنظيم قوى الامن الداخلي للاقليمكالشرطة والامن وحرس الاقليم.

**مادە/١٢٢ تایبەت بە پارێزگاکان**

**بەپێی ئەم مادەیە لە هەرێمدا هیچ پارێزگایەك ڕاستەوخۆ بۆی نیە مامەڵە لەگەڵ بەغداد بکات و بەغدادیش بۆی نیە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمدا بکات. گەر سەرکردایەتی سیاسی گەرەکێتی هەرێم بە یەك و یەکگرتوویی بمێنێتەوە ئەوا نابێت ڕێگا بەم کارە بدات، بەڵام کە حکومەتی هەرێم نەتوانێت ئەرکە دارایی و ئیداریەکانی خۆی لەبەرامبەر پارێزگاکاندا جێبەجێبکات ،ئەوا ئەوکات بە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەسەر داوارکاری خۆیان دەتوانن ئەو کارە بکەن ،کە ئەمەش لە زیانی دەسەڵاتەکانی هەرێمدایە.**

**٧. لە بابی شەشەمدا/ فصلی یەکەم / الاحکام الختامیەدا لە مادە ١٢٦دا**

أولاً :

لرئيس الجمهورية ومجلس الوزراء مجتمعين أو لخمس (١/ ٥) اعضاء مجلس النواب،اقتراحتعديل الدستور.

**هاتوە کە لەسەر داواکاری سەرۆك کۆمار و مەجلیسی وەزیران و ٥/١ پەڕلەمان.یان ٣/٢ پەڕلەمان دەتوانرێت هەمواری دەستور بکرێتەوە دوای ڕاپرسی گەل لەسەری و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار.**

ثالثاً: لايجوز تعديل المواد الاخرى غير المنصوص عليها في البند )ثانيا( من هذه المادة الا بعد موافقة ثلثي أعضاءمجلس النواب عليه، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية خلال سبعة أيام.

**ئەم مادەیە دەتوانرێت دژی کورد بەکاربهێنرێت لەکاتێکدا سەرۆك کۆمار کورد نەمێنێت و هەرێمیش بە یەك و یەکگرتوویی ئەم ٣ پارێزگایە نەمێنێتەوە.**

مادة ١٢٦/ رابعاً

لايجوز اجراء اي تعديل على مواد الدستور من شأنه أن ينتقصمن صلاحيات الاقاليم التي لاتكون داخلةضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية الا بموافقة السلطة التشريعية في الاقليم المعني وموافقةاغلبية سكانه باستفتاء عام.

**ئەم مادەیە لە قازانجی کوردە چونکە هیچ  هەمواردکردنەوەیەك لەدەستوردا ناکرێت کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم.**

مادة ١٤٠/

أولاً :تتولى السلطة التنفيذية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة )٥٨( من قانون ادارةالدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بكل فقراتها.

ثانياً :المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية والمنصوص عليها في المادة )٥٨( من قانونإدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية تمتد وتستمر إلى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذاالدستورعلى ان تنجز كاملة )التطبيع، الاحصاء وتنتهي باستفتاء في كركوكوالمناطق الاخرى المتنازع عليهالتحديد إرادة مواطنيها( في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنة الفين وسبعة)

**حکومەتی عێراق ئەرکێتی کە مادەی ٥٨ قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی جێبەجێبکات کە تایبەتە بە ناوچە دابڕێنراوەکانەوە لە کەرکوك و خانەقین و شەنگال و ..هتد. تەنها ئەم مادەیە زۆر لە قازانجی کورد و کوردستانە و دەبێت کورد زۆر پێداگیری بکات لە جێبەجێکردنیدا،کە بەداخەوە لەدوای ١٢ ساڵ تائێستا ئەو کارەیان نەکردوە.کە دەبوایە تا ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێبکرایە.**

مادة ١٤١/ **لە قازانجی کورددایە.**

يستمر العمل بالقوانين التي تم تشريعها في اقليم كردستان منذ عام ١٩٩٢ وتعد القرارات المتخذة منحكومة اقليم كوردستان ـ بما فيها قرارات المحاكم والعقود. نافذة المفعول ما لم يتم تعديلها أو الغاؤهاحسب قوانين اقليم كوردستان من قبل الجهة المختصة فيها، وما لم تكن مخالفة لهذا الدستور

**مادە ٤/١٤٢ لە قازانجی کورددایە.**

رابعاً:يكون الاستفتاء على المواد المعدلة ناجحاً بموافقة أغلبية المصوتين، وإذا لم يرفضه ثلثا المصوتين في ثلاث محافظات أو أكثر.

- **بەم شێوەیە کورد لە جێبەجێکردنی دەستوری عێراقیدا و بەتایبەتیش ئەو باب و مادانەی کە تایبەتن بە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادیەوە،هیچ قازانج ناکات و دەسەڵات و سنورەکانی زۆر بچوك و تەسك دەبنەوە و هیچ کات ناچنەوە ساڵانی دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠١٧/١٠/١٦ و تەنها مادەیەك کە زۆر گرنگ بێت بۆ کورد مادەی ١٤٠ ی دەستوری تایبەت بە ناوچە دابڕێنراوەکانە کە دەبێت زۆر گرنگی پێبدات و هەوڵی جێبەجکردنی بدات،کورد تەنها لەو مادەیەدا دەتوانێت سنور و خاکی مێژوویی و جوگرافی کوردستان وەربگرێتەوە و بیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی حوکمڕانی خۆیەوە.**
- **بۆیە کورد هیچ چارەیەك و ڕێگایەکی لەبەردەمدا نیە لەم دۆخ و قۆناغەدا کە بەدەستی خۆی و بەهەڵەی سیاسی و سەرکردەکان و لە ئەنجامی غرورو وعینادی سیاسیەوە خۆی گەیاندە ئەم دۆخە نەخوازراوە، بەم هەنگاوە سەرکێشیانەی مەسەلەی کوردی لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەکە و لەبەردەم وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشدا زۆر بچوك کردەوە و هاتۆتە دواوە.**
- **گرنگ بەردەوامیدانە بەخەبات و کۆڵنەدان و متمانە دروستکردنەوەیە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆخۆی لەلای جەماوەری میلەتەکەمان و بەدەستهێنانەوەی متمانەی وڵاتانی زلهێزیشە بۆ پشتیوانیکردنمان. ڕەنگیشە ئەم دۆخەی کوردستان بەتایبەتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەروا نەمێنێتەوە و گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداببێت لە ئەنجامی ململانێ و گۆڕانکاریەکاندا و دەشێت کورد بوار و هەلێکی تری بۆ ڕێبکەوێتەوە تابتوانێت دەسەڵات و هێزی خۆی بۆ بگەڕێتەوە و ببێتەوە بەخاوەنی خاك و نیشتیمانی سەربەخۆی خۆی. بۆیە نابێت هەرگیز بێئومێد بین لە ئایندەمان کە زۆرێك گۆڕانکاری بە پەنهانی شاردۆتەوە لە ناوەخنی خۆیدا.**

---

*** ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس و مەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٠٤ لە ڕێکەوتی ٢٩ و ٢٠١٧/١٠/٣٠دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژهەلاّتی ناوین لەسەر ئاگرێكی هێمن دەكولێت !*

- گەر بە دیقەت لە مێژوو و ڕابووردووی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوینووردبینەوە ،هیچ دەیە ساڵێك نابینیت كە ئەم ناوچەیە بە ئارامی گوزەری كردبێت و پێشكەوتن و گەشەی هەمەلایەنەی ژیانی تیادا ڕوویدابێت،بەڵكو بە پێچەوانەوە لە ئەزەلەوە ئەم ناوچەیە گیرۆدەی نەفرەتێكی نەبڕاوە بوە و ئەمە بۆتە مایەی شەڕوشۆڕ و كاولكاری و دواكەوتن و بێئۆقرەییەكی هەمیشەیی.
- ئاشكراشە هۆكاری ئەم ناكۆكی و ململانێ ئاینی و سیاسی و ئابوری و سەربازیانە دەگەڕێتەوە لەلایەك بۆ دواكەوتوویی كۆمەڵگاكانی ئەم ناوچەیە بە گەل و سەركردەكانیانەوە خۆیان و تەنها بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكانیان پەنایان بردۆتە بەر شەڕ و خوێنڕشتن نەك دایەلۆگ و لێكتێگەیشتن،هەرئەمەش بۆتە كەلتورێكی قێزەون و بێزراوی ناوچەكە تا ئێستاش و لەلایەكی تریشەوە بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەكەش بە سەرچاوەی داهات و خۆشگوزەرانی و پێشكەوتن و داهێنانەكان هەمیشە بۆتە جێگەی تەماع و چاوتێبڕینی لایەنەكانی دەرەوە و ئەوانیش هۆكارێك بوون بۆ نانەوەی ئاژاوە بۆئەوەی بتوانن بە ئاشكرا و بە نهێنی و بەناوی پشتیوانی و هاوكاری گەلانی ناوچەكە لە ژێر دروشمە باقوبریقەكانی ئازادی گەلان و دیموكراسی و مافەكانی مرۆۆ و یەكسانیەوە خۆیان بگەیەننە ناوچەكە و بتوانن دەستبگرن بەسەر ئەو سەرچاوە گرنگانەی وزە و ئابوری و بتوانن بیخەنە خزمەت ماكینەی پێشكەوتن و داهێنانەكانیانەوە و دواتریش هەر هەمان ناوچە و كۆمەڵگاكانیشیان بكەنەوە بازاڕێكی بەردەوام و بەقازانج بۆ دەسكەوتنی سوودی گەورەتر بۆ خەزێنەی حكومەتەكانیان.
- جا ئەو ململانێیانە بەدرێژایی ۲۰۰۰ساڵ بەردەوامیان هەیە و لە ئێستاشدا قۆناغێكی نوێی ئەو ململانێیانە خەتوخاڵیان دەركەوتون بەشێوەیەك مەترسیەكان هێند گەورەن كە لێكترازان و هەڵوەشاندنەوە و جەنگێكی خوێناوی سەرتاسەری لێچاوەڕوان دەكرێت،ئاشكراشە هێندەی ململانێكان ناوچەیی و ناوخۆیین،دەهێندە كارەكتەر و فاكتەری دەرەكی ڕۆڵی تیادا دەبینن،ململانێكان هەمان ململانێ مێژوویەكانن و هۆكارەكانیش هەمان هۆكارن ،تەنها ئاڵوگۆڕ لە كاراكتەر و شێواز و میكانیزمەكانیاندا هاتوە ئەوەش بەهۆی پێشكەوتنە تەكنەلۆژی و سەربازی و پەیوەندیەكانەوەن و هیچی تر.
- لە ئێستادا ڕۆژهەلاّتی ناوین بۆتە كوانوی ململانێیەكی توندی نێوان زلهێزە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاّتیەكان لەنێوان ئەمریكا و ئەوروپاو ڕوسیاو تاڕادەیەكیش چین دا، لەخوار ئەم دوو ناونیشانە گەورەیەشەوە ململانێكان بە ئیدارە و ئیرادە و پلانی ئەمان درێژەیان هەیە و شۆڕبونەتەوە بۆ نێوان كاراكتەرە ناوچەییەكان و ئەمانیش لەناوخۆیاندا دابەشبونەتە سەر ئەو دوو بلۆكە زلهێزانە و تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان و مانەوەیانە بۆ زۆرترین ماوە لەدەسەلاّتدا،ئەگینا ئەمان بڕیاردەری كۆتایی نین بەڵكو تەنها بوكەڵەیەكن بەدەستوپەنجەی زلهێزەكانەوە هەڵدەسوڕێن، ململانێكانی ئێستا لە ناوچەكەدا لەنێوان لەلایەك سعودیە و ولاّتانی كەنداو جگە لەقەتەر(( كە لەئێستادا لە هێڵی كەنداویەكان دەرچوە وتاڕادەیەك پەیوەندیەكانی لەگەڵ ئێرانی دژیاندا توندوتۆڵكردۆتەوە)) و میسر و ئوردون كە بەهۆی پەیوەندی ئاینی و مەزهەبیشەوە توركیا هاوكار و پشتیوانیانە،بەلاّم بۆخۆی توركیاش لەدوولا مەست و حەیران بوە و بەرژەوەندیەكانی وادەخوازن كە ڕۆڵێكی تاسەر دیاریكراوی نەبێت و زوو زوو ڕۆڵ و پێگەی خۆی دەگۆڕێت،بەلاّم سەركەوتنی گەورەشی بەدەستنەهێناوە جگە لە پیشاندنی ڕسوایی و زەلیلی و دووڕوویی چونكە دەوڵەتێكی شەڕەنگێز و پاوانخواز و هەنگاو بەرەو تاكڕەوی كەسی دەنێت لەسەردەمێكدا كە قبوڵی تاكڕەوی ناكات.ئەم بەرەیەش وەكو خووی كلاسیكی و كۆنەپارێزی خۆیان هەمیشە لە خولگەی زلهێزەكانی ئەمریكا و ئەوروپیەكاندا دەسوڕێنەوە و هەمیشە بە پشتیوانی خۆیانیان دەزانن.بەرەی دووەم و دژ بەم بەرەیە لەناوچەكەدا بە ڕابەرایەتی ئێرانە و هەریەكەش لە ڕژێمەكانی عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و تەنانەت هێزە ڕزگاریخوازەكانی فەلەستینیشی كردۆتە پاوانی خۆی و وایكردوە

لەخولگەی سیاسەت و تێڕوانین و بەرژەوەندی سیاسی و ئاینی و مەزهەبیەکانی شیعەدا بخولێنەوەو تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوە ،ئەم بەرەیە بە سروشت و هەڵکەوتەی پێگە جیۆسیاسیەکەی هەمیشە لایەنگری ڕۆژهەڵات و زلهێزەکانی بوە لە ڕوسیا و چین و کۆریای باکور کە سروستی ڕژێم و سیستمی حوکمڕانیەکانیشیان ئاینی و تاکڕەوی و خۆسەپێن و دوور لەدیموکراسیەت و ئازادیەکان بوون.

- لەم نێوەدەشدا و لەنێوان ئەم کاراکتەرە ناوچەییانەشدا ململانێیەکی ناوچەیی توند هەیە لەسەر ڕابەرایەتیکردنی ناوچەکە لە نێوان هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سعودیە و میسر و ئیسرائیلدا.کە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و ئاینی و مەزهەبیان لەخۆگرتوە.
- لە ئێستادا ململانێکان زۆر توندبون و نزیك کەوتونەتەوە لەبەریەك کەوتنی ڕاستەوخۆ و هەڵایسانی شەڕی گەرم کە بنچینەی ڕاستەقینەیان بریتیە لە ململانێی ئاینی و مەزهەبی نێوان سونە و شیعەی ئیسلامیدا، چونکە ئەم وڵاتانە بەتایبەتی سعودی و کەنداویەکان و ئێران وڵاتانێکی دەوڵەمەندن و هیچیان پێویستیان بەسەرچاوەکانی سروشتی و وزەی ئەوی تر نیە و ململانێکە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندا نیە وەك ئەوەی لە نێوان باکور و باشوری گۆی زەویدا هەیە،تەنها بۆ فراوانکردنی نفوز و پێگە و هێزی سەربازی و مەزهبیە لە ناوچەکەدا،لەم نێوەندەشدا زلهێزەکان تەنها ڕۆڵی ئیدارەدان و درێژەپێدانی ئەو ململانێیانەیان هەیە بۆئەوەی باشترین و گەورەترین و بەردەوامترین بازاڕ بۆ چەك و تەقەمەنی و پێداویستیە سەربازیەکانیان بدۆزنەوە،ئەوەتا لە هیچ سەردانێکی سەرانی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێنەوە و ئەمریکا بەتەنها گرێبەستی زیاد لە ٥٠٠ ملیار دۆلار لەگەڵ سعودیە و ئەوانی تردا گرێداوە و ڕوسیاش تەنها لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٧دا بایی ١٥ ملیار دۆلار چەك و تەقەمەنی فرۆشتوە.بۆیە هەرگیز ئەو زلهێزانە بەجدی نیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە بەتایبەتی و دونیاش بەگشتی نیە و بەڵکو هەمیشە بۆ دۆزینەوە و دروستکردن و سەرهەڵدانی کێشە و قەیران و ئاڵۆزی نوێ لە پیلاندانانداندن بۆئەوەی مان و قازانجی خۆیان بەردەوامی پێبدەن.
- لە ئێستادا ئەم ناوچەیە لەسەر ئاگرێکی ئارام و هێمن دەکوڵێت و قوڵپ دەدات و زۆر نزیکە بەریەککەوتنی گەرم ڕووبدات و وەك ئەو شیرە هەڵچوەی لێبێت کە دەبێتە مایەی کاولکاری و لێکهەڵوەشانی وڵاتان و سنورەکانی ناوچەکە و دووبارە و سەرلەنوێ بە شقڵ و شێوەیەکی نوێوە لەلایەن زلهێزەکان دابەش و داگیر بکرێنەوە و دروست بکرێنەوە وەك ئەوەی لەچوارچێوەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا لەپێش ٣٠ ساڵ لەئێستاوە بەرنامە و پلانیان بۆ داڕشتوە.
- ***پرسیارگەلێك کە جێگەی خۆیەتی بکرێت،ئەوەیە کە ئەمە حاڵی وڵاتانی خاوەن سەروەری و سیادی ناوچەکە بێت بەدەست زلهێزەکانەوە؟ئەی حاڵ و دۆخی کورد و کوردستانی داگیر و دابەشکراو و بێ دەوڵەت و سەروەری و سنور دەبێت چۆن بێت؟ کورد لەکوێی ئەم گەمە و ململانێیانەدایە؟ دەتوانێت چی بکات؟ چۆن قازانج و دەسکەت بەدەستبێنێت؟***

بەداخەوە کورد هەمیشە و بەدرێژایی مێژووی خەباتی خۆی لەم ناوچەیەدا هەر زوڵملێکراو و پشتگوێخراو و خاك و گەلەکەشی داگیر و دابەشکراو بون و تائێستاش نەبونەتە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان،دۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی کورد هەمیشە خراپ بوە،زلهێزەکان هێندەی وەك شەڕکەرێکی ئازا سەیریان کردوە و پشتیوانی و هاوکاریان کردوە،نیوهێندە وەك نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و خاوەن مافی ڕەوا نەیانبینیوە و تەنها بۆ مەبەست و بەپێی نەخشە و پلانەکانی خۆیان ڕۆڵیان پێداوە و هەرکاتیش لە پلان و گوتە و فەرمانی ئەوان دەرچووبێت کردویانەتە قۆچی قوربانی و پەندی زەمانە ،هەروەك لە سەردەمی مەلیك مەحمود و کۆماری کوردستان وشۆڕشی ئەیلول و شۆڕی نوێ و ئەم قۆناغەی ئێستاش لە بوونی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ لە عێراقدا ، تەنها لەسەر بەقسەنەکردن و دەرچوون لەهێڵی قازانجی ئەوان لەکەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا ٥١٪ خاکی کوردستانیان پێشکەش بە بەغدادی پایتەختی عەرەبی شیعە مەزهەب کردەوە بەبێگوێدانە ئەو هەموو قوربانی و خوێن و فرمێسك ڕشتنەی کورد کە پێشکەش بە مرۆڤایەتی و هەموو دونیای کرد لەو چەند ساڵەی ڕابووردوودا.کە هەرچەند لەگەڵ ئێراندا لەسەر عێراق و ئاینده و

سامانە سروشتیەکانی لەململانێیەکی توندان و هیچ کات ناگەن بەیەکتر،بەلاّم کوردیان کردە دیاریەکی هەرزان بەهای خۆیان بۆ بەغداد بۆئەوەی ئایندەی ئابوری خۆیان مسۆگەرتر بکەن.

کورد بەداخەوە تائێستاش خاڵی لاوازە و پنتی گرنگ نیە لە سیاسەت و پلانی زلهێزەکاندا. سەرەڕای قوربانیدان و مقاوەمەتی چەندین ساڵەی دژ بە دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لەجیهاندا((داعش)).

کورد لەئێستادا و لەدوای بچوکبونەوەی قەوارە و دەسەلاّتی لە عێراقداو بەهۆی هەڵکەوتەی لەناوجەرگەی ڕووداوەکان و گۆڕانکاریەکاندا بەجدی ڕووبەڕووی گەلێك ئاڵنگاری گەورە دەبێتەوە کە زۆر دوورە بتوانێت بەرگری لەم قەوارەیەی خۆی بکات، چونکە کەوتۆتە ناوجەرگەی ململانێکان و سەرە ڕێگای ململانێکانی نێوان ڕوسیا و ئەمریکا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان ئێران و تورکیادا و لەولای تریشەوە لەنێوان سونە مەزهەب و شیعە مەزهەبەکانی سعودیە و ئێران و تورکیادا،کە هیچیان قازانجی کوردیان گەرەك نیە،بەڵکو هەریەکەیان گەرەکێتی پەلکێشی پیلانەکانی خۆیانی بکەن و بۆماوەیەك سوود لەتوانا و ئازایەتی وەربگرن.

بۆیە کورد هەقە چیدی بە بەڵێن و گوتەی بریقەدار و پیاهەڵدانی نەزلهێزەکان و نە کاراکتەرە ناوچەیەکانیش هەڵنەخڵەتێ، بەڵکو تەنها سیاسەتێکی کوردانەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی چێ بکات، کێیان سوود و قازانجی زیاتری بۆ کورد پێبوو لەگەڵیدا بێت بۆ تاکتیك نەك تاسەر،خۆنەبەستنەوە بە کۆنکرێتی لەگەڵ هیچ لایەکدا و تێکەڵ نەبوونی قوڵ لەگەڵ هیچ بەرژەوەندیەکدا و ڕاوەستانە لە پێگەیەکی وەك یەك لەگەڵ هەمواندا، کورد ناتوانێت بەرگری تاسەر لەخۆی بکات لەبەرامبەر هیچ کام لەو هێزانەدا هەربۆیە پێویستی بەپشتیوانیەکی بەردەوام هەیە کە بەپێی بەرژەوەندی خۆی بیانگۆڕێت، لە ولاّتانی زلهێز و ناوچەکەش و هەموو هێلکەکانی نەخاتە یەك سەبەتەی دیاریکراوەوە، کورد ناتوانێت هەڕەشە لەهیچ کامیان بکات و توندبێت لەگەڵیاندا هەربۆیە دەبێت تەنها ڕێگای گفتوگۆو لێکتێگەیشتن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و دۆستایەتی هەڵببژێرێت.

کورد تەنها بەیەك و یەکگرتوویی هێز و توانا و ڕێکخستنی نێوماڵی خۆی و چەسپاندنی یەکێتی و متمانە لەنێو ماڵی خۆیدا دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم ئاڵنگاریانە ببێتەوە و لەکاتی ڕوودانی بەریەك کەوتنی گەرم لەنێوان ئەم جەمسەر و زلهێزە دونیایی و ناوچەییانەدا بتوانێت تابۆی بکرێت خۆی لەشەڕ و ئاگریان بپارێزێت، تا موعجیزەیەك ڕوودەدات لە هاوکێشە و بەلاّنسی هێزەکاندا و دەتوانێت بەقازانجی خۆی ئەم شکستانەی بۆ سەرکەتن و دەسکەوتی زیاتر بگۆڕێتەوە.

کورد بەناچاری و بەبێ ویستی خۆی کەوتۆتە ناو ئەو مەنجەڵەی کە پێی دەوترێت ڕۆژهەلاّتی ناوین و لەئێستاشدا لەسەر ئاگرێکی هێمن دەکوڵێت و هەرکات گەیشە ئاستی هەڵچون و تەقینەوە گەرەکە کورد زیرەك و لێزانانە فریای خۆی بکەوێت،چونکە دەرکەوت کە کورد دۆستی ڕاستەقینەی نیە و هەموان ناحەز ودژین،جا ئەمەش لەلایەك بۆ بێبەڵێنی ناحەزەکان دەگەڕێتەوەو لەلایەکیش بۆ گەمژەیی و نەفامی کورد و هەڵە خوێندنەوەی هاوکێشە و هێزەکان دەگەڕێتەوە لەهەڵبژاردنی دۆستەکان و لایەنە سەرکەوتوو بەهێزەکانی گەمەی ناوچەکەدا. بەلاّم ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کە کوردیش پەندو عیبرەت لە ڕابووردووی خۆی وەربگرێت و چانس و کارتەکانی خۆی وەك مەسەلە و نەتەوە و نیشتیمان بەفیڕۆ نەدات و ئایندەشی نەکاتە قوربانی خواست و ویستی ناڕەوای سەرکردە و کەس و پارتە سیاسیەکانی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و سپی میدیا و شەن پرێس و ئاراستە و مەکتەب ڕێکخستن و pukmedia وکوردمیدیا لە ڕێکەوتی ١٠/١١/٢٠١٧دا بلاّوکراوەتەوە.

## شانشینی ئال سعود
## لەبەردەم قۆناغی خۆرئاوابونی دەسەڵاتیاندا !*

- ئەوەی ئاشکرایە شانشینی سعودیە تەمەنی لە ئێستادا ٨٥ ساڵ تەواو دەکات کاتێك لەلایەن شا عەبدول عەزیزی دامەزرێنەرەوە لە ٢٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٢دا توانی سەرجەم خاکی نەجد و حیجاز و تائیف لەلایەك ڕزگاربکات لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیسلامی بە هاوکاری و پشتیوانی ئینگلیزی مەسیحی و لەلایەکی تریشەوە زاڵبوونی ئال سعود بەسەر هەموو بنەماڵە و خێڵ و ڕکابەرە سیاسیەکانیان لە بنەماڵەی شەریفی کوڕی حوسەین و ئەوانی تردا،و بۆخۆیان بونە باڵادەست و دەسەڵاتداری یەکەمی ئەم شانشینە و توانی شانشینی سعودیە دابمەزرێنێت لەدوای یەکگرتنەوەی هەموو خاکەکەی.
- ئیدی لەو ساتە وەختەوە تاکو ئێستا و بەدرێژایی تەمەنی شانشینەکە بنەماڵەی ئال سعود کۆنترۆڵی هەموو جومگە و ئۆرگانە گرنگ و هەستیارە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ئەو وڵاتەیان خستۆتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئەندامانی بنەماڵەیان دابەشکردۆتە سەر هەموو ناوچەکان و لەسایەی سیاسەتێکی ئاینی و مەزهەبی سەلەفی دواکەوتوو کۆنەپارێزی وەهابیەتەوە و بەناوی زیندووکردنەوە و پارێزگاریکردن لە پێشینە صاڵحەکانی ئیسلام(( سلف الصالح)) ئەوپەڕی توندیان نواندوە لەسەپاندنی بنەما فکری و ئاینی و مەزهەبیەکانی خۆیان و بەشێوەیەك سعودیەیان کردۆتە سەرچاوەی توندڕەوی ئاینی ئیسلام و هاندان و پشتیوانی زۆرێك لە گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکان لە جیهاندا بەهۆی دەوڵەمەندی و زۆری داهاتی نەوت و جێگە پیرۆزەکانی مەکە و مەدینەوە، نمونەی ئەو گروپانەش وەك ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن و تاڵیبانی ئەفغانستان و موجاهیدەکان لە پاکستان و کشمیر و داعش و بەرەی ونوصرە و زۆری تر کە هەریەکەیان بەناوی جیاوازەوە لە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامیدا بڵاوبونەتەوە و کاری تیرۆر و تۆقاندن ئەنجام دەدەن، لەلایەك بەناوی جیهادی پیرۆزەوە دژ بە نا موسوڵمان و حوکمڕانە تاغوتە ئیسلامیەکان و لەلایەکی تریش بەناوی وەستانەوە دژی هەڵکشان و گەورەبون و تەشەنەکردنی مەزهەبی کەمینەی شیعی وەك ڕکابەری سەرەکی مەزهەبی زۆرینەی سونە لە ئیسلامدا کە لەلایەن ئێرانی مەجوس و فارسیەوە ڕابەرایەتی دەکرێت و لە ئێستادا بۆتە مەترسی هەرە گەورە بۆ سەر نفوز و پێگە و دەسەڵاتی ئال سعود لە ناو خودی سعودیە و ناوچەکە و دونیای ئیسلامیشدا.

ئاشکرایە کە ململانێی توند و خوێناوی شیعە و سونە مەزهەبەکان بەقوڵایی مێژووی ئیسلامی ١٤٠٠ ساڵەیدا قوڵبۆتەوە و ڕەگی داکوتاوە و ئەستەمە بەسانایی کۆتایی بێت.

- شانشینی سعودیە بەم هەموو ململانێ ناوخۆییەی کە هەیەتی لەناو خودی بنەماڵە و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای سعودیدا لە سونە و شیعە و بێباوەڕانیش و جۆری سیستەمی حومڕانی داخراو و کۆنە پارێز و لەگەڵ بون و بەردەوامی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و دارایی و سیاسی و سەربازی، بڵاوبونەوەشی لەناو خودی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و دواتریش بۆ هەموو ئۆرگانەکانی وڵات و دەوڵەتدا و دەوڵەمەندبوونی دەستە و گروپ و چینێکی دیاریکراو لەبنەماڵەی فەرمانڕەواو هەژارکەوتنی چینێکی گەورەتری کۆمەڵگای سعودیە سەرەڕای بوونی سەروەت و سامانێکی سروشتی لەو وڵاتەدا بەتایبەتیش نەوت و غازی سروشتی کە سعودیە یەکەمین وڵاتی بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوتە لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی دونیاشدا دووهەمینە و ڕۆژانە زیاد لە ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم دێنێت.بەڵام بەهۆی دەستگرتنی دەستە و گروپێکی مافیایی بەسەر توانا و وزەی ئەو وڵات و کۆمەڵگایەدا و بونی گەندەڵیەکی گەورە سعودیە وەك چاوەڕوان دەکرێت ناتوانێت بۆ چەند دەیە ساڵێکی تر لەسەر ئەم ڕێتمی حوکمڕانیە بەردەوام بێت کە خۆی دەنوێنێت لە پشتاوپشتکردنی دەسەلات لەنێوان ئەندامانی خێزانی شاهانەی پیر و بەتەمەنەکاندا کە لەگەڵ پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا و گۆڕانکاریە نوێکان و نەزمی نوێی جیهاندا وێکنایەنەوە و توانای وەرگرتن و بەرەوپێشبردنی شانشینی

سعودیەیان نیە ، بۆیە لەهەنگاوێگی چاوەڕواننەکراو و دەرچوو لە عورف و عاداتی هەشتاساڵەی بنەماڵەی فەرمانڕەوا و دوای کۆچی شا عەبدولاّ و هاتنە سەر حوکمی شا سەلمان یەکسەر و ڕاستەوخۆ و بەدڵنیایی لەدوای ڕاوێژ و ئامۆژگاری و فشاری دونیای دەرەوە بەتایبەتی ئەمریکی و ئەوروپیە دۆستەکانیان،شا سەلمان لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا کۆمەڵێك بڕیاری گەورە و گرنگ و هەستیاری دەرکرد لە گۆڕانکاری وەزیر و پۆست و پلە گرنگەکان و لەناویشیاندا لابردنی جێنشینی خاوەن ئەزموون و پیاوی شارەزا لە بواری ئەمنیدا محمد کوڕی نایفی برازای و هێنانە پێشەوەی کوڕەکەی خۆی محمد کوڕی سەلمانی تازە پێگەیشتووی تەمەن ٣٢ساڵ و کردنی بەجێنشینی خۆی و پێدانی چەند پۆست و دەسەلاّتێکی گەورە و گرنگ وەك وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆك وەزیران و سەرکردەی هێزی نیشتیمانی و پاسەوانی پادشایی و لێپرسراوی مەلەفی ئابوری و ئەمنی و زۆری تر. کە بەشێوەیەك لە ئێستادا ئەو بۆتە شا و بڕیاربەدەستی کۆتایی شانشینی ئال سعود و وەك پێشبینیش دەکرێت بۆئەوەی بەتەواوەتی ئامادەی بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی پادشای سعودیە شا سەلمان لە هەنگاوێکی دژە باودا خۆی دەستلەکاربکێشێتەوە بۆئەوەی محەمەدی کوڕی ببێتە پادشا و ئیدی کۆتایی بەنەریتی کلاسیکی ئاڵوگۆڕی دەسەلاّت بهێنێت و بیکاتە فەرمانڕەوای ڕەها لە سعودیەدا.وەك دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە ئەنجام بدرێت.

- شازادە محمدی کوڕی شا سەلمان گەنجێکی وەك دەوترێت بەتوانا و وزەی گەورەیە و تاڕادەیەك لەماوەی ڕابووردوودا توانیویەتی توانا و لێهاتوویی خۆی پیشان بدات و پەیوەندیە ناوچەیی و عەرەبی و ئەوروپی و ئەمریکی و ڕوسیەکانی گەشە پێبدات و خۆی بکاتە دۆست و پشتیوانیی ئەوانیش بەدەستبێنێت، شازادە محمد کاریگەری بنەماڵەی زایدی ئیماراتی لەسەرە و بەتایبەتیش جێنشینی ئیمارات شازادە عەبدولاّی کوڕی زاید کە هاوتەمەن و هاوڕاو و زۆر نزیکن لەڕووی فکر و کردارەوە و ئەویش لە ئیماراتدا ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی ولاّتەکەیدا.
- شازادە محەمەد لەدەرەوەی سعودیە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە وەك وەزیری بەرگری سەرکردایەتی بەرەیەکی عەرەبی ئیسلامی سەربازی دەکات دژ بە حوسیەکانی یەمەن ،هەرچەندە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستنەهێناوە بەلاّم توانیویەتی بەر بە گەورەبون و پێشکەوتنیان بگرێت کە بونەتە مەترسی ڕاستەقینە لەسەر سعودیە و ئاشتی و ئارامیەکەی.هەروەها خاوەنی پرۆژەی گەشەداری ئابوری گەورەیە کە تاساڵی ٢٠٣٠ بەنیازە جێبەجێی بکات ، ڕووی لە ئازادکردنی ئابوری و بازاڕە و تەنانەت بوار و کەرتی نەوتیش بەدەر نیە لەو بەرنامەیە کە ئاشکرایە نەوت و داهاتەکەی تاکە سەرچاوەی گەورەی ئابوری سعودیەن و لە سەر ئاستی کۆمەلاّیەتیش هەڵگری بیر وباوەڕی کراوەنەوەی زیاتری کۆمەڵگا و خاوکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوە ئاینیەکانە و لایەنگری پێدانی ئازادی زیاترە بەتاکی سعودی لە پیاوان و ژنان و ڕێگەی داوە کە ژنان ببنە شۆفێر و لێخوڕی ئۆتۆمبێل کە تائێستا لەکارە قەدەغە و حەرامکراوەکان بوە و لایەنگری کرانەوەی بواری پەروەردە و فێرکردنیشەو لایەنگری لابردنی فکری توندڕەویە لە بەرنامە و مەنهەجی خوێندندا.
- جا لە پێناو سەرخستنی ئەم ئاوات و خواست و بەرنامانەدا پێویستی بە چەسپاندنی زیاتری دەسەلاّتەکەی دەبێت بۆئەوەی ببێتە پیاوی یەکەمی بێڕکابەر و ئەمەش گەرەکە کە بەپلەی یەکەم دژی گەندەڵی و گەندەڵکارانی ناو بنەماڵەی شاهانە و دەستەبژێری حومڕانی و دەوڵەمەند و سەرمایەدار و خاوەن پۆستە تایبەتیەکان بوەستێتەوە،هەربۆیە لە ڕێکەوتی شەمەی ٤ی نۆڤەمبەرەوە دەستی کردوە بە ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی چاکسازی و لێپرسینەوە لەگەندەڵکاران و لەو کاتەوە تائێستا ١١ شازادەی بنەماڵەی شاهانە کە لەناویاندا وەلید کوڕی تەلال سەرمایەدار و ملیاردێری بەناوبانگی جیهانی هەیە و ٤ وەزیر و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و سەرمایەدارانی ئەو ولاّتەی دەستگیرکردوە و خستونیەتە ژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەوە و بلۆککردنی ١٧٠٠ حسابی بانکیشی ئەنجامداوە . لە سەر ئاستی دەرەکیشدا کۆمەڵێك مەترسی و ئالنگاری ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەر لە حوسیەکانی یەمەن بە پاڵپشتی

ئێران و ناکۆکیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی قەتەری دراوسێدا و لەگەڵ ئێران و عێراق لە ناوچەکەدا و تەنانەت تورکیا و میسر و و ئسیرائیلیش .

- تائێستا لەناوخۆی وڵاتدا دەستخۆشی و بەگەرمەوە پێشوازیکردنی لەم هەنگاوانەی شازادە محەمەد کراوە و زۆرینەی کۆمەڵگای سعودیە بەدەستپێکی قۆناغێکی نوێی کرانەوە و بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی زیاتری لێکدەدەنەوە و لەسەر ئاستی ناوچەکە و زلهێزەکان و دونیای دیموکراسیشدا پێشوازی گەرمیان لێکردوە.
- **بەڵام ئەم هەنگاو وخواست و بەرنامە خۆشخەیاڵیانەی ئەم شازادە گەنج و کەم ئەزمون و خۆسە پێنەی شانشینی سعودیە ،ئایا دەکرێت ببێتە فریادڕەسی ئێستا و ئایندەی شانشینەکە؟ یان دەبێتە هۆکارێك بۆ زووتر و خێراترکردنی هەنگاوەکانی لێکهەڵوەشان و نەمان و بچوکبونەوەی پێگەو نفوزی شانشینەکە لەناوچەکە و دونیاشدا؟ ئایا ئەم هەوڵ و پاوانخوازی و خۆسە پێنیەی ئەم شازادەیە نابێتە هۆی سەرەتایەك بۆ کۆتاییهاتنی یەکجارەکی دەسەلاتی ٨٥ ساڵەی بنەماڵەی ئالسعود؟ ئایا هەموو ئەم گۆڕانکاریانەی بە سانایی بۆ دەچێتە سەر؟ یان ڕووبەڕووی دژایەتی و مقاوەمەتی ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە دەبێتەوە بۆ ڕێگریکردنی؟**
- بۆیە هەموو ئەگەرەکان ڕێگەیان تێدەچێت و کراوەن و دەکرێت وەك گریمانەیەکی مەترسیداریش لێیان بڕوانرێت،لەکاتێکدا گۆڕانکاریەکان و پێشهات و ململانێ سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ناوچەکە ڕۆژ بەڕۆژ گەرمتر و توندتر دەبن کە هەموانیان پێکەوە دەبنە مایەی تەقینەوەی بارودۆخەکە بەرەو خراپتربون و تێکچوون و فەوزا و بێسەروبەری زیاتر کە ئەمە تەنها کۆمەڵگا و گەلان و دەسەلاتدارانی ناوچەکە زیانی لێدەکەن و لە پێش هەموانیشەوە بنەماڵەی ئالسعود کە لە ئێستادا گیرۆدەی لێکترازان و لێکهەڵوەشان و ململانێی ناوخۆیی بنەماڵەیی بونەتەوە بەشێوەیەك باس لە هەڵهاتنی هەندێك لەشازادەکان دەکرێت بۆ ئێرانی دوژمنی سەرسەختی ئال سعود و دەسەلاتەکەیان و بەهەمان ئەزمونی ساڵانی شەستەکاندا تێپەڕ دەبن کاتێك کۆمەڵێك لە شازادەکانی بنەماڵە و لەناویشیاندا باوکی وەلیدی ملیاردێر پەنایان بردە بەر عەبدولناصر لە میسر بۆ دژایەتیکردنی دەسەلاتداری سعودیە لە سەردەمی شا فەیسەڵدا.ئەوکات توانرا بەحیکمەت و ژیری بیرمەندان و خاوەن ئەزمونی بنەماڵەکە سەربکەون بەسەر ئەو تێکچوون و لێکدابڕانەی ناو بنەماڵەی شاهانەدا،بەڵام لە ئێستادا و لەئەنجامی ئەم سەرکێشی و خوێنگەرمی و لەخۆباییبونەی شازادە محەمەدەوە و نەمانی حەکیمەکانی بنەماڵە لەدەسەلاتدا مەترسی زۆر هەیە لەسەر زیاتر تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی یەك و یەکگرتوویی بنەماڵە و دواتریش تەواوی دەسەلاتی ٨٥ ساڵەی ئال سعود. گەر هەندێك پێیان وابێت ئەم قۆناغە هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێیە بۆ شازادە محەمەد ئەوا بەدڵنیای قۆناغی خۆرئاوابونی دەسەلات و یەك و یەکگرتوویی ئال سعود دەبێت .کەبۆخۆشی ئەم ڕووداوە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر تەواوی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە و تێکدانی پلان و بەرنامەی زلهێزەکان و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لەداگیر و دابەشکردنەوەی ناوچەکە بۆ ١٠٠ ساڵی ئاینده.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و شەن پرێس و pukmedia و وتاری کورد و سبەی و ئاڕاستە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/١٥دابلاوکراوەتەوە.

## ساڵی ۲۰۱۷ ساڵی ناسۆر و کارەساتەکان *

- بەداخ و کەسەرێکی گەورەوە کە مێژووی خەباتی کوردایەتیمان و مێژووی نەتەوەکەشمان بەدرێژایی هەزاران ساڵە، هەر بەرەشی و تاریکی و بێئومێدی ماوەتەوە و گەر بۆ ساتێکی مێژوویی کورتیش بەخت یاوەرمان بوبێت ئەوا تاسەر و بۆ ماوەیەکی درێژ نەبوە، هەربۆیە گەر لاپەرەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە بەشی هەرە زۆری ناسۆر و کارەسات و شکست و خۆخۆری و ململانێی نارەوای ناوخۆیی لەسەر پۆست و پلە و ئیمتیازات و دەسەلآتێکی کاتی بوە، نەك لە پێناو نەتەوە و نیشتیماندا بوبێت وەك لاپەرەیەکی گەش و رۆشن.

راستە ئەم مێژووەی کورد سەرتاپای بەدەست و پلانی کورد خۆی نەخشی نەکێشراوە و بەشی هەرە زۆری لەلایەن دوژمنان و داگیرکارانی کورد و کوردستانەوە پیلانی ناحەزانەی بۆ دارێژراوە و کوردستانیان داگیر و دابەشکردوە لەم ناوچە گرنگەی رۆژهەلآتی ناویندا،کە بۆخۆی وەك نەفرەتێکی ئەزەلی گیرۆدەی شەر و کوشتار و نائارامی بۆتەوە.

هەڵکەوتە و پێگەی جیۆسیاسی کوردستانیش هۆکاریکی زەقی ئەم نەفرەتی داگیر و دابەشکردنەی کوردستانە و کورد بۆخۆشی پێدەچێت لەئاست لێپرسراوێتی قۆناغەکان و گۆرانکاری و پێشهاتەکاندا نەبوبێت و نەیتوانیبێت ئیدارەی ململانێ و پەیوەندیە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکان بکات ، جا ئەوەش یان لە نەزانین و بێئاگاییەوە بوە یان دوژمنان کوردیان فریوداوە و خاوەنی بەڵێنی خۆیان نەبونە و کوردیش بۆخۆی نەیزانیوە چۆن دۆست و دوژمنەکانی دیاریبکات و هەڵیانبژێرێت.

کورد لە ئێستادا و لەم ساڵی ۲۰۱۷ی سەدەی بیست ویەکەمەدا مێژوە رەش و تاڵەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە ، ساڵی۲۰۱۷ وەکو هەمووساڵەکانی پێشخۆی ساڵێکی بە جەفاو وشك و بێ خێر و خۆشی بوو ،چونکە:

- ساڵی دورینەوەی تەمەن و ژیانی چەندین لە سەرکردە و رابەرە کاریزما مەزنەکانی گەلەکەمان بوو.
- ساڵی داگیرکردنەوەی ٥١٪خاکی کوردستان و قەتیسکردنەوەی دەسەلآتەکانی بوو کە بەخوێن و فرمێسکی هەزاران شەهید و بریندار رزگارکرابونەوە لە ساڵی ۲۰۱٤وە.
- ساڵی بەردەوامبوونی قەیرانە دارایی و ئیداری و سیاسی و ئابوری و ئەمنی و خزمەتگوزاریەکانیشی هاتۆتە سەر و کوردستان لەم بەشەی باشووردا بە ناسۆرترین و جەرگبرترین چرکە ساتەکانی مێژووی خۆیدا تێپەردەکات.
- ساڵێکی پر لەکاولکاری و دارمانی ئاوەدانی و ژێرخانی ئابوری و گەرانەوەی دۆخی سیاسی بۆ دەیەها ساڵی تر بۆ دواوە بوو.
- ساڵی روودانی کارەساتی سروشتی ((بوومەلەرزە)) لە کرماشان و سەرپێڵی زەهاو و جوانرۆ و گەرمیان وهەڵەبجە و دەربەندیخان و سلێمانی و کەرکوك و ...هتد.و زیان گەیاندن بە کوردو کوردستان بوو.
- ساڵی سەرهەڵدانی بێئومێدی و چارەرەشی لە ئاینده،لەئەنجامی هەڵەی سیاسی و بریاری کوشندە و ناراستی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە و پەرتکردنی ریزەکانی نێومالّی کورد خۆی وتێکدانی پەیوەندیە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە بوو.

لەکاتێکدا کە کورد و مەسەلەکەی لەم چەند ساڵەی رابووردوودا زۆر گەشەیان کردبوو و گەورەببون و لەهەموو کۆرو کۆبونەوە نێودەوڵەتیەکاندا بەگەرمی باسیان لێوەدەکرا و بەچاوێکی رێزیشەوە تەماشای خەبات و قوربانیەکانی کوردیان دەکرد، لەرووی ئیدارە و دەسەلآتیشەوە مامەڵەی دەوڵەتێکی سەربەخۆمان دەکرد نەك هەرێمێکی بچوکی نێو دەوڵەتێکی فیدرالّی ،بەلآم لەلایەك بەهۆی هەڵە خوێندنەوەی هاوکێشە و گۆرانکاریە سیاسیەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی عینادی سیاسیەوە هەموو دەسەلآت و دەسکەوتەکانی ۲٦ ساڵی حوکمرانیمان لەدەستداو گەراینەوە بۆ دەسەلآت و سنوری ساڵی ۱۹۹۱.

بۆیە بەهەق ساڵی ٢٠١٧ لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا یەکێکە لە ساڵە بەجەفا و کارەساتبار و کاولکاریەکان و هیچ کات ئومێدی پێناخوازین و هەرگیز ناڵێین خۆزگەمان بەساڵی ٢٠١٧ وخواخواشمانە هەرچی زووتر هەیە ئەم ١٥ ڕۆژەی کەماوە بەزوویی بەجێمان بهێڵێت و بەرۆکمان بەربدات تاکارەساتی گەورەتر و جەرگبڕترمان بەسەردا نەهێنێت.

بەهیوای ئەوەی ئەم شکست و کارەساتانەمان زۆر درێژە نەکێشێت و ئەم نسکۆیەشمان بگۆڕینەوە بەسەرکەوتن و هەستانەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا.

ساڵی دادێ ساڵی ٢٠١٨ ساڵی ئومێد و گەشانەوە و خۆشگوزەرانی و یەك و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد بێت. ساڵی نەمانی قەیران و ترس و بێئومێدی بێت، ساڵی هەستانەوە و خۆنوێکردنەوەی کورد بێت لەو گلانە سیاسی و سەربازی و ئابوریەی کەبەسەر خۆیدا هێنای.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس و ئاڕاستە و pukmediaو وتاری کورد و کوردمیدیا و سپی میدیا و سبەی وکوردسات نیوز ومەکتەب ڕێکخستن و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە٧٣٦لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/١٢دا بلاٌوکراوەتەوە.

## خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران بەرەو کوێ؟*

- ئاشکرایە وڵاتی ئێران وڵاتێکی پانوپۆڕ و فراوانە لە ڕووی جوگرافیا و لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەکەشیەوە بەهۆی ئەو فراوانیەوە لە چەندین  پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی جیاواز پێکهاتوە هەر لە فارس و کورد و عەرەب و بەلوش و تورکومان و ئازەری و ...هتد. لەگەڵ ئاینەکانی زەردەشتی و یەهودی و مەسیحی و ئیسلام و صابئی و بەهائی و..هتد. و ئەمانەش هەریەکەیان دابەشبونەتە سەر مەزهەبی جیاواز ،کە لەئێستادا و لەسایەی دەوڵەتی داخراو و قەتیسی ئاینی ئیسلامەوە کە پێڕەوی مەزهەبی توندڕەوی شیعی وبنەمای وەلی فەقێ دەکات لە حوکمڕانیەکەیدا کە  نادیموکراسیترین و داخراوترین سیستەمی حوکمڕانیە لە ئیسلامدا،هەربۆیە هەمیشە ئێران وەك وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەب بێ کێشە و گرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نەبوە،هەرچەندە وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامانە سروشتیەکان لە نەوت و غازی سروشتی و ..هتد.بەڵام بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراسی و یەکسانی و دادپەروەر هەرگیز نەتوانراوە ئەو سەروەت و سامانە زۆروزەوەندە بخرێتەخزمەتی ئاوەدانی وڵات و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانیەوە.
- شێوەی حومکڕانی لە ئێراندا لەسەرەتای دەستپێك و دامەزراندنی دەوڵەتی فارسیەوە پێش دەستپێکی مێژووی زاینی و تائێستا سیستەمێکی پادشایی و شاهەنشایی  بوە تا ساڵی ١٩٧٩ کە شۆڕشێکی بەناو ئیسلامی ڕوویدا و بۆ دواجار کۆتایی بەو سیستەمی حوکمڕانیە هێنا دوای ٢٥٠٠ ساڵ. ئێران هەمیشە لەلایەن بنەماڵە دەسترۆیشتوەکانەوە حوکمکراوە و ئەوانیش بەپێی سیستەمی پاشایەتیەکە بۆ چەندین دەیە ساڵ حومڕانیان کردوە و هەمیشەش لە سایەی بەکارهێنانی سیاسەتی ئاگر و ئاسن خۆیان سەپاندۆتە سەر ئیرادەی گەلانی بەش مەینەتی ئێرانی.بۆیە هەمیشە سیمای کۆمەڵگای ئێرانی بریتی بوە لە برسێتی و هەژاری و دواکەوتویی سەرەڕای دەوڵەمەندی فەرهەنگ و کەلتور و سەروەت سامانە سروشتیەکەی.هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی سیاسەتی خۆسەپێن و چەوساندنەوە و زوڵم وزۆر و برسیکردن و قەدەغەکردنی ئازادیەکان بوە.
- هەربۆیەش وەك پەرچە کردارێکی مێژوویی هەمیشە گەلانی ئێران ڕوویان کردۆتە بەر مقاوەمەت و شۆڕش و خۆپیشاندانەکان بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی حوکمڕانیەکانیدا، گەورەترین و کاریگەرترین شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە سەدەی بیستدا بریتی بوە لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەڕابەرایەتیکردنی ئیمام خومەینی دژی حوکمڕانی ٣٦ ساڵەی حەمەڕەزا شای ئێران  لەساڵی ١٩٧٩دا. کە لەسەردەمی خۆیدا دەنگ و سەدایەکی گەورەی نایەوە لە ناوچەکە و دونیادا،لەلایەك بەهۆی سەرەونگومکردنی دۆستێکی نزیکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و لەلایەکی تریشەوە هاتنە سەر حوکمی سیستەمێکی ئیسلامی بەڕواڵەت دژ بە ئەمریکا و ئیسڕائیل و ڕۆژئاوا  و ناوهێنانیان بە ((شەیتانی گەورە)) و تەنانەت ڕۆژهەڵاتیش  و بەرزکردنەوەی دروشمی((نە ڕۆژئاوا و نە ڕۆژهەڵات تەنها کۆمارێکی ئیسلامی ئێرانی)).

ئاشکراشە ئێران پێگەیەکی جیۆسیاسی و ئابوری زێدە گرنگی هەیە لەناوچەکەدا(( ڕۆژهەڵاتی ناوین و کەنداوی فارسی _عەرەبی )) و شکانەوەی بەلای هەر لایەکدا ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات ئەوا کاریگەری گەورەی دەبێت یان وەك وڵاتێکی سەربەخۆی گەورە و بەهێز دەتوانێت نفوز و هەژموونی خۆی بسەپێنێت.هەربۆیەش ڕوخاندن یان گۆڕانی ڕیشەیی لە پێکهاتە و دەسەڵات و قەوارەی ئێستای ئێراندا دەبێتە هەژانێکی گەورە لەناوچەکە و دونیاشدا و هەندێك قازانجی لێدەکەن و هەندێکی تریشیان زیان، کورد بەشێوەیەکی گشتی قازانجی لێدەکات بەڵام بێ مەترسیش نیە لە ئایندەدا،چونکە گڕی ئاگری هەڵایساو لە ئێراندا پێدەچێت دەستوپەنجەی زۆرێکی پێوە بسوتێت و درێژەش بکێشێت

و بە ئاسانی و لەماوەیەکی کورتدا دانەمرکێتەوە،بەتایبەتیش کە ئەم خۆپیشاندانانە سەرکردەیەکی کاریزما و حیزبێکی سیاسی پێشڕەوی ناکات.

- لەئێستاشدا و دوای ٣٩ ساڵ لە حوکمڕانی ئەم سیستمە ئیسلامیە،جارێکی تر گەلانی ئێران بێ جیاوازی تورەیی و بێزاری و ناڕازی بوونی خۆیان دژ بەم دەسەڵاتە خۆسەپێن و مەزهەبی و داخراوەی وەلی فەقێ دەرخستەوە و ماوەی ٥ ڕۆژە بەردەوامە و زیاد لە ٦٠ شاری گەورە بەشدارن و ڕاپەڕیون و کوژراو و بریندار و بەندکردنی زۆری لێکەوتۆتەوە و دەستیانداوەتەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بەهەمان شێوەی ٣٩ ساڵ لەمەوبەر کاتێك دژی حەمەڕەزای شای ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان.
- شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حەمەڕەزای شای ئێران نزیکەی ٢ ساڵی خایاندوە ، تا لەکۆتایدا بەڕووخاندنی حوکمڕانی شا و لەگۆڕنانی حوکمی شاهەنشاهی لە ئێراندا تەواو بوو. بەم جۆرە:

١. لە مانگی ١٩٧٧/١٠ بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانی جەماوەری دەستی پێکرد.
٢. لەمانگی ١٩٧٨/١ خۆپیشاندانەکان فراوانتر و گەرموگوڕتر بوون و تەواوی گەلانی ئێران بەشداریان تیادا کرد.
٣. لە مانگی ٨ و ١٩٧٨/١٢ وڵات بەتەواوەتی توشی شەلەل بوو لەبەر خۆپیشاندانەکان.
٤. لە ١٩٧٩/١/١٦ حەمەڕەزا شا وڵاتی بەجێهێشت لە ژێر فشاری خۆپیشاندانەکاندا.
٥. لە ١٩٧٩/٢/١ خومەینی لە مەنفاوە لە فەرەنساوە گەڕایەوە بۆ ئێران و ملیۆنان کەس پێشوازیان لێکرد.
٦. لە ١٩٧٩/٢/١١ دوای ١٠ ڕۆژ، کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی لە ئێراندا هات وشۆڕشی بەناو ئیسلامی ئێران سەرکەوتنی ڕاگەیاند.

بەم جۆرە خۆپیشاندانەکانی پێش ٣٩ ساڵ بەر لە ئێستا بە (( خۆپیشاندان ، مانگرتن ، مقاوەمەتی مەدەنیانە)) دەستیان پێکرد و سەریشکەوتن بەسەر بەهێزترین حوکمی ئەوکاتەی ئێران لە ناوچەکەدا.

- هۆکارەکانی ئەو شۆڕشەی ٣٩ ساڵ بەر لە ئێستا ڕوویدا:

١. ڕووکردنی شا بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا و پەیوەندیە بەهێزەکانی لەگەڵ ئیسڕائیلدا.و پشتکردنی لە داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران.
٢. تورەیی جەماوەر لە حوکمی حەمەڕەزا شا.
٣. نەفیکردنی خومەینی بۆ مەنفا.
٤. زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی گەلانی ئێران.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا هەمان هۆکارەکان دروستنەبوون و سەریانهەڵنەداوەتەوە لەلایەن گەلانی ئێرانەوە دژی سەرانی ڕژێمی ئێستای ئێران؟ ئایا ئەم ڕژێمەی ئێستا لە ڕژێمی شا بەهێزترە؟ حەمەڕەزا شا ماوەی ٢ ساڵ خۆی ڕاگرت،ئەی ئەم ڕژێمە دەتوانێت چەندە خۆی ڕابگرێت؟

وەڵام ، بەڵێ هەمان هۆکارەکانی ٣٩ ساڵ بەر لە ئێستا بە توندترین شێواز بونیان هەیە و هۆکارێکی زۆر جدی تریش کە ئەم ڕژێمەی هێندەی تر بێزراو کردوە لەبەردەم گەلانی ئێراندا بریتیە لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی ئێران و دەستوەردانی بەردەوامێتی لە کێشە و کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە لە (( لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و بەحرەین و ...هتد)) و هەوڵدانێتی بۆ فراوانکردنی نفوز و پێگەی خۆی کە ئەمەش بۆتە بارگرانیەکی گەورە بۆسەر ژیان و گوزەران و داهاتی هاوڵاتیانی ئێرانی، هەربۆیە گەلانی ئێران بێ جیاوازی تورە و ناڕازین لەم ڕژێمە ئیسلامیە، ڕەنگە ئەم ڕژێمە بە ڕواڵەت و بوونی چەك و تەقەمەنی و هێز (( تەنانەت ئەتۆمیش)) بە بەراوورد بە ئێرانی

پێش ۳۹ ساڵ بەهێزتر بەرچاو بکەوێت ، بەڵام نارەزاییبونی جەماوەر لەناوخۆ و بوونی ململانێی سیاسی نێو باڵەجیاوازەکانی حوکمڕانی لە ئێراندا (( کۆنەپارێز و ریفۆرمخوازەکان)) هۆکارن بۆ لاوازبوونی و خۆ ڕانەگرتنی ئەم ڕژێمە، بۆیە بەدڵنیایی سووربون و بەردەوامبوونی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی گەلانی ئێران کەماوەی ٤-٥ ڕۆژە دەستیان پێکردوە،دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئێران و ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە لانی کەم بۆ هەرێمەکانی ((فارسی و کوردی و عەرەبی و بەلوشی و تورکومانی و ئازەری))وەك شەش پێکهاتەی نەتەوەیی گەورە و فراوان و خاوەن داواکاری و مافی رەوای نەتەوەیی خۆیان. چونکە بەپێچەوانەی حەمەڕەزا شاوە زۆر تەریك و بێ پشتیوانە لەناوخۆ و دەرەوەشدا، و ململانێی توندیش هەیە لەناو سەرانی حوکمڕاندا.

بۆیە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە ڕاستە ئاسان و کاری هەفتە و مانگیش نیە،بەڵام بەردەوامبونی جەماوەر بەم شێوەیەی ئێستا ئەنجام هەر بە ڕووخاندن و ڕزگاربوونی گەلانی ئێران لە زوڵم و چەوساندنەوە و برسێتی سەردەردەکات. پێدەچێت دوای ۳۹ ساڵ لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و برسیکردن کاتی گۆڕانکاری هاتبێت لە سیستەمی حوکمڕانی ئێراندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس و وتاری کورد و ئاوێنە و ڕاچڵەکین و ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن لە ڕێکەوتی ۲۰۱۸/۱/۳د بڵاوکراوەتەوە.

## حیزبی سیاسی لەنێوان
## زەرورەتی قۆناغەکە و هەڵپەی دەسەلاَتدا !*

- ئاشکرایە دروستبوون و سەرهەڵدانی بیری نوێ وڕەوتی تازە و جولاَنەوە و تاقگەڕی سیاسی نوێ لەکات و ساتی مێژوویدا دێنە دروستبوون و دامەزراندن و زەرورەتی قۆناغەکە دەیسەپێنێت،وەك دەرچەیەك بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان یان گەڕان بەدوای جێگرەوەی نوێدا بۆ کۆنە هەبوەکان لە سەرکردە و پارتی سیاسی و ڕێکخراوی جەماوەری تر.بۆیە ناکرێت لەخۆڕا و بەبێ پێویستبوونی ڕۆژگار و سەردەمەکە و بەبێ بونی داواکاریەکی جەماوەری ڕەوا و پاڵپشتیکردنێکی ڕاستەقینەش بۆ دروستبوونی جولاَنەوە وقەوارە و تاقگەرێکی سیاسی نوێ هەوڵی دامەزراندن یان پێکەوەنانی قەوارەیەکی سیاسی بدرێت،چونکە لەسەر زەمینەیەکی پتەو و کۆنکرێتی جەماوەری و فکری نەهاتۆتە بوون و زیانی زیاتر دەبێت بۆ ئایندە ،چونکە دەبێتە هۆکار بۆ دابڕان و لێکترازانی زیاتری ڕیزەکانی جەماوەر، ئاشکراشە چەندە جەماوەر و کۆمەڵگا یەك و یەکگرتوو بێت هێندە بەهێز و خاوەن ئیرادەی پۆلاَین دەبێت،هەرکاتیش کۆمەڵگا دابەشبوە سەر ڕەوت و بزاڤ و جولاَنەوە و قەوارە و بزوتنەوەی جۆراوجۆری جیاواز و بچوك ئەوا هێندەی تر زیانیپێدەگات و لاواز و بێئیرادەیەکی ڕاستەقینەش دەمێنێتەوە.

بەداخیشەوە دروستبون و دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەلاَتدا بەگشتی و لەکوردستانی خۆشماندا بەتایبەتی بۆتە مۆدیلێکی نوێی قێزەون،چونکە زۆربەیان تەنها لە پێناو دەسکەوتی کەسی و هەڵپەی دەسەلاَت و چنینەوەی دەسکەوت و ئیمتیازات و پلە و پۆستی ناڕەوادا دروست بوون، یان کەسانی تۆراو و بێ جێگە و پێگە ماونەتەوە ،ئەگینا ئەوە چ لۆژیك و ڕەواییەکە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا چەندین قەوارەی سیاسی بەناو سیاسی وەکو قارچك سەرهەڵبدەن و زۆر بەخێرایی کۆنگرەی خۆیان ببەستن و ئۆرگان و دامەزراوە و بارەگا دابمەزرێنن و خۆشیان ئامادەبکەن بۆ زنجیرەیەك هەڵبژاردن لە کوردستان و عێراقدا.زۆربەی ئەم قەوارە و حیزبانە لە ژێر ناوی دیموکراسی و دادپەروەری و کارکردن بۆ ئایندە و نەوەی نوێ و گۆڕان و چاکسازی لە سیستەمی حوکمڕانیدا خۆیان نمایشکردوە،بەلاَم هەموانیشیان لەناو خۆیاندا لەسەر بچوکترین جیاوازی لێکجیادەبنەوە و ناتوانن لەناو یەك بەرەی ئیسلامی یان دیموکراسی یان نەتەوەییدا خۆیان ڕێکبخەن،چونکە هیچکامیان دروشم و مەبەستیان خزمەتکردنی کۆمەڵگا و نەتەوەو نیشتیمان نیە بەڵکو تەنها بەرژەوەندی خۆیان و داروەدەستەکانیانە.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە :کە ئایا ئەم حیزبە سیاسیانە بنەماو بنچینەیەکی ئایدیا و فکری و ڕێباز و ڕچەیەکی دیاریکراویان هەیە؟ ئایا ئەم بەناو ئەندام و لایەنگرانە لەسەر چ خاڵ و تێڕوانین و ڕوئیایەکی هاوبەش کۆبونەتەوە؟ئایاچ زەرورەتێکی هەنوکەیی پاڵپێیوەناون کە ئەم قەوارانە دروست بکەن و سەربەخۆ هاوبەشی کاری سیاسی بکەن و بچنە هەڵبژاردنەکانیشەوە؟ ئایا کوردستان حیزب و قەوارەی سیاسی کەمە؟ ئایا پەند و عیبرەتیان لەو حیزبۆکانەی ڕابووردوو وەرنەگرتوە؟و ئە نجامی بوونی ئەم هەموو حیزبە سیاسیانەش چ دەبێت؟**

بۆ وەلاَمی ئەو پرسیارانە و دەیانی تریش،بریتیە لەوەی کە ئەو حیزب و قەوارە سیاسیانە کە تازە دامەزراون پاڵنەری سەرەکیان بریتیە لە دروستکردنی قەوارەیەك بۆ کەسە یەکەمەکان و بۆئەوەی جێگە و پێگەی لەدەستدراویان بەشێوەیك لە شێوەکان بۆ بگەڕێتەوە و بێبەش نەبن لەو کێکە بەلەزەتەی کە لەم ولاَتەدا هەیە و ئەوانیش بەشی خۆیان بپچڕن، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێك پلە و پۆست و ئیمتیازات بۆ هەندێك لەو لایەنگرانەی کەلێیان کۆبونەتەوە وەدەستبخەن،ئەگینا کە بەدیقەت وورد دەبیتەوە لە پێکهاتە و پەیکەری دامەزراندنی ئەم حیزبانە هیچ جۆرە هارمۆنیەك لە پەیوەندی و پێکەوە گرێدانیاندا نابینیتەوە،چونکە نە یەکێتی فکر و نە یەکێتی کار و پلان پێکیانەوە گرێنادات،تەنها کۆمەڵە کەسانێکن کە بەرژەوەندی ئابوری و دەسکەوت و ئیمتیازاتی سیاسی کۆی کردونەتەوە و خۆیان ڕەگەڵ تورەیی جەماوەردا نزیککردۆتەوە،نەك ڕابەرایەتی بکەن،چونکە جەماوەریش باش لە ماهیەتی هەموانیان تێگەیشتوە و هیچ کامیان لە ئێستادا ناتوانن بە ئەرکی ڕابەرایەتی و پێشەنگی جەماوەر هەڵبستن،هەربۆیەش ئایندەیان ڕوون نیە و ناشبنە

خاوەن جەماوەرێکی ڕاستەقینە و پتەو لەداهاتوشدا،چونکە ئەم قۆناغ و ئەم وێسگە هەستیار و ناسکەی کورد بەم لاوازی و بێهێزی و گەمارۆدراو بە دەیەها مەترسی و ئاڵنگاری هیچ زەرورەتێك نابینێتەوە بۆ دروستبونی حیزبی سیاسی تر،سەرەڕای بوونی ڕەخنە و کەموکوڕی و گەندەڵی و ناعەدالەتی و نایەکسانی و قۆرخکاری دەسەلآت و خۆسەپاندن و تاکڕەوی و تەریککردنی زۆرینەی جەماوەر لەلایەن ئەم دەسەلآتەی ئێستاوە کە هەق وایە گۆڕانکاری جدی تیادا ڕووبدات لە بەرژەوەندی زۆرینەی گەل.

هەربۆیە سەرکەوتنی کاری سیاسی و بەردەوامبونی کایەی سیاسی بەمانای زۆری ژمارەی حیزب و قەوارەی سیاسی نایەتە دی،ئەوەتا وڵاتانێکی گەورە و پێشکەوتوو تەنانەت ڕابەری دونیاش دەکەن کەچی لە ٢ حیزب یان ٣ یان ٤ حیزب تێپەڕ ناکەن بەڵام ئەزمونی کاری سیاسیشیان سەرکەوتوە وەك ئەمریکا و بەریتانیا و تەنانەت ڕوسیاش،هەربۆیە بوونی ژمارەیەکی زۆری حیزبی سیاسی لە کوردستاندا نەك بەمانای تەندروستبوون و سەقامگیری دۆخی سیاسی نایەت بەڵکو دەلالەتیشە لەسەر بونی فرەییەکی بێ مانا و بێ بنچینە لە ڕوئیا و بۆچوون بۆ کاری سیاسی و ئایندەی کوردستانیش،نەك هەرئەوە بەڵکو ئەم ژمارە زۆرەی حیزبی سیاسی بونەتە هۆی زیاتر و زیاتر دابەشبوون و پەرت و بڵاوکردنەوەی ڕیزەکانی گەل،چونکە هەر حیزبێك بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی باڵآی کورد و کوردستان هەمیشە و دوور لە مەنتیق و یاسا و ڕێساکان تەنها بەرگری سەرسەخت دەکات لە بۆچون و ڕێباز و بەرژەوەندیەکانی خۆی و ئامادەش نیە بچوکترین سازش لەسەر هیچ بەند و خاڵێك بکات،بۆیە لەم قۆناغەدا کورد هێندەی پێویستی بەیەك و یەکگرتووی کار و کردەوە و گوتار هەیە نیوهێندە پێویستی بە حیزبی سیاسی زۆرتر و تازەتر نیە،هێندەی پێویسمان بە کردار و کوردایەتی هەیە پێویستمان بە هیوای بێ بنەماو حیزبایەتی نیە.

هەربۆیە گەرەکە کە ئەو قەوارە سیاسیانەی کە تازە دروستبون و ئەوانەشی کەهەن هەق وایە عیبرەت لەو حیزبە دێرینانە وەربگرن کەچۆن بچوکبونەتەوە و لاواز و کەنەفت کەوتون و مێژوو هەنگاویان بەسەردا دەنێت، هەرچەندە خاوەن ڕابووردویەکی گەش و شۆڕشگێڕ و شەرعیەتی شۆڕشیش بون و تەنانەت زەرورەتی قۆناغەکەش دروستیکردون لەبەرامبەر مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی دژ بە داگیرکەرانی کوردستاندا،بەڵام دوورکەوتنەوەیان لە خواست و ویستە ڕەواکانی جەماوەر و دوورِوویی و بێبەڵێنیان بونەتە هۆی بچوکبونەوەیان و پشتتێکردنیان لەلایەن جەماوەرەوە،جا چ جای حیزب و قەوارەیەك کە هیچ زەمینە و پاشخانێك و زەرورەت و ڕەوایەتیەکی مێژوویشیان نەبێت.ئەنجامی زۆری ئەم هەموو حیزب و قەوارە سیاسیانە لەکوردستاندا کە زیاد لە ٣٠ حیزب و قەوارە و لەوڵآتێکی وەکو عێراقیشدا زیاد لە ٢٠٠ قەوارەی سیاسی ناونوسکراون، بەڕاستی بۆخۆی مایەی کارەسات و لێکترازانی زیاترە بەسەر کۆمەڵگادا،بۆکورد چەندین زیانی گەورەی هەیە ،لەلایەك یەك و یەکڕیزی کۆمەڵگا و خێزانی کورد کەرتوپەرت دەکات و قوڵی دەکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە کورد و کوردستان لاواز دەکات چونکە هەریەکە لەو حیزبانە بەداخەوە دابەشبونەتە سەر هێڵ و ئاڕاستە و بەرە ناوچەییەکان و وڵآتانی سەردەستی کوردستان کەهەموان بە ئاشکرا و نهێنی دژی ئاوات و مافە ڕەواکانی کوردن و هەربۆیەش ئیرادەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە لە بڕیارداندا،هەروەها ئەم ناجۆری و دوورلەیەکیەی نێوماڵی کوردە کە بۆتە لاوازی پێگە و هەڵوێستی کورد لە ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا لەکاتێکدا کە مەترسیەکان ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبن.

بەم شێوەیە ئەنجامی سەرهەڵدانی حیزب و قەوارە سیاسیەکان لەکوردستاندا تەنهاماڵوێرانی زیاتر و لێکترازانی زیاتر و لاوازی زیاتری لێدەکەوێتەوە،ئەوەتا تەنانەت لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانیەکی کوردی و یەك لیستی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ناوچە جێ ناکۆك و دابڕەواکانیشدا ناتوانن بگەنە یەك بڕیار و هەموو کورد لەژێر سایەی یەك چەتری کوردایەتیدا کۆببنەوە بەجیاواز لە پێکهاتە عەرەب و تورکومان و مەسیحی و ئەوانی تردا،ئیدی دەبێت چ ئومێدێك بەسەرکردە و حیزبی سیاسی کۆن و نوێ هەڵبچنرێت و چ ئومێدێکیش بە ئایندە گەشە بکات،هەموو ئەم هەڵە و کەموکوڕیانە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە ئەستۆی دەسەلآتداران،بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەوانی تریش بێگوناە نین،بۆیە بەداخەوە ئەو ڕاستیە تاڵە هەمیشە ئامادەگی هەیە وخۆی دووپات دەکاتەوە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی کوردایەتیدا کە دوژمنی سەرسەخت و ڕاستەقینەی کورد تەنها کورد خۆیەتی نەك دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس و ڕاچڵەکین و وتاری کورد و ئاوێنە و ستانداردکورد و ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٧٦وهەواڵ ژمارە ٧٣٩لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## ململانێكانی ئەمریكا_ئێران بەرەو كوێ؟*

- كێشە و ململانێكانی ئەمریكا و ئێران لەو كات و ساتەوە سەریانهەڵداوە كە شۆڕشی بەناو ئیسلامی لەئێراندا بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی لەساڵی ١٩٧٩وە سەركەوتنی وەدەستهێنا و كۆتایی بە حومڕانی ٣٨ ساڵەی حەمەڕەزاشای پەهلەوی هێنا و بۆ دواجاریش و بۆ هەتاهەتایە كۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنا لەو وڵاتەدا كە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵ بەردەوامی هەبوو.ئێران لەوكاتەوە و تاكو ئێستاش ئەمریكا و ئیسرائیل بەدوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێت و دروشمی ((شەیتانی گەورە))ی بۆ بەرزكردۆتەوە و لەبەرامبەریشدا ئەمریكاش، ئێران و دەسەڵاتدارانی خستۆتە نێو بازنەی تیرۆر و تیرۆریستان و پاڵپشت لە تیرۆریستان و دەرچوو لە یاسا نێودەوڵەتیەكان و بەبەردەوامی و بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ گەمارۆی ئابوری و سیاسی و ئەمنی خستۆتە سەر و تەنانەت گیرۆدەی جەنگێكی ٨ ساڵەشی كرد لەگەڵ عێراقدا.

ڕەگ و ڕیشەی ئەم ململانێیانە بە تێڕوانینی ئێران كە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئێستای ئێران ((محمد جواد زەریفی)) كە پێشتریش نوێنەری ئێران بوە لە نەتەوە یەكگرتوەكان و كەسایەتیەكی دیاری سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیشە لەكتێبێكیدا بەناوی (( جەنابی سەفیر ))كە لە ساڵی ٢٠١٧دا بڵاویكردۆتەوە كە پێشتر لەلایەن ئەحمەدی نەژادەوە ڕێگەی بڵاوكردنەوەی نەدرابوو، هۆكاری ئەم ململانێیانەی ئەمریكا_ئێران دەگێڕێتەوە بۆ ٤ هۆكار لەوانە:

١. سروشت و تێڕوانینی ئەمریكا و ئیسرائیل بۆ نەهج و بەرنامەی ئایدۆلۆژی ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێرانی و بەمەترسیەكی جدی دادەنێن بۆ سەر خۆیان و دەترسن لەوەی كە ببێتە بیرێكی جیهانی.

٢. دروستبوونی گرێیەكی دەرونی لەلای تەواوی ئەمریكیەكان بە جەماوەر و سەركردە سیاسیەكانەوە دژ بە ئێران و ئەم حوكمڕانیەی بەهۆی داگیركردن و هەڵكوتانە سەر بارەگای سەفارەتی ئەمریكا لە تاران لەلایەن كۆمەڵێك گەنجی شۆڕشگێڕی سەر بە خەتی ئیمام لەساڵی ١٩٧٩دا كە وەك دەوترێت تەنها جەنگی ڤێتنام ئەوەندە كاریگەری هەبوە لەسەر ئەمریكیەكان.

٣. دوژمنایەتیكردنی ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە ،ئەمەش هۆكارێكی تری سەرهەڵدانی ململانێكانی ئەمریكا_ ئێرانە،چونكە ئیسرائیل دروسكراو و گەورەكراو و هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریكایە لەناوچەكەدا.

٤. ململانێی نێوان عەرەبە كەنداویەكان وئێران و پێشبڕكێیان لەسەر سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتە بچوكەكانی ناوچەكەدا.

- بەڵام لەلایەن ئەمریكاوە هۆكاری ململانێكان جیاوازن و لەئێستادا كورتكراوەتەوە لە:

١. كێشەی بەرنامە ئەتۆمیەكەی ئێران كە ئەمریكا بەمەترسی دادەنێت بۆ سەر ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەكانی لەناوچەكەدا و گەرەكێتی بەهەر شێوەیەك بوە ڕێگە لە ئێران بگرێت بۆئەوەی ببێتە خاوەنی ئەو بۆمبە ئەتۆمیە كە هەرچەندە ئێران ڕایدەگەیەنێت كە بەرنامەكەی بۆ ئاشتی و بەكارهێنانی ئاشتیە نەك جەنگ. تەنانەت ڕابەری كۆماری ئیسلامی ئایەتوڵا خامنەئی دروستكردنی بۆمبی ئەتۆمی حەرام كردوە.

٢. ئەمریكا هەستی بەوە كردوە لەدوای كۆتایهاتنی جەنگی عێراق–ئێران لەساڵی ١٩٨٨وە،ئێران هێز و توانای سەربازی بەهێزبوە و كەوتۆتە خۆی بۆ سەپاندنی نفوز و هەژموونی خۆی لەناوچەكەدا و بەتایبەتیش لەدوای خۆپیشاندانەكانی بەهاری عەرەبیەوە لەساڵی ٢٠١١دا، ئێران بەئاشكرا دەستیوەرداوەتە كاروباری ناوخۆی هەریەكە لە لوبنان و سوریا و عێراق و یەمەن و ..هتد. لەڕێگەی پشتیوانی كەمایەتیە شیعە مەزهەبەكانی ئەو وڵاتەوە لە دروستكردنی حیزبی چەكدار وەك حیزبوڵا و حوسیەكان و ئەوانی تر.

- بەم شێوەیە ئەمریكا و ناوەندەكانی بڕیار لە ئەمریكادا لەهەر سەردەم و قۆناغێكی سەرۆكەكانیدا هەندێكجار بە هێمنی و پەنابردن بۆ گوشاری سیاسی و ئابوری و هەندێكجاریش بە توندی و هەڕەشەوە فشارەكانیان خستۆتە سەر

ئێران،بەڵام لەئێستاداو لەسەردەمی سەرۆك دۆناڵد ترامپی كۆماریەكان و بەپشتیوانی ((باڵی هەڵۆكان)) گەرەكێتی بە یەكجاری دەسەلآت و نفوز و مەترسی ئێران لەناوچەكە و لەسەر بەرژەوەندیەكانی و لەسەر هاوپەیمانەكانیشی كۆتایی بێنێت و زیاد لەو ڕۆڵەی كە بۆی دیاریكراوە پێرانەكێشێت. ترامپ هەر لەكاتی گرتنە دەستی دەسەڵاتیەوە نیەتەكانی خۆی نەشاردەوە بەرامبەر ئێران لەڕێگەی دانانی یاریدەدەر و وەزیرەكانی ئیدارەكەی كە زۆربەیان هەڵوێستی توندیان هەبوە بەرامبەر ئێران و دواتر مەلەفی بەرنامە ئەتۆمیەكەی ئێرانیان كردە بیانوو كە هەرچەندە لە سەردەمی خولی دووەمی سەرۆك باراك ئۆبامادا ڕێكەوتنێك ئەنجامدرا لە نێوان هەریەكە لەلایەك پێنج ولآتەكانی ((ئەمریكا و ڕوسیا و فەرەنسا و بەریتانیاو ئەڵمانیا))و لەلاكەی تریشەوە ئێران كە بە ((٥+١)) ناسرابوو،بەڵام هەر ئەوكاتیش ئەمریكیەكان زۆر بە نابەدڵی ڕێكەوتنەكەیان قبوڵكرد،و هەرچەندە بە گەواهی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتۆمی ئێران پابەندبوە بە تەواوی برگەكانەوە بەڵام ئەمریكا نا،بەڵام لەئێستادا دۆناڵد ترامپ پێداگری دەكات كە ئەو ڕێكەوتنە نەگونجاوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی داو دواتریش و لەهەموو وتەكانیدا ئێران بە((یەكەم ولآتی تیرۆریستی لەجیهاندا))ناودەبات.

بەم شێوەیە ئێرانیش لەسەر زاری وەزیر و بەرپرس و تەنانەت سەرۆك كۆمار و ڕابەری گشتیشەوە خامنەئیەوە وەڵامی توندی هەڕەشەكانی ترامپیان داوەتەوە. گەیشتە ئەو ئاستەی كە ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورموزی نێودەوڵەتی بكات.

- بۆیە ئەمریكا پێدەچێت زۆر موكوڕ بێت لەسەر گۆڕانكاری و ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و ئەوەتا كەوتۆتە پاڵپشتیكردنی خۆپیشاندانەكانی جەماوەری ئێران و كردنەوەی وێسگەیەكی ڕادیۆیی بەردەوامی ٢٤ كاتژمێری دژ بە سیاسەتەكانی ئێران و ئاڕاستەكراوە بۆ جەماوەری ئێرانی. بەهەر شێوەیەكیش بێت دەیەوێت پەیوەندی ڕوسیا و ئێران بەگەرموگوڕی نەمێنێتەوە و تێكبچێت، لەو پێناوەشدا لەكۆبونەوەی دووقۆڵی(( ترامپ و پۆتین)) لە هێلسنكی باسیان لەو بابەتە كردوە ،چونكە ئێران یەكێكە لە هاوپەیمانە ستراتیژیەكانی ڕوسیا و بەتایبەتیش لە كێشەی سوریادا.پێدەچێت چۆن ئۆكرانیا بوە هۆی تێكچوونی پەیوەندیەكانی ئەمریكا و ڕوسیا ،ئێرانیش ببێتە مایەی تێكچوونێكی نوێ بەهۆی دەستهەڵنەگرتنی ڕوسیا لە پشتیوانیكردنی ئێران.

لەلای سێهەمیشەوە بەشێك لەعەرەبەكان ئەم ململانێیانەی ئەمریكا و ئێران بە گەمەیەكی سیاسی دەزانن و لەبەرژەوەندی خۆیانیدا نایبینن بەتایبەتیش ((سعودیە و ئیمارات و بەحرەین)) كە زۆر باش دەزانن هەموو ئەو ململانێیانە لەسەر حسابی سەروەت و سامانی ئەو ولآتانە دەكرێت.

بەم شێوەیە ئەم ململانێیانە لە ئێستادا پێیان ناوەتە قۆناغێكی باڵاتر و مەترسیدارتر و كێرڤی هەڕەشە و وەڵامدانەوەكان بەرەو لوتكە دەكشێت و پێدەچێت لەكۆتایدا و لەكاتی نەگەیشتنە ئەنجام لەڕێگەی دانوسانی نهێنی و ئاشكراوە ،ئەوا ئەمریكا بەهاندانی ئیسرائیل و عەرەبە هاوپەیمانەكانی پەنا بباتە بەر جەنگی ڕاستەوخۆی سەربازی و هەوڵی جدیش بدات بۆ گۆڕانكاری لە حوكمڕانی ئیسلامیەكانی ئێراندا كە ماوەی ٣٩ ساڵە بەردەوامن و بەمەش پەردەیەكی شانۆگەریە سیاسیەكە دابدرێتەوە و ناوچەكەش ڕووبەڕووی گۆڕانكاری و پێشهاتی تازە ببێتەوە بەوەی كە هەژموونی ئەمریكا زیاتر بچەسپێت لەناوچەكەدا لانی كەم بۆ دەیە ساڵێكی داهاتوو كە زۆر پێویستی بەسەرچاوەی وزە هەیە لەنەوت و گازی سروشتی ناوچەكە.بەڵام دەكرێت دەسەڵآتدارانی ئێران بەهەمان شێوەی كۆریای باكور هەنگاو بنێن و ئێران و ناوچەكەش لە جەنگێكی ماڵوێرانكەری حەتمی دووربخاتەوە و ئیدی كۆتایی بە ململانێیەكی ٤٠ساڵەی بهێنێت لەگەڵ ئەمریكادا و ئاشتی و ئاسایش و پێشكەوتنی ناوچەكەش مسۆگەرتر بكات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانیpukmedia و وتاری كورد و ئاراستە و شەن پرێس و ستانداردكورد و سبەی و ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٨٣وئاژانس ژمارە٧٣لە ڕێكەوتی ٢٠١٨/١/٢٤ بڵاوكراوەتەوە.

## تورکیا و ئێران گەرەکیانە میراتی لەدەستچوویان بگێڕنەوە !*

• کارێکی شاراوە نیە کە هەردووك لە وڵاتانی تورکیا و ئێران لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا خۆیان بە زلهێزێکی ناوچەیی دەزانن و هەوڵی گێڕانەوەی ڕۆژان و سەردەمی زێڕینی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکانی صەفەوی و عوسمانیەکان دەدەن کە لە ڕابوردوودا هەریەکەیان بۆ چەندین سەدە دەستڕۆیشتووی ناوچەکە بوون،لەئێستادا و دوای زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە نەمانیان هەریەکەیان گەرەکێتی هێواش هێواش ڕۆژانی ڕابووردویان زیندووبکەنەوە ،لەڕێگەی پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانیان بۆ کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و هەریەکەش بەبیانووی پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی خۆیان لەلایەك و پارێزگاریکردن لە سنور و سەروەریان لەلایەکی ترەوە و جارێکی تریش بۆ پارێزگاریکردن لە نەتەوە و کەمایەتی و دین و مەزهەبەکانی سەر بەخۆیان لەو وڵاتانەدا.

ئەوان نیەتێکی زۆر قێزەون و ناشیرینیان هەیە ،بەڵام بە ڕووکەشێکی مرۆڤانە و لەژێر ناونیشانی مافی مرۆڤەکانەوە هاتونەتە پێشەوە.ئەوان شەڕی ئێستای سەدەی بیست و یەك بەکۆنە قینی سەدەکانی ناوەڕاست دەکەن،ئەوان تائێستاش پێیان وایە هەموو ئەو وڵاتانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشێکن لە میراتی خۆیان و مافی خۆیانە کەی و چۆن بیانەوێت دەستوەربدەنە کاروباریان و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان کاری تێکەدەرانە و کاولکاری و داگیرکاریشیان بکەن.وەك چۆن لە ئێستادا لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و قەتەر و بەحرەین و عومان و ...هتد. دەگوزەرێت.

• بەداخیشەوە لەلایەك وڵاتان و کۆمەڵگاکانی ناوچەکە خۆیان کەم تازۆر بەو قەدەر و چارەنوسیان ڕازین و لەلایەکی تریشەوە وڵاتانی زلهێزی دونیاش هەریەکەیان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا ئەم دوو وڵاتەیان کردۆتە پاسەوانی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان و ڕێگەیان پێداون لەوسنورانەی کە بۆیان دیاریکردون هەڵسوکەوت بکەن،ئەگینا بڕیار بەدەستی کۆتایی هەر خۆیانن نەك تورکیا و ئێران.چونکە نە تورکیای ئیسلامی ئیخوانی بە ڕابەرایەتی پارتی عەدالەت و گەشەپێدان و ئەردۆگانی خوازیاری تاکڕەوی و زیندووکردنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی و نە ئێرانی ئیسلامی شیعەمەزهەبی توندڕەوی خومەیەنی و ولایەتی فەقیه دوو سیستەمی بێزراو و زۆر ناشیرینن لەلایەن کۆمەڵگا و زلهێزەکانی دونیا و ناوچەکەو و تەنانەت لەناوخۆی گەلانی خۆشیاندا ،نمونەی زیندووش خۆپیشاندن و ناڕەزایەتیەکانی گەلانی تورکیا و ئێرانە دژ بە سیستەم و حومکڕانی و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتەن،هەربۆیە چانسی سەرکەوتن و وەدیهێنانی خەونە ڕزیوەکانیان زۆر کەم و کورتە،بەڵام دەکرێت ببنە هۆکاری سەرەکی بۆنانەوەی ئاژاوە و پشێوی لەناوچەکەدا و ببنە داردەستی زلهێزەکان و وەدیهێنانی مەرام و ئامانجەکانی ئەوان لە مانەوە و بەردەوامی بونیان لەناوچەکەدا و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی سروشتی و توانا مادی و مرۆییەکانی ناوچەکە بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکان،ئەگینا تورکیا و ئێران تەنها مایەی سەرئێشە و بێزاری ناوچەکەن و هیچی تر.

•ئەوەی کە مایەی نیگەرانی کوردە،ئەوەیە کە گۆڕەپانی ململانێ و زۆرانبازیەکانی ئێران و تورکیا لەلایەك و زلهێزەکانیش لەلایەکی ترەوە لەسەر خاك و گەلانی ناوچەکەیە و بەتایبەتیش کوردو کوردستان،لەکاتێکیشدا کە کورد جیا لەهەموو وڵاتان و کۆمەڵگاکانی ناوچەکە بەتەنها و تەها نەخاوەن دەوڵەت و نەخاوەنی سەروەری و سنوری دانپیادانراوی خۆیەتی،هەربۆیە هەمیشە بۆتە قوربانی و ژێرپێی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیاش.کوردستان بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاکەرەوەی ململانێکان و کوردیش بۆتە چەکی دەستی هەموانیان و لەناوخۆشیدا ماڵێکی شەپڕیو و وێران و پەرتەوازە و ناتەبای هەیە،کەسەرەڕای ئەو هەموو مەترسی و ئاڵنگاریانە هیچ کام لەسەرکردە و پارتە سیاسیەکان لەهەوڵی ساڕێژبونی برینەکان وناکۆکیەکان نین و ئەوەندەی هەڵپەی دەسکەوتی حیزبی و تاکەکەسی و پۆست و ئیمتیازات لەکوردستان و بەغداد نیوهێندە لەخەمە گەورەکەی نەتەوە و نیشتیماندا نین.

•ئەم قۆناغەی مێژووی ناوچەکە و دونیاگەلێك دژوار و مەترسیدارە بۆ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین چونکە ناوچەکە لەبەردەم قۆناغێکی نوێی ڕێکخستنەوە و دابەشبون و تەنانەت داگیرکردنێکی نوێدایە و زۆر دوور نیە نەخشە و جوگرافیای ناوچەکە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوەو گەلێك لە وڵاتان و کۆمەڵگاکانی ناوچەکە زیانی گەورەیان بەربکەوێت بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە بەقەوارە گەورە و جۆرێك لەهێز و توانای سەربازی و ئابوریان هەیە،ئەمەش لەچوارچێوەی ((بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا )) جێبەجێ دەبێت کە نیەت لێی دابەشکردنی وڵاتە گەورەکانی ناوچەکەیە بۆ وڵاتانی بچوکتر و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ناوچەکەیە بە فۆرمێکی نوێتر،جا بۆیە تورکیا و ئێران و سعودیە و پاکستان و میسریش لەو وڵاتانەن کە دەکرێت ئەو پرۆسەیەیان بەسەردا جێبەجێبکرێت،گەر ئەو کارەش سەریگرت ئەوا لەلایەك ناوچەکە لە دوو وڵاتی تورکیا و ئێران و خواست و خەونە زلهێزەکانیان ڕزگاریان دەبێت و لەلایەکی تریشەوە کوردیش لەدوو وڵاتی گەورەی داگیرکەری کوردستان ڕزگاری دەبێت و ڕۆژی ئەوان ئاوادەبێت و خۆری کوردانیش هەڵدێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەن پرێس و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن وpukmedia وسپی میدیا و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٤٣ وئاژانس ژمارە٧٧وکوردستانی نوێ ژمارە٧٥٠٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٢/٢٤دا بلاْوکراوەتەوە.

## پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا
## بەرەو ئیفلیج بوون هەنگاو دەنێت !*

- ئەو وڵاتەی ناوی عێراقە و تەمەنی دامەزراندن و دروستکردنی بەشێوەیەکی سەپێنراو و زۆرەملێ و لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکار و ئیستیعماری سەدەی بیستەوە تەنها تەمەنی بریتیە لە ۹۸ ساڵ،بەڵام هەر لەسەرەتاوە بە شێوازێکی نامۆ و سەیروسەمەرە دروستکرا لە فوسەیفسائێکی هەمەجۆر وعەجیب و غەریب لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز،کە نە کەلتور و نە ئابوری و نە سیاسەت و تەنانەت نە جوگرافیایەکی هاوبەشیش کۆیانی دەکردنەوە، هەربۆیە ئەم وڵاتە عەجیب و غەریبەی کە ناونرا عێراق تاکو ئێستاکە هەروا ماوەتەوە بە سەیروسەمەرەیی،چونکە هیچ جۆرە پێشکەوتن و گەشەکردنێك نە بەسەر عەقڵیەتی حوکمڕانان و دەسەڵاتدارانیدا هاتوە ونە وڵاتەکەش بۆخۆی بۆتە وڵاتێکی گەشەکردوی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و بەبەردەوامی بەدەست کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە لەگەڵ دەرودراوسێکانیدا لەناوچەکە و دواتریش لەگەڵ ڕەوت و ئاڕاستە و نەزمی نوێی جیهاندا وێك نایەتەوە و ناتوانێت خۆی بگونجێنێت و هەر بە وڵاتێکی پڕ لەشەڕ و شۆڕ وجەنگ وکوشتار و وێرانکاری و دواکەوتویی و هەژاری دەمێنێتەوە هەرچەندە یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سەروەت و سامانە مرۆیی و سروشتیە زۆر وزەوەندەکانیەوە.
- لەئێستادا عێراق دوای ۱۵ ساڵ لە ڕزگاربوونی لە خراپترین دەسەڵاتی تاکڕەوی لە ناوچەکەدا،بەڵام هێشتاش ئایندەی عێراق و گەلانی عێراق ڕوون نیە،نەك هەر ڕوون نیە بەڵکو ئایندەشی بەرەو تاریکتر هەنگاو دەنێت لەسایەی عەقلیەتێکی دواکەوتو و قەتیس ودۆگمای تایەفی و ئاینی زۆرینەی شیعە مەزهەبەوە،کە بەبەردەوامی لەهەوڵی خۆسەپاندن و زیاتر چەسپاندنی زۆرینەی دەسەڵاتی مەزهەبی خۆیان دەدەن و گەرەکیانە بەشداریەکی ڕاستەقینە بە هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی تر نەکەن لە عەرەبی سونە و کورد و تورکومان و مەسیحی و ..هتد.ئەوان بەنیازن لە ئایندەدا و بەتایبەتیش دوای ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق لە ۲۰۱۸/۵/۱۲دا حکومەتێکی زۆرینەی تایەفی شیعە مەزهەب پێکبێنن کە تەنها خۆیان باڵادەست بن ،ئەمەش ئاشکرایە بە ڕێنوێنی و پشتگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی دەوڵەتی ئێران جێبەجێ دەکرێت و درێژەدانە بەهەمان ستراتیژیەتی ساڵی ۱۹۷۹ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی بۆ ناوچەکە بە ڕابەرایەتی ئایدیایەکی مەزهەبی توندڕەوی وەلی فەقێ،بەداخەوە وڵاتێکی وەك عێراق بەو هەموو توانا مرۆیی و سروشتیە گەورەیەوەی کە دەکرێت ببێتە وڵاتێکی خۆشگوزەران و ڕەفا و پێشکەوتووی ناوچەکە، بەڵام بەهۆی بونە پاشکۆی بۆ سیاسەتەکانی وڵاتانی ئێران بەتایبەتی و دواتریش گوێگرتن بۆ تورکیا تەنها بۆتە جێبەجێکارێکی گوێڕایەڵی ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی ئەوان و خۆی ئیرادە و ئیدارەی وڵاتی لەدەستداوە.
- بەخوێندنەوەیەکی وورد بۆ بەرنامە و کار و گوتاری شیعەکان بەبێ جیاوازی لەنێوان باڵ و ڕەوت و حیزب و سەرکردە عیلمانی و ئاینیەکانیشیان پێشبینی دەکرێت هەمویان ببنە هۆکاری سەرەکی بۆ پەرت و دابەشبوونی ئەم وڵاتەی کە ناوی عێراقە بەهۆی ململانێ توندەکانیان لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات و ئێرانیش هەمیشە خۆشکەری ئاگری دووبەرەکی و ناوخۆییە لەنێوانیاندا و هەرجارەی پشت و پەنای یەکێکیان دەگرێت و کامیان گوێڕایەڵتر بێت ئەوا چانسی بەهێزە و بازی بەخت بۆ چوونە سەرتەختی شاهانەی بەسەرەوە دەنیشێتەوە.چونکە هیچ کات ئێران بە درێژایی مێژوو عێراقێکی بەهێزی نەویستوە و هەمیشە لەهەوڵی بێهێزکردن و لاوازبونیدا بوە و ئێستا ئەو هەلە زێڕینەی بۆ هاتۆتە پێشەوە هەربۆیە هیچ کەمتەرخەمی و ساردیەك نانوێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی.هەربۆیە ململانێی ناوخۆیی و نێوماڵی شیعەکان ساڵ بەساڵ توندتر دەبێت و لێکدەترازێت، شیعەکان بۆخۆیان هۆکاربوون بۆ گەڕانەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ چوارگۆشەی یەکەم،و دواتریش ململانێکان و تەنانەت دژایەتیەکانیشیان

لەگەڵ هەریەکە لەسونەی عەرەب و کوردیشدا هێندەی تر ئەو پرۆسەیە بەرەو ئیفلیج بوون دەبات نەك پێشکەوتن و ئایندەیەکی گەشتر. بۆیە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەم شێوەیە و لەسەر دەست و نیەتی پێشوەختەی شیعەکان هەنگاو بەرەو قەتیس و دۆگمابوون و دواتریش ئیفلیج بوون دەنێت،چونکە ئەوان گەرەکیانە کە سونەی عەرەب و کوردیش لەناو ئەو پرۆسەیەدا نەمێنێت و دواتر بۆخۆیان ببنە حاکم و حوکمڕانی ڕەهای عێراق،چونکە ئەوان لە بنچینەدا نەبڕوایان بە بنەما دیموکراسی و ئازادی و تەوافوقی سیاسی و پێکەوەژیان و کارکردن نیە و ڕێزیش لە مافی چارەنوس و بڕیاری گەلانی عێراق ناگرن کە بەزۆرینە دەنگیان بە دەستورێك داوە کە مافەکانیان پارێزراو بێت و عێراق دوور بخاتەوە لە دەسەڵاتی تاك حیزب و سەرکردەیەکی تاکڕەو کە بڕوای بە گیانی برایەتی و تەبایی نەبێت و بڕوای بە سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی نەبێت کە هەموان بە قەوارە و جوگرافیا و توانای خۆیان بەشداریەکی ئازادانە و ئارەزومەندانەی تیابکەن بۆ پێشکەوتن و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم تاك و گروپ و تەواوی کۆمەڵگای عێراقی.

- پێدەچێت لەکۆتایی ڕێگاکەشدا هەریەکە لە سونەی عەرەب و کورد بەجیا ڕێگا چارە و ئایندەی خۆیان دیاریبکەن و هەردووکیان بەجیا ڕوو لە دەرەوەی سنورەکانی ئێستای عێراق بکەن و قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕابگەیەنن و چیدی لەو وڵاتەدا نەمێننەوە کە هەر لەسەرەتاوە بە هێز و بە تۆپزی پێکەوە لکێنراوە،لەوکاتەشدا ئیدی وڵاتێك نامێنێت بەیەك ویەکگرتوویی خاك و گەلانی بەناوی عێراقەوە و ئاشکراشە ئۆباڵەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی زۆرینەی دەسەڵاتداری شیعە مەزهەب.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شارپرێس و وتاری کورد و pukmediaو شەن پرێس و ئاڕاستە و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٤٦ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٢٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## ڕۆڵی کۆمەڵگا لە خوڵقاندنی سەرکردەدا *

- کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان هەر لەسەرەتا و دەستپێکی ژیان و گوزەران لەسەر گۆی زەویدا و لەدەستپێکی مێژووی مرۆڤایەتیەوە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر پێشکەوتن و گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی تاکەکان و دروستکردنی دەوڵەت و حوکمڕانی و ڕێکخستنی هەموو بوارەکانی ژیان،تاگەیشتۆتە ئەم ئاست و پێگەیەی ئێستا کە بەهەمو پێوانەکان گەیشتۆتە ترۆپکی داهێنان و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنەکان.

کۆمەڵگا بۆ خۆی بریتیە لە گردبونەوەی کۆمەڵە کەسانێك کە بەرژەوەندیەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لەنمونەی خوێن ،بازرگانی ،پیشەسازی،نەتەوە،ئاین،مەزهەب،شار،گوند،خێزان و...هتد.هەربۆیەش کۆمەڵگاکان دەکرێنە سێ جۆرەوە لەسەر بنچینەی دروستبونیان،وەك:

- کۆمەڵگا جێگیرەکان بەمەبەست: لەنمونەی،زانکۆ و قوتابخانە و سەندیکا و ڕێکخراو و حیزبە سیاسیەکان،کە لەپێناو مەبەستێکی دیاریکراودا دروستکراون.
- کۆمەڵگا ناجێگیرەکان بەبێ مەبەست: لەنمونەی، گردبونەوەی خەڵکی لەدەوری ڕووداوێك لە شەقامێکدا، یان گردبونەوەی کۆمەڵە کەسانێك لە یاریگایەکدا بۆ بینینی یاریەك.
- کۆمەڵگا خۆڕسکە جێگیرەکان: لەنمونەی،نەتەوە و شار،گوند. ئەم جۆرەشیان لەسەر بنچینەی سادەیی و ئاڵۆزی دەکرێتە دوو جۆری ترەوە لە: کۆمەڵگا سادە و ساکارە سەرەتاییەکان و کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی ئەم سەردەمە.

ئەوەی کە زانستی کۆمەڵناسی لەسەری ڕێکەوتوە ئەوەیە کە هەموو جۆرە کۆمەڵگاکان بە بێ جیاوازی پێکهاتەو جۆری پەیوەندی وسروشتی دروستبونیانەوە،هەموانیان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر خوڵقاندنی ڕووداوەکان ،بە ئەرێنی و نەرێنیانەوە و ڕۆڵیان هەیە لە پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەو هەڵکەوتنی سەرکردە و ڕابەرایەتی کۆمەڵگاکان.

- جا چەند کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان ئاستی هوشیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و تێگەیشتن و زانست و تەکنەلۆجیایان بەرز بوبێت و دوورکەوتبنەوە لە کۆمەڵگا سادە و سەرەتاییەکان و بوبنە خاوەنی فەلسەفە و ڕێباز و ئایدیای مرۆڤایەتی و هەنگاویان نابێت و پلانیان هەبوبێت بۆ خۆشگوزەرانی تاك و کۆمەڵگاکانیان و بەدوای سیستەمی حوکمڕانیەکی ڕەشید و دادپەروەردا گەڕابن کە هەموو مرۆڤەکان تیایدا ئازادی و سەربەخۆ بووبن و مافەکانیان دابینکرابێت و هەموان هەست بەبون و کەرامەت و پیرۆزیەکانیان بکەن و سیستەمێکی حکومڕانی دیموکراسییان پێکەوە نابێت،بەدڵنیایی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تاکی بەهرەمەند و لێهاتوو و زیرەك و داهێنەر و پڕ بەخشش پەیدا دەبێت و دەخوڵقێت و لەناویشیاندا سەرکردەی هەڵکەوتوو کاریزماش دێتە بەرهەم،کە دواتر ئەم سەرکردە و ڕابەرانە جارێکی تر دەبنەوە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیان و دوورکەوتنەوە لە نایەکسانی و توندوتیژی و زوڵم و چەوساندنەوەو دەبنە هۆی پێکەوەکەوەنانی کۆمەڵگای ڕەفا و پێشکەوتوو و ئازادیخواز و لیبڕاڵ کە تیایدا تاك و کۆمەڵگا هەست بە دادپەروەری و پێکەوەژیان و کاری هاوبەش و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بکەن.

بۆیە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و سەرکردە سیاسیەکان بریتیە لەهاوکێشەیەکی دوو ئاڕاستەیی و تەواوکەری یەکتر،بەو شێوەیە کۆمەڵگای هوشیار سەرکردەی هوشیار دەخوڵقێنێت و سەرکردەی هوشیار و کاریزماکانیش کۆمەڵگاکانیان بەرەو لوتکەی بەرزی و پێشکەوتن و داهێنانی زیاتر دەبەن.

- بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵگا داخراو و قەتیس و دۆگما و هەژار و نەخۆش و دواکەوتوەکان کە تیایدا تاکەکان هەست بەزوڵم و چەوساندنەوە و کۆیلایەتی دەکەن لەئەنجامی پیادەکردنی سیستمی حوکمڕانیەکی تاکڕەو و چەوسێنەر و خۆسەپێن و سیستەمێکی حوکمڕانی داخراو و نوخبەیی و بنەماڵەییەکانەوە،هەمیشە ئەو کۆمەڵگایانە تاکی ناتەندروست لە جەستە و عەقڵ و بیرکردنەوەدا بەرهەمدێنن و دواتریش دەبنە ماکینەی بەرهەمهێنانی سەرکردەی تاکڕەو و خۆپەسەندو مەغرورو هیچ نەزان ،کە لەئەنجامیشدا بەهەمان شێوە کۆمەڵگا بەدەست سیاسەت و بیرکردنەوە و

مامەڵەی چەوت و هەڵەی ئەو سەرکردانەوە توشی دەیان کارەساتی جەرگبڕ دەبێت و کۆمەڵگاش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دواکەوتویی زیاتر و هەژاری و نەهامەتی و نەخوێندەواری و توندوتیژی و دەمارگیری و داخراوی زیاتر و چەوساندنەوەو بەکۆیلەکردن دەچێت.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،کە ئایا کۆمەڵگا و سەرکردەکانی کورد لەکوێی ئەم هاوکێشەیەدان ؟**

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەمنی و زانستیەوە بەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دانانرێت ،بەڵام لەڕووی سیاسیەوە کۆمەڵگایەکی هوشیارە و حەز و خواستی بۆ پێشکەوتن و ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی و دادپەروەری و یەکسانی و خۆبژێوی و کرانەوە بەسەر کۆمەڵگاکانی تردا بەهێزە و گەرەکیشێتی هاوبەشی بکات لە پێکەوەنانی ژیان و ئاشتی ناوچەیی و دونیاشدا و لەو پێناوەشدا بە سەدان ساڵ خەبات و قوربانیداوە و بەردەوامیشە،هەربۆیە کۆمەڵگایەك هەست بە بەرژەوەندی و مافەکانی بکات و خەبات و قوربانیشیان لە پێناودا بدات بەدڵنیایی کۆمەڵگایەکی هوشیارە،بەڵام بەداخەوە سەرکردەکانی ناهوشیار ولەئاست پێویست و قوربانیدانەکانی کۆمەڵگای کوردیدا نەبون و نین،هەربۆیە نەتوانراوە کۆمەڵگای کوردەواری لەهەموو بوارەکانی تریشدا هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت،بۆیە هەموو کارەسات و نوشست و شکستە سیاسی و سەربازی و شۆڕش و خۆپیشاندانەکانی کورد لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا بەشێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی ڕابەر و سەرکردەکانەوە نەك کۆمەڵگای کوردەواری،هەربۆیەش تائێستا نەگەیشتونەتە ئامانج و دوامەنزڵی سەرکەوتن و هەر لەناو بازنەیەکی بۆشدا دەخولێینەوە و نەتوانراوە نە لەناوخۆدا دۆستی یەکتر بین و نەلەدەرەوەش دۆست و هاوپەیمانی کۆنکرێتی پێکەوە بنێن و هەر بێ پشتیوان و بێ دۆستی ماوینەتەوەو تەنها شاخەکان بەپشتیوانی ڕاستەقینەی خۆمان دەزانین و نمونەکانیشمان هەموو کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و هەڵەبجە و جینۆساید و لەئێستاشدا بێ دەنگی ناوچەکە و دونیا و تەنانەت خۆشمان لەسەر عفرین و مقاوەمەت و بەرخۆدانە بێ وێنەکەیەتی کە نزیکەی دوو مانگە بەبێ کەسی و بێ پشتیوانی و بەتەنها ڕووبەڕووی گەورەترین سوپا و چەتە تیرۆریستەکانی ناوچەکە بۆتەوەو خۆڕاگری دەکات.

جا هەرکات توانیمان بەمانای وشە کۆمەڵگایەکی هوشیار پێکەوە بنێین ئەوا ئەوکات دەتوانین سەرکردەو ڕابەرانێکیش دروستبکەین کە بتوانن کۆمەڵگای کوردی بپەڕێننەوە ئەوبەری ئەمان و ئاسایش و دەوڵەتی سەربەخۆ و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و پڕ لە یەکسانی وڕەفا و دوور لە نادادپەروەری.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە وشارپرێس ووتاری کورد وشەنپرێس وسپی میدیا لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك بۆ
## یاسای دامەزراندنی((كۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی عێراقی))*

- یاسای دامەزراندنی((كۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی عێراق)) لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە لە٥/٣/٢٠١٨دا دەرچوە بە پشتبەستن بە حوكەكانی بەندی((یەكەم )) لە مادەی ((٦١ )) و بەندی ((دووەم)) لەمادەی ((٧٣))ی دەستوری هەمیشەیی عێراق و لە ٢٢ مادە پێكهاتوە.
- **هۆكارەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە بریتیە لە :**

بۆ دڵنیابوون لە دۆزینەوە و گەشەپێدان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی سەرچاوە نەوتیەكانە لە كێڵگە و زەویی دابینكراو بۆی بەپێی یاسا لەجیاتی دەوڵەتی عێراقی،هەروەها بۆ مەبەستی زیادكردنی بەرهەم و گەشەپێدانی پیشەسازی نەوتی و غازی ودامودەزگا پەیوەندیدارەكانیشە،هەروەها بۆ گەشەدانی هۆكارەكانی كاركردنە لەسەر بنچینەی توانا و نەرمی و پێشبڕكێكردن بۆ زیادكردنی سەرچاوەكانی داهات لە پێناو بەرژەوەندی گەلانی عێراقدا بەپێی پێوەرە باوەڕپێكراوە جیهانیەكان ،كە پێویستی دەكرد بەدامەزراندنی كۆمپانیایەكی نیشتیمانی نەوتی عێراقی،وەك كۆمپانیایەكی گشتی كە خاوەندارێتیەكەی بەتەواوەتی بۆ دەوڵەتی عێراق بگەڕێتەوە،هەروەها ڕەنگدانەوەشی هەبێت بۆ چەمكی خاوەندارێتی گەل بۆ نەوت و غاز و دامەزراندنی دامودەزگای تایبەتمەندیش لەچوارچێوەی پەیكەری ڕێكخستنەكەیدا كە بگونجێت لەگەڵ ڕۆڵ و ئیدارە و پێشخستنی كێڵگە نەوتی و غازیەكان كە بەرهەمدێنن و دۆزراونەتەوە بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی نەوت و غاز و پێشخستنی بوارە جیاوازەكانی وزە لە عێراقدا.

- **لەمادەكانی ((١ و ٢)) دا** باس لە پێناسەكان و چۆنێتی دامەزراندنی كۆمپانیاكە دەكات.
- **لەمادە ((٣))ی یاساكەدا باس لە :ئامانجی دامەزراندنی ئەم كۆمپانیایە دەكات و ڕوونیدەكاتەوە كە :**

كۆمپانیاكە ئامانجێتی كە باشترین بەكارهێنان بكات بۆ سامانی نەوتی و غازی لە بوارەكانی ((دۆزینەوەی نەوت و غاز و ئامادەكردن و پێشخستنی كێڵگەكان و بەرهەمهێنان و فرۆشتن و هەموو چالاكیەكانی تریش كە پەیوەندیان هەبێت بە بواری نەوت و غازەوە)) ،سەرەڕای وەبەرهێنانیش لە پیشەسازی گۆڕین لە نەوت و غازدا لەسەر بنچینەی تەكنیكی و ئابوری بۆ دەسكەوتنی زۆرترین داهات و كەمترین خەرجی و تێچوون و بۆئەوەی بەرزترین قازانج بگەیەنێتە گەلی عێراق.

- **لەمادە ((٤))ی یاساكەشدا :** باس لەو هۆكار و ئامڕازانە دەكات كە كۆمپانیاكە پشتیان پێدەبەستێت لە وەدیهێنانی ئامانجەكانیدا وەك :

١.بەڕێوەبردن و گەشەپێدان و بەكارخستنی كێڵگە بەرهەمهێن و كێڵگە دۆزراوەكان و ئەوانەشی كە پێشنەخراون.(( **لێرەدا هەموو كێڵگە نەوتیەكانی هەرێمی كوردستانیش دەگرێتەوە،چونكە یاساكە باس لە هیچ هەرێم و پارێزگایەك ناكات كە ڕێكنەخراون لە هەرێمێكدا، هەربۆیە هەموو ئەوكارانە دەچێتە پسپۆڕی كۆمپانیاكە و دەتوانێت لەهەرێمیش وەكو هەموو بەشەكانی تری عێراق دەسەلاتی هەبێت و لێرەدا ڕۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتیەكانی هەرێم ناهێڵێت،بەو پێیەی كە بوار و سامانی نەوت و غاز موڵكی هەموو گەلانی عێراقن بە پێی دەستور**)).

٢.بەستنی گرێبەست بۆ دۆزینەوە و بەرهەم و هەناردەكردن بەپێی سیاسەتەكانی دەوڵەتی عێراقی كە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ حوكم و مادەكانی دەستوردا.

٣.پێشخستنی پرۆسەكانی گەڕان و بەرهەم و گواستنەوە و هەڵگرتن و فرۆشتن و پرۆسە نەوتیەكانی تریش كە پەیوەندیان هەیە.(( **لێرەشدا بەهەمان شێوە كۆمپانیاكە بۆی هەیە لەهەرێمی كوردستاندا كاربكات و تەنانەت فرۆشتنی نەوتیش لەمەودوا لەژێر دەسەلاتی ئەم كۆمپانیایەدا دەبێت لەهەموو عێراقدا**)).

٤.بەڕێوەبردنی ((گرێبەستی خزمەت)) کە لەوەو پێشتر ئەنجامدراون لە دۆزینەوە و بەرهەمهێناندا. (( **لێرەدا باس لە جۆری ((گرێبەستی موشارەکە/ هاوبەش )) ناکات کە لەهەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکاندا**)).

٥.پێشخستنی توانای نیشتیمانی لە پڕۆسەی دەرهێنان و فرۆشتن و پیشەسازی نەوتی و غازیدا، و وەبەرهێنانی کێڵگەی هاوبەش لەگەڵ ولآتانی دەرودراوسێدا.

٦.بەڕێوەبردن و کارپێکردنی تۆڕی بۆریەکانی نەوتی سەرەکی و بەندەرەکانی هەناردەکردن.(( **کە لێرەدا بۆری هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك و هەرێمیش دەگرێتەوە بۆ بەرندەری جیهانی تورکی و بەمەش فرۆشتنی نەوتی هەرێمیش دەکەوێتەوە ژێر دەسەلآتی ناوەندو ئەم کۆمپانیایەوە**)).

- **لەمادەکانی (( ٥ و٦ و٧ و ٨ )) :**

باس لە سەرمایەی کۆمپانیاکە و ئەنجومەنی کارگێڕی و پەیکەری ڕێکخستنی کۆمپانیاکە و ئەو دامودەزگا و کۆمپانیایانەی تریش دەکات کە پەیوەستدەکرێن بەم کۆمپانیایەوە))، زۆر بەووردی خاڵ و بڕگەکانی دیاریکردوون،کە بواری لێکدانەوە و لێکتێگەیشتنی جیاوازی زۆر کەمکردۆتەوە.ئەوەتا :

**لەمادە(( ٦ )) و لەخاڵی** ((٥))دا: لەباسی ئەنجومەنی کارگێڕیدا باس لە بون بە ئەندامی ((**وەکیلی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمیش**)) دەکات،ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەلآتی ئەم کۆمپانیایەو سەرپەرشتی دەکات.

- **لەمادە(( ٨ ))** :دا باس لە پێکهاتەی کۆمپانیاکە دەکات ودیاریدەکات کە ئەم کۆمپانیایانە پەیوەست دەکرێن بە کۆمپانیاکەوە :

- کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز.
- کۆمپانیکانی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکان لە عێراقدا.
- کۆمپانیاکانی نەوتی(( باکور و میسان وناوەڕاست و زی قار )).
- کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نەوتی عێراقیش.
- **کۆمپانیای فرۆشتنی نەوتی عێراقی (( سۆمۆ )).**

**لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم کۆمپانیایە (( دەسەلآتی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەڵکەندن و تەنانەت فرۆشتنی نەوتی عێراقی دەبێت )) کە چیدی هەرێمی کوردستان بۆی نیە لەو جۆرە کۆمپانیایانە دا بمەزرێنێت وەك لەیاسای ژمارە ( ٢٢ )ی ساڵی ٢٠٠٧دا (( یاسای غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان )) دا هاتوە ، لەبەشی پێنجەم (( دامەزراندنی کۆمپانیا گشتیەکان )) لە مادەی (( ١٠ و١١ و١٢و ١٣ ))دا کە بریتین لە کۆمپانیاکانی:**

- **کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت** KEPCO
- **کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت** KNOC
- **کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت** KOMO
- **کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالآوتن و پاشکۆکانی** KODO

بەپێی ئەم یاسایە بێت کە لەحکومەتی ناوەندەوە دەرچوە ،پێش یاساکانی تایبەت بەدامەزراندنی کۆمپانیا گشتیەکان کەوتوە لە هەرێمی کوردستاندا،ئەوا بەپێی دەستور جێبەجێکردن بۆ ئەو یاسایە دەبێت کەلە ناوەند دەرچوە و بەمەش هەرێمی کوردستان مافی دەرکردنی یاسای نامێنێت بۆ دامەزراندنی ئەو ٤ کۆمپانیایەی کە لەیاسای غاز و نەوتی هەرێمدا هاتوە کە زۆر گرنگ بوون.لەکاتێکدا گەر ئەو کۆمپانیایانە لەساڵی ٢٠٠٧ و دواتر دابمەزرانایە ئێستا بەغداد بۆی نەبوو ڕەتیان بکاتەوە،بەلآم لەئێستادا و دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئیدی دەستپێشخەری بۆ ئەم یاسایە دەبێت.وەك دەڵێن ((بوینە پێشکەوتەی دواکەوتە)))، لەبەر نەبونی نیەت و جدیەتی باش بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لەهەرێمدا و ترس لە کەمکردنەوەی دەسەلآتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بەرژەوەندیە تایبەتەکان ، کە

بوونی ئەو کۆمپانیایانە دەبوە هۆکاری چەسپاندنی شەفافیەت لەکەرتی نەوت و کۆکردنەوەی داهات و خەرجیەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دوور لە تاریکاندن و گەندەڵی و پشکپشکێنەی سەرکردە و حیزبەکان.

- **مادەکانی** ((٩ و١٠ و ١١ و ١٢و١٣)) : باس لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی کارگێری و سەرۆکی کۆمپانیاکە و ماف و پابەندیەکانی کۆمپانیاکە دەکات، و بەڕوونی دەسەلآت و مافەکانی ڕوونکردۆتەوە کە زۆر فراوان و گشتگیرە .
- ((**مادەکانی ١٤ تا ٢٢**)) : بریتین لە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان کە دەبنە هۆکاری کارئاسانی و سەرکەوتنی ئیشوکارەکانی ئەم کۆمپانیایە و پشتگیرکردنی لەڕووی یاسا و دەستور و هەمئاهەنگی کردنی دامودەزگاکانی تری حکومەتی عێراقی لەگەڵیدا.
- **لەکۆتاییدا** دەکرێت بڵێین لەدوای پرۆسەی ڕیفراندۆمەوەو گەڕانەوەی هێز و دەسەلآتەکانی ئەمنی و سیاسی و ئابوری و ئیداری بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لەژێر دەسەلآتی حکومەتی هەرێمدا بوون لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە،حکومەتی ناوەند لە بەغداد کەوتۆتە خۆ بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە تائێستا نەیتوانیوە دەریان بکات کە لە ڕوانگەی خۆیەوە لەبەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراقدایە،و هەرێمی کوردستانیشی وەك ڕێگرێك دەبینیەوە لەبەردەم دەرچوونیاندا،بۆیە هەوڵدەدات لە ئایندەدا بەزۆرینە و بەبێ گەڕانەوە و هەمئاهەنگیکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ئەو جۆرە یاسایانە دەربکات و بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیان بە کەرتی نەوت و وزەوە هەیە.
- بەداخەوە لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی زۆر باش بۆ کەرتی نەوت و غازی سروشتی بەژمارە ((٢٢))لە ساڵی ٢٠٠٧دا دەرچوە،بەلآم تائێستا بەتەواوەتی یاساکە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو بەتایبەتیش ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە پێکهێنان و دامەزراندنی کۆکپانیا گشتیەکانەوە.کە لەئێستادا و دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئیدی هەرێم مافی پێکهێنانی ئەو کۆمپانیایانەی نامێنێت،گەر لەکاتی خۆیدا ئەو برگە و مادانە جێبەجێ بکرانایە ئەوا بە پێی دەستور هەرێم بۆی هەبوو کە پابەندی ئەم یاسایە نەبێت.
- چاوەڕواندەکرێت کە لەئایندەشدا ((یاسای غاز و نەوت)) لە پەرلەمانی عێراقەوە دەربچێت کە یاسایەکی گرنگ و کاریگەرە،خۆ ئەگەر قەوارە و هێزی کورد لە پەرلەمانی ئایندەدا بچوك و بێهێز بێت،ئەوا بە زۆرینەی شیعە وسونەکان و ئەوانی تر وەك تێپەڕاندنی (( یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨ )) ئەو یاسایەش تێپەڕدەکەن لە بەرژەوەندنی دەسەلآتدارانی ناوەندا.ئەوکاتیش کە کورد ئامادەگی و دەنگ و ڕەنگی نەبێت لەدەرچوونی ئەو یاسا گرنگەدا ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت کە بەرژەوەندیەکانی کورد و دەسەلآتەکانی هەرێم لەو یاسایەدا جێگەی بکرێتەوە.
- بۆیە ئەم یاسایە و یاساکانی تری بواری نەوت و وزە زۆر گرنگ و کاریگەرن بۆ ئایندە، کەرت و بواری نەوت و غازی سروشتی ڕێکدەخەنەوە و کۆنترۆڵی دەکەن،کەهەق وابوو دەسەلآتدارانی هەرێم لەساڵانی ڕابووردووی قۆناغی زێڕین و باڵادەستی هێز و توانای حکومەتی هەرێم و کورد لە بەغداد دەستپێشخەری بکردایە بۆئەوەی بەپێی دەستور دەسەلآت و ماف و بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردی بپاراستایە،بەلآم بەداخەوە ئێمە هەمیشە دواکەوتەی ڕوداوەکان دەبین و هەربۆیەش بێبەش دەبین لە ماف و ئیمیازاتە دەستوری و یاساییە ڕەواکانی خۆمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وشارپرێس وئاڕاستە وسپی میدیا و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٢٥ و هەواڵ ژمارە ٧٥٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٤دا بلأوکراوەتەوە.

## عفرین بۆچی کەوت ؟*

• شاری عفرینی خۆڕاگر لە ئەنجامی پیلانێکی نێودەوڵەتی نامرۆڤانەوە کەوتە ژێر داگیرکردنی سوپای تورکیا و چەتە تیرۆریستەکانی لە سوپای بەناو ئازادی سوریاو بەرەی نوصرەو زیاد لە ۲۵ میلیشیای چەکداری تونرەوی تر کە هەموانیان لەژێر چەتر و باڵی دەوڵەتی تورکیادا سەرپەرشتیدەکران و ڕێنوێنی و پاڵپشتی سیاسی و ئەمنی و چەکداری دەکران، تورکیا بۆخۆی لەم پیلانەدا بەتەنها نەبوو،بەڵکو هەمئاهەنگی تەواوی لەگەڵ ڕوسیا و ئێران و تەنانەت ڕژێمی سوریاشدا هەبوە وەك بەرەیەك دژ بە بەرەی ئەمریکا و ئەوروپییەکان.بۆیە بەخەم و کەسەرێکی گەورەوە شاری عفرین دوای ۵۷ ڕۆژی تەواو لە مقاوەمەت و بەرگریکردن و بەرخۆدانێکی بێ وێنە لەم سەدە و ڕۆژگارەدا لە بێ کەسی و بێ پشتیوانیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە کەوتە بەر هێرش و پەلامار و داگیرکردنەوە بەبەرچاوی هەموو دونیای ڕۆژهەلاٌت و ڕۆژئاوای بەناو دیموکراسی و ئازادیخواوە تەنانەت نەتەوە یەکگرتوەکان و ولاٌتانی ئیسلامی و عەرەبیش هەڵوێستێکی توند و جدیان نەنواند دژی ئەو داگیرکردنەی تورکیا بەرامبەر لانی کەم بەشێك لەولاٌتێکی عەرەب کە سوریایە.بۆخۆی کوردیش لەهیچ بەشێکەوە نە لەسەر ئاستی حیزب و سەرکردە و تەنانەت جەماوەریش پشتیوانیەکی تۆکمە و پتەو هەست پێنەدەکرا.وعفرینیەکان بەتەنها هەر ئەوەندەیان لەتوانادا بوو کە بەرامبەر دووەم گەورەو پێشکەوتوی سوپای ناتۆ خۆڕابگرن.

• لەئێستاشدا و دوای کەوتنی عفرین و جێبەجیکردنی پیلانە شەڕەنگێزیەکانی تورکیا بۆ لەناوبردن و دەرکردنی کوردان لە زێدی باوباپیرانیان و نیشتەجێکردنی ئاوارە سوریەکان لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکانی تر لە جێگەیاندا گەرەکێتی کە جێ پێگەیەکی توندو پتەو بۆ ئاییندە لەسنورەکانی باشوریدا دروستبکات و بیکاتە جێگەو مۆڵگەی سوپا و تیرۆریستانی سەر بەخۆی و بەتایبەتیش کورد لە سەر سنورەکانیدا نەهێڵێت و پیلانی دواتری ئەردۆگان و تورکیاش بریتیە لە هێرش و فشاری زیاتر بۆ سەر کوردان لە منبەج و کوبانێ و تەنانەت هەڕەشەش لە قامیشلۆ و حەسەکەش دەکات و بەئاشکراش هەڕەشەی پەلاماردانی پەکەکەش دەکات لە شەنگار لە عێراقدا و هەوڵیشدەدات بەرەو قەندیلیش هەنگاو بنێت.

• هەموو ئەم هەڵوێست و پێداگیری و زیادەڕەویانەی تورکیا و ئەردۆگان لەئەنجامی بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا و ڕوسیاش وەك دوو زلهێز و دووکاراکتەری سەرەکی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکە توانیویەتی بەشێك لە ئامانجە پاوانخوازی و تاکڕەویەکانی بێنێتەدی. هەموو ئەم هەڵوێستە توندڕەوانەیەی تورکیا جێگەی سەرسوڕمان نین بۆ کورد چونکە ئەو بە ئاشکرا و نهێنی دژایەتی خۆی نەشاردۆتەوە بۆ ئامانج و دروشم و نیاز و خواست و مافە ڕەواکانی کورد لەسەربەخۆبوون و ئازادبون و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا، بەلاٌم ئەوەی مایەی نیگەرانیە و شۆکبونی کوردانە بریتیە لەهەڵوێستی ڕوسیا کە هەمیشە واخۆی نیشانداوە کە دۆست و پشتیوانی جولاٌنەوە ئازادیخواز و چەپ و سۆسیالیستەکان بێت و مافی گەلانی داگیرکراو دەپارێزێت،بەلاٌم ئەوەی پۆتین و ڕوسیا کردویانە دەرهەق بەکورد وپەیەدە و پەکەکەش وەك دوو ڕێکخراوی چەپ و مارکسی ئەوپەڕی بێ ڕەوشتی سیاسیە و ناچێتە چوارچێوەی هیچ بەهاو لۆژیك و مۆراڵێکی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەوە،ئەم هەڵویستەی ڕوسیاش بۆ کوردانی هەرچوار پارچەکە نوێ نیە بەڵکو هەر لەهاتنە سەر حوکمی سۆسیالیستەکان لە ساڵی ۱۹۱۷وە هەمیشە ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبوە بەرامبەر شۆڕشەکانی کورد لە باکور و باشوور و ڕۆژهەلاٌتی کوردستان لەسەردەمەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و پێشەوا قازی موحەمەد و دواتریشدا و ئێستاش لە ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر هەمان سیاسەتی کۆنی خۆی بەردەوامە و کوردانی پشتگوێ خستوەو کردینیە پاداشتێکی گەورە و ئاسان بۆ تورکیا و سوریا.

• هەموو ئەم هەڵویستە نامرۆڤانەیەی هەموان دژ بە کورد،تەنها و تەنها لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی خۆیانە و هەموان گەرەکیانە کە لە دەسکەوتەکاندا بەشیان هەبێت لەسەر حسابی گەلانی ناوچەکە

و بەتایبەتیش کورد. بەڵام پێناچێت تاسەر نە سیاسەتەکانی تورکیا و نە ئێران و نەڕوسیاش لەناوچەکەدا سەرکەوتن بەدەستبێنن و لە ئایندەدا هەوڵەکانی ئەمریکا و ئەوروپییەکان بەتوندی دژی ئەو بەرە نەگریس و شەڕەنگێزە دەوەستنەوە ،گەر بەهەلأیسانی جەنگێکی گەرمی گەورەش بێت،چونکە نە ئەمریکا و نە ئەوروپییەکان ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست بەو گەورە و گرنگیە ئابوری و ئەمنی و سیاسیەوە بەجێناهێڵن بۆ ڕوسیا و تورکیا و ئێران و بە ئازادانە تەراتێنی تیادا بکەن،بەڵکو لە ئێستاوە ئەمریکا و سعودیە و ئیمارات و میسرو ئیسرائیل لەگەڵ ئەوروپییەکانیشدا کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنان و خۆئامادەکردن بۆ ئەو جەنگە چاوەڕوانکراوەی ئایندەو هەریەکەش ڕۆڵی خۆی بۆ دیاریکراوە.

- بەدڵنیایش کورد لە ئەنجامی شکست و بچوکبونەوەی هەریەکە لە ئێران و تورکیا قازانجی گەورە بەدەستدێنێت و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش بەم شێوەیەی ئێستا نامێننەوە و کوردیش لە باکور و ڕۆژئاواو ڕۆژهەلأتیش بە چەشنی باشوور جۆرە ئازادی و سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنێك بەدەستدێنن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس وڕاچڵکین وئاڕاستە و وتاری کورد و کوردسات نیوز و هەواڵ و pukmedia و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٦٥٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٦دا بلأوکراوەتەوە.

## بۆچی هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق چارەنوسسازە؟*

• لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا ٣ خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەچووە،و ئەم خولەی ئێستاش کە بڕیارە لە ٢٠١٨/٥/١٢دا ئەنجام بدرێت دەبێتە خولی چوارهەم و تا ساڵی ٢٠٢٢ دەخایەنێت.ئەوەی ئاشکرایە کە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا کەلەساڵی ٢٠٠٥دا نوسراوەتەوە دانی ناوە بەوەی کە سیستەمی حومکڕانی لە عێراقدا بریتیە لە سیستەمێکی پەرلەمانی و فیدراڵی و تەوافوقی و دیمکوراسی و ئەم بنەمایانە کراونەتە بنەمای سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی عێراقی ئایندە، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیع هیچ کام لەو بنەمایانە تاکو ئێستا وەکو خۆیان و بەشێوەیەکی سروشتی و بێ گرفت جێبەجێنەکراون و هیچ کام لە سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان کاریان نەکردوە بۆ چەسپاندنیان، ئەوەی کە بەتەنها هەوڵی چەسپاندنیانی دەدا بریتی بوە لە کورد ،بەڵام ئەویش بەهۆی کەمی کورسی و ناتەبایی ناوخۆییان و پاشگەزبونەوەی برا عەرەبەکان ((بە سونە و شیعەیانە))وە لە بەڵێن و پەیمانەکانیان،نەیتوانیوزە جێبەجێیان بکات.

• ئەوەتا لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابووردوودا پەرلەمانی عێراق نەیتوانیوە یاسا گرنگەکان دەربکات و متمانە لە حکومەتە یەك لەدوایەکەکان بسێنێتەوە و دژی گەندەڵی بوەستێتەوە و داهات و خەرجی عێراق بەفیرۆ نەدات و هەژمونی خۆی بەسەر حکومەت و تەواوی ئۆرگانەکاندا بسەپێنێت،ئەوەی لەبەرچاوە حکومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێکار باڵادەست و ئاکتیڤە و نەچۆتە ژێر باری یاساکانی پەرلەمانەوە،چونکە زۆرینەی حکومەت لای عەرەبی شیعەن کە زۆرینەن و بەهێزیشن،بەهەمان شێوە دیموکراسی لە عێراقدا نەك نەچەسپیوە بەڵکو لە پاشەکشەی بەردەوامدایە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ..هتد.هەموان بەئێستاشەوە حەز وخواستی تاکڕەوی و باڵادەستی و قۆرخکاری و پاوانخوازی لەدەسەڵاتدا دەکەن.هەربۆیە دیموکراسیش تەنها بۆتە دروشمێکی بێ ناوەڕۆك.ئەوەی کە ناوی تەوافوقی سیاسی و کاری پێکەوەیشە بۆتە دروشمێکی بێ بنەماو هیچ کام لە حیزب و سەرکردەکان کاری بۆ ناکەن و تەنانەت لەناو ماڵی شیعیشدا باوی نەماوە و هەموان کار تەنها بۆ بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و بنەماڵەکانیان دەکەن و لەناو سونە و کوردیشدا بەهەمان شێوەیە،هەربۆیە لە ئێستادا و لەناو پەرلەمان و حکومەت و سیستەمی حوکمڕانی لەعێراقدا هیچ کام لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکان کاری پێکەوەیی ئەنجام نادەن،تەنها لەبارێکدا نەبێت کە بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان لێك نزیك ببێتەوە.

هەرچی مەسەلەی فیدراڵیشە،کەهەر لەسەرەتاوە تەواوی عەرەبەکان و کەمینەکانی تریش لێی ناڕازی بون و تەنها کورد داوای دەکرد،لە ئێستادا ئەویش کاری پێناکرێت و تەنانەت هەوڵی سڕینەوە و ڕەتکردنەوەشی دەدرێت و ئەوەتا لەماوەی ئەم ١٥ ساڵەی ڕابووردوەدا،کاری جدی نەکراوە بۆ پێکەوەنانی هەرێمەکانی تر و دانەمەزراندنی ئەنجومەنی هەرێمەکان و کەوتوشنەتە لەقاڵبدانی دەسەڵات و سنورەکانی تاکە هەرێمی فیدراڵی لەهەرێمی کوردستانیشدا.

• بەم شێوەیە ئەو دەستور و بنەمایانەی بۆ عێراقی نوێ دانراوە هیچ کامیان کاری پێناکرێت و عێراق بۆتە وڵاتێك کە تەنها زۆرینەی باڵادەستی عەرەبی شیعە دەیبات بەڕێوەو ئەویش بەپێی نەك بەرنامەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی عەرەبی عێراقی بەڵکو بە پێی ئەجێندای دەوڵەتانی دراوسێ لەتورکیا و بەتایبەتیش ئێرانی شیعە مەزهەب.بۆیە عێراقی ئایندە تەنها دروشمێکی بێ ناوەڕۆکە و زۆر دوورە عێراقێکی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتوو و دیموکراسی ببینین کە تیایدا هاوڵاتی و هاونیشتیمانیان هەست بە کەرامەت و سەلامەتی و پاراستنی ماف و ئازادیەکانیان بکەن لەسایەی حومکڕانیەکی ئاینی و مەزهەبی توندڕەو و تەسك و دواکەوتوەوە.

• **ئەوەی لێرەدا بۆتە پرسیار ئەوەیە ،بۆچی ئەم هەڵبژاردنە هەموان بە چارەنوسساز لێیدەڕوانن و بەگەرمی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بۆ دەکەن و گەرەکیانە زۆرترین ژمارەی کورسی بەدەست بێنن؟**

بەکورتی و کرمانجی هەموان لەهەوڵی بەدەستهێنانی پلە و پۆست و ئیمتیازاتی مادین و نیوهێندە بەتەنگ بەرژەوەندیە باڵاکانی نە عێراق و نەکوردستانیشەوەن، بەڵکو هەموان گەرەکیانە خۆیان ببنە زۆرینەی پەرلەمانی و حکومەت پێکەوە

بنێن ،ئەوەی زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت لەناو ماڵی شیعەکاندایە و بەتایبەتتریش لەناو حیزبی دەعوەدا وەك گەورەترین حیزبی سیاسی و هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی دەدات و بە ئاشکراش نوری مالکی ڕایگەیاندوە کە لەگەڵ حکومەتی زۆرینەدایە ئەمەش بەواتای ئەوە دێت گەر سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنێت ئەوا عێراقی ئاینده بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی تاکڕەوی و تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی بەهەمان شێوەی ڕژێمی بەعسی صدامی.بۆیە بەڕاستی ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە و چارەنووساز بۆ هەموان بە عەرەب و کورد و کەمینەکانی تریشەوە،عێراق دەکەوێتە سەر دووڕیانی مانەوە وەك وڵاتێکی فیدراڵی و دیموکراسی و پێکەوەیی و پەرلەمانی یاخود بەرەو تاکڕەوی و تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی هەنگاو دەنێت.

بۆیە عێراقی ئێستا و ئاینده دوای نەمانی یان لاوازبون و کزبوونی تیرۆر و تیرۆریستانی داعش و بەرزبونەوەی نرخی نەوت و دەستکردن بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و تاڕادەیەك ئارامی و ئاشتیەکی کاتی هەیە و هەستیپێدەکرێت،هەموان گەرەکیانە زۆرترین سوود و قازانجی سیاسی و ئابوری و ئەمنی بکەن. بۆ ٤ ساڵی ئاینده ببنە پاڵەوانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەشدا. چونکە ئەوەی دەرکەوتوە حومکڕانانی عێراق لەماوەی دەسەڵاتیاندا هێندەی بەتەنگ کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەوەن نیوهێندە بەتەنگ ئایندەی گەلان و خاکی عێراقەوە نین.

ئەوەی لەسەر کوردیش ماوەتەوە،ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم خولەی پەرلەمان زۆر گرنگ و چارەنوسسازە چونکە دوای تەواوبونی شەڕی داعش و دوای داگیرکردنەوەی نیوەی خاکی کوردستان و دوای هەستکردن بەکەمکردنەوە و لەقاڵبدانی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە دێت کەهەموان نیازی پاکیان نیە ،بۆیە دەبێت کورد بەیەك و یەکگرتوییەوە بچێتەوە بەغداد و پێداگیری لەسەر بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی بکات لە چەسپاندنی فیدراڵیەت و کاری پێکەوەیی و دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانیداو هەوڵی جدیش بدات بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور کە زۆر گرنگە بۆ گەڕانەوەی خاکی لەدەستچووی کورد و گەڕانەوەی شکۆی کورد و هێزی پێشمەرگەش بۆ ئەو ناوچانە.

هەربۆیە هەموان خۆیان لە هەڵوێست و وێسگەیەکی گرنگ و هەستیار و چارەنووسسازدا دەبیننەوە و هەوڵی جدی دەدەن بۆ سەرکەوتن و تەنانەت دەوڵەتانی دەوروردراوسێ بەشیعە و سونە و بە فارس و تورك و زلهێزەکانیش بەچاوێکی پڕ گومان و مەترسیەوە سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن و هەریەکەیان گرەوی لەسەر ئەسپێکی دیاریکراو کردوە کە چەند دەتوانێت لانی کەم بەرژەوەندیەکانیان لە ٤ ساڵی ئاییندەدا بپارێزێت و مسۆگەریشی بکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی چاودێر و هاوڵاتی و pukmediaووتاری کورد و ئاوێنە و ڕاچڵەکین و شەنپرێس و ئاڕاستە و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٥٢ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٤٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/٢٢دا بلاْوکراوەتەوە.

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی لوبنان وئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی *

- لوبنان ئەو وڵاتە بچوکەی عەرەب کە یەکەمین وڵاتی عەرەبیە کە سەربەخۆیی خۆی وەدەستهێناوە لە ٢٢ نۆڤەمبەری ١٩٤٣دا وتەنها ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە٦ملیۆن کەس و ڕووبەری وڵاتەکەشی بریتیە لە ١٠٤٥٢کیلۆمەتر چوارگۆشە،بەڵام بەهێندەی وڵاتە عەرەبیە گەورەکان بەناوبانگە لەسەر ئاستی ناوچەکە ودونیاشدا بەهۆی کرانەوەی دانیشتوانەکەی و جوانی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەشتیاران و بەرزی ئاشتی هوشیاری وڕۆشنبیریان ولوبنان بۆخۆشی کەوتۆتە ناوجەرگەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەناوبانگە لە بواری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەی ئازاددا، هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی ئەوەی کە لوبنان جێگە و پێگەیەکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشی هەبێت.
- بەڵام ئەم جێگە و پێگە گرنگەشی بۆتە بەڵایەك بۆ لوبنان و بۆتە هۆی چاوتێبڕینی وڵاتانی دراوسێی هەر لە مێژەوە بەتایبەتیش سوریا کە هەمیشە خەون بە گێڕانەوەی لوبنانەوە دەبینێت بۆ سەر شامی گەورە و لەم دواییانەشدا لەلایەن ئیسرائیلیشەوە بۆتە ئامانج و جێگەی چاوتێبڕین بەهۆی ئەوەی کە لوبنان لەلایەك بۆتە جێگەی حەوانەوەی ئاوارە فەلەستینیەکان لەساڵی ١٩٨٢وە و لەلایەکی تریشەوە حیزبوڵای لوبنانیش و لە سەر سنورەکانی ئیسرائیل بۆتە هێزێکی مەترسیدار بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیل بە پشتیوانی سوریا و ئێرانی شیعە مەزهەب.
- لوبنان هەر لەسەرەتای سەربەخۆبونیەوە لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی ئاینی و مەزهەبی دابەشکراوە بەسەر پێکهاتە ئاینی و مەزهەبیەکاندا لە سونە و شیعەی ئیسلام و مەسحیی و دورزی و ..هتد.کەئەم هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە حکومەتەکانی لوبنان حکومەتی لاواز و فشەڵ بن و لەژێر کاریگەری و هەژموونی دەوڵەتانی دەرەوەی لوبناندا بن بە پشتیوانیکردنیان لە هەر ئاین و مەزهەبێکی سەر بەخۆیان ،لە سوریا و ئێران و سعودیە و قەتەر و عێراق و ..هتد.بۆیە بەداخەوە لوبنان لەساڵانی حەفتاکاندا توشی شەڕێکی درێژخایەنی نەخوازراو بۆوە کە تاساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردووی خایاند و بە ڕێکەوتنی تائیف کۆتایی پێهات و ئەوکات لوبنان و لوبنانیەکان ئاهێکی خۆشیان پیادا هاتەوە ،بەڵام ئەوەندەی نەخایاند و جارێکی تر لوبنان بووەوە ئامانجی وڵاتانی ناوچەکە و دەستیان خستە ناو کاروبارەکانیەوە و هێمنی و ئارامی و گەشە و پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیان خستەوە بەر ڕەشەبای لەناوچوون.
- لوبنان بۆ خۆی و گەلەکەشی وڵات و کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و ئازادیخواز و کراوەن، بۆیە لە مێژە پابەندن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانەوە و دیموکراسیەت جێ پێی خۆی قایم داکوتاوە،بەڵام ململانێ حیزبیەکان و تایەفی و ئاینیەکان ڕێگەیان نەداوە کە ئەم پرۆسە گرنگە بەردەوام بێت و گەشەش بکات.ئەوەتا لەدوای ٩ساڵ تونرا لە ٢٠١٨/٥/٦دا جارێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت دوای هەوڵێکی زۆر، کێبڕکێی توندیش لە نێوان ٩ حیزبی سیاسی کلاسیکیدا بوو کە بەدرێژایی مێژووی سیاسی لوبنان لە ململانێدان و هەریەکەشیان نوێنەرایەتی ئاینێك و مەزهەبێکی دیارکراو دەکات ،بەڵام ئەنجامەکانی چاوەڕوانکراو نەبوون بۆ زۆرێك لە هێزە گەورە و کلاسیکیەکان و بەمەش جارێکی تر لوبنان و ئایندەکەی پێناچێت زۆر ڕۆشن بێت و حکومەتی ئایندەشی زۆر بەهێز نابێت بەتایبەتیش کە حیزبوڵاو هاوپەیمانەکانی بەڕابەرایەتی حەسن نەسروڵا و نەبیە بەری زیاد لەنیوەی کورسیەکانی پەرلەمانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە کە زیاد لە ٦٧ کورسیە لەکۆی ١٢٨ کورسی پەرلەمان،هەروەها هێزی ڕەوتی ئایندە بەسەرۆکایەتی سەعد حەریریش تەنها ٢١ کورسی وەدەستهێناوە کە پاشەکشەیەکی گەورەی کردوە بەبەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ کە ٣٠ کورسی هەبوە،هەروەها ئاڕاستەی نیشتیمانی ئازاد کە زاواکەی سەرۆکی لوبنان مێشێل عون سەرکردایەتی دەکات ئەویش شکستی بەرکەوتوە،ئەوەی کە توانیویەتی کورسی زیاتر بەدەستبێنێت هێزەکانی لوبنانە بەڕابەرایەتی سەمیر جەعجەع کە ١٧ کورسی بەدەستهێناوە.

ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکی هەستیار و چارەنوسسازی لوبنان و ناوچەکەدا چێ دەبێت و تەنها نیوەی دەنگدەران بەشداریان کردوە بەرێژەی ٢٠ر٤٩٪ کەئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت گەلی لوبنانی بڕوا ومتمانەیان بەم جۆرە حیزب و سەرکردە و دەسەلاتە نەماوە و پشتگیری گەورەش لەهیچ کامیان ناکەن،چونکە ولاتیان بەرەو پاشەکشەی دیموکراسی و وئازادی و خۆشگوزەرانی بردوە. و گەرەکیانە کە گۆڕانکاری بکرێت لە دەموچاو و جەستە و عەقڵەکانیشدا،بەلام لوبنانیەکان لەوە بێهێزترن کە بتوانن گۆڕانکاری بکەن چونکە پێکهاتەی کۆمەڵگای لوبنانی دابەشبونەتە سەر ئینتیمای جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی جیاواز کە لەدەرەوەی سنورەکانەوە ئاڕاستەدەکرێن و هەریەکەشیان لەبەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن.لەگەڵ ئەمانەشدا سونە مەزهەبەکان کە بە ((تەیاری شین))ناسراون پێکەوە دەتوانن حکومەت پێك بێننەوە بە سەرۆکایەتی سەعد حەریری بەلام حکومەتێکی لاوازتر لەجاران چونکە پاڵپشتی بەهێزی نەماوە لە پەرلەماندا و حیزبولا و بزوتنەوەی ئەمەلی شیعی و هاوپەیمانەکانیان دەتوانن مەرجەکانیان بسەپێنن بەسەر ئەو حکومەتدا و هەرکاتیش بیانەوێت دەتوانن حکومەت هەڵبوەشێنەوە یان توشی گێژاو و سەرئێشەی بکەن.چونکە پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە ٦٥ دەنگ و زیاتر هەیە کە بەئاسانی کۆناکرێتەوە بۆ سونە مەزهەبەکان گەر ڕێکەوتنی پێشوەختە نەبێت لەنێوان هەموو حیزب و ئاڕاستەکاندا و بەتایبەتیش شیعەکان.بەم شێوەیە حکومەتەکانی لوبنان هەمیشە حکومەتی ئیئتیلافی بێهێز بوون نەك حکومەتێکی زۆرینەی بەهێز،هەربۆیە حکومەتی داهاتووی لوبنان لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەوە،حکومەتێکی لاواز و فشەڵ دەبێت و ئایندەی لوبنانیش زۆر ڕۆشن نابێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و وتاری کوردو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٦٨ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٤دا بلاوکراوەتەوە.

## گومان و پرسیارەکان لەسەر
## پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ٢٠١٨*

• ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی خولی چوارهەمی پەرلەمانی عێراق کە لە ٢٠١٨/٥/١٢دا ئەنجامدرا، زۆرترین گومان و گلەیی و گازندەی لەسەر دروست بووە،لەلایەن هەموانەوە،بەحیزب و لیستە بچوك و گەورەکانەوە بە حیزب و لیستە براوە و دۆڕاوەکانیشەوە،ئایا ئەمە ڕێکەوتە و تەنها دەچێتە قاڵبی گومان و بۆ دوورخستنەوەی کەمتەرخەمی و کەموکورییەکانە لە ئەستۆی خۆیان؟ یاخود ڕاستەقینەن و شایەنی ئەوەن کە هەڵوێستەی سیاسی و یاسایی و جەماوەریشیان لەسەر بکرێت؟

ئەم هەڵبژاردنە کە زیاد لە ٣٠ قەوارە و حیزب و هاوپەیمانی و لیستی سیاسی جیاواز کە دابەشبونەتە سەر تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی عێراق لە باکورەوە تا باشوور بەشداریان تیادا کردوە و هەموانیشیان بەنیازی بردنەوەبوون و سەقفی تێڕوانین و پێشبینی و خواست و خەونەکانیان هێندە بەرزبوە کە لەئێستادا ودوای دەرچوونی ئەنجامە بەراییەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە هەموانیان توشی شۆك و نائومێدی بوون لە ئەنجامەکان و هیچ کامیان چاوەڕوانی ئەم ئەنجامانەیان نەدەکرد، لەکاتێکدا کە هەموانیشیان دڵنیابوون لەوەی کە لەم خولەدا کەمترین ساختەکاری و فرت و فێڵ دەکرێت لەبەرئەوەی کاری دەنگدان و جیاکردنەوەکەشی بە ئامێر و تەکنەلۆجی نوێ سازدەکرێت و هەموان بە شان و باڵی پرۆسەکەدا هەڵیاندەدا،بەڵام کاتێکیش تەنها ئامار و ئەنجامە بەراییەکان وەدەرکەوتن هەموان ناڕازی و دژ بوون و کەوتنە سەرکۆنەکردنی یەکتری و تۆمەتبەخشینەوە و گومان دروستکردن لە ئەنجامەکان و ئامێر و تەکنەلۆجیا نوێکانی سەردەم.

• لەم هەڵبژاردنەدا و دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان تەنها ٣٢ حیزب و قەوارە و هاوپەیمانی و لیستی سیاسی توانیویانە لەکۆی ٣٢٩ کورسی پەرلەمان ٣٢٠ کورسی بۆ خۆیان کۆبکەنەوە و ٩ کورسیەکەی تریش بۆ کۆتاکان دانراون. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەکۆی دانیشتوانی عێراق کە ٣٨ ملیۆن و ٥٠٠هەزار کەسە تەنها ٢٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوە و لەو ژمارەیەش تەنها ١٠ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس چونەتە دەنگدان و بەکردارەکی دەنگیان داوە کە ڕێژەی بەشداربوون لەتەواوی عێراقدا دەگاتە تەنها ٥ر٤٤٪ کە کەمترە لەنیوەی دەنگدەران.کە بۆخۆی کەمترین ڕێژەی دەنگدەرانە لەساڵی ٢٠٠٥وە.

• ***لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە، بۆچی ئەم ڕێژە کەمەی دەنگدەر؟هۆکارەکان چین و کێ و چ لایەنێك لێی بەرپرسیارە؟***

وەڵام، ساردوسڕی بەدەمەوە چوونی هاوڵاتیان بۆ دەنگدان کە وەك ماف و ئەرێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و شەرعیش وایە،دەگەڕێتەوە بۆ بێ متمانەییان و بڕوانەبونیان بە توانا و ئەدای حیزب و سەرکردەکان و نوێنەرەکانیش لە پەرلەمان،چونکە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابووردوو هەموانیان بێ جیاوازی لە عێراق و کوردستاندا بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە هیچ کامیان ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ جەماوەر و لایەنگرەکانی خۆیان و کۆمەڵگاشدا و هیچ کامیان خاوەنی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن نەبوون و تەنها سەرگەرمی کۆکردنەوەی پلە و پۆست وئیمتیازاتی کەسی و حیزبی خۆیان بوون وجەماوەریان لەبیر کردوە و فرییان داون،کارگەیشتۆتە ئەوەی کە گەندەڵی و نادادپەروەری بەڕادەیەك تەشەنە و بڵاوەی کردوە کە تەواوی ئۆرگانەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتی گرتۆتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە،نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و پرۆژە ئاوەدانیەکان و مووچە و دیارنەمانی داهات و تاریکاندنی خەرجی و تۆخکردنەوەی حیزبایەتی دوور لە ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوەیی و کارکردن بە ڕێنمایی و بەرژەوەندی وڵاتانی دەرودراوسێ و زلهێزەکان،هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆکەمی ڕێژەی بەشداربوون و توڕەبون و زویربونی هاوڵاتیان، بەدڵنیاییش هەموو سەرکردە و حیزب و قەوارە سیاسیەکان لێپرسراون لەم دۆخە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و

کۆمەلاٌیەتیە ناجێگیر و هەژار و دواکەوتووەی کۆمەڵگای عێراقی و کوردستانیش.گەرچی هەندێك هێزی سیاسی نیەت و بەرنامەی کار و خزمەتکردنی ڕاستگۆیانەشی هەبوبێت بەلاٌم بەتەنها ناتوانێت جێبەجێیان بکات.

- لەئێستاشدا کە هەموانیان نەیانتوانیوە کە زۆرینەی ڕەهای کورسیەکان وەدەستبێنن و بتوانن حکومەتێکی زۆرینەی بەهێز دوور لە ئیئتیلافیەکی لاواز پێکبێنن،هەموان تۆمەت بۆ یەکتر هەڵدەبەستن و گەرەکیانە شکستەکانیان بخەنە ئەستۆی یەکتری و جەماوەریش بە کەمتەرخەم و خوێنسارد و بێباك ناودەبەن،نازانن یان لەبیری خۆیان بردۆتەوە کە ئەوە جەماوەرە سەرچاوەی شەرعیەت و دەسەلاٌتەکانە،نەك سەرکردە و حیزبەکان،ئەوە جەماوەرە دەتوانێت هاوکێشە و هێزە سیاسیەکان قلٌپبکاتەوە و بیانهێنێتە خوارەوە و فێری دیموکراسیەت و پیادەکردنی ڕاستەقینەشیان بکات نەك حیزب و سەرکردەکان،ئەوە جەماوەرە سەرچاوە و ئیلهام بەخشە نەك سەرکردە و حیزبی درۆینە و دروستکراو تەنها بۆ کۆکردنەوەی پلەو پۆست و دەسەلاٌت دامەزراون یان دروستکراون بە دەستلەپشدانی ولاٌتان و هێزی دەرەکی.
- ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا ڕوویداوە و جێگەی سەرنجە،ئەوەیە کە زۆرێك لە حیزبە کلاسیك و سەرکردە بەناو بەهێزەکان دەنگ و کورسیەکانیان کەمیان کردوە لە عێراق و کوردستان و ئەوەشی مایەی شۆکبون و تێڕامانە ئەوەیە کە هەندێك حیزب و قەوارە کە تەنها تەمەنیان لە ساڵێك تێپەڕ ناکات و خاوەن هیچ ڕابووردویەکی سیاسی سەرکەوتوش نین بونەتە خاوەنی ٣ –٤ کورسی کە بەهەق شایەنی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە،کە چۆن و بەچ هێز و پشتیوانی و مێژویەکەوە توانیویەتی کە ببێتە جێگە متمانەی ئەو جەماوەرە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی((٢٠٠٠٠٠ دەنگدەر)) کە هێشتا تاقیان نەکردۆتەوە لەدەسەلاٌتدا،کەلە کوردستان و عێراقیشدا نمونەیان هەیە،و توانیویانە جێگە بەهەندێك هێزی سیاسی و سەرکردە لەق بکەن کە خۆیان بە جێگرەوە و بە نمونەی بێ وێنە و تازەگەری لە ئۆپۆزسیۆندا پیشان دەدا،کەچی حسابەتەکانیان هەموو پێچەوانە بۆتەوە.

**جا ئایا ئەم پڕۆسەی هەڵبژاردنە بەم هەموو ڕاز و گلەیی و گومان و پرسیارانەوە،دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی عێراقی بۆ ئاینده و لانی کەم بۆ ٤ ساڵی داهاتوو؟ئایا ئەم هەموو حیزب و سەرکردانە کە خۆیان بۆ پلە و پۆستی گەورە داناوە دەتوانن ڕێکبکەون لەگەڵ یەکتردا و بەمتمانەوە کار لەگەڵ یەکتردا بکەن؟ ئایا دەتوانن بۆ ٤ ساڵی ئاینده نمونەیەکی ئومێد بەخش پیشانبدەن و جەماوەری عێراقی و کوردستانیش ئاشتبکەنەوە و خۆشگوزەرانیان پێببەخشن؟**

یان ئەوەتا ئەم خولەش تەنها دووبارەکردنەوەی خولەکانی پێشترە وخولانەوەیە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەبێت ئاوات بۆ ڕابووردوو بخوازین و چاوەڕوانی زەمانە بکەین بۆ وەلاٌم وەرگرتنەوەی پرسیارەکان!!!

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا و pukmediaو ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٥٣ وکوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٧٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٧دبلاٌوکراوەتەوە.

## حكومەتی ئایندەی عێراق لە نێوان
## بەرداشی ( ئەمریكا ) و ( عەجەم ) دا !*

- لەبەرئەوەی پرۆسەی دیموكراسی لەم ولاٚتانەی ڕۆژهەلاٚت بەگشتی و ڕۆژهەلاٚتی ناوینیش بە تایبەتی لەسەرەتا و لە قۆناغی گاگۆڵكێدان،بۆیە هەمیشە بە نارێك و پێكی پیادەدەكرێن و لەسەر زەمینەی واقع بەهەڵە و بەسەقەتی دەچەسپێندرێن،عێراقیش وەك یەكێك لەو ولاٚتانە و میراتگری سیستەمێكی دیكتاتۆری و تاكڕەوی دڕندە و دوای ١٥ ساڵیش لە ڕووخاندنی ئەو سیستەمە هێشتا بنەما سەرەكیەكانی دیموكراسی بەتەواوەتی هەزم نەكردوە و لێشیتێنەگەیشتوە،هەربۆیە دوای هەموو پرۆسەیەكی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنەكان كۆمەڵێك ڕەخنە و گلەیی و تانە لە ئەنجامەكان و سەرتاپای پرۆسەكە دەدرێت و ناو وناتۆرەی تەزویركردن و ساختەكاریشی دەدەنە پاڵ،ئەوەتا ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق بۆ خولی چوارەم زۆرترین ڕاز و گلەیی لەسەر دروستبوە.
- بەلاٚم لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەشدا دەوڵەتانی ناوچەكەی و ئەمریكاش پیرۆزباییان لە پرۆسەكە كردوە و گەرەكیانە بەزووترین كات حكومەتێكی بنكە فراوانی هەمەڕەنگ و هەمە دەنگ پێكبهێنرێت، جا ئەم حكومەتە ئەوەندەی كات و چۆنێتی پێكهێنانەكەی لەدەست و بەبڕیاری دوو دەوڵەتی ناوچەكە و زلهێزەكانە نیوهێندە لەدەست سەركردە عێراقیەكاندا نیە،ئەم حكومەت و حكومەتەكانی داهاتووش لەبەر ئەوەی لەسەر بنچینەی پشكپشكێنەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی پێكدەهێنرێت و بەهەمان شێوەش هیچ هێز و لایەن و حیزبێكیش ناتوانێت زۆرینەی ڕەهای دەنگەكان بۆ خۆی كۆبكاتەوە ،ئەوا هیچ كات دەوڵەتی عێراقی نوێ نابێتە خاوەن حكومەتێكی بەهێز كە بتوانێت ئیرادە و ئیدارەیەكی بەهێز پێكەوە بنێت و عێراق لە پاشكۆی بڕیار و ڕاسپاردە و ئامۆژگاریەكانی دەرەوەی سنورەكانی خۆی ڕابپسكێنێت و هەمیشە حكومەتێكی لاوازی گوێ لەمشتی ئەوان دەبێت.ئەو ولاٚتانەش هەمیشە حكومەتێكی ئیئتیلافی لاوازیان گەرەك و پێباشترە وەك لە حكومەتێكی نیشتیمانی و خاوەن بڕیار.
- لەئێستادا پێكهێنانی حكومەتی ئایندەی عێراق گەرمترین خواس و باسی كۆبونەوە دووقۆڵی و سێ قۆڵی و زیاترەكانە و بەتایبەتیش لەنێوان فراكسیۆنە گەورەكاندا كە لەناو شیعەكاندایە.كە هەریەكە لە هاوپەیمانی((سائرون/٥٤ كورسی و فەتح/٤٩ كورسی و نەصر/٤٢ كورسی و دەوڵەتی قانون/٢٥ كورسی و ڕەوتی حیكمە/٢١ كورسی)) دەگرێتەوە كە پێكەوە دەتوانن بە ئاسانی حكومەت پێكەوە بنێن كە تەنها ١٦٥ دەنگی پێویستە لەكاتێكدا ئەوان دەتوانن دەنگی ١٩١ دەنگی ئەندام پەرلەمان و زیاتریشی بۆ كۆبكەنەوە و مسۆگەر بكەن بۆ پەسەندكردنی.
- بەلاٚم ئەم چوار یان پێنج لایەنەش هەرچەندە شیعین بەلاٚم هەریەكەشیان كەم تا زۆر دابەشبونەتە سەر بلۆكی ئێرانی شیعە مەزهەب و خاوەن هەژموونی گەورە و نفوزی بەهێز لە عێراق و ئەمریكادا كە ئەویش وەك زلهێزێكی دونیا و خاوەن دەسەلاٚتی ئیداری و دارایی و ئەمنی گەورە لەعێراقدا و ڕوخێنەری ڕژێمی بەعسی صدامیش كاریگەری خۆی هەیە، جا ئەم حكومەتی عێراقە بەم شێوە پێكهاتە سەیرو سەمەرەیەی و لەنێوان ئەم دوو بەرداشی ئەمریكا و ئێرانەدا هیچ كات حكومەتێكی نیشتیمانی خاوەن بڕیاری بەهێز نابێت و هەمیشە دەكەوێتە ژێر هەژموون و كاریگەری بەرژەوەندیەكانی ئەو دوو ولاٚتەوە و لەنێوان ململانێكانیاندا دەبێتە قوربانی.
- حكومەتی عێراقیش ناكرێت و نابێت تەنها لە پێكهاتەیەكی دیاریكراو یان لەنەتەوەو ئاین و مەزهەبێك پێكبهێنرێت،چونكە ئەو كات دەبێتە حكومەتێك كە پەردەی ئاینی یان مەزهەبی بەسەردا دەبڕێت و ناتوانێت بەشێوەیەكی دادپەروەرانە نمایندەی هەموو گەلان و پێكهاتەكانی عێراق بكات و ئەو كاتیش دیموكراسیەت لە مانا ڕاستەقینەكەی خۆی دادەماڵرێت، بۆیە گەرەكە ئەو حكومەتە عەرەبی سونە و كوردی نەتەوەی دووەم و كەمینەكانی توركومان و مەسیحیش لەخۆ بگرێت هەریەكە بە قەوارە و مافی هەڵبژاردنەكانی خۆی.

جا پێکهاتنی ئەم حکومەتە کارێکی سەخت و گران دەبێت چونکە هەریەکە لەو لایەنانە بەرژەوەندی و بەرنامە و دیدگای خۆی هەیە بۆ ئایندە و لەسەروو هەموانیشەوە وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش بەهەمان شێوە.

- بۆیە پێکهێنانی ئەم حکومەتە پێویستی بە کەسانێکی شارەزا وبە ئەزموون و خاوەن بڕیار و پشوو درێژ هەیە و پێویستی بەدیقەت و کاری وورد هەیە،کە بە عەمەلیاتی قەیصەری دەشوبهێنرێت کە زۆر سەخت و هەستیارە و بڕیاری گرنگ و یەکلاکەرەوەی دەوێت.

- کورد لەم نێوەندەدا ،نێومالێکی پەرتەوازە و دوورلەیەکی هەیە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش هێندەی تر لەیەکتری دوورخستنەوە و لە ئێستادا کە کورد پێکەوە ٥٨-٦٠ کورسی هەیەو دەبێتە گەورەترین هاوپەیمانی لە پەرلەماندا و زۆر ڕێگەشی تێدەچێت کە تەکلیف بکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت گەر یەك و یەکگرتووبن وەك گەورەترین هاوپەیمانی ناو پەرلەمان،بەلاّم بەهۆی ناکۆکی و تۆخکردنەوەی بەرژەوەندیە حیزبیەکان و جەختکردنەوە لەسەر وەدەستهێنانی پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکان بیریان لەلای مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان نەماوە،گەر واشبن ئەوا هیچ سەنگ و قورساییەکیان لە عێراقدا نامێنێت و ئایندەی کوردیش ناڕۆشن و بچوکتر دەبێتەوە.لەو حکومەتەی ئایندەی عێراقیشدا جێگە و پێگەی شیاوی خۆی وەرناگرێت و ئەوکاتیش و لانی کەم بۆ ٤ ساڵی ئایندە مافە دەستوریەکانمان سڕدەکرێن و بچوك دەکرێنەوە و هێندەی تریش ناوماڵی کوردپەرتەوازە و شەپریوتر دەبێت،کە ئەمەش تەنها لە قازانجی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس و ئاڕاستە و سپی میدیا و چاودێرنیوز و pukmediaو ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٥٤ وکوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٨٤لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٢١دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئێران لەبەردەم تووڕەیی ئەمریکادا*

- ئێران هەر لەساڵی ١٩٧٩وە تاکو ئێستا هیچ کات وا مامەڵەی نەکردوە نە لەناوچەکەدا و نە لە سەر ئاستی دونیاش وەك دۆستی ئەمریکا و هیچ کات نەچۆتە ناو خولگە و بازنەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە گەر بۆ ڕواڵەتیش بوبێت، هەمیشەش هەر کات بۆی هەڵکەوتبێت هەنگاو گەلێك یان سیاسەت و مامەڵەیەکی پیادە کردوە چ ڕاستەوخۆ دژ بە ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی بوە یان دژ بە دۆست و هاوپەیمانەکانی بوە لەناوچەکەدا کە هەموانیان چونەتە چوارچێوەی دژایەتی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە و ئایندەی ئەو بەرژەوەندی و پلانانەی ئەمریکای خستۆتە بەر مەترسیەوە.هەربۆیە هیچ کات و لەماوەی ئەو ٣٩ ساڵەی ڕابووردوودا ئەمریکاش ئێرانی بەدۆست و لایەنگری خۆی نەزانیوە نەك هەرئەوە بەڵکو هەمیشە لەخانەی دوژمنان و وڵاتانێکدا بوە کە پشتیوانی تیرۆر و تیرۆریستانی کردوە و خستویەتیە ناو لیستی ڕەشەوەو بەدرێژایی ئەو ماوەیەش گەمارۆی ئابوری و سیاسی و سەربازی خستۆتە سەر ئێران و دەسەڵاتدارانی.بەکردارەکیش بۆماوەی ٨ساڵ گیردۆدەی جەنگی لەگەڵ عێراقی صدام حسێندا کرد.
- ئەم دوو وڵاتە هەریەکەیان هەژموون و کاریگەری گەورەیان هەیە لەناوچەکەدا،ئێران لەلایەك بەهۆی هەڵکەوتە و پێگە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکەیەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەڵکەوتەی وەك گەورەترین وڵاتی ئیسلامی شیعە مەزهەب بۆتە هۆی ئەوەی کە سیاسەت و نفوزی لەناوچەکەدا گەشە بکات و هەژموونی خۆی بسەپێنێتە سەر زۆرێك لە دەسەڵاتداران و وڵاتانی ناوچەکە و وابکات کە لەخولگەی بەرژەوەندیەکانی ئێراندا بسوڕێنەوە،ئێرانی ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩وە هەوڵی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی داوە بۆ دەرەوەی خۆی و بەتایبەتیش وڵاتانی دەرودراوسێی و ویستویەتی کە((مانگی شیعی))لەناوچەکەدا بسەپێنێت و لە ئێستاشدا گەرەکێتی ئەو مانگە یەکشەوەیە بکاتە مانگی چواردەشەو وسەرتاپای وڵاتانی ناوچەکە بگرێتەوە.لە ئێستادا ئێران بۆتە وڵاتی ژمارە یەك کە دژایەتی یان ململانێ لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکاندا دەکات لەناوچەکەدا و لەهەحقیقەتیشدا بۆتە مەترسی گەورەش بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان،ئێران توانیویەتی کە هەژموونی خۆی لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین و بەحرەین و قەتەر و عومان و یەمەن و تەنانەت مەترسیشی بۆ سەر کوێت و سعودیە و ئیسرائیلیش پەیدا کردوە بە نزیکبونەوەی لە سنورەکانیان،هەر ئەمەشە کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەمریکا جامی تووڕەیی و نەفرەتی خۆی بەسەر ئێراندا بڕێژێت و بیکاتە تاکە ئامانجی نزیکی خۆی و لەو پێناوەشدا کاری جدی دەکات بۆ گەمارۆدانی توانا ئابوری و سەربازیەکانی و گەرەکێتی بەکارتی فشاری ئابوری و دارایی و دروستکردنی قەیران و تەنگژەی دارایی تەنگ بە ئێران هەڵبچنێت و بەهۆی شەڕە بەردەوامەکانی و گیرۆدەکردنی لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەندا توشی نەزیفی دارایی بکات و کاتێك بەخۆی بزانێت کە هیچ توانایەکی نەماوە بۆ بەرگریکردن. ئەمریکا سیاسەت و پلانی پشوودرێژی لەگەڵ ئێراندا پیادە دەکات و سەرەتاش لەدۆستەکانی دوور دەخاتەوە ودایدەبڕێت لەهەریەکە لە ڕوسیا و کۆریای باکور و چین،ئەوەتا نێوانی ئەمریکا و کۆریای باکور هێندە لێکنزیکبۆتەوە و ئاسایش بۆتەوە کە دوای نزیکەی ٦٠ ساڵ بەمنزیکانە هەردوو سەرۆك لە سەنگافورە لە ٦/١٢ کۆبنەوە و کۆریاش ئامادەیی پیشانداوە کە دەستهەڵبگرێت لەبەرنامە ئەتۆمیەکەی و ٣ هاوڵاتی ئەمریکیشی وەك نیازپاکی کە چەندین ساڵبوو لە کۆریا بەندبوون ئازادکرد و گەڕانیانەوە بۆ ئەمریکا.

لە ئێستادا ئەمریکا هەوڵی سەرەکی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانێتی لەگەڵ کۆریای باکور بۆ دابڕانی لە ئێران و پاراستنی ئاسایشی نیمچە دورگەی کۆریا و یابانە،ئەوکاتیش دەستی والا دەبێت بۆ ئێران و سزادان و گەمارۆدان و لێپرسینەوە لەگەڵیدا و تەنانەت شەڕ کردن لەگەڵی و هێرش و پەلاماردانیشی، بەهۆی ئەو سەرکێشی و ململانێیانەی کە لەگەڵ ئەمریکا و دۆستەکانی دەیکات لەناوچەکەدا،وەك هەریەکە لە ئیسڕائیل و سعودیە و تەواوی وڵاتانی کەنداوی

فارسی،چونکە هەموو ئەو وڵاتانە دۆست و هاوپەیمانی هەمیشەیی و تاسەری ئەمریکان و بەبەشێك لە ئاسایشی ئەمریکایان دادەنێت بەهۆی دەوڵەمەندیان لەسەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتی وەك دوو سەرچاوەی گرنگی وزە بۆ ئایندەی پیشەسازی ئەمریکا.

- لە ئێستادا ئەمریکا و ئێران ڕاستەوخۆ لە هەریەکە لە عێراق و سوریا و لوبنان و تەنانەت یەمەنیش ڕووبەڕووی یەکتری بونەتەوە و ململانێیەکی سەخت دەکەن لەسەر زەمین،بەڵام هەموو بۆچونەکان وای بۆدەچن کە ئێران ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت لەو گەمە پڕ مەترسیەدا،چونکە لەلایەك توانا سەربازی و ئابوریەکانی هێندەی ئەمریکا بەهێز نیە و لەناوخۆی خۆشیدا هاوڵاتیانی ٨٠ ملیۆن کەسی زۆربەی لێی ڕازی نین و تەنانەت لەنێو باڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانیشدا ململانێی توند هەیە دژ بەیەکتری کە هەموو ئەمانە بۆخۆی دەبنە فاکتەرێکی گەورەی مەترسیدار بۆ بەهێزی هێشتنەوەی ئێران،ئەمریکا بەجدی کاردەکات بۆ بچوککردنەوەی ئێران و دابڕینی لە بازاڕەکانی جیهان و نەوت و بەهەر نرخێکیش بوە نایەوێت ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و لە نزیکترین هەنگاویشدا لەلایەن سەرۆك ترامپەوە ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و وڵاتانی ((٥+١))ی هەڵوەشاندەوە و وەك بەرزکردنەوەی کارتی سوور بۆ وەستاندنی ئێران.بەهەمان شێوەش ئیسرائیلیش لەماوەی مانگێکدا دووجار هێرشی ئاسمانی کردۆتە سەر بنکە و مۆڵگەی سەربازی ئێرانی لە سوریادا و لەیەمەنیش هێزی حوسیەکان لەسەر دەستی هاوپەیمانی عەرەبی بەسەرۆکایەتی سعودیە لە پاشەکشەدان و لە عێراقیش ئەمریکا گەرەکێتی حکومەتی ئاییندە زۆر نزیك نەبێت لە ئێران.
- بەم شێوەیە لە ئێستادا ئێران کەوتۆتە بەر هەڕەشە و تورەیی و بەردەمی تۆپخانەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و زۆر دوور نیە لەماوەیەکی نزیکدا ئەمریکا یان لەڕێگەی خۆپیشاندانی جەماوەری ناوخۆیی ئێرانەوە وەك ئەوەی لەساڵی ١٩٧٩دا دژ بە شای ئێران هەڵایسا، یانیش لەڕێگەی سەربازیەوە پەلامار و گوشارەکانی بۆسەر ئێران زیاد بکات و بەدەردی ڕژێمەکەی تاڵیبانی ئەفغانستان و صەدامی عێراقی بەرێت،هەرچەندە ڕووخاندنی ڕژێمێکی ئیسلامی گەورە و بەهێزی شیعە مەزهەب لەئێراندا هێندە ئاسان نیە،بەڵام کارێکی نەکردەش نیە و بەکەوتنی ئێرانیش ناوچەکە و بەتایبەتیش کورد قازانجی زۆر گەورە دەکەن و دەروازەکانی ئایندەی بەگەشی بەڕوودا دەکرێنەوە،ئەوەش وەستاوەتە سەر وەستایی و دانایی و بیرتیژی و دووربینی سەرکردایەتی کورد لە قۆزتنەوەی هەل و بوارە هەڵکەوتوو و گۆڕانکاریەکاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس وئاڕاستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٧٨ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## ململانێی ئەمریکا و کۆریای باکور بەرەو کوێ ؟*

- دوای نزیکەی ٦٥ ساڵ لە دژایەتی و ململانێی یەکتر لەنێوان ئەمریکا و کۆریای باکوردا،و دوای ئەوەی کە ٣ ساڵان شەڕی ناوخۆی دوو کۆریاکە بەردەوام بوو،بەڵام هیچ کامیان سەرکەوتنیان وەدەستنەهێنا و دواتر بە ئاگربەستێکی کاتی جەنگەکەیان کۆتایی پێهێنا لەساڵی ١٩٥٣دا و ئیدی لەو کاتەوە هەریەکە لەکۆریاکانی باشوور و باکور بونەتە تەرەفگیری بلۆکێك لە بلۆکی زلهێزەکانی ئەو کاتە کە تازە بەتازە خەتوخاڵی جەنگی سارد سەریهەڵدابوو لەنێوان سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا بەڕابەرایەتی هەریەکە لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران.بەم شێوەیە کۆریای باشوور بوە لایەنگری ئەمریکا و چوەناو بلۆکی سەرمایەداری و کەوتە ژێر سایەی پارێزگاری پەیمانی ناتۆوە و ئیدی بوە یەکێك لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی دونیا و سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادیشی تێدا دامەزرا و بوە دووەم هاوپەیمانی گرنگ لە ناوچەی دەریای کۆریادا دوای یابانی زەبەلاحی ئابوری،لەبەرامبەریشدا کۆریای باکور بوە لایەنگری سیستەم و بلۆکی سۆسیالستی و بوە خاوەنی سیستەمێکی دیکتاتۆری و شمولی و تاکڕەوی و بنەماڵەیی کە لەماوەی ٦٥ ساڵدا تەنها باپیر و باوك و کوڕێك بونەتە سەرکۆماری ئەو وڵاتە و وڵاتەکەش بۆتە زیندانێکی گەورە و ساڵ بەساڵ دواکەوتووتر و هەژارتر دەبێت لەسایەی سیستەمی سۆسیالیستی و تاکڕەوی و سەربازیدا و هەرچی داهاتی وڵاتیشە دەدرێتە بەرنامەی ئەتۆمی و سەربازی.
- ئاشکرایە قۆناغی جەنگی سارد لەزۆر ڕووەوە بۆتە مایەی زیانگەیاندنی گەورە و ماڵوێرانی بۆ زۆرێك لە کۆمەڵگاکان و بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کەوتبونە خولگەی یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە،وئەنجامیش دوای نزیکەی٤٠ ساڵ ململانێ بلۆکی سۆسیالیستی بەهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتی لەساڵی ١٩٩٠دا و ئازادبونی کۆمارەکانی و هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی و هاتنە کایەی سیستەمێکی نوێی جیهانی تاك جەمسەری بەڕابەرایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان،ئیدی دونیا پێی نایە قۆناغێکی تازەوە کە جیهانگیری بوو، ئەمریکاش بوە باڵادەستی یەکەم لەدونیادا.لەگەڵیشیدا کەوتە دژایەتیکردن و هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمە تاکڕەو و شمولی و سەربازیەکان یان تیرۆریست یان ئەوانەی داڵدەی تیرۆریستانیان دەداو ژمارەیەك وڵاتی خستە ناو لیستی ڕەشی سزادان و گەمارۆی ئابوری و سیاسی و سەربازیەوە،لەو وڵاتانەش ئێران و کۆریای باکور و ئەفغانستان و عێراق و سوریا و لیبیاو ...هتد. بوون.ئەوەتا ماوەی ٢٧ ساڵە ئەمریکا گەرەکێتی کۆریای باکور لەو سیستەمە ڕزگار بکات و ناوچەکە و دونیاش لەمەترسی چەکی ئەتۆمی دووربخاتەوە و هەندێك جار لەڕێگەی هەڕەشە و گوڕەشەکردن و زۆر جارانیش لەڕێگەی جاسوسی و دیپلۆماسیەوە هەوڵیداوە،بەڵام هێچ کامیان سەرکەوتو نەبوە.
- بەڵام لەئێستادا و دوای هاتنە سەر کاری دۆناڵد ترامپ و ئیدارەیەکی نوێی ئەمریکی و لەماوەی ساڵی یەکەمی دەستبەکاربونیدا بە ئاشکرا و نهێنی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کۆریای باکوری داوەو ویستویەتی ئەو ململانێ درێژخایەنەی نێوانیان خاوبکاتەوە و بەرەو چارەسەرکردنیشی هەنگاو بنێت،لە ئێستادا خۆشبەختانە توانراوە کە نزیکبونەوە و لێکتێگەشتن دروست ببێت،ئەوەش سەرەتا بە ئاشتبونەوەی هەردوو کۆریا و سەردانیکردنی سەرۆکی کۆریای باکور بوو بۆ یەکەم جار بۆ کۆریای باشوور و ڕێکەوتنیان لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان و هەنگاونانی کردارەکی بەو ئاڕاستەیە و لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا فشاری بازرگانی خستە سەر چین وەك پاڵپشتی یەکەم و گەورەی کۆریای باکور بۆ هاندانی بەو ئاڕاستەیە وبەهەمان شێوەش سازشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوسیادا لەسەر سوریا .

لە ئێستادا و دوای چەندین سەردانی نهێنی توانراوە کە پەیوەندیەکان ئاسایی بکرێنەوە و ئەمریکا و کۆریای باکوریش نیەتی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ ئاشتی و ئاشبونەوە دەربڕن،ئەوەتا هەردوولا بڕیاریان داوەکە لە ٢٠١٨/٦/١٢دا و لە وڵاتی سەنگافورە هەردوو سەرۆك ترامپ و کیم ئێل جۆن کۆببنەوە و هەر ئەمڕۆش ٢٠١٨/٥/٢٤ کۆریای باکور بڕیاریداوە کە ناوچەی تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانی دابخات و پێشتریش ٣ هاوڵاتی ئەمریکی ئازادکردبوو کە چەندین ساڵ بوو دەستبەسەربوون لەلایەن کۆریاوە.

- ئەم هەنگاوانەی ئەمریکا و کۆریای باکور بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ئاشتی دونیا و نەهێشتنی بارگرژیەکان و پاراستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کاولکاریەکی بێوێنە و هاندانی هەموو ئەو دەسەڵاتدارانەی تریش بۆ هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی جێگیرکردنی ئاشتی جیهانی.ئەمریکا زۆر مەبەستێتی کۆریای باکور بێنێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئاشتی کۆریای باشور و یابانیش بپارێزێت وەك دوو هاپەیمانی سەرەکی خۆی و بەمەش دەتوانێت لەلایەك

دۆستێکی تر بۆخۆی زیاد بکات و گەمارۆی هەریەکە لە ڕوسیا و چین و ئێرانیش بدات و دەستوپەنجە و نینۆکەکانیان کورتبکاتەوە و هەڕەشەکانیان کەم و بێکاریگەر بهێڵێتەوە و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت سیاسەت و پلانەکانی خۆی لەدونیادا و بەتایبەتیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەربخات و هاوپەیمانە دێرین و نوێکانیشی بپارێزێت لە ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبیە کەنداویە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەکانی وزە لەنەوت و غازی سروشتی.

- بەڵام ئەم هەموو هەوڵ و نیەتە باشانەی هەردوولا،پێناچێت کە بە سانایی بگەنە ئەنجامی کۆتایی و سەرکەوتن و تەنگ و چەڵەمە و بەرزی و نشێوی زۆری لە ڕێگادایە و هەموو کات پێشبینی خراپبوون و تێکچوونی لێدەکرێت.،ئەوەتا ئەمڕۆ ٢٠١٨/٥/٢٥سەرۆك ترامپ وادەی کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکور کە بڕیاریان لێدابوو هەڵوەشاندەوە،چونکە لایەنە نەیارەکانی ئەم نزیکبونەوانەش زۆرن و پیلانی خۆیان هەیە بۆ سەرنەکەوتن و تێکدانی هەموو ڕیسکەی ئەمریکا لەدونیاو ناوچەکەشدا و ئەوانیش هەریەکە لە چین و ڕوسیاو ئێران بیٚ خەم دانانیشن، چونکە باش دەزانن کە سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی ڕێکەوتن و ئاشتبونەوەی ئەمریکا و کۆریای باکور و خاوبونەوەی ململانێکانیان هەموو هاوکێشە و هاوسەنگی هێزەکان لەدونیادا هەڵدەگێڕێتەوە و دەبێت هەموان جارێکی تر بەسەر حساب و پلانەکانیاندا بچنەوە و خۆبگونجێنن لەگەڵ ئەو قۆناغ و دۆخە نوێیەی کە دێتە کایەوە.ئیدی قۆناغی وڵاتانی دەرچوو لەیاسا نێودەوڵەتیەکان و سەردەمی تیرۆرو پشتیوانی تیرۆریستانیش نامێنێت و مرۆڤایەتیش ئاهێکی دڵخۆشی پیادا دێتەوە و لەجیاتی ڕووکردنە شەڕ و ململانیٚ خوێناویەکان ڕوودەکاتە گەشەو پێشکەوتن و ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی تەواوی مرۆڤایەتی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی pukmediaوشەنپرێس وئاڕاستە و وێسگە نیوز و ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارە ٧٥٧٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەردۆگان

## تورکیا بەرەو چ ئایندەیەك دەبات ؟*

- وابڕیارە کە لە ٢٠١٨/٦/٢٤دا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانی پێشوەختە لە تورکیادا سازبدرێت،لەسەر داوای ئەردۆگان و ئاك پارتی،چونکە گەرەکێتی ساڵێك و ٥ مانگ لە پێش کاتی بڕیارلێدراوی خۆیدا کە دەبوو لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٩دا سازبکرایە بەپێی ئەو هەموارەی کەلەدەستوری تورکیادا کرا ئەنجام بدرێت. بەلاَم حەز و ویستە کەسیەکانی ئەردۆگان بۆئەوەی هەرچی زووترە ببێتە دیکتاتۆر و سیستەمی حوکمڕانی لەتورکیادا لە پەرلەمانیەوە بگۆڕێتە سەرۆکایەتی و بۆخۆی ببێتە بکوژ و بڕ لە تورکیادا و تەواوی دەسەلاَتەکان لە لای خۆی کۆبکاتەوە و سەردەمی تاك سەرکردەی و تاك حیزبی دەسەلاَتدار ببوژێنێتەوە،کە ئەمە بۆ یەکەم جارە لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا کەلەساڵی ١٩٢٣وە دامەزراوە ڕوودبدات،تەنانەت لەسەردەمی کمال ئەتاتورکیشدا وانەبوە و هەمیشە سیستەمی پەرلەمانی پیادە کراوە بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی دیکتاتۆریەت.
- ئەردۆگان لەم هەڵبژاردنەدا پشتی بەستوە بە حیزبی نەتەوەیی تورکیا بە ڕابەرایەتی دەوڵەت باخچەلی کە دوژمنێکی سەرسەختی مەسەلەی کورد و کوردایەتی و هەموو مافێکی کوردانە و ئەردۆگانیش ئەم هەل و چانسە لەکیس خۆی نادات و گەرەکێتی بەم هاوپەیمانیە شەڕانیە ببێتە تاکڕەو لەتورکیادا و بەم شێوەیەش ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات لەوەی کە هیچ کات بڕوای بە نەدیموکراسیەت هەبوە نە بە ئازادی و نە بەمافی کەمینەکان و هەمیشە لەناخیدا تۆوی دووبەرەکی و توندوتیژی شاردۆتەوە  ولە ئێستادا کە گەرەکێتی تەواوی دەسەلاَتەکان لای خۆی کۆبکاتەوە ئەوکات بەتەواوەتی  ڕووی ڕاستەقینەی دزێو و شەڕانگێزی خۆی پیشانی هەموان دەدات بەتایبەت هێزە نەتەوەیی و دیموکراسی و عیلمانی و سۆسیالیستەکان. ئەرۆدگان لەسەر بنەمای ((لەپێناو بەئامانج گەیشتندا هەموو کارێك ڕەوایە))،لەهیچ کۆسپ و تەگەرە و ڕێگریەکی یاسایی و ئەخلاقی و ئاینیش ناپرینگێتەوە و تەنها ئامانجەکانی خۆی لامەبەستە.
- بەلاَم ئەم هەڵبژاردنە زۆر سانا و ئاسان نایەتە دەستی ئەردۆگانەوە چونکە دوو حیزبی سەرەکی جەهەپە و هەدەپە بەتوندی دژی پرۆژە و پیلان و خەونەکانی ئەردۆگانن و سەرسەختانەش بەرگری لە بڕوا و بەرنامەکانی خۆیان دەکەن و بونەتە ڕێگری سەرەکی و لەبەرامبەر ئەردۆگانیشدا کاندیدی خۆیان پالاَوتوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمارکە بریتین لە هەریەکە لە((صلاح الدین دیمێرتاش/لەهەدەپە و محرم ئینجە لە جەهەپە))،بۆیە بەهۆی ڕووداوەکانی دوای کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی ٢٠١٦و گرتن و ڕاوەدونان و سزادانی سەدان هەزار کەسی مەدەنی و سەربازی و خێزانەکانیان لە تورکیادا وداواکردنی فتح الله گولەنیش لەئەمریکا کە ڕابەری ڕەوتی خزمەتە و زۆریش بەهێزە و خاوەن جەماوەرێکی پانوپۆڕە لەتورکیادا و هەروەها بەهۆی کێشە و ناکۆکیە سیاسیەکانی تورکیا و ئەردۆگان لەگەلّ دەرودراوسێکان لە عێراق و سوریا و ئیسڕائیل و میسر و تەنانەت ولاَتانی کەنداو لە سعودیە و ئیمارات و دواتریش بۆ ئێران و ڕوسیا و لەکۆتایشدا ئەمریکا و تەواوی ئەوروپادا لەسەر مەسەی تیرۆر و پشتیوانی لەتیرۆریستان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئازادیەکانی تاکەکەسی و گروپ و ڕۆژنامە و میدیاکان و کێشە و گرفتە ئابوریی و داراییەکان کەلە ئێستادا لە قوڵترین و سەخترین قۆناغیدایە و نرخی لیرەی تورکی بەڕادەیەك دابەزیوە کە زۆر مەترسیدارەو بۆتە هۆی بێ کاری و هەڵاوسان،ئەمە سەرەڕای  کێشە و گرفتەکانی لەبواری پەروەردە و فێرکردن و گەنجان و خوێندکاران و ...هتد.و کێشەی ئاوارە سوریەکان و تیرۆریستانی داعش و..هتد. کە هەموانیان کۆمەڵە کێشەیەکن کە بە ئاسانی چانسی ئەردۆگان ڕەش دەکەن و هیوای سەرکەوتنیش کەم دەکەنەوە ئەگەر بەتەواوەتی نەیسڕنەوە.
- بۆیە ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەردۆگان و ئاکپارتی دوا چانس و چارەنوسسازیشە،چونکە بە بردنەوەی ئەردۆگان دەتوانێت تا ١٠ ساڵی تر ببێتە سەرۆکێکی تاکڕەو و ئاکپارتیش لەدەسەلاَتدا بمێنێتەوە وبەمەش گرەوە گەورەکەی

خۆی و خەونە سوڵتانیەکەی بباتەوە و بهێنێتەدی و ئەگەریش دۆڕا ئەوە بۆ هەتاهەتایە ئەردۆگان و پارتەکەشی دەچنە زبڵدانی مێژوەوە و لەبیر دەکرێن و کۆتایی بە ژیانی سیاسیان دەهێنرێت،هەربۆیە ئەردۆگان هەموو هەوڵێك دەدات بۆ سەرکەوتن و ئامادەشە نەرمونیانی و تەنانەت تەنازولیش بکات بۆ داواکاریەکانی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینیەکانیش لە کورد و عەلەویەکان و چەرکس و....هتد.

- بۆیە ئەرۆدۆگان بە بردنەوەی یان بەدۆڕاندنی چارەنوسی تورکیا بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات ،چونکە لەسەرکەوتنیدا هێندەی تر مەغرور و توشی نەخۆشی خۆبەزلزانین و بەهێزی دەبێت و خۆی لێدەبێتە سوڵتانەکانی عوسمانی و خۆی بەدەم ڕاستی وڵاتانی ئیسلامی و ناوچەکە دادەنێت و بەمەش کێشە و گرفتی ئاڵۆزتر دەخوڵقێنێت و تورکیاش هێندەی تر دادەبڕێت و کەنارگیری دەخات کە هەموو ئەم کێشانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و گەلانی دەکاتەوە و بەمەش ئایندەیەکی ڕەش و نادیار دەنەخشێنێت،بەپێچەوانەشەوە لەکاتی دۆڕانیدا تورکیا دەبێتە وڵاتێکی بێسەروبەرەیی و فەوزا و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەربازەکان و تەنانەت ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینیش بەدوور نازانرێت و بەمەش تورکیا دەبێتە گۆمی توندڕەوی و خوێناوی لە ناوچەکەدا وکاریگەریە خراپەکانیشی پەخش دەکاتەوە بەسەر ناوچەکەدا و ئایندەیەکی تاریك و تون گەرچی بۆ ماوەیەکیش بێت ڕووبەڕوی تورکیا و گەلانی تورکیا دەکاتەوە.
- بۆیە ئەردۆگان و ئاکپارتی و سیاسەتەکانی بەڕاستی بونەتە جێگەی مەترسی بۆ تەواوی ناوچەکە و خودی تورکیاش و کۆتایهاتنی ئەم قۆناغە لە ژیانی سیاسی تورکیادا بۆتە کارێکی ئێجگار پێویست،و لە ئێستادا زۆرینەی حیزب و سەرکردە سیاسیەکان و جەماوەری تورکیاش بونەتە ناڕازی لەسیاسەتەکانی ئەردۆگان ، بەمەش کورد لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە تەواوی گەلانی تورکیا و ناوچەکەش قازانج دەکەن و لە کەسێکی مەغرور وسەرکێش ڕزگاریان دەبێت و ئاشتی و ئارامیش بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە و دەروازەیەکی گەورەش بەڕووی چارەسەر مەسەلەی کوردا دەکرێتەوە لەباکوری کوردستاندا. لێدانێکی بەهێزیش دەبێت بۆ هەموو هێزە تیرۆریستەکان و داعش و ئەوانی تر و دەشبێتە هەنگاوێك بە ئاڕاستەی چارەسەری کێشەی سوریا و هەرکاتیش ئەمە هاتە دی ئەوا سێبەر و هەوری جەنگێکی گەورەی ناوچەیی و دونیایی لە نێوان ڕوسیا و ئەمریکادا دەڕەوێتەوەو ئاشتی و ئارامی جیهانیش تاڕادەیەك دەچەسپێت و هەموان لەجەنگ و کاولکاریەکی حەتمی دوور دەکەونەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس و pukmedia و وتاری کورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/١١دا بڵاوکراوەتەوە.

## تورکیا و ئەردۆگان بەرەو دیموکراسیەت یان دیکتاتۆریەت ؟*

- وابڕیارە ٢٤ ی حوزەیرانی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا و پەرلەمانیش ئەنجام بدرێت و ئیدی لەم ڕۆژە بەدواوە و دوای نزیکەی ٩٥ ساڵ لە پیادەکردنی سیستەمی پەرلەمانی کە تاڕادەیەکی باش ڕێگر بوە لە سەرهەڵدان و دروستبونی دیکتاتۆریەت لەو وڵاتەدا،ئیدی ئەو سیستەمە کاری پێناکرێت و دەگۆڕێت بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و تیایدا زۆرینەی ڕەهای دەسەڵاتەکان کۆدەبنەوە لە دەستی سەرۆك کۆماردا. ئەمەش نەك بە نیەتی خزمەتکردن وبەرەو پێشچوونی دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی وڵات بێت و لە پێناو گەشە و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیاندا بێت،بەڵکو تەنها لە پێناو نەزوەی کەسی و خەونی زڕی ئەردۆگان و سیاسەتی ئاك پارتیدا دەبێت بۆ ئەوەی ئەردۆگان ببێتە تاکە پیاوی دەسەڵاتداری تاك ڕەو لە تورکیادا و خەونی بون بە سوڵتانەکانی عوسمانی ببوژێنێتەوە چونکە زۆر سەرسامە بە کار و کردەوەی سوڵتانەکانی عوسمانی و بەسەردەمی زێڕینی تورکیا و ئیسلامیشی دادەنێت . حەزکردنەکەشی بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو سەردەمە لە حەز و خولیای فراوانخوازی و پاوانخوازی و داگیرکردنی وڵاتان و پیادەکردنی جەور و ستەمە هەروەك چۆن سوڵتانەکانی باوباپیرانی پیادەیان کردوە لە ڕابووردوودا.بەڵام ئەردۆگان نابێت ئەو ڕاستیەشی لەبیر بچێت کە کۆتایی ئەو ٦٠٠ ساڵی حوکمڕانانی عوسمانیەکانیش هەر بە دۆڕاندن و هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی ئەو سەڵتەنەتە شەڕخوازە کۆتایی هاتوە لەسەر دەستی ئازادیخوازان و دونیای دیموکراسی و دادپەروەریدا.و بۆ هەتاهەتاشە خەونی خەلافەتی ئیسلامی لە گۆڕنرا.
- ئەردۆگانی تەمەن ٦٤ ساڵ خۆی بە کاندیدی بەهێز دادەنێت و پشتی ئەستورە بە پشتگیرکردنی حیزبی توندڕەوی نەتەوەیی تورکیا بەڕابەرایەتی دەوڵەت باخچەلی کە هاوپەیمانیەکیان پێکەوە ناوە بەناوی ((هاوپەیمانی کۆماری))و هەندێك هێزی پارێزگار و کۆنەخواز و هەندێك لە دەنگەکانی کورد و ژمارەیەك حیزبی بچووکیش.بەڵام سەرکەوتنیشی لە خولی یەکەمدا زۆر مسۆگەر نیە و خۆشی باش دەزانێت چونکە دەبێت ٥٠٪ دەنگەکان بەدەستبێنێت ،ئەگەر خولی دووەم هەبێت ئەوا لە ٨ی تەموزدا سازدەکرێت ئەوکات دەتوانێت سەربکەوێت بەسەر کاندیدی بەرامبەریدا لە حیزبی گەلی کۆماری (( محرم ئینجە)) کە جێگری سەرۆکی حیزب و سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپەیە لە پەرلەماندا. یان خاتوو میڕاڵ ئکشنەر سەرۆکی حیزبی باش.
- چانسی ئەردۆگان لەم هەڵبژاردنەدا لەبەر چەند هۆیەك زیاترە بۆ بردنەوە لەوانە:
- ئەردۆگان و حیزبەکەی ماوەی ١٦ ساڵی ڕێکە لە دەسەڵاتدان و ٤ خولی بەدوایەکدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە جگە لە هەڵبژاردنی ٧ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ نەبێت کە دۆڕانێکی بەرچاویان پێکەوت.
- هەروەها لەم ماوەیەشدا توانیویەتی هەندێك کار بکات کە بەڕواڵەت وەك سەرکەوتن و دەسکەوت بۆی هەژمار دەکرێت لە بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتدا و گەشەو پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی و..هتد.

بەڵام لەبەرامبەریشدا گەلێك خاڵی لاوازیشی هەیە لەوانە :

- نەیتوانیوە تورکیا بگەیەنێتە ئاستێك لە هیچ ڕوویەکەوە نە سیاسی و نە ئابوری و نە ئەمنی وا کە بتوانێت هاوڵاتی تورکیا هەست بە ئارامی و خۆشگوزەرانی بکات، ئەوەتا پەیوەندیە سیاسیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا ساڵ بەساڵ ڕوو لە خراپیە لەگەڵ هەریەکە لە سوریا و عێراق و ئێران و میسر و سعودیە و ئیمارات و ئیسڕائیل کە ئەم وڵاتانە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە بۆسەر ئاسایشی ناوچەیی و تەنانەت لەگەڵ ئەوروپی و ئەمریکاشدا دۆخی سیاسی زۆر خراپە و لەگەڵ ڕوسیاشدا لەهەڵبەز و دابەزدایە بەهۆی هەڵسوکەوت و تاکتیکە سەرلێشواویەکەی ئەردۆگانەوە و هەڵپەی بەدەستهێنانی دەسکەوت لە جەنگی دژی تیرۆریستان لەسوریا و عێراقدا و گەرەکێتی خۆی بکاتە وڵاتێکی حساب بۆکراو و دەمڕاستی ناوچەکە.

- لەڕووی ئابوری و دارایی و بازرگانی و گەشتوگوزرایشەوە لەئێستادا لە خراپترین دۆخدایەو لیرەی تورکی بە ڕێژەیەك دابەزیوە لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکیدا کە مەترسی گەورەی دارمانی ئابوری لێدەکرێت.
- لەڕووی ئەمنیشەوە نەیتوانیەوە ئارامیەکی تەواو دابین بکات بۆ هاولاّتیانی بەهۆی دەستوەردانە بەردەوامەکانی لەکاروباری ولاّتانی ناوچەکە و پشتیوانی بۆ داعش و تیرۆریستانی ترو تێکدانی پەیوەندیە ناوچەیی و جیهانیەکانیشی.

هەموو ئەم خالاّنە خالّی لاوازن بۆ ئەرۆدگان و هاولاّتیانی تورکیاش حسابی بۆ دەکەن،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە :

- لەناوخۆی ولاّتیشدا بەهۆی سیاسەتە خۆسەپێن و قۆرخکاریەکانیەوە و هەڵمەتی ڕاوەدونان و وگرتن و دوورخستنەوە و دادگایکردن و فەصڵکردنی فەرمانبەران و داخستنی ڕۆژنامە وتەلەفزیۆن و گرتنی ڕۆژنامەنوسان هیچ جۆرە ئازادیەکی نەهێشتۆتەوە کە هاولاّتی هەناسەیەکی ئاسودەیی تیادا بدات بەناوی ڕاوەدوونانی کۆمەڵی خزمەتی فەتحولاّ گولەن و پەکەکە و ..هتد. و تەنانەت لەناوخۆی حیزبەکەی خۆشیدا و لەگەڵ هاوڕێ کۆن و نوێکانیشدا پەیوەندیەکانی خراپە وئەردۆگان گەرەکێتی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ترس و دەسەلاّتێکی تۆقێنەریش دابمەزرێنێت و پێکەوە بنێت.

بەلاّم ئەوەی چانسی ئەردۆگانی زیاتر کردوە بۆ بردنەوە بریتیە لە بوونی زیاد لە کاندیدێك کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەرتبونی دەنگەکان و دواتریش بەقازانجی ئەردۆگان دەشکێتەوە.چونکە لەلایەك هیچ کام لەو کاندیدانە هێندە بەهێزنین کە بتوانن لە خولی یەکەمدا سەرکەوتوبن و لەخولی دووهەمیشدا ئاسایی دەنگە پەرتوبوەکانی حیزب و کاندیدەکانی تر بە ڕێکەوتنی پێشوەختە لە (( ڕاستڕەوی نەتەوەیی یان ڕاستڕەوی پارێزگار و دەنگدەری کوردیشی هەیە)) بەزۆرینە دەگەڕێنەوە بۆ ئەردۆگان وەکو هەموو جارەکانی تر.

- کاندیدەکانی ڕکابەری ئەردۆگان بریتین لە هەریەکە لە:

١.محرم ئینجە، ٥٤ ساڵ وجێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری و سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە لە پەرلەماندا.سەرسەخترین کاندید دژی ئەردۆگان.

٢. خاتوو میراڵ ئکشنەر/ ٦٠ ساڵ وسەرۆکی حیزبی باش لە ٢٠١٧و وەزیری ناوخۆی پێشتر و سەرەکیترین کاندیدی دژ بە ئەردۆگان و ناسراو بە (ژنە گورگەکە یان ژنە ئاسنینەکە)).

٣.تیمیل کارامۆلا ئۆغلۆ/ سەرۆکی حیزبی سەعادەت.

٤.دۆغۆ بێرینجیك/سەرۆکی حیزبی نیشتیمان((چەپی نەتەوەیی)).

٥.وجدات اوز/سەرۆکی حیزبی دادپەروەری ((ڕاستڕەوی نەتەوەیی)).

٦.صلاح الدین دێمێرتاش/ سەرۆکی پێشتری حیزبی هەدەپە((کورد)) و بەندکراو بەتۆمەتی تیرۆر لەساڵی ٢٠١٦وە.

- ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینیە و وەك حاڵەتێکی نائاسایی دێتە پێش چاو،بریتیە لە بونی صلاح الدین دەمیرتاشی کورد و سەرۆکی هەدەپە لەناو کاندیدەکاندا،کە تائێستا لە زینداندایە و نەیتوانیوە و ڕێگەی نەدراوە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن بکات و تەنها لەلایەن ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیەوە بۆ ماوەی ١٠ خولەك چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازکراوە.بۆیە ئەم هەڵمەتی هەڵبژاردن و خودی هەڵبژاردنەکەش نادادپەروەری زۆری تیادایە، کورد بۆخۆشی باش دەزانێت کە چانسی سەرکەوتنی زۆر کەمە بەلاّم وەك تەحەدایەك و ڕووبەڕووبونەوەیەك و بۆ سەلماندنی بوون و مان و مقاوەمەتی کورد لەبەرانبەر سیاسەتە خۆسەپێن و ملهوڕیەکانی ئەردۆگاندا نوێنەری خۆی کاندید کردوە، یەکەم خاڵ لەبەردەم دەمیرتاشدا بریتیە لە تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ ی دەنگەکان و ئەوکات دەتوانرێت بوترێت کە چانسی سەرکەوتن هەیە یان نا.چونکە زۆرێك لە حیزب و کاندیدە بچوکەکان ناتوانن ئەو ڕێژەیە تێبپەڕێنن هەربۆیە چانسی بردنەوە تەنها بۆ کاندید و حیزبە گەورەکانە.خۆشبەختانە هەدەپە و دەمیرتاش لە دوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و

پەرلەمانیدا بە ئاسانی ئەو ڕێژیەیان تێپەڕاندوە و ئەم جارەش پێشبینی دەکرێت ببەزێنرێت و زۆرینەی دەنگی کورد و گەلانی تریش بۆ بەڕێز دەمیرتاش بێت وەك هاوسۆزی بۆ دەمیرتاش و بۆ دژایەتی ئەردۆگان.

- بەهەرحاڵ بردنەوە یان دۆڕاندنی ئەردۆگان دەبێتە مایەی پشێوی نانەوەی زیاتر و تێکدانی ئاشتی کۆمەلأیەتی لەتورکیادا و توندبونەوەی ململانێ حیزبیەکان و تەنانەت سەرکردنیش بۆ هەلأیسانی شەڕی ناوخۆیی و ..هتد.چونکە لە سەرکەوتندا ئەردۆگان دەبێتە تاکە دەسەلأتدار و تاکە خاوەن بڕیار و هێندەی تر مەغرور دەبێت و سەرکێشی و کار و هەنگاوی هەڵە و شێتانەی زیاتر دەکات لەناوچەکە و ناوخۆشدا و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دژایەتی و پەیداکردنی دوژمنی زیاتر بۆ ئەردۆگان و تورکیاش. بە دۆڕاندنیشی تورکیا بەرەو ناجێگری سیاسی و ئابوری و ئەمنی زیاتر دەبێتەوە و جارێکی تر ململانێ حیزبیەکان توندتر دەبنەوە و گروپ و ڕێکخراوی توندڕەو سەرهەڵدەدەن و ڕەنگە حکومەتێکی لاوازیش دروست ببێت و بەمەش تورکیا و ئەردۆگان لاواز دەبن و بەزیانی گەورە دەگەڕێتەوە بەسەر تورکیادا.
- بەم شێوەیە ئەم هەڵبژاردنە و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانیە کارێکی چارەنووسازە و ئایندەی تورکیا دەیاریدەکات بە باش یان خراپ.جا بەهەرلایەکدا بشکێتەوە ناوچەکە ڕووبەڕووی پشێوی و ناکۆکی و لێکترازانی زیاتر دەبێتەوەو ئاشتی و ئارامی ناوچەیی و جیهانیش تێکدەچێت،بەتایبەتیش کە ناوچەکە بۆخۆی بۆتە کوانوی جەنگێکی سارد_گەرمی نێوان ولأتانی ناوچەکە و زلهێزەکان و لەهەموو ئان و ساتێکدا ئەگەری هەلأیسانی جەنگی خوێناوی لێدەکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا و pukmediaو وتاری کورد و شەنپرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٣١دا بلأوکراوەتەوە.

## عێراق لەبەردەم دەرگای جەهەنەمدا !*

- هەڵبژاردنی ٥/١٢ و ئەنجامەکانی عێراقیان خستە بەردەم دووڕیانێکی مەترسیدار و یەکلایکەرەوە،بەوەی کە ئەوهەڵبژاردنە بوە هۆی دووکەرت بوون و دابەشبوونی سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی عێراق بەکوردستانیشەوە بۆ دوو بەرەی دژ بەیەك و ناکۆك،بەرەیەك کە خۆیان بە براوەی گەمە سیاسیەکە دەزانن و ئەنجامەکانیان قبوڵە و داوادەکەن کە دادگای فیدراڵی دانی پێدابنێت بۆئەوەی دەستبکەن بە گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق. بەرەی دووەمیش بریتین لە دۆڕاوەکان وبەرەی دژ و ئەنجامەکان سەرتاپا ڕەتدەکەنەوە و خۆیان بە مەزڵوم دەزانن و داوا دەکەن یان هەڵبژاردن دووبارەبکرێتەوە یانیش دەنگەکان بەدەست ئەژمار بکرێنەوە بەو هیوایەی کە گۆڕانکاری لە ئەنجامەکاندا ڕوویدات وئەمانیش بتوانن بەهێزەوە بەشداری حکومەتی ئایندەی عێراق بکەن.
- بەم شێوەیە عێراق لە ئێستادا و دوای نزیکەی ٤٠ ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە کەوتۆتە دۆخێکی سیاسی ئاڵۆز و ناجێگیر و شڵەژاویەکی قوڵەوە کە ئومێدی زوو پێکهێنانی حکومەتی لێناکرێت،لەلایەك لەبەر دووری و ناکۆکی سیاسی کۆنی نێوان سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و لەلایەکیشی تریشەوە دووری و فراوانی نێوان بەرنامە و دیدگا و تێڕوانینی ئەو لایەنە سیاسیانەی عێراق لەسەر بەرنامە و کاری حکومەتی ئایندە ، بۆیە پێکەوەنانی هاوپەیمانی و کوتلەی گەورەی پەرلەمانی زۆر ئەستەم بوە تەنانەت لە نێوان لیستە براوە گەورەکانیشدا و لەناو یەك مەزهەبی ئاینیشدا. هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرتەوازەیی نێو ماڵی شیعەکان و سونەکان و کوردەکانیش و هەموانیش لە دیدگایەکی تەسکی حیزبایەتی بچوکەوە دەڕواننە مەسەلە گرنگەکان و هێندەی لەخەمی دەسکەوت و پلە و پۆست و ئیمتیازاتدان نیوهێندە لەخەمی نەتەوە و نیشتیماندا نین و هەریەکە گەرەکێتی گەورەترین بەشی بەربکەوێت.
- ئاشکرایە لەدوای ٢٠١٨/٦/٣٠وە ماوەی یاسایی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق کۆتایی دێت و ئیدی گەر تەمەنی خۆی درێژنەکاتەوە ئەوا عێراق دەکەوێتە نێو بۆشاییەکی یاساییەوە و زەحمەتە بە ئاسانی کارەکان ڕێك بکرێنەوە و حکومەتیش دەبێتە حکومەتی کار بەڕێکەر و توانا و دەسەڵاتی بڕیاری گرنگ و چارەنوسسازی نامێنێت. ئەوکاتیش عێراق دەرگای جەهەنەمێکی پڕ ئاگر و سوتێنەری بەسەردا دەکرێتەوە و تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنێت،چونکە دەوڵەت بونێکی مادی نامێنێت و داموزدەزگاکانیش مەرجەعێکی یاسایی و ئیداریان نامێنێت و وڵات دەبێتە پاشاگەردانی و سەرهەڵدانی میلیشیای چەکداری و تیرۆر و تۆقاندن و گەندەڵی و تاوان و هەموو دیاردە دزێوەکان سەرهەڵدەدەن و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٥ و هەڵایسانی شەڕی تایەفی و ئاینی و نەتەوەیی و ناوخۆیی. عێراق بەرەو وێرانبونی زیاتر و لێکترازان و جیابونەوەش هەنگاو دەنێت. ئەمە ئەو مەترسیانەیە کە ڕووبەڕووی عێراقی ئایندە دەبێتەوە ،گەر سەرکردە و پارتە سیاسیەکان پەرۆشی و خەمخۆری خۆیان دەرنەبڕن لە زوو پێکەوەنانی حکومەتی ئایندەدا.چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆخۆی بۆتە جێگەی ناکۆکی و ململانێ جیهانیەکان و بەتایبەتیش لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا کە هەردووکیان خاوەن نفوز و هەژمونی گەورەن لە عێراقدا و تەواوی ململانێکانی خۆیان چڕکردۆتەوە لەناو عێراقدا و خاك و ئاو و گەلانی عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی ململانێکانیان و ئەنجامیش تەنها عێراقیەکان دەبنە سووتەمەنی. کێشەکانی نێوان عەرەب _ئیسرائیل و کێشەی سوریا و یەمەن و وڵاتانی کەنداو و تورکیا و..هتد.هەموو ئەمانەش دەبنە مەترسی بۆسەر عێراق و وا پێویست دەکات کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ئەم مەترسیانە عێراق ببێتە خاوەن حکومەت و دەسەڵات و پەرلەمانێکی بەهێزی وەها کە بتوانێت بەرەنگاری و وەڵامی هەموو ئەو مەترسیانە بداتەوە،چونکە عێراق وڵاتێکی گەورە و گرنگ و دەوڵەمەندی ناوچەکەیە و هەموو ئەو ئاڵنگاریانە بەباش یان خراپ کاریگەریان دەبێت لەسەری.
- عێراق جگە لەم کێشە و ململانێ ناوخۆییانەی خۆی ، ڕووبەڕووی کێشە گەلێگی گەورەتر بۆتەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئێران و تورکیا بەوەی کەدەبێت وەڵامی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بداتەوە و وەڵامی بڕین

و گرتنەوەی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و زێی بچوك بداتەوە لەلایەن ئێران و تورکیاوە کەهەموو ئەمانە پێشێلکردنی یاسا و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانن و پێشێلکردنی سیادە و سەروەری عێراقن و ئەرکی دەوڵەتی ناوەندیشن لە بەغداد نەك هەرێمی کوردستان.

- کوردیش لەم نێوەندەدا هەموو پڕیشك و ئازار و ململانێ و ناکۆکیەکانی عێراقی بەردەکەوێت و کاریگەری زۆر خراپیشی لەسەر دادەنێن ،چونکە نێوماڵی کوردیش زۆر پەرتەوازە و ناڕێك و لێکترازاوە،گەرەکە سەرکردە و پارتە سیاسیەکانیش زیاتر لەوانەی عێراق بەخەم و تەنگی کوردستانەوە بێن و هەوڵی ئاشتەوایی و لێکنزیکبونەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد بدەن بۆئەوەی نەبنە سووتەمەنی هەموو ئەو ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیانە و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیش نەخەنە سەروو بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە و نیشتیمانەوە،گەرەکە کوردستان و کوردایەتی نەکەنە قوربانی چەند کورسیەکی پەرلەمان و چەند دەسکەوتێکی کەموکورت لە بەغداد کە هیچ کاریگەری گەورەیان نابێت بۆ مەسەلەی کوردایەتی،بۆیە گەر ئەو پەرۆشیە نەنوێنن ئەوا بەدڵنیایی دەرگای جەهەنمێکی سووتێنەر بەسەر عێراق و کوردستاندا دەکرێتەوە و هەموانیش بێ جیاوازی لێی بەرپرسیار دەبن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس و وتاری کورد و pukmediaوچاودێرنیوز و ئاراستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٩٨ و هەواڵ ژمارە ٧٥٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك
## بۆ ئەنجامە بەراییەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكایەتی توركیا*

- لە ٢٤/حوزەیرانی ٢٠١٨دا هەڵبژاردنێكی چارەنوسساز بۆ پەرلەمان و سەرۆكی كۆماری توركیا سازدرا كە بۆیەكەم جارە بەپێی هەمواركردنەوەی دەستوری ئەو وڵاتە سیستەمی پەرلەمانی دەگۆڕێت بۆ سەرۆكایەتی و هەڵبژاردنەكە پێشوەختە بوو بەپێی پیلانی ئاكەپە و ئەردۆگان و مەهەپە و ململانێكی زۆر توندیش هەبوو لە نێوان تەواوی پارت و سەركردە سیاسیەكاندا.
- ئەنجامە بەراییەكان بۆ پەرلەمان و سەرۆكی كۆمار كە تەنها دوای ٧ كاتژمێر لەدوای داخستنی بنكەكانی دەنگدان بە دەركەوتن بەم شێوەیە بوون:

١. ئەردۆگان ڕێژەی ٦ر٥٢٪ دەنگ و حیزبەكەشی ئاكەپە ٤ر٤٢%
٢. محرم انجە ڕێژەی ٦ر٣٠٪ و حیزبەكەشی جەهەپە ٧ر٢٢%
٣. صلاح الدین دەمیرتاش ڕێژەی ٤ر٨٪ و حیزبەكەشی هەدەپە ٦ر١١%
٤. میراڵ ئەكشنار ڕێژەی ٣ر٧٪ و حیزبەكەشی پارتی باش ١٠%
٥. تەمیل كەرەم اللە ڕێژەی ٩ر٠%
٦. دۆغۆ بێرنجیك ڕێژەی ٢ر٠٪ و حیزبەكەشی سەعادەت ٣ر١%

- ((مەهەپە)) بەڕابەرایەتی دەوڵەت باخچەلی تەنها وەك حیزب بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی كردوە و ڕێژەی ١ر١١% ی دەنگەكانی بەدەستهێناوە ، و بۆ سەرۆك كۆماری كاندیدی نەبوە چونكە هاوپەیمانی ((كۆماری)) لەگەڵ ئاكەپەدا پێكهێنا و ڕێككەوتن كە دەنگی مەهەپە بۆ ئەردۆگان بێت.
- ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو كە ڕێژەی بەشداربوان بریتی بوو لە ٢ر٨٦% كە تاڕادەیەك ڕێژەیەكی بەرزە،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەمووان بەهەموو توانایانەوە بەشداریان لەپرۆسەكەدا كردوە بۆئەوەی زۆرترین دەنگ كۆبكەنەوەو پرۆسەی هەڵبژاردنەكەیان بەلاوە گرنگ و چارەنووسازبوە. لە ئێستادا كۆی ژمارەی دانیشتوانی توركیا دەگاتە ٨٠ ملیۆن كەس و لەو ژمارەیەش تەنها ٥٩٣٥٤٨٤٠ كەس مافی دەنگدانیان هەیە لەناوەوە و دەرەوەی توركیادا و ئەو كەسانەشی كە بەكردارەكی دەنگیان داوە بریتین لە ٥١١٨٨٥٢٤ كەس و لەو ژمارەی دەنگدەرانەش تەنها ٥٠٠٥٩٢٤٩ دەنگ بێ كێشە بوون و حساب كراون.
- ئەو پێشبینی و هەڵسەنگاندنەی لەو ئەنجامە بەراییانە دەخوێنرێتەوە بریتین لە :

١. ژمارەی كورسییەكانی ئاكەپە بریتی دەبێت لە ٢٩٣ كورسی كەمتر لە نیوەی كۆی كورسیەكان كە ٦٠٠ كورسین
٢. جەهەپە ١٤٦ كورسی
٣.هەدەپە ٦٦ كورسی
٤.مەهەپە ٤٩ كورسی
٥. پارتی باش ٤٦ كورسی

- بەم شێوەیە تەنها ٥ حیزبی سیاسی توانیویانە كە بەربەستی ١٠٪ تێبپەڕێنن و بچنە ناو پەرلەمانی توركیاوە.
- ئەگەر هاوپەیمانی(( ئاكەپە و مەهەپە )) بەردەوام بێت لە پەرلەماندا ئەوا كۆی كورسیەكانیان دەكاتە ٣٤٢ كورسی كە دەكاتە زیاتر لە نیوەی كۆی كورسیەكانی پەرلەمان كە ٦٠٠ كورسیە و دەتوانن حكومەت پێك بێنن،بەبێ پێویست بوون بە دەنگی لایەنەكانی تر.

- لەبەرامبەریشدا کۆی کورسیەکانی (( جەهەپە و هەدەپە و پارتی باش)) بریتی دەبێت لە ٢٥٨ کورسی، کە کەمترە لەنیوەی کورسیەکان کە ٣٠٠ کورسیە.بەمەش ناتوانن حکومەت پێکبێنن و دەبێت وەکو هێزی ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە.

بەڵام خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە گەر هەر بڕیارێك لە پەرلەمان پێویستی بە ٣/٢ دەنگ بێت ئەوا ئاکەپە و مەهەپە پێویستیان بەدەنگی یەکێك لەو سێ لایەنەی تر دەبێت. بۆئەوەی دەنگەکان ببێتە ٤٠٠ ئەوا لەو کاتەدا تەنها حیزبی جەهەپە و هەدەپە دەتوانن ئەو کارە بکەن چونکە حیزبی باش بە ٤٦ کورسیەوە ناتوانێت ئەو داواکاریەی ئاکەپە و مەهەپە بێنێتە دی.بۆیە وەك گریمانەیەك دەکرێت(( هەدەپە )) لەو کاتەدا ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ تەواوکردنی دەنگی ئاکاپە و بتوانێت مەرج و داواکاری کورد جێبەجێبکرێت و تەنانەت بەشداری حکومەتی ئایندەش بکات.(( هەڵەی هەڵبژاردنی ٢٠١٥/٦ دووبارە نەکاتەوە)).

- ئەوەی ئاشکرا بوو کە هیچ کام لە سەرکردە و پارتە تورکیەکان کوردیان قبوڵ نەبوە لە هاوپەیمانیەکانیاندا((دەسەڵاتدار(( ئاکاپە و مەهەپە))/ هاوپەیمانی کۆمار و ئۆپۆزسیۆن(( ٤ حیزب))/ هاوپەیمانی گەل ))، کە ئەم هەڵوێستەش وا لە هەدەپە دەکات کە هیچ جۆرە لێکنزیکبونەوەیەك لەگەڵ هیچ کامیاندا نەکات و تەنها خاوەنی دەنگ و ڕەنگی کورد بێت لە پەرلەماندا و بەو ٦٦ کورسیەی کە هەیەتی سیاسەتی خۆی بکات لە پێناو بەرژەوەندی کورد و حیزبەکەیدا و داکۆکیش بکات لەمافە ڕەواکانی گەلانی تورکیا بەبێ جیاوازی.بەلاَم خۆ گەر سیاسیانە کاربکات و لە پێناو دەسکەوتی زیاتر و ڕێکەوتن لەسەر بەرنامەیەکی کاری باش بۆ هەموو تورکیا بەگشتی و وکوردیش بەتایبەتی، گەر هەدەپە لەگەڵ ئاکەپەدا جۆرێك لێکتێگەیشتنیان هەبێت کەڵکی هەیە و زیانی کەمترە.

- ئەوەی بەدەردەکەوێت هەردوو پارتی هەدەپە /نەتەوەیی کوردی(( هەرچەندە نوێنەری گەلانی تورکیایە)) و مەهەپە/ نەتەوەیی تورکی ڕێژەی دەنگەکانیان بریتیە لە(( ٦ر١١٪ و ١ر١١٪)) و زۆر نزیکن لەیەکتر.ئەمەش ئەوە دەردەخات دەنگدەری کورد و تورکیش دوورکەوتونەتەوە لە گیانی نەتەوەیی و دەمارگیری و هەردووکیان کەمینەن لە کۆمەڵگای تورکیادا.

- خاڵێکی تر ئەوەیە کە زۆرینەی دەنگدەر کە خۆی لە ئاکپارتیدا دەبینێتەوە ،تورکیایەکی ئارام و خۆشگوزەران و ئابوریەکی بەهێزیان گەرەکە.دوور لەشەڕ و کاولکاری و و توندوتیژی و دەمارگیری ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی،کە ئاکەپەش بۆ ماوەی ١٥ ساڵە زۆر باش لە زهنیەت و خوێندنەوە و تێفکرینی تاك و کۆمەڵگای تورکی تێگەیشتوە و کاری لەسەر کردوە و تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوە و بەهێزترین و یەکگرتووترین حکومەتی لە مێژووی نوێی تورکیادا پێکهێناوە بە زۆرینەی پەرلەمانی دوور لە حکومەتە لاواز و لەرزۆکە ئیئتیلافیەکان کە دەیەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو تورکیایان خستبوە گێژاو و ناجێگیریەکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی توندەوە.تا ساڵی ٢٠٠٢ کە ئاکەپە بۆ یەکەم جار سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بەتەنهاش حکومەتی پێکهێنا.

- لەکۆتایدا ئەوەی هەموان چاوەڕوانیان دەکرد بەدڵی خۆیان نەبوو:

١. ئاکاپە و ئەردۆگان چاوەڕاوانی ئەنجامی زۆر باشتر بوون چونکە بە حسابی خۆیان توانیویانە دژی کورد سەرکەوتوبن و داگیرکاری عفرین بکەن و دژی پەکەکە و گوڵەنیەکان کاربکەن وەکو دەسکەوت. بەڵام لەبەرامبەریشدا بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان و گرتن و ڕاوەدونان و خراپی باری ئابوری هەلی سەرکەوتنی گەورەی لەدەستدان.

٢. هەدەپەش چاوەڕوانی زۆر باشتری دەکرد بەوەی کە سەرۆکەکەی لە زینداندایە و لەوانەیە دەنگی باشتر بێنێت بەڵام ئەوەش نەهاتە دی و نیوەی کوردی باکور دەنگیان بە ئاکەپە داوە. و هەدەپە تەنها لە ١٠ شاری کوردیدا دەنگی زۆرینە یان لەنیوە کەمتری هێناوە.بەڵام بۆ بون و بەردەوامی و مقاوەمەتی کورد و چونە ناو پەرلەمانەوە سەرکەوتنی باش بوە سەرەڕای دژایەتی زۆری ئاکاپە و ئەردۆگان بۆ هەدەپە و دەمیرتاش.

٣. ئەوەی چاوەڕوانی دەکرا کە جەهەپە و پارتی باش و میراڵ ئاکشنەر دژی ئەردۆگان دەنگی زۆر بێنن ئەوەش نەهاتە دی.

بۆیە ئەم ئەنجامانە سەرکەوتنن بەتامی دۆڕاندن و هیچ کامیان دڵخوازی نین.بەڵام لەکۆتایدا ئاکەپە و ئەردۆگان بونە براوەی گەمە سیاسیەکە و لانی کەم تا ٥ ساڵی تر لەدەسەڵاتدا دەمێننەوە. و دەتوانن تورکیا بە ئاڕاستەی دیموکراسیەت بەرن یان بە ئاڕاستەی دیکتاتۆریەت بەرن ،ئەمەیە کە دەگوترێت لەڕێگەی((دیموکراسیەوە دیکتاتۆریەت دەسەپێنرێت)).

- ئەردۆگانیش لە دوو ڕیانێکی مێژوویدایە گەر بیەوێت سیاسەتێکی ژیرانە و سەردەمیانە بکات و تورکیا بەرەو پێشەوە بەرێت و بیکاتە دەوڵەتێکی یاسایی و دیموکراسی و لەگەڵ چوار دەورە ناوچەیی و جیهانیەکەیدا بیگونجێنێت ئەوا دەبێتە سەرۆك کۆمارێکی بێوینە و ناویشی بە گەشاوەی دەچێتە مێژووی نوێی تورکیاوە و گەر بەپێچەوانەشەوە مامەڵە و سیاسەت بکات و توشی غرورو شێتێتی مەزنبوون ببێت ئەوا بە دڵنیایی دەبێتە دیکتاتۆرێکی قێزەون و تاکە دەستڕۆیشتوی تورکیا لەسەدەی بیست و یەکەمدا.و مێژوە ڕەش و خوێناویەکی سەردەمی عوسمانیەکان دێنێتەوە یادی هەموان کە بۆخۆی خەونی زۆری پێوە دەبینێت و گەرەکێتی نازناوی خەلیفەی موسوڵمانانیش هەڵبگرێت.ئاشکراشە هەموو ئەم ئەگەرانە کات و زەمان لە ئایندەدا ڕاستی و ناڕاستیان وەدەردەخات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وئاڕاستە و ئاوێنە وسپی میدیا و شەنپرێس و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٠٤ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/٢٨دا بلاّوکراوەتەوە.

## خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی عێراق لەبەرچی؟ بەرەو کوێ؟*

لە ڕێکەوتی ٨ تەموزەوە، خۆپیشاندانی ناڕەزایی جەماوەری پانوپۆڕی عەرەبی عێراقی لە شارەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق دەستیان پێکردوە و ماوەی زیاد لە هەفتەیەکە بەردەوامە و تەنانەت توندوتیژیشی بەخۆوە بینیوە و بریندار و قوربانیشی لێکەوتۆتەوە،ئەم خۆپیشاندانانە لەشاری بەسرەی دووەم گەورە شاری عێراق لەدوای بەغدادی پایتەختەوە دەستی پێکرد و لەماوەیەکی کەمدا تەواوی پارێزگاکانی میسان و ناصریە و دیوانیە و زیقار و نەجەف و بابل و تەنانەت هەندێك گەڕەکی شاری بەغدادیشی گرتۆتەوە . ئەمە بۆ یەکەم جارە خۆپیشاندانەکان بەم گوڕوتین و خێرایی و فراوانیە لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا ڕوویدات و زۆرینەی شیعە مەزهەبەکانیش تیایدا بەشدار بن و نەك هەرئەوەش بەڵکو تەواوی مەرجەعە باڵاکان و نوێنەرەکانیشیان لەو پارێزگایانە بە بەیاننامە و لێدوان و بەشداریکردنیشیان بونە پاڵپشتی خۆپیشاندەران و هەموان دووپاتیان کردەوە کە داواکاریەکانیان ڕەوایە و دەبێت هەرچی زووە حکومەت بەدەم داواکاریەکانیانەوە بچێت و بۆیان جێبەجێبکات.

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،کە ئایا ئەم خۆپیشاندانانە خۆڕسك و لەخۆوە ڕوویانداوە یان دەستی دەرەکی لە پشتە؟ بۆچی لەم کات و وەرز و ساتەدا؟ئەم خۆپیشاندانانە ڕەوان و مافی هاوڵاتیانە؟ یان سەرکێشی و سەرپێچیە لە یاساکان؟ئایا هاوڵاتیان مافیان پێشێلکراوە ؟ یاخود نەخێر لەخۆوە و بەبێ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا دەستیانداوەتە خۆپیشاندان؟و دەیان پرسیاری تریش.**

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بەکورتی ئەوەیە کە بەڵێ ئەم خۆپیشاندانانە بەڕێژەیەکی گەورە خۆڕسکە و تەنها لەلایەن جەماوەری ڕەش و ڕووت و بێ خزمەت و مافخوارو و چەوساوە و زوڵملێکراوەوە ڕوویانداوە و هەموو هۆکارەکانیشی نەبوونی هیچ خزمەتگوزاریەکی سەرەتاییە بۆیان لە دابینکردنی کارەبا و ئاوی شیرینی خواردنەوە و تەواوی خوزمەتگوزاریەکانی تر لە نیشتەجێبوون و خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و ..هتد. حکومەتی ناوەندی و هەموو حکومەتە لۆکاڵیەکانی ئەو پارێزگایانە و ناوچانە بەجۆرێك سەرمەستی گەندەڵی و لەخۆبایبوون بوون کە هیچ حسابێك بۆ داواکاری و مافە ڕەواکانی جەماوەر ناکەن و گوێ بە پێداویستی و خزمەتگوزاریەکانیان نادەن و ئاوڕێکی بەویژدان و خەمخۆرانە لە ئێستا و ئایندەی جەماوەری میلەتەکەیان نادەنەوە،ئەوان لەبەر دزی و گەندەڵی و نەبونی یاسا و و نەبونی چاودێری و نەبونی حکومەتێکی بەهێز و خەمخۆر لە بەغداد دەستیان داوەتە ملهوڕی و جەماوەریش بونەتە قوربانی ململانێ سیاسی و حیزبیە تەسك و بچوکەکانی حیزب و سەرکردەکان.

عێراق بەگشتی بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییەکان و هەموان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستوەردەدەنە کاورباری ناوخۆی و عێراق بە خاك و خەڵکەکەیەوە بۆتە قوربانی و سووتەمەنی و تەنها شەڕ و ماڵوێرانی و جەنگ و هەژاری و جەهل و نەخۆشیەکانی بۆماوەتەوە و خێرو بێرەکەشی تەنها وتەنها بۆ دەستەو تاقم و گروپ و سەرکردە مافیا ئاساکانی سیاسەت و بازرگانانی جەنگە.

بەڵێ بەشێکی ئەم خۆپیشاندانانەش پێدەچێت پیلانی وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت زلهێزەکانیش بێت لەلایەك بۆئەوەی درێژە بە ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی لەعێراقدا بدەن و عێراق بەدەردی سوریا ببەن و عێراق لەئایندەشدا توانای هەستانەوە و بەهێزبوونی نەبێت و نەتوانێت ڕۆڵی کارای خۆی لەناوچەکە و دونیاشدا ببینێت،هەروەها وڵاتانی ناوچەکەش لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداویش هەریەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان عێراقێکی لاوازیان گەرەکە و بەتایبەتیش وڵاتانی سونەی عەرەبی کەنداو و بەپشتیوانی ئەمریکا گەرەکیانە شەڕی خۆیان لەگەڵ ئێراندا لەعێراقەوە دەستپێبکەن و هێواش هێواش ئێران لەپەل و پۆ بخەن و گەمارۆی بدەن و ئەوکات کوتەکی ڕاستەقینەی یەك پیاوی خۆیانی پیادا بکێشن،لەکاتێکدا لەیەمەنیش هێزە هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتی سعودیە و ئیمارات سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە بەسەر حوسیەکانی لایەنگرانی ئێراندا .

ئەمریکا و ڕوسیاش کە لە ١٦ تەمووزدا کۆبونەوەی لوتکەی هەردوو سەرۆك ترامپ و پۆتین لە هێلسنکی کۆبونەتەوە،خاڵی سەرەکیان بریتیە لە دۆخی سوریا و دۆزینەوەی ڕێگاچارە و وەدەرنانی هێزەکانی ئێران لەو وڵاتەدا،چونکە باش دەزانن تاکو ئێران لە سوریادا بێت سەختەچارەسەر و گفتوگۆ سیاسیەکان سەربگرن.بۆیە لەم گەمە قێزەون و لەم ململانێ ناڕەوایانەی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان تەنها عێراقیەکان دەبنە سووتەمەنی و قوربانی.

جگە لەهەموو ئەم هۆکارە دەرەکیانە،بۆخۆی حکومەت و دەسەڵاتدارانی عێراق هۆکاری سەرەکین بۆ سەرهەڵدان و تەقینەوەی خۆپیشاندان وتوڕەییەکانی جەماوەری عێراقی چونکە لانی کەمی ژیان و گوزەرانێکی مرۆڤانەیان بۆ دابیننەکردوون،بگرە هەموو دیاردە دزێوەکانی هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و تاوان و بێ یاسایی و ناعەدالەتی و گەندەڵی تاسەر ئێسقان لەماوەی ١٣ساڵی ڕابووردوودا بەرۆکی تاك بەتاك و خێزان بەخێزانی عێراقی گرتۆتەوە،هەربۆیە پشوودرێژی جەماوەر هەموو سنورەکانی بەزاندوە و ئەم کات و سات و وەرزە پڕگەرما و سوتێنەرەیان هەڵبژاردوە بۆ تەقاندنەوەی جامی ڕق و تۆڵەیان لەهەموو دەسەڵاتداران،بۆیە ئەم خۆپیشاندانانە سەرەتایە گەر دەسەڵاتداران بەهۆش خۆیان نەیەنەوە،ئەگینا لەکاتی دوبارەبونەوەیاندا تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنن و هیچ حیزب و سەرکردە و بارەگایەکیان بەسەلامەتی دەرناچن و پڕۆسەی دووەمی ڕزگارکردنی عێراقیشی لێ سەوز دەبێت،و بە ئاقارێکی مەترسیدار و نەخوازراویشدا هەنگاودەنێت و بەرەو پێش دەچێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاڕاستە و شەنپرێس و ئاوێنە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٢٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١٧دا بڵاوکراوەتەوە.

## بۆچی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە عێراق و کوردستانیشدا سەرهەڵنادات؟*

- ئاشکرایە ژیانی سیاسی لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا دەکەوێتە ژێر هەژموون و کاریگەریەکانی تایبەت بەو وڵات و کۆمەڵگایانەوە و سروشت و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایانە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر سەرهەڵدان و لەدایکبوونی هەر ڕەوت و بزوتنەوە و پارت و دیاردەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوری و هەموانیان زادەی بیر و ئەندێشە و ئاستی هوشیاری ئەو کۆمەڵگایانە دەبن و هەموانیان لەهەناوی تاك و کۆمەڵگاکانەوە هەڵدەقوڵێن و دواجاریش دەبنە ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگاکانیان.
- جا ژیانی سیاسی و حیزبایەتی هەر کۆمەڵگایەکیش لەو ڕاستیانە بەدەر نیە و بەهەمان شێوە دەکەوێتە ژێر هەمان کاریگەر و سروشتی تاك و کۆمەڵگاکانەوە، ژیانی سیاسی ساغڵەم لەهەر جێگەیەکدا بێت دەبێت لەدوو جەمسەری هاوکێشەیەکی سیاسی پێکبێت کە بریتین لە دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن،هەرکات یەکێك لەو جەمسەرانە لاوازبوو یان هەر بوونی نەبوو ئەوا ژیان و دۆخی سیاسی بەشێوەیەکی سروشتی گەشە ناکات و هەمیشە ناجیگیری سیاسی بوونی دەبێت و تاك و کۆمەڵگاش هەمیشە تورە و ناڕازی دەبن.چونکە بەسروشتی مرۆڤەکان هیچ کات هەمووان نەلەدەسەلاَت ڕازین و نەهەموانیش دەبنە ئۆپۆزسیۆن،بۆیە بوونی فرە حیزبی لەلایەك و بونی هێزی ئۆپۆزسیۆن وەك پێویستیەکی حەتمی کۆمەڵگاکان و ژیانی سیاسی زۆر پێویستن،چونکە ناکرێت کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان سەرتاپایان یەك ڕەنگ و یەك دەنگ بن لەسەر هەموو مەسەلە جیاوازەکانی ژیان و ئیدارە و سیاسەت و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاَیەتی و فەرهەنگی و ..هتد.کەواتە هەرکات دەسەلاَتێکی بەهێز هەبوو دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیش هەبێت بۆئەوەی هاوسەنگی هاوکێشە سیاسیەکان ڕابگیرێت و هەرکاتیش هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز پەیدا ببێت ئەوا بەدڵنیایی دەسەلاَتێکی توندوتۆڵیش دروست دەبێت لانی کەم بۆ پارێزگاری لەدەسەلاَت و مانەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەلاَت و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی مامەڵە بکات چونکە باش دەزانێت چاودێریەکی ووردی لەسەرە و بەرەنگاری دەکات،بەمەش لەکۆتادا وڵات و کۆمەڵگا قازانج دەکەن..
- ئاشکراشە لەهەموو سیستەمە دیموکراتیەکاندا هەردوو هێزی دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن هەیە و هەمیشەش لە ململانێیەکی بەردەوامدان و توانیویشیانە ژیانی حیزبایەتی و سیاسی وڵاَتەکانیان بەرەوپێشبەرن و ببنە هۆکاری گۆڕانکاری و داهێنان و پێشکەوتنیش و ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی زۆر ساغڵەم و تەندروستەو هیچ زیانێکی نەگەیاندوە بە ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات و کۆمەڵگاکان و بگرە ئاستی هوشیاری تاکەکانیشی بەرزکردۆتەوە و ئینتیمای بۆ نەتەوە و نیشتیمانیش تۆخکردۆتەوە و هەریەکەیان خۆی بەخاوەن و ئایندەی وڵاَتەکانیان دەزانن و بەبەردەوامیش لە پێشبڕکێدان کە چۆن دەسەلاَت بگرنە دەست بۆ ئەوەی زیاترین خزمەت بە نیشتیمانەکەیان بکەن،بەلاَم بەداخەوە لە وڵات و کۆمەڵگا ڕۆژهەلاَتیەکان بەگشتی و دواکەوتوو هەژار و نادیموکراسی و تاکڕەوەکاندا هەمیشە دەسەلاَت لەهەوڵی بچوککردنەوە و نەمان و ناشیرینکردنی هێزی ئۆپۆزسیۆندایە و ڕێگە نادات کە چالاکی سروشتی خۆی ئەنجام بدات و لەلایەکی تریشەوە هێزە ئۆپۆزیۆنەکانیش بۆخۆیان نەبونەتە هێز و جەمسەری بەهێز لەهاوکێشە سیاسیەکاندا و نەیانتوانیوە ببنە جێگرەوەی دەسەلاَت و لەکاتی بونیانیشدا نمونەیەکی جوان و جیاوازیان لەدەسەلاَت پیشان نەداوە.بەو شێوەیە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە ڕەوت و لەدایکبونێکی سروشتیدا نەهاتوون وزەرورەتی قۆناغەکەش پەیدای نەکردوون ،بگرە ئەوەندەی وەك پەرچەکردا هاتونەتە بوون نیوهێندە پێویستی قۆناغەکە و گەشەکردنی کۆمەلاَیەتی و هوشیاری سیاسی کۆمەڵگا نەیخواستوون. هەربۆیەشە ژیانی حیزبایەتی لەم کۆمەڵگا ڕۆژهەلاَتیانەدا هیچ کات سەقامگیری سیاسی بەخۆیانەوە نابینن.
- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،کە ئایا بۆچی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەعێراق و کوردستانیشدا دروست نابن؟ ئایا حیزب و سەرکردە سیاسیەکان نایەنەوێت ببنە ئۆپۆزسیۆن یان دەسەلاَت ڕێگەیان پێنادات؟ئۆپۆزسیۆن بوون یانی مردن و پوکانەوەی حیزبی سیاسی یان**

**گەشە و بەردەوامبونیان؟ ئۆپۆزسیۆن بون لە پێناو گرتنە دەسەلات یان مانەوە بەبەردەوامی وەك هێزێکی دژە دەسەلات و وەك ئۆپۆزسیۆن؟و دەیان پرسیاری تریش.**

بەداخەوە ژینگەی سیاسی لە عێراق و تاڕادەیەکیش لەکوردستاندا ئامادە نین بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنێکی خۆڕسك و ڕەسەن کە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی سروشتی کۆمەڵگا و داواکاریەکانی هاولاتیان بێت،بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی حوکمڕانیەکە هەرچەندە بەناو دیموکراسیە بەلام لەناخی مرۆڤ و تاك و کۆمەڵگا و سەرکردە سیاسیەکاندا ئاڕاستەیەکی قۆرخکاری و پاوانخوازی و تاکڕەوی و خۆسەپێنی هەیە هەر ئەمەش وادەکات کە هەموان هێندەی حەز بەدەسەلات و ئیمتیازات و خۆشی و شیرینیەکانی دەسەلات دەکەن نیوهێندە حەز بە ئۆپۆزسیۆن بوون ناکەن،لە عێراق و کوردستانیشدا دەسەلات مانای دەوڵەمەندبوون و ژیانێکی خۆش و دەسەلاتی ڕەها و وەرگرتنی ئیمتیازاتەکانە بە ڕەوا و ناڕەوا،نەك مانای خزمەتکردن و پێشکەوتن و گەشەکردن و هوشیاربونەوەی کۆمەڵگا و ولات بێت،بۆیە هەموان هەوڵی دەسەلات و هاوبەشی و شەراکەت دەکەن لە دەسەلاتدا،لەم ولاتەدا بەداخەوە ئۆپۆزسیۆن بوون مانای بچوکبونەوە و پوکانەوەی حیزب و لێدوورکەوتنەوەی هاولاتیانە چونکە هیچ دەسەلات و ئیمتیازاتێکیان لا نیە بیدەنە لایەنگر و ئەندام و جەماوەریش، هەربۆیە جەماوەریش بەداخەوە لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان گەر هەبن کۆنابنەوە،جەماوەریش سروشتی حیزب و سەرکردەکانیان وەرگرتوە و ئەوانیش هەمیشە حەز بە نزیکی لەدەسەلات دەکەن چونکە زۆر باش دەزانن کە ژیان و گوزەرانیان بەندە بە حیزب و سەرکردە و دەسەلاتدارانەوە، لەبەرئەوەی سیستەمی حکومڕانیەکە لەسەر پایە مرۆڤدۆستیەکان لە یەکسانی ودادپەروەری و سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لەتاك و هاولاتیان و ئازادیەکان دروستنەبوە،بەپێچەوانەوە هێندەی گەندەڵی و سیخوڕی و نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافەکان و یاسا برەویان هەیە نیو هێندە پەرۆشی و خەمخۆری باویان نەماوە.لەلایەکی تریشەوە هێز و سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بۆخۆیان نەیانتوانیوە ببنە نمایندەیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە بۆ داواکاری و مافەکانی چین و توێژەکان و سەرجەمی هاولاتیانیش، کە بەشێوەیەك زۆرینەی کۆمەڵگا لەدەوریان کۆببنەوە،ئەوانیش نمونەیەکی جوانتر و بالاتریان لەدەسەلات پیشان نەداوە،ئەوان هێندەی دواکەوتە و داهێنەری دروشم و بەرنامەی دوور لە لۆژیکن نەیانتوانیوە لەسەر زەمینەی واقع ببنە جێگرەوەیەکی بەهێزی دەسەلات، هەر لەبەر ئەمەشە کە هیچ کات یان لانی کەم لە مەودایەکی کورت و نزیکدا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز نە لە عێراق نە لەکوردستاندا دروست نابێت،چونکە هێز و سەرکردە سیاسیەکان هێندەی چاویان بڕیوەتە بەشداری لەحکومەت و بەرکەوتنی بەشە کێکی شیرین لە دەسەلات و ئیمتیازاتەکان نیوهێندە پەرۆشی پێشکەوتن و خزمەتکردنی کۆمەڵگاکانیان نین،هەربۆیە دەبینین لە ماوەی ٢٧ ساڵ لەکوردستان و ١٥ ساڵ لە عێراقدا و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی تاکڕەو و خۆسەپێن کەچی هێشتا سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە نەهاتۆتە بون و نەچەسپیوە و هەموان هەر حەز بە سەردەمی تاکڕەوی و قۆرخکاری دەکەن و گیانی تۆڵەسەندنەوە و گزیکردن و ساختەکاری تیایاندا بەرزە .

یەکێك لەهۆکارەکانی دروستنەبوون و پێکەوەنەنانی هاوپەیمانی لەنێوان هێزە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٢ ی ئایاردا بە شیعە و سونە و کوردیشەوە بۆ پێکەوەنانی حکومەتی ئایندەی عێراقیش و دواتریش لەکوردستاندا هەرئەوەیە کە هیچ هێز و سەرکردەیەکی سیاسی ڕازی نیە ببێتە هێزی ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر دەسەلاتدا، هەموان حەز دەکەن و هەوڵیش دەدەن بەشداربن لەدەسەلاتدا، وهەرگیز ئامادە نین لەدەسەلات دووربخرێنەوە یان خۆیان دووربکەونەوە ،هەرئەمەشە کە بۆتە هۆی دواکەوتن و وێرانبوونی هەموو بنەما و بەهاکان لەم ولاتەی ناوی عێراقە بەکوردستانیشەوە.جا تاوئەوکاتەشی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و خۆڕسك و خاوەن دیدوبۆچون و بەرنامەیەکی نیشتیمانی سەرهەڵنەدات هیچکات دۆخی سیاسی عێراق بەکوردستانیشەوە جێگیر نابێت و هەمیشە توڕەیی و ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەریەکان ئامادەبونیان هەیە و ئەگەری تەقینەوەیان لەهەر ئان وساتێکدا لێدەکرێت و پێدەچێت لەئایندەشدا پەناش ببرێتە بەر کودەتای سەربازی گەر جەماوەر و سوپابگەنە دوا سنوری بێئومێدی و بێ متمانەی بە دەسەلاتداران و سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان. کەئەمەش هێندەی تر دۆخەکە ئالۆزتر دەکات و عێراق بەکوردستانیشەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی خۆخۆری و دواکەوتویی و هەژاری وبێ یاسایی و ئایندەیەکی ناڕۆشنیش.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاڕاستە و شەنپرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

## زۆرانبـازی ئەمریکاو ئێران لە عێراقدا بەرەو کوێ ؟*

• نزیکەی ١٥ ساڵی ڕێکە کە ڕژێمی بەعسی صدامی ڕوخاوە لەعێراقدا بەهێزی هاوپەیمانان بەڕابەرایەتی ئەمریکا و ئیدی لەوکاتەوە گەلان و خاکی عێراق ڕزگاریانبوە لەدڕندەترین ڕژێمێکی تاکڕەو و ستەمکاری سەدەی بیستەم،هەرچەندە ئەمە دەستپێك و سەرەتایەکی قۆناغی نوێ بوو بۆ گەلانی عێراق و مایەی دڵخۆشیان بوو،بەڵام لەدوای ئەو ڕێکەوتەوە و بەدرێژایی ئەم ١٥ ساڵەی ڕابووردوو نەگەلانی عێراق و نە ناوچەکەش ئارامیان بەخۆیانەوە نەبینیوە کە هەموانیان وایان دەزانی ڕژێمەکەی صدام حسێن هۆکاری ئەو گرژی و نائارامیە بوە، بەڵام لەئێستادا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوە ململانێ ناوخۆیەکانی نێوان حیزب و سەرکردە سیاسیەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ململانێ نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیە جیاوازەکان هۆکاربونە و لەپاڵ ئەمانیشدا ململانێ ناوچەییەکان و نێودەوڵەتیەکانیش بە بەهێزیەوە ئامادەگیان هەبوە.بۆیە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی ڕابووردوو گەلانی عێراق بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خەبات و قوربانیەکانی ٣٠ ساڵەی قۆناغی ڕژێمی صدام حسێنیان نەچنیەوە تا ڕووبارێك خوێن و فرمێسك و قوربانی تری هاتە سەرو تائێستاش بەردەوامی هەیە و ئەوسەری ڕێگا و تونێلەکەش ناڕوون و نائاشکرایە بۆ ئایندە.

• وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش هەریەکەیان بە پێی توانا و بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەستیان وەرداوەتە ناو کاروباری عێراقەوە و هەریەکە بەمەرامێك و بۆ جێگە کردنەوەی پێگەیەکی شیاو لە ئایندەی عێراقی دەوڵەمەند بە نەوت و غازی سروشتی و ..هتد.گەرەکیانە بمێننەوە و لەو پێناوەشدا ململانێ دەکەن.

• لەناو هەموانیاندا ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران زۆر ئاشکرایە و زۆریش توندەو هەریەکەیان کێبکڕکێی ئەویتریان دەکات بۆ سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنیان لە چەسپاندنی دەسەڵات و هەژموونی سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆی لە عێراقدا.عێراق لە ئێستادا بۆتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ ململانێ نێودەوڵەتیەکان و بەتایبەتیش ئێران و ئەمریکا.هەردووکیان گرنگی تەواو دەدەنە ئایندەی عێراق،چونکە باش لە گرنگی و کاریگەری جێگە و پێگەی عێراق دەزانن لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا،چونکە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەهێز و خاوەن ٣٨ملیۆن کەس و یەدەگێکی زەبەلاحی نەوت و غازی سروشتیە و پێگە و هەڵکەوتەیەکی جیۆسیاسی گرنگی هەیە لەناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و دەڕوانێتە سەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و دەروازەی وڵاتانی عەرەبیە بۆ ئێران و هەریەکێك لە ئێران یان ئەمریکا بتوانێت عێراق کۆنترۆڵ بکات وەکو ئەوە وایە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوینی کۆنترۆڵ کردبێت.بۆیە ئەم ململانێیانەی ئێران و ئەمریکا بەتەنها لەعێراقدا نەماوەتەوە بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ تەواوی ناوچەکە لە سوریا و لوبنان و فەلەستین و میسر و یەمەن و عومان و بەحرەین و ...هتد.پڕیشکی ئەم ململانێ یان زۆرانبازیە دوو قۆڵیە پەلی هاویشتوە و مەترسیشی دروستکردوە بۆسەر نفوز و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانیان لەناوچەکەدا بەوێنەی سعودیە و میسر و ئیسرائیل. هەربۆیە پێناچێت ئەم ململانێیە بەئاسانی کۆتایی پێبێت و کۆتاییەکەشی کۆتاییەکی مەترسیدار و خوێناویش دەبێت بۆ ناوچەکە،چونکە لەلایەك هیچ کامیان پاشەکشە ناکەن ولەلایەکی تریشەوە بۆخۆی ئاگری شەڕی دژ بەتیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانی هێشتا بەتەواوەتی کۆتایی نەهاتوە.

ئێران وەك زلهێزێکی ناوچەیی خۆی نمایش دەکات وهەرچی هەوڵی هەیە بۆ پاوانکردن و فراوانکردنی دەسەڵات و نفوزی خۆیەتی و پاڵپشتیشی هێزە ڕۆحی و ئاینی و مەزهەبیەکەیەتی لەناو گەلانی ناوچەکەدا و هەرچی ئەمریکاشە وەك زلهێزێکی جیهانی مەبەستی دەستبەسەراگرتنی تەواوی سەروەت و سامانی ناوچەکەیە لەڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنیەوە،چونکە ئەم ناوچەیە بۆ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش گرنگی خۆی هەیە.

• لە ئێستادا ئەمریکا لەسەر زەمینەی واقع و لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بە ڕادەی ئێران نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەهۆی لایەنگری زۆرینەی شیعە مەزهەبی عەرەبیەوە بۆ ئێران و هەرواش سونەی عەرەب و کوردەکانیش لە بێ بەڵێنی ئەمریکا وەڕس بون و شکستە سیاسی و سەربازیەکانیان بۆ ئەمریکا دەگێڕنەوە و

تورکومانەکانیش تورکیا بەپاڵپشتی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن و کەمینەی مەسیحیەکانیش لەو نێوەندەدا بێ دەسەڵات ماونەتەوە.لە ئێستادا زۆرانبازیەکی ئەمریکا و ئێران  لە پاڵپشتی هەریەکەیان دەردەکەوێت بۆ سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان لە پێکەوەنانی لیست و قەوارە و هاوپەیمانیەکانیان بۆ هەڵبژاردنی ئاینده و هەریەکەیان گەرەکێتی لایەنگرانی خۆیان سەرکەوتوبن تابتوانن بۆ ٤ ساڵی ئاینده بەردەوامی بەهەژموون و مانەوەیان بدەن لە عێراقدا.

هەربۆیە ئەم زۆرانبازیەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر حسابی خاك و گەلانی عێراق بۆ ماوەیەکی تریش بەردەوام دەبێت تائەوکاتەی ئەمریکا دەتوانێت گۆڕانکاری لەناوخۆی ڕژێمی ئێرانیدا دروستدەکات و دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی لەئێراندا و بەمەش دەتوانێت سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بێنێت،بەلاّم ئەم کارەش بۆخۆی نەئاسانە و نە لە ئایندەیەکی زوودا دێتەدی ،بەڵکو هێندەی تر ناوچەکە ڕووبەڕووی مەترسی و جەنگێکی تری تیرۆریستی دەکاتەوە،هەربۆیە ئایندەی ململانێکە و کۆتایی چارەنوسی عێراق و ناوچەکەش بەتاریکی و لێڵی دەمێنێتەوە.و نا ئارامی لەناوچەکەشدا بەردەوامی دەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وشەنپرێس وpukmediaوسپی میدیا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٢٨  لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٢٥دا  بلأوکراوەتەوە.

## ئایندەی حوكمڕانی لە عێراقدا
## بە ئاڕاستەیەكی هەڵەدا هەنگاو دەنێت ؟*

• ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت لە پەرتوبلاوی نێو ماڵەكانی شیعە و سونە و كورد و ئەوانی تریش وهەبونی ململانێی توندی ناڕەوا لەسەر پۆست و پلە و ئیمتیازاتەكان ونەگونجان و لێكنزیك نەبونەوەی لایەن و سەركردە سیاسیەكان و پیادەكردنی سیاسەتی ڕق و كین دژی یەكتری و هەوڵدان بۆ تێكشكاندنی دۆست و یار و نەیارەكان پێكەوە تەنها لەپێناو سەركەوتنی خوددا،هەوڵی پەراوێزخستن و كەنارگیركردنی یەكتری و دوورخستنەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسی و دەسەلات و كاركردن بۆ بچوككردنەوەی یەكدی ،هەموو ئەم هەنگاو و نیەت و كردارانە دەچنە چوارچێوەی دوژمنایەتی ڕاستەقینە و ئاشكراشە هەموو دوژمنایەتیەكی ناڕەوا هەمیشە دۆڕاندن و شكست و كارەساتیشی بۆ هەموان لێدەكەوێتەوە.

• ئەوەی ئێستا لە ناو صالۆن و ڕاڕەوەكانی سیاسی لە عێراق و بەغدادا دەیبینین و هەستی پێدەكەین لە هەوڵدان بۆ پێكەوەنانی گەورەترین كوتلەی پەڕلەمانی كە زۆرترین ژمارەی ئەندام پەڕلەمان لەخۆبگرێت و كڕینی ویژدان و هەڵوێستی هەندێك و بەڵێندانی ناڕاست بەهەندێك و فریودان و ساختەكاریش لە واژۆكانیان و زۆر كار و هەنگاوی ناڕەوای تر، هەموو ئەمانە یەك ڕاستیمان پیشان دەدەن كە بریتیە لەوەی كە زۆربەی سیاسیەكانی عێراق تەنها لەخەمی حیزب و سەركردە و بنەماڵەكانیاندان نەك نەتەوە و نیشتیمان،لەخەمی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و پلە و پۆست و ئیمتیازاتدان نەك گێڕانەوەی شكۆ و سەروەری عێراق و خۆشگوزەرانی هاولاتیان و دابینكردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكان، تەنها ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە كە ئایندەی حوكمڕانی لە عێراقدا بەرەو هەڵدێر و بە ئاڕاستەیەكی نادروست و هەڵەدا هەنگاو دەنێت نەك بە ئاڕاستەی بنیاتنانەوە و گەشەپێدان و پێشكەوتن و ئاوەدانكردنەوە، هەنگاو بەرەو تاكڕەوی و قۆرخكاری و پاوانخوازی و گەندەڵی زیاتر و نادادپەروەری زۆرتر دەنێت نەك ڕێزگرتن لە دەستور و یاساكان كە بڕوایان بە دیموكراسیەت و پێكەوەیی سیاسی و سیستەمێكی پەڕلەمانی و فیدڕاڵی هەیە.

• ئاشكراشە تاوان و لێپرسراوێتی هەموو ئەم هەنگاوە هەلأنە لەئەستۆی شیعەی زۆرینەدان چونكە هۆكاری یەكەمن بۆ تێكدانی نێوماڵی عێراق بە گشتی و بەتایبەتیش نێو ماڵی خۆیان،شیعەی زۆرینە مەزهەب لە عێراقدا لە ئێستادا كەس حەسودیان پێنابات چونكە دابەشبونەتە سەر چەندین بەرەی ئێران و ئەمریكا و عەرەبی سونەی كەنداو و تەنانەت توركیاش،ئەوان ئەوەندی لەنێوخۆیاندا تەفروتونابوون و لێكهەڵوەشاون و دڕدۆنگن لەگەڵ یەكتردا هیچ كات بەم شێوەیە ناكۆك و ناتەبا نەبوون بەدرێژایی ١٥ ساڵی ڕابووردوو ،لانی كەم كێشە و ململانێكانیان دەرنەچووبوە دەرەوەی نێوماڵەكەی خۆیان بەلأم لە ئێستادا بونەتە مایەی گاڵتەجاڕی دۆست و دوژمنەكانیان و لەماوەی ئەم ١٥ ساڵەی ڕابووردودا ماهیەتی ڕاستەقینە و ڕووی ڕاستەقینەی پیلان و نیەتە خراپەكانی خۆیان نیشاندا و سەلماندیشیان كە شیعەی عێراقی لە ئاست بەڕێوەبردنی دەوڵەتێكی وەك عێراقدا نین، ئەوان بەكار و كردەوە و هەڵوێستە ناڕۆشن و شاراوە ودرۆزن و دووڕوەكانیان لەگەڵ سونەی عەرەب و كوردیشدا هەردوولایان لەخۆیان دورخستۆتەوە وبەمەش عێراق و ئایندەكەیان خستۆتە بەر مەترسی لێكهەڵوەشاندنەوەوە.

• شیعەی عەرەب لە ئێستادا گەرەكێتی كە حكومەتێكی زۆرینەی شیعە پێكبهێنێت و هەموو پێكهاتەكانی تر كە كاریگەرن و هاوبەشی ڕاستەقینەی بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ بوون تەریك بكەن و ڕۆڵ و كاریگەریان زیاتر بچوك بكەنەوە،ئەمەش بۆخۆی هەڵەیەكی مێژوویی گەورەیە و بەدەستی خۆیان ئایندەی عێراق و ناو وناوباگی دەخەنە بەر مەترسی لێكهەڵوەشان و ڕووبەڕووی گیروگرفتی زۆری دەكەنەوە كە هیچ پێویستی پێیان نیە.شیعەی عەرەب بەتایبەتی بەبێ كورد دۆخی سیاسی و ئابوری زۆر خراپە و ناتوانێت عێراق بپارێزێت و یەك و یەكگرتوویی خاك و گەلانیشی

بپارێزێت.شیعە بەبێ بوونی هاوپەیمانی و دۆستایەتی ڕاستەقینە لەگەڵ کوردا پشت و پەنایەکی گەورەی لێ دووردەکەوێتەوە،هەموو کات کورد زامنی پاراستن و یەك و یەکگرتوویی خاکی عێراق بوە،هەرکات کورد و شیعە لێك جودا بونەوە مانای جودابونەوەی کورد و بچوکبونەوەی عێراق و لێکهەڵوەشانەوەیەتی.
بۆیە تەریککردنی کورد و بەشدارییپێنەکردنی لە کوتلەکانیان(( کوتلەی سائیرون ونەصر و حیکمە و وەتەنیە و ئوسامە نوجەیفی و تورکومان و..هتد کە خاوەنی ١٧٧ ئەندامە))لەگەڵ کوتلەی((دەوڵەتی یاسا و فەتح وئەوانی تردا کە ١٤٥ ئەندامن)) و بڕوانەهێنان بە داواکاری و پرۆژە ڕەواکانی کورددا ئەوا هیچ کات عێراقی شیعە مەزهەب ئۆقرەیی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە نابینێت، باشوور و ناوەڕاستی عێراق کە لە ئێستادا لەهەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابوری و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانیەوە ناگاتەوە بەکوردستان،ئەوا بەبێ بوونی کورد لە سیستەمی حوکمڕانی عێراقدا ئەوەندەی تریش لەکەڵك دەکەوێت و هێز و پێزی تیادا نامێنێت.بۆیە بۆ شیعەکان لە پێش کوردا بە قازانجە کە جێگە و پێگەی سەنگین و شایستەی کورد بپارێزن و بەدەم داوا ڕەوا نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیەوە بێن.

- شیعەکان لەگەڵ سونەکانیشدا و تەنانەت لەگەڵ مەسیحی و تورکومانەکانیشدا پەیوەندی و دۆستایەتیان زۆر توندوتۆڵ نیە و تەنها وەك مقاش و بۆ بەرژەوەندی کاتی و تاکتیکی خۆیان لەگەڵیاندا ڕێککەوتون،بۆیە پێکەوەنانی هەر هاوپەیمانی و کوتلەیەکی پەرلەمانی بەم شێوەیەی ئێستا و بەبێ بونی میساقێکی شەرەف و نوسراو وبڕواپێهێنەر هەرگیز چارەنوسی سەرکەوتن نابێت،بەڵکو زۆر لاواز و فشەڵ و بێ پشتیوانی جەماوەری و شەقامی عەرەبی دەمێنێتەوە،بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی بەسرا و باشور و بەغدادە لە ٢٠١٨/٩/٤وە زۆر بەتوندی و وەڵامدانەکانی دەسەڵاتدارانیش بە گولە و توندوتیژتر هێندەی تر شکستی هەوردوو هاوپەیمانی و کوتلە عەرەبییەکانی((شیعە و سونەی ))دەرخست.
- بەدڵنیایش لە ئایندەشدا هەروا دەمێنێتەوە چونکە هەموانیان گومانیان لەیەکتری هەیە و هیچکامیان ڕاستگۆیانە دەستی کارکردن و برایەتی و ئاشتی بۆ ئەوی تر درێژنەکردوە،هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت کە بەناچاری ڕووبکەنەوە کورد و تەنها کورد لاسەنگی هاوکێشەکەی نێوانیان ڕاستدەکاتەوە،خۆشبەختانەش کورد وەکو زۆرینەی ((یەکێتی و پارتی)) و گەر ئەوانی تریش بێنە پاڵیانەوە تائێستا سیاسەتێکی ڕاست و پشوودرێژییەکی باشیان نواندوە و تەسلیمی هیچ لایەکیان نەبون و ئەوەندەی لە هەوڵی بەدەستهێنانی گرەنتی ڕەسمی و نوسراون بۆ مافە ڕەوا نەتەوەییەکانی کورد نیوهێندە پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکانیان لا گرنگ نەبوە،کەئەمەش تائێستا خاڵی سەرکەوتن و بەهێزی کوردە.بۆیە گەر زۆرینەی شیعەی عەرەب و تەنانەت سونەکانیش گەرەکیان بێت ٤ ساڵی ئایندە ساڵانێکی ئارام و ئۆقرەیی بێت بۆ هەموان دەبێت هەر لەگەڵ کوردا ڕێکبکەون و بەهەموانیش عێراق بەڕێوەبەرن،ئەگەرنا ئەوا هەرلایە و ڕێگا و ئاراستەی خۆی هەڵدەبژێرێت و ئەوکاتیش تۆمەتباری سەرەکی تەنها و تەنها شیعەی عەرەبەکان دەبێت،چونکە ئیرادەی ڕاستەقینەی عێراقیان دۆڕاندوە و هەرلایەکیان بۆنەتە لایەنگیری ئێران یان ئەمریکا کە ئەوانیش شەڕی بەرژەوەندی خۆیان دەکەن لەسەر حسابی خاك و گەلانی عێراق و بەمەش تەنها درزی نێوان و جیاوازیەکانیان گەورەتر کردوە نەك یەك و یەکێتی و یەکگرتوویی عێراق.بۆیە ئەم پێشبڕکێ ناشەریفانەیە و ئەم ماراسۆنە نەبڕاوەیەی هەردوو کوتلەی عەرەبی شیعە ،ئاڕاستەی کارکردن و بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و ئایندەی عێراق بەرەو تاریکی و لێڵی زیاتر دەڕوات و لەکۆتایشدا بەزیانی گەورەی هەموان کۆتایی دێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس و ئاڕاستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٥٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٦دا بلاًوکراوەتەوە.

# تورکیا و ئەردۆگان بە ناچاری چۆك دادەدەن لەبەردەم فشارەکانی ئەمریکادا ؟*

- کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ و پێش ١٥ ساڵ بەهۆی ڕێگەنەدانی تورکیا بە سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ هاتنە ناوەوەی عێراق لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە.. ئیدی لەو ساتەوە و ساڵ بەساڵ پەیوەندیەکانیان بەرەو خاوبونەوە و کاڵبونەوە و ساردوسڕی دەچوو، لە ماوەی ئەو ١٥ ساڵەدا چەندین خاڵی ناکۆکی تریش سەریانهەڵدا و هەموانیان پێکەوە بونە هۆی ئەوەی کە لە ئێستادا پەیوەندیەکانی هەردوولا لەو پەڕی خراپیدا بن و هەردوولاش لەسەر زاری وەزیر و سەرۆکەکانیانەوە هەڕەشەی گەمارۆ و سزادانی ئەویتر دەکات و بەکردارەکیش ئەمریکا فشاری زۆری سیاسی و ئابوری و سەربازی خستۆتە سەر تورکیا و کاریگەریەکانیشی لەئێستادا بۆ هەموان ڕوون و ئاشکران.لەو کێشە و گرفت و خاڵە ناکۆکیانەی نێوان تورکیا و ئەمریکا بریتین لە:
- کێشەی گروپی خزمەتی فەتحولاّ گویلەن و مانەوەی گویلەن لە ئەمریکا و ڕادەستنەکردنەوەی بە تورکیا.
- کێشەی دادگایکردنی پاسەوانە تایبەتەکانی ئەردۆگان لەلایەن ئەمریکاوە.
- کێشەی پشتیوانی تورکیا لە گروپە تیرۆریستیەکانی سوریا و عێراق و دەستوەردانێتی لە کێشەی ئەو دوو وڵاتە بە پێچەوانەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە.
- کێشەی وڵاتی قەتەر لەگەڵ سعودیە و ئەوانی تر و پشتیوانی تورکیا بۆ قەتەریەکان.
- کێشەی دامەزراندن و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەریەکە لە ڕوسیا و ئێران و دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.
- کێشەی پشتیوانیکردنی تورکیا بە ئاشکرا و بەنهێنی لە گروپە تیرۆریستەکان.
- پابەندنەبوونی تورکیا بە گەمارۆ ئابوریەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بەردەوامبونی لەسەر کڕینی نەوتی ئێرانی.
- کێشەی تورکیا لەگەڵ ئەوروپییەکان و مەسەلەی بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا.
- کێشەی قەتیسکردنی دیموکراسی و ئازادیەکان لە ناوخۆی تورکیادا و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی و هەوڵدانی بۆ تاکڕەوی و بچووککردنەوەی هێز و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان.
- کێشەی هەرە سەرەکی تورکیاش لەگەڵ دونیای دیموکراسی و ئەوروپی و ئەمریکاشدا بریتیە لە کێشەی کورد و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکان و ناوزڕاندنیان بە تیرۆریست.
- کێشەی بانکە تورکیەکان بە هاوکاریکردنی بانکەکانی ئێران لەمەسەلەی ئاڵوگۆڕی دراودا.
- دواهەمینیشیان کێشەی کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی S٤٠٠ لە ڕوسیا لەلایەن تورکیاوە.

بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵە کێشە و گرفتە لەسەر ئاگرێکی هێواش گەشاونەتەوە و گڕیان گرتوە و خەریکە دەست و قاچی ئەردۆگان و تورکیای پێوە دەسوتێت،بەڵام ئەوەی بوە هۆکاری هەڵایسانی فشار و شەڕە قسە و تۆمەتبارکردنی یەکتری بە ئاشکرا ،دەستگیرکردنی قەشەیەکی ئینجیلی ئەمریکی بەناو ((ئەندرۆ برۆنسۆن))ی تەمەن ٥٠ ساڵەیی بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا کە ٢٣ ساڵە لەتورکیا و لەشاری ئیزمیر دەژی و سەرۆکایەتی کەنیسەیەکی بچوك دەکات کە تەنها ٢٥ کەسی باوەڕدار دوای کەوتوون.بەتۆمەتی هاوکاریکردنی گروپی خزمەتی فەتوحولاّ گویلەن و ڕاوەستانی لە پشت کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی ٢٠١٦وە ودواتریش دادگایکردنی بەتۆمەتی تیرۆر و پشتیوانی لە PKK. دادگای تورکیا لەدانیشتنی سێیەمیدا ولە ٢٠١٧/٧/١٨دا زیندانیکردنەکەی درێژکردەوە سەرەڕای داواکردنی ئەمریکا بە ئازادکردنی بەڵام تەنها لەبەر خراپی باری تەندروستی خستیانە ژێر دەستبەسەری زۆرە ملێ لەماڵەکەی خۆیدا.

لە ئێستادا وابڕیارە کە دانیشتنی چوارەمی دادگا لە ٢٠١٨/١٠/١٢دا بەڕێوەبچێت و زۆریش لە ئەگەرەکان بۆ ئەوە دەچن کە دادگا بڕیاری ئازادکردنی ئەو قەشەیە بدات کە سەرزارەکی و بە ئاشکرا بۆتە هۆی نانەوەی ئەو کێشە و گرفتە گەورەیە لەنێوان تورکیا و ئەمریکای بەناو هاوپەیمانی ستراتیژی لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانیەوە و بەهۆی بونی هەردوولا وەك ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆی سەربازیدا بە ڕابەرایەتی ئەمریکا.تورکیا یەکێکە لە گەورەترین ئەو وڵاتانەی کە گەورەترین هەڵگیراوی چەکی ئەتۆمی ئەمریکای تیادایە .

- ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا و ئیدارەی سەرۆك ترامپ زۆر بەجدی گەرەکیانە لە پێگە و نفوزی تورکیا بدەن لەناوچەکەدا و بچوکی بکەنەوە و بیکەنە ولاَتێکی بیَ مەترسی،چونکە زۆر باش دەزانن کە سیاسەتەکانی ئەردۆگان بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانێتی لە ناوچەکەدا بەتایبەتی عەرەبەکانی کەنداو و میسر و ئیسرائیل و تەنانەت عێراقیش.بۆیە پێدەچێت هەنگاو و سیاسەتە هەڵەو تاکتیکیەکانی ئەردۆگان سەری خۆی و تورکیای یەکگرتوش بخوات ،بەوەی قومار بەبەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا دەکات بە پتەوکردنی پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی لەگەڵ ڕوسیا و ئێراندا.بۆیە ئەمریکا و ترامپ گەرەکیانە بەهۆی کێشەی قەشە برۆنسنەوە هەموو کێشەکانیان لەگەڵ تورکیادا یەکلا بکەنەوەو پاکتاوی حساباتی خۆیانی لەگەڵدا بکەن،ئەوەش لە ڕێگەی :
- سەپاندنی گەمارۆی سیاسی و ئابوری و سەربازی بەسەر تورکیادا.
- گوشارخستنە سەر تورکیا لەڕێگەی سیاسەتێکی دارایی و نەختینەییەوە کە زیانی گەورە بەتورکیا بگات و بەپراکتیکیش بۆتە هۆی ئەوەی کە نرخی لیرەی تورکی لە مێژووی خۆیدا و بۆ یەکەم جار ٢٧٪ نرخەکەی دابەزێت و ١ دۆلار بەرامبەر ٥-٦ لیرە بوەستێتەوە و ئەمەش بۆتە هۆی دروستبونی هەڵاوسان و گرانی نرخ و ڕاوەستاندنی زۆرێك لە پڕۆژە گەورە و ستراتیژیەکان.
- پێنەدان و دواخستنی فڕۆکەی F٣٥ی ئەمریکی بە تورکیا.
- سەپاندنی سزای دارایی و ئابوری بەسەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و دادی تورکیادا.
- زیادکردنی تەعریفەی گومرکی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر هەریەکە لە ئاسن بەڕێژەی ٥٠٪ و ئەلەمنیۆم بەڕێژەی ٢٠٪ی تورکیاکە ئەمەش زیانی گەورە دەدات لە تورکیا و داهاتەکانی.

بەم شێوەیە ئەمریکا توانیویەتی کە ئابوری تورکیا لاواز و پەك بخات و هێواش هێواش چۆکی پیَ دابدات،سەرەڕای ململانیَ و بەرگریەکانی تورکیا،بەوەی کە تورکیا وادەبینێت کە ئەم سیاسەت و گەرمارۆیانەی ئەمریکا کاتین،وئەمریکا ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت چونکە تورکیا وادەبینێت کە:

- پێگەی ئەمریکا لاوازبوە لەسەر ئاستی دونیا و ناوچەکە بەهۆی زیادبوونی بڕی قەرزە دەرەکیەکانی.
- دابەزین و کەمبونەوەی مامەڵەی بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان بە دۆلاری ئەمریکی.
- کەمبونەوەی پشکی ئەمریکا لە ئابوری جیهاندا.

بەلاَم ئەوەی کە چاودێران و شارەزایانی ئابوری بۆی دەچن ئەوەیە کە تورکیا ناتوانێت تاسەر و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك بەرەنگاری ئەم هەموو فشار و گوشارە سیاسی و ئابوری و ئەمنیانەی ئەمریکا ببێتەوە و لەکۆتاییدا بەناچاری لەبەردەم ئەمریکادا چۆك دادەدات و ڕازی دەبێت بە ئازادکردنی قەشە ئەمریکیەکە وەك مەرجی یەکەمی سەرۆك ترامپ و ئەمریکا و دواتریش جێبەجێکردنی هەموو مەرجەکانی تری ئەمریکا لە سوریا و عێراق و ناوچەکەشدا بەبەرژەوەندی خۆی و وایلێدەکات کە پشتبکاتە ڕوسیا و ئێران و جارێکی تر ببێتەوە پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی لاوازتر لەجاران .ئەمەش دوای ڕێکەوتی ١١/٤ دێت کە گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بە فەرمی پێدەنێتە واری جێبەجێکردنەوە و دەیسەپێنێتە سەر ولاَتانی جیهان و کۆمپانیا ئابوریەکان کە پابەندبن پێوەی.بۆیە زۆر نزیکە لەدانیشتنی کۆتایی دادگای تورکیادا لە ١٠/١٢دا قەشە ئەمریکیەکە ئازادبکرێت و ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ ڕەواندنەوە و تواندنەوەی بەستەڵەکی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیاو جارێکی تریش ئەمریکا بەبەهێزی لە ناوچەی جێگە نفوزی خۆی لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست دەوەستێتەوە و بەرگریش لە بەرژەوەندی و دۆستەکانیشی دەکات دژ بەهەر هەڕەشە و گوڕەشەیەکی دەرەکی چ لە ئێرانەوە بێت یان لە تورکیاوە،هەردوولاش تورکیا و ئێران باش دەزانن کە ئەم هەموو شەڕ و گوشارانەی ئەمریکا بۆ سەریان بە سەروەت و سامانی ولاَتانی عەرەبی کەنداو جێبەجێدەکرێت و ئایندەی دەسەلاَت و پێگەی ئەمریکاشی پێدەپارێزرێت،بەلاَم بەناچاریش دەبێت ملبدەن و چۆك دابدەن لەبەردەم هەژموون و شەپۆلی ڕامالێنەر و ڕووخێنەر و نغرۆکەری ئەمریکادا وەك زلهێزێکی دونیا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس و ستانداردکورد و ئاڕاستە و pukmedia و ڕۆژنامەی کوردستانی نویَ ژمارە ٧٦٩٠لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/١٦دا بلاَوکراوەتەوە.

## ئاڵنگاریەکانی بەردەم حکومەتی ئایندەی عێراق *

• لە ئێستادا کە تەنها ١٥ ڕۆژ لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی ئایندەی عێراقدا ماوە، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق گەرمترین باسوخواسی لەبارەوە دەکرێت و هەموانی سەرقاڵکردوە و هەموانیش لەهەوڵدان بۆ ئەوەی گەورەترین پشك و زۆرترین پلەو پۆستی تیادا بەدەستبهێنن،زۆربەشیان ئەوەندەی لەخەمی دەستخستن و جێگە و پێگە قایمکردنی خۆیان و حیزبەکانیاندان نیوهێندە لەخەمی سەرکەوتنی بەڕێز عادل عبدالمهدی ڕاسپێردراودا نین و نیوهێندەی تریش لەخەمی ئایندەی عێراق و گەلەکەشیدا نین،بەداخەوە لە عێراقی بەناو نوێدا هیچ جۆرە ئینتیمایەك و دڵسۆزیەك و ڕاستگۆییەك نەماوە و هەموان لەململانێیەکی شاراوەی ئاشکرادان بۆ زاڵکردن و خۆسەپاندن و بەهێزکردنی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا.عێراقی نوێ پێویستی بە کەسانی بەهێز و دیپلۆماتکار و خاوەن بیروڕاو بۆچونی نیشتیمانیانە هەیە نەك بیربۆچونی حیزبی و ئاینی و تایەفی تەسك و بچوك.چونکە عێراقی نوێ و لانی کەم بۆ ٤ ساڵی ئایندە لەبەردەم گۆڕانکاری ناوخۆیی و ناوچەیی گەورەدایە و گەلێك ئاڵنگاری ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە واپێویست دەکات هەموان پێکەوە ڕووبەڕووی ببنەوە و هەوڵبدەن عێراق لە گێژاوی مەترسیەکان ڕزگار بکەن و بیپەڕێننەوە بۆ کەناری ئارامی ،ئاشکراشە هەرێمی کوردستانیش هەموو ئەم ئەگەر و گۆڕانکاری و ئاڵنگاریانە دەیگرێتەوە،بۆیە پێویستە لەسەر کوردیش هەوڵ و هیمەتی گەورەتر و باشتر بدات بۆ ئەوەی جێگە و پێگەی خۆی قایمتر و بەهێزتر بکات و ڕێگەنەدات کەنارگیر و پەراوێز بخرێت.

• حکومەتی ئایندەی عێراق بەم دۆخە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیە زۆر خراپەیەوە ڕووبەڕووی گەلێك ئاڵنگاری دەبێتەوە کە هەموانیان پێکەوە دەبنە ڕێگر و مەترسی بۆ سەری و بۆ سەرکەوتنیشی لەئایندەدا،چونکە ئەو ئاڵنگاریانە کێشە و گرفتی بچوك نین بەڵکو هەریەکەیان بۆخۆی کێشەیەکی گەورە و لە چارەسەر نەهاتوون،نا لەبەرئەوەی ناتوانرێت ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە بەشێوەیەکی زانستی و واقعی ،بەڵکو لەبەر نەبوون و کاڵبونەوەی متمانە و ڕاستگۆیی و نەبونی نیەتێکی هەقیقی بۆ چارەسەرکردنیان چونکە زۆرینە بەرژەوەندیە حیزبی و کەسی و بنەماڵەییەکانیان خستۆتە سەروو بەرژەوەندیەکانی عێراق و گەلانی عێراقەوە.

• لەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی بەڕێز عادل عبدالمهدی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو و حکومەتی نوێش دەبێتەوە لە ئایندەدا بریتین لە:

١.ململانێ سیاسی و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان.

٢.نەبونی متمانەی تەواو لەلایەن جەماوەرەوە بە دەسەڵاتداران و بەڵێن و کردارەکانی حکومەت.

٣.بوونی ڕق و کین و بێزاریەکی گەورە لەنێو جەماوەردا بەرامبەر بەحکومەت بەهۆی نەبووونی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بۆ هاوڵاتیان لە تەواوی ناوچەکانی عێراقدا.

٤.بوونی گەندەڵیەکی تا سەر ئێسقان لەناو سەرجەم دامودەزگا و ئۆرگانەکانی حکومەتدا کە ئاسان نیە لەماوەیەکی کەمدا بنەبڕبکرێت.

٥.بوونی ژمارەیەکی زۆر میلیشیای چەکداری جۆراوجۆر کە هەموانیان خۆیان بە جێگرەوەی سوپای نیزامی و هێزە ئەمنیەکان دادەنێن و بەوهۆیەشەوە چەك و تەقەمەنیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە دوور لە دەستی حکومەت و کۆنتڕۆڵکردنیشی هەروا ئاسان نیە،چونکە هەریەکە لەو میلیشیایانە لەلایەن هێز و دەوڵەتانی ناوچەییەوە پشتیوانیان لێدەکرێت.

٦.بەردەوامبوونی تارمایی جەنگی داعش و تیرۆریستان و بنەبڕنەکردنیان.

٧.کێشە و گرفتی سیاسی و ئابوری و سنوری و ئەمنی و ئاوی لەنێوان عێراق و وڵاتانی دەروردراوسێ لەلایەك وەك ئێران و تورکیا و سوریا و سعودیە و ..هتد.

٨. لەلایەکی تریشەوە بوونی کێشە و گرفت لەگەڵ وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی لەعێراق و ناوچەکەدا.

٩.کێشەی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندیە تێکچڕژاوەکانی وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزەکان کە هەموانیان عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان و لەسەر حسابی خاك و گەلانی عێراق درێژە بە ململانێکانیان دەدەن.

هەربۆیە بەڕێز عادل عبدالمهدی و کابینە حکومیەکەی لە ئایندەدا ڕووبەڕووی هەموو ئەم ئاڵنگاریانە دەبنەوەو ساناش نیە کە بتوانن هەموانیان چارەسەر بکەن،هەربۆیە پێویست دەکات لەسەر هەموان ڕاستگۆیانە و هیەمتێکی دڵسۆزانە بنوێنن بۆ پشتیوانی حکومەتی ئایندەی عێراق و تەنها هەڵپەی پلەو و پۆستیان نەبێت و نەکەونە داونانەوە و پیلانگێڕی دژی حکومەت وەك چۆن لە ڕابووردودا کاریان کردوە و عێراق و گەلانی عێراقیان بەم ڕۆژگارە سەخت و دژوار و پڕ نائومێدیە گەیاندوە.

حکومەتی ئایندە دەبێت حکومەتێکی گشتگیرو بەهێز و بەتوانا بێت،حکومەتی کەمینە و زۆرینە نەبێت،حکومەتی ئاینی و مەزهەب و نەتەوەیەکی دیاریکرا نەبێت،حکومەتی هەموان و بۆ هەموانیش بێت،حکومەتێك بێت ڕێز لە بنەماکانی هاوڵاتیبوون و توانا و لێوەشاوەیی و کەسی و ومافەکانی مرۆڤ بگرێت،حکومەتێك بێت دوور لە ململانێ ناڕەوا سیاسی و مەزهەبیەکان بێت،حکومەتی سەرتاسەری عێراق بێت ،حکومەتێکی دەستوری بێت و ڕێز لە مادە و بڕگە دەستوریەکان بگرێت،حکومەتێك بێت یاسا تیایدا سەروەربێت بە کردارەکی نەك تەنها وەك دروشم بەرزبکرێتەوە.

بەم شێوەیە کاتێك حکومەتی ئایندەی عێراق بە یەکسانی و دادپەوەری ڕوانیە تەواوی پێکهاتەو هاوڵاتیانی عێراق ئەو کات هەموان هەست بە ئارامی و ڕۆشنی ئایندەی خۆیان و نەوەکانیشیان دەکەن و ڕاستەوخۆ دەبنە پاڵپشت و پشتیوانی حکومەتەکەیان و دەبنە پارێزەری و قوربانیشی لەپێناودا دەدەن،هاوڵاتیان و جەماوەری عێراق هەرکات هەستیان بە خەمخۆری حکومەتەکەیان کرد ئەوکات ئەوانیش متمانەی پێدەکەن وهاوکار و پشتیوانی دەبن نەك وەك ناحەز ونەیار و گەندەڵکار لێی بڕوانن،بۆیە گرنگە حکومەتی ئایندەی عێراق پەند لەساڵانی ڕابووردوو وەربگرێت و هەڵەکانی پێش خۆی دووبارە نەکاتەوە،گەر وانەکات زۆر نزیکە تەمەنی کورت و بێ خزمەت بێت و بەرەو هەڵدێر و هەڵوەشانەوە و ڕووخانیش هەنگاو بنێت.

- لەکۆتاییدا کار و ئەرکی حکومەتی نوێی عێراق سانا و سووك نین،بەڵکو ڕووبەڕووی کێشە کەڵەکەبوەکانی ١٥ ساڵی ڕابووردوو دەبێتەوە بەباش و خراپیانەوە لە ناوخۆی عێراق لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی باشور و ناوەڕاستدا ولەگەڵ هەرێمی کوردستان و لەگەڵ دەرودراسێکان و ..هتد.بۆیە وادەخوازێت کە بەڕێز عادل عبدالمهدی وەك سەرۆکی حکومەت و تەواوی کابینە حکومیەکەشی پشوودرێژو بەئارام و خۆڕاگربن و سەرسەختانەش ڕووبەڕووی هەموو ئاڵنگاریەکانیش ببنەوە و تەنها ڕێگەی سەرکەوتن و پشتیوانی لێکردنیشیان بریتیە لەدەستگرتنیان بە جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکان و بنەماکانی دیموکراسی و تەوافوقی سیاسی و سیستەمی پەرلەمانی و فیدراڵیەت و ئەرکیشیانە کە هەوڵی جدیانە بدەن بۆچەسپاندن و پتەوکردنی زیاتری ئۆرگانەکانی دەوڵەت بۆ هێنانە کایەی سیستەمی حوکمڕانیەکی ساغڵەم و ڕەشید و سەرکەوتوو کە ببێتە نمونەیەکی گەش بۆ ئایندە و هەموانیش لە ژێر سایەیدا هەست بەمان و شکۆ و کەرامەتی مرۆڤانەی خۆیان بکەن و تیایدا بحەسێنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس وpukmediaو ئاڕاستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٩٦ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## ناپاکی (( خیانەت ))

## کەلتور یا خوو لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا *

- **چەمکی خیانەت**

بۆئەوەی لە مانا و چەمك و مەغزای وشەی خیانەت تێبگەین دەبێت پێناسەیەکی ووردی بکەین و ئەوکات بیخەینە جوغز و چوارچێوەی بابەتەکەی خۆمانەوە. خیانەت وا پێناسە دەکرێت کە پێشێلکردن یان هەڵوەشاندنەوەی پەیمانێکە کە دراوە یان ئەمانەتێکە یان لەدەستدانی بڕوا و متمانەیەکە کە لە ئەنجامی ململانێیەکی دەروونیەوە سەرهەڵدەدات لە پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان یان ڕێکخراوەکان یان لە نێوان تاکەکان و ڕێکخراوەکاندا.زۆرجاران خیانەت ڕوودەدات لەکاتی هاوکاریکردنی یەکێکێك لە کێبڕکێکارەکاندا یان هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون لەنێوان دوولایەندا.کەسی خائین واناوزەد دەکرێت کە کەسێکی لەپشتەوە لێدەر و ناپاکە.

لەزانستی دەروونناسیشدا ،ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن وا ناسێنراون کە بریتین لەو کەسانەی کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێننەوە. بەلام هەندێکی تریش ئەم پێناسەیە ڕەتدەکەنەوە چونکە چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ناتوانێت دەربڕی ووردی دۆخ و پاڵنەر و کاریگەریەکانی خیانەت بێت.

- لەلایەکی ترەوە چەمکی زمانەوانی بۆ وشەی خیانەت بەمانای لەپشتەوەلێدان ((غەدر )) و نادڵسۆزی و پێنەزانینی چاکەی کەسانی تر دەگەیەنێت،تێگەیشتن لە چەمکی خیانەتیش وەکو هەموو چەمکەکان بەگۆڕانی سیستەمە سیاسیەکان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هاتوە،ئەوەتا لە سایەی سیستەمە تاکڕەوەکانەوە لە کۆن و ئێستاشدا، لە رووی سیاسیەوە وشەی خیانەت بەمانای لکاندنی تۆمەت بۆ نەیارە سیاسیەکان لە دەوڵەتدا دەگەیەنێت بۆ ئەوەی ناویان بزڕێنرێت و حوکمبدرێن بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا،بەلام لە سایەی سیستەمی دیموکراسیە نوێکاندا کە دەوڵەت بۆتە کەسایەتیەکی یاسایی جیاکراوە لە کەسی دەسەلاتدار،دەسەلاتدار بۆتە ئەو کەسەی کە ئەرکی پاراستنی ئەو دەوڵەتەی پێسپێردراوە،هەرچەندە لێپرسراو نیە وەك تۆمەتبار وەکو بنەما بەلام بەرپرسیارە لە تاوانەکانی خیانەتی گەورە.

هەربۆیە چەمك و مانای خیانەت بریتیە لە (( ڕێزنەگرتنی ئاسایشی ناوەکی و دەرەکی دەوڵەت و پیلانگێڕان لەدژی مافەکارەواکانی گەل،و تەسلیمکردنی ولات بە دوژمن،یان دروستکردنی دۆخێکی فەوزا و بێسەروبەری کە ڕێگەخۆشکەربێت بۆ دەستێوەردانی ولاتانی بێگانە لە کاروباری ولاتدا،کە ئەم تاوانانە وەك تاوانی ئاسایی سەیرناکرێن کە بەپێی یاسا ئاساییەکان سزایان بۆ دیاریکراوە بەڵکو دەچنە چوارچێوەی تاوانی تایبەت و گەورەوە)).

- **جۆرەکانی خیانەت**

١.**خیانەتی نیشتیمانی یان (( خیانەتی گەورە ))** :بریتیە لە هاوکاریکردن و دەستێکەلاوکردن لەگەڵ دوژمندا بەمەبەستی شێواندنی ئاسایش و ئارامی ولات و پەیوەندیکردن بە ولاتانی دوژمنەوە بۆ درکاندنی نهێنیە مەترسیدارەکانی ولات بۆیان،و پێشنەخستنی ولات و دروستنەکردن و پارێزگاری لێنەکردنیشی.شەڕکردن لەپاڵ دوژمندا دژی ولاتەکەی خۆی،پلاندانان بۆ تیرۆرکردنی سەرۆکی ولات،ئەمە چەند نمونەیەکی خیانەتی گەورە بوو کە سزای ئاساییان بریتین لە سێدارەدان یان بەندکردن بۆ هەتاهەتایە، وکەسێك کە خیانەت بکات پێی دەوترێت خائین((ناپاك)).

٢.**خیانەتی هاوسەری**:دروستکردن و دەستێکەڵاوکردنە لەگەڵ کەسانی تردا بەشێوەیەکی نهێنی لەپشت هاوسەرکانەوە جا نێر بێت یان مێ.

٣. **خیانەت لەکارکردندا**:بریتیە لە کەمتەرخەمی لەکارکردن و درکاندنی نهێنیەکانی کارە.

٤.**خیانەتی هاوڕێیەتی**:خیانەتکردن لەهاوڕێیەتی بە باسکردنی بەشێوەی خراپ و فێرکردنی کاری خراپ و تاوانەکانە.

٥. **خیانەتی ئاین**:پشتکردنە بیروڕا ئاینیەکان و کارکردنە بە پێچەوانەی ڕێنماییە ئاینییەکانەوەیە.

٦. **خیانەتی پەیمان و بەڵێن و ڕێکەوتنەکان و نەپاراستنیانە.**

- ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بریتیە لە خیانەتی نیشتیمانی((خیانەتی گەورە))،کە لە ئێستادا و بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێی خەباتی کوردایەتی هەمیشە ئامادەگیەکی گەرموگوڕی هەبوە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا و بەشێوەیەك

لێکدەدرێتەوە کە خیانەت و خیانەتکردن و بەکارهێنانی وشەی خیانەت هێندەی بە ئاسانی و بێسڵەمینەوە و بەشێوەیەکی بەربڵاو لە میدیاکان و لەسەر زاری گەورە بەرپرسان و تەنانەت تاکە ئاسابییەکانیشدا،بۆتە وشەیەکی زۆر ئاسایی و کارگەیشتۆتە ئەوەی کە خیانەتکردن زۆر ئاسایی بوە و بۆتە بەشێك لەدابونەریت و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردەواری،چونکە کەم جار ڕێکەوتوە کە خائینانی وڵات و نیشتیمان فرۆشان بە سزای ڕەوای خۆیان گەیشتبن بەڵکو بەبیانووی بێ ئەرزشی حیزبایەتی و ناونەزڕاندنی بنەماڵەکان و منداڵ و دواتریش لەبەر بەرژەوەندی و ڕێکەوتنی عەشایەری دوور لەیاسا لێیان خۆش بون و ئیدی خیانەت و خیانەتکردن بۆتە کارێکی ئاسایی کە سزای گەورەی بەدواوە نیە ونەبێت.کۆمەڵگەی کوردەواریش چونکە بەدرێژایی مێژوو هەر ژێر دەستە و چەوساوە و زوڵملێکراو و خاك داگیر و دابەشکراو بووە،کەسێتیەکی لاواز و زوو فریودراو و دەروون تێکشکاوبوە ،بۆیە هەمیشە ئامادەیی خیانتکردنی هەبوە لە گەل و نیشتیمانەکەی.

- **خیانەتکردن لە پێناو چیدا ؟**

زۆر جاران کەسی خیانەتکار و ناپاك لەبەر هۆکاری زۆر سادە یان لەبەر فریودانێکی کەم و بێ ئەرزش هەڵدەستێت بە کاری خیانەتکردن و ناپاکی بەرامبەر براکەی یان خێزانەکەی یان گەل و نیشتیمانەکەی ،وەك:

١. لەپێناو بەدەستهێنانی بڕە پارەو و پول و سەروەت و سامانێکدا.
٢. لە پێناو بەدەستهێنانی پلەو پۆست و دەسەڵاتێکی کەم .
٣. لەپێناو بەرژەوەندیەکی تەسك و بچوکی خۆیی یان بنەماڵەیی یان حیزبیدا.
٤. زۆر جارانیش تەنها لەبەر دوژمنایەتی و بچوککردنەوەی بەرامبەرەکەی بوە.

ئاشکراشە هیچ کاتیش کورد دەسەڵاتێکی بەردەوام و تۆکمە و بەهێزی وای نەبوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سیادە و سەروەری دانپیادانراودا لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش بە ئێستاشەوە کە لە خائینانی خۆی بپرسێتەوە و سزایان بدات،بەڵکو دەسەڵاتەکان کاتی بوون و خائینانی کوردیش هەمیشە لەلایەن داگیرکەرانەوە جێگە و پێگەیان هەبوە بۆئەوەی جارێکی تر بەکاریان بێننەوە.هەربۆیە کەمجار هەبوە خائینانی کورد بە سزای ڕەوای خۆیان گەیشتبن.

- **سیفاتەکانی کەسی خائین ((ناپاك))**

کەسی خائین و ناپاك بە گەل و نیشتیمانەکەی هەرچەندە لەپلەو پۆستی بەرز و دەسەڵاتدا بێت یان وەك تاکێکی سادەش بێت هەمیشە وەك کەسێکی:

١. دەروون نەخۆش و تێکشکاو و ترسنۆك و لاواز و لەرزۆك دەردەکەوێت.
٢. توانای بڕیاردانی گرنگ و بوێری نیە و نامێنێت.
٣. هەمیشە هەست بەکەمی دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا وخاڵێکی لاوازە لە کەسێتیدا.
٤. هەمیشە هەست بە تاوان و شەرمەزاریش دەکات لەناخی خۆیدا و دەکەوێتە ململانێیەکی بەردەوام و هێواش هێواش سەردەکات بۆ سزادانی خود و دواتریش خۆکوشتن.
٥. بە کەسێکی بێزراو و قێزەون و سوك و ڕیسوا لەلایەن تاك و کۆمەڵگاکەیەوە تەماشا دەکرێت.
٦. لەمێژووشدا ناوی و ناپاکیەکەی دەنوسرێت و دەمێنێتەوە و دەماو دەماو دەگێڕدرێتەوە.و دەبێتە نمونەیەکی ڕەش و قێزەون و ناشیرین و بەنمونە دەهێنرێتەوە بۆ نەوەکانی ئایندە.

- **ئامانجی توێژینەوەکە**

لەلایەکی ترەوە تاکی کورد و تەنانەت کۆمەڵگای کوردەواریش بە سەرکردە و تاکی ئاسایشەوە،هێندە لەمێژووی خۆیاندا خیانەت و وشەی خیانەتیان دووبارە کردۆتەوە،بۆتە خویەکی دانەبڕاو لێیان و وەکو هەموو خوە خراپ و باشەکانی تر لە ((ڕاستگۆیی و درۆکردن،تاوان و کاری باشە،زوڵمکردن وچەوساندنەوە ودەستگیرۆیی و هاوکاریکردن، یارمەتیدان و ململانێکردن،دزیکردن و دەستپاکی و ...زۆری تریش))،و بونەتە کارێکی ئاسایی و هەر ١٠ ساڵ جارێك کەمتر یان زیاتر کاری خیانەتکردن لە نیشتیمان و نەتەوە وخەباتی کوردایەتی ئەنجامدەدرێت لەلایەن تاکەکانەوە یان سەرکردە و حیزبەکانەوە بێت دژ بە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان ونەتەوە و زۆر جارانیش شانازی پێوەدەکرێت و دەکرێنە دەسکەوت و وای پیشان دەدەن کە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بێت، بەڵام هەموو ئەم خیانەتانەش چونەتە قازانجی داگیر و دابەشکەرانی کوردو کوردستانەوە و هێندەی تر کێشە و مافە ڕەواکانی کورد و دۆزی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردیان بۆ دواوە گێڕاوەتەوە و هەربۆیەشە تا ئێستا کورد وەك تاك نەتەوەی گەورە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیاشدا نەبۆتە خاوەن وڵاتی سەربەخۆ و ئازادی خۆی

و ناتوانێت دەسەلأت و حوکمڕانیەکی سەرکەوتوی جوان ببات بەڕێوە،بەشێوەیەك کەوتۆتەوە کە هەمیشە سێ وشەکانی ((کورد و پارە و خیانەت)) دەوترێنەوە وبونەتە ٣ چەمکی لێکدانەبڕاو و ڕەنگیشە بۆ هەتاهەتایە هەروا بمێنێتەوە.

- ئەوەتا خیانەتکردن لە خوێن و بیری تاکی کورد لەباوباپیرانەوە هەبوە و ئامادەگی جدی و مەترسیداری هەبوە دژ بە دەسەلأتە خۆماڵیەکان ،بۆ نمونە خیانەتی ((هارپاك)) فەرماندەی گشتی و گەورە وەزیری ((ئاستیاگی) دوا ئیمپراتۆریەتی مادەکان لە پێش زایندا کە بوەهۆی لەناوچوونی ئەو ئیمپراتۆریەتە ،سەرنگوم بون و ڕووخان و لەناوبردنی میرنشینی بۆتان بەهۆی خیانەتی ((یەزدان شێر)) و گرتنی قەلأی دمدم و تەسلیمبوونی ((خانی لەپ زێڕین))بەخیانەتی (( مەحمود ئالیکانی )) و ڕووخاندنی میرایەتی سۆران بە هۆی فتوای ((مەلای خەتێ)) و میرایەتی بابانیەکان بەهۆی خیانەت و ململانێ بەردەوام وناڕەواکانی نێو بنەماڵەی دەسەلأتدار و گرتنی شێخ مەحمودی نەمر بەهۆی زمانلێدان و خیانەتی ((موشیری حەمەی سلێمان)) لەساڵی ١٩١٩ و خیانەتی چەکدارانی عەشایەر دژی قازی محمد لەساڵی ١٩٤٦و کۆمارەکەی و خیانەت و ململانێ سیاسی و فکری و چەکداریەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا ولەکۆتایشدا شکست و نسکۆی شۆڕشەکە هەر بەهۆی خیانەتەوە بوولەساڵی ١٩٧٥، دواتریش لە شۆڕشی نوێ سەرهەڵدانی جاشایەتی بەناو ((موستەشارەکان))لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا و لە سەردەمی دەسەلأتی حکومەتی هەرێمیشدا دوای ساڵی ١٩٩٢بەهۆی شەڕەکانی براکوژی و هێنانی دوژمنان و داگیرکارانی عێراق و تورکیا و ئێران بۆسەر خاکی کوردستان لە ساڵانی نێوان ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٧ بە تێپەڕبوون بە خیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ڕووداوەکانی کەرکوکی ساڵی ٢٠١٧ و لەڕۆژئاوای کوردستانیش لەساڵی ٢٠١١وە تاکو ئێستا وەك سوارەی حەمیدی هەندێك بەناو هێزی کوردی بونەتە پێشقەوڵی سوپای تورك بۆ داگیرکردن و لێدانی برا کوردەکانیان و لە باکوریش ئێستاش ئاغا و دەرەبەگەکان جاشایەتی بۆ ڕژێمی تورکیا دەکەن بەناوی ((پاسەوانی گوندەکان)) و لە ڕۆژهەلأتیش بەهەمان شێوە.بۆ ئایندەش دڵنیام هەر بەردەوام دەبێت.چونکە نە لێپرسینەوە و سزادان هەیە و نە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و واقعی و بێلایەنیش هەیە نەك هەر لە خیانەت و خیانەتکاران بەڵکو لە هیچ کارەسات و شکستەکانیش نەکۆڵراوەتەوە کەبەهۆی هەڵەی بەناو سیاسی و سەرکردە و حیزبەکانەوە دژ بە گەلەکەمان کراوە و نە نیتەێکی ڕاستەقینەش هەیە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە چونکە هەمیشە بەرژەوەندیە کەسی و بنەماڵەیی و حیزبیەکان زاڵتربون بەسەر ئینتیماو خۆشەویستی نەتەوە ونیشتیماندا.

- **دەرئە نجام و کۆتایی :**

بۆ ئەوەی وا نەزانین کە خیانەتکردن تەنها لەناو کوردا باوە،بەڵکو لەناو هەموو گەلانی دونیا بە پێشکەتوو دواکەوتوشەوە هەر هەبوە یان لەناو شۆڕش و خەباتی گەلانیشدا نمونەی بەرچاو هەبوە،بەلأم کاتێك زانراو و سەلمێنراوە ئەوا دەستبەجێ خیانتاکارانیان بەسزای ڕەوای خۆیان گەیاندوە بە کوشتن و لەسێدارەدان و خنکاندن و دەسترێژی گولەوە.بۆ ئەوەی لەلایەك ببێتە پەند و ترساندنی خەڵکانی نەفسنزم و خیانەتکار و لەلایەکی تریشەوە کەس بوێری دووبارەکردنەوەی نەکات.ئەوەتا لە فەڕەنسادا لویسی شانزهەم وەك پاشای ولأت حومکی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا بەتۆمەتی خیانەتی گەورە، و تەنانەت لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنساشدا خەتیبی شۆڕش((میرابۆ)) کاتێك خیانەتەکانی ئاشکرا بوو بەهۆی گفتوگۆ نهێنیە سەرنەکەتوەکانی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتی کۆنی فەڕەنسادا گۆڕەکەیان گواستەوە و لەناو گۆڕستانی گەورە پیاوانی شۆڕش و فەڕەنسادا دەریانکرد ، لە بەریتانیا هاولأتیەکی بەریتانی لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا لەساڵی ١٩٤٥ حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا چونکە پەیوەندی بە هیتلەر و نازیەکانەوە کردبوو دژی ولأتەکەی خۆی((ولیەم جویس)) بەتۆمەتی خیانەتی گەورە.بەهەمان شێوەش لە شۆڕشی گەلانیشدا لە ڤێتنام و کۆریا و یابان و کوبا و عەرەبەکان و ئیسرائیل و ..هتد.نمونەی خیانتەکردن هەربوە و هەردەشمێنێت،لەم سەردەمەشدا ڕۆژانە هەواڵی ئاشکرابون یان دەستگیرکردن یان تیرۆرکردنی جاسوسی دووسەرەی نێوان دەوڵەتان دەبیستین کە لە ئەنجامی خیانتکردنیانەوە لە ولأت و گەل و نیشتیمانەکان بەسزای ڕەوای خۆیان دەگەن.

- بەم شێوەیە بەداخەوە خیانەت و خیانەتکاران هەرچەندە ژمارەیان کەمە بەلأم بونەتە بەشێك لە کەلتوری تاك و کۆمەڵگای کوردەواری و خوویان پێوەگرتوە ، وەك بڵێی لەگەڵ شیرخواردنی منداڵیدا فرچکی بە خیانەت هەڵدراوەتەوە. ئەو وێنا گەورە جوان و گەش و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانە زۆر و زەوەندەی کوردیان پێ تەڵخ و ناشیرین کردوە، بۆیە ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کە چیتر خیانەت و گیانی خیانتەکاری و ناپاکی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکێنین و توڕی بدەین و نەفرەتی لێبکەین و ڕێگە بەهیچ کەس و سەرکردە و تاك و دەسەلأتدارێك نەدەین کە دووبارەی بکاتەوە و بەیاسا و دەستور توندترین سزای بۆ

دیاریبکرێت و گوێنەدرێتە هیچ بروبیانویەك بۆ خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتیمان.کورد کوشتەی دەستی خیانەتکردن و خۆفرۆشی و ولاّتفرۆشی و خۆخۆری و ململانێی ناڕەوایە لەسەر پۆست و پلە و دەسەلاّت هەربۆیەش تا ئێستا نەگەیشتۆتە دوا مەنزڵی سەرکەوتن.کورد دەبێت خیانەت لەکەلتوری خۆیدا نەهێڵێت و نەشیکاتە خوویەکی بەردەوام بۆئەوەی تاهەتاهەتایە ڕزگاری ببێت و مێژوەکەشی بە پاك و خاوێنی و شانازیەکانی برازێنێتەوە.

- جابۆئەوەی ڕەگ و ڕیشە و بیرۆکەی خیانەتکردن لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بنەبڕبکرێت یان لانی کەم کەمبکرێتەوە پێویستە لەسەر تاك و کۆمەڵگا و دەسەلاّتی حوکمڕان ،کە هەستێت بە:

١. هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە زەرەر و زیانەکانی خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتیمان و ئەو کارەسات و ماڵوێرانیەی کە ڕوودەدات لە ئەنجامی خیانەتکردنی سەرکردەیەك یان حیزبێکی سیاسی یان گروپێك یان تەنانەت تاکەکانیش.

٢. گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی توند بەرامبەر هەموو ئەو سەرکردە و حیزب و گروپ و تاکانە کە بەنیەتی پێشوەخت خیانەتە لەگەل و نیشتیمان دەکەن بۆ بەرژەوەندی تەسك و بچوکی حیزبایەتی و کەسی و بنەماڵەیی‌و ئاین و مەزهەب و ناوچە و عەشرەت و ...هتد.

٣. بنەبڕکردنی هۆکارەکانی خیانەت لەناو کۆمەڵگادا،لە هەژاری و نەخوێندەواری وبێکاری و کاڵبونەوەی خۆشەویستی و خەمخۆری بۆ نەتەوە نیشتیمان.

٤. پیادەکردنی سیستەمێکی حوکمڕانی ساغڵەم و ڕەشید لە ولاّتدا کە لەسەر بنەمای بە دامودەزگایکرندنی ئۆرگانەکانی حوکمڕانی و دادپەروەری و یەکسانی و متمانە و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان دروست بوبێت.

٥. بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی تاك و کۆمەڵگا لەڕێگەی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان و هێنانە ناوەوەی کۆمپانیا بیانیەکان و ڕەخساندنی هەلی کار و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ تەواوی چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی ناوچەکان .و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی و داهاتی تاك و کۆمەڵگا.

٦. پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی ولاّت و دابینکردنی ئارامیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و دوورخستنەوەی ولاّت و کۆمەڵگا لە جەنگ و تیرۆر و تۆقاندن و دروستکردنی هەستی ئەمان و ئاسایش لای تاك و کۆمەڵگا.

٧. تۆخکردنەوەی ئینتیما و وەلای تاك و کۆمەڵگا بۆ گەل و نیشتیمان و تۆخکردنەوەی بیر و هەستی نەتەوایەتی و متمانە دروستکردن بەو دەسەلاّتە خۆماڵیەی کە هەیە.

بەم شێوەیە دەکرێت کە کاریگەریە خراپەکان و هەژموونی نەفسیەتە ئاڵۆزەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگا دووربخرێتەوە و کۆمەڵگا و تاکێکی تەندروست لەڕووی دەروون و بیر و ڕەوشتەوە دروست بکرێت و بەمەش دووریان بخەینەوە لە خوو و کەلتورێکی بۆماوە و بەجێماوی خراپ و نەگریس ((خیانەت))و ئیدی لەجیاتی ئەوە تۆوی خۆشەویستی و متمانە و خەمخۆری و دڵسۆزی و بڕوابون بە ڕاست و دروستی مەسەلەی کورد و وکوردایەتی بچێنین و ئیدی ئەو ناووناتۆرە خراپانەی کە بەکوردەوە نوساوە لە خیانەت و ولاّتفرۆشی و خۆفرۆشی و غەدرکردن بۆ هەتاهەتایە بسڕینەوە.

**سەرچاوەکان:**

=========


١.https://ar.wikipedia.org
٢.https://mawdoo٣.com
٣.https://www.annajah.net
٤. http://www.hevgirtin.net
٥.http://almoslim.net
٦.http://www.m.ahewar.org


---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس وستانداردکورد وpukmedia و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٦٨ وکوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٦٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٤دا بلاّوکراوەتەوە.

## ئێران

## لەبەردەم دووڕیانێکی زۆر هەستیاردایە(( مانەوە یان نەمان ))*

- ململانێکانی ئەمریکا وئێران زۆر لە مێژە سەریان هەڵداوە و دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێك سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراندا لە پاشایەتیەوە گۆڕدرا بۆ کۆماری ئیسلامی بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی.سیستەمێکی ئیسلامی وەلی فەقیی و شیعە مەزهەب کە لەبڕیار و سیاسەت و تێڕوانینەکانیاندا گەرچی بە ڕووکەشیش بێت توندڕەو و ڕەتکەرەوەی هەموو بەهاکانی دیموکراسی و دونیای ڕۆژئاواییین،بەڕابەرایەتی ئەمریکا. ئیدی لەو کات و زەمانەوە ئێران و ئەمریکا هیچ کات پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و گەرموگوڕیان پێکەوە نەبووە،جگە لەهەندێك قۆناغ نەبێت کە بەرژەوەندی هەردوولا وایخواستوە کە جۆرە نزیکبونەوەیەك یان پەیوەندیەکی ژێربەژێریان هەبێت لەڕێگەی لایەنی سێهەمەوە.
- ئەوەتا لە سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگی ٨ ساڵەی عێراق ئێرانەوە هەمیشە ئەمریکا پشتیوانی عێراقی کردوە و دواتریش لەدەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوشدا هەمیشە ئێران و ئەمریکا ناتەبابوون و ئێران ،ئەمریکا بە دەستێوەردان و هاندانی باڵەکانی ناو سیستەمی حوکمڕانی تاوانبار دەکرد بەنیازی تێکدانی ئارامی ناوخۆی ئێران و باڵی ڕیفۆرخوازەکانی ئێرانیشی بە سازشکار و نەرمی نواندن تۆمەتبار دەکرد بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا.لەسەدەی بیست و یەکەمیش و هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠کانەوە ئەمریکا هەمیشە ئێران و سوریا و کۆریای باکوری بە پاڵپشت و هاندەری تیرۆر و تیرۆریستانی دادەنان و ناوی خستبونە لیستی ڕەشەوە.ئیدی لەدوای ڕووداوەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی ئەمریکا لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست و جەنگی ئەفغانستان و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی ئێران لەلای ئەمریکا بۆتە دوژمن و نەیاری پلە یەك وسەرسەختی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەرژەوەندیەکانیشی،بۆیە لەو کاتەوە ئەمریکا لەڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و فەرهەنگیشەوە لەهەوڵدایە کە ئاشتی و ئارامی ناوخۆی ئێران تێکبدات و هەوڵی گۆڕانکاری و ڕووخاندنی ئەو سیستمە حوکمڕانیەش دەدات.لەبەرامبەریشدا ئێرانیش وەك وڵاتێکی گەورە و خاوەن نفوزی شیعە مەزهەبی و ئابوریەکی بەهێز و زۆری ژمارەی دانیشتوان و پانوپۆڕی خاکەکەی و بوونی هێزێکی سەربازی و ئەمنی بەهێز و بەتوانا توانیویەتی ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا و تەواوی ئەورووپاشدا درێژە و بەردەوامی پێبدات و زۆر جارانیش لەسەر زەمینەی واقع سەرکەوتنیشی وەدەست هێناوە لە وڵاتانی لوبنان و سوریاو عێراق و یەمەن و ...هتد.بەشێوەیەك لەئێستادا ئێران بۆتە هێزی یەکەمی تۆقێنەر و مەترسیدار بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی سعودیە و بەحرەین و ئیمارات و ئیسڕائیلیش و دەسەڵاتی گەورەشی لەهەریەکە لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و عومانیشدا هەیە.

بۆیە ئەمریکا گەرەکێتی چیدی ڕێگە بگرێت لەو پاوانخوازی و فراوانبونی هەژموونی ئێران لەناوچەکەدا ،لەو ڕوانگەیەشەوە گەلێك هەوڵی تێکدان و نانەوەی پشێوی خولقاند لەناو ئێران و خۆپیشاندانە چەند ڕۆژ و مانگەکانی ڕابووردووی جەماوەری شارەکانی ئێرانی دروستکرد ،هەموانیشی بە ئامانجی تێکدان و پشێوی نانەوە بۆ حوکمڕانانی ئێران،بەلأم تائێستا کاریگەریەکی گەورە دەرنەکەوتوە لسەر بەرەی ناوخۆیی ئێران.هەربۆیە ئەمریکا لەیەك کاتدا گەمارۆی ئابوری و جەنگی دەروونی و دارایی و بەرزکردنەوەی تەعریفەی گومرکی لەسەر کالاً پیشەسازیە گرنگەکانی تورکیا و ئێران و پیلانگێڕی دژی نرخی لیرە و تومەنی ئێرانی،وایانکردوە کە هەردوو وڵات بەشێوەیەکی مەترسیدار بکەونە ژێر کاریگەریەکانی ئەو سیاسەتەی ئەمریکاوە و خەتوخاڵی تێکچوونی بار و دۆخی ئابوری ڕوویکردۆتە ئێران و تورکیا. لە ئێستادا ئێران نرخی دراوەکەی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە کە بۆ هەر ١٠٠ دۆلارێك ١٦٠٠٠٠٠ تمەن دەکات کە لەمێژووی تمەندا ئەم نرخەی بەخۆوە نەدیوە،ئابوری ئێران و گرانبوونی نرخەکانی کالاًو پێداویستیەکان بەڕێژەیەك بەرزبونەوە کە کاری کردۆتە سەر گوزەرانی تەواوی هاوڵاتیان و سێکتەرەکانی ژیان و کار گەیشتە ئەوەی ڕابەری ئێران خامنەئی دان بنێت بە خراپی دۆخی هاوڵاتیاندا.

هەموو ئەمانەش لەوەوە سەریانهەڵدا کە سەرۆك ترامپ ڕایگەیاند کە ئەمریکا ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ساڵی ٢٠١٥ وڵاتانی ((٥+١ و ئێران))هەڵدەوەشێنێتەوە و بەشێوەیەکی گونجاوتر واژۆی دەکاتەوە و ئێرانیش بەمە ڕازی نەبوو.

- لەئێستادا ئەمریکا لەمانگی ٢٠١٨/٥ وە چەند ڕێوشوێنێکی ئابوری گرتۆتە بەر دژی ئێران و کاریگەریەکانی ئەوەیان دەرخستوە کە ئێران ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بتوانێت خۆڕابگرێت، ئەمریکا بڕیاریشداوە لە ١١/٤دا گوژمەی دووەمی گەمارۆکانی بۆ سەر ئێران دەستپێبکات و بەمەش هێندەی تر کاریگەری و مەترسیەکان زیاتر دەبێت بۆ سەر ئێران و کۆمەڵگای ئێرانی، خۆ ئەگەر ئێران وەکو تورکیای دراوسێی سازش و نەرمی نەنوێنێت و کڕنۆش نەبات بۆ ئەمریکا و بەمەرجەکانی ڕازی نەبێت ئەوا زۆر نزیکە کە گۆڕانکاری گەورە تەنانەت ڕووخاندنی سیستەمی حوکمڕانیەکەشی لێبکەوێتەوە.
- ئەمریکا لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی مایك پۆمپیۆ ڕایگەیاند((کەچیتر ئێران دەستکراوە نابێت بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بسەپێنێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا))و کۆمەڵێك مەرجی داناوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت و گەمارۆکانی لەسەر هەڵبگرێت لەوانەش:

١. ئاشکراکردنی ووردەکاری سەربازی پێشووتری بەرنامە ئەتۆمیەکەی بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی.

٢. ڕاوەستاندنی هەموو کاری پیتاندنی یۆڕانیۆم و بەرهەمنەهێنانی بلۆتۆنیۆمیش و داخستنی کارگەی بەرهەمهێنانی ئاوی قورسیش لە((ئاراك)).

٣. ڕێگەدانی بێ مەرج بە پشکنەرەکانی ئاژانسی وزی نێودەوڵەتی بۆ چوونیان بۆ هەموو ئەو جێگایانەی کە بەرنامەی ئەتۆمی تیادا جێبەجێدەکرێت لە ئێراندا.

٤. ڕاگراتنی ڕۆکێتی بالیستی و ڕۆکێتی هەڵگری کلاوەی ئەتۆمی.

٥. ئازادکردنی هاولاتیانی بەندکراوی ئەمریکی لە ئێران و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا کە لەلایەن ئێرانەوە گیراون.

٦. ڕاگرتنی پشتیوانی بۆ گروپە تیرۆریستیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەناویشیاندا حیزبولای لوبنانی و بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی.

٧. ڕێزگرتن لەسەروەری حکومەتی عێراق و ڕێگەدان بە چەکداماڵینی میلیشیا شیعیەکان.

٨. ڕاگرتنی هاوکاریەکانی بۆ گروپی حوسیەکان لەیەمەن و چارەسەری سیاسیانەی کێشەی یەمەن.

٩. کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئێران لەناو سوریادا.

١٠. ڕاگرتنی هاوکاری بۆ تالیبان و تیرۆریستەکانی تر لە ئەفغانستان و ناوچەکە و ڕێگە نەدان بە قاعیدە بۆ مانەوەیان لە ئێران.

١١. ڕاگرتنی هاوکاری و پشتیوانی بۆ فەیلەقی قودسی پەیوەست بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە لە جیهاندا.

١٢. ڕاگرتنی هەڕەشەکانی بۆ دراوسێکانی و لەناویشیاندا هەڕەشەی لەناوبردنی ئیسرائیل و ڕۆکیت گرتنە سعودیە و ئیمارات و هەڕەشەکانی بۆ هاتوچۆی ئاوی جیهانی و هێرشە تێکدەرانەکانی.

بەم شێوەیە گەر ئێران ئەم مەرجانە جێبەجێبکات ئەوا دەبێتە وڵاتێکی بچوکی بێ دەست و پەل وپۆ و نفوزی خۆی لەدەستدەدات لەناوچەکەدا و دەبێتە وڵاتێکی دەستەمۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ،ئەگەریش جێبەجێیان نەکات ئەوا ئەمریکا کۆمەڵێك گەمارۆی ئابوری تری ئامادەکردوە بۆ سەر ئێران و بۆ سەر هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیایانەشی کە مامەڵەی بازرگانی و نەوت و ئابوری لەگەڵ ئێراندا دەکەن و بەمەش ئێران دەچێتە ژێر بارێکی سەختی ئابوریەوە و ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خۆی ڕابگرێت و تەنها دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە یان تەسلیمبون بە سیاست ومەرجەکانی ئەمریکا یانیش ڕووخاندن و لەگۆڕنانی دەسەلات و سیستەمی حوکمڕانیەکەی کەهەردووکیان وەکو ئەوە

وایە کە جامێك ژەهر بخواتەوە بەناچاری هەروەکو چۆن ئیمام خومەینی ئەو پیاڵە ژەهرەی خواردەوە بەناچاری کە بڕیاری شەڕ ڕاگرتنی دا لەگەڵ صدام حسێندا لەساڵی ١٩٨٨دا.

جا ئەمریکا لە ئێستادا لیستێك گەمارۆی ئامادەکردوە بۆ سەر ئێران کە لە ٢٠١٨/١١/٤وە جێبەجێیان دەکات و هەر لەئێستاشەوە گەورە ولاَتانی ئەوروپا و چین و کۆریای باشور و یابان و هندو ..گەلێکی تر،پابەندبونی خۆیان ڕاگەیاندوە بەو گەمارۆ و سزا ئابوریانەوە،بۆیە ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ قەیران و سەخت و دژوار دەبێت بۆ ئێران و ئێرانیەکان ئەگەر سەرسەختی بکات و بوەستێتەوە بەرامبەر ئەمریکا و دواتر بە لەدەستدانی سەری خۆی تەواو دەبێت هەروەکو ڕژێمەکەی صدام حسێنی عێراق.

- لیستی گەمارۆ نوێکانی ئەمریکا کە لەماوەی ٣ مانگی داهاتوودا جێبەجێدەکرێن بریتین لە:

١.دانانی مەرج و کۆتوبەند لەسەر فرۆشتنی دراوی ئەمریکی بە ئێران.

٢.دانانی کۆتوبەند لەسەر کڕینی ئاڵتون و کانزای بەنرخ لە ئێران.

٣.دانانی کۆتوبەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر کڕینی ئاسن و ئەلەمنیۆم.

٤.دانانی کۆتوبەند لەسەر وەبەرهێنانی سەنەداتی ئێرانی.

٥.دانانی کۆتوبەند لەسەر گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا پیشەسازیەکانی ئۆتۆمبێلی ئێرانی.

٦.دانانی کۆتوبەند لەسەر مامەڵە گەورەکان بە دراوی ئێرانی((ڕیاڵ)).

٧.دانانی کۆتوبەند بەسەر بواری کەرتی ئۆتۆمبێلی ئێرانیدا.

٨.دانانی کۆتوبەند بەسەر بازرگانی فەرش و کەلوپەلی خۆراکی ئێرانی.

٩.هەروەها هەڵدەستێت بە کێشانەوەی مۆڵەتی هەناردەکردن لە کۆمپانیاکانی بواری فڕۆکەوانی شارستانیەوە و لەناویشیاندا کۆمپانیای بۆینگ و ئێرباص.

- دوای ١٨٠ ڕۆژیش ئەم گوژمە نوێیەی سزاکانیش دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە:

١.گەمارۆکان پەلدەکێشن بۆ بواری بەندەرەکانی ئێران و پاپۆڕ و کارگەی دروستکردنی پاپۆڕەکانیش.

٢.سەپاندنی گەمارۆ بۆسەر ئاڵوگۆڕی دارایی لەنێوان دەزگا داراییە بیانی و بانکی مەرکەزی ئێرانیدا.

٣.سەپاندنی گەمارۆ بەسەر نوسراو و دڵنیایی و گێڕانەوەی دڵنیایی.

٤.سەپاندنی گەمارۆ بۆ سەر مامەڵە پەیوەستەکان بە چالاکیە نەوتیەکانەوە.

- لەکۆتاییدا زۆر سەختە کە ئێران و ڕژێمەکەی بتوانن مقاوەمەت و بەرگەی ئەم هەموو گەمارۆیانە بگرن و ٨٠ ملیۆن کەس بتوانن ئیدارە بدەن وگوزەرانیان بۆ دابین بکەن وبۆ ماوەیەکی دووردرێژ ڕازیان بکەن کە دژی ئەمریکا بجەنگن،چونکە لە بنچینەدا هاوڵاتی و کۆمەڵگای ئێرانی بە پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە ماوەی ٣٩ ساڵە ناڕازین لەم دەسەلاَتەو گەرەکیانە بەزووترین کات لەکۆڵیان ببێتەوە و دەرگاو پەنجەرەکانی ئێران وەکو زەمانی شای ئێران بەسەر هەموو دونیادا بکرێنەوە و ئەوانیش وەکو دونیای پێشکەوتوو بە دیموکراسیەت و ئازادیە ڕاستەقینەکان شاد بن.بۆیە گەر ڕژێمی ئێرانی گەرەکێتی سەری سەلامەت بێت دەبێت بەنەرمی و لەسەرخۆیانە بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ ئەمریکا و بۆئەوەی نەکەوێتە بەر قین و نەفرت وخەشم و لێدانی ئەمریکاوە چونکە تەنها تەقاندنی تۆپەکە ماوە ئەگینا ئێران لەهەموو کات زیاتر تەنهاترە و ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ناو چوارچێوەی نیشانەگرتنەوەی ئەمریکاوە بۆ لێدان و ڕووخاندنیشی.ئەوەش زەمان و ئایندە بۆمان ڕوونتر دەکەنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستانداردکورد و وتاری کورد و ئاوێنە و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٦٩ وکوردستانی نوێ ژمارە٧٧٠٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢دا بلاَوکراوەتەوە.

## هەڵبژاردنەکان

## هەنگاوێك بۆ دیموکراسی یان هۆکارێك بۆ ماکیاجکردن ؟*

- **چەمکی هەڵبژاردن**

هەڵبژاردن بریتیە لە ڕێوشوێنێکی دەستوری بۆ هەڵبژاردنی تاك یان کۆمەڵێك کەس بۆ پڕکردنەوەی پۆستێکی دیاریکراو، یان بریتیە لە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی کە پێکدێت لە سیستەمی یاسادانان کە ئامانج لێیان ڕێکخستنی پڕۆسەی هەڵبژاردنە کە لەئەنجامدا یاسایەکی نوێی لێ دێتە بەرهەم.یان هەموارکردنەوەی یاسایەك،یان سەرکەوتنی یەکێك لە کاندیدەکان یان هەر ڕووداوێکی دەستوری تر کە پەیوەستدار بێت بە هەڵبژاردنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

هەڵبژاردن هەنگاوی سەرەکی و سەرەتاییە بۆ چەسپاندن و پیادەکردنی پڕۆسە گەورە و فروان و هەمەلایەنەکەی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگا و وڵات و سیستەمێکی حوکمڕانیدا بێت،هەڵبژاردن نیەتە ڕاستەقینەکانی گەل و دەسەڵاتیش دەردەخات بەرەو دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینەی ڕاستگۆیانە،چونکە گەر پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی ئاسان و بێ گرێ وگۆڵ و دوور لە دەستتێوەردان و بەکارهێنانی فشار بەڕێوەچوو ئەوە مانای وایە کە هەموان گەرەکیانە هەنگاوە ڕاستەقینەکە هەڵبنێن بەرەو دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە،و گەر بە پێچەوانەشەوە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان بەخواست و ویستی پێشوەختە و بە پیلانی تێکدان و ساختەکردن و بەلاڕێدابردن برا لەلایەن حیزب و سەرکردە دەسەڵاتدارەکانەوە ئەوە بۆخۆی تەواوی پڕۆسەی دیموکراسیەت دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە و هیچ کاتیش دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە چێ نابێت و سەقامگیر نابێت. ئیدی لەو ساتەوە هەڵبژاردن دەبێتە نمایشکردنێکی فریودەرانەی بێ بەها و هیچ گرنگی نامێنێت و لەچەمك و ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە کە بریتیە لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسیەت و ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن و داهێنان.

هەڵبژاردن لە سیستەمە حومکڕانیە دیموکراسیەکاندا بەشێوەیەکی سیستەماتیك و سانا بەڕێوە دەچێت و هەموو تاکەکان وەك مافێکی ئاسایی و سەرەتایی و یاسایی خۆیان لێی دەڕوانن و بەبێ هیچ جۆرە فشار و چاوسورکردنەوە و نانبڕینێك پیادەی دەکەن و دەنگی خۆیان دەدەنە ئەو کاندید و حیزبانەی کە بە شیاویان دەزانن و چاوەڕوانی خزمەتی زیاتر و ئارامی و ژیان و گوزەرانێکی پڕ شکۆیان لێ دەخوازن ،هەڵبژاردنەکان لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینەدا دوور لە دەستتێوەردانی حیزبی و دەزگا جاسوسیەکان بەڕێوە دەچێت،هەموان کێبڕکێ دەکەن بەبەرنامە و تێڕوانین و دیدگایان بۆ ئایندە لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان،هەموانیش پابەندبوونی خۆیان بە ئەنجامەکانەوە دەردەبڕن و هیچ گومان و پرسیارێکیشیان لەلا دروست نابێت لەسەر ڕاستی و دروستی پڕۆسەکە چونکە هەموان دڵنیان لە بێگەردی و خاوێنی پڕۆسەکە، بەڵام لە سیستەمە نادیموکراسی و توتالیتاری و تاکڕەو و پۆپۆلیستیەکاندا یان بەناو دیموکراسیەکاندا ((وەك کوردستان و عێراق))،هیچ کات پڕۆسەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی شەفاف و دور لە دەستتێوەردان و گزی و ساختەکاری تێنەپەڕیون.هەر بۆیەش هەمیشە ئەنجامەکان بەدڵی زۆربە نەبون و هەموانیش بەسەرکەوتوو و سەرنەکەوتوەوە گومان و پرسیاری زۆریان لەلا دروست دەبێت لە ئەنجامەکان و تانە و ڕەخنە و گلەیی و گازندەی زۆری ئاڕاستە دەکەن.

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە هیچ کات پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان و عێراقدا نەبونەتە هۆکار بۆ ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەبونەتە هۆکار بۆ پێشکەوتن و داهێنان و ڕزگاربوونی کۆمەڵگا لە دواکەوتویی و هەژاری و نەخوێندەواری و نەبونەتە هۆکار بۆ خۆشگەوزەرانی تاك و کۆمەڵگا بەپێچەوانەی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوەوە کە هەمیشە هەڵبژاردنەکان بونەتە مایەی نوێبونەوە و بەهێزبوون و زیاتر چەسپاندنی دیموکراسی و قوڵبونەوەی بەهاکانی ئازادی و ماف و خۆشگوزەرانی و ئارامی و هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و داهێنانی زیاتر.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،لەكوردستاندا هەڵبژاردنەكان بۆچی و لە پێناو چیدا دەكرێن؟ گەرەكە هەنگاو بەرەو دیموكراسیەت بنێن یان تەنها وەك ماكیاجكردنێكە بۆ جوانكردنی سیما ناشیرینەكانی دەسەلاَت؟گەرەكە دەسەلاَت گۆڕانكاری تیادا بكرێت یان زیاتر بۆ چەسپاندنی ئەوەی كە هەیە؟زۆر پرسیاری تریش.**

بەداخەوە لەكوردستاندا لەیەكەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا بە گزی و ساختەكاری دەستپێكرد(( ساختەكاری لە جۆری مەرەكەبی دەنگدانەوە و ساختەكاری لە ژمارەی دەنگدەران لەسنوری پارێزگای دهۆك و ..هتد)) وگەر نێوەندگیری هێز و لایەنە دەرەكیەكان نەبوایە و گەر مەترسی لەدەستچوونی ئەزمون و دەسكەوتەكانی ڕاپەڕین نەبوایە ئەوا لەیەكەم هەنگاوی بەرەو دیموكراسیدا شكستمان دەهێناو دەستدەكرایەوە بەشەڕی ناوخۆ و هەڵپەی دەسەلاَت و كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و قۆرخكردن و پاوانخوازی،هەربۆیە تاكو ئێستا و لەماوەی ٢٧ ساڵی ڕابووردوودا كە پێنج خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان و خولێكی ئەنجومەنی شارەوانیەكان و دوو خولی ئەنجومەنی پارێزگاكان و چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە چووە ،هیچ كامیان بێ گرفت و بێ دەستێوەردانی حیزبی و بێ بوونی ساختەكاری ئەنجام نەدراون و هەموانیان بەسەدان ڕەخنە و تانەیان ئاڕاستەكراوە،هەربۆیە لەیەكەم هەنگاوی هەڵبژاردندا بەگزی و ساختەكاری دەستپێكراوە و هەرواش بەردەوام دەبێت،بۆیە هەڵبژاردن لەكوردستاندا هێندەی بە قازانجی حیزب و سەركردە دەسەلاَتدارەكانە و لەپێناو مانەوە و قۆرخكاری و پاوانخوازی ئەواندایە نیوهێندە لە پێناو سەقامگیری دیموكراسیەت و ئاشتی و ئارامی و پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی هاولاَتیاندا نیە،تەنها و تەنها وەك ماكیاجكردنێكە بۆ جوانكردنی سیما ناشیرین و قێزەونەكانی دەسەلاَتی كوردیە لەم هەرێمەدا،چونكە دەسەلاَتدارانی ئەم هەرێمە هیچ كات ڕاستگۆ نین و نابن بۆ چەسپاندنی دیموكراسیەت و پاراستنی ئازادیەكان و مافەكان و سەروەربونی یاسا و بە داموەزگایكردنی سەرجەم ئۆرگانەكانی دەسەلاَت و حومكڕانی لەم هەرێمەدا،ئەوان تەنها هەڵبژاردن بەكاردێنن وەك هۆكارێكی فریودانی ناوخۆ و دەرەوەش تاهەموان بڕوابكەن كە سیستەمێكی دیموكراسی پیادە دەكرێت،ئەگینا هیچ كات باوەڕیان بە دیموكراسیەت و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە نیە،دەسەلاَتدارانی كوردستان هێندەی بیر لە چەسپاندنی دەسەلاَت و پاوانخوازی سەرجەم ئۆرگانەكانی ژیان و گوزەرانی خەڵكی دەكەنەوە نیوهێندە لە بیر و خەیاڵی گۆڕانكاری و چاكسازی و بەرەوپێشبردنی سیستەمی حوكمڕانی سەقەتی كوردستان ناكەنەوە،چونكە ئەم جۆرە دەسەلاَتە گەندەڵ و مافیا ئاسایە لە قازانجی مانەوە و چەسپاندنی زیاتری دەسەلاَتەكانیانە نەك پرۆسەیەكی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن و دیموكراسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاَت.

- **جا لە پرۆسەیەكی وا سەقەت و دوور لەیاسا و ڕێسا دیموكراسیەكاندا دەكرێت ئەو پرسیارە بكرێت،كێ و چ لایەن و چ كەسانێك لەم هەڵبژاردنانەدا سەردەكەون یان چانسی سەركەوتنیان بەهێزە ؟ ئایا كەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەئەزموون سەردەكەون یان كەسانێكی ناشایستە لەهەموو ڕووەكانەوە چانسیان بەهێزە؟بۆچی ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت ؟**

پرۆسەی هەڵبژاردن بەهەرسێ شێوازی (( داخراو یان كراوە یان نیمچە كراوە)) وە هەموانیان ئاڕادەیەكی باش گرفتیان تیادا نیە گەر پرۆسەكە دوور لە دەستێوەردانی حیزبی بەڕێوە بچێت بەبیانوی ساختەكردن و گزی و فرتوفێڵ.هەموانیان دەكرێت بەشێوەیەكی ئازاد و سەربەستانە پیادە بكرێن و سەرجەمی تاكەكانیش چانسی خۆیان تاقیبكەنەوە بەمەبەستی خزمەتكردنی گەل و نیشتیمان.

بەلاَم ئەم پرۆسە گرنگ و چارەنوسسازە لەهەرێمی كوردستانی بەناو دیموكراسیدا كە هێشتا بەشەرعیەتی شۆڕشگێڕی مامەڵە دەكات و هێشتا بیری خۆسەپاندن و پاوانخوازی و قۆرخكاری لە مێشكی سەركردە و حیزبە سیاسیەكانیدایە و هێشتا پرۆسەی دیموكراسیان پێ هەزمناكرێت،ناتوانن دەستوەرنەدەنە پرۆسەكە و نەیشێوێنن،ئەوان هێندەی بەرژەوەندی حیزب و سەركردەكانیان لامەبەستە نیوهێندە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمانیان لامەبەست نیە ،ئەوان ئەوەندەی مانەوە و بەردەوامبونی دەسەلاَتەكانیان لامەبەستە نیوهێندە گۆڕانكاری و چاكسازی و چەسپاندنی

دیموکراسیان لامەبەست نیە،بۆیە هەمیشە هەوڵدەدەن کەسانی سەر بەحیزب و ناشایستە و بوکەڵە و سیماجوان و قەشەنگی ژنانیان کردۆتە مەرج بۆ کاندیدەکانیان نەك توانا و لێوەشاوەیی و ئەزموون و پسپۆڕی .

- **هەربۆیە لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا ئەو کەسانە سەردەکەون کە :**

١. دەبنە سەرۆکی لیستەکان و ژمارە ((١)) و ئیدی هەموو توانا و وزەکان لە پێناو سەرخستن و سەرکەوتنی تاکە کەسێکدا دەبێت وهەموان وادەزانن کە شکۆ و کەرامەتی حیزب و سەرکردە و تەواوی ئەندام و لایەنگرانیان لەسەرکەوتنی سەرۆکی لیستەکەیاندایە و گەر سەرۆکی لیستەکەیان دەنگێکی کەم بێنێت گەرچی سەرکەوتوش بێت ئەمان خۆیان بەشەرمەزار و کەمتەرخەم دادەنێن..لەکاتێکدا سەرۆکی لیستەکانیش یەکێکن لە کاندیدەکان ،کە ئەمەش ناعەدالەتیەکی زۆر زەقی ئەم هەڵبژاردنەی ٩/٣٠ بوو لەناو زۆربەی حیزبەکاندا.و بەدەیان و سەدان جار خەرجی زیادەیان بۆ کراوە.

٢. پشتیوانی بەهێز دەکرێن لەلایەن حیزب و سەرکردە دەستڕۆیشتوەکانەوە لەڕووی مادی و مەعنەویەوە.((زۆر جاران وا دەوترێت پێش هەڵبژاردنەکانیش کاندیدە سەرکەوتوەکان دیاریکراون)) و هەڵبژاردنەکان تەنها بۆ ڕووپۆشکردنی پیلانەکانیانە و هیچی تر.

٣. کەسانی بێ توانا و بێ ئیرادە و بێ ئەزموون ونەشارەزا چانسیان بەهێزترە.چونکە لە فەرمانی سەرکردە و حیزبەکانیان دەرناچن و خاوەن ڕاو و بۆچون و ڕەخنەی خۆیان نین.

٤. کەسانی دەرەوەی شارە گەورەکان کە باکگراوەندی گوند و عەشایەر و ناوچەگەرێتی و شێخایەتی پاڵپشتیانە.

٥. مێژوو و خەباتی باوك و بنەماڵەش ڕۆڵیان هەیە((وەك ئەوەی ئەمە کوڕ یان کچی فلاَن شەهیدە و ئەویان لە فلاَن بنەماڵەیە و ئەویتریان کوڕی فلاَن عەشرەتە و ئەوی کەشیان کوڕی فلاَن مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتیە)) ،بەلاَم لێرەشدا هەر جیاوازی گەورە دەکرێت،ئیدی جێگەیەك نامێنێتەوە بۆ کادرە دڵسۆز و بێپشتیوان وخاوەن بڕوانامە و ئەزموون و پسپۆڕیەکان.

٦. بۆ ژنانیش جوانی و شۆخوشەنگی سیماوقەدوبالاَ و ....هتد ڕۆڵی خۆیان هەیە.

٧. کەسانێکیش کە توانای دارایی بەهێز و گەورەیان هەیە یان پاڵپشتی دەکرێن.((چونکە بەداخەوە نەفسیەتی کادریان لە پێش تاکێکی ئاساییەوە شێواندوە و سوك و ڕسوا کردوە بەوەی هیچ کەسێك بەبێ بەرامبەر کار ناکات تەنانەت بۆ کاندیدی حیزبەکەی خۆی و هەموان لە هەلدەگەڕێن بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوتی مادی وەدەستبێنن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لە ژمارەیەك کاندید لەیەك کاتدا)).

- جا ئەم کاراکتەرانە هێندەی بە سۆز و لایەنگری خزمایەتی و عەشایەری و ناوچەگەرێتی و پاڕانەوە و گریانەوە دەنگ کۆدەکەنەوە نیوهێندە بەتوانای کەسی و لێهاتوویی و پسپۆڕی و کار و پڕۆژەی خۆیان ناتوانن ئەو دەنگانە کۆبکەنەوە،ئەمە جگە لەوەی لەکۆتایی پڕۆسەکانیشدا دەستێوەردانی حیزب و سەرکردە دەستڕۆیشتوەکان ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی کاندیدە سەرنەکەوتوی((دەرچوەکاندا))و بە ئارەزوی خۆیان و لەسەر بونی وەلائی ئەوان بۆیان دیاریدەکرێن و یاری و گۆڕانکاری بەڕێژەی دەنگی ڕاستەقینەی کاندیدەکانی تر دەکرێن و ئەنجامەکان دەکرێنە پشك پشکێنە،نمونەی هەرە زەقی ئەم پڕۆسە ناشیرین و پڕاوپڕ لە فێڵ و ساختەکاریانە هەردوو(( پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٥/١٢ و پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠))دایە.

جالێرەدا هەقە باسی ئەو ڕاستیە بکەین کە ئیتر پێویست نە بەهەڵبژاردن دەکات و نە پێویست بەو هەموو خەرجیە دەکات کە بۆ ١٠٠ کاندید خەرجی بکەن بەڵکو بۆئەوەی کەمترین خەرجی و گوێڕایەڵترین کاندید و تاڕادەیەکیش عەدالەت لە ناوچە و پسپۆڕیەکانیشدا((چونکە وەك ئێستا ڕەچاوی بوونی نوێنەرانی ناوچەکان و پسپۆڕیە جیاواز و گرنگەکان نەکراوە)) پیادەبکرێت سیستەمی هەڵبژاردن بکرێتەوە بە لیستی داخراو و ئیدی پێویست بە لیستی کراوە

یان نیمچە کراوە ناکات بەبیانوی زیاتر دیموکراسیبونەوە،چونکە لەکۆتاییدا هەر مەکتەب سیاسی و دەستڕۆیشتوی ناو حیزبەکان کادنیدەکان دیاریدەکەن نەك پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

بەم شێوەیەش بڕوات خولەکانی داهاتووی پەرلەمان هەر لە ئێستاوە هێندە لاواز و بیٚ دەسەلاٚت دەبێت کە هیچ بەهاو پیرۆزیەك بۆ گەورەترین و شەرعیترین ئۆرگانەکانی دەسەلاٚت نامێنێتەوە کە پەرلەمانە و ئەوەشمان بەچاوی خۆمان بینی کاتێك لایەن و حیزبێکی سیاسی ڕێگەی لەسەرۆکی پەرلەمان گرت و دەرگای پەرلەمانیشی کلۆم دا.کە لە ڕاستیدا دەبوو پەرلەمان بەپێی دەسەلاٚت و شەرعیەتە یاساییەکەی و جەماوەرییەکەی ئەو کارەی بکردایە و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمیشی هەڵبوەشانایەتەوە یان هەڵپەسێنرایە و متمانەی لێوەربگرتنایەتەوە.

- بەم شێوەیە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقیش و لە کوردستانیشدا تەنها نمایشی شانۆگەریەکی قێزەون و ناشیرین و تراجیدیایەکی تەنزئامێز و فریودەرە و نیەتیش لێیان ڕووخاندنی متمانەی جەماوەرە بەکۆی پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیەت و تەنهاوتەنها نیەت گرتنە دەستی دەسەلاٚت و بەردەوامیدانە بە سیستەمی حوکمڕانیەکی گەندەڵ و پاشاگەردانی و حیزبایەتی(( چونکە دەسەلاٚتدارە گەندەڵەکان لە ئاوی لیخن و لێڵدا پیلان و بەرژەوەندیەکانیان پارێزراوترە نەك لە سیستەمێکی شەفاف و یاسا سەروەریدا )) نەك کوردایەتی و حومکڕانیەکی ساغڵەم و تەندروست. جا تا ئەوکاتەی کە ئێمەی کورد حیزبایەتی تەسك تۆخبکەینەوە و هەڵبژاردن و دیموکراسیش بکەینە گاڵتەجاڕی و وەلائ و دڵسۆزیمان بۆ مەکتەب سیاسی و سەرکردە و حیزبەکان بێت لە جیاتی بەرژەوەندیە بالاٚکانی گەل و نیشتیمان بەهیچ شێوەیەك ئومێدی سەرکەوتنی کەسانی شیاو نابینین و پێشکەوتن و گەشەی ئەزمون و حوکمڕانیەکشمان دەبێتە خەونێکی زڕی بێبەر و هیچ کاتیش ئاشتی و ئارامی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٚیەتیش بەچاو نابینین و خۆشگوزەرانی و کۆمەڵگایەکی پڕ ڕەفاهیش دەبێتە خەونی چۆلەکە و هەرگیز نایەنەدی.بۆیە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەنگاوێکە بۆ دوورکەوتنەوەی زیاتر لە دیموکراسیەت و نەمانی متمانەی جەماوەر بە دەسەلاٚت و تەنهاوتەنها هۆکارێکە بۆجوانکردنی سیمای ناشیرینی حوکمڕانی لەم هەرێمەدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس وژیان پرێس و وتاری کورد وەpukmediaو ستانداردکورد و سبەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٣ دا بلاٚوکراوەتەوە.

## ساڵی ٢٠١٨ساڵێکی گەرمی ململانێ و
## ساڵێکی سارد و نەهاتی ئاشتی و ئارامی*

• مایەی نیگەرانیمانە وەك نەتەوەی کورد کە کەمترین ساڵ لەمێژوومانا جێگەی ئاوات و خەوبینینەوەیە وجێگەی ئاخ و حەسرەت بۆ هەڵکێشانە و بەپەنجەی دەستەکان دەژمێردرێن، لەبەرامبەریشدا مێژووە ڕەش و پڕ کوێرەوەری و کارەسات و ڕووداو و شکست و ناسۆرەکان هێندە زۆرن کە لە ژمارە نایەن، مایەی بەدبەختیە کە کورد هیچ دەیە ساڵێکی پڕ لە ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی بەخۆوە نەبینیوە ،بەڵکو هەموانی بە شەڕ و جەنگ و کاولکاری و کوشتن و بڕین و برسێتی و ناسۆرەوە چەشتوە.گەر لەگەڵ دوژمنەکانیشدا نەبوبێت ئەوا لەنێو ماڵی خۆی کورداندا دەستیان داوەتە خۆخۆری و خۆکوژی و ڕووخاندنی ئەو بنمیچە لەرزۆکەی کە هەشیانبوە.

• ساڵە ناخۆشەکان زۆرن و ناسۆرەکان قوڵن و کارەساتەکان پڕ قەتماغە وبرینەکان تەڕوبڕن و تائێستاش خوێنیان لێدەچۆڕێت و هەموانیش تەنها سەیرکەرن و هەریەکەش لە هەوڵی ڕزگارکردنی کەوڵ و بەرژەوەندی و سەر سەلامەتی خۆیاندان نەك نەتەوە و نیشتیمان.هەموو ساڵێك کە تێپەڕدەبێت و خۆری تەمەنی بەرەو ئاوابوون دەچێت ،هەموان سەدان بەردی بەدواداهەڵدەدەین و بەدەنگی بەرز و بەبێزراوی ماڵئاوایی لێدەکەین و پێی دەڵێین خودایە هیچ کات وەك ئەمساڵمان بەسەر نەیەنیتەوە و ئۆغرت خێر نەبێت،و لەکۆتایی چرکەکانیشدا ئاوات دەخوازین کەساڵی ئایندەمان گەشتر و خۆشتر و ئارامتر و پڕ دەسکەوت تربێت،بەڵام هەمدیسان وەك ساڵانی پێشخۆی نمایشی شانۆگەریە پڕ تراجیدیایەکەی کورد هەر بەردەوام دەبێت و ئیدی کورد و مێژوو و ئاواتەکانی لە بازنەیەکی بۆشی نائومێدیدا دەسوڕێنەوەو بەردەوامیان دەبێت و هەموانیش لە چاوەڕوانی گۆدۆدا بڕستمان لێدەبڕێت و گۆدۆش هەر دەرناکەوێت.

• ساڵی ٢٠١٨ش لەئێستاتادا لە سەرەمەرگی تەمەنیدایە وکەمتر لە ١٠٠ کاتژمێری ماوە و هێواش هێواش بەرەو کۆتایی و خۆر ئاوابوونی خۆی دەچێت،ئەمساڵەش وەك هەموان و زۆر لەساڵەکانی تری پێش خۆی دەچێت و پڕاوپڕ بوو لە ململانێی گەرمی حیزبایەتی و کارەسات و ناسۆر و برسێتی و نائۆمێدی ،ئەوەتا :

• ساڵی ٢٠١٨ ساڵی تۆخکردنەوەی ململانێ نارەوا حیزبیەکان و کاڵبونەوەی برایەتی و تەبایی نێوانیان بوو.
• ساڵی هەڵبژاردنە پڕ ساختەکاری و فرت و فێڵەکان بوو.
• ساڵی دڕدۆنگی و لێکترازانی ڕیزەکانی گەلەکەمان و پارت و سەرکردە سیاسیەکان بوو.
• ساڵی درێژە پێدەری قەیرانی دارایی و برسێتی و بێکاری و تاوانەکان بوو.

• ساڵی شکستی حکومەتی هەرێم بوو لە چارەسەرنەکردنی گرفتی مووچە و بودجە و پاشەکەوتە نارەوا سەپێنراوەکان بوو.

• ساڵی سووربوون بوو لەسەر هەڵە و کەموکوڕی لە سیاسەت و ئیدارە و ئابوری و ...هتد.و ساڵی چێنەکردنی چاکسازی و ڕیفۆرمەکان بوو.

• ساڵی پاشەکشەی زیاتری کورد بوو لە سەر ئاستی سیاسی و ئابوری و ئەمنی لە ناوخۆ و لە عێراق و لەناوچەکەشدا لەسەر ئاستی هەر چوار بەشەکەی کوردستان.

• ساڵی بەردەوامبوون بوو لە تیرۆر و تۆقاندن.

• ساڵی دورینەوەی گیانی چەندین کەسایەتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوس و سیاسی و هونەرمەند و چیرۆکنوسی گەلەکەمان بوو.

بۆیە ئەم ساڵی ٢٠١٨ یەش چۆتە ڕیزی ئەو دەیان و سەدان ساڵەی مێژووی کوردەوە کە هیچ کات خواست و ئاواتی بۆ بۆ ناخوازین و ناڵێین خۆزگەمان بەساڵی ٢٠١٨. بۆیە ڕەنگە ئەم ساڵی ٢٠١٨یەش بەهۆی ڕەشی و شوومی و پڕ لەکارەسات و نسکۆکانیەوە ساڵی ئایندەی ٢٠١٩شمان لێ تاڵ و پڕ لەناسۆر بکات و چرۆی ئومێد و ئاواتەکانمان ڕەش

ڕەش و تار وتاریك بکات،بەهۆی لەلایەك یەکنەبوون و یەکڕیز نەبونی نێومالّی کورد و کێشە و گرفت و پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و هەڵوێستیان لەبەرامبەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی گەورەدا و پاشەکشەکردنیان لە پشتیوانی کورد و لەبەڵێنە فریودەرەکانیان بۆ کورد و لەبیرچونەوەی هەموو قوربانی و گیانفیداییەکانی کورد دژ بە داعش و تیرۆریستان لە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و هەوڵدانی زلهێزە دونیایی و ناوچەییەکانیش بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانیان و لەبیرکردنی کورد و چارەنوسەکەی و سپاردنی بەقەدەرێکی نادیاری تر و دووبارەکردنەوەی کارەسات و مێژوە پڕ لەناسۆرەکانی ڕابووردووی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەن پرێس و خەندان و ئاڕاستە و ستانداردکورد و pukmediaو ئاوێنە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٧دا بلاّوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم
# تایبەت بە کورد

## شكۆی حكومەت لە بەرامبەر نیشانەی پرسیارێكی گەورەدایە ؟*

- ئاشكرایە هەموو حكومەت و دەسەلاًت و ئیدارەیەك گەورە بێت یان بچوك بەهێندەی قەوارەی سنوری جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوان و بڕی داهات و خەرجیەكان و پێویستی بۆ ئاوەدانكردنەوەی ولاًت و هەوڵدانی بۆ پێشخستن و گەشەپێكردنی ولاًت و كۆمەڵگا و بەرزكردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاولاًتیانی ،هەندێك ئەركی سەرەكی و لەپێشینەی هەیە كە ناكرێت كەمتەرخەمی بكات لە جێبەجێكردنیاندا، یان دوای بخات بۆ قۆناغ و كاتێكی درەنگتر و نادیار.
- هەربۆیە حوكمڕانیەكان و دەسەلاًتەكان هەمیشە دەبێت لە پێشبڕكێیەكی نەبڕاوە و بەردەوامدا بن لەگەڵ زیادبوون و بەرزبونەوەی بنمیچی داواكاری و پێداویستیەكانی ڕۆژانەی هاولاًتیان و كۆمەڵگاكانیان، خۆ گەر نەتوانرا ئەو پێداویستی و داواكاریانە جێبەجێ بكات ئەوا ئەو حكومەت و دەسەلاًتە شكۆ و هەیبەت و پیرۆزی لای هاولاًتیانی خۆی نامێنێت، بۆیە گرنگە حكومەتەكان زۆر گرنگی بدەن بە شێواز و پلانی كاركردنیان تا ڕابگەن بە بەڕێوەبردنی كۆمەڵگاكانیان.
- حكومەتەكان دەبنە جێگەی ڕێز و پێزانینی هاولاًتیانیان و دەبنە خاوەن شكۆ و سەروەری كاتێك كە ((پارە و پلان و پاكێتیی )) هەبێت ، بەو مانایەی هەر حكومەتێك خاوەن داهات و پارە و پول و بودجەیەكی ساڵانەی خۆی نەبوو ناتوانێت لانی كەمی پێداویستیەكانی كۆمەڵگا و دەسەلاًتەكەی دابین بكات، بەهەمان شێوە گەر پلانێكی زانستی و واقعی و گونجاویشی نەبوو بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا و كۆكردنەوەی داهاتەكان و دواتریش خەرجكردنەوەی بەشێوەیەكی شەفاف و ڕوون و ئاشكرا ئەوا هەرگیز ناتوانێت ببێتە جێگەی ڕەزامەندی هاولاًتیانی خۆی، هەردوو ئەو پایە یان كۆڵەكە سەرەكیەی حوكمڕانیش و سەركەوتنی كۆتایشی بەندە بە ئاستی پاكێتی و نەزاهەت و ئەمانەتی ئەو دەسەلاًتەوە لە چۆنێتی مامەڵەكردنی لەگەڵ داهات و خەرجیەكانی ولاًتدا، گەر هەردەسەلاًتێك نەتوانێت پاكێتی خۆی لەبەردەم گەلەكەیدا بسەلمێنێت و متمانەی ئەوان بەدەست نەهێنێت ئەوا بەدڵنیایی حكومەت و دەسەلاًتێكی دۆڕاو و كەنارخراو و دواتریش بێزراو و ڕووخێنراو ئەنجامەكەی دەبێت.
- لەبەرامبەر ئەو سێ خاڵە گرنگەی سەركەوتنی حكومەتەكاندا ، سێ خاڵی زۆر لاوازی هەموو حكومەتەكانیش هەیە و بریتین لە (( مایە پووچی و فەوزا و بێسەروبەری و گەندەڵی))، بۆیە هەركات حكومەتەكان بەیاسا بودجە و داهات و خەرجی ولاًتیان نەبردە ڕێوە و بە مەزاجی كەسی و حیزبی پاوانی هەموو ئۆرگانەكانی دەسەڵات بكەن وهیچ پلانێكیشان نەبوو بۆ ئێستا و ئاینده و پەناشیان بردە بەر دیاردەی دزی و گەندەڵی ئیداری و دارایی ئەوا بەدڵنیای حكومەتێكی بێ شكۆ و بێ بەها دێتە بەرچاوی هاولاًتیانی خۆی.
- لەئێستادا حكومەتی هەرێمی كوردستان ماوەی چەند ساڵێكە و بەتایبەتیش لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بۆتە حكومەتێكی بێ شكۆ و پیرۆز و گەورەیی خۆی لەدەستداوە لەبەرامبەر هاولاًتیانیدا، بەهۆی ئەوەی كە ئەنقەست بێت یان بەبێ مەبەست حكومەتی هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە لانی كەمی ژیان و گوزەرانی هاولاًتیان دابین بكات هەر لە (( مووچەی مانگانە و پێداویستی و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكانی ژیان لە كارەبا و سووتەمەنی و ئاوی خاوێن و جێبەجێكردنی پرۆژە ئاوەدانیەكان و وەبەرهێنانەكان و ...هتد))، بۆیە مافی هاولاًتیانە كە بپرسن گەر حكومەت نەتوانێت ئەو پێداویستی و خزمەتگوزاریە سەرەتاییانەیان بۆ دابین بكات ،ئیدی چ مانایەك بۆ حكومەت و دەسەلاًت و شەرعیەت و مانەوەی دەمێنێتەوە؟ حكومەتێك ببێتە مایەی برسیكردن و هەژاری و نەخۆشی و بێ كاری و زیادبوونی تاوانەكان و كێشە كۆمەلاًیەتی و خێزانیەكان و دەیانی تر.. ئیدی چ پێویست بەمانەوەی دەكات؟ حكومەتێك لە جیاتی خزمەتكردنی هاولاًتیان و خۆشگوزەرانكردنی ژیانیان ببێتە مایەی سەختكردن و قورستركردنی ژیان و ئەركەكانیان بەهۆی زیادكردنی ڕسومات و باج و گومرك و ..هتد و قەرزاركردنی خۆیان و نەوەكانیشیان بۆ دەیان ساڵی تر بەهۆی كەڵەكەبونی قەرزی زۆری ناوخۆ ودەرەكیەوە (( زیاد لە ٢٠ ملیار دۆلار)) و حكومەت بۆخۆی ببێتە مایەی دروستكردنی كێشە و گرفت و فێڵكردن لەهاولاًتیانی خۆی بە كەمكردنەوەی مووچەكانیان بۆ چارەكە مووچە

بەبێ یاسایەکی دیاریکراو، ئیدی بوون و نەبوونی حکومەت و دەسەڵاتێکی ئاوها چ سوودێك دەگەیەنێت و چ شکۆ و هەیبەتێکی بۆ دەمێنێتەوە؟

- بەداخەوە حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش ئەم کابینەی هەشتەمی حکومەتە ،گەورەترین ناونیشانی بریتیە لە ((شکست و کێشە و قەیران))، ئاخر حکومەتێك خاوەن داهاتێکی زۆر و زەوەندبێت و هاولاتیانی برسی و هەژار و بێکاربن،ئەمە چ ویژدانێك قبوڵی دەکات؟حکومەتێك لەسەر دەریایەك نەوت بێت و هاولاتیانی لە سەرمادا ڕەق ببنەوە ئەمە چ خەمخۆریەکە؟حکومەتێك تا سەر ئێسقان گەندەڵی تیاشۆڕبوبێتەوە و هەوڵی چاکسازی و گۆڕانکاری نەدات،ئەمە چ نیشتیمان پەروەری و نەتەوە پەروەریەکە؟
- بۆیە حکومەتی هەرێم دوای هێوربونەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش و کەمبونەوەی مەترسیان لەسەر کوردستان و کەمبونەوە و گەڕانەوەی ئاوارەکان و بەرزبونەوەی نرخەکانی نەوتیش،هیچ بیانویەکی بۆ نامێنێتەوە بۆ هەوڵنەدانی بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئابوری و گوزەرانی هەرێم و حکومەت و هاولاتیانیش.گەر حکومەت هەر سووربێت لەسەر گوێنەگرتن و پێشێلکردنی مافەکانی هاولاتیانی ئەم هەرێمە ،ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کەمە شکۆ و هەیبەتەشی کەماوە لەدەستی دەدات و هیچ کات نابێتەوە جێگە متمانەی هاولاتیانی خۆی،بۆیە لە ئێستادا هەیبەت و پیرۆزییەکان و شکۆی حکومەت لە دووڕیانێکی مێژوویدایە و لەبەرامبەر نیشانەی پرسیار گەلێکی گەورەشدایە لەلایەن تاك بەتاك و خێزان بەخێزانی ئەم کۆمەڵگایەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و سبەی و سپی میدیا و وتاری کورد و snnوخەندان وpukmedia و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٠٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/٤دا بلأوکراوەتەوە.

## قەرزەکانی حکومەتی هەرێم
## لەنێوان ڕاستی و چاوبەستەکیدا!*

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ۲۰۰۳وە هیچ کات باسی لە قەرزداری نەکردوە تا سەرەتای ساڵی ۲۰۱٤ بەدواوە و ئەوکاتەی لەلایەن حکومەتی بەغدادەوە بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم کە بریتی بوو ۱۷٪ بودجەی گشتی عێراق بڕدرا و ئیدی لەوکاتەوە تاکوئێستا ماوەی ۳ ساڵی ڕێکە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابوری و دارایی توند بۆتەوە و تائێستاش هیچ پلانێکی ڕوونی زانستی و واقعی نیە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە و کاریگەریە زۆر خراپەکانی. هەربۆیە پێشبینی دەکرێت کە ئەو قەیرانە بۆ چەند ساڵێکی داهاتووش درێژە بکێشێت.
- حکومەتی هەرێم بەبیانوی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە داراییە هەستا بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ و بێگەڕانەوە بۆ حکومەتی بەغداد لە ۲۰۱٥/٦/۲۰دا بەو هیوایەی لەلایەك قەیرانی دارایی پێچارەسەر بکات و لەلایەکی تریشەوە گەرەکێتی داهاتی نەوت بۆ بەرژەوەندی و قازانجی نوخبەیەکی دەستڕۆیشتووی ناو حکومەت و کابینەی هەشت بگێڕێتەوە دوور لە بەرژەوەندی میلەت،ئەم کارەشی تەنها و تەنها لە ژێر فشاری حکومەتی تورکیادا ئەنجامدا و بەشێوەیەکی نهێنی ڕێکەوتنامەیەکی ٥۰ ساڵەی بۆ هەناردەکردنی نەوت و ڕێکەوتنێکی ۲٦ ساڵەشی بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی لەگەڵ تورکیادا واژۆکردوە. بەڵام چونکە پرۆسەکە نیەتی ڕاستەقینەی خزمەتکردن و خۆشگوزەرانکردنی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە نەبوو،خۆشبەختانە زەرەروزیانەکانی حکومەتی هەرێم هێندە گەورەبوون کە خەریکە سەری خاوەنەکەشی دەخوات، هەمووشی بەهۆی نەزانین و بەهەڵە خوێندنەوەی هاوکێشە ئابوریەکانی دونیا و بازاڕەکانی نەوت و غازی سروشتی و بێئاگاییان لە سیاسەتی نەوتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و دواتریش فریوخواردنیان بەدەستی دوژمنانی نەتەوە و میلەتەکەمان لەم هەرێمەدا ئەویش دەوڵەتی تورکی فاشیزم و خوێنەخۆری سەری کوردانە.
- هەربۆیە حکومەتی هەرێم لە پێناو ئەوەی جارێکی تریش خۆی ڕزگاربکاتەوە،کەوتە هەڵپەی هێنانی کۆمپانیای زۆر و زەوەندی ناوچەیی و دونیایش کە زیاد لە ٥۰ کۆمپانیا دەبن و سەرزەمین و ژێرزەمینی ئەم هەرێمەی بەخشیەوە بەسەر ئەو کۆمپانیایانەدا(( ۲۸ بلۆکی نەوتی )) و بە نیازیشە لە ئاییندەیەکی نزیکدا (( ۲۰ بلۆکی نەوتی تر بداتە کۆمپانیا نەوتیەکان)) بەناوی ((گرێبەستی شەراکەتەوە))(( ٤۲ گرێبەست لە ماوەی ساڵی ۲۰۰۲ تا ۲۰۱۱)) و نەوت و غازی سروشتی ئەم هەرێم و میلەتەی تالأنفرۆش و هەڕاج کرد لە بازاڕەکانی دونیادا و بەشێوەیەك هەمیشە نرخی بەرمیلێك نەوتی هەرێم بە ۱۰ دۆلار کەمتر دەفرۆشرێت لە بازاڕەکانی دونیادا،ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو تانە و سکاڵا و ناڕەزاییانەی حکومەتی عێراق لەلایەك و کۆمپانیاکانیش لەلایەکی ترەوە لەسەر بەهەدەردان و بە قاچاغ فرۆشتنی نەوتی عێراق و نەدانی موستەحەقاتە داراییەکانی ئەو کۆمپانیایانە، تازە بەتازە و دوای زیاتر لە ۱۰ساڵ کۆمپانیای نەوتی وا هەیە کە هەرێم بەجێدێڵێت چونکە کارکردن لە بوار و کەرتی نەوتی هەرێمدا بەم شێوەیەی ئێستا بەقازانج نیە بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی ئەو هەموو گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن و شەریك دروستبوونە بۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کەرتەوە.
- هەربۆیە حکومەتی هەرێم کەوتە قەرز وەرگرتنی پێشەکی لەو کۆمپانیایانە و بەڵێنی ئەوەی پێدان کە بەنەوت دەیانداتەوە،بەڵام ئەم حکومەتە بێئاگایە لە سیاسەتی نەوتی جیهانی و بەرژەوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کەرتی نەوت ،هیچ کات پێشبینی دابەزینی نرخی نەوتی نەکردبوو لە ۱۱٥ دۆلارەوە لەمانگی ۲۰۱٤/٦دا بۆ ۲٥ دۆلار لە مانگی ۲۰۱٥/۱۱دا کە زیاتر لە ۷۰٪ نرخەکانی دابەزی، هەربۆیە حکومەتی هەرێم ئەوەی کە دەیخواست دەستی بکەوێت لەو نرخە بەرزانەی نەوت دوور لە داهات و دەسەڵاتی عێراق بۆی نەچوە سەر و کەوتە ژێر باری قەرزێکی گەورەوە کە لە ئێستادا و بۆ ۱۰ی ساڵی ئایندەش ناتوانێت بیانداتەوە.

- **لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ،کە ئایا حکومەتی هەرێم بەڕاستی قەرزارە یان چاوبەستەکی لە میلەتەکەمان دەکات؟ ئایا قەرز وەرگرتن کارێکی ئاساییە یان دژوار و کاریگەری خراپی هەیە؟هەرێم چۆن دەکەوێتە ژێر باری لێکەوتە خراپەکانی ئەو قەرزانەوە؟**

بەداخەوە بەهۆی ناشەفافیەت و تاریکاندن و شاردنەوەی ڕاستیەکان و ئامار و زانیاریەکان دەربارەی گرێبەستە نەوتیەکان و چۆنێتی فرۆشتن و هێنانەوەی داهاتەکان و دواتریش خەرجکردنەکانی، تەواوی پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم کەوتۆتە ژێر پرسیارگەلێکی گەورەوە و هەموانی توشی شۆك و دڵەڕاوکێ کردوە بۆ ئاینده و هەموانیشی توشی گومان و دوودڵی کردوە بەرامبەر دەسەڵات و نوخبەی دەستڕۆیشتوی کەرتی نەوت و ئەو ئامار و ڕاپۆرتانەی کە بڵاوی دەکاتەوە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە،هەمیشە شاردنەوە و پێنەدانی زانیاری ڕاست و دروست گومان و دڵکرمێبوونی لێدەکەوێتەوە ،ئەگەرنا هیچ کات زەرەرمەندبون لە بارزگارنی و بەهەڵەداچوون گوناهێگی لێخۆشنەبوو نەبون لە دونیای سیاسەت و ئیدارەی وڵاتەکاندا، بەڵام لەم هەرێمدا وەك تەواوی پرۆسەکە نادیارە و ئەنجامەکەشی زیانی گەورە و کەوتنە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوەی لێکەوتۆتەوە و نەوتەکەی خۆمان بۆتە دەرد و هەموانی توشی نەخۆشی و برسێتی کردوە ،کەچی هێشتا دەسەڵات دان بە ناهەقی و هەڵە و تەنانەت تاوانەکانی خۆشیدا نانێت بەرامبەر تاك بەتاك و خێزان بەخێزانی ئەم میلەتەدا، لەکاتێکدا هەموان خواستمان بوە و بە خۆشی بێت و بەنابەدڵیش بوبێت لەگەڵ سەربەخۆیی فرۆشتنی نەوتەکەی خۆماندا بوین لە پێناو بون بە نیعمەتێکی نەبڕاوە بۆمان،بەڵام لە ئێستادا باس دەکرێت کە حکومەتی هەرێم بڕی نزیکەی ٢٧ ملیار دۆلار قەرزاری کۆمپانیا دەرەکی و ناوخۆییەکانە، و لە ٢٠١٧/٢/٢١شدا ڕێکەوتنێکی نوێی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی(( ڕوسنەفت))دا کردوە بۆ وەرگرتنی بڕی ٣ ملیار دۆلاری تر بەو نیازەی بەنەوت بیداتەوە لەماوەی ٣-٥ ساڵی ئایندەدا کەواتە بڕی قەرزەکە بۆتە ٣٠ ملیار دۆلاری تەواو.کە گەر وەك ڕاگەیەنراوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمەوە کە وا ژمارەی دانیشتوانی کورستان بۆتە ٥ملیۆن و ٧٦٠ هەزار کەس، ئەوا ئەو برە قەرزە گەر دابەشی بکەینە سەر ئەو ٥ملیۆن کەسە ئەوا هەر تاکێك بڕی ٦٠٠٠ دۆلار قەرزار دەبێت، ئایا ئەمە لە پێناو چیدا ؟ لەکاتێکدا گەر ڕۆژانە ٥٠٠هەزار بەرمیل نەوتیش فرۆشرابێت ئەوا مانگانە دەکاتە ١٥ ملیۆن بەرمیل و لە ساڵێکیشدا دەکاتە ١٨٠ ملیۆن بەرمیل کە گەر کەمترین نرخیشی بۆ دابنرێت بە ٤٠ دۆلار ئەوا دەکاتە ٦ ملیار دۆلار، کە تەنها بۆ مووچەی تەواو وخەرجیەکانی مانگانەی حکومەت وەك ڕاگەیەنراوە تەنها بڕی ١ ملیار و ١٠٠ ملیۆن دۆلار پێویستە، لە کاتێکدا ئەوە تەنها داهاتی نەوتی بۆریە ، گەر داهاتەکانی بەرهەمە نەوتیەکان (( ١٥٠ ملیۆن دۆلار مانگانە )) و داهاتی نەوتی تانکەر بە (( ١٥٠ ملیۆن دۆلار مانگانە)) و داهاتە ناوخۆییەکانی تر (( ١٣٠ ملیار دینار )) دابنرێت ئەوا حکومەتی هەرێم لە ئێستاشدا دەتوانێت تەواوی مووچە و خەرجیەکانی حکومەت و پرۆژەکانیش جێبەجێبکات .لەکاتێکدا نە قورسایی شەڕی داعش و نە بوونی ٢ ملیۆن ئاوارەی عەرەبیشی لەسەر ماوە وەك سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٤ و دواتر.

خۆئەگەر حکومەتی هەرێم بتوانێت ساڵانە بڕی ١ ملیار دۆلار قەرز بداتەوە ئەوا پێویستمان بە ٣٠ ساڵ دەبێت واتە تەمەنی یەك نەوەی ئێستامان لە ژێر باری قەرزاریدا ژیان دەگوزەرێنن.

بۆیە لەم ژمارە و لە ڕاستی داهاتەکانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حکومەتی هەرێم نەك قەرزار نیە بەڵکو بابەتی قەرز وەرگرتن و قەرزاریەکەشی کردۆتە هۆکارێك یان بیانویەك بۆ زیاتر شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی داهاتەکان و کەمکردنەوەی گلەییەکانی خەڵك، ئەگینا شارەزایان و ڕاستی و دروستی داهاتەکان ئەوە دەردەخەن کە حکومەتی هەرێم چاوبەستەکی لەخەڵکی دەکات و کۆکردنەوەی ئەم هەموو داهاتە بەم شێوە ناشەفافە و شاردنەوەی تەنها بۆ پێویستی و بەرژەوەندی حیزبی و هەڵبژاردن و دەنگکڕین و ساختەکاری بەکاردێنێت لە قازانج و بەرژەوەندی حیزب و سەرکردەیەکی دیاردا.

پرسیارێکی زۆر سادە لەو حکومەتی هەرێمە، کە ئایا لەم ٢ مانگەدا بتوانێت ٣ مووچە (( چارەك و بۆ سێیەکی مووچە )) بدەیت لەکاتێکدا داهاتی نەوتی ٣ مانگت (( ٢٠١٦/١٢ و ١ و ٢٠١٧/٢)) ئاشکرا نەکردوە ،ئەی ئەم داهاتە لەکوێوە هات ؟ و سەرچاوەکەی چیە؟

گەر نەوتت نەفرۆشتبێت و داهاتەکەشیت نەشاردبێتەوە؟ خۆ نە کەرتی کشتوکاڵ و نەکەرتی پیشەسازی و نەکەرتی گەشتیاریمان بوژاندۆتەوە؟

هەموان دان بەو ڕاستیەدا دەنێین کە نەك هەر هەرێمی کوردستان بەڵکو عێراق و تەواوی وڵاتانی ناوچەکە و دونیاش ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بونەتەوە بەهۆی وەستاندنی گەشەکردن و پێشکەوتنی پیشەسازی دونیا و دابەزینی نرخەکانی نەوت و هەڵایسانی شەڕو پێکدادان  و جەنگ دژی تیرۆریستان، بەڵام لەهەموان خراپتر دۆخی ئابوری ئەم هەرێمەیە لەئەنجامی نەبوونی پلانی زانستی و واقعی ئابوری و بێباکی دەسەڵات  و لەکارخستنی دامودەزگا شەرعیەکانی پەڕلەمان و شەلەلکردنی حکومەت و نەهێشتنی یەکڕیزی و ئیجماعی نیشتیمانی لەسەر بچوکترین مەسەلەکان.بۆیە هەرێمی کوردستان چەندین جار دەکەوێتە ژێر باری خراپ و کاریگەریە خراپەکانی ئەم قەرز وەرگرتن و نەدانەوەیدا ،لەکاتێکدا بۆ هەموو وڵاتان و لەکاتی قەیرانەکاندا قەرز وەرگرتن وەك ڕێگا چارەسەریەکی کاتی و لە پێناو وەگەڕخستنەوە و پێشخستن و وەبەرهێنانی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیدا کە لەئایندەدا داهاتەکەی زیاتر دەبێت لەو قەرزە کارێکی زۆر ئاساییەوە وەرگرتن و دانەوەشی یاساییە، بەڵام لە دۆخی هەرێمدا وەرگرتنی بڕی قەرزێکی زۆر و سوودەکانی و غرامەی دواکەتنەکانی هێندە گەورە و مەترسیدارن کە هەموان بۆ چەندین ساڵی ئایندە لەژێر قورسایی و کاریگەریەکانیدا دەرناچین و هەست بە خۆشگوزەرانی و نیعمەتی نەوت و سامان سروشتیەکانمان ناکەین.

بۆیە گرنگە کە ئەم حکومەت و دەسەڵاتە پڕۆسەیەکی زانستی و واقعیانەی چاکسازی و ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە سیستەم و کەسەکان و بیر و بەرنامە و یاساکاندا بکات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ تازەگەریەکانی دونیاو ناوچەکە و بەشێوەیەکیووردتر و زانایانە تر و بەئاگایانەتر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و دونیاشدا بکات،و خوێن و فرمێسك و ئەم هەموو دەسکەوتەی ٢٦ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلەکەمان نەکاتە قوربانی چەند ملیار دۆلارێکی ناڕەواو حەرام بۆ خزمەتی سەرکردە و بنەماڵە و حیزب و دەوڵەتانی دەوروبەر.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد وسبەی و سپی میدیا و شەنپرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان
## هەنگاوێگ بەئاڕاستەی دەوڵەتی سەربەخۆیی*

- ئەوەی ئاشکرایە پرسی ڕیفراندۆم لەسەر چارەنوسی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە بۆتە پرسێکی هەنوکەیی و گەرم و زۆر قسەی لەبارەوە کراوە و ڕاوبۆچونە جیاوازەکانی ناوخۆو ناوچەکشی دەربارەی کراوە ، بەلأم بەداخەوە تائێستا هەنگاوێکی پراکتیکی و جدی هەڵنەنراوە بەئاڕاستەی ئەو پرسە، ئەو پرسە لەنێوان ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان مافێکی ڕەوا و سەرەتایی گەلەکەماندا ماوەتەوە ،سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەداخەوە دەربارەی ئەم پرسە یەك و یەکگرتوونین لە گوتار و هەڵوێستەکانیاندا و هیچ هەنگاوێکی کاری هاوبەشیشیان نیە تائێستا، بەڵکو هەریەکە گەرەکێتی ئەوەی بتوانێت بەتەنها بەدەستیبێنێت و بیکاتە چەپکەگوڵی دەستی خۆی و وەك دەسەکەوتێکی حیزبی بۆخۆی تۆماری بکات و دواتریش بیکاتە منەت بەسەر حیزب و سەرکردەو جەماوەری میلەتەکەشمانەوە و بیکاتە قەڵغانێك بۆ پاراستنی خۆی و مانەوە و بەردەوام بوونی لەدەسەلأتدا و پاوانکردن و خۆسەپاندیشی مسۆگەرتر بکات.
- ئەم پرسە پرسێکی زێدە گرنگ و کاریگەرە بۆ ئێستا و ئایندەی نەك هەر ئەم بەشەی باشوری کوردستان بەڵکو بۆ تەواوی ئایندەی نەتەوەکەمان لەهەر چوار پارچەکەدا،چونکە سەرکەوتن و پێدانی دەنگی زۆرینەی(( بەڵێ )) بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جیابونەوەی لەدەوڵەتی مەرکەزی عێراق هەنگاوێکە بە ئاڕاستەی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم بەشەدا و هەر لێرەشەوە پرشنگی خۆر و ڕوناکیەکەشی پەخش دەبێتەوە بۆ هەرسێ بەشەکەی تری کوردستانی گەورە. بۆیە پرسێکی ئاوها گەورە و چارەنوسساز گەرەکە هاوهوڵوێستی و هاو گوتاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئەمنیشی لە پشتەوە بێت،ناکرێت پرسێکی ئاوها گرنگ بەتەنها سەرکردە و حیزبێك و بنەماڵەیەك بڕیاری لەسەر بدات.
- ڕیفراندۆم بۆخۆی پرۆسەیەکی یاسایی و دەستوریە و لەهەموو دەستوری وڵأتان و یاسا نێودەوڵەتیەکاندا دانپییادانراوە و ڕێزیش لە هەنگاوەکە دەگیرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و حکومەتەکانیش،چونکە لەدونیای دیموکراسی و ئازادیەکاندا ڕای زۆرینە سەنگی مەحەکە بۆ یەکلایکردنەوەی پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان،هەرکات دەنگی زۆرینەی سادە کە بریتیە لە ڕێژەی ٥١٪ ی دەنگی جەماوەر و کۆمەڵگاکان ئیدی ئەوە دەبێتە دوابڕیار لەسەر هەرپرسێك کە بخرێتە ڕیفراندۆم و ڕاپرسی گشتیەوە،بەو بیانوەی کە جەماوەر سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەلأتەکانە هەربۆیەش پرسە گرنگەکان وەك((سەربەخۆیی و جیابونەوە و هەموارکردنی مادەکانی دەستور و ڕێکەوتنە گرنگەکان و هاوپەیمانێتیەکان )) دەخرێتەوە بەردەم جەماوەر و زۆرینەی ڕای جەماوەریش ڕێزلێگیراو دەبێت. بۆ یەکەم جاریش لە مێژوودا ڕیفراندۆم لە هەرێمی سانت گاڵنی سویسری لە ساڵی ١٨٣١ پیادە کراوە و دواتر لە زۆربەی وڵأتانی دونیادا بە بچوك و گەورەوە پیادە کراوە و بۆتە شێوازێك لە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ کە ماف دەداتە زۆرینەی جەماوەر بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی مەسەلە گرنگەکان ،نمونەش ڕیفراندۆمی هەرێمەکانی کەتەلۆنیا و باسکی ئیسپانی و ئیسکۆتلەندای بەریتانی بۆ جیابونەوەیان و باشوری سودان کە بوە وڵأتێکی سەربەخۆ و ڕیفراندۆمی جەزائیر بۆ سەربەخۆبوون لە فەڕەنسا لەساڵی ١٩٦٢دا و نوێترین ڕاپرسیش بریتی بوو لە ڕاپرسی گەلی بەریتانیا لە سەر چوونە دەرەوە لە یەکێتی ئەوروپا و ئەوەبوو بەزۆرینەی دەنگ ڕازیبون لەسەر دەرچوونی وڵأتەکەیان لە یەکێتی ئەوروپا و...هتد.
- هەرێمی کوردستان وەك مافێکی یاسایی و دەستوری خۆی وەك دووەم نەتەوەی نێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی بۆی هەیە لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان و نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئەو مافەی خۆی پەیڕەو بکات ،لانی کەم بۆ دەرخستنی ڕای زۆرینەی گەلی کورد لەسەر جیابونەوە یان مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا،خۆ ئەگەر دەنگی

زۆرینە پەسەند و بە ((بەڵێ )) بوو ئەوا دەبێتە دۆکۆمێنتێکی زۆر گرنگ بۆ ڕای گشتی ناوچەکە و دونیا و دەوڵەتەکانیشیان و دەکرێت ببێتە دۆکۆمێنتێکی سەرەتایی کە پێشکەش بەنەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت بۆئەوەی هەنگاوە یاساییەکانی تر هەڵبنرێت و لەکاتی جیابونەوەدا پشتیوانی و پاڵپشتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ مسۆگەر بکرێت، چونکە ئەم پرسە و بەتایبەتیش لەم قۆناغ و زەمانەدا پێویستە زەمینەسازی باشی بۆ بکرێت لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلأیەتیشەوە،ناکرێت وەك پرسێکی سانا و سادە لێی بڕوانرێت چونکە ئەم پرسە لەسەر ئاستی تەنانەت ناوخۆی کوردستانیش و عێراقیش و ناوچەکە و دونیاش گەر دوژمنی زۆریشی نەبێت ئەوا بەدڵنیاییی دۆستیی زۆریشی کەمە، بۆیە دەکرێت گەر نیەتێکی جدی و ڕاستگۆیانە و خەمخۆرانە و کوردانە هەبێت بۆ سەرخستن و چێکردنی ئەو پرسە،ئەوا دەبێت لە ئێستاوە بەنهێنی و بە ئاشکرا سەرکردایەتی سیاسی کورد خەباتی بۆ بکات لەسەر هەموو ئاستەکان و هەموو پەیوەندیەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ڕازیکردن و قبوڵکردنی ئەو پرسە و کۆکردنەوەی پاڵپشتی و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆی، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا خۆری کوردان ڕوو لەبەزی و گەشانەوەی زیاترە بەهۆی پشتیوانی نێودەوڵەتی و زلهێزەکان لەمەسەلەی ڕەوای کورد لە هەرچوار بەشەکەدا بەهۆی ئەو قوربانی و گیانفیدایيە زۆرەی کە کورد پێشکەش بە کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتی کردوە دژ بە بەرەی تیرۆر و تیرۆیستان.خۆشبەختانەش هەموان گرنگی و کاریگەری مقاوەمەت و پێگەی کورد پێدەزانن، هەربۆیە ئەم قۆناغە باشترین و لەبارترین هەلە کە هاتبێتە پێش کورد و مەسەلە ڕەواکەی.

ئەم پرسە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەر چوار بەشەکەشدا پێویستی بە کۆدەنگیەکی سیاسی و جەماوەری هەیە و هەرواش پێویستی بە یەك و یەکگرتویی هەڵوێست و گوتاری هەموان هەیە و گەرەکە نێوماڵی کوردان زیاتر ڕێکبخرێتەوە و هەمئاهەنگی و تەبایی و برایەتی بچەسپێنرێت و داموودەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوەکان لە پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی تریش کارا بکرێنەوە ،چونکە بەبێ ئەم کۆدەنگیە مەحاڵە پرسێکی گرنگی ئاوها یەکلابکرێتەوەو بەقازانجی دۆخی ڕەوای گەلەکەمان بشکێتەوە.

لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیش دەبێت تابتوانین بە ڕەزامەندی و قبوڵکردن و بەخۆشی و دوور لە شەڕ و پێکدادان ئەو پرسەیان لەگەڵدا یەکلا بکەینەوە چونکە لەحاڵەتی جیابونەوەشماندا هەردوولا پێویستمان بەدراوسێیەتیەکی باش دەبێت نەك دوژمنێکی دڕندە.

لەسەر ئاستی ناوچەکەش هەموان دەزانین ولأتانی ئێران و تورکیا و سوریا و دەوڵەتانی سونە مەزهەبی عەرەبیش لە سعودیە و قەتەر و میسر و ئەوانیتریشیان هیچ کامیان دۆستمان نین و ئەو پرسەیان پێخۆش نیە و بە ئاسانیش لێناگەڕێن کە کورد ببێتە خاوەن ماڵ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ،چونکە ئەوان هەمیشە کوردیان بە ناحەز و نەیاری مەسەلەی نەتەوەیی عەرەب زانیوە،بۆیە گەرەکە کە پشتیوانی ئەوانیش بەدەستبهێنرێت.

لەسەر ئاستی ولأتانی گەورە و دونیاش ،ئەوا کورد پێویستە چی لەتوانادا بێت بیکات بۆئەوەی پشتیوانی و ڕەزامەندی ئەوان بەدەستبهێنێت،چونکە دونیای ئێستا دونیای بەرژەوەندی ئابوری و سەرمایەداریە و بڕیارە یەکلاکەرەوەکانیش بەدەستی زلهێزەکانە و بەتایبەتیش ئەمریکا و ڕوسیا و ولأتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا،بۆیە گرنگە کورد پەیوەندیەکانی لەگەڵ گەورە زلهێزەکانی دونیادا خۆش بکات و گەرمتر بکاتەوە بۆئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە فشار بخرێتە سەر ولأتانی ناوچەکە بۆ قبوڵکردنی ئەو پرس و مەسەلە گرنگە.

لەکۆتاییدا ڕیفۆراندۆم مەسەلەیەکە تایبەتە بەکورد خۆیەوەو هەربۆیەش چەند کورد گەرموگوڕ و مکوڕتر بێت لەسەر ئەو بابەتە هێندەش بابەتەکە دەچێتە پێشەوە،بەپێچەوانەشەوە گەر خاووخلیچکی و کەمتەرخەمی تیادا بکرێت هێندەش نائومێد دەبین و ئەو مافەمان پێڕەوانابینرێت، هەروەك وتراویشە هیچ مافێك نادرێت بەڵکو دەسێنرێت بۆیە کورد دەبێت پشتیوانی بەهێز و پلە یەکی تەنهاو تەنها خۆی و بازوو و قوربانیەکانی خۆی بێت ئەوکات پشتیش ببەستێتە سەر هاوکار و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی،بەهیوای ئەوەی کە ئەو خەونە و خەیاڵەمان بێتە دی لە پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆییدا کە هەنگاوی یەکەمی بە ڕیفراندۆم و ڕاپرسی گشتی جەماوەری دەست پێدەکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان وئاڕاستە و وتاری کورد و سپی میدیا و pukmediaو ناوەندی دەرەوە و مەکتەب ڕێکخستن و شەن پرێس و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٦٠٤و هەواڵ ژمارە ٧٠٩لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٣دا بلأوکراوەتەوە.

**لە پەراوێزی یادی ١١٩ ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردیدا...**

## میدیای کوردی لەکوێی گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندایە ؟*

- سەرەتا دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و ئازادبوونی هەموان لە هەرێمی کوردستاندا لەهەموو بوارەکاندا ، هەریەکەش دەستی دایە ئەو کارەی کە حەزیپێدەکرد و لەناویشیاندا کاری ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەنوسی برەوێکی گەورەی هەبوو وەك دەروازەیەکی فراوان بۆ خۆناسین بەخەڵکی و حیزب و سەرکردەکانیش،هەربۆیە زۆرێك لە گەنجان و تەنانەت ئەو کەسانەی کە پێشتریش لەو بوارەدا کاریان کردبوو دەستیان دایەوە قەڵەم و نوسین ،هەربۆیە سەردەمی دوای ڕاپەڕین سەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەوانی کوردی بوو کە تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ و سەردەمی پێگەیاندنی چەندین کادری شارەزا و لێهاتووی ئەو بوارە و کەڵەکەبوونی ئەزموون و شارەزایی لای زۆرێکیان.
- هەموو ئەو ڕۆژنامەنوس و میدیاکارانەی ئێستا کە ناو و ناوبانگێکیان هەیە و هەیانە بۆتە سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری بە متمانە و بەناوبانگ و پڕ خوێنەر و هەشیانە بۆتە بەڕێوەبەری دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی و میدیایی بەهەموو جۆرەکانی (( نوسراو و بینراو و بیستراو و ئەلکترۆنیەوە))، هەموو ئەمانە لەژێر پاڵتۆی میدیای حیزبیەوە دەرچوون و پێگەیشتون و پێشکەوتون و بونەتە کەسانی بەناوبانگ لە دونیای ڕۆژنامەوانی کوردیدا.

- **ئەریٚ ڕۆژنامەوانی حیزبی زیانی هەبوە یان سوود؟**

گەر ئێستا ئەم پرسیارە لە زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان بکەین،ڕاستەوخۆ دەڵێت میدیای حیزبی کارێکی نەگریس و خراپە و دەبێت نەمێنێت و لێیدووربکەوینەوە،چونکە ئازادی ڕەخنەگرتن و نوسینی تیادا نیە،و ناتوانرێت بە ئارەزووی دڵی خۆت تیایدا بنوسیت و لەبەر زۆری چاودێری و هێڵی سوور.بەڵام ئەم وەڵامە ناهەقیەکی زۆری تیادایە،چونکە هەر میدیای حیزبی بوو کە سەرچاوەی پێگەیاندنی ڕۆژنامەنوسەکان بوە بەگەنج و بەتەمەنەکانیشەوە و هەر ئەویش بوە دەست والأو یارمەتی و کۆمەکی مادی کردوون و تواناکانی پێشخستون،ڕاستە حیزب دەسەلأتدارە و لەسەرەتاوە هەر ئەو توانیویەتی کاری دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بکات،بەلأم لەوبوارەشدا زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسانی پێگەیاندوە و بەخەڵکی ناساندوون، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە میدیای حیزبی میدیایەکی ئاڕاستەکراو و قەتیسکراوە لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرژەوەندی حیزبەکەدا و ئەم کارەش نامۆ نیە و کارێکی زۆر ئاساییە،بەلأم هێندەش بەرتەسك و داخراو نەبوون کە ڕێگە بەهیچ ڕەخنەیەکی بونیاتنەر نەدەن و کەموکوڕی حیزب و حکومەتیش دەرنەخەن،بەڵکو لەهەندێك کاتدا بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە حیزبی بوە باشتر و بوێرانەتر دەستی خستۆتە سەر کەموکوڕیەکان و پیشانیداون و جەماوەری لێبەئاگاهێناونەتەوە و ڕای گشتیشی لەسەر بزواندون.

- **ئەی ڕۆژنامەی بەناو ئازاد و بێلایەن چیان کردوە؟**

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆژنامەی ئازاد بە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سایتە ئەلکترۆنیەکانیشەوە هیچکامیان بێلایەن و ئازاد نین و ناشبن،چونکە لەلایەك ستاف و بەڕێوەبەر و سەرنوسەرەکانیان بۆخۆیان کەسانی سەر بە حیزب و لایەن و ئاڕاستەیەکی سیاسی دیاریکراون یاخود لایەنگری سەرمایەدارێکن و لەبەرژەوەندی سەرمایەدار و خاوەن ئیمتیازەکەدا دەنوسن هەربۆیە چاوپۆشی زۆریش دەکەن لە گەندەڵی و کەموکوڕی لە پرۆژە و کارو و سەرمایەگوزاریەکەیدا، ئەوان لە پێناو بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکە یان گۆڤار و سایتەکەیاندا و دەستخستنی پاڵپشتی مادی بۆی هەنگاو بەسەر هەموو ئیتیکێکی ڕۆژنامەوانیدا دەنێن و لەپێناو بلأوکردنەوەی چەند ڕیکلامێکدا هەنگاو بەسەر سەدان وتار و ڕەخنەی جدیدا دەنێن، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و سایتانە ئەو وتارانە بلأوناکەنەوە کەلەگەڵ بیروڕاو تێڕوانین و سیاسەتی خۆیاندا ناگونجێن، هەربۆیە زۆربەیان ڕەنگێکی دیاریکراوی بۆخۆی هەڵبژاردوە و لە میدیا حیزبیەکان زیاتر داخراوترن و ئازادیەکانیان بەرتەسك کردۆتەوە.

- **ئایا ڕۆژنامەوانی کوردی لە ئێستادا چی خستۆتە سەر بنە و بارگە و خەرمانی ڕۆژنامەوانی دێرین و ڕابووروومان؟**

بەڕاستی گەر بەچاوێکی دیقەت و بەویژدانەوە بڕوانینە ئەو بوارەی کە لە ئێستادا جمەی دێت و سیخناخ بوە لە جۆرەها ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و سایتەکان،کە هەموانیان یان سەر بەحیزبێکن یان سەر بە دەزگایەکی ئەمنی و کەسایەتیەکی سیاسین یان سەر بە سەرمایەدارێکی بەدەسەڵاتن یان سێبەر و پاشکۆی ئاڕاستەیەکی دیاریکراون، هیچ کامیان نەیاتوانیوە ببنە جێگەی متمانەی زۆرینەی خوێنەر و ڕۆشنبیران و بەدەلیلی ئەوەی زۆرترین ژمارەی دەرچوونیان لە ٥٠٠٠ هەزار ژمارە تێپەڕ ناکەن ((گەر کەمتریش نەبن)) کە ئێستاش نەگەیشتونەتە ئاستی ڕۆژنامەیەکی حیزبی کە ڕۆژانە دەردەچێت، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە لەوانە:

- ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێن سەرەتا خۆیان ئەهلی قەڵەم و نوسین نین و ئەزمون و شارەزاییەك و پسپۆڕیەکیان نیە.
- ئەوکارەیان کردۆتە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانیان نەك حەز و ئارەزوو و داهێنان و پسپۆڕبوون.
- میدیای ئێستا و میدیاکارانیش لەژێر سایە و ناوی میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن و دژ بەدەسەڵاتدا ئەوەندەی هەوڵی ناوزڕاندن و شکاندن و لەکەدارکردنی لێپرسراوە حیزبی و سەرکردە و ئەزموون و دەسەڵاتەکەی ئەم هەرێمە دەدەن بەنیەتی تەشهیرکردن و ناوزڕاندیان نیوهێندە بەتەنگ گەشەکردنی ئەزموون و ئازادیەکان و ڕەخنەگرتن و پێگەیاندنی کادری پرۆفیشناڵەوە نین.
- ئەم قەیرانە داراییەی کەماوەی ٣ ساڵە بەردەوامە ڕووی ڕاستەقینە و توانای مادی و مەعنەوی زۆرێك لەو ڕۆژنامە و گۆڤار وسایتانەی دەرخست کە تەنها وەك بوکەڵەیەك وابون بەدەست ئەو لایەن و کەسایەتیانەی کە پشتگیریان دەکردن و خۆشبەختانە ڕەسەن و ناڕەسەنەکانی لێك جودا کردنەوە و بەهێز و جێگیرەکانی هێشتەوە و ئەوانی تریشی ڕووبەڕووی دەرگا داخستن و کڵۆمکردنی کردنەوە و تاڕادەیەك بازاڕی ڕۆژنامەوانی کوردی پاککردەوە، هێشتاش ماوە ئەو کارە تەواو بکرێت و بگاتە ئامانجی کۆتایی.
- **ئایا میدیاکان بەحیزبی و ناحیزبیەوە توانیویانە ببنە مینبەرێك بۆ ڕەخنەی ئازاد و جدی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا؟**

بەداخەوە کاری ڕەخنەگرتن نەبۆتە پیشەیەکی سەرەکی لای زۆرێك لە نوسەران و ڕۆژنامەوانان،لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەوەی هەموان ڕوویانتێکردوە بریتیە لە نوسینی وتاری ئاگرین دژی دەسەڵات و سیاسی و سەرکردەکان بۆ ئەوەی بە زووترین کات ببنە پاڵەوانی سەر ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تەلەفزیۆن و سایت و ڕادیۆکان،نا لەبەرئەوەی کە ڕەخنە و دیدو بۆچونێکی زۆر جیاوازیان داهێناوە بەڵکو تەنها لەبەر ناوزڕاندن و شکاندن و خۆدەرخستنی خۆ بوونە،چونکە باش دەزانن ئەو بازاڕە گەرمیەکی زۆری هەیە لەلایەن زۆرینەی جەماوەرەوە، ئەگینا کوان ئەو ڕۆژنامەنوسانە کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وژینگەیی و پزیشکی و ئەندازیاری و یاسایی و ..هتد. دەرکەوتون و قەڵەمیان خستۆتە کار.

ڕاستە کاری ڕەخنەگرتن ئاسان نیە و کاری هەموو کەس نیە، بەڵام خۆ دەکرێت لەماوەی ٢٦ ساڵی ئەم ئەزمونەدا بەنیوهێندەی نوسەری سیاسی و ڕەخنەگری سیاسی ڕەخنەگرانی بوارەکانی تریش دەربکەوتنایە.کەمن ئەو کەسانەی کە خۆ خەریك دەکەن بە دەستخستنە سەر دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناوچەگەرێتی و زیندووکردنەوەی عەشرەتچێتی و برەودان بەدیاردە ئاینی و خورافیەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، کەمن ئەو کەسانەی کە گرنگی دەدەن بەبوارەکانی ژیان و ژیاندۆستی و ژینگە و ئەندازیاری و پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانی ئاینده.

هەربۆیە بەداخەوە ڕۆژنامەوانی کوردی لەگەڵ هەبوونی ئازادیەکی تاڕادەیەك باش لەم هەرێمەداو لەم سەردەمی جیهانگیری و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کەبونەتە مینبەرێکی باش و چالاك بۆ هەموان بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچونەکان و دەرخستنی زۆرێك لە دیاردە نەشازەکانی ناو کۆمەڵگاو بەخێرایی بڵاوبونەوەیان و کۆکردنەوەی ڕای زۆرینەیەك لەسەریان و گەیشتنە بەردەم دەسەڵاتدارانیش بە خێرایی و بێ ڕتووش ،سەرەڕای زیان و لێکەوتە خراپەکانیشیان، بەڵام

ڕۆژنامەوانی کوردی هێشتا لەئاست ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیانەدا نین کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردەواریش بەتایبەتی چاوەڕوانین و و هێشتا بەشکڵ و مۆدێلە کۆنەکەی جارانەوە کاردەکەن و هێشتا دەزگا و دامەزراوەیەکی گەورە و گرنگ و پرۆفیشناڵی نیشتیمانی پەیدا نەبوە کە کار بکات لەسەر ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی ڕۆژنامەوانی کوردی بە ئاڕاستەیەکی پرۆفیشناڵی و مۆدێرن و سەردەمیانە و ئازاد و لیبڕالأنە تا بتوانێت میدیای ئازاد و بێلایەن برەو پێبدات و پاشەکشە بەمیدیای حیزبی بکات، هێشتا حیزبایەتی و کایەی سیاسی هێندە برەو و گرنگیان هەیە کە هێشتا کایەکانی ئابوری و کۆمەڵأیەتی و ئەمنی و فەرهەنگی لەچاویاندا لەئاستێکی نزمدان، هێشتا حیزبایەتی تەسك بیر و ئەندێشەی زۆرێك لە ڕۆژنامەوانانی داگیرکردوە،هێشتا وەلائو ئینتیما بۆ حیزب و سەرکردە و بنەماڵە لە پێش ئینتیمای نەتەوە و نیشتیماندان،جا تا ئەو کاتەی ئەم هەموو ئینتیما نەزۆکانە کاڵ دەبنەوە هیوایەك بە ڕۆژنامەوانی کوردی پەیدا نابێت،بۆیە هەموان لەبەردەم ئەرك و چارەنوسێکی مێژوویداین بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی کوردی ڕزگاربکرێت لەو فۆرمە کۆن و ڕزیوەی جاران و دەستبکرێت بە هەنگاوی نویّ و لەیادی ١٢٠ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردیدا هەق وایە هەموان خۆ ڕزگاربکەین و بەبیروڕاو تێڕوانینێکی نوێوە کایەکە برەو پێبدەینەوە و بتوانرێت ڕۆژنامەوانی کوردی بگەیەنرێتە ئاستێکی باڵأتر و پێگەیشتووتر کە لە ئاست متمانەی کۆمەڵگەی کوردی و ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێکاندا بێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی snnوشەنپرێس و خەندان و puk on line ووتاری کورد و چاودێرنیوز و کوردسات نیوز و pukmedia لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٢٤دا بڵأوکراوەتەوە.

## ئایندەی کوردستان و مەترسیەکانی دەوروبەری*

• کوردستان بە پێی هەڵکەوتە جیۆسیاسیەکەی لە ناو جەرگەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا،هەمیشە کوانووی خەبات و شۆڕش و بەرخۆدان بوە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادی و پاراستنی بوون و مانی خۆی لەسەر زەوی و خاکی باوباپیرانیدا. کورد و کوردستان بەهۆی داگیر و دابەشکردنیەوە بەسەر چوار وڵاتی سەردەستی ناوچەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا هەمیشە لەبەر مەترسی و هەڕەشەی لەناوچووندا بوە، بۆیە هەمیشە کورد لە سەنگەری بەرگریکاری و مقاوەمەتی ڕەوادا بوە بۆ پاراستنی خۆی و چەسپاندنی جوگرافیا و مێژوەکەی.

کورد هیچ کات بەهێندەی ئێستا لەبەر مەترسی و هەڕەشەی لەناوچونی زیاتردا نەبوە ،چونکە تەواوی ناوچەکە بۆخۆی لەبەردەم لێکهەڵوەشاندنەوە و ڕێکخستنەوە و ڕیزبەندیەکی نوێدایە کە هەڕەشەن بۆ سەر هەمووان بە تورك و فارس و عەرەبیشەوە و کوردیش لەو نێوەندەدا بەر هەڕەشە و مەترسیەکان دەکەوێتەوە.

دۆخی کورد لە هەموان خراپترە چونکە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سیادە و سەروەری نیە و سنوری جوگرافیایەکی دانپیادانراویی نێودەوڵەتیشی نیە هەربۆیە خاکی کوردان وەكماڵێکی بێ دەرگاو پەنجەرە وایە و هەموان بە ئاسانی و بێ پرسی خاوەن ماڵ خۆی پیادە دەکەن و تەراتێنی سیاسی و ململانێکانیانی تیادا تاودەدەن لەسەر حسابی کورد و خاکەکەی و بۆیە هەمیشە کورد سووتماك و سووتەمەنی بەردەوامی بێ ئەرزشی ئەو ململانێ ناڕەواییە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانە بوە و هەمیشە بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو جۆرە ململانێیانە.

• دۆخی کورد هەرچەندە هەندێك هیوا و ئومێد سەوزبوون و چەکەرەیان کردوە بۆ وەدەستهێنانی هەندێك دەسکەوت لەپای ئەو قوربانی و مقاوەمەت و گیانفیدایيە زۆرو زەوەندانەی کە پێشکەشی کردوە نەك بەخۆی بەڵکو بەتەواوی ناوچەکە و دونیاش لە دژایەتیکردنی هێزە تیرۆر و تیرۆریستەکان و کورد و شەڕڤانان و هێزی پێشمەرگەکەی بونەتە سیمبولی ئازادی و مقاوەمەت لە ڕۆژئاوا و باشوور و خەباتگێڕێکی سەرسەختی ئازادی و دیموکراسیش لە باکور و لە ڕۆژهەڵاتیش خەباتیان بەردەوامە هەرچەندە وەك بەشەکانی تری کوردستان گەرم و گوڕ و چالاك نین، بەم شێوەیە دەکرێت کورد لە دۆخە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و لەم ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی سنورەکاندا دەسکەوتێکی بۆ وەستبهێنرێت، بەڵام دەسکەوتی گەورەش نا ،وەك ئەوەی کە هەموو تاکێکی کورد خەونی پێوە دەبینێت لە پێکەوەنان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورەی کوردستانی سەربەخۆ لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە پانتاییەکەی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەس و دەوڵەمەندە بەهەردوو سەرچاوەی وزەی نەوت و غازی سروشتی. بۆیە دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بەم شێوە گەورە و پانوپۆڕ و بەهێز و دەوڵەمەندیەوە بۆخۆی دەبێتە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندی زلهێزەکانیش لە ئایندەدا، هەربۆیە بەندە هیچ کات لەو بڕوایەدا نیم کەلەسایەی سیستەمی ئێستای جیهان و بە جیهانبوونی دونیادا کە بۆخۆی لە بنەمادا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی وڵاتە گەورەکانن بۆ وڵاتانی بچوکی بێهێز لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و دانیشتوانیشەوە، بۆیە دەکرێت لانی کەم کوردستانی گەورە تەنها ٤ وڵاتی بچوکی لێدروستبکرێت وەك ئەم بەشانەی ئێستای و لە داهاتووشدا لە پلاتفۆرمێکی فیدڕاڵی یان کۆنفیدڕاڵیدا پێکەوە کاربکەن وەك نمونەی وڵاتانی عەرەبی ئێستا.چونکە زلهێزەکان ئەزمونی تاڵیان لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی ناوچەکە هەبوە کەچۆن هەڵگەڕاونەتەوە دژ بە بەرژەوەندیەکانیان لە ئێرانی سەردەمی شا و ئێستای ئیسلامیەکان و تورکیای ئەردۆگان و ...هتد. بۆیە دەوڵەتی گەورەی کوردستانی سەربەخۆ بەم فۆڕمەی کە کورد دەیەوێت دەبێتە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە و هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا زۆر بچوك دەبنەوە و وڵاتانی زلهێزیش بۆ ئایندە لەم هێزە گەورەیە ترسیان لێدەنیشێت.بۆیە هەق وایە کوردیش بۆ ڕەواندنەوەی هەموو ئەو مەترسیانە خەبات لەسەر ئاستی ئەم پارچانەی ئێستا

بکات و بتوانێت جۆرە دەسەلأت و حوکمڕانیەك پێکبهێنێت و ببێتە دیفاکتۆ و جێگەی ڕەزامەندی هەموان و پەسەندکردنی نێودەوڵەتیش وەك هەنگاوێکی تاکتیکی و قۆناغەکەی پێتێپەڕێندرێت.

- **بۆچی ئەم هەمموو مەترسیە لەسەر ئایندەی کورد هەیە؟**

کورد بۆخۆی تائێستاماڵێکی توندتۆڵ و پتەوی دانەمەزراندوە و تائێستا ئەوەی کەهەیە لەم بەشەی باشووردا تەنها هەرێمێکی بچوکە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا، ئەم هەرێمەش بەداخەوە لەبەر ململانێ سیاسی و حیزبیەکانی نێوان پارت و سەرکردەکان بۆتە قوربانی و هێز و پێزی لەبەر براوە، تازە بەتازە و دوای ٢٦ ساڵ لە ڕاپەڕین و دامەزراندنی دامودەزگا شەرعیەکان لە پەڕلەمان و حکومەت و دادوەری و ئەوانی تر. لەپێناو بەرژەوەندی حیزبی تەسك و قۆرخکاری و پاوانخوازی حیزب و سەرکردەیەکدا هەموو ئەو دەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوانە لەکاردەخرێن و پەك دەخرێن و پەراوێزدەخرێن، لەولاشەوە دروشمی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆیان بەرزکردۆتەوە، ئەم هەنگاوە دووفاقیە زۆر پێچەوانەی یەکترن،لەوەدا کە دەویسترێت مافێکی ڕەواو یاسایی میلەتێك بەدەستبهێنرێت بەلأم بەبێ ڕەزامەندی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی جەماوەر کە پەڕلەمانەو بەبێ یاسایەکی دیاریکراو. یان دەویسترێت دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت بەلأم ئەوەی هەتە لە دامودەزگا شەرعیەکان و ژێرخانی حوکمڕانی لەکاری بخەیت.ئەمە چ جۆرە دروشم و نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی خوازیەکە،یان تەنها وەك دروشم و کارتی فشار بەرزکراوەتەوە بۆ هەندێك دەسکەوتی ناوخۆیی و حیزبی و هەڵبژاردن.

هەق وایە کورد و سەرکردەکانی زۆر بەباشی لە مەترسیەکانی ناوچەکە و دونیاش بۆ سەر کورد و کوردستان تێبگەن و خۆیان خەریك نەکەن بەهەندێك کێشە و ململانێی ناڕەوای ناوخۆییەوە،هەق وایە چیتر واز لە خۆخۆری بێنن و رووبکەنە یەکڕیزی و بەیەك و یەکگرتووی خیتاب و کردارەوە کاربکەن بۆ مقاوەمەت و پلاندانان بۆ خۆپارێز و ڕزگارکردن لەم دۆخە قەتیس و پڕ لە مەترسیەی سەر هەموان. کورد لەکەشتیەکی کونداری ناو دەریایەکی پڕ شەپۆلی هەڵچوی مەترسیداردایە بەبێ بونی کاپتنێکی بە ئەزموون و شارەزا و خەمخۆر.

ئەوەتا تورکیای ئەردۆگانی ئیمپراتۆرخواز بەهەموو لایەکدا پەلەقاژە دەکات بۆ دژایەتی کورد و تەناتەت خۆشی سووك کردوە لەبەردەم ئەمریکا و ڕوسیادا و هەڵپەی هەڵوەشاندنەوەی هاوکاری و یارمەتیەکانیانە بۆ کورد،ئەوەتا تائێستا ڕژێمی بەعسی سوری بەو هەموو لاوازیەوە هێشتا دژایەتی کورد و مافەکانی دەکات، ئەوەتا عێراقی شیعە مەزهەبی لاواز و بێدەسەلأت بەحەشدی شەعبیەوە هەڕەشە لەئێستا و ئایندەی ئەم بەشە دەکات،ئەوە هەر باسی ئێرانی ئیسلامی ناکرێت کە چۆن لەسەرخۆ و بەبێدەنگی کوردی تاساندوە.

بۆیە کورد دەبێت زۆر بەئاگا بێت لەم پێشهات و ڕوداوانەی دەوروبەر و بەدیقەت بێت و کاری جدیش بکات بۆ خۆپاراستن و بتوانێت گەر دەسکەوتی گەورەشی دەستنەکەوێت ئەوەی هەشێتی لەدەستی نەدات. هەق وایە حسابێکی ووردتر بکات بۆ گۆڕانکاریەکان و ئاڵنگاریەکانی دەوروبەری خۆی لەپێناو دابینکردن و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشتردا بۆ کورد و کوردستان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس و pukmedia و مەکتەب ڕێکخستن و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧١٤لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢٠دا بلأوکراوەتەوە.

## ئەرێ شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟*

• بەپێی حەتمیەتی مێژوویی هەردەبێت دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێت و رابگەیەنرێت، جا ئیدی ماوەتەوە سەر زەمین و زەمانی گونجاو بۆ ئەو کارە، ئەو کارەو ئەو دروشم و ئامانجە پیرۆزەش کارو گوتاری جدی و گەرموگوڕی گەرەکە نەك دروشمبازی لە پێناو دەستکەوتی حیزبی و خۆییدا، کاری بنیاتنان و پێکەوەنان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورەی سەربەخۆ وەکو کوردستانی گەورە یان لانیکەم وەك بەشێك لە بەشەکان لە باشور بێت یان ڕۆژئاوا یان باکورو ڕۆژهەڵات بێت کارێکی هێندە ئاسان و ساکار نیە، بەڵکو کوردستانی گەورەش بۆخۆی دەبێتە مەترسیەك بۆ سەر دەرو دراسێکان و بەرژەوەندی گەورە زلهێزەکانیش، چونکە لەڕووی جیۆپۆلەتیك و دەوڵەمەندی بەسەرچاوە سروشتیەکان لە(( ئاوی شیرین و نەوت و غازی سروشتی)) و زۆری ژمارە دانیشتوان ((٥٠ ملیۆن کەس )) و پانوپۆڕی جوگرافیاکەشیەوە (( ٦٠٠ هەوار کیلۆمەتر چوارگۆشە)) لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ خێرو بێر و بەرژەوەندیەکاندا کارێکی ئاسان نابێت،بەڵکو ڕێگاکە پڕە لە دڕکوداڵ و مین و بۆسەنانەوە لەلایەن دەوڵەتانی سەردەستی ناوچەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا و لەدەرەوەی ئەوانیش وڵاتانی سونە مەزهەبی وەکو میسر و سعودیە و قەتەر و ..هتد. و دواتریش ڕەنگە هەندێك لە گەورە زلهێزەکانی دونیاش ئەم کارەیان پێخۆش نەبێت و لانی کەم هانی کورد نەدەن بۆ ئەو هەنگاوە.

بەربەست و ڕێگریەکان زۆرن و کەم نین، بەڵام خۆ ناشکرێت ئاوات و ئامانج و خەونی ٥٠ ملیۆن کورد زیندە بەچاڵ بکرێت و قاچ و دەست بەسراوانە و دەستەو ئەژنۆ دابنیشین و هیچ هەنگاو و پەرچە کردارێکمان نەبێت دژی ئەو هەموو پیلان و ئاڵنگاریانەی لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن و هەن، ئاشکرایە ڕێڕەو و ئاڕاستە و شەمەندۆفێری گۆڕانکاریەکان لەم ناوچەیەدا بەردەوام لە پێشڕەویدایە و ناکرێت و نابێت مێژوو بەتەنها زوڵم هەر لەکورد بکات و ئەم شەمەندۆفێرە بەگەڕکەوتوە هەر لەکوردستاندا هیچ وێسگەیەکی ڕاوەستان و پشوودانی نەبێت. ئێمەی کورد گەر تائێستا وەك نەفەرێکی سادەی ناو ئەم شەمەندۆفێرە بەڕێکەوتبین و بەناچاری گەلێك هەوراز و نشێومان بەڕێکردبێت،ئیدی پێم وایە کاتی ئەوە هاتوە دەنگی خۆمان بەبەرزی و بەربەرچاوی هەموانەوە بەرزبکەینەوەو داوایەکی بوێرانە بکەین بۆ ڕاوەستان و دابەزینمان لەسەر وڵاتی سەربەخۆی خۆمان لەم شەمەندۆفێرە بەڕێکەوتوەدا.

کورد لە ئێستادا بۆتە سیمبوڵی قوربانیدان و مقاوەمەتی دژ بە تیرۆریستان و هەر لەم پێناوەشدا بە هەزاران لە ڕۆڵەکانی خۆی بەخشیوە و قارەمانێتیەکی بێوێنەی نواندوە لەبەردەم هەموو دونیای دیموکراسی و دیکتاتۆریەتدا و ئەوان ئێستا پشتیوانیەکی زۆر گەرم لەمەسەلەی کورد و داوا ڕەواکانی دەکەن و لەکۆڕو کۆبونەوە نێودەوڵەتی و عەرەبی و ئیسلامیەکاندا بەگەورەیی باسی کورد دەکەن، کورد پێشوازی گەرم و فەرشی سووری بۆ ڕادەخرێت لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و ئەوروپا و دونیاشدا، کورد بەهۆی دەوڵەمەندی و زۆر و زەوەندی سەرمایە و سەرچاوەکانی وزەی نەوت و غازی سروشتیەوە بۆتە قیبلەنمای وڵاتان و کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەکانی نەوت و غاز و کێبڕکێ دەکەن لەسەر وەبەرهێنان و کڕین و گەشەپێدانی ئەم وڵاتە.

هەموو ئەم هەنگاو و پێشوازی و بەگەرمی مامەڵەکردنە گەر نیوەشی ڕاستبێت ئەوا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئایندەیەکەی گەش بۆ کوردستان و هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ڕێگە خۆشکردنیشە بۆ پشتیوانی زیاتر و دانپیادانانی، مەحاڵە ئەم هەموو گرنگیپێدانە بە کوردستان چ لە ڕۆژئاوابێت یان باشوور لە خۆڕا هاتبێت و ئەم هەموو سەرۆك و وڵاتانە بەگەورەو بچوکەوە بەبێ پلان و بەبێ حساب کردن بۆ ئایندە پشتیوانی لە کورد بکەن، ڕاستە ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە و بەئاسانیش دەست لە دۆست و هاوپەیمانە دێرینەکانیان بەرنادەن، بەڵام ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگریشە کە هاوکێشەو هاوسەنگی ڕووداو و پێشهات و گۆڕانکاری و هێزەکانیش لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکاندا دەگۆڕێن و پلان و بیرۆکە و دۆست و یاریکەری نوێش پەیدا دەبن و جێگۆڕکێکردنیش پێیان کارێکی مەحاڵ نیە، بۆیە

دەشێت کورد لەم گەمە سیاسی و ئابوری و سەربازیەی ناوچەکەدا جێگە بەهەندێك لە یاریزانە دێرینەکان چۆڵ بکات و خۆی ببێتە جێگرەوەیان گەر یاریزانێکی باش بێت و لە یاساو ڕێساکانی یاریکە باش تێبگات.
بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەرێ شەمەندۆفێری دەوڵەتی کوردی بەکوێ گەیشتوە؟ ڕاوەستاوە ؟یانیش بەردەوامەو لەپێشڕەویدایە؟ دەکرێت کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی؟ یان هەروا بێ دەوڵەت و بێ خاوەن دەمێنێتەوە؟ کاری جدی و لەپێشینە چیە بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە و ؟ دەتوانرێت چی بکرێت؟
وەڵامی ئەم پرسیارانە، کورت و کرمانج بەڵی دەوڵەتی کوردی بەڕێوەیەو شەمەندۆفێرەکەی لەجوڵەی بەردەوامدایە و زۆر نزیکیشە کوردستان ببێتە وێسگەیەکی هەمیشەیی و خەونی ٥٠ ملیۆن کورد بێتەدی و کوردیش وەکو هەموو گەلانی تری ناوچەکە و دونیا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، دەوڵەتی کوردی خەونی هەموانە و ئامانجی هەموو سەرکردە و حیزبێکی کوردی بوە لە ١٠٠ساڵی ڕابووردوی خەباتی کوردایەتیدا، بۆیە هەوڵدان بۆ ئەم دەوڵەتە کاری هەموان و پشتگیری هەموانیشی گەرەکە، بۆیە کاری پێکەوەنان و پلاندارشتن بۆ ئەم هەنگاوە زۆر پیرۆزە پێویستی بەهەمئاهەنگی و کاری پێکەوەیی و لێکتێگەیشتن و خەمخۆری هەموانی دەوێت، بەبێ ئەم کاری هاوبەشیە لەنێوان سەرکردە و پارتەسیاسیەکان و جەماوەری گەلەکەماندا مەحاڵە بە تەنها سەرکردە و حیزبێك چیٚ ببێت!!
هەربۆیە پێویستە هێواش هێواش و لەسەرخۆ و بەبیرکردنەوەی قوڵ و بەرنامەی واقعی و بەخوێندنەوەی هاوکێشە و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و دونیا و بە حسابکردن بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی وڵاتان و کۆمپانیاکان کاری ڕاست و بوێرانە بکرێت بەو ئاڕاستەیە، کاری یاسایی و ئاشتیانە دوور لە توندتیژی و شەڕ و جەنگی خوێناوی، ئامانجمان پێکەوەنانی دەوڵەتێکی یاساییە هەربۆیە دەبێت هەنگاوەکانیشمان یاسایی بن، بۆیە ئەوەی کە ئامانجمانە دەوڵەتی سەربەخۆیە نەك (( شێخ نشینێك یان ئیمارەتێکی دواکەوتوی کۆنەپارێزی بچوك بەوێنەی وڵاتانی کەنداو))کە ئەم دەوڵەتە کوردیەش پێویستی بەدامودەزگای شەرعی و پتەو و دامەزراوەیی هەیە، هەربۆیە پێویست دەکات کە ئەوەی هەمانە لەم بەشەی کوردستاندا لە باشوور بەهێزی بکەین نەك پەکیان بخەین و لەناویان بەرین، ئەم ئامانج و هەنگاوە کاری گەورە و لێبڕانی تەواوی دەوێت بۆیە دەبێت سەرەتا نێوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە و دڕدۆنگی و ناتەبایی و لێکترازانەکان چارەسەر بکرێن،دامودەزگا شەرعیەکان لە پەرلەمان و حکومەت کارا بکرێنەوە، متمانەی جەماوەر بەم دەسەڵات و حوکمڕانیە پتەوبکرێتەوە،سەروەت و سامانی نیشتیمان بخرێتە خزمەت گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانەوە، هێزی پێشمەرگەو پۆلیس و چەکدار ببنە هێزێکی نیشتیمانی و یاسا سەروەر بێت و یەکسانی و ئازادیی و دیموکراسیش ببنە دروشمی ڕاستەقینە و ڕێز لەماف و ئەرکی هاوڵاتیانیش بگیرێت.
لە کۆتاییدا نابێت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ موزایەدەو وەکو دروشمێکی بێناوەڕۆك ئیعلان بکرێت و تەنها بۆ دەسکەوتی حیزبی و بۆ چەواشەکردنی ڕا و شەقامی ناوخۆیی بێت، گەر بەو نیازە کار دەکرێت ئەوا نەك دەوڵەتمان بۆ دانامەزرێت بەڵکو دەبینە ئاردی ناو درك و بۆ ١٠٠ ساڵی ئایندەش خەونەکانمان بە زڕی و نەزۆکی دەمێننەوەو شەمەندۆفێرەکەش تێدەپەڕێت و ئیدی چاوڕوانی و بێئومیدیش دادمان نادات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و وتاری کورد و ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕیفراندۆم لە پێناوی چیدا ؟*

- ماوەیەكە ڕیفرادۆم بۆتە جێگەی باسوخواسی مەجلیسە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیریەكان لەم هەرێمەدا،و هەریەكەش بۆ ئامانجێك و مەبەستێكی دیاری خۆی باسی لێوەدەكات، هەیە بۆ بەرژەوەندی حیزبی و دەسكەوتی هەڵبژاردن و هەشە بۆ فریودانی جەماوەر و شەقامی كوردی و هەشە لەپێناو ئامانجە ڕاستودروستەكەی كوردایەتیدا كە بریتیە لە سەربەخۆیی وەكو دروشمێكی ڕاستگۆیانە نەك تاكتیك و مانۆڕی و موزایەداتی سیاسی بەرزیان كردۆتەوە. بۆیە لەنێوان ئەم فرە بیروبۆچون و ڕەهەند و بیركردنەوانەدا ،مەبەست و ئامانجە ڕاستەقینەكەی ڕیفراندۆم شێواوە.
- بۆخۆی ڕیفراندۆم هەنگاوێكی یاساییە بۆ بەدەستهێنانی داواكاریەكی جەماوەری و میلی لەهەر كۆمەڵگایەكی مرۆڤایەتیدا ،جا ئەو ئامانج و مەبەستە یاسایی و دەستوری بێت یان پەیوەست بێت بە چارەنوس و ئایندەی كۆمەڵگاكە یان وڵاتەكەوە.ڕیفراندۆم مێژوویەكی نزیكەی ٢٠٠ساڵەی هەیە كە لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریكی و دونیادا پیادە كراوە بۆ زۆرێك لەمەسەلەكان كە پێویست بكات ڕای زۆرینەی جەماوەری لەسەر وەربگیرێت.وەك شێوازێكی دیموكراسی ڕاستەوخۆ.
- ڕیفراندۆم (( گشتپرسی )) مەسەلەیەكی گرنگ و هەستیارە چونكە پەیوەستە بە ئایندەی تاك بەتاكی كۆمەڵگاوە هەربۆیە پێویست دەكات كە كۆدەنگیەكی نیشتیمانی و سیاسی و جەماوەری بۆ مسۆگەر بكرێت،نەك بە بڕیارێكی سیاسی لەلایەن حیزب و سەركردەیەكەوە بڕیاری لێبدرێت.
- لەئێستای ئەم قۆناغەی كوردستاندا مەسەلەی ڕیفراندۆم هەم سیاسیە هەمیش یاساییە، لەبەرئەوەی گەر مەبەست لەم پرۆسەو هەنگاوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بێت بۆ ئەم بەشەی باشووری كوردستان ئەوا تەواو مەسەلەیەكی سیاسی و چارەنوسسازە و دەبێت هەمووان بە حیزب و سەركردە و جەماوەرەوە كۆندەنگ بن لەسەر شێواز و میكانیزمی پیادەكردنی و پێكەوە و هەموان تەدارەك و پێداویستیەكان و زەمینە سازی تەواوی بۆ بكەن لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەكە و دونیاشدا، بەهەمان شێوە مەسەلەیەكی یاساییە و دەبێت لە ڕێگەی ئۆرگانە یاسایی و شەرعیەكانی ئەم حوكمڕان و دەسەڵاتەی هەرێمەوە سەرپەرشتی بكرێت و كاری جێبەجێكردنیشی بۆ بكرێت، چونكە كارێكی لۆژیكی نابێت كە داواكاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بكەیت كە ببێتە ئەندام لە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان و ڕێكخراوە ناوچەییەكانی تردا كە هەموانیان بە یاسا پێكەوەنراون ،بەڵام لەهەمان كاتدا دامودەزگا یاسایی و شەرعیەكانی كەهەتە پەكیان بخەیت و لەكاریان بخەیت.
- **ڕیفراندۆم لەم هەرێمی كوردستاندا بۆ دەكرێت ؟ لە پێناو چیدا و ؟ ئامانجەكەی چیە؟**

هەموان دەزانین و نمونەی زیندووی زۆریش هەیە لەدەوروبەر و ناوچەكە و دونیاشدا كە پرۆسەی ڕیفراندۆم لەهەردوو سیستەمی سیاسی تاكڕەوی و دیموكراسیدا ئەنجام دەدرێت،بەڵام ئامانجەكانیان جیاوازە، لە سیستەمی تاكڕەویدا مەبەست چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی تاكڕەو و دیكتاتۆرەكانە و مانەوەیانە بۆ زیاترین ماوە لەسەر كورسی دەسەڵات و دزین و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی میلەتە. بەڵام لە سیستەمە دیموكراسیەكاندا بریتیە لە بەشداری جەماوەر كە سەرچاوەی سەرەكی شەرعیەت و ڕەوایەتی دەسەڵاتەكانە لە یەكلاكردنەوەی مەسەلە چارەنوس سازەكاندا وەك سەربەخۆیی و هەمواركردنەوەی دەستور و ڕەزامەندی لەسەر هاوپەیمانێتیەكان و ..هتد.

هەربۆیە دەبێت ئەم ڕیفراندۆمەی كوردستانیش ئامانج و مەبەستەكەی زۆر ڕوون و ئاشكرا بێت لەلای هەموان بە حیزب و سەركردە و جەماوەریشەوە، كە لە ئێستاشدا دەبێت ئامانج تەنها سەربەخۆیی بێت و پێكەوەنانی دەوڵەتێكی كوردی بێت نەك وەك ڕادەگەیەنرێت كە تەنها مەبەست ئەوەیە كە وەك كارتێكی گوشار بەدەست دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە بێت لەبەرامبەر عێراقدا لەكاتی گفتوگۆكاندا،كە ئەم كارە بۆ خۆی تەواوی ئامانجی پرۆسەكە و نیەتەكانی دەخاتە بەردەم پرسیارگەلێكی گەورە و هەموانیش توشی شۆكێكی بەهێز دەكات لە بەرەو پیرچوون و بەشداریكردنێكی گەرم و گوڕ لەو

هەنگاوەدا.هەربۆیە گەر ئامانج لەم ڕیفراندۆمە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت ، ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆرینەی جەماوەر لەگەڵیدا نابێت و ئەنجامیش شکستخواردنی پڕۆسەکەی لێدەکەوێتەوە کە ئەمەش دەبێتە شەرمەزاریەکی گەورە لەبەردەم جەماوەری ناوخۆی کوردستان و لەبەردەم دەسەڵاتدارانی عێراق و دەرودراسێ و دونیاشدا.

بۆیە پێش ئەوەی کە ئەم پڕۆسەیە چێبکرێت دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەم هەنگاوانە هەڵگرن بەمەبەستی سەرکەوتنی پڕۆسەکە:

١. نوسینەوەی دەستورێکی مۆدێرنە بۆ هەرێمی کوردستان.

٢. چێکردنی پڕۆسەیەکی ئاشتەوایی سەرتاسەری لەنێوان هەموو حیزب و سەرکردە و جەماوەری میلەتەکەماندایە.

٣. تۆکمەکردن و یەکڕیزی و پتەوکردنی نێومالّی کوردە.

٤. کاراکردنەوەی ئۆرگانە شەرعیەکانی دەسەڵاتە لەم هەرێمەدا لە پەرلەمان و حکومەت و دەزگای دادوەری و ...هتد.

٥. ئاسایکردنەوەی بارو وگوزەرانی ژیان و ئابوری و بازاڕی هەرێمە و نەهێشتنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەیە .

٦. ئاسایکردنەوە و گەرموگوڕکردنەوەی پەیوەندیەکانە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا.

بە دڵنیاییەوە تا ئەو هەنگاوانە نەنرێت ئەوا چارەنوسی ڕیفراندۆم نادیار و ناڕۆشن دەبێت. هەربۆیە گەرەکە زۆر بەووردی و بە پلانی پێشوەخت و بە ڕاوێژو پرس کردن بەهەموان و کاری پێکەوەیی هەنگاوەکان بنرێت نەك تەنها سەرکردە و حیزبێك تاك لایەنە و لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و وەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١٧/١١/٦دا ئەم هەنگاوە پێشوەخت و حساب بۆ نەکراوە بنێت. چونکە ئەم پڕۆسەیە دوولایەنەیە و دەشێت بە ((بەڵێ)) پەسەندبکرێت و ڕێژەی ٥١٪ بێنێت و لەهەمان کاتیشدا دەشێت دەنگی زۆرینەی(( نا)) ڕەتیبکاتەوە،بۆیە لە هەردوو بارەکەدا دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێم حسابی وورد بۆ ئەنجامی ڕاپرسیەکە بکەن و خۆشیان ئامادە بکەن بۆ هەموو ئەگەر و ڕوبەڕووبونەوە و کاردانەوەی عێراق و دەرودراوسێ و دونیاش. چونکە گەر پەسەندیش بکرێت لەلایەن جەماوەرە بەڵام لەلایەن وڵاتانی عێراق و ناوچەکەوە ڕەتبکرێتەوەو پشتیوانی نێودەوڵەتیشی بۆ مسۆگەر نەکرێت،ئەوا بەزیانی گەورە دەشکێتەوە بەسەر هەمواندا. هەروەها گەر بە ((نا )) ش ڕەتبکرێتەوە ئەوا دەبێتە مایەی شەرمەزاری و قوڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکان و هێندەی تر نێومالّی کورد پەرت و لێکترازاو دەبێت و بەهەمان شێوەش کێشەکان لەگەڵ بەغداد توندتر و قوڵتردەبنەوە و ئەو پشتیوانی و هاوکاریە ناوچەیی و نێودەڵەتیانەش کاڵتردەبنەوە.

بۆیە کۆبونەوەی ٢٠١٧/٦/٧ ی حیزب و سەرکردە سیاسیەکان لەسەر مەحەکە و بڕیاردان بۆ چێکردنی ڕیفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧شدا نابێت وەك وادەیەك و ڕۆژێکی پیرۆز لێبپەوانرێت و ببێتە کۆتایی هەموو مەسەلەکان،و دەکرێت لەماوەی ئەم ٣ مانگەدا کاری جدی بکرێت بۆ زەمینەسازی تەواو بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆسەیە لە:

- کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئۆرگانەکانی تری حکومەت.
- کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان.
- باشکردن و ئاسایکردنەوەی سیستەمی مووچە و ئابوری و بازاڕ و خۆشگوزەرانی جەماوەر.

چونکە ئەم سێ مەرجە کراوەتە زامنی سەرخستن و کارکردنی پێکەوەیی هەمووان بۆ سەرخستنی ڕیفراندۆم،بۆیە گەر ئەو هەنگاوانە نەنرێت، چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو حیزبانەی بەشداریان لەکۆبونەوەی ٢٠١٧/٦/٧دا کردوە پەیوەست نەبن بە بڕیاری کۆبونەوەکەوە و ئەوەش بۆ خۆی ئاڵنگاریەکی گەورەیە بۆسەر پڕۆسەکە،چونکە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کات و وادەی ڕیفراندۆمەکە لەپێش هەڵبژاردنەکانەوە بە ١ مانگ و ١١ ڕۆژ ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە تاکە حیزبێك

گەرەکێتی ئەجێندای حیزبی خۆی پیادەبکات و ئەنجامی ریفراندۆمەکەش بۆ بەرژەوەندی حیزبی و دەسکەوتی هەڵبژاردنەکان بۆخۆی بقۆزێتەوە،کە ئەمە بۆخۆی خاڵێکی لاوازی تری ئەو کۆبونەوەیەیە. هەروەها پاشگەزبونەوەی سەرۆکی پارتی و مەکتەب سیاسیەکەشی لە ئامانجی ڕاستەقینەی پرۆسەکە کە سەربەخۆییە ئەمیش خاڵێکی لاوازی ترە و هەروەها هەڵوێست و گوتاری ولأتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیاش مایەی دڵخۆشکەر نەبون و هەموان دژی پرۆسەکە بوون کە ئەمەش جارێکی تر چارەنوسی پرۆسەکە بەرەو پوکانەوە و نەکردن و پەشیمانبونەوە دەبات.

- لەکۆتاییدا دەکرێت نیەتەکان و ئامانجەکانی ریفراندۆم زۆر ڕاشکاوانە و بوێرانە ڕابگەیەنرێت بۆ دۆست و نەیاران و کاری جدیش بکرێت بۆ سەرخستنی ئەوەش بەزەمینە سازی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایی دەبێت، ریفراندۆم کە مەسەلەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەییە ناکرێت بچوکبکرێتەوە بۆ ئاستی دروشم و موزایەداتی سیاسی و حیزبی و بۆ بەرژەوەندی دەسەلأت و مانەوە لە حوکمڕانیدا بەکاربهێنرێت، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی خەون و ئاواتی تاك بەتاکی کوردە هەربۆیە نابێت هیچ سەرکردە و حیزبێك بیکاتە دەسکەوتی خۆی. چونکە ئەم پرۆسەیە بەبێ بەشداری هەموان سەرکەوتوو نابێت و ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی ناپێکێت، بۆیە گەرەکە زۆر بەووردی و دیقەتەوە ئەم مەسەلە گرنگ و هەستیارە بۆ کورد و ناوچەکەش لێکبدرێتەوە و دووربکەوینەوە لەهەنگاوی سەرکێشانە و بەڵێن و پشتیوانی لایەن و ولأتانی تر فریونەخۆین و نەمان کەنە پردێك بۆ پەڕینەوەی خۆیان و بمانکەنە دەسکەلا و بەکارمانبێن بۆ مەرامەکانی خۆیان لەناوچەکەدا و کوردستانیش نەکەینە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ولأتانی ناوچەکە و دونیاش ئەوەی هەشمانە لەدەستمان نەچێت و نەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم بەدەست خاڵی و بارگەی وێرانەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا و وتاری کورد و pukmediaو ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن و خەندان و کوردسات نیوز و وێسگە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٣٢٠لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٢٩دا بلأوکراوەتەوە.

# ڕیفراندۆم..هۆکارێك بۆ یەکبون دوو هۆکار بۆ پەرت بوون!*

- بەداخەوە ڕیفراندۆم  لە هەنگاوێکی یاساییەوە کراوەتە سیاسی تەواو و لە ئامانجێکی پیرۆزی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە کراوەتە ئامانجێکی حیزبی و سەرکردەیی و بنەماڵەیی و لە ئەرکێکی ئەم قۆناغە هەستیارەوە کراوەتە دروشمێکی بێ ناوەڕۆك ومزایەداتی سیاسی پێوە دەکرێت و لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ خزمەتکردنی زیاتری دۆز و دۆخی مەسەلەی کورد لە باشوور و هەر ٣ بەشەکەی تری کوردستاندا کەچی بۆتە کاڵایەکی هەرزان و تاڵانفرۆش بۆ دەسکەوتی حیزبی و وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا(( ئەگەر لەکاتی خۆیدا بکرێت)).

- بۆیە بەڕاستی ڕیفراندۆم کە لە بنچینەدا پێویستی بەیەك ڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە و پێویست دەکات کە کۆدەنگیەکی سیاسی و میلی لەچواردەور کۆبکرێتەوە و هەوڵبدرێت هەموو ناکۆکیە سیاسیەکان وەلابنرێن و هەموان پێکەوە دەست لەناو دەست کاربکەن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە گرنگە و هانی ئەندامان ولایەنگر و تەواوی جەماوەری پانوپۆڕی گەلەکەمان بدرێت بۆ پشتیوانی کردنی، هەروا هەوڵبدرێت ڕیفراندۆم بکرێتە دەروزای ئاشتبونەوە و ئاشتەوایی لەنێوان هەموو حیزب و سەرکردە و جەماوەریشدا و ببێتە مایەی سازانی نیشتیمانی و  دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆکردن و یەکخستنی گوتار و کرداری هەموان لەچوارچێوەی پلانێکی وورد و واقعیدا کە بگونجێت لەگەڵ هەموو گۆڕانکاری و ئاڵنگاریەکانی ناوچەکە و دونیا و دەوروبەریشدا و بۆئەوەی ڕیفراندۆم ببێتە مایەی دەسکەوتی زیاتر و بەهێزبوونی بەرەی ناوخۆیی لە کوردستان و ڕەوینەوەی مەترسیەکانی ئاینده و ڕێگەخۆشکردن بۆ قبوڵکردنی دەرودراوسێ و دونیای دەرەوەش بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە ڕەوایەی کە میلەتێکی  ٤٠ ملیۆن کەسی لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا سەدان ساڵە خەبات و قوربانی بۆ دەدەن.

- بۆئەوەی ڕیفراندۆم لە جوغزێکی تەسك و بچوکی  مەرامی تایبەتی و حیزبیدا بێتە دەرەوە و ببێتە دروشم و ناونیشانی خەباتی ئەم قۆناغەی کوردایەتی کە هەموان تیایدا بەشداربن و بەمەش ڕیفراندۆم ببێتە سەرەتایەکی بێ کۆتای یەك و یەکگرتنەوە و یەکبونی ڕیزەکان، کەچی بەداخەوە  ڕیفراندۆم نەك نەبۆتە هۆکاری پێکەوەکارکردن و لێکنزیکبونەوە بەڵکو  تەواو بۆتە هۆکاری پەرتبوونی زیاتری ڕیزەکان و لێکدوورکەوتنەوە و دڕدۆنگبوونی زیاتری سەرکردە و حیزب و جەماوەر لەگەڵ یەکتردا.

- ڕیفراندۆم لەجیاتی ئەوەی تەنها یەك مانا و یەك مەبەستی  بۆ لێکبدرێتەوە کە ئەویش بریتیە لەوەی کە تەنها ئامانج لێی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردیە نەك وەك کارتێکی فشار و مساوەمەکردن بەکاربهێنرێت لەبەرامبەر دەرودراوسێکان و وەك دەسکەوتێکی حیزبیش لێی بخوێنرێتەوە، بەداخەوە بۆتە ئەو دێوەزمەیەی کە هەریەکە بۆ خۆی و لەبەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خۆیەوە لیێ دەڕوانێت و تەفسیر و تەئویلی جیاوازی بۆ دەکات بۆئەوەی بیکاتە دەسکەوتی خۆی و حیزبەکەی و خۆی ببێتە قارەمان و پاڵەوانی پرۆسەکە و ئیدی تاهەتاهەتایە ئەم سەرکەوتن ودەسکەوتەمان پێبفرۆشێتەوە و تا مردنیش لەسەر کورسی حوکمڕانی و دەسەڵات بمێنێتەوە.

- ڕیفراندۆم بۆخۆی کاری دەستەجەمعی حیزب و سەرکردە سیاسیەکانە بەگەورە و بچوکەوە، ودواتریش ئەرکی تاك بەتاکی میلەتە و پەیوەستیشە بەچارەنوسی هەموانەوە و کاریگەریشی بەباش یان خراپ دەبێت بۆ ئایندەی هەموان، لەبەرئەوە ئەم پرۆسەیە بەبێ هاوکاری و هەمئاهەنگی و تێگەیشتن و پێکەوەکارکردنی هەموان سەرناگرێت، بۆیە هەرچی دواکەوتن و مراوەغەکردن  و تاکتیك و خۆگیلکردن هەیە دەربارەی چێکردنی ئاشتەوایی و کاراکرکردنەوەی داموزدەزگا شەرعیەکان و لەپێش هەموانیشەوە پەرلەمانی کوردستان و بەیاسایی کردنی پرۆسەکە ، هیچ هەنگاوێکی تاك لایەنە و خۆسەپێنانە لە ئامانجە ڕاستەقینەکە کە سەرکەوتنی پرۆسەکەیە نزیکمان ناخاتەوە.

- ئەرکی سەرەکی هەموو سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانیشە کە هەوڵی جدی بدەن بۆ یەك و یەکخستنی گوتار و کرداری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و توندوتۆڵکردن و پتەوکردنی ڕیزەکانی میلەتەکەمانە ئەوەش بە نەرمی نواندن و سازشکردنە بۆ

یەکتری و نواندنی خەمخۆری لە ڕادەبەدەرە بۆ ئایندەی میلەتەکەمان، پێش هەرهەنگاوێك بە ئاڕاستەی دەرودراوسێکان و دەرەوەی ناوچەکە ،گرنگە بەرەی ناوخۆیی خۆمان و نێومالّی خۆمان توندوتۆڵبکەین و یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بکەین ،چونکە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە وەستاوەتە سەر هیمەت و خۆڕاگری و ڕاستگۆیی خۆمان ،ئەوسا دەکرێت هۆکاری دەرەکیش یارمەتیدەر بێت لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەوە ببنە پشتیوان و دانبنێن بە ڕەوایەتی و ڕاستودروستی پرۆسەکەدا و ئیدی دەروازەیەکی گەورەتری ناوچەیی و نێودەوڵەتیمان بەسەردا بکرێتەوە.

لەکۆتایدا ڕیفراندۆم پرۆسە و هەنگاوێکی یاساییە و ئامانجیش لێی پێکەوەنان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە کە ببێتە ئەندامێکی کارا لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکاندا و ببێتە ئەندامێکی یاسایی و لەچوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا هەڵسوکەوت بکات ،هەربۆیەش پێویستە بە هەنگاوە یاساییەکان و دامودەزگا یاساییەکانی وڵاتدا تێپەڕببێت،ئیدی پێویست ناکات یاساکان و دامودەزگا شەرعیەکان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی بچوکی حیزبایەتی بەکاربهێنرێت،چونکە هیچ دەسکەوتێکی حیزبایەتی لە دەسکەوتە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان گەورەتر و پیرۆزترنین، بۆیە کارێکی عەقڵانی نابێت کە قوربانی بە ئامانج و مەبەستێکی پیرۆز و ئایندەی میلەتەکەمان بدەین لە پێناو دەسکەوت و بەرژەوەندی تەسك و بچوکی حیزب وسەرکردە و بنەماڵەکاندا . دەبێت ڕیفراندۆم ببێتە هۆکارێکی ڕاستەقینە و هەوێنی یەکبون و یەکگرتوویی زیاتری ڕیزەکانمان نەك پەرتبوون و لێکترازانی . چونکە بەبێ بوونی کۆدەنگیەك و گشتگیریەکی سەرتاسەری پرۆسەی گشتپرسی لەسەر ئایندەی میلەتەکەمان مەحاڵە سەربگرێت و ئامانجە ڕاستەقینەکەشی بپێکێت چونکە ئەم گشتپرسیە پێویستی بەدەنگی تاك بەتاکی میلەتەکەمان هەیە و بەتەنها کاری نوخبەی سیاسی و سەرکردە و حیزبەکان نیە .

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و سپی میدیا و وتاری کورد و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢١لە ڕێکەوتی٢٠١٧/٧/١٣ دا بلاْوکراوەتەوە.

## کورد
## لەناوجەرگەی گۆڕانکاریەکان و لەبەردەم ئاڵنگاریە مەترسیدارەکاندا!*

• لەم قۆناغەی ئێستادا کە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پێیدا ڕاگوزەر دەکات، لەهەرە مەترسیدارترین قۆناغە لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوودا،چونکە هەمان دۆخی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوو بەخۆوە دەبینیت لە دابەشکردنەوەی نەخشەی ناوچەکە و داگیرکردنەوەی بە شێوازێکی نوێ و ڕووخاندن و هەڵتەکاندنی هەندێك دەوڵەت و دروستبوون و پێکەوەنانی هەندێکی تر. ڕێك ئەم کەشوهەوایە هەمان کەشوهەوای سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕێکەوتنامەی سایکس _بیکۆی نێوان زلهێزەکانە. ئەوکات ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هۆکار بوو،لە ئێستادا کێشەی سوریا و عێراق و کورد و بوونی مەترسیەکانی تیرۆر و تیرۆریستان((داعش و هاوشێوەکانی )) و تورکیا و ئێران هۆکارن بۆ ئەو پرۆسە گرنگ و هەستیارە لەم ناوچە گرنگەی دونیادا، ئەوکات بەریتانیا و فەرەنسا بڕیاربەدەستی یەکەم و کۆتا بوون ئێستا ئەمریکا و ڕووسیا بڕیاردەرن.

• کورد لەهەر دۆخێکی هاوشێوەدا ،دەسکەوتی بەرکەوتوە بەڵام بەداخەوە لەلایەك پشتتێکردنی زلهێز و هاوپەیمانەکان لێی و لەلایەکیش کێشە و ململانێ ناوخۆیەکان و هەڵنەسەنگاندنی وورد و تێنەگەیشتن و نەبوونی ڕوئیایەکی ڕاست و دروست بۆ گۆڕانکاریەکان و ئاڵنگاریەکانی دەوروبەر هیچ کات نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و هەموو دەسکەوتەکانیشیان لەدەستداوە، ئەوەتا لە کۆتایی جەنگی یەکەمدا کورد توانی ببێتە خاوەنی بڕیاری کۆنگرەی ئاشتی ساڵی ١٩٢٠ لە سیڤرە لە فەرەنسا بۆ پێکەوەنانی قەوارەیەکی کوردی،بەڵام هەرزوو دوای ٣ساڵ خەونەکانی بەبادا دران، دواتر لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا توانرا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆمارێکی ساوای ١١ مانگی پێکەوەبنرێت بەڵام ئەویش هەرزوو زیندە بەچاڵکرا. بەداخیشەوە کۆتایی شۆڕشی ١٢ ساڵ و ٤ مانگەی ئەیلولیش لەئەنجامی گەمەی نێودەوڵەتی و بێتوانایی سەرکردایەتی ئەوکاتی کورد ئەنجام نسکۆ و شکستخواردن بوو، ئەوەی کە جێگەی دڵخۆشیە و درێژترین ماوە و تەمەنی هەیە لەحوکمڕانی کوردیدا بریتیە لەم ئەزمونەی باشووری کوردستان کە ماوەی ٢٦ ساڵە بەردەوامە و توانراوە ببێتە خاوەنی جومگە و ئۆرگانە سەرەکیەکانی حوکمڕانی و گەشە و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان دابینبکرێت و بتوانرێت ببێتە جێگەی ئومێدی هەموو کوردانیش.

• بەڵام ئەم ئەزموونەش لە ئێستادا کەوتۆتە بەر مەترسی ناوخۆیی و ناوچەکە و دونیاش و ڕووبەڕووی گەلێك ئاڵنگاری گەورە و مەترسیدار بۆتەوە، کە پێکەوە هەموانیان دەتوانن ببنە هۆکار بۆ لەناوچوون و نابوتکردنی وەك ئەزمونەکانی ڕابووردوومان، گەر زوو بەزوو نەکەوینە خۆمان بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لەم دەسەڵات و حوکمڕانیە.

• خۆشبەختانە لەئێستادا ئەستێرەی بەختی کوردان لەدرەوشانەوەدایە و بەبەراوورد بە ١٠٠ ساڵی ڕابووردوو زۆر گەشەو برەوی سەندوە و لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش ناسراوتر و خاوەنی پشتیوانی و هاوکار و هاوپەیمانانی بەهێزیشە،بەڵام هەموو ئەمانە نابنە فریادڕەسی مەسەلەکەمان، چونکە بەرەی ناوخۆیی لەنێو ماڵی کورد خۆیدا شەپریوە و پەرت و لێکترازاوە،جا هەر کات بەرەی ناوخۆیی هەر کۆمەڵگایەك توندوتۆڵ و یەك و یەکگرتوو نەبوو ئەوا بەدڵنیایی هۆکارە دەرەکیەکان کاریگەری ئەوتۆیان نابێت،چونکە هۆکارە دەرەکیەکان بنچینەیی نین بەڵکو تەنها یارمەتیدەرن.

• ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئەوەیە کە هەرچەندە دۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی کورد خراپە،لەبەرامبەریشدا دۆخی دەوڵەتانی سەردەستی ناوچەکەش لە تورکیا و ئێران و عێراق رو سوریا و سعودیە و ...هتد زۆر خراپترن،چونکە گەر ئەوان باش و پتەو و یەکو یەکگرتوو بونایە ئەوا کورد بەتەنها دەبوە پۆڕی خوراو و هەموانیان پێکەوە ئەم ئەزمونەی گەلەکەمانیان تێکوپێکدەدا. ئەوانیش هەموانیان کێشەگەلێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و

نێودەوڵەتی قورس و سەخت و ئاڵۆزیان هەیە لەناوخۆی خۆیاندا و لەنێوان خۆشیاندا و لەگەڵ زلهێزەکانیشدا،هەربۆیە ئێمەی کورد چەند گیرۆدە بوین ئەوانیش دەهێنده.

- بەڵام ئەوەی کە دۆخی کوردی سەخت و ئاڵۆزتر کردوە ئەوەیە کە کورد نەبۆتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و خاوەنی سیادە و سەروەری و سنوری نێودەوڵەتی خۆی نیە،هەربۆیە دۆخی لاواز و زۆر ناسکە و مامەڵەی سیاسی و ئابوری و سەربازی سەربەخۆی لەگەڵدا ناکرێت.
- لەئێستادا دروشمی قۆناغی خەباتی کوردایەتی لەم بەشەی باشووردا بۆتە ((چێکردنی ڕیفراندۆم)) بۆ یەکلایکردنەوەی ڕای زۆرینەی جەماوەر لەسەر چارەنوسی خۆی،بەرەو سەربەخۆیی یانیش مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا، بەداخەوە ئەم هەنگاوە هێندەی بۆتە پەرتکردنی زیاتری ڕیزەکان نەبۆتە هۆی کۆکردنەوە و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆیمان،هەربۆیەش مەترسیەکان و ئاڵنگاریەکان گەورەترو مەترسیدارتربوون لەسەر ئایندەمان.چونکە ئەوەی هەست پێدەکرێت چێکردنی ڕیفراندۆم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نیە لەم بەشەدا بەڵکو وەك کارتێکی فشار دەبێت لەبەرامبەر بەغداد و دراوسێکاندا،کەئەمەش بۆخۆی کارێکی عەقڵانی و لۆژیکیانە نیە بەڵکو هێندەی تر ڕق و دەمارگیری دوژمنانی ناوچەکە بەرامبەرمان زیاد دەکات و فشار و گوشار و گەمارۆ سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانیان لەسەرمان زیاتر و توندتر دەبێت.
- ئێمەی کورد ١٠٠ ساڵە خەبات دەکەین لە پێناو دەوڵەتی سەربەخۆیدا بەمەبەستی پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری و سنوری جوگرافی و سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراسی کە ئازادیەکان و سەروەربونی یاسا و چەسپاندنی عەدالەت و نەهێشتنی گەندەڵی و حکومەتێکی خاکی و میللی تیادا پیادە بکرێت کە ئەمە ئامانجی یەکەم و سەرەتای هەموو دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام تێگەیشتن و مامەڵەی سەرکردایەتی ئەم قۆناغەی ئێستای کوردایەتی پێچەوانەی ئەو بنەمایانە هەڵسەوکەوت دەکەن و لە ماوەی ئەم ٢٦ ساڵەی حوکمڕانیدا نەیانتوانیوەبنەماکانی دەوڵەتی سەربەخۆ پێکەوە بنێن و نەیانتوانیوە دیاردە دزێوە کۆن و ڕزیوەکانیش لەبنبێنن ،دەوڵەتی نەتەوەیی دووەم ئامانجیشی بریتیە لە گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی خۆی،نەك برسیکردن و بێخزمەتکردن و زوڵم و چەوساندنەوە و پەشیمانبونەوە لەهەموو بنەماکانی شۆڕش و خەبات لە دیموکراسی و ئازادی و عەدالەت و خۆشگوزەرانی. دەوڵەتێك کە نەبێتە مایەی چەسپاندنی عەدالەت و بنبڕکردنی گەندەڵی و هێندەش غرورو بێمنەت بێت لە خەڵك و جەماوەر و میلەتەکەی هەر نەبوونی باشترە.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،گەر کورد هەر سوور بێت لەسەر چێکردنی ئەم ڕیفراندۆمە ئە نجامەکان چی دەبێت؟ لەناووچوونی ئەم دەسەڵاتە یان سەرخستن و پتەوکردنی و بەردەوامبوونی دەبێت؟ ئایا سەرکردایەتی سیاسی ئامادەسازی تەواوی کردوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاڵنگاریە مەترسیدارەکانی دەوروبەری؟ ئایا حسابی گەمارۆ و فشارەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو دونیاشی کردوە؟ئایا گرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەکەی لەناوخۆشدا بەدەستهێناوە؟**

وەڵام ،بەداخەوە لەناوخۆدا یەك و یەکگرتوو نین نەلەگوتار و نەلەکرداردا،کە بۆخۆی ئەمە خاڵی هەرە لاوازی بڕیار و پرۆسەکەیەو مەترسی گەورەشە بۆ سەرنەکەوتنی، لەگەڵ عێراقیشدا هیچ جۆرە ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن بە خۆشی و دوور لە دەمارگیری نەکراوە، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێشدا هەمئاهەنگی و تەبایی و لێکتێگەیشتن سازنەدراوە، لەگەڵ وڵاتانی زلهێزیشدا بەهەمان شێوە ئامۆژگاریکراوین کە ئەو پرۆسەیە لەم کاتەدا گونجاو نیە(( ئامۆژگاری زلهێز و دەسەڵاتدار هەمیشە جۆرێك لە هەڕەشەی لەپشتەوەیە)) و دەزگایەکی بەمتمانەی نێودەوڵەتیش وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت ئێمە پشتیوانی و پشتگیری و سەرپەرشتی پرۆسەکە ناکەین تا لە ڕێگەی عێراقەوە داوەتنەکرێین. بۆیە سووربوون لەسەر بڕیارێکی هەم چارەنووساز و هەمیش گرنگ و هەستیار بۆ هەموان کەبەم شێوەیە ئامادەسازی بۆ نەکرابێت و حساباتی وردی بۆنەکرابێت و خوێندەوەی هاوکێشە و بەلانسی هێزەکانیشی بۆ نەکرابێت،جگە لەکارێکی سەرکێشانە چیدی تر نیە و نابێت و ئەنجامەکەشی ماڵوێرانی و تێکدانی ئەم ئەزموونە و گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێك و

دووبارە بونەوەی مێژووی ڕەشی لەناوچوونی حکومەت و کۆمار و شۆڕشەکانی ڕابووردوومان دەبێت بەڵاّم ئەمجارەیان خوێناویتر و کاریگەرتر دەبێت بۆ ١٠٠ ساڵی ئایندەمان.

**ئەی چارەسەر چیە؟**

چارەسەری مامناوەندی بۆ تێپەڕکردنی ئەم قۆناغە و ڕەوینەوەی مەترسیەکان و ئاڵنگاریەکانی دەوروبەر،بریتیە لە خۆڕێکخستنەوەی زیاتری نێوماڵی کورد و باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغداد و دەرودراوسێکان و هەوڵدانی زیاتریشە لەگەڵ زلهێز و هاوپەیمانەکاندا کە پشتیوانی زیاتری مانەوە و بەردەوامبوون و بەهێزکردنی ئەم ئەزمونەمان بکەن،تاکاتێکی گونجاوتر و لەبارتر بۆ هێنانە دی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی،ئەوەش کاتێك دەبێت کە دەوڵەتە باڵاّدەستە ناوچەییەکان لە تورکیا و ئێران و سعودیە و میسر و عێراق بەم گەورەیی و بەهێزییە و یەکگرتویە نەمێننەوە،ئەو کات کورد دەتوانێت بگاتە ئامانج و خەونە لەمێژینەکەی خۆی و زاڵیش بێت بەسەر هەموو ئاڵنگاریە مێژوویی و جوگرافیی و سنور و تابۆ نێودەوڵەتیەکان و ببێتە کاراکتەرێکی بەهێزیش لەناوچەکەدا کە هەموو بنەما سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی هەیە.

بۆئەوەی بشبینە دەوڵەتێکی یاسایی و دانپیادانراوی نێودەوڵەتی دەبێت لە ڕێگە و ڕێچکە یاساییەکانەوە دەستپێبکەین و ئەویش بە کاراکردنەوە و توندوتۆڵکردنەوە و چەسپاندنی زیاتری دامودەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوەکانی هەرێمەکەمان دەبێت لە پەرلەمان و حکومەت و دەزگای دادوەری و سەروەربونی یاسا و چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ،ئەگینا بەپێچەوانەوە دەبینە دەوڵەتێکی دەرچوو لە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان و هەموانیش دژمان دەوەستنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا وشەنپرێس و سبەی و وتاری کورد و خەندان و مەکتەب ڕێکخستن و pukmediaوستانداردکورد و کوردساتنیوز وpuk onlineو ئاڕاستە و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢٢ و کوردستانی نوێ ژمارە٧٣٣٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

## ڕیفراندۆم لە هۆکارەوە بۆ ئامانج !*

- لە ئێستادا نزیکەی کەمتر لە ٢ مانگی ماوە بۆ ٩/٢٥ کە وادەی چێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆمە لەهەرێمی کوردستاندا و تا ئێستاش هەنگاوگەلێکی جدی نەنراوە بۆ سازدان و سەرخستنی پرۆسەکە چ لە ڕووی سیاسیەوە بێت کە پەیوەستە بە بەرنامە و کاری پێکەوەیی و کۆدەنگی نیشتیمانی سیاسی و میللی و پەیوەندی بە ڕێکەوتنی سیاسی نێوان سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانەوە هەیە ،یان لە ڕووی یاساییەوە بێت کە پەیوەندی بەکاراکردنەوەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسا و ڕێسای تایبەت بەو پرۆسەیەوە هەیە، یاخود لە ڕووی لۆجستی و تەکنیکیەوە بێت کە پەیوەستە بە کۆمسیۆنی بالآی هەڵبژاردنەکانەوە لە کوردستاندا.
- بەم شێوەیە مەسەلەی ڕیفراندۆم لە گەرموگوڕیەکی سەرەتاوە گۆڕدراوە بۆ مەسەلەیەکی ساردوسڕ و تەنانەت بۆ دژایەتیکردنیشی بەئاشکرا لەلایەن هەندێك کەس و گروپەوە وگرنگی و تۆخی سەرەتای نەماوە،ئەوەش لەبەر گەلێك هۆکاری تایبەت بەناوخۆی کورد کە کۆدەنگ نین لەسەر چۆنێتی چێ کردنی پرۆسەکە و هەمئاهەنگی و تەبایی و متمانەی تەواویش لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا نیە و دۆخی دابڕان و لێکدووربوون کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر نزیکبونەوە و لێکتێگەیشتنە سیاسیەکان و لە ئێستاشدا باس لە دواخستنی پرۆسەکە دەکرێت هەمووشی لەبەر ئەوەی لەناوخۆی هەرێمدا کەشوهەوای لێکتێگەیشتن و نزیکبونەوە و کاڵکردنەوەی ململانێکان زاڵتر نیە بەسەر کەشو هەوای عینادی سیاسی و پێداگیری منالآنە لەسەر خواست و ویستە سیاسی و حیزبیەکان.لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و دونیاش هەموان زۆر بە ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندوە کە کاتی چێکردنی ڕیفراندۆم گونجاو نیە و دەکرێت لە ئایندەدا و لەکات و ساتی گونجاوتردا ئەو بابەتە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت ،چونکە هێشتا بیانوی شەڕی داعش ماوە و ناوچەکەش بەرگەی گۆڕانکاری و تێکچوون و خراپتربوونی باری سیاسی و ئابوری و ئەمنی تازە ناگرێت.
- ڕیفراندۆم هێندەی لەبارەوە گوتراوە ، لە هۆکار و هەنگاوێکی سەرەتاییەوە بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیبوون گۆڕدراوە بۆ ئامانجێکی تەواو و هەموان پێیانوایە بە چێکردنی ڕیفراندۆم ئیدی هەموو خەون و ئاواتەکانمان دێنە دی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا، بەلآم ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕیفراندۆم هەنگاو و هۆکارە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو نەك ئامانجی کۆتایی بێت ، لەنێوان پرۆسەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیشدا مەودایەکی فراوان هەیە و دەکرێت لە ڕێگەی دانوسان و گفتوگۆی ئاشتیانەوە لەناو خۆی کورد و لەگەڵ عێراق و دواتریش لەگەڵ دەرودراوسێکان و ئینجاش لەگەڵ زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانیش قسەی لەبارەوە بکرێت، جا تا ئەم هەموو کار و هەنگاوانە دەنرێت دەکرێت کاتێکی دوورودرێژتریش پێویست بێت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.
- هەربۆیە بەداخەوە ڕیفراندۆم لەلای هەندێك حیزب و سەرکردە بۆتە بابەتێکی بازرگانی بۆ دەستخستنی دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و هەڵبژاردنەکان و بۆئەوەی بیکاتە دەسکەوتی خودی سەرکردە و حیزبێك و دواتریش بیکاتە مقاشێك بۆ دەستبەسەراگرتنی ئایندەی وڵات و میلەتەکەمان،لەبەرامبەریشدا ژمارەیەك لایەن و سەرکردەی تر دژ بەو هەڵوێستەن و کار دەکەن بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم بە مەرج و داواکاری ئەوان جێبەجێبکرێت و ئەوانیش هەمان مەبەستی لایەنی بەرامبەریان هەیە بۆئەوەی خۆیان بکەنە قارەمانی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم و دواتریش سوودی لێوەربگرن بۆ دەسکەوتی حیزبی و هەڵبژاردنەکان.
- بۆیە لە ئێستادا پرۆسەی ڕیفراندۆم کە لە ڕاستیدا یەك تاکە مەبەست و ئەرکی هەیە ئەویش وەرگرتنی ڕای زۆرینەی میلەتە لەسەر چارەنوسی خۆی لە مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیدا یان سەربەخۆبوون و جیابونەوە لەو دەوڵەتە.لەمە زیاتر ڕیفراندۆم نابێتە ر فریادڕەسی تەواوی ئامانجەکان، بەلآم لەم نێوەندی ململانێ و ناکۆکی و دۆخە بارگەویەی هەرێمدا ڕیفراندۆم بۆتە کالآیەکی بازرگانی هەرزان بەها بەدەست هەموانەوە لە سیاسیەکان تا ڕۆشنبیر و نوسەر و ڕوناکبیران و تادەگاتە کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و سەرتاپای میلەتەکەشمانی گرتۆتەوە، و هەریەکە

گەرەکێتی لەنێوان ((بەڵێ )) و (( نەخێر))دا قازانج و سوودێکی بازرگانی بکات و دەسکەوتێك هەرچەندە کەمیش بێت دەستی بکەوێت،بەمەش هەموان پێکەوە دەبنە هۆی مردارکردنەوەی ڕیفراندۆم و بەتاڵکردنەوەی لە مانا و کرۆکە ڕاستەقینەکەی خۆی،ئەمەش بۆ تەنها مەرام و ویست و خواستی تایبەتی سەرکردە حیزب و لایەنە سیاسیەکانە.

- بۆیە ئەرکی هەموان و خەمخۆرانی ئاینده و چارەنوسی گەلەکەمانە کە هەوڵی جدی بدەن بۆ سەرگرتن و سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و هەموان پێکەوە لە ئامانجە سیاسی و یاساییەکەی دەرینەکەن و بەدووری بگرن لە ئامانج و خواستی بازرگانی پێوەکردن،چونکە ناکرێت کە بازرگانی و مامەڵە و سەودا هەرزان بەها بە پرۆسەیەکی وا گرنگ و هەستیارەوە بکرێت کە پەیوەستە بە ئایندەی دەیان ساڵی داهاتووی نەتەوە و نیشتیمانەکەمانەوە لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا، چونکە سەرنەگرتن و لەدەستدانی ئەم هەنگاو و دۆخ و قۆناغ و هەلەی کە هاتۆتە پێشەوە کاریگەری گەلێك گەورەی بۆ ئاینده و سەنگ و قورسایی مەسەلەی کورد دەبێت لەناوخۆ و لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و بەهەمان شێوەش سەرنەگرتنی پرۆسەکەش شەرمەزاریەکی مێژووی دەبێت بەتەوێڵی هەموانەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی چاودێر و خەندان وpukmediaو وتاری کورد و سپی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/٣١دابلاوکراوەتەوە.

## لەنێوان ((بەڵێ ))و(( نەخێر )) دا کامیان بۆ ڕیفراندۆم ؟ *

- لە ئێستادا ٢٠١٧/٨/١٢دا ٢ مانگ و ٦ ڕۆژی ڕێك تێپەڕ بوە بەسەر یەکەم کۆبونەوەی پارت و سەرکردە سیاسیەکاندا لە ٢٠١٧/٧/٦ دا کە تیایدا بڕیاری سازدانی ڕیفراندۆمیان ڕاگەیاند لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا. ئیدی ئەو ماوەیە هێندەی باسی ڕیفراندۆم کراوە لەم هەرێمەدا باس لە هیچ بابەتێکی تر نەکراوە و بەهەق بۆتە بابەتی پلە یەکی گەرموگوڕی هەموو کۆڕ و گفتوگۆگان هەر لە شەقامەوە تا لوتکەی سەرکردایەتی و دەسەڵات لەم هەرێمەدا.
- هەر لەسەرەتاشەوە بەداخەوە دووبەرەی دژ بەیەك دروستبوون لەسەر ڕیفراندۆم و لەسەر وەڵامدانەوە بە ((بەڵێ)) و (( نەخێر )).ئیدی ئەم دووبەرەیی و جیابونەوە و دوورکەوتنەوە لەیەکتریە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو سادەترین جومگە و ئۆرگان لەم کۆمەڵگایەدا و خێزان و تاکەکانیشی دابەشکردوە.کەلەبنچینەدا پێویست بوو پرسی ڕیفراندۆم بۆخۆی ببوایاتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوە و یەك ڕیزی و تەبایی و متمانە دروستکردن و کۆدەنگیەکی گشتگیری نیشتیمانی و نەتەوەیی.چونکە پڕۆسەکە بۆخۆی پێویستی زۆر و گەورەی بە کۆدەنگی و دەنگی تاك بەتاکی میلەتەکەمانە.ئەم دووبەرەییەش لە ئەنجامی ٢٦ ساڵ حوکمڕانیی گەندەڵی و بێ پلانی و قۆرخکاری و ناعەدالەتی و بێ ویژدانی دەسەڵاتدارانەوە هاتۆتە بوون.کە بەشێك لە ڕەوایی و حەقیانەتی تیادایە.
- لەهەمان کاتدا لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕیفراندۆم و ئامانج و ڕوونکردنەوەی مەبەست و تێڕوانینە جیاوازەکان لەسەری ،ڕیفراندۆمی لەهەنگاو و هۆکارەوە کردە ئامانج و هەموان لەهەوڵدان بەرگێکی پیرۆز بکەینە بەر بەرواری ٩/٢٥ و ڕیفراندۆمیش وەکو دوائامانج و کۆتایی دونیا و ژیان و خەباتیش لێیانبڕوانین.
- لەئێستادا و دوای تێپەڕبوونی ئەو دوومانگە و مانەوەی تەنها ٤٣ ڕۆژ بۆ ٢٥ی ئەیلول، نەك کاری زۆر جدی نەکراوە بۆ سەرخستن و زەمینەسازی گونجاو و شیاو و هەنگاو هەڵگرتنی بوێرانە لەناوخۆ و ناوچەکە و دەرەوەشدا ،بەڵکو لەناوخۆدا بەرەیەکی فەرمی ڕاگەیەنراوە بۆ کارکردن دژی سەرگرتنی ئەم پڕۆسەیە لە ژێر ناونیشانی (( نەخێر بۆ ڕیفراندۆم لە ئێستادا)).کە ئەم کارە بۆخۆی بەمەبەست بێت یان بێمەبەست دەچێتە خانەی دژایەتی خەباتی چەندین ساڵەی گەلەکەمان کە هەموو خەون و ئامانجی بریتی بوە لە ئازادی و سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.و دژی هەموو خەون و ئاواتە لە مێژینە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانمانە.بەڵام ئەم بەرەیە لەپێکهاتە و ڕابەرانیدا بەرەیەکی لاواز و نەناسراو و خاوەن مێژویەکی پرشنگداریش نین لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. بۆیە بەرەی نەخێر لاواز و کەم و بچوکن لە بەرانبەر بەرەی بەڵێ ی زۆرینەدا.
- **پرسیاری گرنگ ئەوەیە لەنێوان ((بەڵێ و نەخێردا)) دا کامیان هەڵبژێرین بۆ ڕیفراندۆم ؟ دوور لە تێڕوانینی تەسکی حیزبی و دەسکەوت و بەرژەوەندی مادی و پلە و پۆست ؟**

گەر وەك تاکێکی کورد و خەمخۆر بۆ مەسەلەی کورد و کوردایەتی و ئایندەی میلەت و نەوەکانی داهاتوومان بڕوانینە هەنگاوی ڕیفراندۆم کە ئامانجی سەرەکی بریتی بێت لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی . ئەوا دەبێت بەبێ دوودڵی بڵێین ((بەڵێ )).

خۆ ئەگەریش بە چاویلکەی تەسکی حیزبایەتی و دەسکەوتی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی دەسکەوتی مادی و پلە و پۆستی حکومی و حیزبی،ئەوا دەبێت نەخێر هەڵببژێرین.

بەڵام لەڕاستیدا ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی موڵکی هیچ سەرکردە و حیزب و بنەماڵەیەك نیە،بەڵکو دروشم و ئامانجێکی دێرینی نەتەوە و نیشتیمانیە بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوی خەباتی کوردایەتی لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا،بەڵام سەرکەوتن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆییش دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە و گرنگی ئەو حیزب و سەرکردەیەی کە پێشنیازی کردوە و کاری جدی بۆ دەکات و خەبات و خوێنی لەپێناودا دەدات و ناو و ناونیشانی لەمێژوودا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

بەڵام هەردوو وشەی ((بەڵێ و نەخێر)) یش ، زەمان و زەمینە و داروپەردووی پێویستی خۆیان گەرەکە، چونکە گەر تەنها بە هەست و سۆز و حەماسەتی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە کاربکەین دوور لە حساب کردنی هەلومەرج و فشار و کاریگەری و ئاڵنگاریەکانی دەوروبەر و ناوچەکە و دونیاش ،ئەوا دەکەوینە هەڵەی گەورە و کارەساتی دڵتەزێنیشی لێدەکەوێتەوە.

وتنی(( بەڵێ ))باجی خۆی هەیە و ((نەخێر))یش بەهەمان شێوە.بەڵێ ڕووبەڕووی فشار و گەمارۆی ئابوری و سیاسی و سەربازیمان دەکاتەوە و ڕووبەڕووی برسێتی و کوشتن و قاتوقڕیمان دەکاتەوە،ڕووبەڕووی ململانێی توندی ناوخۆیی و ناوچەیمان دەکاتەوە.

((نەخێر))یش بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی بچوکبونەوەی زیاتری مەسەلەی کورد و سوك و چروکبوونی لەناوخۆ و ناوچەکە و جیهانیشدا،دەبێتەهۆی لێکترازانی زیاتری نێوماڵی کورد،دەبێتە هۆی چەسپاندنی داگیر و دابەشکردنی زیاتری کوردستان، دەبێتە هۆی زاڵبونی زیاتری دوژمنانی کورد و کوردستان.

- بەم شێوەیە گەرەکە زۆر بەووردی و جدیەوە کاربکرێت بۆ سەرخستنی ئەم ڕیفراندۆمە ئەویش بەهەڵبژاردنی کات و ساتی گونجاو کە بریتیە لەوەی کە تەواو دڵنیابین لە(( بەڵێ)) کانی ناوخۆ و ناوچەکە و دۆستەکانمان لە زلهێزەکانی دونیا و متمانەی جەماوەرەکەشمان هەبێت،بۆ پشتگیری و مقاوەمەتکردنی ئاینده.بۆیە گەر لەوادەی ٢٥ ئەیلولیشدا ئەم ڕیفراندۆمە چێنەکرا مانای کۆتایی کوردایەتی و ژیان و مانمان نیە،بەڵکو تەنها دواخستنێکی کاتیە بۆ کەشوهەواو دۆخێکی گونجاوتر کە سەرکەوتنمان مسۆگەر تر بکات نەك وەك ئێستا دوودڵی و ڕاڕایمان تیادا بلاوبکاتەوە و ترسمان هەبێت لەسەر خستن یان سەرنەگرتنی.

- لەکۆتایدا بەرەی ناوخۆی میلەتەکەمان لە هەموو کاتێکدا زۆر گرنگتر و کاریگەرترە لەبەرەی دەرەکی چونکە هەمیشە فاکتەری ناوخۆ سەرەکی و فاکتەری دەرەکیش لاوەکی بوە هەرچەندە بەهێز و کاریگەریش بێت. بۆیە بۆ مسۆگەرکردنی زۆرینەی (( بەڵێ ))ی میلەتەکەمان پێویستە کاربکرێت بۆ خۆشگوزەرانکردنی میلەت چونکە(( نان و ئازادی ))بێ یەکتر نابن وئاشتەواییەکی ڕاستەقینەی بە متمانە چێبکرێت و دواتر پێویستە ڕیفراندۆم سەرجەم ناوچە کوردنشینەکان بگرێتەوە و پرۆسەکەش دەبێت بەڕێکار و ڕچە یاساییەکاندا تێبپەڕێت و ئامانجەکەشی تەنها سەربەخۆی بێت ،گەر بمانەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆیی یاسایی دابمەزرێنین کەببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا وەك ئۆرگانێکی یاسایی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردمیدیا و سپی میدیا و خەندان و ستانداردکورد و شەنپرێس و ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٨/١٤دا بلاوکراوەتەوە.

## ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیە جیاوازەکان *

- لە ڕێکەوتی یەکەم کۆبونەوەی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠١٧/٦/٧داو بڕیاردانیان بە چێکردنی پڕۆسەی ڕیفراندۆم لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا،ئیدی لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی کوردایەتی هەڵدرایەوە و هەموان یان زۆرینە بە ئاشکرا و نهێنی دژ یان لەگەڵ پڕۆسەکەدا بوون لەناوخۆی کوردستان و وڵاتانی دەوروجیرانی ناوچەکە و تەنانەت زلهێزەکانیش هەڵوێستی خۆیان ئاشکراکردوە.
- هەرچەندە ڕیفراندۆم پڕۆسەیەکی ئاسایی و یاسایی و مافێکی سروشتی و زۆر سەرەتایی هەموو گەل و نەتەوە و کۆمەڵگایەکی ئیتنیە و هەنگاوێکە بەرەو دیاریکردنی ماف چارەنوسیان، هەروەها پێویستی بەکۆدەنگیەکی سیاسی و نیشتیمانی و میللی هەیە و دەبێت بۆ سەرخستنی پڕۆسەکەش هەمووان یەك دەنگ و یەك هەڵوێستبن و تەبایی و متمانەی سیاسیش بەهێزبێت لەنێوان هێز و سەرکردە سیاسیەکاندا و پڕۆسەکەش بەدوور بگرن لە دەسکەوت و هەوڵی تاکەکەسی و حیزبی بەڵکو دەبێت پڕۆسەکە بکرێتە دروشم و ئامانجێکی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی بەمەبەستی هەنگاونانی زیاتر بۆ سەربەخۆیی و ئازادبوونی یەکجارەکی.
- ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان جیا لەهەموو ڕیفراندۆمی گەلانی تر ،گرنگی و کاریگەری زیاتری هەیە لەناوخۆی عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا بەهۆی هەڵکەوتە جیۆسیاسیە گرنگەکەی لە((جەرگەستانی))دونیادا نەك (( کەنارستان)) ، کە دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی هەستیارو گرنگ و دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزەوە.هەربۆیە لە بەرواری ٧ی حوزەیرانەوە ئیدی هەموان لەناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشەوە بە گرنگیەکی بێوێنەوە لەم بڕیارەی سەرکردایەتی کوردیان نۆڕیوە و هەریەکەیان لە گۆشە نیگای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە سەیریان کردوە و هەڵیانسەنگاندوە کە تاچ ڕادە و ئاستێك لە بەرژەوەندی خۆیاندایە،هەر لەسەر ئەم بنەمایەشەوە هەڵوێست و گوتار و کرداری خۆیان ئاشکرا کردوە.
- بەرژەوەندی کورد لەم ڕیفراندۆمەدا بەئاشکرا دیارە کە بریتیە لەهەنگاونان بۆ سەربەخۆیی بەشێکی کوردستانی گەورە و ڕزگاربوون لە داگیر و دابەشکردنی ١٠٠ساڵەیی و ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و قاتوقڕکردن و لەناوبردنی بێبەزەییانەی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق.کورد لەبەرژەوەندیدایە کە ئەم هەنگاوە هەڵبنێت و ڕێگەش خۆش بکات بۆ بەشەکانی تر و ببێتە خاوەن سەروەری و سیادە و سنور و ئاڵاو ماف ئەندامێتیش بەدەستبێنێت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ببێتە ئەندامێکی کارا و ئاشتیخواز لەناوچەکە و دونیاشدا.
- بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ لەهەریەکە لە عێراق و تورکیا و ئێران و تەنانەت وڵاتە عەرەبی(( بە سونە و شیعەیانەوە )) و ئیسلامیەکان ، وەك ئاشکرایان کردوە هیچ بەرژەوەندیەکیان لەسەربەخۆبون و جیابونەوە و ڕزگاربونی کورددا نیە، چونکە دەبێتە هۆی بچوکبونەوە و لێکردنەوەی بەشێك لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاداو دەبێتەی مایەی هەژارتربون و بچکوبونەوە و لاوازبونیان لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە،بۆیە زۆر بەگەرمی لەسەر هێڵن بۆ دواخستن یان ڕەتکردنەوەی بەتەواوەتی بۆئەوەی درێژە بەدۆخی ١٠٠ ساڵەیی داگیر و دابەشکردنی کوردستانی گەورە بدەن. وڵاتانی تری ناوچەکەش هەریەکە بەبیانویەکەوە دژی ئەم ڕیفراندۆمەن و نایانەوێت وڵاتێکی تری وەکو ئیسرائیل لەناوچەکەدا دروستببێت و بەلای ئەوانەوە ببێتە

مایەی سەرئێشە و کێشەی زیاتر بۆیان کە هەرچەندە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنی ناوچەکەیەو لەسەر خاك و وڵاتی خۆی خەبات دەکات.

- زلهێزەکان لە ئەمریکا و ڕوسیا و بەریتانیاو وڵاتانی تری ئەورووپیش ،هەریەکەیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و باڵادەستی لەناوچەکەدا دەڕواننە ئەم هەنگاو و مافەی کورد و نایانەوێت بەدروستبوونی دەوڵەتێکی تر لەناوچەکەدا تاڕادەیەك نەخشە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانیان بگۆڕدرێن و بەرژەوەندیەکانیان بکەوێتە مەترسیەوە و پلان و نەخشە دارێژراوەکانیان گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەمریکا لەئێستادا گرنگی تەواو و سەرەکی دەداتە کۆتایهێنانی جەنگی دژی داعش و تیرۆریستان و گەرەکێتی ناوچەکە و بەتایبەتیش عێراق ئارام و ئاسایش بێت و وڵاتانی ئەورووپیش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە،وڵاتانی زلهێزیش تاڕادەیکی زۆر بەرژەوەندی خۆیان و هاوپەیمانەکانیشیان لەناوچەکەدا ڕەچاو دەکەن لەم پرسە گرنگەدا.
- نەتەوە یەکگرتوەکانیش وەك ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی و چەتری کۆکەرەوەی گشتی وڵاتان و دامەزراوەیەکی شەرعی و دانپیادانراوی نێونەتەوەیی و جێگەی دانپیادانان و بەڕەسمی ناساندنی هەر وڵاتێکی نوێی ئەندام، هەمیشە وابەستەی ڕاوبۆچونی وڵاتانی زلهێز و باڵادەستە وەك ئەمریکا و ڕوسیا و ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش،بۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان هەمیشە وەك پاشکۆی بڕیارەکان دەردەکەوێت نەك بڕیاردەری کۆتایی.
- بەم شێوەیە لە چانسی کورد،ڕیفراندۆم لەناوخۆو ناوچەکە و دونیاشدا بۆتە مایەی نانەوەی کێشە و گرفتی زۆر و دروستبوونی ڕاو بەرژەوەندی جیاواز و هەریەکەیان بە بیانویەکەوە لەگەڵ دواخستن یان نەکردنیدان و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنانەت لەناو کورد خۆشیدا دووبەرەی دژ بەیەك لە (( بەڵێ و نەخێر )) دروستبوون کە ئەم جیاوازی بۆچونەی ناوخۆ لەهەموان مەترسیدارترە.و هەرلایەنەش لەبەرژەوەندی تەسکی خۆیەوە دەڕوانێتە پرۆسەکە و هەموانی پەرت و بڵاوکردۆتەوە لەجیاتی کۆکردنەوە و یەك و یەکگرتوویی لە هەڵوێست و گوتار و کردارياندا.
- لەکۆتاییدا ئەوەی دەمێنێتەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەم کات وساتەی ئێستا کە کورد هەڵیبژاردوەو و ئەوانی تر دژایەتی دەکەن باشترین و گونجاوترین زەمان و زەمینەیە،چونکە لەئێستادا زۆرێك لە مەترسی و ئاڵنگاریەکان بچوك و دوورن بەڵام لە ئایندەدا زیاتر گەورەتر و نزیك دەبنەوە و دێنە بەردەمی ماڵی کورد،بۆیە پێش ئەوەی دوژمنان بێنە دەست هەق وایە کورد دەستپێشخەری بکات،دیاریکردنی زەمان و زەمینە لە هەر لایەکەوە بێت ئەوا بە قازانجی سەرکەوتن وچانسی ئەو لایەنە دەبێت و دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوانیتر دەبێت،جا لەئێستادا تەنها کورد ئەم کات و ساتەی پێباشە چونکە لەقازانجێتی بەڵام ئەوانی تر لە بەرژەوەندی خۆیانی نابینن. لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا بەڵام کوردیش بۆخۆی ولەنێوماڵی خۆیدا باش خۆی ئامادەنەکردوە و داروپەردووی ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتووی بەو هەموو گرنگی و هەستیاریەوە دابیننەکردوە لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و پەلەکردنێکی نا لۆژیکی پێوەدیارە،هەربۆیە دەکرێت بۆ کاتێکی کەم و دیارکراو گوێ بۆ بیروبۆچون و هەڕەشەی دۆستەکان و دوژمنەکانیش بگیرێت لەلایەك بۆ هێورکردنەوەی ئەوان و دوورخستنەوەی مەترسیەکان و هەڕەشەکان و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئامادەسازی باشتر و بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆی کورد خۆیدا بۆ مسۆگەرکردنی زیاتری سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و چێکردنی کۆدەنگیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیش ودانپیادان و بەڕەسمی ناساندن و هاوکاری و پشتیوانیشیان بۆ دەوڵەتە سەربەخۆکەمان لە ئایندەدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و ئاڕاستە و شەنپرێس و وتاری کورد و سپی میدیا و کوردمیدیا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٣٦٤ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## دوای ڕیفراندۆم چی ؟*

- ماوەی ٣ مانگ زیاترە هەموانمان سەرقاڵی باسوخواسی ڕیفراندۆم بووین بۆ سەربەخۆی کوردستان و هەموانمان لە ترس و دڵڕاوکێدا دەژیاین، پێکەوەش لە کەشوهەوایەکی گەرمی بەرەی بەڵێ و نەخێردا تۆمەت و ناوزڕاندن و هەندێکجاریش تۆوی دووبەرەکی و..هتدمان. بە ئاگاداریی یان بێئاگایی دەچاند. و لەناوخۆدا ئەوەی کە پێویست بوو بکرێت لە پێکەوەنانی بەرەیەکی ناوخۆیی یەکگرتوو و پتەو لە یەك دەنگی و کۆدەنگیدا نەتوانرا چیٚ بکرێت، لە دەرەوەی هەرێمیش لەناوچەکە و دونیاشدا بەرەیەکی دژی ڕیفراندۆم و خواستەکانی کورد ئامادەگی گەرموگوڕ و جدیان هەبوو بەوەی کە دوابخرێت یان نەکرێت و تەنانەت لەلایەن وڵاتانی دراوسێی و داگیرکەرانی کورستانیشەوە جۆرەها هەڕەشە و گوڕەشەی سیاسی و ئابوری و سەربازیان لێدەکردین بۆ پەشیمانبونەوە لە چێکردنی ڕیفراندۆم.

**بۆیە بەڕاستی کەشوهەوای سیاسی و دەروونی ئەم ٣ مانگەی ڕابووردوو زۆر مەترسیدار و نائارام و ترسێنەر بوو.بەڵام کورد چی کرد؟**
بۆ یەکەم جارە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەو پەرشوبڵاوی و ڕاڕایی و جیاوازی بۆچوون و ڕێکنەخستنی نێوماڵی خۆیدا، کە هیچ مژدەبەخش نەبوو بۆ سەرگرتن و سەرخستنی پرۆسەیەکی وا گرنگ و چارەنوسساز ،بەڵام توانی بەسەر هەموو جیاوازیەکاندا بازبدات و بتوانێت بڕیارێکی نەگۆڕو کۆنکرێتی بدات بە بەرژەوەندی چێکردنی ڕیفراندۆم و سەرخستنیشی،سەرەڕای بەڵێن و پێشکەشکردنی هەندیٚ جێگرەوەی زارەکی لەلایەن گەورەترین وڵاتانی دونیا و نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە. بۆیە ئەم بڕیارە و سەرخستنی پرۆسەکە بەخاڵێکی زۆر ئەرێنی حساب دەکرێت بۆ ئەو سەرکردە و حیزبە سیاسیانەی کە ڕابەرایەتی و پشتیوانی و بەگەرمی هەڵسوڕاو بوون بۆ سەرخستنی ئەم ڕیفراندۆمە و بەلاپەڕەیەکی ڕۆشنیش بۆیان حساب دەکرێت، بەپێچەوانەشەوە هەموو ئەو حیزب و سەرکردە و لایەن و گروپانەشی کە دژی ڕیفراندۆم بوون ئەوا بەدڵنیایی دەچنە بەرەی دژ بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی گەل و نیشتیمان و نەتەوەوە و لەمێژووشیاندا بە لاپەڕەیەکی ڕەش تۆمار دەکرێت.

**لەئێستادا و دوای سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی بەرزی دەنگی ((بەڵێ)) بۆ ڕیفراندۆمەکە، ئەرکی کورد چیە؟ و دەبێت هەنگاوەکانی ئایندەی چی بێت؟ و چۆن ئەم دەنگی بەڵێ یە وەبەربهێنێت بۆ بەرژەوەندیەکانی کورد و کوردستان ؟ و سەربەخۆیی کوردستان چۆن هەنگاوی بۆ بنرێت؟**
کورد و سەرکردایەتی سیاسی و حیزبە باڵادەستەکانی هەرێم چەند ئەرکێکی گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە ئەرکی سەخت و دژوارن لەبەرامبەر قۆناغی پێش ڕیفراندۆمدا و پێویست بە پشوودرێژی و نەرمی نواندن و گوێگرتن بۆ هەموان و وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە عینادی سیاسی و ڕقوکینەی کۆن و پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و کەسی خۆیان و لەسەروو هەمووشیانەوە دوورکەوتنەوەیە لە غرورو سەرمەستی بەهۆی سەرکەوتنی پرۆسەکەوە.

- **ئەرکی سەرکردایەتی کورد لەناوخۆدا بریتیە لە :**
- هەوڵدان بۆ سەرخستنی پرۆسەیەکی ئاشتەوایی نیشتیمانی سەرتاسەری لەگەڵ هەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکاندا.
- گرتینی جەماوەر خاو وسارد نەکاتەوە و ئەو متمانەیەی کە تاڕادەیەك دروستبۆتەوە لە نێوان جەماوەری میلەتەکەمان و سەرکردایەتیدا بەگەرموگوڕی بهێڵریتەوە و متمانەیان لەق نەکات و توشی بێئومێدی و دڵڕەنجاویەکی تریان نەکاتەوە.
- هەولٚ و کاری جدی بکات بۆ بەدامەزراوەیکردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی حوکمڕانی لەهەرێمداو هەوڵی دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابووردوو نەدات دژی دامەزراوە شەرعیەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا. بەمەبەستی توندوتۆڵکردنی ژێرخانی حوکمڕانی دەوڵەتە سەربەخۆکەی ئایندەمان.

- تابتوانێت دەستبگرێت بەبنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و یەکسانی و پێکەوەکارکردن و ڕێزگرتن لەمافی کەمینەکانی ناو هەرێمی کوردستان.
- هەوڵی جدی بدات بۆ دامەزراندن و پێکەوەنانی حکومەتێکی ڕەشید  کە بتوانێت داهات و سەروەت و سامانی وڵات بخاتە خزمەتکردنی جەماوەر و دووربکەوێتەوە لە گەندەڵی و ناشەفافیەت و هەوڵی خۆشگوزەرانی و خزمەتکردنی هاونیشتیمانیان بدات.
- هەوڵی نوسینەوەی دەستورێکی مۆدێرنانە بدات بۆ هەرێمی کوردستان بەهێمنی و لەسەرخۆ و دوور لە دروستکردنی بارگرژی و هەستیاری لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە ،بەپێچەوانەی ئەوەی کەلە ڕیفراندۆمدا کردمان.
- **ئەرکی سەرکردایەتی کورد لە گەڵ بەغداد بریتیە لە :**
- دەستکردن بە گفتوگۆیەکی هێمنانە و لێپرسراوانە و جدی لەسەر ئەنجامی ڕیفراندۆم و چۆنێتی دانانی پلانێکی هێمنانەی دوور لە گرژی و ئاڵۆزی نانەوە بۆ خۆ ئامادەکردنی هەردوولا بۆ ئایندەیەکی نوێ و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و جیابونەوە، و دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی تازە سەربەخۆ یان هەلومەرجی جیابونەوە و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیەکان بدرێت لەدونیادا.
- پێویستە گفتوگۆیەکی بوێرانە و ڕوون و ئاشکرا بێت لەسەر هەموو مەسەلەکانی (( سنور و نەوت و پێشمەرگە و داهات و ئاو و ئاسمان و ..هتد.) کە هەموو ئەمانە پایەی گرنگن بۆ بەردەوامی دەوڵەتە سەربەخۆکەی ئایندەمان. کە هەموو ئەم ئەرکانە زۆر سەخت و دژوارن و پێویست دەکات تابتوانرێت دوور لە جەنگ و پێکدادان بکرێت.و لە ژێر سایە و چاودێری زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا ئەنجام بدرێت،چونکە عێراق و دەسەلأتدارانی عەرەبی بە سانایی دەستهەڵناگرن لەم هەرێمی کوردستانە.
- ئەرکی کوردە کە لە دەسەلأتدارانی بەغداد بگەیەنێت کە کورد و دەوڵەتەکەی ئایندەی دەبێتە دراوسێیەکی باش، نەك بەم شێوەیەی ئێستا نەشەریك و نە بەشدار و نە خاوەن ماڵ و نە دراوسێیەکی باشە بەڵکو هەردوولا لە جەنگ و ململانێیەکی نەبڕاوەدا دەبن کە بە زیانی گەورە بۆ هەردوولا دەشکێتەوە.
- **ئەرکی سەرکردایەتی کورد لەبەرامبەر وڵاتانی داگیرکاری کوردستان لەناوچەکە و ئەوانی تریشدا بریتیە لە:**
- دەبێت هەموان تێبگەیەنرێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئایندەدا بریتیە لە دراوسێیەکی باش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەسەروەری هەردوولا و پەیوەندی باشی دراوسێیانە و ئەم دەوڵەتە نابێتە مایەی هیچ هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ئەوان ، بەڵکو دەبێتە هاوکار و پشتیوانی هەموان لەگەشە و پێشکەوتنی ناوچەکە و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ وڵات و گەلانی ناوچەکە .و هەموانیش لەناوچەکەدا هەمان چارەنوس و مەترسی و ئاڵنگاری بەرەو ڕوویان دەبێتەوە و پێویستیشە هەموان پێکەوە کاربکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان. هەموو ئەم کارانەش دوور لە زمانی هەڕەشە و بەکارهێنانی چەك و جەنگ و گەمارۆو گەلەکۆمەکی دوژمنکارانە دەبێت .
- **ئەرکی سەرکردایەتی کورد لەبەرامبەر وڵاتانی زلهێز و نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا بریتیە لە :**
- دەبێت کورد بەڵێن و پابەندبوونی خۆی دووپاتبکاتەوە بەوەی کە بەردەوام دەبێت لەبەرەی دژ بە تیرۆریستان و لە جاران زیاتر گەروموگوڕ تر و مکوڕتر دەبێت لە دژی داعش و هاوشێوەکانی.
- هیچ کات دژ بە پلانی ئەوان و بەرژەوەندیەکانیان ناوەستێتەوە .
- وەك دەوڵەتێکی یاسایی و ئەندامێکی کارا و ئاکتیڤی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵە دەکات و خۆ دەپارێزێت لە توندوتیژی و زمانی زبر و هەڕەشە.
- کاریش دەکات بۆ پاراستنی ژیان و مافی کەمە نەتەوە و ئاینی و مەزهەبیەکان لەکوردستاندا .
- دەشبێتە ئەندامێکی چالاکی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا هەڵسوکەوت دەکات.

بەم شێوەیە کورد لەئایندەدا دەبێت لەجاران زیاتر ڕووی پرشنگدار و دیموکراسیەت و ئازادیەکان و شارستانێتی خۆی پیشان هەموان بدات و وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و سیادە و چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان خۆی نمایش بکات نەك وەك وڵاتێکی دەرچوو لەیاسا و هەڵگەڕاوە لە خواست ویستە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان، پێویستە زیاتر پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی خۆی گەشەپێبدات لەگەڵ هەموانداـ

بۆیە کورد و سەرکردایەتیەکەی لە دوای سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەوە ئەرکەکانی ئێجگار سەخت و دژوارتر دەبێت،چونکە گەر نەتوانرێت ئەم ئەنجامە دڵخۆشکەرەیەی ڕیفراندۆم وەك کارتێکی بەهێز وەبەربهێنرێت بۆ بەرژەوەندیەکانی ئایندە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ،ئەوا تەنها وەك مەرەکەبی سەرکاغەز دەمێنێتەوە و بوون و نەبوونی وەك یەك وادەبێتـ

بۆیە گرنگترین هۆکار بۆ بەردەوامبوون لەسەرخستن و هەنگاونانی زیاتر بۆ پێشەوە بریتیە لە یەکڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆدەنگی و پێکەوەکارکردن و ئاشتەوایی نێوخۆیی و لەدەستنەدانی متمانەی زیاتری جەماوەری گەلەکەمان و ئامادەسازیش بکرێت بۆ هەموو ئەگەرە چاوەڕوان نەکراوەکان کەلەلایەن وڵاتانی دەرودراوسێوە دژمان ئەنجام بدرێت،کە خۆشبەختانە ئەم سەردەمەی جیهان و بەرژەوەندیە ئابوریەکان هێندە تێکچڕژاون کە ئاسان نیە وڵاتانێك پەلاماری سەربازی گەل و نیشتیمانێکی تر بدەن بە بەرچاوی زلهێزەکانەوە جەنگ و شەڕێکی نەخوازراو هەڵبسێنن و بەتایبەتیش لە ئێستادا کە زلهێزەکان لەئەمریکا و ڕوسیا و ئەوروپییەکان هێزی زۆر و زەوەند و ئامادەیان هەیە لەناوچەکەداـ

بۆیە هەموو ئەم ئەرکانە کاری جدی و لەخۆبووردن و پێکەوەکارکردنی زیاتری دەوێت دوور لە عینادی سیاسی و حساب بۆ نەکردنی یەکتری .دەبێت هەموان ئەو ڕاستیەش لە بیر نەکەن کە ئەم سەرکەوتنەش بۆ هەموانە و تایبەت بە کەس و حیزب و لایەنێکی دیاریکراو نیە،خۆئەگەر کۆدەنگیەکی باشتر و ئامادەسازیەکی لەبارتربکرایە ئەوا دەکرا ڕێژەی دەنگی(( بەڵێ ))کان بەرزتر و بەهێزتر بوایەـ

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و خەندان و وتاری کورد و شەنپرێس و سپی میدیا وpukmedia ومەکتەب ڕێکخستن و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٣٧٧٥ و هەواڵ ٧٢٥ ژمارە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٦دا بلاْوکراوەتەوە.

## کەرکوک

## بە (( بەڵێ )) بۆ ڕیفراندۆم کوردستانی بونی خۆی سەلماندەوە*

• ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گەلێك گرنگ و چارەنوسساز بوو بۆ یەکلاکردنەوەی دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و دەنگی نەخێر بۆ مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیدا. ڕیفراندۆم خاڵی وەرچەرخانی خەباتی کوردایەتیش بوو کە ئیدی خەباتی کوردایەتی دوای ڕیفراندۆم پێی ناوەتە ئاستێکی بالاٌتر و بوێر تر چونکە دوور لەشەرم و ترسی پێشینان بەهەموو دونیا و ناوچەکە و عێراقی ڕاگەیاند کە گەلی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆیی خاك و نیشتیمانەکەیەتی ،وەك مافێکی ڕەوای گەلی کورد هاوشێوەی گەلانی دونیا و ناوچەکە لە عەرەب و تورك و فارس.
ڕیفراندۆم لەهەرێمی کوردستانی ئازادکراوی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەروو هێڵی ٣٦ ی پانی کە بەهێڵی ((سەوز))ناسراوە. بەلای هەموانەوە لە عێراق و دەوروجیران و زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە کارێکی زۆر ئاسایی و یاسایی و دەستوی بوو،بەلاٌم ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی و تووڕەبوون و دروستکردنی فشار و گوشاری سیاسی و ئابوری و سەربازیان بوو،ئەوەبوو کە ڕیفراندۆم لە ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش شاری کەرکوك نەکرێت یان دوابخرێت .

• کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان بە پێی دیکۆمێنتە مێژوویی و جوگرافیاییەکان هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستان بونە و ناکرێت لەژێر پەردەی هیچ پاساوێکی سیاسیدا لە هەرێمی کوردستان دابڕێن،چۆن هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و دهۆك خاکی پیرۆزی کوردستانن ئاوهاش کەرکوك و خانەقین و هەموو ناوچەکانی تر بەشێکی پیرۆزی خاکی کوردستانن. هیچ حیزب و سەرکردەیەکی کورد مافی ئەوەی نیە کە دەستهەڵبگرێت لەو ناوچانە و بەتایبەتیش کەرکوك، چونکە کەرکوك ناسنامەی کوردستانە و بەبێ کەرکوك جەستە و لاشەی کوردستانی گەورە بەگشتی و کورستانی باشوور بە تایبەتی وەك لاشەیەکی بێ سەر و بێ ناونیشان دەمێنێتەوە.

• کەرکوك و پێگە گرنگەکەی لەخەباتی کوردایەتیدا هەمیشە بریتی بوە لە دروشمی مەرکەزی سەرکردایەتی سیاسی کورد و مەرجی پێشوەختی کورد لە گفتوگۆکاندا و هەمیشەش خاڵی جێناکۆکی دەسەلاٌتدارانی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی بەغداد و کورد بونە و سەرجەمی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی لەباشووردا هەمیشە لەسەر ئایندە و چارەنوسی کەرکوك نەگەیشتونەتە ئەنجام و نە ڕژێمەکانی بەغداد وازیان لەکەرکوك هێناوە و نەکوردیش دەستی لەکوردستانیبونی کەرکوك هەڵگکرتوە.و لەو پێناوەشدا و تاکو ئێستاش ڕووباری خوێن و فرمێسك بۆ کەرکوك دەبەخشێت.

• کەرکوك لەلای سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەدڵی کوردستان و لای شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە قودسی کوردستان ناسراوە، کاتێك یەکێتی و مام جەلال کەرکوکیان بە شاری قودسی فەلەستین و عەرەبەکان چواندوە کورد و شۆڕشەکەی بەهێندەی ئێستا بەهێز نەبوون لەبەرامبەر ٢٢ ولاٌتی عەرەبیدا، ئەی چۆن لەئێستادا دەکرێت بەبیانووی جیاوازی حیزبی و کەسیەوە دەست لە کوردستانیبونی کەرکوك هەڵبگیرێت و جیا بکرێتەوە لەهەرێمی کوردستان و چارەنوسیشی بخرێتە دەست قەدەرەوە کە وەکو مادەی ١٤٠ی دەستور بۆماوەی ١٠ ساڵی ڕێکە پشتگوێ خراوە و چارەنوسی بەدەستی ئەنقەست و بە پیلانی پێشوەختە یەکلاناکرێتەوە.

• کەرکوك چەندە بەلای کوردەوە گرنگە ،دەهێندەش بەلای عێراق و ئێران و تورکیاشەوە گرنگە و هەریەکە بە بیانویەکەوە دەستوەردەداتە کاروباری ئەم شارەوە، هەربۆیە کەرکوك لەخەباتی کوردایەتیدا بەگشتی جێگە و پێگەی گەورە و گرنگ و کاریگەری هەیە و لەلای یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش تایبەترە و ڕۆڵ و کاریگەری و هەستیاری زیاترە،چونکە بەپێی پێگەی سیاسی و ئابوری و سەربازیەکەی هەمیشە پاشخانی دەسەلاٌت و پێگەی جەماوەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە و هەر کەمتەرخەمیەك بەرامبەر کەرکوك بکرێت دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی نیشتیمانی

کوردستان،بۆیە مافی هیچ سەرکردەیەك نیە کە چارەنوسی کەرکوك فەرامۆش بکات لەپێناو هەندێك دەسکەوت و بەرژەوەندی کەسی و گروپێکی دیاریکراودا.و کەرکوك ئەمانەتی مام جەلالە لەگەردنی هەموو سەرکردایەتی یەکێتی و کوردستانیشدایە، خۆشبەختانەش دەنگە زۆرەکانی بەڵی لە کەرکوکدا ئەم جارەش هەر بۆ بوێری و ئازایەتی سەرکردایەتی یەکێتی دەگەڕێتەوە و کەرکوکی جارێکی تر گەڕانەوە باوەشی نیشتیمانی دایك لە کوردستان.

- بەشداریکردنی کەرکوك و کەرکوکیەکان لە ڕیفراندۆم و وەدەستهێنانی زیاتر لە ٨٠٪ بەڵێ کان بۆ گەڕانەوەی بۆ سەرهەرێمی کوردستان و پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆدا،چەند ڕاستیەکی دووپاتکردەوە،لەوانە:

١. کەرکوك بۆ هەمیشە کوردستانیبونی خۆی سەلماندەوە،لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی جیاوازی تریشی تیادایە.

٢. بەڵێ ی کەرکوکیەکان جیاوازترە لەهەموو بەڵێ کانی تر، چونکە دەبێتە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی زۆر بە نرخ بەرووی دەسەلآتدارانی بەغداد و ناوچەکەشدا کە کەرکوك زۆرینەی لەگەڵ کوردستاندایە، هەروەك چۆن ئێمەی کورد دوا نزیکەی ٧٠ ساڵ دەستمانگرتوە بە ئاماری ساڵی ١٩٥٧وە وەك دۆکۆمێنتێکی مێژوویی لەبەرژەوەندی زۆرینەی کوردا.

٣. ڕاستە ئەو دەنگە بەڵێ یانەی کە لەکەرکوك دروان هەموانیان بۆ کورد ناگەڕێتەوە،بەڵکو بەشێکیشی بۆ نەتەوە و ئاینزاکانی تر لە عەرەب و تورکومان و مەسیحیەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لەماوەی ئەم ١٤ ساڵەی ڕزگارکردنی عێراق و بەتایبەتیش دوای ساڵی ٢٠١٤وە و هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کەرکوك بۆیان دەرکەوتوە کە تەنها کورد و هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی کوردبوە سەر و گیان و ماڵیانی پاراستوە و ئایندەشیان لەگەڵ کورددا بە قازانجترە وەك لەگەڵ بەغداد.

- بەم شێوەیە بەڵێ کانی کورکوك و خانەقین و تەواوی ناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تام و بۆیەکی تایبەتیان هەیە و سەرکەوتنی کوردستانیان هێندەی تر درەوشاوەتر کرد، هەروەك چۆن لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا تاجی سەرکەوتنیان نایە سەر ڕاپەڕین ، ئاوهاش لە ئێستادا بە بەڵی کانیان تاجی سەرکەوتنیان نایە سەر ڕیفراندۆم.

بۆیە هەق وایە کە چیدی کەرکوك و کەرکوکیەکان و تەواوی ناوچەکانی تر ،لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتگوێ نەخرێن و تەنانەت بۆ ئایندەش هەق وایە کە بەشداربیکەن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا و نوێنەریان هەبێت هەروەك چۆن ئەو مافەیان پێدراوە کە نوێنەریشیان هەبێت لە پەرلەمانی عێراقدا.

هەروەها پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە کەرکوك و ناوچەکانی تر بۆ ئایندە زیاتر گرنگی بدەنە گیانی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەکەمە نەتەوەیی و وئاینی و مەزهەبیەکان و گیانی تەبایی و برایەتی گەشەپێبدەن.

بۆیە کەرکوك و کەرکوکیەکان لەدوای ڕیفراندۆمەوە مافی خۆیانە شانازی بکەن بەسەرکەوتنەکەیان و تەنانەت منەتیش بکەن بەسەر سەرکردایەتی کورددا چونکە سەری کورد و دەنگی کورد و ڕەنگی کورد و کوردستانیان بەخشیەوە بەکەرکوك و کوردستانیبونی کەرکوکیان بۆ سەدان ساڵی تر گەش و تۆخ کردەوە.

ئەمەش دەیسەپێنێتە سەر سەرکردایەتی سیاسی کورد کە کەرکوك بەتەنها جێنەهێڵێت و بەتەواوی توانا و هێزی خۆیەوە پارێزگاری لێبکات چونکە کەرکوك و تەواوی ناوچەکانی تر هەمیشە سووتەمەنی و سەنگەری یەکەمی ڕووبەڕووبونەوە بون لەگەڵ سوپا و میلیشاکانی ڕژێمەکانی بەغداد و هێزە کۆنەپارێز و تیرۆریستەکانی داعش و ئەوانی تریشدا.

بۆیە چارەنوسی کەرکوك چارەنوسی هەموو کورد و کوردستانە و بەبێ کەرکوك و ناوچەکانی تر هێز و دەسەلآت و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان هەمیشە لاواز و لەرزۆك دەبێت و لە ئایندەشدا دەوڵەتێکی گەمارۆدراوی سیاسی و ئابوری و سەربازیش دەبێت،بۆیە کەرکوك کوردستانە و کوردستانیش بریتیە لەکەرکوك.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردمیدیا وpukmediaومەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد و سپی میدیا و شەن پرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢دا بلأوکراوەتەوە.

## کورد لەم قۆناغەدا
## لەنێوان کۆنفیدراڵی و سەربەخۆییدا کامیان هەڵبژێرێت ؟*

• ئاشکرایە کە مافی چارەی خۆنوسنیی گەلان مافێکی یاسایی و دەستوری و سەرەتایی هەموو گەلێکە کە سیفاتەکانی گەل یان نەتەوەی تیادا بێت لە بوونی بنەما هاوبەشەکان لە خاك و دانیشتوان و کەلتور و ئابوری وزمانێکی هاوبەش کە بنەمای پێکەوە نانی دەوڵەتی سەربەخۆشن، ئەم مافە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانپیادانراوە و یاسا نێودەوڵەتیەکان و دونیای دیموکراسیش ڕێز لە ئیرادە و ویستی سەربەخۆی گەلان دەگرن. ئاشکرایە مافی چارەی خۆنوسین لە لامەرکەزیەتی ئیداریەوە دەستپێدەکات بۆ ئۆتۆنۆمی و دواتر فیدراڵی و دواتریش کۆنفیدراڵی و لە کۆتا ئاستیشدا بریتیە لە ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.جا دیاریکردن وهەڵبژاردن و پیادەکردنی هەر شێوازێك لەو شێوازی خۆبەڕێوەبردنانە دەوەستێتە سەر هەلومەرجە نێوخۆی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان و ئامادەسازی ئەو گەلانە بۆ مقاوەمەتکردن و توانای خۆبەڕێوەبردنیان و بەردەوامیدان بەگەشە و پێشکەوتنی ئەزمون و دەسەڵاتی حوکمڕانیەکانیان.

• ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە کە کورد لەم قۆناغەدا و دوای ١٠٠ ساڵ لە خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری لەهەر چوار بەشەکەی کوردستانی داگیر و دابەشکراودا و بەتایبەتیش لەم بەشەی کوردستانی باشووردا، کە شێوازەکانی لامەرکەزیەت و ئۆتۆنومی و فیدڕاڵیەتی تاقیکردۆتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی دروستکراودا لەساڵی ١٩٢٠وە و بەدرێژایی دەسەڵاتی پادشایی و کۆماریەکانەوە، بەداخەوە لەهیچ کام لەو سیستەمانەدا کورد نەگەیشتۆتە ماف و داواکاریە ڕەواکانی و هەستی بە پاراستنی ئەمنیەت و بوون و گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی نەکردوە لەسایەی عەقڵیەتی خێڵەکی و دواکەوتویی و دۆگما و شۆڤێنیەتی عەرەبیەوە،بگرە ڕووبەڕووی توندترین و ترسناکترین سیاسەتی قڕکردن و لەناوبردنیش بۆتەوە بەمەبەستی سڕینەوەی مێژوو و جوگرافیا و زمان و کەلتور و بوونیشی لەسەر زەوی. هەربۆیە لە ئێستادا و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ١٤ ساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیدا لەساڵی ٢٠٠٣وە و هەستکردنی کورد بە تەریککردن و پەراوێزخستن و پێشێلکردنی مافەکانی و تێڕوانینی وەك غەریب و نامۆ نەك وەك شەریك و دامەزرێنەری ئەم عێراقە نوێیە، بۆیە بڕیاری چارەنوسسازی خۆیدا بە چێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧دا بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای جەماوەری میلەتەکەمان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەگەڵ ناوچە دابڕێنراوەکان یان مانەوە لەچوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵدا بەو شێوەیەی کە هەیە، ئەنجامیش خۆشبەختانە ٩٢٪ی جەماوەری کوردستان لەگەڵ سەربەخۆیدابوون.

• لەئێستاداو دوای ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم و دەستپێکردنی داگیرکارانی کوردستان لە عێراق و تورکیا و ئێرانەوە بەهەڕەشە و گەمارۆی سیاسی و ئابوری و سەربازی و لەباربردنی ئەم قۆناغە بەمەبەستی پاشەکشەکردنی کورد لەداخوازی سەربەخۆیی، بیرۆکەی ئەوە هاتۆتە پێشەوە کە کورد بەشێوەی یەکێتیەکی کۆنفیدڕاڵی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی ناوەندیدا پێکەوە بمێننەوە و درێژە بە ژیان و مانی ئەم دەوڵەتی عێراقە بدەن، **جا لە ئێستادا پرسیار ئەوەیە ،کە کورد لەنێوان کۆنفیدراڵی و سەربەخۆییدا کامیان هەڵبژێریێت؟ و کامیان قازانج و سوودی گەورەی پێدەگەیەنێت ؟**

• بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ،گەرەکە کەمێك باس لە جۆری سیستەمی فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵی بکەین و هەریەکەیان بناسین و کەموکوڕی و باشیەکانی هەریەکەشیان دەربخەین و جیاوزای نێوانیشیان پیشان بدەین، ئەوکات بڕیار لەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردنی باشترینیان بدەین.

### ١. سیستەمی فیدڕاڵی

فیدڕاڵی بریتیە لە یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە لە نێوان چەند ولایەت یان هەرێمێکدا،کە جیاوازبن لە ڕووی نەتەوەیی،ڕەگەزی،ئاینی،مەزهەبی،کەلتوریەوە. بۆئەوەی ببنە یەك کەسایەتی یاسایی یان یەك سیستەمی سیاسی،لەگەڵ

پاراستنی بەشێك لەو کەسایەتیە یەکگرتوە بۆ تایبەتمەندی و شوناسی هەرێمەکان خۆیان،دەسەلأتێکی پێدروا هەیە بۆ دەوڵەتی ناوەندی یەکێتیەکە کە لەدەسەلأتە هاوبەشەکانەوە هەڵهێنجراوە، لەگەڵ هێشتنەوەی هەندێك دەسەلأت بۆ ولایەت یان هەرێمەکان کە جۆرێك لە سەربەخۆیی دەستەبەر دەکات بۆ هەرێم و لایەنەکانی ناو یەکێتیەکە.کە ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی جیاکەرەوەی سیستەمە فیدراڵیەکانە.

- **دەسەلأتەکانی یەکێتی فیدراڵی :**

١. هەبوونی دەستور یان یاسای بنەڕەتی کە بەدەستوری فیدراڵی ناودەبرێت.کە بنەماو پایە سەرەکیەکان دیاریدەکات کە لەلایەن هەرێم یان ولایەتەکانەوە کە ئەم یەکێتییەیان پێکهێناوە.

٢. پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی و دیموکراسی لەهەرێمەکاندا، بەشێوەیەك کە ڕەنگ بداتەوە لە یەکێتیە فیدراڵیەکەدا بە تەواوەتی.

٣. دیاریکردنی دەسەلأت و پسپۆرییەکانی حکومەتی ناوەندی سەرەڕای دیاریکردنی دەسەلأتی ئابوری و ئیداریەکان بۆ هەرێمەکان.

٤. دەسەلأتەکان نابێت زیاد لە جێبەجێکردنی ئەرکە یاسایی و یاسادانانەکانیان ببەزێنێت لە چوارچێوەی دەستوری فیدراڵیدا.

٥. حکومەتی هەرێمەکان لەسەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانێکی بچوککراوە پێکدێت.

٦. پەرلەمانی هەرێمی هەڵدەستێت بە چاودێری و سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی یەکە ئیداریەکان.

٧. هەر هەرێمێك پایتەختی خۆی دەبێت.

٨. هەر هەرێمێك دەبێتە خاوەنی سامانە مرۆیی و ئابوری و بەرهەمەکانی ناوخۆی خۆی.

٩. هێزێکی سەربازی دەبێت لە پۆلیس و سوپایەکی چەکداریش بۆ پاراستنی سنوری هەرێمەکان.

١٠. حکومەت و پەرلەمانی هەرێمەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازاد هەڵدەبژێردرێن.

١١. هەرێمەکان مافیان نیە کە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بگۆڕێتەوە لەگەڵ دەرەوەدا یان دانانی سەفارەت یان لیژنەی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ولأتانی تردا بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی.

- **نمونەی ولأتانی فیدراڵی**

لەدونیادا ژمارەیەکی زۆر لە ولأتان هەن کە پەیڕەوی سیستەمی فیدراڵی دەکەن،وەك ئەمریکا و کەنەدا و سویسرا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و هند و ئەرجەنتین و ئوستوڕالیا و فەنزەوێلا و مالیزیا و مەکسیك و ..هتد.

لەولأتە عەرەبیەکانیشدا یەکەم ولأت بریتیە لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و لە ئێستاشدا عێراق یەکەم ولأتی خۆرهەلأتی ناوەڕاستە کە سیستەمی فیدراڵی پیادە دەکات بە پێی هەڵبژاردنی دیموکراسی و ئازاد بە پێی دەستوری نوێ.

٢. **سیستەمی کۆنفیدراڵی**

بریتیە لە کۆبونەوەیەك لە نێوان دوو ولأت یان زیاتر(( نەك هەرێم )) لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی دیاریکراودا.یان ڕێکەوتنێکی گرێبەستیە کە ئامانج لێی دامەزراندنی دەستەیەك یان کوتلەیەکی سیاسی،ئابوری ،سەربازی هاوبەشە. کە هەندێ تایبەتمەندی سیاسی و ئابوری یان ئاینی کۆیان دەکاتەوە و لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی هەر ولأتێك بە سیاسەتە تایبەتەکان بە خۆیدا بۆ ئامانجێکی ئابوری وەك ئەوەی لە یەکێتی ئەوروپادا هەیە ،یان ئەوەی لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا هەیە بۆ ئامانجێکی سەربازی. و هەوڵێکیشە بەرەو یەکگرتن یان بەواتای ڕێکەوتن و پێکگەیشتنە لەسەر سیاسەتی لانی کەم. بەهەمان شێوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیانە کە ناتوانن بەتەنها وەدەستی بێنن.

دەوڵەتی کۆنفیدراڵی پێکدێت لە یەکگرتنێك کە ئەندامەکانی وڵاتانی سەربەخۆن و خاوەن سەروەرین کە بە پێی ڕێکەوتنی پێش وەختە هەندێك لەدەسەڵاتەکان دەدرێتە دەستە یان لیژنە هاوبەشەکان بۆ هەمئاهەنگیکردنی سیاسەتەکان لەهەندێك بواردا،ئەمە بەبێ ئەوەی ئەم کۆبونەوەیە ببێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەتێك یان قەوارەیەکی نوێ،ئەگەر ئەوە ڕوویدا ئەوا دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تری حوکمڕانی کە پێی دەوترێت سیستەمی فیدڕاڵی.

- **دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی**

١. یەکێتی کۆنفیدڕاڵی پێکدێت لە ژمارەیەکی هەمیشەیی لە وڵاتانی خاوەن سەروەری بۆ کاری هاوبەش پەیوەست بە وڵاتانی ترەوە.

٢. یەکێتی کۆنفیدڕاڵی سەرەتا بە هاوپەیمانێتیەك دەستپێدەکات و دواتر پشت دەبەستێتە سەر دەستورێکی هاوبەش.

٣. یەکێتی کۆنفدیراڵی ڕێز لە سەروەری نێودەوڵەتی ئەندامەکانی دەگرێت، بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش دروست دەبێت لە ڕێگەی ڕێکەوتنامەیەکەوە کە هەموارناکرێت بەبێ کۆ دەنگی ئەندامەکانی.

٤. سیستەمە کۆنفیدڕاڵیەکان پێکدێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە هەستیارەکاندا،وەك بەرگری هاوبەش و کاروباری دەرەوە یان دراوی هاوبەش.

٥. ئەرکی حکومەتی کۆنفیدڕاڵی بریتیە لە دابینکردنی پشتیوانی بۆ هەموو ئەندامەکانی.

٦. سروشتی پەیوەندی لەنێوان وڵاتانی ئەندام لە سیستەمی کۆنفیدڕاڵی جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی هاوبەشدا دەربارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوانیاندا.

- **نمونەی وڵاتانی کۆنفیدڕاڵی**

١. لە وڵاتانی کۆنفیدڕاڵی نوێ یەکێتی ئەوروپایە.

٢. لە نمونەی وڵاتانی کۆنفیدڕاڵی لە مێژوودا:

- ئیرۆکواس،کۆمەڵێك لە ئەمریکیە کۆنەکان، لەناوچەی دەریاچە مەزنەکان،لەسەدەی دوانزهەمدا یەکیان گرت و کۆنفیدڕاڵیەکیان پێکهێنا.
- شانشینی ئاراگۆن ١١٣٧-١٧١٦
- وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێش هاوپەیمانیە کۆنفیدڕاڵیەکان ١٧٨١-١٧٨٩
- سویسرا کاتی خۆی کۆنفیدڕاڵی بوە لە نێوان ١٢٩١ و ١٨٤٨ تاگۆڕانی بۆ سیستەمی فیدڕاڵی بەلاَم ناوەکەی هەروەکو خۆی مایەوە بە کۆنفیدڕاڵیەتی سویسرا.
- ئەڵمانیا دوای دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی پیرۆز و یەکخستنی لە ١٨٠٦ و ١٨٤٨.
- کۆنفیدڕاڵی ڕاین(١٨٠٦-١٨١٣) کە نەسەرۆکی دەوڵەت و نە سەرۆکی حکومەتی نەبوو.
- یەکێتی وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست وەك سلڤادۆر و پەناما و کۆستاریکا و نیکاراگوا و هندۆراس و جامایکا و هایتی و دۆمەنیکان و گرینادا لەساڵی ١٨٢٥دا.
- یەکێتی سۆڤێتی جاران کەلە ساڵی ١٩١٧دا دامەزرا.
- یەکێتی دەوڵەتانی هندی ڕۆژئاوایی وەك دۆمەنیکان و گریناداو...هتد. کەلە ساڵی ١٩٦٧دا دامەزرا.
- کۆنفیدڕاڵی سنیگال و گامبیا ١٩٨٢-١٩٨٩
- یۆگۆسلافیا کە لە یەکێتی کۆمارەکانی صربیا و کرواتیا و سلۆڤینیا و مەکدۆنیا و جەبەل ئەسوەد و بۆسنە و هەرسك و کۆسۆڤۆ پێکهاتبوو.
- یەکێتی صربیا و جەبەل ئەسوەد لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-٢٠٠٦.
- کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە نێوان میسر و سوریادا لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١.

- **کەموکوڕیەکانی سیستەمی کۆنفیدراڵی**

١.نەبوونی میکمانیزمێك لەلایەن ئەنجومەنی هاوبەشەوە بۆ وەدیهێنانی پابەندبوونی ئەندامەکان بە ئەرکەکانیانەوە.لەم سیستەمەدا لەکاتێکدا ئەندامێك پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەوە.کە لەزۆرێك لە حکومەتە کۆنفیدراڵیەکاندا ڕوویانداوە و بەناوبانگترینیان لە ولاٌتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بوو لە سالاٌنی ١٧٧٦-١٧٧٨داکاتێك کە ولاٌتەکان دژی پێدانی باجەکان بوون بە حکومەتی ناوەندەوە.کە هەرئەمەش بوە هۆی شکستی حکومەتە کۆنفیدراڵیەکە.

٢.لەکاتی شکستهێنانی حکومەتی ناوەندیدا،ئەو حکومەتە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتنی ئەندامەکانیدا و تێکەڵبونیان وەك کۆمکاری ولاٌتانی عەرەبی.

٣.لە حکومەتی کۆنفیدراڵیدا ،ئەنجومەنی هاوبەش ناتوانێت هیچ کارێك بکات بەبێ ڕەزامەندی هەموو ئەندامەکانی.

٤.لە سیستەمی کۆنفیدراڵیدا هەر ولاٌتێك دەتوانێت پاشەکشە بکات لەو گردبونەوەیەدا هەرکاتێك ویستی،بە پێچەوانەی یەکێتی فیدراڵی کە ئەندامەکان یان هەرێمەکان ناتوانن لە یەکێتیەکە دەربچن هەرکاتێك ویستیان.

- **جیاوازیەکانی نێوان سیستەمی فیدراڵی وکۆنفیدراڵی**

١.لە یەکێتی کۆنفیدراڵیدا ،هەر ولاٌتێك کاروباری سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی فعلی خۆی پیادە دەکات.بەلاٌم لە فیدراڵیدا،هەرێمەکان مافی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەیان نیە و تەنها لەدەسەلاٌتی حکومەتی ناوەندیدایە.

٢.ولاٌتانی ئەندام لە سیستەمی کۆنفیدراڵیدا مافی ڕاگەیاندنی جەنگیان هەیە،بەلاٌم لە فیدراڵیدا هەرێمەکان ئەو مافەیان نیە و تەنها لەدەسەلاٌتی حکومەتی ناوەندیدایە.

٣. ئەو جەنگانەی لە نێوان ولاٌتانی ئەندامی کۆنفیدراڵیدا دروست دەبێت بە جەنگی نێودەوڵەتی دادەنرێن،بەلاٌم جەنگی نێوان هەرێمەکان لە سیستەمی فیدراڵیدا بەجەنگی ناوخۆیی ناو دەبرێن.

٤. هەر سەرپێچیەك لەلایەن ولاٌتانی ئەندامی یەکێتی کۆنفیدراڵی بۆ یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕوویدات ئەوا بەتەنها خۆی بەرپرسیار دەبێت، نەك ئەندامەکانی تر،بەلاٌم لە یەکێتی فیدراڵیدا بە پێچەوانەوەیە و هەموو هەرێمەکان وەکو یەك بەرپرسیار دەبن لەئاکامەکانی.

٥.لەیەکێتی کۆنفیدراڵیدا دەستەی هاوبەش یان ئەنجومەنێکی هاوبەش سەرپەرشتی ولاٌتانی ئەندام دەکات،بەلاٌم لە فیدراڵیدا حکومەتی ناوەند ئیدارەی دەوڵەت و ڕابەرایەتی سەرۆکایەتیەکانی دەکات.

٦.لەیەکێتی کۆنفیدراڵیدا مافی هەر ئەندام و ولاٌتێکە کە هەرکات ویستی دەتوانێت پاشەکشە بکات چونکە خاوەنی سەروەری و ولاٌتی سەربەخۆیە، بەلاٌم لە ولاٌتی فیدراڵیدا هەرێمەکان ئەو مافەیان نیە، چونکە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو ولاٌتەن.(( بەلاٌم ئەم حاڵەتە بۆ کورد و کوردستان ناشێت،چونکە دوو گەلی جیاواز و دوو کەلتور و زمان و خاکی جیاوازن،نەك وەك هەرێمێکی عەرەبی لە باشوور یان ناوەڕاستی عێراقی عەرەبیدا کە هەموو سیفاتەکانیان هاوبەشن)).

٧.هاولاٌتیانی دەوڵەتی کۆنفیدراڵی هەریەکەیان خاوەنی ڕەگەزنامەی ولاٌتەکانی خۆیانن نەك دەوڵەتە کۆنفیدراڵیەکە.بەلاٌم هاولاٌتیانی دەوڵەتی فیدراڵی هەموانیان خاوەنی تەنها یەك ڕەگەزنامەی ولاٌتە فیدراڵیەکەن.

٨.لە کۆبونەوەی کۆنفیدراڵیدا ژمارەی سەرۆکی ولاٌتەکان بەهێندەی ژمارەی ولاٌتە ئەندامەکانن،چونکە هەر ولاٌتە سەرۆکی خۆی هەیە،بەلاٌم دەوڵەتی فیدراڵی تەنها یەك سەرۆکی هەیە،هەربۆیە دەوڵەتی کۆنفیدراڵی بە ولاٌتێکی یەکگرتوو دانانرێت،چونکە لە ژمارەیەك ولاٌتی سەربەخۆ پێك هاتوە. بەلاٌم دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەشدا حسابی یەك دەوڵەتی یەکگرتووی بۆ دەکرێت.

- بەم شێوەیە دەبینین کە یەکێتی فیدراڵی بریتیە لە ولاٌتێکی توندوتۆڵ و یەك و یەکگرتوو ،کە بە ئاسانی ئەندامەکانی یان هەرێمەکانی ناتوانن لێی دەربچن،بەلاٌم دەوڵەتی کۆنفیدراڵی بریتیە لە کۆبونەوەی چەند ولاٌتێکی

سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و کەسایەتی نێودەوڵەتی و هەرکات ویستیان دەتوانن لەو یەکێتیە ئارەزومەندانە بێنە دەرەوە.

- بۆیە لێرەدا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە ولاتێکی ئەندام لە دەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵیدا،بریتیە لە ولاتێکی تەواو سەربەخۆ و دانپیادانراو لەلایەن ولاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە و هەموو ڕێکخراوەکانی تریشە وخاوەنی سنوری نێودەوڵەتی و ئالاو کەسایەتی سەربەخۆی خۆیەتی.کەواتە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ولاتێکی سەربەخۆدا یان ولاتێك کە ئەندام بێت لە کۆمکارێکی کۆنفیدڕاڵیدا.
- هەربۆیە کورد لەدوای سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و وەدەستهێنانی دەنگی ((بەڵێ ))ی زۆرینە بۆ سەربەخۆبوون، دەتوانێت لەژێر دروشمی یان سایەی کۆنفیدڕاڵیدا وەك قۆناغێکی مافی چارەی خۆنوسین ببێتە خاوەنی ولاتێکی سەربەخۆی خۆی بەبێ ئەوەی دروشمی سەربەخۆبوون بەرزبکاتەوە و ببێتە مایەی نانەوەی گرژی و ئالۆزی و تێکچوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ولاتانی دەرودراوسێشیدا.
- بەڕای بەندە لەم قۆناغەدا بەرزکردنەوەی دروشمی کۆنفیدڕالی چارەسەرێکی گونجاوە و دەمانگەیەنێتە مەبەست و ئامانجە ڕەواکەی کورد کە بریتیە لەسەربەخۆ بوون، و لەلایەکی تریشەوە مانەوەمان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵیدا لە گەڵ ولاتی عێراقی عەرەبیدا دەبێتە مایەی پاراستنمان لەهەڕەشە و گوڕەشەی سیاسی و ئابوری و سەربازی ولاتانی ناوچەکە.و دەتوانین بەردەوام بین وەك ولاتێکی سەربەخۆ و گەشە و پێشکەوتنی گەورەش وەدیبێنین،چونکە لەسیستەمی کۆنفیدڕاڵیدا دەوڵەتە فیدڕاڵیەکە دەبێتە هاوبەش لەگەڵماندا لەهەموو ڕوە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانەوە و لەکاتی ڕوودانی جەنگ و ناکۆکیدا لەگەڵ دەرودراسێکاندا ئەرکێتی کە پشتیوانیمان لێبکات، بەلام لەکاتێکدا کە دەربچین لەو گردبونەوە کۆنفیدڕاڵیەدا و سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین ئەوا لەبەرامبەر عێراقی عەرەبی و هەریەکە لەتورکیا و ئێراندا ولاتێکی بێهێز و بێپشت وپەنا دەبین و هێرش و پەلامار و گەمارۆی سەربازی و سیاسی و ئابوری زوو کاریگەری دەخاتە سەرمان و ناتوانین بەرگەیان بگرین.
- هەربۆیە لەم قۆناغی دوای ڕیفراندۆمەدا،سەرکردایەتی سیاسی کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە یەك و یەکگرتوویی نێومالی کوردی هەیە و هاوکاری و کاری هاوبەش و پێکەوەیی دەبێت ببێتە دروشمی مەرکەزی و بەهێزکردنی ئۆرگانەکانی حوکمڕانیش گەلێك گرنگە و تەبایی و کۆدەنگی سیاسی و نیشتمانیش گەلێك پێویستەو متمانەی جەماوەریش بەسەرکردایەتیەکەی خالێکی گەلێك کاریگەرە . هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت بەهێمنی و بێدەنگی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زمانی زبر ولە بەرزکردنەوەی دروشمی گەورەی بێناوەڕۆك و ئیستیفزازکردنی ولاتانی دەرودرواسێ بگرێتە بەر و هەولی هێورکردنەوەی ئالۆزیەکان بدات و بەنەرمیش کاری خۆی و هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی ڕیفراندۆم بنێت و هیچ پاشگەزبونەوەیەك لەهەڵویستت و گوتاریدا وێنا نەکات،چونکە کورد توانی بڕیاری گرنگ و چارەنوسسازی خۆی بدات و بەهەموانی سەلماند کە کاتی سەربەخۆبوون و جیابونەوە هاتوە و دەبێت هەموانیش بێنێتە سەر ئەو بۆچونەی کە کورد مافی پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە،جا مەرج نیە کە لە شەووڕۆژێکدا ئەو دەوڵەتە لەدایك ببێت بەلکو کاری جدی و بەردەوامی دەوێت بەئیرادە و ئیدارەیەکی ژیر و پۆلایین و لەسەر خۆوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و کوردمیدیا و کوردساتنیوز و شەنپرێس و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢٧ لە ڕێکەوتی ١١/١٠/٢٠١٧دا بلاوکراوەتەوە.

## زیانەکانی هەرێم  بە ژمارە لە داهاتی نەوت
## لەدوای  داگیرکردنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە مانگێکدا *

- داهاتی هەرێم لە فرۆشتنی نەوت بە بۆری و بە تانکەر لە مانگی ٢٠١٧/٩دا بریتی بوە لە

(( ١٠٢٤٩٥٢٠٠٠ )) ملیار دۆلار. جگە لەداهاتی گومرك و فڕۆکەخانەکان و باج و دەرامەت و ..هتد.. کە مەزەندە دەکرێن بە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری تر.

واتە کۆی داهاتی هەرێم بریتی بوە لە  (( ١١٧٤٩٥٢٠٠٠ ))ملیار دۆلار.

ئەم بڕە پارەیە بە دیناری عێراقی (( گەر  ١٠٠ دۆلار بە ١٢٥٠٠٠ دینار)) بێت دەکاتە  ((١٤٦٨٦٩٠٠٠٠٠٠٠)) یەك تریلیۆن و ٤٦٨ ملیار و ٦٩٠ ملیۆن دینار

کۆی خەرجی مووچە و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم لە(( ١ ))مانگدا بەم ((چارەك و نیوە مووچەیە) بریتی بوە لە ٦٢٠ ملیار دینار.

گەر ئەو داهات و خەرجیانە لێکدەربکەین ئەوا بڕی داهاتی ماوە بریتی دەبێت لە

(( ٨٤٨٦٩٠٠٠٠٠٠ )) ملیار دینار.

ئەم داهاتی نەوتەی هەرێم لە ١٣ کێڵگەی نەوتی هەرێم (( تاوکێ و تەق تەق و شێخان وپیشخابور و کۆرمۆروعەینزالە و سەرسەنگ و سەرقەڵاوهەولێر و خەلەکان و عەین سفنی وئەتروش ودەمیر داد))کە بەرهەمیان بریتیە لە ((٢٣٥٠٠٠)) بەرمیل /ڕۆژ و ڕێژەی ٣٠٪ نەوتی باکوری عێراق پێکدێنن.

٦ کێڵگەی نەوتی کەرکوك(( خۆرمەڵە و بای حەسەن و ئاڤانا و باباگوڕگوڕ و خەبازە و جەمبور))  کە بەرهەمیان بریتیە لە(( ٥٥٠٠٠٠ ))بەرمیل /ڕۆژ و ڕێژەی ٧٠٪ بەرهەمی نەوتی باکوری عێراق پێکدێنن.

واتە حکومەتی هەرێم  ڕۆژانە بڕی(( ٧٨٥٠٠٠ ))بەرمیل  نەوتی فرۆشتوە.لەم ١٩ کێڵگەیەوە.

- لەدوای داگیرکردنەوەی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك لەلایەن حکومەتی بەغدادەوە ، ئەوا هەرێم تەنها  ((١٣ ))کێڵگەی نەوتی لەبەردەستدا دەمێنێتەوە کە ڕۆژانە تەنها بڕی ٢٣٥٠٠٠ بەرمیل نەوت بەرهەمیان دەبێت.

لەمانگێکدا دەکاتە(( ٧٠٥٠٠٠٠ )) بەرمیل و گەر نرخی (( ١ بەرمیل نەوت  ٤٥ دۆلار)) بێت ئەوا داهاتەکەی لەمانگێکدا دەکاتە(( ٣١٠٠٠٠٠٠٠ ))ملیۆن دۆلار.

کەواتە زیانەکانی هەرێم تەنها لەداهاتی نەوتدا بریتیە لە

١٠٢٤٩٥٢٠٠٠ – ٣١٠٠٠٠٠٠٠ =(( ٧١٤٧٠٢٠٠٠ ))ملیۆن دۆلار.

ئەگەر داهاتی نەوتی هەرێم(( ٣١٠ ملیۆن دۆلار و داهاتەکانی تر ١٥٠ملیۆن دۆلار ))بێت ئەوا کۆی داهات دوای داگیرکردنەکە دەکاتە (( ٤٦٠ ملیۆن دۆلار ))کە یەکسان دەبێت بە(( ٥٧٥ ))ملیار دیناری عێراقی.

کۆی خەرجیەکان (( چارەك و نیوە مووچە + خەرجیەکانی تر)) لە مانگێکدا یەکسانە بە

(( ٦٢٠))ملیار دینار

کەواتە حکومەتی هەرێم لەمانگێکدا بڕی(( ٤٥ملیار ))دینار  کورتهێنانی دەبێت.بۆیە دەتوانێت تەنها لە ماوە(( ٢ مانگ جارێکدا یان زیاتر)) (( چارەك و نیوە مووچە )) بداتە فەرمانبەران.

- کە ئەمەش هێندەی تر قەیرانی دارایی توندتر دەکات و حکومەتی هەرێم بەرەو ئیفلاس بوون دەبات، چونکە داهاتەکانی ناوخۆ وفڕۆکەخانە و دەروازە سنوریەکانیش دەبێت بگەڕێتەوە لای حکومەتی بەغداد. کەواتە حکومەتی هەرێم تەنها دەبێتە خاوەنی ئەو(( ٣١٠ ))ملیۆن دۆلارەی کە داهاتی نەوتی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستانە، خۆ ئەگەر حکومەتی بەغداد پێداگیر بکات لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو بڕە داهاتەش ئەوا حکومەتی هەرێم هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی لەبەر دەستدا نامێنێت.چونکە لە ئێستادا بەغداد سەرجەم کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکانی ئاگادارکردۆتەوە کە هیچ

گرێبەست و مامەڵەیەك لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا نەکەن بەبێ ڕەزامەندی بەغداد.کە ئەم هەنگاوەش هێندەی تر هەرێم دادەبڕێت لەسەرچاوەی داهاتەکانی.

- ئەمە سەرەڕای ٢٠-٣٠ ملیار دۆلار قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی کە لەئەستۆی حکومەتدایە
- کەواتە چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ لای بەغداد بە زەلیلی و لاوازی،ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی حکومەت

و سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە هاتە گۆڕێ. لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم بۆخۆی وەك دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵەی دەکرد،بەڵام لە ئێستادا نزیکەی ٥١٪ خاکی هەرێممان تەسلیم بە بەغداد کردەوە و بەدەستی خۆمان سنور و دەسەڵات و شکۆی خۆمانمان بچوککردەوە و گەڕاینەوە بۆ سنورەکانی ساڵی ١٩٩١ و بەمەش لەجیاتی ئەوەی ئەم ئەزمونی حوکمڕانیەمان بەرەوپێش بەرین ٢٦ ساڵ گەڕاندمانەوە بۆ دواوە لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتد.و گەڕاینەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم. بەداخەوە بۆ ئاینده شتێك نامێنێت بەناوی حکومەتی هەرێمەوە ،چونکە پایە گرنگەکانی هێز و توانای خۆی لەدەست دەدات لەهەریەکە لە (( شکۆ و هەیبەت کەبریتیە لە یاسا و دەسەڵات ، بودجە و داهات، پلان و نەخشەڕێگا و کادری شارەزا))،چونکە هەر حکومەتێك خاوەنی ئەم ٣ پایە گرنگە نەبێت تانوائێت حوکمڕانیەکی ڕەشید و سەرکەوتوو بەڕێوە ببات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و سپی میدیا لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢١دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەرەو کوێ؟ *

• ئاشکرایە لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنەوەی سوپا و حەشدی شەعبی عێراقی بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان لە کەرکوك و خانەقین و دووزخورماتوو و داقوق و پردێ و شەنگال و فیشخابور و سنوری سوریا و خازەر و بەعشیقە و ..هتد. کە پێکەوە ٥١٪ خاکی کوردستانیان پێك دەهێنا،کورد ڕووبەڕووی کارەسات و شکستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و دەروونیش بۆتەوە،هەر ئەم شکستەش وای کرد کە کورد پێگە و مەقامی بەهێزی خۆی لەدەستبدات لەناوخۆ و ناوچەکە و دونیاش و بەتایبەتیش لەبەردەم دەسەڵاتدارانی عێراقدا. لە ئێستادا کورد شکستخواردوو و لاواز و عێراقیش بەهێز و سەرکەوتوو دەردەکەوێت، بەتایبەتیش کە هەفتەی ڕابووردوو سەرۆك وەزیرانی عێراق د. حەیدەر عەبادی سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر داعشدا ڕاگەیاند و لە وتارەکەشیدا بەنیەتی پێشوەخت هیچ باسی لە ڕۆڵ و کاریگەری چەندین ساڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکرد، ئەم هەڵوێستانەی بەغداد هەر لەخۆڕا نەهاتوە و بەبێ ئاگایش دەریاننابڕێت،بەڵکو هەموو ئەو گوتار و کردارانە وەك جۆرێك لە فشاری دەروونی سەرکەوتویەکە و دەینوێنێت بەرامبەر نەیارێکی عیناد ومەغرور و شکستخواردوودا کەلەپێشدا هیچ حسابێکی بۆ بەغداد نەدەکرد.

• کورد لەم قۆناغەدا بەداخەوە لە لاوازترین هەڵوێست و پێگەدایە و ئەم دەرئەنجامەش لە ئەنجامی زۆر لەخۆڕازیبون و غرور و عینادی سیاسیەوە هات کە سەرکردایەتی کورد بەبێ گوێدانە هەڵوێست و پێگە و بڕیاری زلهێزەکانی دونیا و ناوچەکە و بەغدادیش سوار سەری خۆی بوو،وەکەوتە هەڵەیەکی گەورەی سیاسی کوشندەوە کەلەلایەك خەونی سەربەخۆبوونی لەناوبرد و لەلایەکی تریشەوە ئەوەی هەمان بوو لەدەستماندا، لەسەر زەمینەی واقع کورد ٥١٪ خاکەکەی لەدەستدا و بۆماوەی ٢٦ ساڵ گەڕایەوە دواوە و سەرچاوەی داهاتەکانیشی لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوریەکان و نەوتەکەشی لەدەستبدات و لە ئێستادا داهاتی هەرێم بە ڕێژەی ٦٠٪ کەمی کردوە.

• بەداخەوە دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٦ ساڵی ڕابووردووشدا هەر بەناو حکومەت و دەسەڵات بوە،ئەگینا کە بەدیقەت لەکار و پڕۆژە و بەرنامەکانی وورد دەبیتەوە بەهیچ پێودانێك ناکرێت بخرێتە چوارچێوەی حکومەت یان حوکمڕانیەکی سەرکەوتووەوە،چونکە لەهەموو بوارەکاندا شکستی خواردوە، حکومەتێك لانی کەمی ژیان و گوزەران و مووچەی مووچەخۆرانی خۆی و جەماوەرەکەی پێدابین نەکرێت ئیدی حکومەتی چیە؟ حکومەتێك نەتوانێت خزمەتگوزاریەکان لە ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵاو پڕۆژە ئاوەدانیەکانی پرد و ڕێگاوبان و پڕۆژە نیشتەجێبوەکان و کەرتەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزاری ببوژێنێتەوە ،ئیدی حکومەت و دەسەڵاتی چیە؟

ئەم حکومەتە لەلایەك زۆر بێخەم و خەمسارده بەرامبەر داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و لەلایەکیش بۆخۆی لەبەرامبەر عێراقدا خاوەنی سادەترین و بچوکترین بەدیل و جێگرەوە نیە لە هیچ بوارێکدا.

هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٥ی ئەیلولەوە زۆر تەریك و دابڕاو بوە لە عێراق و ناوچەکە و دونیاش،لەڕووی ئاست و گەرموگوڕی پەیوەندیەکانیەوە و کورد نەیتوانیوە لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابووردوودا دۆستی کۆنکرێتی بۆخۆی و مەسەلەکەی پەیدا بکات یان نەیزانیوە چۆن و کێ بکاتە دۆست و پشتیوان بۆخۆی.

هەربۆیە ئەم پێگە لاوازەی وایکردوە کە بەغدادیش بەو هەموو کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و سەربازیانەی کەهەیەتی لەناوخۆدا ،تەنانەت وەڵامی داواکاری و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆش نەداتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمدا، بۆیە ساڵی ئایندەش بۆ هەرێمی کوردستان وەکو ساڵانی پێشووتر دەبێتە ساڵێکی پڕ قەیران و نەهامەتی و نەبوونی و بەردەوامبوونی برسێتی و بێ

مووچەیی و نەبونی پڕۆژە و ئاوەدانی.لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەی ئابوری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی میلەتەکەمان بەناوی سیاسەتی ئابوری سەربەخۆوە.

- هەرێم پێویستە لەناوخۆدا نێومالًی خۆی ڕێکبخاتەوە وسازان و ئاشتەوایی نیشتیمانی سازبدات و دامودەزگا شەرعیەکان کارابکاتەوە و حکومەتێکی ئاکتیڤ پێکەوە بنێت و داهات و خەرجیەکان شەفاف بکات و بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە و یەکسانی و دادپەروەری پیادە بکات،حکومەت لە حیزب جیا بکاتەوە و هەوڵی چاککردنەوەی پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش بداتەوە لەگەڵ هەمواندا، کورد تابتوانێت لەگەڵ بەغدادا پەیوەندیەکانی ئاسایی بکاتەوە و بەردەوامی بدات بەژیان و مان و یەکگرتوویی هەرێم و قەوارە سیاسیەکەی.بەجدی کاربکات بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستور کە هەرچەندە ئەم دەستورەش فریاد ڕەس نیە بۆ کورد،چونکە لەکاتی بەهێزبوونی کوردا نەمانتوانی و یان نەمان کرد دەستور جێبەجێبکەین ئەوا زۆر ئەستەمە لەم قۆناغی لاوازیەدا بەغداد بێتە ژێر ڕکێفی داواکاریەکانی کوردەوە،بەتایبەتیش جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور کە دەکرا کورد دوور لە جەنگ وکوشتار ببێتەوە بەخاوەنی شەرعی ئەو ناوچانە.

بۆیە ئەرکی سەر شانی سەرکردایەتی کورد لەبۆ ئایندە گەلێك سەخت و دژوارە ،بەلاًم جێگەی بێئومێدیش نیە،چونکە ناوچەکە و دونیاش لە گۆڕانکاری بەردەومدان و زۆر ڕێگەی تێدەچێت جارێکی تر و چانسێکی تر بدرێتەوە بەکورد بۆ بەهێزبونەوە،جا تاکورد بەهێزنەبێتەوە و لەنێوخۆشیدا یەك و یەکگرتوو نەبێتەوە،سەختە گەیشتن بە ئامانجەکان،بۆیە ئایندەی هەرێم لە عێراقدا نەزۆر ڕۆشنە و نەزۆر تاریکە بەڵکو تەمومژاوی و لێڵە لانی کەم لەم قۆناغەدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس و pukmediaومەکتەب ڕێکخستن و وتاری کوردئاڕاستە و سبەی و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە٧٣٧وئاژانس ژمارە٧٠ وچاودێر ژمارە٦٣٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/٢٦دا بلاًوکراوەتەوە.

* ئەم بابەتە بەزمانی فارسیش لە ڕۆژنامەی جام کوردی ژمارە١٣٥لە ٢٠١٨/١/٢دا بلاًوکراوەتەوە.

## لەنێوان مالکی و عەبادیدا ..کامیان بۆ کورد؟*

• له دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ٢٠٠٣دا، کورد دەرگاکانی مێژووی بەڕوودا کرایەوە و هیوا و ئاواتی زۆری هەڵچنیبوو لەسەر عێراقی نویَ و ئایندە و سەرکردەکانی بە عەرەبی شیعە و سونەیانەوە ، وا تێگەیشتبوو کە گۆڕانکاریەکی گەورە هاتوە بەسەر بیرکردنەوە و ڕوئیا و تێگەیشتنی سەرکردە نوێکانی عێراق دەربارەی کورد و مەسەلەکەی ومافە ڕەواکانی،بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە ماوەی ٣٠ ساڵ زیاتر کورد و کوردستان و سەرکردە و حیزبەکانی لە یەك بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی بەعسی صدامیدا خەباتی هاوبەشیان کردبوو،کوردستان ببوە جێگە و نەوای مانەوە و پارێزگاری لەهەموو ئەو حیزب و سەرکردانە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش شیعە مەزهەبەکانیان بەهۆی  هاوکاری و هەمئاهەنگی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ هەردوولا((کورد و شیعەکان)).بەلاَم ئەوەی کە ڕوویدا لەڕاستیدا چاوەڕوانکراو بوو،بەلاَم کورد و سەرکردەکانی نەیاندەویست بڕوا بکەن بەوەی کە بەبیَ جیاوزای بیروڕا و هەڵوێستەکانیان و تەکتیکەکانیان هەموان بەبیَ جیاوازی سەرکردە و لایەنە عەرەبەکان بەسونە و شیعەیانەوە کاتێك گەیشتنە پۆست و پلە و دەسەلاَت،لەسەر هەمان ئاڕاستە و بیرکردنەوەی کۆنی بەعسیەکان بەردەوام بوون و هەموانیان کەوتنە پشتگوێخستن و دانپیادانەنان و پشتکردنە مافە ڕەوا و دەستوریەکانی کورد لە عێراقدا،ئەوەتا ماوەی ١٣ ساڵی ڕێکە کورد هێشتا لە چاوەڕوانی  ((گۆدۆ))دایە لە جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکان و بەتایبەتیش مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ٥١٪ خاکەکەی بۆ سەر کوردستان و گەلێکی تریش،بەلاَم کورد لەچاوەڕوانی بێهودەیدا ماوەتەوە.

• لەئێستادا کە کەمتر لە ٢ مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندەی پەڕلەمانی عێراق،عەرەبەکان((شیعە و سونەکان)) کەوتونەتە خۆ بۆ خۆنزیك کردنەوەیان لەکورد وەك تاکتیکێکی سیاسی و هەڵبژاردن  و لەولاشەوە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا هەموانیان چەندە توند و دژی مافەکانی کورد بن هێندە لەناو جەماوەردا دەنگ کۆدەکەنەوە،بۆیە کورد بۆ حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی شیعە و سونە و تورکومان بۆتە فریادڕەس و مایەی دەرچوون و دەنگهێنانی زیاتر.

هەربۆیە هەموانیان کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنانی لیست و قەوارە و هاوپەیمانی بۆ ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ هەموانیان دەبێتە هۆکاری مانەوەیان لەدەسەلاَتدا  لانی کەم بۆ ماوەی ٤ ساڵی ئایندە.

• دوان لەو کەسایەتیانەی کە لەماوەی ئەم ١٣ ساڵەی ڕابووردوودا کاریگەری و جێگە دەستیان دیاربووە لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراقیدا و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد ،بریتین لە هەردووك(( لە مالکی و عەبادی))کە دوو کەسایەتی بالاَدەستی شیعە مەزهەب و لە گەورەترین حیزبی سیاسی شیعەی عێراقن ((حیزبی دەعوەی ئیسلامی)). هەردووکیان بۆ کورد تاقیکراونەتەوە و هیچیان لەویتریان باشتر نیە و دژایەتیان بۆ مافەکانی کورد زۆر توندە، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان بە پشتیوانی و دەنگەکانی کورد ئەو پۆستانەیان وەرگرتوە. جاهەریەکەیان بە شێوازی خۆی ئەو دژایەتیە دەکەن،مالکی بە ئاشکرا و زۆر بەتوندی و لەڕێگەی بودجە و مووچە بڕینی هەرێمی کوردستان  لە ساڵی ٢٠١٤وە و هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسی یەکگرتوی هەرێم و ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکان و فشار خستنە سەر لێپرسراو و نوێنەرانی کورد لەحکومەت و پەڕلەمانی عێراقیدا و لێپرسینەوەیان و تەنانەت دەرکردنیشیان.

هەرچی عەبادیشە کە لەماوەی ئەم ٤ ساڵەی ڕابووردودا بوە سەرۆك وەزیران و بەهۆی سەرکەوتنەکانی بەسەر داعش و ڕزگارکردنی زۆرینەی خاکی عێراق و نەشوە گرتنی سەرکەوتنەکانی گەرەکێتی لەڕێگەی بەناو جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکانەوە هەرێمی کوردستان  لە مەنگەنە بدات و بیَ دەسەلاَت و بێهێز و زۆر لاوازی بکات  وهەرواشی کردوە و

بەردەوامیشە لەسەر هەنگاوەکانی مالکی لە بڕینی بودجە و مووچە و گەمارۆی ئابوری و سەربازی و بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لەسەر کورد و کوردستان.

- کەواتە نە مالکی و نەعەبادی دۆست و فریادڕەسی کورد نین و هەردووکیان لاپەڕە و مێژوویەکی ڕەشیان هەیە بەرامبەر بەکورد،هەربۆیە کورد و سەرکردایەتیەکانی هەڵەیەکی مێژوویی دەکەن بە پشتگیرکردنی یەکێکیان لەسەر حسابی ئەویتریان،کورد پێویستە سەرەتا یەکو یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆی و هەڵویست و کردارەکانی خۆی بچەسپێنێت و نێومالّی خۆی ڕێکبخاتەوە و هێز و دەسەلأتی لەعێراقدا بگێڕێتەوە،چونکە تەنها بەیەك و یەکگرتوویی و بەهێزی چ مالکی و چ عەبادی حسابی زۆر گەورە بۆ کورد دەکەن،بەلأم بەپەرت و بلأوی و جیاوازی گوتار و کرداری کورد لەبەغداد هەمیشە لاواز و بێدەسەلأت دەبێت،لەکاتێکیشدا کە مالکی و عەبادیش بۆخۆیان بوکەڵەیەکی سیاسین بەدەست هێزی هەرێمایەتی و زلهێزەکانەوە و ئەوان بڕیاردەری کۆتایی نین لەعێراقدا،بۆیە کوردیش پێویستە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەو هێزە هەرێمایەتی و دونیایانەدا گەشە و پتەو بەهێز و توندوتۆڵ بکاو هێندە نەرمی و سازش نە بۆ مالکی بکات و نەبۆ عەبادیش.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد و ئاڕاستە و سپی میدیا و شەنپرێس وڕۆژنامەی ئاژانس ژمارە ٧٥ و کوردستانی نویٚ ژمارە ٧٤٩٤ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٢/٧دا بلأوکراوەتەوە.

## پێگەی سیاسی کورد لە عێراقدا بەرەو کوێ ؟*

- بەداخەوە کێرڤی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا لەساڵی ٢٠١٢ بەدواوە بەرەو داکشان و لاوازی و بێهێزی ملی شۆڕکردۆتەوە،و بەتایبەتیش دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال وەك سەرۆکێکی کاریزما و سەرکردەیەکی سیاسی خاوەن سەنگینی و قورسایی خۆی لە بەغداد و پاشەکشەکردنی لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا، بوە سەرەتا و دەستپێکی لاوازبوونی پێگەی سیاسی کورد لە عێراقدا و ئیدی ئەم لافاوی هەرەس و داکشانە بەردەوام بوو،چونکە لەلایەك سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغداد بەهۆی نەمانی مام جەلالەوە بۆشاییەکی گەورەی دروستکرد و کەسیش نەبوو جێگەی بگرێتەوە و بەر بەهەرەس و دژایەتیەکانی عەرەبیش بگرێت لەبەغداد و لە لایەکی تریشەوە لەهەرێمی کوردستانیشدا کاریزمایەکی بەهێزو خاڵی یەکانگیری هەموو لایەنەکان پەیدانەبوو و هەڵیشنەکەوت تا لانی کەم پارێزگاری لە پێگەی سیاسی کورد و ڕیزەکانی کورد و یەك و یەکگرتوو بکات، دواتریش بەهۆی لەلایەك هەڵەخوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکانی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە و دونیاش و لەلایەکی تریشەوە ناکۆکیە سیاسیە بەردەوامەکان و بەردەوامبون لەسەر هەڵە سیاسیە کوشندەکان لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە،بونە بەردەوامی پێدەری لاوازبوونی پێگەی سیاسی کورد.

بە چێکردنی ڕیفراندۆمیش و حیساب نەکردن بۆ ئامۆژگاریەکانی دۆستەکان و کەوتنە ژێر کاریگەری و هەژموونی ناسیونالیستی توندی کوردایەتیشەوە و لەپێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتی کەسی و حیزبی و بنەماڵەییدا، وەك دەوترێت ((بوە ئەو مووەی کە پشتی حوشترەکەی پێشکا)) و ئیدی مەسەلەی کورد و کوردایەتی و پێکەوەنان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بونە خەون و بۆ ماوەی دەیان ساڵ لێمان دوورکەوتنەوە و لەجیاتی ئەو دروشمە قەبە و جوان و پڕ شکۆیە دروشمی بەڵێ بۆ مووچە و ناردنی بودجە و کردنەوەی دەروازە سنوریەکان و فڕۆکەخانە داخراوەکانمان بەرزکردەوە.

- ڕیفراندۆم گەرچی مافی ڕەواو سەرەتایی میلەتەکەمان بوو،بەڵام دیاریکردن و پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی لەم زەمان و زەمینە نەگونجاوەدا بە نەرێنی شکایەوە بەسەر تەواوی بیر وکار وگوتاری کوردایەتیدا.هەر لە دەرئەنجامە خراپەکانی ڕیفراندۆم بوو کە شکستی سەربازی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا هات و ٥١٪ خاکی دانەبڕاوی کوردستان جارێکی تر داگیرکرایەوە هەر لە خانەقین و دووزخورماتوو و کەرکوکەوە تا دبس و مەخمور و خازەر و شەنگال و بەعشیقە و فیشخابور و ..هتد.زۆرێك دەڵێن ڕووداوەکانی ١٦ /١٠ مایەی کارەساتی داگیرکاری و جینۆسایدی کورد و کوردستان لە دوزخورماتوو کەرکوك ،بەڵام دوور لە دەمارگیری حیزبی هیچ ڕوویەکی لەیەکچوون نیە لە نێوان کاریگەریەکانی ڕیفراندۆم و کارەساتی ١٠/١٦دا،چونکە ڕیفراندۆم زۆر گەورەتر و کاریگەرترە لە خەباتی کوردایەتیدا و خاڵێکی گەشاوەو وەرچەرخانیشە،بەڵام ڕووداوەکانی ١٠/١٦ وەکو هەموو کارەساتەکانی تری ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و نسکۆو شکستی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ و کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ وبراکوژی شاخ و شار لەدوای ڕاپەڕینیش ١٩٩٤-١٩٩٨ سەرجەمیان کارەساتی جەرگبڕبوون و مایەی شەرمازارین بۆ هەموان بەبێ جیاوازی و هەق نیە ئەو وێسگە ڕەش و تاریکانە هیچ لایەك نە موزایەدەی پێوە بکات و نە شانازیشە بۆ هیچ لایەك و سەرکردەیەك،دەبێت تادەکرێت ئاسەوارەکانیان لە زهن و بیری خۆماندا بسڕینەوە و نەیهێڵین نەك وەکو ئێستا و بەربەردەوامی لەسەر قەوانێکی سواو بیجوینەوە.

- بۆیە گەر بمانەوێت پێگەی سیاسی کورد لە عێراق و بۆ ئایندەش بەرز و بەهێز و پتەوی بکەینەوە وەکو سەرەتای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا پێویستە لەسەر کورد لەنێو خۆی و لەنێو ماڵی خۆیدا یەك و یەکگرتوو و یەك گوتار و یەك کردار بێت،بەرامبەر بە عەرەب ((سونە و شیعە)) و ئەوانی تریشدا و پرۆسەیەکی سازانی نیشتیمانی و ئاشتەوایی سەرتاسەری چێبکات،و دوور بکەوێتەوە لەململانێی نارەوای حیزبایەتی و ناوچەگەری و حکومەت و دەسەڵاتێکی تۆکمە و پتەو وبەهێز پێکەوە بنێت لەسەر بنەمای شەفافیەت و خزمەتکردن و چاکسازی ڕاستەقینە و ڕێزگرتن لە دامودەزگا شەرعیەکانی حوکمڕانی، دوور لە گەندەڵی و بە ئاڕاستە و پلانێکی زانستی واقعی

کاری خۆی بکات و ڕێز لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری ڕاستەقینەش بگرێت،چونکە کورد و مەسەلەکەی بەبێ چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان لەکوردستان و عێراقدا هەمیشە بە ژێردەستەیی و داگیرکراوەیی دەمێنێتەوەو بۆ هەتاهەتایش هەر لە شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانیدا بەردەوام دەبێت.

- کورد لە ئێستادا هیچ چارەیەکی نیە جگە لە بەرقەرارکردنی ئاشتی لەناوخۆی کوردستان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ دەسەلاّتدارانی عێراقدا و لەسەر بنچینەی دەستور کە هەرچەندە فریاد ڕەسیش نیە بۆ هەموو ماف وداواکاریەکانی کورد،بەلاّم تا ئەوکاتەی کورد تەندروستی و بەهێزی خۆی وەدەستدێنێتەوە و دەبێتەوە خاوەن دەستپێشخەری سیاسی ،ناچارە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا خۆی بگونجێنێت و دەبێت سزای هەڵە و سەرەڕۆیی و سەرکێشیەکانی بداتەوە ئەوکات دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئاڕاستەیەکی نویٰ بە بیر و ئەندێشە و پلانێکی نوێوە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەنگاو بنێت.
- کورد خۆی هۆکاری سەرەکی کێشە و لاوازبونی پێگەی سیاسی خۆی بوە لە عێراقدا وهۆکاری لەدەستدانی شکۆ و گەورەیی و گەشاوەیی دەسەلاّتەکەی بوە بەشێوەیەك سەقفی داواکاریەکانی لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە دابەزیوە بۆ داواکردنی مووچە و بودجەو ..هتد. لەهەمان کاتیشدا هەرخۆشی هۆکاری چارەسەرکردن و ساڕێژکردنیەتی،بۆیە گلەیی وڕەخنەی سەرەکی دەبێت کورد لەخۆی بگرێت نەك عێراق و دەرودراسیٰ و زلهێزەکان،چونکە ئەوان هەمیشە لەبەرژەوەندی خۆیان سەوداومامەڵە دەکەن نەك لەبۆ بەرژەوەندی کورد،بۆیە بەهێزبونەوەی پێگەی سیاسی کورد تەنها بەندە بەیەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کورد خۆیەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و سپی میدیا و pukmediaو مەکتەب ڕێکخستن و شەنپرێس و ڕۆژنامەی کوردستانی نویٰ ژمارە ٧٥٠١ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٢/٢١دا بلاّوکراوەتەوە.

## بۆچی هەرگیز نیشتمان نابێتە هی هەمووان؟*

- نیشتمان ئەو پارچە زەوییەیە کە کۆمەڵە کەسانێك لەسەری نیشتەجێن و دەبێتە زێدی خۆیان و نەوە و باوباپیرانیشیان، هەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆکاری خۆشویستنی و خۆبەختکردن لە پێناویدا،و ڕێگەنەدان بەهیچ داگیرکەرێکی دەرەکی کە پێی بخاتە سەر و خێروبێری وڵاتەکە بەهەدەر ببات و کوشت و کوشتاری تیادا بکات.

نیشتمان چەندە بچوك یان گەورە بێت ،یا دەوڵەمەند و هەژار بێت یاخود چەندە ناخۆش بێت لەڕووی کەشوهەواو و ژینگە و نەبونی سیستەمێکی حوکمڕانی دادپەروەر کە ئازادیەکانی تاك و کۆمەڵگای تیادا زەوتکرابێت و دیموکراسیەت و مافی مرۆڤی تیادا پێشیل بکرێت،هەر خۆشەویستە و هیچ کات مرۆڤەکان ناتوانن دەستبەرداری بن، نیشتمان لانکە و نەوای هاونیشتیمانیانی خۆیەتی،هەرچەندە ئەو تاکانەش نادڵسۆز و بێ وەفاو بێ ئەمەك و خەمخۆریش نەبن بۆی.

نیشتمان ئەو دایکە بەسۆزەیە کە هەموان بە باش و خراپەوە لە ئامێز دەگرێت بەبێ جیاوازی،بەڵام ئەوە مرۆڤەکانە خۆیان لێدەگۆڕێت و دەبنە کەسانی سپڵە و بێ ئەمەك بۆ نیشتمانەکەیان.

مرۆڤەکان یاخود هەندێکی کەم لە مرۆڤەکان بەڕێکەوت یان بە تۆپزی خۆیان دەکەنە دەمڕاست و لێپرسراو و سەرکردەی نیشتمان و هالە و خەرمانەیەکی درۆینە بەدەوری خۆیاندا دروست دەکەن یان کەسانی دەوروبەریان لە هەلپەرست و گەندەڵ و مشەخۆرەکان بۆیان دروستدەکەن و لەبەرچاوی خۆشیاندا خۆیان لێ گەورە دەکەن و لە زۆرینەی جەماوەر دایاندەبڕن و دەیانگەیەنن کەشکەلانی ئاسمان و بەرزیان دەکەنەوە و دەیانخەنە ((صەومەعەیەکی))داخراوی لە خوا و لەجەماوەریش دوور ،ئیدی لێرەوە مەینەتیەکانی نیشتمان دەستپێدەکات و چەندین چینی جیاواز دروست دەبێت و ململانێ چینایەتیەکان سەرهەڵدەدەن و کۆمەڵگاش شەقار شەقار دەبێت، چینێکی دەسەڵاتدار و خۆ بەزلزان و مەغرور و بێ منەت لەگەل و نیشتمان لەسایەی دەسەڵات و پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکانەوە کە دوور لە مافی ڕەوای خۆیان بەدەستیان هێناوە ،چینێکیش هەمیشە سووتەمەنی خەبات و خۆپیشاندان و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بوە،لەلایەك دژ بە داگیرکەرانی دەرەکی و دواتریش لەسەردەمی حوکمڕانی خۆیەتیدا دەبنە سووتماك بۆ هەوەس و ئارەزووەکانی شۆڕشگێڕانی دوێنێی نیشتمان و خۆسەپێن و تاکڕەوی دەسەڵاتی ئەمڕۆ،ئیدی ئەم دوو چینە دژ بەیەکە نیشتمان دابەش دەکەن لەنێو خۆیاندا،چینە کەمینە دەسەڵاتدارەکە بەناوی ((شەرعیەتی شۆڕشگێڕیەوە))هەموو حەرام و تابۆکانی نیشتمان بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکەن و لەزۆرینەی جەماوەری بەش مەینەتی حەرام دەکەن، ئیدی لێرەوە نیشتمان نابێتە هی هەموان وەك یەك وبەیەکسانی،چونکە هەموان لەسایەی ئاسمان و لەسەر زەمینی نیشتماندا هەست بەیەکسانی و دادپەروەری ناکەن و ئازادی و مافەکانیان لێ زەوتکراوە و تەنها لەکاتی تەنگانە و شەڕ و جەنگە ناڕەواکاندا نیشتمان دەبێتە هی زۆرینەی بێ دەسەڵات کە هەمیشە سووتەمەنیەکی هەرزانکراون بۆ قوربانیدان و خۆشکردنی گڕی جەهەنەمێکی بە ناڕەوا داگیرساو کە تەڕو وشکی نیشتمان پێکەوە دەسوتێنێت.

ئاخر بەچی نیشمان ببێتە هی هەموان؟ لەکاتێکدا ئیمتیازات و خۆشیەکانی ژیان تەنها بۆ کەمینەیەکی دەسەڵاتدار لە سەرکردە و حیزبەکان بێت و زۆرینەش لێی بێبەش بن،لەکاتێکدا ئەو کەمینە گەندەڵ و خۆسەپێن و پاوانخوازانە کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی ژیان و گوزەرانی نیشتمانیان کردبێت،بەڵام لەبەرامبەریشدا زۆرینە لەو نیشتمانەدا بێ بەشکراو وبرسی و کرێنشین بن،ئیدی چی دەیانبەستێتەوە بەو نیشتمانە و چۆن ئینتیمایەکیان بۆی هەبێت؟

کەواتە تا سیستەمێکی حوکمڕانی ڕەشید و ژیر و دیموکراسی تەواو نەچەسپێت کە هەموان وەکویەك هەست بەیەکسانی ئەرك و مافەکانیان نەکەن و دادپەروەری نەبینن لەکار وکردەوە و دابەشکردنی خێروبێری نیشتماندا و نیشتمان نەبێتە بەهەشتێك بۆ خۆیان ونەوەکانیشیان هەرگیز نیشتمان نابێتە هی هەموان و ئەوکاتیش هەرکەسە دەیەوێت چیتر لەو نیشتمانەدا نەمێنێتەوە و خۆی لێ ڕزگار بکات و بەجێی بهێڵێت.

بەداخەوە سەرکردە و حیزب و شۆڕشەکانی کورد بەگشتی لەهەر چوار بەشەکەیدا و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستاندا هەر لە قۆناغی شاخ و شۆڕشەوە تاکو ئێستای سەردەمی حومکڕانی و دەسەڵاتدا،نیشتمان هەر بۆ کەمینەیەکی دەسەڵاتدار بوە و زۆرینەش خۆیان بەبێگانە زانیوە،هەربۆیەش نیشتمان سەرناکەوێت و پێشناکەوێت و لەبازنەیەکی بۆشدا دەسوڕێتەوە و زۆرینە تیایدا هەست بە ئەمان و ئاسایش ناکات،چونکە سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان هێندەی بۆ بەرژەوەندی کەسی و بنەماڵەیی لەهەوڵدان نیوهێندە لەخەمی زۆرینە و نیشتماندا نین،ئەوەندی بەرژەوەندیە تەسك و بچوکە حیزبی و سەرکردەیی و بنەماڵەیی و ناوچەییەکانیان لامەبەستە نیوهێندە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمانیان لا پیرۆز نیە.جا تا ئەوکاتەی کە هەموان وەکو یەك لە پێناو نیشتماندا قوربانی نەدەن هیچ کات نیشتمان نابێتە هی هەموان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شارپرێس و pukmediaو وتاری کورد وسپی میدیا و ئاڕاستە و شەنپرێس و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٤٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/٤دا بلاْوکراوەتەوە.

## چۆن
## ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێمی کوردستان تێپەڕێنرێت ؟*

- ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لەدوای ئەنجامدانی ڕیفرادۆمەوە لە ٢٠١٧/٩/٢٥وە ڕووبەڕووی گەمارۆی سیاسی و ئابوری و ئەمنی بوەوە لەلایەن ولأتانی دەرودراوسیٚ و بەغدادیشەوە و ئەمەش بوە هۆکاری لێکترازان و دوورکەوتنەوەی زیاتری هێزە سیاسیەکانی کوردستان و پەرتکردنی نێومالٚی کورد لە کوردستان و تاڕادەیەکیش لەدوای ڕووداوەکانی ٢٠١٧/١٠/١٦ لە ناوچە دابڕێنراوەکانیش توشی کارەسات و شکستی سەربازی هات. هەموو ئەو ڕووداوانە کاریگەری خراپیان کردە سەر دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلأیەتی کوردستان و هێندەی تر درزی نێوان سەرکردە و لایەنە سیاسیەکانی تۆخکردەوە و فراوانتری کرد.و کار گەیشتە تۆمەتبەخشینەوە و تاوانبارکردنی یەکتری بە خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتیمان.

دواتریش بەهۆی ئەنجامدانی هەلٚبژاردنی پەڕلەمانی عێراقەوە لە ٢٠١٨/٥/١٢دا و هەر لەگەلٚ ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکاندا،لەسەرتاسەری عێراق بەکوردستانیشەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزبۆوە لەسەر ئەنجامەکان و زۆرینەی لایەنەکان ناڕازیبوون لەو ئەنجامانە و کەوتنە تانەلێدان و داوای بەدەست ئەژمارکردنی صندوقەکانی دەنگدانیان کردو ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر ناکۆکی و ململانیٚ حیزبیەکان لە کوردستاندا تۆخببنەوە و ژمارەیەك لایەنی سیاسی کە ٤ لایەنی سەرەکی((گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەلٚ و هاوپەیمانی و لەگەلٚیشیاندا بزوتنەوەی ئیسلامی و شیوعی )) بوون و بەرەیەکیان لە یەکێتی و پارتی گرت و تۆمەتی تەزویر و ساختەکاریان بۆ هەلٚبەستن و ئەوەی پێیانکرا لە پەڕلەمانی عێراق و دادگای فیدراڵی کردیان بۆ ئەوەی یان تەواوی پرۆسەی هەلٚبژاردنەکە ڕەتبکرێتەوە یان ١٠٠٪ ئەنجامەکان و صندوقەکان بەدەست ئەژمار بکرێتەوە. بەلأم هیچ کام لەو داواکاریانە جێبەجیٚ نەبوو ،تەنها ئەو صندوقانەیان ئەژمارکردەوە کە تانەیان لەسەربوو.ئەوەتا تاکو ئێستا کە نزیکەی ٣ مانگی تەواوە هێشتا ئەنجامی کۆتایی دەرنەکەوتوە و دادگای فیدراڵیش پەسەندی نەکردوە.بەم شێوەیە دەولەتی عێراقی ماوەی ٣ مانگە بیٚ پەڕلەمان و بەبیٚ دەسەلأتی یاسادانانە و حکومەتیش حکومەتی کاربەڕێکەرە و لەئێستاشدا باشور و ناوەڕاستی عێراقیش گیرۆدەی گێژاوێکی سیاسی و ئابوری بۆتەوە و جەماوەریش لەهەموان ناڕازین و دەستیان داوەتە خۆپیشاندان کە ماوەی مانگێکی تەواوە.ئەم دۆخە نەخوازراوەی عێراق بۆتە هۆی لێکهەلٚوەشانی تەواوی نێومالٚی شیعە و سونە و کوردیش.

- **ئەوەی گرنگە چۆن دەتوانرێت ئەم دۆخە قەتیس و مەنگەی کوردستان بشەلٚقێنرێت و بتوانرێت لە کاریگەریە خراپەکانی ڕووداوەکانی ڕابووردوو ڕزگاربکرێت و هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی باشتر و گەشتر بنرێت؟**

ئەم دۆخە هەموان لێی بەرپرسیارن لەسەرکردە و حیزب و جەماوەریش بە بچوك و گەورەیانەوە،چونکە هیچ کامیان خەمخۆریەکی جدیان دەرنەبڕیوە بۆ تێپەڕکردن و بازدان بەسەر ڕق و کینە کۆنەکان و بەرژەوەندیە حیزبی و کەسیەکانی خۆیاندا و جەماوەریش متمانەو بڕوای بەهیچ کام لەو سەرکردە و حیزبانە نەماوە و هیچ سەرکردە و حیزبێکیش ناتوانێت نوێنەرایەتی جەماوەر بکات و شەقامی کوردی بجولٚێنێت و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن.حیزب و سەرکردە سیاسیە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانیش نایەنەوێت ببنە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و ناشتوانن ئەو ڕۆلٚە بە ڕاستگۆیانە بەرجەستە بکەن و هەموانیان ئەوەندەی هەلٚپەی دەسەلأتگرتنە دەست و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و بەدەستهێنانی پلە و پۆست و ئیمتیازاتی حیزبی و کەسین نیوهێندەی پەرۆشی ئایندەی گەل و نەتەوە نین.

هەربۆیە ئەم دۆخە قەتیسە دەخوازێت کە :

١. سەرکردەیەکی کاریزما و بەهێز دروست ببێت ((بەوێنەی مام جەلالی ڕەحمەتی)) وبتوانێت سنور و تابۆ حیزبیەکان تێبپەڕێنێت و هەنگاوی پەرۆشانە هەلٚبگرێت بەرەو ئاشتی و ئاشتبونەوە لەنێوان سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان و جەماوەریشدا.

٢. حکومەتی هەرێم هەوڵبدات کە ژیان و گوزەرانی جەماوەر باش بکات و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکات و خزمەتگوزاریە بنچینەییەکانیان بۆ دابین بکات لە ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و مووچەی مانگانە.

٣. حکومەت هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بدات و پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی جێبەجێبکات بۆ نەهێشتنی بێکاری و هەژاری و هەلاوسان و کاربکات بۆ بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی و ئابوری وڵات.

٤. هەوڵبدرێت پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا پتەوبکرێتەوە و ئاسایی بکرێتەوە بۆ تێپەڕاندنی کاریگەریەکانی ڕیفراندۆم.

٥. هەوڵی یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بدرێت و هەموان لەسەر یەك گوتار و یەك کردار ڕێکبکەون و لەبەرامبەر بەغدادی شڵەژاو و تێکچوودا بەبەهێز خۆ پیشان بدەن و داوای مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و ئیستحقاقی هەڵبژاردن بکەن.

٦. جگە لەم هەنگاوانە کورد هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نیە،وهیچ کاتیش دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگی و لێکترازان لەبەرژەوەندی کورد نەبوە و تەنها بەیەك و یەکگرتوویی کورد توانیویەتی مافەکانی خۆی مسۆگەر بکات،و ئەم دۆخەش پێویستی بەهەوڵ و خەمخۆری هەموان هەیە چونکە ناوچەکە بەگشتی لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە و کتوپڕدایە و پڕیشکی هەر جەنگێکیش ڕاستەوخۆ بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت،جا چەندە ئامادە و یەك ماڵ و توندتۆڵبین ئەوەندە دەتوانین خۆمان بپارێزین ،ئەگینا بەم دۆخەی ئێستامانەوە ئەوەی هەشە لەدەستمان دەچێت.بۆیە هەق وایە سەرکردە و حیزب سیاسیەکان پەرۆشی زیاتر بنوێنن و بەرژەوەندی گەل و نەتەوە بخەنە سەروو بەرژەوەندیە حیزبی و دەسکەوتە مادیە بچوکەکانەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا و وتاری کورد و شەنپرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/١١دا بلاوکراوەتەوە.

## هۆکارە دەستوریەکانی
## ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان*

- ئاشکرایە هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵی دانپیادانراوە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا و تا ئێستاش بەشێکی دانەبراوە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ کە خاوەن سیستەمی پەرلەمانیە و لەسەر بنەمای دیموکراسی و کاری پێکەوەیی پێکەوەنراوە.هەربۆیە هەموو دەوڵەتێکی دەستوری و خاوەن دەستور دەبێت بەپێی مادە و بڕگەکانی دەستورەکەی ڕێوشوێنە دەستوریەکان پیادەبکات و سەرپێچیان لێنەکات،بۆئەوەی سیفەتی دەستوری بوونی دەوڵەتەکە و ڕێوشیوێنەکانی کارکردنی نەکەونە ژێر پرسیار و گومان و دەرچوون لەدەستورەوە.
- لەئێستادا دەوڵەتی عێراقی و لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٨/٥/١٢دا و دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەنجامە پەسەندکراوەکانی لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە لە ٢٠١٨/٨/١٩دا واتە دوای ٩٧ ڕۆژ، هێشتا پەرلەمانی نوێ دەستبەکارنەبوە.هەربۆیە بۆئەوەی لە ڕێوشوێنە دەستوریەکان لانەدرێت،پێویست دەکات کە ئەم ڕێوشوێنە دەستوریانە بگیرێنە بەر،بەمەبەستی سازدانی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و دواتریش پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نوێی عێراق.
- بەپێی بەش و مادە و بڕگەکانی دەستور دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێت بەرەو پێکەوەنانی حکومەتی ئایندەی عێراق:

١. **بەشی یەکەم/ دەسەڵاتی یاسادانان** بەهەردوو بەشەکەی لە پەرلەمان و ئەنجومەنی ئیتیحادی کە تائێستا دانەمەزراوە.کە زۆر گرنگە.ئەم بەشە لە ١٨ مادە پێکهاتوە ((مادە ٤٨ تا ٦٥)).

- **لەمادەی ٥٤ دا هاتوە:** کە سەرۆك کۆمار دەبێت لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لەپەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیەوە،داوای بەستنی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی نوێ بکات. جا لەبەرئەوەی دادگای فیدراڵی لە ٢٠١٨/٨/١٩دا ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی پەسەندکرد،بۆیە ١٥ ڕۆژەکە دەگاتە ٩/٤ و دەبێت تائەوکاتە پەرلەمان کۆببێتەوە،خۆ ئەگەر ٧ ڕۆژی پشوەکانی جەژنی قوربانی لێدەربکەین ئەوا ماوەی ١٥ ڕۆژەکە دەگاتە ٩/١١.و ئەم ماوەیەش ناتوانرێت درێژبکرێتەوە.
- پەرلەمانی نوێ بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی کۆدەبێتەوە و سەرۆك و دوو جێگر هەڵدەبژێرێت.
- **لەمادە ٥٥ دا هاتوە:** پەرلەمان لەیەکەم دانیشتنیدا سەرۆك و جێگری یەکەم و دووەم هەڵدەبژێرێت بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی بەشێوەی نهێنی و ڕاستەوخۆ.
- **مادە ٥٦ تا ٦٥** باس لە چۆنێتی ئیشوکارەکانی پەرلەمان و دەسەڵات و ئەرکەکانی دەکات.

٢. **مادە /٧٠**

پەرلەمان لەنێوان کاندیدانی سەرۆك کۆماردا،لەخولی یەکەمدا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرێت، گەر نەتوانرا لەیەکەم خولدا ئەو کارە تەواو بکرێت ئەوا لەخولی دووەمدا دووکاندیدی خاوەن زۆرترین دەنگ کێبکرکێ دەکەن و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرێت.

٣. **مادە / ٧١ سەرۆك کۆمار لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات.**

٤. **مادە/ ٧٢/ دووەم / ب**

٥. **سەرۆك کۆمار بەردەوام دەبێت لەکارەکەیدا تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ و کۆبونەوەی یەکەمی، ئەوکات دەبێت لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا لەدوای یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانەوە سەرۆك کۆمار هەڵبژێرێت.**

٦. **لقی دووەم/ ئە نجومەنی وەزیران**

**مادە/ ٧٦ / یەکەم**

سەرۆك كۆمار كانديدی (( **زۆرترين ژمارەی ئەندام پەرلەمانی**)) ڕادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی وەزيران لەماوەی ١٥ ڕۆژ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمارەوە.

هەربۆيە دەبێت پێش هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار لەپەرلەماندا زۆرترين كوتلەی پەرلەمانی دياری بكرێت.

**دووەم/**

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی ڕاسپێردراو هەڵدەستێت بە ناونانی ئەندامانی كابينەكەی لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕێكەوتی ڕاسپاردنيەوە.

**سێیەم/**

ئەگەر كانديدی يەكەم بۆ سەرۆك وەزيران سەركەوتوونەبوو لەكارەكەيدا لە و ماوە دياريكراوەدا كابينەكەی پێكبێنێت،سەرۆك كۆمار كانديدێكی نوێ ڕادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی كابينەی حكومەت لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لەدوای شكستهێنانی كانديدی يەكەمەوە.

**چوارەم/**

كادنيدی نوێ بۆ سەرۆكی حكومەت ناوی وەزيرەكان و بەرنامەی كابينەكەی دەخاتە بەردەم پەرلەمانەوە بۆ متمانە پێدان، كابينەكە و بەرنامەكەی بە پەسەندكراو دادەنرێن كاتێك پەرلەمان متمانە دەداتە وەزيرەكان و بەرنامە وەزاريەكە بەزۆرينەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی.

**پێنجەم/**

ئەگەر كابينە وەزاريەكە لەلايەن پەرلەمانەوە متمانەی وەرنەگرت،ئەوا سەرۆك كۆمار كانديدێكی تر ڕادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی كابينەی حكومەت لەماوەی ١٥ ڕۆژدا.

- بەم شێوەيە گەر پەرلەمان لە ٩/٤دا يەكەم كۆبونەوەی خۆی ئەنجام بدات و سەرۆك و دوو جێگرەكەی هەڵبژێرێت و زۆرترين كوتلەی پەرلەمانيش ڕابگەيەنرێت،ئەوكات ٣٠ ڕۆژی تر پێويستە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار. دواتر بە ٣ قۆناغی يەك لەدوا يەك بۆ ڕاسپاردنی سەرۆكی حكومەت بۆ پێكهێنانی كابينەی حكومەت كە هەريەكە ماوەی ((٣٠ڕۆژ، ١٥ ڕۆژ و دواتر ١٥ ڕۆژ))ی تريان پێويستە. كەواتە ئاسايی ١٥ ڕۆژ بۆ كۆبونەوەی پەرلەمان و ٣٠ ڕۆژ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و ٣٠ ڕۆژ بۆ پێكهێنانی حكومەت،ئەوا ماوەی ٧٥ ڕۆژی تر پێويستە بۆ لەدايكبونی حكومەتی ئايندەی عێراق. خۆ ئەگەر ٣٠ ڕۆژی تريش حساب بكەين بۆ كاتی شكستی كانديدی يەكەم و دووەم بۆ پێكهێنانی حكومەت ئەوا ١٠٥ ڕۆژ پێويستە بۆ لەدايكبونی حكومەتی نوێی عێراق لە ٢٠١٨/٨/١٩وە.

كەواتە لانی كەم حكومەتی ئايندەی عێراق لەدوای ٧٥ ڕۆژی تر واتە لە ٢٠١٨/١١/٤ لەدايك دەبێت و ئەوپەڕەكەشی لە ٢٠١٨/١٢/٤دا چاوی گەشی بەدونيا هەڵدێنێت.

- هەربۆيە لە ئێستادا ئەمريكا و ئێرانيەكانيش فشار دەخەنە سەر سەركردايەتی كورد بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان،لانی كەم بۆ ٣ تا ٦ مانگی داهاتوو. بۆئەوەی هەموو ئەركيان ببێتە يەكلاكردنەوەی حكومەتی ئايندەی عێراق و سەرقاڵ نەبن بە كێشە و گرفتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانيشەوە كە مەترسيان هەيە كە بەدەردی هەڵبژاردنەكەی پەرلەمانی عێراق بچێت و كێشە و گرفتی زياتريان بۆ بخوڵقێنێت و ٦ مانگی تريش سەرقاڵی پێكەوەنانی حكومەتی هەرێمی كوردستانيش بن،جابۆئەوەی لەيەك كاتدا سەرقاڵی حكومەتی ئايندەی عێراق و كوردستان نەبن،پێيان باشە و ئامۆژگاری يان فشار دەكەن كە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دوا بكەوێت ، بۆئەوەی بۆشايی دەستوری و ياسايی و حوكمڕانی لە عێراق و كوردستانيشدا دروست نەبێت.
- ئەوەی ئاشكراشە زۆرينەی حيزب و سەركردەكانی كوردستانيش لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانداندان ،چونكە دۆخی ناوخۆيی نێو ماڵی حيزبەكان لەلايەك و دۆخی سياسی و ئابوری نێوماڵی كوردستانيش زۆر پتەو و يەكگرتوو و بەهێز و جێگير نين و هێشتاش تای هەڵبژاردنی ٥/١٢ بەرينەداون و دەرونەكانيشيان ئارام

نەبونەتەوە و پێویستیان بەکاتی زیاترە بۆ هێوربونەوە و ئامادەبونیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. جا بۆیە دواخستنی پەرلەمانی کوردستان هیچ کاریگەریەکی گەورەی نابێت لەسەر گۆڕانکاریەکانی عێراق و ناوچەکە و دواخستنیشی بە قازانجی زۆرینەی حیزبەکان دەبێت تا جەماوەریش خۆی ئامادەبکاتەوە بۆ هەڵبژاردنێکی نویٚ.بۆیە ماوەی ئەم هەفتەیەی داهاتوو یەکلاکەرەوە دەبێت لەسەر دواخستن یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ۲۰۱۸/۹/۳۰دا.چونکە وادەی دەسپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە ۹/۵دا دیاریکراوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و pukmediaوشەنپرێس و سپی میدیا لە ڕێکەوتی ۲۰۱۸/۸/۲۷دا بلاٚوکراوەتەوە.

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان کردن و نەکردندا *

• سەرەتای ئەم نوسینەم بە کۆمەڵێك پرسیار دەستپێدەکەم،ئایا دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆچی ؟ لە پێناو چیدا ؟ئایا بە قازانجی کێ و چ لایەن و حیزبێکە؟ئایا دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە نیەتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە پشتەوەیە یان قازانج و دەسکەوتی حیزبی تەسك؟ئایا ئەم هەموو دواخستنی هەڵبژاردنانە پرۆسەی دیموکراسیەتی حوکمڕانی هەرێمەکەمان ناخاتە ژێر گومان و دەیان پرسیاری وەڵامنەدراوەوە؟ئایا هەموان حیزبایەتی دەکەین یان کوردایەتی؟ و دەیان پرسیاری تریش.

پێش وەڵامدانەوەی یەك بەیەکی ئەو پرسیارانە پێویستە چەند ڕاستیەك وەبیر بهێنینەوە،کە بەداخەوە هەموانیان تاڵن،کەلە ٢٧ ساڵی ڕابووردووی تەمەنی ئەم حوکمڕانیەی کورددا بونەتە دابونەریت و عورفێکی ناشیرین و خەریکە خوی پێوەدەگرین،لە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لەکات و ساتی خۆیدا،و دواخستنیان بەهۆی نابەجێ کە ناچنە خانەی سوودگەیاندن بە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی و بە دامودەزگاییکردنی ئۆرگانەکانی ئەم دەسەڵات و حوکمڕانیەوە،بەداخەوە تاکو ئێستاش هێندەی حیزب بڕیار بەدەستە نیوهێندە حکومەت و ئۆرگانەکانی ناچەسپێنرێن و نیەتیش نیە کە بەهێز و پتەو ودامەزراو بکرێن.ململانێ حیزبایەتیە قێزەون و ناڕەواکان ڕێگرن لەبەرەو پێشبردنی ئەزمونی حوکمڕانی کوردیدا، زۆری ژمارەی حیزب و بەناو سەرکردە بونەتە دیاردەیەکی دوور لە دیموکراسی و هیچ کامیان بۆ خزمەت و گەشەپێدان و پێشخستنی ئەزمونەکە نەهاتونەتە گۆڕێ و زەرورەتی قۆناغەکەش نەیخواستوون.زۆربەیان لەهەڵپەی وەدەستهێنانی دەسکەوت و پلە و پۆست و ئیمتیازاتە کەسی و بنەماڵەییەکاندان و نیوهێندە لەخەمی ئایندە و زۆرینەی جەماوەری گەلەکەمان و نیشتیماندا نین.

هەموو ئەم ڕاستیە تاڵانە کاریان کردۆتە سەر تەواوی جومگە و ئۆرگانەکان و تەنانەت خەریکە دەسەڵات و حوکمڕانیەکەی کوردستان توشی ئیفلیجی دەکەن.

• هەربۆیە بنەمای دواخستن و بیانووداتاشین بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کارێکی دوور لە دیموکراسیەت و پێشێلکردنی مافی تاك و کۆمەڵگایە کە لەماوەی ٤ ساڵدا ئەو مافە سەرەتاییە یاسایی و شەرعیەی خۆیی پیادە بکات بەمەبەستی گۆڕانکاری لەدەسەڵات و دەموچاوەکان و هەنگاوێکی زیاتر هەڵبنێت بە ئاڕاستەی زیاتر چەسپاندنی ئەزمونەکە و ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری و خۆسەپاندن و پاوانخوازی و ملهوڕی و نادادپەروەری و دوورکەوتنەوە لە گەندەڵی و ڕەخساندنی هەلی گۆڕانکاریش بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا وەکویەك.بۆیە سازدانی هەموو هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا سیمایەکی جوانتر و گەشتر دەداتە ئەزمونەکەکان و بەپێچەوانەشەوە ڕەشتر و تاریك و لێڵی دەکات.

دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە بۆچی؟ گەر لەپێناو دەسکەوتی حیزبایەتی تەسکدا بێت و تەنها بیر لە بردنەوە و دۆڕاندنی حیزبی بکرێتەوە ،ئەوە مافی هیچ حیزب و سەرکردەیەك نیە کە ئەو بیانویە بهێنێتەوە،چونکە هیچ هەڵبژاردنێك بەتەنها بۆ بردنەوە و مسۆگەرکردنی مانەوە لەدەسەڵاتدا ناکرێت و نەگونجاوە کە تەنها بەرژەوەندی حیزبی تۆخبکرێتەوە بەسەر بەرژەوەندی ئەزمونی حوکمڕانیەکەدا،بەداخەوە ئەوەی بیانوو دەهێنێتەوە بۆ دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە ئەو هێزانەن کە ناوی خۆیان ناوە ئۆپۆزسیۆن و گۆڕانخواز و دیموکراسی و دادپەروەری،ئەوان بەمەرج لەگەڵ دیموکراسی و هەڵبژاردندان ،گەر بە قازانجیان بوو ئامادەن و گەریش پێچەوانە بوەوە بایکۆتی دەکەن و بیانو بۆ دواخستنی دادەتاشن.

ئاشکرایە مەیدانی دیموکراسی زۆر ئازاد و ئاواڵەیە و هەموان دەتوانن ئەسپی خۆیانی تیادا تاوبدەن بۆیە لە کێبڕکێی دیموکراسیدا تەنها جەماوەر بڕیاردەدات نەك حیزب و سەرکردە،بۆیە هەق وایە بەهیچ شێوەیەك ئەم هەڵبژاردنە دوانەخرێت چونکە ئەزمونی دیموکراسیەتی کوردستان دەبێتە مەهزەلە و وەك بوکەڵەیەکی گەمە پێکراو وایە بەدەستی

حیزبەکانەوە و لەبەرژەوەندی تەنها حیزبدا دەبێت نەك جەماوەردا،بۆیە ئەرکی حیزبە گەورە و ڕەسەن و دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە بێگوێدانە بەرژەوەندی بچوکی حیزبی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە لەکاتی خۆیدا و لە ٣٠ ئەیلولدا،چونکە دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی کوردستان سەرەڕای هەبونی مەترسیەکان تاڕادەیەکی باش جێگیر و ئارامە و کەشوهەواکەی لەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە لانی کەم بە بەراوورد بە دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی عێراق کە توانرا هەڵبژاردنی پەرلەمانی تیادا ئەنجام بدرێت،چونکە هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت زامنی دۆخێکی لەمە باشتر و گونجاوتر بکات لەئایندەدا تا هەڵبژاردنەکەی تیادا ئەنجام بدرێت.

ڕاستە لەڕووی ناجێگری دەروونی هاولاَتیان و تورەییان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ٥/١٢ ولە ئێستاشدا نەچوونیان بۆ ناونوسین وتۆمارکردنی خۆیان لەبنکەی دەنگدانەکان و تەنانەت متمانەیەکی گەورەشیان بەتەواوی هەڵبژاردنەکان نەماوە و بڕوایان بە گۆڕانکاری گەورەش نیە چونکە زۆربەی حیزبەکانیان تاقیکردۆتەوە و بۆیان ڕوونبۆتەوە کە حیزبە بەناو ئۆپۆزسیۆن و تازە لەدایکبوەکان ناتوانن بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەن و گۆڕانکاری گەورە ئەنجام بدەن،بۆیە ئەو حیزبانەش ترسی لە دەستدانی زیاتری جەماوەرەکانیان هەیە و دەترسن لە دۆڕاندن و قەتیس و بچوکبونەوەی زیاتر، هەربۆیە گەر بەکەموکورتیش بێت پێویستە ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت،چونکە ناکرێت و کارێکی ژیرمەندانە نیە کە پاشەکشە لە دروشمی دیموکراسی و ئازادیەکان بکرێت لە کوردستاندا بەهەر بیانویەکەوە بێت و پرسیار و گومانی زیاتریش دروستبکرێت لەسەر نیەت و کار و گوتاری حیزب و سەرکردەو ئەزمونەکەمان،با هەموان بەرژەوەندی حیزبی تەسك تێبپەڕێنن و بەرژەوەندی بالاَی گەل و نیشتیمان بالاَتر و پیرۆزتر بکەن لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان.تەنها و تەنها کوردایەتی بکەنە دروشم و ئامانج نەك حیزبایەتی تەسك و بچوك.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و شەنپرێس و وتاری کورد و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٥٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٥دا بلاَوکراوەتەوە.

## کورد لەبەردەم ئاڵنگاریەکانی دوای هەڵبژاردنە گشتیەکانی عێراقدا*

**پێشەکی:**

کورد وەك دووەم نەتەوەی سەرەکی لە دەوڵەتی عێراقدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەوە لەساڵی ١٩٢١وە لەلایەن ئیستعماری بەریتانیاوە وەك پاشماوەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە یەکێك بوو لە دۆڕاوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بەر بەشی ئینگلیز کەوت و ئیدی ئەم وڵاتە چونکە بەشێوەیەکی خۆڕسکانە و لەسەر بنەما و یاسا و ڕێسا سروشتیەکانی دەوڵەت دروست نەبوە و هیچ ڕەچاوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیە هەمە جۆرەکانی نەکراوە،بۆخۆی وەك خوڵقێنراو و دروستکراوێکی عەجیب و غەریب دێتە پێش چاوان و ئیدی لەگەڵ ساتە وەختی دروستبونیدا بە ڕێگەی ((عەمەلیاتێکی قەیصەری))کتوپڕ و بێ ئامادەسازی و ڕێگە خۆشکردن لە ڕووی سیاسی و ئابوری و جوگرافی و دەروونی کۆمەڵگاکانی عێراقی ئەو کاتەشەوە،کۆمەڵ گەلێك کێشەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و ناوچەگەرێتی و یاسایشی بەدوای خۆیدا هێناو لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی دەوڵەتەکەشدا هەموو ئەو کێشانەش گەورەتر و ئاڵۆزتر بوون،چونکە دەسەڵاتدارانی سەپێنراوی سەر ئەو دەوڵەتە بۆخۆیان خاوەن ئیرادە و ئیدارە و سیاسەت و بڕیارێکی تەواو عێراقیانە نەبوون بەڵکو تەنها ڕۆڵی بوکەڵەیەکیان دەبینی بەدەست پیاوان و نوێنەرانی سامی بەریتانیاوە لە عێراقدا و تەنها وەك فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵی بڕیار و فەرمانەکانی ئەوان هەڵسوکەوتیان دەکرد.بەم شێوەیە نە عێراق وەکو دەوڵەت و نە سیستمی حوکمڕانیەکەشی وەك سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادیخواز کە ئیستعماری بەریتانی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد و کۆمەڵگای عێراقیشی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە پێهەڵفریواندبوو،نەهاتنە دی و سەقامگیرنەبوون، چونکە لەلایەك بەریتانیا بۆخۆی نەیدەویست ئاوهاسیستەمێکی نوێگەرایی و مرۆڤدۆستی و پێشکەوتنخواز بێتەدی و نە کۆمەڵگای عێراقیش بەسەرکردە و جەماوەریشەوە لەهیچ ڕوویەکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشەوە ئامادەساز نەبوون بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی ئەو دۆخە نوێیەی کە بەسەر وڵاتەکەیاندا هاتوبوو.

دەوڵەتی عێراقی ئێستا بەشێوەیەکی زۆر نادادپەروەرانە و بێ بەزەییانە دامەزراوە و تەنها بەرژەوەندی ئیستعماری بەریتانی تیادا ڕەچاو کراوە و عێراقیەکی دڵسۆزیش دەست و ڕای نەبوە لەپێکەوەنانیدا و تەنانەت یەکەم پادشاشیان لەدەرەوەی سنورەکانی عێراقەوە بۆ هاوردە کردوە((فەیسەڵی یەکەم))کە لەبنەماڵەی شەریف حوسەینی میری مەکە و حیجازە.بۆیە عێراقیەکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بەنامۆ دەزانی لەوڵاتەکەی خۆیاندا و هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە پێکیشەوەنران لە پەرلەمان و حکومەت و دادوەری و سوپا هەموانیان ڕووکەشی بوون و تەنها وەك دیکۆرێکی سەردەم داڕێژرابوون و هەموانیشیان جارێکی تر بۆ جوانکردنی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە و بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا هاتبونە گۆڕێ .

هەربۆیە لە زووەکەوە و لەسەرەتای خوڵقاندنێکی نەبەکامی ئەم دەوڵەتەوە دەنگ و هەڵوێستە ناڕازیەکان لەسەرتاسەری عێراقدا دژ بە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و حکومەتە دروسکراوەکشی بەرزبونەوە و بەگژ داگیرکاری و چەوساندنەوەیاندا چوونەوە هەر لەباشورەوە تا ناوەڕاست وبەکوردستانیشەوە. بۆیە جۆرێك لە هاوخەباتی و پەیوەندی و هاوسۆزی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بوو، هەموانیش دەستیان دایە شۆڕش و خەبات و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و پێکەوەنانی حیزبی سیاسی و هوشیارکردنەوەی جەماوەر ، لەو پێناوەشدا بەدەیان سەرکردە و ڕۆڵەی عێراقی بونە قوربانی و تەنانەت کودەتای سەربازیش وەك مۆدێلێکی نوێی ئەو کاتە ڕوویانداوە(( یەکەم کودەتا بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ بەکر صدقی بەڕگەز کوردەوە لە ساڵی ١٩٣٧)) دا ڕوویدا و کوژرانی دوو پادشای عێراقیش بەدەستی گەلانی عێراق(( مەلیك غازی لە ساڵی ١٩٣٧ و فەیسەڵ دووەم ((بچوك)) لە ساڵی ١٩٥٨ )) ئاماژەی ڕوونن بۆ ناڕەزایی گەلانی عێراق بەو سیستمە حومکڕانیەی ئینگلیزەکان و داروەدەستەکانیان.ئینگلیزەکان هەموو سەرنج و توانای

خۆیان دەخستە سەر ئەوەی کە چۆن بتوانن درێژە بەتەمەنی دەسەلاّتی سیاسی خۆیان بدەن و چۆنیش بتوانن زۆرترین قازانج و دەسکەوتی مادی کۆبکەنەوەو بەتایبەتیش دوای دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك و لێدانی یەکەم بیرە نەوت بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ و دواتر لە خانەقین و موصلّ و بەسرە و ..هتد.لەڕێگەی پێکەوەنانی هاوپەیمانی لەگەلّ ولاّتانی ناوچەکەدا وەك تورکیا و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان لە ڕێکەوتنامەکانی سەعدئابادی ١٩٣٧ و سەنتۆ ١٩٥٥ ١٩٥٥ و بەغداد ١٩٥٧دا.ئەوەبوو دوای نزیکەی ٣٨ سالّ مانەوە لە عێراقدا،بەلاّم بەکۆتاییەکی خوێناوی کۆتایی بەدەسەلاّتی پاشەیەتی داردەستی ئینگلیزەکان هات لە عێراقدا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لەلایەن کۆمەڵێك ئەفسەری ئازادیخوازەوە بەڕابەرایەتی ((زەعیم ڕوکن عبدالكريم قاسم)) و بەم شێوەیە قۆناغێکی خوێناوی و پڕ جەور و ستەم کۆتایی هات .

سەردەم و قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە کە بەسەردەمی ڕاگەیاندنی کۆمار(( کۆماری یەکەم )) ناوزەد دەکرێت و دواتریش لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی ((بەناو شۆڕشەوە))بەعسیەکان بۆ یەکەم جار لە ٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و دواتریش و بۆ دووەم جار دەسەلاّتیان لە ١٧-٣٠ تەموزی ١٩٦٨ گرتە دەست((کۆماری دووەم))ئەم قۆناغەش چەندین شۆڕش و خۆپیشاندان و زوڵم و چەوساندنەوەی بێوێنەی بەخۆوە بینی لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی عێراق خۆیدا و توانرا ماوەی ٤٥ سالّ بەردەوام بێت.

دواتر لەساڵی ٢٠٠٣دا و بەگەلەکۆمەکێیەکی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا توانرا دەسەلاّتی ٣٣ ساڵەی بەعسیە صدامیەکان لەگۆڕبنرێت و عێراق و جەماوەرەکەشی بۆ هەتاهەتایە ڕزگار بکرێت لەو دەسەلاّتە خوێناوی و نامرۆڤانە و دیکتاتۆرە قێزەونەی صدام حسێن کە مایەی شەڕ و ئاشوبی ناوخۆیی و ناوچەکە و دونیاش بوو لە ڕێگەی بەرپاکردنی ٣ شەڕی گەورەی ((عێراق-ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨)) و ((جەنگی داگیرکردنی کوێت /جەنگی کەنداوی یەکەم ١٩٩٠/٨/٢)) و جەنگی سێهەمی کەنداویش((٢٠٠٣))کە بەڕووخانی خۆی تەواو بوو.ئەمەو سەرەڕای هەڵمەتە بەردەوامەکانی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد و جینۆسایدکردنی لەمیانەی هەڵمەتەکانی ئەنفال و کیمیاویبارانکردن و سووتماککردنی خاکی کوردستان وپیادەکردنی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی ((بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستن))و پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان.

عێراق وەك دەوڵەت و کۆمەڵگا تاکو ئێستا کە تەمەنی دەگاتە ٩٧ سالّ هیچ دەیە ساڵێکی بە ئارامی و گەشەکردن و پێشکەوتن دوور لە جەنگ و کوشتار و ماڵوێرانی بەڕێنەکردوە،بەهۆی لەلایەك سیاسەتە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و دەستورەدانە بەردەوامەکانیان لەکاروباری ناوخۆی عێراق و هەموو ولاّتانی ناوچەکە هەر لەسەردەمی شەڕی ساردەوە تاکو ئێستا و لەلایەکی تریشەوە دەسەلاّتدارانی عێراق بۆ خۆشیان لە ئاست بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی هەمە پێکهاتەی وەکو عێراقدا نەبوون و کەسانی بێ ئەزموون و بێ ناونیشان و دوور لەسیاسەت و زانست بونەتە دەستڕۆیشتوی ئەو دەوڵەتەو بەم شێوەیەش لەڕوی دەروون و هزر و دونیابینی و تێگەیشتنیان بۆ ڕووداوەکان و مێژووی ڕابووردش لەو ئاستەدا نەبوون کە جۆرە سیستەمی حومکڕانیەك پێکەوە بنێن کە ببێتەمایەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و ئارامی دەوڵەتەکە.و عێراقیش بکەنە نمونەیەکی گەشاوەی مۆدێلێکی پێشکەوتنخواز و سەردەمیانەی سیستەمی حوکمڕانی لە ناوچەکەدا.

ئینگلیزەکان بەڕواڵەت لەدوای ساڵی ١٩٥٨وە لە عێراقدا نەمان ،بەلاّم بەچەندین شێواز و ڕێگە هەمیشە ئامادەگیان هەبوە لە داڕشتنی سیاسەت و مامەڵە و بازرگانی و ئابوری عێراقدا و لە ئێستاش و دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە ئاشکرا لەگەلّ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیاندا عێراق بەڕێوەدەبەن و دەسەلاّتدارانی عێراقیش هەروەکو سەردەمی پاشایەتی تەنها بوکەڵەیەکن و بەویست و ئیرادەی ئەوان هەڵسەوکەوت دەکەن و لە ئێستادا تەنانەت ولاّتانی ناوچەکە لە ئێران و تورکیا و عەرەبە سونەکانی کەنداوی فارسیش ڕۆلّ و هەژمونیان هەیە لە عێراقدا و عێراق بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتەیەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

یەکێك لەو کێشە هەرە ئاڵۆز و سەخت و دژوارانەی کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق ماوەتەوە و بەردەوام هەڕەشەش بوە بۆ سەر یەك و یەکگرتوویی خاك و گەلانی عێراق لەهەموو سەردەمەکاندا بە ئێستاشەوە بریتیە لە کێشە یان مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد.چونکە بەبێ چارەسەرێکی سیاسیانە و دپلۆماسیانە دوور لە جەنگ و کوشتار و کاولکاری و جینۆساید عێراق ناتوانێت ئارامی و ئاسایش و گەشە و پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت.بۆیە هەمیشە کورد وەکو گەلێك و نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەنی ناوچەکە ودووەم و کاریگەر لە عێراقدا ڕووبەڕووی زوڵم و چەوساندنەوە و لەناوبردن و سڕینەوەی شوناس و خاك بۆتەوە و لەربەرامبەریشدا هەمیشە سەنگەری خەبات و شۆڕش و کوردایەتی بەرنەداوە و هەمیشە ئامادبوە بۆ مقاوەمەت و خۆڕاگری و قوربانیدان لەپێناو مانەوە و بەردەومیدان بە ژیان و سەندنی مافە ڕەواکانی خۆیدا لە ئازادی و سەربەخۆیی و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا. بەشداریکردنی کورد بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقدا لە شۆڕشی بیستدا و ڕاگەیاندنی دووجارەی حکومەتی مەلیك مەحمود لەساڵی ١٩٢٢و ڕاپەڕینی ٦ ڕەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ سلێمانی و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بارزانیەکان لە ١٩٤٣-١٩٤٥ و بەشداری گەرموگوڕی کورد لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤١ی ڕەشید عالی گەیلانی و ١٩٤٨ی دژ بە ڕێکەوتننامەی بۆرتسمۆسی عێراق و بەریتانیا  کە لەلایەن صالح جەبرەوە واژۆکرا وشۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ و دواتریش پەنابردنی کورد بۆ یەکەمین جار بۆ شۆڕشێکی چەکداری گشتگیر لەساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧٥ و دواتریش هەلاَیسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لەباشوردا لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ ،زەقترین نمونەی شۆڕش و بەرخۆدان و ناڕازیبوونی کوردن بۆ ئەو دەسەلاَتە کەمینە سونە عەرەبە تاکڕەو و خۆسەپێنەی ناوەند لە بەغداد کە بە گیانێکی شۆڤێنیانەی لەخۆباییەوە حوکمڕانی عێراقیان دەکرد و دانیان نەدەنا بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا.

لەو پێناوەشدا کورد و خەباتە ڕەواکەی ڕووبەڕووی چەندین پیلانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆتەوە بۆ  بچوکردنەوە و لەگۆڕنانی و سەرکوتکردن و لەناوبردنیشی،بەلاَم خۆشبەختانە توانیویەتی مقاوەمەتێکی شەرعیانە بکات و لەسەر خاك و ئاوی خۆی بجەنگێت و تاڕادەکیش سەرکەوتووبێت لە پوچەڵکردنەوەی خەون و پیلانە نەزۆکەکانی داگیرکارانی عەرەبی عێراقیدا. لەهەموو قۆناغ و سەردەمەکانی حوکمڕانی عێراقدا بەپاشایەتی و کۆماری (( سەردەمی دەسەلاَتداریێتی کەمینەی عەرەبی سونە))و بە ئێستاشەوە(( سەردەمی زۆرینەی عەرەبی شیعە))کورد ڕووبەڕووی گەلێك ئاڵنگاری(( تەحەدا ))بۆتەوەو بەتایبەتیش لەدوای ئەم هەڵبژاردنەی خولی چوارهەمی پەرلەمانی عێراقەوە کە لە ١٢ ئایاری ٢٠١٨ ئەنجامدرا و ئەنجامە بەراییەکانیش بەشێوەیك بوون کە هەموان لێی ناڕازی بوون و تاکە هەڵبژاردنێکیش بوو کە زۆرترین مشتومڕی لێکەوتۆتەوە، تاکو ئێستاش کە زیاد لە ٢ مانگ بەسەریدا تێپەڕیوە هێشتا لەلایەن دادگای فیدڕاڵی عێراقیەوە ئەنجامەکان پەسەندنەکراون.

کە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە عێراقی ئایندە عێراقێکی لاواز و ڕوو لەهەڵوەشانەوە و لێکترازانی زیاتر دەچێت،بەوەی کە هێزە شیعیەکان پەرت و بڵاو و لێکدوورکەوتونەتەوە و هیچ کام لەسەرکردە و حیزب و هاوپەیمانیە سیاسیەکانیان دەنگی زۆرینەیان بەدەست نەهێناوە کە ببێتە  تاکە دەسەلاَت و بەهێزی عێراق،لەولاشەوە سونەی عەرەب لەهەموان زیاتر ماڵی وێرانتر و پەرتەوازە تر بوە، کوردیش بەداخەوە ماڵەکەی لێکترازاوە بەهۆی  دروستبونی چەندین حیزبی سیاسی نوێ و تۆخکردنەوەی ململانێی حیزبایەتی ناڕەوا و پێکەوەنەگونجان و ڕێکنەکەوتن تەنانەت لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکانی میلەتەکەمان وەك مەسەلەی ڕیفراندۆم لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا هەنگاوی بۆ هەڵنرا.

لە ئێستاشدا و لە پێناو دەسکەوتی تەسکی حیزبایەتی و چەند کورسیەکی پەرلەماندا زۆرێك لەهێزە سیاسیە نوێکان بە ئیسلامی و عیلمانیەوە کەوتونەتە دژایەتیکردنی دوو حیزبە کلاسیکی و خاوەن مێژوو و دەسکەوتە گەورەکانی کورد لە

باشووردا هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (( سەرەڕای بوونی ڕاز و گلەیی زۆریش لە ئەدا و شێوازی حوکمڕانی ئەو دوو حیزبەش)) ، دەستیان خستۆتە دەستی عەرەبی شۆڤێنی و تورکومانی داردەستی دەوڵەتی تورکیاوە بۆلەباربردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە و بچووککردنەوەی قەوارە و ڕۆڵی کورد لە عێراقدا و تەنانەت بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیش ڕۆڵی زۆر نەگەتیفانەیان هەبوە و گەرەکیانە بەدەستی کورد خۆی هەموو ئەو ناوچانەش بدەنەوە دەست دەسەلأتدارانی بەغداد.

**دەرئە نجام و کۆتـایی :**

**بۆیە بەهەق ئەم قۆناغە بۆ کورد لە عێراقدا و لانی کەم بۆ ٤ ساڵی ئایندە قۆناغی زۆر چارەنوساز دەبێت، و تیایدا کورد ڕووبەڕووی گەلێك ئاڵنگاری( ( تەحەدی ) ) جدی دەبێتەوە کە پڕ مەترسین بۆ ئایندە چونکە :**

١.عێراق تاڕادەیەك شەڕی داعشی لەکۆڵ بۆتەوە و ئیدی سەرگەرمی قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و خۆڕێکخستنەوە دەبێت و دەتوانێت هێز و پێزی خۆی یەکبخاتەوە و دەسەلأتی مەرکەزی خۆی بسەپێنێت و سیاسەتەکانی خۆی لە ڕووی ئەمنی و ئابوری و..هتدەوە. بەسەر تەواوی خاکی عێراقدا بسەپینێت.

٢.ئێران وەك وڵاتێکی گەورە و خاوەن نفوز و پێگە و هەژموونی گەورە لەناو عێراقدا و بەسەر هەموو یان زۆرێك لە پارت و سەرکردە عەرەبە شیعە مەزهەبەکان و تەنانەت هەندێك لە سونە و کوردیشەوە سیاسەتی ئایندەی دژ بە دەسەلأت و بەهێزبوونی کورد دەبێت ،ئەگە بمێنێتەوە و سەرکەوتن بەدەستبێنێت لە دژایەتی و ململانێی توندی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکاندا.

٣.تورکیاش لەسەردەمی ئەردۆگان و سەرکەوتنی کۆتا جاری لە هەڵبژاردنەکانی ٢٤ ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەڕلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی و درێژەدان بە سیاسەتی تاکڕەوی و دەستێوەردان لەوڵاتانی ناوچەکەدا و بەتایبەتیش عێراقێکی لاواز کە کەمینەیەکی تورکومان و سونەی عەرەبەکان بونەتە جێبەجێکاری سیاسەتەکانی تورکیا بەهەمان شێوە دژ بە ئایندە و چارەنوسی کورد و مەسەلەکەی دەبن.

**بۆیە گەرەکە کورد :**

١.لەم دۆخی دڕدۆنگی و دوور لەیەکتر و لێکترازانە ناوخۆییەی بێتە دەرەوە و خۆی ڕزگاربکات و دوای ڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەدەستی،ئیدی هەقە واز لە ڕق و کینەی سیاسی بێنن.

٢.جەخت لەسەر ماف و دەسکەوت و ئیستحقاقی هەڵبژاردن و نەتەوەیی کورد بکەنەوە و بەیەك و یەکگرتوویی ڕووبەڕووی هەموو تەحەدیەکان ببنەوە و پارێزگاری لەقەوارە و کیانی یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان بکەن .

٣.لە پەڕلەمان و حکومەتی ئایندەی عێراقدا هەوڵی جدی بدەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستور و وەرگرتنی ماف و ئیستحقاقی هێزی پیشمەرگە و تەواوی مافەکانی هەرێمی کوردستان.

٤.دواتریش هەوڵی باشترکردن و بەهێزبوونی پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و فەرهەنگیەکانیش بدەن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشدا،چونکە بەبێ بوونی پەیوەندی دەرەکی ناتوانرێت سەرکەوتنی گەورە وەدەستبهێنرێت و لەڕابووردووشدا دەرکەوتوە کە هۆکار وپشتیوانی دەرەکی چەندە گرنگە بەتایبەت بۆ مەسەلەیەکی ڕەوای وەکو کورد.

خۆشبەختانە مەسەلەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا بۆتە مەسەلەیەکی گەرموگوڕ و پلە یەك و هەموان لەهەوڵی پشتیوانی و چارەسەرکردنی و خۆلێنزیکبونەوەیدان بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنە گەورەکانی کورد لە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بەسەر تیرۆریستانی داعشداو سەرکەوتنە گەورەکانی کوردی باکوریش لە خەباتی سیاسی و پەڕلەمانیاندا و دەستگرتنیان بە دروشمەکانی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤەوە کە کۆمەڵە دروشمێکی سەردەمیانەی دونیای ئێستان. ((کردنەوە و دامەزراندنی گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکاش لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٦)) گەورەترین نمونەی ئەو پشتیوانی و هاوکاریەن بۆ کورد و مەسەلەکەی لە ئێستا و ئایندەشدا.

**لە کۆتاییدا** ،کورد لە عێراقدا هەموو کات ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە و مەترسیدار دەبێتەوە لەسەر دەستی فەرمانڕەوایانی بەغدادا،و بەتایبەتیش لە ئێستادا کە مەزهەبی شیعەی زۆرینە لەهەوڵی قۆرخکاری تەواوی جومگە و ئۆرگانەکانی حوکمڕانیدان لە بەغداد بە پشتیوانی دەوڵەتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئێرانی بەناو کۆماری ئیسلامی،چونکە لەم دۆخەدا کورد لەلایەك ڕووبەڕوی تەحەدا نەتەوەیەکان و لەلایەکی تریشەوە ڕووبەڕووی تەحەدا مەزهەبیەکە دەبێتەوە وزۆر ئەستەمە بەبێ یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کورد و یەك گوتاری و یەك کرداری بتوانرێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاڵنگاریانە ببێتەوە لەکاتێکدا کە بۆخۆی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری و ئاڵنگاری گەورەدان کە کورد و کوردستانیش کەوتونەتە چەقی ململانێکانەوە و ئاگری هەموو ململانێ و جەنگەکان ڕاستەوخۆ دەیستوێنن. بۆیە کورد جگە لە یەك و یەکگرتویی و کۆبونەوەی لە دەوری دروشم و سیاسەتی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی هیچ ڕێگەی سەرکەوتنی تری لەبەردەمدا نیە،جا گرەوی سەرکەوتن و نەمری مێژوویی بۆ ئەو سەرکردە و حیزبە سیاسیانەی کە هەوڵی جدی دەدەن بۆ خەون و ئاواتی لەمێژینەی هەموو نەتەوەی کورد کەبریتیە لە ڕاگەیاندن و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و ڕزگاربوونی هەتاهەتاییە لە ژێر دەستەیی تورك و فارس و عەرەبی شۆڤێنیدا.بەردەوام بونی ژیان و مان و تۆخکردنەوەی شوناسی نەتەوەیشە وەکو هەموو گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە و دونیاش لەسەر خاك و لەژێر ئاسمانی نیشتیمانی هەتاهەتایی کوردان خۆیاندا کە کوردستانی گەورە و یەکپارچەیە..

***سەرچاوە:***

=====


١.د. ئیبراهیم خلیل ئەحمەد و د.خلیل عەلی مراد،*ئێران و تورکیا*،(( چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر:چاپی چوارەم،کوردستان،عێراق ٢٠١١))

٢.فەرید ئەسەسەرد، *ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان*،(( چاپخانەی حەمدی، سلێمانی: چاپی سێیەم،بەرگی دووەم، کوردستان، عێراق ٢٠١٦))

٣.مەسعود بارزانی ،*بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد*،(( چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر: بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،کوردستان،عێراق ٢٠٠٤))

٤.پێگەی ئنتەرنێتی https://ar.wikipedia.org/wiki

٥.ناسر حەفید و ئەوانی تر،*یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید*،(( چاپخانەی شڤان،سلێمانی: چاپی یەکەم ،کوردستان،عێراق ٢٠٠٦))

٦.جلال طالبانی ،*اغد وديمقراطي* و حرمان *شعب حتى من حق الحلم*؟،(( سليمانية/: الطبعة الثانية، كردستان،عراق ٢٠١٤))

٧.ليث عبدالحسن الزبيدي ،*ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨*،(( مكتب اليقظة العربية، بغداد : الطبعة الثانية،عراق ١٩٨١))


---

* ئەم بابەتە لە سایتی چاوی کورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٩دا بلاۆکراوەتەوە.

## سیما و پێکهاتەی حکومەتی ئایندەی هەرێمی کوردستان
## چۆن و بەچ ئاڕاستەیەك بێت ؟*

- کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە نۆهەم کابینە،ئەم کابینەیە لەدوای لێکترازان و دڕدۆنگیەکی زۆر و گەورەی نێوان سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دێتە ئاراوە،لەهەلومەجێکی سەختی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەمنیشدا لەدایك دەبێت،حکومەتێك کە چاوەڕوانی زۆری لێدەکرێت،حکومەتێك هەموان لە ژێرەوە حەزدەکەن تیایدا بەژداربن و بەئاشکراش لێرەو ولەویّ ڕەتیدەکەنەوە.حکومەتێك لەکەشوهەوایەکی لێکترازاو و دوور لەسازانی نیشتیمانی دێتە دونیاوە،حکومەتێك دەکەوێت بەسەر ناجێگیری سیاسی و قەیرانی ٥ ساڵەی توندی دارایی و ئابوری و شڵەژاوی نێو بازاڕەکانی نەوتی دونیا و هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوت کەهەموان هەموو خەونەکانیان لەسەر هەڵچنیوە بۆ بەرزبونەوە و ڕزگاربوون لەو قەیرانە داراییە سەختە،حکومەتێك دەکەوێت بەسەر گێژاوی سیاسی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان بەتایبەتیش ئەمریکا و ئێران کە گومانی تێدا نیە هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئایندەش پڕیشکی ئەو ململانێ و گەمارۆ و جەنگەیان بەردەکەوێت کەم تازۆر.حکومەتێك دەکەوێت بەسەر شڵەژاوی ئاشتی کۆمەڵایەتی نێوان چین و توێژ و شار و ناوچەکانی کوردستاندا،حکومەتێك کە ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ حکومەت و کابینەی پێنجەمی حکومەتی عێراقیدا لە بەغداد و بەهەمان شێوەی کابینەکانی تری بەغداد و هەولێر دەبنە میراتگری کێشە کەڵەکەبوەکانی ١٥ ساڵی ڕابووردوو.
- **جا حکومەت و کابینەی نوێی هەرێمی کوردستان لەم سات و کاتە هەستیار و ناسك و مەترسیدارەدا بێتە لەدایکبوون،ئەدی چی لێ چاوەڕوان دەکرێت ؟ دەتوانێت چی کارێك و خزمەتێك پێشکەش بکات؟ چۆن حکومەتێك بێت؟ حکومەتی دڵڕازیکردنی هەموان و پێکەوەیی بێت ؟ یان حکومەتی خزمەتگوزاری و بوژانەوەی ئابوری و سەقامگیری سیاسی و پارێزەری ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی بێت؟ چ جۆرە حکومەتێك دەتوانێت لە ئاست خەون و ویستەکانی جەماوەردا بێت؟**
- بەدڵنیایی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق و ناوچەکەش بەگشتی لە دۆخێکی ناجێگیر و شڵەژاودایە، ئەگەر و گریمانەی زۆر خراپیشی لێدەکرێت بۆ هەموان بەتایبەتی بەهۆی بەردەوامبوونی جەنگی سوریا و مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و ململانێ توندەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و توندکردنەوەی گەمارۆ ئابوریەکان بەسەر ئێراندا و زۆری تریش.بۆیە ئەو حکومەتە زۆرینە بێت یان کەمینە ،بنکە فراوان بێت یان دووقۆڵی بێت ،ئەوا وەکو ساڵانی ڕابووردوو ناتوانێت کاری گەورەی لێچاوەڕوان بکرێت،چونکە لەسایەی ئەو هەموو ئاڵنگاری و مەترسیانەدا دەکرێت هەر ئەوەندە بکات کە کابینەکانی تر کردویانە،بەڵام ئەمەش مانای وانیە کە هەر لەئێستاوە بێئومێد ببین و ڕەشبین بین و تونێڵەکە لەسەرخۆمان دابخەین،بەڵکو کابینەی داهاتو دەتوانێت گەلێك کاری گەورە بکات بۆئەوەی بتوانێت خزمەتی گەورە و بەرچاو پێشکەش بکات،وەك :

١.هەوڵبدات داهات و خەرجیەکانی بەباشی کۆنتڕۆڵ بکات و بیگەڕێنێتەوە گەنجینەی حکومەت.
٢.سیاسەتی نەوتی هەڵەی چەند ساڵی ڕابووردوو ڕاستبکاتەوەو بەشەفافانە بیبات بەڕێوە.
٣.بگەڕێت بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی تر بۆ حکومەتی هەرێم.
٤.یاسا سەروەر بکات و ڕێگە بەهیچ جۆرە زیادەڕەویەك نەدرێت بۆ سەر موڵك و ماڵی گشتی و حکومەت و شکۆ و هێزی حکومەت پیشان هەموان بداتەوە بەبێ جیاوازی.
٥.هەڵمەتێکی جدی دژی گەندەڵی بەرپا بکات لەسەر هەموو ئاست و ئۆرگان و ناوچەکاندا.
٦.ڕێز لەیاسا و ڕێساکانی پەرلەمانی ئایندە بگرێت .

٧. پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد گەرموگوڕتر بکاتەوە و سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکان لەچوارچێوەی دەستوری عێراقیدا چارەسەر بکەن وەك کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان و مادەی ١٤٠ی دەستور و هێزی پێشمەرگە و پشکی هەرێم لەبودجەی عێراق و سنور و دەسەڵاتەکانی هەردوولا و مەسەلەی نەوت و غازی سروشتی و ..هتد.

٨. پەیوەندیەکی دۆستانەش لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش دروست بکات بەبەرژەوەندی کوردستان.

بەم شێوەیە دەتوانێت زۆر کاری گەورە و خزمەت پێشکەش بکات بەهەموان ،گەرچی نرخی نەوتیش بەرز نەبێتەوە لە بازاڕەکانی جیهاندا،کە بەداخەوە بۆتە تاکە سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێم.

حکومەتی ئایندەش دەبێت لەڕووی پێکهاتەکەشیەوە حکومەتێکی ڕەشیق و کەم و پوخت و توندتۆڵ بێت و ژمارەی وەزارەت و دەزگا و فەرمانگەکانی کەم بکاتەوە و چاوێکیش بخشێنێتەوە بە یاسای مووچە و دەرماڵەکاندا و بەیاسا ڕێکیان بخاتەوەو هاوسەنگیەگ ڕابگرێت لەنێوان چینەکانی خوراوو پلە باڵاکاندا.

حکومەتێك بێت دوور لە پشکپشکێنەی حیزبایەتی و دوور لە حکومەتی بنکە فراوان،چونکە بە کردارەکی و لە کابینەکانی ڕابووردوودا و بەتایبەتیش کابینەی هەشتدا شکستی حکومەتی بنکە فراوانمان بینی کە تەنها بۆ دڵڕازیکردنی هەموان بوو،بەڵام نەتوانرا کاری گەورە و سەرکەوتنیش بەدەستبێنێت،بۆیە هەق وایە حکومەتێك بێت کە لە لایەنی سەرکەوتوو و خاوەن نفوز و هێز و خاك بێت و بتوانێت ئامانج و دروشمەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان وەدیبێنێت،حکومەتێك بێت کە بتوانێت خزمەت بەهەموان بکات بەبێ جیاوازی دوور لەگەندەڵی و دزینی سەروەت و سامانی میلەت و هەوڵی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و ئاوەدانی زیاتری وڵات بدات.حکومەتێك بێت بەمانای وشە و دەسەڵاتداریش بێت ولاواز و بێدەسەڵات نەبێت لەبەرامبەر حیزب و سەرکردە سیاسیەکاندا.

حکومەتێك بێت نیوە حکومەت و نیوە ئۆپۆزسۆن نەبێت.بۆیە ناکرێت تاسەر بەناو و بەبیانوی ناسکی ئەزموون و دۆخی سیاسی و ئابوری هەرێم دڵی هەموان ڕازیبکرێت،بۆیە هەمیشە و لەدونیاشدا وابوە تەنها ئەو حکومەتانە سەرکەوتون کە تەبا و گونجاو و نزیك بون لەیەکەوە و توانیویانە بەتەنها یان دووقۆڵی حکومەت پێکبێنن،باشترین نمونەش حکومەتی ((ئاکەپەیە کە بۆماوەی ١٥ ساڵە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیادا حکومەتێکی سەرکەوتوی پێکهێناوە دوور لە حکومەتی ئیئتیلافی))،ڕاستە ناکرێت کۆپی حکومەتی تورکیا بکەین بەڵام لەدونیای پێشکەوتوو ودیموکراسیشدا هەر ئەو جۆرە حکومەتانە سەرکەوتووبن. بۆیە بۆ تەندروستی و ساغڵەمی سیستەمی حوکمڕانیەکەشمان گەرەکە کە هێزی دەسەڵاتدار و هێزی ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت،چونکە دەرکەوت ئەو هێزانە کە بە وەزیرێك یان دووان و سیانیش بەشداربوون نەیانتوانیوە کە گۆڕانکاری و خزمەتی گەورە پێشکەش بکەن،لەلایەك بەهۆی نەتوانین و بێ ئەزمونی خۆیان وتۆخکردنەوەی حیزبایەتی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ڕێگەگرتن و نەهێشتن و بەربەست دروستکردنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بوە.

- **بۆیە بەدڵنیاییی حکومەتێك دەبێتە دڵخواز و جێگەی ویستی جەماوەری میلەتەکەمان کە بتوانێت:**

١. مووچەی مانگانەی مووچەخۆران و فەرمانبەران بێ پاشکەوت و لەکاتی خۆیدا دابین بکات.
٢. ئاوەدانی و هەلی کار و خزمەتی زیاتر پێشکەش بکات.
٣. ئاشتی و ئارامی کوردستان بپارێزێت و دابینی بکات.
٤. دوور بکەوێتەوە لەنانەوەی کێشە و ململانێ لەگەڵ بەغداد و دەرودراوسێ و زلهێزەکاندا.
٥. کوردستانێکی ئارام و بەهێز و یەکگرتوش بێنێتە ئاراوە کە هەموان لەسایەیدا بحەوێنەوە و ببوژێنەوە.

بەم شێوەیە دەکرێت حکومەت و کابینەی نۆیەم سەرکەوتوو بێت و هەموان لە ساڵانی ئایندەتردا هیوای بۆ بخوازین و کابینەکانی داهاتووتریش لەسەر ڕچە و ڕێباز و کار و کردەوە و پلانی ئەو درێژە بەکاروانی خزمەتکردن و ئاوەدانی و گەشە و ئارامی وڵات بدەن،ئەمەش بە کەسانی لێهاتوو و شیاو و نوێخواز و بەهێز و بیرتیژ و ئایندە بینیەکی فراوان دەکرێت نەك بە کەسانی کۆنەپارێز و دووبارە بۆوە و عەقڵ دۆگما و بیر تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و ..هتد.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد وخەندان و شەنپرێس و ئەنجومەنی ناوەند و سبەی و ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٧٨٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٦دا بلاۆکراوەتەوە.

## بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم
## لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی یان خزمەتکردندا ؟*

• نزیکەی ۲ مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە ،بەڵام تەنها پەرلەمانتاران سوێندی یاساییان خواردوە و دەستبەکاربوون لە ۱۱/٦دا،بەڵام ئەوە نزیکەی مانگێکە هیچ ڕێکەوتن و نزیکبونەوەیەك نەهاتۆتە گۆڕێ بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەنێوان لایەنە براوەکاندا و بەدیاریکراویش هەردووك پارتی و یەکێتی وەکو دووبراوەی سەرەکی هەڵبژاردنەکە،پێدەچێت هەردوولا چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستی وەزیرە بن لە بەغداد ئایا بۆ کامیان دەبێت،ئەوکات هەریەکەیان هەڵویستی خۆی بەدیار دەخات و کاری جدیش دەکەن بۆ ئەو بابەتە کە ڕەنگە ڕێکەوتی ۱۱/۲۱ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە یەکلا بکرێتەوە، هەرچەندە هەفتەی ڕابووردوو وەفدێکی پارتی سەردانی سلێمانی کردو لەگەڵ یەکێتی و گۆڕاندا کۆبۆوە بەمەبەستی لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕای سەرەتایی بۆ پێکهێنانی حکومەت.بەڵام هێشتاش خەت و خاڵی پێکهێنانی کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێم بەتەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە. ڕەنگە بکەوێتە دوای سەری ساڵی نوێی ۲۰۱۹شەوە ،لەلایەك بەهۆی کێشە و ململانێکانی ناوخۆی پارتی لەنێوان باڵی بەڕێز مەسرور بارزانی و بەڕێز نێچیر بارزانیدا لەسەر وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی پۆستە وزاریەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتیشەوە بەهەمان شێوە لەسەر وەرگرتنی پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمان، لەلای سێهەمیشەوە بەهۆی ئەوەی کە پارتی گەرەکێتی دووبەرەکی زیاتر بخاتە نێوان یەکێتی و گۆڕانەوە( کە هەرچەندە گۆڕانیش بێ کێشە و گرفتی ناوخۆیی نین) بە بەڵێنپێدان و گفتدانی زارەکی و پێشوەختە بۆ تاقیکردنەوەی نیاز و داواکاریەکانی هەردوولا بۆ پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو.

ئەوەی ئاشکرا بوە کە پارتی حەز بە چارە و بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامی ناکات و پەرۆشی سەردانیکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیش نیە لەگەڵیدا ،یەکگرتووی ئیسلامیش هەرزوو بڕیاری کۆتایی داوە بە بەشدارینەکردنی حکومەتی ئایندە ،ئەوەش بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی و شکستە گەورەکەی لەهەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە ۱۰ کورسیەوە هاتۆتە سەر ٥ کورسی.

ئەوەشی دەخوێنرێتەوە لە نیەت و مەرام و نیازەکانی یەکێتی و پارتی ئەوەیە کە هیچ لایەکیان پێیان خۆش نیە ئەزموونی حکومەتی بنکە فراوان دووبارە بکەنەوە،چونکە ئەو ئەزمونە نەیتوانی هەموان ڕازیبکات و نەشیتوانی حکومەتێکی بەهێز و بەردەوامیش پێشکەش بکات و هێندەی تریش ناکۆکی و ململانێکانی قوڵتر کردەوە کاتێك سەرۆکی پەرلەمان نێردرایەماڵەوە و دەرگای پەرلەمانیش کلۆمکرا لە ساڵی ۲۰۱٥دا و دواتریش وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕانیش بەهەمانشێوە لەکارخران بەڵام موچە و ئیمتیازاتەکانیان هەر بەردەوامە تاکو ئێستاش و هەندێکیشان خۆبەخۆو بەبونیان بە پارتی و سەنگەر گواستنەوە گەڕانەوە سەر پۆستەکانیان.

بۆیە بەڕای بەندەش حکومەت و کابینەی داهاتووی هەرێمی کوردستان لە نێوان ئەو لایەنانەدا پێکبێت کە زۆرینەی کورسی پەرلەمانیان وەدەستهێناوە تاکو بتوانن کە حکومەتێکی بەهێز و خاوەن بڕیار و دەسەڵات بەڕێوەبەرن و بتوانن خواست و ئومێد و داواکاریەکانی جەماوەر وەدیبێنن لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان و هەوڵدانیش بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچەو ..هتد.چونکە تەنها ئەو هێزانە دەتوانن ئەو کارانە جێبەجێبکەن کە هەرخۆیان بونەتە هۆکاری هەموو ئەو قەیران و نەهامەتی و نەبوونی و بێ مووچەییە و بێ خزمەتگوزاریانەی کە ماوەی ٥ ساڵە بەردەوامن و هێشتاش ئاسۆکان ڕوون نین بۆ چارەسەرکردنیان،چونکە هێشتاش دەسەڵاتدارانی هەرێم کێشە گەلێکی گەورە و ئاڵۆزیان لەگەڵ بەغداد چارەسەرنەکردوە وەك کێشەی نەوت و غاز و مادەی ۱٤۰ی دەستور و کێشەی کەرکوك و بەشە بودجەی هەرێم و بڕینی بڕینی مووچە و شایستە داراییەکان و ...هتد.چونکە تا ئەو کێشانە لەگەڵ بەغداد چارەسەر نەکرێن بە ڕێگەی

دەستوری ئەوا هیچ ئومێدێك نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکانی کوردستان و ڕەوینەوەی تەمی جەنگ و پێکدادان و قەیرانی دارایی و نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە و ..هتد.هەربۆیە تا ئەو کاتەی ئەو کێشە کەڵەکەبوانەی هەرێم و کابینەی هەشتەم چارەسەر نەکرێن ناتوانرێت ئومێد زۆر لەسەر ئەدای کابینەی نۆهەمیش هەڵبچنرێت.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە،کە ئەو خەمساردیە چیە لەهەموو لایەنەکانەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایتی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نویٚ ؟ئایا بەشداریکردنی لایەنەکان بە ئارەزوو و ویستی لایەنی براوەی یەکەم دەبێت ؟یان بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن دەبێت ؟ ئایا لایەنەکان بەشداری حکومەت دەکەن تەنها بۆ وەرگرتن یان پڕکردنەوەی پۆستێك یان چەند پۆستێك وەك بۆشایی ؟یان بۆ کار و خزمەت و نەهێشتنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و ..هتد. دەچنە ناو حکومەتەوە؟ و دەیان پرسیاری تریش.**

بەداخەوە هەموان بەسەرکەوتوو و سەرنەکەوتوەکانیشەوە زۆر خەمسارد و بێهەوڵویستن دەربارەی جدیەت و گەرموگوڕیان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی حکومەت،چونکە وادیارە گەرەکیانە کە هەرێم بیٚ پەرلەمانێکی کارا و بیٚ حکومەتێکی دەستبەکاربوش کارەکانی بەڕێوە بەرێت و حکومەتێکی هەڵواسراو وکار بەڕێکەر ماوەیەکی درێژتر کارەکان ڕایبکات،بەداخەوە حکومەتی هەرێم ماوەی چەند ساڵێکە جگە لەهەوڵی دابینکردنی مووچە و خەرجکردنەوەی ئەویش بە پاشەکەوتکراوی و جگە لەهەندێك پرۆژەی کەم و کورت هیچی تری پێنەکراوە و نەیاسای بودجەی هەبوە و نە پلانی واقعی هەبوە و نەئاوەدانی و نەخزمەتگوزاریەکانیش وەك پێویست بوون،بۆیە بەلایانەوە ئاساییە کە کاروبارەکان هەروا بەردەوام بن.

بۆیە دەبێت لایەنەکانی تریش کە ناچنە ناو حکومەت یان دروشمی بە ئۆپۆزسیۆن بونیان بەرزکردۆتەوە دەبێت فشاری جدی بکەن بۆ هەرچی زووتر هەیە کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتیش پێکبهێنرێت،ئەگینا ئەوان ڕۆڵێکی سلبی نەرێنی دەبینن و بێزێریش بە دەنگی دەنگدەران و بەخۆشیان و بە ئایندەی هەرێمەکەش دەکەن و هەرواش بەلاوازی دەمێننەوە،بۆیە ئەرکی ئەو حیزب و لایانانەیە کە فشاری گەورەی ڕاگەیاندن و سیاسی بەرپا بکەن بەو ئاراستەیە،نابێت بەشداریکردنی لایەنەکانیش تەنها پەیوەست بێت بە حەز و ئارەزووی لایەنی یەکەمی براوەی هەڵبژاردنەکان و گەرەکە ڕێز لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکان بگیرێت.هەربۆیە گەر هەموان دەیانەوێت حکومەتی هەرێمی ئایندە حکومەت و کابینەیەکی بەهێزبێت و لە ئاست خواست و داواکاریەکانی شەقام و جەماوەردا بێت دەبێت بۆ ئەوە نەچنە ئەو حکومەتەوە کە تەنها پۆستەکان پڕبکەنەوە و تەنها و تەنها چەند کادرێکی خۆیان سوودمەندبن و ئیمتیازات وەربگرن،نابێت حیزبە سیاسیەکان واز لە بەرنامەی کاری سیاسی خۆیان بێنن و تەنها دوای چەند پۆست و ئیمتیازاتێك بکەون و بێدەنگ بن لەگەندەڵی و ناعەدالەتی و فەوزای بەڕێوەبردن و تاریکاندنی داهات و خەرجیەکان و قەتیسبوونی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستاندا.پێویستە ئەوان بۆ خزمەتکردنی زیاتر و ئاوەدانکردنەوە و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و نەهێشتنی بیٚ کاری و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و بەدوورگرتنی هەرێمیشە لە ئاژاوە و ناکۆکی و ململانێکانی ناوچەکە و پاراستنێتی لەجەنگی نەویستراو و سەپێنراو و ڕاگرتنی هەرێمیشە بەبەهێزی.

بۆیە ئەرکەکان زۆر سەخت و قورستر دەبن لە قۆناغی ئایندە و پێویستی بە یەك و یەکگرتوویی بەرەی ناوخۆی کوردستان هەیە و پێویست دەکات کەهەموان نەرمتر و کراوەتر بیر بکەنەوە ودووربکەونەوە لە دڕدۆنگی و حسابنەکردن بۆ یەکتری و پەراوێزخستن ،چونکە سەنگی حیزبی سیاسی بە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان ناپێورێت بەڵکو بە خەبات و نفوزی سیاسی و ئابوری و جەماوەری و خەمخۆری و دڵسۆزیانە بۆ گەل و نیشتیمان،نابێت براوەکان بەلوتبەرزی و غرورەوە سەیری خوارخۆیان بکەن و گەرەکیشە حیزبە قەوارە بچوك و کورسیە کەمەکانیش ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و دەنگدەرانیان و هەڵویست و گوتاری ڕوونیان هەبێت بۆ داواکاری و پاراستنی مافەکانیان یان بەڕوونی ببنە هاوکار و شەریکی ڕاستەقینە لەدەسەڵات و یانیش بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و ڕاستەقینە پێکبێنن و ببنە جێگرەوەی دەسەڵات،گەر ئەمەیان پێکرا دڵنیام ئاسۆی سیستەمی حوکمڕانی لەم هەرێمەدا ڕوونتر دەبێتەوە و گەر نەشتوانرا ئەو کارانە بکەن ئەوا ئەم دۆخ و قۆناغە نەویستراوەی ٢٧ ساڵی ڕابووردوو کەهەموان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە لێی ڕازی نین هەر بەردەوام دەبێت. ئەوکاتیش هەموان وەکو یەك بەرپرسیار دەبن لەبەردەم خوا و خەڵك و مێژووشدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی pukmediaوشەنپرێس و ستانداردکورد و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٧٣لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## پێدەچێت لەدایکبونی حکومەتی هەرێم
## پێویستی بەعەمەلیاتی قەیصەری بکات !*

- زیاد لە ٢ مانگی تەواوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە لە ٢٠١٨/٩/٣٠دا ،کە چی هێشتا دیار نیە کەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت تا دەستبکرێت بە گفتوگۆی سیاسی لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا بۆ بەشداریکردن لەو حکومەتەی کەهەموان وەکو ((گۆدۆ))چاوەڕوانی دەکەین کە هەر دەرناکەوێت، هەموان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی دەستپێکردنی ئەو گفتوگۆیانەین چونکە هەموان زۆر بەپەرۆشن بۆ بەشداریکردن تیایدا،بەڵام ئەوەی لێپرسراوێتی یەکەم و گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ بریتیە لە لایەنی براوەی یەکەم،چونکە دەبێت ئەو دەستپێشخەر بێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و ئامادەکردنی ڕەشنوسی کار و بەرنامەی حکومەتی ئایندە و پلان و دیدگا و پرەنسیپە سەرەکیەکانی تائەوانی تریش ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن و دواتریش بیکەنە بەرنامەی هەموان و کاری لەسەر بکەن لە حکومەتی ئایندە و ببێتە نەخشەڕێگاش بۆ حکومەت بۆ ٤ ساڵی ئایندە. بەڵام ئەوەی دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە ئەو لایەنە بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست کاری جدی نەکردوە و نایکات،لەلایەك بەهۆی کێشە ناوخۆیەکانی خۆی و یەکلا نەکردنەوەی بەربژێری حیزبەکەی بۆ سەرۆکی حکومەت و لەلایەکی تریشەوە چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی حکومەتی بەغداد دەکات بۆ دانانی ئەو ٨ وەزیرەی کەماوە و بەدیاریکراویش گەرەکێتی بزانێت کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پۆستی وەزارەتێکی لەبەغداد بەردەکەوێت یان نا،چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر هەوڵدەدات و فشار و هەڕەشەش دەکات کە نابێت یەکێتی ئەو پۆستەی بەربکەوێت لە بەغداد ، جا گەر ئەو پۆستە بەریەکێتی بکەوێت ئەوا ئاڕاستەی گفتوگۆکان لەهەرێم بە ئاڕاستەیەك دەبێت کە زیاتر خەمساردی و دواکەوتنی پێوەدەردەکەوێت و گەر بەو ئاڕاستەیەش بێت کە پارتی هەوڵی بۆ دەدات ئەوا گفتوگۆکان گەرمتر و جدیانەتر دەستپێدەکەن و پارتی زیاتر هەژموونی خۆی و مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت، بەبیانوی هێزی یەکەم و توانستی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ڕووی ژمارەوە بەپشتیوانی کۆتاکان و لایەنی تریش گەرەکێتی فشار بخاتە سەر یەکێتی بۆ بەشداریکردن یان نەکردنی لەحکومەتی ئایندەدا،هەرچەندە ڕایانگەیاندوە کە بەبێ یەکێتی ئەو حکومەتە پێکنایەت،چونکە یەکێتی بۆخۆشی هێزی دووەمی کوردستانە و خاوەن نفوزی گەورەی جەماوەری و ئابوری و سیاسی و ئەمنیشە لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا و ناکرێت و کارێکی ژیرانەش نابێت کە یەکێتی نیشتیمانی پەراوێز بخرێت و وەکو شەریکێکی ڕاستەقینەش سەیر نەکرێت،چونکە بەشدارنەکردنی یەکێتی هەموو دۆخە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیەکانیش بە ئاڕاستەیەکی خراپ و زیاتر لێکدوورکەوتنەوە دەبات و هەرێمیش ڕووبەڕووی دووئیدارەیی نەخوازراو دەبات.
- بۆیە گەرەکە لەهەموان بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی کە هەوڵی جدی بدەن بۆ هەرچی زووتر هەیە بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانیان لەسەر پۆست و پلەو ئیمتیازاتەکانیان و بەگیانێکی برایانە و کوردانە و لێپرسراوانەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن چونکە قەدەری ئەم میلەت و هەرێمە بەسراوتەوە بەئەوان و هێزی هەردوو پارتی و یەکێتی بە پلەی یەکەم و ئەوسا ئەوانیتریش. بۆیە هیچ پێویست ناکات لەسەر پۆستێك یان ئیمتیازاتیکی کاتی کێشەکان قوڵتر بکەنەوە و باشتر وایە کە چاوەڕاونی لەدایکبونی حکومەتی بەغداد نەکەن و زوو بەزوو دەستبکەن بە یەکلاکردنەوەی گرێ کوێرەکانی پەرلەمانی کوردستان و دواتریش حکومەتی ئایندەی هەرێمی کوردستان،چونکە ناکرێت زیاد لە ٢ مانگ ئەم هەرێمە بەبێ پەرلەمان و حکومەتێکی کارا و ئاکتیڤ بمێنێتەوە ،بەتایبەتیش دۆخی ناوچەکە ڕوو لە لێکترازانی زیاتر و هەڕەشەی جەنگ و توندبونەوەی ململانێکانی لێدەکرێت بەتایبەتیش لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا.

- بۆیە هەق وایە کە هەردوولا و هەموانیش پێکەوە کاری جدی بکەن بۆ لەدایکبونێکی سروشتی حکومەتی ئایندەی کوردستان نەك دوابخرێت و پێویست بە عەمەلیاتێکی قەیصەری بەپەلە و کتوپڕ بکات کە ئەو کات زیانەکانی زیاتر دەبێت لە سوودەکانی چونکە پەلەپڕوزێی پێوەدیار دەبێت و ناکامڵ ونەبەکام و بێتواناش دەردەکەوێت. ((چونکە لە زانستی پزیشکیدا تەنها ئەو کاتانە پەنادەبرێتە بەر عەمەلیاتی قەیصەری کە لەدایکبونی ئاسایی گرفتی هەبێت ومەترسی لەسەر کۆرپەکە و دایکەکەش دروستببێت بەهۆی ئاسایی نەبونی پرۆسەی لەدایکبونەکەوە)). بۆیە بەهەق لەئێستادا لەدایکبونی حکومەتی هەرێم زۆر دواکەوتوە و ڕەنگە پێویست بەو عەمەلیاتە قەیصەریە بکات،جا ئەو عەمەلیاتەش پێویستی بە پزیشکی زانا و زیرەك و بەهیمەت و دڵسۆز و خاوەن ئەزمون و شارەزایی تەواو هەیە و بەهەموو پزیشکێك ناکرێت.
- بۆیە گەرەکە یەکێتی و پارتی بەئەزموون و شارەزایی خۆیان ئاینده و پێکهێنانی حکومەت یەکلابکەنەوە و بەحکومەتێکی بەهێز و تۆکمە و خاوەن بڕیارەوە پێ بنێنە ساڵی نوێی ٢٠١٩وە.کاربکەن بۆ ئاینده و کۆمەڵگا و هەرێمەکەشمان بەئارامی و ئاشتی خۆشبەخت بکەن و هەلی کار و بازاڕ دابینبکەن و ببوژێننەوە و خزمەتی زیاتر بەهەموان بکەن بەبێ جیاوازی و کاری جدی بکەن بۆ کۆتایهێنان بەقەیرانی دارایی و هەڵگرتنی پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەران و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ٢٧ ساڵی ڕابووردوو و دەستیشبکەن بە پرۆسەیەکی چاکسازی لە سەرجەم ئۆرگانەکانی حکومەتدا و حکومەت بکەنە حکومەتی هاوڵاتی و ماف و یەکسانی و دادپەروەری و سەروەری یاسا و دواتریش بەو حکومەتە بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ بەغداد بکەن و ببنە پارێزەر و هەقسەندنەوەی مافە ڕەوا دەستوریەکانی کوردیش لە بەغداد . ئەمە کار و ئەرك و چاوەڕوانیەکانی هەموانە لەو حکومەتەی کەهەموان چاوەڕوانیدەکەین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و وتاری کورد و ستانداردکورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی سێهەم
# تایبەت بە ژیانی حیزبایەتی

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
## هەمیشە ئومێدێك بۆ چارەسەر *

- کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ٢٠١٧/٢/١١دا لە لەماڵی بەڕێز مام جەلال، کۆمەل گەلێك مانا و ئاماژەی گرنگی دا بە یار و نەیارەکانی یەکێتی و کوردایەتی ڕاستەقینەش، لە پێش هەموانیشەوە ئەوەبوو کە سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگران و تەنانەت جەماوەری یەکێتیش هەمیشە دڵسۆز و بەوەفای ڕێبازەی مام جەلالن و هەر ئەویش بە سایە و سێبەر و ڕێپیشاندەری خۆیان دەزانن و هەر ئەویشە کە بۆتە ((صمام الامان))ی ناو یەکێتی و کوردایەتی و کوردستانیش.
- بۆیە دوای ئەو کۆبونەوەیە کەهەرچەندە گەلێك دواشکەوتبوو، بەڵام چرۆی ئومێدەکان زیندوو بونەوە و جەماوەری پان و پۆڕی کوردستانیش جگە لە یەکێتیەکانیش هەستێکی ئارامی دەروونیان لا دروست بوو، چونکە هەموان باش دەزانن هەر کاتێك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەك و یەکگرتوو و ساغڵەم بوو ئەوا بەدڵنیایی هیوا و ئومێدەکان بە چارەسەریەکان دەبوژێنەوە، چونکە یەکێتی هەمیشە بەشێك بوە لە چارەسەر نەك پیلانگێڕان دژی هیچ لایەك، یەکێتی هەموو کات دروشم و خەباتی خۆی سەر ڕاستانە و بوێرانە و بێسڵکردنەوە و دوور لەشەرم و دڵڕازیکردن جێبەجێکردوە ئەگەرچیش زۆر جاران باجی گەورەشی داوە و خۆشی توشی شکست و بەلاڕێدابردن بردوە و تەنانەت مەترسیشی لەسەر دروست بوە.
- یەکێتی و خەبات و کار و کردەوەکانی زۆر ئاشکرابوە و نەخۆشیەکانیشی و ململانێ ناوخۆییەکانیشی لای هەموان ئاشکرابوە و توانیویشێتی هەموو قۆناغە سەختەکانیش بەڕێبکات و بەرگەی هەموو ناووناتۆرە و ڕەخنە و دوژمنایەتی وپیلانگێڕیەکان و پەنجە شکاندنەکانیش بگرێت لە دۆست و براو هەڤاڵەکانی خۆی پێش نەیارەکانیشی.
- بەڵام هەموو کات یەکێتی و خەباتە ڕاستوڕەوانەکەی چیان ویستوە هەرئەوەیان جێبەجێکردوە، بۆیە هەرکات هەموان هەستیان بە پەرێشانی و لاوازی یەکێتی کردبێت ئەوا هەستیشیان بە مەترسیەکانی ناوخۆ و دەوروبەریش زیادی کردوە،چونکە دڵنیان لەوەی کە بێ یەکێتی هیچ پرۆژەیەك بۆ چارەسەریەکان لەناوخۆدا سەرناگرێت و دوور لە یەکێتیش ناتوانرێت شکۆ و دەسکەوت و خەباتی کوردایەتیش بپارێزرێت، هەروەها باشیش ئەو ڕاستیە دەزانن کە بەبێ بوونی یەکێتی یان بچوکبونەوە و ناکارایی یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقیشدا ئەوا پرۆسەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و عەدالەت و یەکسانی و کاری پێکەوەیی و ئاشتی و خۆشگوزەرانیش مەحاڵ دەبێت.بۆیە پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی لە پێش یەکێتیدا بەسوودو قازانج بۆ هەموان دەشکێتەوە و هەرکات یەکێتی بەهێز وتۆکمە و یەکگرتوو بێت هەمووان هەست بە ئارامی و ئومێد و ڕۆشنایی دواڕۆژیش دەکەن.
- شاراوە نیە کە یەکێتی لەماوەی ٤ ساڵی ڕابووردوودا و دوای غیابی هەڤاڵ مام جەلال لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بەشێوەیەکی کارا و ئاکتیڤ، ڕووبەڕووی ململانێیەکی ناوخۆیی نارەوا و ڕەخنەی توندی یار و نەیارەکانیشی ببوەو لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیەکاندا هەموان چاویان دەبڕیە هەڵوێست و بڕیار و گوتاری یەکێتی و گەر بیانزانیایە کە هەڵوێستەکانی یەکێتی لەهێزەوە سەرچاوەی گرتوە هەموان کەیف خۆش و ئاسودە ویژدان دەبوون، بەڵام زۆرجارانیش یەکێتی لەئاستی ئەو تێڕوانین و بینین و خۆزیایانەی یار و نەیارەکان نەبوە چونکە خۆی گیرۆدەی دەرد و دیاردەیەکی ململانێی ناوخۆی نارەوا ببوەوە کە نەیدەپەرژایە سەر چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی خۆی وکوردستان و عێراق و ناوچەکەش، زۆر جاران لەبەر دڵڕازیکردنی جەماوەر و بنکەی ڕێکخراوەی خۆی و هەندێك جارانیش لەبەرنەبوونی یەك ناوەندی بەهێز و مەرکەزی بڕیار و هەندێك جارانی تریش لەبەر ترس و نەبونی بوێری سیاسی لەبەرامبەر هەندێك سەرکردە و پارتی سیاسی تردا،هەڵوێستەکانی یەکێتی لەئاست مێژوو و پێگەی بەهێزی خۆیدا نەبوە.
- هەربۆیە لە ئێستادا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی تێکڕا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە بەبێ چارەسەرکردنی کێشە و گرفت و ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتی،ناتوانن هیچ هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێن و

دڵنیاشن لەوەی کە ناکرێت تاسەر یەکێتی بەم قۆناغە پڕ مەترسیەدا تێپەڕ بکات و بمێنێتەوە،چونکە لە پێش هەموان‌دا زیانی گەورە بەر خۆی دەکەوێت ئەوساش بۆ هەموو پارت و سەرکردە و جەماوەر و مەسەلە گەورەکەی کوردایەتیش شۆڕدەبێتەوە. بۆیە درێژەدان بە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و دواتریش بینینی هەموو لایەنەکان و چڕکردنەوەی هەوڵ و هیمەتەکانی یەکێتی هەموانی توشی شاگەشکە کردوە و هەموان پەرۆشن بۆ دەستپێکردنەوە و ئارام و ئاسایی بونەوەی دۆخی ناو یەکێتی چونکە هەموان چارەسەری کێشەکان و تێپەڕاندنی قۆناغەکە لە چاو و لەسەر دەستی یەکێتیدا دەبیننەوە.

- بۆ بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەی ئاشتبونەوە ناوخۆییەی یەکێتی و بەردەوام بوونی و هەنگاو وتەکانی زیاتریش بۆ پێشەوە هەڵنان پێویستە یەکێتی ، ئەم جارە بە جورئەت و بوێری زیاترەوە بێتە پێشەوە و سەرەتا لەسەر ئاستی ناوخۆی خۆیدا بڕیار بدات کە هەموو کێشەکان بە گفتوگۆو ڕاوێژ چارەسەر بکات و دواتر دیسپلینی حیزبایەتی ببوژێنێتەوە و سەرجەم ئۆرگانەکان کارا بکاتەوە و کار بە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی بکات و پلان و بەرنامەی داهاتوو دابڕێژێت و مەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتەکان و هێزی پێشمەرگە هەریەکە کاری خۆی بکات و دوای ئاسایبونەوەی دۆخەکەو هێوربونەوەی دەروون و پەیوەندیەکان لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتیدا کاری جدی بکات بۆ بەستنی کۆنگرەی گشتی چوارەم.
- لەسەر ئاستی حکومەتیش پێویستە یەکێتی مافەکانی خۆی چ حیزبی بێت چ لەناو حکومەتی هەرێم و بەغدادا بێت داوابکات و وەربگرێتەوە و ئەندام و کادرە بەتوانا و خاوەن لێهاتوەکانی کاندید بکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆست و پلانە و هیچ ڕێگەش نەدات و سازشیش لەسەر هیچ کادرێکی خۆی نەکات لەبەرامبەر هیچ حیزب و سەرکردەیەکدا. هەروەها هەموو هەوڵ و هیمەتی خۆشی بۆ باشترکردن و ئاسایکردنەوەی گوزەران و ژیانی جەماوەری میلەتەکەمان بێت و هەڵگری دروشمەکانی چاکسازی و گۆڕانکاری و دژایەتی گەندەڵی بێت و داواکاری سەرسەختی گەڕانەوەی سەروەت و سامانی میلەت بێت و داوای ئاشکراکردنی داهات و خەرجی حکومەت بێت و هەوڵی جدیش بدات دام و دەزگا شەرعی و جەماوەریەکانی پەرلەمان و حکومەت و دادوەری ئاکتیڤ بکاتەوە .
- لەسەر ئاستی حیزب و سەرکردە سیاسیەکانیش پێویستە یەکێتی هەوڵی چارەسەری کێشە و ناکۆکیە سیاسیەکان بدات لەنێوان پارت و سەرکردە سیاسیەکانیشدا وئیلتیزاماتی خۆشی بەرامبەر هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی کە کردویەتی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا جێبەجێبکات . و بتوانێت لەلایەك متمانەی نەماوی نێوانیان دروستبکاتەوەو لەلایەکی تریشەوە کۆدەنگیەکی نیشتیمانی و جەماوەریش لەمەڕ مەسەلە گرنگەکان و جێگای بایەخی هەموان دروست بکاتەوە تایبەت بە پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغداد و وڵاتانی ناوچەکە و براکانیشمان لەبەشەکانی تری کوردستاندا.
- لەکۆتایدا هەمیشە حیزبی سیاسی و سەرکردایەتی سیاسی پێشڕەو و خاوەن دەستپێشخەری سیاسی و جەماوەری میلەت و بنکەی ڕێکخراوەیی خۆی بوە،بەڵام بەداخەوە لەناو یەکێتی و زۆربەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا لەبەر ترس و دڵڕازیکردن زۆرجاران بوێری بڕیاری سیاسی کاڵبۆتەوە و جەماوەر و بنکەی ڕێکخراوەیی حیزب یان پارتە سیاسیەکانی تر کەمەرکێشی بڕیارە سیاسیەکانیان کردوە ، هەربۆیە هەموو جوڵەیەکی سیاسی لەناوحیزبە سیاسیەکان و بەتایبەتیش لەناو یەکێتیدا ئومێدەکان زیندوو دەکەنەوە و دۆخی قەتیسی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و..هتد. دەبزوێننەوە و دەیانبوژێننەوە، بەتایبەتیش لەم قۆناغە پڕ مەترسیەی کە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشی پیادا گوزەر دەکات ، کە گەر کورد نێوماڵی خۆی ڕێکنەخاتەوە و پتەو ویەك و یەکگرتووی نەکاتەوە ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین وەڵامی هەموو ئەو ئاڵنگاریانە بدەینەوە کە ڕووبەڕوومان بونەتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئاڕاستە و pukmediaو ناوەندی دەرەوە و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٠١ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# یەکێتی و گۆڕان ئەم قۆناغە چۆن تێبپەڕێنن ؟*

- لە ئێستادا کەمتر لە ٢ هەفتەی ماوە بۆ یادکردنەوەی ساڵی یەکەمی ڕێکەوتنامەی سیاسی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٦/٥/١٧دا. کە بە ئامادەبوونی هەردوو سەرکردە مامجەلال و کاك نەوشیروان واژۆکرا وەك دوو هێز و حیزبی سیاسی هاوشان و هاوکاری یەکتر،ڕێکەوتنەکە لە ئەنجامی ژانێکی دوورودرێژ و سەخت و دژواردا هاتە لەدایکبوون،چونکە لە بنچینەدا جیابونەوەی گۆڕان لە یەکێتی لەسەر بنەمای فکر و ئایدیایەکی جیاواز نەبوو بەڵکو تەنها لەسەر شێواز و میکانیزمی ئیدارە و بەڕێوەبردن و دەسەڵات لەناو حکومەت و حیزب و چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان و پابەندنەبوون بە دیسپلینە حیزبیەکان و کاڵبونەوەی ژیانی حیزبایەتی و ڕۆحیەتی هەڤاڵانە و ڕەخنەگرتنیش بوو لە دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و ناعەدالەتی و نەبونی نیەتی چاکسازی و ریفۆرم و هەنگاو بەرەو پێشەوەنان و دەرچوون لە خولانەوە لەبازنەیەکی بۆشی بێ ئومێدی و ناڕووندا.کە دەکرا هەموو ئەو بۆچوون و ڕەخنانە لەناوخۆی یەکێتیدا چارەسەربکرانەیە و یەکێتیش بەو دەردە نەبرایە و لاواز نەکرایە، هەربۆیە ئەم ڕێکەوتنە بۆ هەردوولا لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و پێویستدا هاتە بوون و هەردوولاش هێشتا برینی جیابونەوە و دوورکەرتبونەکەیان لە یاد نەکردبوو، هێشتا گەرموگوڕی و دژایەتیکردنی یەکتری لەناخیاندا قوڵپی دەدا،بەڵام ناچاری قۆناغەکە و ڕووداو و پێشهاتەکان بونە هۆی لێکنزیکبونەوە و واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە، ڕێکەوتنامەکە بۆخۆی دان نانی هەردوولا بوو بە هەڵەکانی ڕابووردویان و پەشیمانبونەوەیەکیش بوو لەهەڵەکانیان وهیچکامیشیان لە پێگەی بەهێزەوە نەهاتنە پێشەوە بۆ ڕێکەوتنەکە.

- **ئەم ڕێکەوتنە بۆ کرا؟ گرنگیەکەی چی بوو؟**

١.ڕێکەوتنەکە زەرورەتی قۆناغەکە سەپاندی بەهۆی، لەلایەك پەکخستنی پەرلەمان و وەدەرنانی وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەتدا و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکەی نێوان پارتی و گۆڕان .

٢. زیادبوون و سەپاندنی هەژموونی پارتی لە ناو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا.

٣.داگیرکردنی شەنگال و زیادبوونی مەترسیەکانیش بۆ سەر کەرکوك.

٤.خراپی گوزەرانی هاوڵاتیان و بڕینی بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەلایەن بەغدادەوە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە.

٤. پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵەی نەوتی و دیارنەمانی داهات و خراپبوونی گوزەرانی جەماوەر و پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتی موچە و ڕاوەستاندنی پرۆژە ئاوەدانیەکان و نەمانی خزمەتگوزاریەکان.

٥. خراپبوونی پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش بە هەرێمەوە و بەتایبەتیش لەگەڵ بەغدادا.

٦. ڕێکەوتنەکە لە پێناو ئارامکردنەوە و ئاسایکردنەوەی دۆخی بارگاوی و تورەو نزیك لە تەقینەوەی ناوچەی پارێزگای سلێمانی بوو.

- **گرنگیەکەشی لەوەدا بووکە بوە هۆی :**

١.ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد لانی کەم لەناوچەی زۆنی سەوزدا.

٢.نزیککردنەوە ویەکخستنەوەی گوتار و کرداری هەردوولا یەکێتی و گۆڕان.

٣.ئیستۆپکردن بە پارتی و بەرزکردنەوەی کارتی سوور بەڕوویدا و وەستاندنی لە سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی زیاتری خۆی.

٤.ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی لەدوای ٧ ساڵ لە ململانێی توند و زبر لەگەڵ یەکتریدا تاڕادەیەکی باش ئارامی و هێوری بۆ گەڕایەوە و دوورکەوتەوە لە درزتێبردنی زیاتر.

٥. هاوسەنگی هێزەکانی لەکوردستان پیشان عێراق و ناوچەکە و دونیاش دایەوە کە ئەوە تەنها پارتی نیە لەکوردستان بڕیار بەدەست بێت و بەڵکو هێزی سیاسی کاریگەری تریش هەن.

بەم شێوەیە ئەم ڕێکەوتنە گرنگی و کاریگەری ئەرێنی زۆر و زەوەندی هەبوو بۆ هەردوولا و بۆ ناوخۆی کوردستان و بۆ تەواوی جەماوەر و هێزە سیاسیەکانیش،و هەموان ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنی و هەموانیش بە ڕاست یان ناڕاست دەستخۆشی و پیرۆزباییان دەکرد جا هەبوو لەترسانا و هەبووش لە خۆشیاندا.

- **ئەریٚ ئەم ڕێکەوتنە بە قازا نجی کامیان بوو یەکێتی یان گۆڕان ؟**

ئاشکرایە کە هەردوولا قازانجیان کردوە و لە جێبەجێنەکردنیشیدا هەردوولا و میلەتەکەشمان زیانی گەورەی بەرکەوتوە..

- **یەکێتی لەچیدا قازا نجی کرد لەم ڕێکەوتنەدا؟**

١. یەکێتی بەم ڕێکەوتنە و ئاشتبونەوەیە کێشەیەکی سیاسی و ئابوری و ئیداری لەناوچەکانی خۆیدا لەکۆڵبوەوە و تاڕادەیەك سەرئێشەی لێدوورکەوتەوە.

٢. ناوچەکە تاڕادەیەکی باش ئارام بوەوە و یەکێتی ئەوەند خەریك نەبوو بەناوخۆی خۆیەوە و پشتئەستوور بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی جەنگی دژی داعش و تیرۆریستان و سنوری هەرێمی کوردستان لە باشوری کەرکوك و گەرمیاندا.

٣. ئەم ڕێکەوتنە هێزێکی گەورەی مەعنەوی و مادی دایەوە یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا و بوە هۆی گەڕانەوەی متمانەش بەهێز و توانا و جەماوەری خۆی لە کوردستان وعێراق و ناوچەکەشدا.

- **لەبەرامبەریشدا گۆڕانیش سوود و قازا نجی گەورەی کرد کە بریتی بوون لە :**

١.گۆڕانی ڕزگارکرد لە پەراوێزخراوی و گۆشەگیرکراوی دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ پارتیدا و پەکخستنی پەرلەمان و دوورخستنەوەی وەزیر و فەرمانبەرە باڵاکانی لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە هەولێردا.

٢. گۆڕان بەم ڕێکەوتنە توانی بۆ یەکەم جار بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکان بەشداری بکات لە حکومەتە خۆجێییەکانی هەڵەبجە و سلێمانیدا گەر بە ناتەواویش بێت.

٣. لە ئەنجانی بەشداریکردنی لەحکومەتە خۆجێییەکاندا توانی ژمارەیەکی باش لەکادر و هەڵسوڕاوانی جێگە بکاتەوە لەم ئیدارەیەدا و فشاری جەماوەر و بنکەی ڕێکخستنەکانی لەسەر سەرکردایەتیەکەی تاڕادەیەك کەمبکاتەوە.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،بۆچی هەردوولا لە ماوەی ئەم ساڵەدا نەیانتوانیوە یان نەیانکردوە کە تەواوی ڕێکەوتنەکە لەسەر زەمینەی واقع جێبەجێبکەن؟هۆکارە دیار و نادیارەکان چین؟بۆچی جەماوەر و لایەنگرانی هەردوولا لەسەر زەمینەی واقع هەستیان بە کاریگەری و باشیەکانی ئەم ڕێکەوتنە نەکرد ؟ و ڕێکەوتنەکە نەبوە هۆی ڕەنگدانەوەیەکی باش بۆ سەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان؟**

هۆکارەکان زۆرن لەوانە:

١.لەلایەك بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتیەوە و نەگەیشتنە یەك بڕیار و تاڕادەیەك نەمانی مەرکەزیەتی حیزبی و ناوەندی بڕیاری یەکلاکەرەوە و دووکەرتبونی سەرکردایەتی یەکێتی بەسەر دوو ئاڕاستەی جیاوازدا بۆ تەواوی دۆخی هەرێم و ئەم ڕێکەوتنەش.

٢. لەناو گۆڕانیشدا بەهەمان شێوە جۆرە دابەشبوون و جیاوازی بیربۆچوون سەریان هەڵدابوو دەربارەی ڕێکەوتنەکە.

٣. غیاب بوونی هەردوو سەرکردە مام جەلال و کاك نەوشیروانیش لە کوردستان و گۆڕەپانی سیاسی و دوورکەوتنەوەی سایە و سێبەر و هەژموونیان بەسەر سەرکردایەتی هەردوولاوە.

٤. هەوڵی لێبڕاوانەی پارتی بە ئاشکرا و بە نهێنی بۆ بنکۆڵکردن و پەکخستنی ئەم ڕێکەوتنە بەردەوام بوو لەڕێگەی دانوسان و فشار چونکە بەمەترسی بۆسەر خۆی دادەنا سەرەڕای پێدانی دڵنیایی لەهەردولاوە و تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو.

٥. هەندێك هەوڵی ناوخۆیی لە ناو یەکێتی و گۆڕانیش هەبوون بۆ سەرنەگرتن و سەرنەخستنی ڕێکەوتنەکە سەرەڕای فشارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش.چونکە هەندێك کەس لە خراپی پەیوەندی یەکێتی و گۆڕان سوودمەندبوون و وڵاتانی ناوچەکەش هەرگیز حەز بە تەبایی و ڕێکەوتنی کوردان ناکەن.

بەم شێوەیە ڕێکەوتنەکە تاکو ئێستا پەکخراوە و نەتوانراوە بە نیەتی پێشوەخت بێت یان لەبەر فشار و گوشار و گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە و عێراق بێت تەواوی بڕگە و مادەکانی کە لە ١١ بەش و ٢٥ مادە پێك هاتوە جێبەجێبکرێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندی هەردوولا.

- **پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە،ئەی لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕێکەوتنەکەدا پێویستە هەردوولا چی بکەن؟ چۆن هەنگاو بنێن؟ بەنیازی چین بۆ ئاینده؟**

سەرەتا ئەو ڕاستیە وەبیر دێنینەوە کە هەردوولا زۆر پێویستیان بەم ڕێکەوتنە بوو وە لە ئایندەشدا هەر پێویستیان پێیدەبێت،چونکە مەترسی و هەژمونەکانی ناوخۆی کوردستان((پارتی)) و عێراق و ناوچەکەش هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە و بگرە مەترسیە دەرەکیەکان لەئێستادا زیاتر بوون لەدوای ڕیفراندۆمەکەی تورکیا بەقازانجی ئەردۆگان و حیزبەکەی و دەرکەوتنی کۆتاییەکانی داعش و بەهێزبونەوەی عێراق و گۆڕانکاریەکانی نێوان هاوسەنگی هێزە گەورەکانی دونیاشدا لە سوریا و ناوچەکەدا. بۆیە گەر یەکێتی و گۆڕان وەك تاکتیك و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی پێشوو ئەم ڕێکەوتنەیان واژۆکرد بیٚ و بەنیاز نەبن بیکەنە ستراتیژ و پیادەشی بکەن ئەوا دەکەونە هەڵەیەکی سیاسی گەورەوە و ئەنجامەکەش بۆ هەردوولا بەخراپ دەشکێتەوە.بۆیە پێویستە کار بکەن بۆ:

١.گەرموگوڕکردنەوەی پەیوەندیەکان و بەردەوامی بدەن بە کۆبونەوە و دانیشتنەکانی سەرکردایەتی هاوبەش لە پێناو جێبەجێکردنی تەواوی ڕێکەوتنەکە و چارەسەرکردنی خراپ لێکتێگەیشتن و کێشە هەڵواسراوەکان.بۆئەوەی بارگرژی و تێکچوونی ئارامی ناوچەکەی لێنەکەوێتەوە.

٢.دواتر و پێکەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ پارتیدا دابنیشن و گفتوگۆیەکی بوێرانە و بێپەردە و دوور لەشەرم و دڵڕازیکردن و نەرمی نواندن پیادە بکەن بۆگەیشتن بەڕێکەوتنێکی سەرتاسەری.

٣.پێدابگرن لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت وەك مەرجێکی پێشوەختە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم،چونکە بەبیٚ بوونی یاسایەك لەپەرلەمانەوە ئەو پرۆسە گرنگەی ڕیفراندۆم یاسایی نابێت،کە پێویست دەکات بۆ دیاریکردنی چارەنوسی میلەتەکەمان هەموان پێکەوە تەباو لێکنزیك بن نەك دڕدۆنگ و دوور لەیەکتر بن.

٤.گرنگە پێدابگرن بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم تەواوی ناوچە کوردستانیە دابڕاوەکانیش بگرێتەوە و مادەی ١٤٠ی دەستوریش جێبەجێبکرێت.

٥.هەوڵی جدی بدرێت بۆ پەسەندکردنی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و هەموارکردنەوەی بەند و مادەکانی.لەگەڵ پرۆسەی ڕیفراندۆمدا پەسەندبکرێت.

٦. هەنگاوە سەرەتاییەکانی لێکنزیکبونەوە جێبەجێبکەن وەك یەکگرتنەوەی فراکسیۆنەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا.

٧. کاری جدی بکەن بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پێکەوە و بە یەك لیست بەشداربیبکەن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوولاش هاوهەڵوێست و هەمئاهەنگی زیاتر بکەن.

٨. کاری جدیتر بکەن بۆ بوژاندنەوەی بواری ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی و کۆکردنەوەی داهات و شەفافکردنی خەرجیەکان.

ڕاستە ئەم دواکەوتنەش کۆتایی ڕێگاکە نیە ،بەڵام هەموو دواکەوتنێکیش بۆ یەك و یەکگرتنەوە زیانی زیاترە.بەم شێوەیە دەکرێت لەماوەیەکی کورتدا تەواوی ڕێکەوتنەکە جێبەجێبکەن گەر نیەتی ڕاستگۆیانە هەبێت لەهەردوولاوە، بۆیە ئەرکێکی گەورە کەوتۆتە ئەستۆی سەرکردایەتی هەردوولا و گەر نەتوانن تا ٦/١ کە یادی ٤٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی و تا ٧/٢٥ یادی ٨ ساڵەی ڕاگەیاندن و جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕانە ئەوا بەڕاستی لە جێگەی متمانەی هەردوو سکرتێر و ڕێکخەری گشتیدا نین و جەماوەریش لەهیچکامیان ڕازی نابێت و ئۆباڵی بەردەوامبوونی ئەم دۆخە قەتیس و مەترسیدار و خراپەش دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی و گۆڕانەوە پێش پارتی .چونکە ئەوەی کە پێویست بوو بیکەن کەمتەرخەم و نەیانکردوە.بۆیە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی و گۆڕانەوە و ئەرکیانە چیان پێدەکرێت لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا بیکەن لە پێناو داهاتوی خۆشیان و میلەتەکەشماندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و شەنپرێس و خەندان و سپی میدیا و ئاڕاستە و وتاری کورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەریٚ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
## لەگەڵ ڕیفراندۆمە یان دژە ؟*

• لەو کاتەوەی بەڕێز مام جەلال وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دووچاری نەخۆشی بۆتەوە و لەگۆڕەپانی سیاسی بەشێوەی کردارەکی دوورکەوتۆتەوە و ئەو دوورکەوتنەوەیەشی کاریگەری خراپی کردۆتە سەر تەواوی ژیانی سیاسی لە عێراق و کوردستان و ناوخۆی یەکێتیش و هەموانی دووچاری دۆخێکی ناجێگیری سیاسی کردۆتەوە بەشێوەیەك هیچ بەراوردێك ناکرێت لەنێوان سەردەمی هێز وتوانا و چالاکی بەڕێزیان لەگەڵ ئەم ٥ ساڵەی ڕابووردودا کە ئامادەگیان نیە. دۆست و نەیارانی یەکێتی و بەڕێز مام جەلالیش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن و هەموان بەحەسرەتەوە باسی ڕۆڵ و کاریگەری دەکەن و خوازیارن کە جارێکی دی بگەڕێتەوە سەر شانۆ و گۆڕەپانی سیاسی بۆئەوەی دەرچە و دەروازەیەك بدۆزێتەوە بۆ تەواوی کێشە و ململانیٚ سیاسیەکانی ناوعێراق و کوردستان و یەکێتیش و هەموانیش ڕزگار بکات لەم دۆخە قەتیسەی کە تەواوی جومگە و ئۆرگان و بڕیارە سیاسیەکانی وەستاندوە.

• ئەو بابەتەی کە لەئێستادا زۆر گەرموگوڕ باس دەکرێت و جێگەی خواس و باسی هەموو مەجلیسەکانە بریتیە لە پڕۆسەی ڕیفراندۆم، کەوا بڕیارە لە ٢٥ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ چیٚ بکرێت،پێش هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٧/١١/٦دا.

بەداخەوە بابەتی ڕیفراندۆم کراوەتە کالاٌیەکی هەرزانفرۆش و هەر حیزب و سەرکردەیەك بە ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی لێکیدەداتەوە و هەوڵی بۆ دەدات، نەك لە پێناو بەرژەوەندی بەرزی گەل و خاکی کوردستان و لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی یەکجارەکیدا.

• ڕیفراندۆم لە بابەتێکی تەواو یاسایی و سیاسیەوە کراوەتە مەسەلەیەکی تەواو سیاسی و هەرلایەنە گەرەکێتی بیکاتە دەسکەوتی خۆی و بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردن بەکاریبێنێت، بەبیٚ حسابکردنێکی وورد و خوێندنەوەیەکی بەدیقەت و دوورمەودا بۆ لێکەوتە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٌیەتی و سەربازیەکانی ئایندەی ئەم بڕیارە، ئەم پڕۆسەیە هێندە گرنگ و مەترسیدارە کە تەنانەت بیرلێکردنەوەشی دەبێت چەندین جار حساباتی بۆ بکرێت و کارئاسانی و زەمینە سازی تەواوی بۆبکرێت لەناوخۆ و عێراق و دەرودراوسیٚ و دونیاشدا.چونکە سەربەخۆبونی ئەم بەشەی کوردستان لەم ناوچە گرنگ و هەستیارەی ڕۆژهەلاٌتی ناویندا کارێکی نزیك لە مەحاڵە و زۆر سانا و خۆش دەست نیە،بەڵکو زۆر کاریگەری گەورە و گرنگ بەباش یان خراپ دەخاتە سەر تەواوی بەرژەوەندیەکانی ولاٌتانی ناوچەکە و دونیاش. بۆیە گەرەکە هەموان لەکوردستاندا بە سەرکردە و حیزب و جەماوەرەوە بە عەقلاٌنیتر و ووردتر بۆ ئەم بڕیارە بچن و هەڵسەنگاندنی واقعیانەی بۆ بکەن.ئاشکرایە کە مەسەلەی سەربەخۆیی خەونی تاك بەتاکی میلەتەکەمانە لەسەر ئاستی نەتەوە و نیشتیمان،بۆیە ئەرکی هەموانیشە خەباتی لێبڕاوانەی بۆبکەن و هیچ کەسیش هەوڵ نەدات تاك لایەنە ئەو کارە گرنگە بەتەنها بکات و بەدڵنیاییش هیچ سەرکردە و حیزبێك ناتوانێت بەتەنها ئەو کارە بکات،چونکە پێویستی بەتەواوی ڕای شەقام و هاولاٌتیانی میللەتەکەمان هەیە.

• لەبەرئەوەی ڕیفراندۆم کارێکی یاساییە و پێویستی بە بڕیار و یاسای پەڕلەمانی کوردستان هەیە و هەروا پێویستی بەکۆدەنگیەکی نیشتیمانی و سیاسی و میللی هەیە و پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی و یەك و یەکگرتووی و ڕێکخستنی نێومالٌی کورد هەیە لەپێش ئەوەی ڕووبکەینە دەرەوەی هەرێم.پێویستیشی بە سازان و نەرمی نواندنی هەموان هەیە و گەرەکە ناکۆکی و ململانیٚ سیاسیەکان وەلا بنرێن و ڕیفراندۆم بکرێتە هۆکاری لێکنزیکبونەوە و ئاشتبونەوە و ئاشتەوایی سەرتاسەری نەك بکرێتە هۆکار بۆ زیاتر دوورخستنەوە و لێکدوورکەوتنەوە کە بەداخەوە لە ئێستادا ئەو کارە بەڕوونی دیارە.

- **ئەو پرسیارەی کە زۆر بەجدی دەکرێت،ئەوەیە ئەریٚ هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربارەی ڕیفراندۆم چیە؟ لەگەڵێتی ؟یان دژێتی؟ ئایا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەوڵی جدی دەدات بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆسەیە یان تەنها وەك دروشمی قۆناغەکە لەگەڵیدایە؟ ئایا یەکێتی نیشتیمانی پێشەنگ و ڕابەری دروشمی مافی چارەنوسە یان دواکەوتەی لایەن و سەرکردەکانی ترە؟**

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە زۆر بەڕوون و ڕاشکاوانە بریتیە لەوەی کە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٧٥وە بڕوای تەواوی بە مافی چارەنوسی گەلەکەمان هەبوە و خەباتی جدیشی بۆکردوە و ئەوەی یەکێتی لە شۆڕشی ئەیلول جیادەکاتەوە بریتیە لەوەی کە دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەلا ناوە و لەجیاتی ئەوە دروشمی مافی چارەی خۆنوسینی بەرزکردۆتەوە،هەر لەساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ و دواتریش لەساڵی ١٩٨٨ دوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و لەیەکەم کۆنگرەی گشتی خۆشیدا لەساڵی ١٩٩١دا کردیە دروشمی مەرکەزی خۆی و لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستانیشدا لە ١٩٩٢/١٠/٤دا هەر بەتەبەنی یەکێتی دروشمی فیدراڵی سەپێنرا و چەسپێنراو دواتریش لەساڵی ٢٠٠٣ و ڕزگارکردنی عێراقدا هەر بەهێز و پێداگیری یەکێتی فیدراڵیەت لە عێراقدا سەپێنرا و لەدەستوری هەمیشەیشدا دانیپیادا نرا.

هەربۆیە یەکێتی هەموو کات بەجدی و بە سیاسەتێکی ستراتیژی خۆی زانیوە کە خەبات بکات بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنوس و هەرگیز وەك دروشمی بێناوەڕۆك و بۆ مەبەستی تەسکی حیزبایەتی بەرزی نەکردۆتەوە ، هەربۆیە لە ئێستاشدا بەجدی بەشداری هەموو کۆبونەوەکانی ڕیفراندۆم دەکات و پێداگیریش دەکات لەسەرخستنیدا،بەڵام بە میکانیزمێکی گونجاو و بەکۆدەنگی هەموان و بەمەرجی کاراکردنەوەی بێ مەرجی پەرلەمان و بەیاساییکردنی پڕۆسەکە و لەگەڵیشیدا پێداگیری دەکات لەسەر باشترکردنی دۆخی گوزەران و ئابوری هاوڵاتیان و چێکردنی ڕیفراندۆمیش لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا ،و دەشبێت ئەم ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی بێت نەك وەك کارتی فشار بۆ مساوەمەکردن بێت بەڕووی هیچ وڵاتێکی دراوسێدا.کە ئەم هەڵوێستەشی لە نەخشەڕێگای خۆیدا لەمانگی ٢٠١٧/٤ و لە هەموو کۆبونەوەکانی تایبەت بە ڕیفراندۆم و لەگەڵ هەموو حیزبە سیاسیەکاندا دووپاتکردۆتەوە و دواهەمین هەڵویستی ڕەسمی سەرکردایەتی یەکێتیش لە بەلاغی کۆتایی کۆبونەوەی ٢٠١٧/٦/١٨ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بەڕوونی ڕاگەیاندوە کە بەکۆی دەنگی سەرکردایەتی لەگەڵ ڕیفراندۆمدان بەڵام بەو مەرج و میکانزیمەی کە داوای کردوەو هەر لە ڕۆژی ٢٠١٧/٧/١٣شدا لە کۆبونەوەی مەکتەب سیاسیشدا هەمان بڕیار و هەڵوێستی دووپاتکردۆتەوە.

ئیدی بەم شێوەیە هیچ لێڵی و دوودڵی و ڕاڕاییەك نامێنێتەوە لەسەر هەڵوێست و بڕیار و بۆچونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربارەی ڕیراندۆم.

یەکێتیش وەکو هێزێکی سیاسی و جەماوەری و سەربازی و ئابوری گەورە و کاریگەر هیچ کات لە ئەرك و لێپرسراوێتی خۆی و مێژووی خەباتی خۆی هەڵنایەت و خۆی ناشارێتەوە و هیچ کاتیش لە ڕەخنەی دژەکانیش نەسڵەمیوەتەوە و خاوەن بڕیار و سیاسەت و پلان و نەخشە ڕێگای سەربەخۆی خۆیەتی، هەربۆیەش هەموان هەموو ئومێد و نیاز و خواسێکیان بە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە هەڵواسیوە و بەئومێدەوە چاوەڕوانی بڕیار و هەڵوێستەکانی دەکەن،چونکە زۆر باش دەزانن بەبێ یەکێتی هیچ کار و پڕۆژە و پلانێك سەرکەوتوو نابێت،هەربۆیەش یەکێتیش ناچێتە ژێر باری هیچ بڕیارێکی تاك لایەنە و سەرپێیانە و سەرکێشیانە کە ئەنجامەکەی سەد دەر سەد دڵنیایی تیانەبێت بۆ سەرکەوتن.کە بڕیاریشدا ئامادەیە بۆ هەموو قوربانیەك لەپێناو ئایندەیەکی گەشدا بۆ کورد و کوردستان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی puk online و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٢١و چاودێر ژمارە ٦١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٧دا بڵاوکراوەتەوە.

## بۆ کۆچی دوایی مامی هەموو کوردان *

- ئەمڕۆ ٣ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٣ و کاتژمێری ٤ی دوانیوەڕۆ .. هەموان ناخۆشترین و بەسوێترین هەواڵمان پێگەیشت،کە ئەویش کۆچی دوایی یەکێك لە مەزنترین ڕابەر و کاریزما و سەرکردە و سەرۆکی هەڵکەوتوو و بێوێنەی نەتەوەی کورد ((مام جەلال)) بوو..
- مام جەلال تەنها باوکی بافێڵ و قوباد نەبوو ، بەڵکو باوکی تەواوی هەژاران و شەهیدان و خەمخۆرانی نەتەوەی کورد بوو.
- مام جەلال تەنها مامی  شێخ عەلی و ئاراس و لاهور و پۆلاد و ئاسۆ و ئەوانی تر نەبوو، بەڵکو مامی تەواوی نەتەوەی کورد بوو، نەك مامی کوردان مامی عەرەب و تورکومان و مەسیحی و ئەوانی تریش بوو.
- مام جەلال بەتەنها هەربۆخۆی بەهێندەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان ئازا و بوێر و سەربەرز و بێ هاوتا و خۆڕاگر بوو. مام جەلال بەهێندەی سەفین بەهێز و ڕەگداکوتراو و لەبن نەهاتوو بوو.
- مام جەلال، لەیەك کاتدا پێشمەرگە و خەباتگێڕ و ڕۆژنامەنوس وپارێزەر و ئەندازیار و دەستپێشخەر و داهێنەر و دامەزرێنەر و سەرکردە و ڕابەر و دیپلۆماتکار وسەرۆك و کاریزمایەکی هەڵکەوتوو بوو.ئەو لەتەمەنی ١٥ ساڵیەوە تائێستا بەردەوامە لەخەبات و کوردایەتی و نزیکەی  ٧٠ ساڵی ڕێکە لەکاروانی خەباتی کوردایەتیدا پێشمەرگە و سەرکردە و دامەزرێنەر و ڕابەر و سکرتێر و سەرۆك بوە.
- مام جەلال سەرکردەیەکی عصامی و هەڵکەوتووی قۆناغێکی سەختی خەباتی کوردایەتی بوە و توانیویەتی بە چالاکی و بوێری و چاونەترسی و زیرەکی و ژیری خۆی بێ پشتیوانی خزم و عەشرەت و خێڵ و بنەماڵە خۆی پێبگەیەنێت و بگاتە ئاستی سکرتێری گشتی گەورەترین حیزبی سیاسی وڕابەری کورد و سەرۆك کۆماری دەوڵەتێکی عەرەبی لە عێراقدا و جێگری یەکێك لەگەورەترین ڕێکخراوی سیاسی  هەموو دونیا ((ئەنتەر ناسیوناڵی جیهانی)).
- مام جەلال ڕابەرێکی چەپ و دیموکراتخواز و سۆسیالیستی و هەڵگری دروشمەکانی دیموکراسی و پێشکەوتوخوازی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و پێکەوەکارکردن و تەوافوقی سیاسی و خاوەنی ڕەوت و ڕچە و ڕێباز و سیاسەتێکی نەرم و حەکمیانە بوو.
- مام جەلال پشوودرێژوو بە ئارام و ورە پۆڵاین و چاونەترس و خۆڕاگر بوە،لەهەموو کاتە هەستیار و مەترسیدار و نسکۆو ڕووخاندنەکاندا،ئەو هەمیشە ورە پۆڵاین و خۆڕاگر و شاخێك بوە لە ورە و گەشبینی و بڕوابوون بەسەرکەوتنەکان و هەمیشەش ڕاوبۆچون و تێگەیشتنەکانی ئەو ئامانجەکانیان پێکاوە.
- بەلەدەستدانی مام جەلال خەباتی کوردایەتی قۆناغێك و لاپەڕەیەك و پەردەیەکی  هەستیاری  لەسەر شانۆ و گۆڕەپانی سیاسی خۆی دادایەوە و زۆر زەحمەتە کە چیتر کوردایەتی ڕابەرێکی مەزن و کاریزمایەکی بێ وێنەی وەکو مام جەلال بەخۆوە ببینێتەوە.
- مام جەلال تەنها سکرتێری گشتی  یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەبوە ،تەنها سەرۆکی وڵاتێکی وەك عێراق نەبوە، تەنها سەرکردەیەکی کوردانی باشوور نەبوە، ئەو لەیەك کاتدا بەگەورەیی و ڕاستگۆیی و سەرسەختی خۆی سەرکردە و ڕابەر و سەرۆکی کورد و عێراق و ناوچەکە و دونیاش بوە.
- فکر و بۆچون و ڕچە و ڕێبازی مام جەلال  پرشنگی داوەتەوە بەسەر هەرچوار پارچەکەی کوردستاندا و تەواوی سەرکردە و شۆڕش و خەباتگێڕاندا، هەموانیش بە سەرکردە و ڕابەر و مامی خۆیانیان دەزانی، دوژمنان و ناحەزان پێش دۆستەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە مام جەلال چەندە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری لە عێراق و ناوچەکەشدا بینیوە.و هەمیشەش  وەك (( صمام الامان)) تێیانڕوانیوە.چونکە لەسایەی حوکمڕانی ئەودا عێراق و کوردستانیش ئارام و ئاسایش و دوور لە جەنگی ناڕەوای تایەفی و ئاینی و نەتەوەیی بوو.

**لەکۆتاییدا** تەنها ئەوەندە دەڵێم کە کورد و کوردایەتی چرایەکی گەش و ڕێبەرێکی مەزن و سەرۆکێکی بەوەفاو پێشمەرگەیەکی قارەمان و کاریزمایەکی هەڵکەوتووی لەدەستدا. خوازیارم کە سەرجەم سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی گەورە ئەم بۆنەیە بکەنە خاڵی لێکنزیکبونەوە و یەك و یەکگرتویی ڕیزەکانی گەلەکەمان لە پێناو هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و دووربکەونەوە لە دژایەتی و ناتەبایی بۆ بەرپەرچدانەوەی گەلەکۆمەکی دوژمنانی ناوخۆ و ناوچەکە.

باشترین ئەمەك و وەفاش بۆ گیانی پاك و ڕێبازی درەوشاوە و فکری مام جەلال، پاراستنی یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و تەواوی گەل و نەتەوەی کوردە و درێژەدانە بە خەباتی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیان و هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دوورکەوتنەوەیە لە ناکۆکی و ململانێ و خۆخۆری و تەکەتولاتی ناڕەواو شەڕی ناوخۆی کوردان.

**یادت بەخێر وماڵئاوا مامی گەورە و مامی هەموو کوردان**

**ماڵئاوا سوڵتانی کوردایەتی**

**ماڵئاوا ڕابەری بێ هاوتا و بێ وێنە و کاریزمای هەڵکەوتوی نەتەوەی کورد**

**کورد و کوردستان سەربەرز و سەرفراز بن**

**نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردستان و خۆڕاگری بۆ هێزی پێشمەرگەی قارەمان**

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و خەندان و وتاری کورد و pukmedia لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٦دا بلاَوکراوەتەوە.

## کۆنگرەیەکی
## چۆنمان گەرەکە بۆ یەکێتیەکەمان؟*

- سەرەتا هەموو حیزبێکی سیاسی وەك بونەوەرێکی زیندوو بەچەندین قۆناغی گەورەبوون وپێگەیشتن و دواتریش نوچدان و لاوازبوون و تەنانەت مردنیش دەبێتەوە، هەربۆیە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی و ڕابەری هەر حیزبێك هەمیشە لەهەوڵی بە گەنجی و بەهێزی و پتەوی هێشتنەوەی ڕیزەکانی حیزبەکەیدا بێت و هەمیشە بەدیقەتەوە پلانی گەشەکردنی بۆ دابنێت و چاودێریشی بکات. حیزبی سیاسی بریتیە لە پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی تاکتیکی و ستراتیژی و هەڵگری ئایدیایەکی نوێ و ڕچەو ڕێبازێکی جیاکەرەوە لە حیزبەکانی تر و پابەندبونیەتی بە بنەما سەرەکی و کارکردنی بۆ وەدیهێنانی ئامانج و دروشمەکانی و هەوڵدانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا و دواتریش لەو ڕێگەیەوە پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەکانێتی لە پێناو بەردەوامبون و مانەوەی زیاترین کات لەدەسەڵاتدا ئەوەش بە خزمەتکردنی کۆمەڵگاو جەماوەر و لایەنگرەکانی خۆی دەبێت.
- حیزبی سیاسی سەرکەوتوو یان سەرکردە و ڕابەر و سەرکردایەتی بەکۆمەڵی سەرکەوتوش بریتین لەو کەس و لایەنانەی کە بتوانن یەك ڕیزی و یەك گوتاری حیزبەکەیان بپارێزن و تۆکمە و پتەو ڕایبگرن ئەوەش بە ناوەندێتی لە بڕیاردان و ڕاوێژکردنی بەردەوام و کاری دەستەجەمعی دەبێت نەك تاکڕەوی و دیاریکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بەسەر هەموو ئۆرگان و کەسەکاندا و دواتریش پابەندبونە بە بەند و مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی بنەمای سزا و پاداشتە.
- هەروەها بۆئەوەی حیزبی سیاسی و کادر و لایەنگر و ئەندامانیشی لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکاری و ڕەوت و پێشهاتەکاندا بەرەو پێش بچن گەرەکە هوشیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان لەگەشەکردنی بەردەوامدا بێت و کاری خۆڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی کادری هوشیار ئەرکی حیزب و سەرکردایەتیەکەیەتی. چونکە هیچ حیزبێکی سیاسی گەورە یان بچوك بەرەوپێش ناچێت بەبێ بوونی کادری هوشیار بە زانست و مەعریفەی نوێی سەردەمیەوە، چونکە چەقبەستن و دۆگمابوونی بیر و عەقڵی کادر دەبێتەهۆی دواکەوتن و پوکانەوە و مردنی حیزبی سیاسی.
- هەروەها حیزبی سیاسی گەرەکە هەمیشە زیندوێتی خۆی ڕابگرێت و توانای دەستپێشخەری سیاسی لەدەست نەدات،چونکە هەر حیزبێك نەیتوانی بەبەردەوامی کاری چاکسازی و نوێبونەوە لە عەقڵ و جەستە و بیر و ڕێبازی خۆیدا بکات ئەوا بەدڵنیایی دەبێتە پاشکۆ و بەرەو لاوازی و پوکانەوە دەچێت.
- ئاشکراشە کاری گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێبونەوە لە ناو هەر حیزب و تەنانەت ڕێکخراوی مەدەنی و گروپ و چالاکوانە هونەری و زانستی و پیشەییەکانیشدا بەندە بە بەستن و سازدان و چێکردنی پلینۆم یان کۆنگرەی گشتی حیزبەوە، بەبێ گرێدانی کۆنگرەو گۆڕانکاری دەوری و لەکاتی خۆیدا،ئەوا لەلایەك تاکڕەوی و بەرژەوەندخوازی و دیاردەی تەکەتولی ناڕەوا و قۆرخکاری دەسەڵات و خۆسەپاندن و لەڕێگەلادان سەرهەڵدەدات و لەلایەکی تریشەوە کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و خزمەتگوزرایەکان زیاد دەبن و لەقەوارەی ئاسایی خۆیان قەبەتر دەبن و ئەوکاتیش چارەسەر و بنەبڕکردنیان سەخت و دژوار دەبێت، لەهەمان کاتیشدا داواکاری و پێداویستیەکانی تاك و کۆمەڵگاش زیاد دەبن و گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، جا بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو هۆکارانە گەرەکە کە حیزبی سیاسی بەبەردەوامی لە کارو پرۆسەی خۆ نوێکردنەوەدا بێت لە جەستە و بیر و پلان و عەقڵیەتی خۆیدا کە ئەوەش لە گۆڕانکاری لەکەسەکان لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و ڕچە و ڕێبازی خۆیدا دەبێت.
- لەئێستادا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ،وەك حیزبێکی گەورە و کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش و تەنانەت دونیاش،گەرەکە کە لەم قۆناغە هەستیار و ناسکەدا کۆنگرەی چوارەمی خۆی ببەستێت.

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو هۆکار و پاڵنەرانە چین کە پێویستبوون و زەرورەتی بەستنی کۆنگرەی چوارەمیان کردۆتە باسی ڕۆژەڤ ؟**

- گەلێك هۆكار دەخوازن كە كۆنگرەی چوارەمی یەكێتی ببەسرێت لەوانە:

١. لەدوای كۆچكردنی ڕابەر و دامەزرێنەر و باوكی ڕۆحی هەموو یەكێتی و یەكێتیەكان و كاریزما و هەڵكەوتوی گەلەكەمان و شكۆی نەتەوەكەشمان خوالێخۆشبوو مام جەلال و دروستبوونی بۆشاییەكی گەورە لە جێگە و پێگەی سكرتێری گشتی یەكێتیدا ،هێندەی تر بەستنی كۆنگرە نەك هەر بۆتە پێویستیەكی حەتمی بەڵكو لەگەڵیشیدا بۆتە مەتڵەبێكی فراوان و سەرەكی سەرجەم سەركردایەتی و ئۆرگان و ئەندام و لایەنگرانی یەكێتی لەناوخۆی خۆیدا و هەروەها مەتڵەبێكی جەماوەری كوردستان و تەنانەت حیزب و سەركردە سیاسیەكانیش.چونكە هەموان باش لە ڕۆڵ و كاریگەری و گرنگی بڕیارەكانی یەكێتی تێدەگەن و بون و بەردەوامی و بەهێزی یەكێتی بۆ هەموان لە كوردستان و عێراق و ناوچەكەش مانای ڕاگرتنی بەلانسی هێز و هاوكێشە ناوخۆیی و ناوچەییەكان و پارێزەری ئەمان و ئاسایشی گەل و نیشتمان و نەتەوەشە و لەگەڵیشیدا پارێزەر و ڕاگری دۆخ و كەشوهەوای سیاسی و ودیموكراتی و ئازادیەكانیشە و بەمانایەكی تریش پارێزەری ئاسایش و ئابوری و ئەمانیشە بۆ هەموان و ڕێگە گرتنیشە لە پاوانخوازی و تاكڕەوی و قۆرخكاری دەسەلاَت لەكوردستان و عێراقیشدا.

٢. نەمانی مەترسی جەنگی داعش لەسەر كوردستان.

٣. بەداخەوە داگیركردنەوەی ناوچە دابڕێنراو و جێگە ناكۆكەكانی كوردستان لەلایەن سوپای عێراقیشەوە وەك كارەسات و ڕووداوێكی گەورە و كاریگەر كە هەقە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ووردی بۆ بكرێت كە ئەمەش كاری كۆنگرەیە، بەستنی كۆنگرەی كردۆتە زەرورەتێكی حەتمی.

٤. كەڵەكەبوون و بەردەوامی كێشە و ململانێ ناڕەواكانی ناوخۆی یەكێتیش لە چەند ساڵی ڕابووردوودا و بەتایبەتیش لەدوای كۆنگرەی سێهەمەوە،جارێكی تر بەستنی كۆنگرەی كردۆتە كارێكی زێدە هەنوكەیی.

٥. تێپەڕبوونی زیاد لە ٤ ساڵ بەسەر وادەی بەستنی كۆنگرەدا و نەمانی شەرعیەتی ئەم سەركردایەتی و مەكتەب سیاسیانەی ئێستا،هۆكارێكی تری بەستنی كۆنگرەیە.

٦. لەكۆتایشدا ،گۆڕانكاریە گەورەكانی ناوخۆی كوردستان و عێراق و ناوچەكەش و دونیاش وادەخوازێت كە یەكێتی خۆی كۆبكاتەوە و بە سیاسەت و تێڕوانین و تێگەیشتنی نوێوە ،ئامادەسازی بكات بۆ هەموو پێشهات و گۆڕانكاریەكان وئەمەش تەنها لە كۆنگرەدا دێتە دی.

بەم شێوەیە بەستنی كۆنگرەی چوارەم بۆتە زەرورەتی قۆناغەكە و ناكرێت چیدی بەبیانوی بێ ئەرزشەوە دوابخرێت،چونكە هەموو دواخستنێك تەنها بە زیانی گەورەتری یەك و یەككگرتوویی ڕیزەكانی یەكێتی تەواو دەبێت و دوژمنان و ناحەزانی كوردایەتیش سوودی لێدەبینن،چونكە یەكێتیەكی بێهێز و لاواز لە قازانجی ئەواندایە.

**لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە كە یەكێتیەكان چۆن كۆنگرەیەكیان گەرەكە؟ ئەی خەڵكانی دەرەوەی یەكێتی چۆن كۆنگرە و ئە نجامێك لە یەكێتی دەخوازن و چاوەڕوانی چی دەكەن ؟**

سەرەتا لەناوخۆی یەكێتیدا بەستنی كۆنگرە بۆتە ئەرك و زەرورەتێكی ئەم قۆناغە و هەموان گەرەكیانە كە ئەم كۆنگرەیە ببێتە هۆكاری :-

١. وەك ئەركێكی حیزبی و بنەمایەكی سەرەكی ئاڵوگۆڕكردنی ئاشتیانەی دەسەلاَت و گۆڕانكاری بە پلان،هەروەها بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە و گرفتەكان و چارەسەركردنیان و ڕێگەگرتنیشە لە دووكەرتبوون و جیابونەوە و باڵباڵێنی ناڕەوا و كۆتاهێنانیشە بە دەستەگەری و بەرژەوەندخوازی و خۆ دەوڵەمەندكردن و پەرتوبلاَوی لەناو ڕیزەكاندا و كۆكبون و كۆبونەوەی هەموانە لەسەر یەك گوتار و یەك كردار.

٢. كۆنگرەیەك پێویستە بۆ یەكێتی دوای مام جەلال كە بتوانێت لە ئاستی خواست و ویست و دڵخوازی زۆرینە یان هەمواندا بێت لە نوێكردنەوەی بەرنامە و پەیڕەو و تێڕوانین و ئایدیاو ڕێبازی یەكێتی.

٣. کۆنگرەیەك پێویستە کە بتوانێت ئیشوکارەکان بخاتەوە سەر سکەی ئاسایی گەشەکردنی یەکێتی و یەکێتی بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕین و بەهێزی و پتەوی جارانی.

٤. کۆنگرەیەك پێویستە کە ناوەندێکی بڕیار و مەرکەزیەتی حیزبی ببوژێنێتەوە لەناوخۆی حیزبدا.

٥. کۆنگرەیەك پێویستە کە بتوانێت سوود لە هەموو تواناکانی ناو یەکێتی وەربگرێت و یەکێتی نوێبکاتەوە و ڕابەرایەتی بێ جیاوازی هەموانیش بکات بەرەو سەرکەوتن.

٦. کۆنگرەیەك پێویستە کە بتوانێت زۆرینە ڕازیبکات بە ڕێزگرتن لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و ئاشتی و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بە ئاشتیانە دوور لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز و پاراستنی بەرژەوەندیەکان.

٧. کۆنگرەیەك پێویستە کە هەموان بڕوامان بە گۆڕانکاری یان لانی کەم ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی هەبێت، بە شێوەیەك کە هەقە هەڤاڵانی دێرین و خاوەن مێژووی پرشنگدار بەسنگفراوانیەوە جێگە و پێگەی خۆیان چۆڵبکەن بۆ هەڤاڵانی تازەپێگەیشتوو و لاوانی بەتوانا لە جەستە و فکر و خوێن گەرمیاندا.

٨. دەبێت هەموان بڕوا بە پێشکەوتن و گۆڕانکاریە گەورەکانی ناوخۆو ناوچەکە و دونیا بهێنین و ئەو ڕاستیەش بسەلمێنین کە یەکێتی بەم دۆخ و سەرکردایەتی و ڕچە و ڕێباز و فۆرمی کارکردنەوە ناتوانێت ڕووبەڕووی ئاڵنگاریەکان ببێتەوە و سەرکەوتوش بێت.

٩. بۆیە خۆئامادەکردن و ئامادەسازی بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانە پێویستی بەبەستنی کۆنگرەیەکی بەپلان و بەرنامە هەیە کە نەبێتە هۆکاری زیاتر دوورخستنەوە ولێکدابڕان و تەنانەت جیابونەوەش بەڵکو دەبێت هەموان پەرۆشی یەکڕیزی و یەك و یەکگرتوویی و پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی بین و هەموو دەسکەوت و خواست و بەرژەوەندیە کەسی و بنەماڵەیی و دەستەگەریەکان بخەینە خزمەت بەرزڕاگرتنی یەکێتی ، چونکە هەموانمان بە یەکێتیەوە جوان و ڕێزلێگیراو وحساب بۆکراوین،بەبێ یەکێتی زەمەن دەریخست هەموانمان زۆرر بچوك و بێ بەها بوین ،چونکە یەکێتی لاوازبوو لە ڕووی سیاسی و سەرکردە و لەلایەنی ئابوری و جەماوەری و هێز و توانای شەقامەوە.

- بەم شێوەیە بەستنی کۆنگرە و چۆنێتی و میکانیزم و بەرنامە ڕێژکردنی کۆنگرەکە بۆئەوەی لانی کەم ببێتە جێگەی ڕەزامەندی زۆرینە،و بتوانێت وەڵامدەرەوەیەکی ڕاستگۆیانەش بێت بۆ خواست و ویستی یەکێتیەکان و لەلایەکی تریشەوە وەڵامدەرەوەیەکی واقعیانەش بێت بۆ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەر و ئایندەش، بۆتە زەرورەت و پێویستیەکی هەنوکەیی بۆ ئاسایکردنەوەی نێوماڵی یەکێتی و خۆڕێکخستنەوە و زیاتر چەسپاندنی بنەماو دروشمەکان و بە ئۆرگانیزەکردنی سەرجەم ئۆرگان و ناوەندی بڕیارەکان و ژیاننەوە و زیندووکردنەوەی سەرەتاکانی گیانی هەڤاڵانە و ڕۆحیەتی حیزبایەتی ڕاستەقینەش.

- ئاشکرایە یەکێتی هەمیشە حیزبێکی سیاسی خاوەن بیرۆکەی نوێگەرایی و نوێبونەوە و دەستپێشخەری و داهێنان بوە،بەداخەوە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال و کۆچی دواییشی یەکێتی سەنگ و قورسایی و درەوشاوەی خۆی لەدەستدا و لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابووردووشدا ئەم سەرکردایەتیەی ئێستا نەیانتوانی بەهەموانیان جێگە و پێگەی مام پڕبکەنەوە و یەکێتی بەدووربگرن لە دەستەگەرایی و بەرژەوەندخوازی،هەربۆیە یەکێتی هیچ کات بەهێندەی ئەم چەند ساڵەی دوایی بێهێز و لاواز و پاشکەوتە دەرنەکەوتبوو، هەمیشە نهێنی سەرکەوتنی یەکێتی لە بەهێزی و پتەوی و خۆڕاگری و پشوودرێژی و پاراستنی بنەماکانی دیموکراتی و ئازادیەکاندا خۆی دەبینیەوەو توانیویشێتی لەدوای هەموو نوچدان و شکست و کەوتنێك بە بەهێزی و گەورەییەوە هەڵبسێتەوە.بەم شێوەیە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی زۆر گرنگە لەڕووی زەمان و زەمینەوە چونکە لەدوای شکستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و حیزبی و حوکمڕانیی هەرێمەکەمانەوە دێت دوای ئەوەی دەرکەوت کە ٢٦ ساڵ حومڕانیەکی لەرزۆك و فشەڵمان بەڕێوەبردوە،بۆیە ئەم کۆنگرەیەیی یەکێتی دەبێت ببێتە کۆنگرەی هەستانەوە و گەشەکردن و نوێبونەوەی یەکێتی و حوکمڕانی کوردیش لەم هەرێمەدا.

- لەدەرەوەی یەکێتیش هەموان گەرەکیانە کە ئەم کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەی بەهێزبونەوە و گەشەکردن و نوێبونەوەی یەکێتی ،چونکە بەبیٚ یەکێتی ژیانی حیزبایەتی و سیاسی و ئابوری و سەربازی هەموان تێکدەچن و ناهاوسەنگ دەبن و مەترسیەکان بۆسەر هەموانیان ترسناکتر و زیاتر و گەورەتر دەبێت، ئەوە تەنها هێز و بازوی یەکێتیە کەهەموانی پاراستوە و شانۆ و گۆڕەپانێکی سیاسی ساغڵەمی چێکردوە بۆ کاری هەموان ،سەرەڕای هەموو ڕەخنە و کەموکوڕیەکانی کە لەیەکێتیان هەیە.
- لەکۆتایدا یەکێتی هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نیە جگە لەبەستنی کۆنگرە و سەرخستنیشی و هەموانیش پابەندبونی خۆیان ڕابگەیەنن بە ئەنجام و گۆڕانکاریەکانیش، چونکە گەر کۆنگرە نەبەسرێت ئەوا هێواش هێواش ئەو یەکێتیەی کە ماویشمانە لەدەستمان دەچێت چونکە پیلانە دوژمنکارانەکانی دژی یەکێتی لەناوخۆ و ناوچەکەشدا هەموانیان بۆ بچوکبونەوە و نەمان و بێهێزکردنی یەکێتیە چونکە باش دەزانن تەنها یەکێتیە بەڕاست و ڕاستگۆیی لەخزمەتی نەتەوە و نیشتمان و ئایندەی کورد و کوردستاندایە و ملکەچی و نیشتیمانفرۆشی نەکردۆتە پیشە ورچە و ڕێباز هەر یەکێتیشە کە دەتوانێت ئەم قۆناغە سەخت و دژوارەش تێبپەڕێنێت لەکاتێکدا حیزب و سەرکردەکانی تر ئەو توانایەیان نیە یان توشی شۆك و شکست و دابڕانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایش بونەتەوە، بۆیە یەکێتی دەبێت ئەو هەل و بۆشاییە پڕبکاتەوە و شکست و نسکۆکان بگۆڕێتەوە بە سەرکەوتن و گەشەکردن ئەویش بە خۆنوێکردنەوە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و زانستیانە و واقعیانە دەبێت بۆ سەرجەم گۆڕانکاریەکان لە هاوکێشە و بەلأنسی هێزەکاندا لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بەسەرداچونەوەیەکی ژیرانەش بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دیاریکردنی نەخشەڕێگایەکی ڕوون و ئاشکراش بۆ ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بۆ ئایندە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخست و ڕۆژنامەیکوردستانی نویٚ ژمارە ٧٤١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**بەرەو بەستنی کۆنگرەی گشتی چوارهەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان...**

## ١
## گرنگی کۆنگرە بۆ حیزبی سیاسی *

- ئاشکرایە هەر حیزبێکی سیاسی لەماوەی خەبات و کارکردنیداو بەردەوام بوونی لە خەباتدا چ لە قۆناغی شاخ و شۆڕش بێت یان قۆناغی خەباتی شار و دەسەڵات و مەدەنیدا بێت، بەدرێژایی ئەو کاروانە نەبڕاوەیەی ،ڕووبەڕووی گەلێك شکست و نسکۆ و هەستانەوە دەبێت و بەتێپەڕبوونی کاتیش و لەگەڵ دەستپێکی هەر قۆناغ و سەرهەڵدانی هەر گۆڕانکارییەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییشدا، وەك کاردانەوەیەك دەشێت ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حیزب سەرهەڵبدەن و کێشە و گرفت دروست بن،چونکە خەبات لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین و گەیشتن بە قۆناغی ڕزگاری و سەربەخۆیی کاروانێکی دووردرێژەو بەبێ نوچدان و هەستانەوە و بەبێ شکست و سەرکەوتنەکان تێپەڕ نابێت وڕێگا و ڕێباز و ڕچەی کارکردن و خەباتیش بەبێ گرێ و گۆڵ نابێت،بۆیە لەگەڵ کەڵەکەبوون و گەورەبوونی کێشە و گرفتەکاندا کار و چالاکی حیزبیش هێواش هێواش و لەسەرخۆ بەرەو لاوازی و سستی و بنکۆڵ بوون دەچێت،ململانێکان چەندە ڕەواش بن ((کە بەداخەوە زۆرجاران بەرگێکی ناڕەوا دەکەنە بەریان)) لەنێوان هەڤاڵانی حیزبدا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیاوازی لە بیر و بۆچوون و هەڵوێست وەرگرتنەکاندا و ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ لێکترازان و دوورکەوتنەوەی زیاتر و تێکدان و لاوازکردنی ڕیزەکانی حیزب و کاردەکاتە سەر پتەوی و بەهێزی بیروباوەڕ و دەبێتە هۆی ساردکردنەوە و خاوبونەوەی هەڤاڵانیش لە کار و خەباتدا. کە هەموو ئەمانەش بە زیان بە کۆی مێژووی خەباتی حیزب و سەرکردەکان دەشکێتەوە و دواتریش کاریگەری خراپ دادەنێت لەسەر تەواوی ڕەوت و ئاڕاستەی فکری و شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵگا و دواتریش خەبات و مقاوەمەت و قوربانیدانەکانیش بەرەو خاوبونەوە دەبات.
- جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە و ڕێگەنەدان بەگەورەبون و کەڵەکەبونی زیاتریان و ڕێگەگرتن لەوەی کە ببنە هۆکاری داڕزان و داوەشانی پەیکەر و ئۆرگانەکانی حیزب و دوورکەوتنەوەی جەماوەر و زویربونیان، و بەهیوای ئەوەی کە بتوانرێت چارەسەر بکرێن و ڕچە و ڕێبازی حیزب بپارێزرێت و کاربکرێت بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی حیزب و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانیش و بشبێتە هۆکارێك بۆ خۆنوێکردنەوە و گەڕانەوە بۆ شاڕێگەی کارکردن و تورهەڵدانی هەموو لادانە فکری و شۆڕشگێڕیەکان و بەسەرداچوونەوەیەکی زانستیانە و واقعیانە بەسەر کارو کردەوەی هەڤاڵان و ئاڕاستە و بیرکردنەوە و بنەمافکری و ئایدیایی و کارکردنەکان و بۆچون و تێڕوانینەکان بۆ ناوخۆ و دەرەوەی حیزبیش.هەموو ئەم کارانە پێویستیان بە بەستنی کۆنگرەیەکی ئاسایی گشتی هەیە،کە هەڤاڵان پێکەوە و بە گیانێکی برایانە و لەخۆبووردویانە و بەنەفەس و نیەتی گرێدانەوە و جۆشدانەوەی کار و خەبات و وەلانانی هەموو ناکۆکی و جیاوازیەکان و گەڕانەوە بۆ بنەما و دسیپلینە حیزبیەکان و بوژاندنەوەی گیانی هەڤاڵانەوە و پێکەوە کارکردنی دەستەجەمعی و وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە گیانی خۆسەپاندن و قۆرخکاری و تاکڕەوی و پەرستن و پیرۆزکردنی سەرکردەو وەستانەوە دژی دیاردە دزێوەکانی دەستەگەری ناڕەوا و بەرژەوەندخوازی و بەمەبەستی دانانی بەرنامە و پلانی نوێش ،پێویست دەکات هەموان لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی گشتیدا کۆببنەوە و ئاڵوگۆڕی بۆچون و تێڕوانینەکان بکەن وگیانی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنیش ببوژێننەوە. تەنهاش بەم هەنگاوە دەتوانرێت حیزب و ژیانی حیزبایەتی ڕاستەقینە ببوژێنرێتەوە و تەکان و گڕو تینێکی نوێ بدەنەوە بەجەستە و فکر و خوێنی حیزب و بتوانن خۆ دەربازبکەن لە قۆناغێکی کۆنی ڕابووردووی قەتیس و پڕ کێشە و ململانێی ناڕەوا، بۆیە بەستنی کۆنگرەی گشتی حیزبی بۆ هەموو حیزب و تەنانەت ڕێکخراو و کۆمەڵە پیشەیی ومەدەنیەکانیش کارێکی زێدە گرنگە و دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام و خولی ئەم کۆنگرانە ببەسترێت لەپێناو هەنگاونان بەرەو ئایندە و ڕۆژگار و قۆناغ و سەردەمێکی نوێتر و جیاواز لە ڕابووردوو.

لەئێستاشدا و لەم قۆناغەی خەباتی کوردایەتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا کە لەبەردەم بەستن و گرێدانی کۆنگرەی گشتی چوارەمدایە و بەستن و گرێدانی کۆنگرە بۆتە کارێکی لەپێشینە و پڕ ئەهمیەت و لەهەمان کاتیشدا هەستیار و مەترسیداریش بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بەتایبەتیش بۆ حیزبی زیندوو و کاریگەر و بەدەسەڵات و گەورەو و فراوان و خاوەن جەماوەر و هێز و توانای سەربازی و ئابوری گەورەی وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.چەندین جار گرنگی و مەترسیەکانیشی لە زیادبوندان ،بۆیە دەبێت زۆر بە ووردی و دیقەت و پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە و گیانی هەڤاڵانەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و ئامادەسازی بۆ بکرێت بەمەبەستی سەرخستن و بە ئامانج گەیاندنی کە بریتیە لە هەستانەوە وبەهێزکردن و نوێبونەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٢

## بۆچی کۆنگرە ببەستین ؟

- دوای ئەوەی کە بەستنی کۆنگرەی گشتی چوارەم بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك حیزبێکی گەورە و کاریگەر و خاوەن مێژووو ڕابووردویەکی گەش و خاوەن نفوز و پێگەی بەهێز و فراوانی جەماوەری و سەربازی و سیاسی و ئابوری لە کوردستانی گەورەدا و لەناوچەکە و دونیاشدا،لەئێستادا و دوای ئەوەی کە نزیکەی ٤ ساڵ بەسەر بەستنی کۆنگرەی گشتی ئاسایی سێیەمیدا لە ساڵی ٢٠١٠دا تێپەڕیکردوە بۆتە زەرورەتێکی قۆناغەکە و پێویست دەکات کە لەم ساڵی داهاتوودا و پێش سازدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەو کۆنگرەیە بگیرێت.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،بۆچی کۆنگرە ببەستین؟**

گەلێك هۆکاری خودی و بابەتی هاتونەتە پێش کە وادەکەن بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ببەسترێت، لەو هۆکارانەش :

لەلایەك بەستنی کۆنگرە وەك ئەرکێکی حیزبی بۆ هەر حیزبێك و بەتایبەتیش بۆ حیزبێکی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆتە زەرورەت و ناکرێت بەهەر بیانویەکەوە بێت زیاتر دوابخرێت و بۆتە مەتڵەب و داواکاریەکی هەنوکەیی سەرجەم سەرکردایەتی و ئۆرگان و ئەندام و لایەنگران و تەنانەت جەماوەری پانوپۆڕی یەکێتیش.

لەلایەکی تریشەوە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لەساتەوەخت و قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکدا دەگیرێت کە نێوماڵی خودی یەکێتی و نێوماڵی کورد لەم هەرێمەدا و لە کوردستانی گەورەشدا لێکترازاو و پڕ کێشە و گرفت و دوورلەیەك و پەرتبوەو لەناو عێراقیشدا کێشەگەلێکی گەورەمان هەیە کە بونەتە مەترسی بۆ سەر ئێستا و ئایندەی گەلەکەمان و لەدوای چێکردنی ڕیفراندۆمیشەوە هەموو پەیوەندیە ناوچەیی و دونیاییەکانیشمان لەسەر ئاستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەم ئەزمون و حوکمڕانیەی کە هەمانە سەرتاپای لێکترازاوە و بەرەو خراپ بوون چوە و گەرم و گوڕی پێشتریان نەماوە.

لەلایەکی تریشەوە ناوچەکە ((ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین)) بە قۆناغێکی پڕ مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت کە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ڕوە و فەوزا و بێسەروبەریەکی مەترسیدار بڕوات بەهۆی کێشە و ململانێ توندەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزیش و دواتر سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی جوگرافیایی و سنورەکان لەخۆ بگرێت کە ببێتە هۆی داگیر و دابەشکردنەوەی گەلێك لەوڵاتان و گەلانی ناوچەکە بۆماوەی ١٠٠ ساڵی ئایندە هەروەك چۆن لە ڕێکەوتننامەی شومی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦دا ڕوویدا و ئەم ناوچەیەیان کردە قوربانی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی ئەوکاتە.

هەموو ئەم هۆکارانە و زۆری تریش،بونەتە فاکتەری گرنگ بۆ خێرا بەستن و گرێدانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

لەهەموو فاکتەرەکانیش گرنگتر بریتیە لە شەپڕیوی نێو ماڵ و ڕیزەکانی خودی یەکێتی خۆی،بەهۆی لەلایەك ململانێ ناڕەواکانی نێو سەرکردایەتی و زەقکردنەوە و تۆخکردنەوەی دیاردەی دزێوی دەستەگەری و باڵاکردنی بەرژەوەندیە کەسی و گروپ و ناوچەییەکانی نێوان باڵ و دەستە جیاوازەکانی ناو یەکێتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان و

پیشان نەدانی توانا و وزەیەکی گەورە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان و تاڕادەیەك شکستهێنانی هەڤاڵانی سەرکردایەتی لە ئیدارەدانی یەکێتیدا و بەتایبەتیش دوای غیاب بوونی خوالێخۆشبوو مام جەلال لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق بەهۆی نەخۆشکەوتنیەوە لە ٢٠١٢/١٢/١٧وە. لە ئێستاشدا هۆکارێکی گەورەتر و یاسایی تر هاتۆتە پێش کە ئەویش کۆچکردنی دوایی هەڤاڵ مام جەلالە وەك سکرتێری گشتی یەکێتی، کە دەبێت بە زووترین کات و تەنهاش لە ڕێگەی کۆنگرەوە و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەوە ئەو پۆستە گرنگ و پڕ بایەخ و هەستیارە پڕ بکرێتەوە.

لەکۆتایدا بەهۆی بوون و کەڵەکەبوونی کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی یەکێتی کە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ چەندین ساڵی ڕابووردوو، گەورەتربوونی مەترسی و ئاڵنگاریە دەرەکی و ناوچەییەکانیش لەئێستادا،بەستنی ئەم کۆنگرەیەی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێندەی تر کردۆتە کارێکی لە پێشینە، و ئەم کۆنگرەیەش دەبێتە هۆکارێك بۆ هەستانەوە و سەرلەنوێ بەهێزبونەوە و نوێبونەوەی یەکێتی لەکار و کردار و پلان و تێڕوانین و خۆ ئامادەکردنێکیش دەبێت بۆ قۆناغی ئایندە و ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ئەو ئەگەر و پێشهات ومەترسییانەی کە لەپێشماندان.

بۆیە بەستنی ئەم کۆنگرەیە نەك بۆتە مەرجی سەرەکی و داواکاری سەرتاپای ئەندام ولایەنگرانی یەکێتی بەڵکو بۆتە داواکاری و خواستی زۆرینە و مەتڵەبێکی جەماوەری دەرەوەی یەکێتیش و بەهەمان شێوەی داخوازیەکانی ناوخۆی یەکێتی. چونکە یەکێتیەکی نیشتیمانی بەهێز بۆ هەموان بە قازانجە و ماڵی کورد بەهێز وڕیزەکانی پتەوتر و ئامانج و دەسکەوتەکانیش ڕوونتر و نزیکتر دەبنەوە و خەباتی کوردایەتیش چەندین هەنگاو بەرەو ئایندە و پێشکەوتوتربەرەو لوتکە سەردەکەوێت و هەڵدەکشێت.چونکە هەموان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە پنت و کۆڵەکە و پایەیەکی کۆنکرێتی بەهێزی خۆڕاگری و پاراستنی کوردایەتی ڕەسەن دەزانن دوور لە موزایەداتی سیاسی و دەسکەوتی حیزبی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرێتی.

## ٣
## چۆن کۆنگرەیەك ببەستین ؟

• ئاشکرایە بەستنی کۆنگرەی هەر حیزبێك دوو لایەنی باش و خراپ یان لایەنی ئاسایی و مەترسیداریشی هەیە، بۆیە هەموو کۆنگرەیەك نابێتە هۆکاری گەشەپێدان و نوێبونەوە و جۆشدان و هەستانەوە و فریاد ڕەس ،بەڵکو زۆرێك لە کۆنگرە حیزبیەکان مەترسیدارن بۆسەر مان و نەمان یان لێکهەڵوەشان و جیابونەوە و لاوازبونی حیزبە سیاسیەکان. بۆیە دەبێت سەرکردایەتی حیزب کاتێك خۆی ساز و ئامادە دەکات بۆ بەستنی کۆنگرە تەنانەت گەر بارودۆخی ناوخۆیی حیزبیش ئاسایی و سەلامەت و بێ مەترسیش بێت،گەرەکە کە زۆر بە وریایی و دیقەت و پلانی پێشوەختە و ئامادەسازیەکی تەواوی بۆ بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنگرە ئامانجەکانی کە بۆی دیاریکراوە بپێکێت و هەموان یان لانی کەم زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە کە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندام و لایەنگر و ئۆرگانەکانی حیزب دەکەن بە بڕیار و ڕاسپاردە و ئەنجامەکانی کۆنگرە ڕازیبن و پەسەندی بکەن و بەم شێوەیەش کۆنگرە بە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دادەنرێت و ئەژمار دەکرێت.

• کۆنگرە حیزبیەکان خاڵی وەرچەرخانن لە ژیان و تەمەن و کاروانی خەباتی هەر حیزبێکدا،چونکە گەر کۆنگرەکان سەرکەوتوبێت ئەوا دەتوانێت بەردەوامی بەکار و خەباتی حیزب بدات و بەرەو پێشیشی بەرێت و دەتوانێت جۆش و خرۆش و تەکانێکی زیاتر بداتەوە بە جەستەو بیر و خوێنی سەرکردایەتی و ئۆرگان و پەیکەری حیزب و ژیانی ناوخۆی حیزب توندوتۆڵتر و ڕێکیشی بخاتەوە، بەڵام گەر کۆنگرەکان سەرکەوتوو نەبوون و نەیتوانی ببێتە هەوێنی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی حیزب و نەیتوانی سەرکەوتوبێت بەسەر ڕا جیاواز وململانێکاندا و بوە هۆی دووکەرتبوون و جیابونەوەی حیزب ئەوا بۆخۆی کۆنگرە دەبێتە کارەسات و خاڵێکی ڕەش و تاریك لەتەمەنی حیزبدا.

- بۆیە چەندە کۆنگرە کار و ئەرکێکی ئاسایی حیزبیە و مەبەست لێی جۆشدانەوەی خەباتە بۆ قۆناغێکی نوێ ،ئەوەندەش هەنگاو و کارێکی پڕ مەترسیدارە بۆ سەر کاروانی خەباتی حیزب، بۆیە دەبێت زۆر بە ووردی و دیقەت و لێپرسراوێتیەوە کار بۆ سەرخستن و گرێدانی کۆنگرە حیزبیەکان بکرێت و سەرتاپای لایەن و ڕەهەند و ویست و خواستەکانی دۆست و نەیارەکانیش حسابیان بۆبکرێت.
- لە ئێستادا کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دوو ڕیانێکی هەستیار و گرنگدایە و لەبەردەم بەستن یان دواخستنی کۆنگرەی گشتی چوارەمیدایە،ئەو پرسیارە دێتە پێش و مێشك و ئەندێشەی زۆرێك لە هەڤاڵانی تەنیوە ئەوەیە **کە چۆن کۆنگرەیەك ببەستین؟**

ئاشکرایە کە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەری و دەروونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەداخەوە بە قۆناغێکی ئاساییدا تێپەڕناکات و لەهەموو ڕوەکانەوە لە پاشەکشەدایە بە بەراوورد بە ١٠ ساڵی ڕابووردوو و بەتایبەتیش دوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی کە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر پێگە و هێز وتوانای ڕێکخستن و جەماوەر و دەروون و ئابوری یەکێتی و تا ئێستاش و دوای ئاشتبونەوە و واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی دەباشان و ڕێکەوتنی سیاسی لە ٢٠١٦/٥/١٦شدا هێشتا کاریگەریە خراپ و مەترسیدارەکانی ئەو جیابونەوەیە لەسەر یەکێتی و زهنیەتی سەرجەم سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکێتی ماون و هەمیشە و لە ئایندەشدا وەك هێزێکی مەترسیدار بۆسەر پێگە و هێز ونفوزی یەکێتی لێیدەڕوانرێت بەحوکمی ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕانیش مەڵبەند و سەنتەری دامەزراندن و پێگەی جەماوەری و حیزبی هەمان ناوچە و پێگەی نفوزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

بەهەمان شێوە ململانێ ناوخۆییەکانی ناو سەرکردایەتی یەکێتیش خۆی جارێکی تر بونەتە مەترسی گەورە بۆ سەر ئایندە و پێگەی یەکێتی.

هەروەها بوون و ئامادەگی کێشەگەلێکی زۆر و مەترسیداری فکری و ئایدیایی و بیروبۆچونی جیاواز لەمەڕ سەرجەم بابەت و مەسەلە گرنگەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی یەکێتی و پەیکەری ڕێخکستن و دەسەڵاتەکان و چۆنێتی ئیدارەدانی یەکێتی و ..هتد . لەسەر ئاستی پەیوەندیە کوردستانیەکان و ناوچەکە و دونیاش و لەسەر ئاستی پەیوەندیە نەتەوەییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا و مەسەلەی ئابوری و دارایی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە و ئاشتکردنەوەی جەماوەری زویری یەکێتی و ..هتد.هەموو ئەمانە وایان کردوە کە پرسی بەستنی کۆنگرە بۆتە مەسەلەیەکی زێدە هەستیار و مەترسیداریش. هەموانیش ڕاشکاوانە ترس و مەترسیەکانیان ناشارنەوە .

بۆیە هەندێك پێیانوایە کە کۆنگرە دوابخرێت بۆ کاتێکی لەبارتر و هەندێکی تریش بەبیانوی ئەوەی کە هەرسێ کۆنگرەکانی یەکێتی لەکاتی ئاسیایی خۆیاندا نەبەسراون و ١٠ ساڵ ماوەیان لەنێواندا بوە با ئەم کۆنگرەیەش هەروابێت،بەڵام زۆرینەی زۆر لەسەرکردایەتی و تەواوی ئۆرگانەکانی یەکێتی لەگەڵ هەرچی زووتر بەستنی کۆنگرەدان و بەستنی کۆنگرەیان پێباشترە لە نەبەستنی لەگەڵ هەموو مەترسی و ئاڵنگاریەکانیشدا.چونکە بەردەوام بوونی ئەم دۆخەی کە یەکێتی تیادایە زۆر مەترسیدارترە ،چونکە بەم سەرکردایەتی و بەم هەموو کێشە کەڵەکەبوانە و ئەم ململانێ نەبڕوانەوە یەکێتی ناتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و دونیاش ببێتەوە کەئەمەش هێندەی تر هێز و توانای یەکێتی لاواز دەکات.

بۆیە دەبێت هەموان یان لانی کەم زۆرینە لەسەر بەستنی کۆنگرە بە زووترین کات ڕێکبکەون و بکەونە خۆ بۆ دۆزینەوەی دەرچە و ڕێگا چارەی واقعی بەمەبەستی هەستانەوە و نوێکردنەوەی یەکێتی،لەبەر ئەوە یەکێتی پێویستی بە کۆنگرەیەکە کە هەموان ئاشتبکاتەوە و گیانی هەڤاڵانە لەنێواندا زیندوو بکاتەوە و جۆش و خرۆشی سەردەم و قۆناغە زێرینەکانی یەکێتی ببوژێنێتەوە و هەموان دان بەهەڵە و کەموکوڕیەکاندا بنێین و خۆشساز و ئامادە بکەن بۆ قۆناغی ئایندەو کۆنگرە بکەنە کەرنەڤاڵێکی هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتی .

زۆر گرنگە كە هەموانیش بە دڵ و دەروون و نیەتێكی ڕاستگۆیانە و پەرۆشانە بۆ یەكێتی و ئایندەكەی و دواتریش بۆ جەماوەری میلەتەكەمان و تەواوی مەسەلەی كوردایەتیش دەست بخەنە ناو دەستی یەكتری بۆ سەرخستن و گرتنی كۆنگرەیەكی سەركەوتوو كە هەموان لێیڕازیبن و دەرونەكان ئاسوودە بكات، نەك بكرێتە جێگەی تۆڵەسەندنەوە و پاكتاوكردن و دوورخستنەوە و كەناگیرخستنی هەڤاڵان،چونكە یەكێتی بەهەموانەوە جوان و بەهێز و گەشاوە و درەوشاوەیەو دەبێت هەموانیش ئەو گوتەیەی هەڤاڵ مام جەلال لە یاد نەكەن كە هەمیشە دووپاتی دەكردەوە ((كە هیچ هەڤاڵێكمان لیٚ زیاد نیە)).

بۆیە گەرەكە ئەم كۆنگرەیە بكەینە كۆنگرەی ئاشتبونەوە و كاركردنی پێكەوەیی و چەسپاندنی بنەما حیزبیەكان و جەختكردنەوە لە دروشمەكانی ئاشتی و دیموكراسی و مافی چارەنوس و مافی مرۆڤ و درێژە بەكاروانی خەباتی كوردایەتی بدەن لەسەر ئاستی كوردستانی گەورە و هەرێم و عێراق و ناوچەكە و دونیاش و یەكێتی بكەنەوە بەیەكێتی چەپكە گوڵەكەی مام و سەركردە و ڕابەری هەموان و ڕۆحی نەمری مام شاد بكەن و ئەمانەتەكەی یەكێتیش كە لەگەردنی هەمواندایە بەو پەڕی وەفا و دڵسۆزی و ئەمەكداریەوە بپارێزرێت و ئاڵا سەوز و شەكاوەكەی یەكێتیش هەمیشە لەسەر سەری هەموانەوە بەبەرزی ڕابگیرێت.

## ٤
## كۆنگرە هەر گرنگ و چارەنوسسازەكە بۆ یەكێتی !

- لەسەروبەندی بەستنی كۆنگرەی گشتی چوارهەمی یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندا كە لە ئێستادا بۆتە باسو خواسی گەرمی سەرجەم كۆبونەوە حیزبیە ناوخۆییەكانی یەكێتی لەهەموو ئاست و ئۆرگانەكاندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە ، هەموان لەلایەك هەست بە گرنگی و پێویستبوونی بەستنی كۆنگرە دەكەن و لەلایەكی تریشەوە هەست بەمەترسیەكانی دوای كۆنگرەش دەكەن.
- ئەم هەست و ترس و دڵەڕاوكێیەی سەرجەم هەڤاڵان لەخۆڕا نەهاتوە و سەریهەڵنەداوە،بەڵكو كۆمەڵێك هۆكاری خودی و بابەتی وایانكردوە كە هەموان لەیەك كاتدا ئەو هەست و ترسەیان لا دروست ببێت.چونكە لەلایەك نێوماڵی خودی یەكێتی بەدەست كۆمەڵ گەلێك كێشە و گرفت و ململانێی ڕەوا و ناڕەواوە دەناڵێنێت و ماوەی زیاد لە ٥ ساڵە بەتەواوەتی نغرۆی كێشە ناوخۆییەكانی بوە و بڕستی لێبڕیوە و توانای تەنانەت دەركردنی بڕیار و ڕاسپاردە ناوخۆییەكانیشی نەماوە و شێوەیەك لە فەوزا و دابەشبوون و ئیلتیزامنەكردن بە دیسپلینە حیزبیەكانەوە بڵاوبۆتەوە ولەلایەكی تریشەوە بواری بیركردنەوە و پلان دانان و هەڵسەنگاندنی هاوكێشە و پەیوەندی و بەلانسی هێز و هاوكێشە و گۆڕانكاریەكانی دەرەوەی خۆشی نەماوە . هەر لە كوردستان بیگرە تا عێراق و تا وڵاتانی ناوچەكە و دونیاش. لەكاتێكدا و لەسەردەمانێكدا یەكێتی نیشتیمانی كوردستان جڵەوی كار و گوتاری ئەم هەرێمەی لەدەستدابوە و خاوەن دەستپێشخەری و داهێنان بوە،بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەو توانا و وزەیەی پێشووتری نەماوە.

یەكێتی لە ئێستادا نە سیاسەتێكی ڕوون و ئاشكرای هەیە و نە دەستپێشخەری سیاسی لەلاماوەتەوە و كەوتۆتە گێژاو و قۆناغێكی زۆر هەستیار و مەترسیدارەوە كە مەترسی زیاتر بچوكبونەوە و لاوازبوون و تەریكبونیشی لێدەكرێت، چونكە لەناو هەرێمی كوردستاندا لەلایەك:

پارتی بەهەموو تواناكانیەوە سوورە لەسەر بچوكبونەوە و لێكهەڵوەشاندنی ڕیزەكانی یەكێتی و هەمیشە لەبۆسە و پیلانگێڕیدایە بۆ ئەوەی یەكێتی بخاتە هەڵەی مێژوییەوە و لەبەر چاوی میلەت و جەماوەرەكەی خۆشی ناشیرینی بكات و ئێستاش هەر بەهەمان نەفەسی ساڵانی شەستەكانی سەدەی ڕابووردوو لە یەكێتی دەڕوانن و گەرەكیانە بەهەمان دواڕۆژی باڵی مەكتەبی سیاسی ئەوكاتەی بەرن((نزیكترین نمونەش ، نامەكەی كمال كەركوكیە بۆ نوسینگەی سەرۆكی پارتی لە ٢٠١٧/١٠/١٥ی شەوی كارەساتەكەی گرتنەوەی شاری كەركوك و دوزخورماتوو)) كە ئەو ڕاستیە دەردەخات كە چۆن پارتی و سەركردایەتیەكەی بەرنامەیان داڕشتوە بۆ لەناوبردنی یەكێتی ،ئەمە لەكاتێكدایە كە یەكێتی گەلێك

باجی گەورەی بەناوهاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ پارتیدا داوە هەر لەکوردستان و عێراقدا،بەڵام ئەمە وەفاو هاوکاری و پشتیوانی پارتیە لە یەکێتی.

لەلایەکی تریشەوە لە زۆنی سەوزی یەکێتی جاراندا،بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی وەکو ٣ حیزبی سیاسی و بەشداربوش لە حکومەتی هەرێمدا ،کارو چالاکی خۆیان لەم زۆنەدا چڕکردۆتەوە و ئەمانیش بە نیەتی پێشوەختە بێت یان وەك کاری ئاسایی حیزبی خۆیان بونەتە مەترسیەکی گەورە لەسەر دەسەڵات و نفوزی یەکێتی و هەموانیش لەسەر حسابی جەماوەری یەکێتی گەورەبوون و سوودیان وەرگرتوە.

لەلای سێهەمیشەوە و لەئێستادا و بۆ ئایندەش چاوەڕواندەکرێت کە هێز و بزوتنەوە و حیزبی سیاسی تریش سەرهەڵبدەن لەم ناوچە و پێگەی نفوزی یەکێتیدا و ئەمانیش بەهەرشێوەیەك بێت کار لەسەر جەماوەری یەکێتی دەکەن و چەندی بۆیان بکرێت هەوڵدەدەن ئەم ناوچەیە لەژێر سایە و نفوزی یەکێتی دەربهێنن((نمونەش ، هەردوو هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری / د. بەرهەم و بزوتنەوەی نەوەی نوێ / شاسوار عبدالواحید))ە.

بەم شێوەیە لەناوخۆی هەرێمدا یەکێتی دۆستی کەم و نەیاری زۆرن لەچوارچێوەی ململانێ حیزبیەکاندا،نەك لەبەرئەوەی یەکێتی هێزێکی نیشتیمان فرۆش و نادیموکراسی و پاوانخواز و بێزراو بێت لەناو جەماوەردا،بەڵکو بوون و فەراهەمکردنی فەزایەکی ئازادی و دیموکراسی لەسایەی دەسەڵاتی یەکێتیدا هەموانی هانداوە کە ئەسپی خۆیان تاوبدەن ،بەڵام بەداخەوە دژ بە یەکێتی و مێژوو و ڕابووردوو و قوربانیە زۆر و زەوەندەکانی کە زیاد لە ٢٠ هەزار شەهید و کەمئەندام و وزیندانی سیاسی هەیە.

لەناوچەکەش هەوڵی بچوکبونەوە و لاوازبوونی یەکێتی دەدرێت و لەگەڕاندان بەدوای بەدیلێك بۆ یەکێتی،ئەمانیش باش دەزانن کە تەنها یەکێتیە تاکو ئێستا پیادەی سیاسەتێکی کوردانەی ڕاستەقینە دەکات و ئامادە نیە سازش لەسەر بچوکترین مافەکانی گەلی کورد بکات و لەپێناو خۆشگوزەرانی میلەتەکەیدا هەموو قوربانیەك دەدات بەڵام وەك تاکتیکێکی سیاسی قۆناغەکان بەڕێدەکات بەبێ ئەوەی ستراتیژە سەرەکیەکەی خۆی لە بیر بکات لە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنوسی گەلەکەمان.

هەربۆیە هەڤاڵانی یەکێتی ،کاتێك خوێندنەوە بۆ ئەم گۆڕانکاری و مەترسیە جدیانە دەکەن،ئەوا هەست بە مەترسیەکی گەورە دەکەن لەسەر ئایندەی یەکێتی و دەترسن کە کۆنگرەی چوارهەم ببێتە دوا کۆنگرەی گشتی یەکێتیەکی یەکگرتوو و بەهێز و دەترسن کە لەلایەن هەندێك هەڤاڵی خۆویست و بەرژەوەندخواز و خوازیاری پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکان هەوڵی جیابونەوە و لێکترازانی ڕیزەکانی یەکێتی بدرێت بەقازانجی نەیارانی یەکێتی لەناوخۆ و دەرەوەشدا.

بەڵام دەبێت هەموو هەڤاڵانی سەرکردایەتی و ئەوانی تریش باش ئەو ڕاستیە بزانن کە هەموان تەنها بە یەکێتیەوە جوان و ڕێزلێگیراو و خاوەن کەرامەت و کەسایەتین و بەبێ یەکێتیەکی بەهێز و بەدەسەڵات هەموان بچوك و بێزراو و ناشیرنن.بۆیە گەرەکە هەمووان ئەو وتە بەنرخەی هەڤاڵ مام جەلال هەرگیز لەیاد نەکەن کە دەیگوت((مانەوەمان سەروەریمان،گەشەکردنمان، بەندە بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە)).

بۆیە ئەم کۆنگرەیە گەر هەموان بە نیەتێکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە و پەرۆش بۆ ئایندەی یەکێتی و دوور لە گیانی تۆڵەسەندنەوە و تەریك و پەراوێزخستنی یەکدی و دوور لە زیندووکردنەوەی ڕق و کینەی کۆن هەوڵی سەرخستن و گرتنی بدەن ئەوا بەدڵنیایی دەکرێتە کۆنگرە هەر گرنگەکەی یەکێتی بۆ گەشانەوە و جۆشدانەوە و هەستانەوە و نوێبونەوەی سەر لەنوێی یەکێتی و گەر بەپێچەوانەشەوە هەوڵی لێکترازان و بەرژوەندی پارێزی خۆمان بدەن و یەکێتی بکەینە قۆچی قوربانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان ئەوا ئەم کۆنگرەیە دەبێتە دوا کۆنگرەی گشتی یەکێتی و ئیدی چیتر یەکێتیەکی بەهێز و خاوەن ڕابوودوو نابینینەوە و یەکێتیەکەی هەموان دەبێتە ئاردی ناو دڕك و بچوکو لاواز وبێدەسەڵات دەمێنێتەوە.

جا لە پێناو ئەو هەموو قوربانی و خوێن و فرمێسکەی بەدرێژایی ٤٢ ساڵە کە یەکێتی دەیبەخشێت لە پێناوی کوردو کوردستاندا و لە پێناو ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان و فرمێسکی خانەوادەکانیان و قوربانیانی سەنگەر و سێدارە و زیندانە سیاسیەکان و پێشمەرگە و ڕێکخستنە دێرینەکان و لە کۆتایشدا لەپێناو وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی هەڤاڵ مام جەلال ،تکا لەهەموان دەکەم با یەکێتی بەرز و پیرۆز ڕابگرن و ئەم کۆنگرەی چوارە بەهەق بکەنە کۆنگرەی هەستانەوە ونوێبونەوەی یەکێتی و هەر بەمەش دڵی دۆست و یارەکان و سەرجەم گەلەکەمان خۆشدەکەین و دڵی ناحەز ونەیارانیش دەتەقێنن.

## ٥
## ئایا کۆنگرە فریاد ڕەسە بۆ ئەم قۆناغەی یەکێتی ؟

- بەو پێیەی کە کۆنگرە گشتیەکانی حیزب،جێگەی ئاڵوگۆڕو بۆچون و دیدە جیاوازەکانە لە هەمان کات و جێگەدا و کۆکردنەوەی هەموانە لە ژێر یەك چەتر و قوبەی کۆنگرەدا و بەهەمان شێوەش کۆنگرە جێگەی بەسەرداچوونەوە و لە بێژەنگدانی سەرتاپای کار و کردەوە و گوتار و سیاسەت و هێز و توانا و ڕێکخستن و سەرجەمی ئیشوکارە دارایی و ئیداری و سەربازی و ئابوریەکانیشە و جێگەی مشتومڕی توندو ئازادانەی هەڤاڵانەشە لەسەر چۆنێتی دانانی پرۆگرام وپلانی ئایندە و ئاڵوگۆڕکردنی دروشمە گشتی و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و سەرجەمی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاشە لە دید و تێڕوانینی حیزبەوە، بەهەمان شێوە کۆنگرە جێگەی هەڵاوێردکردن و گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێبونەوەشە لە بڕگە و مادە و بابەتەکانی قۆناغی پێشووتر و هەوڵی چاکسازیکردن و ڕاستکردنەوەشیانە بە گوێرەی گۆڕانکاری و پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی حیزب و کۆمەڵگا و حکومڕانی و ناوچەکە و دونیاشدا و جێگە و پێگەی شیاویشە بۆ نوێبونەوە و نوێکردنەوەی فکر و تێز و ڕێباز و فەلسەفە و سیاسەتی حیزبیش و گونجاندنیانە لەگەڵ دونیابینی و قۆناغی سەردەمدا بۆ ئەوەی حیزب بتوانێت وەلأمدەرەوەیەکی واقعیانە و زانستیانەی هەموو ئاڵوگۆڕە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و دونیای دەرەوەشدا بێت و بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو و پێشکەوتنەکاندا ڕێ بکات و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و دواکەنەوێت لە کاروانی خەبات و بەرەوپێشچوونی دونیا و نەبێتە دواکەوتە و پاشکەوتەی گۆڕانگاری و ڕووداوەکان ، بۆ ئەوەی هەمیشە و بەبەردەوامیش دەستپێشخەری سیاسی لەدەستدا بمێنێتەوە و پارێزگاریش لە جێگە و پێگە و نفوزی خۆی بکات لە ناو جەماوەری خۆیدا و متمانەیان لەدەست نەدات و بتوانێت بەردەوامیش بدات بە مانەوەی لە دەسەلأتدا.

هەروەها کۆنگرە بەو سیفەتەی جێگەی بەسەرداچوونەوەی سەرتاپای پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانێتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە سکرتێری گشتیەوە تا مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەنجومەن و مەکتەب و مەڵبەند و ئۆرگانەکانی تر وبەرپرسیشە لەدانانی پەیڕەوێکی ناوخۆیی ((مەنیڤێستی کارکردن)) ساغڵەم و تەندروست کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی دۆست و ئەندام و لایەنگرانی حیزب و فراوانبوونی سنوری کار و چالاکیەکان و دەسەلأتەکانیاندا و بۆئەوەی هەموان لە نێوان دوو کۆنگرەی ئاسایدا پابەندبن بە جێبەجێکردنی کۆی بڕگە و مادەکانیەوە و بەهیچ شێوەیەك لێی لانەدەن و زیادەڕەوی و سەرپێچی لێنەکەن و هەموو بنەما حیزبیەکان وەکو خۆیان جێبەجێبکەن. هەروەهاش تەنها لە کۆنگرەدا دەتوانرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی نهێنی و ئازادەوە سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ حیزب هەڵببژێردرێتەوە بۆ قۆناغی ئایندە بۆئەوەی ڕابەرایەتی و ئیدارەی کار و چالاکی حیزب بکەن و بتوانن گەشە و پێشکەوتنی زیاتر بدەنە حیزب، ئەمەش تەنها بە گۆڕانکاری و نوێبونەوە دەبێت لە عەقڵ و توانا و خوێن و وزەی سەرکردایەتیدا ئەویش بە هێنانە پێشەوە و بەشداریکردنی زۆرترین ژمارە لە هەڤاڵانی گەنج و لاو و ژنان لەسەر بنەماکانی توانا و خاوەن مەعریفە و بڕوانامە و کارامەیی و ئەمانەت و دڵسۆزی دوور لە بنەماکانی دەستەگەری و خزمخزمێنە و ناوچەگەری و خێڵچێتی و ئاین و مەزهەب، بەشێوەیەك کە هەموان پێکەوە بە هاوکاری و کاری

پێکەوەیی و پشتیوانی هەڤاڵانی دێرین و نوێوە گوڕ و تەکانێکی بەهێزتر بدەنەوە جەستە و بیر و فکر و فەلسەفە و سیاسەتی حیزب و بتوانن حیزب بەرەو ئاست و پلەیەکی باڵاتر بەرەو لوتکە سەربخەن.

- بەم شێوەیە کۆنگرە جێگە شیاو گونجاو ژینگە لەبار و ساغڵەمەکەیە بۆ سەرجەم گۆڕانکاریەکان لەناو خودی حیزبدا و کۆنگرە تاکە چارەسەر و تاکە فریاد ڕەسیشە بۆ دەرچوون لە قۆناغێکی کۆنی ڕابووردووی قەتیس و پڕبوو بە کێشە و ململانێ و کەڵەکەبوو بە کاریگەریە خراپەکانی قۆناغی ڕابووردوو و خۆخاوێنکردنەوەشە لە ڕەخنە و کەموکوڕیەکان و وێسگەیەکی گرنگی ٣-٤ ساڵیشە بۆ خۆ نوێکردنەوە و چاکسازی و ڕامالێنی تەپوتۆزی قۆناغی پێشووتر،کۆنگرە وێسگە هەر گرنگ و چارەنوسسازەکەی حیزبی سیاسیە،بەبێ بەستنی کۆنگرەی حیزب بەشێوەیەکی بەردەوامی و لەکاتی خۆیدا هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و ناشتوانێت بە گوڕ و تینی نوێوە نەخۆی نە کۆمەڵگاکەشی بەرەو پێشەوە بەرێت چونکە بە سروشتی کارکردن کێشە و گرفت و شکست و نسکۆو ڕەخنەی جەماوەر و ململانێکان کەڵەکەدەبن و پێویست دەکات کۆنگرە بەبەردەوامی بگیرێت بۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشەو گرفتانە، کۆنگرە وێسگەیەکە بۆ وچاندان و پشوو وەرگرتن و خۆ ئامادەکردن و گەشانەوە و توانا وەرگرتنی نوێیە بۆ قۆناغی ئایندە، کۆنگرە ساتە وەختێکی مێژوویی گرنگە بۆڕێکخستنەوە و ئەبدەیتکردن و داتاکردن وداتەکاندنی (( ڕیفرێشکردنەوەی))حیزب لە کەموکوڕی و ڕەخنە و زویر بوونی جەماوەر و ئەندامان و کۆکردنەوەی تواناکان و دەرخستنەوەی هێز و توانای حیزبیشە لەسەر پێکەوەکارکردن و وەلاوەنانی ناکۆکی و ململانێکان و پیشاندانەوەی ڕووی گەشی حیزبیشە بە ناوخۆو دەرەوەی حیزب.

- بۆیە کۆنگرە بەم هەموو گرنگی و مەترسی و کاریگەریە ئیجابی و نێگەتیفانەیەوە هەمیشە فریادڕەس بوە وەك لەوەی ببێتە دێوەزمەیەکی دڕندە و ترسناك بۆ سەر ئایندە و مانەوەی حیزب،بۆیەش لەم قۆناغ و ساتە وەختەی مێژوودا کۆنگرە و بەستنی کۆنگرەی چوارهەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێتە تاکە فریادڕەس بۆ دەربازبوون لەهەموو ململانێ و وناکۆکی و ڕەخنە و کەموکوڕیەکانی ڕابوردوو، کۆنگرەی چوار دەبێتە وێسگەی گەشانەوە و بوژانەوە و خۆڕێکخستنەوەی یەکێتی و بەهێزبوون و هەستانەوە و نوێبونەوەشی، بەبێ کۆنگرە مەحاڵە یەکێتی بتوانێت بۆ پێشەوە هەنگاوی نوێ بنێت چونکە کێشە و گرفت و ململانێ ناوخۆییەکان هێندە قەبە و توندبونەتەوە کە نەتوانراوە لەماوەی ٤-٥ ساڵی ڕابووردوودا کەمبکرێنەوە، بچوکبکرێنەوە،گەمارۆبدرێن، ڕێگەی تەشەنەکردنیان لێبگیرێت بەهەوڵە ناوخۆییەکان و ناوچەیی و دەرەکیەکانیشەوە، بۆیە تەنها و تەنها چارەسەر لەناوخۆی یەکێتیدایە و تەنها بە بەستنی کۆنگرەش کێشەکان لانی کەم کەمدەکرێنەوە و گەمارۆدەدرێن و بۆ ٣-٤ ساڵی ئایندە خەفە و بێدەنگ دەکرێنەوە و مەترسی لێکجیابونەوە و زیاتر هەڵوەرین و بچوکبونەوەی یەکێتیش دووردەخرێتەوە، کاری سەرخستنی کۆنگرەش بەشێوەیەکی ئاسایی و لەسەر بنەماو ڕێچکە حیزبیەکان لە ئەسۆی هەمواندایە بەبێ جیاوازی و سەرنەگرتنیشی تاوان و کەمتەرخەمی هەموانە و هەموانیش لەبەردەم خودا و خەڵك و مێژووشدا بەرپرسیار دەبن،هەربۆیە جگە لە بەستن و سەرخستن و بە ئەنجامگەیاندنی کۆنگرە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر لەبەردەمدا نیە.

## ٦
## گرنگی پرۆگرام بۆ حیزبی سیاسی...

- ئاشکرایە هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ بوونی بەرنامە و پرۆگرامێکی دیاریکراوی گشتگیر بۆ بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگا نابێت و حیزبی سیاسی بەبێ بوونی پرۆگرامێك ناچێتە چوارچێوەی حیزبی سیاسیەوە. چونکە بونی پرۆگرام وەك دەستور و نەخشەڕێگایەك وایە بۆ هەرحیزبێك لە دەسەڵاتدا بێت یان لەدەرەوەی دەسەلات بۆئەوەی پیادەی بکات و تێڕوانین و فکر و فەلسەفەی خۆی تیادا بەرجەستە بکات و لەسەر زەمینەی واقعیش بیچەسپێنێت، پرۆگرامی سیاسی هەر حیزبێك بریتیە لە ئاوێنەی کار و گوتاری حیزب لەناو جەماوەر و کۆمەڵگاکەیدا، واتە وەك پێوەرێك وایە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن و بەرزبونەوەی ئاستی جەماوەری ئەو حیزبە،چونکە پرۆگرامە سیاسیەکە دەریدەخات کا تاچ ڕادە و ئاستێك ئەم حیزبە لە خزمەت کۆمەڵگادایە و

جەماوەریش دەتوانێت لەڕێگەی پرۆگرامی حیزبەوە باشتر حیزب بناسێت و دواتریش هەڵیبسەنگێنێت كە تا چ ئاستێك توانیویەتی ببێتە جێگەی متمانەی جەماوەر و كۆمەڵگاش .

پرۆگرامی سیاسی هەرحیزبێك و چەسپاندنی و پیادەكردنیشی ڕادەی ڕاستگۆیی حیزب لەلایەك بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆی و لەلایەكی تریشەوە بۆ جەماوەری پانوپۆڕی كۆمەڵگاكەی دەردەخات،پرۆگرامی حیزبی سیاسی وەك ناسنامە و شوناسێك وایە بۆ هەر حیزبێك چون لە پرۆگرامدا تێڕوانین و فەلسەفە و تێگەیشتن و چەمك و ڕێبازی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و سەربازی و خزمەتگوزاری ئایندەی ئەو حیزبە دیاریدەكرێت و دەریشدەكەوێت، بۆیە زۆر گرنگە حیزبی سیاسی بە ڕاستگۆیانە نیەت و كار و گوتاری خۆی پیشانی جەماوەر بدات و فریویان نەدات بە بەرزكردنەوەی دروشم و ئامانجی زۆر و گەورە و بریقەدار كە نەتوانێت جێبەجێیان بكات، كە بەداخەوە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا و بەتایبەتیش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا حیزبی سیاسی نە خاوەن بەرنامە و پرۆگرامێكی واقعی و زانستیانەیە كە بتوانێت جێبەجێیان بكات و نە زۆر جارانیش چ لەدەسەلاَت بێت یان لەدەرەوەی دەسەلاَت كار بە پرۆگرامی خۆی ناكات.بەڵكو حیزب كۆكراوەتەوە لە كەسی یەكەمدا وئیدی هەموو گوتار و كردارێكی سەركردە و سەرۆك و ڕابەری حیزب جێگەی پرۆگرام و بەرنامەی حیزب دەگرێتەوە. و ئیدی حیزب لە كاری دەستە بژێری و دەستە جەمعیەوە دەگۆڕێت بۆ حیزبی تاكە كەس و تاكڕەو و دواتریش حیزبی دەستە و گروپێكی دیاریكراو وبنەماڵە و ئیدی ساڵ لەدوای ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ دواوە و دەبێتە حیزبێكی كۆنەپارێز و قەتیس و فكر دۆگما،هەربۆیەشە حیزبی سیاسی لەم ناوچەیە و بەگشتیش لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر جاران لەدوای دەیە ساڵێك یان كەمتریش بەرە و كزی و لاوازی و پوكانەوە ودووركەوتنەوە لە جەماوەرەكەی دەچێت،چونكە یان لە بنچینەدا حیزبەكە بڕوای بەو بەرنامە و پرۆگرامە نەبوە كە دایناوە یانیش حیزب بۆخۆی بۆتە هۆكارێك بەدەست سەركردە و سەركردایەتی یان نوخبەی پێشڕەوی حیزبەوە و كردویانەتە هۆكار بۆ وەدەستهێنانی دەسكەوت و بەرژەوەندی تاكە كەسی و گروپ لەوەرگرتنی پلە و پۆست و ئیمتیازات و حیزبیان بەكارهێناوە بۆ سازشكردن و تەنانەت مامەڵەكردنیش لەكاتی هەڵبژاردنەكان و لەناو پەڕلەمان و حكومەتەكاندا.

بۆیە ئەو جۆرە حیزبە سیاسیانە هیچ كات نەبونەتە یان نابنە خاوەن جەماوەرێكی زۆر و فراوان یان ناتوانن هەرگیز ببنە جوڵێنەر و ڕابەری شەقامی گشتی كۆمەڵگا و توانای جوڵە و سەركردایەتیكردنی جەماوەریشیان نابێت، چونكە لەم سەردەم و قۆناغەدا جەماوەر و كۆمەڵگا مرۆڤایەتیەكان ئاستێكی باشی هوشیاریان هەیە و دەتوانن حیزب و بەرنامە سیاسیەكانیان هەڵبسەنگێنن و لەسەر ئەو بنچینەیەش دەنگ و متمانەی خۆیانیان پێبدەن.بەتایبەتیش لە كۆمەڵگا دیموكراسی و ئازادەكانداو لەبەرامبەریشدا حیزب و سەركردە سیاسیەكانیش باش لەو ڕاستیە تێگەیشتون كە چەندەی بتوانن خزمەتگوزاری و پێداویستیەكانی ژیان و داواكاریەكانی جەماوەر بێننە دی ئەوەندە دەبنە جێگە متمانە و باوەڕی زۆرینەی كۆمەڵگاو ئەنجامیش دەتوانن زۆرترین دەنگ و متمانەیان بەدەستبێنن و هەر بەمەش دەتوانن درێژە بە مانەوە و بەردەوامیان بدەن لەدەسەلاَتدا. چونكە گرتنە دەستی دەسەلاَتی سیاسی و مانەوەی بۆ زۆرترین كات بریتیە لە سەرەتا و كۆتا ئامانجی هەر حیزبێكی سیاسی.

- لەئێستاشدا كە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە قۆناغ و ساتە وەختێكی هەستیار و چارەنوسسازدایەو خاوەنی ٤٢ ساڵ خەبات و قوربانیدان و گیانفیداییە و توانا و وزەیەكی مادی و مەعنەوی و مرۆیی گەورەی هەیە چ لە ڕووی ئابوری و سیاسی و جەماوەری و سەربازی و بوونی كادری بەتوانا و شارەزا و دڵسۆز و شایستەوە.
- پێویست دەكات كە لەم كۆنگرەیەی ئایندەیدا بەرنامە و پرۆگرامێكی مۆدێرنی وەها دابنێت كە ئامانجە گشتی و سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەكان بتوانێت جێبەجێبكات و سەرتاپای بوارەكانی ژیانی تاك و كۆمەڵگای كوردەواری لەسەر ئاستی نیشتیمان و نەتەوە لە خۆ بگرێت ،كە لەلایەك لەگەڵ واقعی ئەم قۆناغەدا بگونجێت و لەلایەكی تریشەوە بەرنامەیەكی عەمەلی وەها بێت كە بتوانرێت لەسەر زەمینەی واقع جێبەجێبكرێت و ببێتە مایەی

ئەوەی كە یەكێتی بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمە زێڕینەكانی كە لەكاتێكدا زۆرینەی جەماوەر و شەقامی كۆمەڵگای كوردی لە یەكێتی و سەركردایەتیەكەی و بەرنامەكانی كۆببونەوە.

- پێویست دەكات بەرنامەیەكی وەها بێت كە لانی كەم بۆ ٣-٤ ساڵی ئایندەی دوا كۆنگرە یەكێتی بتوانێت بەشی هەرە زۆری پیادە بكات و شەقام و كۆمەڵگای كوردەواری لیٚ ڕازیبكات.
- بەرنامەیەك بێت كە لەگەڵ گۆڕانكاریەكان و پێشهاتە سیاسیەكانی كوردستان و عێراق و ناوچەكەشدا بگونجێت .
- بەرنامەیەكی میانڕەو و هیوابەخش و گشتگیریش بێت.
- بەرنامەیەك بێت كە لەگەڵ توانا دارایی و ئابوریەكانی یەكێتی و كوردستاندا وێكبێتەوە.
- بەرنامەیەك بێت كە هێندەی پراكتیكی بێت نیو هێندە تیۆری و خەیاڵاوی نەبێت، چونكە بەداخەوە لەم هەرێمی كوردستاندا و لەگەڵ سروشتی كاری حیزبی و ململانیٚ حیزبیەكاندا و بە ئەزمونی ئەم ٢٦ ساڵەی ڕابووردوو دەركەوتوە كە هیچ حیزبێكی سیاسی بەتەنها ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتدار و حكومەت و دەسەڵاتێكی تاك حیزبی یان زۆرینەی پەرلەمانی پێكەوە بنێت كە بتوانێت تەواوی بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەكەی جێبەجێبكات و ڕەنگ بداتەوە لەسەر زەمینەی واقعدا، جا تا ئەو كاتەی هەر حیزبێك نەتوانێت بەتەنها و لەڕێگەی شەرعیەتی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە ببێتە حیزبی فەرمانڕەوا بەدڵنیاییش ناتوانێت تەواوی بەرنامە و تێڕوانین و فەلسەفەی خۆی پیادە بكات، باشترین نمونەش ((حیزبی داد و گەشەپێدانی توركیایە))كە توانیویەتی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەتەنها فەرمانڕەوایی توركیا بكات و سەركەوتن و جێگە دەستی خۆشی لەسەرتاپای ئۆرگان و جومگەكانی كۆمەڵگای توركیادا پیشان بدات.

بۆیە یەكێتی وەهەر حیزبێكی تریش چەندە خاوەن بەرنامە و نەخشەڕێگای كاركردنی مۆدێرن و پێشكەوتوخواز و هیوابەخشیش بن،بەلاٚم تا ئەوكاتەی ئەتوانن حكومڕانیەكی ڕەهاو تەنها پێكەوەبنێن ناتوانن ئەو بەرنامە و پرۆگرامەی كە هەیانە جێبەجێی بكەن.بەلاٚم دەشكرێت كە لەناو دەسەلاٚت و حوكمڕانیەكی هاوبەش و ئیئتیلافیشدا حیزبی سیاسی بەرنامە و تێڕوانینەكانی خۆی جێگە بكاتەوە لە بەرنامەی حكومەتداو لەو ڕێگەیەشەوە توانا و دەستپێشخەری و داهێنان و خزمەتەكانی خۆی پێشكەش بەجەماوەرەكەی و كۆمەڵگاش بكات.

گەر لە ماوەی ئەم ٢٦ ساڵی حومكڕانیەدا یەكێتی نەیتوانیبێت كە بەرنامە سیاسیەكەی خۆی جێبەجێبكات ئەوە بەهۆی لەلایەك دەسەلاٚتی ڕەهای لەلا نەبوە و لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ شەریكێكی ڕاستگۆ و هاوپەیمانێكی دیموكراسیخواز وئازادیخواز و یەكسانیخوازی ڕاستگۆدا نەبوە،بەڵكو تەنها پێیكراوە ڕێگە لە پاوانخوازی و قۆرخكاری و سەپاندنی هەژموونی حیزبی نارەوا بگرێت و سەرقاڵی كوژاندنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ و پەلامار و هێرشی نارەوای دەرودراوسێیكان و ڕێگەگرتن بوە لە دزین و بەتالاٚنبردنی سەروەت و سامانی میلەت،ئیدی بەداخەوە هەرهێندەی پێكراوە كە كردویەتی و هەرئەمەش بۆتە هۆی شكست و لاوازبوون و گرمۆڵەبوونی یەكێتی لەماوەی ڕابووردوودا.

بۆیە بەستن و سەرخستنی ئەم كۆنگرەیەش لەلایەكەوە بەسراوەتەوە بە دانانی پرۆگرامێكی سیاسی و هەمەلایەنە كە بۆ قۆناغی ئایندەی دوای كۆنگرە بتوانرێت پیادە بكرێت. یەكێتیش هەمیشە وەك حیزبێكی پێشكەوتوخواز و داخوازیكەری دیموكراسی و ئازادی و یەكسانی دەتوانێت لەجێگەی ئەو متمانەیەی جەماوەرەكەی و كۆمەڵگای كوردەواریشدا بێت و ئەم كۆنگرەیە بەهەق بكاتە كۆنگرەی هەستانەوە و نوێبونەوەی خۆی.

## ٧
## ڕۆڵ و كاریگەری پەیڕەوی ناوخۆ لە ژیانی حیزبی سیاسیدا..

- هەروەك چۆن هیچ وڵات و دەسەلاٚت و حومكڕانیەك بەبیٚ بوونی دەستور ناتوانێت ئیشوكارەكانی ڕێبكات و بەرەو پێشبچێت و ژیانی تاك و كۆمەڵگا ڕێكبخات ،لەڕێگەی دیاریكردنی ئەرك و ماف و دەسەلاٚتەكان بۆ هەموان، یان

هەڵبژاردن و دیاریکردنی جۆری سیستەمی حوکمڕانی یان دیاریکردنی بیر و ئایدیا و فەلسەفە و سیاسەت و ڕێبازی حوکمڕانیەکەی،هەربۆیە گەر دەستور نەبێت ئەوا بە دەوڵەت و دەسەلأتێکی بەدەر لە دستور و یاساکان ناوزەد دەکرێت و پێی ناوترێت دەوڵەتێکی دەستوری بەڵکو دەبێتە جەنگەڵستانێکی فەوزەوی و بێسەروبەر و بەهێز تیایدا بێهێز و بێدەسەلأتەکان دەخوات.

- هەربۆیە پەیڕەوی ناوخۆش بۆ هەر حیزبێکی سیاسی بریتیە لە دەستوری ناوخۆیی حیزب کە بەهەمان شێوە ئەرك و ماف و دەسەلأت و ڕچە و ڕێبازو فەلسەفەی حیزبی تیادا دیاریدەکرێت و ئۆرگان و پەیکەری حیزبیش دەستنیشان دەکات.کارکردن و پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ و لانەدان لە مادە و بڕگەکانی مانای ڕێزگرتنە لە بڕیاری دەستەجەمعی کۆنگرە ،چونکە تەنها کۆنگرە دەتوانێت بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب بگۆڕێت ودیاریبکات،بۆیە دەبێتە بڕیارێکی مولزەم بۆ هەموو ئاست و ئۆرگانەکان، هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ بوونی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب ناتوانێت بە کار و ئەرکەکانی هەستێت و ناشتوانێت ببێتە حیزبێکی ڕێکخراو و بە دیسپلین، جا هەر کات حیزب سیفەتی ڕێکخستنی لێداماڵرا ئەوا ناتوانرێت بە حیزبی سیاسی ڕێکخراو ناوزەد بکرێت، بەڵکو تەنها وەکو گردبونەوەیەکی بەکۆمەڵ وایە کە هیچ پابەندبونێکی سیاسی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕی پێکیانەوە نابەستێتەوە و دەبنە گروپێکی فەوزەوی و بێسەر و بەرو بەهەمان شێوە بەهێزەکان ڕاو بۆچوون و فکری خۆیان دەسەپێننە سەر ئەوانیتر و هێواش هێواش حیزب لە چوارچێوەی ئاسایی خۆی دەردەچێت و دەکەوێتە بەرژەوەندی دەستە و گروپ و سەرکردە و ڕابەر و بنەماڵەکانەوە، جا حیزبی بەم جۆرە تەنها لە کۆمەڵگا دواکەوتوو خێڵچی و نەخوێندەوارەکاندا برەوی هەیە،ئەگینا لەم سەردەم و قۆناغی دیموکراسی و ئازادی و بازاڕی ئازاد و میدیای سەربەخۆدا جێگەیەك نابێتەوە بۆ وەها حیزبێکی سیاسی.
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەکو حیزبێکی گەورە و کاریگەر و پێشکەوتوخوازو هەڵگری دروشمەکانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنوس و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاولأتیبوون و کەلتوری یەکسانی و لێبوردەیی وخاوەن ڕچە و ڕێبازی سۆسیال دیموکرات،خاوەن مێژوویەکی ٤٢ ساڵە و گەلێك دەسکەوتی گەورە بۆ گەل و نیشتیمان لەم بەشەی کوردستان و تەواوی کوردستانی گەورەشدا، پێویست دەکات کە پابەندبونێکی ڕەهای هەبێت بە جێبەجێکردن و پیادەکردنی بەند و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیەوە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ بالأترین دەستوری کاری ڕێکخراوەیی یەکێتیە و لەسەر هەموان ئەرکە کە پێوەی پابەندبن.بۆئەوەی سیفەتی حیزبێکی ڕێکخراو لەدەست نەدات.
- پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و هەر حیزبێکی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کار و دەسەلأتەکان و پەیکەری حیزب،بۆیە گەر پابەندبوونی ڕەها هەبێت بە ناوەڕۆکی پەیڕەوی ناوخۆوە ئەوا حیزب بەشێوەیەکی ئاسایی و ئۆرگانیکی ئیشکوارەکانی دەباتە ڕێوە و بەپێچەوانەشەوە تێکچڕژان دروست دەبێت و کەڵەکەبوونی کێشە و گرفتەکانی لێدەکەوێتەوە،بەداخەوە بۆماوەی چەند ساڵێکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی گەلێك کێشە و ململانێی ناوخۆیی بۆتەوە کە لە ئێستادا بە ئاشکرا مەترسی چەند کەرت بون وجیابونەوە و بچوکبونەوە و پوکانەوەی لێدەکرێت،هەموشی لە ئەنجامی پابەندنەبوونە بە بڕگە و مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆوە، چونکە لەلایەك مەرکەزیەتی حیزبی نەماوە و لەلایەکی تریشەوە ڕێز لە بنەما حیزبی و شۆڕشگێڕیەکان ناگیرێت و هەموو ئۆرگانەکان کار و دەسەلأت و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێناکەن و لەونێوەندەشدا مافی هەموان پێشێل کراوە.
- بەداخەوە گروپ ودەستەی جیاواز لەناو یەکێتیدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی ئابوری و ناوچەیی و تەنانەت هۆزگەری و ...هتد. دروستبون و بونەتە کارتێلی سیاسی و ئابوری و دوور لە بنەما حیزبی و شۆڕگێڕیەکان و دوور لە یەکێتی فکر وکار و بەرژەوەندی یەکێتی ،بەداخەوە هەموان گەرەکیانە یەکێتی و دەسەلأت و مێژوو و ئابوری یەکێتی بخەنە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بەپێچەوانەی خاڵی ((٧)) لە مادەی ((٩))ی ئەرکەکانی ئەندامەوە.

- بەداخ و کەسەرێکی گەورەتریشەوە هەموو ئەو ململانێ و دەستەگەری و ناوچەگەریانەی کە لەناو یەکێتیدا بەدرێژایی مێژوو و خەباتی یەکێتی هەبون و لە قۆناغە جیاوازەکاندا توند و خاویان بینیوە و زۆرجاران گەیشتۆتە ئاستی بەیەکدادان و لە ئێستاشدا و لەدوای نەخۆشکەوتنی هەڤاڵ مام جەلالەوە لە ٢٠١٢/١٢/١٧دو دواتریش کۆچکردنی دوایی لە ٢٠١٧/١٠/٣دا، ململانێکان زۆر توندتر بونەتەوە و لە ئێستادا کە باسوخواس و داواکاری زۆرینە بە ئاڕاستەی بەستنی کۆنگرەی ئاسایی چوارهەمی یەکێتی هەیە، ئەو ململانێیانە زۆر توندتر و مەترسیدار بونەتەوەو هەموان لەهەوڵی دابەشبونی یەکێتیدان و گەرەکیانە کۆنگرەیەکی دوور لەهەموو یاسا و ڕێساکانی ناو پەیڕەوی ناوخۆ گرێبدەن بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی و پێگە و دەسەڵاتەکانی خۆیان دوور لە حسابکردن بۆ مێژوو و خەباتی چەندین ساڵەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- بۆیە بەڕاستی گەرەکە لەم کۆنگرەیەدا سەرجەم خاڵ و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ شەن و کەو بکرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و ئاشکرا دوور لە تەفسیر و تەئویلکردن دابڕێژرێتەوە،بۆئەوەی هیچ کەسێك بەلاڕێدا نەیبەن و لەبەرژەوەندی خۆیان نەیشکێنەوە.و پێویستە مەرجەکانی ئەندام و ماف و ئەرکەکان و سزادانەکانیش و بنەمای پاداشت و سزاش بەتوندی جێبەجێبکرێن وبەشێوەیەکی ووردتر و ڕوونتر دابڕێژرێنەوە و جێبەجێش بکرێن.
- پێویست دەکات کە پەیکەری یەکێتی بچوك و ڕەشیق بکرێت و لەگەڵ هەلومەرج و قۆناغی ئێستا و ئایندەشدا بگونجێت،هەر لە گۆڕینی شێوەی کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەك ئیدی یەکێتی ببێتە حیزبی هەڵبژاردن و خزمەتکردن نەك وەك قۆناغەکانی ڕابووردوو ببێتە حیزبی ئەندام و شانە و پۆل و کەرت و ..هتد چونکە قۆناغەکە وادەخوازێت کە ئەم جۆرە فۆرمە کۆنە بگۆڕدرێت و گەلێك حیزبی سیاسی لەکوردستاندا ئەو جۆرەیان تاقیکردۆتەوە و سەرکەوتنیشیان وەدەستهێناوە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا.
- کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وژمارەی بارەگا و مەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتەکان و هەموو ئەمانەش بۆ لەلایەك توندوتۆڵکردنەوە وگورجکردنەوەی جەستەی یەکێتی وکەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات بۆئەوەی یەکێتی بتوانێت لەلایەك ژیانی حیزبایەتی خۆی ڕێکبخاتەوە و لەلایەکی تریشەوە ژیانی کادر و ئەندامان و خانەوادەی شەهیدان و کەمئەندام و زیندانیانی سیاسی و ..هتد. مسۆگەر بکات و نەك وەك ئێستا ڕسوا و ڕەزیل یان بکات و نەتوانێت خەرجی مانگانەیان بۆ دابین بکات.
- بۆیە بەڕاستی دەبێت ئەم کۆنگرەیە بکرێتە کۆنگرەی جۆشدان و بەسەرداچوونەوە و ئاشکراکردنی هەموو کێشە و کەموکوڕی و گرفتەکان و ئەزمونی (( بیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستی )) گۆرباتچۆفی ڕووسیا دووبارە بکەینەوە بەڵام بەبێ هەڵتەکاندن و نەمان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی، پێویستە ئەم کۆنگرەیە بکرێتە سەکۆی دەنگە ئازاد و توانا نوێکان بۆئەوەی یەکێتیەکەمان بەرەو هەستانەوە و نوێبونەوەی ڕاستەقینە بەرینەوە.

## ٨
## سزادان لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا...

- ئاشکرایە یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی کارکردن و بەرەوپێشبردن و جیاکردنەوەی ئەندامان لەگەڵ یەکتردا و هەڵسەنگاندنیان بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر بنەمای کارکردن و دڵسۆزی و پابەندبوون بە پەیڕەو و پرۆگرام دوور لە دیاردە قێزەونەکانی دەستەگەری و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دوور لە خوێندنەوە و حسابکردن لەسەر بنچینەی ئاین و مەزهەب و نەتەوە و ناوچە و هۆزگەرایی. یەکێکە لەبنەما هەرە گرنگەکانی کارکردن لە بچوکترین یەکەی بەڕێوەبردنەوە تا گەورەترینیان لە خێزانەوە تا خوێندنەگەیەك و تا فەرمانگەیەك و تا ئیدارەی شار و شارۆچکە و تادەگاتە تەواوی حکومەت و دەوڵەت و حیزبی سیاسیش لەو چوارچێوەیە دەرناچێت.
- بەبێ بوونی ئەم بنەما گرنگە کە خۆی دەبینێتەوە لە لایەك لە پاداشتکردنی کەسی چالاك و دڵسۆز و مولتەزیم بۆ هاندان و زیاتر گەشەکردن و نواندنی چالاکی و خزمەتکردن ،لەلایەکی تریشەوە سزادانە بەگوێرەی چۆنێتی و چەندایەتی کەمتەرخەمی و لادان و سەرپێچیەکان، تەنها لەم ڕێگەیەوە و بە پیادەکردنی ئەم بنەمایە هەموو کارێك

پێشدەکەوێت و ڕوو لەگەشەکردن دەکات،بەپێچەوانەوە کە ئەم بنەمایە پێشتگوێخرا و کاری پێنەکرا ئەوا کەشوهەوایەکی ناعەدالەتی و فەوزا و بێسەروبەری دروست دەبێت و خاوەن ماف مافی دەخورێت و کەسانی هەلپەرستیش سوودمەند دەبن و دێنە پێشەوە.

• هەربۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا و لە دواکۆنگرەی سێهەمیدا جەخت لەم خاڵە کراوەتەوە و ئەوەتا،دوای دیاریکردنی سیفاتەکانی ئەندام و بون بە ئەندام و دەستنیشانکردنی مافەکانی ئەندام و ئەرکەکانیشیان، لەپەیڕەوی ناوخۆدا لە پەرەگرافێکی تایبەتدا بەناویشانی(( لەدەستدانی ئەندامێتی و سزاندان)) و لەمادەی ((١٠ و ١١)) ئەوە دیاریکراوە کە لەدەستدانی ئەندامێتی لەیەکێتیدا بەهۆی مردن یان وازهێنان یان دەرکردنەوە دەبێت و دواتر دیاریکردوە کە سزاکانی هەر کەمتەرخەمی و سەرپێچی و لەڕێگا لادانەکانیش چیە کە خۆیان دەبیننەوە لە(( سەرنج ڕاکێشان و هەڵپەساردن و پلە داگرتن و بەتایبەتیش هۆکارەکانی دەرکردنی ئەندامی دیاریکردوە لە ((٨)) خاڵدا.بەم شێوەیە:

١.کارکردن دژ بە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتیمان.

٢.پەیوەندیکردن بەهەر لایەنێکی سیاسی.

٣.کارکردن دژ بە سیاسەتی((ی.ن.ك)) و هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕیزەکانی.

٤.بەرژەوەندیەکانی تایبەتی خۆی بخاتە سەروو بەرژەوەندیەکانی (ی.ن.ك).

٥.درکاندنی نهێنیەکانی(ی.ن.ك).

٦.کارکردن دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی (ی.ن.ك) لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

٧.لەپەیڕەو پرۆگرامی (ی.ن.ك) لابدات.

٨.هەر ئەندامێك لەهەر پلەیەکدا بێت تاوانێکی ئابڕوبەری ((جرائم مخلة بالشرف)) ئەنجامدابێت و بەبڕیارێکی دادگایی سەلمێنرا مافی ئەندامێتی لێ دەسەنرێتەوە.

لەمادە ((١٢))شدا هاتوە کە بڕیاری دەرکردن لە کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە دەردەچێت.

• گەر بەووردی لەم مادەیەی پەیڕەوی ناوخۆ ووردبببینەوە، دەبینین کە بەداخەوە بەدرێژایی تەمەن و خەباتی یەکێتی ئەم بڕگە و مادەی سزادانە هیچ کات وەکو خۆی جێبەجێنەکراوە و نەمانبینیوە و نەمانبیستوە کە مەکتەب سیاسیەك یان سەرکردایەتیەك یان لە پلە و ئاستەکانی خوارتردا ڕوویدابێت کە لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە و سزادانێك لەبەرامبەریان پیادە کرابێت، ((جگە لەهەندێك حاڵەتی کەم نەبێت لەقۆناغی شاخ و شۆڕشدا،ئەویش لە پشتەوەی جۆرە ڕق و کین و ململانێییەکی کەسی لە دواوە بوە)). بەلاّم لە قۆناغی دەسەلاّت و حوکمڕانی و شاردا،سەرەڕای زۆری هەڵە و کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و زیانگەیاندن بە پێگەی یەکێتی لە ڕووی سیاسی و ئابوری و جەماوەری و سەربازیشەوە هیچ کات بەرگوێمان نەکەوت کە ئەندامێك لە ئۆرگانەکانی سەرەوە تاخوارە،سزا بدرێت بۆئەوەی لەلایەك ئەوانیتر پەندی لێوەربگرن و و دووربکەونەوە لە کەمتەرخەمی و لەلایەکی تریشەوە هەموان زیاتر پابەندبکرێن بە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەوە.

• بەداخەوە لە ئێستادا زۆرێك لەو خالاّنەی کە بۆ دەرکردنی ئەندامان دیاریکراوە دەسەپێت بەسەر هەڤالاّنی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیدا،نەك ئەندامی ئۆرگانەکانی خوارەوە، ئەوەتا مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتی هەیە بەداخەوە کارەکانی ناچنە چوارچێوەی خزمەت بەگەل و نیشتیمان و پەیوەندیکردن بەلایەنەکانی تر و ژێر بەژێر کارکردن بۆ بەرژەوندی کەس و لایەنی تری دەرەوەی یەکێتی بونەتە دیاردەیەکی بەرچاو و گوێپێنەدانی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی و هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان زۆر ڕوون و ئاشکران و هەموان لەژێر سایە و دەسەلاّت و ناوی یەکێتیدا بونەتە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و پرۆژە و درکاندنی نهێنیە حیزبیەکان و کۆبونەوەکان بۆتە دیاردەیەکی زۆر بەربلاّو و ئەندام مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتی هەیە کە وەك پەیامنێری کەناڵ

و سایتەكانی لێهاتوە و هێشتا كۆبونەوە تەواو نەبوە ئەو هەواڵی كۆبونەوەكەی ناردوە، زۆرێك گەر هەموان نەبێت ئەوا بەئاشكرا كار بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ناكەن و هەشیانە دژ بە هەڤاڵانی خۆی كار دەكات و ناویان دەزڕێنێت .بەداخەوە یەكێتی نیشتیمانی لە ئێستادا لەهەرپێكهاتەیەك بچێت لە حیزبێكی سیاسی ڕێكخراو و خاوەن دسپلین ناچێت چونكە هەموان بنەماكانی كاری حیزبیان پێشێل كردوە و هەموان ئەوەندەی لەهەڵپەی پاراستن و پارێزگاریكردنن لە پۆست و پلە و ئیمتیازاتەكانی خۆیان نیو هێندە لەخەمی یەكێتی و بوژاندنەوە و گەشەكردن و ڕێكخستنەوە و بەهێزكردنیدا نین.

• بۆیە بەستنی كۆنگرە و سەرخستنیشی بۆتە كارێكی لە پێشینە و داخوازیەكی گەرموگوڕی ئەم قۆناغە،چونكە تەنها بە كۆنگرە و لەڕێگەی كۆنگرەوە دەتوانرێت سنورێك بۆ سەرپێچی و لەڕێگەلادانەكان بگیرێت و بنەماو دروشم و ئامانجەكان تۆخبكرێنەوە و هەموانیش پابەندبكرێن پێیانەوە،ئەمەش لەڕێگەی نوێكردنەوەی یەكێتیەوە دەبێت بە جەستە و عەقڵ و خوێن و دەموچاوی نوێ كە توانا و وزەیەكی گەورە بدەنەوە یەكێتی و لەم بارە لارو لاوازەوە هەڵیبسێننەوە و بیكەنەوە حیزبی یەكەم و خاوەن دەستپێشخەری سیاسی و دەسكەوت و بیگێڕنەوە بۆ سەردەمە زێڕینەكەی ڕابووردووی.

٩

## چۆنێتی بەستنی كۆنگرە لە پەیڕەوی ناوخۆدا ...

• ئەوەی لە ئێستادا تێبینی دەكرێت لەناو خۆی یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندا،ئەوەیە كە زۆرێك لە هەڤاڵان باس لە چۆنێتی بەستنی كۆنگرە دەكەن كە بە چ شێواز و میكانیزمێك سازبدرێت و هەریەكە تێڕوانین و بیرۆكە و پێشنیازی جیاواز پێشكەش دەكەن،وەكو ئەوەی كە یەكەم جار بێت لەناو یەكێتیدا كۆنگرە ببەسرێت هەرچەندە یەكێتی لەبەستنی كۆنگرە گشتیەكانیدا كەمتەرخەم و كەمترین كۆنگرەی سازداوە، لەكاتێكدا لە پەیڕەوی ناوخۆی كۆنگرەی سێهەمیدا زۆر بە ڕوونی میكانیزمی بەستنی كۆنگرەو ڕێژە و ژمارەی ئەندامانی كۆنگرە و پرۆسەی دیاریكردنی هەڤاڵان و ئەو كەس و لایانەنەی كە دەبنە ئەندامی كۆنگرە دیاریكردوە، ئیدی چ پێویست دەكات كە شێوازی نوێ كە تاقینەكراوەتەوە بێنینە گۆڕێ و لەسەر خۆمان تاقیبكەینەوە، لەكاتێكدا كە ئەم قۆناغەی یەكێتی و هەڤاڵانی پیادا گوزەر دەكات قۆناغێكی زۆر هەستیار و پڕ لە كێشە و ناكۆكی و ململانێی توندە كە هەندێك جار چۆتە چوارچێوەی ناڕەوایەتیشەوە،بۆیە هەر میكانیزمێك كە ببێتە هۆكاری ئەوەی كە ڕای جیاوازی تر دروست بكات ،باشتر وایە كە تاقینەكرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەزمونێكی سانا و ساكاری حیزبە سیاسیەكانی تری هاوشێوەی یەكێتی هەیە لە ئەوروپادا وەك سوسیال دیموكراتەكان و بگونجێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و تیڕوانینی ئێمەی یەكێتیەكاندا و ببێتە هۆكاری چارەسەركردنی جیاوازیەكان بەهەرحاڵ دەكرێت پیادە بكرێت.

• ئاشكرایە كە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ئەزمونێكی هەیە چ لە شاخ و چ لە شار لە گرتن و سازدانی كۆنفرانسەكانی ((كۆمەڵە و شۆڕشگێڕان )) لەشاخ و كۆنگرە و پلینۆمەكانی شاریشدا.بەداخەوە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لەماوەی ئەم ٤٢ ساڵەی خەباتیدا تەنها ٣ كۆنگرەی گشتی بەستوە كە دەبوایە گەر هەر ٣ ساڵ جارێك كۆنگرەی ببەستایە ئێستا دەبوو لانی كەم ١٤ كۆنگرەی گشتی ئاسایی سازبدایە ،بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی شاخدا كە ماوەی نزیكەی ١٦ ساڵی خایاندوە یەك كۆنگرەشی نەبەستوەو تەنها لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١وە یەكەم كۆنگرەی گشتی لە ١/٢٧ تا ٢/١٤ / ١٩٩٢ لە(( سلێمانی هۆڵی ڕۆشنبیری و هەولێر لە هۆڵی میدیا))گرێداوە و كۆنگرەی دووەهەمیشی لە ١/٣١ تا ٢٠٠١/٢/٣ لە سلێمانی(( هۆڵی كارگەی جلوبەرگ)) گرێداوە و كۆنگرەی سێهەمیشی لە ٦/١ تا ٢٠١٠/٦/١٢ لە ((سلێمانی تەلاری هونەر)) گرێداوە.

• بەم شێوەیە یەكێتی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە لەلایەك گەشەكردن و گەورەبوونێكی نائاسایی بەخۆوە بینی لە ئەنجامی سەركەوتنی ڕاپەڕین و گرتنە دەستی دەسەلات لە هەرێمی كوردستاندا و دواتریش گرتنە دەستی دەسەلات و بەشداریكردنی لە دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵیشدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ولەلایەكی تریشەوە فراوانبوونی

سنوری جوگرافیای کار وژمارەی ئەندام و لایەنگر و ئۆرگانەکانیەوە،توشی جۆرێك لە شلەژان و تێکچوون لەکار و ڕێکخستن لە نێوماڵەکەیدا ڕوویدا بەتایبەتیش دوای سەرقاڵ بوونی ڕەوانشاد هەڤاڵ مام جەلال بەهۆی چوونی بۆ بەغداد و وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری، کەهەموو ئەمانە بونە هۆی کەڵەکەبونی سەرجەم کێشە و گرفت و جیاوازیەکان، هەربۆیە پێویست وابوو کە لەقۆناغی شاردا لانی کەم یەکێتی چەندین کۆنگرەی ئاسایی گشتی ببەستایە،چونکە کۆنگرە تاڕادەیەکی باش دەبوە هۆی گۆڕانکاری و کەمبونەوەی گرفتەکان و بەرتەسککردنەوەی جیاوازیەکانیش.

- بۆیە لە ئێستادا بەڕای بەندە،گەر هەمووان ڕێکبکەون لەسەر ئەو میکانیزمەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێهەمدا هاتوە لە بەشی سێهەم(( کۆنگرە)) و لەمادەکانی(( ١٤ و١٥و١٦ و ١٧ و١٨ و ١٩و ٢٠ ))کە تایبەتن بە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە کە نابێت لە ((١٠٠٠))هەڤاڵ زیاتر بێت و میکانیزمی بەشداربوانی کۆنگرەشی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریکردوە بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە لەڕێگەی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیەوە و هەروەهاش دیاریکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرەشی بە ڕوونی دیاریکردوە، بەڕای بەندە چیدی پێویست ناکات کە میکانیزمی نوێ دابهێنین بۆ بەستنی کۆنگرە.و کاتی پێوە بکوژین،چونکە لەدەستدان و بەفیڕۆدانی کات لە زیانی یەکێتیە،چونکە کەمترین ماوەمان لەبەردەمدایە بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیش.کەهەموان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە دەبێت کۆنگرەی چوارهەم لە پێش ئەو هەڵبژاردنانەوە سازبکرێت.
- ئەوەی کە دەمێنێتەوە و بەلای هەموانەوە زۆر گرنگ و هەستیارە بەداخەوە تەنها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سکرتێری گشتیە و ئیدی هەڤاڵان بیر لە دانانی بەرنامە و پرۆگرام و پەیڕەوێکی واقعی و زانستیانە و ڕوون و ئاسان ناکەنەوە کە زۆر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گرنگترە ،چونکە تەنها پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ژیانی حیزبایەتی ڕێك دەخات و سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەواوی ئۆرگانەکان هەموان پێویستە پابەندی ئەو پرۆگرام و پەیڕەوە بن و کار بۆ سەرخستن و جێبەجێکردنیشیان بکەن،بەڵام هەموان ئەم دەستورە گرنگە بەهەند وەرناگرن و تەنها فۆکس و ڕووناکی و بیر و پلانیان چڕدەکەنەوە لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ڕاستە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی نوێ کە نوێنەرایەتی هەموان بکات لە ناوچە و پارێزگاکان و توانا و نەوەی دێرین و نوێش جێگای ببێتەوە و خاوەن ئەزمون و بڕوانامەکانیش جێگەی شیاویان پێببڕێت وخاوەن توانا و لێهاتوویی و هوشیاری سیاسیش بتوانن بگەنە سەرکردایەتی،لەگەڵ بەشداریکردنی ڕێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە ٢٠٪ بۆ ژنانی بەتوانا و خاوەن ئەزمون و لێهاتوویی.گرنگە لانی کەم بۆ ڕابەرایەتی کردنی یەکێتی بۆماوەی ٣ساڵی ئایندە.
- بۆیە دەبێت ئەم کۆنگرەی گشتی چوارهەمە کە لەکات و ساتێکی زۆر هەستیار و چارەنووسازدا هەوڵی سازکردنی دەدرێت،لەهەموو ڕووەکانەوە بەرنامەیەکی تۆکمە و سازانێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەو هەڤاڵانەی لەسەر بکرێت کە تەنها ئامانجی هەموان هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتی بێت دوور لە بەرژەوەندیە کەسی و تایبەتی دەستە و گروپ و ناوچەگەرێتی نارەوا، با هەموان بەتواناترین و بە ئەزمونترین و دڵسۆزترین کادرەکان ببەینە ناو کۆنگرە و لەناویشیاندا شیاوترینیان هەڵبژێرین بۆ سەرکردایەتی، باهەموان ئەم هەڵبژاندنانە بکەینە نمونەیەکی جوانی دیموکراسی ناوخۆیی لەناو یەکێتیدا و دواتریش پەخشی بکەینەوە بۆ ناو ژیانی سیاسی و ناو کۆمەڵگای کوردەواریش،با هەموان بە شۆڕشگێڕانی ماندووی دوێنێ و خەباتکارانی نەوەی نوێی ئەمرۆشەوە هەموان پێکەوە درێژە بەکار و خەباتی یەکێتی بدەن و بتوانن یەکێتی بە پتەوی و بەهێزی و لەدەسەڵاتدا بیهێڵنەوە،ئەوەش تەنها بەگەڕانەوە دەبێت بۆ ناو جەماوەر و خزمەتکردنیان و گوێگرتن لەداواکاری و پێشنیازەکانیان و گرنگی دان بەبێ جیاوازی بەهەموو ناوچەکان بەتایبەتیش گوند و ناوچە دوورە دەست و هەژارەکان ،گرنگیدان دەبێت بە هەڤاڵانی بیر و بازوو،بە جۆشدانەوەی سەرەتاکانی شۆڕش و یەکێتیمان دەبێت،بەوەلاوەنانی ناکۆکی و ململانێ نارەواکان دەبێت،بە بەرز ڕاگرتنی تەنها بەرژەوەندی یەکێتی دەبێت لەسەروو بەرژەوەندیە تایبەتەکانەوە،بەدوورکەوتنەوە دەبێت لە

خۆخۆری و ناتەبایی نێوان ڕیزەکان و دوورکەوتنەوە لەگەندەڵی و ناعەدالەتی دەبێت،بۆئەوەی هەموان پێکەوە ڕیزەکان و نێومالّی یەکێتی توند و پتەو و بەهێز و یەکگرتوو بکەینەوە،چونکە بەبیّ یەکێتیەکی بەهێز هەموو کوردایەتی لاواز و بچوك دەبێتەوە،بۆیە پێویستە هەمیشە ئامۆژگاریە بەنرخەکەی ڕەوان شاد هەڤاڵ مام جەلال لەبیر نەکەین کە دەیگوت((سیّ یەکێتیەکە بپارێزین،یەکێتی ناو یەکێتی و یەکێتی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان و یەکێتی ڕیزەکانی گەلەکەمان،کە بەردی بناغەی هەموو سەرکەوتن و برایەتیەکن))، بۆیە لەم کۆنگرەیەدا جگە لە پاراستنی ڕیزەکان و نێومالّی یەکێتی هیچ ڕێگە چارەیەکی ترمان لەبەردەمدا نیە.

## ١٠

## سکرتێری گشتی و کۆمیتەی سەرکردایەتی لە پەیڕەوی ناوخۆدا...

- لە بەشی چوارەهەم تایبەت بە پێکهاتەی کۆمیتەی سەرکردایەتی(( ئەنجومەنی سەرکردایەتی)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا لە چوارچێوەی مادەکانی (( ٢٣ تا ٢٨)) باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەرج و چۆنێتی هەڵبژاردن و ئەرك و دەسەڵاتەکان و نەمانی سکرتێری گشتی دەکات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە باس دەربارەی سکرتێری گشتی یان کەسی یەکەمی هەر حیزبێك بکەم، کە بوون و بەردەوامی چەندە گرنگە بۆ ڕابەرایەتیکردنی حیزبی سیاسی، لای هەموان ئاشکرایە هەموو کات کەسی یەکەمی هەر گروپ و ڕێکخراو و حیزب و دەوڵەتێك ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی دەبێت لە بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتیکردن و دانانی نەخشە و پلان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بڕیاردان لە کاتی گرنگ و هەستیار و چارەنوسسازدا، چونکە هەموو کار و گوتارێکی کەسی یەکەم نمایندەی هەموو حیزب و دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دەکات.بۆیە گەرەکە کە کەسی یەکەم خاوەن بڕوانامەی خوێندن و ناو وناوبانگی باش و ڕێز و سەنگینی بێت لەناوخۆ و دەرەوەی حیزبەکەدا و خاوەن ئەزموون وپێشینە و باکگراوندێکی سیاسی و هوشیاری باش بێت،خاوەن تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی و ناوچەیی بێت و خاوەن تێڕوانین و تێگەیشتن و فکر و ئایدیایەکی ڕوون و ئاشکرای نەتەوەیی و نیشتیمانی بێت ،کەسێکی بەهێز و خۆڕاگر و ورە بەرز و فرە ڕەهەندی ڕۆشنبیری بێت، چونکە هیچ کات کەسی نەخوێندەوار ناتوانێت ئیدارەی حیزبێکی گەورە و کاریگەری وەکو یەکێتی بدات.کەسێکیش بێت لەڕووی جەستەیی و تەندروستیەوە باش بێت ،دوور بێت لە پاشخانێکی تەسکی حیزبایەتی و دیاردەکانی دەستەگەری و ناوچەگەری و خاوەنی بۆچۆنی جیاکاری نەبێت لە ڕووی نەتەوە و ئاین و مەزهەبەوە،کەسێك بێت لەسەروو هەموو جیاوازی و ئاڕاستەکانەوە بێت و لای هەموان پەسەند و پەیوەندیشی لەگەڵ هەموان لە یەك دووری و ئاستدا بێت.

بەم شێوەیە کەسی یەکەم دەتوانێت بەتوانا و وزە تایبەتەکانی خۆی و بە هاوبەشی و کاری پێکەوەیی لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بتوانێت حیزب و ئیدارەی حیزب باش بەڕێوەببات و حیزب لەکەند و کۆسپەکانی بەردەمی ڕزگار بکات و بەرە و گەشەکردن و پێشخستنی زیاتریشی بەرێت لەو قۆناغەی کە ڕابەرایەتی دەکات.

- سکرتێری گشتی یەکێتیش پۆستێکی بالاَو هەرە گرنگە بۆیە دەبێت کەسێکی شیاو هەڵببژێردرێت بۆ ئیدارەدان و ڕابەرایەتیکردنی یەکێتی،چونکە سروشتی دامەزراندن و پێکهاتەی یەکێتی لەگەڵ بیرۆکەی ((هاوسەرۆکی)) یان ((نەبوونی کەسی یەکەمدا )) ناگونجێت، پێشم وانیە کە حیزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی نیشتیمانی بتوانێت کارەکانی بەڕێوە بەرێت بەبیّ بوونی سکرتێر یان سەرۆك،بۆیە گرنگە کە کەسی یەکەم دیاریبکرێت،بەلاَم مەرج نیە بەو هەموو دەسەلاَتەی کە هەڤاڵی ڕەوان شاد مام جەلال هەیبوو،چونکە ئەزمون و نمونەی مام جەلال تاك و تەنهایە و جارێکی تر دووبارە نابێتەوە بۆیە تەنها ئەو شایەنی ئەو هەموو دەسەلاَتە بوو، بەلاَم لە بۆ ئایندە دەکرێت سکرتێری گشتی دەسەلاَتەکانی دابەشبکرێتە سەر مەکتەب سیاسی و دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی سەرکردایەتی،مەرجە بۆ ئایندە یەکێتی ناوەندێکی دروستکردنی بڕیاری هاوبەش دروست بکات بۆئەوەی یەکێتی لە تاکڕەوی و لە بڕیارداندا دووربخاتەوە و یەکێتی و ئیدارەکەی بکاتە دەستەجەمعی و پێکەوە کارکردن بکەنە بنەما.

لە ئێستادا کە زیاد لە(( ٢ )) مانگە پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی چۆڵە بەهۆی کۆچی دوایی هەڤاڵ مام جەلالەوە بەپێی مادەی (٢٨)) دەبێت کۆنگرەی نائاسایی ببەسرێت کە هەمان دەسەلاّتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە، بۆیە لە ئێستادا چەند هۆکارێکی خودی و بابەتی هاتۆتە پێشەوە کە ناکرێت چیدی بەستنی کۆنگرەی گشتی چوارهەم دوابخرێت لەوانە:

١.کۆچی دوای سکرتێری گشتی ڕەوان شاد هەڤاڵ مام جەلال.

٢. بوون و کەڵەکەبوونی کێشە و گرفتی زۆری چەندین ساڵەی دوای کۆنگرەی سێهەم کە ٧ ساڵی ڕێکی بەسەردا تێپەڕیوە کە دەبوایە دوای ٣ ساڵ کۆنگرەی ئاسایی ببەسترایە.

٣. بەداخەوە پاشەکشەی یەکێتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە،لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەریەوە،کە پێویست دەکات کۆنگرەی گشتی ببەستێت و بتوانێت خۆی دەرباز بکات لەم قۆناغە قەتیس و سستبوەی کە پێیدا گوزەر دەکات.

٤.نەمانی تاڕادەیەکی باش ترس و مەترسیەکانی شەڕی داعش و سوپا و حەشدی عێراقی لەدوای نەمانی داعش و بەداخەوە داگیرکردنەوەی ٥١٪ خاکی کوردستان لەلایەن دەسەلاّتدارانی عێراقەوە.

٥.یەکێتی لەبەردەم دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدایە لە ساڵی ٢٠١٨دا، کە پێویست دەکات یەکێتی خۆی ساز و ئامادە بکات بۆ ئەو دوو پرۆسە گرنگە،چونکە یەکێتی بەم هەموو کێشە و گرفت و ناکۆکی و ململانێ و لاوازیەوە ناتوانێت گرەنتی سەرکەوتن و لەدەستنەدانی کورسی و دەنگی جەماوەرەکەی بکات،بۆیە بەستنی کۆنگرە بۆتە کارێکی زۆر پێویست.

بەم شێوەیە دەبێت هەرچۆنێك بوە و هەرچیەك کراوە ،هەموان کۆك و تەبا بن لەسەر سازدانی کۆنگرەو وبەهیچ بیانویەکەوە کۆنگرە دوانەخەن،چونکە بەبێ بەستنی کۆنگرە ناتوانن هەنگاوێکیش بەرەو پێشەوە بڕۆن.

- لە مادەکانی ((٢٩ تا٣٦)) یش باس لە چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕیش دەگرێتەوە کراوە و مەرجی خۆپالاّوتن و ئەرك و دەسەلاّتەکانیشیان زۆر بە ڕوونی دیاریکراوە. بەلاّم بەداخەوە لەماوەی ئەم ٧ ساڵی نێوانی دوو کۆنگرەیەدا کە هەموانیان بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ لە بەڕیوەبردنی یەکێتی و دانانی نەخشە و پلانی کارکردنی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و دارایی و داهات و خەرجی و پەیوەندیەکان و ..هتد. بەلاّم هەموانیان کەمتەرخەم بون و زۆرجارانیش پێشێلی بەند و مەرجەکانی پەیڕەوی ناوخۆیان کردوە و ژمارەی ئەندامانیان زیاد و کەمکردوە و تێکەلاّوی کاری بازرگانی و تەنانەت گەندەڵیش بونە و زۆریان بونەتە سەرمایەداری قەبە و هێندەی سەرقاڵی ئیشوکاری بازرگانی و تایبەتی بونە نیوهێندە نەپەرژاونەتە سەر کاروبارە حیزبیەکانیان،هەربۆیە یەکێتی توشی پەرشوبلاّوی و دوورکەوتنەوە لە دیسپلینی حیزبی و لاوازی و کەنەفتکەوتن بۆتەوە.

- بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە لەکۆنگرەی داهاتوودا، چاو بخشێنرێتەوە بەسەر پێکهاتە و ئەرك و دەسەلاّتەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و سکرتێر و جێگری سکرتێریشدا، مەرجی ئەوە دابنرێت کە:

١. تەنها دوو خول دەتوانرێت هەرکەس ببێتە سکرتێری گشتی وئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی .بەمەبەستی ڕێگە گرتن لە قۆرخکردنی دەسەلاّت و چێکردنی گۆڕانکاری و نوێبونەوە و دوورکەوتنەوە لە دیاردەکانی دەستەگەری و گەندەڵی و سەرهەڵنەدانی ململانێی ناڕەوا.و ئەمەش لە پێناو هێشتنەوەی یەکێتی بە بەهێزی و جۆش و خرۆشی بەردەوامدا.

٢. دەبێت چاو بخشێنرێتەوە بە ژمارەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا و ،هیچ پێویست نیە کە ٥٠ هەڤاڵ ببنە ئەندامی سەرکردایەتی و ١٩ هەڤاڵ بۆ مەکتەبی سیاسی،چونکە قۆناغی ئایندە لە ڕووی ئابوری و دەسەلاّت و فراوانی جوگرافیای کارکردنەوە بە بەروارد بە قۆناغەکانی پێشووتر گەلێك بچوکبوینەتەوە و ئەمەش پێویست دەکات کە

یەکێتیەکی توندوتۆڵ و گورج و گۆڵ و ڕەشیق لەجەستە و فکر و توانا ئیدارەی یەکێتی بدات نەك یەکێتیەکی قەبە و جەستە داهێزراو و بێتوانا.

٣. لەگەڵیشدا قەوارە و ژمارەی سەرجەم ئۆرگانەکان لە مەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتەکان بەژمارەی کادرەکانیشەوە کەم بکرێنەوە.

چونکە ئەم قۆناغەی ڕابووردوو دەریخست کە نەژمارەی زۆر و نە ئۆرگانی زۆر مانای گەشەکردن و چالاکبوونی حیزب ناگەیەنن،بەڵکو تەنها ئەوە هەڤاڵ و کادرەکانن کە دەتوانن ببنە داینەمۆو وەگەڕخەری یەکێتی و توانا و وزەی نوێی پێبدەن،بۆیەهەموو کات گرنگیدان بە فکر و هوشیاری و ئاستی سیاسی و پێگەیاندنی کادران گەلێك گرنگترە لە گرنگیدان بە ڕووکەش و زۆری بارەگا و پۆشتەوپەرداخی نوسینگە و مەکتەب و مەڵبەندەکان.

ئاشکراشە ئەم هەموو گۆڕانکاریانەش لەلایەك سانا و بێگرفت نیە و لەلایەکیش تا ئەوپەڕی گرنگی گرنگ و هەستیارە و دەبێت هەر ئەنجام بدرێت،ئەمەش تەنها لەکۆنگرە و بە کۆنگرەیەکی گشتی و پێکەوەیی و خەمۆخۆرانە چێ دەبێت،بەئامانجی هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

## ١١
## ئەنجومەنی ناوەند لە پەیڕەوی ناوخۆدا...

- لەبەشی پێنجەم (( ئەنجومەنی ناوەند)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا لە چوارچێوەی مادەکانی (( ٣٧ تا٤٦))دا بەڕوونی باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنی ناوەند و ئەرك و دەسەڵاتەکان و مافی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند و چۆنێتی سزادانیان و پێکهاتەی کۆمسیۆنەکان و ئیشوکارەکانیان کراوە.

- ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە داهێنان و دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنی ناوەندە لە کۆنگرەی سێهەمدا لەساڵی ٢٠١٠وە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و وەك یەکەم ئەزموون دانیپیادانراوە و لەئێستادا کەتەمەنی کاری ئەم ئەنجومەنەش وەکو هەموو ئۆرگانەکانی تر هەر لە مەکتەب سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەواوی مەکتەب و مەڵبەندەکان و..هتد. تەمەنی یاسایی خۆیان کە ماوەی ٣ ساڵە وەك لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاریکراوە بەسەرچوە.

- بەندە لە پێگەیەکدا نیم ،کە وەك دادوەرێك هەڵسەنگاندن بۆ ئیشوکاری ئەم ئەنجومەنە بەڕێز و تێکۆشەرە بکەم و ڕێگەش بەخۆم نادەم کە ئەو کارە بکەم و لەدوورەوە و بەبێ بەڵگە بڕیاری ناڕاست بدەم کە هەموانیان لە سکرتێر و جێگر و بڕیاردەر و سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنەکە، کادر و هەڤاڵی تێکۆشەر و خەباتکاری سەرسەختی یەکێتین و هەموانیان زۆرینەی تەمەنیان لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا بەسەربردوە و جێگەی هەموو ڕێز و پێزانینێکن .بەهەمان شێوە بەندە زۆر ئاگاداری ئیشوکارەکانی ئەم ٧ ساڵی ڕابووردوەی ئەم ئەنجومەنەش نیم،کە تاچەند کاریان کردوە،وەبونەتە هۆکارێك بۆ ڕێکخستنەوەی ئیشوکارەکان و هۆکارێك بوون بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکان و ململانێکانی ناوخۆی یەکێتی بەڵام ،دەکرێت لەم قۆناغەی پێش بەستنی کۆنگرەی گشتی ئاسایی چوارهەمی یەکێتیدا کە باسوخواسەکان هەمەجۆر و هەمەلایەنن و مافی هەموانیشە کە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی بونیاتنەرانەوە و لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری یەکێتی و جۆشدانەوە و بەسەرداچونەوەی کار و گوتاری هەموانمان لەهەموو ئاست و ئۆرگانەکاندا،ئەم ئەنجومەنەش وەك ئۆرگانێکی سەرەکی یەکێتی بخرێتە بەر گفتوگۆی هەڤاڵانەوە.

- **لێرەدا دەکرێت پرسیار بکرێت،ئایا ئەم ئەنجومەنە تا چەندە توانیویەتی ببێتە مایەی گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی یەکێتی ؟ ئایا توانیویەتی کە یەکێتی لە جەماوەرەکەی نزیك بکاتەوە و زوریری و توڕەییان کەم بکاتەوە؟ ئایا لەماوەی ئەم چەند ساڵی ڕابووردوەدا توانیویەتی ببێتە لۆبیەکی فشاری بەهێز و کاریگەر لەسەر مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی؟ئایا توانیویەتی بزانێت کە داهاتی یەکێتی چەندە و چۆن خەرج دەکرێت و چۆنیش داهاتەکان کۆدەکرێنەوە و سەرچاوەکانیشیان لەکوێوەیە؟ئایا توانیویەتی ڕیزەکانی ڕێکخستنەکان توندوتۆڵ بکاتەوە و گەشەیان پێبدات؟ئایا ئەو پێشێلکردنی مافی ئەندامانە و ئەو نایەکسانیانەی کە هەیە و بونیان هەیە لەناوخۆی یەکێتیدا توانیویەتی لانی کەم بەریان پێبگرێت و ڕێگەیی تەشەنەکردنیان لێبگرێت؟ئایا ئەنجومەنی ناوەند توانیویەتی لە پێدانی پۆستە حیزبی و حکومیەکاندا ڕای ئاشکراو و ڕوونی**

**هەبێت یان تەنها وەك تەماشاکەر وابوە؟ئایا ئە نجومەنی ناوەند بەم پێکهاتە و ژمارەیەوە و لەم کاتی قەیرانی داراییەدا بۆتە بارسوکی بۆسەر داهاتی یەکێتی یان هێندەی تر بۆتە هۆکاری بارگرانی و زیادکردنی خەرجیەکان؟ ئایا ئە نجومەنی ناوەند تەنها وەك جێگە و پۆست دۆزینەوە بوە بۆ هەندێك لە هەڤاڵان ؟**

دەیان پرسیاری تریش دەتوانرێت بکرێت دەربارەی ئەدا و کار و چالاکیەکانی ئەنجومەنی ناوەندو کار و بەرنامەکانیان هەڵبسەنگێنرێت.

چونکە لەسەر زەمینەی واقیع و ئەوەی کە بینراوە و بیستراوە ،بەداخەوە ئەم ئەنجومەنە نەبۆتە هۆکارێك بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی وئەنجومەنی سەرکردایەتی وهەمیشە چاوەڕوانی بڕیار و هەڵوێستی ئەوان بوە،ئەنجومەنی ناوەند بۆخۆی دەستپێشخەری نەبوە و هەمیشە گوێڕایەڵی مەکتەب سیاسی بوە و لە هەڕەمی پەیکەری پێکهاتەی یەکێتیشدا ئەنجومەنی ناوەند لەدوای سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە دێت، بەو مانایەی کە ئەم ئەنجومەنە هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی نیە و بڕیارەکانیشی مولزەم نین بۆ جێبەجێکردن لەلایەن ئەو ئۆرگانانەی کە لەسەروو ئەمەوەن،و تەنها هەڵوێست و بڕیار و بەیاننامەکانی لەچوارچێوەی پێشنیاز و داواکاریدا دەمێنێتەوە کە ئەمیش یان جێبەجێدەکرێت یان ڕەتدەکرێتەوە.و تەنها وەك دەزگایەکی چاودێری کار دەکات و تەنها دەسەڵاتی دانان و لابردنی ئەندام مەکتەبی هەیە.

ئەنجومەنی ناوەند بەم ژمارەیەی ئێستای کە ((١٠١)) ئەندامن و تەنها ((٨١)) ئەندامیان بەهەڵبژاردن دەبێت و ((٢٠))ئەندامەکەی تریان لەلایەن سکرتێری گشتیەوە بە تەعینات دیاریدەکرێن.بەڕای بەندە لە ئایندەدا، لەلایەك بەرەچاوکردنی بارودۆخی دارایی و بونی قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی داهات و سەرچاوەکانی و بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجیەکان و لەلایەکی تریشەوە پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەی تەرشیقکردنی یەکێتی لە ڕووی ژمارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندام مەکتەب و مەڵبەندەکان و ژمارەی بارەگاکانیشەوە، بە پێویستی دەزانم کە ژمارەی ئەنجومەنی ناوەندیش کەمبکرێتەوە بۆ نیوە و هەموانیشیان بەهەڵبژاردن بێت و سکرتێری گشتی دەسەڵاتی تەعیناتی نەمێنێت.یان ڕایەکی تر هەیە کە ئەنجومەنی ناوەند هەر نەمێنێت و هەڵبوەشێنرێتەوە،چونکە لەلایەك نمونەیەك و ئەزمونێکی نوێی بێ وێنەیە لەناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا و لەلایەکی تریشەوە گەر یەکێتی پیادەی سیاسەت و بەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکانیش بکات لە ئەوروپادا،نابێت ئەم ئەنجومەنەی هەبێت.بەڵام دوابڕیاریش لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەتوانرێت یەکلایی بکاتەوە.

- لەکۆتاییدا ،ئەم کۆنگرەی چوارهەمە بۆ یەکێتی دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و خاڵی جیاکەرەوەی دوو قۆناغی ڕابووردوو و ئایندەی زۆر جیاواز لە یەکتر لەکار و کردار و گوتاردا لە مامەڵە و تێڕوانین و ئاڕاستە و ڕێبازی کارکردندا، جیاوازدەبێت لە ڕاستکردنەوە و بەسەرداچونەوە و بەخۆداچونەوەی هەموو هەڵە و کەموکوڕی و کێشە و گرفت و ململانێکاندا،خاڵی وەرگەڕان و پەڕینەوە دەبێت لە بەرەی سستی و قەتیسبون و لاوازی و سەرهەڵدانی گەندەڵی و ناعەدالەتیەوە بەرەو سەنگەرو بەرەو قۆناغێکی نوێی خەبات لە جۆش و خرۆش لە خەبات و چەسپاندنی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی دروشم و ئامانجەکان لە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنوس و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەوڵدانە بۆ بەهێزکرنەوەی یەکێتی و خۆڕێکخستنەوەشی .

بەکورتی ئەم کۆنگرەیە دەبێت ببێتە کۆنگرەی هەستانەوە و نوێبونەوە و بوژاندنەوەی سەرجەم ئۆرگان و بیر و ڕێباز و فکری یەکێتی، ببێتە کۆنگرەی خوێنجومان و فڕێدانی کاژی چەندین ساڵەی ڕابووردوو،ببێتە کۆنگرەی خۆ گورجکردنەوە و هەنگاونان بۆ پێشەوە و بەجێهێشتنی ڕابووردوو بەهەموو کەموکوڕیەکانیەوە.چونکە یەکێتی لە بنچینەدا بۆ ئەوە دامەزراوە کە خەباتی کوردایەتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی بەرەو لوتکەی سەرکەوتن و دەسکەوت و دەسەڵات و حومکڕانی نیشتیمانی و نەتەوایەتی بەرێت،نەك وەك حیزبە کلاسیکیەکان لە جێگەی خۆی ودوای چەند دەیە ساڵێك بچێتە دۆخی متبون و سستی و پوکانەوە و لاوازی و مردنەوە و تەنها لەچوارچێوەیەکی

بچوکدا قەتیس بمێنێتەوە.یەکێتی هەمیشە وەك ڕەوان شاد هەڤاڵی هەمیشە نەمر مام جەلال دەیگوت(( یەکێتی حیزبێکی زیندو و پێشکەوتوخواز و هەڵقولاوی ناو جەماوەرە کە نابێت لەکاتی سەرکەوتنەکاندا لەسەر چەپکە گوڵی سەرکەوتن خەو بمانباتەوە و لەکاتی نسکۆ و شکستەکانیشدا نابێت ورە بەربدەین))، بۆیە لەسایەی ئەو وتەیەدا دەبێت هەموان بەگیانی سەرەتاکانی شۆڕش و خەباتی نوێی گەلەکەمان کاربکەین و یەکێتی بکەینەوە بە کۆتری سپی لە قۆناغی ئاشتیدا و بەوری چنگ بەگڕیش لە قۆناغی جەنگی دژ بە داگیرکاران و کۆنەپارێزان ونەیارانی ناوخۆ و دەرەکیشدا. یەکێتی بکەینەوە بە دڵە زیندوەکەی خەباتی کوردایەتی و هێز و دەسەلات و دەستپێشخەری سیاسی بۆ بگێڕینەوە.

## ١٢
## مەکتەب و دەزگاکان لە پەیڕەوی ناوخۆدا...
## (( مەکتەبی ڕێکخستن ))

• لەبەشی شەشەم (( مەکتەب و دەزگاکان)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا باسکراوە و لە چوارچێوەی مادەکانی ((٤٧ تا٦٥))دا باسی هەریەکە لە ١٢ مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردوە و بەڕوونی باسی لە ئەرك و دەسەلاتەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو مەکتەب و دەزگایانەی کردوە.

• لەم وتارەماندا تیشك دەخەینە سەر ئەو کەموکوڕی و گرفتانەی کە لەهەریەکە لەو مەکتەب و دەزگایانەدا سەریانهەڵداوە و بۆخۆیان بونەتە کێشەیەکی گەورە و هێندەی سەرقاڵی چارەسەری ململانێکانی ناوخۆی خۆیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دابەشبونیان بەسەر ململانێکانی نێوان هەڤالانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا،ئیدی هەموان کار و پرۆژە و خەباتیان لەبیرکردوە و هەریەکە هەڵپەی بەدەستهێنانی سۆز و پەیوەندی گەرموگوڕبوە لەگەڵ سەرووی خۆیدا، هیچ گرنگیەکی نەداوە بەکاری مەکتەب و دەزگاکەی، بەداخەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوەی ئۆرگانەکان هێندەی سەرقاڵی دەستەگەری ناڕەوا بوون نیوهێندە بەتەنگ یەك و یەکگرتوویی و پارێزگاریکردن لە یەکێتی ڕیزەکانی یەکێتی نەبوون.

• **لێرە دەکرێت پرسیار بکرێت، کە ئایا ئەو لێپرسراو مەکتب و دەزگایانە کەسانی شیاوبوون بۆ ئەو پۆستانە؟یان لە بنچینەدا هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژاردنێکی ڕاست و دروست بوە؟چونکە وەك دیاریکراوە دەبێت لێپرسراوی مەکتەب و دەزگاکان ئەندامی سەرکردایەتی بن.ئایا هیچ کام لەو مەکتەب و دەزگایانە لە ماوەی ئەم ٧ ساڵی ڕابووردوەدا توانیویانە وەك دیاریکراوە کۆنفرانسی ساڵانەی خۆیان بەستوە بۆ بەسەرداچونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکان و دانانی نەخشە ڕێگای نوێ؟ئایا هیچ کام لەو مەکتەب و دەزگایانە،توانیویانە ببنە هۆکار بۆ بەهێزکردن و پتەوکردن و گەشە و جۆشدانی ریزەکانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانەکانی تری یەکێتی؟ئەگەر کاری باش و سەرکەوتوویان ئەنجامداوە ،ئەی بۆچی یەکێتی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٣دا شکستی گەورەیان بەرکەوتو دەنگی دەنگەدەرانیان لەدەستدا؟ئەی ئەگەر کاری ئاسایی و ئەرکی خۆیان جێبەجێنەکردوە،کوا لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لەگەڵیاندا؟ کوا بنەمای سزا و پاداشت بۆیان؟ دەیان پرسیاری تریش.**

• بۆیە بەهەق ئەوەی کە تێبینی دەکرێت و بەچاوی سەری هەموانمان دەیبینین و دەشیبیستین،ئەوەیە کە بەداخەوە لەلایەك بەهۆی نەمانی مەرکەزیەتی حیزبی و نەبوونی ناوەندێکی بڕیاری یەك و یەکگرتوو و بەهۆی قەیرانی دارایی و بەهۆی غیابی هەڤاڵ مام جەلال و بەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ ناڕەواکان و بەهۆی دابەشبوونی سەرانی یەکێتی بۆ سەر چەند ئاڕاستیەکی جیاواز لە بەرژەوەندی و دەسکەوت و ئیمتیازاتدا نەك جیاواز لە فکر و ئایدیا و ڕێبازی کارکردن و نەك بۆ بەرژەوەندی یەکێتیە ڕاستەقینەکەی هەمووان، بەهۆی کارنەکردنیش بە پەیڕەوی ناوخۆ و پابەندنەبوون پێیەوە،هەموو ئەمانە وایانکردوە کە هیچ کام لەو مەکتەب و دەزگایانە کار و ئەرکەکانیان وەکو خۆی جێبەجێنەکەن.

- گەر لەم وتارەدا باس لە مەکتەبی ڕێکخستن بکەین کە لە مادەکانی ((٥٠ تا ٥٣)) باسکراوە، دەبینین ئەم مەکتەبە کە لێپرسراوە لەهەموو کاری ڕێکخراوەیی و ئیشوکاری مەڵبەند و کۆمیتەکان و یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین مەکتەبەکانی یەکێتی و بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە، بەڵام بەداخەوە ئەم مەکتەبە لەماوەی ڕابووردوودا،وەکو هەموو قۆناغەکانی شاخ و دواتریش نزیکەی ٢٠ ساڵ لە دەسەلأت و حوکمڕانی و گۆڕانکاریە گەورەکانی نێوان سروشتی کاری شاخ و شاردا و بەرفراوانبوونی ئەرك و سنوری چالاکیەکان و گردبونەوەی نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیدا بەژمارەیەکی گەلێك گەورە، بەڵام ئەم مەکتەبە هەروەکو فۆرمە کۆنەکەی جاران خۆی پەیوەست و قەتیسکردوە لە چوارچێوەیەکی تەسکی حیزبیدا و خۆی پابەنکردوە بە ڕچەیەکی سواوی کارکردنەوە کەلەگەڵ قۆناغی نوێدا ناگونجێت،بۆیە پێویستە بۆ ئایندە گۆڕانکاری گەورە بکرێت بەسەر ئەم جۆرە کارکردنەداو ئیدی واز لە وابەستبوونی ئەندام و لایەنگر بهێنرێت بە پرکردنەوەی فۆڕمی ئەندامێتی و کۆبونەوە و ئابونەدان کە بینیمان چۆن زیانێکمان بەرکەوتوە لە هەڵبژاردنەکاندا، گەرەکە بۆ ئایندە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چوارچێوەی حیزبێکی دۆگما و قەتیس و پەیوەندی هەرەمیەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی لەنێوان ئۆرگانەکانی سەروو خوارەوەدا و بەشێوەیەکی فەرشی ڕێکبخرێن و ڕایەڵەی پەیوەندی و ئیلتیزامیان بۆ دروستبکرێتەوە، ئەندام سەربەست و ئازاد بکرێت لەکاتی ئاساییدا و تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بتوانرێت سوود لەو جەماوەر و دۆست و ئەندام ولایەنگرانە وەربگیرێت،چونکە سەردەمەکە بۆتە سەردەمی خەباتی مەدەنی و پەڕلەمانی و هەڵبژاردن و سەردەمی پێشکەشکردنی باشترین و زۆرترین خزمەتگوزاریە بۆ جەماوەر لەدەرەوە وناوەوەی حیزب. نمونەی زیندووش کە لەدوو هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا بینیمان لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە کەچۆن توانیویانە زۆرترین دەنگی دەنگدەران وەدەست بێنن.ئەمە لەلایەك یەکێتی و هەر حیزبێکیش دووردەخاتەوە لە پابەندبوونی بەردەوام بۆ کێشە و گرفت و داواکاریە زۆر و زەوەندەکانی ئەندام و لایەنگرانی و لەلایەکی تریشەوە خەرجیەکانیشی لەسەر کەمدەبێتەوە بەوەی خەرجی کادر و ئەندامان و بارەگاکانی بدات،کەلە ئێستادا بونەتە بارگرانیەکی گەورە بەسەر جەستە و گیرفانی یەکێتیەوە. بۆیە دەکرێت مەکتەبی ڕێکخستن بەسەر کار و گوتار و میکانیزمی ئیشوکارەکانیدا بچێتەوە و ساڵانەش کۆنفرانسی ڕێکخستن ببەستێت بەمەبەستی چارەسەری ئەو کێشە و گرفتە نوێیانەی دێنە پێشەوە.

- تایبەت بە مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون کە لەمادە((٦٣))دا هاتوە، دەکرێت بکرێتە بەشێك لەمەکتەبی ڕێکخستن چونکە سروشتی کاری ئەم مەکتەبە تایبەتە بە چاودێریکردنی ڕەوشی کاروباری ئۆرگانەکان و بەدواچوونی ئیشوکارەکانیان و دەستنیشانکردنی کەموکڕیەکانیان، بەهەق ئەم ئەرکە ئەرکی مەکتەبی ڕێکخستنە،بۆیە دەکرێت لە چوارچێوەی تەرشیقی حیزب و چاکسازیەکاندا ئەم مەکتەبەش هەڵبوەشێنرێتەوە و بخرێتە چوارچێوەی کارەکانی مەکتەبی ڕێکخستنەوە.
- پێم وایە لە ئێستادا ڕیزەکانی ڕێکخستنەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە بەرەو کزی و لاوازی و بێ دیسپلینی حیزبی ڕۆیشتوون،بۆیە دەکرێت کە بە خێرایی چاو بەکار و بەرنامەی مەکتەب ڕێکخستن و سەرجەم مەڵبەند و کۆمیتەکاندا بخشێنرێتەوە. گرنگە بۆ ئایندە مەکتەب ڕێکخستن گرنگی زیاتر بداتە پێگەیاندن و هوشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی هوشیاری سیاسی کادران نەك خۆی خەریك بکات بە ئیشوکاری مەکتەبیەوە، ڕێکخستن مانای چونە ناو جەماوەر و تێگەیشتنە لە ئێش و ئازار و داواکاریەکانیان،ڕێکخستن کۆڵەکەی بنچینەیی هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیە،بەبێ ڕێکخستنێکی تۆکمە و پۆڵاین و پتەو ناتوانرێت هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی حیزب جێبەجێبکرێت. ڕێکخستن هەموو کات وتراوە کە بەردی بناغەی حیزبی سیاسی و شادەماری کار و فەرمانەکانە و حیزبی سیاسی بەکورتی بریتیە لە ڕێکخستنێکی تۆکمە و خاوەن دیسپلین و خاوەن بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و خاوەن ئامانج و دروشم و خاوەن ڕچە و ڕێباز و فکرێکی دیار کەهەموان لەسەری کۆکبن و کاریش بۆ

سەرخستن و بە ئامانج گەیاندنیشی بکەن.بەڵام بەداخەوە لە ئەزموونی چەند ساڵی ڕابووردوودا و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەموان ئەوەندەی پشت ئەستور بون بە دەنگی دەرەوەی ڕێکخستنەکان و سەردانی خەڵکانی دەرەوەی ڕێکخستەنکانان دەکرد نیو هێندە سەردانی مەڵبەند و کۆمیتەکانیان نەدەکرد،چونکە هەموان پێیان وابو کە ڕێکستنەکان ڕۆڵوکاریگەری گەورەیان نەماوە لەناو جەماوەردا.

بۆیە بەڕاستی ئەمە مەترسیەکی گەورەیەو هەرکات حیزبی سیاسی نەیتوانی لەناو جەماوەری میلەتەکەی خۆیدا کاری ڕێکخستن بکات و نەتوانێت بچێتە ناو هەموو ماڵ و خێزان و گروپێکەوە ئیدی ئەو حیزبە لەئاییندەدا بەرەو تەریکی و لاوازی و لەناوچون دەچێت ،چونکە جەماوەر بۆ حیزبی سیاسی وەکو ئاو وایە بۆ ماسی .کەی حیزب و ڕێخکراو وشۆڕشگێڕ لە جەماوەرەکەی دابڕا مانای مردن و کۆتاییەتی.

- بۆیە ئەم کۆنگرەی چوارهەمە دەبێت بکرێتە سەکۆی بەسەرداچونەوەی کار و گوتار و نەخشەڕێگای ڕێکخستنەکان و هەموان پێکەوە گرنگی تەواو بدەنە ئەم مەکتەبی ڕێکخستنە چونکە هەموو ئۆرگانەکانی تر لە خزمەت گەشەو پێشکەوتنی ئەم مەکتەبەدان،و ئەم کارەش بۆخۆی بەردی بناغەی هەستانەوە و نوێبونەوەی سەرجەم ئۆرگان و یەکێتیشە،ئەویش بەخۆگونجاندنی لەگەڵ قۆناغی نوێدا بەهێنانە پێشەوەی نەوە و توانا و وزەی نوێ و بەرنامە و نەخشەڕێگای نوێ،نەك خۆ قەتیسکردن و بچوککردنەوە لەچوارچێوەیەکی تەسکی کۆن وبێ بەرهەمدا.

## ١٣
## مەکتەب و دەزگاکان لە پەیڕەوی ناوخۆدا...
### (( مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی و دەزگای چاودێری دارایی ))

- لەبەشی شەشەم (( مەکتەب و دەزگاکان)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا باسکراوە و لە چوارچێوەی مادەکانی ((٤٧ تا٦٥))دا باسی هەریەکە لە (( ١٢ )) مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردوە و بەڕوونی باسی لە ئەرك و دەسەڵاتەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو مەکتەب و دەزگایانەی کردوە.
- لەم وتارەماندا ئیستێك لە سەر ئیشوکار و ئەرکەکان و دەسەڵاتەکانی هەردوو ((مەکتەبی دارایی و ئیداری گشتی و دەزگای چاودێری دارایی )) دەکەین کە لەهەردوو مادەی((٥٤ و ٥٥))ی پەیڕەوی ناوخۆدا باسیان لێوەکراوە.

هەردوو ئەم مەکتەب و دەزگایە ،گرنگیەکی گەلەك گەورە و زێدە هەستیاریان هەیە لەناو یەکێتیدا و لەهەر حیزب و دەسەڵات و حوکمڕانیەکیشدا،چونکە هیچ گروپ و ڕێکخراو و حیزبێك ناتوایت بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی داهاتی ڕوون و ئاشکرا و بەردەوام ،بتوانێت ئیشوکار و ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت و پلان بۆ ئایندەش دابنێت، بەداخەوە لەم قۆناغ و سەردەمەی سەدەی بیست و یەکەمدا و سەدەی داهێنان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیا مادیەکاندا ،سەرتاپای ژیان بۆتە فکر و ئایدیا و تێڕوانینی مادیەت و هەموو هەڵسەنگاندن و بیروڕاکان لە چواردەوری مادە و بونی داهات دەسوڕێتەوە ،چونکە دونیای ئێستا دونیای ئابوری و بازرگانی و بازاڕی ئازاد و کۆمپانیا فرە نەتەوەییە گەورەکانە و لە ئێستادا هێندەی ئابوری و کۆمپانیاکان دەسەڵاتیان هەیە لەسەر بڕیارە سیاسیەکان و سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکان نیوهێندە سیاسیەکان هەژمونیان نەماوە.وهەر لەسەر ئەو بنچینەیەش بیرۆکە و پلان دادەڕێژن، بۆیە گرنگە حیزبی سیاسی و بەتایبەتیش حیزبێکی گەورە و پانوپۆڕی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەکتەب و دەزگایەکی هەبێت بۆ پەیداکردنی داهات و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی فرە سەرچاوەی داهاتدا هەر لە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی و پرۆژەی پیشەسازی و بەرهەم هێن و پرۆژەی وەبەرهێنان لەهەموو بوارەکاندا،بۆئەوەی لەکاتی تەنگانە و قەیرانەکاندا کە وەکو ئێستا و ماوەی زیاتر لە ٤ ساڵە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە قەیرانێکی دارایی توندەوە بتوانێت خەرجیەکانی خۆی دابین بکات و بەتەنها چاوەڕوانی ئەو یارمەتی و کۆمەکەی حکومەتی هەرێم نەکات کە لەچوارچێوەی یاسای حیزبە سیاسیەکاندا بۆ هەموو حیزبە سیاسیە ڕێگەپێدراوەکانی بڕیوەتەوە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەم ژمارە زۆرەی سەرکردایەتی و کادر و کارمەند و بەم ژمارە زۆرەی بارەگاکانی مەکتەب و

مەڵبەند و كۆمیتەكانیەوە پێویستی بەخەرجیەكی گەورە هەیە،كە لەكاتی ئەم قەیرانەدا بار گرانیەكی گەورەی خستۆتە سەر ئەستۆی یەكێتی و پێموایە لە ئێستادا وەك چەند ساڵی ڕابووردوو ئەم مەكتەبە ناتوانێت مانگانە خەرجیە پێویستەكانی ئۆرگانەكانی یەكێتی دابین بكات(( بە ٣-٤ مانگ)) خەرجی مانگانەكانیان خەرج دەكات كە كاریگەری گەورەی كردۆتە سەر ئیشوكارەكان و نەفسیەتی كادرەكانیش و بۆخۆشی كەوتۆتە قەیرانەوە.

- **لێرەدا كۆمەڵ گەلێك پرسیار دێتە پێشەوە لەسەر كار و پرۆژە و چۆنێتی كاركردنی مەكتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی،وەك: ئایا ئەم مەكتەبە لە ڕابووردوو و ئێستا و بۆ ئایندەش توانیویەتی و دەتوانێت داهاتی پێویست دابین بكات بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی سەرجەم ئۆرگانەكانی یەكێتی؟ ئایا ئەو پرۆژە و كۆمپانیایانەی كە دایمەزراندوون هەموانیان لەسەر قازانجن و توانیویانە دەسكەوت و داهات بۆ یەكێتی پەیدا بكەن؟ ئایە ئەو ژمارە زۆرەی كارمەند لەو مەكتەبەدا هیچ پێویستە؟ یان تەنها جێگە كردنەوە و كاردۆزینەوەیە بۆ خزم و كەسوكاری لێپرسراوانی ناو یەكێتی؟ ئایا ئەو كەس و لێپرسراوانە لەو مەكتەبەدا هەموانیان كەسانی پسپۆڕ و شارەزان لە بوارەكانیاندا و توانیویانە پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی بۆ یەكێتی دابمەزرێنن بەشێوەیەكی زانستی و بەپێی پلانێكی دراسەكراو؟ دوور لە دەستێوەردان و هاوبەشیكردن لەگەڵ كەس و لایەنی تردا؟ ئایا نەدەكرا بتوانرێت لەئەنجامی گۆڕانكاری لە ستافی ئەو مەكتەبەدا ئیشوكارەكان باشتر ڕێكبخرێن و داهاتیش زیاتر بكرێت؟ ئایا هەموو سەروەت و سامان و موڵكی یەكێتی شەفاف و ڕوون و ئاشكران ؟یان تەخشان و پەخشانی پێوەكراوە و زۆربەیان كراون بەناوی كەسەكانەوە؟ ئایا سەروەت و سامانی یەكێتی لەدەرەوە و ناوەوەی هەرێمی كوردستان لە پرۆژە و بانكەكاندا تۆمارن بەناو یەكێتیەوە یان بەناوی كەسەكانەوەن؟ ئایا چ گرەنتیەك هەیە بۆ وەرگرتنەوە و نەفەوتاندنیان لە ئایندەدا؟ئەمەو دەیان پرسیاری تریش كەلای زۆربەمان دروستبوون و جێگەی گومان و پرسیاركردنن.**

بەكورتی دەكرێت ئەم مەكتەبە و سەرجەم مەكتەب و دەزگاكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ئاڵوگۆڕ و چاكسازی زیاتری تیادا بكرێت بەنیازی ڕێكخستنەوەی ئیشوكارەكان و لێپرسراوێتی و بەنیازی زیادكردنی داهات و كەمكردنەوەی خەرجیەكان بۆئەوەی بتوانرێت لەگەڵ قۆناغی ئایندەو لەكاتی قەیرانەكاندا كە ئیدارەیەكی ڕەشید و سەركەوتوو پیادە بكرێت،چونكە بوونی ئیدارەیەكی زانستی و ڕەشید كەبتوانێت زۆرترین داهات دەستبخات و كەمترین سەروەت و سامانی مادی و مرۆیی بەهەدەر بدات بۆ یەكێتی زۆر پێویستە.بەهەمان شێوە دەبێت خەڵكانی پسپۆڕ ئەركی ئیدارەی كۆمپانیا و پرۆژە هەمەجۆرەكان بكەن نەك كەسانی ناپسپۆڕو نا زانستی،دەبێت چاوبخشێنرێتەوە بەسەر ئەو ژمارە زۆرەی كارمەنداندا لە و مەكتەبەدا لەچوارچێوەی تەقەشوفكردن و تەرشیقكردنی ئیداریدا،دەبێت ساڵانە و زۆر بەووردی ڕاپۆرتی كارو چالاكیەكانی ئەو مەكتەبە ئاشكرا بكرێت و سەرچاوەی داهاتەكان و باب و فەصڵی خەرجیەكانیش دەستنیشان بكرێت، دەبێت سەروەت و سامانی یەكێتی لەدەستێكی ئەمیندا بێت و هەمووشی پارێزراو و تۆماركراو بێت،بۆئەوەی هیچ تەخشان و پەخشانێكی پێوەنەكرێت وبۆ بەرژەوەندی كەسەكان بەكارنەیەت، چونكە موڵك و سەروەت و سامانی یەكێتی تەنها بۆ یەكێتیە نەك بۆ كەسەكان، دەبێت بنەمای یەكسانی و دادپەروەریش ڕەچاوبكرێت لە خەرجیەكاندا و جیاوازی نەكرێت لەنێوان مەكتەب و ئۆرگانەكان و كادرەكاندا، ناكرێت خەرجی و موستەحەقاتەكان لەسەر میزاجی كەسی خەرج بكرێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت كە سەرچاوە وداهاتەكانی یەكێتی باشتر بپارێزرێن و كۆبكرێنەوە، چونكە بەداخەوە ئەو دەستەگەری و ململانێ ناڕەوایانەی كە ماوەی چەند ساڵێكە لەناو ئەنجومەنی سەركردایەتیدا دروستبوون بەشێكی لەسەر چۆنێتی ئیشوكار و خەرجكردنی داهاتەكانی یەكێتیە بە ناشەفافانە و تاریكاندنی وهەموانیش گەرەكیانە بەشیان هەبێت و بەتەنها لای چەند كەسێك نەبێت و پێویست دەكات كە هەموان بەپێی دەسەڵاتەكانیان خەرج بكەن و دووربكەونەوە لە زیادەڕەوی و سەرپێچیكردن و هەموانیش بۆ ئایندە سیاسەتێكی سكهەڵگوشین و دەستپێوەگرتنی سەروەت و سامانی یەكێتی پیادە بكەن،چونكە ڕۆژە تەنگانەكان كۆتاییان نەهاتوە.

- لەبەرامبەریشدا و بۆئەوەی بزانرێت کە چۆن ئەو داهاتانە خەرجەدەکرێن و چۆنیش کۆدەکرێنەوە،دەزگای چاودێری دارایی ئەرکێکی گەلێك گەورەی لە ئەستۆدایەو دەبێت ئەم دەزگایە چاوە نەخەوتوو بە ئاگاکەی یەکێتی بێت بەتایبەتی بەسەر مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتیەوە،دەبێت کادری چاونەترس و بوێر کاری تیادا بکات، دەبێت ڕاستگۆیانە و هەق بێژانە ڕاپۆرت لەسەر زیادەڕەوی و سەرپێچیەکان بنوسێت، دەبێت پێشنیازی زانستی و پراکتیکی پێشکەش بکات بۆ کۆکردنەوە و زیادکردنی داهاتەکان و چۆنێتی خەرجکردنیشیان،ئەم دەزگایە دەبێت لەچوارچێوەی تەرشیق و چاکسازیەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت و وزە و توانا و شارەزایی و ئەزمونی نوێی تێکەڵ بکرێت،ئەم دەزگایە زۆرهەستیار و گرنگە و دەبێت نهێنیەکانی داهات و خەرجی لەگەڵ مەکتەبی دارایدا بپارێزن،بەبێ بوونی ئەم دەزگایە هەمیشە گومان و پرسیارەکان لەسەر ئیشوکاری مەکتەبی دارایی و ئۆرگانەکانی تری یەکێتی دروست دەبێت،دەبێت ئەم دەزگایە زۆر بەووردی و بە باشی چاودێری هەموو پڕۆژە و مامەڵە و کۆمپانیاکانی مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی بکات،بەتایبەتیش لە ئێستادا کە باس لە بازرگانی نەوت دەکرێت،تەنانەت دەبێت چاودێری کار و مامەڵەی لێپرسراوانی یەکێتیش بکات لەسەر بەشداری و مامەڵەیان لە کارە بازرگانیەکاندا،لەلایەك بۆ پارێزگاری لە ناو وناوبانگی خۆیان و یەکێتی لەبەردەم جەماوەر و میلەتداو لەلایەکی تریش بۆبنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و دارایی.

بۆیە بەستنی کۆنگرەی چوارەهەمی گشتی یەکێتی بۆتە زەرورەتێکی زۆر پێویست بۆ بەسەرداچوونەوەی سەرتاپای کارو گوتار و پلانی سەرجەم ئۆرگانەکان و ڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوەیان و ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی نوێ،کە زۆر سەخت و دژوار دەبێت بەتایبەتی لەڕووی مادی و داهات و سەرچاوەکانیەوە.بۆیە ئەم کۆنگرەیە دەبێت بەهەق بکرێتە کۆنگرەی بەخۆداچونەوە و هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتی لەهەموو ئۆرگان و بوارەکاندا،ئەوەش تەنها بەنیەتێکی ڕاستگۆیانە دەبێت لای هەموانەوە.

## ١٤

## مەکتەب و دەزگاکان لە پەیڕەوی ناوخۆدا...

## مەکتەبی شەهیدان و دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان و مەکتەبی کۆمەڵایەتی

- لەبەشی شەشەم (( مەکتەب و دەزگاکان)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا باسکراوە و لە چوارچێوەی مادەکانی ((٤٧ تا٦٥))دا باسی هەریەکە لە (( ١٢ )) مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردوە و بەڕوونی باسی لە ئەرك و دەسەڵاتەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو مەکتەب و دەزگایانەی کردوە.
- لەم بەشەی وتارەکەماندا ئیستێك لە سەر ئیشوکار و ئەرك و دەسەڵاتەکانی هەردوو ((مەکتەبی شەهیدان و دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان و مەکتەبی کۆمەڵایەتی )) دەکەین کە لە مادەکانی((٥٧ و ٥٨و ٦٤))ی پەیڕەوی ناوخۆدا باسیان لێوەکراوە.

ئاشکرایە کاری هەردوو ((مەکتەبی شەهیدان و خزمەتی پێشمەرگە وتێکۆشەرە دێرینەکان)) زۆر لەیەکتری نزیکن و دەکرێت لە چوارچێوەی تەرشیقکردنی حیزب و بەسەرداچوونەوەی کار و چالاکیەکانیان و کەمکردنەوەی ژمارەی کادر و بارەگاکان بەمەبەستی زیادکردنی داهات و ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوەی خەرجیەکان و وەك خۆگونجاندنێکیش لەگەڵ قۆناغی ئایندە و نوێدا ، کە لەلایەك یەکێتی بکرێتە حیزبی هەڵبژاردن و خزمەتکردن بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ ئەوەی بۆ ئایندە حکومەت بکرێتە حکومەتی هاوڵاتیان و تاکی کورد ببێتە پنتی سەرەکی لە هەموو پلان و سیاسەت و بەرنامەکاندا ،چونکە دەنگی تاك بەتاکی کۆمەڵگا گرنگە بۆ سەرخستن و هەڵبژاردنی حیزب و مانەوەشی لە دەسەڵاتدا ،چونکە هیچ حیزبێك تەنها بە دەنگی ئەندام و لایەنگرانی خۆی ناتوانێت سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت بەبێ لایەنگری و وەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی جەماوەری بێ لایەن لە کۆمەڵگادا.بۆیە چی دەکرێت دەبێت یەکێتی سیاسەت و بەرنامە و پرۆگرامی ئایندەی دوور و نزیکی بەو ئاڕاستەیە

دابڕێژێت،لەلایەکی تریشەوە ئەوەی پەیوەستە بە شەهیدان و خانەوادە سەربەرزەکانیان و نەوەکانیشیان لەگەڵ پێشمەرگە دێرین و تێکۆشەرە دێرینەکاندا هەموانیان توانراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مووچە و دەرماڵە و زەوی و جێگەی نیشتەجێبونیان بۆ دابین بکرێت و ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان دەبێت تەنها لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم بێت وەکو دەزگا و دەسەڵات و خاوەن یاساورێسا و بودجە،بۆیە هیچ حیزبێك و بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە خاوەنی ٢٠ هەزار شەهید و کەمئەندام و زیندانیانی سیاسی وپێشمەرگە و تێکۆشەری دیرێنە،ناتوانێت لە قۆناغی ئاییندەدا وەکو پێویست بەدەم داواکاریەکانی ئەو ژمارە زۆرەوە بێت، ئەوەی ئەرکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەرحیزبێکی تریشە کە داکۆکی لەماف و ئیمتیازات و داواکاریە ڕەواکانی خانەوادە و نەوەکانیان بکات و پشتگیریان بکات بۆ سەندن و وەرگرتنی ئەو مافانە.

بۆیە دەکرێت ئەم مەکتەب و دەزگایە هەردووکیان لە یەك ئۆرگانی نوێدا کۆبکرێنەوە وبەم شێوەیەش زیاتر دەتوانرێت جەستە و ئەرکی یەکێتی سووکتر و گورجوگۆڵتر بکرێت و بەشایستەترین شێوەش خزمەتیان پێشکەش بکات.

- ئەوەی تایبەتە بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی، دەکرێت ئەم مەکتەبە هەڵبوەشێنرێتەوەو بکرێتە بەشێك لە مەڵبەندەکان و ئەوکار و ئەرکەی کە ئێستا دەیکات،ئەوکات لەچوارچێوەی مەڵبەندەکان و لەناوچەکانی خۆیاندا دەتوانن باشتر و چالاکانەتر ئیشوکار و خەباتی خۆیان بکەن و هەر بەمەش یەکێتی دەتوانێت باشتر بچێتەوە ناو جەماوەر و لەکێشە و گرفتەکانیان بەئاگا بێت و لەلایەکی تریشەوە مەڵبەند و کادرەکانیش لەناوچەکانی خۆیاندا سەنگ و قورساییان بۆ دەگەڕێتەوە و ڕێکخستنەکانیش زیاتر بەرچاوتر و گەشەکردوتر دەبن.

بوونی ئەم مەکتەبە لە بنچینەدا لەگەڵ سروشتی کار و ئاڕاستەی فکری و ڕێبازی یەکێتی وەکو حیزبێکی سۆسیال دیموکرات و هەڵگری دروشمی سەروەری یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی دەستوریدا تاڕادەیەك ویکنایەتەوە،هەرچەندە کۆمەڵگای کوردەواری وەك کۆمەڵگایەکی ئاینی و کۆنەپارێز و خێڵەکی و پابەند بەدابونەریتە کۆمەڵایەتیە کوردەواریەکان و نزمی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتیان وادەکات کە ئەم مەکتەبی کۆمەڵایەتیە بمێنێت و لەڕابووردوشدا کار و چالاکی و خزمەتی باشی پێشکەش کردوە،بەڵام بەهەمان شێوە بۆ قۆناغی ئایندە دەکرێت لە پرۆسەی چاکسازی و بەسەرداچونەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی یەکێتیدا ئەم مەکتەبە بکرێتە بەشێك لە مەڵبەندەکان.

- تایبەت بە مەکتەبی پەیوەندیە گشتیەکان کە لەمادە((٥٩)) هاتوە، کە هەریەکە لە مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە و نیشتیمانی و کوردستانی دەگرێتەوە، هەرچەندە ئەم مەکتەبە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ یەکێتی و بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی دۆستانە و گەرموگوڕ لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی هەرێم و کوردستانی گەورە و عێراق و ناوچەکە و دونیاش،لەڕێگەی سەردان و بەشداریکردنی کۆڕ و کۆبونەوە و کۆنگرەکانیان و هاوکاری و هەمئاهەنگی لەگەڵیاندا لەسەر پرسە ناوخۆیی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و عێراقی و ناوچەکە و دونیاش، چونکە یەکێتی وەکو حیزبێکی گەورە و کاریگەر و خاوەن نفوز و پێگەی سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەری پێویستی بە تۆڕێکی بەرفراوان و بەهێز هەیە لە پەیوەندیە هەمەجۆرەکانیدا،و یەکێتی بە حوکمی ئەوەی کە لەئێستادا بۆتە ئەندامی کارای ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال،ئەرکێتی کە پەیوەندی توندتۆڵی لەگەڵ هەموو ئەو حیزبە سیاسیانەدا هەبێت کە ئەندامن لەو ڕێکخراوەدا و یەکێتی لە ئێستادا لە جوغز و چوارچێوەی تەسکی کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی دەرچوە و بۆتە ئەندامی یەکێك لەگەورەترین ڕێکخراوە بەدەسەڵات و گەورە و کاریگەرەکانی دونیا کە ئەویش نمایندەی هەموو ڕەوت و ئاڕاستە چەپ و لیبراڵ و دیموکرات و سۆسیالیستەکانی دونیا دەکات لەهەر ٧ کیشوەرکەدا، و گرنگی ئەم پەیوەندیانە و هێشتنەوەی بەگەرموگوڕی بۆ ئایندەی مەسەلەی کورد زۆر گرنگە بۆ ناو کۆڕو کۆبونەوە نێودەوڵەتیەکان ،بەتایبەتیش زۆرێك لەو حیزبانە لەدەسەڵات و ناوەندی بڕیاری وڵاتەکانیاندان.بۆیە گەرەکە ئەم مەکتەبە لە ڕابووردوو زیاتر گرنگی پێبدرێت ئەوەش بە پشتیوانی و هاوکاریکردنیان و تێکەڵکردنیان بە کادری نوێ و

بەتوانا و زمانزان و خاوەن پەیوەندی فراوان،بۆیە کار و ئەرکی ئەم مەکتەبەش بەهەمان شێوە دەکرێت هەم گۆڕانکاری و هەمیش چاکسازی و بەسەرداچوونەوەی بۆ بکرێت.

- ڕاستە یەکێتی حیزبێکی گەورەیە و دەبێت ئۆرگانی پێویستی هەبێت بۆئەوەی ڕابگات بە ئیشوکار و ئیدارەدانی خۆو و دەرەوەی خۆشی لەکۆمەڵگادا،بەڵام هیچ پێویست ناکات کە لەشکرێك لە کادری بەموچە و ئیمتیازاتی هەبێت و هیچ پێویست بەم ژمارە زۆرەی بارەگا و کادر ناکات کەهەموانیان دەتوانن بە ژمارەیەکی کەم و پوخت بەڵام چالاك و هەڵسوڕاو هەمان ئەرك جێبەجێ بکەن.لای هەموان ئاشکرایە لە ئایندەی عێراقدا،پێدەچێت هێواش هێواش ڕۆڵ و کاریگەری و هەژموونی حیزبایەتی کەم ببێتەوەو کاڵیش ببێتەوە لەکاتێکدا حیزب و کاری حیزبایەتی تەنها لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس دەبێت و لەجیاتی حیزب حکومەت و دەسەڵاتی یاسا هەژمونی خۆی دەسەپێنێت و کاری حیزب تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکان و لەناو پەرلەمان و حکومەت دەتوانێت خزمەت بەلایەنگران و کۆمەڵگاش بکات،هەربۆیە حیزب نابێتە خاوەنی دەسەڵات و داهاتی زۆر و لەوکاتەشدا ناتوانێت وەڵامی هەموو داوا و داخوازیەکانی لایەنگرانی بداتەوە،بۆیە دەبێت حیزبی سیاسی تەنها هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵات و بەشداریکردنی بکات بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت خۆی و جەماوەرەکەشی لەخۆی ڕازیبکات و بەهێزیشی بکات.
- لەم پێناوەدا بەستنی کۆنگرەی چوارەمی گشتی و گەنگەشەکردنی هەموو ئەم بیرۆکە و خوێندنەوانە بۆ ئایندە،دەیسەپێنێت کە یەکێتی لەم کۆنگرەیەدا بەباشی خۆی ڕێکبخاتەوەو ڕیزەکانی یەك و یەکگرتوو بکات و کۆنگرەی گشتی چوارهەم بکاتە کۆنگرەی هەستانەوە و نوێبونەوە و هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی ڕوونتر و گەشتر و بەهێزتر.

## ١٥
## مەکتەب و دەزگاکان لە پەیڕەوی ناوخۆدا...
### (( مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و دەزگای هەڵبژاردن ))

- لەبەشی شەشەم (( مەکتەب و دەزگاکان)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا باسکراوە و لە چوارچێوەی مادەکانی ((٤٧ تا٦٥))دا باسی هەریەکە لە (( ١٢ )) مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردوە و بەڕوونی باسی لە ئەرك و دەسەڵاتەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو مەکتەب و دەزگایانەی کردوە.
- لەم وتارەماندا ئیستێك لە سەر ئیشوکار و ئەرك و دەسەڵاتەکانی هەردوو ((مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و دەزگای هەڵبژاردن)) دەکەین کە لەهەردوو مادەی((٥٦ و ٦٠و ٦١))ی پەیڕەوی ناوخۆدا باسیان لێوەکراوە.

مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ئەرك و لێپرسراوێتیەکی گەورەی لە ئەستۆدایە و لە قۆناغی ڕابووردوودا کار و چالاکی گەورەیان پێشکەش کردوە بە یەکێتی و توانیویانە لە ڕێگەی خزمەتکردن و هاوکاری و دەستگیرۆیی کردنی هەموو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و دیموکراتیەکان بکەن و هانیان بدەن بۆ گردبونەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی خۆیاندا بۆئەوەی توانا و وزەکانیان بەفیڕۆ نەڕوات و یەکێتیش بتوانێت سوودیان لێوەربگرێت لەکاتی هەڵبژاردن و دەنگداندا.

هەموو حیزبێکی سیاسی گەرەکە کە بەجۆرەها شێواز و میکانیزم کار و خەباتی خۆی گەشە پێبدات و بچێتە ناو جەماوەرەوە تا دەتوانێت ڕاو بۆچونیان لەخۆی نزیك بکاتەوە، بوونی ئەم ڕێکخراوە دیموکراتیانە لە دونیای پێشکەوتوشدا گرنگیان هەیە و هەموو حیزبێك ڕێکخراوی مەدەنی و دیموکراتی خۆی هەیە لە ڕێکخراوەکانی(( کرێکاران و جوتیاران و ژنان و خوێندکاران و ئەندازیاران و پزیشکان و مامۆستا و پارێزەران و فەرمانبەران و زۆری تر)) و هەرکات حیزب گەرەکی بێت دەتوانێت شەقامی گشتی کۆمەڵگا بجوڵێنێت. مێژووی کاری ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەمێژە و لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئەوروپا و ئەمریکادا کاری گەلێگ گەورەیان ئەنجامداوە و تەنانەت لەهەندێك وڵاتیشدا توانیویانە سیستەمی حومکڕانی بگۆڕن (( وەك یەکێتی کرێکارانی پۆڵەندا بەسەرۆکایەتی لیخ

ڤاوسیا(( پیاوێکی سیاسی و ئابوری زان و شارەزا لە بواری ڕێکخراوەییدا)) کە بۆ ماوەی ١٩٨٠-١٩٩٠ سەرۆکی یەکێتی کرێکاران بوو(( بزوتنەوەی هاوکاری)) و دواتر توانی کە ببێتە سەرۆکی پۆڵەندا و خەڵاتی ئاشتی نۆبڵیش لەساڵی ١٩٨٣وەربگرێت و پۆڵەندا لە سیستەمی سۆسیالیستیەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی دیموکراتیکی سەرمایەداری)) و ببنە لۆبیەکی فشاری گەورەش بۆ سەر دەسەڵات، بۆیە گرنگیدان بەم ڕێکخراوانە کاری لە پێشینەی یەکێتیە و یەکێتیش ئەزمونی گەورەی هەیە لە کاری ڕێکخراوەیی و سەرپەرشتیکردنیاندا هەر لە قۆناغی شاخەوە تاکو ئێستا و توانیویشێتی سوودیان لێببینێت.

ئەوەی جیاوازی دەبینرێت لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئەوروپاو کوردستاندا،ئەوەیە بەداخەوە تائێستا کادری ڕێکخراوەیی و پیشەیی شارەزاو بە ئەزمون دروست نەبوون و ئاستی هوشیاری خەباتی پیشەیی و چینایەتیان بەرز نیە و ناتوانن بەبێ پشتیوانی حیزب خۆیان کاری ڕێکخراوەیی ئازادانە و سەربەستانە بکەن و بۆخۆیان ببنە پارێزەری مافەڕەواکانیان و تائێستا لە کوردستاندا نەتوانراوە ببنە هێز و لۆبی فشار لەسەر دەسەڵات،بۆیە ئەم خەباتی ڕێکخراوانە پێویستی بە بەسەرداچونەوە هەیە. ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لە کوردستاندا هەموانیان وابەستەی حیزب و پاشکەوتەی حیزبە سیاسیەکانن هەربۆیە نەیانتوانیوە ببنە جێگە متمانەی چین و توێژەکانی خۆیان.

بەڕای بەندە و لەپێناو توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی یەکێتی و کەمکردنەوەی خەرجی و سوککردنی بارگرانی لەئەسۆی یەکێتدا، دەکرێت ئیشوکاری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان دابەشبکرێتە سەر مەڵبەندەکان و هەر مەڵبەندە لە ناوچەکانی خۆیاندا سەرپەرشتی کاری ئەو ڕێکخراوانە بکەن بۆئەوەی مەڵبەندەکان ببنە جێگەی کۆبونەوە و توانای هەموو کادران و ڕێکخستنەکان و بەمەش دەتوانرێت هەمئاهەنگی زیاتر دروست ببێت و گردبونەوەی زیاتریش لە دەوری یەکێتی دروست ببێت، بەداخەوە لەئێستادا لەبەر زۆری بارەگا و مەکتەب و مەڵبەند و نەبونی هەمئاهەنگی تەواو لە نێوانیاندا هەموو توانا و وزە مادی و مرۆییەکان بەهەدەر چوون و ئەو پارە و پول و خەرجیە زۆرانەش کە کراون جێگەی شیاوی خۆیان نەگرتوە، بۆیە دەکرێت لەکۆنگرەدا دوا بڕیار لەم بابەتە بدرێت.

- ئەوەی پەیوەستە بە ((دەزگای هەڵبژاردن))ەوە کەلە مادەی((٦٠ و ٦١))ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوە، ئەم دەزگایە گرنگیەکی ئێجگار گەورەی هەیە بۆ یەکێتی ،چونکە لەڕێگەی ئەم دەزگایەوە دەتوانرێت ئامادەسازی بۆ هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ناوخۆ و دەرەوەی یەکێتی بکرێت بەدابینکردنی هەموو پێداویستیە مادی و لۆجستیەکان و کادری مرۆیی شارەزا.ئەم دەزگایە هەروەك چۆن لەڕابووردوودا کار و چالاکی بەرچاوی ئەنجامداوە و توانیویەتی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی بکات،ئاوهاش دەتوانێت زیاتر و زیاتر لە ئاییندەدا کارەکانی باشتر ڕێکبخات و زیاتر پرۆفیشناڵانە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات،ئەم دەزگایە دەتوانێت ببێتە پێوەرێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆی ئاستی جەماوەری یەکێتی و پاراستنی زۆرێك لەنهێنیەکان و سازدانی ڕاپرسی جیاواز لەناو جەماوەر و ناوچە جیاوازەکاندا، ئەم دەزگایە دەبێت پەیوەندی توندوتۆڵی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانیەکاندا بۆ سوود وەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی ئەزمونەکانی و بتوانێت خولی بەردەوام بۆ پێگەیاندنی کادری شارەزا و بەئەزمون ڕێکبخات و تەنانەت وەکو چاودێریش بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی دەرەوەی هەرێمیشدا بکات و بتوانێت ناووناوبانگێکی باش بۆخۆی پەیدا بکات.گەرەکە ئەم دەزگایە بێلایەنی خۆی بپارێزێت و لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا هیچ لایەنگیریەك بۆ هیچ کام لەکاندید و پاڵیوراوەکان نەکات و ڕێگە بگرێت لەکاری ساختکردن و دەستوەردان لە ئەنجامی هەڵبژاردنە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا.

- بۆیە بەهەق دەبێت ئەم کۆنگرەی گشتیەی ئایندە کۆنگرەیەکی گشتگیر بێت بۆ بەسەرداچوونەوەی سەرجەم ئیشوکارەکانی دەزگا و ئۆرگان و مەکتەب و مەڵبەندەکان،چونکە هەموانیان بەداخەوە لەم چەند ساڵەی ڕابووردوودا نەیانتوانیوە لە ئاست خواست و داواکاریەکانی یەکێتیدا بن و بتوانن پێکەوە جۆش و خرۆشی زیاتر بدەنەوە بە یەکێتی و بیکەنەوە یەکێتیەکەی جاران کە لەسەرتاسەری هەرێم و عێراقیشدا خاوەن سەنگ و قورسایی گەورە بوو

،ڕێزلێگیرا و گوێلێگیراویش بوو. ئەم کۆنگرەیە دەبێت تەکانێکی بەهێز بداتە هەموو ئۆرگانەکان بۆئەوەی پرۆسەی هەستانەوە و نوێبونەوەیەکی بەهێز ڕووبدات و سەرتاپای یەکێتی ڕابچڵەکێنێت و ببێتە کۆنگرەی وەرچەرخانی دوو قۆناغی ڕابووردوو ئایندەی یەکێتی، بۆیە سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە ئەرکی لەپێشی هەموو دڵسۆز و خەمخۆرانی یەکێتیە.

## ١٦
## مەکتەب و دەزگاکان لە پەیڕەوی ناوخۆدا...
## (( مەکتەبی ڕاگەیاندن و ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران ))

- لەبەشی شەشەم (( مەکتەب و دەزگاکان)) لە پەیڕەوی ناوخۆدا باسکراوە و لە چوارچێوەی مادەکانی ((٤٧ تا٦٥))دا باسی هەریەکە لە (( ١٢ )) مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردوە و بەڕوونی باسی لە ئەرك و دەسەڵاتەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو مەکتەب و دەزگایانەی کردوە.
- لەم وتارەماندا ئیستێك لە سەر ئیشوکار و ئەرك و دەسەڵاتەکانی هەردوو ((مەکتەبی ڕاگەیاندن و ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران)) دەکەین کە لەهەردوو مادەی((٦٢و٦٥))ی پەیڕەوی ناوخۆدا باسیان لێوەکراوە.

مەکتەبی ڕاگەیاندن یەکێکە لە مەکتەبە هەرە گرنگەکانی یەکێتی و هەر حیزبێکی تریش،چونکە ئەم مەکتەبە ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بیروبۆچونەکانی یەکێتی لە ئەستۆدایە بۆ ناو جەماوەر، جا چەندە ئەم مەکتەبە بتوانێت بەڕاست و دروستی و دوور لە پیاهەڵدانی زیادەڕەوی سەرکردە و ئیشوکارەکان ،ئەوەندە دەتوانێت ببێتە جێگە متمانەی نەك هەر لایەنگر و ئەندامانی یەکێتی بەڵکو دەبێتە جێگە متمانەی جەماوەری پان و پۆڕی میلەتەکەشمان، ڕاگەیاندن چەندە ڕاستگۆ و بوێر بێت و چەندە بێلایەن بێت لە ڕووداوەکاندا ئەوەندە دەچێتە ناو دڵو دەروونی جەماوەرەوە، ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی(( بینراو و بیستراو و بڵاوکراوە و لە ئێستاشدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش)) هەموانیان وەك شمشێرێکی دوو دەم وان و گەر زۆر بەووریای و بە ئاگاییەوە بەکارنەهێنرێت ئەوا زیانەکانی گەورەتر دەبن، ڕاگەیاندن لەکاتی ئاشتی و جەنگ و ململانێکاندا ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەیە، جا بۆئەوەی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەنگەری گەل و خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا بێت و نەچێتە بەرەی ڕاگەیاندنی چەواشەکاریەوە وببنە جێگەی متمانەی زۆرینەی جەماوەر،ئەرکیانە کە بەوپەڕی ئازایانە و بوێرانەوە بەرگری لە بۆچون و فکر و ڕێبازی یەکێتی بکەن و دروشم و ئامانجەکانی یەکێتی ڕوونبکەنەوە لە چەسپاندنی دیموکراتی و ئازادیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری تاك و کۆمەڵگا بەرامبەر ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و ڕوونکردنەوە و دەستخستنە سەر مافەکانی مرۆڤ و پێشێلنەکردنیان و سەروەرکردنی یاسا و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان لەکوردستاندا.

مەکتەبی ڕاگەیاندن وەکو زمانحاڵی یەکێتیە و دەبێت هەمیشە ڕاستگۆیی و سەنگینی خۆی لەدەست نەدات و ئاستی گوتار و کردارەکانی دانەبەزێنێتە ئاستێکی نزم و موهاتەراتەوە،ڕاگەیاندنی یەکێتی هەروەکو سەنگینی یەکێتی خۆی دەبێت هەمیشە لەئاست لێپرسراوێتی ئەرکە سەختەکانی قۆناغەکاندا بێت.

ئەم مەکتەبە دەبێت هەمیشە جێگەی گرنگی پێدانی سەرکردایەتی بێت وپێداویستیە مادی و لۆجستیەکانیان بۆ دابین بکات،هەمیشە و بەردەوام خولی هوشیاری و پیشەییانە بۆ کادرانی ئەم مەکتەبە بکاتەوە، دەبێت یەکێتی بەسەر ئیشوکارەکانی ئەم مەکتەبەدا بچێتەوە لە ڕووی زۆری ژمارەی کادران و لەڕووی ئەوەی کە دەبێت هەموو ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی لەژێر سایەی بۆچون و سیاسەتەکانی یەکێتیدا بەڕێوەبرێن، نابێت هەر ئەندام مەکتەب سیاسیەك دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆی هەبێت بەخەرجی یەکێتیەوە. دەبێت ئەم مەکتەبە تاڕادەیەکی باش ئازادی هەبێت لەکار و گوتارەکانیدا،نابێت ڕێگە بگیرێت لە دیاردەی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن ،نابێت بەبیانوی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ ئەم حیزب یان ئەو حیزبدا ڕاستیەکان نەوترێن و بشارێنەوە،سەردەمی ئێستا سەردەمی ئاشکرابوونی تەنانەت

کۆبونەوە نهێنیەکانە بۆیە نابێت بەبیانوی پاراستنی ئەمنی نیشتیمانیەوە چاودێریەکی توند بخرێتە سەر ئەم مەکتەبە وکاری گەندەڵی و مشەخۆری و ناعەدالەتی پەردەپۆش بکرێت.

بۆیە بەڕاستی دەبێت لەم کۆنگرەیەدا زۆر بەجدیانە باس لە ئیشوکاری ئەم مەکتەبە بکرێت و ئەوەندە بەهێزبکرێت کە بتوانێت لە ڕووی هەژمونی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ترەوە خۆڕاگر بێتو بتوانێت وەڵامی ڕاست و دروستیان بداتەوە، هەموان گلەییمان لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و نزمی ئاستیان هەیە،بەلاّم کارێکی جدیش ناکرێت بۆ چارەسەرکردنیان ،ئەوەتا زیاد لە ٢ساڵە ئەم مەکتەبە گرنگە لێپرسراوێکی نیە تا ئیشوکار و کێشە و گرفتەکان بەئاسانی بەڕێوە بچێت.بۆیە بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەبێت یەکێك لەکارەکانی بەسەرداچوونەوەی ئەم مەکتەبە بێت.

- ئەوەی پەیوەستە بە ((ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادرانەوە))کە لەمادەی

(( ٦٥ ))دا هاتوە.بەڕاستی ئەم ئەکادیمیایەش ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەیە لە پێگەیاندنی کادران و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریان،چونکە حیزبی سیاسی بریتیە لە سێ کوچکەی (( بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و فکر و ئایدیاو ڕێباز لەگەڵ کادری هوشیارو بە بیروباوەڕ)) دوور لەم سێ پایە گرنگە ناتوانرێت پێناسەی حیزبی سیاسی سەرکەوتوو بکرێت. بۆیە گرنگیدان بە پێگەیاندنی کادران و هوشیارکردنەوەیان بەبیروباوەڕی کوردایەتی و نەشونماکردنی بیر و هەستی کوردایەتی و بەرچاوڕوونکردنەوەیان دەربارەی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و پێدانیان بە زانستە هاوچەرخەکانی سەردەمیش،کارێکی گرنگی ئەم ئەکادیمیایە،چونکە بەبێ کادری شارەزا و هوشیار ناتوانرێت نە پرۆگرامی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و خزمەتگوزاریەکان جێبەجێبکرێت و نەدەشتوانرێت فکر و ڕێبازی حیزبی سیاسی بگەیەنرێتە ناو جەماوەر. بۆیە دەبێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕێگەی ئەم ئەکادیمیایەوە هەوڵی جدی بدات بۆ کردنەوەی خولی بەردەوامی هوشیاری و پێگەیاندن و بلاّوکردنەوەو لەچاپدانی کتێب و نامیلکە و نوسینەوەی مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

- بەڕای بەندە لەچوارچێوەی تەرشیقکردن و کەمکردنەوەی ژمارەی کادر و بارەگا و کەمکردنەوەی خەرجیەکان و ئامادەسازیش بۆ قۆناغی ئایندە ،دەکرێت ئەم ئەکادیمیایە بەسەربەخۆیی بهێڵرێتەوە بەلاّم زیاتر بەهێز بکرێت و پشتیوانیشی لێبکرێت،یان لەگەڵ مەکتەبی ڕێکخستندا تێکەڵ بکرێت ،یان لەگەڵ مەکتەبی ڕاگەیاندندا،چونکە هەردوو ئەو مەکتەبانە و ئەم ئەکادیمیایەش ئیشوکاریان نزیکە لەیەکترەوە و هەرسێکیان ئەرکی هوشیارکردنەوە و پێگەیاندنی کادرانیان لە ئەستۆدایە.

بۆیە ئەرکی ئەم کۆنگرەیە گەلێك قورس و سەختیشە،تابتوانێت ئەم هەموو ئەرکانە و ئەم هەموو کێشە و ململانێ کەڵەکەبوانەی چەندین ساڵە چارەسەر بکات و لانی کەم سڕیان بکات،ئەم کۆنگرەیە دەبێت بکرێتەکۆنگرەی گشتی بەسەرداچوونەوەی هەموو کار و پرۆژە و پرۆگرامەکان،بۆ خۆ سازکردن بۆ قۆناغی ئایندە،ئەم کۆنگرەیە بەهێندەی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی سۆڤێتی ساڵی ١٩٥٦ گرنگ و هەستیاریشە لە مێژووی خەباتی یەکێتیدا،بەتایبەتیش دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد هەڤاڵ مام جەلال،چونکە یەکێتی لەدوای کۆچی دوایی سکرتێری گشتیەوە پێویستی بە پرۆسەیەکی بەسەرداچونەوە و ئاشکراکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هاوپەیمانێتیەکان هەیە،و ناکرێت بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت،بۆیە بەهەق دەبێت کۆنگرەی گشتی چوارهەم بکەینە کۆنگرەی هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتی.

## ١٧
## پێشنیازەکان بۆ بەردەم کۆنگرەی گشتی چوارهەم

- بەمەبەستی سەرخستن و گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکانی بەستنی ئەم کۆنگرەیە و لۆ ئەوەی کۆنگرە بتوانێت لانی کەم زۆرینەی داواکاری و مەتڵەبەکانی زۆرینەی ئۆرگان و لایەنگران و ئەندامانی یەکێتی بێنێتە دی و بتوانێت ببێتە ئەو فریادڕەسەی کە هەموان چاوەڕوانی دەکەین بۆ ڕزگارکردنی یەکێتی لەم دۆخە قەتیس و پڕ ململانێ و ناجێگیری و شڵەژاوی و دوور لەیەکتری و شەپڕێوی نێو ماڵەکەی و بۆ ئەوەی کۆنگرە ببێتە خاڵی وەرچەرخان و

دەسپێكی قۆناغێكی نوێ بەرەو ئاستێكی گەشەكردوو و بوژاوە و شەكاوە لەهەموو ڕوەكانەوە و بۆئەوەی چیدی لەجێگەی خۆمان ڕانەوەستین چونكە هەموو ڕاوەستان و ئیستێكی درێژخایەن بۆ حیزبی سیاسی مانای پوكانەوە و لاوازی و بچوكبونەوە و بەرەو مردن چوونە، بۆ ئەوەی ئەم كۆنگرەیە بكەینە خاڵی سەرلەنوێ ژیانەوە و زیندووكردنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەكان و گیانی برایەتی و هەڤاڵانە و هەموو توانا و وزەكانی شۆڕشگێڕان و خەباتكارانی دوێنی و ئەمڕۆ پێكەوە گرێبدەینەوە و هەموو تێكۆشەرانی بیروبازوو كۆبكەینەوە و بەهەموانیشمان جەماوەرە تێكۆشەرەكەی یەكێتی و كوردایەتیش كە ماوەیەكە لە یەكێتیەكەی خۆیان زویر و توڕەن ئاشتبكەینەوە و بۆئەوەی یەكێتیەكەمان بكەینەوە بەو یەكێتیەی كە هەموان سوێندی پیرۆز و گەورەیان بە شەهید و سەركردەكانی دەخوار و سەدان و بگرە هەزاران تێكۆشەر لە پێشمەرگە و ڕێكخستنەكان لە ناو زیندانەكانی بەعس و ئەوانی تریشدا تەنها لەسەر بونی پەیوەندیان بە ڕیزەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوە لە سێدارە دراون و گولەباران كراون و جۆرەها ئەشكەنجە دراون،چونكە یەكێتی بە تەنها ترس و تۆقێنەری بەعسیەكان و ناحەز و جاش و خۆفرۆشەكان بوو،چونكە هەموان تەنها یەكێتیان بەسەرە نێزەی خەباتی كوردایەتی ڕاستەقینە دەزانی ،چونكە یەكێتی خاوەن سەركردەی كاریزمای وەك هەڤاڵ مام جەلال و خاوەن ڕچە و ڕێباز و فكر و ئایدیای كوردایەتی ڕاستەقینە بوو،چونكە یەكێتی خاوەنی قوربانی و گیانفیدایی بێ ڕتوش و یەك ئاڕاستەی كوردایەتی بوو،چونكە یەكێتی هیچ كات و بە ئاسانی دەستەمۆی دوژمنان و داگیركاران نەدەبووەوە و سازشی لەسەر یەك بستە خاكی كوردستان نەدەكردو لە پێناو دەسكەوتی تەسك و بچوكی حیزبی و سەركردە و بنەماڵەدا خۆی نەدەخستە باوەشی داگیركارانەوە،چونكە یەكێتی هەمیشە خۆی بەنمایندەی چینی هەژار و خانوە قوڕەكان و گوندنشینەكان دەزانی لەگەڵ ئەوەی كە یەكێتی بۆخۆی حیزبی هەموو چین و توێژەكانە و حیزبی خوێندەوار و ڕۆشنبیران و ئەدەبدۆستان و شاعیر و نوسەران و هونەرمەندان و خەڵكی تەواوی شار و شارۆچكە و گوندەكان دەزانی.بەمانایەكی ووردتر یەكێتی هەڵقوڵاوی ناو ناخ و دەروونی جەماوەری كورد و كۆمەڵگەی كوردەواری بوو،یەكێتی لەجەماوەر و بۆ جەماوەریش خەباتی دەكرد لە پێناو بەدیهێنانی ژیان و گوزەرانێكی پڕ ڕەفاهیەت دوور لە دیاردە قێزەونەكانی گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەكسانی،هەربۆیە یەكێتی بەدرێژایی خەباتی خۆی لە شاخ و لە شاریش جێگەی متمانەو باوەڕی زۆرینەی جەماوەری میلەتەكەمان بوو.

- كاتێكیش یەكێتی بەداخەوە لە شاڕێگا ڕاستەكەی خەباتی كوردایەتی لایداو لەجیاتی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی زۆرینەی گەل ،دوای كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و بەرژەوەندی نوخبەیەكی كەمینەی سەركردایتی و دەستڕۆیشتوان كەوتوە و یەكێتیان خستۆتە ژێر بەرژەوەندیە تاك و بچوكەكانی خۆیانەوە و دوركەوتونەتەوە لە جەماوەر و جەماوەریان لەخۆیان و بیر و ڕێبازەكەشیان تۆراندوە،هەربۆیە یەكێتی لەدوای توڕەبوونی جەماوەر ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو لاوازی و بچوكبونەوە دەچێت ،یەكێتی هیچ كات لە شەڕ و شۆڕشدا شكستی نەخواردوە و گەر شكستێكی كاتیشی توش بوبێت چونكە جەماوەرەكەی خۆی لەپشت بوە بەسەركەوتویی قۆناغەكانی تێپەڕاندوە و بەبەهێزترەوە هاتۆتەوە مەیدان،بەڵام لەئێستادا چونكە جەماوەرەكەی پشتیان تێكردوە بە ئاسانی ناگەڕێتەوە ئەو سەردەمە زێڕینانەی، جابۆئەوەی یەكێتیەكەمان بكەینەوە بەو یەكێتیە پڕسەروەریانەی جاران و لەڕێگەی ئەم كۆنگرەیەوە بتوانین پرۆسەی هەستانەوە و نوێبونەوەی تیادا بەرجەستە بكەین ،ئەم پێشنیازانە دەخەینە بەردەم كۆنگرە:-

١.چاوخشاندنەوەی وورد و بەدیقەت و زانستیانە و واقعیانە بەسەر پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیداو گونجاندنیان بۆ قۆناغی ئایندە.

٢. كەمكردنەوەی ژمارەی كادرانی مووچە خۆری حیزب و بارەگا و ئۆرگانەكان لە پێناو كەمكردنەوەی خەرجی و زۆركردنی داهات بۆئەوەی بتوانرێت لە قۆناغی ئایندەدا یەكێتی بتوانێت ڕابگات بە ئیدارەدانی نێوماڵی خۆی.

٣. تێکەڵکردنی هەندێك لە ئۆرگان و مەکتەبەکان بەتایبەتیش ئەوانەی کە سروشتی کارەکانیان لێکەوە نزیکەو دەتوانرێت بەهەمان ژمارەی کادر و بارەگا ئەرکە حیزبیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

٤. لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێدا، خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانستی دیاریبکرێن لەگەڵ ڕێزگرتن لەخەباتی هەڤاڵانی دێرنیشدا و ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی لە ٥٠ هەڤاڵەوە کەمبکرێتەوە .

٥. دیاریکردنی دەسەڵات و ئەرکەکانی هەموو ئۆرگان و ئاستەکان بەڕوونی بۆئەوەی هیچ کەس و ئۆرگانێك سەرپێچی و زیادەڕەوی نەکات لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

٦. پابەندبوون بەبەستنی کۆنگرە ئاساییەکانەوە لەماوەی(( ٣–٤ ))ساڵدا سەرەڕای هەمو ئاستەنگ و مەترسیەکان.

٧. هیچ سەرکردەو هەڤاڵێك بۆی نەبێت لە دووخول(( ٨ ساڵ )) زیاتر خۆی کاندید بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سکرتێری گشتی.

٨. دەبێت یەکێتی سکرتێر یان سەرۆکی حیزب دیاریبکات و هەڵببژێرێت که لەڕووی جەستە و فکر و جوڵە و تەندروستی و ناو وناوبانگی ناوخۆیی و ناوچەییەوە شیاو بێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی یەکێتیەکی گەورە و فروان و بەهێز، چونکە سروشتی یەکێتی وەکو هەندێك حیزب نیە هاوسەرۆك یان لەڕێگەی لیژنەی چەند کەسیەوە ببرێت بەڕێوە.

٩. یەکێتی کار بۆ پێگەیاندنی کادر لەهەموو بوارەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و هەڵبژاردن و پەیوەندیەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان و حکومەت و...هتد بکاتەوە بۆ ئاییندە و بۆئەوەی هەموانیان ساز و ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی حیزبی وحکومی و پەرلەمانی و بەبەرنامەیەکی پێشوخت بیانناسێنێت بە جەماوەر.

١٠.یەکێتی دووربخرێتەوە لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و دووربخرێتەوە لە هەژموون و سایە و ئاڕاستەکردنی بەرەو بە بنەماڵەیکردن و حیزبی نوخبە و ناوچەگەری تەسك و بچووك و یەکێتی وەکو حیزبێکی سەرتاسەری کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی بمێنێتەوە و بەهەمانشێوە بەردەوام بێت لەسەر بیروباوەڕ و تێز و فکر و ڕێبازی پێشکەوتوخوازی وسەردەمیانە و هەڵگری بیروڕای سۆسیال دیموکرات و لیبڕاڵ و بە هەڵگری دروشمەکانی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری و مافی چارەنوس بمێنێتەوە.

- بەم شێوەیە دەکرێت ئەم کۆنگرەیە و لەڕێگە چێکردنی ئەم گۆڕانکاریانەو دەیان پێشنیازی بەسوودی ترەوە،یەکێتیەکەمان بکەینەوە یەکێتیەکەی جاران و سەردەمە زێڕینەکانی بۆ بگێڕدرێتەوە و بکرێتەوە جێگە متمانەی زۆرینەی جەماوەر و بیکرێتەوە حیزبی پلە یەك لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکەشدا و بگێردرێتەوە بۆ زەمەنە پڕسەروەریەکانی سەردەمی ڕابەرایەتی نەمری یەکێتی و گەل و نەتەوەکەشمان ڕەوان شاد هەڤاڵ مام جلال.

## ١٨
## ئەرکەکانی یەکێتی دوای بەستنی کۆنگرە ...

- سەرەتا ئومێدم زۆرە کە کۆنگرەی گشتی چوارهەم بەسەرکەوتویی ببەسرێت و سەرجەم ئامانجەکانیشی بهێنێتەدی و هەموانیش دڵخۆش بکات و بمانگێڕێتەوە سەر شەقامە گشتی و شاڕێگاکەی خەباتی ڕاستەقینەی کوردایەتی و یەکێتیانە،بۆیە هەرگیز بەلایەنی نێگەتیڤ و نەرێنی بیر لە دەرئەنجامەکانی کۆنگرە ناکەمەوە،چونکە باش دەزانم هەموو هەڤاڵانی یەکێتیە ڕاستگۆ و ڕاستەقینەکان و کوڕانی ڕۆژانی تەنگانە و خەمخۆرانی ئایندەی یەکێتی و گەلەکەمان گەلێك زۆر و بەپەرۆشن بۆ بەهێزکردنەوەی یەکێتی،کوڕانی یەکێتی هەمیشە لەکاتی تەنگانەدا هەموو ململانێ و جیاوازیەکانیان وەلادەنێن و هەموان دەگەڕێنەوە ژێر چەترە گەورەکەی یەکێتی و پێکەوە بەیەك دەست و بەیەك دڵ و بە یەك تەکان هەوڵدەدەن بۆ هەستانەوە و بەهێزکردنەوەی یەکێتی.مێژووی خەباتی ڕابووردوی یەکێتیش شاهید و گەواهیدەرێکی ڕاستگۆیانەیە لەسەر ئەم گوتەیەمان.

- بۆیە لەو ڕوانگەیەوە و لە ئەنجامی سەرکەوتنی کۆنگرەو کۆتایهاتنی کارەکانی ،کۆمەڵ گەلێك ئەرك دەکەوێتە سەر ئەستۆی سەرکردایەتی نوێی یەکێتی و سەرجەم ئۆرگان و کادرەکانیش،بۆئەوەی هەموان دوای پەسەندکردنی

پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بکەونە خۆ هەریەکە لە پێگە و سنور و دەسەلاتی خۆیەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان کە بریتین لە:

١. چونەوە ناو خەڵك و جەماوەر،بۆ بەدەنگەوە چوون و جێبەجێکردنی داواکاریە ڕەواکانیان و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ یەکێتی وداوای لێبوردن کردنە لێیان لەهەڵە و کەموکوڕیەکانی ڕابووردوو، چونکە یەکێتی بەبێ جەماوەرە دڵسۆزەکەی ناتوانێت هەنگاوێك بۆ پێشەوە بهاوێژێت و باری لار و لاوازی خۆی ڕاست بکاتەوە، چونکە جەماوەر خاوەن و سەرچاوەی هەموو ڕەوایەتیەکە بۆ هەر حیزب و دەسەلات و سەرکردەیەك،چونکە تەنها جەماوەر خوڵقێنەری موعجیزەکانی سەرکەوتن و گەشەکردن وبەردەوامبونەکانی حیزبی سیاسیە.تا یەکێتی خۆی خاکی نەکاتەوە و تا خۆی یەکسان نەکاتەوە لەگەڵ زۆرینەی ژیان و گوزەرانی جەماوەردا هەرگیز ناتوانێت ببێتەوە بە حیزبی پلە یەکی کوردستان و جێگەی متمانەی جەماوەرەکەی.یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا بەبیروباوەڕ و هێز و توانای تێکۆشەرانی بیرو بازوی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان گەورەبوەو بەهێزبوە و خۆی ڕاگرتوە، نهێنی سەرکەوتن و مانەوەی یەکێتی تەنها بەگەڕانەوەیەتی بۆ ناو جەماوەری گەلەکەمان، گەل بۆخۆی سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو و نەمری سەرهەڵدان و دروستبوونی هێز و توانا و شۆڕش و دەسەلاتەکانە،بۆیە گرنگیدان بە خزمەتکردنی جەماوەر و کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت ببێتە ئەرکی سەرەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

یەکێتی دوای کۆنگرە دەبێت لە ڕێگەی پرۆگرامێکی زانستی و واقعیانە کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئایندەی هەرێم و عێراق و ناوچەکەدا لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و فەرهەنگیەوە خۆی بخزێنێتەوە ناو ڕیزەکانی جەماوەر و ناو دڵ و دەروونی جەماوەر و بتوانێت سۆز و بیر و هەستیان ڕووبکاتەوە یەکێتی و بەرنامەکانی، جەماوەری گەلەکەمان لەم قۆناغەدا و دوای تێپەڕبوونی زیاد لە ٣ ساڵ بەسەر قەیرانی دارایی و دوای شکستە سەربازی و سیاسی و ئابوریەکانی کوردستان لەدوای چێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ٩/٢٥دا، داگیرکردنەوەی ٥١٪ خاکی کوردستان بە کەرکوکی قودسی کوردستانیشەوە و گەڕانەوەی هێز و توانا و جوگرافیای کورد بەگشتی بۆ خاڵی دەستپێکی ٢٦ ساڵ لەمەوبەر و بە دیاریکراویش گەڕانەوە بۆسنورەکانی ساڵی ١٩٩١،کەوتۆتە دۆخێکی هەمەلایەنەی زۆر دژوارەوە و چیدی توانای بەرگەگرتنی نەماوە،گەر گۆڕانگاریەکی خێرا بەسەر بارودۆخی ئابوری و گوزەرانی خەڵکیدا نەهێنرێت ئەوا بەدڵنیایی جەماوەر زۆر توڕەو زویرە و دوور نیە جامی خەشم و قینی نەڕێژێت بەسەر هەموو سەرکردە و حیزبە سیاسیەکاندا بە یەکێتیشەوە،بۆیە ئەرکی لە پێشینەی یەکێتیە کە بکەوێتە خۆو لەدوای کۆنگرە بەهەر شێوە و میکانیزمێك بوە چارەسەرێکی بەپەلە بدۆزێتەوە بۆ ئەم دۆخە و بەم کارەش دەتوانێت دەستپێشخەری سیاسی بگێڕێتەوە لای خۆی و لەلایەکی تریشەوە ببێتەوە جێگە متمانەی جەماوەری گەلەکەمان و هەربەم هەنگاوەش دەتوانێت دەسکەوتی گەورەی حیزبی و نیشتیمانی وەدەستبهێنێت و بشتوانێ بۆ دەیە ساڵێك لەبەری ڕەنجی ئەم هەنگاوەی بخوات و درێژەش بەهێز ومانەوە و دەسەلاتی خۆی بدات وەك حیزبێکی سیاسی گەورە و گرنگ و کاریگەر و خاوەن جەماوەر و دەستپێشخەری سیاسی.

بەبێ ئەنجامدان و هەنگاونان بەو ئاڕاستەیە ((بەئاڕاستەی باشکردنی ژیان و گوزەران و دابینکردنی مووچەی مانگانە و بوژاندنەوەی بازاڕ و ئابوری و بازرگانی)) مەحاڵە هیچ حیزبێك لە کوردستاندا ببێتە جێگە متمانەی جەماوەر و جەماوەریش لێیان خۆش ببێت. بەتایبەتیش کە جەماوەر و زۆرینە وای بۆدەچن کە یەکێتی و پارتی بەرپرسی یەکەم و سەرەکین لەم نەهامەتیانەی کەبەسەریاندا هاتوە، جا بۆئەوەی یەکێتی ئەم بیروڕاوبۆچونەی جەماوەر بگۆڕێت دەربارەی خۆی و لەپێناو مسۆگەرکردنی ئایندەدا دەبێت کاری سەرەکی و لە پێشینەی بریتی بێت لەجێبەجێکردنی ئەو داواکاری و مەتڵەبە ڕەوایەی جەماوەر.دواتر دەتوانرێت بەرنامە و پلانی وردتر دابنرێت بۆ چۆنێتی هەستانەوە و بوژاندنەوەی سەرجەم کەرت و بوارەکانی ژیان لە ئاوەدانی و ژێرخان و وەبەرهێنان و زانست و فێرکردن و پەروەردە و تەندروستی و ..هتد.

لە ئێستادا هیچ کارێك هێندەی ئاسایکردنەوەی دۆخی گوزەران و ژیانی تاك و کۆمەڵگا گرنگ نیە،لەبەر هەستیاری ئەم مەسەلەیەش ئەوەتا بەغداد و وڵاتانی دەوروبەریش بە ووردی و بەپیلانی پێشوەختە کار لەسەر گەورەکردن و قەبەکردنی تورەیی و بێزاری جەماوەری میلەتەکەمان دەکەن.بۆئەوەی هەر بەدەستی جەماوەر ئەم دەسەڵات و ئەزمونی حوکمڕانیە لەناو ببەن و دواتریش خۆیان بکەنە فریادڕەس و لە فراوانترین دەرگاوە بگەڕێنەوە کوردستان وحوکمڕانی گەلەکەمان  بە ئاگر و ئاسن بکەن و مێژووی ڕەشی دەسەڵاتی داگیرکەران دووبارە بکەنەوە،جا تاکار لەکار نەترازاوە و ئەم  پاپۆڕەی کەهەموانمانی تیادایین نغرۆ نەبوە  ئەرکی هەموانە و لەناویشیاندا یەکێتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

- یەکێتی دەبێت لە ئایندەدا بەبڕیاری کۆنگرە هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان بکات ،دوور لە بۆچونی کەسی و گروپەکان ودەبێت  تێڕوانین و بەرنامە و ئاڕاستەی نوێی خۆی بەهەموان بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنێت و پێش هەر هاوپەیمانی و ڕێکەوتنێك دەبێت بەرژەوەندی میلەت و جەماوەر و دواتریش بەرژەوەندی یەکێتی نەك کەس و گروپەکان لەبەرچاو بگرێت، هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای هەبێت دەربارەی حومکڕانی و سیستمی بەڕێوبردن و کار و پلان و پەیوەندی و سیاسەت و ئابوری و حکومەتی هەرێم، نابێت لەدوورەوە تەماشاکەر بێت یان لەنزیکەوە شەریکێکی بیٰ دەسەلاٰت بێت، نابێت ببێتە قۆچی قوربانی بۆ سەرکردە و لایەنی تر، نابێت هەڵە و کەموکوڕی کەس و لایەنی تر داپۆشێت، نابێت ببێتە پاشکۆ و گوێڕایەڵی هیچ کەس و لایەنێك ،دەبێت ئەمین و سەڕاست بێت لەبەرامبەر خودا و خەڵك و یەکێتیدا،دەبێت دووربکەوێتەوە لە دیاردەکانی گەندەڵی و نادادپەروەری و شاردنەوەی سەروەت و سامانی وڵات کە لە قۆناغی ڕابووردوودا یەکێتی باجی زۆر گەورەی ئەو هەڵانەی داوەتەوە،دەبێت بەهەق یەکێتی ببێتە خزمەتکارێکی ڕاستگۆی میلەتەکەمان هەربەمەش یەکەم ئەرکی سەرەکی خۆی لە بەرامبەر مێژوو و خەباتی چەندین ساڵەی خۆی و لەبەرامبەر جەماوەری میلەتەکەمان و دۆست و لایەنگرانی یەکێتیدا جێبەجیٰ دەکات، گەر ئەم ئەرکە لە پێشینەیە جێبەجیٰ نەکات یان پشتگوێی بخات و کەمتەرخەمی تیادا بکات و هەڵەکانی ڕابووردوو دووبارە بکاتەوە،ئەوا ئەستەمە یەکێتی بتوانێت هەستێتەوە و خۆشی نوێبکاتەوەو بەردەوامیش بێت.

## ١٩
## ئەرکەکانی  یەکێتی  دوای بەستنی کۆنگرە ...

٢. ئەرکی دووەمی یەکێتی دوای کۆنگرە بریتیە لەدەستگرتن بە جێبەجێکردنی برگە و مادەکانی  پڕۆگرامەوە ، کە دەبێتە نەخشە ڕێگای کارکردنی یەکێتی لانی کەم بۆ ماوەی ٣-٤ ساڵی ئایندە و تا بەستنی کۆنگرەی داهاتوو،چونکە مصداقیەت و ئاستی ڕاستگۆیی سەرکردایەتی نوێی یەکێتی لەبەرامبەر خۆی و ئەندامانی یەکێتی و جەماوەری میلەتەکەشماندا بریتیە لەوەی تاچەند ڕاستگۆدەبێت لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە و نەخشە ڕێگایەدا و تا چەند خاوەن بەڵێن و لەجێگەی متمانەی نوێنەرانی کۆنگرەدا دەبن کە نوێنەرایەتی سەرجەم کادر و ئۆرگانەکانی یەکێتیان کردوە لە کۆنگرەدا، بۆیە چیدی لەدەرەوەی ئەم بەرنامە پەسەندکراوەی کۆنگرەیەدا نابێت هەوڵی تاکە کەسی یان دەستەی جیاواز بدرێت بۆ داتاشین و هێنانەکایە و دروستکردنی بەدیل بۆ ئەم بەرنامەیە،چونکە لە ڕابوردوو یەکێك لە کێشە هەر گەورەکان ئەوەبوو کە هەمووان ببونە دەستە و گروپی جیاواز و هەریەکەش خۆی بەخاوەن هەق دادەنا و خۆی دەکردە دەمڕاست و هەڵدەستا بە دانان و داتاشینی بەرنامە و نەخشەڕێگا و پرۆژەی جیاواز جیاواز کە هیچیان نمایندەی زۆرینەی ڕاوبۆچونی یەکێتیان نەدەکرد، بەڵکو تەنها لە جوغزی بیرکردنەوە و بەرژەوەندی دەستە و گروپەکانی خۆیان تێپەڕیان نەدەکرد ،هەربۆیە هیچ کام لەو پرۆژانە نەدەکەوتنە بواری جێبەجێکردنەوەو هەموانیش لە بازنەیەکی بۆشدا دەسوڕانەوە، بۆیە لەدوای کۆنگرە ئەمە ئەرکێکی گەورەی سەرشانی سەرکردایەتی و تەواوی ئۆرگانەکانی یەکێتیە کە نابێت لێی غافڵ بن.

٣.ئەرکێکی تری یەکێتی دوای کۆنگرە،بریتیە لە پابەندبوونی هەموان بە سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕ و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەواوی ئۆرگانی ترەوە لەمەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتەکانیش.بە

جێبەجێكردنی خاڵ بەخاڵی مادە و برگەكانی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی كە پەسەندكراوی كۆنگرەی گشتی چوارهەم دەبێت.لای هەموان ئاشكرایە لە قۆناغی ڕابووردوودا یەكێك لە كێشە گەورەكان ئەوەبوو كە هیچ كەس و ئۆرگانێك پابەندنەبوون بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەربۆیە ژیانی حیزبایەتی لەنێو یەكێتیدا لەگرێژەنە چووبوو،هەموان ئەرك و دەسەڵاتی خۆیان لەبیر كردبوو هەبوو سەرپێچی وزیادەڕەوی دەكردو هەشبوو هیچ ئەرك و دەسەڵاتەكانی پیادە نەدەكرد، بەهێز لاوازەكانی دەخوارد،یاسا یاسای دەستڕۆیشتوو باڵ و دەستە بەهێزەكان بوو،بۆیە یەكێتی دابەشببوە سەر چەندین ئاڕاستە و گروپ و دەستە،چونكە هیچ مەرجەعێك و ڕوانگە و سەرچاوەیەكی ڕاست و دروست و خاوەن شەرعیەت نەمابوو ،بۆیە هەریەكە شەرعیەتی بەخۆی دەدا،بەڵام لەدوای كۆنگرە دەبێت پەیڕەوی ناوخۆ ببێتە مەرجەعی سەرەكی ئیشكردن وتەنها بەم كارەش دەتوانین ژیانی حیزبایەتی و دیسپلین و بنەما سەرەكیەكانی كاركردن و سەرەتا شۆڕشگێڕیەكان ببوژێنینەوە و بنەماكانی پاداشت و سزا و ئیلتیزامكردن و چەسپاندنی یەك ناوەندی بڕیار زیندووبكەینەوە،بۆیە دووركەوتنەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب دووركەوتنەوەیە لە ژیانی ڕێكخراوەیی و ڕێكخستن لەهەموو بوارەكاندا بۆیە كاركردن بە پەیڕەوی ناوخۆ سیمای گەش و دیاری حیزبی سیاسی سەركەوتو و بەدسپلینە.بەبێ كاركردن بە پەیڕەوی ناوخۆ ژیانی حیزبایەتی دەبێتە فەوزا و بێسەروبەری.بۆیە یەكێتی لەچەند ساڵی ڕابووردوودا ئەزمونێكی تاڵی بینیوە بەو دووركەوتنەوەیەی لە پەیڕەوی ناوخۆ ،بۆیە ناكرێت دوای كۆنگرە هەمان ئەزمونی تاڵ دووبارە ببێتەوە.

٤.یەكێك لە ئەركەكانی تری یەكێتی لە قۆناغی دوای كۆنگرەدا،بریتیە لە دەست گرتن و كاركردنی جدیەتی لە پێناو دەستەبەركردنی دروشمە مەركەزی و ناوەندیەكانی خۆیدا كە تائێستاش بریتین لە (( ئاشتی و دیموكراسی و ئازادی و مافی چارەنوس و مافی مرۆڤ و دادپەروەری كۆمەڵایەتی)).

- چونكە یەكێتی بۆخۆی حیزبێكی ئاشتیخواز و پێشكەوتوخواز و ئازادیخوازبوە و لە پێناو هەڵگرتن و نەمانی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری دەرەكی و ناوەكی و داگیر و دابەشكردن لەسەر گەلەكەمان دروستبوە و دامەزراوە،لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی ناوخۆی گەلەكەمان و نێوان حیزبە سیاسیەكان و ناوچەكە و دونیاشدا كار دەكات،چونكە یەكێتی باش دەزانێت جگە لە ژینگەیەكی ئاشتی و ئارام و دوور لە جەنگ و تۆقاندن و تیرۆر ،ناتوانێت گەشە بكات و بەردەوام بێت و خزمەتیش بەگەلەكەمان بكات.((نمونەی زیندووش جەنگەكانی ناوخۆیی و جەنگ دژی تیرۆریستانی توندڕەوانی هێزە ئیسلامیە كوردیەكان و داعش و قاعیدەو...هتد)) بون.
- یەكێتی ئەركی بەگژداچونەوەی هەموو جۆرە پێشێلكردنێكی مافەكانی مرۆڤ لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز هاتە مەیدانی خەبات، یەكێتی لەپێناو دیاریكردن و وەدەستهێنانی مافی چارەنوسی گەلەكەمان دەستی داوەتە خەبات و شۆڕش وەك بەشێك لەمافی مرۆڤ لە جیهاندا ،چونكە میلەت و نەتەوەی كورد بەشێكی زیندوو دانەبڕاوی نەتەوە جیاوازەكان و كۆی مرۆڤایەتیشە.
- ئەركێكی گرنگ و ستراتیژی تری یەكێتی دەبێت كاركردن بێت بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنوسی گەلەكەمان تا ئەوپەڕی و بە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردیشەوە،چونكە یەكێتی زیاد لە ٣٠ ساڵە و هەر لەسەرەتای دامەزراندیشیەوە یەكێك لە ئەرك و دروشمەكانی بریتی بوە لە مافی چارەنوسی گەلەكەمان و قۆناغی ئۆتۆنۆمی و لامەكەزی تێپەڕاندوە و هەوڵ وكۆششی خۆشی داوە لە چەسپاندنی فیدراڵیەت بەباشترین شێواز و گەر شكست و نسكۆیەكیش ڕووبەڕووی بوبێتەوە،ئەوا هەرگیز ئەو ئەركەی لەیادنەكردوە و تا دوا چركە ساتی خەباتی خۆی كار بۆ وەدیهێنانی دەكات، و نابێت یەكێتی لەم بابەتەدا ببێتە پاشكۆی هیچ حیزب و سەركردەیەكی تر و دەبێت هەمیشە پێشەنگ و ڕابەر و هەڵگری دروشمی مافی چارەنوسی گەلەكەمان بێت.
- یەكێتی هەمیشە لایەنگری دادپەروەری بوە بۆ تاك و كۆمەڵگای كوردەواری ،هەرچەندە لە قۆناغە جیاوازەكاندا كەمتەرخی هەبوە لە پیادەكردنی ئەو بنەماو دروشمەدا چ لەسەر ئاستی ناوخۆی خۆی چ لە سەر ئاستی كۆمەڵگای

کوردەواریشدا،بەداخەوە لە ئەزمونی ٢٦ ساڵەی ڕابووردوودا بەهێندەی ئەم قۆناغە جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا دروست نەبوە،چینێکی زۆر هەژار و دەستکورت و چینێکی دەوڵەمەند و سەرمایەداری زەبەلاح و ئیدی جێگەیەك نەماوەتەوە بۆ چینی مام ناوەند کە کاریگەری باش یان خراپ بکاتە سەر دۆخی ئابوری و سیاسی وڵات.بۆیە دەبێت یەکێتی لە ئایندە لە پێدانی پۆست و پلە و ئیمتیازات بە ئەندام ولایەنگرانی خۆی ولە دابەشکردنی سەروەت و سامانی میلەتیش بە جەماوەر یەکسان و دادپەروەر بێت و ئەزمونی ڕابووردوو دوبارە نەکاتەوە.

- دەربارەی چەسپاندن و دابینکردنی زیاتر و پاراستنی دیموکراسی و ئازادیەکانیش بۆ تاك و کۆمەڵگا و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیی و دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندنەکانیش ،ئەرکێکی تری یەکێتی دوای کۆنگرەیە،یەکێك لەسیما هەرە گەش و جوان و درەوشاوەکانی یەکێتی بەدرێژایی خەباتی ٤٢ ساڵەی خۆی لە شاخ و لەشار بریتی بوو لە زامنکردنی دیموکراسی و ئازادیەکان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ،هەر ئەمەشە وایکردوە کە یەکێتی وەکو هێزێکی ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز ببێتە جێگەی متمانەی دۆست و نەیارەکانیشی و ئەم پاراستن و دابینکردنەی دیموکراسی و ئازادیەکان لەناوچەی جێگە نفوزی دەسەلاتی یەکێتیدا بۆتە سیمایەکی دیارو خۆشەویست و ڕێزلێگیراو لەناوخۆ و ناوچەکە و دونیای دیموکراسی ئەوروپا و ڕۆژئاواشدا.بۆیە دەستگرتن و سووربونی یەکێتی بەم بنەما و دروشمە مەرکەزیانەیەوە بۆتە ئەرکێکی لەمێژینە و لە پێشینەی یەکێتی و بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی یەکێتی لە حیزب و لایەنەکانی تر.

- بۆیە جێبەجێکردنی ئەم کۆمەڵە ئەرك و دروشم و بەرنامە و پابەندبونیان پێیانەوە،گرەنتی و زامنی هەستانەوە و نوێبونەوەی یەکێتین لە قۆناغی ئایندەدا،جگە لەمانە و دوورکەوتنەوەو لەرێگالادان لەو بنەماو ئەرکە مرۆڤانە و شۆڕشگێڕانە و کوردانەیە هیچ ڕێگەیەکی تر لەبەردەم نوێبونەوە و گەشەکردنی یەکێتیدا نیەو دەبێت سەرکردایەتی نوێ و تەواوی ئۆرگانەکان کاری جدی و لەبننەهاتوو بکەن بۆ سەرخستنیان لە پێناوی مانەوە و بەردەوامبونی یەکێتیدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو دونیاشدا.

## ٢٠
## ئەرکەکانی یەکێتی دوای بەستنی کۆنگرە ...

٥. ئەرکێکی تری یەکێتی دوای کۆنگرە، ڕووکردنە کاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە،پێویستە یەکێتی لەدوای کۆنگرەوە بە بەرنامە و هێز و توانای خۆیەوە لەئایندەدا لەهەر کابینەیەکی حکومەتی هەرێمدا بەشداریبکات و پێداگیری بکات لە پشکی هەڵبژاردنەکانی خۆی و هیچ پۆست و پلەیەکی حکومی فەرامۆش نەکات و پشتگوێی نەخات،هەوڵبدات باشترین و سەرکەوتوترین کادرەکانی خۆی بخاتە ناو ڕیزەکانی حکومەتەوە بۆئەوەی جوانترین و باشترین نمونە پێشکەش بە میلەتەکەمان بکەن و ڕووی یەکێتی گەشاوەتر بکەن،پێویستە کادرەکان دوای هەڵسەنگاندنی وورد و لەسەر بنچینەی خاوەن بڕوانامەو ئەزمونی پراکتیکی و تەمەن و توانا و لێهاتوویی کاندید بکرێت چ بۆ حکومەت چ بۆ پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش، دەبێت لە ئایندەدا دابەشکردن و پێدانی پۆستەکان عەدالەتی تیادا بێت ولەسەر بنچینەی دەسەتەگەری و ناوچەگەری و خێڵ و مەحسوبیەت و مەنوسبیەت نەدرێت بەکەسانی نەشیاو. پێویستە یەکێتی بۆئەوەی سەردەمی زێڕینی خۆی بگێڕێتەوە و لە خزمەتی میلەتدا بێت و جەماوەر لەخۆی ڕازیبکات دەبێت شیاوترین کادرەکان بۆ پۆستە حکومەیەکان کاندیدبکات و هەڵەکانی ڕابووردوو دووبارە نەکاتەوەو کادرێك کە پشت و پەنای نەبێت هیچ سوودمەند نەبێت و کادرێکیش چونکە نزیکی لێپرسراوێکە ئیتر دەبێت بە ئاسانی سەربەکەوێت و بگاتە پۆست و پلەو ئیمتیازات.تەنها لەبەر وەلائی کەسی،پێویستە هەموان تەنها وەلائمان بۆ یەکێتی و بەرنامەکەی بێت نەك کەسەکان.یەکێتی دەبێت لەئایندەدا بەم چەشنەی ئێستا مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا نەکات ،دەبێت وەزیر و وەزارەتەکانی یەکێتی ببنە نمونەی وەزارەتی سەرکەوتوو،دژی

دیاردەکانی گەندەڵی و بەرتیل و ڕەشوە وەرگرتن بوەستنەوە،هەوڵی بە دامودەزگایکردنی وەزارەتەکانیان بدەن، ڕێگەنەدەن کە هیچ لایەنێك تێبینی و مەرجی خۆی بسەپێنێت لەدانانی نوێنەر و کادرەکانی یەکێتیدا،یەکێتی نابێت چیدی پاشکەوتە و گوێڕایەڵی هیچ حیزب و سەرکردەیەك بێت.دەبێت باش لە گەمە و فرتوفێڵ و بۆسەکانی ئەوانی تر تێبگات و پارێزگاری لەبون و مانی خۆی بکات.دەبێت لە حکومەتی هەرێم و حکومەتە لۆکاڵیەکانیشدا هەوڵی خۆ بەهێزکردن و بەشداریکردنی جدی بدات.

٦. ئەرکێکی تری یەکێتی بریتیە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش ،بە تایبەتیش ئەوانەی دەکەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ دەستورەوە و بەناهەق دابڕێنراون لە هەرێمی کوردستان،یەکێتی بەو پێیەی حیزبێکی گەورە و فراوانە و خاوەنی دەیان هەزار کادر و لایەنگرە لە سەرتاپای عێراقدا،نابێت ڕێگە بدات بکرێتە حیزبێکی لۆکاڵی بچوك و بێ دەسەلأت،دەبێت یەکێتی لە بەغداش هەموو ئەو پشکە حکومیانەی کە بەریدەکەوێت پڕبکاتەوە و ڕێگە نەدرێت بەشی بخورێت،چەندین ساڵە بەدەیان کادری یەکێتی دڵسۆز و بەتوانا بێبەشکراون لە بەشداریکردن لە پۆستە حکومەیەکانی بەغداد کە زۆربەیان بەهۆی کێشە و ململانێکانی نێوخۆی یەکێتیەوە بوە.

٧. ئەرکی جدی یەکێتی بۆ ئایندە دەبێت هەوڵ بدات بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بڕگە و مادەکانی دەستوری عێراقی بەتەنها و پێکەوەش لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکانی ترداو بەتایبەتیش مادەی ١٤٠ دەستور کە تایبەتە بە کەرکوك و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی ترەوە.ئەوەی کە لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە خاکی نیشتیمان لەدەستماندایەوە بە شەڕ، دەبێت بە ئاشتی و لەڕێگەی دەستورەوە بیگێڕێنەوە،ئەوەش هەوڵ و هیمەتی هەموانی دەوێت و یەکڕیزی و یەك کرداری و یەك گوتاری هەموو کوردی گەرەکە.

٨. ئەرکێکی تری یەکێتی وەکو حیزبێکی خاوەن ڕابووردووی خەبات لەگەڵ هەموو حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی عێراقدا بەسونە و شیعەیانەوە،لەگەڵ هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان پەیوەندی توندتۆڵ و گەرموگوڕ چێ بکاتەوە و ڕێگە نەدات ساردی و دووبەرەکی بکەوێتە نێوان گەلی و کورد و عەرەبەوەو پێداگیریش بکات لەسەر مافە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان و یەك و یەکگرتووی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

٩. ئەرکی یەکێتی دوای کۆنگرە،بریتیە لە توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران و تورکیا و عەرەبیەکانیش،کە هەمیشە ئەوان بەباش یان خراپ کاریگەریان هەیە و دەشبێت لەسەر مەسەلەی کورد و یەکێتیش چەندە بتوانێت پەیوەندیەکانی توندوتۆڵ بێت ئەوەندە دەتوانێت لانی کەم لەشەڕ و گێچەڵیان خۆ بەدوور بگرێت.

١٠. ئەرکێکی تری یەکێتی بریتیە لە ڕووکردنە پەیوەندیەکانی دەرەوەی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلأت و نوێنەرایەتی خۆی زیندووبکاتەوە وبەتایبەتیش لەگەڵ ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالی جیهانی کە هەڤاڵی ڕەوان شاد مام جەلال خەباتێکی بێوچانی کرد تاتوانی یەکێتی بکاتە ئەندامی کارا لەو ڕێکخراوە گرنگەدا،بەداخەوە ماوەیەکە کە هەموو پەیوەندیە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکانمان خاوبونەتەوە و سستبونە،گەرەکە کە نوێنەرانی نوێ و بەتواناتر دابنرێن لەو نوێنەرایەتیانەدا.

١١. گرنگی دان بەخەباتی مەدەنیانە لە دەرەوەی کوردستان و هەوڵی دروستکردنی لۆبی بەهێزی کورد بدرێت و لەسەر ئاستی نەتەوە و هەرچوار بەشەکە لە ناوخۆی کوردستان و ئەوروپا و ئەمریکاشدا پێکەوە خەباتێکی هاوبەشی کوردانەی ڕاستەقینە بکرێت بۆ پاڵپشتی مەسەلەی کورد لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا.

- بەم شێوەیە قۆناغی دوای کۆنگرە قۆناغێکی نوێیە بەمانای وشە و پێویستی بەهەوڵ و ماندوبونی زۆر و هی هەموانە پێکەوە،بۆئەوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابووردوو هەرچی کێشە و کەمتەرخەمی و کەموکوڕی کۆبۆتەوە سفری بکەینەوە و بەگوڕوتێنێکی نوێوە دەستبکەینەوە بەخەبات، کاتمان زۆر لەدەستداوە و دەبێت قەرەبووی بکەینەوە.ئیدی

سەردەمی کەمتەرخەمی و خوێنساردی و دەستەگەری و ململانێ نەماوە ،گەر بشبێت دەبێت لەسەر فکر و ڕێباز و چۆنێتی گەشەکردن و بوژاندنەوەی یەکێتی بێت.دەبێت پەند لەو قۆناغەی ڕابووردوو وەربگرین و ڕێگە نەدەین جارێکی تر خۆمان بخەینەوە بازنەیەکی بۆش و بێمانای ململانێ،دەبێت ئەو ڕاستیە بۆ هەموو لایەك دووپاتبکەینەوە کە ئەوە تەنها یەکێتیە توانیویەتی سەرەڕای ئەو هەموو ململانێ و کۆچکردنی سکرتێری گشتی و نەمانی مەرکەزیەتی حیزبی و ئەوهەموو پیلانە نامەردانانەی ناوخۆ و ناوچەکە بۆ قەتیسکردنی یەکێتی،بەلأم یەکێتی هەرماوە و بەپێوە ڕاوەستاوە و بەرگریەکی سەرسەختانە دەکات و دڵنیاشم لەجاران باشتر دێتەوە مەیدانی خەبات،ئەوە نهێنی سەرکەوتن و مانەوە و بەردەوام بوونی یەکێتیە، یەکێتی ڕاستەقینە بە خەبات و ماندووبونی کادر و سەرکردە و پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی وڕێکخستنە دێرینەکان و کەمئەندامانی سەنگەر و خانەوادە سەربەرزەکانی شەهیدان ماوەتەوە و هەر دەشمێنێت، دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی و کۆبونەوە و یەك و یەکگرتوویان مایەی مانەوە و هەستانەوە و نوێبونەوەی سەرلەنوێی یەکێتیە،هیچ حیزبێك گەر ئەو دۆخانەی یەکێتی بەسەریداهاتوە بەسەریاندا بهاتایە ئێستا داروپەردویان بەسەریەکەوە نەدەما.

ئەوە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە کە هەڵقوڵاوی ناوجەماوەری میلەتەکەمانە و جێگە متمانە و بڕوایانە و هەموان بە نمایندەی ڕاستەقینەی کوردایەتی و پارێزەری ئازادی و دیموکراسی و مافەکانیان دەزانن. بۆیە قۆناغی دوای کۆنگرە قۆناغێکی نوێی خەباتە لەسەدەی بیست و یەکەمدا ،چۆن یەکێتی توانی سەدەی بیست بگۆڕێت بە قازانجی سەرکەوتنی شۆڕش و خەباتی چەکداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی لەم باشورەی کوردستاندا ،ئاوهاش دڵنیام سەدەی بیست ویەکیش دەگۆڕێت بە سەدەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەشێوەی زنجیرە وتار بلأوکراوەتەوە کە لە ٢٠ زنجیرە پێکهاتبوو لە ڕێکەوتی نێوان ٢٠١٧/١١/٢٣ تا ٢٠١٨/٣/٦دا.

## ئەریٚ دەزانن ڕێبازی مام چیە و چۆنیش پارێزگاری لێدەکرێت؟*

• لە کتێبی ((مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری)) بەشی دووەم لاپەڕە ٣٨٦-٣٨٧ کە لەلایەن بەڕێز صلاح ڕەشیدەوە بەچاپگەیەنرا لەساڵی ٢٠١٧دا، جەنابی مام جەلال لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی بوونی فکرەیەك یان تەیارێك بەناوی جەلالیەتەوە یان(( جەلالیزم)) وەك (( مارکسیزم یان ماویزم)) دەڵێت (( من باوەڕ ناکەم جەلالیەت هەبێت،ئەگەر هەشبیٚ،یان هەبووبیٚ لە حەفتاکاندا،ئەوا تەواو بووە ))، هەروەها دەڵێت (( بەڕەئی من شتی وا نیە و وجودی نیە،شتێك نیە بەناوی جەلالیەت بێت،من وەکو خۆم فکرێکم نیە تەرحم کردبێت و خەڵك لە دەوری کۆبووبێتەوە،نە شێوەیەکی تایبەتی خەباتم داهێناوە و نە ڕێگایەکم هەیە و نە دروشمێکی تایبەتیم هەیە،لەبەر ئەوە جەلالیەت شتێك نیە وجودی هەبێت لەناو جوڵانەوەی کوردایەتی و میللەتی کوردا)).

ئەم وەڵامە پاك و پوخت و بیٚ گریٚ وگۆڵەی جەنابی مام لەلایەك خاکەڕایی و سادە و ساکاری و خۆلێنەگۆڕیوی و کەسایەتی کاریزمایی ماممان پیشان دەدات و لەلایەکی تریشەوە هەموو تولە ڕێگاکانی بڕیوەتەوە لەسەر ئەو کەس و بۆچونانەی کە دەڵێن مام ڕێبازێکی تایبەتی داهێناوە. ئەو بە زمانی خۆی دەڵێت تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم وەك مۆدیلێکی نویٚ (( ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی ))هێناوەتە گۆڕەپانی شۆڕش و خەباتی کوردایەتیەوە و هەرئەوەش ڕێباز و ڕچەی جەنابی مامە.

بۆیە ڕووی ئەم نوسین و وتارەم بۆ هەموو ئەندامانی یەکێتی لە سەرکردە و لایەنگر و دۆستەکانێتی،کە زۆر باش بزانن کە ڕێبازی مام تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و هیچی تر.چونکە لەم قۆناغە دژوارەی یەکێتی پێدا تێپەڕ دەبێت و لەدوای نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی جەنابی مامیش زۆرکەس لە سەرکردە  و کادر و ئەندام و خەڵکانی تریش،بەناوی ڕێبازی مامەوە و پارێزگاری لێکردنی ،گەلێك وتار و هەنگاو  دەنێن کە دوور و نزیك ناگاتەوە بە ڕێبازەکەی مام و هەریەکەش نیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە.

زۆرێك تەنها بۆ خۆبردنە پێشەوە لەماڵباتی مام و زۆرێکی تریش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکانی و زۆرێکی تریش بۆ وەدەستهێنانی پلە و پۆستی نویٚ و گەلێکی تریش بۆ خۆکردنە پاڵەوانی شاشەکان خۆدەکەنە قوتابی ڕێبازەکەی مام و بۆ پاکردنەوەی پەرێزی خۆیانە.کە هیچ کام لەم نیەت و کردارانە ناچنە چوارچێوەی خۆشەویستی و وەفا و پاراستنی ڕێبازەکەی مامەوە.

گەر هەمووومان  بە ڕاستی و ڕاستگۆیانە دەمانەوێت ڕێبازەکەی مام درێژە پێبدەین و بیپارێزین و بەشکۆ و گەورەیی و گەشاوەوە بیهێڵینەوە با تەنها هەموو خەم و هەوڵ و کردار و گوتارێکمان لەپێناو مانەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بێت وەك ڕێبازەکەی مام.و پارێزگاریش لە یەك و یەکگرتوویی یەکێتی بریتیە لە خەمخۆری بۆ  پاراستنی ڕیزەکانێتی و گەڕانەوەی شکۆی ڕابووردویەتی و  زیندووکردنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان و ڕەخنەگرتنی ئازادانە لەکار و کردەوەکانی یەکێتی و سەرکردەکانێتی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و ناعەدالەتیە و نەشاردنەوەی ڕاستیەکانە. لە ئێستاشدا بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بیٚ کەموکوڕی و دوور لە تەکەتولچێتی و بەرژەوەندپەرستی و تەنها مەبەست هەستانەوە و نوێکردنەوە و گەشانەوەی یەکێتی بێت،چونکە وەك مام دەیفەرموو کە(( مانەوەمان و سەروەریمان و گەشەکردنمان بەندە بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە))،بۆیە بەبیٚ بوون و بەردەوامی یەکێتیەکی بەهێز نە هیچمان خاوەن سەنگ و قورسای دەمێنینەوە و نەکوردایەتیش دەگاتە دوامەنزڵی سەرکەوتن و نە ڕێبازەکەی مامیشمان گرتوە و پاراستوشە.

بۆیە گەر هەمووومان پەرۆشین بۆ ڕێبازەکەی مام دەبێت وەك جەنابی مام دەیگوت ((دەبێت ٣ یەکێتیەکە وەك بیلبیلەی چاومان بپارێزین ،یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کورد،یەکێتی ناو حیزب و سەرکردە سیاسیەکان،یەکێتی ناو یەکێتی)). کە یەکێتی ناو یەکێتی کرۆك و جەوهەری هەردوو یەکێتیەکەی ترە.بۆیە ڕێبازی مام تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە

و پاراستنیشی بریتیە لە پاراستنی یەك و یەکگرتوویی ناوخۆی یەکێتی. بۆیە ئیدی هیچ سەرکردە و کادر و ئەندامێکی یەکێتی خۆی فریو نەدات و نەگەڕێت بەدوا ڕێبازەکەی مام و خۆی سەرقاڵ نەکات بەدوای دۆزینەوە و گرتنەبەری تولە ڕێگادا،بەڵکو تەنها شاڕێگەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بگرێت و پارێزگاری لێبکات،کە تەنها ئەوە ئاوات و خواست و ئەمانەتی مام جەلالە بۆ هەموانمان ،گەر وامان نەکرد ئەوا لە جێگەی متمانەی مام و ڕێبازەکەشیدا نەبوین و بەدەستی خۆمان یەکێتیەکەی هەمووانمان و کوردایەتیش زیندە بەچاڵ دەکەین و ئەوکاتیش پەشیمانی دادمان نادات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی PUKMEDIA ووتاری کورد وئاڕاستە و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٦٤٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٢/٥دا بلاًوکراوەتەوە.

**هەموومان بۆ یەکێتی ....کە یەکێتی بۆ هەموان بوو***

• یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەماوەی ٤٢ ساڵی تەمەنیدا،هەمیشە حیزبێکی سیاسی خاوەن ڕچە و ڕێباز و ئایدیا و مۆڕاڵی سیاسی تایبەت بەخۆی بوە و ناسنامە و شوناسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕاستگۆیانەی بۆخۆی هەڵبژاردوە وبەڕاستگۆیی و ڕاستەقینەش شاڕێگای خەباتی کوردایەتی گرتۆتە بەر و بچوکترین سازشی لەسەر بنەما و دروشم و سیاسەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان نەکردوە ونەرمی لەبەرامبەر دوژمنانیشدا نەنواندوە و بەڵکو سیاسەتێکی ژیر و حەکیمانە و دووربینانەی پیادەکردوە و زەمان و زەمینەی گونجاوی بۆ هەنگاو وبڕیارەکانی خۆی هەڵبژاردوە و نەکەوتۆتە هەڵەی کوشندەوە کە زیانی گەورەی هەبوبێت بۆ ئایندەی کوردایەتی و ماڵوێرانیشی بەدواداهاتبێت بۆ کۆمەڵگە و جەماوەری گەلەکەمان.

• یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی یەکێتی خۆی،هەمیشە بیروباوەڕی ئازاد و دیموکراسی فێری ئەندام و دۆست و لایەنگرانی کردوە و هەموانیشی بە پەروەردەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی پێگەیاندوە و هانیداون بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و ژنان و وەکیەکی و یەکسانی لەئەرك و مافەکاندا و هەوڵی چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیشی داوە و سەرکردایەتیەکی هاوبەش و پێکەوەیی گرێداوە و گیانی تەبایی و برایەتی و یەکدی قبوڵکردن و ڕەخنە لەخۆگرتنیشی وەکو بنەما چەسپاندوە.

• لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم هەمیشە لایەنگری کاری پێکەوەیی و تەبایی و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و لێکتێگەیشتن بەزمانی گوڵ دور لە توندوتیژی و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیی و براکوژی بوە و هەمیشە ویستویەتی ئاشتیەکی سەرتاسەری و سازانێکی نیشتمانی کامڵ بەرقەراربێت.یەکێتی هەمیشە بەرگریکارێکی سەرسەخت بوە لە کوردستان و بەکردارەکیش بەوپەڕی تواناوە بەشداری لە شەڕی دژ بە تیرۆر و تیرۆیستانی داعشی کردوە و هەزاران شەهید و بریندارى لە سەرکردە و پێشمەرگە قارەمانەکانی بەخشیوە بە کوردایەتی.

• لەسەر ئاستی حکومەت و حوکمڕانی و دەسەڵاتیش هەمیشە ویستویەتی دەسەڵاتێکی خۆماڵی و خاکی بەرقەراربێت کە ئەرکی سەرەکی بریتی بێت لەدابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی خۆش و ئارام و وڵاتێکی گەشەدار و پێشکەوتوش بنیات بنرێت و هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسان و وەکیەك بن و سەروەت و سامان و خێرو بێری وڵاتیش بە یەکسانی و شەفافانە بەسەرهەمواندا دابەشبکرێت و هەموان وەکو یەك سوودمەندبن لێی.

• لەسەر ئاستی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا،هەمیشە لایەنگری خەباتێکی نەتەوەیی فرە ڕەهەندبوە و برایەتی و هاوکاری و تەبایی نێوان هەموانی لا گرنگ بوە و هیچ کاتیش درێغی لە هیچ سەرکردە و حیزب و بەشێکی کورد و کوردستان و کوردایەتی نەکردوە، تەنانەت لەسەر زیانگەیاندنیش بەبەرژەوەندیەکانی خۆشی بوبێت.و وەك بنەماش کاری کردوە بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنوس و سەربەخۆیی کوردستان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەلأم لە زەمان و زەمینەی گونجاوی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا.

• لەسەر ئاستی پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش،یەکێتی هەمیشە لایەنگری دراوسێیەتی و دۆستایەتی باش بوە و پەیوەندیەکی ساغڵەم و ئارام و نەرمی لەگەڵ هەمواندا پیادەکردوە ,هەربەمەش بۆتە جێگە متمانەی دۆستەکان و گەشەکردنی پەیوەندیەکانی خۆی و کوردایەتیش لەگەڵ هەموانداو هەربەمەش یەکێتی بۆتە حیزبێکی گەورەی سیاسی و جەماوەری و سەربازی و ئابوری لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و هەموان حسابی بۆ دەکەن.

• بەم شێوەیە هەمیشە یەکێتی بۆ هەموان و لە پێناو هەمواندا خەباتی کردوە و هیچ کات بەرژەوەندیە تەسك و بچوکە حیزبیەکانی نەخستۆتە سەروو بەرژەوەندیە باڵأ نەتەوە و نیشتمانیەکانیەوە.یەکێتی لەو پێناوەدا گەلێك نسکۆو کارەساتی جەرگبڕی بەسەرهاتوە و بەتەنهاش لێی دەرچۆتەوە پشت ئەستور بە متمانەی جەماوەرەکەی و ڕاستودروستی ڕێبازەکەشی،هەموو ئەم کارو وخەباتەشی لە چوارچێوەی کاروانە دووورودرێژەکەی خۆیدا تێپەڕاندوە بە

ڕابەرایەتی سەرۆکی هەمیشە زیندوو مامی کوردایەتی و لە ئێستاشدا دوور لە گیانی پاکی ئەو نەمرە،بەردەوامە لەسەر ڕەوت و بزاوتی خۆی بەرەو پێشەوە ،و توانیویەتی هەنگاوی گەورە هەڵنێت بە ئاڕاستەی یەکخستنەوەی نێوماڵی یەکێتی و ڕەوینەی کێشە و گرفتەکان و ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان و دەرچوون لە بازنەی تەسکی ململانێ ناوخۆییە نارەواکان و دواتریش هەنگاو بەرەو کوردستانێکی ئارامتر و خۆشگوزەرانتر لەڕێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ هەمواندا و کارکردن بۆ چێکردنی پرۆسەیەکی ئاشتەوایی لەکوردستان و لەگەڵ عێراق و دەرودراسێکانیشدا.

- بۆیە بەهەق یەکێتی لەماوەی ٤٢ ساڵ خەباتی نەبڕاوە و نەپساوەی پڕ کارەسات و وەیشومەو ماڵوێرانکەردا کە زۆرجاران مەترسی هاتۆتە سەر بون و مانی یەکێتی خۆشی لە ئەنجامی جیابونەوە و دووکەرتبوون و هەوڵدان بۆ دارمانی ماڵە سەوز و گەورەکەی یەکێتی لەلایەن دۆستەکان و براکان پێش ناحەزەکانەوە،بەڵام یەکێتی بەگیانێکی بەرگریکارانەی سەرسەخت و بە بیروەباوەڕێکی پۆڵاینەوە بەرەنگاری هەموو ئەو هەولانەی داوەتەوە و خۆی ڕاگرتوە و هەڵیشساوەتەوە وبەهێزتر لەجاران هاتۆتەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی.
- بۆیە یەکێتی هەمیشە بۆ هەموان و بەرژەوەندی هەموان خەباتی کردوە،بۆیە گەرەکە لە ئێستاشدا و لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا و بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی کورد و کوردایەتی لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا،هەموانیش هەموو ئەو چاکە و قوربانیدان و فیدارکاریانەی یەکێتی بدەینەوە بەبەشداریکردنمان لەدەنگدان و دەنگدانیش بە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ژمارە ١٦٢ کە تاکە لیستی سەوز و ڕاستەقینەی یەکێتیە،یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیشە یەك ناو و یەك سەرکردایەتی و یك باڵ و یەك هێز و یەك جەماوەری ڕاستگۆ و ڕاستەقینەی هەبوە،هەمیشە و بە بەردەوامی یەك دەنگ و یەك ڕەنگی سەوزی کوردایەتی هەبوە،بۆیە هەموان پێکەوە بە ئەندام و لایەنگر و سەرکردایەتیەوە ئەرکمانە کە بەوپەڕی جدیەت و گەرموگوڕیەوە بەشداری لەسەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بکەین و دەنگیشمان بەبێ دوودڵی بۆ لیستەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت.
- ئەم هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنە دوای کۆچی ڕەوان شاد مامی کوردایەتی و ڕابەری مەزنی یەکێتی،بۆیە جگە لەسەرکەوتنێکی گەورە نابێت بیر لە بچوکترین نسکۆ و شکست بکەینەوە،چونکە جگە لەسەرکەوتنی گەورە هیچ کارێکی تر گیانی مام لەگۆڕەکەیدا شاد ناکات و بەمەش هەموانمان دەیسەلمێنین کە بەردەوامیدەر و خوێنکادارە دلسۆزەکەی ڕێبازی مام و یەکێتین.بەپێچەوانەشەوە هەموانمان بەرپرسیار دەبین لەبەردەم ئەمانەتی مامدا کە بریتیە لە بەهێزی و مانەوەی یەکێتی بەشکۆ وگەورەیەوە وەك ئەمانەتێکی مێژوویی کە ڕادەستی هەموانمانی کردوە.بۆیە دەبێت هەروەك چۆن یەکێتی بۆ هەموانمان بوە و هەموانمان لەسایەی چەتر و سێبەر و دەسەڵات و شکۆی یەکێتیدا بەگەورەیی و سەربەرزی ماوینەتەوە،دەبێت هەموانیشمان لە پێناو یەکێتیدا خەبات بەردەوامی پێبدەین و ئاڵاسەوز وگەشەکەی یەکێتی هەمیشە بە شەکاوەیی بهێڵینەوە لەسەر سەرمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و کوردساتنیوز و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە٧٥٤١ لە ڕێکەوتی٢٠١٨/٤/١٦دا بلاوکراوەتەوە.

## سۆشیال دیموکرات وەك ڕێباز و فەلسەفە و ئایدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان *

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ١٩٧٥/٥/٢٢ دا بەنوسینی یەکەمین بەیاننامەی لە قاوەخانەی توڵەیتڵە و دواتر بە ڕەسمی خۆ ڕاگەیاندنی لە ١٩٧٥/٦/١دا لە پایتەختی سوریاوە لەشاری دیمەشق و دواتریش هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری لە ١٩٧٦/٦/١دا،لەلایەك بە ڕچە و ڕێباز و لەلایەکی تریشەوە بە ئایدیایەکی سیاسی نوێوە هاتە گۆڕەپانی کوردایەتیەوە و درێژەی بەخەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا ،بەوەی کە وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کراوە و فرە ئاڕاستە و ڕێبازی فکری و خەبات کە خۆی لە نیمچە بەرەیەکدا دەبینیەوە نەك وەك حیزبێکی داخراوی کلاسیکی،هەروەهاش هەڵگری ئایدیایەکی سیاسی نوێی گەشەکردوتر و دیموکراتیتر و پێشکەوتنخوازی وەها بوو کە بۆ سەردەمی ئەوکاتی حەفتاکانی سەدەی بیستەم مۆدێلێکی نوێ بوو.
- دواتر لەدوای سەرکەوتنی خەباتی شاخ و دەستپێکی قۆناغی دەسەڵات و حوکمڕانی لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١دا،یەکێتی بەهۆی ئەوەی کە لە شاخ نەیتوانیبوو کە هیچ کۆنگرەیەکی گشتی ببەستێت جگە لە ٣ کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٨١ و ١٩٨٢ و ١٩٨٤ و یەك کۆنفرانسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣دا ،بۆیە هەرزوو کەوتە خۆی بۆ ئامادەسازی بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکەمی خۆی بەهۆی ئەو گۆڕانە گەورانەی لە جۆر و قۆناغی خەباتی کوردایەتیدا هاتبونە پێش و هەروەها بەهۆی هاتنە پێشی ڕووداوە گەورە و گرنگەکان لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بلۆکی سۆسیالیستی و هەڵکردنی باهۆزی ئازادی و دیموکراسی گەلان بەتایبەتیش لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا و چێبوونی سیستەمێکی نوێی جیهانی و دەستپێکی بەجیهانبوونیش،کە وا پێویستی دەکرد هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە بەدەسەڵاتەکان و دەرەوەی دەسەڵاتیش بەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامە و ڕێباز و ئایدیای خۆیاندا بچنەوەو بیگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی قۆناغەکەدا.
- یەکێتیش لەو ڕوانگەیەوە یەکەم کۆنگرەی گشتی خۆی لە ١/٢٧ تا ١٩٩٢/٢/١٤دا لە سلێمانی و هەولێر بەست و تیایدا و بۆیەکەمین جار ڕێبازی (( سۆشیال دیموکراتی))دیاریکرد بۆ کارکردنی خۆی و دواتر کۆنگرەی دووەمی گشتیشی لە ١/٣٠ تا ٢٠٠١/٢/٥ لە سلێمانی بەست و لەم کۆنگرەیەدا ڕێباز و ئایدیای سۆسیالیست_ دیموکراتی هەڵبژارد بۆ قۆناغی دوای کۆنگرەو لە کۆنگرەی گشتی سێیەمیشیدا کە لە ٦/١ تا ٢٠١٠/٦/١٤دا لە سلێمانی بەستی جارێکی تر گەڕایەوە بۆ سەر ڕێبازی سۆشیال دیموکرات وەك ڕێباز و ئایدیای کارکردنی خۆی.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،بۆ یەکێتی لەماوەی ١٨ ساڵی دوای ڕا پەڕین دووجاران ڕێباز و ئایدیای سیاسی خۆی گۆڕیوە؟ئەی بۆ ئایندەش چ جۆرە ڕێباز و ئایدیایەکی سیاسی پیادە بکات بۆ گەیشتن بە ئاما نجەکانی؟**

ئاشکرایە هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی بەبێ بوونی ڕێباز و ئایدیا و فەلسەفەیەکی دیاریکراوی سیاسی ناتوانێت بەردەوام بێت و سەرکەوتنیش وەدەستبێنێت،و تەنانەت سیفەتی حیزب یان ڕێکخراوی سیاسیش ناتوانێت هەڵبگرێت،چونکە بەبێ ڕێباز و ڕچە و فکرێکی دیاریکراوی سیاسی بۆ کارکردن تەنها دەبێتە گردبونەوەیەکی فەوزەوی و بێسەروبەری و ناڕێکخراو کەئەمەش دوورە لە سیفەت و ناونیشانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی،بۆیە هەمیشە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەپێی تێڕوانین و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی جۆری خەبات و سروشتی سیستەمی وڵات و حوکمڕانیەکەی و سروشت و ئاستی گەشەی کۆمەڵگاکانیان جۆری ڕچە و ڕێباز و ئایدیا فکریەکانی خۆیان دیاریدەکەن لەو بۆچونەوەی کە دەتوانن ببنە جێگە متمانەی زۆرینەی جەماوەر و دەشتوانن بگەنە دەسەڵات بۆئەوەی دروشم و بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگیەکانی خۆیان بسەپێنن و بەردەوامیش بن لە دەسەڵاتدا.هەربۆیە لە کۆنەوە تاکو ئێستا ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیانە دابەشبونەتە سەر دیدوبۆچونی سیاسی جیاواز لە چەپەوە بۆ ڕاست و بەتێپەڕبوون بە ناوەندێتی ودواتریش دابەشبونەتە سەر بۆچوونە علمانی و ئاینیەکان و

لەوپێناوەشدا جارێکی تر بونەتە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی و توندوتیژی یان ڕیفۆرمخوازی و خەباتی جەماوەری و پەرلەمانی و مەدەنی و سەندیکایی و کۆمەڵە و ڕێکخراوی مەدەنی و هەرواش بەرگی مارکسیەت و چەپ و سۆسیالیستیان پۆشیوە لەبەرامبەر سەرمایەداری و ڕاستڕەوەکاندا،لەناو ئەو دوو ڕێبازە سەرەکیەی خەباتیشدا جۆر و مۆدێلی تر پەیدابوون وەك لیبڕاڵیەت و ڕێگای سێهەم و ...هتد.بەهەمان شێوەش حیزبی توندڕەو و فاشی و نازی و دەمارگیریش پەیدابوون کە هەڵگری بیروڕاو ڕێباز و ئایدیای توندڕەوی و توندوتیژی بونە لە عیلمانی و ئیسلامی و ئاینی و مەزهەبیەکانیشدا.

هەموو ئەم حیزبانەش بۆ کۆکردنەوەی دەنگی جەماوەر لەهەڵبژاردنەکان و بەهێزبوونی خۆیان بۆ سەپاندنی دروشم و ئایدیاکانیان بەسەر نەیارەکانیاندا جۆرەها بەرگی سیاسیان پۆشیوە لە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و..هتد.بەداخیشەوە تاکو ئێستا کەم لەو ڕێباز و ئایدیا و فەلسەفە سیاسیانە توانیویانە خۆشگوزەرانی و ڕەفا بۆ مرۆڤایەتی دابین بکەن و پیرۆزی و کەرامەتی مرۆڤەکان بپارێزن.

جا یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەك ڕێکخراوێکی سیاسی نیمچە بەرەیی و لەکۆمەڵگایەکی کوردەواری تاڕادەیەك دواکەوتوو و داخراو و لە وڵاتێکی وەکو عێراقی عەرەبی دواکەوتوو و دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیدا و لەناوچەیەکی گەرم و هەستیار و گرنگی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوین کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکان بەسروشتیان دواکەوتوو وئاینی و داخراو و دیکتاتۆریەتی بوون،هەڵکەوتوە و کاریگەری هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەر بوە، هەربۆیە تا دوا ڕاپەڕین تەنها بەرگێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی و زۆرجارانیش چەپ و سۆسیالیستی پۆشیوە و خۆی بە ڕێکخراوێکی سیاسی چەپ و سۆسیالیستی وشۆڕشگێڕ زانیوە و خەباتی دژ بە دیکتاتۆریەت وشۆڤێنیەت و لەپێناو وەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆ و مافی چارەنوس و دیموکراسیدا دەستپێکردوە ودرێژەشی پێداوە.

لەدوای ڕاپەڕینیش و ووردبونەوە لە گۆڕانکاریەکانی عێراق و ناوچەکە و دونیا و بەسوود وەگرتنیش لە ئەزمونی دەسەڵات و حوکمڕانی حیزبە سیاسیەکانی ئەوروپاو ڕۆژئاوای دیموکراسیەت و ئازادی،لەیەکەمین کۆنگرەی خۆیدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڕیاریدا کە ڕێباز و ئایدیای سیاسی خۆی بکاتە سۆشیال دیموکرات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

- **سۆشیال دیموکراتەکان چین و هەڵگری چ فەلسەفە و دروشم و ڕێبازێکی سیاسین و نمونەی سەرکەوتووی حوکمڕانیشیان لەکوێیە؟**

سۆشیال دیموکراتەکان: بریتین لەو حیزب و سەرکردە سیاسیانەی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی سیاسین کە بانگەشە دەکەن بۆ:

١.تێکەڵکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەلایەن حکومەتەوە بۆ چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا.

٢.داڕشتنی سیاسەت بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی ڕەفا((خۆشگوزەرانی)).

٣.ڕێکخستنی گفتوگۆی هاوبەش.

٤.ڕێکخستنی ئابوری بە شێوەیەك خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات.

٥. دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سامانەکان.

٦.پابەندبوون بە دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی.

٧.سۆشیال دیموکراتەکان داوای سیستەمی ئابوری تێکەڵاو دەکەن لەگەڵ ئابوری بازاڕی کۆمەڵایەتیدا.

٨. ئامانجی سۆشیال دیموکراتەکان باشکردنی بواری یەکسانی و دیموکراتیەت و کاری پێکەوەییە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا.

**نمونەی سەرکەوتووی** ئەم مۆدێلە لە حوکمڕانی و حیزبی سیاسی لە باکوری ئەوروپادا هەڵکەوتون و چەسپیویشن کە بە سەرمایەداری نۆردی یان بە نمونەی ئەسکەندەناڤی ناسراون.

- **مێژووی دامەزراندن و سەرهەڵدانی سۆشیال دیموکراتەکان**

مێژووی دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە حیزبانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم کاتێك یەکەمین ڕێکخراوی لەو شێوەیە لە ئەڵمانیادا دەرکەوت بەناوی(( یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیا))بەڕابەرایەتی ((فردیناند لاسال)) ئەو هەرچەند مارکسی نەبوو بەڵام کاریگەری مارکس–ئەنگڵزی لەسەر بوو بەڵام سیاسەتەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی ریفۆرمخوازی هەڵبژاردن بوو.دواتر باڵێك لەم یەکێتیە جیابۆوە لەساڵی ١٨٦٩دا بەڕابەرایەتی لیبکنخت و بیبلْ بەناوی (( حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتەکان)) هەرچەندە حیزبێکی مارکسی نەبوو بەڵام یەکەم ڕێکخراوی کرێکاری بوو بە ڕابەرایەتی مارکسیەك و هەریەکە لە مارکس و ئەنگڵزیش پەیوەندیان بەم ڕێکخراوەوە هەبوو.

لەئەنجامی شکستهێنانی کۆمۆنەی پاریس لەساڵی ١٨٧١دا،مارکس لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی ((شەڕی ئەهلی لە فەڕەنسادا)) ڕایگەیاند کە ئەو پشتگیری دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی دەکات لەڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە کە لەکۆمۆنەی پاریسدا پیادەکرابوو،کە نمونەیەکی جوانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای تیادا بەرجەستە ببوو.سەرەڕای کاریگەریە بۆرجوازیەکانیشی.چونکە توانرا دامودەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی و بیرۆکراسی تێکبشکێنرێت و لە جێگەیدا دەوڵەتێکی دیموکراتی خاوەن جەماوەرێکی فراوان دابمەزرێنرێت.

بەهەمان شێوە لەکۆنگرەی لاهای لەساڵی ١٨٧٢دا،مارکس هەڵوێستی خۆی گۆڕی دەربارەی پێویست بوون بەهەڵایسانی شۆڕشی توندوتیژی بۆ پێکەوەنانی سۆشیالیستی.بەڕەچاوکردنی دامودەزگا جیاوازەکان لەهەر وڵاتێکدا بەشێوەیەك لەو کۆنگرەیەدا مارکس ڕایگەیاند (( ئێمە دەزانین کە ڕۆشنبیری و کەلتور و داب و نەریت و دامودەزگاکانی هەر وڵاتێك پێویستە ڕەچاوبکرێن، ئێمە بونی ئەمریکا و بەریتانیا و تەنانەت هۆڵەنداش ڕەتناکەینەوە،بەشێوەیەك لەو وڵاتانەدا کرێکاران دەتوانن مافەکانیان بەڕێگەی ئاشتی و دوور لە توندوتیژی وەدەستبێنن،بەڵام ئەوە ناسەپێت بەسەر هەموو وڵاتاندا)).

- **بیرمەندەکانی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکان**

جۆرج برناردشۆ،و سیدنی وێب لە بەریتانیا ،برنشتاین لە ئەڵمانیا کە یەکێکە لەسەرکردەکانی سۆشیال دیموکراتەکان و هاوڕێیەکی نزیکی ئەنگڵزیش بوو،ئەو هەستا بەخوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەندێك لە بۆچونەکانی مارکسیەت و ئەو پێی وابوو کە هەندێك لەو بۆچونانە ئیدی کاتیان بەسەرچوە وەك چەمکەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتی.هەروەها ڕەخنەی لە تێگەیشتنی مادی بۆ مێژووش گرت چونکە پشتی بەستبوە سەر دیالێکتیکی هێگڵی کە ڕەتیکردبۆوە.برنشتاین جەختی لەوە دەکردەوە کە گەیشتن بە سۆشیالیستی لەڕێگەی دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی پەرلەمانیەوە دەبێت لەڕێگەی هاوکاری نێوان هەموو چینەکانەوە بێت. برنشتاین پێی وابوو ماوەیەکی دورودرێژ دەخایەنێت پێش ئەوەی موڵکیەتی تایبەت لەخۆڕا بگۆڕێت بۆ تەعاونیەکان. لە پرۆسەی بەخۆدا چونەوەکەیدا دەڵێت کە پشتی بەستۆتە سەر نوسراوە کۆتاییەکانی مارکس و ئەنگڵز کە دایاندەنێت بە ((مارکسیەتی پێگەیشتوو)) زیاد لە مارکسیەتی پێش شکستی کۆمۆنەی پاریسی ساڵی ١٨٧١.

برنشتاین جەختی لەوە دەکردەوە کەچینی کرێکاران یەك چینی هاو ئاهەنگ نین وەکو ئەوەی لە ((بەیاننامەی شیوعیدا)) هاتوە بەڵکو جیاوازیان تیادایە و بیروبۆچون و بەشی جیاوازی تیادایە و بەڵگەی زیندووش بریتیە لە بوونی سەندیکای کرێکارانی سۆسیالیستی و ناسۆسیالیستی.

هەروەها ئەو دەڵێت کە چینی مامناوەند بەرەو لەناوچوون ناچێت بەڵکو بەرە و فراوانبوون هەنگاو دەنێت.بەهەمان شێوە جیاواز لە مارکسیەت دەیڕوانیە پەیوەندی نێوان سۆشیالیست و لیبڕاڵیەت و دەیگوت کە ئیشتراکیەت

لیبڕاڵیەتێکی ڕێکخراوە.و لەلای هەریەکە لە سۆشیال دیموکراتەکان و لیبڕاڵ دیموکراتەکان زەمینەیەکی هاوبەش هەیە کە دەکرێت پشتی پێبەسرێت بۆ پێکەوەنانی کۆمارێکی سۆشیالیستی.

بەهەمان شێوە برنشتاین ڕای وابوو کە سۆشیال دیموکراتەکان هەوڵی تێکدانی کۆمەڵگەی مەدەنی نادەن و هەوڵی پێکەوەنانی سۆشیالیستیش نادات جیا لە کۆمەڵگای بۆرژوازی.بەڵکو دەڕوانێتە ڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی لە جیاتی ئەو ڕێکخستنە سەرمادارییەی کە هەیە.

ئەو جەختی دەکردوە لەسەر لایەنگری بۆ ئابوری تێکەڵاو بۆ پرۆسەیەکی دوورودرێژ لەسەر ڕێگای گواستنەوە بەرەو سۆشیالیستی کە پێك بێت لە موڵکیەتی گشتی و هاوبەش.

بەڵام زۆرێك لەڕابەرانی مارکسیەتی ئەورووپی دژی برنشتاین و بۆچونەکانی وەستانەوە و بە ((لادەر ))ناویان دەبرد. وەك کارل کاوتسکی و ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ و جۆرجی بلیخانۆف.

- **لیبڕاڵیەتی نوێ و ڕێگای سێهەم**

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا خاتوو مارگرێت تاتشەر لەساڵی ١٩٧٩دا لێبڕاڵە نوێکانی دامەزراند و سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاش ڕۆناڵد ریگان لەدواتردا پشتیوانی لێکرد،کە ڕایگەیاند کە دەوڵەت دەبێت ڕۆڵی نەبێت لە ئابوریدا و بەم شێوەیە ئەم ڕێبازەش لەولاَتانی دونیای سەرمایەداریشدا پشتیوانی لێکرا کە بۆخۆی ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونەکانی سۆشیال دیموکراتەکان بوو.

لەبەرامبەریشدا سۆشیال دیموکراتەکان سیاسەتی خۆیان گۆڕی و بەناوی ((ڕێگای سێهەم))ەوە جەختی زیاتریان کردەوە لەسەر کارکردنی هەنگاو بەهەنگاو و پێشکەوتن و گرتنەبەری هەڵوێستێکی مام ناوەندی لەنێوان سۆشیالیستی و سەرمایەداریدا.بەڵام هەندێك لە سۆشیال دیموکراتەکان ڕێگای سێهەمیان ڕەتکردەوە بەبیانوی ئەوەی کە بریتیە لە قبوڵکردنی نیولیبڕاڵیەت کە ئەمەش بوە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانیان.

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتی جاران لەساڵی ١٩٩١دا،گەلێك لە هێز و حیزب و سەرکردە شیوعیەکان ئایدۆلۆژیای مارکس لینینیان گۆڕی بە سۆشیال دیموکراتەکان وەك حیزبی شیوعی ئیتالیا. وحیزبی سۆسیالیست دیموکراتی ئەڵمانیا(کەدواتر بوە بەشێك لە حیزبە چەپەکانی ئەڵمانیا).

- **نمونەی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان**

١. نمونەی ولاَتانی ئەسکەندەناڤی ((سوید و نەرویج)).
٢. ئابوری ئەڵمانی ڕۆژئاوا لەسەردەمی ڕاوێژکار فیلی برانت((ئابوری بازاڕی کۆمەلاَیەتی)).
٣. ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوین ((ئیسرائیل)).

- **کەسایەتیە ناودارەکانی سۆشیال دیموکراتەکان**

١. ئێدوار برنشتاین
٢. لۆلا دیسیلڤا
٣. فیلی برانت
٤. فرانسوا اولاَند و دەیانی تر.

- **ئەی ڕێباز و بیروباوەڕ و ئایدیای سۆشالیست-دیموکراتەکان چیە؟و بۆچی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆنگرەی دووهەمی خۆیدا پەسەندی کرد و بەڵام دواتر لێی پاشگەزبۆوە لە کۆنگرەی سێهەمیدا؟جیاوازی چیە لە نێوان سۆشیالیست _دیموکرات و سۆشیال دیموکراتەکاندا؟و ئایا کامیان گونجاوە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری؟**

**سۆشالیست_دیموکرات:** بریتیە لە سۆشیالیستی لە خوارەوە(( دژی دیکتاتۆریەتە و واشی لێکردوە کە پێچەوانەش بێت لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکان و ستالینەیەتیشدا لەیەك کاتدا))بەوپێیە بێت دەتوانرێت **سۆشیالیست-دیموکراتەکان** پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتیە: لە ئیدارەیەکی کۆمەڵی بۆ ئابوری کە هەموو هاولاَتیان تیایدا بەشداربن بەشێوەیەکی

دیموکراسی.کە پشت دەبەستێتە سەر ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران،پێچەوانەی پلانی ناوەندی و خۆماڵیکردن کە دادەنرێن بە سیمای سۆشیالیستی دەوڵەت.

هەروەها بەهەموو کەس و لایەنێك دەوترێت کە هەوڵ دەدات بۆ پێکەوەنانی سۆشیالیستی و دیموکراتیەت لەهەمان کاتدا. یان هەوڵدەدات بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری کۆمەلأیەتی لەڕێگەی چاککردنی هەریەکە لە دیموکراتیەتی سیاسی و دیموکراتیەتی کۆمەلأیەتی پێکەوە، هەروەها بەو کەسانەش دەوترێت کە پشتگیری لە بنەماکانی ئابوریەکی دیموکراتی و دیموکراتیەتێکی هاوبەش دەکەن.

ئەم زاراوەیە هەندێك جار بەکاردەهات بۆ سیستەمە تاك حیزبیەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەلأتدا کە لەڕێگەی دیموکراتیەتەوە چاکسازیان تیادا کرا، وەك مەجەر لەدوای شۆڕشی ١٩٥٦ و چیکۆسلۆڤاکیا لەدوای بەهاری پراگی ساڵی ١٩٦٨ و یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەدوای بیرۆسترۆیکا لەساڵی ١٩٨٦دا.

ئەم ڕێبازە لەلایەن بزوتنەوە سۆشیالیزمەکانەوە و ڕێکخراوە جیاوازەکانەوە بەکاردێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر مۆرکی دیموکراتیان بۆ ئاڕاستە سیاسیەکەیان،ئەم ڕێبازە لەخەباتکردن لایەنگری دەکەن بۆ:

١.دامەزراندنی ئابوریەکی دیموکراتی نامەڵبەندی.

٢. دژایەتی هەموو ئەو بزوتنەوە سیاسیانە دەکات کە پەنا دەبەنەبەر دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن وەك ستالینیەت،وەك ئامرازێك بۆ وەدیهێنانی گواستنەوە لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆشیالیستی.

٣.ئەم ڕێبازی کارکردنە،وایدەبینێت کە بۆ گەیشتن بە سۆشیالیستی یان لەڕێگەی شۆڕشێکی جەماوەریەوە دەبێت لەخوارەوە،یان لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی خاوێنی دیموکراسیەوە دەبێت.

٤.ئەم ڕێبازە هەموو جۆرە شێوازێکی ڕێکخستنی ناوەندێتی ڕەتدەکاتەوە،لەشێوازی حیزبە شیوعیە لینینیەکان وەك مەرکەزیەتی دیموکراتی.

٥. ئەم ڕێبازە،پلانی ناوەندێتی((بیرۆکۆراسی)) ڕەتدەکاتەوە لە نمونەی((یەکێتی سۆڤیەتی جاران))، وەك بنەمایەك بۆ هەر سیستەمێکی ئابوری دوای سەرمایەداری. و داوای دانانی پلانێکی دیموکراسی نامەڵبەندی دەکات لەجێگەی بازاڕی سەرمایەداری.بەلأم هەندێك لە سۆشیالیست_ دیموکراتەکان نمونەی سۆشیالیستی بازاڕیان لاپەسەندە.

- **مێژووی سەرهەڵدان و دامەزراندنی سۆشالیست_دیموکراتەکان**

مێژووی دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئەم ڕێباز و ئایدیا سیاسیە، دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچونەکانی کارل مارکس،وەك نوسەری ئەمریکی هال درابەر،ڕایدەگەیەنێت کە کارل مارکس یەکەم کەسە کە داوای سۆشیالیست_دیموکراتی کردوە لەخوارەوە.کە پڕۆلیتاریا ڕۆڵی تەواوی هەبێت لە دروستکردنیدا،نەك تەنها حیزبێك یان سەرکردەیەکی دیاریکراو.

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ڕۆزا لۆکسەمبۆرگیش یەکێك بوە لەو کەسانەی کە زۆر بەتوندی پارێزگاری لە سۆشیالیست_دیموکراتە شۆڕشگێڕیەکان و خۆسەری بزوتنەوەی جەماوەری دەکرد.

بەلأم لە ئەمریکادا،بۆجین فیکۆردس،کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ پێنج جار،یەکێکە لەو سەرکردانەی کە بەناوبانگە بەوەی کە هەڵگری ئالأی سۆشیالیست_ دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان بوە.

لەبەریتانیاشدا،زۆرێك لە ڕێکخراوە کرێکاریەکان بانگەشە بۆ سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی دەکەن لەپاڵ پابەندبونیان بە سۆشیالیستیەوە. وەك بزوتنەوەی((چارتییەکان)) کە خەباتەکەیان بوە مایەی بەدەستهێنانی دەنگدانی گشتی و مافی سیاسی بۆ چینی کرێکاران لەسەدەی نۆزدەهەمدا.

**نمونەی حیزبە سۆشیالیست_دیموکراتەکان** لە ئەوروپادا،پارتی کرێکارانی بەریتانیا و پارتی سۆشالیست دیموکراتی ئەڵمانیای سەربەخۆ و پارتی کرێکارانی نەمسای سۆشیالیست _دیموکرات و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دووەمە.

- بۆیە لەم قۆناغەی ئێستادا کە یەکێتی پیادا گوزەر دەکات لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و لەسەردەمی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە تیرۆریستی و ئاینی و مەزهەبیە توندڕەوکان و تۆخبونەوەی ململانێ ناوچەیی و

نێودەوڵەتیەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و گۆڕانکاریە گەورەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکان لەسەر ئاستی دونیادا و هەروەها تێکچڕژانی بەرژەوەندیە ئابوریەکان ،لەلایەك کۆمپانیا ئابوریە فرەنەتەوەکان و لەلایەکیش حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانیان و سەرهەڵدانی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابوری و دارایی کە کاریگەری خراپیان کردۆتە سەر گەشەی ئابوری و بازاڕەکانی جیهان و خۆشگوزەرانی تاکەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکان و وایکردوە کە زۆرێك لە بنەماو پرەنسیپ و بیروڕا و ڕێبازە فکریەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بێت.

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش،وەك حیزبێکی لیبڕاڵ و دیموکراتخواز و لایەنگری فکری سۆسیالیستی و تاڕادەیەك خۆبینینەوە لە بەرەی چەپیشدا کە هەمیشە خۆی بە پێشەوا و ڕابەری فکری نەتەوەیی و وەدەستهێنانی مافی چارەنوس و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەر چوار بەشەکەی کوردستان بەوەی کورد و کوردایەتی و کوردستانیشی وەك یەك مەسەلەی میحوەری هەموان زانیوە،و بەخوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی نوێش بۆ سروشت و پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و بوونی چەندین نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز لە کوردستاندا،یەکێتی هەر دەبێت وەك ڕێکخراوێکی پانوپۆڕی سیاسی بمێنێتەوە کە بتوانێت ئەو هەموو جیاوازیانە لەناو خۆیدا کۆبکاتەوەو ئیدارەی ململانێ فکریەکانیش بدات و بەردەوامیش بێت بۆ وەدیهێنانی دروشم و ئامانجەکانی لە دیموکراتیەت و ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی و کاری پێکەوەیی و یەکسانی لەئەرك و مافەکاندا.

- **لێرەدا ئەو پرسیارانە سەرهەڵدەدەن کە بۆچی یەکێتی نەیتوانیوە لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابووردودا،دروشم و ئامانجەکانی لەسەر زەمینەی واقع و لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بچەسپێنێت ؟ و بتوانێت وەك ڕێکخراوێکی سۆشیال دیموکرات، ئامانجەکانی لە پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران(ڕەفا)) پێکبهێنێت ؟ و دادوەری کۆمەڵایەتیش لە هاوبەشیکردنی هەموان و تاکەکان لە دابەشکردنی خێرو بێری سەروەت و سامانی وڵات بهێنێتەدی؟ بۆچی نەیتوانیوە ئابوریەکی بەهێزی مۆنۆپۆلنەکراو ببوژێنێتەوە ؟ بۆچی نەیتوانیوە بازاڕێکی ئازاد و تێکەڵاو لە کەرتی گشتی و تایبەتی سەرکەوتوو و سەقامگیر پێکەوە بنێت؟**

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەکو هەمو حیزب و ڕێکخراوە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیا و ئەوروپاش کاتێك وڵات ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوای دەرودراوسێکان و تیرۆریستەکانی داعش و قاعیدەوە..هتد. دەبێتەوە و تەنانەت لەناوخۆشدا ململانێ سیاسیەکانی نێوان حیزب و لایەنە سیاسیەکانیش بە گفتوگۆ چارەسەرناکرێن و پەنا دەبرێتە بەر جەنگی ناوخۆو شەڕی براکوژی و کاتێك وڵاتێکی پاشماوەی کاولکاری و وێرانەت دێتە بەردەست و لەکاتێکیشدا هێشتا دوژمنە سەرسەختەکەی دیموکراسی و ئازادیەکان لە بەغداد مابێتەوە و بەسیاسەتێکی شۆڤێنیانەو تاکڕەوانە بەرەنگاریت دەکات،ئیدی هیچ بوارێك نامینێتەوە بۆ چەسپاندنی خواست و ئامانجەکان لە پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی ڕەفا،چونکە لە پێشدا هەموو گرنگی و خەمێکت بریتی دەبێت لە خۆڕزگارکردن و پاراستنی وڵات لە داگیرکردن، دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیش لەساڵی ٢٠٠٣دا،بەهەمان شێوەیە جێمێکی نوێی ململانێی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی لە عێراقدا سەریانهەڵدایەوە و کورد جارێکی تریش ڕووبەڕووی شەڕی ماڵوێرانی و ئاوارەیی بوەوە و یەکێتی نیشتیمانیش بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە ببێتە تاکە حیزبی فەرمانڕەوا و بالادەست لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەیتوانیوە وەکو ڕێکخراوێکی سۆشیال دیموکرات ئامانجەکانی لەسەر زەمینەی واقع پیادە بکات و ئەمەش بەسەر زۆربەی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپاشدا هاتوە لە قۆناغی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا و هەرواش پرۆسەی جیابونەوەکان لە ڕیزەکانیاندا،ئاشکراشە حیزبی سیاسی تانەگاتە دەسەلات و لەدەسەلاتیشدا زۆرینە نەبێت ناتوانێت بەرنامە و ئامانجەکانی بێنێتە دی.

- لەکۆتاییدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،بەو پێیەی کە ئەندامی کارای ڕێکخراوی سۆشیال ئەنتەر ناسیونالی جیهانیە پێویستە لەسەر ڕێباز و ئایدیای سۆشیال دیموکراتەکان بەردەوام بێت و بەردەوامیش بێت لە پرۆسەی

خۆنوێكردنەوە و خۆڕزگاركردن لە كێشە و ململانێ ناوخۆییەكان و دووریش بكەوێتەوە لە دیاردە قێزەونەكانی تەكەتول و دەسەتەگەری و ناوچەگەری و هۆزگەری و گەندەڵی دارایی و ئیداری و هەوڵی خۆڕێكخستنەوەی زیاتر بدات،بەپێچەوانەوە ئەوەشی هەیەتی لەدەستی دەدات و دەبێتە بەشێك لە مێژوو.كە ئەمەش بە زیانی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد((كوردایەتی)) و پڕۆسەی دیموكراتی و ئازادی نەك هەر لەكوردستان بەڵكو لە عێراق و ناوچەكەشدا.و بەمەش زامنی ئارامی و تەبایی و پێكەوەژیانی سیاسی نامێنێتەوە.

سەرچاوەكان:

========


١. *ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتیمانی كوردستان/ئەكادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی كادران/چاپی دووەم/سلێمانی /كوردستان/عێراق/٢٠١٣*

٢. https://ar.wikipedia.org/wiki

٣. www.dw.com/ar

٤. www.aljazeera.net/news

٥. www.ahewar.org

٦. https://www.marefa.org


---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٤٥لە ڕێكەوتی ٢٠-٢٠١٨/٤/٢١دا بلاْوكراوەتەوە.

## بۆچی گرنگە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە بەهێزی بمێنێتەوە؟*

- وەك دەڵێن هەموو قۆناغ و سەردەمێك پیاو یان سەرکردەی خۆی گەرەکە بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن و دەسکەوتی گەورە وەدەستبێنێت بۆ گەل و نیشتیمانەکەی و لەدۆخی قەتیس و ڕاگوزەر ڕزگاری بکات و نەهێڵێت لە ژێر دەستی داگیرکار و بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، بەهەمان شێوەش ئەو گوتەیە ڕاستە کە هەر قۆناغ و سەردەمێکی مێژوویش پێویستی بە حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەر و خاوەن مێژوو هەیە بۆ ڕابەرایەتیکردنی گەلەکەی و نیشتیمانەکەی بۆ دەربازکردنی لە ژێر دەستەیی و چەوساندنەوە و زوڵم زۆری داگیرکەران. چونکە کاری گەورە و گرنگ هەمیشە بەسەرکردە و حیزبی کاریگەر ئەنجامدراوە لە مێژوودا،نەك کەسانێك یان حیزب و قەوارەیەکی بەناو سیاسی وا کە نەمێژوویەکی پڕشکۆیان هەیە و نەسەرکردەیەکی هەڵکەوتوو کاریزماشیان بەخۆوە بینیوە.بۆیە دواکەوتن و پاشکەوتنی حیزب و سەرکردەیەکی ئاوها تەنها شکست و نوشستی سیاسی و ئابوری و سەربازی بەدواوە دەبێت،ئاشکراشە کاری سیاسی و سیاسەتکردن و ڕابەرایتیکردنیش کاری هەموو چیزە و هەمەکارێك نیە بەڵکو ئەویش شۆڕەسواری خۆی پێویستە.

هەربۆیە لەم قۆناغ و سەردەمەدا کورد و کوردایەتی پێویستی بە حیزبێکی ڕابەری بەهێزی تاقیکراوە و خاوەن مێژوو و شەهیدان و قوربانیدان هەیە کە ئەسپی خۆی تاوداوە لەهەموو سەردەم و ڕۆژگارەکانداو و توانیویشێتی بەسەرکەوتویی لێی دەربچێت و لەگەڵیشیدا گەلێك دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورەش بەدەستبێنێت.هەموو ئەو کارە گەورانەش تەنها شایستەی مێژوو و خەبات و باڵای پڕ شکۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە،چونکە لەماوەوی ٤٢ ساڵی تەمەنی خۆیدا توانیویەتی گەلێك دەسکەوت و سەرکەوتنی گەورەی سیاسی و ئابوری و سەربازی وەدەستبینێت کە لە ڕۆژگارەکانی خۆیاندا وەکو خەونێکی وەدینەهاتوو وابوون،بەڵام ئێستاکە هەندێك کەس و لایەن وایدەبینن کە ئەو کار و چالاکی و دەسکەوتانە هیچ بونە ،بەداخەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هێندە فس فس پاڵەوان پەیدابونە کە خۆیان و سێبەری خۆیانیان زۆر لێگەورە بوە لەگەڵ ئەوەی زۆر باش دەزانن کە هەموانیان بەتایبەتیش ئەوانەی لەم زۆنە هەمیشە سەوزەدا سەریان دەرهێناوە هەموانیان لە قوتابخانە و لە ژێر سایە و عەباکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و مامی کورداندا سەریان جوقاندوە و لەهێلکۆکەکانیان هاتونەتە دەرەوە.

دەبێت هەموانیان باش بزانن کە ئەوە تەنها سنگفراوانی یەکێتی و سەرکردایەتی و بەرنامە پێشکەوتوخوازەکەیەتی کە ئەو مێرگە سەوزەلان و ئاوەدان و ئازادی و دیموکمراسیەی خوڵقاندوە و هەر ئەویش تاکو ئێستا پارێزەرێتی،بەبێ بوونی یەکێتی هیچ مانایەك بۆ ئازادی و ڕەخنە و دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نامێنێتەوە،چونکە یەکێتی لەهەر کوێ بێت و لەهەر کوێ بڕیار بەدەست و باڵادەستبوبێت ئازادی و نان و کار و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیش لەوێ بوە ،ئەمە ڕاستیەکی مێژوویە نەك ئێستا لە دەسەڵات و شارەوانیدا بەڵکو لە زەمەنی شاخ و شۆڕشیشدا هەموو ئەم بنەمایانەی پیادەکردوە و چەسپاندوە.

یەکێتی دژی گەندەڵی و سازش و خیانەتبوە لە گەل و نیشتیمان،یەکێتی پارێزەری ئەمنیەت و ئاسایش و ئاشتی ناو کوردستان و عێراق و ناوچەکەش بوە،یەکێتی مقاوەمەتکاری سەرسەخت و قوربانیدەری یەکەم بوە دژی تیرۆر و تیرۆریستان،یەکێتی سەرقافڵەی دروشمی مافی چارەنوس و دامەزراندنی فیدراڵیەت و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بوە لە عێراقدا،یەکێتی خاوەنی دوو ڕووباری نەبڕاوەیە لە خوێن و فرمێسك لە پێناو کوردستاندا،یەکێتی خاوەنی ٢٠ هەزار شەهیدی سەرکردە و ڕۆڵە قارەمانەکانێتی،یەکێتی داهێنەر و دەستپێشخەری کۆمەڵ گەلێك دەسکەوتی سیاسی و ئابوری مەزنە لە کوردستاندا،یەکێتی صمام الامانی دیموکراسی و ئازادیەکانە نەك لەکوردستان بەڵکو لە عێراقیشدا، هەموو ئەم کار و کردەوانەی یەکێتی لەسایەی سیاسەت و خەباتێکی کوردانەی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەوە بوە لەژێر سایە و ڕێنمایی سەرکردە بێوێنەکەی سەرۆك مام جەلالدا.کە تاکو ئێستا عێراقیەکان و سەرکردەکانی ناوچەکە و دونیاش لە

پێش کورداندا بۆی بەداخن و بەزیانێکی گەورەی وەصف دەکەن کە لەدەستچوە،چونکە مام و یەکێتی ببونە دوانەی ئاشتی و تەبایی و برایەتی و یەکرێزی بۆ هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لەنەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان.

ئێستاش بۆ ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٨/٥/١٢دا کوردایەتی و کوردستان پێویستی بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و پێویستی بە عەقڵ و بیر و پلانی واقعی یەکێتی هەیە کە هیچ کات سەرکێشی و قوماری نەکردوە بە چارەنوسی گەلی کوردەوە ،یەکێتی هەمیشە خۆی پاراستوە لە غروری سیاسی و نەخوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیە ناوچەیی و دونیاییەکانی ئەم قۆناغە،هەربۆیەش یەکێتی هیچ کات نەکەوتۆتە هەڵەی کوشندەوە و بڕیاری کوشندەشی نەداوە،یەکێتی وەکو حیزبێکی خاوەن ئەزمون و تاقیکراوە و قاڵبوی کاروان و بۆتەقەی خەبات و سیاسەت زۆر هێمنانە و ژیر و حەکیمانە و لەسەرخۆ هەنگاو وبڕیارەکانی دەدات و پشوودرێژەو دوورە لەکاری هەرزەی سیاسی وتەنگەنەفەسی کاتیەوە.یەکێتی حیزبی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانە وەکو قەوارە و لیست و حیزبە نوێکان تەنها بۆ هەڵبژاردن و دەسەڵات و دەسکەوت و پلە و پۆست و ئیمتیازات دانەمەزراوە،لەبەر ئەوەی یەکێتی بەسەرەتایەکی ڕاست ودروست دەستیپێکردوە هەرواش دەمێنێتەوە هەربۆیە هەمیشە بە بەهێزی و پتەوی و گەورەیی دەمێنێتەوە نەك وەك لایەن و سەرکردەی تر بەهەڵە و درۆ و خیانەت دەستیان پێکردوە بەدڵنیایش ناتوانن ببنە جێگە متمانەی جەماوەری گەلەکەمان و لەئاست خواست و ویستە ڕەواکانیاندا بن و تەنها دەبنە چەواشەکارێك لە مێژووی کوردایەتیدا.بۆیە مانەوەی یەکێتی بە بەهێزی بەسوود و قازانجی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ کورد و وکوردایەتی لە هەرێم و بەغدادیش،چونکە هەموو دوژمن و نەیارێك هەمیشە حسابی گەورە بۆ حیزب و سەرکردەی گەورە و خاوەن مێژوو دەکەن نەك بۆ کەسانێکی بێ ڕابووردوو،حساب بۆ حیزب و سەرکردەیەکی خاوەن نفوزی گەورەی جەماوەری و سیاسی و ئابوری و سەربازی دەکەن نەك بۆ بێدەسەڵات و لاوازەکان.هەربۆیە مانەوەی یەکێتی بە بەهێزی لەم قۆناغەدا گەلێك پێویستە نەك تەنها بۆ یەکێتیەکان بەڵکو بۆ تەواوی کوردایەتی ،بۆیە هەق وایە هەموان دەنگ بەلیستی ١٦٢ ی یەکێتی بدەن بۆ زامنکردنی ئایندە و گەڕاندنەوەی شکۆی ڕووشاوی کوردایەتی لە بەغداد.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە و pukmediaوڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٥٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## چیدی مێژوو و خەباتی یەکێتی مەشێوێنن *

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ئێستادا خاوەنی نزیکەی ٤٣ ساڵ خەبات و قوربانیدانە و ٤٣ساڵە مێژوویەکی پرشنگدار و ڕۆشن و زۆر جوانی بۆخۆی تۆمارکردوە و لەخەباتی دووروردرێژو و کاروانی قوربانیدانی کوردایەتیدا جێگە و پێگەیەکی بەهێز و پێشەنگی بۆخۆی کردۆتەوە،ئەم مێژووە لەلایەك سوور هەڵگەڕاوە بەخوێنی ٢٠ هەزار شەهید و پرشنگداریشە بەخەبات و قوربانیدانی دەیان هەزار سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین و کەمئەندامی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی،ئەم مێژووە پارێزراوە لەلایەن خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانەوە بە خوێن و فرمێسکەکانیان.خەباتی یەکێتی لێوان لێوە لە قوربانیدان، لەسەرکەوتن و کەوتن و هەستانەوە،پڕ پڕە لە تۆماری خیانەتی هەڤاڵان و ناحەزان ، سیخناخە لە پیلان و بۆسە و کەمینی دوژمنانی ناوخۆ و ناوچەکەش،ئەم مێژوە مێژووی خەباتێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی کوردایەتیە،مێژوویەك نیە لەخۆڕا نوسرابێتەوە و تۆمارکرابێت،مێژوویەکە لەلایەن ڕابەرێکی مەزن و کاریزمایەکی بێ وێنەوە دەستی پێکراوە و زۆرینەی نوسراوەتەوە و لە ئێستاشدا هەڤاڵان و خەمخۆران و تەنانەت دەروێشانی تەریقەتی یەکێتی دەیپارێزن و بەردەوامی پێدەدەن و گەشە و پێشکەوتنی زیاتریشی پێدەبەخشن.کاروانی خەباتی یەکێتی ٤٣ ساڵی وەڕێکەوتوە و هەر بەردەوامیشە و دڵنیام هیچ کۆسپ و تەگەرە و جیابونەوە و باڵباڵێن و ململانێی ناڕەوا و چەقۆ لەکەمەردانی و هەوڵدان بۆ بچوککردنەوە و نەمانیشی هیچیان سەرناگرن.چونکە یەکێتی بۆ مانەوە و سەرکەوتن و وەدەستهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد هاتۆتە بون و لەدایکبوە،یەکێتی بە گەورەیی و بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گەورە و دەسکەوتی گەورە لەدایکبوە،یەکێتی حیزبێکی سیاسی بە بەرنامە و مۆراڵ و ڕێباز و ڕچە و ئایدیا و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی تەواو کوردانە دامەزراوە،یەکێتی بۆ ڕۆژگارە سەخت وتەنگانەکان و لە ڕۆژگاری تەنگانەشدا چاوی بەدونیا هەڵهێناوە،یەکێتی هێزێکی لەبن نەهاتووی وەکو شاخەکانی کوردستانە و داکوتراوە بەناخی کوردایەتیدا و هیچ هێز و سەرکردە و لایەنێك ناتوانێت لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی هەڵیبکەنێت،یەکێتی پشت ئەستوور بە گەل و جەماوەر و خانەوادەی شەهیدان و لایەنگر و ئەندامانی خۆی ماوەتەوە و نهێنی سەرکەوتن و لەناونەچونیشی هەر پشتیوانیە لە بن نەهاتوەکەی جەماوەر و کۆمەڵانی پان وپۆڕی میلەتەکەمانە. چونکە هەموان بە دۆست و نەیارانیشەوە یەکێتی بە سیمبولی پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و ئەمن و ئاسایش و دادپەروەری دەزانن،هەموان یەکێتی بە پارێزەری گەل و نیشتیمان و نەتەوە دادەنێن،هەموان یەکێتی بە سیمبولی ئاشتی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری دادەنێن،هەموان یەکێتی بە خاوەن دەسکەوتی گەورە و ستراتیژی دەزانن لەماوەی ئەم ٢٦ ساڵی ڕابووردوەدا،بۆیە هەموان لەکوردستان و عێراق و ناوچەکەش هیچ هێز و سەرکردەیەك بە جێگرەوەی یەکێتی نازانن،چونکە یەکێتی خاوەن نفوز و پێگەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی وکۆمەڵایەتی بەهێزە. وبۆتە جێگە باوەڕ و متمانەی هەمیشەیی هەموانیش.

بەڵام بەداخەوە کە ئێستاکە هەندێك هێزی سیاسی تازە دامەزراو و تازە جیابۆوە و کۆنە هەڤاڵ و سەرکردەی یەکێتی لەم بانگەشەی هەڵبژاردنەدا کەوتونەتە دزین و شێواندنی بەشێکی زۆری ئەو مێژوە و دەسکەوت و قوربانیدانانەی یەکێتی و بەهی خۆیانی دەزانن و لاف و گەزافی پێوە لێدەدن و گەرەکیانە بەو هۆیەوە یەکێتی بچوکبکەنەوەو لەڕابووردوەکەشی دابماڵن و ئایندەشی تاریك و نوتەك بکەن،ئەوان لایان وایە کە یەکێتیان پێبچوك دەبێتەوە بەو هاشووهوش و فریودانی جەماوەرە،ئەوان لەبیریانچوە یان خۆیان لەگێلی دەدەن کە هەموو ئەو ناز و ناوبانگ و شۆرەتەی بۆیان دروستبوە هەموانیان لەسایەی یەکێتیەوە بوە و ئەوان کاتێك لەناو یەکێتیدا بوون بەرنامە و نەخشەڕێگا و سیاسەتی یەکێتیان جێبەجێکردوە لە حکومەتی هەرێم و لە بەغدادیش بۆیە نە هێز و بازووی خۆیانە و نەسەروەت و سامانی بنەماڵەکانیانە بەڵکوو هەموانیان بۆ یەکێتیە و لەسایەی یەکێتیەوە بوە،بۆیە دەبێت باش بزانن هەموو ئەو هێز و لایەن و سەرکردانەی کە لەیەکێتی جیابونەتەوە بەبێ مێژوو و خەباتی یەکێتی ئەوان خاڵی خاڵین لە ڕابووردویەکی پرشنگدار و نەدەسکەوت و نە مێژوویان نیە،و تەنها خاوەن مێژوویەکی کەم و کورتی جیابونەوەن نەك

دامەزراندن و لەدایکبونێکی سروشتی  کە زەرورەتی قۆناغەکە خواستبێتی،ئەوە مێژوو و خەباتی یەکێتیە ئەوانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی ئێستا.بۆیە ئەوان پێچەوانەی یەکێتی لەسەر بناغەیەکی بۆش و فشەڵ و لەسەر فریودانی جەماوەر و بەدرۆو بوختان لەدایکبون ،ئەوان بۆ هەڵبژاردن و دەسەلات و پلە و پۆست و ئیمتیازات جیابونەتەوە نەك بۆ قوربانیدان و خەمخۆری و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی لەدایکبوبن.هەربۆیە مانەوەیان زۆر ناخایەنێت و لەبەردەم شکست و کەوتنەکانیاندا خۆڕاناگرن و زوو بەزووش ناتوان هەستنەوە،ئەوە تەنها بە یەکێتی و یەکێتیەکان دەکرێت چونکە پیلان و بۆسەی زۆری بۆ دانراوە و تیایدا بەسەرکەوتویی و بەهێزی لێیدەرچۆتەوە.

بۆیە گەر تەنها تنۆکێك حەیا و زەرەیەك وەفایان هەبێت دەبێت سپڵە نەبن بەرامبەر بە گیانی پاکی مامی سەرکردە و ڕابەر و بە یەکێتی و مێژوەکەی و لانی کەم مێژوو و خەباتی نەدزن و نەشێوێنن،چوکە مێژوو و جەماوەری گەلەکەشمان هەموان باش دەناسن و دەشزانن هەموان لەکوێوە دەستیان پێکردوە و لەژێر سایە و عەبای کێ و چ سەرکردە و چ حیزبێکەوە چاویان هەڵهێناوە و لە قاوغەکەی خۆیان ترەکیون،با هەموانیان باش بزانن کە بەبێ یەکێتیەکی بەهێز لەکوردستان و عێراقدا ئەوان حسابی سوکترین و بچوکترین حیزبیان بۆ دەکرێت و تەنانەت ناشتوانن لە کوردستان و عێراقیشدا پارێزگاری لەناموس و بارەگاکانی خۆشیان بکەن لەبەرامبەر هێز و حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتوو و بەدەسەلاتەکانی کوردستان و عێراقدا کە هیچ بڕاویەکی ڕاستەقینەیان نیە نە بەئازادی و نەبەدیموکراسی و نەبەهەڵبژاردن و نە بەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و نە دادپەروەری کۆمەلایەتی.ئەوە تەنها سنگفراوانی و پشوودرێژی و پاراستنی گیانی هەڤاڵانە و خەمخۆرانەی یەکێتیە  بۆ ئێستا و ئایندەی کوردو کوردستان کە ئەوان دەتوانن بەئاسانی و بە ئازادی ئەسپی گلاوی خۆیان تاوبدەن و خۆیان بکەنە شۆڕەسواری گۆڕەپانەکە و لەگەڵ یەکەم تیرهاویشتنیشیاندا نوکی ڕم و نێزەکانیان ئاڕاستەی سەر سنگی یەکێتیەکەی مام و کوردایەتی بکەن بەبێ سڵەمینەوە لە شکۆ و خەبات و مێژوە پڕ سەروەریەکەی،کە نازانن بەبێ یەکێتی شکۆی نەتەوە و نیشتیمان و خۆشیان دەدەنە بەر ڕەشەباو ئایندەش بەرەو تاریکستان و نەهامەتی زیاتر دەبەن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ئاڕاستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٦٦ لە ڕێکەوتی٢٠١٨/٥/١٥دا  بلاوکراوەتەوە.

## ٤٣ ساڵ خەباتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ بەرخۆدان و هەستانەوە و مانەوە بوە *

• رێك پێش ٤٣ ساڵ لەمەوبەر و لە چرکە ساتێکی مێژوویی زۆر گرنگ و هەستیار و چارەنوسسازدا،رووداوێکی گەلەك گەورە و ناوازە لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا روویدا،کە زۆر کەس و لایەنی توشی شۆك کرد و زۆر کەسانی تریش هەر بیریان لێنەکردبۆوە و وەکو خەونیش دەهاتە بەر چاویان.ئەویش لەدایك بوون و دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو ،تەنها لەدوای ٢مانگ و نیو لەکارەسات و نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ لەدایك بوو.

• لەدایکبونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر لەوکاتەوە تاکو ئێستاش تەنها بۆ پیشاندان و بەردەوامیدانی خەبات و مقاوەمەت و بەرخۆدانی کوردایەتی بوە دژی چەوساندنەوە و زوڵم و داگیرکردنی کورد وکوردستان لەلایەن رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقەوە،یەکێتی لەساتی دامەزراندنیەوە و تاکو ئێستاش تەنها ئامانج و دروشمی بەرخۆدانەو گڕدان و جۆشدانی کوردایەتیە دوور لە موزایەداتی سیاسی و دروشمی باقوبریقی قۆناغی و دوور لە نەرمی نواندن و پیادەکردنی سیاسەتی رۆژ و کورتخایەن و تەکتیکی،یەکێتی هەمیشە خاوەن بڕیار و بنەما و کار و گوتاری سیاسی سەربەخۆی خۆی بوە و هیچ کات دوور نەکەوتۆتەوە لە شارێگەی خەباتی کوردایەتی،یەکێتی خاوەنی فکر و ئایدیا و رێبازێکی روونی نەتەوەیی و نیشتیمانیە و هیچ کاتیش پاشگەزنەبۆتەوە و رەنگی کوردایەتی راستەقینەی خۆی کاڵنەکردۆتەوە و هەمیشە لەهەوڵی پێکەوەنانی یەك و یەکگرتوویی تەواوی کورداندا بوە لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا و گەرەکی بوە کە کورد پێکەوە خەباتێکی دەستەجەمعی بکەن بۆ وەدیهێنانی دوا ئامانجەکانمان لە سەربەخۆیی و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا. بۆیە بەهەق یەکێتی بۆتە پێشەنگی خەباتێکی کوردایەتی و مەردایەتی وەها کە تەنها هەر ئەوە بۆتە سیمبولی بەرۆخۆدان و بەردەوامیدانی کوردایەتی.

• یەکێتی بەهەمان شێوە هاتۆتە مەیدان بۆئەوەی کوردایەتی هەڵبسێتەوە و لەگلان و نسکۆ و شکست رزگاریبکات و جارێکی تر بە عەقڵ و جەستە و بیری نوێ گیانێکی نوێ و ورە پۆڵایین بکاتەوە بە جەستەی شەکەت و ماندوبوو و کەوتوی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥دا، یەکێتی تەنها بۆ هەستانەوە وبەهێزبونەوە و سەربڵندکردنەوەی هەموو کوردێك هاتەوە مەیدان ،مێژووش شاهیدی ئەو سەرکەوتن و بەرەو پێشچوون و گەشەکردنەی کوردایەتی بۆ یەکێتی دەدات کە لەماوەی ئەم ٤٣ ساڵەدا چۆن و بەچ گیان و بەرگریی و سووربون و قوربانیدانێك توانیویەتی ببێتە کۆڵەکەی بنچینەیی هەستانەوەی کوردایەتی و جارێکی تر پشکۆی شۆڕش لەژێلەمۆی کوانوی خامۆشی خەباتی کوردایەتیدا ببوژێنێتەوە ولەژێر خۆڵەمێشی شکست و نسکۆدا هەڵیبسێنێتەوە و باری لاری کوردایەتی راستبکاتەوە،ئەوەش بەهێزی بیر و بازوی سەرکردایەتی و رۆڵە نەبەز و قارەمانەکانی یەکێتی بوە کە خاوەنی بیروباوەرێکی پۆلایینی کوردایەتی بوون و شکستیان بەشکست هێناوە و هەموو پیلانە گلاوەکانی ناوخۆ و ناوچەیی و داگیرکارانیان پوچەڵکردۆتەوە و لەتاقیکردنەوە سەختەکانی رۆژگارە سەخت و بەستەڵەکەکاندا بەسەرکەوتوویی دەربچێت،یەکێتی نەك یەك جار گلاوە و هەستاوەتەوە بەڵکو دەیان جا گلاوە و کەوتوە بەلام بەهێزتر هەستاوەتەوە ،لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و دوای کارەساتی هەکاری و دوای کیمیاباران و جینۆساید و ئەنفال و ..هتد.هاتۆتەوە مەیدان و سەری بەرزی نەوی نەکردوە.

• هەروەها یەکێتی هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستاش تەنها بۆ مانەوە و بەردەوام بوون هاتۆتە مەیدان،نەك بۆ چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە و پشتکردنە کوردایەتی و بەزین و خۆبەدەوەستەدان،یەکێتی بۆ قۆناغێکی دیاریکراو و راگوزەری خەبات نەهاتۆتە بوون بەڵکو بۆ مانەوە و بەردەوامبونی کوردایەتی هاتۆتە لەدایکبوون سەرەڕای هەموو پیلان و ئاژاوەگێڕی و شۆڕش چەواشەکاریەکانی ناوخۆ و ناوچەکە.یەکێتی حیزب و رێکخراوێك نیە تەنها بۆ هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی پلە و پۆست و ئیمتیازات هاتبێتە بوون، یەکێتی حیزبێکی مۆدێل نوێی دروستکراو و داتاشراو نیە کە تەنها مەبەست لە دامەزراندنی سەرلێشێواندن و گەوجاندنی جەماوەر بێت،یەکێتی حیزب و رێکخراوێکی پۆپۆلیستی نیە کە ژیان و مانی خۆی لەسەر نارەزایی جەماوەر بنیات نابێت و لەدواساتیشدا هەموو دەسکەوتی خەباتی جەماوەری بۆخۆی ببات و پشتیش بکاتە

جەماوەر،یەکێتی  حیزب و ڕێکخراوێکە کە زەرورەتی قوناغ و مەتڵەبەیکی ڕەوای میلەتێك هانیویەتیە بوون و دامەزراندن ،یەکێتی حیزبێکی خۆڕسك لەدایکبوو و پێگە چەقیوە لە مێژوو و خاکی کوردستاندا،یەکێتی خاوەنی سیاسەت و بیر و ڕێبازی ڕاستەقینە و شەفاف و ڕاستگۆیانەی کوردایەتی بوە و بەهەق بۆتە پێشەنگی خەباتی شاخ و شار و شۆڕش و مەدەنیەتیش نەك دوای نارەزایی جەماوەر کەوتبێت.بۆیە بەهەق هێز و حیزبێکی ئاوها شایستەی مانەوە و بەردەوام بونە نەك حیزب و ڕێکخراو و قەوارە و بزوتنەوەی داتاشراوی پۆپۆلیستی سەردمی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە و فریودانی جەماوەر.ئەوە تەنها یەکێتیە کە توانای مانەوە و مقاوەمەت و بەرخۆدان و هەستانەوەی هەیە و دەشبێت،چونکە تەنها هێزێکی ڕەسەن و ڕەگ داکوتراو دەتوانێت دژ بەو هەموو گەلەکۆمەکیە نارەوایەی ناوخۆ و ناوچەکەش بوەستێتەوە و بەجەستەی کەنەفت و خوێنلێچۆڕاویەوە بەردەوام بێت و بەرەنگاری بکات و بیەوێت بمێنێتەوە و سەرلەنوێش هەستێتەوە.

- بۆیە لەساڵیادی ٤٣ ساڵی دامەزراندنی یەکێتیدا،ئەرکەکان و کاروانی خەباتەکەی زۆر گرنگتر و سەختتر دەبێت،چونکە هێشتا ئامانج و دروشمەکانی کوردایەتی لە ئاشتی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و مافی چارەنوس و دیموکراسیەتی کامڵ زۆریان لەپێش ماوە و بۆ وەدیهێنانیشیان تەنها هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێویستە بە ڕابەرایەتیەك و سەرکردایەتیەکی نوێ و بە بیر و هزر و توانا و لێوەشاویەکی تازەوە کە بتوانێت ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە تێبپەڕێنێت و یەکێتیش خاوەنی توانای زۆر گەورە و لەبن نەهاتووەکە دەتوانن خەونی سەرۆکی هەمیشە زیندوو مام جەلال وەدیبێنن و یەکێتیەکەی مام و هەموانیش بگەیەننە چڵە پۆپەی کوردایەتی و بەهێزی و تۆکمەیی و یەکو یەکگرتوویی لەپێناو خەونە هەمیشە زیندوەکەی گەلەکەماندا لە پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٨٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/٣دا بلاْوکراوەتەوە.

## ئەرێ دەزانن بۆ
## یەكێتی نیشتیمانی كوردستان تا ئێستا بەدیلی نیە؟*

• یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بۆ خۆی لەساتی دامەزراندنیەوە بۆ جێگرەوەی هێز و لایەنێكی سیاسی ماوە بەسەرچوو هاتە گۆڕەپانی خەباتی كوردایەتیەوە،بۆخۆی بەدیل و جێگرەوەیەكی ڕەسەن و مۆدیلێكی نوێ بوو بۆ ئەو كات و سەردەمە و تاكو ئێستاش.یەكێتی نیشتیمانی بۆخۆی وەڵامدەرەوەی قۆناغێكی سەخت و دژواری خەباتی كوردایەتی بوو،وەڵامدەرەوەی هەستانەوە و مقاوەمەت و قوربانیدان بوو بۆ شكست وكارەساتەكان، یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بۆ خۆی جێگرەوەیەكی ڕاستگۆیانەی سەردەمی شەوەزەنگی و تاریكی و بێئومێدی بوو،هەربۆیەش توانی لەماوەیەكی كورتی زەمەنیدا پێگە و جێگە پێی خۆی و ناو وناوبانگی خۆشی بەسەرتاسەری كوردستاندا قایم و پتەو و پەخش بكاتەوە، ببێتە جێگە ئومێدی زۆرینە بە ئیستاشەوە.

• یەكێتی لەكاروانی خەباتی ٤٣ ساڵەی خۆیدا ،ڕووبەڕووی گەلێك كارەسات و شكستی سیاسی و سەربازی و حومكڕانیش بۆتەوە،ڕووبەڕووی گەلێك خەنجەر لێدانی براكان و هەڤاڵەكانی خۆشی بۆتەوە لە پشتەوە،ڕووبەڕووی گەلێك جیابونەوە و دووكەرتبوون و هەوڵی بچوكبونەوە و لەناوبردنیش بۆتەوە. ڕووبەڕووی دەرپەڕاندنیش بۆتەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاكو ئێستاش، ڕووبەڕووی گەلێك گەلەكۆمەكی وپیلانی ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بۆتەوە،بەڵام تەنها بە خۆڕاگری و ڕاست و دروستی بیروباوەڕەكەی و پشتگیری لە بن نەهاتوی جەماوەرەكەی توانیویەتی خۆڕاگر بمێنێتەوە و بەهێزتریش ببێت.

حیزبی سیاسی ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە لەكاروانی خەباتیدا ڕووبەڕووی هیچ دووكەرتبوون و جیابونەوەیەك نەبێتەوە،بەڵكو گرنگ خۆڕاگری و بەهێز مانەوە و هەستانەوەیەتی دوای هەر هەوڵێكی دووكەرتبون و بچوكبونەوەی.

• یەكێتی لە پای سیاسەت و ڕچەو ڕێبازی خەباتەكەی و ئایدیا و فكرە مرۆڤدۆستانەكەی و خەمخۆریە كوردانەكەیدا هەمیشە بۆتە جێگەی تانە لێدان و پیلان بۆ نانەوە وتێگرتنی ڕم و نێزەكانی براكان و دۆستەكان لە پێش دوژمنانیدا،بەڵام تاكو ئێستاش توانیویەتی بێ بەدیل بمێنێتەوە و تەنها بەدیلی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان یەكێتیە و یەكێتیە و فەقەت یەكێتیە، چونكە هێزە كۆنزەرتێڤەكان هیچ كات ناگەنەوە بە دروشم و سیاسەت و ئایدیا و ڕێبازی نوێخوازی یەكێتی و یەكێتی زۆر لە مێژە ئەوانی تێپەڕاندوە، هەرچی هێز و بزوتنەوەو جوڵانەوەو هاوپەیمانیە نوێكانیشە بەتەنها و پێكەوەش ناتوانن و نەیانتوانیوە تێز و فكر و ڕچە و قوربانیدان و دەسكەوتەكانی یەكێتی تەجاوز بكەن،نە لە ڕووی فكر و ئایدیاوە نە لە ڕووی ڕچە و ڕێبازی كاركردنەوە نە لەڕووی دەسكەوت و خزمەتگوزاریشەوە نە لە ڕووی قوربانیدان و بەخششیشەوە.

بۆیە تەنها یەكێتیە كە بێ جێگرەوە ماوەتەوە و نەك تەنها جێگەی ئومێدی دۆست و لایەنگر و جەماوەرەكەی خۆیەتی بەڵكو بە ئێستاشەوە لەناو زۆرێك لەلایەنە سیاسیەكاندا خەمخۆر و لایەنگری سیاستەكانی یەكێتی هەن و خۆشبەختانە كەمینەش نین،چونكە هەموانیان باش دەزانن كە ئەو هێزە كلاسیك و مۆدێرنانەی كە هاتونەتە گۆڕەپانی سیاسی كوردستانەوە هێندەی لەخەمی دەسكەوتی حیزبی و بنەماڵەیی بچوكدان نێوهێندە بەتەنگ ولەخەمی گەورەی نەتەوە و نیشتیماندا نین.جا هێزی ڕەسەن و خۆڕسك و مێژووكرد لە سات و كاتە ناسك و هەستیار و پڕ مەترسیەكاندا دەردەكەون و ڕەسەنایەتی مەعدەنی خۆیان پیشاندەدەن بەوەی هەمیشە ئامادەگی بەخشین و قوربانیدان و نەرمی نواندنن نەك عینادی سیاسی و ڕق و تۆڵەكردنەوە و لەناوبردنی جەستەیی و فكری و ...هتد.

یەكێتی بەئێستاشەوە هیچ سەركردە و لایەنێك ناتوانێت شان بدات لە شانی بە بڕوابوونی بە دیموكراسی و ئازادیەكان و مافی مرۆڤ و تەنانەت زۆر جارانیش زیانی گەورەی بەركەوتوە لە ئەنجامی ڕێزگرتنی لە دیموكراسی و هەڵبژاردن و

ڕای گشتی شەقام و جەماوەر،بەڵام چونکە بڕوای پۆڵاینی بەو سەرەتا و دروشمە مرۆڤدۆستانە و سەردەمیانەی خۆی هەیە هەرگیز پاشگەزنەبۆتەوە و ناشبێتەوە.

- یەکێتی هێزێکی سیاسی دروشمباز و موزادەیەچی سیاسی نیە،بەڵکو هێزی کار و خەبات و قوربانیدان و پراکتیزەکەری دروشم و سیاست و ئامانجەکانێتی لەسەر زەمینەی واقع، یەکێتی هێزێکە کە ١٦ ساڵ لە شاخ و ٢٧ساڵیشە لەدەسەلاّت و شاردا بالأدەستەو تاقیکراوەتەوە لەهەموو مەیدانەکانی شۆڕش و دەسەلاّت و سیاسەت و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاّیەتیدا.. هەربۆیەش کۆمەلاّنی خەڵك ئەگەر لە قۆناغێکیشدا سزای کەمتەرخەمی و هەڵەکانیشی بدەن بەلاّم ناتوانن تاسەر دەستبەرداری یەکێتیەکەی خۆیان بن.ڕێگەش لە هیچ هێز و لایەنێکیش ناگرێت کە بتوانێت بچوکترین کار و خزمەت  یان زۆرترین لە یەکێتی پێشکەش بکات بەکۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان،یەکێتی هەمیشە لایەنگری ئاشتی و تەبایی و کاری پێکەوەیی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بوە.
- جا هێزێك وەکو یەکێتی کە هەڵگری ڕێبازی سۆسیال دیموکراتە کە دروشمەکانی برایەتی و پێکەوەیی و دادپەروەری کۆمەلاّیەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا بێت چۆن دەکرێت بەدیلی بۆ پەیداببێت،چۆن دەکرێت بچوك و بیٚ ئەرزش بمێنێتەوە،چۆن دەکرێت لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگاوە سڕو لاواز بکرێت،هەربۆیەش کۆمەلاّنی خەڵکیش زۆر باش لەو ڕاستیە گەیشتوون کە یەکێتی لەهەر کوێیەك بالأدەستبێت لەو جێگەیەدا ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بەرپا دەبێت،بەپێچەوانەشەوە هەر کات یەکێتیش لاواز بوبێت ئەوا تەواوی کوردستان لاواز بوە.هەموو ئەو ڕاستیانە پێمان دەڵێن کە بۆچی یەکێتی تاکو ئێستا بەدیلێکی ڕاست و ڕاستەقینەی بۆ دروست نەبوە و ناشبێت و هەر بەپێشەنگ و ڕابەریش دەمێنێتەوە.
- بەلاّم گەرەکیشە یەکێتیش بە خۆی و سیاسەت و بەرنامە و تێزی فکری خۆیدا بچێتەوە و  هەوڵی بەردەوام لێنەبڕوانە بدات بۆ خۆ نوێکردنەوە و گەشانەوە بە عەقڵ و جەستە و بیری نویٚ بۆئەوەی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بگونجێت و بتوانێت بۆ دەیان ساڵی تریش بەردەوامی بەمان و بون و دەسەلاّتی خۆی بدات، لەوپێناوەشدا پێویستی بەخۆڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوە و کرانەوەی زیاتر وهەستانەوە هەیە لەکاتێکدا کە کوردستان و ناوچەکە و دونیاش لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە و کتوپڕدان کە هیچ کەس و سەرکردە و لایەنێك ناتوانێت نەپێشبینی ئایندە بکات نە زامنی ئایندەیەکی ڕوونتریش بکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ئاڕاستە و ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارە ٧٦٥٣لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٤دا بلأوکراوەتەوە.

**بۆساڵیادی سەرۆکە مەزنەکەی کورد مامی هەموان ***

- ڕێك ساڵێك لەمەوبەر و لەدەمەو بەیاندا ناخۆشترین و پڕسویَترین هەواڵمان بیست،ئەویش کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلال بوو،لە ولآتی ئەڵمانیا و لەدوای نزیکەی ٤ ساڵ زیاتر لە نەخۆشی و دوورکەوتنەوەی لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە.

هەواڵی مەرگت هەموانی هەژاند و هەموانی خەمبار کرد،بەشێوەیەك کە هەموان توشی شۆك بون و هیچ کاممان بڕوامان نەدەکرد بە دوا ماڵئاوایت لە یەکێتیەکەت و لە یەکێتیەکان و لەتەواوی جەماوەری گەلەکەمان لە کوردستان و تەنانەت عێراقیش.

- کۆچی دوایت بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر هەموان داناوە کە تائێستاش هیچ سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی کوردستان و عێراقیش نەیانتوانیوە جێگەکەت پڕ بکەنەوەو هەموان بەتاسەوە باسی سەردەمی ئێوەی مەزن دەکەن هەر لە درێژەی کاروانی خەباتی کوردایەتی و ڕزگاریخوازی و دیموکراسیخوازیتانەوە لەسالآنی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوەوە، تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلول و دواتریش دەستپێکردنەوە و هەڵایسانەوەتان بۆ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دواتریش خەباتی بێوچانتان لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دژی قێزەونترین و زاڵمترین ڕژێمەکانی ناوچەکە و دواتریش و دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلەکەمان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا و هەڵبژاردنی یەکەم پەڕلەمان و دامەزراندنی یەکەم حکومەت و حوکمڕانی کوردی و پشتیوانیە هەمیشەییەکانتان لە هێز و سەرکردە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان بە مادی و مەعنەوی و دواتریش سەرخستن و ڕابەرایەتیکردنی هەڵمەتی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا و هەوڵ و ماندوبونەکانت بۆ نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمداو دواتریش کاتێك گەیشتیتە لوتکەی دەسەلآت و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەی کە سەپاندبوتە سەر هەموان بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاشتەوایی و دوورخستنەوەی عێراق لە جەنگی ناوخۆیی و ئەهلی کە کاریکردبوە سەر بالآترین مەرجەعیی شیعەکان و بەتەنها و تەنها نازناوی ((صمام الامان))یان لە ئێوەی نەمر نا..دوور لە کەسایەتی و سەرکردە عەرەبە شیعە و سونیەکان.

- تۆ ئەی مامی هەموان،گەورەترین و نەمرترین و پڕشکۆترین سەرۆکی عێراق بووی بەدرێژایی حومکڕانانی پاشایەتی و کۆماریەکانیشەوە،تۆ ئەی سەرۆکە مەزنەکەی کورد و عێراقیەکانیش هیچ کات نامریت و لای هەموان یاد و یادەوەریت بە زیندوویی دەمێنێتەوە، مام جەلال ناو و ناونیشانێکە کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە، وشەی مام تەنها لەخۆت دەهات و بە ڕاستی و ڕاستگۆییش مامی هەموان بویت،هەربۆیە لە ئێستادا و دوای ساڵێك لە کۆچی دواییت و ماڵئاوایت هەموان (ماڵ ئاوای ))بونت لێدەکەین و ئاه و حەسرەت هەڵدەکێشین بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمەی کە ئێوەی نەمر ڕابەرایەتی شۆڕشی نوێ و یەکێتی و کوردستان و عێراقتان دەکرد، چونکە دوای ئێوە نە کوردستان ئارامی و ئاشتی بەخۆوە بینیوە نە عێراقیش دوورر بوە لە جەنگ و ململانێکان،بۆیە هەموان بەداخن بۆ ئەو سەردەمە زێڕینەی ئێوە،چونکە بیرتیژی و حەکیمی و دڵفراوانی ئێوە بونە هۆی جێگیربوونی ئاشتی و ئارامی لە عێراق و کوردستاندا،نەرمی و باوکایەتی و پشوودرێژی ئێوە بوە هۆی یەك و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد،گەورەیی و کایرزمایی و کەسایەتی بەهێزی ئێوە بوە هۆی ئەوەی کە هەموان ڕێز لە بیروبۆچون و ڕاو بڕیارەکانتان بگرن،چونکە هەموان باش دەیانزانی کە ئێوە لەسەروو هەموو ئینتیما بچوکەکانی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و عەشرەتچێتی و بنەماڵیبونەوەن،زۆر باش دەیانزانی کە تەنها ئێوە دەتوانن کەشتی کورد لەناو دەریا و شەپۆلە هەڵچوەکاندا بگەیەننە کەناری ئارامی،ئێوە سیمبولی ئاشتی و ئارامی و پێکەوەیی و دیموکراسی و ئازادی بونە،ئێوە لەلایەن نەیارەکانەوە پێش دۆستەکان گەواهیی گەورەیی و مەزنیان بۆ دەدان.

- بەداخەوە دوای ساڵێك لە کۆچکردنت هەموان لە کوردستان کەوتونەتە وێزەی یەکتری و بەهەموانیش نێوماڵی کوردیان پەرت و پەرشکردوە و هیچ کەس و سەرکردەیەك ناتوانێت و بوێری ئەوەشی نیە کە دەستپێشخەری سیاسی

و ئاشتەوایی بکات،هەموان هێندەی لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و کەسیدا هەوڵدەدەن نیوهێندە بۆ کوردایەتی و نیشتیمان و نەتەوە هەوڵنادەن.بۆیە لە ئێستادا دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستان لەهەموو کات لاوازترە،لەهەموو کات بێزراوترە و هیچ کەس و لایەن و سەرکردەیەکی عێراقیش ڕێزی لێناگرن، تۆ شکۆی کورد و نەتەوەیەك بویت لە پایتەختی دەوڵەتێکی عەرەبیدا،تۆ پڕ بەهاترین گەوهەری دونیا بویت لەنێو دەریای پڕ شەپۆلی بێئومێدی ٣٥ ملیۆن عێراقیدا،تۆ زامنی یەك پارچەیی خاکی عێراق و بەهێزی کوردستان بویت لە نێو دورگەیەکی گەمارۆدراو بە داگیرکار و دابەشکاراندا،تا ئەو کاتەی خۆت شۆڕەسواری مەیدانی عێراق و کوردستان بویت هیچ کام لە دەرودراوسێی و عێراقیەکانیش بوێری ئەوەیان نەکرد پەلاماری سەربازی کوردستان بدەن،بەلاّم تەنها دوای کۆچی دوایت و دوای تەنها ١٣ ڕۆژ هێرشیان کردە سەر کورد و کوردستان کوردستان بیٌ تۆییان قۆستەوە وپەلاماری کەرکوکی قودسەکەی تۆیان داو بەپیلانێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی داگیریان کردەوە.

- ساڵێکی تەواوە تۆی سەرکردە و تۆی کاریزما و تۆی باوك و تۆی ڕابەر و تۆی خەمخۆری ڕاستەقینە لەناو ماندا نەماویت،بەلاّم هەموو کات و لەخۆشی و ناخۆشیەکاندا هەرتۆ بویتەتە ئیلهامی هەموان لەنێو ماڵی یەکێتیەکەتدا و لەنێو ماڵی کورد و عێراقیشدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و ڕزگاربوون لە قەتیسبوون و نائومێدی.بۆیە هەموانمان قەرزاری تۆین و کاتێك تۆ بۆ هەموان بویت،دەبێت ئێستاش ئێمە هەموانمان بۆ تۆ بین و یاد و یەدەوەریەکانت بۆ دەیان ساڵی تر بە زیندوویی بهێڵینەوە و ئەمانەتە هەرە گەورە و پیرۆزەکەشت کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە وەك بیلبیلەی چاومان بپارێزین و ڕێبازەکەی کوردایەتی ئێوەش بەرز و پیرۆز ڕابگرین و بەردەوامی پێبدەین.

دەبنوو ئەی سەرکردە مەزنەکەی نەتەوە و نیشتیمان بە ئارامی چونکە ڕۆڵەکانت بە ئەمانەتەوە لە دوو پرۆسەی گەورەی هەڵبژاردندا لەساڵی ٢٠١٨دا بۆ پەرلەمانی عێراق و کوردستان بەسەرکەوتویی و سەربڵندی هاتونەتە دەرەوە و یەکێتیەکەتیان گەشاندەوە و ڕوە و هەستانەوە هەنگاویان ناوە،سەرەڕای هەموو گەلەکۆمەکی و دوژمنایەتی براکان و ناحەز و نەیارەکانی یەکێتی و کوردایەتی.بەرز و پیرۆز بێت ناو و ناوبانگ و یادەوەریەکانت،درووود بۆ گیانی پاکت و بۆ مێژووە پڕ سەروەریەکەت،چونکە بەمەزنی بۆ مەزنی لەدایك بویت و بەمەزنی چویتە ناو مێژووە و هەر بەمەزنیش دوا ماڵئاوایت لە کورد و کوردایەتی کرد.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی pukmediaوئەنجومەنی ناوەند وئاڕاستە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢دا بلاّوکراوەتەوە.

## ئاماژەکانی پشت سەرکەوتنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان *

- هەردوو سەرکەوتنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ٥/١٢ و هەڵبژردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠دا و سەرکەوتنە گەورەکەشی لەسەر ئاستی عێراق بە بردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق لە شەوی ٢٠١٨/١٠/٢دا.هەر لەخۆڕا و بێ پێشینە و کارکردن و ڕەسەنایەتی ئەم هێز و حیزبە سیاسیەوە نەهاتوە،بەڵکو هەموان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان حیزبێکی سیاسی ڕەسەن و ڕەگ داکوتراوی ناو ناخی جەماوەری گەلەکەمانە و لەهەموو ئان و ساتێکی تەنگانە و ناخۆشیەکاندا دەبنەوە پشتیوانە ڕاستەقین و ڕاستگۆکەی یەکێتیەکەیان و ڕێگە نادەن گەلەکۆمەکی بەناو براو و هاوپەیمانەکانی خۆی پێش نەیارەکانی لەناوییبەن و بچوکی بکەنەوە.ئەم سەرکەوتنانە و لەم کات و ساتەدا کە ساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆکی نەمر و هەرگیز لەیادنەچوو مام جەلالە لە ٢٠١٧/١٠/٣دا..مانا و ئاماژەیەکی گەورەتر و پرشنگدارتریان داوە بە سەرکەوتنەکان و ئەو ڕاستیە دووپاتدەکەنەوە کە یەکێتیەکەی مام ڕوو لە هەورازە و بەرەو لوتکەی سەرکەوتن و گەشانەوە هەنگاو دەنێت و ئیدی قۆناغی خۆخۆری و متبوون و سڕبوون وەلادەنێت و قۆناغێکی نوێی گەشانەوە و خۆڕێکخستنەوە و پتەوبوون و بەهێزبوون دەستپێدەکات،لەسەر دەستی نەوەیەکی نوێ گۆشکراو بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی کوردایەتی دوور لە زوڵم و چەوسانەوە و کۆنەپارێزی و خۆسەپاندن و قۆرخکاری دەسەلأت بە ناڕەوا،نەوەیەك کە لەگەڵ تێز و بیروباوەڕەکانی دیموکراسیەت و ئازادی ڕاستەقینەدا دەگونجێن و توانا و زەیەکی لەبن نەهاتوویان هەیە بۆ ئەوەی ڕێبازەکەی مامی گەورە ون نەکەن و بەگەشاوەیی بیهێڵنەوە و زۆرینەی جەماوەری توڕە و زویریش لە یەکێتیەکەیان ئاشتبکەنەوە و یەکێتی بکەنەوە بە هێزی یەکەم و جەماوەری لە کوردستان و سەنگ و قورساییش بۆ کورد و کوردستانیش لە بەغداد بگێڕنەوە.
- سەرکەوتنە یەك لەدوا یەکەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە زەمەنی دیموکراسی و شەڕی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکاندا ،قۆناغ و سەردەمە زێڕینەکانی سەردەمی شاخ و داستانە پڕ سەروەریەکانی هێزی پیشمەرگەی قارەمانی کوردساتانمان وەبیر دێنێتەوە کەچۆن برا دژەکانمان پێش نەیارەکان لەکوردستاندا چۆکیان دادە ودواتریش تەختی دەسەلأتی ڕژێمی بەعسیان دەهەژاند،ئێستاکەش هەر ئاوها دەتوانین ببینەوە بە هێزی گەورە و یەکەمی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراقیش.سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و گەڕانەوەی یەکێتی بۆ هێزی یەکەمی زۆنی سەوز و دواتریش هەموو کوردستان ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو تانە و ڕەخنانەی لە یەکێتی دەگیران لەسەر هەڵبژاردنی ٥/١٢ هەموانیان ناڕاست و نادروست بوون ئیدی مافی هیچ کەس و لایەنێك نیە کە باس لە ساختەکاری و فرتو فێڵی هەڵبژاردن بکات،چونکە ئەم هەڵبژاردن و سەرکەوتنانەی یەکێتی لە کوردستان و عێراق هەموانیانی کاڵکردەوە و پێویستە ئەو حیزب و سەرکردە و هێزە سیاسیانەی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی سەوز بەسەر کار و گوتاری سیاسی خۆیاندا بچنەوە و چیدی پڕکێشی نەکەن دژ بە یەکێتی و نەچنە بەرەیەکەوە کە زیان بە یەکێتی بگەیەنێت و بریندار وزامداری بکات و گەلەکۆمەکی لەناوبردنی بکەن،پێویستە زۆر باش لە توڕەیی و ڕق هەستانی یەکێتی تێبگەن و باش بزانن تەنها و تەنها لەگەڵ یەکێتیدا سەروەری و ئازادی و بون و مانیان مسۆگەرترە نەك بەم شێوەیەی ئێستا بونەتە پاشکۆ و زەلیلی پارتی و بەشدار دەبن لە پیلان و بۆسە نانەوە بۆ یەکێتی.
- ئاماژەکانی پشت هەموو ئەم سەرکەوتنانە بریتین لەوەی کە:
- یەکێتی هێزێکی ڕەسەن و خۆڕسك و زەروری کوردایەتیە لەهەموو قۆناغەکاندا.
- یەکێتی هێزێکە بۆ ئەوە هاتوە و بەتەنها بۆ کوردایەتی دەمێنێتەوە و خۆلادەدات لە هەڵخلیسکان بەرەو ڕووی خیانەت و خۆفرۆشی و وڵاتفرۆشی.

- یەكێتی هێزێك نیە تەنها بۆ هەڵبژاردن و كۆكردنەوەی كورسی و ئیمتیازات و دەسكەوتی مادی هاتبێت،بەڵكو هاتوە بۆ مسۆگەركردن و وەدیهێنانی خەونە گەورەكەی كوردایەتی چونكە خۆی بەخاوەنی گەل و نیشتیمان و نەتەوەش دەزانێت.
- یەكێتی هێزێكی گەورەی جەماوەری و سیاسی و ئابوری و سەربازیە و توانا و پەیوەندیەكی گەورەی نێو عێراق و ناوچەكە و دونیاشی هەیە و دەتوانێت وەك كارەكتەرێكی چالاك هەڵسوكەوت بكات .
- یەكێتی هێزێكی لۆكاڵی و ناوچەیی بچوك و بێپێز نیە،بەڵكو هێزێكی كاریگەرو بە ئەزموون و خۆڕاگرە.
- یەكێتی سەرەڕمی دیموكراسی و ئازادیەكانە و لای زلهێزە ناوچەیی و دونیاییەكانیش هێزێكی پەسەند و پشتیوانی لێكراوە،بۆیە ئاسان نیە كە بە زوویی لەناو بچێت و بچوك ببێتەوە.
- كۆتا ئاماژەش كەلەپشت هەموو ئەم سەركەوتنانەوەیە ،ئەوەیە كە زلهێزە ناوچەیی و دونیایەكانیش گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی كە ئەزمونی حوكمڕانی لە عێراق و كوردستاندا بەبێ بونی یەكێتیەكی بەهێزی دیموكراسیخواز و ئازادی پارێز بەردەوام نابێت هەربۆیە پشتیوانیەكی لەبن نەهاتووی دەكەن و لێناگەڕێن نە لەهەرێم و نە لەعێراقدا هێز و لایەنی كۆنەپارێز و بنەماڵەیی و دواكەوتوو باڵادەستی ڕەها بن و ببنە تاكڕە و قۆرخكاری دەسەڵاتەكان.

هەموو ئەو ئامازانە ،لەپشت سەركەوتنەكانی یەكێتیەوەن،هەربۆیە پێویستە یار و نەیارەكان لەم ئاماژە و مەسجانەی وڵاتانی دەوروبەر و دونیا و هێزی عێراقیەكان باش تێبگەن و بكەونە خۆ بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ یەكێتی و گەڕانەوەی برایەتی و كاری پێكەوەیی لەگەڵیدا،ئەگینا ئەوەی كە زیانی گەورەی بەردەكەوێت تەنها خۆیان و جەماوەری میلەتەكەمانە نەك یەكێتی نیشتیمانی كوردستان.

زۆر دڵنیاشم یەكێتی دوای بەستنی كۆنگرەی گشتی چوارهەمی خۆی زیاتر و باشتر دەگەشێتەوەو پتەو و بەهێز و یەكگرتوو دەبێتەوە و چیدی قۆناغی لاوازی و سستی بەجێدێڵێت و دەبێتەوە خاوەنی بەرنامە و ڕێباز و ئایدیای سەربەخۆی خۆی و هەرگیزیش سازش ناكات لەسەر ماف و ئیستیحقاقی خۆی و میلەتەكەمان نە لەكوردستان و نە لە عێراقیشدا.چونكە بێ یەكێتیەكی بەهێز نە كوردستان بەهێز دەبێت و نە عێراقیش ئارام و بەهێز دەبێت،جا ئەم نامەیە و ئەم ئاماژانە هێز و سەركردە عێراقیەكان لەپێش هێز و سەركردە كوردیاكانەوە خوێندویانەتەوە و لێی تێگەیشتون هەربۆیە لە شەوی ١٠/٢ بەزۆرینەی دەنگ پشتیوانی خۆیان بۆ د. بەرهەم احمد صالح دەربڕی بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری،بەداخەوە لایەنە كوردیەكان زۆر لەدوا ئەوانەوە مەسج و ئاماژەكانیان لێكداوەتەوە هەربۆیە دواكەوتەی پێشكەوتەن لە هێزە عێراقیەكان و هێندەی تر خۆیان بچوك و زەلیل پیشاندایەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانی pukmediaو مەكتەبی شەهیدان و ئاڕاستە و ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە ٧٦٨١ لە ڕێكەوتی ٥-٦/١٠/٢٠١٨دا بڵاوكراوەتەوە.

# بەشی چوارهەم
# تایبەت بە زانست و ئەندازیاری

## غازی بەردی ... دیاردەیەکی جیهانی*

Unconventional Gas, aglobal phenomenon

- **پێشەکی**

گەشەکردنی غازی ناکلاسیکی دەستی بە بڵاوبونەوە کردوە لە هەموو جیهاندا لەگەڵ ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ئاستی بازاڕ و نرخەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش.

بەلآم ڕۆڵەکەی لە چوارچێوەی تێکەڵەی وزەدا لە ساڵی ٢٠١٦دا وادەبینرا کە ڕوون نەبێت،سەردەمی زێڕینی غاز هێشتاکە لە ئاسۆدا نابینرێت.چونکە ڕێگریە ئابوری و جیۆسیاسیەکان و کۆت و بەندەکانی سیاسەت کاریان کردوە لەسەر هێواش گەشەکردنی داواکاری لەسەری لە کیشوەری ئاسیا و دابەزینیشی لە کیشوەری ئەوروپادا.

لەلایەکی ترەوە،هەناردەکارانی غاز لە ئوسترالیا،ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست،ئەفریقیا و ئەمریکای باکور کە گرەوەدەکەن لەسەر پێشبینیە کۆنەکان لەسەر گەشەکردنی داواکاری ئاسیایی،بڕێکی زیاتریان لە غاز خستۆتە بازاڕەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە کە خستنە ناوەوەی ئەو بڕە زۆرە کە زیاترە لەداواکاریەکان،ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیهان لە ڕووبەڕووبونەوەدایە لەگەڵ زۆری بەرهەم و نرخەکانیش زۆر جێگەی ڕەزامەندی نین بۆ غازی سروشتی،سەرەڕای بونی هەناردەکاران و وەبەرهێنانی گەورەو سەخت بۆ بنچینەکانی غازی سروشتی کە لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ مانەوە.

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا،بەلآم توانای کارپێکردن و چاککردنە تەکنەلۆژیەکان لە بواری پێشخستنی پرۆسەکانی  غازی بەردی بۆتە هۆی دابەزاندنی تێچوەکان و باشترکردنی بەرهەم لە ئەمریکای باکوردا سەرەڕای توانای شۆڕشی غازی ناکلاسیکی توانی بەخێراییەك کە چاوەڕوان نەکراوبوو بۆ دروستکەرانی سیاسەت و خاوەنی بەرژەوەندیەکان لە پیشەسازیدا ڕووبدەن.

- لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن ئەنجومەنی وزەی جیهانی ئامادەکراوە کە تیایدا بوونی غازی ناکلاسیکی دەرخراوە کە شۆڕشی غازی بەردی ڕابەرایەتی دەکات لە ئەمریکادا کە بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە پەیکەری هەبووی ئێستادا لە بازاڕەکانی غازدا.
- سێ تەوەری سەرەکی بونەتە هۆی گەشەکردنی پێدانی غازی ناکلاسیکی لە بازاڕەکانی غازی جیهانیدا کەلەخوارەوە باسیان دەکەین:

١.بازاڕە پەیوەستدارەکان.

٢.گەشەی جیهانی بۆ سەرچاوە ناکلاسیکیەکان.

٣.ڕەوانەکردنی بودجەی دانراوی هاندەری وەبەرهێنان.

### تەوەری یەکەم:

### بازاڕە پەیوەستدارەکان بۆ گەشەکردنی پێدانی غازی ناکلاسیکی Interconnected Markets

خێرایی غازی ناکلاسیکی لەوەستاندنی بازاڕە جیهانیەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت لە ئەمریکای باکوردا بە ڕابەرایەتی ئەمریکا،لەبەر بوونی بڕێکی ناوچەیی زۆر لە غاز بوە هۆی گۆڕینی وەبەرهێنانەکانی ئێستا لە لایەنی هاوردەکردنەوە بۆ لایەنی هەناردەکردن و وێسگەکانی وزەی کارەبا کاربکەن بە غازی سروشتی لە جیاتی خەڵوز و چالاکی گەورەش بۆ پرۆسەکانی دەرهێنان.

لەماوەی ساڵی ٢٠١٦دا دەبینین کە کاریگەری غازی سروشتی لە ئەمریکادا زۆر بەهێز بوە وەك لە پێشتر چونکە چووە ناو بازاڕەکانی ئەوروپا و ئاسیاوە وەك غازی شل.

ئیدارەی زانیاریەکانی وزەی ئەمریکا EIA  وای بۆ دەچێت کە بەهاتنی ساڵی ٢٠١٧ ئەمریکا ببێتە تاکە هەرناردەکاری غازی سروشتی.و بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنراوە لەلایەن لیژنەی ڕێکخستنی وزەی فیدراڵیەوە  FERC کەوا پێنج نەك

چوار پرۆژەی سەکۆی هەناردەکردنی غازی شل لە قۆناغی دروستکردندان بە توانای هەناردەکاری ڕێگەپێدراو ( ٦٢ر٧) ملیۆن تەن ساڵانە ئامادە دەبێت بەهاتنی ساڵی ٢٠١٩.

لەگەڵ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی سەرەوە،ئەوا ئەمریکای باکور دەبێتە چوارەم گەورە ناوچەی هەناردەکاری غازی شل لە جیهاندا،و ئەمریکاش بە تەنها دەبێتە سێیەم گەورە توانای هەناردەکاری غازی شل لە جیهاندا.

**أ – لە بازاڕە ناوچەییەکانەوە بەرەو بازاڕە جیهانیەکان** From regional to global implications

ئەمریکا و ئوستوڕالیا دەبنە توانای نوێی هەناردەکاری بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٠ کە دەبنە هۆی پێکەوە بەستنی بازاڕە ناوچەییەکان و ڕووکردنیان بەرەو بازاڕە جیهانیەکان.

بەتایبەتیش غازی شلی ئەمریکا بەشداریدەکات لە پێکەوەگرێدانی بازاڕە ناوچەییەکان لە ڕێگەی:

١.کێبڕکێی غاز بۆ غاز Gas-on-gas competition

٢.زیادکردنی بڕی هەبوو لە غاز

٣.زیادکردنی هێز و توانای گفتوگۆ بۆ بەکاربەری جیهانی

٤.پەیەکەری دانانی نرخی غازی سروشتی بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر،بەنزیکەیی نیوەی غازی سروشتی مامەڵە پێکراو لە ئەوروپادا نرخەکانی بۆ دادەنرێت بە پشت بەستن لەسەر ( natural gas hub pricing )، لە کاتێکدا نرخ دانان لە کیشوەری ئاسیادا هەر لە کۆنەوە پەیوەستە بە نرخەکانی نەوتی خاوەوە ( oil indexed pricing calculation ) بەلاَم لە ئەمریکادا گرێبەستەکانی غازی شلی تازە پەیوەستە بە نرخەکانی ناوەندەوە ( henry hiub ).

لەمیانەی ساڵی ٢٠١٥دا، هەندێك بلاَوکراوە و ڕاگەیاندن هەبوون دەربارەی گۆڕینی میکانیزمی نرخدانانی پەیوەست بە نرخەکانی نەوتەوە بۆ( hub-linked pricing ) و ( hybrid indexation ) لەسەر ئاستێکی فراوان لە کیشوەری ئاسیادا. بەشێوەیەك ولاَتانی گەورەی بەکاربەری غازی شل بە شێوەیەکی دووبارە دەربارەی پشتبەستنی بازرگانی ئەمریکا بۆ غازی شل وەك بزوێنەرێکی ستراتیژی لە چوارچێوەی دامەزراندنی ناوەندەکانی نرخدانانی ناوچەیی لە کیشوەری ئاسیادا کە ئەمەش بەشێوەیەکی باش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خستنە بازاڕ و داواکاریەوە.

بەلاَم دەربارەی کیشوەری ئەوروپاوە دانانی نرخی غاز – غاز زۆر فراوانترە وەك لە ئاسیا،هەربۆیە گەیشتنی غازی شلی ئەمریکا دەبێتە هۆی توندکردنی ئاڕاستەی کێبڕکێ و دانانی نرخ لەسەر کێبڕکێی غاز – غاز هەروەك دەبێتە هۆی دابینکردنی جێگرەوە بۆ هێنانی غازی نوێ لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست و ڕوسیا کە پەیوەستن بە نرخەکانی نەوتەوە.

**ب . بڕی هەبووی غاز** Liquidity

بڕی غازی هەبوو پەیوەستە بە زیادبوونی بڕی غازی هەبوو، بەشداربوە نوێکان لە بازاڕ و زیادبونی بڕی هەناردەکراو دەتوانن کە ببنە هۆی بەهێزبوونی بازرگانی کورتمەودا بۆ غازی شل لە بازاڕە جیهانیەکاندا،کە ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی دروستکردنی شەفافیەت کە توخمی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەو بازاڕانەی کە زیاتر پێکەوە گرێدراون.

بازرگانی غازی شلی کورتمەودا بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کرد لەساڵی ٢٠١٠ وە کە بەزۆری لەلایەن کیشوەری ئاسیا و زەریای هێمنەوە پاڵپشتی دەکرا کە بوە هۆی چەندبارە زیادبوونی بازرگانی غازی شل بە بڕی سێ هێندە لەماوەی نێوان ٢٠١٠ –٢٠١٤ ، کە نوێنەرایەتی ڕێژەی ٢١٪ لە قەوارەی بازرگانی غازی شلی جیهانی دەکرد و ٧٪ لە قەوارەی بازرگانی غازی سروشتی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٤دا دەکرد.

**ج. زیادبونی هێزی گفتوگۆکردن بۆ بەکاربەر** Growing bargaining power of consumers

کێبڕکێی غاز بۆ غاز و زیادبوونی بڕی هەبووی غاز بونە هۆی دروستبونی هێزی گفتوگۆ بۆ بەکاربەرەکان بۆ گەڕانەوە بۆ پەیکەری بازاڕەکانی ئێستا و گفتوگۆکردن دەربارەی بەندەکانی گرێبەستەکان کە زیاتر نەرمترن.

لەبەر ئەوە گەیشتنی غازی شلی ئەمریکی بۆ کیشوەری ئاسیا لە توانایدایە کە ببێتە هۆی دابینکردنی بڕی هەبووی غاز و کێبڕکێی پێویست بۆ دامەزراندنی ناوەندەکانی دانانی نرخە ناوچەییەکان بۆ غازی سروشتی.لەگەڵ هاوبەشیکردنی ناوەندەکانی دانانی نرخ لە ئاسیادا ئەوا نرخەکان بەرزدەبنەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆی ڕەنگدانەوەی جوڵەکانی خستنە بازاڕ و داواکاری بۆ ناوچەکە بە شێوەیەکی زیاتر نزیك،هەروەها بەکاربەرەکانیش دەتوانن کە غازی سروشتی وەك سەرچاوەیەکی وزە دانێن کە زیاتر سەلامەتر و جێگیر و نرخەکانیشی گونجاون.

**د. ئاماژەیەکی ڕوون بۆ نرخەکان** Clear price signal

لە ئێستادا مەترسی زیاتر هەیە دەربارەی ئایندەی داواکاری لەسەر غازی هاوردەکراو،بەڵام لەگەڵ بوونی بڕی زۆر و بنکەی هەناردەکاری جۆراوجۆر، ئەوا غازی شلی ناکلاسیکی لە توانایدایە کە ڕابەرایەتی بوونی بڕی غازی هەبوو و هێزی کێبڕکێ بکات بۆ دروستکردنی بازاڕەکانی کە زیاتر پێکەوە گرێدراون و بەمەش دەتوانرێت کە مەترسیەکان بڕەوێنرێتەوە و هەروەها دروستکردنی ڕۆڵێکی ڕابەرایەتی بۆ غازی شلی ناکلاسیکی لە چوارچێوەی تێکەڵەی وزەدا.

لە ڕوانگەی بەکاربەرەوە ئاڵنگاریەکانی غازی سروشتی بریتیە لە دابینکردنی هێنانی غاز و هەڵگرتنی تێچونەکانیش، کە توانرا ڕووبەڕووی ببێتەوە لە ڕێگای هێزی کێبڕکێی بەکاربەرەکانەوە و دابینکردنی بڕی غازی هەبوو،کە بازاڕە پێشکەوتوە جیهانیەکان پێشکەشیان کرد.

بەڵام لە ڕوانگەی هەناردەکارانەوە،شەفافیەتی نرخەکان و بواری ئاڵوگۆڕکردنی دارایی کە بازاڕەکانی غازی شل دروستیان کردوە وایان کردوە کە وەبەرهێنانە دوور مەوداکان کەمتر ببنە هۆی دروستکردنی مەترسی.

## تەوەری دووەم

## گەشەکردنی جیهانی پێویستی
## بە گەشەکردنی هەبوونی غازی ناکلاسیکی هەیە

بەرەو گەیشتن بە ناردنێکی سەلامەت و بەنرخی گونجاویش بۆ غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان،پێویست دەکات بەدواداچوون بکرێت بۆ پێشکەوتنە تایبەتەکان بە پرۆسەکانی غازی ناکلاسیکی. تایبەت بەو مەبەستە،پێشبینیەکانی سیناریۆکانی ئاژانسی وزەی جیهانی IEA لەساڵی ٢٠١٤دا ئاشکرای کرد کەوا بەهاتنی ساڵی ٢٠٤٠ ئەوا غازی سروشتی ناکلاسیکی ڕێژەی نزیکەیی ٦٠٪ نوێنەرایەتی تێکڕای ناردنی زیادە دەکات لەو ماوەیەدا و ڕێژەی ٣٠٪ لە تێکڕای بەکاربەر لە غازی سروشتی.

لەخوارەوە کورتەیەك دەربارەی هەر ناوچەیەك ڕیزدەکەین لەگەڵ ڕەچاوکردنی ٨ هۆکار بۆ پێشکەوتنی غازی ناکلاسیکی:

١. قەوارەی یەدەگی هەبوو
٢. توانای سیستەمی دارایی
٣. جیۆلۆجی ناوچەکە
٤. زەوی دیاریکراو و کارکردن تیایدا
٥. بەشی خزمەتگوزاری ناکلاسیکی
٦. تۆڕی دابەشکردنی نەوت و غاز
٧. کێبڕکێی کلاسیکی و ... هیتد.
٨. دەستی کاری شارەزا

**ئەمریکای باکور**

**بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و غاز لەگەڵ نەوتی بەردی Tight oil بریتین لەوەی کە ڕابەرایەتی کۆی گەشەکردنی بەرهەمی غازی سروشتی دەکەن لە ئەمریکادا لەساڵی ٢٠١٤وە.**

**بەپشتبەستن بە ئامارەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ ئەوا:**

- **بەرهەمی غازی سروشتی لە ئەمریکادا بەرزبۆتەوە( ٥٪) لە ئاستی ساڵی ٢٠١٤ و گەیشتۆتە ٩٣٥ بلیۆن مەتر سێجا ساڵانە .**
- **بەرهەمی غازی سروشتی بۆ بەرزترین ٧ بیری ناکلاسیکی ڕێژەی ٩٤٪ پێکدێنن لە تێکڕای بەرهەمی غازی سروشتی.**

**سوود و قازانجی غازی سروشتی ناکلاسیکی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئابوری ئەمریکا زۆر کاریگەر بوە.بەشێوەیەك صندوقی دراوی نێودەوڵەتی بانگەشەی ئەوە دەکات کە نزمی نرخەکانی غازی سروشتی بوە هۆی زیادبوونی بەڕێژەی ٦٪ لە هەناردەکردنی بەرهەمە دروستکراوەکانی ئەمریکا لە بازدانی غازی سروشتی ناکلاسیکی ئەمریکا وە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤وە.**

**سەرەڕای ئەوانەی کە باسکران ناردنی ئەو برە زۆر و هەرزانە تا ڕادەیەك لە غازی سروشتی لە ئەمریکاوە بوە هۆی زیادبوونی پشکی غازی سروشتی لە چوارچێوەی تێکەڵەی وزەی سەرەتایی لە ٢٣٪ وە بۆ ٢٩٪ لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٥دا.**

- **ئوستوڕالیا**

**لە کاتێکدا یەدەگی بەردی لە کیشوەری ئوستوڕالیادا دەخەمڵێنرێت بە ١٢,٢ تریلیۆن مەتر سێجا.ئەوا پێشکەوتنی غازی بەردی لەو کیشوەرەدا لە پلەی دووەمدا دێت لە دوای پرۆژەکانی غازی** میثانی **چینەکانی خەڵوزی بەردی CBM ی پێشەنگ لە جیهاندا بۆ ئوستوڕالیا.**

**بەشێوەیەك لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەبینین کە ڕۆژهەڵاتی ئوستوڕالیا یەکەمە لە جیهاندا لە بەکارهێنانی CBM وەك توخمێکی ناوەنجی بۆ بەرهەمهێنانی غازی شل،سێ پرۆژە هەن بۆ بەرهەمهێنانی غازی شل لە** میثانە وە **لە چینەکانی خەڵوزی بەردی CBM کە وا پێشبینی دەکرێت تەواو بکرێت یان لە قۆناغەکانی کۆتایدا بێت لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٥دا و بڕی ٢١,٤ ملیۆن تەن ساڵانە لە وزەی هەبوو هەناردە دەکات.**

**بەشێوەیەکی گشتی ئوستوڕالیا دەتوانێت لە توانای هەناردەکردنی زیاد بکات لە وزەی هەناردەکاری هەبوو لە غازی شل لە ٣٦,٦ ملیۆن تەن ساڵانە بۆ ئەوەی بگاتە ٨٦,٥ ملیۆن تەن ساڵانە بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ئەوەی غازی شل لە** میثانی **چینەکانی خەڵوزی بەردی بە نزیکەی ٤٠٪ بنوێنێت لە وزەی هەبوو بۆ هەناردەکردنی غازی شل.**

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە ئوستوڕالیادا :**

**کۆمەڵێك ئاڵنگاری هەن کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە دەبنەوە وەك دواکەوتن و زیادبوونی تێچووەکان و گەیشتنی برەکان بۆ بازاڕەکان بە ڕێگایەکی زۆر سەخت سەرەڕای هەندێ مەترسی دەربارەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان و تێچوە ئابوریەکان بۆ بنچینەکانی** میثانی **چینەکانی خەڵوزی بەردی بۆ دوور مەودا.لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژانەی لە قۆناغی دامەزراندن زۆر دوورن لە گەڕانەوە بۆ دواوە و بەردەوام دەبن بۆ گەیشتن بە بازاڕە جیهانیەکان بۆ ئەوەی ئوستوڕالیا ببێتە سەرچاوەی یەکەم بۆ غازی سروشتی بەهاتنی ساڵی ٢٠١٧.**

- **چین :**

**یەدەگی غازی بەردی چین دەخەمڵێنرێت بە ٣١,٦ تریلیۆن مەترسێجا کە بەرزترین یەدەگی غازی بەردیە لە جیهاندا.**

**لە ساڵی ٢٠١٤ دا بەرهەمی غازی بەردی چین گەیشتە ١,٣ بلیۆن مەترسێجا.کە لە ئێستادا بەبڕێکی کەم دادەنرێت،بەڵام خواستەکانی چین بۆ گەیشتن بە بڕێکی سەلامەت و بەنرخی گونجاو بۆ غازی سروشتی ئاشکرا دەبێت**

لە میانەی پلانە گەورەکانی بۆ پێشخستنی سەرچاوە بەردیەکانی.دەبینین کە کۆمپانیا نیشتیمانیەکان پێشکەوتنی بەرچاویان وەدەستهێناوە لەو بوارەدا،بەشێوەیەك بەرهەمی کێڵگەی fuling لە چوارچێوەی حەوزی Sichuan گەیشتۆتە ٤,٤ بلیۆن مەترسێجا لە بەرهەمی حەوزی سالأنە لە ماوەی وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا.

تێکرای بەرهەمی (( ٢٠٠٠٠٠ – ٦٠٠٠٠٠)) مەتر سێجا ڕۆژانە بۆ هەر بیرێك لە تواناداپە کە بەراورد بکرێت لەگەڵ حەوزەکانی ئەمریکادا کە خۆی دەبینێتەوە لە marcellus یەکێك لەگەورەترین حەوزەکانی غازی بەردی لە ئەمریکای باکوردا.حەوزی marcellus لەگەڵ حەوزی Utica ڕێژەی ٨٥٪ لە تێکرای بەرهەمی نوێ لە غازی سروشتی لە ئەمریکا پێکدێنێت لە ساڵی ٢٠١٢ وە.ئەمەش دەبێتە هۆی پێدانی هیوا بە بونی توانای وەدەستهێنانی ئاستی بەرهەمی بەرزتر لە حەوزەکانی غازی سروشتی بۆ وڵاتی چین.

حەوزی Sichuan توانای بەرهەمی دەگاتە ٣٨٠,٦ بلیۆن مەتر سێجا،هەروەها بەرهەمی کۆمپانیای Sinopec لە بیری fuling لەچوارچێوەی حەوزی Sichuan پێشبینی دەکرێت بگاتە ١٠ بلیۆن مەتر سێجا بە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و ١٥ بلیۆن مەتر سێجا بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە چیندا :**

حەوزی Sichuan دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی قەرەباڵغ بە دانیشتوان لەگەڵ مەترسی دەربارەی کەمی ئاو کە وادەکات ئامانجەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بێت لە چوارچێوەی پلانەکانی چیندا تایبەت بە بەرهەمی غازی بەردی تاساڵی ٢٠٢٠ کە نزمبۆتەوە لە ٦٠ بۆ ٣٠ بلیۆن مەتر سێجا.

سەرەڕای ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی پرۆژەکانی چین بۆ غازی بەردی دەبێتەوە لە بواری گەیشتنی بۆ ڕووی بەردەکان، توانای کارکردن، پێشخستنی ژێرخان وتوانای تەکنەلۆژی.

- **ئاسۆ نوێیەکان :**

- **ئەرجەنتین :-**

ئەرجەنتین دووەم گەورەترین یەدەگی غازی بەردی هەیە کە دەخەملێنرێت بە ٢٢,٧ تریلیۆن مەتر سێجا، بەشێوەیەك بیری Vacamuerte لە حەوزی Neuquen لە ئەرجەنتین کە لە قۆناغەکانی یەکەمی دروستبونیدا لە حەوزی Eagle Ford basin دەچێت لە ئەمریکا،ئەمەش ئەو هیوایە دەبەخشێت بۆ پرۆسەی پێشخستنی بیری Vaca کە ببێتە ڕاستەوخۆ و توانایەکی بەرهەمی وای هەبێت کە ببێتە خاوەن داهاتێکی گەورە بەخێرایی وەك چۆن ڕوویدا لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان کە کاردەکەن لە ئەمریکادا وەك هەردوو کۆمپانیای شیفرۆن و ئێکسۆن مۆبیل.

سەرەڕای ئەوانەی کە باسکران بیری Vaca خاوەنی بەرهەمێکی نەوت و غازی چەسپیوە لەگەڵ ژێرخانێکی سەرەکی و بواری خزمەتگوزاری پێشکەوتوو و تۆڕی بۆری بنچینەییش.

لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی Yacimientos petrol feros fiscales ڕایگەیاند کەوا کاری هەڵکەندن دەستپێکردوە لە بیری Super weel بە بەرهەمی ١٦٠٠ بەرمیل/ ڕۆژانە کە ئەمە پێش بیرە کۆنەکان دەکەوێتەوە کە هەن لە Vacamuerte .

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە ئەرجەنتیندا :**

دیارترین ئاڵنگاریەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە ئەرجەنتین بریتیە لەوەی کە پێنەگەیشتوە وەك ئەوەی لە ئوستوڕالیا و چیندا هەیە ، سەرەڕای ئاڵنگاریە لۆجستیەکانیش کە تایبەتە بە لم و ئاو و کەمی دەستی کاری شارەزا لەکەرتی نەوت و غاز بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بازدانە گەورەیە.

- **سعودیە :-**

سعودیە هەوڵدەدات لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ دا ببێتە یەکێك لە بەرهەمهێنەرەکانی غازی بەردی،بەشێوەیەك کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی ( ئارامکۆ ) ڕایگەیاند کەوا بڕی ٧ بلیۆن دۆلار لە بواری گەشەپێدانی پرۆسەکانی غازی

بەردیدا وەبەرهێنان دەکات.خواستەکانی سعودیە تایبەت بە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی غازی بەردی ویستی سعودیە پیشان دەدات بۆ پێدانی غاز و پاڵپشتیکردنی هەوڵە کانیشە بۆ لابردنی هایدرۆکاربۆناتە شلەکان لە بواری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و زیادبوونی کەرەستە سەرەتاییە بەردەستەکان لەگەڵ گەشەکردنی پێویستی بۆ وزەی کارەبا و پیشەسازی پترۆکیمیاویات.

لە ئێستادا سعودیە پێویستی بە غازی بەردی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و نیشێتی،هەربۆیە سعودیە هەڵدەستێت بە سووتاندنی هایدرۆکاربۆناتە شلەکان و نەوتی خاو،لە کاتێکدا و لە ئایندەدا ئەگەر غازی دەستنەکەوێت،ئەوا بەناچاری دەبێت کە زیاد لە ٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو ڕۆژانە بسوتێنێت بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە سعودیەدا :**

ئاڵنگاریەکان لەبەردەم بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە سعودیەدا بریتین لە : قوڵی جێگەی غازەکە و بۆشایی بەردەکان بونەتە ڕێگر لەبەردەم شکاندنی هایدرۆلیکی،هەروەها کەمی ئاو و شارەزایی تەکنەلۆژیاش ڕێگری ترن.بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم ئاڵنگاریانە پێویستە پشت ببەسرێت بە تەکنەلۆژیای نویێ وەك بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای $CO_2$ و ئاوی ژێر زەوی،ئاوی ئاوەڕۆ،پرۆپان، و هایدرۆکاربۆنەکانی تر بۆ ئەوەی جێگەی میکانیزمی شکاندنی هایدرۆلیکی بگرێتەوە کە دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو و ترشی هاندەر بەڕێژەی ٣٠٪، هەروەك چۆن کار دەکات لەسەر پێشخستنی شارەزایی لە بواری پێشخستنی پرۆسەکانی غازی بەردی.

لە ئێستادا سعودیە پشت دەبەستێتە سەر شارەزایی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە پرۆسەکانی دۆزینەوەی غازی بەردی وەك ( Suhlumberger , Hallibutron and Baker Hughes) .

- **مەکسیك :-**

چاکسازیەکانی وزە لە مەکسیك لە ماوەی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٣ دا بوە هۆی باشترکردنی ڕاکێشانی دارایی بۆ بازاڕ،لە ڕووی جێبەجێکردنەوە مەکسیك تواناى پێشخستنی حەوزی Burgos ی هەیە کە ڕێژەی ٢٠٪ ی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکان دەنوێنێت لەبەر ئەوە ژێرخانی پێویستی هەیە،سەرەڕای ئەوەش حەوزی Burgos بریتیە لە درێژکراوەی حەوزی Texas Eagle Ford basin کە دەبێتە هۆی پێدانی هەندێك بەڵێنی جوگرافیایی.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە مەکسیکدا :**

لە ڕووی ئاڵنگاریەکانەوە،داتاو ئامارەکان دەربارەی ئەو حەوزەی سەرەوە دیاریکراون، کێشەکانی کەمی ئاو،بونی بەرهەمی هەرێمایەتی لە غازی بەردی لە ئەمریکادا کە تاڕادەیەك هەرزانترە لە چوارچێوەی ناوچەکەدا کە دەشێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم وەبەرهێنان لە بنچینەکانی بەردی لە مەکسیك.

- **پۆڵەندا :**

پۆڵەندا بازاڕێکی زیاتر پێگەیشتوترە لە کیشوەری ئەوروپادا و لە توانایدایە کە حەوزی بەڵتیق گەشەپێبدات،بەشێوەیەك بڕی یەدەگی غازی بەردی کە بتوانرێت دەربهێنرێت بریتیە لە ١٠٥ تریلیۆن پێ سێجا و یەدەگی نەوتی بەردی کە بتوانرێت دەربهێنرێت بریتیە لە ١,٢ بلیۆن بەرمیل(بە نزیکەیی ٦٠ بیر هەڵکەندنی تەواو بوە و زانیاری باشیش هەیە).

حەوزی بەڵتیق زۆر سیفاتی باشی هەیە وەك چڕی دانیشتوانی کەم بە بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا،دۆخی ڕووی زەوی لە بارە، ژێرخان گونجاوە،هەروەك پەیوەستکراوە بە تۆڕی بۆری ئێستا بۆ گواستنەوەی غازی سروشتیەوە و هەروەها دەتوانرێت بە بواری خزمەتگوزاری ئەوروپاش بگەیت و هێزی کار کە دەبێتە هۆی پیشخستنی شارەزایی تەکنیکی کارێکی سانا بێت.

هەروەها لەسەر ئاستی گەشەپێدانی پرۆسەکان سەرچاوە نا کلاسیکیەکان ،پۆڵەندا هەستاوە بە هەندێ کاری چاکسازی لەسەر ئاستی سیاسەتەکانی کە وازهێنانی دەوڵەت بوە لە کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان و باشترکردنی دەرکردنی مۆڵەتەکان.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە پۆڵەندادا :**

لە ڕووی ئاڵنگاریەکانەوە پۆڵەندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری دەبێتەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ گەشەپێدانی سەرچاوەکانی غازی بەردی و هەروەك هێشتاش زووە بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەمهێنێکی غازی بەردی چونکە پێویستی بە گەشەپێدانی ژێرخان هەیە لەو ژێرخانانەش ژێرخانی چارەسەرکردنی ئاو و چۆنێتی بەکارهێنانێتی،غازی شلی هاوردەکراو هەرزانتر دەکەوێت کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم وەبەرهێنانی غازی بەردی لە پۆڵەندادا کە وڵاتێکە زۆرترین غاز هاوردە دەکات لە ئەورووپادا.

- **جەزائیر :**

خواستەکانی جەزائیر تایبەت بە غازی بەردی وایلێدەکات کە پاشەکشە بکات لە بەرهەمهێنانی سەرچاوە کلاسیکیەکان و گەشەپێدانی داواکاری ناوخۆیی.

توانای بوونی جەزائیر بە بەرهەمهێنەرێکی غازی بەردی لەدوای ساڵی ٢٠٢٠ وە زۆر دڵخۆشکەرە.چونکە بنچینەیەکی گەورەی هەیە لە ڕووی سەرچاوەکانەوە هەروەك لە پێگەیەکی باشی جوگرافیشدایە و دەتوانێت بگاتە بازاڕەکانی ئەورووپا و ئاسیا( لە ئێستادا جەزائیر بریتیە لە سەرچاوەی سەرەکی غازی شل بۆ کیشوەری ئەورووپا و توانایەکی باشیشی هەیە بۆ هەناردەکردنی غازی شل بۆ بازاڕەکانی جیهان ٢٦,٩ ملیۆن تەن ساڵانە).

هەروەك پیشەسازیەکی غازی سروشتی جێگیریشی هەیە بە شێوەیەك کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی (سۆتۆقرات) توانای گەشەپێدانی غازی کلاسیکی هەیە کە دەتوانرێت ئەو زانیاریانە بۆ پێشخستنی پرۆسەکانی غازی بەردی بەکاربهێنرێت.

سەرەڕای ئەوانەی باسکران،جەزائیر سیفاتی تری هەیە لە بواری تۆڕی بۆری سەرەکیەوە،زۆرێك لەکاری هەڵکەندنەکان لە بەردەستدایە و پیشەسازی خزمەتگوزاری ناوخۆیش پێشکەوتوە.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە جەزائیردا :**

مەترسی گەورە هەیە دەربارەی کەمی ئاو،ئاسایش،ڕوخاندنی ژێرخان،ناڕەزایی جەماوەر و کۆمەڵگا و زیادبونی کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی پشك لە بازاڕە پڕکراوەکاندا،هەمویان دژی پێشکەوتنی غازی بەردین لە جەزائیردا.

- **ئەفریقیای باشوور :**

زۆر پشتی بەست بە خەڵوز و بڕانی بەردەوامی کارەباش پاڵنەرێکی نوێ بوو بۆ ئەفریقیای باشوور بۆ دۆزینەوەی غاز لەو وڵاتەدا،حکومەتی ئەو وڵاتە دەستیکرد بە دۆزینەوەی تواناکان بۆ پێشخستنی میثانی چینەکانی خەڵوزی بەردی CBM و سەرچاوەکانی غازی بەردی.

لەو بارەیەوە،حەوزی کارۆ دادەنرێت بە هەلێکی باش بە ڕەچاوکردنی بونی نیشتوی بەردی ڕەشی پێگەیشتوو، کە دەگونجێت غازی بەردی لەو حەوزەی سەرەوە بەرهەم بهێنرێت و ڕاستەوخۆش بنێردرێت بۆ وێسگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای نزیك لە حەوزەکە و تا ١ GW یان ٢ GWو بەبێ پێویست بوون بە ڕاکێشانی بۆری بۆ گواستنەوەی غازەکە بۆ وێسگەکانی کارەبا( کاری پێشخستنی پرۆژەکە دەتوانرێت جێبەجێبکرێت لە سایەی ژینگەی نرخە هەرزانەکانەوە).

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە ئەفریقیای باشووردا :**

ئاڵنگاریەکان لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا لەبەردەم پێشخستنی کارەکانی غازی بەردیدا بریتین لە: کەرتی خزمەتگوزاری دیاریکراوە،مەترسیەکانی کاریگەری ژینگە سەرەڕای ڕاکێشانی دارایی بۆ باشترکردنی ڕاکێشانی دارایی

پرۆژەیەکی نویٚ بۆ پێشخستنی ژێرخان جێبەجێکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مەترسی دەستبەسەراگرتن،لەگەڵ ئەوەشدا( هاندانی باج و یارمەتیەکان و مافی دەرهێنانی کانزاکان) دەمێنێتەوە وەك ڕێگریەك لەبەردەم وەبەرهێنانی بیانیدا لە حەوزی کارۆ، ئاڵنگاریە سەختەکانیش لەبەردەم پرۆسەکانی پێشخستندا دەمێنێتەوە کە بریتیە لە پێشخستنی ژێرخان و بونی ئاو.

- **تورکیا :**

ئەو وڵاتەی کە لە ١٠ساڵی ڕابوردوودا خێراترین گەشەی ئابوری بەخۆوە بینی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێتە سەر غازی سروشتی لە جێبەجێکردنی گەشەی داواکاری لەسەر وزە بە شێوەیەك بەکارهێنانی ناوخۆیی بۆ غاز لە ٢٢,١ بلیۆن مەتر سێجاوە زیاد بوو بۆ ٤٨,٦ بلیۆن مەتر سێجا لە ساڵی ٢٠١٤دا. بە شێوەی سەرەکیش پشت دەبەستێتە سەر غازی سروشتی ڕوسیا کە نزیکەی ڕێژەی ٥٦٪ لە کۆی تێکڕای بەکارهێنانی غازی سروشتی تورکیا دەبێت.

وەك بەکارهێنەرێکی سەرەکی تورکیا ڕووبەڕووی گەشەکردنی بەردەوامی داواکردن لەسەر غاز دەبێتەوە،بۆیە تورکیا لە هەوڵێکی بێوچاندایە بۆ دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دابینکردنی ئەمنی وزەی خۆی لەگەڵ سەرچاوەی وزەی هەمەجۆر.

پێشبینیەکانی ئیدارەی زانیاری وزەی ئەمریکاEIA ئاماژە بەوە دەدات کە بیری Dadas shale لە باشوری ڕۆژهەڵاتی حەوزی Hamitabat shale و Anatolian لە حەوزی Thrace بڕی یەدەگی غازی بەردی نادڵنیایی بە بڕی ١٦٣ تریلیۆن پیٚ سێجای تیادا بێت،لەڕووی تەکنیکیەوە ٢٤ تریلیۆن پیٚ سێجا دەکرێت دەربهێنرێت لە سەرچاوەکانی غازی بەردینەوە.

لەسەر ئاستی جێبەجێکردنیش ئەوا کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی Turkish Petroleum Corporation قۆناغەکانی یەکەمی چالاکیەکانی گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی غازی ناکلاسیکی لە Dadas shale تەواو کردوە.سەرەڕای ئەوەی پرۆسەکانی پێشخستنی سەرچاوەکانی غازی ناکلاسیکی هێشتا دوورە لە واقعەوە، یەدەگەکانی تورکیا ئەوە پیشان دەدەن کە هەوڵەکانی تورکیا بەرەو دابینکردنی گەیاندنی غاز و دامەزراندنی کەوا لە تورکیا دەکات بیکاتە ناوەندێکی دابەشکردنی غاز لە ناوچەکەدا، چونکە دەکەوێتە سەرە ڕێگای بازرگانی بۆ هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و کێڵگەکانی غاز لە دەریای سپی ناوەڕاستدا لە قوبرص و یۆنان و ئیسرائیل.

- **ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە تورکیادا :**

بەپێی ئامارەکان دەربارەی توانای بەرهەمی ئەو حەوزەی سەرەوە توانایەکی تەواوی نیە،ژێرخان باش نیە،سیاسەتی زیاتر و ئاڵنگاریە تەکنەلۆژیەکانیش ڕێگرن.

**ڕکابەری پرۆژەکانی سەرچاوە کلاسیکیەکان**

**بۆ پرۆژەکانی سەرچاوە ناکلاسیکیەکان**

بەردەوامبونی گەشەکردنی پرۆسەکانی غازی بەردی لەهەریەکە لە ئەمریکا و ئوستوڕالیا و چین،پێدەچێت کاریگەری گەورە دابنێت لەسەر هاوسەنگی خستنە بازاڕ و داواکاری هەتا ساڵی ٢٠٢٠ سەرەڕای ئەوەی بەرهەمهێنەری سەرچاوە ناکلاسیکیەکان پێش هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

هەندێك پرۆژەی گەورەی سەرچاوەی کلاسیکی لەوانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی بواری کێبڕکیٚ لەگەڵ وەبەرهێنان لە سەرچاوەکانی غازی ناکلاسیکیدا بۆ ماوەی دووروودرێژ،لەوانەش:-

- Sub-Saharan Africa

دۆزینەوەی غازی سروشتی لەم چەند ساڵەی دواییدا مژدە بەخشە بۆ پیشەسازی بەشێوەیەك نزیکەی ٧,١ تریلیۆن مەتر سێجا لە غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت کە دەتوانرێت دەربهێنرێت لە مۆزەنبیق و دۆزینەوەی نزیکەی ١,٦ تریلیۆن مەتر سێجا لە یەدەگی غازی سروشتی لە تەنزانیادا.

بڕی هەبوی ئێستا لە بازاڕەکانی جیهاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن کە پڕۆژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا دەست پێناکەن پێش هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

لەم قۆناغەدا کیشوەری ئەفریقیا بواری هەیە بۆ دروستکردنی ئەو بنچینەیەی کە گەشەکردنی توانا زۆرەکانی دیاری دەکات لە چوارچێوەی دوو پایەدا بۆ گەشەی ئابوریەکەی:

١. هەناردەکردن بۆ جێگیرکردن یان بەهێزکردنی گەنجینەی نیشتیمانی.
٢. غازی ناوخۆیی بۆ پشتیوانی گەشەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی.

لەدۆخی سەرکەوتنی دروستکەرانی سیاسەتەکان بۆ وەدیهێنانی هاوکاری هەرێمایەتی و تێکەڵکردنی سیستەمی وزە وا لە (Sub-Saharan ) دەکات کە ببێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بازاڕی غازی سروشتی بۆ ئەوەی کار بکات وەك وێسگەیەکی ناوەندی کە بازاڕەکانی ئەمریکای باکور دەبەستێتەوە بە بازاڕەکانی ئاسیاوە و داواکاری گەشەی ئەفریقیاش جێبەجێدەکات.

ئەوەش دەبێتە هۆی ڕابەرایەتیکردنی گەشەپێدانی ستراتیژی ژێرخان یان وەدیهێنانی خۆبژێوی لەهاوردەکردنی سووتەمەنی هەڵهێنجراو لە ناوچەکەدا و دابینکردنی پارێزگاری دژی بەرزو نزمی نرخی کەلوپەلە ناوخۆییەکان.

- **ڕوسیا :**

ڕوسیا بەوە ناسراوە کە بەرهەمهێنەرێکی غازی سروشتیە بۆ دوور مەودا،بەڵام دۆخی ئێستا کە مەترسی دابینکردنی سەلامەتی هەیە لەم چەند ساڵەی دوایدا وای لە گەورە هاوبەشە بازرگانەکان کردوە لە ئەوروپا و تورکیادا بۆ گرتنەبەری هەنگاوی کاریگەر بۆ هەمەجۆرکردن دوور لە هاوردەکردنی غازی سروشتی لە ڕوسیاوە بێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا نرخە ئابوریەکان بۆ داهاتەکانی گرێبەستەکانی غازی ڕوسی نەبەسراوەتەوە بە نرخەکانی نەوتی خاوەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە غازی ڕوسیا زیاتر ببێتە ڕکابەری غازی شلی هاوردەکراو لەلایەنی ترەوە.

وەك دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە کیشوەری ئەوروپا غازی ڕوسیای هاوردەکراوی کەمکردۆتەوە بەڵام ڕاکێشانی تۆڕی بۆری لە نێوان ڕوسیا و ئەوروپادا لەم چەند ساڵەی دواییدا زیادیان کردوە.

لە ئەنجامدا، تێچووی گەیشتنی غازی ڕوسیا بۆ کیشوەری ئەوروپا زۆر کەمترە لە تێچووی گەیشتنی غازی شلی هاتوو لە ئەمریکا و ئوستوڕالیاوە.ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەلی بەدەستهێنانی پشکی گەورە بۆ غازی شلی ئەمریکا و ئوستوڕالیا لەو ناوچەیەدا.

- **ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست :**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك خاوەنی یەدەگی گەورەی غازی سروشتی دەمێنێتەوە،بەشێوەیەك ئێران و قەتەر توانایان هەیە لەسەر وەلاتانی بڕی گەورە لە غازی ناکلاسیکی.

- **ئێران :**

هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوریەکانی سەر ئێران بواری گەورەی لە بەردەمدا کردەوە بۆ وەبەرهێنان لە یەدەگی گەورەی غازی سروشتیدا کە دەخەمڵێنرێت بە بڕی ٣٤ تریلیۆن مەتر سێجا لەساڵی ٢٠١٤دا. تایبەت بەو بابەتەوە،کۆمپانیای هەناردەکاری غازی نیشتیمانی NIGEC ڕایگەیاند کەوا گفتوگۆ بۆ پێشخستنی پڕۆژەی گەیاندنی غازی شلی ئێران هەیە بۆ کیشوەری ئەوروپا لە ماوەی دوو ساڵدا،کۆمسیۆنی ئەوروپی وای بۆ دەچێت کە غازی شلی ئێرانی دەتوانێت زیادبکرێت بۆ ئەوەی بڕی ٢٥–٣٠ بلیۆن مەتر سێجا لە غازی سروشتی بۆ کیشوەری ئەوروپا دابین بکات بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٠.

هەندێك پرۆژەی تر لەوانە، رێكەوتنی هێڵی بۆری دوانەی ژێر زەوی كە لەتوانایدایە رێگە بە غازی ئێرانی بدات بگاتە وێسگەكانی غازی شل و دامەزراوەی غازی سروشتی شل لە سەڵتەنەتی عوماندا.

سەرەڕای ئەوەش هەندێك راگەیاندن هەیە دەربارەی دەستپێكردنی كار لە پرۆژەی غازی شل ٣,٣ بلیۆن دۆلار كە بۆ ماوەی ٣-٤ ساڵ كاركردن تیایدا دواكەوتوە بە هۆی سزا سەپێنراوەكان لە سەر ئێران،كە لەتوانایدا بوو بڕی ١٤,٥ ملیار مەتر سێجای تر ساڵانە زیاد بكات لە بڕی هەناردەی غازی سروشتی شل لەسەر ئاستی جیهان هەركاتێك ئامادە بوو.

سەرەڕای ئەوەی كە لەبەردەم ئێراندا رێگری گەورە هەیە تایبەت بە ژێرخان كە دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی تێچووی پرۆژەكان، بەڵام ئابوری بەهێز و هۆكارە سیاسیەكانی ئێران هانی دەدات بۆ پێشخستنی سەرچاوەكانی لە غاز سەرەڕای پێگە جوگرافیاكەی كە دەتوانێت غاز هەناردەی كیشوەری ئەوروپا بكات و داواكاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تێر بكات.بەم شێوەیە دەتوانین گەیشتنی غازی ئێرانی لە بازاڕەكانی غازدا پێش ساڵی ٢٠٢٠ ببینین.

- **قەتەر:**

ئەو وڵاتەیە كە پێشەنگە لە هەناردەكردنی غازی شل لە ساڵی ٢٠٠٦ وە توانای هەناردەكردنی بریتیە لە ٧٧ ملیۆن تەن ساڵانە. بەهاتنی ساڵی ٢٠١٧، ئوستوڕالیا هەوڵ دەدات كە قەتەر تێبپەڕێنێت بۆ ئەوەی بچێتە پلەی یەكەمەوە لە ڕووی وزەی هەبوو بۆ هەناردەكردنی غازی شل بەبڕی ٨٦,٥ ملیۆن تەن ساڵانە.

لەگەڵ ئەوەشدا قەتەر لەتوانایدایە كە پێشكەوتنەكانی غازی شلی جیهانی رابگرێت،بەهۆی خاوەنی پێگە جوگرافیە گونجاوەكەیەوە، كە دەتوانێت پێداویستیەكانی هەردوو كیشوەری ئاسیا و ئەوروپا دابینبكات،لەساڵی ٢٠١٤دا هەناردەكانی قەتەر گەیشتە ٤٥٪ لەكۆی ناردەی غازی شل بۆ ئۆراسیا Eurasia و رێژەی ٣١٪ لەكۆی ناردەی غازی شل بۆ ئاسیا.

هەروەك تێچووی تایبەت بە قەتەر MMBTU $ ٢ ( بەرهەم +شلكردنەوە) زۆر نزمترە لەو تێچوە لەهەردوو وڵاتانی ئوستوڕالیا و ئەمریكادا.

لە حاڵەتی ئاستی نزمی نرخەكانی نەوتدا لە ژێر ٥٠ دۆلارەوە بۆ بەرمیل/رۆژ ئەوا نرخەكانی گرێبەستە غازیەكانی قەتەر كە پەیوەستە بە نرخەكانی نەوتی خاوەوە نزمتر بوو لە نرخی گرێبەستە پەیوەستەكان بە نرخەكانی ناوەندی ( Henry Hub).

لەبەر ئەوە گەورەبوونی كێبڕكێ لەلایەن ئەمریكا و ئوستوڕالیاوە لەگەڵ سەرچاوەیەكی كەمتێچوو بۆ دەستكەوتنی پشكی نوێ لە بازاڕەكاندا لە توانادایە رابەرایەتی پەرینەوەیەكی دوور مەودا بكات بۆ هاتنی وەبەرهێنانی دوور لەگەشەكردنی توانا كلاسیكیەكان.

- **تێڕوانینە ئایندەییەكان بۆ گەشەی جیهانی بۆ غازی ناكلاسیكی :**

١. دابینكردنی گەیاندنەكان و تواناكان لەسەر هەڵگرتنی تێچوەكان بەرەو ئاڕاستەی دۆزینەوەی سەرچاوە ناكلاسیكیەكان دەچێت لە دەرەوەی ئەمریكای باكوردا.

٢. بەردەوام بوونی گەشەی پرۆسەكانی غازی ناكلاسیكی لە ئەمریكا و ئوستوڕالیا و چیندا كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هاوسەنگی داخوازی و خستنە بازاڕ بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠دا.

٣. ئەرجەنتین و سعودیە لەتوانایاندایە كە ببنە سەرچاوەی بازرگانی غازی ناكلاسیكی پێش هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

٤. ئاسۆ نوێكانی تر، ٥-١٠ ساڵی تری لەبەردەمدایە بەلانی كەمەوە بۆ دەستپێكردنی پرۆژەكانی و هەروەك لەبەردەم كێبڕكێی پرۆژەكانی سەرچاوە كلاسیكیە گەورەكاندایە لە Sub-Saharan Africa و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٥. كۆمپانیا ناوخۆییەكان خاوەنی چەندین سیفاتن كە وایلێدەكات بتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیە ژینگەییەكان ببێتەوە لەگەڵ مەترسیەكانی كۆمەڵگا پەیوەست بە پرۆسەكانی گەشەپێدانی سەرچاوە ناكلاسیكیەكان.

٦. ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەکانی غازی بەردیان هەیە ڕووبەڕووی کەمی ئاو دەبنەوە.بەڵام کۆمپانیا ناوخۆییەکان کۆمەڵێك هاندەری لەبەردەمدایە بۆ داهێنانی تەکنیکی نویٚ بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو کێشەیەدا.

بۆ نموونە: بەکارهێنانی سعودیە بۆ تەکنیکی $CO_2$ لەکرداری شکاندنی بەردە غازیەکاندا کە بوە هۆی داهێنانی سیفاتی گرنگ بۆ تێکەڵەی وزە لە ئایندەدا لە جیاتی شکاندنی هایدرۆلیکی کە پێویستی زۆری بە ئاوە.بەمەش بەکارهێنانی ئاو کەم دەبێتەوە و دروستکردنی بەکارهێنانی نویٚ بۆ $CO_2$ کە هانی زیاتر دەدات بۆ بەکارهێنانی.

## تەوەری سێیەم

## بۆ گەشەکردنی ناردنی غازی ناکلاسیکی

## ناردنی هاندەرە وەبەرهێنانیەکان پێویستە

لەماوەی ساڵی ٢٠١٥دا زۆرێك لە کۆمپانیا دۆزەرەوە و بەرهەم هێنەکان لە خاکی ئەمریکادا هەستان بە ناردنی هاندەرە وەبەرهێنە تایبەتیەکان پێی بە ئاڕاستەی زەویەکانی غازی بەردی لە ئەمریکای باکوردا لەهەمان کاتدا بڕیاریداوە بەکەمکردنەوەی خەرجیە سەرمایەکان.

سیٚ هۆکاری سەرەکی بونە هۆی باشترکردنی ئابوری خێرا بۆ گەشەکردنی پرۆسەکانی غازی بەردی و بونە هۆی بەدواهاتنی خێراش بۆ پرۆژەکانی غازی شل لە ئەمریکادا لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابووردوودا:

١. **نەرمی لەکارپێکردندا:**

لەسایەی دۆخی ئێستادا کە دابەزینی نرخەکانی نەوت و غازی سروشتی بەخۆوە دەبینێت،ئەوا کۆمپانیا دەرهێنەرەکان بۆ سەرچاوە ناکلاسیکیەکان لە ئەمریکای باکوردا هەستاوە بە کاری هەڵکەندنی بیرەکان لەماوەی ساڵی ٢٠١٥دا بەڵام چاوەڕێی جێبەجێکردنی دەکات کاتێك پەیکەری تایبەت بە نرخەکانی و تێچوەکان زیاتر گونجاوتر بوون.

تایبەت بەو مەسەلەیە،ئیدارەی زانیاریەکانی وزەی ئەمریکا EIA پێشبینی دەکات بۆ بونی نزیکەی ٢٠٠٠- ٤٠٠٠ بیر کە تەواو نەکراون تاکو ئێستا کە پێدەچێت ببنە هۆی زیادکردنی ٣٥٠ هەزار بەرمیل/ ڕۆژ لەبەرهەم لەماوەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦دا.

باشکردنی تێچوەکان و ماوەی کاتی تایبەت بە هەڵکەندن و تەواوکردن ئاماژە دەکەن بۆ توانای زیادبوونی یان دابەزینی بەرهەم بەخێرایی، کە هاوشێوەی نەبوە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بازاڕ.

لە کۆتایدا نەرمی لەکارپێکردندا وا لە بنچینەکانی غازی بەردی لە ئەمریکادا دەکات زیاتر گونجاوتر بێت وەك وەڵامدانەوەیەك لە سایەی ئاڵوگۆڕەکانی بازاڕدا، هەروەك واش دەکات غازی شلی ئەمریکاش لە غازی بەردیەوە دەربهێنرێت کە لەتوانایدا بێت وەڵامی خێرای بوژاندنەوەی نرخەکانی بداتەوە لە بازاڕەکانی غازی هەرێمیدا.

٢. **بەردەوامبوونی چاکسازیەکان لە کارپێکردن و تەکنەلۆژیادا:**

باشکردنی بەرهەم هێنان و وەدیهێنانی دەسکەوتی توانای کارپێکردن بونە هۆی باشترکردنی دۆخی ئابوری غازی بەردی ئەمریکا.

بەشێوەیەك زۆرێك لە کۆمپانیا بەکارەکان وەك ( Eog,Anadarko and conoc ophilips ) لە ئێستادا پشکی گەورەیان هەیە لەبەرهەم و لە توانایدایە کە ڕێگای خۆی ببڕێت لە چوارچێوەی ٤٠-٥٠دۆلاردا.بەڵام لە حەوزە تەڕەکانی غازدا ئەوا کۆمپانیا بەکارەکان پێشبینی دەکرێت کە ڕێگای خۆی بکاتەوە تەنانەت لە چوارچێوەی ٢٥-٣٠ دۆلاردا.

٣. **سیستەمی ڕێکخستنی گونجاو:**

سیستەمەکانی باج و یاسایی و ڕێکخستنەکان لە ئەمریکادا گونجاون بە شێوەیەکی نایاب بۆ گەشەکردنی توانا سروشتیەکان کە گرنگترینیان ئەمانەن :

١. پەیکەری خاوەندارێتی بۆ مافی دەرهێنانی کانزاکان کە ئەو مافە دەداتە خاوەن زەویەکان کە سوود وەرگرن لە داهاتی زەویەکانیان کە وەبەرهێنانی تیاداکراوە.

٢. پێدانی مۆڵەت بۆ پاشکۆکانی هەناردەکردنی غازی شل بە خێراییەکی ڕێژەیی کەوای لە ئەمریکا کرد وەك هەناردەکارێك بچێتە ناو بازارەکانی غازی شلی جیهانیەوە.

٣. سوود وەرگرتن لە پرۆسەکانی غازی بەردی ئەمریکا بوە هۆی دیاریکردنی کۆمەڵێکی نویٚ لە سیاسەتەکان بۆ ڕێگەگرتن لە مەترسیە ژینگەیی و ئەمنیەکان:-

- کۆمەڵێکی نویٚ لە پێوانەکان بۆ ڕێگەگرتن لە دەرچوونی غازی میثان بە نزیکەیی ٢٥٪.

- باشترین هەڵسوکەوت لە بواری ئیدارەدانی ئاودا وادەکات چارەسەری ئاو مژدەبەخش بێت بۆ بەکارهێنان.بەشێوەیەکی ئابوری زیاتر و کە لە تواناشدا بێت بەکردارەکی جێبەجێبکرێت.

- **تێڕوانینە ئایندەییەکان:**

ئاشکرایە کە غازی شلی ئەمریکا کێبڕکێکەرێکی ئابوریە لە بازارەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە نمونە ئابوریەکەی وایلێکردوە بتوانێت وەڵامێکی خێرای نرخە مام ناوەندیەکان بداتەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی لاوەکی بۆ غازی شل.

- **دەرئە نجامەکان :**

جیهان بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە گفتوگۆدا بوو دەربارەی ئەوەی کە تا چەند غازی سروشتی دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت کە لە ئێستادا پلەی سێیەمی هەیە لە بواری پشکی بەشداریکردنی لە چوارچێوەی تێکەڵەی وزەی سەرەتایی کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە دروستکردنی ئایندەیەکی وزەی زیاتر نەرمتر و تەمەن درێژتردا.بەشێوەیەك بڕیار بەدەستان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەمریکای باکور و ئوستوڕالیادا دەبینین کە چۆن پابەندبونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ غازی سروشتی وەك سەرچاوەیەکی خاوێنی وزە لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و گواستنەوە و پێداویستیەکانی دانیشتوان و پیشەسازیدا.

هەروەك چۆن دەبینین کە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لەلایەنی خستنە بازاڕ بۆتە هۆکاری باشبونی ئابوری و بڕواداری ئەو سەرچاوەیە لە سووتەمەنی کە بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە میانەی گرتەیەکی غازی بەردی لە ئەمریکادا لەسایەی ئەو نادیاریەی کە پێشبینیەکانی ئێستا دەگرێتەوە بۆ داواکاری لەسەر غازی سروشتی لە ئەنجامی دابەزینی داواکاری ئاسیایی.

ناردنی غازی شل لە سەرچاوە ناکلاسیکیەکانەوە بۆ ئەمریکا سەرەڕای هاتنە ناو بازاڕەوە لە قۆناغێکی سەختدا بۆ دروستبوونی فشارەکان لەسەر نرخەکان لەسەر ئاستی بازاڕە هەرێمیەکان،ئەوە بوە هۆی دروستبونی بڕی زیاتر بۆ گەیاندنی غاز،زیادبوونی کێبڕکیٚ و زیادبوونی هێزی گفتوگۆ بۆ بەکاربەرەکان کە هەموویان ئاماژەن دەربارەی توانای بونی بازاڕی غازی سروشتی بە بازاڕێکی جیهانی هەروەك چۆن دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی مەترسیەکان دەربارەی گەیاندنەکان لەگەڵ مانەوەی مەترسیەکان دەربارەی داواکاری لەسەر غازی سروشتی.

لەسایەی هەوڵە جیهانیەکانەوە بۆ وەدیهێنانی گەیاندنی سەلامەت و بەنرخێکی گونجاو بۆ غازی سروشتی،ئەوا کۆمپانیا نیشتیمانیەکان توانیان پێشکەوتن وەدیبهێنن لە بواری پێشخستنی سەرچاوەکانی غازی ناکلاسیکی لەدەرەوەی ئەمریکای باکوردا،کە زۆر بەڕوونی دیارە لە میانەی ئوستوڕالیا و چین کە پێشکەوتنێکی بەرچاویان وەدیهێناوە و بونەتە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لە جوڵەی بازاڕەکانی ئاسیادا. سەرەڕای ئەرجەنتین و سعودیە کە هێشتاکە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندان بۆ گەشەپێدانی سەرچاوە ناکلاسیکیەکان،بەلاٚم دەبنە سەرچاوەی لاوەکی پێش هاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

شۆڕشی غازی بەردی ئەمریکا دادەنرێت بە ئەزمونێکی بێوێنە کە بۆ وڵاتانی تر ڕوون بۆتەوە کە چۆن بەکارهێنانی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاییەکان دەبنە هۆی وەدیهێنانی زیاتری خستنە بازاڕەوە بە شێوەیەکی سەلامەت و بەنرخی

گونجاو لە غازی سروشتی،و ڕۆڵێکی دڵخۆشکەرەی بینی بۆ غازی ناکلاسیکی وەك سەرچاوەیەکی سووتەمەنی ڕکابەر لە چوارچێوەی تێکەڵەی وزەی سەرەتاییدا.

لەگەڵ ئەوەشدا،دۆخی ئێستای جوڵەی بازاڕەکانی خستنە بازاڕ و داواکاری ئایندەی غاز دەخەنە مەترسیەوە،هەربۆیە گرتنە بەری ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە پێویستە بگیرێتە بەر لەلایەن لایەنە کاراکانەوە لە بازاڕدا بۆ دابینکردنی گەیاندن لە سەرچاوە کلاسیکی و ناکلاسیکیەکانەوە بۆ غازی سروشتی بۆ دوور مەودا و بەم شێوەیەی لای خوارەوە:–

١. **پیشەسازی:** جەختکردنەوە بە ئاستێکی بەرز لەسەر پارێزگاری وەبەرهێنان،ئیدارەی مەترسیەکان، توانا و بەردەوامبوونی گەڕان بەدوای هاوبەشیکردنی وەبەرهێنە نوێیەکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان

٢. **بڕیار بەدەستانی سیاسەتەکان:** دیاریکردنی سیاسەتەکان کە هانی خستنە بازاڕ و کێبڕکێی پێویست دەدات بۆ دابینکردنی گەیاندنەکان و دروستکردنی ئاماژە سادەکان بۆ نرخەکان.

٣. **بەکارهێنەرەکان:** هەڵسەنگاندنی سوودە ئابوریەکان و ژینگەییەکان بۆ هەمەجۆرکردنی بنچینەکانی غاز بە بەکارهێنانی غازی سروشتی لە بواری وزەی کارەبایی، پیشەسازی، گواستنەوە،پترۆکیمیاویاتدا و تێڕوانین لە هاوبەشیکردنی وەبەرهێنە نوێیەکان بۆ دابینکردنی گەیاندنەکان.

- **لە کۆتاییدا** لە گۆڕینی گرتەی پیشاندانەکە بە ئاڕاستەی بازاڕەکانی غازی جیهانی، ئەوا غازی ناکلاسیکی لە تواناییدایە کە ڕێوشوێنەکانی لایەنە کاراکان تەواو بکات لە میانەی زیاترکردنی شەفافیەتەوە،زیاترکردنی کێبڕکێ ،دووبارە دروستکردنەوەی ئابوری غازی سروشتی،دواتریش پێدانی متمانە بەوەبەرهێنەکان بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی پێویست بۆ دڵنیابون و سەلامەتی ئەو سەرچاوەیە لە سووتەمەنی و بەشداریکردنیش لە دابینکردنی گەیاندنەکان بە نرخی گونجاو و بەردەوامبونی ژینگەی ئایندەی وزەش.

سەرچاوە:

=======


- لێکۆڵینەوەکانی ئەنجومەنی وزەی جیهانی ( WEC ) کە بلاۆکراوەتەوە لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٦دا.


---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاژانسی وزەی کوردستانو گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٦٠ لە بەهاری ٢٠١٧ و ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارەکانی٧٢٠٨و٧٢١١و٧٢١٢و٧٢١٣و٧٢١٧لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٢دا بلاۆکراوەتەوە.

## پیشەسازی پاتری ئۆتۆمبێل
## داهاتوویەکی گەش لە کوردستاندا..

- **پێشەکیەکی مێژوویی :**

لە مۆزەخانەی نیشتیمانی عێراقی لە بەغداد کوپەڵەیەکی بچوك هەیە کە بە هێندەی لەپی دەست دەبێت، کە دەکرێت لێیەوە بەسەر هەموو کتێبەکانی مێژوودا بچینەوە تایبەت بە شارستانێتیە کۆنەکانەوە.ئەوەی ئاشکرایە کە زانا (( ڤۆڵتا)) ئەو کەسەیە کە پاتری داهێناوە لە ساڵی ١٨٠٠ ز دا. بەشێوەیەك ئەو ڕاستیەی سەلماند کە کاتێك دوو پارچە کانزای جیاواز لە ناوەندێکی کیمیاویدا دابنرێن وزەی کارەبامان دەستدەخەن. ئەم دۆزینەوە و داهێنانە بوە هۆی ئەوەی کە ناوی بە نەمری بمێنێتەوە وەك یەکەیەکی پێوانەیی جیاوازی جوهدی کارەبایی (( ڤۆڵت)). بەڵام ئەم کوپەڵە بچوکەی لە مۆزەخانەی بەغداددایە ئەوەمان پێدەڵێت کە ((ڤۆڵتا)) پاتری کارەبایی نەدۆزیوەتەوە بەڵکو ئەو جارێکی تر ئاشکرای کردۆتەوە.یەکەم کەسیش کە باسی لەو کوپەڵەیە کردوە بریتیە لەزانای ئەڵمانی (( ویلهێلم مونق)) لە ساڵی ١٩٣٨دا، کە شوێنەوارناسان لە ناوچەی (( خۆجە ڕابۆ)) لە نزیك بەغداد دۆزیویانەتەوە.تەمەنی کوپەڵەکە لەکاتی دۆزینەوەیدا بریتی بوە لە ٢٠٠٠ ساڵ کە پێکهاتوە لە کوڵۆمێکی کانزایی کە دەورەدراوە بە لولەکێکی مسی و کوپەڵەکە دەورەی داون کە داپۆشراوە و داخراوە لە سەرەکەیەوە بە توخمی ئەسفلت و لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە کوپەڵەکە ((گیراوەی خەل )) تیادا بوە کە بوونی دەبێتە هۆی ڕوودانی کارلێکی کیمیاوی کە تەزووی کارەبا بەرهەم دێنێت. کە زانا ویلهێلمی ئەڵمانی لەو بڕوایەدایە کە ئەو کوپەڵەیە بریتیە لە پاتری و ئەم لێکۆڵینەوەیەشی لە ساڵی ١٩٤٠دا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە ئەو بابەتە بۆ ماوەیەك لە بیرچۆتەوە.دوای ٦٠ ساڵ لە دۆزینەوەی پاتری بەغداد کە ١٢ هاوشێوەی هەیە، تائێستاش نادیاری لەبارەوە هەیە.دکتۆر پۆڵ کرادۆك کە لێپرسراوە لە مۆزەخانەی بەریتانی دەڵێت (( کە پاتریەکان زۆرێك لە گرنگی و سەرنجیان بۆخۆیان پەیدا کردوە و ڕاکێشاوە، کە زۆر گرنگە و ئێمە نازانین کە کەسێکی تر هەبێت ئەم دۆزینەوەیەی ئاشکرا کردبێت، کە بریتیە لە لوغز و مەتەڵێك کە قورسە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی)). بەمەدا دەردەکەوێت کە دانیشتوانی وڵاتی دوو ڕووبار یەکەم کەسن کە پاتریان دۆزیوەتەوە.

- **داهێنەری پاتری:**

ئلیساندرو ڤۆڵتای ئیتالی (( ١٧٤٥ ز – ١٨٢٧ ز)) لەساڵی ١٧٩٩ ز دا یەکەم پاتری کارەبایی داهێناوە، پاتریەکەشی پێك هاتوە لە خەپلەیەکی مسی و خەپلەیەکی خارسینی کە لە نێوانیاندا پارچە قوماشێك هەیە کە تێرکراوە بە گیراوەیەکی خوێی وەك ئەلکترۆلیت. بەڵام هێزی پاڵنەرەکەی لاواز بوە،ڤۆڵتا کۆمەڵێك لەم خانانەی پێکەوە گرێداوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هێزێکی پاڵنەری کارەبایی گەورەتری دەستبکەوێت، ئەمەش ئەوەیە کە لەدواتردا ناسرا بە کۆڵۆمی ڤۆڵتا.

- **پێناسە :**

پاتری ئۆتۆمبێل دادەنرێت بەو بەشانەی پیشەسازی یارمەتیدەر بۆ پیشەسازی ئۆتۆمبێل،کە کاری سەرەکی بریتیە لە ئیدارەدانی بزوێنەری ئۆتۆمبێل سەرەڕای بەکارهێنانەکانی تری ئۆتۆمبێل وەك ڕوناکی و ساردی و گەرمی و ئامێری ئاگادارکردنەوە و ڕادیۆ و...هتد.

- **چۆنێتی دروستکردنی پاتری**

لەخوارەوە باس لە توخمە سەرەتاییە بنچینەییەکان و چۆنێتی دروستکردنی پاتری ئۆتۆمبێل دەکەین و هەروەها چۆنێتی پاراستنیشی بۆ ئەوەی بتوانین بۆ درێژترین کات بەکاریبێنین،ئەمە ئەوەیە کە پێی دەوترێت(( چاکسازی پاراستن)).

- **پاتری ئۆتۆمبێل پێکدێت لە :**

١. **دارِشتەی ڕەصاصی ئەنتیمۆنی** : کە بریتیە لە دارِشتەیەکی پێکهاتوو لە ڕەصاص (( قورِقوشم)) بەشێوەیەکی سەرەکی کە پلەی خاوێنی دەگاتە ٩٩،٩٨٪ و ڕێژەیەك لە ئەنتیمۆنی خاوێن لە نێوانی ٢،٦٪دا هاتوچۆ دەکات بەپێی ڕێگای دروستکردنەکەی و هەندێك توخمی تر بەڕێژەی کەم پێکەوە تێپەڕنابن لە ١٪ بۆ ئەوەی بەرهەمەکە هەندێك سیفاتی تایبەتی لە ڕەقێتی و بەرەنگاری داخوران و گەیاندنی باشی کارەبا وەربگرێت.ئەم دارِشتەیە بەکاردێت لەدروستکردنی ئەو (( تۆڕ ))ەی کە بەکاردێت لەهەڵگرتنی توخمە چالاکەکاندا.

٢. **توخمە چالاکەکان** : کە بریتین لە ئۆکسیدەکانی ڕەصاصی دروستکراو لە خاوێنترین جۆرەکانی ڕەصاص ٩٩،٩٩٪ و ئەم ئۆکسیدانە دەکرێتە تێکەڵەکەری تایبەتەوە و ئاوی دڵۆپاو و ترشی کبریتیکی خاوێنی بە بڕ و چڕی دیاریکراوی تێدەکرێت لەگەڵ هەندێك توخمی کیمیاوی چالاککەر،دواتر تۆڕە دروستبوەکە پڕدەکرێت لەم تێکەڵەیە بۆ دروستبوونی پلێتی موجەب و سالب،دواتر ئەم پلێتانە دەجولێنرێت بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بۆ تەواوبوونی کارلێکە کیمیاویەکان.

٣. **صندوقی پاتری** : دروستدەکرێت لە توخمی مەتاتی پەستێنراو یان توخمی پۆلی پرۆپیلین کە بەربەستی ناوخۆیی تیادایە کە صندوقەکە دەکاتە ٣ بەشی جیا لە یەکتری ئەگەر پاتریەکە ٦ ڤۆڵت بێت ،یان ٦ بەشی جیا لە یەکتری ئەگەر پاتریەکە ١٢ ڤۆڵت بێت.

٤. **دواتر پلێتە موجەب و سالبەکان** کۆدەکرێنەوە لەناو حەوزێکی بارگاویکردنی تایبەت کە پڕکراوە لە ترشی کبریتیکی خاوێنی ڕوون و دەگەیەنرێت بە ئامێری بارگاویکردنەوە بۆ شەحنکردنەوە و دواتر ئەو پلێتانە دەشۆرێن بۆ ئەوەی کاریگەری ترشەکەیان لەسەر نەمێنێت و وشك دەکرێنەوە و توخمەکە دەبێتە توخمێکی چالاك و کاریگەر لە پلێتە موجەبەکاندا و لەوانەیە بگۆڕێت بۆ دووەم ئۆکسیدی ڕەصاص و پلێتە سالبەکانیش دەگۆڕێت بۆ ڕەصاصی ئیسفنجی چالاك کە لەهەوا دادەبڕێت بۆ ڕێگەگرتن لە کرداری ئۆکسیدەبوون یان لە ڕێگەی داپۆشینی ڕووی پلێتەکانەوە بە چینێکی تەنك لە مۆمی پارافینی یان یەکێك لە ڕێگەکانی تر بۆ ڕونکردنەوە وەك تێپەڕکردنی گازی نایترۆجینی سستی گەرم بەسەر پلێتەکاندا.

٥. **دوای ئەم هەنگاوە**، قۆناغی کۆکردنەوەی پلێتە موجەب و سالبەکان دێت کە جیاکەرەوە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە بۆ ڕێگەگرتن لە کورتی کارەبایی کە توخمێکە دروستکراوە لە پۆلی فینۆلی کلۆرید و سیلیلۆز،کە ئەم پلێتانە بۆشایی زۆریان تیادایە و هەر کۆمەڵەیەك پێکەوە لەحیم دەکرێت،هەر کۆمەڵەی بە تەنها،دواتر هەر کۆمەڵەیە لە چاوێك لە چاوەکانی پاتریەکەدا دادەنرێت و بە داپۆشەرێکی تایبەت دادەپۆشرێت و دواتر جەمسەری موجەب لەحیم دەکرێت بەهەر کۆمەڵەیەکەوە و جەمسەری سالبیش بە کۆمەڵەکانی ترەوە بەهۆی تەلی ڕەصاصی ئەنتیمۆنی و لەهەردوو لای پاتریەکەوە بەهەردوو جەمسەری موجەب و سالب کۆتایی دێت و هەریەکەشیان پەیوەست دەکرێن بە ئۆتۆمبێلەکەوە بەهۆی وایەرێکی کارەباییەوە.دواتر ڕووی پاتریەکە بە قیرێکی ئاست ڕەقی تایبەتی دادەپۆشرێت بۆ ئەوەی کونەکان پڕبکاتەوە کە تیایدایە ئەگەر پاتریەکە لەو جۆرانە بوو کە چەند داپۆشەرێکی هەبوو بەڵام ئەم توخمە دانانرێت ئەگەر پاتریەکە لە جۆری یەك داپۆشەر بوو.گەیەنەرەکانی نێوان کۆمەڵەکان لەحیم دەکرێن پێش ئەوەی داپۆشەرەکە دابنرێت.
دوای ئەم هەنگاوانە،پاتریەکە ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان دوای ئەوەی کە پاتریەکە پڕ دەکرێت لە ترشی کبریتیکی خاوەن چڕی ١،٢٥٠ و گەیاندنی پاتریەکە بە ئۆتۆمبێلەکە دوای نیو کاتژمێر لە پڕکردنی بە ترشی کبریتیکەکە.
بیرۆکەی گەیاندنی پاتری ئۆتۆمبێل بەکارەباوە دەوەستێتە سەر جیاوازی لە نێوان جوهد لە نێوان پلێتە موجەبەکان(( دووەم ئۆکسیدی ڕەصاص)) و پلێتە سالبەکان(( ڕەصاصی ئیسفنجی چالاك)). بەشێوەیەك : تەزووی کارەبا لەدەرەوە لە جەمسەری موجەبی پاتریەکەوە دەڕوات بەرەو جەمسەری سالب و لەو نێوەندەدا کارلێکی کیمیاوی ڕوو دەدات لەناوەوەی پاتریەکەدا کە دەبێتە هۆی دابەزینی جیاوازی جوهد و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای پاتریەکە بەڵام تەنها بە ئیشپێکردنی ئۆتۆمبێلەکە داینەمۆکە دەست دەکاتەوە بە شەحنی پاتریەکە بۆ ئەوەی توانای لەکیس

چووی بۆ بگێڕدرێتەوە لەکاتی کارکردنی مەکینەکەدا یان هەر بەکارهێنانێکی تری ئۆتۆمبێلەکە لە ڕووناکی و ڕادیۆ و ...هتد.لێرەوە گرنگی سەلامەتی ئامرازە کارەباییەکانی ئۆتۆمبێل دەردەکەوێت.

- **ئامۆژگاری پێویست :**

وەك لەو زانیاریانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی پاتریە شلەکان وەك یەکن لە ناوەوە بەلآم سەختە باشی پاتری بخەمڵێنرێت تەنها بە سەیرکردن چونکە لە پیشەسازی پاتریدا گرنگ ڕێگای دروستکردنەکەی و باشی جۆرەکەیەتی،بەهەمان شێوە کارێکی سەختە کە باشی جۆری توخمە خاوەکانی پاتریەکانیش دیاریبکرێت وەك خاوێنی ڕەصاص و ئۆکسیدەکان و بۆشایی پلێتەکان و پتەوی دروستکردن و بەرەنگاری ڕاوەشاندن چونکە هەموو ئەو بابەتانە کاریگەرییان هەیە لەسەر توانای پاتری و ماوەی کارکردنەکەی، هەروەها هەندێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی هەن کە پێویستە ڕەچاوبکرێت بۆ ئەوەی تەمەنی بەکارهێنانی پاتری درێژبکرێتەوە وەك:

١.پێویستە پاتری گونجاو بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك بەکاربهێنرێت،چونکە گەر پاتریەکی بچوك بۆ ئۆتۆمبێلێك بەکاربهێنرێت کە پێویستی بە پاتریەکی گەورە هەبێت،ئەوا مانای ئەوەیە کە زیاتر لە توانای خۆی ئەرکی دەکەوێتە سەر و ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ماوەی بەکارهێنانی.

٢.پێویستە ناوبەناو پشکنین بۆ پاتری بکرێت بەهۆی ڤۆلتامیتەری هەستیارەوە،ئەگەر خوێندنەوەی ڤۆلتامیتارەکە لە ٠٤ر٠ ڤۆلت تێپەڕی نەکرد ئەوا پاتریەکە سەلامەتە،خۆ ئەگەر جیاوازیەکە گەورەتر بوو ئەوا مانای وایە کە کەموکوڕی هەیە لە یەکێك لە چاوەکانی پاتریەکەدا و بۆ ئەوەش دەتوانرێت کە هایدرۆمیتەر بەکاربهێنرێت بە سەرنجێکەوە،ئەگەر چڕی ترشەکە لە چاوەکاندا لە یەکتری نزیك بوون ئەوا مانای وایە پاتریەکە سەلیمە،هەروەها بەهەمان ڕێگاش دەتوانرێت کە دڵنیابیت تا چەندە پاتریەکە پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە.ئەگەر خوێندنەوەی هایدرۆمیتەرەکە ٢ر١ پیشان بدات ئەوە مانای وایە کە پاتریەکە پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە بۆ چالاککردنەوەی و خوێیەکانی کبریتی ڕەصاص (( کلس )) نەنیشتوە لەسەر پلێتەکان کە دەبێتە هۆی دابەزاندنی توانای پاتریەکە بە هێواشی و دواتر مردنی پاتریەکە.

هەروەها دەبێت هەموو دوو هەفتە جارێك پشکنین بکرێت بۆ ئاستی ترشی پاتریەکە لە زستاندا و هەر هەفتە جارێکیش لە هاویندا.خۆ ئەگەر ئاستی ترشەکە نزمتر بوو لە ئاستی پێویست کە بریتیە لەوەی کە ئاستی ترشەکە بەرزتربێت لە پلێتەکان بە ١ سانتیمەتر ئەوا پێویستە ئاوی دڵۆپاو بکرێتە ناو پاتریەکەوە بۆ ئەوەی ئاستەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئاستی دیاریکراو بۆ ئەوەی چڕبونەوە و خەستبونەوەی ترشەکە نەبێتە هۆی لەناوچوونی پاتریەکە.

- **چۆنێتی کارکردنی پاتری ئۆتۆمبێل**

پاتری ئۆتۆمبێل بریتیە لەو جۆرە پاتریانەی کە دەتوانرێت شەحن بکرێتەوە،پاتری هەڵدەستێت بە دەستپێکردنی ئیشکردنی مەکینەی ئۆتۆمبێلی کارەبایی کە هەڵدەستێت بە ئیشپێکردنی مەکینەی سوتاندنی ناوخۆیی جا گەر بە بەنزین یان گازۆیل کار بکات.هەروەها کاردەکات لەسەر ڕوناکی و کاری سوتاندنی ناوخۆیی ئۆتۆمبێل.

هەروەها جۆرێکی تر هەیە لە پاتری ئۆتۆمبێل کە تازە داهێنراوە و کاردەکات لەسەر ئیشپێکردنی ئۆتۆمبێلی کارەبایی بە تەواوەتی،بە واتای ئەوەی کە بە تەواوەتی بە کارەبا کاردەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە سووتەمەنی هەبێت، ئەم جۆرە لە پاتری گەورەترن لە پاتری ئۆتۆمبێلی ئاسایی،هەروەها لە ڕووی دروستکردن و پێکهاتەشەوە جیاوازن.

پاتری ئۆتۆمبێلی ئاسایی کە بەکاردەهێنرێت بۆ کارپێکردنی دەستپێکی ئۆتۆمبێل بەشێوەی ئاسایی بریتیە لە پاتری ڕەصاصی خاوەن توانای جیاوازی جوهدی ١٢ ڤۆلت،کە پێکدێت لە ٦ خانەی گەڵڤانی کە بەشێوەی بەدوایەکدا بەیەك گەیەنراون،هەر خانەیەك ٢,١ ڤۆلت بەرهەم دێنێت و هەمووشیان پێکەوە ١٢,٦ ڤۆلت بەرهەم دێنن لەکاتێکدا بە تەواوەتی شەحن کرابێتەوە. پاتری ڕەصاصی پێك دێت لە پلێتی ڕصاص لەگەڵ پلێتی ئۆکسیدی ڕصاص و هەردوکیشیان داپۆشراون لەناوگیراوەی ترشی کبریتیکدا کە چڕیەکەی ٣٥٪ و ئاویش بەڕێژەی ٦٥٪. ئەم سیستەمە

کارلێکی کیمیاوی دەکات و ئەلکترۆنی لێوە دەردەچێت، و لەم کارەشدا جیاوازی جوهد دروست دەبێت لە نێوان پلێتە ڕصاص و ئۆکسیدی ڕەصاصەکاندا و بەمەش تەزوی کارەبا دروست دەبێت لەکاتی گەیاندنی هەردوو جەمسەری پاتریەکەدا.

لەکاتی ئیشکردنی پاتریەکەدا،،ترشەکە کارلێك دەکات لەگەڵ پلێتەکاندا و کبریتاتی ڕصاص بەرهەم دێنێت،لەکاتی شەحنی پاتریەکەدا کارلێکە کیمیاویەکە پێچەوانە دەبێتەوە بە شێوەیەك کبریتاتی ڕصاصەکە دەگۆڕێت بۆ ئۆکسیدی ڕەصاص و ڕەصاص.بەمەش پلێتەکانی پاتریەکە پێکهاتە بنچینەییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، و پاتریەکەش دەتوانێت سەر لەنویٚ کاربکاتەوە.

- **پێکهاتەی کیمیاوی پاتری ڕەصاص**

هەر خانەیەك لەو ٦ خانەیەی پاتری ڕصاصی لێدروستکراوە پێکدێت لە جەمسەرێکی کانزای ڕصاصPb و جەمسەرێکی ئۆکسیدی ڕەصاص Pbo٢ لە گیراوەی ترشی کبریتیکدا H٢So٤ بە چڕی نزیکەی ٣٣,٥٪. لەکاتی بەتاڵبونەوەی پاتریدا پلێتەکان دەگۆڕێن بۆ کبریتاتی ڕەصاص Pbso٤ و گیراوەکە ترشە کبریتیکەکە ون دەکات و دەبێت بە ئاو.

لەکاتی کارلێکدا لە جەمسەری سالب ( ئانۆد ) ئۆکسیدەبووندا،توانایەکی کارەبایی پێوانەیی بەرهەم دێت بە بڕی ٠,٣٦٥ ڤۆڵت،هەروەها لە جەمسەر موجەب ( کاسۆد ) داماڵیندا، کارلێکەکە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جوهدێکی کارەبایی پێوانەیی بە بڕی ١,٦٨٥ ڤۆڵت. دەتوانین جیاوازی کۆی گشتی جوهدی پاتریەکەمان دەستبکەوێت لە ئەنجامی لێدەرکردنی ئەو دوو جوهدە:

جیاوازی جوهد = ١,٦٨٥ – ٠,٣٦٥ = ٢ ڤۆڵت

بەم شێوەیە هەر خانەیەك ٢ ڤۆڵت بەرهەم دێنێت و پاتریەکی ٦ خانەیی توانا گشتیەکەی دەبێتە ١٢ ڤۆڵت. لەبەر ئەوەی خانەکانی پاتری دەکرێتەوە لە زۆر لە پاتریەکاندا، هەربۆیە لەکاتی شەحنی پاتریەکاندا بەهۆی سەرچاوەیەکی بەهێزی دەرەکیەوە،هەردوو گازی هایدرۆجین و ئۆکسجین بەرهەم دێن لە ئەنجامی شیبونەوەی ئاوەکەوە،ئەم تێکەڵە گازیەش بریتیە لە تێکەڵەیەکی تەقینەوەیی، و بەهۆی پریشکێکی بچوکەوە دەتوانرێت بتەقێنرێتەوە،هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت کە گیراوە ترشەکە توخمێکی داخورێنەرە و پێکهاتەکان لەناودەبات و پێویستە دەستی لێنەدرێت.( خۆ ئەگەر بەردەست کەوت پێویستە بە زووترین کات دەستبشۆرێت بە بڕێك ئاوی زۆر)).

زۆر جارانیش پاتری ئۆتۆمبێل لە ڕەصاصی خاوێنی ئاست بەرز دروست ناکرێت،هەربۆیە هەندێك بڕی کەم لە قەصدیر یان سیلینیۆم یا کالیسیۆم دەکرێتە پلێتەکانەوە.

- **گرنگی پاتری ئۆتۆمبێل :**

گرنگی پاتری ئۆتۆمبێل لەو کارانەدایە کە پێی هەڵدەستێت وەك:

١. هەڵدەستێت بە پێدانی مەکینەی ئۆتۆمبێل بە وزەی کارەبایی بۆ ئەوەی کاربکات و بسوڕێتەوە.

٢. هەڵدەستێت بە پێدانی بەشەکانی تری ئۆتۆمبێل بە وزەی کارەبایی ،وەك گڵۆپەکان و ڕادیۆو ...هتد.

٣. هەڵدەستێت بە پێدانی داینەمۆ بە وزە تا کاربکات خۆ ئەگەر پاتریەکە لاواز بوو ئەوا کاردەکاتە سەر داینەمۆ و ناتوانێت کارەبا بداتە ئۆتۆمبێلەکە و دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی داینەمۆکە.داینەمۆ پێویستی بە وزەی پێویستە بۆ شەحنکردنەوەی بۆ بەردەوامبوونی، پەیوەندی لە نێوان پاتری و داینەمۆدا پەیوەندیەکی هاوتەریبە و هەردووکیان کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە.هەربۆیە پێویستە پاتری گونجاو لەگەڵ قەبارەی کارەبای بەرهەمهاتوو لە داینەمۆدا بەکاربهێنرێت،بۆ نمونە گەر داینەمۆکە توانای بەرهەمهێنانی ٦٠ ئەمپێر کارەبای هەبوو ئەوا دەبێت پاتریەکی ٦٠ ئەمپێری نە زیاد نە کەم بەکاربهێنرێت، و پێویستە بەشێوەیەکی بەردەوامیش پشکنین بۆ داینەمۆ بکرێت و گەر تواناکانیان یەکسان نەبوو ئەوا دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی پاتریەکە.

- **جۆرەکانی پاتری**
- **جۆری یەکەم: پاتری شل (( ڕەصاص // قۆڕقوشم )) یان پاتری ترش: پێکدێت لە :**
- **بەرگ،یان لاشەی دەرەکی** : کە لە مەتاتی پەستێنراو یان بەکالایت دروست دەکرێت.
- **بەرگی سەرەوە:** لەهەمان توخمی بەرگی دەرەوە دروست دەکرێت.
- **پلێتەکان** : لەسەر شێوەی تۆڕێکە و بۆشایی تیادایە و بە توخمێکی چالاك پڕ دەکرێت((ڕصاص یان ئۆکسیدی ڕصاص)) و دوو جۆر پلێتیش هەن:

١. موجەب((بۆشاییەکان بە ئۆکسیدی ڕەصاص پڕدەکرێت کە ڕەنگیان بونی تۆخە)).

٢. سالب((بۆشاییەکان بە ڕەصاص پڕدەکرێت کە ڕەنگیان ڕەصاصیە)) و ژمارەی پلێتە سالبەکان بە یەك دانە لە پلێتە موجەبەکان زیاترن.

- **پلێتە ڕێگرەکان** :کە لە ڕیشاڵی شووشە یان پلاستیك یان مەتات دروستکراون کە نەگەیەنەرن و کوندارن بۆ تێپەڕبوونی گیراوەکە لە نێوان پلێتە موجەب و سالبەکاندا.
- **گیراوەی ڕەصاصی** : کە پێك دێت لە گیراوەی ترشی کبریتیکی ڕوون کە هەموو پلێتەکان دادەپۆشێت و پێویستە چڕیەکەی ١,٢٥ گم/سم٣ بێت.
- **کارلێکە کیمیاویەکانی ناو پاتری :**

١. کارلێکی کیمیاوی لەکاتی بەتاڵبونەوەدا، وزەی کیمیاوی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی.

$$PbO_2+Pb+2H_2SO_4 \longrightarrow PbSO+PbSO_4+2H_2O$$

لەم کارلێکەدا، کبریتەکە جیادەبێتەوە لە هایدرۆجینەکە و لەگەڵ هەردوو پلێتە موجەب و سالبەکاندا یەکدەگرێت کە لە (( ڕەصاص و ئۆکسیدی ڕەصاص)) پێك هاتوون و بەمەش کبریتاتی ڕەصاص دروست دەکات و ئۆکسجین و هایدرۆجینەکەش یەکدەگرن و ئاو پێکدێنن.

٢. کارلێکی کیمیاوی لەکاتی شەحنکردنەوەدا: لێرەدا وزەی کارەبایی دەگۆڕێت بۆ وزەی کیمیاوی .

$$PbSO_4+PbSO_4+2H_2O \longrightarrow PbO_2+Pb+2H_2SO_4$$

- **توانای پاتری چیە ؟**

توانای پاتری بریتیە لە بڕی پێدانی ئەمپێری کارەبا لە کاتژمێرێکدا پێش دابەزینی ڤۆڵتیەی هەر خانەیەك بۆ ١,٨ ڤۆڵت بۆ نمونە: ئەگەر پاتریەکمان بەکارهێنا تواناکەی ٦٠ ئەمپێر / کاتژمێر بوو، وە بەکاربەرێکی کارەبایی لێ بەسترا کە بڕی ٦ ئەمپێری لێ ڕادەکێشا ئەوا ئەو پاتریە دەتوانێت بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر ئەو بڕە تەزوە بدات.

- **ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر توانای پاتری :**

١. ڕووبەری ڕووی پلێتە موجەب و سالبەکان.

٢. ئەستوری توخمە چالاکەکان لە سەر پلێتەکان.

٣. قەبارە و چڕی گیراوەی پاتریەکە.

٤. پلەی پاتریەکە ،مەبەست لێی تواناکەیەتی کە بریتیە لە ڕێژەی نێوان توانای پاتری لەکاتی بەتاڵبونەوەدا و تواناکەی لەکاتی شەحنکردندا.

- **چاکسازی پاتری:**

پاتری ئۆتۆمبێل چەندە گرنگی پێبدرێت ئەوەندە تەمەنی کارکردنی درێژتر دەبێتەوە.جا پاتری یان لەسەر ئۆتۆمبێل یان لەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکە دەتوانرێت چاکسازی تیادا بکرێت،لەو هەنگاوانەش کە دەچێتە خانەی چاکسازی پاتریەوە لەسەر ئۆتۆمبێل بریتین لە :-

١. پشکنین و تاقیکردنەوەی چڕی گیراوەکە: ئەمەش لە ڕێگەی ئامێری ((هایدرۆمیتەرەوە)) کە چڕی گیراوەکە دەخوێنێتەوە.

| دۆخی پاتری | چڕی گیراوەکە |
|---|---|
| پاتری کەتەواو شەحن بوبێتەوە | ١,٢٩٠ – ١,٢٦٥ |
| پاتری نیوە شەحن بوبێتەوە | ١,٢٣٠ – ١,٢٠٥ |
| پاتری شەحنی تیا نەبێت | ١,١٦٥ – ١,١١٠ |

٢. تاقیکردنەوەی فشار لە نێوان کۆڵۆمەکانی پاتریدا دەبێت بە بەکارهێنانی ڤۆڵتیمەتر.

٣. تێکردنی ئاوی پاڵاوتە بۆ گیراوەکە و پاککردنەوەی جەمسەرەکان و وایەر و لابردنی بەشە خراپبوەکان.

- **چاکسازی پاتری لەدەرەوەی ئۆتۆمبێل:**

١. شەحنکردنەوەی

٢. گۆڕینی گیراوەکەی

٣. تازەکردنەوەی پلێتەکانی لە کاتی پێویستدا

- بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی چاکسازی پاتریدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت:

١. پێویستە پشکنینی بەردەوام بکرێت لەسەر ئاستی گیراوەکە لەناو پاتریەکەدا بە شێوەیەك کە گیراوەکە پلێتەکان داپۆشێت و تا ١–٢ ئینج بەرزتریش بێت.

٢. ئاوی ئاسایی بەکارنایەت لەکاتی ئامادەکردنی ترشەکەدا و دەبێت ئاگادار بین لەکاتی ڕشتنی ئاو بەسەر ترشەکەدا لەکاتی ئامادەکردنی گیراوەکەدا.

٣. پێویستە ناوبەناو پاتریەکە بشۆرێتەوە و ترشی تێبکرێتەوە و شەحن بکرێتەوە.شۆردنەکەش لەکاتێکدا دەبێت کە پاتریەکە لەسەر چاوەی کارەبا دابڕدرێت و لەسەر ئۆتۆمبێلەکە نەبێت و هەرچی ترشەکەشێتی لێی دەربکرێت و لە جیاتی ئاوی پاڵاوتەی تێبکرێت چەند جارێك تا ئەو کاتەی ئاوەکەی پاك دەبێتەوە و هیچ نیشتویەکی تیادا نامێنێت.دوای ئەوە پاتریەکە پڕدەکرێتەوە لە ترش و سەرلەنوێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە چڕیەکەی لە سنوری ١,٢٦٥–١,٢٩٠ بێت و دواتر پاتریەکە شەحن دەکرێتەوە.

٤. پێویستە پاتریەکە لەسەرچاوەی ئاگرەوە دوور بخرێتەوە بە تەواوەتی بەتایبەتیش لە قۆناغی شەحنکردنەوەی کۆتاییدا لەبەر دەرچوونی گازی هایدرۆجین و ئۆکسجین لە نزیك تەواوبونی کرداری شەحنکردنەوەکەوە چونکە دەبێتە هۆی تەقینەوە.

٥. نابێت پاتریەك کە کارناکات بەبێ شەحن بەجێبهێڵرێت،پێویستە شەحنبکرێتەوە پێش هەڵگرتنی.دەبێت ئەم کردارەش ناوبەناو دووبارە بکرێتەوە لەکاتی هەڵگرتنیدا.

٦. نابێت بەرزی گیراوەکە لە یەك ئینج زیاتر بێت لە سەروو پلێتەکانەوە بۆئەوەی گیراوەکە نەیەتە دەرەوە لەکاتی لەرینەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا .کەدەبێتە هۆی داخورانی لاشەی ئۆتۆمبێلەکە و وایەری کارەبا و پاتریەکە تووشی (( بازنەی کورتی کارەبایی)) نەکاتەوە. بازنەی کورت: بریتیە لە بازنەی بچوك کە لەناو پاتریەکەدا ڕوودەدات و کاردەکات لەسەر تێپەڕینی تەزوو لە نێوان جەمسەرەکانی ناوخۆ کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی تەزووی هەڵگری دەرەکی.

٧. پێویستە پشکنین بکرێت بۆ تەزووی کارەبا،چونکە تەزووی بەرز و نزم کاردەکاتە سەر لەناوبردنی پاتریەکە لەکاتی شەحنکردندا.

٨. پێویستە جەمسەری سالب زۆر بە توندی ببەسرێت بە لاشەی ئۆتۆمبێلەکەوە بۆ ئەوەی بازنەیەکی کارەبایی تەواو دروست ببێت.

٩. پێویستە ئەوە بزانرێت کە جوڵەی زۆری پاتری دەبێتە هۆی لەکیسچوونی توانای پاتریەکە بەهۆی بەکارهێنانی ٢٥٠ ئەمپێر لە خولەکێکدا.بۆ نمونە: ئەگەر پاتریەکمان بەکارهێنا بۆ دەستپێکی ئیشکردنی مەکینەکە و بەڵام مەکینەکە نەسوڕا نابێت زۆر دووبارەی بکەینەوە بۆ پاراستنی تەزووی پاتریەکە. لەوانەیە هۆکارێکی تر بێت کە پەیوەندی بە پاتریەکەوە نەبێت.

١٠. پێویستە دوای شەحنکردنەوەی پاتریەکە و خستنەوەی سەر ئۆتۆمبێلەکە دڵنیابین کە هەردوو جەمسەری موجەب و سالب بە توندی بەسراونەتەوە.

- **ئەو گرفتانەی کە لەناو پاتریدا ڕوو دەدەن :**

١. **دروستبوونی خوێ لەسەر پلێتەکان(( کلسکردن ))**: ئەمەش ڕوودەدات بەهۆی خێرا بەتاڵکردن و بەجێهێشتنی بەبێ شەحن و بەکارنەهێنانی بۆ ماوەیەکی درێژ.

**دروستبوونی خوێ** : بریتیە لە دروستبوونی چینێکی ڕەق لە کبریت کە ڕێگە دەگرێت لە ڕوودانی کارلێکی کیمیاوی بەشێوەیەکی تەواو،خۆ ئەگەر دروستبوونی خوێیەکە کەم بوو ئەوا دەتوانرێت بە شەحنکردنەوەی بە تەزوویەکی لاواز کە بگاتە دەیەکی تەزوی شەحنی ئاسایی چارەسەر بکرێت و بەهەمان تێکڕاش دەتوانرێت بەتاڵ بکرێتەوە،بەڵام دروستبوونی خوێ زۆر چارەسەری نیە.

٢. **ڕوودانی بازنە کورتە کارەباییەکان لە نێوان پلێتەکاندا**: ئەمەش لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنی جەمسەرە موجەب و سالبەکاندا ڕوودەدات لەناو پاتریەکەدا. چارەسەری ئەم دۆخەش بە شۆردنی پاتریەکە دەبێت و دواتر شەحنکردنەوەی.ئەگەر بازنەکان هەروەکو خۆیان مانەوە ئەوا دەبێت پلێتەکان بگۆڕدرێت.ئەم بازنانەش دەبنە هۆی لەناوبردنی توانای یەکێك لە کۆڵۆمەکان و هیچ بارگەیەك لەسەر ئەو کۆڵۆمە نامێنێتەوە.

٣. **شەحنکردنی زیاد**: دەبێتە هۆی لەناوبردنی پاتریەکە،ئەم دۆخەش بەم شێوەیە دەزانرێت:

- زۆربونێکی گەورە لە بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە پاتریەکەدا، چونکە شەحنی زیاتر دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای شلەکە و دواتریش زوو بەهەڵم بوونی.
- زۆربونی بەئۆکسیدەبوون لە پلێتە موجەبەکاندا. کە دەبێتە هۆی کشانی ئەو پلێتانە.
- دروستبوونی خوێ لەسەر بەشی سەرەوەی پلێتەکانی پاتریەکە.
- **چەند ئامۆژگاریەك لەکاتی کڕینی پاتری نوێدا :**

لەکاتی کڕینی پاتری نوێدا، تێبینی بوونی چەند ژمارەیەك دەکرێت وەك ٥٥D٢٣L ٨٠٧، ئایا ئەم ژمارانە مانای چی دەگەیەنن:

لە ڕاستیدا ئەم ژمارانە بەتەنها مانای ئەمپێر ناگەیەنێت بەڵکو تەنها بریتین لە سیستەمێکی ژمێرەکراو کە لەلایەن دەستەی مواصەفاتی یابانیەوە دادەنرێن بۆ جۆری جیاواز لەو پاتریانە کە هەموو کۆمپانیا یابانیەکان پابەند دەبن بەو ژمێرکارانەوە:

ژمارەکە لە چەند خانەیەك پێك دێت وەك:

**خانەی یەکەم**: لەچەپەوە پێك دێت لە سێ یان دوو ژمارە و ئاماژەن بۆ خێرایی شەحنکردنەوەی پاتریەکە بەکاتژمێر.

**خانەی دووەم**: پێکدێت لە پیتی Dیان E لەگەڵ دوو ژمارەدا کە ئاماژەن بۆ قەبارەی پاتریەکە.

**خانەی سێیەم**: بریتیە لە یەکێك لەم دوو پیتە Rیان L کە بەمانای ئەوە دێن کە جەمسەری موجەب بەلای ڕاستە یان چەپی پاتریەکەیە.

**خانەی چوارەم**: توانای پاتریەکەیە ئەمپێر/ کاتژمێر

**خانەی کۆتایی** : ژمارەی پۆلێنکردنی پاتریەکەیە بە پێی پۆلێنکردنی دەستەی کۆنترۆڵی یابانی

**ئامۆژگاری کۆتایی** : پێویستە تێبینی بەرواری بەرهەمهێنانی پاتریەکە بکرێت،چونکە هەر چەندە بەرواری بەرهەم زیاد بکات ماوەی بەکارهێنانی کەم دەکات بەهۆی هەڵگرتنیەوە بۆ ماوەی درێژتر.

- **جۆری دووەم لە پاتری ( پاتری وشك ) // پاتری تفت :**

لەم پاتریە دوو جۆر هەیە، بەپێی جۆری توخمی چالاك کە پلێتی موجەب و سالبی لێپێك هاتوە:

١. پاتری نیکلّ– ئاسن
٢. پاتری نیکلّ – کادیۆم

پلێتە موجەبەکان دروست دەکرێن لە ڕەقێکی نەرم کە بەرگەی داخوران دەگرێت و لە ئۆکسیدی نیکلّ دروست بوە،بەلاّم پلێتە سالبەکان لە ئاسن یان کادیۆم دروست دەکرێن.

پاتری وشك گیراوەی هایدرۆکسیدی پۆتاسیۆمی تیادایە بەلاّم ئەم گیراوەیە بەشداری لەکارلێکدا ناکات بەڵکو بەکاردەهێنرێت وەك ناوەندێکی گوێزەرەوەی بارگە کارەباییەکان.

پاتری وشك،تەمەنی گریمانەیی درێژ دەبێتەوە بۆ ١٠ ساڵی ڕێك و ئامادەشە بۆ بەکارهێنان تەنانەت ئەگەر ساڵێکیش بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕ بووبێت و لەو ماوەیەشدا بەکارنەهێنرابێت.

- **پیشەسازی پاتری لە کوردستاندا :**

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکانی پیشەسازیدا گەلێك لەدوای کاروانی پێشکەوتن و داهێنانی پیشەسازی ناوچەیی و جیهانەوەیە.

ئەمەش لە سایەی سیاسەتێکی هەڵەی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیەوەیە کە تەنها پشت دەبەستێتە سەر داهاتی نەوت و ئیدی هەموو کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و مرۆیی فەرامۆش کردوە.

لەم قۆناغەدا و لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و نزمبونەوەی نرخەکانی نەوت لە دونیادا،پێویستە دەسەلاّتدارانی هەرێم چیدی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت نەبەستنە سەر داهاتی نەوت و غازی سروشتی.بەڵکو گەرەکە پلانی زانستی و واقعی دابڕێژن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کەرتەکانی تریش ببوژێنرێتەوە و هاوبەشی بکەن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ولاّت و کۆمەڵگای کوردەواریدا.

ئاشکرایە کەرتی پیشەسازی گەلێك فراوانە و هەمەجۆر پیشەسازی دەگرێتەوە وەك بواری کەرەسەی بیناسازی لە چیمەنتۆ و گەچ و بلۆك و خشت و شیش و ...هتد. و کیمیاویەکان وەك ڕۆنی ئۆتۆمبێل و پاتری و پلاستیك و پاکژکەرەوەکان و..هتد و خۆراکیەکانیش هەموو جۆرە خۆراکەکان.

پیشەسازی پاتری ئۆتۆمبێلیش دەچێتە چوارچێوەی پیشەسازیە کیمیاویە گرنگەکانەوە،چونکە یەکێکە لە پێداویستیە گرنگ و سەرەکیەکان بۆ ئۆتۆمبێل و زۆرێك لە هۆکارەکانی گواستنەوە. و بەتایبەتیش ئۆتۆمبێل کە لە ئێستادا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی گواستنەوە و بۆتە پێداویستیەکی گرنگی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکان و تاك و خێزانەکان و ناتوانرێت بەبێ بونی ئۆتۆمبێل ژیان بگوزەرێت بەتایبەتیش لەناو شارە گەورەکان و نێوان شار و گوندەکانیشدا.

- **تێچووی دروستکردنی پاتری**

لەهەرێمی کوردستاندا نزیکەی ١ ملیۆن ئۆتۆمبێلی گەورە و بچوك (( تایبەتی و بارهەڵگر )) هەیە کە هەریەکە لەم ئۆتۆمبێلانە بەلانی کەمەوە ساڵی ١ پاتری پێویستە کە نرخی ١ پاتریش لە بچوکەوە بۆ گەورە (( بە پێی قەبارە)) بە پێی بازاڕی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لە نێوان ٢٥ دۆلار((بچوك )) – ١٥٠ دۆلار(( گەورە )) دایە. واتە لە ١ ساڵدا گەر ١ ملیۆن پاتری پێویست بێت ئەوا گەر نرخی تێچووی ناوەنجی ١ پاتری ١٥(( بچوك )) – ٧٥ (( گەورە)) دۆلار بێت، واتە لە ساڵێکدا تێچووی ١ ملیۆن پاتری بریتی دەبێت لە ١٥ – ٧٥ ملیۆن دۆلار.

بەو پێیە بڕی قازانج لەهەر پاتریەکدا لە نێوان ١٠–١٥ دۆلار دەبێت. کەواتە لەهەرێمدا ساڵانە بڕی ١٠–١٥ ملیۆن دۆلار قازانج دەستدەکەوێت .کە بڕێکی کەم نیە.

- **نرخی پاتری لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا :**

لە ئێستادا نرخی پاتری لە جۆرە باشەکان و مارکەی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهانی لە هەرێمدا بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

بۆ نمونە، پاتریەکی (( ٣٥ – ٨٠ )) ئەمپێری کە بۆ ئۆتۆمبێلی بچووك بەکاردەهێنرێت بریتیە لە ٢٥ –٥٦ دۆلار لەکاتێکدا تێچووی دروستکردنی لەکارگەدا بەنزیکەیی بریتیە لە ١٥–٤٥ دۆلار. هەروەها پاتری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کە (( ١٢٠– ٢٢٥)) ئەمپێر بێت نرخی لە بازاڕەکانی هەرێمدا لە نێوان ٩٠–١٥٠ دۆلارە لەکاتێکدا نرخی تێچووی دروستکردنی بە نزیکەیی بریتیە لە ٧٥–١٣٥ دۆلاری ئەمریکی.

کەواتە ئەم جۆرە پیشەسازیە،پیشەسازیەکی گرنگ و بە قازانجیشە و گەر کارگەیەکی پیشەسازی بۆ دروستکردنی پاتری ئۆتۆمبێل دابمەزرێت لە هەرێمدا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یان کەرتی تایبەتەوە. دەبێتە هۆی لەلایەك دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ لە پاتری ئۆتۆمبێل و لەلایەکی تریشەوە هەناردەکردنیشی بۆ دەرەوەی هەرێم لە بەشەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقیش و ناوچەکەش.

تێچوی دامەزراندنی کارگەیەکی پاتری ئۆتۆمبێل بەگوێرەی هێڵی بەرهەم و قەوارەی بەرهەمی ڕۆژانە و گەورە و بچووکی کارگەکە دەگۆڕێت و لە نێوان ١ ملیۆن دۆلار بۆ ٥ ملیۆن دۆلاردا دەبێت. و ئەم پیشەسازیەش،پیشەسازیەکی بەردەوامە چونکە تا ئۆتۆمبێل بمێنێت پێویستیش بە پاتری دەبێت و دەشتوانرێت پاتریە کۆنەکانیش جارێکی تر بەکاربهێنرێتەوە و سوود لە کەرەسەکانی وەربگیرێتەوە و لەم ڕێگایەشدا قازانج زیاتر دەبێت.دەگاتە (( دوو هێندە)) پاتری نویْ.

بۆ نموونە:

١. کارگەیەکی دروستکردنی پاتری گەر سەرمایەکەی بریتی بێت لە ١٧ ملیۆن ڕیالی سعودی کە بەنرخی ڕیال بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠١٦/١٢/٢٥دا بریتیە لە ٤٥٣٣٩٠٠ دۆلار، ئەوا دەتوانرێت لەماوەی ٤ساڵ و ١ مانگدا سەرمایەکەی بەدەستبهێنرێتەوە و ئیدی دوای ئەو ماوەیە دەکەوێتە سەر قازانج.لەکاتێکدا توانای بەرهەمی کارگەکە بریتیە لە ٢٨٥٠ تەن لە ساڵێکدا.کە یەکسانە بە ١١٤٠٠٠ پاتری و لەمانگێکدا ٩٥٠٠ پاتری و ڕۆژانەش ٣١٦ پاتری بەرهەم دەهێنێت.

٢. کارگەیەکی دروستکردنی پاتری گەر سەرمایەکەی بریتی بێت لە ٤ ملیۆن ڕیالی سعودی کە بەنرخی ڕیال بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠١٦/١٢/٢٥دا بریتیە لە ١٠٦٦٨٠٠ دۆلار، ئەوا دەتوانرێت لەماوەی ٢ساڵ و ٦ مانگدا سەرمایەکەی بەدەستبهێنرێتەوە و ئیدی دوای ئەو ماوەیە دەکەوێتە سەر قازانج.

٣. گەورەترین کارگەی دروستکردنی پاتری ئۆتۆمبێل لە سعودیە بریتیە لە کارگەی (( پاتری نیشتیمانی)) کە بەتەکنەلۆجیای ئەوروپی و ئەمریکی و بەتایبەتیش کۆمپانیای (( ڤارتای ئەڵمانی )) و لەسەر ڕووبەری ١٠٠ دۆنم زەوی دروستکراوە کە توانای بەرهەمی ١٩١٠٠٠ پاتری / مانگ واتە ٦٣٠٠ پاتری / ڕۆژ .

٤. کێشی پاتری قەبارە بچوك ٢٥ کغم و قەبارە گەورە ٥٠ کغم دەبێت.

٥. نرخی ١ تەنی / مەتری پاتری کۆنە لە ١٠ دۆلارەوە دەستپێدەکات ، ئەوەش وەستاوەتە سەر جۆری قوڕقوشم و ترشی کبریتیکەکەی و مارکەی کۆمپانیاکان.

٦. نرخی ١ تەن ڕەصاص لە ساڵی ٢٠٠٤دا بریتی بوە لە ٥٠٠ دۆلار بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧دا گەیشتۆتە ٣٦٦٥ دۆلار.

٧. ڕەصاص یان قوڕقوشم کانزایەکی قورس و ژەهراوی و ڕەقە و لە سروشتدا بەشێوەی کبریتی قوڕقوشم هەیە PbSوبەکارهێنانی زۆرە و و پلەی تواندنەوەی نزمە وداواکاری زۆری لەسەرە لە جیهاندا.

٨. ترشی کبریتیك $H_2SO_4$ ترشێکی گرنگ و قورسە و یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی پاتری ئۆتۆمبێل و نرخەکەی وەستاوەتە سەر ئاستی چڕی و ڕوونی.

- ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانرێت (( پاتری وشك// پیل )) یش بەرهەم بهێنرێت کە بەهەمان شێوە پێداویستیەکی گرنگ و بەردەوامە بەهەمان شێوەش بە قازانجە. هەروەها جۆرەکانی تری پاتریش بۆ ئامێری مۆبایل و کەرەستە کارەباییەکانی تریش.

**لە کۆتاییدا**،دەکرێت کە حکومەتی هەرێم/ وەزارەتی پیشەسازی، یان سەرمایەداران و کەرتی تایبەت بیرێکی جدی لەم جۆرە پیشەسازییانە بکەنەوە و هەوڵ و هیمەتی خەمخۆرانە بخەنە گەڕ بۆ بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی بەگشتی لەهەرێمی کوردستاندا و ئەم کەرتە بکرێتەوە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لە بوژاندنەوە و پێکەوە نانی ژێر خانی ئابوریەکی بەهێز.بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو خەون و خەیاڵەمان بێتە دی.

**سەرچاوە:**

======

**پێگە جیاوازەکانی ئنتەرنێت**


---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٩ لە زستانی ٢٠١٧دا بلاَوکراوەتەوە.

## هۆکارەکانی کەمبونەوەی

## بڕی بەرهەمی بیری نەوتی تەق تەق بە ژمارە و ڕاستی زانستی *

- **چەند زانیاریەکی وورد لەسەر بیرە نەوتەکانی تەق تەق**
- **کێڵگەی نەوتی تەق تەق دەکەوێتە ٦٠ کم باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکوك و ٦٥ کم باشوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر و ١٢٠ کم باکوری خۆرئاوای سلێمانی.**
- **بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٨دا لەلایەن ڕژێمی عێراقی ئەوکاتەوە ٣ بیرە نەوت لێدراوە و دواتر سەریان داپۆشراوەتەوە. بڕی یەدەگی نەوتی ئەوکاتە خەمڵێنراوە بە ٢٦٠ ملیۆن بەرمیل.**
- **بۆ دووەم جار لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٦ ئەو ٣ بیرە نەوتە سەریان لادرایەوە و بەرهەمی نەوتی خاویان دەستپێکرد.**
- **تا ساڵی ٢٠٠٢ نەوتی خاو دەهێنرایە پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و بەشێوەیەکی سەرەتایی بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپیان بە بڕێکی کەم بەرهەم دەهێنا.**
- **لە١٧/٧/ ٢٠٠٢ وە بەڕەسمی گرێبەست واژۆکراوە لە گەڵ کۆمپانیای(( گەنەڵ ئینێرجی تورکیدا)) کە تا ئەو کاتە ٦-٧ بیرە نەوت هەبوە.**




- **لەساڵی ٢٠٠٢وە تاکو ئێستا ژمارەی بیرە نەوتەکان بونەتە ٢٦-٢٨ بیرە نەوت بەم شێوەیە:**
- **٣ بیر لە ساڵی ١٩٧٨ لێدراوە**
- **١٤ بیر لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠١١ لێدراوە لە کێڵگەی تەق تەق و کێوە چەرمیلە**
- **٥ بیر لەساڵی ٢٠١٢ لێدراوە**
- **٣ بیر لە ساڵی ٢٠١٣ لێدراوە**
- **١ بیر لە کێوە چەرمیلە بە قوڵی ٥٢٠٠م لێدراوە**
- **لەمانگی ٦/٢٠١٥دا بڕی بەرهەمی ڕۆژانە بریتی بوە لە ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو**
- **ڕووبەری کێڵگەکە بریتیە لە ٩٥١کیلۆمەتر چوارگۆشە**
- **پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بریتیە لە ٤٤٪ گەنەڵ ئینێرجی تورکی و ٣٦٪ ئەداکسی کەنەدی و ٢٠٪ حکومەتی هەرێم.**
- **جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە لە هەرەباشترین جۆری نەوتی جیهانە چونکە (( نەوتێکی سووکە API لە نێوان(( ٤٨- ٥١ )) دا و کبریتی تیادا نیە و قوڵی بیرەکانیش مام ناوەندە هەربۆیە بە ((شەمپانیای نەوت یان شەمپانیای ڕەش)) دادەنرێت. جا هەر نەوتێك ئەم سیفاتە باشانەی تیادا بوو هەمیشە نرخیان بەرز دەبێت ، هەربۆیە نرخی نەوتی تەق تەق هەمیشە بەرز دەبێت.**

- جۆری گرێبەستەکە و پشکی کۆمپانیاکان لە نەوتی داهات و قازانجدا دەریدەخەن کە نەوتی تەق تەق زۆر بە هەرزان دراوەتە ئەو کۆمپانیایانە ،کە دەرهێنانی ئاسان و لە جۆری زۆر باشی نەوتیشن و هیچ خەرجیەك نەچۆتە پرۆسەی بەدواداگەڕان و دۆزینەوەیان چونکە پێشتر دۆزراوەتەوە و بیری لێدراوە و بەرهەمی هەبوە وناوچەیەکی تازە دۆزراوە نەبوە وەك کێڵگەکانی تری تاوگێ و شێخان و ...هتد.
- جۆری گرێبەستەکە بریتیە لە (( گرێبەستی موشارەکە لە بەرهەمدا))
- نەوتی قازانج لەم کێڵگەیەدا بریتیە لە ٢٧٪-١٥٪
- بڕی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢ بریتی بوە لە ٩ر٧٧ ملیۆن بەرمیل.
- لەساڵی ٢٠١٢دا بە درێژایی ٧٨ کم بۆری ئەم کێڵگەیە بەسراوەتەوە بە وێسگەی خۆرمەڵەوە و لەوێشەوە بۆ بۆری سەر بەندەری جیهانی تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوت.
- لە ٢٠١٢/٨/٧دا ئەم کێڵگەیە ڕۆژانە بڕی ١٠٥ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەناردەکردوە بەم شێوەیە:

١. ٥٥ هەزار بەرمیل بۆ خۆرمەڵە بۆ هەناردەکردن لەڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیەوە
٢. ٣٥هەزار بەرمیل بە تانکەر بۆ پاڵاوگەی بازیان
٣. ١٥ هەزار بەرمیل خەزن دەکرا

- **بڕی یەدەگی نەوتی ئەم کێڵگەیە بریتیە لە :**

١. یەدەگ لەجۆری ٢پی (( یەدەگی جێگیرە بەلاّم بە ووردی نەخەمڵێنراوە)) بریتیە لە ٦٨٣ ملیۆن بەرمیل لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١١دا. لەکاتێکدا لە مانگی ١٢ /٢٠١٦ بۆتە ٣٥٦ ملیۆن بەرمیل.(( نیواونیو کەمی کردوە))!!!
٢. لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧٨دا بریتی بوە لە ٢٦٠ ملیۆن بەرمیل
٣. یەدەگ لەجۆری ٣ پی (( یەدەگی خەمڵێنراو)) بریتیە لە ١٠٤٢ ملیۆن بەرمیل نەوت
٤. بڕی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لە ساڵی ٢٠١٦ بریتی بوە لە ١٨٤ ملیۆن بەرمیل/ ڕۆژانە. پێشبینیش دەکرێت کەم ببێتەوە بۆ ٨٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە لەساڵی ٢٠١٧دا. وە پێشبینیش دەکرێت لەساڵی ٢٠١٨دا بگاتە تەنها ٥٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە.

- لەسەر بڕی ئەو یەدەگەی ٢ پی یە کێڵگەی نەوتی تەق تەق دەوترێت ((کێڵگەی عملاق GIANT FIELD )) چونکە بڕی یەدەگی جێگیری تیادایە و دەتوانرێت دەربهێنرێت بەبڕی کەمتر لە ٥ ملیار بەرمیل و زیاتر لە نیو ملیار بەرمیل. خۆ ئەگەر بڕی یەدەگ لە ((٥ ملیار بەرمیل)) زیاتر بوو پێی دەوترێت ((کێڵگەی زۆر عملاق)) SUPER GIANT FIELD




- **تێچووی لێدانی بیرە نەوتەکان :**
- تێچووی ١٣ بیری نەوتی ئەم کێڵگەیە بریتیە لە ١٥٨٨٦٥٠٠٠ دۆلار

- واتە هەر بیرێك بڕی ١٢٢٨٨٠٠٠ دۆلاری تێچووە ... کە ئەم نرخانە زۆر بەرزن بەهەموو پێوانەیەك.و هەندێك بیریش گەیشتۆتە ١٨٥٠٠٠٠٠ دۆلار وەك بیری ژمارە ((٤)) و بیری ژمارە
(( Kc - ٥١ )) گەیشتۆتە ٣١٨٣١٠٠٠دۆلار.
- ٩ بیری تر تێچووەکەیان گەیشتۆتە ١١٠٠٥٢٠٠٠ دۆلار تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٣ واتە هەر بیرێك بڕی ١٢٢٨٨٠٠٠ دۆلاری تێچوە.
- لە ٢٠١٧/٣/٢٨دا لەلایەن کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی تورکیەوە ڕاگەیەنرا کە بڕی یەدەگی نەوتی کێڵگەی تەق تەق بە ڕێژەی ٦٦٪ دابەزیوە.
- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی بەم شێوەیە بڕی یەدەگەکە دابەزیوە؟ هۆکارەکانی چین ؟ چۆن چارەسەر دەکرێت؟**
- **هۆکاری دابەزینی بڕی یەدەگی نەوتی بریتیە لەوەی کە :**

١. بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیەدا بەشێوەیەکی زانستی نەبوە.
٢. هەتا توانراوە لە چەند بیرە نەوتێك نەوت دەرهێنراوە لەبەر ئاسانی کارەکە و ئەوانی تر پشتگوێخراون.
٣. دەبێت لە کێڵگەی نەوتیدا بەرهەم لە هەموو بیرەکاندا بە بەرنامە و وەکیەکی بێت.
٤. لێدانی بیرەکان دەبێت ٢٥٠ – ٥٠٠ مەتر لێك دوور بن.
٥. دابەزینی فشاری ناو بیرەکە.

- **بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە و زیادکردنەوەی بڕی بەرهەم پێویستە :**

١. بۆ ماوەیەك برهەمهێنان ڕابگیرێت بۆئەوەی لەو بیرانەی گەیشتۆتە ئاو نەوتی خاوی نوێ بێتەوە جێگەی لە دەمارەکان و جێگەی کۆبۆوەی نەوتی خاو چونکە نەوت سوکترە لە ئاو و سەر ئاوەکە دەکەوێت.هەروەها فشاری ناو بیرەکەش بەرزببێتەوە.
٢. بیری نەوتی زیاتر لێبدرێت.
٣. چاکسازی زیاتر و بەردەوامی بیرە نەوتەکان بکرێت.
٤. دەرهێنانی نەوت لە هەموو بیرە نەوتەکان وەکو یەك دەربهێنرێت.
٥. تێخستنی ماتۆڕی غەتاس بۆ ناو بیرەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی فشاری ناو بیرەکان.

- **لە کۆتاییدا** لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتدا کارێکی ئاساییە کە بڕی بەرهەم کەم بکات یان تەنانەت بیرە نەوتەکان چۆڕبڕیش ببن، بەڵام بۆ کێڵگەی نەوتی تەقتەق کارێکی زۆر جێگەی بڕوا نیە و لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات و لێدانی بیری زیاتر بڕی بەرهەم زیاتر بکرێتەوە.
- هەروەها پێدەچێت لەکاتی دیاریکردنی بڕی یەدەگیشدا هەر لەسەرەتاوە ژمارەکان زۆر زیاتر لە بڕی ڕاستەقینە ڕاگەیەندرابێت،ئەگینا بەپێی ئەو بڕە یەدەگە بێت کە ٦٨٣ملیۆن بەرمیل نەوت هەبوبێت، ئەوا بەو بڕە بەرهەمەی کە لەساڵی ٢٠٠٣وە تا ٢٠١٦ حساب کراوە کۆکەی دەکاتە ٢٥٢ ملیۆن بەرمیل کە دەرهێنراوە.
- گریمان زیاتریش دەرهێنرابێت و گەیشتبێتە ٣٠٠ ملیۆن بەرمیل.
- کەواتە ئێستا بڕی ٣٨٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو و یەدەگ لە کێڵگەی تەق تەق دا ماوە.
- کە ئەگەر ڕۆژانە بڕی ١٠٠ هەزار بەرمیلیش دەربهێنرێت ئەوا بەشی ١٠ ساڵ و نیوی تر نەوتی تیادا ماوە.
- بۆیە ئەم کێڵگەیە دوورە لە وشکبون و چۆڕبڕ بوون.
- بەڵام دەکرێت بڕی بەرهەم کەم ببێتەوە و وەك ڕوونیشمان کردەوە دەتوانرێت بڕی بەرهەم زیادبکرێتەوە بە گرتنە بەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە باسمان کردوون.
- هەروەها دەبێت حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەلایەن تیمی شارەزاو بە ئەزموونی خۆیەوە چاودێری کاری دەرهێنان و مامەڵەی ئەو کۆمپانیا نەوتیانە بکات لەو کێڵگانەدا بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و زانستی دەرهێنان و مامەڵەیان لەگەڵ بیرە نەوتەکاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و شەنپرێس و خەندان و مەکتەب ڕێکخستن و ئاراستە و ئاژانسی وزە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا
# هۆکارێك بۆ ئاشتی دوو هۆکار بۆ جەنگ *

- **پێناسەیەکی ئاو :**

ئاو یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی ژیان و تەندروستی،بەلاّم کەمی ئاوی پێویست بۆ پێداویستیەکانی ڕۆژانە بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ژیانی سێیەکی دانیشتوانی زەوی.

- **کەمی ئاو چیە؟**

چەند پێناسەیەکی جیاوازی هەیە لەوانە:

بریتیە لە ناهاوسەنگی لە نێوان بوون و داواکاری لەسەری بۆ دابینکردنی پێداویستیە کۆمەلاّیەتیەکان،یان بریتیە لە زیادبوونی داواکاری لەسەر ئەو بڕەی کە هەیە،یان بریتیە لە تێکڕای بەکارهێنانی بەرز بە بەراوورد بەو بڕەی کە هەیە بەتایبەتیش کاتێك دەسکەوتی ئەو بڕە گرانە یان زۆری تێدەچێت.

ئەم دیاردەی کەمی ئاوەش،هەموو جیهانی گرتۆتەوە،بەهۆی فراوان بوونی شارەکان و گەشەکردنی دانیشتوان و زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکالّ و پیشەسازی.

بەکارهێنانی ئاو لە جیهاندا زۆر زیادی کردوە بە دوو هێندەی زیادبوونی گەشەی دانیشتوان لەم سەدەی کۆتاییەدا وکەمی ئاویش کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو کیشوەرەکان ، بەشێوەیەك ڕێژەی ٤٠٪ دانیشتوانی گۆی زەوی دەگرێتەوە،بەهاتنی سالّی ٢٠٢٥،بڕی ٨ر١ ملیار دانیشتوانی گۆی زەوی لە ولاّتانێکدا دەبن کە بەدەست کەمی ئاوەوە دەنالّێنن و سێیەکی دانیشتوانی زەویش بەدەستی کەمی ئاوەوە گیرۆدە دەبن.

کاریگەری گەورەی نەبوونی ئاو،هەر بەوەوە ناوەستێت کە ئاو بۆ خۆی کەم دەبێت،بەلّکو دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت خواردنی پێویستیش دابین بکرێت،هەروەها دەبێتە هۆی دابیننەکردنی وزە و جولّەی ماکینەی پیشەسازیش، ئەمە سەرەڕای دەستنەکەوتنی ئاوی خاوێن و پاراستنی تەندروستیش،کە ناتوانرێت ڕێگە لە نەخۆشیە مەترسیدارەکانیش بگیرێت،وەکو نەخۆشی ئایدز ،ڕۆژانە ٣٨٠٠ مندالّ دەمرن لەبەر نەبوونی یان کەمی ئاوی خواردنەوە بەهۆی نەبوونی مەرجی تەندروستی و پاك و خاوێنی.

- **هۆکارەکانی کەمی ئاو:**

گەلێك هۆکار هەن کە کاردەکەنە سەر کەم بونەوەی ئاو لەوانە:

١. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان،سالّی ٢٠٠١ بەڕێژەی ٣٪ دانیشتوان زیادی کردوە بە بەراوورد بە سالّی ٢٠٠٠.

٢. پیس بوونی ژینگەیی.

٣. خراپ بەکارهێنانی ئاو،بەتایبەتیش سیستەمی ئاودێری،کە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی ٣٠-٧٠٪ لە ئاو.

٤. بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی، کە ناودەبرێت بەدیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی،Global Warming کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووبەرەکانی وشکانی و بە بیابانبوون.

- **کاریگەری کەمبونەوەی ئاو**

کەمبونەوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی گەلێك کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر ژیان و گوزەران و ژینگەی سەر زەوی لەوانە:

١. تێبینی دەکرێت کە کەمی ئاو تەنانەت لەو ناوچانەش سەرهەلّبدات کە ڕێژەی بەرزی بارانیان لێدەبارێت یان ئاوی شیرینیشیان هەیە، بەهۆی خراپی ڕێوشوێنەکانی هەلّگرتن و بەکارهێنان و دابەشکردنی ئاوەوە لەلایەن کۆمەلّگا ناوخۆییەکانەوە.

٢. کەمی ئاو زیان دەگەیەنێت بەتەواوی دانیشتوانی گۆی زەوی و ئەمەش بەهۆی زیادبوونی پێداویستی دانیشتوانەوە بەهۆی گەشەی دانیشتوان و فراوان بوونی ئاوەدانی و زیادبوونی قەوارەی بەکارهێنانی ئاو لە ماڵ و کارگە پیشەسازیەکاندا.

٣. بە نزیکەی پێنج یەکی دانیشتوانی دونیا ( ٢ر١) ملیار کەس لەو ناوچانە دەژین کە ئاویان کەمە، هەروەها چوار یەکی خەڵکی لەو ناوچانە دەژین کە بەولاتی گەشەکردوو دەناسرێن، کە ئەوانیش بەدەست کەمی ئاوەوە دەناڵێنن، بەهۆی نەبوونی ژێر خانی پێویست بۆ بەکارهێنانی ئاوی ڕووبار و ئاوەکانی ژێر زەویەوە.

٤. کەمی ئاو پاڵ بە خەڵکانەوە دەنێت کە پشت ببەستنە سەر سەرچاوەی ئاوی ناخاوێن بۆ خواردنەوە،کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن پاك و خاوێنی خۆیان وماڵ و جلوبەرگەکانیان بپارێزن.

٥. بەهۆی خراپی جۆری ئاو و پیسبونیەوە،نەخۆشیەکانی سکچوون بڵاو دەبێتەوە،وەك کۆلێرا و لەرزوتا و ...هتد. هەروەها کەمی ئاو دەبێتە هۆکار بۆ تووشبوون بە نەخۆشی تەراخوما و تاعوون و تیفۆئیدو ....هتد.

٦. کەمی ئاو دەبێتە هۆکار بۆ گلدانەوەی ئاو لەماڵاندا،کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی ئەو ئاوانە و زیادبوونی مێشوولە کە نەخۆشیەکانی لەرزوتا و مەلاریا و ...هتد. دەگوێزێتەوە.

٧. کەمی ئاو دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە باشترکردنی ئیدارەدانی ئاو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە زیادبوونی مێشوولە و بلاوبونەوەی نەخۆشیەکان و ڕێگەگرتن لەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی ئاوەوە دەگوێزرێنەوە وەك بەلهارزیا و نەخۆشیە مەترسیدارەکانی تر.

٨. کەمی ئاو دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ئاوی بەکارهاتوو بۆ مەبەستی کشتوکاڵ لە گوند و شارەکاندا،١٠٪ دانیشتوانی جیهان ئەو خۆراکانە بەکاردەهێنن کە لە ئاوی بەکارهاتوەوە بەرهەم هاتوون کە توخمی کیمیاوی یان زیندەییەکان لەخۆدەگرن کە دەبنە هۆی نەخۆشی.

بەم شێوەیە کەمی ئاوی پاك،مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر تەواوی ژیان و ئاوەدانی گۆی زەوی، ئەوەتا بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٥، چلو هەشت ولات بەدەست کەمی ئاوەوە دەناڵێنن، نیوەی گۆی زەوی ئاوی پاکیان دەستناکەوێت، ولاتە هەژارەکان لەهەمووان زیاتر زیانیان پێدەگات،لەکاتێکدا بەشی هەر تاکێك لە ئاو لە بەریتانیا یەکسانە بە ١٥٠ لیتر / ڕۆژانە،ئەوا کەسانێك هەن کە دەژین بەپشکی ئاوێك کە یەکسانە تەنها بە ٩٠ چرکە خۆشۆردن.

- **چارەسەری کێشەی کەم ئاوی:**

دەتوانرێت لەڕێگەی گرتنە بەری هەندێك ڕێوشێونەوە چارەسەری کەمی ئاو بکرێت لەوانە:

١. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ کە ڕێگە دەگرێت لە بەفیڕۆدانچوونی ئاو و چاککردنی سیستەمی ئاودێری و گلدانەوەی زیادەی ئاو.

٢. ڕێکەوتنە سیاسیەکان لەنێوان ولاتاندا، کە زۆر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی ئاو.

٣. هوشیارکردنەوەی هاولاتیان بە بەکارهێنانی باشی ئاو، لەڕێگەی ڕاگەیاندن و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانەوە.

٤. بەرزبونەوەی وەبەرهێنانی ئاو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە ٧٠-٨٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە بۆ نزیکەی ١٨٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە.

- **کێشەی ئاو و ململانێکانی ئایندە**

لەگەڵ زیادبوونی خێرایی داواکاری لەسەر ئاوی شیرین،هەڵگرتنی ئاو لەسەر زەوی ناجێگیر دەبێت،چونکە سەرچاوەکانی ئاو مەترسیان لەسەرە لە ئەنجامی زیادبوونی داواکاری لەسەر ئاو لە چەندین لاوە:

زیادبوونی دانیشتوان و پێداویستیان بۆ ئاوی خاوێنی خواردنەوە و تەندروستی گشتی و بەرهەم هێنانی خۆراك و پیشەسازی. هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی ماوەی وشکە ساڵی، سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کە

دەبێتە هۆی تێکچوونی چۆنێتی دابینکردنی ئاو و چۆنێتی بەکارهێنانی لەسەر ئاستی جیهان، کە سەرچاوەکانی ئاوی شیرین بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ڕوو لەکەمبونن.

کەئەمەش زەنگێکە بۆ (( شەڕی ئاو )) لەساڵانی داهاتوودا و لەم سەدەیەدا، کە مەترسی ململانێ لەسەر ئاو زیاد دەبێت،چونکە داواکاری جیهانی لەسەر ئاو بەرزدەبێتەوە بەڕێژەی ٤٠٪ بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٠.لەکاتێکدا وڵاتانی گەشەکردوو و باشتر ئاویان دەستدەکەوێت بەهۆی چین و هندستانەوە، چونکە پێشکەوتنیان نزیکە لە نیوەی پێشکەوتنی هەموو دونیاوە بەرەو ئامانجی ئاوی خواردنەوە.

بەڵام ناوچە عەرەبیەکان لە پێشەوەی ئەو ناوچانە دێن کە گەورەترین زیانیان پێدەگات، بەهۆی کێشەی ئاوەوە، زۆرێك لە لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان وای بۆ دەچن کە زیاتر لە کێشە و ململانێیەك سەرهەڵدەدەن لەماوەی ٤٠ ساڵی داهاتوودا. بەشێوەیەك زەویە عەرەبیەکان هەموو سیمایەکی بەپیتی لەدەست دەدەن بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٥ بەهۆی کەمی ئاوی ڕووبارەکانەوە. هەروەها بەهۆی بەرزبونەوەی ڕۆخی دەریاکانەوە هەر کاتێك گەیشتنە بەرزی ١ مەتر ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ٤١ هەزار کم چوارگۆشە لە زەویەکانی کەنار دەریاکان، بەتایبەتیش لە میسر و تونس و مەغریب و جەزائیر و کوێت و قەتەر و بەحرەین و ئیمارات.

بەم شێوەیە لە پەراوێزی کێشەی ئاودا، جیهان پێویستی بەمامەڵەی نوێ هەیە لەگەڵ ئاودا،بەشێوەیەك وڵاتە پیشەسازیەکان بەشێکی ئەم لێپرسراوێتیەیان دەکەوێتە ئەستۆ لەم کێشە جیهانیەدا، بەهۆی خراپی بەکارهێنانیەوە، هەربۆیە داوادەکرێت کە یاسای زۆر توند دەربکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە پیس بونی ئاو. هەروەها دامەزراندنی وڵاتەکان بۆ وێسگەکانی پاکردنەوە و چارەسەری ئاو لە پاشەڕۆ و پیسیەکان، و کەمکردنەوەی بڕی فڕێدانی پیسیەکان بۆ ناو ئاوەکان بۆ پاراستنی سەلامەتیان، و بەرپاکردنی هەڵمەتێکی فراوانی سەرتاسەری جیهانیش بۆپاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی خاوێن و شیرین.

- **کێشەی کەمی ئاو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی جیهانی**

ڕاپۆرتێکی هەواڵگری ئەمریکی ئاشکرای دەکات کە پێداویستیەکانی دونیا لە ئاوی شیرین تاساڵی ٢٠٤٠ ناهاوسەنگ دەبێت، ئەمەش زەنگێکە بۆ زیاتر ناجێگیری سیاسی و بەرگرتن لەگەشەی ئابوری و بازاڕەکانی خواردنی دونیا دەخەنە بەر مەترسیەوە.

هەمان ڕاپۆرت ئاشکرای دەکات کە ناوچەکانی باشووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەبنەوە لە چارەسەری کێشەی ئاودا کە دەبێتە هۆی ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانی خۆراك و وزەدا.

هەروەها لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا،ململانێکان لەسەر ئاو زیاد دەبن و بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٠، داواکاری لەسەر ئاوی شیرین بەڕێژەی ٤٠٪ زیاد دەکات. و مەترسیەکانیش زیاتر دەبن و لە ڕابووردووشدا چەندین ململانێ لە نێوان وڵاتاندا ڕویان داوە لەسەر ئاو. وەك هندستان و پاکستان و ئیسرائیل و فەلەستینیەکان و سوریا و عێراق.

هەروەها بەکارهێنانی ئاوە هاوبەشەکانی ژێر زەوی و بەکارهێنانی وەکو چەکێك یان ئامانجێکی تیرۆریستی نوێ گریمانەیەکی بەهێزن، چونکە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی ئاو ئامانجێکی سانا و زۆر کاریگەرن. هەمان ڕاپۆرت دەریخستوە کە گەورەترین مەترسی ڕووبەڕووی ڕووباری(( براهمابوترا)) دەبێتەوە کە لەهندستان و بەنگلادیشەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕووباری ((ئامۆداریاش)) لە ئاسیای ناوەڕاست. و کێشەی زیادبوونی دانیشتوان و گۆڕانی کەشوهەوا و گەشەی ئابوری هۆکارێکن بۆ زیاتر داواکاری لەسەر ئاو و بە تایبەتیش تا هاتنی ساڵی ٢٠٤٠. هیچ ڕێگا چارەیەکی ئاسانی تەکەنەلۆژیاش لە ئاسۆدا نیە بۆ باشترکردنی ئیدارەدانی ئاو.بەڵام باشترین ڕێگا بریتیە لە بەکارهێنانی بەتواناتر بۆ مەبەستی کشتوکاڵی کە بە ڕێژەی ٧٠٪ ئاوی شیرین بەکاردەهێنێت.

- **کۆڕبەندە جیهانیەکانی تایبەت بە ئاو**

لەکۆڕبەندی جیهانی لە مەڕسیلیا (( باشووری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا)) بۆ ئاو ١٣٠ وڵات بەڵێنیاندا کە هەرچی زووە یاسای جیهانی جێبەجێبکەن بۆ دەسکەوتنی ئاوی خواردنەوە و تەندروست کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەڕەسمی لە تەمووزی ٢٠١٠ دا دانیپێدانراوە لە ڕاگەیاندنی وەزیرەکاندا لە مەڕسیلیا.

هەروەها لە کۆڕبەندی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەستانبوڵیشدا، دانیپێدانراوەتەوە و دەسکەوتنی ئاوی خواردنەوە بۆتە پێداویستیەکی زۆر گرنگ و بەبێ بوونی ئاو هیچ گەشەکردنێك ڕوونادات.

- **هۆکارەکانی کێشەکە :**

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانەی کە لەلایەن چەندین ڕێکخراوی جیهانیەوە دەرچوون کە گرنگی دەدەن بەکاروباری ئاو لە جیهاندا، دەریدەخەن کە کێشەی ئاو هەیە لە جیهاندا بەهۆی گۆڕانەکان لە کەشوهەوادا کە دونیا لەم دواییانەدا بەخۆیەوە بینیوە،لە پەنگخواردنەوەی گەرما و وشکبونەوە، هەروەها دەریانخستوە کە ژمارەیەك لە ڕووبارە سەرەکیەکان پێدەچێت وشك ببن لە پەنجا ساڵی داهاتوودا، و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا بۆ ٩ ملیار کەس لە نیوەی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوا کێشەکە بەتەواوەتی زەق دەبێتەوە لەبەر ئەوە نەتەوە یەکگرتوەکان داوا لە وڵاتانی ئەندامی دەکات کە بکەونە خۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و بەکارهێنانی ڕیگای زانستی بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوونی ئاو وچارەسەری کەمی ئاو و مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی هاوکاری هاوبەش لەسەر دابەشکردنی ئاو لەنێوانیاندا.

- **سەرچاوەکانی ئاو لە ناوچەی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا :**

١. **ئاوی باران :**

زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دەکەونە ناوچەیەکی وشکەوە، یان نیمچە وشکەوە کە تێکڕای باران بارین کەمترە لە ٣٠٠ ملیمەتر ساڵانە، ئەگەری زیادبوونی کشتوکاڵ بەڕێژەی ٧٠٪ بەرزتر دەبێت بە بەرزبونەوەی تێکڕای باران بارینەوە کە کەمتر نەبێت لە ٤٠٠ ملم ساڵانە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابەشببێت، هەروەها هۆکاری تر وەك ڕشتنی داوودەرمان و پەین و پاککردنەوە لە گژوگیا بۆ ئەوەی جووتیار بەرهەمێکی زۆرو باشی دەسکەوێت.

ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە وەك عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین و ئوردون،پێش کۆتایی ئەم سەدەیە سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی بەروبومە کشتوکاڵیەکان بوون وەك دانەوێڵە و لۆکە و ...هتد. چونکە لە شێوەی کشتوکاڵی دێمی و بەراو بوون. بەڵام لە ئێستادا بەهۆی دیاردەکانی بەبیابانبوون و پلەی گەرمای بەرزەوە بەدەست کەمی ئاوەوە دەناڵێنن.لەبەرئەوە و بەهۆی گەردەلوولە لمیەکانەوە دانیشتوان ناوچەکە چۆڵ دەکەن بەرەو دەوروبەری شارە گەورەکان و بەمەش کەرتی کشتوکاڵی زیانی گەورەیان بەردەکەوێت.

هۆکارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و دابەزینی ئاستی ئاو و کەمی باران و وشکبونەوە لە ڕووی زانستی سیاسیەوە دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستن و گەندەڵی ئیداری و ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەریەکە لە تورکیا و سوریا و عێراق بەهۆی گۆڕینی ئاڕاستەی بەردەوامی ڕووبارەکانەوە لەناو خۆی تورکیادا.

٢. **ئاوی ڕووبارەکان :**

بەپێی سەرچاوەکان،لە ئێستادا ژمارەی ڕووبارە بەردەوامەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا لە ٥٠ ڕووبار تێپەڕ ناکەن لەناویشیاندا ڕووباری دیجلە و فوراتیش هەن.

لەو ڕووبارانە ڕووباری نیلە کە درێژترین ڕووباری عەرەبیە و دواتر ڕووباری فورات کە لەکوردستانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت و ٤٤٠ کم لەناو تورکیا و ٦٧٥کم لە سوریادا و ٢٩٠٠ کم لە عێراقدایە و دواتر ڕووباری دیجلەیە کە بەهەمان شێوە لە کوردستانی باکورەوە سەرچاوە دەگرێت و ٣٠٠کم لەناو تورکیا و ١٧٣٠ کم لە عێراقدایە و ماوەیەکی کورتیش دەچێتە ناو خاکی سوریاوە و لەگەڵ فورات یەکدەگرن و دەڕژێنە ناو کەنداوی عەرەبیەوە.

ڕووباری عاصی لە لوبنان سەرچاوە دەگرێت و دەچێتە سوریا و دواتر بۆ لیوای ئەسکەندەرونە و دەڕژێتە ناو دەریای سپی ناوەڕاستەوە، تورکیا داوا دەکات کە ئەم ڕووبارە بە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی ناوببرێت چونکە بە ٣ وڵاتدا تێپەڕدەبێت،بەڵام ڕازی نیە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات بە ڕوباری نێودەوڵەتی ناوببرێن.

ڕووباری ئوردون، کەلە ٣ سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت و ٣ ڕووباری لێپێکدێت((بانیاس_دان لە سوریا و حەصەبانی لە لوبنان )) و هەرسێکیان یەکدەگرن لە بەشی باکوری دۆڵی حۆلە و ڕووباری سەریعە پێکدێنن.دواتر دەڕژێتە ناو دەریاچەی تەبەریەوە و لەدوای دەرچوونی ڕووباری یەرموکی لە سوریا لێدەبێتەوە لە لوبنانیشدا ڕووباری لیتانی لێجیادەبێتەوە.

- **ئاوی ژێر زەوی:**

بریتیە لەو ئاوەی کە لە ڕێگەی هەڵکەندنی بیرەوە دەستمان دەکەوێت،کە پارێزراوە لەهەندێ چینی بەردیدا. و لە ژێر زەویدا و لە ئەنجامی کۆبونەوەی باران و بەفر لەو حەوزانەدا، و ئاوی ژێر زەوی بە بەردەوامی نوێ دەبێتەوە بەبەردەوامی چۆڕاندنی باران و بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

ئاوی ژێر زەویش بەگۆڕانکاریە کەش و هەواییەکان کاریتێدەکرێت وەك کەمی ئاو و باراناو و وشکبوونی ئەو حەوزە ئاویانەی ژێر زەوی دەبێتە هۆی داڕمانی زەوی ناوچەکە.

- **ئاو و یاسا نێودەوڵەتیەکان :**

ئاماژە بە عورف و یاسا نێودەوڵەتیەکان،هەڵهێنجراو لە ڕێکەوتنامەی هێلسنکی ساڵی ١٩٩٣ ،هەر ڕووبارێك سنوری نێودەوڵەتی وڵاتێك ببڕێت و بە وڵاتی دووەمدا تێپەڕ ببێت و دواتر بڕژێتە کەنارەکانیەوە یان وڵاتی سێیەمەوە،ئەوا ئەو ڕۆخە ئاویە بە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی دادەنرێت.

لەبەرئەوە ئەو وڵاتانەی ڕووبارەکەی لێهەڵدەقوڵێت و ئەو وڵاتانەی پیایدا تێپەڕ دەبێت و ئەو وڵاتەشی دەڕژێتە کەنارەکانیەوە، هەرسێکیان مافیان لەو ڕووبارەدا هەیە. و لە ڕێگەی لیژنەی پسپۆڕەوە بەشی هەریەکەیان دیاریدەکرێت.

- **ئاو هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ جەنگەکان :**

ئامارژە بە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ناونیشانی (( ئاو لە جیهانێکی گۆڕاو))دا هاتوە کە بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٠، نیوەی دانیشتوانی دونیا لەو ناوچانەدا دەژین کە ئاویان کەمە،کە لەنێوان ٧٥ – ٢٥٠ ملیۆن کەسیان بەتەنها لە کیشوەری ئەفریقادایە. سەرەڕای ئەوەی کە کەمی ئاو لەناوچە وشك و نیمچە وشکەکاندا دەبێتە هۆی کۆچکردنی ٢٤٠–٧٠٠ ملیۆن کەس. بەهۆی وشکبوونی سەرچاوە ئاویەکانەوە. کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەیەکی جیهانی بۆ هەر تاکێك،لە ئێستادا(( ١ ))ملیار کەس واتە شەش یەکی دانیشتوانی سەر زەوی ڕۆژانە ڕووبەڕووی کەمیەکی توندی ئاو دەبنەوە. بەتایبەتیش لەناوچە قەرەباڵغەکاندا بەهۆی بەکارهێنانی ئاوێکی زۆرەوە. کە ئەمەش دەبێتە چۆڕبڕبوونی سەرچاوەکانی ئاو لەماوەی ٢٠ ساڵدا.

هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان پێشبینی دەکات کە ٣٠ وڵات بەدەست (( کەمی ئاوەوە)) دەناڵێنن لەساڵی ٢٠٢٥دا، لە کاتێکدا لەساڵی ١٩٩٠دا تەنها ٢٠ وڵات بوون، کە ١٨ وڵاتیان دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقاوە. میسر و لیبیاش خرانە ئەو لیستەی ساڵی ١٩٩٠وە.بەهەمان شێوە ئیسرائیل و صۆمالیش خرانە هەمان لیستەوە، کەمی ئاو بریتیە لەوەی کە هەر تاکێك نەتوانێت بڕی ١٠٠٠ مەتر سێجا یان کەمتر لە ساڵێکدا دابین بکات.

بەهەمان شێوە وڵاتانی مۆریتانیا و کوێت و ئوردون و میسر لەو وڵاتانەن کە پارێزراو نین لە ڕووی سەرچاوەی ئاوەوە، بە پێی پۆلێنکردنێك کە لەلایەن ((گروپی مایلکرۆفتی بەریتانیا)) وە ئامادەکراوە بۆ شیکردنەوەی مەترسیەکان، هەمان گروپ ئەوەیان دەرخستوە کە کەمی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی سیاسی و بەرزبونەوەی نرخەکانی نەوت. هەربۆیە ئامۆژگاری کۆمپانیاکان دەکەن کە لەکاتی

وەبەرهێناندا حسابی وورد بۆ بوونی ئاو و دەسکەوتنی بکەن بەهۆی زۆری دانیشتوان و داواکاری لەسەر ئاو و هۆکارە کەش و هەواییەکانیشەوە.

رایانگەیاندوە کە مۆریتانیا لە مەترسیدارترین وڵاتەکانە لە رۆژئاوای ئەفریقادا بەهۆی کەمی سەرچاوەکانی ئاوەوە لەناو ١٦٠ وڵاتدا کە لێکۆڵینەوەکە گروتونیەتیەوە دوای ئەویش هەریەکە لە کوێت و ئوردون و میسر و ئیسرائیل و نەیجەر و عێراق و سەڵتەنەی عومان و ئیمارات دێن.

بێگومان سەدەی بیست و یەکەم، گەلێك کێشە و ململانێی سیاسی بەخۆوە دەبینێت لە زۆر ناوچەی ئاسیا و ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی کە هەموانیشیان لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و حەوزە ئاویەکان دەبێت لە پێناو دابینکردنی پێداویستیە زۆرەکانیاندا. کە کێشە سیاسی و سنوریەکانیش هێندەی تر هانیان دەدات.

بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان،ململانێ لەسەر سامانە سروشتیەکان هەر لەکۆنەوە تا ئێستا یەکێك بوە لە نیشانەکانی سایکۆلۆجیەتی مرۆڤایەتی،بەڵام لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر شێوازەکانی گۆڕدراوە،لەسەدەی بیستدا سیماکانی پێشبڕکێ و ململانێ دەرکەوتن کە دونیا بەخۆیەوە نەبینیوە بۆ دابینکردنی سامانە سروشتیەکان و سەرچاوەکانی وزە و دەستبەسەراگرتنی بازاڕە جیهانیەکان.

زۆر رێگەی تێدەچێت کە وڵاتان ئاو وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیان بەکاربێنن وەك ئامڕازێك و ئامانجێکیش بۆ هەڵایسانی جەنگەکان کە ڕەنگە ببێتە تێکدان و هەڵتەکاندنی جێگیری و ئاسایشی دونیا.

بۆ نمونە، وڵاتانی وەکو(( میسر و ئۆگەندا و ئەسیوبیا)) لە ئاوی ڕووباری نیلدا بەشدارن، ((عێراق و سوریا و تورکیا ))لە ئاوی ڕوباری فوراتدا بەشدارن، هەریەکە لە ((ئوردون و لوبنان و سوریا و فەلەستین)) دەناڵێنن بەدەست دەستبەسەراگرتنی ((ئیسرائیل)) بەسەر ڕووباری ئوردوندا و ڕووباری یەرموك و هەردوو ڕووباری لیتانی و وەزانی و ڕووباری جەلیل لە جۆلاندا.

هەروەها ژمارەیەك لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش وەك ((قرغیستان و کازاخستان و ئۆزباکستان و تاجیکستان و تورکومانستان ))بەشدارن لە ژمارەیەك ڕووباردا، هەروەها هەریەکە لە ((پاکستان و هندستان و بەنگلادیش و نیپاڵیش)) بەشدارن لە ژمارەیەك ڕووباری بچوکدا.

هەربۆیە زۆرێك لە وڵاتان ڕووبەڕووی ململانێی توندی سیاسی یان پێکدادان و جەنگی خوێناوی دەبنەوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیاندا یان بەشدار لەگەڵیاندا لە سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکانەوە، لەو وڵاتانەی کە پێشبینی دەکرێت کە ئاو ببێتە هۆکاری هەڵایسانی جەنگ،بریتین لە :

١. **میسر**

دوای ئەوەی ٧ وڵاتی ئەفریقیا بەبێ میسر و سودان ،ڕێکەوتنێکیان واژۆکردوە لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی پشکەکانیان لە ئاوی ڕووباری نیل کە ئەوانیش هەریەکە لە وڵاتانی (( ئۆگەندا و کینیا و ئەسیوبیا و تەنزانیا و کۆنگۆ و ڕواندا و بۆرۆندی))بون.

میسر بەحوکمی مێژووی دێرین و زۆری ژمارەی دانیشتوانی و لەسەردەمی دەسەڵاتی جمال عبدالناصردا وەك ڕابەرێکی کیشوەری ئەفریقیا، پشکی خۆی مسۆگەر بوو لە ئاوی نیلدا و هیچ پرۆژەیەکیش نەدەکرا بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی میسر لەسەر ڕووباری نیل لە پرۆژەی کارەبا و بەنداو و ...هتد.

بەڵام لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا سیاسی و ئابوریەکانی کیشوەری ڕەشەوە، و گەرمبون و سەرهەڵدانی ململانێکان لەلایەك لەنێوان میسر و سودان و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ٨ وڵاتی ئەفریقیدا و کاڵبونەوەی ڕۆڵی ڕابەرایەتی میسر لە ناوچەکەدا.وایکردوە کە ئەو وڵاتە ئەفریقیانە گوێ نەدەنە داواکاری و پێداویستیەکانی میسر لە ئاوی نیل. هەروەها سەربەخۆبونی باشوری سودانیش لەساڵی ٢٠١٢دا ،هێندەی تر کێشەکانی نێوان میسر و سودانی زەقکردەوە و بەدەستێوەردانی ئیسرائیلیش لەکاروباری باشوری سودان و بەتایبەتیش کاری فشاری ئاوی نیل دژی

سودان و میسر هێندەی تر مەترسی هەڵایسانی جەنگ لەنێوان میسر و سودان و ئەو وڵاتە ئەفریقیانەدا هێنایە گۆڕێ لەسەر پشك و بەشیان لە ئاوی نیل.

٢. ئیسرائیل

تەپڵی هەڵایسانی جەنگ لە زۆر جێگە لێدەدرێت بەهۆی ((ئاوە))وە. ئیسرائیل بەهێز و زۆرەملێ دەستیگرتوە بەسەر بەشی هەرە گەورە لە ئاوی وڵاتانی عەرەبی لەهەریەکە لە ڕووباری ئوردون و لیتانی و دەریاچەی تەبەریەدا.

ئیسرائیل هەر لەساڵانی شەستی سەدەی ڕابوردووەوە لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ئاودایە کاتێك کێشەی کەمی ئاو سەریهەڵدا. و دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر جولەکە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل و پرۆسەی نیشتەجێکردن و ئاوەدانیان دەستپێکرد.هەر ئەمەش بوو کە ئیسرائیل هەریەکە لەبەری ڕۆژئاوای فەلەستین و بەرزاییەکانی جۆلانی سوریای داگیرکرد.

هەروەها ئیسرائیل لە کیشوەری ئەفریقیاشدا لە ململانێیەکی توندایە و بەتایبەتیش لەگەڵ ئەسیوبیادا کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ڕووباری نیل بۆ دروستکردنی بەنداوی کارۆئاوی و گلدانەوەی ئاو. بۆ زیانگەیاندن بە میسر و سودان و کێشە و ململانێی عەرەب– ئیسرائیل لەسەر ئاو گەیشتۆتە ئاستێك ناتوانرێت بەرگە بگیرێت و زوو بێت یان درەنگ جەنگێکی خوێناوی هەڵدەگیرسێت لە نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلدا لەسەر ئاو.

٣. سوریا و عێراق

هەردوو وڵات دەناڵێنن بەدەست کێشەی کەمی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە بەهۆی گلدانەوە و دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بەنداو لەلایەن تورکیاوە، کەمی و دابەزینی ئاستی ئاوی هەردوو ڕووبارەکە مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ژیان لەهەریەکە لە سوریا و عێراقدا.

زۆربەی شارەزایان وای بۆ دەچن کە جەنگەکانی ئایندە لە ناوچەکەدا زۆربەیان لەسەر دابینکردنی ئاوی پێویست دەبێت بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ.وڵاتانی عەرەبیش زۆربەی سەرچاوەی ئاوەکانیان لەدەرەوەی سنورەکانیانەوەیە لە وڵاتانی دراوسێدا. چونکە زۆربەی ڕووبارەکان بەلانی کەم بەسێ وڵاتدا تێدەپەڕن (( وڵاتی سەرچاوە _ ڕاگوزەر– ڕۆخ )) و بەمەش بە ڕووباری نێودەوڵەتی دەناسرێن چونکە ناکەونە ژێر سەروەری نیشتیمانیەوە، لەبەر ئەوە زۆر کات ئاوی دیجلە و فورات وەك کارتی فشار لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بەکاردەهێنرێن دژی عێراق و سوریا. و تورکیاش تا ئێستا ڕازی نیە دیجلە و فورات بە ڕووباری نێودەوڵەتی بناسێت بۆ ئەوەی مافی دەستبەسەراگرتنیان بەخۆی بدات دوور لە بەشداریکردنی هەریەکە لە عێراق و سوریا.

بەڵام لەهەمان کاتدا داوا دەکات کە ڕووباری عاصی کەلە شاخەکانی لوبنانەوە هەڵدەقوڵێت و بەسوریادا تێپەڕ دەبێت و لە لیوای ئەسکەندەرونەی داگیرکراو لەلایەن تورکیاوە دەڕژێتە ناو دەریای سپی ناوەڕاستەوە داوا دەکات کە بە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی بناسرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەو ڕووبارە بە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی بناسرێت ڕاستەوخۆ مانای دانپیادانانی سوریایە بە داگیرکردنی لیوای ئەسکەندەرونە لەلایەن تورکیاوە و دەبێتە بەشێك لە خاکی تورکیا.

تورکیا لە مێژە کار لەسەر دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووبارەکان کە ژمارەیان زیاد لە ١٠٠ ڕووبار دەبێت جگە لە دیجلە و فورات دەکات بۆ ناو خاکی تورکیا،بەمەبەستی فشار خستنە سەر هەریەکە لە سوریا و عێراق و بەمەش ئەگەری هەڵایسانی جەنگی خوێناوی هەیە لە ئایندەدا لە نێوان هەریەکە لە تورکیا و سوریا و عێراق لەلایەك و لە نێوان سوریا و عێراق لەلایەکی ترەوە.

٤. وڵاتانی کەنداو

وڵاتانی کەنداو لە بنچینەدا بەدەستی کەمی ئاوی شیرینەوە دەناڵێنن نەك بۆ کشتوکاڵ بەڵکو بۆ خواردنەوەش،بەڵام بەهۆی پاڵاوتنی ئاوی دەریاوە توانراوە ئاوی خواردنەوە دەستبخەن بە نرخێکی زۆر گران بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە

ئاوی کشتوکاڵ دابین بکەن چونکە ئاوی پاڵاوتەی دەریا بۆ کشتوکاڵ ناگونجێت. لەبەر ئەوە ئاسایشی خۆراکی وڵاتانی کەنداو نەتوانراوە بپارێزرێت کە لەهەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ دابینکردنی سەبەتەی خۆراکی بۆ وڵاتانی کەنداو لەهەموو کات و بەنرخێکی هەرزانیش.

- **پلانی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کەمی ئاو :**

بەهۆی دیاریکراوی و کەمی و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی ئاوەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت و هەروا بەهۆی کەش و هەوا و ژینگەیی و کەمی بارانبارین و گەشەکردنی بەردەوامی پێداویستیەکانی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بۆ بڕێکی زۆر لە ئاو.

کاری دانانی پلانێکی ستراتیژی گشتگیری ئاو دەسەپێتە سەر وڵاتانی ناوچەکە لە پێناو پارێزگاریکردن بۆ ئاسایشی ئاو. لەگەڵ کەمبونەوەی سەرچاوەکان،چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاسایشی خۆراکیەوە و پلانی گەشەکردن و خۆش گوزەرانی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێوە و سەرچاوەکانی تری جێگرەوە وەك وزەی خۆر و ئەتۆمی، ئاستی پاڵاوتنی ئاوی دەریا و لێدانی بیری ئیرتیوازی و دروستکردنی بەنداو وزۆرترین کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی و باران و گلدانەوەیان بۆ کاتی پێویست، چارەسەر و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی بەکارهاتوو و دامەزراندنی بنکەی لێکۆڵینەوە و پێشخستنی سەرچاوەکانی ئاو، پێگەیاندنی کادری نیشتیمانی و کەڵك وەرگرتن لە شارەزایی زانستی.

- **ئاو بۆمبێکی مەترسیدار و تەوقیتکراو لە نێوان عێراق و ئێراندا**

ئاو بە هۆکارێکی سەرەکی دیاریکردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت،بەتایبەتیش لەبەشی باشوری گۆی زەویدا، هەروەها لە وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران و عێراق و کوردستان و وڵاتی شام و میسر و باکوری ئەفریقیاشدا. ئایا دەکرێت (( ڕێگای ئاوریشمی )) بگۆڕدرێت بۆ (( ڕێگای مردن)) لەو وڵاتانەدا. لە ئەنجامی سیاسەتی وڵاتانی سەرچاوە ئاویەکانەوە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی ڕوبارە نێودەوڵەتیەکان بۆ ناو وڵاتەکانیان و دواتریش ڕفاندن و دەستبەسەراگرتنی ئاوی ئەو ڕووبارە نێودەوڵەتیانەدا.

- **ئایا ئاوی ڕووباری دیجلە وشك دەکات ؟**

ئەو ئاگاداریەی کە لەلایەن (( ڕێکخراوی ئاوی ئەوروپاوە)) ڕاگەیەنرا لە کۆتایی سەدەی بیستدا. دەربارەی وشکبوونی ئاوی ڕووباری دیجلە بەتەواوەتی بەهۆی پڕۆژەکانی تورکیا و ئێرانەوە کە هەریەکەیان پاڵنەری سیاسی و ئابوری خۆیان هەیە.هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای فەزای ئەمریکیش((ناسا)) جەختی لێکردۆتەوە بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی کالیفۆرنیاو سەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی بەرگە هەوا.بەهەمان شێوە ئەو مەترسیانە دووپات دەکەنەوە کە لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە(( سی ئای ئەی)) وە بلاۆکراوەتەوە. کە تیایدا هاتوە کە ٣ ناوچە کاندیدن بۆ پێکدا هەڵپژان و ململانێی سەربازی بەهۆی کەمی ئاوەوە ئەوانیش:

**گروپی یەکەم :** هەریەکە لە میسر و سودان و ئەسیوبیا و زائیر و بۆرۆندی و تەنزانیا و ڕواندا دەگرێتەوە کە هەموویان بەشدارن لە حەوزی ڕووباری نیلدا.

**گروپی دووەم :** هەریەکە لە تورکیا و سوریا و عێراق دەگرێتەوە دەربارەی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات.

**گروپی سێیەم:** هەریەکە لە فەلەستین و ئوردون و لوبنان و سوریا لەلایەك و ئیسڕائیلیش لەلایەکی ترەوە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە ڕووبارەکانی ئوردون و یەرموك و لیتانی و حەصەبانی و وەزاندا.

زۆر جاران ململانێ سیاسیەکان بە ئاڕاستە جیاوازەکانیانەوە لە (( نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی)) دەبنە هۆکار بۆ بەکارهێنانی ئاو وەکو چەکێك لەو جەنگ و ململانێیانەدا.وەك ئەوەی لە عێراقدا و لەناوخۆی هەندێك پارێزگاکاندا ڕوویاندا لەنێوان نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکاندا. لە سونە و شیعەدا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەم ململانێ ناوخۆییانە

لەلایەن ململانێ نێودەوڵەتیەکانەوە کۆتاییان پێدەهێنرێت وەك ئەوەی ئێران دژی هەندێك لە پارێزگا شیعە نشینەکان و کوردستانی کرد بەبڕینی ئاوی ڕووباری ئەڵوەن لە خانەقین.

کوردستانی گەورە لە ئێستادا دابەشبۆتە سەر چوار وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا، خاوەنی گەورەترین بڕی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەویە لەهەموو ناوچەکەدا، کە ئەم هۆکارەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیەکانیش ڕێگە نادەن بە یەکگرتن و گەورەبوون و بەهێزبوونی لەچوارچێوەی پڕۆژەیەکی نەتەوەییدا، کە فراوانترین ڕووبەری جوگرافی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و گەورەترین چڕی دانیشتوان کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەس و دەوڵەمەندترین ناوچەشە بەهەردوو سەرچاوەی وزە (( زێڕی ڕەش )) لە نەوتی خاو و غازی سروشتی و (( زێڕی ڕۆیشتوو یان سپی // ئاوی شیرین)).

هەربۆیە جارێکی تر کورد و کوردستان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی و داگیرکردنێکی تردان بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی شیرینەوە و جەنگ و داگیرکاریەکانی ناوچەکە کە بەدڵنیایی کوردستانیش دەگرێتەوە لەسەر ئاو و کەمی ئاو دەبێت.

ئاشکراشە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،کۆمەڵگەلێك کێشەی مێژوویی و جوگرافی لەمێژینە و ئاڵۆزیان هەیە هەر لە کێشەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و سنور و کێشەی سیاسی و ئابوری و ..هتد. لە ئێستاشدا و لە ئایندەشدا کێشەی ئاو و ژینگەشی دێتە سەر.

هەربۆیە دەکرێت سەرجەمی ئەم کێشانە لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا لە ڕێگەی دانوسانی سیاسی و ڕێکەوتن و بەسەرداچونەوەی ڕێکەوتنامە دوو قۆڵی و نێودەوڵەتیەکانەوە ئەنجام بدرێت دوور لە جەنگ و ململانێی خوێناوی، ئەویش لەلایەك بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و دیاریکردنی چارەنوسی لە ناوچەکەدا و دواتریش بە گفتوگۆی شارستانیانە لەسەر تەواوی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکە. چونکە هیچ کات جەنگ و ململانێکان نەبونەتە هۆی چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی هەتاهەتایی لەناوچەکە و دونیاشدا و تەنها بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن دەتوانرێت سەرجەم کێشەکان و لەناویشیاندا کێشەی کەمی ئاو چارەسەر بکرێت.

- **عێراق و کوردستان و هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات**

لەدێر زەمانەوە ئەم وڵاتی (( عێراق))ەی ئێستا بەناوی (( وڵاتی نێوان دوو ڕووبار))ەوەیە ، واتە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە ناسراوە، و مێژوو و جوگرافیایەکی دێرین و ناسراوی هەبوە. و پشت دەبەستێتە سەر ئاوی ئەو دوو ڕووبارە کە فورات لەبەیەك گەیشتنی هەردوو لقی ((فورات صۆ و قەرەصۆ)) دروست دەبێت لە مەلاتیا لە بەرزاییەکانی ناوچەی وان لە کوردستانی باکور. کە درێژی ڕووباری فورات ٢٨٨٠کم دەبێت و ١٠٠٠ کم لە تورکیا و ٦٧٥-٦٨٠کم لەسوریا و ١٢٠٠کم لە عێراقدایە. و ڕووباری دیجلەش درێژییەکەی ١٨٩٩کم و ٤٤کم لەسوریا و ١٤١٥ کم لە عێراقدایەو ٤٤٠ کم لە تورکیادایە. هەروەها لە ئێرانیشەوە ژمارەیەك لقی دەچێتە ناو.

کێشەکە لەوەدایە کە تاکو ئێستا ڕێکەوتنێکی تەواو نیە لەسەر ڕێکخستنی بەشداریکردن لە ئاوی فوراتدا بۆ بەکارهێنانی بێجگە لە هەندێك ڕێکەوتن کە بنەما سەرەتاییەکانی بەشداریکردن و مافی ئەو وڵاتانەی دانپیاداناوە. ڕووباری دیجلەش تورکیا دایدەنێت بە ڕووبارێکی نیشتیمانی خۆی و تەنها تێپەڕدەبێت بە سنورەکانیدا و دەڵێت مافی تەواوی هەیە لە بەکارهێنانیدا،و ئەوەی دەیداتە هەریەکە لە سوریا و عێراق ئەوە تەنها قوربانیدانە و پیاوەتیە نەك ئەرك و مافی خۆیان بێت.

- **سیاسەتی ئێران بۆ ئاو :**

هەڵوێستی ئێرانیش هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ هەڵوێستی تورکیادا،بەهەمان شێوە ئێران لە هەوڵدایە بۆ گۆڕینی زۆربەی لقە ئاویەکان کە دێتە سەر ڕووباری دیجلە،ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی هاتوو بۆ خاکی عێراق و دەبێتە هۆی خراپبوونی جۆری ئاوەکە و ڕێژەی پیسبوونیشی زیاد دەکات.

ئەم هەڵوێستانەی ئێران دەربارەی عێراق و هەرێمی کوردستان بونەتە مایەی ئاگادارکردنەوەی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی گەشەپێدان بە جۆرێك ڕایگەیاند کە کارەساتێکی ژینگەیی گەورە لەهەندێ لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و باشوری عێراق ڕوودەدەن. ئەگەر ئێران سووربێت لەسەر بڕین و گرتنەوەی ئاوی هەندێ لە ڕووبارەکان. وەك ڕووباری ئەڵوەن لە خانەقین کە ماوەی ٤ ساڵە ئێران ئاوەکەی دەگرێتەوە. کە بۆتە مایەی زیانێکی گەورە بە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە و دەبێتە هۆی  کەمبونەوەی ڕێژەی ١٠٪ ی زەویە بە پیتەکان و بۆتە هۆی کۆچکردنی زۆرێك لە دانیشتوانی گوندی ناوچەکە بەهۆی وشکبونەوەی زەوی و ڕەز و باخەکانیانەوە.و بۆتە کەم بونەوەی هەندێك بەروبومی کشتوکاڵی لە عێراقدا بەڕێژەی ٨٠٪ لەگەڵ خراپی لە جۆرەکانیشیدا.

هەربۆیە پێویستە کە دەوڵەتی عێراق هەستێت بە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك بۆ بەرگرتن لە دیاردەی بە بیابانبوون و وشکبونەوە. ئەویش بە دروستکردنی بەنداو لە کوردستان کە لە کۆتاییدا بەبەرژەوەندی دانیشتوانی ناوەڕاست و عێراق تەواو دەبێت. هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە ئاوداشتن و بەکارهێناندا و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی لە کەرتی ئاودا بەمەبەستی کەمکردنەوەی بۆشایی ئاوی ، کۆمەڵ گەلێك کارن کە دەبنە هۆی چارەسەر و کەمبونەوەی کێشەی ئاو لە عێراق و کوردستاندا.

- **بەنداوی موصڵ**

یەکێکە لە گەورەترین بەنداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بڕی ١٧٥٠٠ مەتر سێجا/چرکە ئاوی لێدەردەچێت ولەساڵی١٩٨٠دەستکراوەبە دامەزراندنی و ساڵی ١٩٨٦ تەواو کراوە.بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی ئاوگلدانەوە و کۆنترۆڵکردنی و بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاودانی ڕووبەری ٣,٥ ملیۆن دۆنم زەوی، لە ئێستادا مەترسی ڕووخاندنی لێدەکرێت.

لە بارێکدا کە ئەم بەنداوە دابڕمێت،ئەوا کارەساتێکی گەورە  ڕوودەدات بەهۆی بەرزی ئاستی ئاوەکەیەوە و پلەی لێژی ڕووباری دیجلە لە موصڵەوە بەرەو باشوور (( جیاوازی بەرزی ڕۆیشتنی لەنێوان دیجلە و فوراتدا ٧ مەترە)).

کە دەبێتە هۆی ڕوودانی لافاوی وێرانکەر کە زیان بەدامەزراوە ئاوی و خزمەتگوزاریەکانیش دەگەیەنێت لەخوار بەنداوەکەوە و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی ٤–٥ ملیۆن کەسیش.

هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ڕێگەگرتن لەو داڕمانە،چارەسەری ڕیشەیی نین کە خۆی دەبینێتەوە لە پێدانی بەیتونی گران بەها، و نزمکردنەوەی ئاستی ئاو لە بەنداوەکەدا، بەڵکو چارەسەری ڕیشەیی بریتیە لەو پێشنیازانەی کە کۆمپانیا ڕاوێژکاریەکان داویانەتە وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکانی عێراق. لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە کاربکرێت بۆ دامەزراندنی بەنداوی بەخمە و بەنداوی تر لەسەر ڕووباری زێی گەورە.

کارەساتی عێراق لەوەدانیە کە لە ساڵانی ڕابووردوودا بە ملیارەها مەتر سێجا ئاوی بەفیڕۆداوە، بەڵکو کارەساتەکە لەوەدایە کە لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا بڵاوکراونەتەوە و ڕایانگەیاندوە کە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لەبەر هەڕەشەی وشکبوندان بەهاتنی ساڵی ٢٠٤٠. لەو ڕێکخراوانەش (( ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە)) و (( کۆڕبەندی عەرەبی بۆ ژینگە و گەشەپێدان)) و (( ڕێکخراوی ئاوی ئەوروپی)) کە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕووباری دیجلە بەرەو وشکبوون دەچێت.

ئەم کێشەیەش کێشەیەکی تەکنیکی و سیاسیە، لەڕووی تەکنیکیەوە هەریەکە لە سوریا و تورکیا و ئێران دەست بەسەر ڕێژەی ٨٥٪ سەرچاوە ئاویەکانی عێراقدا دەگرن.بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە بریتیە لە نەبوونی ڕێکەوتنامە

نێودەوڵەتیەکان بۆ بەکارهێنانی ئاو و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی یاسایی کەمافی هەموو وڵاتانی (( سەرچاوە و ڕاگوزەر و تێرژاو)) بپارێزرێت.

- **چارەسەری کێشەی ئاو لە عێراق و ناوچەکەدا :**

دەتوانرێت ئەم کێشە گرنگ و کاریگەر و هەستیارە لەناوچەکە و عێراقیشدا چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی:

١. بەڕێوەبردنێکی تەواو بۆ سەرچاوە ئاویەکانی عێراق و کوردستان لەناویشیاندا ((دورینەوەی ئاو)). ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن لەسەر سەرچاوە ئاویەکان لەسەر زەوی و ژێر زەوی و باشترین و زۆرترین سوود وەرگرتن لێیان.

٢. کێشەکانی ئاو لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا، چیٚ دەبێت لەمیانەی پرۆسەیەکی چارەسەری گشتگیر بۆ کێشە ژێرخانیەکان کە سیاسی و ئابوری و ژینگەیی لەناوچەکەدا بگرێتەوە.

٣. هاوکاری و ئالوگۆڕی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و ڕێکەوتنامەی یاسایی و نێودەوڵەتیەکان هەبێت لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا دەربارەی ئیدارە و دابەشکردن و وەرگرتنی ئاو و پشکی ئاوی هەریەکەیان و هیچ وڵاتێك زیادەڕەوی نەکاتە سەر پشکی وڵاتانی بەشدار لە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکاندا.چونکە بەبیٚ چارەسەری کێشە ئاویەکان لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا سەر دەکێشێت بۆ ململانیٚ و توندبوونی کێشە و گرفتەکان و ئەنجامیش جەنگ و داگیرکردنی لێدەکەوێتەوە.

- **دیاردەی بە بیابانبوون و وشکبونەوە هەڕەشە لە عێراق و کوردستانیش دەکەن!**

کێشەی ئاو لە نێوان سوریا و عێراق و تورکیادا دۆخێکی بێوێنە نیە لەگەڵ ئەوەی کە تایبەتمەندی خۆشی هەیە،چونکە هەمیشە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان لەو جۆرە کێشانە دروست دەکەن لە نێوان وڵاتانی جیهاندا.بەهۆی تێکچڕژانی بەرژەوەندیەکانیان و پێداویستی زۆریان بۆ ئاو بە تایبەتیش لەسەدەی بیست و یەکەمدا ئاو بۆتە نەوت و بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هەڵدەقوڵێت هەروەك بۆ ئەو وڵاتانەشی کە تێیدەڕژێن.( لەم سەدەیەدا نەك نەوت ،بەڵکو ئاو دەبێتە کێشەی مەترسیدار لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا لەدوای ساڵانی ٢٠٠٠))وە.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ئابوری لە واشنتۆن، کە زیاد لە جارێك ڕایگەیاندوە کە لەجیهاندا نزیکەی ٧٠ ناوچە هەن کە دەبنە خاڵی ململانیٚ و گرژی و ئاڵۆزی کە هۆکارەکەشی ئاون، کە دەبێتە دایکی هەموو ئاڵۆزیەکانی ئایندە.

- **بۆشایی ئاوی**

(( گرفت و کێشەی ئاو بەوە دەناسرێت کە بریتیە لە تێکچوونی هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوە ئاویە تازە بوەکان و ئەوەی لەبەردەستدا هەیە لەگەڵ داواکاری زۆریش لەسەری کە خۆی لەدەرکەوتنی کورتهێنان لە تەرازووی ئاودا دەبینێتەوە کە بە بەردەوامی لە زیادبوندایە و دەبێتە هۆی ڕێگری لە پێشکەوتن و ئەو کورتهێنانەش بریتیە لەوەی کە زۆر گەورەترە لە قەوارەی پێداویستی ئاو تیایدا لە بڕی سەرچاوە ئاویە نوێکان و هەبوەکانیش)).

بەو کورتهێنانی ئاوەش دەوترێت (( بۆشایی ئاوی))،هەرکاتێکیش کورتهێنانی ئاوی بەڕێژەیەك زیادی کرد کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئابوری و کۆمەلأیەتی و هەڕەشەش لە ژێرخانی وڵات بکات. ئەوا لەو کاتەدا ناودەبرێت بە ((کارەساتی ئاوی)) ، کە ئەمەش لە ئێستادا ڕوودەدات بەهۆی دیاردەی وشکبونەوە بەهۆی کەمبونی پشکی عێراق لەئاو لەهەریەکە لە ڕووباری دیجلە و فورات و گرتنەوەی ئاوی لقەکانی کە لە ئێرانەوە دێنە ناو دیجلەوە لەهەریەکە لە ڕووبارەکانی (( ئەڵوەن لەخانەقین لەساڵی ٢٠٠٥ و زیٚی بچوك لە پارێزگای سلێمانی لەمانگی ٢٠١٧/٦))دا.بەهەمان شێوە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بەو پێیەش هاولأتیانی عەرەبی زەرەرمەندی گەورەن لە جیهاندا لەڕووی کەمی ئاوەوە.

- **هەندێك ئامار دەربارەی پشکی ئاوی هاولأتیان لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا**

- لەساڵی ١٩٩٦دا پشكی ئاوی تاكی عەرەبی بریتی بوە لە ١٠٢٧ مەترسێجا،ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە ٣٠٪ هاوڵاتیانی عەرەبی ئاوی پاكیان بۆ خواردنەوە دەستناكەوێت ،لەكاتێكدا پشكی تاك لە جیهاندا لەنێوان ٧١٨٠-٧٥٠٠ مەترسێجادایە لە ساڵێكدا.

- پشكی هاولاتیانی كیشوەری ئەفریقیا،پێنج ئەوەندەی پشكی هاولاتیانی عەرەبە كە ڕێژەی ١٥٪ یە و بە لیتریش یەكسانە بە ٣٠ لیتر ئاو بۆ بەكارهێنانی ڕۆژانە. لەكاتێكدا ئەمریكیەك پشكی ٦٠٠ لیتر و ئەوروپییەك ٢٠٠ لیتر پشكی ئاوی هەیە.

- ئامارە جیهانیەكان ڕایدەگەیەنن كە پشكی تاكی عەرەبی لە ١٠٢٧ مەترسێجاوە لەساڵی ١٩٩٦وە كەم دەبێتەوە بۆ ٤٦٤ مەترسێجا لە ساڵی ٢٠٢٥دا. لەكاتێكدا بڕی ١٠٠٠مەتر سێجا ئاوی خاوێن دۆخێكی ناجێگیری ئاوە بۆ هەر تاكێك.

- جێگەی ئاماژەیە كە ڕێژەی ٥٠٪ سەرچاوەكانی ئاوی عەرەب لەدەرەوەی سنورەكانیەوە هەڵدەقوڵێن. بەڵام لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەكی گشتی بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٦٠ ژمارەی دانیشتوانی ٢٨٤ ملیۆن كەس بوە كە ئەم ژمارەیە ڕێژەی ٥٪ ی دانیشتوانی جیهان پێكدێنێت(( بەنزیكەیی )) و ئاوی كەمتر لە ١٪ هەیە كە یەكسانە بە ٣٥٥ ملیار مەترسێجا لەكاتێكدا لەساڵی ١٩٩٠دا ژمارەی دانیشتوانی بۆتە دوو هێندە واتە نزیكەی ٥٦٨ ملیۆن كەس بەڵام بڕی ئاو كەمی كردوە بۆ ١٢٥ ملیار مەترسێجا كە ئەمە بۆخۆی هەڕەشە و مەترسیەكی گەورەیە.

بۆچارەسەركردنی كێشەی كەم ئاوی لەم ناوچەیەدا پێویستە بڕی ٤٥ ملیار دۆلار دابینبكرێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ. لەكاتێكدا لەم ناوچەیەدا ڕێژەی ٨٧٪ ئاو بۆ كشتوكاڵ و ٧٪ بۆ پیشەسازی و ٦٪ بۆ بەكارهێنانی مرۆڤەكان بەكاردێت. لەكاتێكدا د. وەلید رضوان لە كتێبەكەیدا بەناونیشانی (( كێشەی ئاو)) ئاشكرای كردوە لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ساڵانە ڕووبەڕووی كەمی ئاو دەبنەوە بە بڕی ١٠٠ ملیار مەترسێجا. لە عێراقدا، ڕێژەی ٦٥٪ ئاو بۆ مەبەستی كشتوكاڵ و پیشەسازی بەكاردێت و ڕێژەی ٨٠٪ بۆ بەكارهێنانی ماڵان بەكاردێت،كە هەمووشیان سەرچاوەكانیان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتن.

(( سەنتەری دۆكۆمێنتاری بۆ مافەكانی مرۆڤ لە عێراقدا)) ڕوونیدەكاتەوە كە عێراق دەبێتە ولاتێكی نیمچە بیابانی، لە ئێستادا ڕووبەری بیابان نزیكەی تێكڕای نیوەی ڕووبەری گشتی عێراقە سەرەڕای بوونی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات.وەزیری كشتوكاڵ لەساڵی ڕابووردوودا ڕایگەیاند كە عێراق ڕێژەی ٧٠٪ لەبەروبومە كشتوكاڵیەكانی لەدەست داوە بەهۆی وشكە ساڵی و بەبیابان بونەوە، ئەمەش بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەكان بەشێوەیەك بەڕێژەی ٤٥٪ ئاستی ئاویان دابەزیوە. هەندێك ڕووباریش ڕووبەڕووی وشكبونی نیمچە تەواو بونەتەوە وەك هەردوو ڕووباری خالص و دیالە كە زۆر ناوچەی كشتوكاڵی پشتیان پێ دەبەستن.هەروەها بە ڕێژەی ٢٠٪ زەویە كشتوكاڵیەكان لەكار وەستاون. لێپرسراوانی عێراق زۆر مەترسیان هەیە لەو كۆمەڵە بەنداوەی كە توركیا بەنیازە دروستیان بكات كە ژمارەیان(( ٢١ ))بەنداوە لەسەر ڕووباری فورات. كە بەهۆیەوە سوریا ڕێژەی ٤٠٪ لە پشكی ئاوەكەی كەم دەكات و زیانی گەورەتریش بەر عێراق دەكەوێت و دەگاتە ڕێژەی ٩٠٪ كە ئەم ژمارەیە جێگەی مەترسی و تۆقاندنە. بەهەمان شێوە بەهۆی دروستكردنی ٣ بەنداویش لەسەر ڕووباری دیجلە هەمان مەترسی دروستدەكەن لەسەر عێراق بەهەرێمی كوردستانیشەوە. كە كۆی ئەم پرۆژانە دەبنە هۆی كەمبونەوەی پشكی تاكی عێراق لە ئاو لە ٣٠٦٨ مەترسێجاوە ساڵانە بۆ ١٠٢٥ مەترسێجا.

- هەندێك ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن كە ئاستی ئاوی دیجلە لە ئێستادا لە كەمترین ئاستیدایە لەماوەی ٧٥ ساڵدا، هەربۆیە لێكۆڵەرەوان لەبواری ژینگەدا داوای دانانی پلانێك دەكەن بەهاوكاری ڕێكخراوی (( فاو )) و بەرنامەی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ ژینگە، بۆ ڕزگاركردنی ناوچەی تر لە عێراق كە پاڵێوراون بۆ بوون بە بیابان، و دەركردنی هەندێ ناوچەی تر لە بیابانیەوە بۆ بوژاندنەوە و گەشەكردن. و چاودێری بەردەوامی پرۆسەی بەدارستانكردنی وڵات.

- **سەرچاوەکانی ئاوی عێراق بە ژمارە :**

**١. سەرەتا سەرچاوەکانی دیجلە و فورات لە تورکیادا نین،بەڵکو دەکەونە نێوان دەریاچەی وان لە کوردستانی باکورو چیای ئارارات لە ئەرمینیا.**

**٢. سەرچاوەکانی دیجلە و فورات لە خۆرهەڵاتی تورکیادان واتە لە ناوچە کوردەیەکاندان.**

**٣. بڕی ئاو لە دیجلەدا زۆرترە وەك لە فوراتدا.**

**٤. درێژی فورات لە عێراقدا زیاترە وەك لە دیجلە، درێژی فورات ٢٧٠٠کم و پانیەکەی ٢٠٠م و لە جێگەی ڕێژنەکەیدا دەگاتە ٢٠٠٠م لەکاتێکدا ڕووباری دیجلە درێژیەکەی ١٧١٨کم.**

**٥. ئاستی دیجلە لەسەروو شاری بەغدادەوە بەرزترە لە فورات بە تێکڕای ٧م بەڵام لەباشوری بەغداد دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە و فورات بەرزتر دەبێت لە دیجلە.**

**٦. ڕێژەی سوێری لە فوراتدا زیاترە وەك لە دیجلە و بەتایبەتیش خۆێیەکانی کبریتات.**

**٧. کەناڵێك هەیە کە دیجلە بە فوراتەوە دەبەستێتەوە کە لە سامەڕاوە دەستپێدەکات بەهۆی قۆڵێکەوە دەچێتە ناو فوراتەوە کە بریتیە لە قۆڵی** ثرثار– **فورات.**

**٨. لە عێراقدا ٥ لق دەڕژێنە ناو دیجلەوە بەڵام هیچ لقێك نارێژێتە ناو فوراتەوە.**

**٩. تاکە لقێك کە دەڕژێتە ناو دیجلەوە لەناو عێراقدا بریتیە لە لقی عوزێم کە ڕوبارێکی وەرزیە.**

**١٠. لەکتابی پیرۆزدا ناوی ڕووباری فورات هاتوە بە یەکێك لە ڕووبارەکانی عەدەن. و پێغەمبەریش فەرموویەتی ڕووباری نیل و فورات دوو ڕووباری بەهەشتن لەگەڵ هەردوو ڕووباری (( سیحان و جیحان)) .**

**١١. زۆرجاران لافاو لەخاکی ئێرانەوە دەهاتەوە ناو خاکی عێراقەوە لە ناوچەی ((کوت و شێخ سەعد و عەلی غەربی )) و هەندێکیشی دەچوە ناو دیجلەوە و بەشەکەی تری ئەو ناوچانەی دەکردە خاکی بەپیت بۆ کشتوکاڵ.بەڵام لەکاتی جەنگی عێراق–ئێراندا ڕێگریان بۆ دروستکردن.**

**١٢. ئەو لقانەی کە لە ئێرانەوە دێن و دەڕژێنە ناو دیجلەوە بریتین لە(( ١٦ )) لق،٧ لقیان لە پارێزگای سلێمانیدان و ئەوانیتر ٢ لق لە پارێزگای واست و لە عەمارە و بەصرەش لقەکانی ((**طیب **و دوێرج و** شط **الاعمی و کەرخە و کارون))ن.**

- **ئاشکراشە لە ئێستادا کێشە ئاویەکان بەسراونەتەوە بە کێشە سیاسیەکانەوە لە نێوان وڵاتانی دراوسێدا، وەك ئەوەی تورکیا ئاو بەکاردێنێت وەك مەرجی سیاسی بەسەر سوریادا و لەبەرامبەر پێدانی ئاو بە سوریا،تورکیا داوا دەکات کە سوریا دانبنێت بە:**

**١.دەستهەڵگرتن لە لیوای ئەسکەندەرونە.**

**٢.ڕێگە لە هێزە کوردیەکان بگرێت لە خاکی سوریاوە هێرش نەکەنە سەر تورکیا.**

**٣.واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی ئاوی بەمەرجێك ڕوباری عاصیش بگرێتەوە بەوەی کە ڕووبارێکی نێودەوڵەتیە.**

**هەربۆیە ئاو بۆتە بەشێك لە کێشە سیاسی و ئابوریەکان و پێدەچێت دوای تەواوبونی نەوت، ئاو ببێتە جێگەی کێشە و ململانێ سیاسیەکان و ببێتە هۆکاری هەڵایسانی شەڕ و کوشتارەکان.ئەوەتا لێپرسراوێکی تورکی دەڵێت : (( بۆ دەبێت ئێمە ئاویان پێبدەین بێ بەرامبەر، بەڵام ئەوان نەوتمان بدەنێ بە پارە)). هەروەها دروشمی (( ئاو بەرامبەر نەوتیان بەرزکردۆتەوە)) بەهەمان شێوە دەڵێن (( ئاو ،نەوتی ئایندەیە)).**

**لە پێشدا ڕووباری فورات بە ڕووبارێکی نیشتیمانی ناودەبرا چونکە تەنها بەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تێپەڕدەبوو، تاکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و لە ساڵی ١٩١٨دا بوە ڕووبارێکی نێودەوڵەتی چونکە بەسێ وڵاتی تورکیا و سوریا و عێراقدا تێپەڕ دەبوو.**

لە ئێستادا عێراق و پشکی ئاوی لە دیجلە و فوراتدا زۆر کەمی کردوە، بەشێوەیەك لە ڕووباری فوراتدا پشکی بۆتە یەك لەسەر سێی ئەوبەشەی پێش دروستکردنی بەنداوەکانی تورکیا و سوریا,کە ئەم کەمبونەش بۆتە گەیاندنی زەرەروزیانی گەورە بەکشتوکاڵ و بەرهەمی کارەبا.

هەروەها دابەزینی ئاستی ئاوی دیجلەش لە ٢٠ر٩٣ ملیار مەترسێجاوە بۆ ٩ر٧ ملیار مەترسێجا لە ساڵێکدا. کە ڕێژەی ٤٧٪ دەکات لە پێداویستی ساڵانە لەو ڕووبارە. کە بەمەش عێراق ڕێژەی ٤٠٪ زەویە کشتوکاڵیەکانی لەدەست دەدات کە ڕووبەرەکەی ٦٩٦ هەزار دۆنم زەوی دەبێت.

- **ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان:**

لەساڵی ١٩٤٧دا عێراق و تورکیا ڕێکەوتنامەی دۆستایەتی و دراوسێیەتی باشیان واژۆکردوە و دواتریش ٦ پاشکۆی تری لەخۆ گرتوە کە ڕێکخستنی سوود وەرگرتنی لە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و لە ئەستۆنەگرتنی زەرەروزیانی لافاوەکان و دامەزراندنی پرۆژەکان بۆ پارێزگاری لەسەر ئاو بەشێوەیەك پێویستە تورکیا ڕەزامەند بێت لەسەر دامەزراندنی هەر پرۆژەیەك لە عێراقدا کە بە پێویست بزانرێت و زانیاری تەواویش بداتە عێراق دەربارەی ئەو پرۆژانەی کە تورکیا بە نیازە دایبمەزرێنێت لەسەر هەردوو ڕووبارەکە بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی هەردوو وڵات ڕەچاوبکات ئەمەش بە ڕێکەوتنیان. بەم شێوەیە هیچ کێشەیەکی یاسایی لە نێوان هەرسێ وڵاتدا ڕووینەدا، تا ئەو کاتەی تورکیا و دواتریش سوریا دەستیان کرد بە پرۆژە ئاویەکانیان و بەکارهێنانی ئاوی فورات بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی مافەکانی عێراق کە ئەوکاتە شارەزایان بە ١٨ ملیار مەتر سێجا لە ئاوی فوراتیان خەملاندبوو.عێراق زۆر هەوڵیداوە کە لەگەڵ تورکیا و سوریادا بگاتە ڕێکەوتن بۆ دیاریکردنی مافی هەرسێ وڵات لە ئاوی فوراتدا بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون.

بەئاشکرا هەریەکە لە تورکیا و سوریا مافی عێراقیان پێشێلکردوە و سەرپێچی هەموو ڕێکەوتنامەکانیشیان کردوە. هەروەك چۆن بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکانیشیان پێشێل کردوە تایبەت بە سوود وەرگرتن لە ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان، بەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیان پێش ئەوەی عێراق ئاگاداربکەنەوە.

دوای پەیوەندیە ئاویە ئاڵۆزەکانی لە نێوان سوریا و عێراقدا، لەکۆتاییدا لەساڵی ١٩٩٠ گەیشتنە ڕێکەوتن دەربارەی دابەشکردنی پشکی ئاوی ڕووباری فورات لە نێوانیاندا بەشێوەیەك لە خاڵی سنوری تورکیا و سوریاوە ٥٨٪ بۆ عێراق و ٤٢٪ بۆ سوریا بێت.

- **هۆکارەکانی کێشە ئاویەکانی عێراق:**

١. دەستبەسەرانەگرتنی تەواوەتی عێراق بۆ سەرچاوە ئاویەکان،چونکە عێراق وڵاتی سێیەمە کە ڕووباری دیجلە و فوراتی تێدەڕژێت و وڵاتی سەرچاوە نیە.

٢. زیادبوونی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان و دابەزینی هوشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك لە نێوان گەشەکردنی دانیشتوان و بڕی ئاوی هەبوو.

٣. لق لێبونەوەی بەکارهێنانی جیاواز بۆ سەرچاوە ئاویەکان و لێدانی بیری ژێر زەوی بەڕێژەیەکی زۆر و بەکارهێنانی ئاو بەشێوەیەکی خراپ و ئیدارەی ئاویش زۆر خراپترە لە ڕووی ئاودێریەوە.

٤. گەورەبوونی پیسبوونی ژینگەیی و مەترسیەکانی بۆسەر هاوسەنگی ژینگەیی.

٥. عێراق کەوتۆتە ناوچەیەکی نیمچە وشکەوە.

٦. ڕژێمی سیاسی ڕابووردوو بەهۆی گرنگیدانی زۆری بە لایەنی سەربازی و جەنگە یەك لەدوایەکەکانیەوە، لایەنی ئاوی فەرامۆشکردبوو.

٧. دواکەوتوویی هۆکارە ئیداریەکان و نەبوونی سیاسەتێکی ئاوی.

٨. گرژی و ئاڵۆزی سیاسی و نەبونی هاوکاری ناوچەیی.

لە ئێستادا ئاو بۆتە توخمێکی ستراتیژی کە خراوەتە یان دەخرێتە خزمەت سیاسەتەوە، هەربۆیە هەر کەس و لایەنێك سەرچاوەکانی ئاوی لەلابێت ئەوا سەرچاوەکانی کارتێکردنی لەلا دەبێت لەسالأنی نەبوونی ڕێکخراو و یاسا و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە کە مافی ولأتان دەپارێزن لە ئاوی ڕوبارە نێودەوڵەتیەکاندا.

هەردوو هۆکاری جوگرافی و سیاسی ((جیۆسیاسی)) کاریگەریان هەیە لەسەر عێراق لەلایەن ولأتانی دراوسێوە. بەشێوەیەك تورکیا و سوریا بەڕێژەی ٨٥٪ کۆنترۆڵی سەرچاوە ئاویەکانی عێراق دەکەن.

ئەوەی کێشەکەشی هێندەی تر ئاڵۆزترکردوە لە نێوان تورکیا و عێراقدا ئەو پرۆژە ئاویە گەورەیە بوو کە تورکیا لە کوردستانی باکور دەستپێکردوە کە ناودەبرێت بە پرۆژەی پێشخستنی باشوری خۆرهەلأتی ئەنازۆل((گاپ)).ئەم پرۆژەیە ٢١ بەنداوی ئاوی و ١٧ وێسگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەخۆدەگرێت. کە بۆتە هۆی کەمبونەوەی ئاستی ئاوی سوریا و عێراق کە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەیەکی ڕاستەقینە لە نێوان هەردوو ولأتدا سەرەڕای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی دیمەشق لەساڵی ١٩٨٧دا.کە ڕێگە بە تورکیا ئەدات کە بڕی ٥٠٠مەترسێجا لە چرکەیەکدا بنێرێت بۆ سوریا بەشێوەیەکی کاتی.

بەم شێوەیە کێشەی ئاو لە نێوان عێراق و دراوسێکانیدا لە تورکیا و ئێران و سوریا بەبێ چارەسەرکردنی ڕیشەیی دەبێتە هۆکاری گەلێك کێشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و تەندروستی و ژینگەیی. و دەبێتە هۆکاری فراوانبوونی دیاردەی بەبیابانبوون و دووبارەبونەوەی ڕەشەبای لمی و خۆڵ بارین و کۆچی دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و وەستاندنی وێسگەی کارۆئاویەکان لەسەر بەنداوەکان و وێسگەکانی پالأوتنی ئاو و وەستاندنی هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی کە پێویستی بە ئاو هەبێت و لەناوچوونی ئاژەڵەکان لە مانگا و مەڕ و بزن و بلأوبونەوەی نەخۆشی لەناویاندا.

هەربۆیە داوا دەکرێت کە ئەو ولأتانە وبەتایبەتیش تورکیا هەڵوێستێکی باشی هەبێت دەربارەی عێراق و وێسگەکانی لە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و داوادەکرێت لە یەکێتی ئەوروپا کە تورکیا بە ئەندام وەرنەگیرێت تا کێشەکانی ئاوی لەگەڵ عێراقدا چارەسەر نەکات. چونکە بەکەمکردنەوە و دابەزینی ئاوی هەردوو ڕووبارەکە و پشکی عێراق لە ٢٣ ملیار مەترسێجاوە بۆ ٥ر٣ ملیار مەترسێجا. عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێکی مەترسیدار دەبێتەوە لە ئایندەدا.

**• میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشە ئاویەکان:**

چارەسەری کێشەی ئاو لە ڕوانگەی کەسانی پسپۆڕەوە و لە بواری سەرچاوە ئاویەکاندا خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە لەوانە:

**یەکەم:** دەبێت عێراق هەوڵی بەردەوام بدات لە ڕێگەی گفتوگۆی سێ قۆڵیەوە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێکەوتن کە پشکی ئاوی هەریەکەیان زامنبکات. بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان و ڕێکەوتنە دوو قۆڵیەکانەوە لە ئێستادا گفتوگۆکان لەگەڵ سوریادا باشە بەلأم لەگەڵ تورکیادا گفتوگۆکان بەردەوامە بە ئامانجی تێگەیاندنی لایەنی تورکیا بەوەی کەمکردنەوەی ئاوی دیجلە و فورات دەبێتە هۆی گۆڕانی ملیۆنان دۆنمی زەوی کشتوکاڵی بۆ زەوی وشك و بێکەڵك بەتایبەتیش کە جۆری خاکی عێراق پێویستی بە بڕی زیاتر لە ئاو هەیە،پێویستە ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیادا بەشێوەیەك بێت کە پشکی عێراق لە ئاو لە ڕووباری فورات لەسنوری ٥٨٪ و پشکی سوریاش ٤٢٪ بێت.

**دووەم:** بریتیە لە سیاسەتی ئاوی بۆ بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە لە چوارچێوەی پلانەکانی داهاتوودا و گرنگیدانی زیاتر بە ئاوی ژێر زەوی بەمەبەستی وەبەرهێنانی درێژخایەن لە چوارچێوەی بەکارهێنانی بڕی وەبەرهێنانی ئەمین کە جێگیرکردنی فشار یان ڕێژگەی چینی ئاوی بۆ ماوەی درێژ ئەوەش لە چوارچێوەی هەڵکەندنی بیر بە پێی بنەما پراکتیکیەکان کە پشت دەبەستێتە سەر قەوارەی بەرهەم و جۆر و وەبەرهێنانی بێویژدان لەناوچە دوورەکان لەسەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی، سەرەڕای زیادکردنی توندکردنی کۆنترۆڵ بۆ سەرچاوە ئاویەکان.

هەروەها،پرۆسەی چارەسەری کێشە ئاویەکان دەکرێت سەرکەوتووبێت بەهۆی دەستگرتنەوە بە بەکارهێنانی ئاوەوە لە ڕێگەی وشیارکردنەوەوە و ڕێوشوێن و ئیدارەی سەرچاوە ئاویەکان لەوانەش گرتنەبەری شێوازی ئاودان وەك ئاودانی خاڵبەندی و پیادەکردنی سیستەمی وەشاندن لە پرۆژە ئاودێریەکان و لابردنی زیادە ڕەویەکان و

سەرپێچییەکان،سەرەڕای دانانی پلانی وورد بۆ ئیشپێکردنی سیستەمی بەنداوەکان و حەوزەکان بۆ سوود وەرگرتنی ئەوپەڕی لە هەڵگرتنی ئاو لەو برە ئاوەی کە چاوەڕواندەکرێت لە مانگەکانی هاویندا دەستبکەوێت بەمەبەستی تێپەڕاندنی وەرزەکە بەکەمترین زیان و کەمکردنەوەی هەندێك رووبەری ئاوداشتن بۆ ئەو جێگایانەی کە بێکەڵکن و چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنی جیاواز بە ئامانجی دەستگرتنەوە لە بەکارهێنانی ئاودا و وەبەرهێنانی عەقلانی بۆ ئاو و سنوردانان بۆ بەهەدەردان.

هەموو ئەم ڕێوشوێنانە عێراق دەخاتە خانەی دوور لە ناوچەی بە بیابان بوون و وشکبونەوە کە پێدەچێت عێراق ڕووبەڕووی ببێتەوە، سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەردوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاو هاوبەشیان پێبکرێت بەمەبەستی دۆزینەوەی دەرچەیەکی یاسایی کە وڵاتانی دراوسێ پابەند بکات بە پیادەکردنی دۆزینەوەی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە تایبەت بە ئاو بۆ وڵاتانی سەرچاوە و ڕاگوزەر و ڕێژگە.

• **لەکۆتاییدا**، جوگرافیای عێراق ئەوەمان پێدەڵێت کە عێراق لەبواری سەرچاوە ئاویەکانەوە پەیوەستە بە ژمارەیەك لە وڵاتانەوە، سەرچاوە سەرەکیەکانی دیجلە و فوراتیش لە بنەمادا لە تورکیاوە دێن و هەندێك لقی دیجلەش لە ئێرانەوە سەرچاوەیان گرتوە،هەربۆیە هەر پرۆژەیەکی ئاودێری و بەنداو و دەریاچە و فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵی لە تورکیا یان لە سوریادا کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر پشکی ئاوی عێراق.

عێراق لە مێژە هەوڵی خۆی دەدات و بەردەوامیشە لەگەڵ هەریەکە لە سوریا و تورکیادا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن. پێدەچێت لە ئایندەدا ئاوی شیرین لەلایەن تورکیاوە بەرامبەر بەنەوت و غازی سروشتی ئاڵوگۆڕی پێبکرێت لەگەڵ عێراقدا و سیاسەتی((نەوت بەرامبەر بە ئاو)) پیادە بکرێت لەکاتێکدا کە ٧٠٪ نەوت و غازی سروشتی تورکیا لە عێراقەوە چنگی دەکەوێت.

• **ئەم توێژینەوەیە** بەشێوەیەکی گشتی کێشەی ئاو لە جیهاندا و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس دەکات و دواتریش بە ووردتر باس لە کێشە ئاویەکانی عێراق دەکات، ئاشکراشە کە هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە کۆماری عێراقی فیدراڵ هەمان کێشە و گرفتەکانی ئاوی عێراقی ڕووبەڕوو دەبێتەوە،چونکە یەکێك لە ڕووبارە سەرەکیەکان کە ڕووباری دیجلەیە لە سنوری تورکیاوە تا نزیکەی باکوری شاری بەغدادی پایتەخت ڕاستەوخۆ دێتە خاکی هەرێمی کوردستان و بەردەوام دەبێت و چەندین لقی تریشی تێدەڕژێت کە زۆربەیان دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان وسەرچاوەکانیان لە ئێران و تورکیاوە هەڵدەقوڵێن.

هەرێمی کوردستان بەبێ بون و بەردەوام بوونی ڕووباری دیجلە و لقەکانی دەبێتە خاکێکی بێ ئاو و بێ پیت و بەرەکەت و ڕووبەڕووی دیاردەکانی بە بیابانبوون و وشکبونەوە دەبێتەوە و لەگەڵیشیدا هەموو کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و کشتوکاڵیەکانیش توندتر و مەترسیدار تر دەبن و کاریگەری زۆر خراپ بەجێدێڵن لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان. کە هەموانیان بە زیانی گەورە دەشکێتەوە بەسەر پشکی ئاوی تاك و ئاوی کشتوکاڵی و پیشەسازیشدا.

بۆیە دەکرێت بەهەمان شێوەی عێراق لەکوردستانیشدا لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریەوە هەوڵی جدی بدرێت لەگەڵ هەریەکە لە تورکیا و ئێراندا کە چیدیکە ئاو وەك کارتێکی فشاری سیاسی و ئابوری بەکارنەهێنن دژ بەهەرێمی کوردستان و پرۆژەی ئاودێری و دروستکردنی بەنداو و عەمباراو و دەریاچە جێبەجێنەکەن و ئاو نەگرنەوە لەهەرێمی کوردستان وەك ئەوەی چەند ساڵێکە لەلایەن ئێرانەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕووباری ئەڵوەن لە خانەقین ٢٠٠٥ و ئێستاش لەگەڵ ڕووباری زێی بچووك لەساڵی ٢٠١٧ و بە ئارەزوو و مەرامی خۆیان و لەهەرکاتێك کە بیانەوێت ئەو ئاوانە بگرنەوە و بەریدەنەوە.

**دەکرێت هەرێمی کوردستانیش،لەلایەك گرنگی بداتە لایەنی تەکنیکی و سیاسەتی ئاو بۆ ئایندە و لەلایەکی تریشەوە هانی هاولاتیان بدات و هوشیاریان بکاتەوە لەمەترسیەکانی کەم ئاوی و دەستگرتن بە بەکارهێنانی ئاوەوە. و کێشە و گرفتەکانی ئاویش بەهاوبەشی لەگەڵ عێراقدا لەگەڵ ولاتانی دراوسێشدا چارەسەر بکات.**

**بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووبەڕووی هەمان چارەنوسی پڕ مەترسی دەبنەوە لە بێ ئاویدا و هەمیشەش دەکەونە بەر بەزەیی ولاتانی دراوسێوە لە تورکیا و ئێران و سوریاوە.**

**هەربۆیەش ئاو لەم سەدەیەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاشتی بەلام دووهۆکار بۆ هەلایسان و سەرهەڵدانی جەنگ و ململانێی سیاسی و سەربازیەکان لەنێوان ولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و دونیاشدا، و ئیدی ئەو دروشمەی کە لەمێژەوە بەرزکراوەتەوە و هەمیشە دووبارە دەکرێتەوە کە دەڵێت (( ئاو و ئاوەدانی )) یان (( ئاو سەرچاوەی ژیانە)) پێدەچێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا و زۆربوونی پێداویستیەکانی کۆمەڵگاکان بۆ ئاو هێواش هێواش کاڵببێتەوە و لەجیاتی ئەو دروشمانەی پێشوو بگوترێت (( ئاو سەرچاوەی جەنگ و ململانێکانە)).بەهیوای ئەوەی ئاو هەمیشە بۆ کوردستان و ناوچەکە و دونیاش مایەی ژیان و پێشکەوتن و ئاوەدانی بێت نەك جەنگ و ململانێ و وێرانکاری.**

**سەرچاوەکان :**

=========


١.حقائق عن دجلة و الفرات،للباحث طالب الصفار.
٢. شحة المياه فى العراق الاسباب و الحلول للباحث د. عصمت موجد الشعلان.
٣.مشكلة المياه المزمنة، د. وليد رضوان،سوريا.
٤.نقص المياه فى العراق تنذر بكارثة،للباحث بهاء الموسوى.
٥.بحث للسيدة نبراس المعمورى.
٦.المعاهدات و الاتفاقات الدولية بين العراق و تركيا حول المياه.
٧.بعض الابحاث البيئية.


---

*** ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە٦١لە هاوینی ٢٠١٧دا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەکانی ٧٥٦٤و٧٥٧٦و٧٥٨٢و٧٥٨٨ لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٣دا بلاوکراوەتەوە.**

## پیشەسازی ئیسفنج*

- پیشەسازی دادەنرێت بە یەکێك لە چالاکیە ئابوریە گرنگەکان کە بۆتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری لە زۆرێك لەولأتاندا،و ڕۆڵێکی گەورەشی بینیوە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕە ناوخۆییەکان لەبەرهەمە جیاوازەکان،هەروەها بۆتە هۆکاری دابینکردنی هەلی کار بۆ زۆرێك لە مرۆڤەکان.

پیشەسازی دەکرێتە دوو جۆرەوە،پیشەسازی دەرهێنراو، پیشەسازی گۆڕین، کە بریتیە لە گۆڕینی کەرەسەی خاو بۆ بەرهەمی تر کە بتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت،پیشەسازی گۆڕین گەلێك زۆر و هەمەجۆرن،لەو پیشەسازیانەش بریتیە لە پیشەسازی ئیسفنج،کە جێگەی باس و بابەتی ئەم نوسینەمانە.

پێش ئەوەی دەستپێبکەین بە باسکردن لە پیشەسازی ئیسفنج،پێویستە زانیاریمان هەبێت دەربارەی چۆنێتی و سروشتی ئەو توخمە. چونکە زۆرێك وادەزانن کە ئیسفنج لەسەرچاوەی ئاژەڵییەوە دەستدەکەوێت(( ئیسفنجی دەریایی))،بەلأم لەڕاستیدا وانیە.

ئیسفنج بریتیە لە توخمێکی دروستکراو کە دروستدەکرێت لە سیلیلۆزی ڕیشاڵی تەختە،یان لە پۆلیمەراتی پلاستیکی کەفیەوە دەستدەکەوێت،ئیسفنج بەزۆری بەکاردەهێنرێت لە پاککردنەوەی قاپ و قاچاخ و ڕووە جیاوازەکان،لەبەر بەرزی توانای بۆ هەڵمژینی ئاو و گیراوەکانی تر کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێن،هەروەها بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی هەندێك کەلوپەلی ناوماڵ،پیشەسازی ئیسفنجیش وەك پیشەسازیەکانی تر،پێویستە کەرەسە خاوەکەی لەسەرەتادا هەبێت،بۆ ئەوەی بە چەند قۆناغێکدا تێبپەڕێنرێت بۆ ئەوەی ئەو ئیسفنجەمان دەستبکەوێت کە ناسراوە بۆ بەکارهێنان.

- **ڕێگای دروستکردنی ئیسفنج**

ئەو توخمانەی دەچنە پیشەسازی ئیسفنجەوە،پێویستە ئامادەبکرێن لە ژوورێکدا کە هەواگۆڕکێی تیادا بکرێت و پلەکانی گەرما لە نێوان ١٩-٢٢ پلەی سەدیدا بێت،ئەو توخمانەی کە پێویستن بۆ دروستکردنی ئیسفنج بریتین لە :

پۆلیۆل TDI و توخمی ئایسۆی چالاك،کە بریتین لە ئەمین،سیلیکۆن،مەثیلین کلۆراید،ئاو،ئەستنس ئۆکتایتد،ڕەنگەکانی بیجمانت.

- **قۆناغەکانی دروستکردنی ئیسفنج:**

ئیسفنج دروستدەکرێت لە ڕێگەی تێپەڕکردنی ئەو توخمانەی کە باسکران بە چوار قۆناغدا،وەك لای خوارەوە:

١. **قۆناغی تێکەڵکردنی کەرەسە خاوەکان:**

لێرەدا توخمە خاوەکان بەڕێگەی دەستی دەردەهێنرێن لە کارتۆنەکانیان و دەگوێزرێنەوە بۆ ٤ خەزانی جیا لەیەکتر،لە ژووری داڕشتن بەشێوەیەك بەم جۆرە دابەشدەکرێن بەسەر خەزانەکاندا:

**خەزانی یەکەم:** توخمی ئایسۆی تیادا دادەنرێت.

**خەزانی دووەم:** توخمی پۆلیۆلی تیادا دادەنرێت.

**خەزانی سێیەم:** تێکەڵەیەك لە توخمی پۆلیۆل و ئەستنس ئۆکتاتیدی تیادا دادەنرێت،و دواتر ڕەنگەکانی بیجمانتی بۆ زیاد دەکرێت.

**خەزانی چوارەم:** تێکەڵەیەك لە ئەمین و سلیکۆن و ئاوی تیادا دادەنرێت.

دوای ئەوەی کە هەر چوار خەزانەکە پڕدەکرێت بە کەرەسە خاوە گونجاوەکانی خۆیان،دواتر خەزانەکان دەگەیەنرێت بە مەکینە داڕشتەکەوە لەڕێگەی بۆریەوە کە ماتۆڕیان لەسەر بەسراوە کە بۆ هەریەکەیان تێکڕایەکی جیاواز بۆ ڕاکێشانی کەرەسە خاوەکان دانراوە.بەشێوەیەك کەرەسەخاوەکان ڕادەکێشن و دەیگوێزنەوە بۆ سەر مەکینەی تێکەڵکردنەکە.

٢. **قۆناغی داڕشتن**

لێرەدا تێکەڵەکە دادەڕژێتە سەر کاغەزی کرافت کە داخراوە لەسەر ئاڕاستەیەکی جولاّو بەهۆی پاڵفتەیەکەوە کە خۆسەری دەجوڵێت بۆ ئەوەی کارلێکی کیمیاوی ڕووبدات و دواتر لە پلەی گەرمای ژوور(٢٥) پلەی سەدی،بۆئەوەی پلەی گەرمای ژوورەکە بگاتە ٨٠ پلە بەهۆی ڕوودانی کارلێکە کیمیاویەکەوە، زۆر پێویستە کە ئامێری هەواگۆڕکێ دابنرێت بەدرێژی هێڵی جولاّو بەهۆی بوخار و غازە دەرچووەکانەوە لەکارلێکە کیمیاویەکەوە.

لەم قۆناغەدا دەتوانرێت گۆڕانی تێکەڵەکە ببینرێت کە دەبێت بە ئیسفنج و شێوەی ئەو قاڵبەش وەردەگرێت کە تیایدا دانراوە.

٣. **قۆناغی وشککردنەوە:**

قاڵبە ئیسفنجەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەجوڵێنرێت لەسەر ئاڕاستەی جولاّو کە ڕاستەوخۆ پەیوەستکراوە بە ئامێری دروستکردنەوە، بۆ ئەوەی بە پێی درێژی داواکراو ببڕدرێت لە ڕێگەی چەقۆیەکی کارەباییەوە. و دواتر لەلایەن کرێکارەکانەوە ئەو پارچانە دەبرێتە گۆڕەپانی کارگەکە بۆ وشکبونەوە. و کاغەزی کرافتەکەی لێدەکرێتەوە و ٢٤ کاتژمێر وازیلێدەهێنرێت تاکو وشك دەبێتەوە.

٤. **قۆناغی ئامادەکردن**

پارچە ئیسفنجەکان دەبرێنە جێگەی تایبەت بۆ ئامادەکردنی کە بریتیە لە هۆڵی گەورە بۆ ئەوەی لەسەر داواکاری بکرێنە پارچەی بچوکتر بە درێژی و پانی داواکراو بەهۆی مشاری کارەباییەوە. بۆ ئەوەی دواتر ئامادە بێت بۆ بەکارهێنانی هەمە جۆر.

- **چۆنێتی دەرهێنانی ئیسفنج لە ئاو :**

ئیسفنج لەو ئاژەلاّنە دادەنرێت کە لە بنی دەریاو زەریاکاندا دەژین لەگەڵ هەندێك لە ڕوەکە ئاویەکاندا،ئاژەڵی ئیسفنج بەوە جیادەکرێتەوە کە نەسەر و نە ئەندامەکانی ناوەوە و نەدەست و نە پەلەکانیشی نیە، ئەو بەشێوەی خۆپێوەنوساندن دەژی بە ڕوەکەکانی ترەوە. یان هەرشتێکی تر لە ژێر ڕووی ئاوەکانەوە. ئیسفنج گەشەی تەواوکردوە و ناتوانێت جوڵە بکات لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لەبەرئەوە لە ڕوەکەکان دەچێت لەپێکهاتەیدا، بەشێوەیەك خەڵکی وادەزانن کە ئیسفنج جۆرێکە لە ڕوەکەکان، بەلاّم زاناکان لەم سەردەمەدا دایدەنێن بە جۆرێك لە ئاژەڵەکان،ئەو هەر وەکو ئاژەڵەکانی تر خواردنەکەی دەخوات و ناتوانێت خۆی دروستی بکات وەك ڕوەکەکان.

ئیسفنج نزیکەی ٥٠٠٠ جۆری هەیە کە هەموانیان لە ژێر ئاوی قوڵی زەریاکاندا زۆر بەکەمی لە ئاوی ڕووبار و دەریاچەکاندا دەژین، و ئیسفنج بە یەکێك لە کۆنترین ئاژەڵە دەرییاییەکان دادەنرێت،کاتێك هەڵکەنراوێکی ئیسفنجی دەریایی دۆزراوەتەوە کە پێش ٥٠٠ ملیۆن ساڵ ژیاوە.

مرۆڤ ئیسفنج بۆ پاککردنەوە و خۆشۆردن بەکاردەهێنێت لە دێر زەمانەوە،هەندێك جۆری هەیە کە بەکاردەهێنرێت وەك ئامرازێکی باش و پاککردنەوە، لەبەرئەوەی نەرمە و دەتوانێت ڕێژەیەکی زۆر ئاو هەڵبمژێت.

- **چۆنێتی دەرهێنانی ئیسفنجی سروشتی:**

ئیسفنج دەردەهێنرێت لە ئاوی کەنارەکان لەسەر بەرزایی کە لە ٦٠ سم تێپەڕنەکات، لەگەڵ هەندێك ئاوی وەستاو لە نزیك کەنارەکان، زۆرجاران لە ڕێگەی قامیشێکی درێژەوە کۆدەکرێتەوە کە لە کۆتایی سەرەکەیدا لە سێ گیرە پێکهاتوە، لەسەر بەلەمێکی بچوکیشەوە ئەو کارە دەکرێت، کاتێك ئیسفنجەکان لەژێر ئاوەکاندا دەبێت ڕاوچی قامیشەکە درێژ دەکاتە ژێر ئیسفنجەکانەوە و هەوڵی ڕاکێشانی دەدات بۆ سەرەوە و بۆ ناو بەلەمەکە.

هەروەها ڕێگەیەکی تریش هەیە بۆ دەرهێنانی ئیسفنج،کاتێك لەقولاّییەکی گەورەتردا دەبێت، بەشێوەیەك ڕاوچییەکان دەچنە قولاّیی ژێر ئاوەکانەوە بۆ ماوەی پێویست کە بتوانن بڕی زۆر پێویست لە ئیسفنج کۆبکەنەوە،ئەم ڕێگایە لە ئەمریکا و ولایەتی فلۆریدا پیادە دەکرێت و هەروەها لە یۆنان و لیبیا و باکوری ئەفریقاش پەیڕەو دەکرێت.

دوای ئەوەی لە قوڵایی دەریاکان دەردەهێنرێت، ڕاوچییەکان هەڵدەستن بە پاککردنەوەی لەسەر ڕووی بەلەمەکە یان بە دانانی لە حەوزی ئاو کە لەسەر کەنارەکان دروستی دەکەن و وازی لێدەهێنرێت تا ئەندامە شلەکانی خراپ دەبێت و بۆن دەکەن، تاوای لێدێت کە تەنها هەیکەلی ئیسفنجەکە دەمێنێتەوە.دواتر لە حەوزی ئاوەکان دەردەهێنرێت و دەگوشرێت و دەخرێتە بەرخۆر لە ڕێگەی هەڵخستنەوە تا بە تەواوەتی وشك دەبێتەوە.دواتر بەڕێگەی کیمیاوی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بۆ ڕزگاربوون لە زیادە کلس و بەکتریاکان و توخمە هەڵواسراوەکان پێیەوە، دواتر ڕەنگەکەی دەگۆڕێت لە تۆخەوە بۆ ڕەنگێکی کراوە،دواتر بە پێی خواست و داواکاری پارچە پارچە دەکرێت و دەخرێتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن.

- **زۆربوونی ئیسفنج**

دوو ڕێگە هەیە بۆ زۆربوونی ئیسفنج کە بریتین لە:

١. **زۆربون لە ڕێگەی جووتبونەوە:** لەڕێگەی جووتبوونی دووخانەوە نێرومێ و ئەنجام ئیسفنجێکی نوێ بەرهەم دێت.

٢. **زۆربوون لە ڕێگەی ناجووتبونەوە:** لەم ڕێگایەدا خانەی نێرومێ ڕۆڵ نابینن کە ناودەبرێت بە ڕێگای نوێبوونەوە.

- **بەکارهێنانەکانی ئیسفنج**

ئیسفنج گەلێك بەکارهێنانی هەیە، لە گرنگترینیشیان کە ئیسفنجی تیادا بەکاردێت بریتیە لە پیشەسازی کەلوپەلی ناومالّ بەشێوەیەك لە ئێستادا ئیسفنج بۆتە جێگرەوەی خوری و لباد کە لەکۆندا بەکاردەهاتن بۆ ناوەخنی کەلوپەل، داپرانی گەرماو سەرما،بەم شێوەیە ئیسفنج لە ئێستادا بەکاردێت لە پرۆسەکانی داپرانی گەرمی و دەچێتە ناوەخنی صندوقەکانەوە،بۆ پێچانەوەش بەکاردێت، بەشێوەیەك بەکاردێت بۆ پێچانەوە بۆ پاراستنی ئامێرەکان چونکە توانای بەرگەگرتنی پیاکێشانی بەهێزی هەیە و هەروەها کێشیشی سوکە، بەهۆی سیفەتی سەرئاوکەوتنیشیەوە سوودی لێدەبینرێت لە بەکارهێنانیدا لە دروستکردنی ژێرئاو و بەلەم و فرۆکە و چوپی ڕزگارکردن،لەبواری پاکژکردنەوەشدا بەکاردێت وەك لفکەی حەمام چونکە بەهۆی زۆری توانای ئاو هەڵمژینیەوە و گواستنەوەی توخمی خاوێنکردنەوەوە.

ئیسفنج بریتیە لە توخمێکی بۆشی لەدائنی یان مەتاتی کە سیفەتی هەڵمژینی زۆرەو لە هەیکەلیدا لە ئاژەڵی ئیسفنجی دەریا دەچێت.

- **مەترسیە ژینگەیی و تەندروستیەکانی ئیسفنج**

پیشەسازی ئیسفنج یەکێکە لەو پیشەسازیانەی کە مەترسیەکانی بۆسەر ژینگە و تەندروستی کەم نین کە خۆیان دەبیننەوە لە:

١. تۆزو خۆڵ و گازی ژەهراوی کە دروست دەبن لەکاتی پرۆسەی دروستکردندا،و بەتایبەتیش گازی TDI کە یەکێکە لەو گازانەی دەبێتە هۆی ڕوودانی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە و بینیندا.

٢. تۆز و ئەو بەشانەی کە بەرزدەبنەوە لە هەوادا لەکاتی بڕیندا کە لەکاتی هەڵمژینیاندا و چوونە ناو کۆئەندامی هەناسەوە و کۆبونەوەیان دەبنە هۆی دروستبوونی کێشە لە سییەکاندا.

- **ئەو ئامێرانەی لە دروستکردنی ئیسفنجدا بەکاردێن:**

١. **ئامێرە نوێ و ئۆتۆماتیکیەکان**

لەبەکارهێناندا ئاسان و بڕی بەهەمیشیان زۆرە،ئەندازیاری سەرپەرشتیار هەڵدەستێت بە بەرنامەڕێژکردنی مەکینەکان لەسەر ڕێژەی تێکەڵکردنی کەرەسەخاوەکان و کەرەسە یارمەتیدەرەکان،ئەوکات مەکینەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵدەستێت بەکاری تێکەڵکردن لەتێکەڵکەرێکی داخراودا لەناو مەکینەکەدا، دواتر تێکەڵەکە دەڕژێنرێتە سەر هێڵی بەرهەم کە بریتیە لە قایشێکی کۆنڤایەری زۆر درێژ بۆ گواستنەوە، لەکاتی گواستنەوەی تێکەڵەکەدا بەسەر هێڵی بەرهەمدا دەستدەکات بە وشکبونەوە و هەڵئاوسان لەسەر شێوەی شەشپاڵوی زۆر درێژ، دواتر بە مەقەستی بڕیندا

دەڕوات کە هەڵدەستێت بە بڕینی شەش پاڵوە گەورەکە بۆ شەش پاڵوی بچوکتر لە ڕووی قەوارەوە کە ئاسایی لە ٢ مەتر کەمتر دەبن.

کاری بڕین ئۆتۆماتیکی دەکرێت لەکاتی بەرنامەکردنی مەکینەکان بە درێژی داواکراو، شەشپاڵوە بچوکەکان لە ڕێگەی عەرەبانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ جێگەی هەڵگرتنی کاتی،ئیسفنجی بەرهەمهاتوو بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر جێدەهێڵرێت بۆ ساردبونەوە لە هەوای کراوەدا بەڵام لەبەر سێبەردا،دوای ئەوە ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان لەلایەن وەرشە و دوکانەکانی فرۆشتنەوە لەناو بازاڕەکاندا.

**٢. مەکینە دەستیەکان**

بریتیە لە تێکەڵکەرێکی بچوک کە توخمەکانی تیادا دادەنرێت کە بەشی بەرهەممهێنانی شەشپاڵویەك لە ئیسفنج دەکات بە قەوارەی ٢ مەتر سێجا، کرداری تێکەڵکردنی توخمەکان خێرایە و لە خولەکێك تێپەڕ ناکات، تێکەڵکەرەکە دەکرێتەوە و توخمەکانی ناوی دادەڕێژرێت بۆ ناو صندوقێك بەقەوارەی داواکراو، ڕاستەوخۆ دوای داڕشتنەکە توخمەکان دەستدەکەن بە بەستن و ڕەق بوون و هەڵئاوسان لەماوەی ٢ خولەکدا و دواتر قاڵبەکە دەکرێتەوە و شەشپاڵوە ئیسفنجەکە دەردەهێنرێت و چینە کاغەزەکەی لێدەکرێتەوە لەخوارەوە و لەجێگەیەکدا وشکدەکرێتەوە کە هەواگۆڕکێی باش بێت بۆئەوەی بە باشی وشك ببێتەوە و بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر بەجێدەهێڵرێت .پێش ئەوەی ببرێتە بازاڕ بۆ فرۆشتن دەکرێتە قەوارەی جیاواز و داواکراو بۆ کەلوپەل و بەکارهێنان.

**سەرچاوە:**

=======

*پێگە جیاوازەکانی ئنتەرنێت.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارن ژمارە ٦٢ لە پایزی ٢٠١٧دا بلاْوکراوەتەوە.

## ئیثانۆڵ
## سووتەمەنیەك هاوڕێی ژینگە*

- **پێشەکیەکی مێژوویی :**

مرۆڤ لەپێش مێژووی نوسراوەوە ئیثانۆڵی بەکارهێناوە وەك پێکهاتەیەکی سەرخۆشکەر لە خواردنەوە کحولیەکاندا،لەکاتێکدا لە باکوری چین پاشماوەی قاپوقاچاغی گڵێنەیی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا و ئاماژە دەدەن بە بوونی خواردنەوە کحولیەکان تەنانەت لە نێو گەلانی سەدەی بەردینی نوێشدا.زانا کیمیاویە عەرەب و ئیسلامیەکان و لەوانەش ((ڕازی)) لە پێش هەموواندا توانیویانە کە ئیثانۆڵ تاڕادەیەك بە شێوەیەکی پاکژ جیابکەنەوە ئەوەش بە پێشخستنی کرداری دڵۆپاندن لە قۆناغی سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا.کتێبەکانی جابری کوڕی حەیان(٧٢١-٨١٥) دەربارەی ئەو هەڵمانەی کە توانای گڕگرتنیان هەیە بۆ شەرابی کوڵهاتوو.هەروەها زانا کندیش(٨٠١-٨٧٣) بەشێوەیەکی ڕوون کرداری دڵۆپاندنی شەرابی باس کردوە،دڵۆپاندنی ئیثانۆڵ لە ئاو بەرهەمێك دەستدەخات کە ڕێژەی ٩٦٪ ئیثانۆڵ بێت وەك لانی کەم.چونکە ئیثانۆڵ لەگەڵ ئاودا گیراوەیەکی جێگیر دروستدەکەن.بۆ یەکەم جار ئیثانۆڵی تەواو دەستکەوت لەساڵی ١٧٩٦ز لەلایەن ( یۆهان تۆبیاس لۆڤیتز) لە ڕێگەی دڵۆپاندنی ئیثانۆڵ بە خەڵوز.

ئەو ئیثانۆڵەی کە دەشناسرێت بە ئەثیلی کحول سووتەمەنیەکی نوێ نیە.بەڵکو لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیثانۆڵ بریتی بوە لە سووتەمەنیەکی ڕووناکردنەوەی گرنگ. و لەکاتی جەنگی ئەهلیشدا لە ئەمریکا،باجێك سەپێنرایە سەر ئیثانۆڵ بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ یارمەتیدانی جەنگەکە و ئەم باجەش بوە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی ئیثانۆڵ بەشێوەیەکی زۆر کە ئیدی نەیتوانی کێبڕکێ بکات لەگەڵ سووتەمەنیەکانی تردا وەك کیرۆسین لە ئامێرەکانی ڕووناککردنەوەدا.بەهۆی ئەم باجەوە بەرهەمهێنانی ئیثانۆڵ زۆر دابەزی و بڕی بەرهەمهێنان زیاد نەبۆوە تا ئەو باجە سەپێنراوە هەڵگیرا لەساڵی ١٩٠٦دا.

لەساڵی ١٩٠٨دا،هێنری فۆرد ئۆتۆمبێلی جۆری Model T دیزاینکرد کە بە سووتەمەنیەکی تێکەڵ لە ئیثانۆڵ و بەنزین کاربکات. ناوی لێنا سووتەمەنی ئایندە.لەساڵی ١٩١٩دا کاتێك یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی عارەق دەرکرا کە نابێت جگە لە خواردنەوە بەکاربهێنرێت. ئیثانۆڵ قەدەغەکرا چونکە بە عارەق دادەنرا. تەنها دەتوانرا بفرۆشرێت کە تێکەڵ بوایە لەگەڵ نەوتدا،لەگەڵ کۆتایی قەدەغەکردنەکەدا لە ساڵی ١٩٣٣دا،جارێکی تر ئیثانۆڵ وەك سووتەمەنی بەکارهێنرایەوە.بەکارهێنانی ئیثانۆڵ زیادبوەوە بەشێوەیەکی کاتی لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، کاتێك نەوت و سووتەمەنیەکانی تر ڕوویان لەکەمی کرد.

لە سیەکانی سەدەی بیستدا،زیاد لە ٢٠٠٠ وێسگە لە ((میدویست)) ئیثانۆڵیان دەفرۆشت کە بەرهەمهێنرابوو لە گەنمە شامیەوە.بەڵام پیشەسازی ئیثانۆڵ لە ساڵانی چلەکاندا کۆتایی پێهات کاتێك نەوت دەرکەوت بە نرخێکی هەرزانتر.لە هەریەکە لە ئەوروپا و ئەمریکادا لە نێوان ساڵانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا سووتەمەنی کحولی زیاد دەکرا بۆ سووتەمەنی هاتووی دروستکراو لە نەوتەوە.

هەروەها حکومەت، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا،دروستکەرانی ویسکی بەکرێگرت بۆئەوەی سووتەمەنی کحولی دروستبکەن.لەو ساڵانەی کۆتایی ئەو قۆناغە مێژوویەدا، گرنگیدانی گشتی گۆڕدرا بۆ کحول بەو پێیەی بریتیە لە سووتەمەنی بۆ ئامێرەکانی گواستنەوە بەهۆی ماوەی جەنگەکانەوە و سەرچاوە گۆڕاوەکانی و نرخی نەوتیشەوە.

قەیرانی نەوت لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا نرخی نەوت و بەنزینی بەرزکردەوە و قۆناغی بەنزین – کحولی داهێنا. کاتێك بەڕێژەی ١٠٪ ئیثانۆڵ زیادکرا بۆ بەنزین( بەنزینی کحولی دانانرێت بە جێگرەوەی سووتەمەنی).کاتێك بەنزینی کحولی زۆر بوو، ئیثانۆڵ زیادکرا بۆ بەنزین بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانەکەی. وناوی بەنزینی

کحولی گۆڕدرا بۆ ناوی تر بە پێی بەرزی ژمارەی ئۆکتانەکەی،بۆ نمونە وەك بەنزینی بیٚ ڕەصاص ( پلەس)) یان (سۆپەر) کە ڕەصاصی تیادا نیە.

لە سالانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا،سالانە نزیکەی ٩٠ ملیۆن گالۆن لە ئیثانۆلٚ بەرهەم دەهات لە ئەمریکادا،لەو کاتەدا ئیثانۆلٚ بەکاردەهات بۆ ئامێرەکانی ڕووناککەرەوە،هەروەك چۆن دەتوانرا بخورێتەوە وەکو خواردنەوە کحولیەکان.لەساڵی ١٨٦٢دا ئەنجومەنی ئیتیحادی باجێکی بە بڕی ٢ دۆلاری سەپاندە سەر هەر گالۆنێك لە خواردنەوە کحولیەکان بۆ هاوکاریکردنی جەنگی ئەهلی.ئەم باجەش بوە هۆی گرانبوونی ئیثانۆلٚ لە بەکارهێنانیدا بۆ ڕووناککردنەوە،هەربۆیە خەڵکی دەستیان کرد بە بەکارهێنانی کیرۆسین و میثانۆلٚ لەجیاتی ئیثانۆلٚ.

- ئیثانۆلٚ پێکهاتەیەکی کیمیاوی ئەندامیە کە سەر بە گروپی کحولەکانە کە شێوەی کیمیاوی بریتیە لە $C_2H_5OH$ و شێوەی گەردیلەیشی بریتیە لە $C_2H_6O$ بەشێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت کحول. ئیثانۆلٚ توخمێکە توانای گڕگرتنی هەیە و بیٚ ڕەنگە و دروستدەبێت لە ترشاندنی شەکرەوە یان گۆڕینی نەشا بۆ شەکر، لە ئەمریکا و کەنەدادا سووتەمەنی ئیثانۆلٚ لە گەنمەشامی و گەنم و جۆوە دروست دەکرێت.و لە خواردنەوە کحولیەکاندا بەکاردێت لەگەڵ پیشەسازی بۆنەکانەدا و هەروەها وەك سووتەمەنیەکیش بەکاردێت بۆ مەکینەکان کە بۆ بەکارهێنانی ئیثانۆلٚ ئامادەکراون.

- **بنەچەی ناوەکەی**

ئیثانۆلٚ بریتیە لەناوی فەرمی بە پێی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ کیمیای ڕووت و جێبەجێکاری بۆ گەردێك کە پێکدێت لە دوو گەردیلە کاربۆن و بە پێشگری((ئیثا))، مانای بونی ڕایەڵە و لە نێوانیانیشدا پاشگری((ئانو))، و گروپی هاوشانی (( OH )) و پاشگری((ئۆل)).

- **شێوازی کیمیاوی**

ئیثانۆلٚ بریتیە لە کحولی دوانەی کاربۆن و شێوازی گەردیەکەی بریتیە لە $C_2H_5OH$.

- **سیفاتەکانی**
- **سیفاتە فیزیاوییەکان:**

پێکهاتەیەکی جەمسەریە کە بەوە جیادەکرێتەوە کە دەتوانێت ڕایەڵەی هایدرۆجینی دروست بکات لە نێوان گەردەکانیدا بەشێوەیەك گروپی هایدرۆکسیل لەخۆ دەگرێت کە کاردەکات لەسەر زیاتر پێکەوەگرێدانی ڕایەڵەکان،شلەیەکی بیٚ ڕەنگە و توانای بەهەڵمبوونی هەیە،چڕی جۆریەکەی ٠,٨١٦ و لە پلەی ٧٨ر٥ سەدیدا دەکوڵێت و لە توێنەرەوە جەمسەریەکانی وەکو ئاودا دەتوێتەوە بەهەموو ڕێژەیەك وبەشێوەیەك لەگەڵ ئاودا ڕایەڵەیەکی هایدرۆجینی پێکدێنێت و بە زەحمەت لە ئاو جیادەکرێتەوە.و لە پلەی ١١٧ر٣- سەدیدا دەتوێتەوە ، ئیثانۆلٚ کە ئاوی تیادا نەبێت پێی دەوترێت ئیثانۆلی تەواو خاوێن ،بە گڕێکی شین لەهەوادا دەسوتێت کە دوکەڵی نیە و ئۆکسیدی کاربۆن و ئاو بەرهەمدێت،ئەو هەموو کات نابینرێت لە ڕوناکی سروشتیدا، ئیثانۆلٚ کەمێك لە ئاو زیاتر دەشکێتەوە. و فاکتەری شکانەوەکەشی لە نێوان ١,٣٦٤٢٢ -٥٨٩,٣ =$\lambda$ لە نانۆمەترێکدا و ١٨,٣٥ پلەی سەدی. ئیثانۆلٚ لەگەڵ کانزا چالاکەکاندا کارلێك دەکات بۆ دروستکردنی ئۆکسید ئەثیلی کانزایی و هایدرۆجین و لەگەڵ ترشەکانیشدا کارلێك دەکات.

- **سیفاتەکانی وەك توێنەرەوە**

ئیثانۆلٚ بریتیە لە توێنەرەوە کە تێکەڵدەبێت لەگەڵ توێنەرەوەی تریشدا،و توانای تێکەڵ بونیشی هەیە لەگەڵ ئاوداو زۆرێك لە توێنەرەوە ئەندامیەکانی تریشدا، لەوانەش ترشی خەلیك و ئەسیتۆن و بەنزین،چوارەم کلۆریدی کاربۆن، کلۆرۆفۆرم، ئیثەر، گلایکۆلٚ اثیلین، گلیسرین، نەترۆمیتان، بیریدین، تۆلۆوین، هەروەها توانای تێکەڵبوونیشی هەیە

لەگەڵ هایدرۆکاربۆنە ئەلیفاتیە سوکەکانیشدا،وەك پنتان و هێکسان و لەگەڵ کلۆریداتی ئەلیفاتی وەك سیانەی کلۆر و ئیثان و چوارەم کلۆری ئیثیلین،تێکەڵبوونی ئیثان لەگەڵ ئاودا پێچەوانەیە لەگەڵ تێکەڵنەبونی کحولی زنجیرە درێژەکاندا(( پێنج یان شەش گەردیلەی کاربۆن))،توانای تێکەڵبونی ئاوی کەمدەکات بەشێوەیەکی خێرا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گەردیلەکانی کاربۆندا،تێکەڵبونی ئیثانۆڵیش لەگەڵ ئەلکانەکاندا تەنها وەستاوەتە سەر ئەلکانەکان و دەگاتە (( نا دێکانەکان)) و تێکەڵەکان لەگەڵ دۆدیکان.ئەلکانە بەرزەکان بۆشایی توانای تێکەڵبوون پیشاندەدەن لەژێر پلەی گەرمای دیاریکراودا((نزیکەی ١٣ پلەی سەدی)).

- **دروستکردن**

ئیثانۆڵ بە دوو ڕێگە دروستدەکرێت:

١. **ڕێگای پترۆکیمیاویات :لەڕێگەی وشککردنەوەی ئەثیلینی.**

بەشێوەیەکی سروشتی لەڕێگەی ترشاندنی شەکری ئەثیلینی،توخمێکی خاوە بەکاردێت لە کارگەکاندا کە دروستکراوە لە توخمی پترۆکیمیاوی و ئاسایی لە ترشێکی چالاکەوە.

$$C_2H_4 + H_2SO_4 \rightarrow CH_3\,CH_2\,SO_4H$$ و

$$CH_3\,CH_2\,SO_4H + H_2O \rightarrow CH_3CH_2OH + H_2SO_4$$

٢.ترشاندن : ئیثانۆڵی بەکارهێنراو لە خواردنەوە کحولیەکاندا و زۆرینەیان بەکاردەهێنرێت لە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکاندا کە بەشێوەیەکی تەکنیکی وەها دروستکراون کە ڕێگە بە ئیشپێکردنی مەکینەکە دەدات بە ئیثانۆڵ و گرنگترین خاڵیش لەو سیستەمەدا بریتیە لە گەیشتن بە بەکتریاری ترشاندن بۆ دووهێندەکردنی و نەمانی ئۆکسجین.

$$C_6\,H_{12}\,O_6 \rightarrow 2\,CH_3\,CH_2\,OH + 2\,CO_2$$

- **پلەو ئاستەکانی ئیثانۆڵ**

١. ئیثانۆڵی سووتەمەنی/ نائاوی یان ئاوی
٢. دیزڵی زیندوو
٣. ئیثانۆڵی بێ لایەنی بەرز/ نائاوی یان ئاوی
٤. ئیثانۆڵی دروستکراو/ نائاوی یان ئاوی
٥. ئیثانۆڵی خام

- **سیفاتە ژەهراویەکانی بۆ سەر لاشە**

چوار سیفات هەیە کە دەبێت لەکاتی بەرکەوتنی ژەهردا بۆ کحولی ئیثانۆڵ لەبەرچاوبگیرێت کە بریتین لە ((دابەشبوون،هەڵمژین،کاری ئەندامەکان،پاڵاوتن))، ئیثانۆڵ بەخێرایی هەڵدەمژرێت لەڕێگەی ڕیخۆڵەکانەوە و بەشێوەیەکی وەکیەکی دەنێردرێت بۆ هەموو ئەندامەکان و مولولەکان لەڕێگەی خوێنەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی دەچێت بۆ جگەر.گیراوەکانی ئیثانۆڵی ڕەها و ئیثانۆڵی ئاوی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن لە شێوە جیاوازەکانی دەرمانسازیدا و ئامادەکراوە جوانکاریەکاندا و بەکاریش دەهێنرێت لە خواردنەوە کحولیەکاندا،بەخێرایی هەڵدەمژرێت لە کەناڵەکانی هەرسکردنەوە و هەڵمەکەشی دەکرێت لەڕێگەی سیەکانەوە دەربچێت، بەشێوەیەکی سەرەکی لە جگەردا دەگۆڕێت بۆ ئەست دەهدید کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی دواتر دەئۆکسێت بۆ ئەسیتات. ئیثانۆڵ دادەنرێت بە سڕکەری کۆمەڵی دەمارە ناوەندیەکان بەشێوەیەك خواردنەوەی بڕێکی کەم لە ئیثانۆڵ دەبێتە هۆی ژەهراوی بوون کە خۆی لە تێکچوونی کاری ماسولکەکاندا دەبینێتەوە.کەمی بینین و تێکچوونی قسەکردن و ...هتد.بەڵام خواردنەوەی بڕی زۆر(یان خەستی زۆر) دەبێتە هۆی خەوبردنەوە و لەبیرچونەوە و لاوازبوونی بیرکردنەوە و دابەزینی پلەی گەرمی لەش و دابەزینی شەکری خوێن و ترسان و بێهۆشبوون و هەناسە بڕکێ و دابەزینی دڵیی خەستی بکوژی ئیثانۆڵ لە خوێندا بریتیە لە ٤٠٠-٥٠٠ ملگم/١٠٠مل.

**لەگەڵ ئەوەی کە هۆکارەکانی ژەهراویبونی ئیثانۆڵ دەبینرێت لەو کەسانەی کە خواردنەوە کحولیەکان دەخۆنەوە، بەڵام دەشکرێت ئەو هۆکارانەش لەکەسانێکیشدا دەربکەون کە ئەو دەرمانانە وەردەگرن لەلایەن دەرمانسازەکانەوە کە ئیثانۆڵیان تیادایە وەك چارەسەر ئەگەر بەبڕی زۆر بخورێن.دەرمانی بەشێوە دەرزی دروستکراوە کە ٥٠٪ کحولی تیادایە(٩٥٪ -٩٦٪ قەبارە/قەبارە) ،بەهەرحاڵ هەندێك چڕی دەبێتە هۆی ئازار لەکاتی لێدانی دەرزی بە ماسولکە،چڕیە کەمەکان لە ٥ر١٠٪ قەبارە/قەبارە باشترە.لەکاتی لێدانیدا لەژێر پێست هەست بە ئازارێك دەکرێت لەگەڵ هەستکردن بە سڕبوون،ئەگەر نزیك دەماریش لێبدرێت ئەوا دەبێتە هۆی هەوکردنی دەمارەکان و لەکارکەوتنیشی.ئەو چارەسەرە کراوەتە سڕکەرەکانەوە لەکاتی ئازاری زۆردا هەرچەندە ئەو جۆرە چارەسەریە بۆ گەمارۆدانی دەمارەکان جێگەی مشتومڕە و ڕای جیاوازە.بەشێوەیەك ١ مل بەکارهاتوە لە کحولی تەواو بۆ ئەو مەبەستە.ئەو ئامادەکراوانەی کە بە ڕێژەی ٥٠٪ زیاتر کحولی قەبارە/قەبارە تیادایە دەبێتە هۆی سووربونەوەی پێست لەکاتی بەکارهێنانیدا لەو جێگەیەدا.**

**بەکارهێنانی ئیثانۆڵ:**

**١. بەکاردەهێنرێت وەك توخمێکی توێنەرەوە لە پیشەسازی دەرماندا بۆ ئامادەکردنی گیراوەی کحولی و بۆیاغی کحولی.**

**٢. بەکاردەهێنرێت وەك توخمێکی پاکەرەوەی جێگەیی.**

**٣. دەچێتە دروستکردنی خواردنەوە کحولیەکانەوە.ئەمە جگە لە بەکارهێنانی لە توخمە خاوێنکەرەوەکان و خواردنەوە هۆشبەرەکاندا.**

**٤. وەك توێنەرەوە لە پیشەسازی بۆیاخ و ڕووکەشکردن و تەقەمەنیشدا بەکاردێت.**

**٥. وەك توخمێکی سەرەتایی لە بەرهەمهێنانی خەل و خەمیرەدا بەکاردێت.**

**٦. وەك ناوەندێکی کیمیاوی لە پیشەسازیە کیمیاویەکاندا بەکاردێت وەك بۆن و گیراوە خەستەکان و بابەتی ڕووکەشکردنەوە.**

**٧. دەچێتە دروستکردنی بەرهەمی خۆراکیەکانەوە.**

**٨. بەکاردەهێنرێت وەك سووتەمەنی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان،لە بەڕازیل گەورەترین کۆگا و وێسگەی سووتەمەنیەکان لە جیهاندا ئیثانۆڵ بەرهەم و بەکاریش دەهێنێت وەك سووتەمەنی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان و فڕۆکەکان کە کێشیان سووکە و بەبڕیارێکی حکومەتی بەڕازیل پێویستە ڕێژەی ٢٥٪ لە ئیثانۆڵ تێکەڵبکرێت لەگەڵ هەر ١ لیتر بەنزیندا بۆ دابەزینی تێچوونەکەی و کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە بە نەوت. لە ئێستادا زیاتر لە ٥٠٪ لە ئۆتۆمبێلەکان لە بەڕازیل ئامادەکراون بۆ کارکردن بە بەنزین و ئیثانۆڵ و ئەو مەکینانەش پێیان دەوترێت فلێکس.**

**هەروەها لە ئەمریکاشدا و لە ولایەتی میسوری دەستکراوە بە تێکەڵکردنی بەنزین کە ئۆکتان نەمبەرەکەی ٨٧ لە بەنزینە،و بەمەش هەموو وێسگەی سووتەمەنیەکان پێویستە لەسەریان کە سووتەمەنیەك بفرۆشن کە ١٠٪ ئیثانۆڵی تیادا بێت. ولایەتی میسۆری سێیەم ولایەتە لە ئەمریکادا کە ئەو یاسایەی دەرکردوە دوای ولایەتی مینسوتا و هاوای.بەشێوەیەك سووتەمەنی دەرهێنراو لە گەنمەشامیەوە هەرزانتر دەکەوێت لە بەنزین لە نەوتەوە.سووتەمەنی (( ١٠E)) بەواتای ئەوە دێت کە بەنزینەکە بەڕێژەی ١٠٪ ئیثانۆڵی تیادایە.**

**هەربۆیەش لە زۆربەی ولایەتەکانی ئەمریکادا ڕێگە دراوە کە سووتەمەنی تێکەڵ لە بەنزین و ئیثانۆڵ بەکاربهێنرێت لەبەرئەوەی پاشماوەی سووتانی نیە و ژینگە پیس ناکات،بەتایبەتیش لەشارە گەورەکان کە ترسی پیسبوونی ژینگەیان هەیە.**

**گەلێك لە خاوەن ئۆتۆمبێل و شۆفێرەکان ئەو جۆرە سووتەمەنیە بەکاردەهێنن چونکە کێشەی نیە و بەرهەمێکی باشە لەڕووی ژمارەی ئۆکتانەوە و بەخاوێنی دەسووتێت و تەمەنی مەکینەکانیش درێژتر دەکاتەوە هەرچەندە بڕی سووتەمەنی بەکارهێنراو ناگۆڕێت.**

هەروەها لەبەر کەمی باج لەسەر ئەم جۆرە سووتەمەنیە،بۆتە هۆی ئەوەی کە خاوەن وێسگە سووتەمەنیەکان ڕووبکەنە فرۆشتنی ئەم جۆرە سووتەمەنیە.

- **بۆچی ئیثانۆڵ تێکەڵ بە سووتەمەنی دەکرێت ؟**

زیادکردنی ئیثانۆڵ بۆ بەنزین دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانەکەی(( ژمارەی ئۆکتان بریتیە لە بڕی بەرگری سووتەمەنی بۆ ئەوەی زوو نەسوتێت یان بۆ لێدانی مەکینەکان)) سەرەڕای ئیثانۆڵیش ئۆکسجینیشی تیادایە کە ڕێگە دەدات بە سووتاندنی تەواو و خاوێن.کەئەمەش دەبێتە هۆی پاکڕاگرتنی ژینگە. ئیثانۆڵیش دادەنرێت لەجۆرێك لە جۆرەکانی سووتەمەنی تازەبۆوە و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی بۆ چاندنی دانەوێڵەکان،چونکە ئیثانۆڵیان لێدەردەهێنرێت.

- **ئایا دەکرێت ئیثانۆڵ تێکەڵ بە سووتەمەنی بەنزین و گازیش بکرێت بۆ ئۆتۆمبێلەکان ؟**

لەلایەك بەهۆی نزیکبونەوەی نەوتی خاو لە چۆڕبڕبوون و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەرزبونەوەی نرخەکەی و بەهۆی زۆری بەکارهێنانیشیەوە بۆتە هۆی زیادبوونی پیسبوونی ژینگە و بەرزبونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی،کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بیر لە جۆرە سووتەمەنی تر بکرێتەوە کە زیاتر هاوڕێی ژینگەن و بەردەوامن (( وزەی سەوز)) وەك سووتەمەنی ئیثانۆڵ وەك جێگرەوەیەکی ئایندەیی یان تێکەڵەیەك لەگەڵ بەنزین و گازۆیل لە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکاندا.
لەئەنجامی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی پراکتیکی بۆ زانینی سیفاتە فیزیاوی و کیمیاویەکانی سوتەمەنیەکان دەربارەی (( حسابکردنی دەرچونی گازەکانی وەکو HC,CO, O٢ لە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان و ئابوری سووتەمەنیەکە و توانای خێرایی ))لەسەر تێکەڵکردنی ئیثانۆڵ لەگەڵ هەریەکە لە بەنزین و گازۆیلدا بۆ زانینی باشترین و ئابوریترین و بەتواناترین سووتەمەنی و ڕێژەی تێکەڵکردنەکە ،دەرکەوت کە دەتوانرێت ئیثانۆڵ تێکەڵ بکرێت لەگەڵ هەردووك لە بەنزین و گازۆیلدا، بەشێوەیەك ڕێژەی کەمتر لە ٣٠٪ ئیثانۆڵ لەگەڵ زیاتر لە ٧٠٪ بەنزین و ڕێژەی کەمتر لە ٢٠٪ ئیثانۆڵ و زیاتر لە ٨٠٪ گازۆیل و دیاریکرا کە E١٠یان E٢٠ ڕێژەی نمونەین بۆ مەکینەی بەنزین و E-D١٠ ڕێژەی نمونەییە بۆ مەکینەی گازۆلینی کلاسیکی و ڕێژەی E-D١٠یان E-D٢٠ ڕیژەی نمونەیین بۆ مەکینەی گازۆیلی ئەلکترۆنی.

- **چۆن ئیثانۆڵ سوود دەگەیەنێت بە ژینگە ؟**

بەبەراوورد بە بەنزین،سووتەمەنی ئیثانۆڵ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو گازانەی کە دەبنە هۆی دیاردەی پارێزگاری لە خانوە سەوزی شووشەییەکاندا،کە کاریگەری دەبێت بۆ گۆڕانەکانی ژینگە، ئیثانۆڵ بەرهەمێکە کە لە دانەوێڵەکانەوە دەستدەکەوێت، کە ئەویش دەبێتە هۆی هەڵمژینی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لەکاتی گەشەکردنیدا( بەواتای فروان بوونی چاندنی ئەو دانەوێڵانە دەبنە هۆی سوود گەیاندن بە ژینگە)). هەروەها تێکەڵکردنی ئیثانۆڵ بەڕێژەی ١٠٪ لەگەڵ بەنزیندا دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە دەرچوونی ئەو گازانەی کە دەبنە هۆی دیاردەی بەرگریکردنی شووشەیی بە نزیکەی ٤٪ لە ئیثانۆڵی بەرهەمهاتوو لە دانەوێڵەکانەوە و ٨٪ لە ئیثانۆڵی بەرهەمهاتوو لە سلیلۆزی زیندەییەوە لەکاتی تێکەڵکردنی بە ڕێژەی ٨٥٪ ( E–٨٥) ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرچوونی گازەکان بە ڕێژەی ٦٠–٨٠٪.

- **سوودەکانی بەکارهێنانی ئیثانۆڵ لەگەڵ سووتەمەنیی ئۆتۆمبێلەکاندا :**

١. دەشتوانرێت بەدرێژایی ساڵ سووتەمەنی تێکەڵ بە ئیثانۆڵ بەکاربهێنرێت چونکە وەك بەرگریکارێك بۆ بەستنیش بەکاردێت. و هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکیش دەتوانێت سووتەمەنی تێکەڵ بە ئیثانۆڵ بەکاربهێنێت بەو ڕێژەیەی کە دیاریکراوە بۆ جۆری مەکینەکەی.

٢. ئەم جۆرە سووتەمەنیە هیچ زیانێك ناگەیەنێت بە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان و بەپێچەوانەوە بە خاوێنی دەیانهێڵێتەوە و جێگەی تێکردنی سوووتەمەنیەکەش بە خاوێنی دەهێڵێتەوە ،چونکە ئیثانۆڵ دەتوانێت هەموو پیسی و نیشتوەکان بتوێنێتەوە،بەلاَم لەوانەیە گۆڕینی فلتەری سووتەمەنی زیاتر بەکاربێت و بگۆڕدرێت.

٣. هەروەها دەشتوانرێت کە بەنزین تێکەڵی سووتەمەنی تێکەڵ بە ئیثانۆڵ و بەنزین بکرێت لە تەنکی ئۆتۆمبێلەکانداو تەنها دەبێتە هۆی کەمکردنی ڕێژەی ئیثانۆڵەکە لەناو بەنزینەکەدا.

٤. بەکارهێنانی ئیثانۆڵ بەڕێژەی ١٠٪ دەبێتە هۆی زیادکردنی وزە بە ڕێژەی ٩٧٪ لەو وزەیەی کە هەیە لە بەنزینی تەنهادا.هەر ونکردنێکی وزە لەبەرامبەریدا زیادبوونی تواناى سووتانی مەکینە ڕوودەدات.کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەکارهێنانی سووتەمەنی بە ڕێژەی ٢-٣٪. بەڵام هۆکاری تر هەن کە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بڕی بەکارهێنانی سووتەمەنی،وەك لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە خێرایی ١٢٠کم/کاتژمێر لەجیاتی ١٠٠کم/کاتژمێر ئەوا بڕی بەکارهێنانی سووتەمەنی بەڕێژەی ٢٠٪ زیاد دەکات.

- **بوونی لە سروشتدا :**

ئیثانۆڵ بەرهەمێکی لاوەکیە دروست دەبێت لە پڕۆسەی دەرهێنانی خەمیرەدا،بەواتای ئەوەی کە ئیثانۆڵ لەو جێگایانەدا هەیە کە خەمیرەی لێیە.بەشێوەیەکی گشتی ئیثانۆڵ لەو میوانەدا دەستدەکەوێت کە گەیوون.

- **لەکۆتاییدا** دەکرێت لەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراقیشی پیادا تێپەڕ دەبێت،بەهۆی قەیرانی دارایی و خراپی جۆری سووتەمەنیەکان و بەتایبەتیش بەنزینی ئۆکتان نەمبەری نزم و تەنانەت گازۆیلیش،بەهۆی نزمی ژمارەی ئۆکتانەکانیانەوە و خراپی لەجۆر و بڕیاندا، بەهۆی کاریگەری خراپیشیان لەسەر پیسبوونی ژینگە و بوونی توخمی ژەهراوی تیایاندا، دەکرێت ئیثانۆڵ وەك توخمێکی هاوڕێی ژینگە و فاکتەرێکیش بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانی بەنزین بەکاربهێنرێت و زۆر کێشەی ئۆتۆمبێل و تەنانەت ڕووداوەکانیش کەمببنەوە و هەم سەلامەتی هاوڵاتیان و هەمیش سەلامەتی و پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستانیش سوودمەندبن. دەتوانرێت ئیثانۆڵ بە ڕێژەی ڕێگەپێدراوی جیهانی تێکەڵ بەو بەنزینانە بکرێت و بەکاربهێنرێت و بە ئەزموونی پراکتیکیش تاقیکراوەتەوە کە کاریگەری زۆر باشی هەبوە و ئەوەتا لە وڵاتە گەورە و پێشکەوتوەکانی وەکو ئەمریکا و بەڕازیل و کەنەدا و ئوستوڕالیاشدا بەکاردەهێنرێت.بۆیە دەکرێت حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تریش کاربکەن بەو ئاڕاستەیە.

سەرچاوە:


=======


١.https://ar.wikipedia.org
٢. www.extraneutralalcohol.net
٣. www.bytocom.com
٤. www.chemistrysources.com


* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٦٤ لە بەهاری ٢٠١٨و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٤٠لە ڕێکەوتی٢٠١٨/٤/١٥ بڵاوکراوەتەوە.

## بەنزین ، تۆلۆوین، زایلین
## * BTX

### بەنزین C٦H٦



- **پێشەکی**

بەنزین C٦H٦ ، فینیل،یان بەنزۆل کە بریتیە لە شلەیەکی بێ ڕەنگ و توانای گڕگرتنی هەیە، و بۆنێکی خۆشیشی هەیە، بەنزین لە توخمە شێرپەنجییەکانە،هەروەها لە پێکهاتەی بەنزینی سووتەمەنیدایە و دەشچێتە دروستکردنی ناپاڵمیشەوە،و یەکێکیشە لە توێنەرەوە پیشەسازیە گرنگەکان،و لە پیشەسازی داودەرمانیشدا بەشداریدەکات،هەروەها لە لەدائن و مەتاتی پیشەسازی و بۆیەکانیشدایە،هەروەها یەکێکە لە پێکهاتە سروشتیەکانی زەیتی خاو،بەڵام لە پێکهاتەی تر دروست دەکرێت کە لە نەوتی خاودا هەیە،بەنزین لە توخمە هایدرۆکاربۆنیە ئەرۆماتیەکانە(عەتریەکان) و بریتیە لەدووەم ((N )) لە ئەنۆلینەکان.

- **مێژووی بەنزین**


بازنەی((حەلقەی)) بەنزین لەساڵی ١٨٢٥ ز دا دۆزرایەوە لە ڕێگەی زانانی ئینگلیزی بەناوی (( میشێل فارادای))،کە هەستا بە جیاکردنەوەی لە زەیتی گازی و ناوی بیکاربرەیتی هایدرۆجینی دایە.

لەساڵی ١٨٣٣زدا زانای کیمیای ئەڵمانی بەناوی(( ئەلهارد مینشیر لینش)) هەستا بە بەرهەمهێنانی بەنزین لە ڕێگەی دڵۆپاندنی ترشی بەنزویك(( لە کەتیرەی بەنزین)) و جیر.و ناویلێنا پێکهاتەی بەنزین،دواتر کیمیاوی ئینگلیزی((شارلیس مانسفێڵد)) لەساڵی ١٨٤٥زدا کە لەژێر دەستی(( ئاگۆست ویلیام فۆن هۆفماندا)) کاریدەکرد هەستا بە جیاکردنەوەی بەنزین لە قەترانی خەڵوز. و دواتر لە دوای ٤ ساڵ مانسفێڵد دەستیکرد بە یەکەم بەرهەمهێنانی بازرگانی بەنزین بە ڕێگەی قەترانی خەڵوز.

- **پێکهاتەی بەنزین**

شێوازی کیمیاوی بەنزین بریتیە لە C٦H٦ ،لەسەرەتای دۆزینەوەیدا بوە مایەی سەرسوڕماندن،چونکە پێشنیازەکانی دروستبوونی لەوکاتەدا بریتی بوو لەوەی کە گەردی کاربۆن بە زۆری بە چوار بەندی تاکەوە لەگەڵ هایدرۆجیندا دەبەسرێتەوە نەك شەش هایدرۆجین.

زانای کیمیا(( فریدریك ئۆگستس کیکۆڵ فۆنستراد ونیتیر)) یەکەم کەس بوو کە پێشنیازی حەلقەیی بۆ بەنزین کرد.ئەم پێشنیازەشی لەوەوە هات کە لەخەویدا مارێکی بینی کە لەچوار دەوری(( باڵندەیەك)) دەسوڕایەوە و کلکی مارەکەی دەخوار کە ئەمەش بوە هۆی ئیلهام پێبەخشینی بەشێوەی ((حەلەقی)) بۆ بەنزین،ئەم چیرۆکەش لە گۆڤاری (( کۆمەڵەی تینوان بۆ کیمیا)) بلاۆکرایەوە کە ساڵانە دەردەچوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا بە بۆنەی کۆبونەوەی کۆمەڵەی کیمیاویانی ئەڵمانی.



بەنزینی بەندی دوانی گۆڕاو

لە سەرەتای دەیەی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم تێگەیشتنەی کیکۆڵ بۆ سروشتی چوارینەی هاوسەنگی گەردیلەی کاربۆن پشتی بەستبوە سەر لێکۆڵینەوەکانی ((ئەرکیبالدسکۆت کوپەر))،لەگەڵ زانای نەمساوی ((جۆزیف

**لوشمیدت )) کە هەستا بە بڵاوکردنەوەی پەیکەری حەلەقی بەنزین، و دواتر ئەم شێوە حەلەقییەی بەنزین پەسەندکرا بەهۆی زانای بەناوبانگ ((کاثلین لوشدالٚ)).**

**جابۆ ئەوەی بەنزین بتوانێت کە هەموو بۆندەکانی بۆ دروستبکرێت پێویستە بۆندی دووانی دیاریکراوی هەبێت، بەکارهێنانی بلاٚوبونەوەی تیشکی سینی لە لێکۆلٚینەوەکاندا ڕۆلٚی هەبوو لە دۆزینەوەی ئەوەی کە بۆندی کاربۆن _ کاربۆنەکان لە بەنزیندا هەمان درێژییان هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە بۆندە تاکەکان پێویست بوو کە درێژتر بن لە بۆندە دوانیەکان، هەروەها ئەوەش دۆزرایەوە کە بۆندەکانی(( نێوان دوو گەردیلەی پەیوەندیدار)) لە بەنزیندا درێژترە لە درێژی بۆندی دوانیدا، وە کورتترە لە درێژی بۆندی بەتاك.هۆکاری ئەوەش بەوە لێکدەدرێتەوە ئەلکترۆنەکان چەق بەستوو بن،جا بۆئەوەی ئەوە وێنا بکەین،پێویستە جێگەی ئەلکترۆنەکان لە بۆندەکانی حەلقەی بەنزیندا ئەوە لەبەرچاو بگیرێت.**

**بۆندە تاکەکان بۆ ئەلکترۆنە هەبوەکان لەنێوان گەردیلەی کاربۆندا کە پێیان دەوترێت سێگما.و بۆندە دوانیەکانیش لە بۆندی سێگما و بۆندێکی تر کە پێی دەوترێت پای پێکدێن. و ئەو بۆندە دوانیەش ئەلکترۆنی هەیە کە دەخولێتەوە لە خولگە بەرزو نزمەکاندا لە حەلقەی گەریلەیەکی کاربۆنی پەیوەندیدار،بۆندەکانی پای پێکدێت لە خولگەی P ی گەردیلەی خواروو و سەرووی ئاستی حەلقەکە.**

**لەبەرئەوەی لەدەرەوەی ئاستی گەردیلەکاندایە،ئەو خولگانە دەشێت کارلێك بکەن لەگەلٚ یەکتردا بە سەربەستی، و جێگیر نابن،لە جیاتی ئەوەی پەیوەندیداربێت لەگەلٚ گەردیلەیەکی دیاریکراوی کاربۆندا،ئەوا هەر ئەلکترۆنێك بەشداری پێدەکرێت بەهەموو گەردیلە شەشیەکەی کاربۆن لە حەلقەکەدا، و ئەلکترۆنەکانیش هەلٚدەستێت بە بەهێزکردنی هەموو بۆندە هەبوەکان لە حەلقەکەدا،خولگەی گەردیلەی بەرهەمهاتوو هاوشێوەی پای دەبێت.**

**ناجێگیر بوونی ئەلکترۆنەکان بە ئەرۆماتی دەناسرێت،ئەمەش جێگیربوونێکی بەرز دەداتە بەنزین،کە ئەمەش سیفاتی سەرەکی پێکهاتە ئەرۆماتیەکانە کە جیای دەکاتەوە لە پێکهاتە نائەرۆماتیەکان.**

- **جێگرەوەکانی بەنزین**

**ژمارەیەکی زۆر لە توخمی کیمیاوی هەن کە لە بنچینەی بەنزینن،بەگۆڕینی گەردیلە یان زیاتری گەردیلەی هایدرۆجینی بە کۆمەلٚێکی چالاك،لەوانەش:**

- **جێگرەوە ئەلکیلیەکان(( ئەلکیل بەنزین ))**:-
- **تۆلۆوین** $C_6H_5\text{-}CH_3$
- **زایلین** $C_6H_4(\text{-}CH_3)_2$
- **میسیتلین** $C_6H_3(\text{-}CH_3)_3$
- **جێگرەوەکانی تر**:-
- **فینۆل**$C_6H_5\text{-}OH$
- **أنیلین**$C_6H_5\text{-}NH_2$
- **کلۆرۆ بنزین**$C_6H_5\text{-}Cl$
- **نیترۆ بنزین**$C_6H_5\text{-}NO_2$
- **ترشی بکریك**$C_6H_2(\text{-}OH)(\text{-}NO_2)_3$
- **ترائینیترۆ تۆلۆین**$C_6H_2(\text{-}CH_3)(\text{-}NO_2)_3$
- **ترشی بنزویك**$C_6H_5\text{-}COOH$
- **ترشی سالسیلیك**$C_6H_4(\text{-}OH)(\text{-}COOH)$
- **ترشی أسیتایل سالسیلیك** $C_6H_4(\text{-}O\text{-}C(=O)\text{-}CH_3)(\text{-}COOH)$

- **پاراسیتامۆل**($C_6H_4(-NH-C(=O)-CH_3)(-OH)$)
- **فیناسیتین**($C_6H_4(-NH-C(=O)-CH_3)(-O-CH_2-CH_3)$)
- **ئەرۆماتیە فرە حەلقەییەکان**
- نفثالين
- أنثراسين
- فينانثرين
- **إندول**
- **بنزۆفیوران**
- **کینۆلین**
- **أیزۆکینولین**
- **هایدرۆکاربۆنە ئەرۆماتیە فرە حەلقەکان**(PAH)
- **لە حەلقە ناڕێکە لە یەکچوەکان لە حەلقە ناڕێکەکاندا،کرداری گۆڕینی گەردیلە کاربۆنیەکان لە بەنزیندا دەکرێت بە توخمەکانی تر.**
- **بیریدین**
- **بیرازین**
- **بیریمیدین**
- **بیریدازین**
- **بەرهەمهێنانی بەنزین**

**بەنزین بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی سووتاندنی ناتەواو بۆ ئەو توخمانەی کە دەوڵەمەندن بە کاربۆن بەرهەم دێت،لەسروشتیشدا لە ئەنجامی تەقینەوەی گڕکان و سووتاندنی دارستانەکانەوە بەرهەم دێت،هەروەها لە دوکەڵی جگەرەشدا هەیە.هەتا جەنگی جیهانی دووەم،بەزۆری بەنزین دەستدەکەوت وەك بەرهەمێکی لاوەکی لە خەڵوزی کوکەوە لەکاتی بەرهەمهێنانی ئاسندا،بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستدا داواکاری لەسەر بەنزین زیادبوو، بەتایبەتیش لە پیشەسازی گەشەکردووی لەدائنەکاندا لەو سەردەمەدا.هەر ئەوەش بوە هۆی بەدواداگەڕان و دەرهێنانی بەنزین لەنەوتی خاو،لە ئێستادا زۆربەی بەنزین بەرهەم دێت لە پیشەسازیە پترۆکیمیاویەکانەوە،و هەندێکی کەمیش لە خەڵوزەوە. سێ کرداری هاوبەش هەیە کە بەشێوەیەکی یەکسان و پێکەوە دەچنە بەرهەمهێنانی بەنزینەوە:**

١. **کرداری دووبارە دروستکردنەوەی هاندەری:**

**لەم کردارەدا،تێکەڵەیەك لە هایدرۆکاربۆنەکان تێکەڵ دەکرێن کە خاڵی کوڵانیان لە نێوان ٦٠-٢٠٠پلەی سەدیدایە. لەگەڵ گازی هایدرۆجیندا،دواتر کلۆریدی پلاتین یان کلۆریدی ڕینیۆم وەك هۆکاری هاندەر زیاد دەکرێت لە پلەی گەرمی ٥٠٠-٥٢٥ پلەی سەدی و فشار لە نێوان ٨-٥٠ ئەتمۆسفێردایە و لە ژێر ئەم بارودۆخەدا،هایدرۆکاربۆنە ئەلیفاتیە حەلقەییەکان هایدرۆجینەکانیان ون دەکەن و دەبنە هایدرۆکاربۆناتی ئەرۆماتی.دواتر ئەم پێکهاتە ئەرۆماتیانە لەکارلێکەکە جیا دەکرێتەوە و بەجیاکردنەوەیان بەهەر توێنەرەوەیەك بێت وەك،دوانە ئەثیلی گلایکۆڵ یان سلفۆلان، دواتر بە نزینەکە جیادەکرێتەوە لە پێکهاتە ئەرۆماتیەکانی تر بەکرداری دڵۆپاندن.**

٢. **کرداری ئەلکەلەی هایدرۆجین بۆ تۆڵۆوین:**

**لەم کردارەدا تۆڵۆوین دەگۆڕێت بۆ بەنزین، تۆڵۆوین لەگەڵ هایدرۆجیندا تێکەڵ دەکرێت،دواتر بەسەر هۆکارێکی هاندەردا تێدەپەڕێنرێت وەك:کرۆم،مۆلیبیدینیۆم،یان ئۆکسیدی پلاتین لە پلەی گەرمی لە ٥٠٠-٦٠٠پلەی سەدی و**

فشاری ٤٠–٦٠ ئەتمۆسفێر و هەندێك جاریش پلەی گەرمی بەرز بەکاردێت لە جیاتی هۆکارە هاندەرەکان،لەژێر ئەم بارودۆخەدا کرداری لێکردنەوەی ئەلکەلە لە تۆلۆوین ڕوودەدات بەپێی ئەم هاوکێشەیە:

$$C_6H_5CH_3 + H_2 \rightarrow C_6H_6 + CH_4$$

کارلێکی نمونەیی دەتوانێت بەڕێژەی ٩٥٪ بەنزین لەبەرهەمەکان بەرهەم بهێنێت،هەندێك جاریش زایلین و ئەرۆماتیەکان کە لە تۆلۆوین بەرزترن کە هەمان چالاکی تۆلۆوینیان هەیە بەکاردێن.

**٣. شکاندنی هەڵمی:**

لەم کردارەدا ئەثیلین و ئۆلیفینەکانی تر بەکاردێت لەهایدرۆکاربۆنە ئەلیفاتیەکان،بەپشتبەستن لەسەر جۆری توخمە خاوە بەکارهاتوەکان کرداری شکاندنی بەهەڵم دەتوانێت شلەیەك بەرهەم بهێنێت کە دەوڵەمەندە بە بەنزین وەك بەرهەمێکی لاوەکی کە پێی دەوترێت بەنزینی شیبوەوەی گەرمی،و دەتوانرێت ئەم بەنزینە تێکەڵ بکرێت،دەتوانرێت تێکەڵەکە لە هایدرۆکاربۆنەکان بێت، و دەشتوانرێت بدڵۆپێنرێت بۆ پێکهاتەکانی و لەوانەش بەنزین.

- **بەکارهێنانەکانی بەنزین**

پێش ساڵی ١٩٢٠ بەنزین وەك توێنەرەوەیەکی پیشەسازی بەکاردەهات،بۆ لابردنی چەوری لە توخمەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ژەهراوی بونی بەرزە،بۆیە گۆڕدرا بە جۆری تر لە توێنەرەکان لەو بەکارهێنانەدا کە توشبون بەبەنزین ڕوویدەدا.

وەك توخمێکیش زیاد دەکرێت بۆ سووتەمەنی شل(( بەنزینی بەکارهاتوو وەك سووتەمەنی))، حەلقەی بەنزین دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ژمارەی ئۆکتان و کەمبونەوەی لێدانی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان، بەنزین وەك سووتەمەنی بە زۆری ڕێژەیەکی جیاواز لە بەنزینی حەلەقی تیادایە، ئەمە لە پێش قۆناغی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو بوو،دواتر بەنزینی حەلەقی گۆڕدرا بۆ تێترا ئەثیلی ڕەصاص کە یەکێکە لە باشترین هۆکارەکانی دژە لێدانی مەکینە،بەشێوەیەکی گشتی و بەهۆی ڕووکردنە کەمکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕەصاص لە سووتەمەنیدا لە جیهاندا،بەنزینی حەلەقی بۆتە یەکێك لەو پێکهاتانەی کە لە هەندێك وڵاتدا بەکار دەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتان،لە ئەمریکادا دوودڵیەك هەیە دەربارەی ئەو سووتەمەنیەی کە بەنزینی حەلەقی تیادایە،بەهۆی ڕۆچونیەوە بۆ ناو ئاوی ژێر زەوی،و ڕێوشوێنی زۆر توند هەیە بۆ بەکارهێنانی بەنزینی حەلەقی و نابێت ڕێژەکەی ١٪ زیاتر بێت لە بەنزینی سووتەمەنیدا.


1-2. بنزين السيارات الحاوي على الرصاص Leaded Gasoline

| Grade | Regular أعتيادي | الدرجة |
|---|---|---|
| Appearance | Clear& Bright | المظهر |
| Distilled @ 100 °C %V(min) | 30 | المقطر عند 100م° حجم % (ادنى) |
| Distilled @ 145°C %V (min) | 70 | المقطر عند 145م° حجم % (ادنى) |
| Final Boiling Point °C (max) | 210 | نقطة الغليان النهائيه م° (اقصى) |
| Color | Yellow | اللون |
| Octane No. (Research).(min) | 85 | رقم الاوكتان (البحث) (ادنى) |
| Sulfur Content (wppm)(max) | 100 | المحتوى الكبريتي (جزء بالمليون وزناً) (اقصى) |
| Existent Gum (mg/100m1)(max) | 4.0 | الصمغ الموجود (ملغم /100 مللتر) (اقصى) |
| Doctor Test | Neg | فحص الدكتور |
| Copper strip Corrosion (@50°C/3h) | 1 | تآكل شريط النحاس(عند 50 م° /3 ساعات) |
| Lead Content (g pb/l) (max) | 0.15 | محتوى الرصاص(غم/ لتر) (اقصى) |
| Benzene Content %V(max) | 1.6 | محتوى البنزين % حجم (أقصى) |
| Aromatics Content%V(max) | 35 | محتوى العطريات % حجم (أقصى) |
| Olefines Content%V(max) | 18 | محتوى الاوليفينات % حجم (أقصى) |
| R.V.P (kg/cm2) @ 37.8 °C | (s) 0.45-0.62<br>(w) 0.5 - 0.84 | الضغط البخاري (ريد) بدرجة 37,8 م° (كغم/ سم2) |
| Density (g/ cm3) @ 15 °C (min) | 0.710 | الكثافه (غم/سم3) عند 15ه م (أدنى) |
| Oxidation stability,Inducation period (minute)(min) | 360 | ثبوتية التأكسد (دقيقه) (أدنى) |
| Oxygen Content % wt(max) | 1.3 | محتوى الاوكسجين % وزناً (اقصى) |

**مواصفاتی بەنزین کە ڕەصاصی تیادا بێت**

بەشێوەیەکی گشتی بەنزین دادەنرێت بە توخمێکی ناوەندی بۆ بەرهەمهێنانی توخمی کیمیاوی تر،زۆرترین توخمیش کە بەرهەم دێت لە بەنزینەوە بریتیە لە توخمی ستیرین،کە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی پۆلیمەرەکان و لەدائنەکان،فینۆڵیش یەکێکە لە بەرهەمەکانی بەنزین کە بەکاردێت بۆ دروستکردنی ڕاتنجەکان و توخمە

لکاوەکان.هێکسانی حەلەقی لە بەرهەمهێنانی نایلۆندا بەکاردێت، بڕێکی کەم لە بەنزین بەکاردێت لە دروستکردنی مەتاتدا، چەورکەرەکان، بۆیەکان، پاکژکرەوەکان،دەرمان،تەقینەوەکان،لەناوبەری مێرووەکان.



2-2 بنزين السيارات الخالي من الرصاص Unleaded Gasoline

| Grade | Super سوبر | Premium ممتاز | الدرجة |
|---|---|---|---|
| Appearance | Clear& Bright | Clear&Bright | المظهر |
| Distilled @ 100 °C %V(min) | 30 | 30 | [illegible] |
| Distilled @ 145 °C %V(min) | 70 | 70 | [illegible] |
| Final Boiling Point °C (max) | 210 | 210 | [illegible] |
| Color | Red | Blue | اللون |
| Octane No. (Research) (min) | 95 | 90 | [illegible] |
| Sulfur Content (w ppm)(max) | 10 | 10 | [illegible] |
| Existant Gum (mg/100m1)(max) | 4.0 | 4.0 | [illegible] |
| Doctor Test | Neg | Neg | فحص الدكتور |
| Copper strip Corrosion (@50°C/3h) | 1 | 1 | [illegible] |
| Lead Content (g pb /l) (max) | 0.005 | 0.005 | [illegible] |
| Benzene Content %V(max) | 1.0 | 1.0 | [illegible] |
| Aromatics Content% V(max) | 35 | 35 | [illegible] |
| Olfines Content%V(max) | 18 | 18 | [illegible] |
| R.V.P (kg/cm2) @ 37.8 °C | (s) 0.45-0.62<br>(w) 0.5 - 0.84 | (s) 0.45-0.62<br>(w) 0.5 - 0.84 | [illegible] |
| Density (g/ cm3) @ 15°C (min) | 0.710 | 0.710 | [illegible] |
| Oxidation stability Inducation period (minute)(min) | 360 | 360 | [illegible] |
| Oxygen Content % wt(max) | 1.3 | 1.3 | [illegible] |


ملاحظة

[illegible]

مواصفاتی بەنزین کە ڕەصاصی تیادا نەبێت

- **ژمارەی ئۆکتان**

ژمارەی ئۆکتان بریتیە لە پێوەری توانای بەنزین بۆ بەرگریکردنی سووتاندنی خێرا(( لێدانی مەکینە))،ئەو ژمارەیەش دەپێورێت بەڕێژەی تێکەڵەیەک لە٢و٢و٤-سیانە مەثیلی پێنتان(( یەکێکە لە ئایزۆمەرەکان)) : ئۆکتان و( N-Heptan) ، بۆ نمونە:گەر ژمارەی ئۆکتان بریتی بێت لە ٨٧ ئۆکتان بەواتای ئەوە دێت کە ئەو بەنزینە توانای ئیشکردنی هەیە بە ڕێژەی تێکەڵەی ٨٧٪ ئایزۆ ئۆکتان و ١٣٪ N-Heptan.ئەم سیستەمەش لەلایەن(( ڕۆسل مارکەرە))وە کاری پێکرا.



٣- مواسەفاتی بەنزین لە جۆری سوپەر

(تایبەتە بە بەنزینی بەنزینخانەکان و بەنزینی هاووردە کراو)

| Specification | Units | Limits Min | Max | |
|---|---|---|---|---|
| RON | - | 95 | - | |
| MON | - | 85 | - | |
| Lead content | mg/l | 0 | 0 | |
| Density @ 15°C | kg/m³ | 720 | 775 | |
| Sulphur content | ppm | - | 50 | |
| Oxidation stability | minutes | 360 | - | |
| Existent Gum content | mg/100 ml | - | 4 | |
| Copper corrosion | 3hr @ 50°C | Class 1 | | |
| Appearance | | Clear and bright | | |
| Olefin content | % v/v | - | 18 | |
| Aromatics content | % v/v | - | 35 | |
| Benzene content | % v/v | - | 1.0 | |
| MTBE | % v/v | - | 10 | |
| MMT, as manganese | Mg/L | - | 2 | |
| Oxygen content | % m/m | - | 2.7 | |
| Vapour pressure | Kpa | (S) 45<br>(W) 49 | 60<br>83 | |
| Final boiling point | °C | - | 210 | |

مواصفاتی بەنزین لە جۆری سوپەر

پێکهاتەی ئایزۆئۆکتان دادەنرێت بەوەی کە بەرگری زوو سووتاندن دەکات لە مەکینەی ئۆتۆمبێلدا،لەکاتێکدا N-Heptan زوو گردەگرێت لەکاتی پرۆسەی پەستانی سووتەمەنی لە سلندەری مەکینەدا.لەبەرئەوە تێکەڵەیەک لە سووتەمەنی بەکاردێت بەشێوەیەک کە دوو جۆر لەخۆ دەگرێت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کاتی گڕگرتن و دوورکەوتنەوە لە گڕگرتنی خۆیی خێرا،سلندەری مەکینەکانیش مۆمی گڕگرتن لەخۆدەگرن بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کاتی گڕگرتن،بەمەش گەورەترین قازانج لە سووتەمەنی و ڕۆیشتنی دروست دەکرێت،لە مەکینەی بەنزیندا پەستێنەر لەکاتی گەڕانەوەیدا لەسلندەردا تێکەڵەی سووتەمەنی و هەوا ڕادەکێشێت و دواتر گڕدەگرن بەهۆی بوونی پڕیشکی ئاگر لە مۆمی گڕگرتنەوە،بەڵام لەم سەردەمەدا هەندێك جۆری مەکینە تاقیدەکرێتەوە کە بە بێ بوونی مۆمی گڕگرتن

کاردەکەن و لە سلندەردا بەهۆی پەستاندنەوە گرگرتن ڕوو دەدات،چونکە بەرزبونەوەی پەستانی سووتەمەنیەکە لە مەکینەدا دەبێتە هۆی گرگرتنی تێکەڵەی سووتەمەنی و هەواکە بەپێی یاساکانی داینەمیکی گەرمی.زۆر جۆر هەیە لەو تێکەلأنە،هەریەکەشیان پشت دەبەستێتە سەر جۆری مەکینەکە،ڕێگەنادرێت بە بەکارهێنانی سووتەمەنیەك کە دروستکەری ئۆتۆمبێلەکە ڕێگەی پێنەدابێت،چونکە بەکارهێنانی سووتەمەنیەکی تر دەبێتە هۆی لەناوبردن و زیانگەیاندن بە مەکینەکان.

- **کارلێکەکانی بەنزین**

١. جێگرتنەوەی ئەرۆماتی داواکار بۆ ئەلکترۆنەکان:

گۆڕین یان جێگرتنەوەی ئەرۆماتی کە خواستی بۆ ئەلکترۆن هەیە بریتیە لە ڕێگایەکی گشتی بۆ گۆڕین لە حەلەقە ئەرۆماتیەکاندا وەك بەنزین،بەنزین حەزی بە ناوکەکانە بە ڕێگایەکی پێویست چونکە کرداری گۆڕین ڕوودەدات لەکاتی بونی توخمێك کە خواستی بۆ ئەلکترۆن هەیە وەك ئایۆناتی ئەسیلیۆم یان ئەلکیلی کاتیۆناتی کاربۆن،کارلێکەکە تەواو دەبێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا جێگرەوەی بەنزین بدات بە دەستەوە.

٢. کرداری ئەسیلی فریدڵ کرافتس:


بریتیە لە نمونەیەکی دیاریکراو بۆ گۆڕینی ئەرۆماتی کە حەزی بە ئەلکترۆنە، کارلێکەکە ئەسیلە حەلقەیی ئەرۆماتی(وەك بەنزین) لەخۆدەگرێت بەهۆی ئەسیل کلۆرایدەوە،بەبەکارهێنانی هۆکارێکی هاندەری بەهێز وەك ترشی لویس.

٣. کرداری ئەلکەنەی فریدڵ کرافتس:

بریتیە لە نمونەیەکی دیاریکراو بۆ گۆڕینی ئەرۆماتی کە حەزی بە ئەلکترۆنە،ئەم کارلێکەش ئەلکەنەکردنی حەلقەی ئەرۆماتی (وەك بەنزین) لەخۆدەگرێت بەهۆی هالۆئەلکانەوە،بە بەکارهێنانی هۆکارێکی هاندەری بەهێز وەك ترشی لویس.

**********************

- **تۆلۆوین** $C_6H_5-CH_3$




توخمێکی ئەندامی توێنەرەوەیە،ڕەنگی نیە،بۆنێکی تایبەتی هەیە،لەهایدرۆکاربۆناتە ئەرۆماتیەکانە، و توانای گرگرتنی هەیە.

لەڕووی کیمیاویەوە وەك جێگرێکی بەنزینی ژەهراوی بەکاردێت،زیاد دەکرێت بۆ سووتەمەنی،وەکو ناوەندگیرێکیش بەکاردێت بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پێکهاتەکان وەك داو ودەرمان و بۆیە و پاکژکەرەوەکان و بۆن و تەقەمەنیەکان و ڕاتنجە جیاوازەکان.

ناوە زانستیەکەی بەپێی ڕێکخراوی IUPAC بریتیە لە مەثیلی بەنزین Methyl Benzen ،شلەیەکی بێڕەنگە و سەر بە بەنزینە.و پێشی دەوترێت بەنزینی مەثیلی،تۆلۆوین سەر بە کۆمەڵەیەك لە پێکهاتەکانە کە پێیان دەوترێت هایدرۆکاربۆناتی ئەرۆماتی( عەتری). و شێوازی کیمیاویەکەی بریتیە لە $C_6H_5-CH_3$ ، گەردی تۆلۆوین ٦ گەردیلەی کاربۆنی بەشێوەی حەلەقی و ٥ گەردیلە هایدرۆجین لە خۆدەگرێت.لەگەڵ کۆمەڵەی مەثیل $CH_3$.

- **بەرهەمهێنانی تۆلۆوین و بەکارهێنانەکانی:**

تۆلۆوین بەرهەمدەهێنرێت بە چارەسەری نەوت یان دڵۆپاندنی قەترانی خەڵوزی بەردی، کیمیاویەکانیش تۆلۆوین وەك توخمێکی خاو بەکاردێنن بۆ بەرهەمهێنانی توخمی کیمیاوی تر،بۆ نمونە: ترشی بەنزویکی لێدروست دەکەن، و ترشی بەنزویك بەکاردێنن وەك توخمێکی پارێزەر لە کەرەسە خۆراکیەکان و خواردنەوەکان و کەرەسە جوانکاریەکاندا.

هەروەها پاکژکەرەوەی ناسراو بە کلۆرامین T بەهەمان شێوە لە تۆلۆیون دروستکراوە،بەڵام بەرهەمهێنەرانی تەقەمەنیەکان تۆلۆوین بەکاردێنن لە دروستکردنی سێیەم نتراتی تۆلۆوین کە ناسراوە بەناوی ((تی ئێن تی T.N.T)).هەروەها دروستکەری توخمە چەورکەرەکان تۆلۆوین وەك توێنەرەوە بەکاردێنن(وارنیش).هەروەها تۆلۆوین دەچێتە دروستکردنی زۆرێك لە بۆیە و بۆنەکانیشەوە. سیستەمە تەندروستیەکان لە هەندێك ولاتدا مەرجی ئەوە دەسەپێنن بەسەر پیشەسازکارەکاندا کە بڕی تۆلۆوین لەهەوادا کەمبکەنەوە کە کرێکارەکان هەڵیدەمژن. بەزۆری بەرکەوتن بە تۆلۆوین دەبێتە هۆی لەناوبردنی پێست و چاو و کۆئەندامی دەماری ناوەندی. و دەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆئەندامی هەناسە و دڵ تێکەڵهاتن و هیلاکی لە لەشدا و لەش داهێزران و لەچڕی خەستدا لەوانەیە ببێتە هۆی مردنیش لەهەندێك حاڵەتدا.

کێشی گەردی:٩٢,١٤


چڕی:٠,٨٦٦ گم/سم سێجا

پلەی تواندنەوە:٩٢ پلەی سەدی

پلەی کولاَن: ١١١ پلەی سەدی

************************

- **زایلین** C٨H١٠ - ٢CH٣ Xylen




لەڕووی زانستیەوە پێشی دەوترێت دوانەی مەثیل بەنزین،و بە ڕۆنی تەختەش دەناسرێت،شلەیەکی هایدرۆکاربۆنیە و توانای گرگرتنی هەیە و بەکاردێت وەك توێنەرەوە و توخمێکی سەرەتاییە لە پیشەسازیەکانی بۆیەکان و توخمە تەقەمەنیەکاندا،تیایدا هەردوو کۆمەڵەی مەثیل جێگەی دوو گەردیلە هایدرۆجین دەگرنەوە کە پەیوەستەبە حەلقەی بەنزینەوە.

بارستەی گەردی : ١٠٦,١٦ گرام/ مۆڵ

چڕی : ٨٥٧ کگم/مەتر سێجا

سەرچاوە:

======

- پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٦٣ لە زستانی ٢٠١٨دا بلاَوکراوەتەوە.

## چۆن پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستاندا ببوژێنینەوە ؟*

• سەرجەم وڵاتان بەگەورە و بچوکیانەوە ،بەدەوڵەمەند و هەژاریانەوە،لەسیستەمی حوکمڕانی تاکڕەویدا بێت یان دیموکراسیدا بێت،گەر بیەوێت وڵات بەرەو پێشەوە بەرێت و دۆخی ئابوری و بازرگانی گەشەپێبدات و ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی بەرزبکاتەوە و خۆشگوزەرانیان بۆ دابینبکات،گەر بیەوێت دیاردە زیانبەخش و کوشندەکانی ناو کۆمەڵگا کەمبکاتەوە یان بنەبڕیان بکات لە هەژاری و دواکەوتویی و بێکاری وڕێژەی تاوان و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی وهەڵاوسان ..هتد. ئەوا پێویستە هەوڵبدات لە پاڵ داهات و بودجەی گشتی وڵاتدا بگەڕێت بەدوای هێنانە ناوەوەی سەرمایەی بیانی بۆ ناو وڵات بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشت و تەواوکار و هاوکاری حکومەت و دەسەڵاتە نیشتیمانیەکان،چونکە لەدونیای سەردەمدا هیچ دەسەڵات و حوکمڕانیەك بەتەنها و بێ هاوکاری و یارمەتی سەرمایەی دەرەکی و وەبەرهێنان ناتوانێت ڕابگات بە دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی وڵات و هاوڵاتیانیدا و ناتوانێت تەواوی سێکتەر و بوارەکانی ژیان و پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات فەراهەم بکات،هەربۆیە پێویستی بەیارمەتی و کۆمەکی دەرەکی دەبێت و ئەم کارەش هیچ نەنگی و کەموکورتی نیە و وڵاتانی پێشکەوتوو و زلهێزیش پەنایان بۆ بردوە ،نمونەی وڵاتانیش زۆرن لەو بوارەدا هەر لە زلهێزەکانەوە وەك ئەمریکا و ڕوسیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیاو ...هتد . تادەگاتە وڵاتە گەشە سەندوەکانی وەکو هندستان و چین و وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا و ..هتد.

• **لەلایەك** وەك پرۆسەی وەبەرهێنان و ڕاکێشان و هێنانەناوەوەی سەرمایەی دەرەکی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژە ستراتیژیەکانەوە کە پێویستیان بەسەرمایەی گەورە هەیە لەگشت بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەوت و گەشتوگوزاری و نیشتەجێبوون..هتد. ئەوە بە کارئاسانیکردن دەبێت بۆ خاوەن سەرمایە و کۆمپانیاکان**لەڕێگەی** :

١. دابینکردنی کەشوهەوایەکی سیاسی و ئابوری جێگیر لەوڵاتدا چونکە بەبێ ئەم دۆخە هیچ سەرمایە و سەرمایەدارێك بوێری ئەوە نەکات کە مەترسی بخاتە سەر داهات و سەرمایەکەی وەك دەڵێن ((سەرمایە ترسنۆکە))بۆیە پێویستە وڵات و دۆخی سیاسی جێگیر بێت و دووربێت لە شەڕ و جەنگ و ململانێکان،ئەوەتا دەبینین هەر وڵاتێك کە شەڕ و جەنگ و ناکۆکی دەرەکی یان ناوخۆیی تیادا بێت سەرمایە ڕووی تێناکات و بگرە بەجێشیدەهێڵێت.

٢. هاندان و کارئاسنیکردنە بۆ سەرمایەدار و کۆمپانیاکان بەوەی کە یاسا و ڕێسای گونجاو ومۆدێرنیان بۆ دەربکات و زەوی و خزمەتگوزاری پرۆژەکانی بۆ دابین بکات ئەگەر بەنرخی ڕەمزیش بێت ولەباجی گومرکی و ڕسومات بیانبەخشێت و لەهێنانە ناوەوەی ئامێر و کەل و پەلەکانیاندا هاوکار و کارئاسانیان بۆ بکات.دەکرێت کوردستان سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی ناوچەکە و دونیا وەربگرێت لەو بوارەدا بە گونجاندنیان لەگەڵ هەرلومەرجی کوردستاندا.

٣. لەکۆتایی پرۆژەکانیشدا لەڕێگەی ڕێکەوتن و تێگەیشتنی هەردوولاوە دەتوانرێت کە خاوەندارێتی پرۆژەکان بگەڕێتەوە بۆ حکومەت دوای تەواوبونی ماوەی کەڵك وەرگرتنی پرۆژەکە لەلایەن وەبەرهێنەکەوە لەڕێگەی ((موساتەحەوە)) بێت یان دیاریکردنی چەند ساڵێك لەداهات و قازانجی پرۆژەکە یان پێدانی ئیمتیازاتی تر.

بەم شێوەیە دەکرێت هانی وەبەرهێنەرەکان بدرێت وکار و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی جێبەجێبکەن و وڵات و ئابوری وڵاتیش گەشە پێبدەن.

• **لەلایەکی تریشەوە** پێویستە حکومەتەکان و دەسەڵاتە نیشتیمانیەکانیش بۆخۆیان لە بودجەی گشتی وڵات بەشێکی زۆری داهاتەکانیان تەرخان بکەن بۆ پرۆسەی بونیاتنانەوە و بوژاندنەوەی سەرجەم کەرتەکانی ژیان و هەوڵی دروستکردن و پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری وڵات بدەن و بتوانن زۆرترین ئەو پرۆژانە جێبەجێبکەن کە پێویستیان بەسەرمایەی زۆر گەورە نیە و لەتوانای حکومەتەکان خۆیاندایە. بۆ ئەم کارەش پێویستە حکومەت پلانی زانستی و کردارەکی خۆی هەبێت و بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پرۆژەکان لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا جێبەجێبکات دوور لە ئینتیمای حیزبایەتی و بەسیاسەتکردنی ئەو بوارە و لەسەر پێداویستی و تایبەتمەندی ناوچەکانیش پرۆژەکان جێبەجێبکات لەڕووی بوونی کەرەسە خاوەکان و هەرزانی دەستی کار و بوونی شارەزاو پسپۆڕ لەناوچەکاندا.ئەم جۆرە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە ناودەبرێت بە

((بەڵێندەرایەتی)) و حکومەت لەڕێگەی کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە و بە پارە و بودجەی خۆی پڕۆژەکان جێبەجێدەکات بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە قازانج و دواتریش کۆی پڕۆژەکە دەبێتە موڵکی حکومەت و خاوەندارێتیەکەی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

لەم پێناوەشدا هەردوو کەرتی وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتیش پێویستە هاوکار و کارئاسانی تەواویان بۆبکرێت لەلایەن حکومەتەکانەوە و هەردوو وەبەرهێن و بەڵێندەرانیش بە هاوکار و تەواوکەری خۆی بزانێت نەك نەیار و ناحەز ،هەربۆیە چۆن حکومەتەکان دەبێت لەبونی پڕۆژەکاندا قازانج بکەن بە پێشکەوتن و بوژاندنەوەو وگەشەی ئابوری و ژێرخانی خۆی ئاوهاش دەبێت وەبەرهێن و بەڵێندەرەکانیش قازانج بکەن.هەردووکلایان بریتین لە دوو جەمسەری تەواوکەری هاوکێشەی ئابوری و بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

- **بۆیە پێویستە** و ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە چیدی خۆی نەبەستێتەوە بە سیاسەتی ئابوری داخراو و مەرکەزی بەڵکو هەوڵی کرانەوەی سەرجەم دەرگاکان بدات بەڕووی وەبەرهێنە ناوخۆیی و بیانیەکاندا و بتوانێت هەلومەرجی سیاسی گونجاو ولەبار دابینبکات بۆ هاندانیان بۆ هاتنە ناوەوەی وڵات،گەر وانەکات ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ وڵات بەرەو دواکەوتویی و هەژاری و بێکاری و وێرانبوون هەنگاو دەنێت،ئەم پڕۆسەیەش بۆخۆی دوولایەنەیە و دەکرێت بەباش یان خراپ ڕەنگدانەوەی هەبێت بەسەر ئایندەی وڵاتدا،ئەم جۆرە پلان و پڕۆسە گەورانەش دەبێت دووربێت لەدیاردەی گەندەڵی و شەراکەتکردن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا و قۆرخکاری و پاوانکردنی تەواوی سێکتەرەکان لەلایەن دەسەلاَتدار و دەستڕۆیشتوەکانەوە و دەبێت لە وڵاتدا یاسا سەروەر بێت و ڕێگە بەهیچ کەس و گروپێك نەدرێت بۆ قازانجی خۆیان دەسەلاَتەکانیان وەگەڕ بخەن.و ببنە مەترسی بۆ سەر وەبەرهێن و بەڵێندەرەکانیش،کەبەداخەوە ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا باوەو و زیانی گەورەی گەیاندوە بە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ترساندنی وەبەرهێنەکان وهەلاَتنیان لە کوردستان.

- **لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت،کە ئایا لەماوەی ساڵانی ڕابووردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆسەیەکی وەبەرهێنانی سەرکەوتووی ئەنجامداوە؟ئایا بە مانای وشە وەبەرهێنی ڕاستەقینە و بەهێز و خاوەن سەرمایەی گەورەمان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان هێناوە؟ ئایا ئەو پڕۆژە بەناو وەبەرهێنانەی کە ئەنجامدراون لە ئاست خواست و ویستی هاولاَتیاندا بوون؟ ئایا گەندەڵی و مەحسوبیەت ڕۆڵیان نەبوە لە پێدانی پڕۆژەکاندا؟ ئایا بە پێی پلانی پێشوەختە پڕۆژەکان دانراون لەناوچە جیاوازەکاندا؟ و دەیان پرسیاری تریش..**

وەلاَمی هەموانیان بەداخەوە نەخێرە ،چونکە ئەنجامی ئەو پڕۆژانە لەگەڵ ئەو بودجە زەبەلاحەی ساڵانی نێوان ٢٠٠٨ – ٢٠١٤دا،نەتوانراوە کار و پڕۆژەی وەبەرهێنی گەورە لە هیچ کەرت و سێکتەرێکدا جێبەجێبکرێت کە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبێت بۆ ئاینده.جگە لەهەندێك پڕۆژە کە بەپەنجەی دەستێك دەژمێردرێن.

حکومەت و دەسەلاَتدارەکان دەبێت شانبەشانی ئەم پڕۆسە ستراتیژی و گەورەیە تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تریش گەشە پێبدات و پێشیان بخات لە کەرتی دارایی و بانکی و کارگێڕی و ..هتد.چونکە ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی سەرمایە گەورەکان لەنێوان وڵاتاندا پێویستی بە سیستەمێکی بانکی و دارایی گەشەکردو و پێشکەوتوو هەیە نەك وەك ئەو سیستەمەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە و پیادە دەکرێت.

- **لەکۆتاییدا** ڕێگەی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وڵات زۆر ڕوون و ئاشکرایە ،گەر نیەتی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە هەبێت بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی ،بەو هیوایەی ئاشتی و ئارامی لە وڵاتماندا بەرقەرار بێت و حکومەتیش بتوانێت بە ئەرك و کارەکانی خۆی هەڵبستێت و بتوانێت کۆمەڵگای کوردەواری لەهەموو ناوچەکاندا بەرەو پێش ببات و ببوژێنێتەوە و پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەش باڵبکێشێت بەسەر تەواوی جومگە و ئۆرگانەکانی ژیان و گوزەرانی هاولاَتیاندا و وڵاتمان ببێتە نمونەیەکی گەشی ئاوەدانی و پێشکەوتن لەناوچەکەدا هەروەك وڵاتانی تری دونیا و ناوچەکە کە چەندە بچوکن بەقەوارە و ژمارەی دانیشتوان بەڵام گەورە و کاریگەرن بەهۆی ئیدارە و ئاوەدانی و گەشەو پێشکەوتنە بێوێنەکانیانەوە لەڕووی ئابوریەوە ،وەکو وڵاتانی ئیمارات و سەنگافورا و مالیزیا و تایوان و تەنانەت یابانیش.بەهیوای ئەوەی ئەو ڕۆژانە نزیك بێت هەموان بەچاوی خۆمان کوردستانێکی ئاوەدان و پێشکەوتوو ببینین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی شەنپرێس و وتاری کورد وسپی میدیا و ئاوێنە و گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە٦٤لە بەهاری ٢٠١٨ وڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە٧٥٨ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/٧دا بلاَوکراوەتەوە.

## ئەفسوس بۆ
## سەردەمی زێڕینی ئاوەدانی و پڕۆژە ئەندازیاریەکان *

- بەداخەوە ئەوە ماوەی ٤ ساڵ زیاترە کە لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی یەك پڕۆژەی ئەندازیاری بچوك و گەورە و ستراتیژی و ئاوەدانی و ژێرخانی ئابوری جێبەجێنەکراون و بگرە نزیکەی ٢٠٠٠ پڕۆژەش لەکاروەستاون،بەهۆی لەلایەك قەیرانی دارایی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بێ پلانی و نەبوونی کەسانی شیاوی خاوەن ئەزمون و شارەزایی و ئیداری سەرکەوتوو لە ئۆرگان و پۆستە حکومیەکاندا لە سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتەکان و فەرمانگەکاندا.بەلاّم کەمترین باسوخواس و ڕەخنەشیان ئاڕاستە دەکرێت.بەبەراوورد بەو ڕەخنەو گلەییانەی کە ئاڕاستەی سەردەم و قۆناغەکانی ساڵانی ٢٠٠٤ تا٢٠١٠ ی دووئیدارەیی و کابینەی یەکەمی حکومەتی یەکگرتوو دەکراو لەهەموولایەکەوە ناو وناتۆرەی قێزەونی گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنوسبیەت و ...هتد. دەخرانە پاڵ سەرۆکی حکومەت و وەزیر و خوار ئەوانیش، لەکاتێکدا لەو سەردەمانەدا بەهێندەی ساڵانی ٢٠١٠ بەدواوە بودجە وداهاتی نەوت لەبەردەستدا نەبوون ، بەلاّم توانراوە کە کۆمەڵێك پڕۆژەی گەورە و بچوك و ستراتیژی جێبەجێبکرێن لە هەرێم بەگشتی و لە پارێزگای سلێمانی بە کەرکوکیشەوە کە دەتوانرێت بوترێت لەگەڵ ئەوەی دووئیدارەیی بوو بەلاّم لەئەنجامی کێبڕکێیەکی شەریفانە توانرا کە خزمەتێکی گەورە بە سەرجەم ناوچەکان بکرێت و بە قۆناغی زێڕین و گەشاوەی حوکمڕانی هەرێم دابنرێت.
- ئاشکراشە کە هیمەت و خەمخۆری و شارەزایی ودڵسۆزی کەسە یەکەمەکان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لە جێبەجێکردن و بڕیارداندا لە هەموو ئۆرگان و دامودەزگایەکدا، ئاشکراشە لەو سەردەمەدا لە ناوچەی سلێمانی ئەندازیاری بەڕێز((**عمر فتاح**)) سەرۆکی حکومەت بوە و وەك ئەندازیارێکی خاوەن ئەزمون و ئیداریەکی سەرکەوتوو توانیویەتی کۆمەڵێك پڕۆژەی گەورە و گرنگ بە ئەنجام بگەیەنێت کە لە ئێستادا بونەتە شاکار و شاری سلێمانی و دەوروبەریان ڕازاندۆتەوە ، گەلێك کار و پڕۆژەی زۆر و زەوەندی ئەندازیاریانە جێبەجێکراون بەلاّم مشتێك نمونەی خەرواریکە :
- دروستکردنی ڕێگای دوکان –سلێمانی/ سایدی دووەم
- دروستکردنی کۆگای ساردەکەرەوە و بەستن بۆ پاراستنی خواردەمەنی لە ڕێگای دوکان.
- یارمەتیدانی زانکۆی ئەمریکی
- دروستکردنی زانکۆی سلێمانی نوێ لە باخی بەختیاری
- دروستکردنی بینای خانەی داد لە سلێمانی
- دروستکردنی بینای سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
- دروستکردنی نەخۆشخانەی شار
- دروستکردنی تونێڵی ئەزمەڕ
- دروستکردنی بینای ئاوی(( سلێمانی –ڕانیە–کۆیە–قەلاّدزێ–هەڵەبجە–شارەزوور))
- دروستکردنی ٤٠٠ نەخۆشخانە و قوتابخانە لەناوچەکانی ئیدارەی ئەو کاتی سلێمانی
- دروستکردنی یاریگای بازیان
- دروستکردنی وێسگەی کارەبای چەمچەماڵ
- دروستکردنی وێسگەی کارەبای تاسڵوجە
- یارمەتیدانی دروستکردنی یانەی کۆمەلاّیەتی تەلار
- دروستکردنی بینای نوێی پارێزگای سلێمانی

- تەواوکردنی هۆڵی تەلاری هونەر
- تەواوکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانی
- دروستکردنی ٥٠٠٠ خانوو لە کەرکوك
- دروستکردنی هۆڵی ڕۆشنبیری لە کەرکوك
- دروستکردنی ٢٠٠ خانوو لە گوندی بەشیر لە کەرکوك
- دروستکردنی خانووی کەسوکاری ئەنفال لە چەمچەماڵ و کەلار و خانووی شەهیدان لە هەولێر و کەلار و دهۆك
- دروستکردنی یاریگای بەردە قارەمان
- دروستکردنی بینای ماڵی مەلیك مەحمود لە داری کەلی
- دروستکردنی بەشێکی مزگەوتی خانەقای سلێمانی
- دروستکردنی بەشێکی سێ پردی(( دووڕیانی سەرچنار و د. خەسرە و خاڵ و شەهید ڕۆوف بەگ))لە سلێمانی
- دروستکردنی هۆڵی یانەی پێشمەرگەی وەرزشی
- دروستکردنی بەنداوی باوە شاسوار لە کفری
- بەم شێوەیە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم نمونەی کۆمەڵە پرۆژانەوە لەو سەردەمەدا شاری سلێمانی بۆتە ئەو

شارە جوان و ڕازاوەیەی کە گەر قۆناغەکانی دواتریش بەو گوڕوتین و خەمخۆریەوە خزمەتی سلێمانیان بکردایە ئەوا دەهێندەی تر سلێمانی جوانتر و ئاوەدانتر دەبوو..

بۆیە گەر دوو ئیدارەیی بەو هەموو قێزەونی و ناشیرینیەوە زیانێکی گەورەی سیاسی لەهەرێمەکەمان دابێت، بەڵام کێبڕکێییەکی شەریفانەی ئاوەدانی کوردستانی لێکەوتەوە، خۆزگە ناخوازین بە دوو ئیدارەیی بەڵام گەر بەو شێوەیەش بەقازانج بگەڕێتەوە لە ڕووی ئابوری و ئاوەدانیەوە،ئەوا زیانی نیە گەر ئەو ئەزموونە دووبارە بکەینەوە، بۆئەوەی ئەو هەموو داهاتی نەوتەی کە ئێستا لەبەردەستدایە بخرایەتە خزمەتی زیاتری ئاوەدانی و جێبەجێکردنی پڕۆژە ئەندازیاریەکانەوەو جارێکی تریش ئەو سەردەم و قۆناغە زێڕینەمان دووبارە بکردایەتەوە. کە هەموو چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی سوودمەندبوون لێیان لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و خەڵکانی کەم دەرامەت و کرێنشین و کرێکار و جوتیار و تەکنیککار و ئەندازیار و مامۆستا و ...هتد.لە دهۆك و زاخۆوە تا خانەقین و کەرکوك و دوزخورماتوو.بەڵام دوای ئەو سەردەمە زێرینە لەگەڵ بوونی داهاتی زۆروزەوەندی نەوت بەڵام چارەکی کاروپڕۆژەی گشتی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری جێبەجێنەکراون،ئاشکرایە بوونی داهات و بودجە گرنگی و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پڕۆژەکان و خۆشگوزەرانی هاوڵاتی و وڵاتیش ،بەڵام لەو گرنگتر بوونی پلان و ئیدارەیەکی تۆکمە و سەرکەوتوو و کەسانی شارەزا و پسپۆڕە،بۆیە لە ئێستادا پێویستمان بەو جۆرە کەسە خەمخۆر ودڵسۆز و بە ئەزمونانەیە کە دووربن لە گەندەڵی و شاردنەوەی سەروەت سامانی گەل و نیشتیمان. چونکە دوای ٤ ساڵ لە بڕینی بەشە بودجە و ئەنجامنەدانی پڕۆژە ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان لەسەرجەم بوارەکاندا،ئەوەی هەشبوە زیانی بەرکەوتوە و و پێویستی بە چاکسازی و نۆژەنکردنەوە هەیە،بۆیە لانی کەم پێویستمان بە ١٠ ساڵی ئاینده دەبێت بۆ ئەوەی دەستبکەینەوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی نوێ ،ئەوەش لەکاتێکدا دۆخی سیاسی و ئابوری جێگیر بێت و قەیرانی داراییش کۆتایی هاتبێت،بەپێچەوانەوە وڵاتمان بەرەو دۆخی نەخوازراوتر هەنگاو دەنێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی pukmediaوڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٠٤ لە ٢٠١٨/٧/٣وگۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٦لە بەهاری ٢٠١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## میثانۆڵ (( كهولی تەختە ))..جۆرێك لە سووتەمەنی*

- **پێشەكیەكی مێژوویی:**

میثانۆڵ لە پرۆسەی تەحنیتكردندا كە لەلایەن میسریە كۆنەكانەوە ئەنجامدراوە بەكارهێنراوە، بەشێوەیەك بۆ یەكەم جار میثانۆڵی خاوێن دەرهێنرا لە ساڵی ١٦٦١ ز لەلایەن رۆبەرت بۆیل كە ناویلێنا (( گیانی تەختە یان كهولی تەختە)).

- **پێناسەی میثانۆڵ:** كهولی مەثیلی (( میثانۆڵ CH٣ OH)) پێكهاتەیەكی هایدرۆكاربۆنیە پێكدێت لە گەردیلەی كاربۆن و هایدرۆجین و ئۆكسجین كە پۆلێن دەكرێت لە كهولەكان ،شێوازە گشتیەكەی CH٣ OH هەروەها پێشی دەوترێت كهولی تەختەیی بەهۆی توانای ئامادەكردنیەوە لە دڵۆپاندنی پێكەوەیی تەختە،یان سووتاندنی تەختە و دڵۆپاندنی بە جیاكردنەوەی لە هەوا.بەشێوەیەك میثانۆڵ دادەنرێت بەو توخمەی كە دەچێتە پێكهێنانی زۆرێك لە پێكهاتە كیمیاویەكانەوە و ئەو بەرهەمانەشی كە رۆژانە بەكاردێن،ودەشتوانرێت بۆ زۆر مەبەست بەكاربێت لەوانەش لە پیشەسازیدا.

- **كارلێكە كیمیاویەكانی میثانۆڵ:**

میثانۆڵ كارلێك دەكات لەگەڵ توخمی كیمیاوی تردا لەوانەش:

**١.كارلێكی ئۆكسیدەكان:**

لەئەنجامی كارلێكی ئۆكسیدەبوونی كهولی مەثیلیەوە توخمی میثاناڵ فۆرمهاڵدیهاید بەرهەمدێت كە دادەنرێت بە پێكهاتەیەكی گرنگ لە پیشەسازی لەدائنەكاندا(( پلاستیك))، وەك توخمێكی رێگریشە بۆ داخورانی كانزاكان،هەروەها دەچێتە پیشەسازی داودەرمانیشەوە...هتد.

**٢.كارلێكی میثانۆڵ لەگەڵ یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن:**

لەئەنجامی ئەم كارلێكەوە ترشی سركە پێكدێت،كە بەكاردێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەسپرین،توخمی یاریدەدەر لە پیشەسازی كاغەزدا،سركەی سلیلۆز كە بەكاردێت لە پیشەسازی ریشاڵەكاندا...هتد.

**٣. كارلێكی میثانۆڵ لەگەڵ كلۆریدی هایدرۆجیندا:**

لەو كارلێكەوە توخمی كلۆریدی مەثیل بەرهەم دێت،كە بەكاردێت لە پیشەسازی سلیكۆندا،سەرەڕای پیشەسازی مەتاتی بیوتیل...هتد.بەپێی ئەم هاوكێشەیەی لای خوارەوە:

$$CH^{٣}OH + HCl \rightarrow CH^{٣}Cl + H^{٢}O$$

**٤. كارلێكی میثانۆڵ لەگەڵ ئامۆنیادا:**

توخمی ئەمیناتی میثانۆڵ بەرهەم دێت لە ئەنجامی كارلێكەكەیانەوە،بەكاردێت بۆ لەناوبەری مێروەكان و لە كاری پێستە خۆشكردنیشدا بەكاردێت،...هتد.

**٥. كارلێكی میثانۆڵ لەگەڵ ئایزۆ بیوتیلین دا:**

لەئەنجامی ئەم كارلێكەشەوە سیانە مەثیلی بیوتیلی ئیثەر بەرهەم دێت، وەك توێنەرەوە بەكاردێت لەگەڵ پیشەسازیە پترۆكیمیاویەكانیشدا و ...هتد.

**٦. كارلێكی میثانۆڵ لەگەڵ زایلینی ئۆكسێنراو:**

لەم كارلێكەوە توخمی دوانە مەثیلی ترافثالیت بەرهەم دێت كە دەچێتە بەرهەمهێنانی ریشاڵەكانی پۆلی ئەستەرەكانەوە، و پیشەسازی قوتوی خواردنەوە و خواردنەوەكانیشەوە و ...هتد.

**پیشەسازی میثانۆڵ:**

دوو رێگە هەیە بۆ بەرهەمهێنانی:

١.**رێگای تاقیگەیی:** لەتاقیگەدا دەتوانرێت میثانۆڵ ئامادەبكرێت لە رێگەی كارلێكی نێوان كلۆر مەثیل و هایدرۆكسیدی صۆدیۆم بەپێی ئەم هاوكێشەیەی لای خوارەوە:

$CH_3Cl + NaOH \longrightarrow CH_3OH + NaCl$

٢.**ڕێگای پیشەسازی** : میثانۆڵ دروستدەکرێت لە گازی تەشییدەوە لەساڵی ١٩٢٣ بەهەمان ڕێگای ئەمڕۆ کە بەرهەم دەهێنرێت ،قۆناغەکانی بەرهەمهێنانیشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

- **قۆناغی پالأفتەکردنی غازی سروشتی لە پێکهاتەکانی کبریت و کلۆر:** لەم ڕێگەیەدا دەتوانرێت پێکهاتەی گۆگردی هەبوو دەربکرێت لەگەڵ میثان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کاربۆنی چالاك.
- **قۆناغی دروستکردنی کیمیاوی بۆ غازی سروشتی:** لەڕێگەی گەرمکردنی میثانەوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو و دواتر تێپەڕکردنی تێکەڵەکە بەسەر هۆکارێکی یارمەتیدەردا وەك نیکل،بوونی پێکهاتە گۆگردیەکە دەبێتە هۆی ژەهراویبوونی هۆکارە یارمەتیدەرەکە و دواتر کەمکردنەوە یان نەهێشتنی چالاکیەکەی، کارلێکەکە لە پلەی گەرمی نزیکەی ٨٠٠پلەی سەدیدا دەبێت و تیایدا میثان دەگۆڕێت بۆ یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و هایدرۆجین((غازی تەشیید)).
- **غازی تەشیید:** بریتیە لە تێکەڵەیەکی غازی لە یەکەم ئۆکسیدی کابۆن و هایدرۆجین و بەرهەم دێت لە ڕێگەی کارلێکی غازی سروشتی لەگەڵ هەڵمی ئاو لەڕێگەی دوو کارلێکەوە:

١. **پرۆسەی هەموارکردنەوە بە هەڵمی ئاو:** ئەم کارلێکە هاندەرە، کە هاندەری تیادا بەکاردێت وەك ئۆکسیدی نیکل.

٢.**کرداری ئۆکسیدەبوونی گەردیی:** ئەم کارلێکە بەتازەتر دادەنرێت لە پرۆسەی هەموارکردن بە هەڵمی ئاو،بەڵام ئەوەی کۆتاییان زیاتر بلأوترە تا ئێستا،بلأوبونەوەی ئۆکسیدەبوونی گەردیی زیاتر بلأوبۆوە دوای ئەوەی ئۆکسید بەرهەمهێنانی هەرزانتر بوو لە ئێستادا.

- **بەرهەمهێنانی** میثا**نۆڵی خام لە کورەی بەرهەمهێنانی** میثا**نۆڵدا**.
- **قۆناغی دڵۆپاندن و پالأفتەکردنی** میثا**نۆڵی خام و گەیشتن بە بەرهەمی کۆتایی بە پێی پێوەرە جیهانیەکان**.

بەم شێوەیە بەرهەمی کۆتایی کورەکە بریتیە لە ٥-٢٠٪ تەنها میثانۆڵ،چونکە کارلێکەکە تەنها بەیەك ئاڕاستە و بەهێواشی بەردەوام دەبێت.دوای ساردکردنەوە و نزمکردنەوەی پەستان میثانۆڵە شلەکە لادەبرێت و دەپاڵێورێت بە دڵۆپاندن،تەنها غازی تەشیدی کارلێکنەکردوو دەمێنێتەوە کە بۆ جارێکی تر دەگەڕێنرێتەوە بۆ ناو کورەکە.

- **گواستنەوە و دابەشکردنی** میثا**نۆڵ:**

لەهەموو هەنگاوێکی هۆکارەکانی گواستنەوە و دابەشکردندا، میثانۆڵ پێویستە هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەشێوەیەکی سەلامەت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کە ڕووبەڕووی مرۆڤەکان و ژینگەش دەبێتەوە و بۆ پارێزگاریکردنیش لە هۆکانی گواستنەوەش (( وشکانی یان دەریایی)) بۆ زۆربەی میثانۆڵەکان کە زۆر بەربلأون لە جیهاندا.

- **بەکارهێنانەکانی** میثا**نۆڵ:**

میثانۆڵ لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت لەوانە:

١. وەکو توخمێکی خام بەکاردێت لە زۆربەی پیشەسازیە کیمیاویەکاندا وەك پیشەسازی فۆرماڵدیهاید و ترشی خەلیك.
٢. پیشەسازی داودەرمانی پزیشکی.
٣. پیشەسازی لەدائنەکان((پلاستیك)).
٤. جێبەجێکردنەکان لە خانەکانی سووتەمەنیدا،کە پشت دەبەستێتە سەر هەڵوەشاندنی میثانۆڵ بۆ بەرهەمهێنانی وزە.
٥. توێنەرەوەیەکی باشە بۆ هەندێك توخمی ئەندامی.
٦. بەکاریشدەهێنرێت بۆ پرژاندن بە ڕووی دەرەوەی فرۆکەکاندا بۆ لابردنی زوقم لەسەری ،چونکە میثانۆڵ لەناو سەهۆڵەکەدا دەتوێتەوە((ئاو)) و دەبێتە هۆی دابەزینی پلەی بەستنی گیراوەکە((توانەوەی سەهۆڵ)).

٧. وەك سووتەمەنی خاوێنی بەرزیش بەکاردێت بۆ هەندێك ئامێر،ئۆتۆمبێل و لە ماڵانیشدا.

- **کاریگەریەکانی میثانۆڵ لەسەر لاشەی مرۆڤ:**

میثانۆڵ بۆخۆی ژەهراوی نیە،بەڵام بەهۆی کارلێکردنیەوە لەگەڵ هەندێك توخمی تردا دەگۆڕێت بۆ توخمێکی زۆر ژەهراوی وەکو فۆرماڵدیهاید بەشێوەیەك ٣٣ جار ئەوەندەی میثانۆڵ ژەهراویترە و فۆرماڵدیهایدیش بە خێرایی دەگۆڕێت بۆ ترشی نەملیك لەماوەی ٣ خولەکدا،میثانۆڵ زۆر بە ئاسانی لەلایەن کۆئەندامی هەرسەوە هەڵدەمژرێت بەشێوەیەك دەگاتە بەرزترین تێکڕایی لە خوێندا لەماوەی نیو یان کاتژمێرێکدا، دەوەستێتە سەر بوون یان نەبوونی خۆراك لەناو گەدەدا، و دەبێتە هۆی ڕوودانی ژەهراویبوون لەماوەی نێوان ٦ کاتژمێر بۆ ٣ ڕۆژ و لەو ماوەیەشدا کەسەکە هیچ کاریگەریەکی ژەهراویبوونی لەسەر دەرناکەوێت.

کاریگەری ژەهراویبونی میثانۆڵ لە لاشەی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ فۆرماڵدیهاید و ترشی فۆرمیك بەهۆی ئەنزیمی لابەری هایدرۆجینی کهولەکەوە لە جگەردا،بەهۆی کۆبونەوە و نیشتنی بەرهەمە سەربەخۆ ژەهراویەکانی میثانۆڵەوە بەرپرسە لە دەرکەوتنی نیشانەکان و کاریگەریەکانی ژەهراویبوون. و گرنگترین ئەو بەرهەمانەش فۆرماڵدیهایدە کە کاریگەری لەناوبردنی هەیە لەسەر زۆربەی خانەکانی لاشە و بەتایبەتیش تۆڕی چاو و دەمارەکانی بینین،و هەروەهاش دەبێتە هۆی دڵەکزێش بەهۆی ترشی فۆرمیکەوە.لەبەرئەوە کاریگەری ژەهراویبون بە میثانۆڵ دوای ١٢-١٤ کاتژمێر دەردەکەوێت لەوەرگرتنی لەسەر شێوەی سەرئێشە و گێژبوون و دڵتێکەڵهاتن و ئازاری زۆر توند لە سك و پشتدا ئەمەش بەهۆی هەوکردنی پەنکریاسەوە،هەروەها کاریگەری لەسەر کۆئەندامی ناوەندی دەماریش دەردەکەوێت و تەنگە نەفەسیش ڕوودەدات،لە نیشانە جێگیرەکانی ژەهراویبوون بە میثانۆڵ تێکچوونی بینینە.میثانۆڵ نزیکەی دە هێندەی ئیثانۆڵ ژەهراویترە.

- **کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە :**

میثانۆڵ دادەنرێت بە یەکێك لە پیسکەرەکانی ژینگە،ئەو بە ئاسانی شیدەبێتەوە لە ئاو و خاکدا،بە خەستی زۆریش کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوی شیرین و سوێریش کە کاردەکاتە سەر ژیانی دەریایی بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە دراوسێی بەتاڵکردنەوەن،بە شێوەیەکی ئاسایش میثانۆڵ دەبێتە هەڵم لەکاتێکدا لەبەر هەوا بەجێدەهێڵرێت،لەگەڵ هەوادا کارلێك دەکات و فۆرماڵدیهاید دروست دەکات کە ئەویش دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا،هەروەها دەشتوانێت لەگەڵ زۆرێك لە توخمە کیمیاویەکاندا کارلێك بکات کە لەهەوادان یان دەمژرێن لە ئاوی باراناوەوە،میثانۆڵ دەتوانرێت بە ئاسانی خۆی لێڕزگار بکرێت بەهۆی ئەو زیندەوەرانەی کە لەناو ئاو و خاکدا هەن و لەسەر میثانۆڵ دەژین.

پرۆسەی دروستکردنی میثانۆڵ تائێستا زۆر گران دەوەستێت و تێچووی بەرزە، لە ئێستادا توێژینەوەکان بەردەوامن بۆ گەڕان بەدوای هاندەرێکدا کە ڕێگە بدات بە گۆڕانی میثان ڕاستەوخۆ بۆ میثانۆڵ بەبێ ئەوەی کارلێکەکە بگەڕێتەوە، تائێستا ئومێدەکان ڕاوەستاون لەسەر وەدیهاتنی پێشکەوتن لەو بوارەدا.

سەرچاوە:

======

- پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەکانی ٧٦١٤ و٧٦٢٠ لە ٢٠١٨/٨/١٥و گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٦٥لە هاوینی ٢٠١٨دا لە بلاَوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ هەردوو ڕا پۆرتی ووردبینیکردنی کۆمپانیای دیلۆیت، بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان *

- لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠١٦/١٠/١٦دا ،ڕێگەدرا بە کۆمپانیای دیلۆیت بۆ ووردبینیکردنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و بەکاربردن وفرۆشتن وخەرجی و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان.بۆ ئەو مەبەستەش گرێبەستێکیان لەگەڵدا واژۆ کردن، بەمەبەستی دەرخستن و شەفافکردنی ئەو پڕۆسە گرنگە لەهەرێمی کوردستاندا،کە زۆرترین ڕەخنە و گلەیی لەسەر دروست بوە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بە سەربەخۆیانە و بێ گەڕانەوە بۆ بەغداد لە مانگی ٢٠١٤/٥وە.
- بەو مەبەستە کۆمپانیای (( دیلۆیت Deloitte و Eernst و Young)) بۆ ووردبینی و ڕاوێژکاری. هەستاوە بە کاری ووردبینی کردنی ئەو پڕۆسەیە لەساڵی ٢٠١٧دا و دوای نزیکەی ١ ساڵ و٢ مانگ .
- یەکەم ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێکەوتی ١٣ کانونی دووەمی ٢٠١٨دا بڵاوکردەوە.
- ئەنجامی ووردبینی بۆ ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ واتە لە ١/١ تا ٢٠١٧/٦/٣٠.. بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوە:

١. کۆی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی(( بۆری وتانکەر و بۆ پاڵاوگەکانی ناوخۆ و بۆ بەرهەمهێنەران وبۆ بەکارهێنانی ناوخۆش )) بریتیە لە ١١٠٨٥٢٢٧٦ بەرمیل نەوتی خاو.
٢. کۆی بڕی نەوتی فرۆشراو بە بۆری بریتیە لە ٩٥٩٣٧١٠٧ بەرمیل نەوتی خاو.
٣. کۆی داهاتی ئەو بڕە نەوتە بە بۆری بریتیە لە ٣٩٦١٩٥١٠٩٥ دۆلاری ئەمریکی.
٤. تێکڕای نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتی بوە لە ٤١٢٩٧ دۆلاری ئەمریکی.
٥. نەوتی فرۆشراو بە تانکەر بریتی بوە لە ٤٢٣٠٧٩٠ بەرمیل.
٦. کۆی داهاتەکەی بریتی بوە لە ١٠٧٦٨٣٢٤٢ دۆلاری ئەمریکی.
٧. تێکڕای نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتی بووە لە ٢٥٤٥٢ دۆلاری ئەمریکی.
٨. کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو بە ((بۆری و تانکەر)) بریتی بوە لە٤٠٦٩٦٣٤٣٣٧ دۆلاری ئەمریکی.
٩. کۆی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بریتی بوە لە ٢٠٧٦١٠٢٥٤٢ دۆلاری ئەمریکی.
١٠. پارەی وەرگیراوی تر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێش وەختە بریتی بوە لە ١٢٥٢١٠٨٥٧٧ دۆلاری ئەمریکی.
١١. واتە حکومەتی هەرێم بە کۆی گشتی بڕی ٣٣٢٨٢١١١١٩ دۆلاری ئەمریکی وەرگرتوە و بۆتە داهات.
١٢. خەرجیەکان:

- جوڵەی نقدی کڕیاران بریتی بوە لە ٥١٣١٧٩٢٩١ دۆلار.
- سوود و تێچووی دیکە لەلایەن کڕیارانەوە بریتی بوە لە ١٦٧٨٦٣٨٧ دۆلار.
- پارەدان بە بەرهەمهێنەرانی نەوت((کۆمپانیاکان)) بریتی بوە لە ٥٦٨٨١٨٢٣٩ دۆلار.
- بڕی تێچووی خزمەتگوزاریەکان بریتی بووە لە ٦٩٢٥٣٣٠٠٦ دۆلار.
- پارەدان بە پارێزگای کەرکوك ((پترۆ دۆلار)) بریتی بوە لە ٦٢٠٠٠٠٠٠ دۆلار.
- پارەدان بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی داموزدەزگاکان بریتی بوە لە ٥٠١٦١٩٤٠ دۆلار.
- پارەدان بە کۆمپانیای دانە غاز بریتی بوە لە ٩٠٠٥٢٩٣٢ دۆلار.
- کۆی گشتی ئەم خەرجیانە بریتیە لە ١٩٩٣٥٣١٧٩٥ دۆلاری ئەمریکی.
- بڕی پارە و داهاتی صافی کە حکومەتی هەرێم وەریگرتوە و بۆی ماوەتەوە بریتیە لە:

- ٤٠٦٩٦٣٤٣٣٧ دۆلار

_

- ١٩٩٣٥٣١٧٩٥ دۆلار

---

- ٢٠٧٦١٠٢٥٤٢ دۆلاری ئەمریکی.(( دوو ملیار و حەفتا وشەش ملیۆن وسەدو دوو هەزار پێنج سەد و دوو دۆلاری ئەمریکی)).

- ئەنجامی ووردبینی بۆ ٦ مانگی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ واتە لە ٧/١ تا ٢٠١٧/١٢/٣١..لە ٢٠١٨/٧/٣١دا بڵاوکردۆتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوە:

١.کۆی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی (( بۆری و تانکەر و بۆ پاڵاوگەکانی ناوخۆ و بۆ بەرهەمهێنەران و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆش))بریتیە لە ٩٠٩٩٧٩١٤ بەرمیل نەوتی خاو.

٢.کۆی بڕی نەوتی فرۆشراو بە بۆری بریتیە لە ٨٠٨٣٥٨٨١ بەرمیل نەوتی خاو.

٣.کۆی داهاتی ئەو بڕە نەوتە بە بۆری بریتیە لە ٣٦٤٨٥٩٢٤٠٦ دۆلاری ئەمریکی.

٤.تێکڕای نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتی بوە لە ٤٤٥٨٤ دۆلاری ئەمریکی.

٥.نەوتی فرۆشراو بە تانکەر بریتی بوە لە ٥١٤٤٧٢٩ بەرمیل.

٦.کۆی داهاتەکەی بریتی بوە لە ٢٠٥١٨٥٤٥١ دۆلاری ئەمریکی.

٧.تێکڕای نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتی بووە لە ٣٩٨٨٣ دۆلاری ئەمریکی.

٨.کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو بە ((بۆری و تانکەر)) بریتی بوە لە ٣٨٥٣٧٧٧٨٥٧ دۆلاری ئەمریکی.

٩. کۆی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بریتی بوە لە ١٨١٥٤١٠٦٦٩ دۆلاری ئەمریکی.

١٠.پارەی وەرگیراوی تر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێش وەختە بریتی بوە لە ١٨٣٨٢٥٣٣٣ دۆلاری ئەمریکی.

١١. واتە حکومەتی هەرێم بە کۆی گشتی بڕی ١٩٩٩٢٣٦٠٠٢ دۆلاری ئەمریکی وەرگرتوە و بۆتە داهات.

١٢. خەرجیەکان:

- جوڵەی نقدی کڕیاران بریتی بوە لە ١٢١٢٠٠٧٠٦ دۆلار.
- سوود و تێچووی دیکە لەلایەن کڕیارانەوە بریتی بوە لە ٩١٢٢٨١٣٦ دۆلار.
- پارەدان بە بەرهەمهێنەرانی نەوت((کۆمپانیاکان)) بریتی بوە لە ٦٢٤٩٩٨٤٧٢ دۆلار.
- بڕی تێچووی خزمەتگوزاریەکان بریتی بووە لە ٦٣٨١٧٨٦٤٧ دۆلار.
- پارەدان بە پارێزگای کەرکوك ((پترۆ دۆلار)) بریتی بوە لە ٣٠٠٠٠٠٠٠ دۆلار.
- پارەدان بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی داموزدەزگاکان بریتی بوە لە ١٤٥٩٢١٠٠ دۆلار.
- پارەدان بۆ چارەسەری ناکۆکی بریتی بوە لە ٥١٨١٦٩١٢٧ دۆلار.
- کۆی گشتی ئەم خەرجیانە بریتیە لە ٢٠٣٨٣٦٧١٨٨ دۆلاری ئەمریکی.
- بڕی پارە و داهاتی صافی کە حکومەتی هەرێم وەریگرتوە و و بۆی ماوەتەوە بریتیە لە:
- ٣٨٥٣٧٧٧٨٥٧ دۆلار

_

- ٢٠٣٨٣٦٧١٨٨ دۆلار

---

- ١٨١٥٤١٠٦٦٩ دۆلاری ئەمریکی.(( یەك ملیار و هەشت سەد و پانزە ملیۆن وچوار سەدو دە هەزار شەش سەد و شەست و نۆ دۆلاری ئەمریکی)).

- **تێبینیەکان لەسەر هەردوو ڕاپۆرتەکە :**

**١. ڕاپۆرتی ٦ مانگی دووەم زانیاری زیاتری تیادایە.**

**٢. بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای دیلۆیت،دەبێت کاری ووردبینی بۆ ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ش بکات.بەڵام ئەو کارەیان نەکردوە و ڕاستەوخۆ لەساڵی ٢٠١٧وە دەستیان پێکردوە.**

**٣. لە باسی هەناردەکردنی نەوت بە بۆری و بە تانکەر تەنها لەڕێگەی تورکیاوە باس دەکات،بەهیچ شێوەیەك باس لە ڕێگەی ئێر ان ناکات کە ڕۆژانە بە سەدان تانکەر نەوتی خاو دەفرۆشرێت.**

**٤.تێکڕای نرخی ١ بەرمیل نەوت لە ٦ مانگی یەکەمدا بە بۆری بە ٤١,٢٩٧ دۆلار و بەتانکەر ٢٥,٤٥٢ دۆلار کە بڕی ١٥,٨٤٥ دۆلار جیاوازیان هەیە . لە ٦مانگی دووەمیشدا نرخی ١ بەرمیل نەوتی خاو بە بۆری بە ٤٤,٥٨٤ دۆلار و بە تانکەر ٣٩,٨٨٣ دۆلارە کە جیاوازیان تەنها ٤,٧٠١ دۆلارە.کە ئەم جیاوازیانە جێگەی پرسیار و گومانن.**

**٥. لە ٦ مانگی یەکەمدا،حکومەتی هەرێم بڕی ((٢٠٧٦١٠٢٥٤٢)) دۆلار داهاتی صافی بۆ ماوەتەوە و خەرجیەکانیش بریتی بوە لە ((١٩٩٣٥٣١٧٩٥))دۆلار.**

**٦. لە ٦مانگی دووەمدا،حکومەتی هەرێم بڕی (( ١٨١٥٤١٠٦٦٩)) دۆلار داهاتی صافی بۆ ماوەتەوە و خەرجیەکانیشی بریتی بوە لە ((٢٠٣٨٣٦٧١٨٨)) دۆلار.**

**٧. کۆی داهاتی حکومەتی هەرێم لەتەواوی ساڵی ٢٠١٧دا تەنها لەنەوتی هەناردەکراو بەبۆری و بە تانکەر بریتی بوە لە (( ٣٨٩١٥١٣٢١١)) دۆلار.**

**٨. لە ٦ مانگی یەکەمی ٢٠١٧ حکومەتی هەرێم بڕی ((١٢٥٢١٠٨٥٧٧)) ملیار دۆلاری پێشەکی لە کۆمپانیاکان وەرگرتوە و بۆتە داهات. و لە ٦ مانگی دووەمی ٢٠١٧شدا بەهەمان شێوە بڕی ((١٨٣٨٢٥٣٣٣)) ملیۆن دۆلاری وەرگرتوە و بۆتە داهات. واتە تەواوی ساڵەکە بڕی ((١٤٣٥٩٣٣٩١٠)) دۆلار پێشەکی وەرگرتوە.**

**٩. بەم شێوەیە کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو و پارەی پێشەکی وەرگیراو لە تەواوی ساڵی ٢٠١٧ بریتیە لە ((٥٣٢٧٤٤٧١٢١)) دۆلار.ئەمە بێجگە لە داهاتی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان کە مانگانە بریتیە لە ((١٥٠ ملیۆن دۆلار)) و داهاتی ناوخۆش لە ((گومرك و باجەکان و فرۆکەخانەکان و ...هتد)) مانگانە بریتیە لە ((١٥٠)) ملیار دینار.**

**١٠. خۆ ئەگەر ئەم هەموو داهاتانە کۆبکەینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

- **٥٣٢٧٤٤٧١٢١ دۆلار کە گەر نرخی ١٠٠ دۆلار بریتی بێت لە ١٢٠٠٠٠ دینار ئەوا دەکاتە ((٦٣٩٢٩٣٦٥٤٥٢٠٠)) دیناری عێراقی.**
- **١٥٠٠٠٠٠٠٠ دۆلار داهاتی بەرهەمە نەوتیەکان*١٢ مانگ یەکسانە ((١٨٠٠٠٠٠٠٠٠ ))دۆلار کە بەرامبەر (( ٢١٦٠٠٠٠٠٠٠٠٠)) دیناری عێراقیە.**
- **١٥٠ملیار دینار داهاتی ناوخۆ لە ١ ساڵدا یەکسانە بە(( ١٨٠٠٠٠٠٠٠٠)) دیناری عێراقی.**
- **کۆی گشتی صافی داهاتەکان یەکسانە بە ((١٠٣٥٢٩٣٦٥٤٥٢٠٠)) تریلیۆن دیناری عێراقیە.**

**١١. کۆی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم بۆ (( مووچە و خەرجی دامودەزگاکان))لەساڵی ٢٠١٧ بریتیە لە :**

- **مانگانە بڕی ٦٢٠ملیار دینار* ١٢ مانگ یەکسانە بە (( ٧٤٤٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠)) تریلیۆن دینار.**

**١٢.پارەی ماوە بریتیە لە ((٢٩١٢٩٣٦٥٤٥٢٠٠)) تریلیۆن دینار.**

**١٣.کۆی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم لە تەواوی ساڵی ٢٠١٧دا کە لەداهاتی نەوت فرۆشتن دەرچوە بریتیە لە :**

- **٢٠٣٨٣٦٧١٨٨ ملیار دۆلار ٦ مانگی یەکەم.**
- **١٩٩٣٥٣١٧٩٥ ملیار دۆلار ٦ مانگی دووەم.**
- **کۆی خەرجیەکان بریتیە لە(( ٤٠٣١٨٩٨٩٣٨ )) ملیار دۆلار.**

١٤.حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا کۆمەڵێك خەرجی کردوە،بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە ئەم بڕە خەرجیانەی لای خوارەوەیە:

- قەرزی کۆمپانیاکان ١١٩٣٨١٦٧١١ ملیار دۆلار.
- پترۆ دۆلار بۆ کەرکوك ٩٢٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار.
- کۆمپانیای دانە غاز ٩٠٠٥٢٩٣٢ ملیۆن دۆلار.
- پارە بۆ چارەسەری ناکۆکی((دادگا)) ٥١٨١٦٩١٢٧ ملیۆن دۆلار.

١٥.لە راپۆرتی ٦ مانگی دووەمدا بە ئاشکرا دەرکەوتوە کە فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٧/١٠/١٦وە کەمیان کردوە،چونکە فرۆشتنی نەوتی کەرکوك نەماوە.

١٦.باس لە شیرینی وەرگرتنی گرێبەستەکان نەکراوە کە وەرگیراون و چۆن خەرجکراون،چونکە نە لەداهات و نە لە خەرجیەکاندا دەرنەکەوتوون.

١٧.دەبوو ئەم کۆمپانیایە،لەسەرەتای دەستپێکی نەوت دەرهێنان و فرۆشتنیەوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە ووردبینی هەموو ساڵەکانی بکردایە،چونکە لەساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠١٢ نزیکەی ٤٢ گرێبەستی نەوتی کراوە لەگەڵ زیاد لە ٢٥ کۆمپانیای بیانی جۆراوجۆردا.لە ٥٠ بلۆکی نەوتیدا.

١٨.حکومەتی هەرێم دەیتوانی بەو داهاتانە،موچەی تەواوی فەرمانبەران بدات نەك ((١٢))چارەکە مووچە.

- لەکۆتایدا، ئەوەی لەو دوو ڕاپۆرتەدا نوسراوە،لەزۆر شوێندا دیاریکراوە کە ((نمونە)) وەرگیراوە،ئاشکراشە هیچ کات نمونە ژمارەی ڕاستەقینە دەرناخات بەڵکو نزیکییە.
- بۆیە ئەم ڕاپۆرتانە تەنها بریتین لە ڕێکخستنەوەی ژمارەکان بەدڵی حکومەتی هەرێم و زۆرێك لە گومانەکان وەڵام ناداتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاڕاستە وئەنجومەنی ناوەند و وتاری کورد و pukmediaوسپی میدیا و ستانداردکورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٧دا بلاْوکراوەتەوە.

## داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم . .لەنێوان شەفافیەت و شاردنەوەدا*

- ئاشكرایە هەر كات داهات و خەرجیەكانی هەر حكومەت و دەوڵەتێك ئاشكرا و ڕوون بوون،ئەوا هیچ كات ڕەخنە و گلەیی ئاڕاستە ناكرێت و بەپێچەوانەشەوە كاتێك دەسەڵاتداران و دەستڕۆیشتوانی ئەو وڵات و كۆمەڵگایانە هەوڵیاندا كە داهات و سەروەت و سامانی وڵاتەكانیان بشارنەوە و خەرجیەكانیش دوور لە یاسای ساڵانەی بودجە و بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی حیزب و سەركردە و بنەماڵەكان خەرج بكەن و بیخەنە خزمەت خۆدەوڵەمەندكردن و هەژاركردنی كۆمەڵگا و جەماوەری گەلەكانیانەوە، ئەوا بەدڵنیای ڕەخنەی توند و گومان لە تەواوی پڕۆسەكە دەگیرێت و دروست دەبێت .بۆیە هەق وایە لە سیستەمە حوكمڕانیە دیموكراسیەكاندا هەموو سیاسەت و ئیدارە و بەڕێوەبردنەكان تا ئەو ئاستە شەفاف و ڕوون بن كە هیچ گومان و پرسیارێك هەڵنەگرن و لەهەمان كاتیشدا نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە ئاسایشی وڵات.بەم شێوەیە حومكڕانیەكی ساغڵەم و تەندروست دێتە كایەوە و هەموانیش هەست بە بوون و پارێزراوی سەروەت و سامانی خۆیان و وڵاتیش دەكەن.بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی كوردستانی بەناو دیموكراسیدا ئەم ڕاستیانە پێچەوانە بونەتەوە و سەروەت و سامانی وڵات هیچ كەس زانیاریان لە بارەیەوە نازانێت و ناشزانرێت چۆن خەرج دەكرێنەوە، بەپێچەوانەشەوە لە دەوڵەتی عێراقدا تاڕادەیەكی باش هەموو زانیاریەكان لەبەردەستان.
- ئەوەتا عێراق لە مانگی ٢٠١٨/٩دا بڕی((١٠٦٧٩٥٠٢٢)) بەرمیل نەوتی لە كێڵگەكانی بەسرە و باشوری عێراقەوە جگە لە كێڵگەكانی نەوتی كەركوك فرۆشتوە و بڕی داهاتەكەشی بریتیە لە(( ٧٩١٢٥٧١٠٠٠)) دۆلار و تێكڕای هەناردەی ڕۆژانە بریتی بوە لە ((٣٥٦٠٠٠٠)) بەرمیل نەوت و هەر ١ بەرمیل نەوتیش فرۆشراوە بە تێكڕای ((٧٤٫٠٩١)) دۆلار.
- بەڵام لەهەرێمی كوردستاندا ٣ ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ڕاپۆرتی مانگانەی فرۆشتنی نەوت بڵاوناكاتەوە و هیچ كەس نازانێت چەند نەوت دەفرۆشێت و داهاتەكەی چەندە و چیشی لێدەكرێت؟

ئەوەی ئاشكرا بوو دوای ڕیفراندۆم كە ڕۆژنە هەرێمی كوردستان تەنها(( ٣٦٠٠٠٠ )) بەرمیل نەوت دەفرۆشێت چونكە نەوتی كێڵگەكانی ((ئاڤانا و بای حەسن لە كەركوك )) گەڕایەوە بۆ كۆمپانیای نەوتی باكور و ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقی.

بۆیە لە ئێستادا دەتوانرێت بوترێت ڕۆژانە بڕی(( ٤٠٠٠٠٠ )) بەرمیل نەوت دەفرۆشرێت

گەر نرخی ١ بەرمیل نەوت بە(( ٧٠ ))دۆلاریش دابنرێت كە ڕەنگە زیاتریش بێت چونكە ماوەی ١٠ مانگە نرخی نەوت لە بازاڕەكانی جیهاندا بەرزبۆتەوە و لە ئێستادا گەیشتۆتە(( ٨٤ دۆلار)).

بۆیە:

لە مانگێكدا ٣٠ ڕۆژ*٤٠٠٠٠٠ بەرمیل= ١٢٠٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت.

نرخەكەی ١٢٠٠٠٠٠٠*٧٠ دۆلار= ٨٤٠٠٠٠٠٠٠ دۆلار.

لە ساڵێكدا ٨٤٠٠٠٠٠٠٠*١٢ مانگ = ١٠٠٨٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دۆلار.

- لەكاتێكدا بڕی پارەی پێویست بۆ مووچەی تەواو بریتیە لە(( ٨٦٠ )) ملیۆن دۆلار.

بەم شێوەیە ١٠٠٨٠٠٠٠٠٠٠ /٨٦٠٠٠٠٠٠٠ =٧ر١١ مانگ.

كەواتە حكومەتی هەرێم دەتوانێت بەتەنها لە داهاتی نەوت مووچەی تەواوی(( ١١ مانگ و نیو)) بدات.

ئەمە جگە لە داهاتە ناوخۆییەكانی تر لە :

١. بەروبومە نەوتیەكان مانگانە ١٥٠ ملیۆن دۆلار .
٢. داهاتی ڕسومات و باجەكان و ...هتد. بریتیە لە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری تر.

واتە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری تر داهات هەیە.

- بەلاَم بەهۆی دانەوەی قەرزی کەڵەکەبووی ساڵانی ڕابووردوو کەزیاد لە(( ٢٠ ملیار دۆلارە )) و لە ئێستادا زیاتر لە(( ١ ساڵ)) ە مانگانە حکومەتی هەرێم بڕی(( ٢٥٠-٣٠٠ )) ملیۆن دۆلار قەرزی کۆمپانیاکان دەداتەوە ،بۆیە ناتوانێت مووچەی تەواو بداتەوە.
- بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم لە مووچە و قوتی فەرمانبەران و هاوڵاتیان دەبڕێت و قەرزەکانی دەداتەوە و میلەتی هەژار و برسی کردوە لەئەنجامی هەڵەی سیاسەتی نەوتیەوە.

بۆیە هەق وایە هەموو ئەو لێپرسراوانەی کە بونەتە هۆکاری ئەم دۆخە ئابوریە خراپەی ٤ ساڵی ڕابووردوو:

١. بدرێنە دادگا.

٢. لە خولی داهاتووی پەرلەماندا هەموو ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێن.

٣. داهات و خەرجی ٤ ساڵی ڕابووردوو بخرێنە بەردەم پەرلەمان و هەموان بزانن چی لێکراوە و کێ بەرپرسیاری خەرجیەکان بوە.

٤. پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان مانگانە هاوشێوەی وەزارەتی نەوتی عێراقی و کۆمپانیای سۆمۆ ڕاپۆرتی فرۆشتن و داهاتی نەوت بلاَوبکاتەوە.

٥. پێویستە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای ووردبینکەری کەرتی نەوت ((دیلۆیت)) مانگانە و لەکاتی خۆیدا بلاَوبکرێتەوە بە کورتی و بە پوختی و دوانەکەوێت و تەنها ڕێکخستنەوەی ژمارەکان نەبێت.چونکە ماوەی ٢ ساڵە تەنها ٣ ڕاپۆرتی بلاَوکردۆتەوە لەسەر ساڵی ٢٠١٧ و ٣ مانگی ساڵی ٢٠١٨ کە پێویستە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ش ووردبینی بکات و بلاَویان بکاتەوە..

- ئەوەی دیارە تەنها مانگانە بڕی(( ٣٧٥ملیار دینار )) دەدرێتە وەزارەتی دارایی و ئابوری بۆ مووچە و خەرجیەکانی تر.بەلاَم داهاتی حکومەت زۆر لەوە زیاترە.
- بۆیە پێویستە:

١. یاسای ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٥ ((یاسای صندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان))بخرێتە کار و هەموو داهاتەکان ئاشکرا بکرێن وبگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت.

٢. بە پشتبەستن بە یاسای ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧((یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان-عێراق)) بەشی پێنجەم (( دامەزراندنی کۆمپانیا گشتیەکان))لە مادەکانی ((١٠ و١١ و ١٢و١٣)) کە ١١ ساڵە دەرچوە و کاری پێناکرێت کۆمپانیا نەوتیەکان دابمەزرێن و دەسەلاَتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کەمبکرێتەوە.

٣. هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ چونکە کەموکوڕی تیادایە و باسی لە دامەزراندنی کۆمپانیای غازی سروشتی نەکردوە،کە هەرێمی کوردستان بڕێکی زۆری غازی سروشتی هەیەکە دەگاتە نزیکەی ((٥ تریلیۆن مەتر سێجا)).

٤. سیاسەتی نەوتی هەڵەی چەند ساڵی ڕابووردوو ڕاستبکرێتەوە.

- هەموو ئەم کارانە لە کەرتی نەوتدا بەکەسانی بەهێز و شارەزا و بە ئەزموون و پسپۆڕ دەکرێت،بەداخەوە لە چەند ساڵی ڕابووردوودا کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزا نەبوون لە کەرتی نەوتدا لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆیە سیاسەت و کەرتی نەوت بەوشێوەیە براوە بەڕێوە.
- لەکۆتاییدا و دوای ١٦ ساڵ لە سیاسەتی نەوتی هەڵە و بەڕێوەبردنێکی شکستخواردوو و دوای ١٦ ساڵ لەگەندەڵی و شاردنەوەی داهاتەکانی نەوت و دوای ١٦ ساڵ لە قۆرخکاری و شاردنەوە و تاریکاندنی و هەڵلوشینی داهاتێکی زۆری ئەم ولاَت و میلەتە،ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە نەوتی کوردستان خۆماڵی بکرێت نەك لە چنگی کۆمپانیا بیانیەکان(( بەناو ئیستیعماری کۆن و نوێ)) بە تەنها بەڵکو لە چنگی دەستڕۆیشتوانی ئەو کەرتە لە کوردستانیشدا و هەق وایە نەوت و داهاتەکانی بخرێنە خزمەتی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە و ڕەخساندنی هەزاران هەزار هەلی کار بۆ گەنجانی بێکار و بەشمەینەتی ئەم ولاَتە و نەهێشتنی بێکاری ونەوت چیدی نەبێتە هۆکاری دواکەوتن و سووتماککردنی کوردستان ولە نیقمەتەوە بگۆڕدرێت بۆ نیعمەت و هەموان بێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگەکان لەسایەیدا بحەسێنەوە و ژیان و گوزەرانێکی پڕ شکۆ و کەرامەت بگوزەرێنن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ستانداردکورد و شەنپرێس و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧٦٦ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٦دا بلاَوکراوەتەوە.

# دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما*

• پەنگخواردنەوەی گەرما کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت Global Warming : بریتیە لە بەرزبونەوە و زیادبوونی پلەی گەرمای ناوەنجی ڕووی زەوی لە جیهاندا لەگەڵ زیادبوونی بڕی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن،و گازی میثان،و هەندێك لە گازەکانی تریش لە هەوادا.ئەو گازانە پێیان دەوترێت گازە گەرمکەرەکان چونکە دەبنە هۆی گەرمکردنی ڕووی هەوای زەوی،ئەمە ئەو دیاردەیەیە کە پێی دەوترێت پەنگخواردنەوەی گەرما.زیادبوون و بەرزبونەوەی مامناوەنجی پلەی گەرمای هەوا لە نیوەی سەدەی بیستەوە تێبینی کراوە،لەگەڵ بەرزبونەوەی بەردەوامی،بەشێوەیەك کە پلەی گەرمای ڕووی گۆی زەوی بەڕێژەی ٧٤ر٠ بۆ ١٨ر١ پلەی سەدی بەرزبۆتەوە لە میانەی سەدەی ڕابووردوودا.لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە گازە گەرمکەرەکان دروستدەبن لە ئەنجامی کار و چالاکی مرۆڤەکانەوە و هەر ئەوانیش بەرپرسیارن لە بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە نیوەی سەدەی ڕابووردوەوە.لەکاتێکدا دیاردە سروشتیەکان وەك تیشکی ڕۆژ و گڕکانەکان،کاریگەری گەرمکردنی زۆر بچوکیان هەیە لە پێش چەند سەدەیەکی پێش سەدەی پیشەسازیەوە هەتا ساڵی ١٩٥٠ و کاریگەریەکی بچوکی ساردبونەوەی دواتریشیان هەبوە.

• بەهەمان شێوە دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتیە لە بەرزبونەوەی پلەی گەرمای بەرگە هەوای گۆی زەوی،و پەنگخواردنەوەی گەرما لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکانی گۆڕانی وزەی گەرمیەوە ڕوودەدات،ئاشکرایە سەرچاوەی گەرما لەسەر زەوی بریتیە لە ڕۆژ کە لە بنچینەدا بەرگە هەوا دەبڕێت،و گەرمای زەوی بەرزدەکاتەوە،بەڵام بەهۆی چالاکیەکانی مرۆڤ و شۆڕشی پیشەسازیەوە لەم ساڵانەی دواییدا،پلەی گەرمای گۆی زەوی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری لەسەر کەشوهەواکەی و پێکهاتەکانی داناوە، بەشێوەیەك پلەی گەرمای گۆی زەوی لەم ١٠٠ ساڵەی دوایدا بە بڕی ٦ر٠ پلەی سەدی بەرزبۆتەوە.

پلەی گەرمای ئێستا بەنزیکەیی دوو هێندەی پلەی گەرمای ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێشە،هۆکاری بەرزبونەوەی پلەی گەرمای جیهان زۆر و جیاوازن،هەندێك لە زاناکان دەڵێن کە پیسبوون هۆکاری سەرەکیە،و هەندێکی تر دەڵێن هۆکار بریتیە لە گۆڕانی کەشوهەوای سروشت،وهەندێك بیردۆزەش هەن کە ئەو دیاردەیە ڕاڤە دەکەن،پێشبینیەکان وای بۆ دەچن کە پلەی گەرمای ڕووی جیهان بەرزببێتەوە بە ڕێژەی ٤ر١ بۆ ٨ر٥ پلەی سەدی لەساڵی ١٩٩٠وە تا ساڵی ٢١٠٠و تێکڕای پلەی گەرمای ڕووی زەوی ئێستا ٦ر٠ پلەی سەدیە.

ئەم دەرئەنجامانە لەلایەن ٤٠ کۆمەڵەی زانستی و ئەکادیمی زانستی پشتیوانی لێکراوەو لەناویشیاندا هەموو ئەکادیمیە زانستیەکان لە وڵاتانی گەورەی پیشەسازی.

نمونەی ژینگەیی کورتکراوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕانەکانی کەشوهەوا ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن کە بە گریمانەیی پلەی گەرمای ڕووی جیهان بەرزدەبێتەوە بە ڕێژەی ١ر١ بۆ ٤ر٦ پلەی سەدی (لە ماوەی سەدەی بیست و یەکدا) ،ئەم گریمانەیەش لە بەکارهێنانی نمونەی هەستیاری کەشوهەوایی جیاوازەوە هاتوە.وبەکارهێنانی تەخمیناتی جیاواز بۆ دەرچوونی گازە گەرمکەرەکان لە ئایندەدا،هەندێك لە گومانەکان ئەوەیان لەخۆگرتوە کە چۆن پەنگخواردنەوەی گەرما و گۆڕانکاریەکانی پەیوەست پێوەی دەگۆڕێن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەهەموو جیهاندا،هەموو لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەو ماوەیە کۆکن کە درێژدەبێتەوە تا ساڵی ٢١٠٠.و بەڵام پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەم پەنگخواردنەوەی گەرمایە درێژ ببێتەوە بۆ دوای ساڵی ٢١٠٠ش.تەنانەت گەر دەرچوونی گازەکانیش بوەستێت،بەهۆی فراوانی و گەورەیی گەرمای زەریاکانەوە و تەمەنی درێژی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگە هەوادا.

بەرزبونەوەی پلەی گەرمای ڕووی جیهان دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ڕێژنەی ڕووی دەریا،گۆڕانی بڕ و شێوازی بارینی بارانیش،لەوانەیە ببێتە هۆی فراوانبوونی بیابانی تەوەرەییش،زۆر نزیكە كە پەنگخواردنەوەی ڕووبارە سەهەۆڵبەندانەكانیش بەردەوام بێت،و زەویە هەمیشەییە بەستوەكان،و دەریا بەستوەكان،لەگەڵ كارتێكردنی جەمسەری باكور بەشێوەیەكی تایبەتی،و كاریگەریە چاوەڕوانكراوەكانی تریش وەك وێكچونەوەی دارستانەكانی ئامازۆنی باراناوی،دارستانەكانی باكور،زیادبونی توندی ڕوودانی كەشوهەوای توندڕەو،نەمان و لەناوچوونی جۆرەكان،گۆڕانەكانیش لەبەروبومە كشتوكاڵیەكاندا.

تائێستاش گفتوگۆ سیاسی و جەماوەریەكان بەردەوامن بۆ گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەیەكی گونجاو بۆ دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهانی،بژاردەكانی لەبەردەستدا بریتین لە سووككردنی دەرچوونی گازەكان،خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو زیانانەی كە لە ئەنجامی پەنگخواردنی گەرماوە دروستدەبن،بەكارهێنانی ئەندازەی كەشوهەوا بۆ پووچەڵكردنەوەی پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهان،زۆربەی حكومەتە نیشتیمانیەكان واژۆیان لەسەر ڕێكەوتنامەی كیۆتۆی یابان كردوە دەربارەی كەمكردنەوەی دەرچوونی گازە گەرمكەرەكان،لەو ڕێگە چارانەش كە پێشنیازكراون بریتین لە كەمكردنەوەی بەكارهێنانی هۆكارەكانی گواستنەوە و...هتد.كە دەبنە هۆكاری دەرچوونی گازە ژەهراویەكان.

- **كاریگەرییەكانی تیشكدانەوە زۆرەملێكان**

گۆڕانەكانی كەشوهەوای زەوی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ كاریگەرییە دەرەكییەكان،لەناویشیاندا گۆڕانی چڕی گازە گەرمكەرەكان،و گۆڕانەكانی تەوەری زەوی بەدەوری ڕۆژدا Orbital Forcing وگۆڕانەكان لە بریسكەدانەوەی ڕۆژی و تەقینەوە گڕكانیەكان،و ڕێگریەكانی گەرمای زەریاكان و هێواشی وەڵامدانەوەی كار بۆ كاریگەرییە ناڕاستەوخۆكانی تر ئەوە دەگەیەنن كەوا كەشوهەوا چەند سەدەیەك و زیاتریشی پێویستە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانكاریە زۆرەملێكاندا، ولێكۆڵینەوە كەشوهەواییەكان ئاماژە دەدەن بەوەی تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بوون لە جێگیربوونی گازە گەرمكەرەكان لە ئاستی ٢٠٠٠دا ئەوا بەرزبونەوەی پلەی گەرما بەڕێژەی ٥ر٠ پلەی سەدی هەر بەردەوام دەبێت.

پەنگخواردنەوەی گەرما لەساڵی ١٨٤٢ لەلایەن جۆن فۆرییەوە دۆزرایەوە،بەڵام سفانت ئارینیۆسی سویدی یەكەم كەس بوو كە هەستا بە دیاریكردنی ئەو دیاردەیە لە ڕووی بڕەوە لەساڵی ١٨٩٦دا،بەكورتی دەتوانرێت پێناسەی پەنگخواردنەوەی گەرما بكرێت بەوەی كە دەبێتە هەڵمژین و دەركردنی تیشكی ژێر سوور كە دەبێتە هۆی گەرمبوونی ڕووی زەوی لەئەنجامی زیادبوونی چڕی گازە گەرمكەرەكانەوە لە بەرگە هەوادا.ویەكێك لەو گازانەش بریتیە لە گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن.بەڵام گازە گەرمكەرە سروشتیەكان((ئەوانەی لە ئەنجامی چالاكی مرۆڤەوە نایەنە بەرهەم)) كاریگەریەكی گەرمكردنی ناوەنجی هەیە بەنزیكەی ٣٣ پلەی سەدی كە بەبێ بوونی ئەم گازانە ژیان لەسەر گۆی زەوی زۆر ئەستەم دەبێت.

گازە گەرمكەرە سەرەكیەكان بریتین لە هەڵمی ئاو،كە دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی گەرما بەڕێژەی ٣٦ بۆ ٧٠٪((بەبێ حسابكردنی هەورەكان)) ، گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن كە دەبێتە هۆكاری پەنگخواردنەوەی گەرما بەڕێژەی ٩-٢٦٪ و گازی میثان بەڕێژەی ٤ بۆ ٩٪ و گازی ئۆزۆن بەڕێژەی ٣بۆ ٧٪.

چالاكیەكانی مرۆڤ لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیەوە بۆتە هۆكاری زیادبوونی دەركردنی ڕێژەی گازە گەرمكەرەكان بۆ ناو بەرگە هەوا،بەتایبەتیش گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن لەگەڵ گازی ئۆزۆندا لە چینی ئەلترۆبۆسفیر و پێكهاتەی كلۆرۆفلۆرۆكاربۆن و ئۆكسیدی نیترۆس. چڕی هەریەكە لە دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و میثان لە بەرگە هەوادا زیادبوون بە ڕێژەی ٣٦ بۆ ١٤٨٪ دوابەدوای یەك لە نیوەی سەدەی هەژدەهەمەوە.ئەم نرخانە بە بەرزترین نرخ دادەنرێن كە تۆمار و دیاریكراون لە ٦٥٠٠٠٠ ساڵی ڕابووردوەوە بەپشتبەستن بەو زانیاریانەی كە لە نمونەی بەستەڵەكەكانەوە دەسكەوتوون.بەڵام بەڵگە جیۆلۆجییەكان بەناڕاستەوخۆ ئاماژە دەدەن بەوەی كە نرخەكانی گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی ئێستا تەنها لە پێش ٢٠ ملیۆن ساڵەوە نەبێت.ڕێژەی زیاد لە ٧٥٪ گازی دووەم

ئۆکسیدی کاربۆن لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنیە کاربۆهایدرایتەکانەوە دەبێت وەك نەوت و بەنزین و گازۆیل و ونەوتی سپی و ...هتد.لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا،ئەوەی تر کە دەمێنێتەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی مرۆڤەوە دەبێت بۆ سەرچاوە سروشتیەکان وەك لابردنی دارستانەکان.

تائێستاش هۆکارەکانی دروستبوونی پەنگخواردنەوەی گەرما بونیان هەیە، هەروەك لە زیادبوونی بەردەوامیشدان،ناتوانرێت کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە و دیاریکردنی ڕێژەی زیادبونی ئایندەییش بکرێت،تەنها لەبارێکدا نەبێت کە گۆڕانکاری گەورە و پێکەوەیی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی و سروشتیەوە نەبێت،ڕاپۆرتی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە گۆڕانەکانی کەشوهەوا ئەوەی دەرخستوە کە ڕێژەی دەرچوونی گازەکان بۆنمونە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاد دەکات لە ٥٤١ بۆ ٩٧٠ بەش لە ملیۆن لەساڵی ٢١٠٠دا.چونکە بڕی یەدەگی نەوت بەهێندی پێویست هەیە بۆ ئەوەی ئەو زیادبونانە ڕووبدەن.ئەمەش لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی هەریەکە لە خەڵوزی نەوتی بەردین و هایدراتی میثان بە بڕێکی گەورە بەکاربهێنرێن.

- **جیاوازی یان گۆڕانکاری ڕۆژی**

جیاوازی ڕۆژی بریتیە لە گۆڕانکاری یان جیاوازی لە تیشکدانەوەی ڕۆژ،جیاوازی ڕۆژیش یەکێکە لەو پێشنیازانەی کە دەبنە هۆکاری پەنگخواردنەوەی گەرمی، بەڵام کاریگەری گازە گەرمکەرەکان زیاترە لە کاریگەری جیاوازی ڕۆژی،وەك لەو نمونە کەشوهەواییانەوە دەردەکەوێت کە بە ئامێری زۆر هەستیار کاریگەری جیاوازی ڕۆژی دەپێورێت.لەو پێشنیازانەش کە دەگوترێت بریتیە لەوەی کە ڕۆژ بۆخۆشی بەشداریکردوە بەڕێژەی ٤٥-٥٠٪ لە زیادبوونی ناوەنجێتی پلەی گەرمای ڕووی زەوی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٠-٢٠٠٠دا،و بەنزیکەی ٢٥-٣٥٪ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٠دا.

تیشکدانەوەی ڕۆژی ڕوویندداوە لەماوەی ١٠٠٠ساڵی ڕابووردوودا،بەڵام سوڕی ڕۆژی بۆتە هۆی زیادبوونێکی کەم لە تیشکدانەوە لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابووردوودا،بەڵام دەتوانرێت ئەو کاریگەرییە پشتگوێ بخرێت لەبەر کەمی و ناتوانرێت دابنرێت بە هۆکاری پەنگخواردنەوەی گەرما.

لەوانەیە هەریەك لە کاریگەریەکانی کەشوهەوای سروشتی و جیاوازی ڕۆژی و گۆڕانکاری چالاکیە گڕکانیەکان هەموانیان پێکەوە لە پێش سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا بوبنەتە هۆکاری بەرزبونەوەی پەنگخواردنەوەی گەرما تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستیش ،بەڵام ئیدی لەو کاتەوە هەڵدەستێت بە ڕۆڵی ساردکەرەوە، کاتێك زیادبوونی چالاکی ڕۆژی دەبێتە هۆکاری گەرمکردنی چینی ستراتۆسفیر،ئەوا زیادبوونی گازە گەرمکەرەکان دەبێتە هۆی ڕوودانی ساردکردنەوە لەو چینەدا،زانیاریەکان لەساڵی ١٩٦٠ەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە کرداری ساردبونەوە بونی هەیە لە چینی ستراتۆسفیری جیهاندا.

- **گۆڕانگاری لە پلەی گەرمادا**

ناوەنجێتی پلەی گەرمای زەوی زیادیکردوە بە ڕێژەی ٧٥ر٠پلە و ئەوەش لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٦٠بۆ ١٩٠٠ ئەوەش بەپێی پێوەری ئامێری و جیاوازی لەنێوان پلەی گەرمای بەرگە هەوا و زەریاکاندا پیشان دەدات،پێناچێت بەرزی پلەی گەرمای ناوەڕاستی شارەکان بەبەراوورد بە پلەی گەرمای دەوروبەری شارەکان کاریگەری هەبوبێت لەسەر ئەو بەرزبونەوەیە بەشێوەیەکی گەورە،وای بۆ دەچن کە ئەو دیاردەیە بوبێتە هۆکاری بەرزبونەوەی پلەی گەرما بەڕێژەی ٠٢ر٠ پلەی سەدی لەساڵی ١٩٠٠وە.

لەساڵی ١٩٧٩وە پلەی گەرمای وشکانی دوو هێندەی پلەی گەرمای زەریاکان بەرزبونەتەوە(٢٥ر٠ پلە بۆ هەر ١٠ ساڵێك ساڵێك بە بەراوورد بە ١٣ر٠ پلە بۆ هەر ١٠ ساڵێك)، هێواشی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەریاکان بەبەراوورد بە وشکانی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی فراوانی گەرمی چالاك بۆ زەریاکان و هەروەها بەهۆی لەکیسدانی بڕێکی زیاتری زەریاکان بۆ گەرما بەهۆی بوون بەهەڵمبونەوە.لەبەرئەوە نیوەی باکوری گۆی زەوی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زیاتر

دەبێت لەنیوەی باشووری لەبەرئەوەی ڕێژەی وشکانی لەبەشی باکوردا زیاترە،هەروەها لەبەر ئەوەی نیوەی باکوری زەوی ڕووبەرێکی گەورەی داپۆشراوە بە بەفری وەرزی و سەهۆڵبەندان و دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێچەوانەییەوە بۆ توانەوەی بەفر چونکە هاوکۆلکەی گەڕانەوەی تیشکی دادەبەزێت لەو ناوچانەدا ئەمەش مانای هەڵمژینی زیاتری گەرما دەگەیەنێت.سەرەڕای زیاتربوونی دەرچوونی گازە گەرمکەرەکانی لە نیوەی باکوری زەوی بەبەراوورد بە نیوەی باشووری زەوی بەڵام ئەوە نابێتە هۆی جیاوازی پەنگخواردنەوەی گەرما چونکە کاریگەری گازە گەرمکرەکان بەردەوام دەبێت بەشێوەیەکی پێویست بۆ ڕوودانی تێکەڵبوون لە نێوان هەردوو نیوەی باکور و باشووری زەویدا.

ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی پەیمانگای گوادارد بۆ توێژینەوەی بۆشایی ئاسمانی سەر بەناسا،ساڵی ٢٠٠٥ گەرمترین ساڵ بوە کە پلەی گەرمای زەوی تیادا تۆمارکراوە،ئەوەش لەدوای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە کە ئامێری پێوانەیی وورد و نوێ هاتنە کایەوە،بەوەش گەرمای ساڵی ١٩٩٨ی تێپەڕاند بە چەند بەشێك لە سەد پلە.بەڵام هەندێك ڕاپۆرتی جیهانی تر ڕایدەگەیەنن کە ساڵی ٢٠٠٥ دووەم ساڵی گەرما بوە لەدوای ساڵی ١٩٩٨وە،چونکە گەرمای ساڵی ١٩٩٨ زۆر گەرم بوە بەشێوەیەکی ناسروشتی بەهۆی ڕوودانی گەورەترین ئەلنینۆ لەساڵی ١٩٩٨دا.

- **هۆکارەکانی پەنگخواردنەوەی گەرما**

١. **تەقینەوە گڕکانیەکان**: ئەم تەقینەوانە دەبنە هۆکاری بەرزبونەوەی بڕێکی زۆر لە گازەکان و تەپوتۆز کە گازی دووەم ئۆکسیدی کبریت کە بۆماوەیەکی زۆر لە ناو هەوادا دەمێنێتەوە لەخۆ دەگرێت،و دەبێتە هۆی بەرگرتنی لە تیشکی خۆر،بەڵام گەردەکانی تەپوتۆزەکان دەبنە هۆی کاریگەری لەسەر هاوسەنگی بەرگە هەوا ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی.

٢. **پیسکەرە ئەندامیەکان**: و ئەو گازانەی لێی بەرهەمدێن،کە پاشەڕۆ ئاژەڵیەکان لەخۆ دەگرن و بەتایبەتیش مانگا و مەڕ و مریشك.

٣. **پیسبوونی هەوا** : کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زۆرێك لە گازە گەرمکەرەکان لەناو هەوادا،و ڕێژەکانیان لە بەرگە هەوادا زیاد دەکات.

٤. **نەمان و کونتێبوونی چینی ئۆزۆن**:چینی ئۆزۆن هەڵدەستێت بە پاراستنی زەوی لە تیشکی خۆری سەروو بنەوشەیی زیانبەخش،و نەمان و کونبوونی ئەم چینە دەبێتە هۆکاری پەنگخواردنەوەی گەرما ،بەشێوەیەك ئەو گازانەی کە لە پیشەسازیە جۆربەجۆرەکانەوە دەردەچن وەك کلۆرۆ فلۆرۆ کاربۆن لەگەڵ ئۆزۆن کارلێك دەکەن و دەبنە هۆی کونکردنی چینەکە،ولەوێشەوە گازە زیانبەخشەکان دێنە سەر زەوی لەو کونانەوە،کە دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەیان و بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی.

٥. **بڕینی درەختەکان**:کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڕی ئۆکسجینی هەبوو لەبەرگە هەوای زەویدا چونکە درەختەکان ئۆکسجین بەرهەم دێنن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری کەمبونەوەی ئۆکسجین و زیادبوونی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەشێوەیەکی گەورە.

٦. **پێشکەوتنی پیشەسازی**:سووتاندنی سووتەمەنی بە بڕێکی زۆر کە دەبێتە هۆی زیادبوونی گازە گەرمکەرەکان لە هەوادا،وەك گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن،کە تیشکی ژێر سوور هەڵدەمژێت و گلی دەداتەوە لەسەر زەوی.

- **کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکان**

دیاردە چاوەڕوانکراوەکان لە ئەنجامی پەنگخواردنەوەی گەرماوە:

١.ڕوودانی کارەساتی کشتوکاڵی و وونبوونی هەندێك لە بەروبومەکان.

٢.گریمانەکردنی زیاتر بە ڕوودانی گۆڕانکاری توند لە کەشوهەوادا.

٣.زیادبوونی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان.

٤.زیادبوونی لافاوەکان بەهۆی تواندنەوەی بەشێکی گەورەی سەهۆڵبەندانەکانەوە کە دەبنە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی دەریاکان.

٥.ژێرئاوکەوتنی دورگە نزمەکان و شارە کەناریەکان.

٦.ڕوودانی شەپۆلی وشکبونەوە و بە بیابانبوونی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی.

٧.زیادبوونی ژمارە و توندی گێژەڵوکە و زریانەکان.

٨.بڵاوبونەوەی نەخۆشیە درمیەکان لە جیهاندا.

٩.لەناوچوون و نەمانی زۆرێك لە جۆرەکانی ئاژەڵان.

١٠.گۆڕانکاری زۆر لە کەشوهەوادا.

- **کاریگەریە ژینگەییەکانی پەنگخواردنەوەی گەرما**

لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧دا سەهۆڵبەندانی جەمسەری باکوری گۆی زەوی پەنگواردنەوەکەی گەیشتە بەرزترین ئاستی،دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما بەشێوەیەکی خراپ کاردەکاتە سەر سیمای ڕووی گۆی زەوی لەبەر ئەوەی پەنگخواردنەوەی گەرما دەبێتە هۆی تواندنەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکانی گۆی زەوی و بەرزبونەوەی ئاوەڕێژی دەریاکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ژێرئاوکەوتنی ناوچە نزمەکان و کەرنادەریاکان.

- **کاریگەرییە ئابوریەکانی پەنگخواردنەوەی گەرما**

ئەو ڕاپۆرتەی کە نیکۆلاس ستێرن شارەزای ئابوری ئینگلیزی ئامادەیکردوە وایدەبینێت کە پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهان دەبێتە هۆی تێچوونی ئابوری بەبڕی ٥٠٠ ملیار دۆلار،لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هەموو نەوەکان((ئێستا و ئاینده)) کە گیرۆدە بوون بەو هۆیەوە، لەساڵی ٢٠٠٧دا و بۆ یەکەمین جار صندوقی جیهانی بۆ کەمئەندامان گۆڕانی کەشوهەوای خستە لیستی مەترسیەکانەوە،لەکاتێکدا مەترسیە سەرەکیەکان بریتی بوون لە جەنگ و ململانێ سیاسیەکان،گەشەی پیشەسازی و شارەکان دوور لە یاسا لەساڵی ٢٠١٢. وەك لەو ڕاپۆرتەی میونیخی یەکەمدا هاتوە لە ٢٠١٢/١٠/١٧دا (تایبەت بە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠-٢٠١١))،ودیاریکردوە کە ئەمریکای باکور ڕووبەڕووی گەورەترین  زیانە داراییەکان بۆتەوە کە لەئەنجامی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠ تووشی بوون بەهۆی کەشوهەواوە لەگەڵ زیان و لەناوبردنی ٣٠ هەزار کوژراو و ١ ملیار دۆلار((٨٢٠ملیۆن یۆرۆ)) لە ئەنجامی چاکردنەوەی کاریگەریەکانی کەشوهەواوە.هەمان ڕاپۆرت دیاریکردوە کە ڕووداوە توندەکان لەهەموو جیهاندا زیادیان کردوە و لە ئەوروپاش لەساڵی ٢٠١٥دا ڕوویانداوە.

لەتوانای شارەزا ئابوریەکاندا نیە کە ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ زیانەکان دیارببکەن،بەڵام ئەوان گریمانەی تێچوویەکی بێ کۆتا دەکەن.هێنری دی کاستریس سەرۆکی ئەکسا لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٥دا لە کۆنگرەی لوتکەی تایبەت بە کەشوهەوا دەڵێت: ((١ جیهان +٢ پلەی سەدی دەشێت کە دڵنیایی لەسەر بکرێت جارێکی تر،بەڵام ١جیهان +٤ پلەی سەدی بوونی نابێت)).بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتیش بۆ ساڵی ٢٠١٣،زەرەر و زیانەکانی ساڵانەی تایبەت بە ڕووداوەکانی کەشوهەواوە بەرزبۆتەوە لە ٥٠ ملیار دۆلارەوە لەساڵانی نەوەدەکانەوە بۆ نزیکەی ٢٠٠ ملیار دۆلار لەماوەی ئەم دەیەی کۆتایدا.

- **کاردانەوەکانی دژ بە پەنگخواردنەوەی گەرما**

ڕێکەوتنێکی فراوانی نێوان زاناکان هەیە لەسەر ئەوەی کە زیادبوونی بەردەوامی پلەکانی گەرما لەسەر ئاستی جیهان بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە نەتەوەکان و دەستەکان و هەندێك لە تاکەکانیش هەندێك کار بکەن وەك کاردانەوە دژ بە پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهانی،ئەو هەوڵانەش لەشێوەی یان سووککردن و کەمکردنەوەی هۆکارەکان یان هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ژینگەی جیهانیدا.

١. **کەمکردنەوە و سووککردنی هۆکارەکان**

**کەمکردنەوەی دەرچوونی گازە گەرمکەرەکان:** یەکەم ڕێکەوتنی جیهانی بۆ کەمکردنەوەی دەرچوونی گازە گەرمکەرەکان بریتیە لە پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ کە بریتیە لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا کە گفتوگۆی لەبارەوە کرا لەساڵی ١٩٩٧دا و ئەو پرۆتۆکۆلە لە ئێستادا ١٦٠ وڵات لەخۆ دەگرێت و ڕێژەی ٥٥٪ لە دەرچوونی گازە گەرمکەرەکان دەگرێتەوە لەسەر ئاستی هەموو جیهان،بەڵام هەریەکە لە ئەمریکا و کازاخستان واژۆیان لەسەر ئەو ڕێکەوتنە نەکردوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا گەورەترین وڵاتە لە دەرچوونی گازە گەرمکەرەکاندا.ئەو ڕێکەوتنە لەساڵی ٢٠١٢دا کۆتایی پێهات،و لەساڵی ٢٠٠٧وە گفتوگۆی نوێ دەستپێکردوە دەربارەی ڕێکەوتنێکی نوێ کە جێگەی ئەو ڕێکەوتنامەیە بگرێتەوە.

گروپەکانی ژینگە هانی هەوڵە تاکە کەسی و ڕێوشوێنی کۆمەڵگا ناوچەیەکانیش دەدەن بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرماو هەروەك هەندێك کەس پێشنیازی ئەوەیان کردوە کە پشکی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی جیهانی دیاریبکرێت کە بریتیە لە گەورەترین سەرچاوەی دەرچوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

هەروەها ڕێوشوێنی بازرگانیش هەیە تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەواوە،کە هەوڵی باشترکردنی توانای بەکارهێنانی وزە لەخۆدەگرێت لەگەڵ هەوڵی بەکارهێنانی جۆری جێگرەوە لە سووتەمەنیش لەخۆ دەگرێت،بەشێوەیەك لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا یەکێتی ئەوروپا پرۆژەی یەکێتی ئەوروپای بۆ بازرگانی دەرچووەکان ڕاگەیاند بەشێوەیەك کۆمپانیاکان ڕازی دەکرێن کە بەهاوبەشی حکومەتەکان هەوڵ بدەن بۆ کەمکردنەوەی دەرچوەکان یان کڕینی ڕەصید لە خاوەنی دەرچوە کەمەکان لە سنوری دیاریکراو.هەروەك چۆن ئوستوڕالیا لەساڵی ٢٠٠٨ پلانێکی ڕاگەیاند بۆ دیاریکردن و کەمکردنەوەی پیسبوونی کاربۆن،هەروەها سەرۆك ئۆباماش پلانێکی ئابوری ڕاگەیاند بۆ بازرگانی دەرچوەکان لەسەر ئاستی جیهان.

لەساڵی ٢٠٠٧دا تیمێکی حکومی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە هیچ تەکنیکێکی دیاریکراو نیە لە بوارێکی دیاریکراودا کە بەرپرس بێت لە کەمکردنەوەی پەنگخواردنەوەی گەرما،بەڵکو هەڵسوکەوتی سەرەکی و تەکنیك هەن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەك بوارەکانی گواستنەوە و پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەیاندنی وزە کە دەبێت جێبەجێبکرێن بۆ کەمکردنەوەی پەنگخواردنەوەی گەرما،و گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە جێگیری هاوتای دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە نێوان ٤٤٥ بۆ ٧١٠ بەش لە ملیۆن تا ساڵی ٢٠٣٠ دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی لەنێوان ٦ر٠٪ زیاد و ٣٪ کەم لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتی.

- **ئەندازەی کەشوهەوا**

بەکارهێنانی ئەندازەی کەشوهەوا کە بەئینگلیزی پێی دەوترێت Geoengineering :دەبێتە مایە پێشکەوتنی هاوسەنگی ژینگەی سروشتی لەسەر ئاستێکی فراوان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤایەتیدا،چارەسەری گازە گەرمکەرەکان،وەك یەکێك لە کردارەکانی ئەندازەی کەشوهەوا،دەکۆڵێتەوە لە لابردنی ئەو گازانە لە بەرگە هەوادا لەڕێگەی دوورخستنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوە.

- **خۆگونجاندن**

کاریگەرییەکانی پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهانی زۆر فراوانە، بەهەمان شێوەش پێشنیازی هەمەجۆریش هەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پەنگخواردنەوەی گەرمای جیهانیدا لەهەموو بوارەکاندا.کە لە هەندێك ڕێوشوێنی زۆر ئاسان و ساکارەوە دەستپێدەکات وەك بەکارهێنانی هەوا خۆشکەرەکان تا چارەسەرە گەورەکان وەك گواستنەوەی ئەو ناوچانەی کەمەترسی بەرزبونەوەی ئاستی دەریایان لەسەرە.

لەکەرتی کشتوکاڵیدا،خۆگونجاندن ئەوە لەخۆدەگرێت کە ئەو بەروبومانە بچێنرێن کە دەگونجێن لەگەڵ کەشوهەوای نوێدا،وەك،ئەوەی کە جوتیارەکانی ئۆریسا لە هندستان جۆرە برنجێك دەچێنن لە جۆری چامبیسوار کە بەرگەی

لافاوەکان دەگرێت،لە ئەفریفیاشدا،ئەوە ئاشکرا کرا کە جوتیارەکان لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی باران بارین و کەمبونەوەیدا ئەو بەروبومانە دەچێنن کە بەرگەی بڕی ئاوی زۆر یان وشکە ساڵی دەگرن.

هەروەها پێشنیازەکان ئەوە لەخۆدەگرن،کە هانی دروستکردنی بەنداوەکان دەدەن و گۆڕانکاری لە چاودێری تەندروستی، یان هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لەو جۆرانەی کە بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچن.

- ***چارەسەر بۆ کێشەی پەنگخواردنەوەی گەرمای گۆی زەوی***

١. کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ڕووپۆشی ڕووەکی لە ڕێگەی گرنگیدان بە ڕواندنی درەخت و ڕێگەگرتن لە بڕینیان و نەهێشتنی دارستانەکان.

٢. کارگە پیشەسازیەکان بخرێنە ژێر چاودێریەوە بۆ کەمکردنەوەی بڕی گازە دەرچوەکان،و دانانی ئامێری پالأوتن لەسەر دووکەڵکێشی کارگەکان،و لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەکانیان بەپێی توانا.

٣. بەکارهێنانی وزەی تازەبۆوەی نوێی پاك لە جیاتی وزەی کلاسیکی،وەك وزەی ئاو و تیشکی ڕۆژ و وزەی با و کەمکردنەوەی سووتاندنی سووتەمەنی و نەوت و خەڵوز.

٤. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی تاکەکەسی،وەك ئۆتۆمبێلی تایبەتی و بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی بۆ کەمکردنەوەی دەرچووە زیانبەخشەکانی ئۆتۆمبێلەکان.

٥. دانانی ئەو یاسایانەی کە ڕێگە لە فراوانبوونی شارەکان دەگرن لەسەر حسابی تەسکبونەوەی ناوچە کشتوکاڵیەکان.

سەرچاوە:

======

- پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٦٦ لە پایزی ٢٠١٨ورۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٧٠٠ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## کێن ئەو هێز و چین ئەو هۆکارانەی لە پشت دابەزینی نرخەکانی نەوتن لە جیهاندا ؟*

- **پێشەکی**

ئاشکرایە کە کەرتی وزە کەرتێکی بەرفراوان و فرە گرنگە بۆ ژیانی سەردەم و داهێنان و پێشکەوتنەکان،بەجۆرێك کە ناتوانرێت بە بێ بوونی ئەو سەرچاوانەی وزە هیچ هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنرێت،جا سەرچاوەکانی وزە هەمەجۆرن وەك ((خەڵوزی بەردین و نەوتی خاو و غازی سروشتی و ئاو و کارەبا و یۆرانیۆم و وزە تازەبوەکان)) و دەکرێن بە دوو جۆری سەرەکیەوە:

١. **سەرچاوەی وزە هەڵهێنجراوەکان(( تازە نەبۆوەکان ))**: وەك (( خەڵوزی بەردین ونەوتی خاو و غازی سروشتی))،کە ئەم دوو سەرچاوەیە لە ئێستادا بونەتە سەرچاوەی گرنگ و ماوەی نزیکەی ١٠٠ساڵێکە جێگەیان بەخەڵوزی بەردین لێژکردوەو پێشبینیش دەکرێت کە تاماوەی لانی کەم ٧٠-٨٠ ساڵی تر ((بەتایبەت نەوت))بمێنێتەوە.ئەم جۆرە لە وزە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چۆڕبڕ دەبن و کۆتاییان دێت و بە پیسکەری سەرەکی ژینگەش دادەنرێن.

لەپاڵ ئەمانیشدا هەندێك کانزای سروشتی هەن کە لە خاکدا دەردەهێنرێن و دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنانی وزە بەکاربهێنرێن وەك ((کانزای یۆرانیۆم )) کە سەرچاوەی وزەی ئەتۆمیە و گرانبەهایە و تائێستا بەکارهێنانی تەنهالای ولأتە زلهێز و خاوەن چەکە ئەتۆمیەکان و پێشکەوتوەکانە و سەرچاوەیەکی دوو ڕووە لە بەکارهێنانداکە دەکرێت بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و کاولکاری و سەربازی بەکاربێت و دەشکرێت وەك سەرچاوەیەکی ئاشتیانە بەکاربێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

٢. **سەرچاوەی وزە تازە بوەکان**: وەك وزەی ((خۆر و با و شەپۆڵی ئاوی دەریاو زەریاکان و زیندەوەرە ئەندامیەکان و گەرمی زەوی و....هتد.))، ئەم جۆرە لەوزە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەبن نایەن و وزەیەکی پاکوخاوێنن و دۆستی ژینگەشن،کە ئەم سەرچاوانەش تاکو ئێستا بەشێوەیەکی بەرلأو بەکارنایەن،بەلأم گەلێك لەولأتە پیشەسازیە گەورەو پێشکەوتوەکان هەوڵی جدیان داوە کە بیکەنە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ نەوت و غازی سروشتی و تاڕادەیەك پێداویستی ولأت و کۆمەڵگاکانیان لێدابینکردوە.

ئەوەی ئاشکرایە نەوت بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە سەدەی چوارهەمی میلادی دۆزرایەوە و لەسەدەی هەشتەمدا لە بەغداد بەکارهێنراوە و لەسەدەی نۆهەمیشدا لە باکۆ و ئازەربایجان بە بڕی بازرگانی مامەڵەی پێوەکراوە ولەساڵی ١٨٥٣وە نەوت پاڵێوراوە لە پۆڵەندا وبۆ یەکەم جار نەوتی سپی لێدەرهێنرا و لەساڵی ١٨٦١یشەوە ڕوسیا یەکەم پاڵاوگەی نەوتی لە کێڵگە نەوتیەکانی باکۆ دامەزراند و بۆ یەکەم جاریش بیری نەوت لە ئەمریکا و لەولایەتی پەنسلڤانیا لە ساڵی ١٨٥٩ لێدرا،چونکە پێشتر تەنها ئەو بڕە نەوتە بەکاردەهات کە بە سروشتی خۆی دەهاتە دەرەوە.

زۆر لە مێژوویەکی دێرینەوە خەڵوزی بەردین بەکاردەهێنرا لەلایەن ولأتە پیشەسازیەکانەوە تا دۆزینەوەی ئامێرە هەڵمیەکان لەسەدەی نۆزدەهەم و تاسەدەی بیستیش بەلأم ئیدی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە نەوت و غازی سروشتی وەکو دوو سەرچاوەی وزە و وەك جێگرەوەیەکی خەڵوزی بەردین ((چونکە دەبوە هۆی پیسبوونی ژینگە))بەکارهات و بە بڕێکی زۆر و بازرگانی کەوتە بازاڕەکانی جیهان و مامەڵەی پێوەکراو بەتەواوەتی کەوتە سەرجەم بوارەکانی ژیانەوە، نەوت بوە یەکەم سەرچاوەی وزە و دواتریش غازی سروشتیش وەك جۆرێکی تری وزە بوە دووەم سەرچاوە و لە ئێستادا کێبڕکێیەکی توند هەیە لەسەر گرتنی پلەی یەکەم لەنێوان نەوت و غازی سروشتیدا و ئەوەی پێشبینی و چاوەڕوانیش دەکرێت کە لەماوەی ٧٠ ساڵی داهاتوودا نەوت جێگە و پلەی یەکەمی خۆی چۆڵ بکات بۆ غازی سروشتی.

ئیدی ماوەی زیاتر لە ١٥٠ ساڵە نەوت بۆتە کۆڵەکە و پایەی گرنگی نەك هەر کەرتی ئابوری بەڵکو سیاسەتیشی گرتۆتەوە و بۆتە پنت و خاڵێکی بەهێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و بۆتە ئەو کالأ ئابوری و بازرگانیە زۆر نایابەی کە

هەموان هەوڵی بەدەستهێنانی سەرچاوەكانی دەدەن لە دونیادا و بە ملیارەها دۆلار خەرج دەكەن لەگەڕان بەدوایدا و دەرهێنان و خستنە بازاڕ و بەكارهێنانی لە كەرتەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵ و سەربازی و ...هتد.

نەوت زۆر لە مێژە بۆتە ئەو كاڵایەی كە جەنگە گەورەكانی دونیای هەڵایساندوە و بۆتە هۆكاری خوێنڕشتن و داگیركردنی گەلێك وڵات و لابردن و ڕووخاندنی ژمارەیەكی زیاتر لە دەسەڵاتدار و سیستەمە حوكمڕانیەكان.نەوت بۆ زۆرێك بۆتە نیعەمتێكی گەورە و بۆتە هۆكاری پێشكەوتن و گەشەكردنی وڵات و كۆمەڵگاكان و بۆ زۆری تریش بۆتە نیقمەت و بەڵاو ناسۆری زۆری بەسەر هێناون و بۆتە هۆی داگیر و دابەشكردنی وڵاتان و كۆمەڵگا مرۆڤایەتیەكان.

نەوت نەك هەر حكومەتەكان بەڵكو بۆتە هۆی دروستكردن و پێكەوەنانی زۆرێك لە كۆمپانیا گەورە و زەبەلاحە ئابوریەكانی دونیا و گەلێكی زۆر گەورەكردوە و زۆری تریشی نابوت و مایەپووچ كردوە.لەئێستادا هێندەی ئەم كۆمپانیا ئابوریانە باڵادەست و داڕێژەری سیاسەتە نێودەوڵەتیەكانن سەركردە وحكومەتە ڕەسمی و ئاشكراكان هێندە دەسەڵاتیان نیە. ئەم كۆمپانیایانە لە وڵاتە زلهێزەكان و دونیاشدا بونەتە حكومەتی سێبەر و زۆرجارانیش ((حكومەتی قوڵ ))كە كاریگەری شاراوە و ئاشكرایان زۆر گەورە و بەرفراوانە و حكومەتە ئاشكراكان تەنها جێبەجێكەری سیاسەت و تێڕوانینی ئەم كۆمپانیا نەوتیانەن.

- لەجیهاندا ژمارەیەكی كەمی وڵاتان ئەم سەرچاوە سروشتیەیان هەیە و بونەتە خاوەنی سەرچاوە و داهاتێكی زۆر وزەوەند و وڵاتی وا هەیە كەتەنها سەرچاوەی داهاتی بریتیە لەنەوت و بەڕێژەی ٩٥٪ و زیاتریش پشتی بەستۆتە سەر داهاتی نەوت و غازی سروشتی و ئەم وڵاتانەش پێیان دەوترێت وڵاتانی تاك سەرچاوەی داهات((ڕەیعی)) كە ئەم وڵاتانە هەمیشە لەژێر مەترسی دابەزینی نرخەكانی نەوت و هەڵبەز و دابەزی بازاڕی نەوتی جیهانیدان و ئابوریەكی تۆكمە و بەهێزیان نابێت و هەمیشە لەبەر مەترسی قەیران و داڕووخان و داتەپین و چونەوەیەكی ئابوریەكەیاندان، بەڵام لەبەرامبەریشدا وڵاتانی تر هەن كە جگە لەنەوت و غازی سروشتی سەرچاوەی جیاوازی تریشیان هەیە بۆ داهات وەك ئاوی سازگار و لەوەڕگا و زەوی و خاكی بەپیتی كشتوكاڵی و كارخانە و پیشەسازی سوك و قورس و گەشتوگوزار و سەرچاوەی مرۆیی و كانزا و سامانی سروشتی تر و ماسی و دەریاو و زۆری تریش. كەئەم وڵاتانە هیچ كات بەشێوەیەكی بنبڕ نابوت نابن و ئابوریەكی تاڕادەیەك بەهێزیان هەیە، چوون گەر سەرچاوەیەكیشیان كەم بكات یان نەمێنێت دەتوانن سوود لەسەرچاوەكانی تر وەربگرن،هەموو وڵاتانی زلهێزی ئابوری و پیشەسازی و پێشكەوتوو لە ڕیزی ئەم وڵاتانەدان,بۆیە گەرەكە ئەو وڵاتانەی كە تەنها پشتیان بەستۆتە سەر نەوت و غازی سروشتی پێویست دەكات بگەڕێن بەدوای سەرچاوەی تردا و بۆ ئەوەی هێندەی تر ئایندەی وڵات و كۆمەڵگاكانیان مسۆگەر بكەن و بچنە ڕیزی وڵاتانی پیشەسازی و بەرهەمهێنەوە نەك هەر وڵاتانێكی بەكاربەر و وەكو بازاڕێكی مسۆگەر و بەخێر وبێر بمێننەوە بۆ كۆمپانیا و وڵاتە زلهێزەكان سەرەڕای ئەوەی كە ئەو وڵاتانە سوود و قازانجی گەورە لەو سامانە سروشتیانەی ئەو وڵاتانە وەردەگرن و جارێكی تر بە دەهێندە وزیاتریش بە قازانج بۆیان دەگێڕنەوەو پێیان دەفرۆشنەوە.

- لەجیهانی ئێستادا چەند لایەنێك كاریگەری و ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە دیاریكردنی نەخشە و سیاسەتی نەوتی جیهاندا و هەرئەوان دەتوانن كە بڕیار لەسەر بڕی بەرهەم و هەناردە و نرخی نەوتیش بدەن،لەبەرئەوە ئەوەی ئەوان لە قازانجیان بێت بەخۆشی بێت یان بە زۆر هەر دەبێت جێبەجێ ببێت و بەپێچەوانەوە نەوتەكەیان دەبێتە هۆكاری سەرخواردن و ڕووخانی سیستەمی حوكمڕانیەكان و یانیش نابوتبوونی ئابوری و سەرهەڵدانی قەیرانی قوڵ لە وڵاتەكانیاندا كە لەكۆتایشدا هەر چۆكدادەن لەبەردەم وڵاتە زلهێزەكان و كۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەكاندا.لەو لایەنانە:

**١.ئەمریكا**

وەك ئاشكرایە ئەمریكا لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەكەمەوە كە نزیكەی ١٠٠ساڵی ڕێكە بۆ یەكەم جار وەك زلهێزێكی نوێ بەشداری جەنگەكەی كرد و دواتریش لە جەنگی جیهانی دووەمدا بەهێزی زیاتر و گەورەترەوە بەشداری كرد

وئیدی لەو ساتە وەختە مێژوییەوە تاکو ئێستا ئەمریکا ڕۆڵی ڕابەرایەتی لانی کەم نیوەی دونیا دەکات و لەساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوشەوە دوای ڕووخان و لێکهەڵوەشانی بلۆکی سۆسیالیستی بە ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆتە دەمڕاست و بڕیار بەدەستی یەکەمی جیهان و جیهانی نوێ لەسایەی سیستەمی نوێی جیهانی و بەجیهانبون و تاك جەمسەری ئەمریکاوە بۆتە پاوانی ئەمریکا ،ئەویش چۆنی بوێت و بەرژەوەندی لەچیدا بێت هەر ئەوە دەکات و دەسەپێنێت.

ئەمریکا زلهێزێکی بەدەسەلاّتی دونیایە و لە بواری نەوتیشدا لەئێستادا و لەساڵی ٢٠١٨دا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بۆتە یەکەم وڵاتی دونیا لەبەرهەمهێنانی نەوت کە بریتیە لە ٧ر١١ ملیۆن بەرمیل /ڕۆژ ، بەمەش لە ڕێکەوتی نیوەی ساڵی ٢٠١٦وە بڕی زیادبونی بەرهەمی نەوتی ئەمریکا بەڕێژەی٥ر٣٨٪ زیادیکردوە و بۆتە پلە یەك و پێش ڕوسیای داوەتەوە و هەر بۆخۆشی یەکەم وڵاتی دونیایە لە بەکارهێنانی نەوتدا و یەکەم وڵاتیشە کە دەستی کردوە بەبەرهەمهێنانی نەوتی بەردین.

بەم شێوەیە دەتوانێت بڕیار لەسەر بڕی بەرهەم و نرخەکانی نەوت بدات لەبازاڕەکانی جیهانداو هەموو کات دابەزینی نرخەکان لە قازانجی ئەمریکادایە ،چونکە پێداویستیەکانی خۆی دابین دەکات بەنرخێکی هەرزان و لەولاشەوە بەروبومە نەوتیەکان دوای پالأوتن هەرزانتر دەکەوێت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆی خۆی و بەهەمان شێوەش نرخی ١ بەرمیل نەوتی بەردینی هەرزانتر بۆ دێتە بەرهەم.بۆیە هەرچی دەکات لە فشار لەسەر وڵاتانی تری بەرهەمهێنی نەوت بۆ زیادکردنی بڕی بەرهەم و دابەزینی نرخەکان بۆ قازانجی خۆیەتی.جا بەهۆی هاوپەیمانی لەگەڵ گەلێ لەوڵاتانی دونیای سێهەم و خاوەن نەوتی زۆر دەتوانێت بەدۆستایەتی بێت یان بە فشاری ئابوری و سەربازی و سیاسی بێت مەرامەکانی وەدیبێنێت وەك ئەوەی لەگەڵ سعودیە و ئیمارات و کوێت و عومان و جەزائیرو و ..هتد دەیکات.لەئێستادا ئەمریکا گەرەکێتی نرخەکان لە خوار ٥٠ دۆلارەوە بن.

٢. ڕوسیا

ڕوسیاش وەك وڵاتێکی دێرین و خاوەن مێژوویەکی قوڵ لە دەسەلاّتداریێتیدا لە کیشوەری ئاسیا و لەڕۆژهەلاّتی دونیادا بەهۆی فراوانی و پانوپۆڕی خاك و زۆری ژمارەی دانیشتوان و بەپیتی زەویەکەی و بوون و دەوڵەمەندی لەسەرچاوە سروشتی و کانزاییەکان و بەتایبەتیش نەوت و غازی سروشتیدا ،بۆتە یەکێك لە بڕیاربەدەست و خاوەن کاریگەری لە سیاسەت و ئابوری و ئەمنی دونیادا و بۆخۆشی لەئێستادا دووەم وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتە لەجیهاندا و ڕۆژانە بڕی ٤١ر١١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، ڕوسیاش وەکو ئەمریکا مێژوویەکی کۆنتری هەیە لە ڕۆڵی ڕابەرایەتیکردن و وەکو زلهێزێکیش لەدوای جەنگی جیهانەوە دەرکەوت و بەهەڵکەوتە و پێگە جیۆسیاسیەکەشی هێندەی تر گرنگی پەیداکردو لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمیشەوە بۆتە ڕابەری لانی کەم نیوەی دونیا لەبەرامبەر بلۆکی سەرمایەداری ئەمریکا و ئەوروپیەکاندا و تاساڵی ١٩٩١ دوژمنایەتیەکی سەرسەختی هەبوە لەگەڵ ئەمریکادا ، بەلأم دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتی جاران ئیدی ڕۆڵی ڕابەرایەتی لەدەستدا و قەوارە و تواناو کاریگەریەکەشی پوکایەوە،بەلأم لەئێستادا ولەسایەی دەسەلاّتی ڤلادیمێر پۆتیندا توانیویەتی گەشانەوە و پێشکەوتن وەدەستبێنێت و تاڕادەیەك ڕۆڵ وکاریگەری لەجیهاندا ببوژێنێتەوە،بەتایبەتیش لەکەرتی وزە و نەوتدا و خاوەنی کۆمپانیای گەورەی نەوتیە وەکو ڕۆزنەفت.بۆتە لایەنێکی کاریگەری بواری نەوت و دەتوانێت کۆنترۆڵی بڕی بەرهەم و نرخەکان بکات لەبازاڕەکانی جیهاندا و ڕوسیا لە ئێستادا پێی باشە نرخەکان لە ٧٠ دۆلاردا بمێننەوە کە ئەمە لەبەرژەوەندی هەم بەرهەمێنەکان و هەمیش بەکاربەرەکانە.

٣. کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکانی جیهان

ئەم کۆمپانیایانە یەکێکی ترن لەو هێزانەی کە بەئاشکرا و نهێنی ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەسەر داڕشتنی سیاسەتی نەوتی جیهان و بڕی بەرهەم و نرخەکان،بەشێوەیەك زۆرجاران دەسەلاّت و بڕیارەکانیان لە گەلێك لە وڵاتانی جیهاندا

دەسەپێنن بەزلهێزەکانیشەوە و زۆر جارانیش کاریگەریان هەیە بەسەر بڕیار و سیاسەتی نەوتی وڵاتانیشەوە و بەرژەوەندیەکانیان هێندە فراوان و ئاڵۆزە لە دونیادا کە بەبێ ئەم کۆمپانیایانە ناتوانرێت کەرتی وزە بەگشتی و نەوت گۆڕانکاریان تیادا بکرێت،لەنمونەی ئەو کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحە جیهانیانە بریتین لە :

**خشتەی ٢٥ کۆمپانیای نەوتی زەبەلاح لە جیهاندا**

| ز | وڵات | کۆمپانیا | داهات لەساڵی ٢٠١٥(( ملیار دۆلار)) |
|---|---|---|---|
| ١ | سعودیە | ئارامکۆ | ٤٧٨,٠٠ |
| ٢ | چین | سینوبك | ٤٥٥,٤٩٩ |
| ٣ | چین | دەزگای نەوتی نیشتیمانی چینی | ٤٢٨,٦٢ |
| ٤ | چین | پترۆچاینا | ٣٦٧,٩٨٢ |
| ٥ | ئەمریکا | ئیکسۆن مۆبێل | ٢٦٨,٩ |
| ٦ | بەریتانیا + هۆڵەندا | ڕویاڵ داتش شل | ٢٦٥ |
| ٧ | کوێت | دەزگای نەوتی کوێتی | ٢٥١,٩٤ |
| ٨ | بەریتانیا | بی پی | ٢٢٢,٨ |
| ٩ | فەرەنسا | توتاڵ | ٢١٢ |
| ١٠ | ڕوسیا | لۆك ئۆیڵ | ١٤٤ |
| ١١ | ئیتالیا | ئیننی | ١٣١,٨٢ |
| ١٢ | ئەمریکا | Valero Energy | ١٣٠,٨٤ |
| ١٣ | بەڕازیل | پترۆ براز | ١٣٠,٠٠ |
| ١٤ | ئەمریکا | شیڤرۆن | ١٢٩,٩ |
| ١٥ | فەنزەوێلا | PDVSA | ١٢٨,٤٤ |
| ١٦ | مەکسیك | بیمیکس | ١١٧,٥٠ |
| ١٧ | ئێران | کۆمپانیای نیشتیمانی نەوتی ئێرانی | ١١٠,٠٠ |
| ١٨ | ڕوسیا | گازپرۆم | ١٠٦,٣ |
| ١٩ | مالیزیا | پترۆناوس | ١٠٠,٧٤ |
| ٢٠ | چین | دەزگای نیشتیمانی نەوتی چینی دەریایی | ٩٨,٥٣ |
| ٢١ | ئەمریکا | Marathon Petroleum | ٩٧,٨١ |
| ٢٢ | تایلەند | PTT | ٩٣,٥٥ |
| ٢٣ | ڕوسیا | Rosneft | ٩١,٧٢ |
| ٢٤ | یابان | JX Holdings | ٩٠,٦٧ |
| ٢٥ | فەرەنسا | Engie | ٨٩,٦٤ |

**٤.ڕێکخراوی هەناردەکارانی نەوت (( ئۆپێك ))**

ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٦٠دا لەشاری بەغداد لەلایەن ٥ وڵات ((سعودیە و ئێران و عێراق و کوێت وفەنزەوێلا)) دامەزرا دامەزرا و دواتریش ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٤ ئەندام و هەندێك وڵات وەك گابۆن لەساڵی ١٩٩٤ دەرچوە و

ئەندەنوسیاش لەساڵی ٢٠٠٨دا دەرچوە لە ڕێکخراوەکە، و بارەگای سەرەکی لە شاری ڤیەننای نەمسایە و جێگەی سەرنجە کە زمانی ڕەسمی ڕێکخراوەکە ئینگلیزیە کە تەنها وڵاتی نەیجیریا بە ئینگلیزی دەدوێت وبەلاّم ٧ وڵاتی عەرەبیشی تیادایە کە زۆرینەن بەلاّم زمانی عەرەبی ناڕەسمیە.لەئێستاداو لەساڵی ٢٠١٧وە تەنها ١٢ وڵات ئەندامن کە بریتین لە ((٦ وڵاتی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست (( سعودیە و ئێران و عێراق و کوێت و ئیمارات و قەتەر)) و ٤ وڵاتی ئەفریقیاش ((جەزائر و لیبیا و نەیجیریا وئەنگۆلا )) و ٢ وڵاتی ئەمریکای باشور ((فەنزەوێلا و ئەکوادۆر))ن.

ئەم ڕێکخراوە کاریگەری و ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بڕی بەرهەم و زیادوکەمکردنی نرخەکانی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا،چونکە بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٥، توانای بەرهەمی بریتیە لە ٤٢٪ بەرهەمی نەوتی جیهانی و٧٣٪ یەدەگی نەوتی جیهانی هەیە کە دەکاتە دوولەسەر سێی یەدەگی جیهانی و ٤٨٪ تەنها لە ٦ وڵاتەکەی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناویندایە کە بریتین لە ((سعودیە و ئێران و عێراق و کوێت و ئیمارات و قەتەر))،بەلاّم لەگەڵ زۆری ئەو بڕە بەرهەم و یەدەگەی نەوت ژمارەی دانیشتوانی هەر ١٢ وڵاتەکەی ئۆپیك تەنها ڕێژەی ٦٪ی دانیشتوانی جیهانن و ڕووبەری خاکەکەشیان بریتیە لە تەنها لە ٢٪.

**پشك و بەرهەمی ئۆپێك بە ملیۆن بەرمیل/ ڕۆژ**

| ز | وڵات | پشك ٢٠١٥/٧/١ | بەرهەم ٢٠١٥/٧/١ | توانا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سعودیە | ٢٠,٠٩٩ | ٨,٨٠٠ | ١٢,٥٠٠ |
| ٢ | ئێران | ٤,١١٠ | ٣,٧٠٠ | ٣,٧٥٠ |
| ٣ | عێراق | | ٤,٠٠٠ | |
| ٤ | جەزائیر | ٨٩٤ | ١,٣٦٠ | ١,٤٣٠ |
| ٥ | ئەکوادۆر | ٥٢٠ | ٥٠٠ | ٥٠٠ |
| ٦ | کوێت | ٢,٢٤٧ | ٢,٥٠٠ | ٢,٦٠٠ |
| ٧ | لیبیا | ١,٥٠٠ | ١,٦٥٠ | ١,٧٠٠ |
| ٨ | نە یجیریا | ٢,٣٠٦ | ٢,٢٥٠ | ٢,٢٥٠ |
| ٩ | قەتەر | ٧٢٦ | ٨١٠ | ٨٥٠ |
| ١٠ | ئەنگۆلا | ١,٩٠٠ | ١,٧٠٠ | ١,٧٠٠ |
| ١١ | ئیماراتی عەرەبە یەکگرتوو | ٢,٤٤٤ | ٢,٥٠٠ | ٢,٦٠٠ |
| ١٢ | فەنزەوێلا | ٣,٢٢٥ | ٢,٣٤٠ | ٢,٤٥٠ |
| کۆ | | ٣١,٤٢٢ | ٣٠,٤٥١ | ٣٢,٢٣٠ |

سعودیە یەکەم و گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوتی ئەم ڕێکخراوەیە و لە ئێستادا ڕۆژانە بڕی ١٠ر٧ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت.و سعودیە پێی باشە کە نرخەکانی نەوت لە نێوان ٧٠-٨٠ دۆلاردا بێت بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی وڵاتانی بەرهەمهێن و بەکاربەریش.

- **ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە:**

١. هەمئاهەنگی کردنی وڵاتانی ئەندامە لەسەر سیاسەتی نەوتی و دیاریکردنی پشکی هەر ئەندامێك لە بڕی بەرهەمدا.

٢. جێگیرکردنی نرخەکانی نەوتە لە بازاڕەکانی جیهاندا بە بەرژەوەندی ئەندامان و وڵاتانی بەکاربەریش.

٣. ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی ئەندامان.

٤. وەكیەكی لە پشك و بڕی بەرهەمیاندا هەریەكە بەپێی توانای بەرهەمی خۆی.

ئەم ڕێكخراوە ساڵانە تەنها ٢ كۆبونەوەی ڕەسمی گرێدەدات لەبارەگای سەرەكی و لەكاتی نائاسایشدا كۆبونەوەی پێویست ئەنجام دەدات و ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانەشی هەیە دەربارەی سیاسەتی نەوتی ڕێكخراوەكە و بڕی بەرهەم و فرۆشتن و هەناردەی ئەندامانیشی.

ئەم ڕێكخراوە لەماوەی دروستبونیدا كە تەمەنی لە ئێستادا ٦٨ ساڵە توانیویەتی تاڕادەیەكی باش هاوسەنگی بازاڕ ڕابگرێت و لەكاتی تەنگژە و جەنگ و ناكۆكیە سیاسی و سەربازیەكانیشدا هاوكاری هەموان بێت بۆئەوەی نرخەكان جێگیر بن،بەلاٌم ئەم ڕێكخراوەش بەدوور نیە لەململانێ لەنێوان لەلایەك ئەندامەكانی خۆی و بەتایبەتیش لە ئێستادا ((سعودیە و ئێران)) و لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ ولاٌتانی دەرەوەی ڕێكخراوەكە بەتایبەتی ڕوسیا و ئەمریكاو ولاٌتانی خاوەن نفوزی ئابوری و بازرگانی و سەربازی تردا.بۆیە زۆرجاران ئەم ململانێ ناوخۆیی و دەرەكیانەی ڕێكخراوەكە وایكردوە كە نرخەكان جێگیر نەبن و دژایەتیەكانیان بگاتە ڕادەیەك كە هەموان زیانیان بەربكەوێت و زۆرجارانیش ولاٌتانی ئەندام پابەند نابن بەبڕیارەكانی ڕێكخراوەكەوە و كەم وزیاد دەكەن لە بڕی بەرهەم و نرخەكانیشدا.و لەئێستادا ئەمریكا فشار دەكات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێكخراوە ،چونكە بوونی ئەم ڕێكخراوە بە یەك و یەكگرتوویی و بە بەهێزی لە بەرژەوەندی خۆیدا نابینێت.

- **بۆچی نرخەكانی نەوت بەرز و نزم دەكات ؟**

گەلێك هۆكار هەن كە كاریگەرییان هەیە لەسەر بەرزبونەوەو نزمبونەوەی نرخەكانی نەوت لە بازاڕەكانی جیهاندا و زۆر جارانیش سیاسەت و ململانێكانی نێوان زلهێزەكان و كۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەكانیش ڕۆڵی گەورە دەبینن،و لە ئێستادا كە مانگی ٢٠١٨/١١نرخەكانی نەوت بەڕێژەی ٦٪ كەمیان كردوە لەماوەی ١٣ مانگدا، دوای كەمبونەوەی بڕی بەرهەمی ئێران بۆ ٥٠٪ و بەرهەمی فەنزەوێلاش.لەو هۆكارانە بریتین لە:

١. كەمی داواكاری لەسەر نەوت لەلایەن ولاٌتانی زلهێز و پێشكەوتووی پیشەسازیەوە.

٢. مەترسیەكان لەسەر وەستان و گەشەنەكردنی ئابوری جیهان،وەك ئەوەی لە چین و هند و ئەوروپادا ڕوودەدات.

٣. مەترسی زیادبوونی نەوتی كەڵەكەبوو لە بازاڕەكانی جیهاندا.كە دەبێتە هۆی نزمبونەوەی نرخەكان لەكاتێكدا كە داواكاری لەسەر نەبێت.

٤. بەرزبونەوەی بڕی بەرهەمی نەوتی ئەمریكا بۆ بەرزترین ئاست لە مێژوودا ٧ر١١ ملیۆن بەرمیل/ڕۆژ بەهۆی بوونی سەكۆكانی هەڵكەندن و گەڕان لە و جێگایانەی كە نەوتی بەردینی تیادایە بەڕێژەی زیادبونی ٢ سەكۆ كە گەیشتۆتە ٨٨٨ سەكۆ.

٥. پێویستی ولاٌتانی بەرهەمهێن بەداهاتی زیاتر بۆ بوژاندنەوە و ئاوەدانكردنەوە و پێشخستنی ولاٌتەكانیان و دابینكردنی پێداویستیەكانیان لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوانیان.

٦. فشارەكانی ئەمریكا بۆ سەر ڕێكخراوی ئۆپیك كە بەرهەم كەم نەكەنەوە.

٧. بەرزبونەوەی نرخی دۆلار وەك دراوێكی جیهانی كاریگەری گەورەی هەیە.

٨. بەرزبونەوەی بڕی مەخزونی نەوتی ئەمریكا هەركات بەرزبۆوە نرخەكان دادەبەزێت چونكە ئەمریكا پێویستی بەنەوت كڕین نامێنێت و لە ئێستادا بڕی مەخزونی بریتیە لە ٩ر٤٤٦ ملیۆن بەرمیل كە بڕێكی بەرزە چونكە بڕی ٩ر٤ ملیۆن بەرمیل لە هەفتەیەكدا زیادیكردوە.

٩. ململانێ بازرگانیەكانی نێوان ئەمریكا و چینیش كاریگەری خۆیان هەیە.

١٠. بەرزبونەوەیەكی وەرزیش هەیە لەكاتی هاتنی وەرزی زستان و دابەزینی پلەكانی گەرمادا لە ئەمریكا و ئەوروپا و ئاسیاشدا.

- **هەڵوێستە جیاوازەكان لەمەڕ ئەم دابەزینی نرخانە :**

١. هەڵویستی ئەمریکا بریتیە لەوەی کە نرخەکان دابەزن بۆ خوار ٥٠ دۆلار،بۆئەوەی نرخی سووتەمەنیەکانی ناوخۆی ئەمریکا گران نەبێت چونکە ئەمریکا زۆرینەی نەوت لەدەرەوەی خۆی دەکرێت و لەکاتی گرانی بەرهەمەکاندا زیانی پێدەکەوێت و لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی نرخی تێچون و بەرهەمی نەوتی بەردین زۆر زیاد نەکات لە ئەمریکادا. گەرەکێتی نرخەکان بەنزمی بمێنێتەوە و لەو پێناوەشدا فشار دەخاتە سەر ڕێکخراوی ئۆپیك بۆ کەمنەکردنەوەی بڕی بەرهەمەکانیان.

٢. هەڵویستی ڕوسیا بریتیە لەوەی کە نرخەکان لە ٧٠ دۆلاردا بمێننەوە،ئەم کارەشی لەگەڵ وڵاتانی ئۆپێك بۆ دەچێتە سەر، بەڵام بەهۆی ململانێکانی سعودیە و ئێران کە هەریەکەیان لایەنگری ئەمریکا و ڕوسیایە و زۆرجارانیش جەنگی بەلەجیاتی ئەوان دەکەن لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەك((عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن))دا .

٣. هەڵویستی ڕێکخراوی ئۆپێك بریتیە لە وەی کە نرخەکان لە نێوان ٧٠-٨٠ دۆلاردا بمێنننەوە ،چونکە ئەم وڵاتانە هەموانیان پێویستی زۆریان بە داهات هەیە بەتایبەتیش ئێرانی دوای ٣٠ ساڵ گەمارۆ و عێراقی دوای شەڕی داعش و لیبیای دوای ڕووخانی ڕژێمی قەزافی و جەزائیر و ئەوانی تریش هەروان.بۆیە ئەم ڕێکخراوە لەپێناو بەرزکردنەوەی نرخەکاندا کە بەشێوەیەکی دراماتیکی خێرا لەنێوان مانگی ٢٠١٥/٦ تا نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ لە ١١٥ دۆلارەوە دابەزیە سەر ٢٧ دۆلار و ئەم دابەزینە کارەساتێکی گەورەی خوڵقاند و قەیرانێکی توندی دارایی لەسەرتاسەری جیهان و بەتایبەتیش وڵاتانی ئۆپیکدا دروستکرد کە تائێستاش و بۆماوەی ٤ ساڵە بەردەوامە.

جا بۆسووککردن یان هەڵگرتن و کۆتایهێنانی ئەو قەیرانە ئۆپێك بەهەمئاهەنگی لەگەڵ ڕوسیاو وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ کە بڕی ٨ر١ ملیۆن بەرمیل /ڕۆژ بەرهەمیان کەمبکەنەوە بەمەرجیٚ لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٧دا بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە و بەم کارەشیان توانیان هێواش هێواش نرخەکان بەرزبکەنەوە و هاوسەنگی بۆ بازاڕەکانی نەوتبگێڕنەوە، ئەم ڕێکەوتنە تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٨ بەردەوامی دەبێت.

بەڵام دوای ئەوەی کە نرخەکان گەیشتنەوە سەروو ٨٠ دۆلار و ئەمەش ئەمریکای توڕە و نیگەران کرد ،هێز و فشاری خۆی بەکارهێنا بەشێوەیەك لە ئێستادا و لە مانگی ١٠ و سەرەتای مانگی ٢٠١٨/١١وە جارێکی تر نرخەکان ڕوو لە دابەزینن و لە ئێستادا نرخی ١ بەرمیل نەوتی برێنت ٥٨ر٨٠ دۆلار و نەوتی تەکساسی سوك ٥٠ر٣٩٥ دۆلارە و هێشتاش ئەمریکا گەرەکێتی زیاتر دابەزێن. هەربۆیەش سەرۆك ترامپ لە جەژنی سوپاسگوزاریدا لە ١١/٢٣دا سوپاسی تایبەتی سعودیەی کرد کە هەوڵیداوە بڕی بەرهەمی نەوت زیاد بکات و جێگەی بەرهەمی نەوتی ئێران بگرێتەوە کە لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان وڵاتانی ((٥+١ )) و ئێران لەلایەن ئەمریکاوە لەمانگی ٢٠١٨/٥ و سەپاندنی گوژمەی دووەمی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر کەرتی وزەی ئێران لە ٢٠١٨/١١/٥وە سەپاندویەتی و گەرەکێتی هەناردەی نەوتی ئێران بگەیەنێتە سفر ،بەڵام بازاڕی نەوتی جیهان بیٚ نەوت نەکات لەڕێگەی هەناردەکردنی زیاتری نەوتی ((سعودیە و عێراق))و ئەو کەمبونەوەیە کاریگەری نەبێت،و ئەمریکاش وەك هاوکاری و ڕاگرتنی بەڵانسی بازاڕ و دڵ ڕازیکردنی هاوپەیمان و گەورە پیشەسازیەکانی جیهان ٨ وڵاتی بەشێوەیەکی کاتی هەڵاوێردوە لەو سزایانە و ئەو وڵاتانەش بریتین لە هەریەکە لە ((چین و یابان وهند و ئیتالیا و کۆریای باشور و یۆنان و تورکیا و تایوان))ن.

- **هەڵویستی نوێی ئۆپیك چی دەبێت بۆ ساڵی ٢٠١٩ ؟**

ئەوەی کە تائێستا پێشبینی دەکرێت و دەتوانرێت بخوێنرێتەوە لە هاوکێشە و ململانیٚ سیاسیەکانی نێوان سعودیە و ئێران لەلایەك و ڕێکەوتنی نێوان سعودیە و ئەمریکا و تەنانەت ڕوسیاش،ڕێکخراوی ئۆپێك گەرەکێتی بڕی بەرهەم کەمبکاتەوە بەبڕی ٤ر١ ملیۆن بەرمیل/ڕۆژ لە جیاتی ٨ر١ ملیۆن بەرمیلی ٢ ساڵی ڕابووردوو، بەواتای ئەوەی بڕی ٤٠٠هەزار بەرمیل/ڕۆژ نەوت زیاتر دەخاتە بازاڕەکانی جیهانەوە بە بەراوورد بە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨.لەلایەك بۆ

ڕاگرتنی هاوسەنگی نرخەکان و پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەندامی ئۆپیك و دەرەوەی ڕێکخراوەکەش وکەڵەکەنەبوونی بڕی زیادەی نەوت لە بازاڕەکاندا و لەلایەکی تریشەوە ڕازیکردنی دڵی ئەمریکا کە گەرەکێتی بەتەواوەتی ئەو بڕە کەمکراوەیە نەمێنێت و بازاڕەکان وەك ساڵانی ٢٠١٥ و پێشتریان لێبێتەوە لە بونی بڕێکی زۆری نەوتداو بۆئەوەی نرخەکان بەنزمی بمێننەوە.بۆیە تائێستا دیار نیە کە چ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەدرێت، لەکاتێکدا دوا کۆبونەوەی ئۆپێك لە ٢٠١٨/١٢/٢٠دا دەبێت لە ڤییەنا بۆ بڕیاردان لەسەر سیاسەتی داهاتوی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ساڵی ئاینده.

بەهەمان شێوەش ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیش داوا لە ئۆپیك دەکات کە بڕی بەرهەم کەمنەکاتەوە لە بازاڕدا،چونکە مەترسی بەرزبونەوەی نرخەکان سەرهەڵدەداتەوە کە ئەم بەرزبونەوەیەش دەبێتە هۆی دووهێندە بوونی بەکارهێنان.

لەلایەکی تریشەوە صندوقی دراوی نێودەوڵەتیش ئامۆژگاری وڵاتانی ئۆپیك بەگشتی و سعودیە بەتایبەتی دەکات بۆئەوەی  خەرجیەکانیان کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی لەکاتی نرخ دابەزیندا زۆر زیانی پێنەگات و ئابوریەکەشی نەچێتەوە یەك و گەشەو بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتیش ڕانەوەستێت و پەکیان نەکەوێت.

- **عێراق و هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەم ململانێ ئابوری و سیاسیانەی کەرتی نەوتدان ؟**

بەو پێیەی عێراق وەك ئەندامێکی بنچینەیی و دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئۆپیك و یەکێك لەگەورە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە دوای هەریەکە لە سعودیە و ئێرانەوە، پێویستە پابەندی سیاسەتە نەوتیەکانی ڕێکخراوەکە بێت و بەو پێیەش کە عێراق تازە بەتازە ڕزگای بوە لە جەنگێکی ماڵوێرانکەر دژی تیرۆریستانی داعش و پێویستی بەداهاتێکی زۆرە بۆ ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی وڵات و سەر لەنوێ بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری و گەشەو پێشکەوتنی زیاتر و ڕێکخستنەوەی سەرجەم سێکتەرەکان،بۆیە حەز دەکات بڕی بەرهەم بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە بۆئەوەی نرخەکان بەبەرزی بمێننەوە و داهاتی وڵات زۆر بێت،بەڵام لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی عێراق بۆتە وڵاتێکی بەکاربەر و هیچ جۆرە بەرهەمێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و مرۆیی  نیە و داهاتە نانەوتیەکانی تەنها ٤٪ دەبن بۆیە هەرچەندە نرخی نەوت بەرزببێتەوە زۆر سوود نابینێت چونکە زۆرینەی کاڵاو پێداویستیەکانی ٣٨ ملیۆن کەس لەدەرەوەی خۆی هاوردە دەکات.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەرەکێتی کەتوانای بەرهەمی خۆی لە ٣,٦ ملیۆن بەرمیل /ڕۆژ زیادبکات بۆ ٥ ملیۆن بەرمیل تا ساڵی ٢٠٢٠.

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لەدەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ کەم تازۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریە باش و خراپەکانی بەرزونزمی نرخەکانی نەوت،چونکە تا ئێستا هەرێمی کوردستان تەنها لەتوانایدایە ڕۆژانە بڕی ٤٠٠هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیەوە هەناردە بکات کە داهاتەکەی بەشی پێداویستیەکانی ناکات لە مووچەی مووچەخۆران و وەبەرهێنان و دانەوەی قەرزە کەڵەکەبوەکانی کۆمپانیا نەوتیەکان کە بەبڕی زیاد لە ١٥ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

بۆیە لەکاتی بەرزبونەوەی نرخەکاندا هەم عێراق و هەم هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان قازانج دەکەن و بە پێچەوانەشەوە لەکاتی دابەزینی نرخەکاندا زیانی گەورەیان پێدەگات بەتایبەتیش بۆ دانەوەی قەرزە کەڵەکەبوەکان.و نەتوانینی پێدانی مووچەی تەواو و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە ئاوەدانی و ئەندازیاریەکان و بەمەش دەکرێت بوترێت قەیرانی دارایی ٤ ساڵی ڕابووردوو بەردەوامی دەبێت.بەداخەوە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی تەمەن کەم لەبواری سیاسەتی نەوت و بازاڕی نەوتی جیهانیدا نەیتوانیوە دەسکەوتی گەورە وەدەستبێنێت و سیاسەتێکی ڕاست و دروستی نەوتی پیادە بکات و باشیش خوێندنەوە بکات بۆ گۆڕانکاری و سیاسەتە نەوتیەکانی کۆمپانیاو وڵاتە زلهێزەکانی خاوەن نفوزی سیاسی و ئابوری و ئەمنی لە جیهاندا،بۆیە لەلایەك کەوتۆتە ژێر باری قەرزێکی گەورەی کۆمپانیا نەوتیەکان و لەلایەکی تریشەوە ڕۆچوە لە قەیرانێکی دارایی قوڵدا کە تائێستا نازانرێت چۆن و کەی دەرباز دەبێت.

- **دەرئە نجام**

**لە ئەنجامی ئەو ڕاستیی و ژمارە و ململانێ و تەنگژە سیاسی و ئابوری و سەربازیانەی کە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدەن بەبەردەوامی دەکرێت بگەینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:**

**١. بازاڕەکانی نەوتی جیهانی هیچ کات ئۆقرەیی و جێگیری لەنرخەکاندا بەخۆیانەوە نابینن.**

**٢. وڵاتانی دونیا بەگەورە و بچوکەوە بە بەرهەمهێن و بەکاربەرەوە زیانی گەورەیان پێدەگات لە ئەنجامی هەڵبەز و دابەزی نرخەکانەوە.**

**٣. گرنگە ڕێکخراوی ئۆپێك بە یەك و یەکگرتوویی بمێنێتەوە بەرامبەر هەژموون و هەڕەشەو فشارەکانی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکا ،بۆئەوەی بتوانن وەك لایەنی سێهەم و کاریگەر ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هاوسەنگ ڕاگرتنی بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا.**

**٤. گەرەکە وڵاتانی ئەندامی ئۆپیك بەگشتی و بەتایبەتی سعودیە و ئێران ڕێکبکەون و ململانێکانیان کۆتایی پێبهێنن و وەکو دوو وڵاتی یاسایی مامەڵە بکەن لە پێناو پاراستنی شکۆ و سەروەری و بەژەوەندیەکانی خۆیاندا.**

**٥. چەندە جیهان و ناوچە جیاوازەکان بەدووربن لە ململانێ و جەنگ و پێکادادان و ناجێگیری سیاسی و ئابوری ئەوەندەش بازاڕەکانی نەوتی جیهانی ئۆقرەیی بەخۆوە دەبینێت کە لەبەرژەوەندی هەمواندایە.**

**٦. بنەمای (( خستنەبازاڕی نەوت و داواکاری لەسەر نەوت ))بپارێزرێت لە بازاڕەکاندا لە پێناو زیان نەگەیاندن بە وڵاتان وکەڵەکەنەبونی نەوت لە بازاڕەکاندا و هێشتنەوەی نرخەکانیش بەبەرزی.و بەردەوامیدان بەگەشەی ئابوری و پیشەسازی.**

**٧. عێراق و هەرێمی کوردستانیش گەرەکە هاوکاری گەرموگوڕتر بکەن لە کەرتی وزە و نەوتدا و تواناکانیان یەکبخەن بۆئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی ببنەوە وگەرەکیشە ڕاستر وووردتر لە سیاسەتی نەوتی جیهانی تێبگەن و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن لەپێناو زیاترکردنی داهات بۆ ئەوەی بتوانن ئاوەدانی و گەشەو پێشکەوتنی و بوژاندنەوەی سەرجەم بوارەکانی ژیان وەدەستبێنن و هەلی کار و وەبەرهێنان و خزمەتگوزاریەکانیش بە باشترین شێوە پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەن.**

**سەرچاوەکان:**

========


١. https://ar.wikipedia.org/wiki

٢. https://arabic.rt.com/tags/OPEC

٣. www.aljazeera.net

٤. https://www.nmisr.com/finance

٥. http://www.akhbarak.net


---

*** ئەم بابەتە لە سایتەکانی سبەی و وتاری کورد و شەنپرێس لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١دا بلاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژی ئەندازیاران *

• وەك ئاشكرایە لە زۆربەی ولأتاندا و تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیشدا زۆرێك لە چین و توێژەكان بەهۆی پیشەكانیانەوە یان ڕۆڵ و كاریگەریانەوە، ڕۆژ یان هەفتەیەكیان هەیە كە ساڵانە یادی دەكەنەوە و لەو ڕۆژەدا یان هەفتەیەدا كاروچالاكی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن بۆ دەرخستنی گرنگی كار و پسپۆڕیان لە كۆمەڵگادا و هاندانی جەماوەریش بۆ پشتیوانیكردنیان و دەستخۆشیلێكردن و ڕێزگرتنی زیاتریان.نمونەی بەرچاوی ئەو یادانەش وەكو ڕۆژی ((شەهیدان وكرێكاران و ژنان و پەرستاران و دایك و باوكان وكەمئەندامان و ژمێریاران و ڕۆژی خۆشەویستی و ڕۆژی ژینگە و ... زۆری تریش)).

• بەلأم ئەوەی جێگەی سەرنجە تاكو ئێستا ڕۆژێك یان هەفتەیەكی دیاریكراو نیە بۆ ئەندازیاران لەسەر ئاستی جیهان كە دانپیادانراو بێت لەلایەن نەتەوە یەكگرتوەكانەوە ،بەلأم لە زۆرێك لەولأتاندا هەریەكە ڕۆژێك یان هەفتەیەكی دیاریكراویان هەیە و لەو بۆنەیەدا ڕێز لە ئەندازیاران دەگیرێت و كار و چالاكی و جێگە دەستیان لە ئاوەدانكردنەوەی ولأت و پرۆژە ئەندازیاریەكان و گەشە و پێشكەوتنی سەرجەم سێكتەرەكانی ژیان بەرز دەنرخێنرێت. جا هەریەكە لەو ولأتانە بەبۆنەیەكەوە ئەو ڕۆژەیان بۆ ئەندازیاران دیاریكردوە،بۆ نمونە:

• لە ئەمریكادا لە یادی لەدایكبونی سەرۆك جۆرج واشنتندایە.
• لە ئێران بەبۆنەی ڕێزگرتن لە زانای هەرە گەورەی ئێران نصیر الدین توسیە.
• لە سوریا بەبۆنەی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووباری فورات لەساڵی ١٩٧٠دا و دروستكردنی گەورەترین پرۆژەی ئەندازیاری كە بەنداوی فوراتە .
• لە پاكستان بەبۆنەی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەندازیاریەوەیە.
• لەكرواتیا بەبۆنەی دامەزراندنی یەكەم كۆمەڵەی ئەندازیاریەوە لەساڵی ١٨٧٨دا.
• لەبەڕازیل لەساڵی ١٩٣٣كە یەكەم یاسا دەرچوو بۆ پیشەی ئەندازیاری.
• لە ئەرجەنتینیش بەبۆنەی دەرچوونی یەكەم ئەندازیارەوەیە لەساڵی ١٨٧٠دا كە ئەندازیار((لویس ئۆگۆستۆ هارجۆ))بوو.

بەم شێوەیە ولأتان و كۆمەڵگاكان ڕێز لە چین و توێژەكانیان دەگرن كە جێگە دەستیان دیارە و ڕۆڵ و كاریگەری گەورەیان هەیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە كە تاكو ئێستا لە عێراقیشدا وەك ولأتێكی خاوەن سەروەری و دێرین ڕۆژێكی دیاركراو نیە بۆ ئەندازیاران،هەرچەندە بۆیەكەم جار ڕێكەوتی دامەزراندنی یەكەم سەندیكای ئەندازیاران لەساڵی ١٩٥٩دا كراوەتە ڕۆژی ئەندازیاران ،بەلأم دواتر لە هەڵبژاردنی خولی ٢٦ هەمی ئەو سەندیكایەدا ڕۆژی هەڵبژاردنەكەیان لەساڵی ٢٠١٤ كردۆتە ڕۆژی ئەندازیاران،بەلأم لەئێستادا گەرەكیانە كە ئەو ڕێكەوت و یادە بكەنەوە یادی دامەزراندنی یەكەم سەندیكای ئەندازیاران.

• بۆیە هەق وایە لە كوردوستاندا و دوای ٢٧ ساڵ لە دامەزراندنی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و دوای دامەزراندنی یەكەمین ڕێكخراوی پیشەیی لە كوردستانی ئازادا لە ١٩٩٢/٤/٢٧دا كە بریتی بوو لە ((یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان)) وەك كۆكەرەوە و ڕێكخەری ئەندازیاران و كاری ئەندازیاری و وەك

پارێزەرێکیش بۆ مافە ڕەواکانیان،ئیدی هەق وایە کە ڕۆژێك بۆ ئەندازیارانی کوردستان دیاریبکرێت و لەڕێگەی پەڕلەمانیشەوە بکرێتە یاسا و حکومەت و دامودەزگاکانیش ڕێزیلێبگرن و بەڕەسمیش یادی بکەنەوە.چونکە ئەندازیارانی کوردستانیش توێژێکی گەورە و کاریگەرن و کۆڵەکەی بنچینەین بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشە و پێشکەوتنی کوردستان لەهەموو کەرتەکانی ژیاندا.

- بەندە پێشنیاز دەکەم کە یەکێك لەم ڕێکەوتانە بکرێتە ڕۆژی ئەندازیارانی کوردستان:

١. دامەزراندنی یەکەم کۆلێژی ئەندازیاری لەکوردستاندا کە لە زانکۆکی سلێمانی بوو وەك یەکەم زانکۆی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ١٤٣ لە ١٩٦٨/١٠/٢٣دا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ڕژێمی پێشووی عێراقدا.

٢. دەرچووانی یەکەم خولی کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢.

٣. یەکەم ئەندازیاری کورد کە دەرچووی یەکێك لە کۆلێژە ئەندازیاریەکانی زانکۆکانی عێراق بوبێت لەسەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقدا.

٤. دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی یەکگرتووی پیشەیی ئەندازیاران لە کوردستانی ئازاددا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١وە کە ((یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان)) ە لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٤/٢٧دا.

- بەم شێوەیە دەکرێت ئەندازیارانیش ببنە خاوەنی ڕۆژێکی تایبەت بەخۆیان و تیایدا کارو چالاکی و پڕۆژە و بیرۆکەی ناوازەی ئەندازیاری بخەنە ڕوو و ڕێز لە ئەندازیارانی بەتوانا و داهێنەر بگرن و ساڵانەش بە ڕێوشوێنی جیاواز یادەکە بکەنەوە.

بۆیە ئەم کارە بە ئەرکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانی دەزانم و گەرەکە کە کاری جدی بۆبکەن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش بەهەمئاهەنگی لەگەڵ سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان و عێراقیشدا.بەهیوای ئەوەی ئەو ڕۆژە ببینین وەك ئەندازیاران کە ڕۆژێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٦٦ لە پایزی ٢٠١٨دا بلاّوکراوەتەوە.

## نوسەر لەچەند دێڕێکدا



( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچناری ئەو کاتەی لە سلێمانی .
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی ودواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی تەکنەلۆژی لەشاری بەغداد تەواوکردوە.
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١.
- لەئێستادا ناونیشانی کارکردنی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزایە.
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە.
- لە ئێستاشدا لە کارگەی چیمەنتۆی دەلتای کەرتی تایبەت بەڕێوەبەری بەشی کوالێتی کۆنترۆڵە.
- **لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-**

١. ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢

٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی // وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا .ساڵی ٢٠١٢

١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقڵ/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە، سوریا، وڵاتی دوو ڕووبار//وەرگێڕان ساڵی٢٠١٣

١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ٢٠١٣

**١٢. دەسەلاّتی ئیسلامیەكان لەنێوان ترس و ئومێددا. ساڵی ٢٠١٧**

**١٣. جەنگی دژە تیرۆر بەرەو كوێ ؟ ساڵی ٢٠١٨**

١٤.الكرد ثوار حقيقيين ام بندقية للايجار ؟ **بەزمانی عەرەبی. ساڵی ٢٠١٩**

**١٥. كەڵەكن گوندێكی دێرین و گەڕەكێكی نوێ لەشاری سلێمانی.ساڵی ٢٠٢٠**

**١٦.مێژووی گفتوگۆكانی كورد و حكومەتەكانی عێراق لە ١٠٠ساڵی ڕابووردوودا**
**(( ١٩٢٠ –٢٠٢٠)).ساڵی ٢٠٢٠**

**١٧.پیشەسازی چیمەنتۆ بەڕێگای وشك/ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١**

**١٨.گرنگی ڕۆڵی كۆنترۆڵی جۆری لە كارگەكانی پیشەسازی چیمەنتۆدا/ ساڵی ٢٠٢١**

**١٩.كۆنكریت،سیفاتەكانی،جۆرەكانی،پشكنینەكانی/وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١**

- **خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی كوردوستان و سایتەكانی ئینتەرنێتدا به زمانی كوردی و عەرەبی. لەساڵی ١٩٩٦وە.**
- **خاوەنی سەدان چاوپێكەوتنی كەناڵە جیاوازە كوردی و عەرەبیەكانە وەك چاودێری سیاسی لەساڵی ٢٠١٤وە.**

************************

*****************

*****

***

*